

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# دیوانی
# لەتیف هەڵمەت

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

غەزەلنووس

# دیوانی لەتیف هەڵمەت

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس** بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب ٢٦

# دیوانی لەتیف هەڵمەت

(سەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت)

- **بەرگ : ناوەندی غەزەلنووس**
- **ڕێکخستن ونەخشەسازی ناوەوە: ئارام لوقمان**
- **چاپ: یەکەم - ٢٠١٤**
- **چاپخانە: تاران**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **نرخ: ٢٣٠٠٠ دینار**
- **بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**لەبەڕێوەبەراتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٤٧٦ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە.**



**خواو شاره بچکۆله‌که‌مان**

١٩٧٠

١- خواو شارە بچکۆلەکەمان ١٩٧٠ ل ٥

٢- ئامادە بوون بۆ لە دایکبوونێکی تر ١٩٧٣ ل ٥٣

٣- پرچی ئەو کچە ڕەشتاڵە لە ڕەشبا و کوێستانە ١٩٧٧ ل ٧٩

٤. گەردەلوولی سپی ١٩٧٨ ل ٢٠٥

٥- ئەو لەعوزاوەری ئەوادە ژنە و شەواو ناز ١٩٧٩ ل ٢٧٣

٦- دەشتەی جوان کوڵەکۆڵ ١٩٧٩ ل ٣٦٣

٧- سروودی هەزاران ١٩٨٣ ل ٤٩٣

٨- ئەم ڕووبارە وەشلان ئاتات ١٩٩١ ل ٥٧١

٩- گوڕلە کانی ئاسیف هەڵمەت ١٩٩٧ ل ٦٤٣

١٠- تەبای وەعلالان لە ستێران ئەوارتیە و گۆمەری لەهە ٢٠٠١ ل ٦٩٥

١١- دەدای یاشیرۆتر وەلەدەوان جەنگ سپیە ل ٧١٤

(هەرچۆنێ بێ من ئەمەوێ
جێی هەنگاوەکانم بکەمەوە
لە باوێشکی دڕکاوی ئەم تاریکەشەوەدا)
***

## چرایەك لە شەپۆلی گەردداوا

شەپۆلی کەف چڕی هەڵچوونم
ئەکشێ بەسەر مەرگ و چیادا
گۆرانی ئەڵێ بۆ ڕزگار بوونم
هیچ تەگەرەیەك کۆڵی پێنادا
***

پەیمانی داوە کام دیوار سەختە
لە ژێر شالاوی تیژیا بخووسێ
لەسەر چی بەردو گردو درەختە
مژدەی سەرکەوتن بۆ کورد بنووسێ
***

دڵی پەپوولەی کلۆی هەوێنم
شەیدای جوانی ئەم خاك و خۆڵەیە
گەردەلوولی ناو گەرداوی خوێنم
پڕ لە باروت و کلپەی تۆڵەیە
***

زامی قووڵایی جگەری هەستیم
ئەپێچم بەگڕ بە چزووی ئازار
ئەکەومە دوای ڕۆژی سەربەستیم
بە پێچەوانەی دیواری شەوگار
***

گەرچی تینوێتی ڕێگای پڕ ناسۆر
تیشکی تەمەنی من ئەخواتەوە
ماچێکی گەرمم داناوە بۆ خۆر

هەر چاوەڕێمە دەم بکاتەوە
***

چاوم ئاراستەی کەلی ئاواتە
سەرنجم نوقمی بەهاری نەوە
دوێنێ ئەیان وت:– سەوزی ناگاتە
بەفرێك کە نوقمی تاریکە شەوە
نەیانئەزانی کە ئەم وڵاتە
هەزاران ساڵە چاوگەی خەباتە
دوژمنی دیلی و زنجیری خەوە
***

کۆتری سپی ڕێگای دوور بڕی
لە سامناکیدا شەقەی باڵی دێ
نیگای بە جۆشی پڕ کڵپەو گڕی
وەك مۆم هەڵئەکات لەڕێی شارو دێ
ڕاستە شەپۆلی ژێر دەریای مەییو
ناتوانێ بەستەی ئارەزووی بڵێ
بەڵام خۆ تیشکی گزنگی ئەودیو
لە گەرووی کەلی ئومێد هەر هەڵێ
***

ئەوسا کلۆکۆی ئەشکەوتی زۆردار
ئەبێ بە گوڵی شیرین و نیان
کچۆڵەیەکی ناسك و نازدار
چەپکێکی ئاڵی ئەکاتە باوەش
دایئەنێ لەسەر گردی شەهیدان
منیش دوو چەپکی خوێناوی گەش گەش
بە باڵی شادی بۆ ڤێتنام ئەبەم
بە تێکۆشەرێك پێشکەشی ئەکەم
کەوا گیانی خۆی لەناو سەنگەردا

بۆ سەربەخۆیی نیشتمانەکەی
ئەکرد بە دیاری لەجەرگەی شەڕدا
پەپولەیەکی باڵ سپی بێ ترس
پڕ باوەشێکی ئەبا بۆ قودس
پێشکەشی ئەکا بەوانەی کەوا
بەردیان ئەخوسان لە دڵی شەوا
چەن مناڵێ وورد بە کامەرانی
لە گەڕەکەکەی مارتن لۆسەرا
هەندێ چەپکی لەیەك بەش ئەکەن
ژیان پڕ ئەبێ لە تیشکی جوانی
ڕەگ دائەکوتێ چیرۆکی تەمەن
ڕەوە چۆلەکەی ناو چیمەنی ساڵ
ئەڕۆن ئەفڕن بە مەبەستی باڵ
ئەلەو گوڵانە ئەبەخشن بەوەی
شەق ئەکا سنگی شەوی پڕ لەوەی
ئەبڕێ ڕێگای پڕ لە دڕك و داڵ
تلۆقی دڵ و خەم ئەنێتە چاڵ
بەرز ئەبێتەوە سرودو بەستەی
ئەوەستێ دژی کۆت و دیلێتی
ئەزانێ ئاسۆی نەورۆزی ئۆخەی
تەنها هەڵمەت و خوێن کلیلێتی
***

## پەیکەرێك لە پشكۆ

گشت ئاوازێکی دەریای ئەو نازە
ئەخاتە دڵم زامێکی تازە
پێم ئەدرکێنێ نهێنی لاوی
ڕازی دەروونی پەست و خەماوی
سەرم سوڕماوە خوا تۆی چۆن نەخشی
ئەو گشت ئەفسونەی چۆن بە تۆ بەخشی
بۆ چاوت لە کوێ هاوردی ڕەشی
ئەی بۆ ڕوومەتت لەکوێی بو گەشی...!
جوانیت ئەبیستم لە خوڕپەی دڵا
لەپشکوتنی گوڵی سەرچڵا
لە بارە باڕی بە جۆشی ڕانا
لە زیکەو جووکەی چۆلەکەکانا
بە ئاواتەوە گوێ ڕابگرە لێم
هەڵبەستی گەرم و گوڕت بۆ بڵێم
تاکو با بیبابۆ گوڵزارەکان
لەبەری بکا گشت باڵدارەکان
هەر یەکە بیکەن بە گۆرانیەك
پێکەوە بیڵێن گشت بەیانیەك

***

# ڕەنگی باران

-١

لەرەیەك بۆنی پشکۆی بۆ هێنام
وامزانی ئیتر نەورۆزی ساڵە
زەماوەنە ڕەز ئەبەن بۆ خەیام
ئاگر بەرئەبێ لەم شەوەلاڵە
دیاری کەژاوەی مەم بۆ خاتو زین
چەپکێ نێرگس و وەنەوشەی ئاڵە
باڵی پەپوولەی کز نیشتوی خەمگین
ئەگاتەوە سەر گۆنای گوڵاڵە
نەمزانی هەوری پشت چاوی ساماڵ
وەك باران زەردەی دڵ ئەنێتە چاڵ
چاوم هەڵبڕی بەر لە پێکەنین
ڕوانیم کوردستان هەر درك و داڵە
دایە هەنگوینی ناو ئەم شانانە
وەك زەقنەبووت و خوێی سوتاو تاڵە
پشکۆیە دەرکە لەو ئاگردانە
با بینێمە ژێر تەمەنی ژاڵە
ئەزانم کۆرپەی سپی باوەشت
چاوەڕێیەتی پیێی بکرێتەوە
کاتێك ئەتوانم بەفر ڕامالْم
زنجیر لەدەسما نەزرێتەوە

***

ئەم وت سەهۆڵی ڕێگەی سەرەو ژوور
ئەڕەوێتەوە بە بەستەی ساوا
نەمزانی دەستی سێبەرێکی دوور
هەڵئەگژێتە تاڤگەی هەتاوا
ئەم وت تاریکی ئەم شەو ڕووناکە

دەربەستی هیچ نیم دڵم بێ باکە
ئەم زانی داوێك ڕێگەی تەنیوە
چنگی ئەچەقێ بە زامەکانا
تەرمێك گڵۆپ و چرای دزیوە
لە دەمی هەموو شەقامەکانا
***
گیانە فریشکم کەوتووە ئەم شەو
گیانم تەزیوە هەڵم پەڕێنە
با زەردەخەنەت گڕبەردا لە خەو
بە شنەی هیوا دڵم بدوێنە
چاوت تینوێتی هاوینی شەوە
نوقمی یادگاری بێ سەرو شوێنە
تەمێك تێکەڵی گریشمەی خەوە
ڕەنگێك ئەنوێنێ وەك قوڵپی خوێنە
کە تیشکی سۆمای ئاواتی ڕژاو
ئەنیشێتە سەر هەستی ئاوێنە
هەڵی ئەمژم بە تاسەی پاراو
لە سامناکیدا ئەیکەم بە وێنە
مۆمی ماڵەکان ئەکوژێتەوە
کوژەکەی بێشکە ئەپچڕێتەوە
گەڵای شینایی وەکو چڵی ئاو
لە تاریکیدا ئەتوێتەوە
بەڵام ئاوازی خۆشەویستیمان
وەك دەنگی تۆڵە ئەمێنێتەوە
هەتا هەتایە گوریسی نەمان
بۆ داگیر کەران ئەهۆنێتەوە
-٢
گڵۆڵەی یادێك لەهەناومایە
بە تەونی بڕوام ئەیکەم بە کفنێك

بەر لە کۆتایی ئەم ڕەشەبایە
تیا ئەنێمە گۆڕ هەموو دوژمنێك
***
قوڵایی زامی تەمەنی مێژووم
ئاوسی تۆڵەو ڕزگاری و مەرگە
بەستەیەك ئەڵێ
دەروونی تینووم
منالْ هان دەدا بێ بە پێشمەرگە
***
پەیمانم داوە پەیمانم داوە
تاکو پرشنگی هەتاوی بەهار
وەك شانە نەدەم لەو قژە خاوە
نایەمەدواوە
نایەمەدواوە
ئەشێلم دڕکی هەزاران ئازار
چزوی بزماری هەزاران دیوار
ئەنوسم لەسەر ئاسمانی دێ و شار
لەسەر دەواری دڕاوی هەژار
لەسەر چەپۆکی ناقۆڵای زۆردار
پەیمانم داوە
پرشنگی تازەی هەتاوی بەهار
بکەم بە شانەی قژی خاوی یار
کڵپەی نەورۆزی ڕۆژی ئازادی
بۆ منالْ بکەم بە دیاری شادی
***

## بۆ کچێکی ڕێ ڕەوی جوان

ورد برۆ سڵ مەکە زەردە پەڕ خامۆشە
ئەم ڕێیە بە تەنها من و تۆی لەکۆشە
ورد بڕۆ دڵی من پڕ کوڵە پڕ جۆشە
ورد بڕۆ پەرداخی تێبینی بنۆشە
سڵ مەکە لە نیگای پڕ تاسەو خرۆشم
من بە چاو شیرینی جوانی تۆ ئەنۆشم
بۆ کوڵمی وا ناسك تەمەنی وا گەیوو
بۆ سنگی ئاوا قوت مەمکی وا دەرپەڕیوو
چ لاوێ مەست نابێ ئارەزووی ناجۆشێ
شەپۆلی هەناسەو سکاڵای نانۆشێ
بەشنە ئەفسوونی بەهارت داپۆشی
تاسانت کام شێوە ئەیخستە دڵ خۆشی
ئێستا هەر وێنەی تۆ ئەبینم لە هۆشما
جلوەی تۆ ئاوازە لە بەستەی خۆش خۆشما
کام پەریت توشم بووی لەناکاو ئەم کاتە
کە گیانمت وا کردە ئەم دەریای ئاواتە
ورد بڕۆ سڵ مەکە ئەنوارم بنوارە
لە چاوتا متورفەی هەزاران ڕاز دیارە
ورد بڕۆ حەز ئەگری لە ناخی هەناوتا
لە لەشی زیوینی ناسك و پاراوتا
ورد بڕۆ لەگەڵما بەنازێ بیرە دوو
بزەیەك پێشکەش کە بە لێوی ئارەزوو
پرشنگێ هەڵبکا لە کەلی ژیانما
تەزێکی پڕ لە تام بهێنێ بە گیانما
جێم بێڵی جا مەگەر هەر بگریم لەتاوتا
وێڵ ببم لە تەمی خامۆشی هەنگاوتا
ورد بڕۆسڵ مەکە زەردە پەڕ خامۆشە
ئەم ڕێیە بە تەنها من و تۆی لە کۆشە

# هەڵبەستێکی جوان

من ئەمەوێ هەڵبەستێ دانێم وەک تۆ جوان بێ
وەک لەشی تۆ گەرم و گوڕو نیان بێ
شیرین بێ وەک گۆشتی ئەو لەشە پاراوە
کەلە تیشکی خۆرو باران چنراوە
پرشنگەکەی وەک چاوەکانت کاڵ بێ
وشەکانی وەکو لێوت تەڕو ئاڵ بێ
هەڵبەستێ وەک تۆ
کەڵەگەت و ڕووخۆش بێ
ئاوازەکەی وەکو دڵت بەجۆش بێ
پیتەکانی وەکو قژەکەت نازداربێ
بیرەوەری خۆشەویستی تۆی تیا دیار بێ
من ئەمەوێ هەڵبەستێ دانێم وەک تۆ جوان بێ
وەک لەشی تۆ گەرم و گوڕ و نیان بێ
دڵ ڕاکێش بێ وەکو یەخە تا کاوەکەت
پڕ لە سۆز بێ وەکو وشەی ناوەکەت
هەست بزوێن بێ وەکو نیگا شیرینەکەت
وەک بروسکەی تریقەی پێکەنینەکەت
هەڵبەستێ تاسەر ئەفسونی تۆ برژێنێ
وەک ئاوێنە پەیکەری تۆ بنوێنێ
هەرچەند ئەکەم هەڵبەستی وام بۆ نایە
چ دەروونێ هەڵبەستی وای لە بنایە
کێ ئەتوانێ هەڵبەستێک دانێ وەک تۆ جوان بێ
وەک لەشی تۆ گەرم و گوڕو نیان بێ
***

## لە سەنگەری ژیانا

کۆسپی سەرەڕێی قۆناغی دوورم
بە تێکۆشان و شۆڕش لێژ ئەبێ
بە شیلەی قوڵپی خوێناوی سوورم
برینی دڵی کورد ساڕێژ ئەبێ
***

تەنها هەر سامی شاڵاو بردنم
ئەژنۆی ئاسنی دوژمن شل ئەکا
لەڕێی وڵاتا گیان بەخت کردنم
تیغی گەردنی مێژووم کول ئەکا
***

گزنگی ڕۆژی کوردستانەکەم
لە دیوی کێوی شەهیدان هەڵێ
مەلی ڕزگاری نیشتمانەکەم
لەسەر دەریای خوێن گۆرانی ئەڵێ
***

کڵپەو ئاگری نەورۆزی تازەم
هەر لەسەنگەرا بەرز ئەبێتەوە
بەهاری خۆشی پڕ لە ئاوازەم
لە جەرگەی شەڕا سەوز ئەبێتەوە
***

## شەبەق لە ووشەدا

لە دوکەڵی گەردولوولی ستەما
لە لێڵایی کەڤی بیابانی تەما
لەناو دەمی جۆشی هەڵمەت و شەڕا
لەسەر لێوی ئاگرینی سەنگەرا

کلّپەی گوللە بە گەلیّ لەشا ئەچزیّ
وەکو سێبەر ئەیکا بە گەروی هەردا
بەڵام هیوا لە برینی تێکۆشەردا
هەر ئەمێنیّ بە ژەنگی ئێش ناڕزیّ
لەناو جەرگەی ڕێگای پڕ لە ناحەزا
لە سامناکی سالگاری پڕ جەردەو دزا
لە ژیانو سەرکەوتنو بیر پڕ ئەکریّ
بۆ کاروانی
تینووی تیشکی ڕۆژی تازە
ئەو کاروانەی کەوا لەڕیّ لانادا
ئەچیّ بە گژ بوومەلەرزەی چیادا
سامی دیلیو چەوسانەوە ڕائەماڵێت
دەس ئەخاتە بینی کام شەو ناسازە
لەرەی وشە لە گەرویدا ئەناڵێت
ئاگر ئەنیّ بە هەورەوە وەکو زەل
خۆرێکی نویّ دروست ئەکات بۆ ئاسۆی گەل
ئەوانەی وا ئەیانەویّ نەورۆز بمریّ
ڕێگا بگرن لەو کۆترەی کە ئەفڕیّ
بەستە بلّیّ بۆ بەهاری نەمری سالّ
بە زیندویەتی دامان کوتن بە بزمار
زامی لەشمان پڕکەن لە ڕەگی درك و دالّ
خەم چەسپ کەن لە دلّمانا وەکو دیوار
هەر کەرتێکمان لە ئاخێکا بنێنە چالّ
کاتیّ کاروان سەرکەوت بەسەر کێوی شەوا
باوەشی کرد بە جیهانێکی نەوا
هەموو ئەبن بە خۆلّەمێشی بن ئاو
نە دیواری زەبریان ئەمێنیّ نە ناو
ئەوسا شەبەق ماچمان ئەکا بە نیگای چاو

لێوی تاسە ئەنێینە ناو دەمی هەتاو
گوڕێك ئەکەین بۆ دیلێتی بۆ مردن
بەستە ئەڵێین بۆ ڕووناکی بۆ سەرکەوتن
پەیکەرێکیش دروست ئەکەین بۆ سەربەستی
بۆ کۆڵنەدان بۆ ژیان بۆ خۆشەویستی
***

## لە هۆڵی سینەمادا

کچی جوان تەنیای لۆج ئەی بەژن وەك پەری
ئەبینم بە گەرمی نیو نیگام تێ ئەگری
ئەو چاوە کاڵانەت بڕیوە لە ڕووی من
لە لێوتا بزەیەك کەوتۆتە شنە شن
بزەیەك کە پڕە لە تیشکی ئارەزوو
ئەیەوێ وەك ناسیاو لەگەڵتا بێمە دوو
ئەیەوێ سەرنجم ڕاکێشێ بۆ لای تۆ
ڕووکەمە پەیکەری زیوینی باڵای تۆ
دڵ تەڕ کەم بە شیلەی ئەو کوڵمە گەشانەت
پڕشنگی ئەو قژە زێڕینە پەخشانەت
ئەفسونی ئەو دەست و پەنجە پڕ ورشانەت
ناسکی و سپێتی ئەو پشت و ناوشانەت
ئەی بەژن کەڵەگەت بێ گومان تۆ جوانی
وەك تاسە یادی خۆش هیوای دڵ گۆرانی
بەڵام من ئاوارەی تاریکی ژیانم
جوانی تۆ کارناکات لە دڵو لە گیانم
جگە ئەو کچۆڵە خوێن گەرمە قژ خاوە
کە ئێستا لێم دوورە زویرە تۆراوە
هیچ شۆخێ ڕووناکی نابەخشێ بەم چاوە
ئارەزوو ناخاتە ئەم دڵە شێواوە
***

## ناونیشان

نه من مردووم

نه کوردستان گۆرستانه

من هەر زیندووم

تاسەر زیندووم

وەکو ووشه

وەکو ئاسمان

بەسته ئەڵێم

بۆ ڕووناکی

بۆ جوانی

فراوانی

ئەم ژیانه

بۆ هەتاوێك که له ئاسۆی

بەهارەوه ئەڕژێ پشکۆی

نەفرین ئەکەم

له زنجیرو بەندیخانه

له ستەمکار

له داگیر کەر

له وانەی وا وەك جانەوەر

دەست ئەنێنه بینی هەژار

لەوانەی وا برسیانه

برسی خوێن و یەسقانن

برسی کێوی سامانن

***

کام دار بەڕووم زۆر بتەوه

هەڵئەکێشرێ له بێخ و بنج

کام دارستانم جیٚی خەوه

ئەسوتێ وەك زەلی زنج

بەسەر یەکا کەڕوو ئەکا
دارو بەردی زۆر کۆشکی قنج
لەوانەیە
هەموو ساتێکی ئەم ژینە
لێم ڕاپەڕێ وەکو کینە
وەکو دیوار
دڵ بسمێ وەکو بزمار
بەڵام هەرگیز هێزی زۆردار
ئەم وڵاتەم پێ چۆڵ ناکات
جگە لە خۆم
کەس ئەم خاکەم ناکێڵێ
تامی بەڕۆی دۆڵ ناکات
یاری ناکات بە بەفر
بەردێ ناگرێ لە گوێزی چڕ
چەژی ئاوی سەهۆڵ ناکات
لە بێگانە
ئەبم بە مەرگ و ئۆتۆم
گەر بخاتە ئەم زەویە
دەمی بێڵێ
ئەو نەخشەیەی کە تیا ئەژیم
ئەو سنوورەی کە کێشراوە
هەر ئەمێنێ وەکو ماوە
هەڵناوەشێ بە هیچ هێزێ
وەك شاخەکان
تەمەنی من ئەی پارێزێ
مەرگ ئەکوژم
بەڵام مردن
ناگاتە من

من بای ژیان هەر ئەمژم...هەر ئەمژم
ئەم ولاتە
چونکە کانگای ئاواتە
چونکە کورەی خەباتە
سەر ئەکەوێ
هەر ئەگاتە
ئەو لوتکەیەی کە ئەیەوێ
***
زامی دڵم چەپك ئەکەم
وەکو یادگار
باوەش ئەدەم
لە تێکۆشان
لە کۆڵنەدان
لە ئازار
خۆم ئەزانم کە چ گڕێك
هەڵئەدرم بۆ شەوگار
خۆم ئەزانم چ ناسۆرێك
ئەکەم بە چاڵی زۆردار
خۆم ئەزانم کە چ جۆرێك
گڕ بەرئەدەم لە دیوار
خۆم ئەزانم کە چ خۆرێك
ئەخەمە سەر ئاسۆی بەهار
من هەر زیندووم
بزر ناکرێ ناوو مێژووم
هەتاکو سەر ئەمێنم
بەستەکانم وەکو ئاگر
ئەوروژێنم
لە ستەمکار

لە دوژمنی چاو سووری دڕ
هەتاکو سەر
ڕوو ئەکەمە داگیرکەر
بێگانە
هاوار ئەکەم نە من مردووم
نە کوردستان گۆڕستانە
من هەر زیندووم
وەکو ژیان
ناونیشانم کوردستانە
کوردستانە کوردستان
***

## لە باولێکی کلیل ون بوودا

دەرگای دیوارە لاڵە بێ بەردەکانی ئاسمانەلەمێوگیراوەکانی
پێش سەرەتای مێژووی خۆڵەمێش
وەکو گلۆڵەی ژانی تیژی ناو قەتماغەی
برینە ڕەگ ئاگراویەکان ئەکرێتەوە
لە پشت دەلاقەی خوێناوی بێ شوشەی
سنوری مەرگی زەردا
ئەستێرە کوێرەکان هەمیشە خۆیان مات ئەدەن
چاوەڕێی ڕێبوارێکی ماندوو ئەکەن
بۆ ئەوەی دڵۆپەی تیلماسکی تەمەنی
وەکو خشەی گەڵای دارەکان بخۆنەوە
هەموو چرکەیەك هەزاران زەردەخەنە ئەکوژێتەوە
لەناو لافاوی هەورە سوێرەکانا
لە پێناوی ئەو ئەندێشانەدا کە لە دەرگای
ووشەو گۆرانیدا سەرەتاتکێیانە
بۆ ئەوەی ئەو ئاوێنەیە تەڵخ نەبێ و کەڕو هەڵنەهێنێ

که کامێرای ژیان وێنەی سێبەرە
ڕەنگاوڕەنگەکانی پێ ئەگرێ
هەموو ڕۆژێ بوومەلەرزەیەکی تازە
ئەیەوێ ڕەنگی ووشەو ڕێگاکان بگۆرێ
بۆ ئەوەی لەسەرەوە نەخشەیان بکێشێ
هەر چۆنێ بێ ئاسنی ژێر چەکوشی
ئاسنگەرە چاو ئارەقاویەکان هەر ئاسنە
بەڵام تینی گەرمی شێوەیەکی تری ئەداتێ
هەموو شەپۆلێك لە ڕۆژێکا هەزاران تەرمی گەرم
لە گەرووی پڕ لە گەڵای ژەنگن و شەختەی تورتی
ڕۆژگارە مردووەکانا
وەك بروسکە ئەنێتە گۆڕ
بەلام ناتوانێ ئەو مەلە بێ پەڕو باڵە بخنکێنێ
کە هەمیشە بە دەنووکە کارەباوییەکەی
لە زیخو چەوی لێوارەکانیا
وەکو سێبەر چینە ئەکات
ویستم ئەو چرایە بدۆزمەوە کە ئادەم
لە سەرەتای یەکەم چرکەی ژیانیا
لەناو لۆکەی باروتاوی ژەنگێکی بێ ڕەنگدا ونی کرد
دەستی هەستێکی بێ هەوێن
پەنجەرە خنکاوەکەی پێ خستمە هەناسەدان
تاوەکو چڵی مانگە شەو
لەنێوان شیشە ئەفساناویەکانیەوە
خۆی بخلیسکێنێتە ڕۆخی برینی تەڕی ژوورەکەمەوە
مانگ لە ژێر پێی ئارمسترۆنگا
چنگی توند کرد بو لە کۆڵەکە شکستەکانی
ناو لافاوی لێخنی چەمی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ
مناڵێکی خەواڵوو لە زگی وڕێناوی

بورکانێکی بێ لەنگەرا ئەی وت
تەمەنی هەموو ژیان
وا لە ناو چنگی کوێرێکی تینوودا
کە ئەیەوێ بین بنێتە ئەو دەریایانەوە
وا لە گۆرانیە بێ پیتەکانی شاخە هەڵکرووزاوەکانەوە
سەرچاوەکەیان هەڵئەقوڵێ
بۆ ئەوەی هێڵە بێ خاڵە تاریکەکانی
سەر بیابانی نەبینراوی سەهۆڵە شینەکان
لەبن هەڵکێشێ
تەکانمدا بڕۆمە دەرەوە
دەرگا داخراوەکەم ئەژنۆمی شکاند
وورده وورده ئەو هەڵبەستەم کەوتەوە یاد
کەلەسەر بەرگی رۆژمێرەکەی یەکەم دایکی مرۆڤا نوسرا بوو
ئەویش ئەمە بوو:-
ئاخۆ کەی کلیلی دەرگاکەم بەدی ئەکەم
تاوەکو ئەو چرایە بدۆزمەوە
کە هەزاران ساڵ پێش ژیانی خۆم
لەناو تەنووری گێژەڵوکەی
تاریکایی قوڵاییە سواوەکانا ونم کرد
وەك تارمایی لەرەی پیتێك
نەء ئادەم ونی کرد
هەردوکمان ونمان کرد
ئەوانە ونیان کرد کە هێشتا شەپۆلیان نیە...!
***

## مردن لە خوێی شەوایە

کە چاوم کردەوە ئەو خەونەی کە بە شالقی
داری خەومەوە پێ ئەکەنی
لەسەر فرمێسکی پەنجەرەکەما سەر بڕابو
ئەم ڕەشەبایانە
پەڕو تووکیان بە باڵدارەکانەوە نەهێشتوە
ئەی چنگی تاریکایی ئەم زیخ و چەوەبۆ کوێ ئەبەی
دەرگاکان داخەن
نەوەک ئەم سێبەرە لە پەت بەربوانە مناڵەکان بدزن
ئەو ئاوێنەیە بێنن
با یادگاری دوێنێی تیا ون کەم
هەوری لاڵی شەپۆلەکانی دڵم بە خوڕ ئەگری
ئەڵێن بیابان سەوزایی چاوی تیا ناکاتەوە
ئەڵێن تینوێتی گەردەلوولەکان
تیشکی گڵۆپی شەقامەکان ئەخواتەوە
ئەڵێن چڵی سەهۆڵی ژیان
دیاری گۆرستانە دورەکانی پشت مێژووە
بەڵام من وەڵامیان نادەمەوە
چونکە لە خۆپیشاندانەکەی ئێوارەدا
شتێکم وت وەک وەڵام وابوو
***

## چوار هەڵبەست

لە ڕۆژمێری ڕێبوارێکی ماندوودا
١- شەوگاری هار وەک مسی ناو ژەنگی یادگار
بۆگەن ئەکاو شی ئەبێتەوە
هەموو شتێک وەک تارمایی

دەریا ڕەنگ هەڵبزرکاوەکان
خامۆش و مەییوە
ژیان لە گلێنەی ئاگرینی خەوێکی سڕا گوێی بۆ ئاوازی
ئەو نوێژە وەریوانە شل کردوە
کە وەك گۆرانی ئەستێرە زەردەکانی
پشت ئاوێنەی تەمەن
لەسەر گومەزی جیڕی مزگەوتی
شارە بریندارەکەمانا ئەتوێتەوە
شریخەی تیژی– زەلە[1]– ڕزیوەکان
چمکی ئاسمان ختوکە ئەداو دای ئەدڕێ
بۆ ئەوەی ئامێتەی ئەو ڕەشەبایە بێ
کە وەك گلۆڵەی تاعوونێکی سوور
ماسوولکەی بوون هەڵئەکۆڵێ
لە چنگی ڕەگی وون بوونا
چەشنی پەیکەر تاشێکی شێت
دەسا ئەی کرمە ئاولاویە دڕەکانی
ئازارو ناسۆری
نە لاشەی مردووەکان بخۆن
نە توخنی گۆڕستانەکان بکەون بە هیچ کلۆجێ
زەوی ئاوسی بورکانێکی بەفراویە
لە کاتێکا یەسقانە چڵ چڵەکانی
ناو شانەی تاریکاییە تینوەکان پێ ئەکەنن
بۆ ئەوەی گیانە ئاوارەکانی سەر خاچی
کڵێسا مەرمەڕەکان و پەیکەرە هەڵواسراوە
زەردەکانی سەر ڕکانی [2] ناوچەوانی ژیان بە کوڵ بگری
ئەو بورکانە ئەتەقێتەوە

[1] زەل – جۆرە گیایەکە لەقامیش دەچێ و لەگەرمیان زۆرە.
[2] ڕکان: ڕێچکە

٢- ئەم ڕێگا بزماراویە تەسك و تروسكانە
گەلێ سامناك و پێچاوین
پیاوەكانی سەر لێوارە گۆگرداویەكانی
هەمیشە
چەند سێبەرێكی قورس فویان ئەدات
بۆ ئەوەی وەكو دلۆپەی باران
بەو دیوارە زەردو زیتانەوە بمرن
كە فرمێسكەكان
چاوەڕێی ڕوخانیان دەكەن
ڕەنگە ئامێتەكان هەمیشە
وەك پەڵە هەوری گێژەڵوكەی پایز
یەك ئەخۆنەوە لە قەوارەیەكی نارێكا
ترس و بیمێكی دڕندە بە ژەهراوێكی ڕەش
كە لە دەمارە ئەفسوناویەكانیەوە ئەڕژێ
جاڵجاڵۆكە لاوازەكانی ناو كەنووی
كارەسات
پەروەردە ئەكەن
بۆ تەنینی ڕێگای مناڵە وێڵەكانی بیابانە قولایی بێ كۆتاییەكان
كە ئەگرین و پێئەكەنن
بەڵام بێ دەم كردنەوە دێن و دەڕۆن
بەڵام بێ هەنگاونان
كۆشی چنگیان پڕە لە زێڕێكی سەوز
لە شەقامە وێڵ و كوێرەكانا بڵاوی ئەكەنەوە
بێ ئەوەی ئاگایان لەوە بێ
كە باپیرە لە ووشە گیراوەكەیان وەكو سیخوڕ
بە دوایانا ئەگەڕێ
هەمیشە چاوی لەو خۆڵەمێشەیە
كە وا لەژێر پێیانا

کووپەی نهێنیە تەماویەکانی تیا شاراوەتەوە
تاوەکو نارنجۆکێکی تازەی لیٚ دروست کات

٣- زۆر جار لە قولایی گۆمی ووشە
لە مس گیراوەکانا خۆم ون ئەکەم
زۆر جار لە ناخی لافاوی ووشە تەزیوەکانا
قووت ئەخۆم
تاوەکو ووشە ون بوەکەم بدۆزمەوە
لە نێوانی ووشە پیرۆزەکانی
سەر ڕووی مێژووی خەم و
بەرزایی منارە هەڵچوەکانی
نێوانی ئەستێرەی ئاسمان و زەوی‌دا
لەوگەشتە دوورو درێژانەما
دەستی ئادەمم دی لە ژێر چەنەی
پەشیمانی ڕەشی خۆی دا
حەوا بە زەنگۆڵەی فرمێسکە تاساوەکانی
بۆی ئەشۆری
بەڵام ئابتەر (١)
هەرچەن هەڵئەپەڕی
هەنگاوە شکاوەکانی
لەرۆخی هێلانە
بیٚ دەلاقەکەیا
لەو ڕووناکی‌یەدا
هەڵئەوەری
کە لە دڵی قووڵی
نهێنیە دوورەکانی

---

١ ئابتەر = شەیتان

ڕووی کۆڵەکە کون کونەکانی
ئەستێرە خنکاوەکانەوە
وەك ئەندێشە قوڵی ئەدا
ئەلەو گەشتە دووردرێژانەما
هەر چەن نەگەیشتم بە ووشە ون بوەکەم
گەیشتم بە هۆی
زەبوونی و گەورەیی مرۆڤ

٤- کوڵانە ڕەشە ترنگەکان هەمیشە
وەکو مەرگ ئەتوێتەوە
بە پانی و پۆری ژیانا
هەموو شتێك لە نێوانی ئاوازە گەشەکانی
شەپۆلەکانیا
وەك لەرەی زەردە پەڕ ئەمرێ
بۆچی ئەگریت خۆشەویستەکەم
بۆ لێم گەڕێ با تافگەی قژە ژاکاوەکەت
تێر تێر هەڵمژم بە گەرووی بۆن کردنم
ئەوسا قوڵایی دەم و لێوت
وەك پەرداخێ ئاو
لە تۆم نزیك کاتەوە بۆ ئەوەی
لە کپی و خامۆشی ماچێکی سامناکا
هەمو دەریاو ڕووبارەکانی ژیان بخنکێنم
تاوەکو دەریایەکی تازەی لێ پێك بێنم
کە هەتا هەتایە وشەکانی من
گۆرانی شەپۆلەکانی بێت
شەوگاری هار گەنیوە وەك تابوتێکی شکاوی
کۆنی شاراوەی ناو زەلکاوی ئەو چەرخانەی
کە هێشتا لە سەهۆڵان

ئەگەر من بمرم یا بژیم ئەی خۆشەویستەکەم
ئەی هەتاوی شارە زیوینەکەم
ئەو شارەی کە ساڵەهایە لە زگی خۆشەویستی و
دەلاقەی شەختەی سەدەکانا خەوتوە
دیواری سەر شارە زیوینەکەمان هەر ئەبێ کەڕوو بکات
تاوەکو پەتکی چیرۆکە تیژەکان ڕەشەبا ببیا
بۆ چاڵی نەمان و لەناوچوون
دەسا لەباتی پرِوشەی گریان
زەردەخەنەیەکم پێ ببەخشە ئەی خۆشەویستەکەم
ئەی نەورۆزی بەهاری شارە بەفرینەکەم
بۆ ئەوەی چاوم لە سەرەتای سەرکەوتن بێ
***

## لقی هەتاو

ووشەکانم دروست ئەکەم لە یادی
ئەوانەی وا کۆڵیان نەدا لە تێکۆشان
قوڵپی خوێنی چرِی خۆیان بۆ ئازادی
ڕژانە ناو گەرووی تینوی چرای ژیان
***

ووشەکانم دروست ئەکەم ئەبەو خوێنە
کەلە شەوی شەپۆل دڕی شارەکەما
لەناوجەرگەی بەندیخانە هارەکەما
لە ئەلبوومی بیرەوەری یارەکەما
لەسەر پەڕەی نەبەزینی گەلانا
لە قولایی خۆشەویستی دلانا
بۆ خەبات و سەر فرازی بوو بە وێنە
***

ووشەکانم دروست ئەکەم لە هاواری
ئەو خێزانەی کەوا بەزۆر دەرکراوە
لە گۆرانی تینوی تۆڵەی چاوەنواڕی
ئەو کۆرپەیەی کە لە باوك جێماوە
***

بە ئومێدی ئەوانەی وا چاوی دڵیان
چاوەڕێیە زەردە بگرێ بۆڵی بەیان
ئەوسا وەکو کڵپەو گڕی بارووتێ
هەر پیتێکم زۆردارێکی تیا ئەسووتێ
***

## هەڵبەستێك لەناو ڕەگی تەمەنا

باخۆ گوڵزاری بەهاری بەختم
کەوتە بەر تەمی هەناسەی خەزان
هەڵوەری چرۆی پۆپەی درەختم
وەکو پرشنگی ئەستێرەی بەیان
کەفی شەوگاری ڕەش و ناوەختم
سازی کەمانی لاویمی خنکان
***

بەستەی ئومێدو بزەی تەمەنم
ون بوو لە هەردەی پشکۆی ژیانا
لەرەی بروسکەی شادی ڕابردووم
وەکو درکەزی چەقی بە گیانا
ئاخ ڕژایە ناو دەرونی تینوم
ڕۆژی مەبەستم مرد لە ئاسمانا
***

هەوری سامناکی ئاسۆی پایزم
توێژی برینی قوڵی داماڵی
لە جەرگەی خەما بچڕایەوە
ملوانکەی ملی یادی مناڵی
هەر خۆزگەیەکی شەوی ژیانم
تارماییەکی ڕەش بو بە چاڵی

## ووشە سووتاوەکان

کپی و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراوە
لە دەلاقەی زامەکانەوە
هەناسەی ژیان لە ڕێگاکانا ئەدزیٚ
باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیوو زبرە
ئەیەویٚ ئەژنۆی مێژوو بشکێنیٚ
باڵی ئەم دارە شۆڕانە ڕامەوەشێنن
دارستانی ئەم تاریکە شەوە
ئاوسی ژەنگ و بزمارە
توخنی ئەم بیرە مەنگە مەکەون
ڕشانەوەی شەو لەوتانویەتی
دەسا با ئەم پەیکەرە لە خویٚ دروست کراوانە
پەراش پەراش کەین
کاتی ئەوە هاتووە
لە چرۆی ئاگری خۆشەویستی و تۆڵەمان
ئەو نهێنیە دروست کەین
کە مناڵی بەر دەرگاکانی
ناو لافاوی قوڕگی کۆڵانە مەییوەکان
لە دوێنێوە چاوەڕیٚی
ئەکەن
***

# ئەم كولەكانە ئەشكێنم

ئەم كولەكانە ئەشكێنم
ئەمە باوەڕی منە
ئاگرەكەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بڵێسەیەكی
بێ خۆڵەمێشە
پەرستگاكان ئەڕوخێنم
ووشەكانم ئامێتەی ڕەگی زەوی ئەكەم
شینایی ئاسمان
وەكو چڵی یادگار
لەسەر دڵما ئەشكێنم
ئەمە باوەڕی منە
شەپۆلەكانم وەستانی نیە
كەس لە زبانم تێ ناگات
سێبەری هەنگاوەكانم
باخچەی گوڵە
نیگای چاوە ماندووەكانم
بارووتی تۆڵەیە
چی ئەڵێن بڵێن
ئەم شارە كەڕووی نەكردووە
نیوەی زامەكانم
لە شەپۆلی خوێی شەوا
جێ دێڵم بۆ خۆشەویستەكەم
ژیانی من
چڵی ئاگرو چرۆی پشكۆ ئەگرێ
ئەو نامانەی ناردبووم
وەڵامەكانی نە هاتەوە؟
بشێ بای شەو مردبێ.

چاوی ڕێبوارەکان وەکو مەرگ
برسێتی تیا شی ئەبێتەوە
هەموو شوێنێ گەڕام
بای شەو خۆی تیا نەشاردبۆوە
ئەمە باوەڕی منە ئەم کولەکانە ئەشکێنم
پەنجەرە ژەنگاویەکان ئەوەرێنم
خۆم ئەخزێنمە منداڵدانی بەهارەوە
لقی خۆر ئەکەم بە شنەی بەستەکانم
بزمارێك ئەکوتمە ئەو تابوتانەی
کە لە ژێر شەختەی پارا
چاویان زیتە زیتێتی
لمی ئەم بیابانە کەفاویە ئەڕژێنمە
گلێنەی
ئەو تارماییيانەوە
کە دەرگاکان دائەخەن
کەس شمشێری ئەم کێلانانە
هەڵنەکێشێ
ئەم هێلکانە هیچ هەڵناهێنن
شەپۆلی دەریایەکم وەستان
لێم پرسی بۆ کوێ
ووتی نازانم
ئەم ڕۆژ ژمێرانە بدڕێنن
ئەلبومەکانتان بسوتێنن
تاریکایی بخزێننە ئەو شوشانەوە
کە بە تیشکی مناڵەکانتان
دروستی ئەکەن
بیابانی گلۆڵەی تینوێتی ڕۆژگار
چپەی ڕەشایی ڕێگاکان

ئەخواتەوە
گەوەی ئازار تێر ناخوات
دەسا سیخەکانتان ساودەن
ووشەکانم گوڵە گەنمێکی وون بووە
مناڵەکان لە لوولوی خەما
بۆی ئەگەڕێن
بەو کۆترەم وت کە لەسەر
منارەی مزگەوتێکی وێرانا
شاباڵەکانی ڕائەوەشان
چیت پیێە !
وتی: لقێك بەفر
ئەم بەندەرە گەلیێ تاریکە
ناونیشانەکەیم بۆ ناخوێنرێتەوە
دوێنیێ مناڵێك لەسەر سەربانەکەمانا
ڕای ئەکرد
ئەو شەمەنەفەرەم بیر کەوتەوە
کە خلیسکایە ڕووبارەکەوە
ڕۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە لاساری
چەندت پیێ ئەڵێم وێنە لە زوقم دروست مەکە
فیکە لە کچی هاوسێکەمان مەکێشە
لە کاتێکا جوتیارێکی برسی کورد
باراشی بۆ ماڵی ئاغا ئەهاڕی
ماوتسی تۆنگ ئامۆژگاری
سەربازەکانی ئەکرد
– دوا هەواڵ لەم دەنگ وباسە–
هاتوچۆکردن قەدەغەیە
بۆ ئەوانەی
سەیری دیوارەکان ئەکەن

ئەو نامەیە مەخە پۆستەوە
ناونیشانەکەی هەڵەی تیایە
من شەیدایەکم سەودای دڵم
ئاوسی چەند پیتێکی بێ ڕەنگە
گیانە دوێنێ وتم:-
مەمکی خۆشەویستەکەم دەریای زێڕە
چاوی خۆشەویستەکەم کانگای زیوە
لەشی خۆشەویستەکەم چاوگەی ڕووناکیە
گوێم لە پێکەنینێ بوو
لە پشت هەردەی شەوەوە
شێوەی کەسم نەدی
بەڵام دەنگەکەم ناسیەوە
زامی بارانەکان
وەك دەمی مردو خەمناکە
با شوێن پێکانمان
لەم هەورازانەدا
بکەین بە یادگار
خوای شادی لە کوێیە؟
زەویەکەی من بەسەر شانمەوە نوقمی تەمە
تاساوی چنگی دڕندەی میوانەکانمانە
ئەو منداڵەی لە شارە سوتاوەکە جێمابوو
وتی:
- دایە گۆرانیەکەم لە باوەڵەکەمانا
شاردۆتەوە
بیدەرە کۆرپەکەی کۆشت-
لەبەر دەرگای شادا پاسەوان بووم
ئەوەی ئەهات لەملیم ئەدا
کە لام کردەوە هەرچیم کوشتبوو

شێوەی وەکو خۆم وابوو
دووبارە شمشێرەکەم ساودایەوە
دایە بە برابچکۆلەکانم بڵێ
بووکە شوشەکانیان پەراش کەن
بتەکانیان
هەپروون هەپروون کەن
ئەندێشەکانیان
لەژێر سەرینەکانیانا حەشاردەن
با سامۆتکەی شەو
نەیدزێ
خوێنی کوژراوەکان بانگم ئەکات
بۆ ئەوەی
وێنەیەکی پێ بکێشم
لەسەر تورەیی پەنجەرەکەمانا
ئەم گۆزە پڕ لە خۆڵانە
زیندە بەچاڵ ئەکەم
ئەم کوپە سوورانە ئەشکێنم
ئەشێ ئەم بەردانە یادگاری خوا بن
– بەستەی تۆڵە وەکو خوێن سوورە
بەستەی تۆڵە بەزەیی بە زۆردارا نایەتەوە–
ئەوە چەند ووشەیەك بوو ئەو منالانە ئەیان نووسی
کە هێشتا لە دایك نەبوونە
بۆ ئەوەی بیکەن بە لافیتەی خۆپیشاندانەکەی سبەینێ
با ئەم نەخشانە لە درزی پیتەکانمانا بشارینەوە
بروسکەی ئەم هەورانە شتێکی تازەی تیایە
ئەی منالە چاو پڕ لە چاوەنواڕی و خۆشەویستیەکان
بڕۆن لە شەقام و بازاڕەکانا هاوار بکەن
لەسەر درەختی ڕێگاکانا بنووسن

– دایە دەرگاکان بکەرەوە
تەرمی تاریکی ببینە
لە ژێر پێی تەمەنمانا–
– دایە دەرگاکان بکەرەوە
وا باوکم ئەگەڕێتەوە
باوەشی ماندووی
پڕە لە شالقی هەتاو
***

## سێ هۆنراوە بۆ دایکم

١– نیگای ئازار وەکو باران
سۆسەی ژینمی تەڕ ئەکرد
پەپولەی ناو ئاواتی ژان
وەك پەلکە زێڕینە ئەمرد
لە بروسکەی پشکۆی زاما
هاواری دەم ئەتەزی
لە لافاوی هەوری ساما
ئەژنۆی تەمەن ئەلەرزی
لە باوەشی تەنیاییدا
ژوورەکانم پشکنی
خەم لە تاریکاییدا
هەڵی مژیم هەتا بنی
کە خەو چاومی پۆشیەوە
تۆم لە دڵما دۆزیەوە

٢– بەیانی بوو چاوی یادم
بە تەزووی ئاخ کرایەوە
هەستم پێ کرد کە ناشادم

کلۆی خەمم توایەوە
چەند پیتێکم لێ دروست کرد
لە دڵما بوون بە هەڵبەستێ
گریا وەکو منداڵی وورد
کەس نەبوو زامی بەستێ
هەرچەن خامەم لکان پێوە
دەستم بۆ برد وەك ناسکە سێو
بۆم نەخرایە ناو چوار چێوە
لەرەی نەهاتە سەر لێو
وەکو چۆلەکەیەکی تینوو
لە قوڵایی دڵما ون بوو
ئەی ئەو دایکەی کە لەدڵمای
وا چۆلەکەیەکی تینوو
بە شاباڵی ئارەزوو
گیانی منی بۆ هێنای

٣- باوێشکی شەوی ناو دڵم
خەمێك ئەگرێ وەکو گڕگرد
گڕێکی بێ ڕەنگ و هەڵم
ئەکاتەوە
لێی ئەوەرێ پشکۆی ورد ورد
کەف چاوی نوقمی سڵم
وەکو دەریایەکی بێ پرد
ئاسۆی دوورم ئەخواتەوە
بۆ ئەم ژانەی تەمەنم
ڕەنگە بگری گوڕ هەڵکەنم
ئەی خۆم چۆن نەگریم دایە
بۆ ئەوەی کەس بڕوای نایە

بلێم دایکم نەمردووە
هەر زیندووە
لە ژینایە
لە قوڵایی
پڕ لە هەستی
خۆشەویستی
بێ کۆتایی
دڵم دایە
***

## هەڵبەستێکی تازە لە چەند پشکۆیەکی سوور

ئەستێرە زەردەکانی ڕێگا
قورقوشماویە
دووردرێژە مردووەکان
وەك سێبەری ئاو
ڕووناکی هەڵیانئەمژێ
زەردەخەنەی ئاسمانە
ڕووخاوەکانی
پێش مێژووی ڕەنگ وبۆ
وەك لەرەی نیگای بروسکەی ناو
زەنگۆڵەی بارانی پایز
لە ژەنگی بەفری ڕەشی چاوەنواڕیدا
هەڵئەوەرێ
دەنگی زەنگەلاڵەکانی
کەلیسا بێ دەرگاکان و
سۆزی کەفاوی نوێژی مزگەوتە
پەنجەرە لە جاچك گیراوەکان
هەمیشە لە نێوانی

لووتکەکان و قوڵاییەکانا
ڕائەوەستیٚ
ئەنوارِیتە ئەو ئاوێنەیەی
کە ئافرەتێکی کوێر
لەوەتی لەدایك بووە
ئەیەویٚ وێنەی خۆی تیا ببینیٚ
دوێنیٚ پەیکەرێکی بتهۆڤنیان گۆڕیەوە
بە ئاوازێك لەو ئاوازانەی
کە پاش مردنی تۆماری کردبوو
ئەم بەیانیەش نیگارێك
لە نیگارەکانی بیکاسۆم دی
بەدەستی منالێکەوە
کە لە گۆڕێکی ژەنگنی بیٚ دەرگاوە
ئەهاتە دەرەوە
نەبوونی کرِیار وای لیٚ کرد
کە هەڵی واسیٚ بە دیوارێکی لە خویٚ
دروست کراوا
لە پشت هەتاوی بیٚ گەلای
نوقمی سەهۆڵی فرمێسك و ئازارا
گلارەی چاوەکانم
هەموو جوانیەك ئەخواتەوە
کەچی کەف و کوڵی تینوێتیم
هەر دانامرکیٚ
ئیوارانێك ویستم
ئەو گۆرانیە لە دڵم دەرکەم
کەوەك دووکەڵی مانگ ژیانم ئەتوێنێتەوە
بەڵام بۆم نەکرا
چونکو ڕەگی ئەو گۆرانیە

لە ڕەگی گیانم پتەوتر بوو
لەناو ماسولکە ئەستورەکانی کەرتی لەشما
ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی
کە هێشتا لە دایك نە بوو بووم
خەریك بوو هەڵبەستێکی تازە لەسەر تروسکەی
مۆمی دانەگیرساوی ئارەزووما بنوسم
هەرچەنم کرد ووشەم بۆنەهات
چەند پشکۆیەکی شینم خستە ناو چنگی دڵمەوە
زەردەشت ویستی لێم زەوت کات
ووتم: زۆر پێویستمە
ئەمەوێ چەن ووشەیەکی لێ دروست بکەم
ووتی:ووشەت بۆ چیە
ووتم: هەڵبەستێکی تازەی پێ ئەنووسم
لەسەر تروسکەی مۆمی
دانەگیرساوی ئارەزووما
پێکەنی و بە توڕەییەوە ووتی:
ئەگەر نوسیت فوویەکی لێ بکە
با خۆڵەمێشی کەڕووی
ساڵگاری چۆك شکاوی
لە قیراچەقیوی پێوە نەمێنێ
***

# پەیکەرێك بۆ خۆم ئەتاشم

من بۆیە ئەم پیرەژنە ئەکوژم کە لەناو گەڵای
بەفرە کۆنەکانا هەڵتوتاوە
چونکو ئەو سێبەرە
کروشکەی کردووە لە منداڵدانیا
کە هەمیشە وەك جاڵجاڵۆکە
لە گڕی تەما زەنگی پەنجەرەکان
بە کەڕووی ساڵگار لاڵ ئەکات
بۆ ئەوەی گوێی مێژوو کەڕ کات
لە عاستی چرکەی کاتژمێرەکان
بەر لەوەی ئەو کرمانە لەدایك بن
کە گلێنەی سامناکی فیکەیان بۆ ئەکێشێ
ئەو هێلکانە ئەشکێنم کە شەوگار
وەك بیابانی دوکەڵێك کڕ کەوتووە بەسەریانا
چنگی ئەم گەردەلوولە باڕووتاویە
ئەیەوێ دڵۆپەی تەمەنی هەتاو
بولێتە ناو برسێتی ئەو تاریکاییەوە
کەلەبرینی یادگاری
سەهۆڵی سەدە ون بووەکانەوە
وەکو لوولەی نەفرین هەڵئەقوڵێ
ئەم ئەشکەوتە باڵ شکاوانە
چاویان لەو ڕێبوارانە زیت کردۆتەوە
کە بنێشتی کرماوی ڕێگاکان ئەشێلن
تاوەکو ئەو تەونە هەڵوەشێنن
وا جۆلا دەم و چاو هەڵپێکراوەکان
بە کینەو گۆگرد ئەی چنن
بۆیە ئاگر بەرئەدەم لە پەنجەکانم
ئەو ناونیشانانە هەڵوەرێ

وا لەسەر لێواری ئیستگەو بەندەرەکانا
لەمۆم و بەفر نوسراون
کە بزماری ژەنگاوی
ئەم تابوتە هەڵواسراوانەم
کوتا بەو چاوانەدا کەلە کونی
کەنووە لە ووشە گیراوەکەیانەوە ئەنوارِنە
ئەو داوانەی وا دەرگاکانیان پیێ تەنیوە
ئەوسا ئەتوانم گلۆڵەی رِووناکی
هەڵکێشم لە دەرزی تۆڵەو خەو بینینم
بۆ دورینەوەی ئەو وێنەیەی کە چنگی هاری
میوانە شوومەکەمان لەت لەتی کرد
لە کاتێکا کە باپیری باپیرم
لە گۆمی خەوێکی قورسا ئەو ئاوێنەیەی ماچ ئەکرد
وا ئەیویست بیکرِیێ
با دارتاشە چاو زەردەکان
ئەم دارە ئەستورە بتاشن
کیێ ئەزانیێ باوکم چ تۆتۆمێکی
لە قووڵایی گریێ ئاڵۆزاوەکانیا شاردۆتەوە
–منالێکی بچوك ئەو چەند ووشەیەی
لەسەر گومەزەی مزگەوتێکا نوسی
بەر لەوەی ون بوون لوولی کات
لەناخی دەمی زامی سامناکیدا
زەردەخەنەکەییم ناسیەوە–
***

# سێبەری چاوە ڕەنگاویەکان

شەو لە چنگی هەنگاوەکانما ئەچەمێتەوە
بەسەر لقی ئارەزووەکانما
لە لەرەی تاریکایی هێلانەی
هێلکە ون بووەکان دروست ئەکات
لە گلێنەی ڕێگا لێژەکانا
چاوی منالەکان چاوەڕێیان ئەکردم
دەرگای شەو کرایەوە
ڕێبوارە ماندوەکە گەڕایەوە
بۆ سەر ئاگردانەکە
بۆ ئەوەی پشکۆکانی باوەشێن کات
تەمی ستەم قوولایی تەمەنی ئەو زامانەن
کە پەنجەیان نوقمی خوێی کەف یادگارە
با لەسەر سنگما ئەگری
لە شەختەی ئەم ساڵا شتێکم دۆزیەوە
نهێنیەك لە زگی دەریاکاندایە
گۆرانی ئەم بەند کراوانە گەلێ بەجۆشە
هەموو ڕێگاکان ئەگەڕێم
هەموو سوچێك ئەپشکنم
بۆ ئەوەی ئەو فرمێسکانە بدۆزمەوە
کە دوێنێ ونم کردن
ووتیان داسی تەمەن
سێبەری ئاسمان درەو ئەکات
بەلام من ئەڵێم
ڕەنگی شەو گۆرانیەك ئەڵێ
ووشەکانی لەڕەگی خەم و شیلەی هەتاو
دروست کراوە
گیانە مەپرسە چۆن شەو توانی هەڵگژێتە کۆڵی دیوارەکانا

چۆن نائومێدی ئەبێتە کۆتی ئەو دەستانەی
کە لەسەر لێواری ژەنگنی
سالگارە مەیوەکانا
کەرتی سامناکی تاریکیان ئەخووسان
مەپرسە ناوم چیە
مەپرسە بۆ کوێ ئەڕۆم
مەپرسە چی دروست ئەکەم
لاپەڕەکانم ژیانمە پێنووسەکانم هاوڕێمە
ئاسمانی شارەکەم چاوەڕێی هەتاوە

## خواو شاره بچکۆلەکەمان

سێبەرێك لە ئاوازەی ئەندێشەی دڵمایە
خەو بە هیواوە ئەبینێ
وەکو ئاو پێنەکەنێ
بۆ خۆشەویستیەکی بێ کۆتایی
کە لە دڵی شاخەکانا نوسراوە
من هەمیشە بۆ کەشتیەك ئەگەڕێم
بمگێڕێتەوە بۆ لای تۆ
هێشتا دیوارەکان هەر بەرزن
هێشتا زنجیرەکان هەر ئەستورن
گیانە نامەکانم لە بای شەوایە
وریابە باران تەڕی نەکات
ئەو وێنانەی کە چنگی ڕەشەباکان
لە کۆڵانەکانا ئەی چێنێ
تەمەنی دڵداریم بیر ئەخاتەوە
ئێمە هەر وا پێ پەتی نابین
چراکانمان هەر وا کز نابێ
شارەکەمان هەر وا خامۆش نابێ
ئەو خەوەی کە باپیرم دی بووی دێتە دی
وا منداڵەکان دەلاقە لە قوڕ گیراوەکان ئەکەنەوە

## هەڵەی شوێن پێکان

ژیان خۆی ئەشارێتەوە لە پشت ڕەگی
لێواری شەقامەکان
گەڵای دارە ژەنگنەکان خۆراکی برسیەکانە
ئەم تەپڵانە لەت لەت کەن
ئەی بەفری ساڵگارە مردووەکان
کەی گوڵاڵە سوورە
ئەڕژێنیتە باوەشی خۆشەویستەکەمەوە
ئەی تەمی نائومێدی کەی چرای هیوام ئەتخواتەوە
– ئاخۆ هەتاو لەچی دروست ئەکرێ–
ئەم هەواڵانە هەمووی درۆیە
ئەڵێن ئەژنۆی شەو بتەوە
ئەڵێن ژەنگی ڕێگاکان ئەستورە
ئەڵێن تەمەنی نائومێدی بێ کۆتاییە
بەڵام من ئەڵێم دەستی من ئەگاتە
ئەو دیوی دیوارەکان
– کوانێ زەردەخەنەکانتان–؟
دایە چاوەڕێم بکە لە هەموو ڕێگاکانا
چاوی خۆشەویستەکەم
کلۆڵەی ناخۆشیم لە قووڵایی
برینی هەنگاوەکانما ون ئەکات
سەهۆڵی چەرخی خەم و مەرگم پێ لاڵ ئەکات
دەرگای شەوم پێ ئەشکێنێ

هەر بۆ ئەوەی ماچێك لە تۆ بدزم
لە درزی پەنجەرە لە خوێ گیراوەکەتانەوە
ئەی خۆشەویستەکەم
دارستانی سەوز سەرنج ڕاکێشە
منیش پەرەسێلکەیەکم
چاوەکانی تۆ هێلانەمە
***

## ئەڵێن خوێ لە دارستانەکانایە

شەو پەنجەرەی شارە بچکۆلەکەمە
دارستانەکانم پشکۆی ئازارە
ئەی شارە بچکۆلەکەم
من لە ناخی زامەکانتا ئەژیم
بەستەکانم لەسەر فرمێسکی
گەڵاکانتا ئەنووسم
سەگە هارەکان لە پشت دیواری
یادگارا ئەبەستمەوە بە ووشەکانم
قاچی جاڵجاڵۆکەکان ئەگرم
لە بنێشتی هەنگاوەکانم
ئاوێنەکانم بەرەو پشت هەڵئەواسم
لە کۆڵانەکانا
ئەو کونە پەپووە ئەتۆپێنم کە لە دوێنێ وە
ئاسمانی مێژووم بە پەڕی مەرگ دائەپۆشێ
***

## لقی شەو هەتاو ئەگرێ

چۆکی قوولاییەکان لە لەرزینایە

چاوی شەو وەك کۆڵەکەی خوێن

ئەچەقێ بە زامەکانا

ئەم کونانە

سەرچاوەی ئەو هێلکانەن

کە شەقامەکانیان لەوتانووە

گیانە دوێنێ ئەو کفنەم دڕی

کە میوانەکەمان منی تیا شاردبووەوە

دایە بە منداڵەکان بڵێ

گولۆپی کۆلانەکان نەشکێنن نەوەك تاریکی ببێتە لانەی

ئەو کرمانەی ئەیانەوێ

گەڵای ئاگرەکەمان هەڵوەرێنن

***

## گەڵای خوێ ئەوەرێ

چاوەکانتان بکەنەوە

درێژایی ڕێگاکان لول کەن

ئەمە ئەو زامانەیە کە ونمان کرد

نیگای ئازار وەکو شەو ڕەشە

نمەی باران

گورانیەکی بێ دەنگ ئەنوسێ

لەسەر قژی منداڵەکانا لە قۆزاخەی تاریکیا

تووی ئازار ئەمژم

بۆنی هەوری زامەکانم ئەخۆمەوە

قورسایی دیوارەکان ئەکەمە کۆڵم

بە لێوی دومەڵە خنکاوەکانم

درکەزی زۆردار ماچ ئەکەم
بەڵام هەرگیز
نەناوی خۆم ئەکوژێنمەوە
نە ئەلبوومەکەم ئەفرۆشم
***

## تارماییەکان ئەتوێنەوە

درێژایی خۆیَی تەمەنی شەوگار
گوریسێکە لە گەردنمایە
چاوی براکانم
پەرژینی ڕێگا ون بووەکانە
ئەڵێن جانەوەرێکی برسی
یاریەکانیانی دزیوە
دایە تەمی بێشکەکان بشۆرە
با کورپەکان نەخلیسکێنە
خۆڵەمێشی بەهارەوە
ئەی بەفری گومەزە بێ سێبەرەکان
تاکەی فرمێسکی چاوی شارەکەمی
تاکەی بەری دارەکانمان تاڵ ئەکەی
گیانە لەناو بۆگەنی تەرمەکانا بۆت ئەگەڕێم
دەست بۆ درێژ ئەکەم
ئەگەر باوەڕ ناکەی
وا تفەنگەکەم گۆرانیت بۆ ئەڵێ
***

## شەپۆلێك لە كەژاوەی ووشەی مەرگا

دەریای سامناكی بێ بنی ژیان
كەشتی ئەندێشەی ڕەنگینمی خنكان
تیشكی ئارەزوو مرد لە هەناوما
نیگای ڕووناكی تاسا لە چاوما
شكا شمشاڵی بەستەو ئاوازەم
ڕووخا تەلاری ئاواتی تازەم

***

وا لە پایزی باخی تاسەما
گوڵی هەڵوەریو ئەلاوێنمەوە
ئا لەم دەروونە پەست و كاسەما
ئازار بۆ برین ئەتاوێنمەوە

***

نە لە سروشتا جوانی ئەبینم
نە لە سێبەری ئاسۆی تەمەنما
نە خۆزگەم ماوە نە خەو بینینم
نە تۆزێ ئارام وا لە دیمەنما

***

لە تاریكایی بێ كۆتاییدا
هەموو چپەیەك داخێكە بۆ من
هەموو تاپۆیەك لە تەنیاییدا
ئەخاتە دڵم موچڕكەی مردن

***

دەبا لە هەردەی تەماوی گیانما
قوڵپی فرمێسكی خوێنین بڕێژم
لە بیابانی چۆڵی ژیانما
دڵەی ئاوارەو پەستم بنێژم

بەستەکەم وەک
بوومەلەرزەی مێژووی تۆڵە
ئەخەمە ژێر خۆشەویستی
ئەم خۆڵە

# ئامادەبوون بۆ

# لە دایکبوونێکی تر

١٩٧٣

## ئاگاداریەك

من ناتوانم .... بە زمانی ئێوە بدوێم
ناتان ناسم.. ناتان ناسم
ئەی ئێوە ئەزانن من کێم؟
میوانێکم پەنجەکانم ڕەشەبایە
فەرهەنگێکم.. ووشەکانم..
ووشەی پێش لە دایکبوونی یاسایە..
***

## ئەمە دوا هەڵبەستم نیە

گۆرانی سەرەتا...
***

گۆرانیەکی جوان ... لە تینوێتی دڵمایە
ئەمەوێ ووشەکانی بچەسپێنمە ئەو دەروونانەوە ..
کە بە لێوی ئاوات هەتاوی دزراو ماچ ئەکەن ..
ئەمەوێ ئەوانەی پێراچڵەکێنم .. ئەڵێن :–
سەهۆڵی ڕێگاکان ناتوێتەوە ..
کلیلی دەرگاکان نادۆزرێتەوە ..
گۆرانیەکی جوان لە تینوێتی دڵمایە
ئەمەوێ لە لێلآیی ڕێگاکانا .. لە برینی شەوی ژیانا ..
لەسەرتاشە بەردەکانا .. بینووسم..
لە کێڵگەکانا .. لە دڵە زیندووەکانا .. بیچێنم..
لە ئێستگەی شەمەنەفەرەکانا .. لە فرۆکەخانەکانا
لە بەندەری کەشتیەکانا پەیکەری بۆ دروست کەم..
ئەمەوێ پێشکەشی کەم بەو خۆشەویستەی کە هەموو
شوێنێکی بۆ گەڕام..
بەڵام ... نەمدۆزیەوە...

-١-

لەسەرەتای هێڵی وشەوە دارستانی شەو چەتری

شارەکەمە..

پارچەی بیرەوەریەکی ئازار

ئاوێنەی خۆشەویستەکەمە ..

زامەکانی مێژووم .. بە دیواری دڵمەوە

نەفرین ئەکا لەو قەمانەی

کە پاسەوانی پەیژەکانن ..

بەستەکانم.. ژانی زامدارەکانە

نیگای تاریکی کۆڵەکەی لیمەندۆزیە لە ڕێگاکانا..

چاوی منداڵەکان .. ڕەزنی بارووتی کینەی ئەو سوارانەیە

کە بای تاوان .. لە بیابانی بێ سەرەتاو کۆتاییەوە ..

ئەیان بارێنێ بەسەر گەلاَکانما

تاکە سوارەکەی دورگەی عاربی لەکوێ دایە؟

پێشنیارەکەم لە کەعبەدا هەڵبواسێ

لە پەرستگاکانا دایکوتێ بۆ میوانەکان

دیسان بتەکان بشێکنێتەوە... بیان هاڕێ

بشێ سەری باوکم و بلالی حەبەشیو سەلمانی فارسی

بەسنگەکانی دەرگای شارەوە..

بناسێتەوە ..؟

غالیلۆ کوانێ..؟ لەبەردەم دادگای گەورەدا

نەترسێو بە مەسیح بڵێ.. —

— کڵێساکانت بکەرە تەنوور

ئینجیلەکەت بسوتێنە

ووشەکانت لەبن دەریای ونبوونا لۆك کە..

ئەی پێغەمبەری ئاشتی —

ئۆردوی قرژاڵێکی درندە.. ئەیەوێ

نەخشەی شارەکەم بگۆڕێ

ناوی کۆلانەکانی شارەکەم بگۆڕێ
دەنگی شارەکەم بگۆڕێ
ناونیشانی شارەکەم بگۆڕێ
گۆرانی دارستانەکانم بدزێ
خۆشەویستیم خستە ناو چنگمەوە
بەر نوکی ڕمەکانیان کەوت
مرۆڤایەتیم کرد بە لاوکێك بۆیان
ئەو کۆترەیان کوشت کەلە دەنووکیا هەڵیگرت
– سمی خوێناوی ئەو حوشترانەی
کە کونی.. نەنگی .. شوورەیی .. نەفرین
وورووژانیانی لە شاری شیرین
تاڤگەی ئەرخەوان
بۆ ئەوەی گەرووی
ئارەزووی کەپووی
کەژاوە ڕەشو برسیەکانیان
ئاووس کەن بە خوێن .. بەنەوت .. بەهەنگوین
لە ئاوارەیی شەوگارەکەما
چەقی بە بەستەی دڵدارەکەما –
دایە من ناوم چی یە:
من خەڵکی کوێم
ئەم کەپرە دوکەڵە کوێیە؟
منالێك ئەوەی وت..
وردە ورد بەناو ونبوونی تەما شۆڕەوە بوو
دیوارە مۆنەکان
لە قۆزاغەی کپیا
دەنگی زەنگەڵەکانیان کوشت

-٢-

بەفر دەریای بێ سنوری شاری دڵمە
لە دومەڵی پێستە سواوەکەمەوە..
لە دەماری سیەکانمەوە
ئەستێرەی ئاسۆی بەندەرەکانم ئەدزی
ئەیکا بە گۆرانی چڵە ستەمەکانی
- گیانە تۆ ووشەی فەرهەنگەکەمی
ڕەنگی ئەلبوومە بێ ڕەنگەکەمی
هێڵی پەڕاوە قەشەنگەکەمی
ئەو پەڕی هیواو خەو بینینم تۆی
نهێنی هەورە بێ دەنگەکەمی -
تۆ ئەو پەیکەرەی کە ئەمەوێ لە جێی منارەی
مزگەوتەکەمانا بیچەقێنم
تۆ ئەو وێنەیەی کە باوکم ونی کرد
هەموو فرمێسکەکانی دار تەلی کۆڵانەکانم..
چەپك کردووە
دەسا ئەی بای بێ بن تۆ لەکوێ دای
لە دوێنێوە ئارەقەی چاوەکانم
سێبەری پانایی نەبینراو وبێ پەیی تۆ ئەی خواتەوە
کێ ئەتوانێ.. ژیانی من.. وەك پەیکەرێ
لەباوەشی تاسەیەکا هەڵبگرێ
لەبەردەرگای مێژووی خوایا بیچەسپێنێ
بڵێ ئەمە هەستیارێکی گەڕۆکە..
ئیستگەی هەزار چیرۆکە..
بڵێ ئەمە مرۆڤێکی دڵدارە..
لافیتەیەك لە ژێر گۆپکەی
ئاوێنەکەی چنگی دایە
بڵێ ئەمە کۆڵۆمبسی کیشوەرێکی ونبووە

بلێ ئەمە عیسایە..
وێلی وشەی دەم بایە
بلێ ئەمە ماجەلانە
لە ئاوازەی گەشی خوێنا خلتانە..
بایەوانە ژاکاوەکەی
گلێنەی هەردوو چاوەکەی
لەشمشێری تاوانبارە جەردەکانا نوقم بووە
ڕوخسارەکەی
نامەکانی یارەکەی
لەبارانی تفو کێماتێك چووە..
بلێ ئەمە زەردەشتە..
کلۆی زامە ئازارەکەی
بۆ تۆڵە سەندن ..هەڵچووە..
-٢-
- ئەی سەرەتای داری هەتاو
لە شکۆفەی ناسۆرەوە
تاریکایی وەك قومێك ئاو
بە مەلاشوو بخۆرەوە
تیخەکانمان بشۆرەوە
بوروژێنە ڕووناکی
ئەو ڕێ یە بدۆزەرەوە
کە قووتی دا ناپاکی
ئەو ڕەنگە بدۆزەرەوە
چەند کرمێکی ئاگرین
خستیانە هەوری شۆرەوە
دایان پۆشی بە برین
بەتارمایی لەپی گلاو
ئەی سەرەتای داری هەتاو -

–ئەوە هەڵبەستێك بوو
لەتابلۆیەكی شكاوا
پاڵەوانێكی ماندوو نووسی بووی..–
دایە بۆچی چاوی خانووەكان مرد؟
بۆ دووكەڵی زنجە سووەتاوەكان؟
بوو بەمەمكی دەمی كۆرپەكان؟
دایە كێ مۆمەكانی كوژانەوە؟
كێ چراكانی پڕكرد لە ئاو؟
كێ میناكانی بە ڕۆنی قالۆنچە سواغ دا؟
كێ پردەكانی ڕووخان؟
دایە كێ ئەتوانێ چەرمی بۆقەكان بكات
بەتەپڵی منالّی لێوارەكان؟
كێ ئەتوانێ تارماییە خەڵووزەكان بسوتێنێ؟
ئەی گورگە چاو ئاوساوەكانی دەوری ساجەكەم
تاكەی تێر ناخۆن؟
دایە بەچی نووكی ڕمەكە تیژ كەم.؟
ئەڵێن كلیلی دەرگای ڕۆژ
لەدڵی پاشاكەتانا شاراوەتەوە..
ئەی گورگە چاو ئاوساوەكانی دەوری ساجەكەم؟

–٤–

گیانە هەردەی ژەنگی نێوانی ئێمە
برینی ناو قوللەكانی دمدمە..
ناپاكی– كێ هەكانی[1]–یە
شا گۆچانی خەو بینینی تەیموور لەنگە
تەمەنی ئەو مێشانەیە كە وا باڵی
سیمرخێكی برسی ئەخۆن..
ڕەزنی پشتی پاڵەوانی چیرۆكێكە..
كەرتی لەشمان ئەكا بە ڕۆن

---

[1] كێ هەكانی ئەو كوردە ناپاكە بوو كەرێگای بۆ شا عەباس خۆشكرد بۆ گرتنی قەلای دمدم.

کەڕووی دەمی کوانووەکانمان.. ئالیکی
وڵاخی ئەو پاشایەیە
کە ئەیەوێ کێڵگەکانمان بکاتە
ئاخووڕی سوارەکانی
سوارە بێ لغاوەکانی
دەسا هەموو دەربەدەرو وێڵەکانی ڕێگای ئاگر
ئەی ئەوانەی دوومەڵی دڵ
بۆ تۆوی گوڵ
ئەکێڵن
نە بارەکان.. بپێچنەوە
نە ئەم دارە جێبێڵن
......
بشێ ئێمە هەڵەی گلۆڵەی مێژوو بین؟
بشێ ئێمە هەڵەی منداڵەکان بین؟
بشێ ئێمە هەڵەی خۆرسکی ئەو قالورانە بین
کەڵبەیان خنکاوی کێمی ئاسمانە؟
ڕۆڵە شاورەکەت بخەرە گیرفانت
با پۆلیسەکانی قەیسەر
نەتولێنە خاکی برسێتیەوە
کێ ئەم گۆڕانەی بۆ هەڵدڕیوم ؟
کێ هەتاوی خۆزگەی ژیانی دزیوم؟
لافیتەکان..... هەمووی درۆیە
سەربەستی مرۆڤ درۆیە
نەتەوە یەکگرتووەکان درۆیە
یەکسانی.... ئاشتی.... برایەتی
ڕۆشنبیری... یاساکان... خۆپیشاندانەکان..
هەمووی پروپاگەندەیە
دەسا ئەی باڕووتی تۆڵەو ڕاستی

لە گەردەلوولی شەبەقێکی تازەدا
هەموویان ... ونجڕ ونجڕ کە
لەو خۆشەویستیەدا... کەدێتو نایەت

-٥- گۆرانی کۆتایی
دەنگی یەکەم
-١-

زامەکانتان بکەن بە پرد بۆ کوێرەکان.. بۆ رێبوار
گۆمی خوێنە رێگاوبانی سنووری شار
ووشەکانتان بکەن بە ئاو .. بە رووبار
بۆ تەمەنی زەوی خەمبار
بشێ لوولەی قورقۆشمی پتەوی
رەگی مردن هەڵبکۆڵێ لە زەوی
لە شکۆفەی ئازارەوە
پێ بکەنێ گوڵی بەهار
-٢-
دەنگی دووەم
هەمیشە گڕی سەربەستی
خۆشەویستی یە هەڵبەستی
ڕاستی جوانی ئەم بساتە
پەرداخەکەی سوقراتە
بیرەوەری سەرکەوتن
چەکوشەکەی کاوەیە
مقەستی کۆتی گەردن
دوو پارچە هۆنراوەیە
هەرگیز چاوی ئادەمیزاد
نانووقێ بۆ مەرگی ناشاد
ئەو رێبوارەی کە میوانی تازەی شارە

بورکانی ژێر پیرەدارە
ووشەکانی دڵداریە
چاوی مژدەی بەختیاریە
دەستی خۆری بەهارە
ئەی سەرەتای داری هەتاو
ئەی شارەگی هەموو هەستی
هەمیشە گڕی سەربەستی
خۆشەویستی یە هەڵبەستی
***

## بۆ ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکشێ

سەرەتایەك

١. وشە هەیە لە ئاهەنگو کۆنگرەکاندا.. نەفرۆشرا بێ؟
وشە هەیە لەم چەرخەدا بە تۆپزی نەسمرا بێ؟
وشەیەکم بدەنێ.. کە بەمۆری پۆلیسەکان مۆر نەکرا بێ
لە دیوانی پاشاکاندا سووکو سەرشۆڕ نەکرا بێ؟
ووشەیەکم بدەنێ. نەوترابێ، نەوترابێ
ووشەیەکم بۆ بێنن وەك چرا بێ
تۆ لەکوێدای ئەی ووشەی چاك
تۆ لە کوێدای ئەی ووشەی پاك
تۆ لە کوێدای ووشەی ڕووناك
بۆ هەمیشە.. قەسابەکان
جەندرمەکانی جەنگیزخان
تۆ ئەکەنن وەکو لاك
ئەی ووشەی چاك
ئەی ووشەی پاك
ووشەی ڕووناك؟
***

٢. من نامەوێ .. بەرگی ئەکتەر.. لەبەر بکەم

لەسەر هەموو ... هەموو شانۆیەکی خۆشا

خۆم حەشاردەم لە ژێر بۆیەو ڕوو پۆشا

من نامەوێ تاجی سوڵتان لەسەر بکەم

لە یاریگایەکی بۆشا

من نامەوێ... نامەوێ وەك سواڵکەر بکەم

گۆرانی بۆ خان بڵێم

هەر بۆ ئەوەی نەم کوژێ

هەر بۆ ئەوەی..کە بهێڵێ.. لە سای کۆشکەکەیدا بدوێم

پێتان ئەڵێم .. یاخی بن.. یاخی بن

لەم هەموو نەخشەو باجە

یاخی بن.. لەم مەیدانە ... لەم گەراجە

کە مرۆڤی وەکو ئامراز تیا هەڕاجە

یاخی بن.. یاخی بن

لەو قەمانەی

کە سووری خوێنی حەلاجە

یاخی بن.. یاخی بن.. چونکە هێشتا

خوای ئەم شارە هەر.. حەجاجە

***

٣. بروسکەیەکی نهێنی:-

***

شارەکەی من.. یەکەم شانۆی تاوانە

جەردە یاسای بەدەستە

پێغەمبەر دیلی زیندانە..

حەلاج نوقمی خوێنی خەستە

ئەبوو لەهەب... خاوەنی ئینجیل و قورئانە

لەم شارەدا... لەم شارەدا

لەدەستاری پەژارەدا

گشت دڵداریێ
گشت هەستیاریێ
جادووگەرێك... ئەی هاریێ
ئێمە هێشتا .. هەر ڕووی خۆمان.. مکیاج ئەکەین
ئێمە هێشتا خۆشەویستی هەراج ئەکەین
ئێمە هێشتا.. بۆکیسەیە.. خورمای خەڵاڵ[1]..
شایەتمان دێنین.. بەدەجاڵ
ئێمە هێشتا هەر تەلاری ئاغاکانمان سواغ ئەکەین
پۆستاڵیان بۆ بۆیاغ ئەکەین
هەواڵیان بۆ بۆیاغ ئەکەین
ئێمە هێشتا.. لە چایخانەو بارەکاندا
کڕ ئەکەوین.. بەدیار دەنگی ئەحلام وەهبی و ئەسمەهاندا
ئێمە هێشتا .. پێمان خۆشە بەدیناریێ
سەد قەدەم خێر
ڕووت کەینەوە.. لەسەر نوێنی پاشەیە کوێر
ئێمە هێشتا هەزارەها نەغەدە
هەراج ئەکەین. بەمشتێ زێڕ
ئێمە هێشتا ئەکتەرێکین. لە شانۆی دەربەدەری دا بێ زمانین
هەتا ئێستا . هەتا ئێستا. دەوری خۆمان نازانین
***
٤. زامەکانم کرد بەچوار پایەیەکی خەمبار
بۆ یەکەم یار
وەستام لەبەر دەرگای ئازار
خەمم کرد بە لافیتەیەکی زامدار
بۆ هۆنراوە بۆ پرسیار
بۆ شیوەنی هەستیارەکان.
بۆ شیوەنی دڵدارەکان
ئەبوجەهل فەرمانی دا.. دەریا کردم لە بۆتەی شار

---

[1] ئەو خورمایەی کەهێشتا پێنەگەییوەو لەناو دەمدا تورتە..

خۆشەویستم. ئەی ماسی دەریای هاتنم
ڕاوچی یەکان ئەیانەوێ. نانی ژەهراویت بدەنێ..
ئەیانەوێ دەنگی بیلال بگەنێ..
ئەیانەوێ بە خوێنی تۆ بنوسن. بەستەی مردنم.
خۆشەویستم . بۆچی. بۆچی. هەڵمان واسن؟
بۆچی. بۆچی گۆڕێکمان بۆ دروست بکەن لە ئاسن؟
بۆچی. بۆچی. ئەم وولاتە
هەراج کرێ
مەزات کرێ؟
وەکو پێڵاو وەك پەتاتە؟
***

٥. خۆشەویستم خەم فارغۆنە. فرۆکەیە پاپۆڕە
پاسەپۆرتی هەستیارێکی ئاوارەیە
نان و ئاوی منالآنی ئەم شارەیە
بەرگی خۆرە
خەم خانووە. چایخانەیە خەم ئوتێلە پارەیە
خەم شمشێرە خەم یاسایە خەم چەقۆیە
لەم شارەدا خەم پۆلیسی هاتوچۆیە
ئەوا منیش لەفەرهەنگی دڵداریدا
داستانی خەم ئەنوسم
لەسەر پەڕەی تاسەی چاوەنواڕیدا
مێژووی شەوی ئاگردانی خەم ئەنوسم
ناونیشانی خەم ئەنووسم
بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ
هەتاوێکی تر بکەوێ
خۆشەویستم نازانم کێ.. خەم ئەخاتە
شانەی هۆنراوەکانم
نازانم کێ خەم ئەکاتە

گەردانەی هۆنراوەکانم
خۆشەویستم .. بمشۆرەوە.. بەنسکەو سۆز
گڕی ماچم بۆ بکەرە یەکەم نەورۆز
ڕاوەشێنە لق‌و پۆپی داری برین
ملوانکەیەك دروست بکە لە گەڵاو گوڵی ئەوین
لەسەر لقی داری یادگار
هەڵبکۆڵە بەسەرهاتی دڵداری شار
بەسەرهاتی پێشمەرگەیەکی سەربڕاو
لە ژێر ژانی دار بەڕوودا حەشار درا
بەسەرهاتی ئەو ڕێبوارەی کە وتی ئاو
بە تینوێتی لەدار درا
بەسەرهاتی ئەو دڵدارەی کە شێت بوو... بوو بۆ هەتاو
وەك وێنە لە دیوار درا
خۆشەویستم ئەیانەوێ بمان کڕن
ئەیانەوێ نەخشەو کودەتاکانمان بدڕن
ئەیانەوێ بمان کوژن سەرمان بڕن
بەڵام گیانە هەرگیز مەگەڕێرەوە .. وەرە.. وەرە
باوەڕ چەکی جەنگاوەرە
ئەگەر چی دوژمنەکانمان دڕن..
خۆشەویستی.. بۆ هەموو سەنگەرەکان... بەرە

٦- دوو دەنگ
١- دەنگی یەکەم
گەر ئەمتوانی. گەر ئەمتوانی
شارەکەمم ئەڕوخان
چاوەکانی خۆمم ئەکرد بە ئاگردان
ووشەکانی خۆمم ئەکرد.. بە گۆرانی
بەڕەشەبا... بە باران...

٢- دەنگی دووەم

خۆمو سۆزێکی بریندار

بێ خۆشەویست. بێ دڵدار.

ئەژیم لەناو پەرتوکێکی بێ ناوا

پەرتووکێکی پڕ لە پرسیار

نەء من لاڵ نیم.. نەء من لاڵ نیم

بەڵام کەس گوێ ناگرێ لەهاوار..

لەسەر سێوێ دیسان- ئادەم- ئەدەن لەدار

دەبێن.. دەبێن

هەستیارەکان

بە ووشەی خوێن

بنووسنەوە.. لاوانەوەی ڕێبوارەکان

دەبین.. دەبین

گۆڤارێکی فراوانە.. دیوارەکان

***

٧- بۆ یەکەمجار .. بۆ یەکەمجار

ئەنووسم داستانی دوو دڵدار

بەبێ دایك بەبێ باوك بەبێ یار

ئەگەڕێم بۆ شوێن پێی بەهار

من ئەمەوێ ئاگرەکەم گەشاوە بێ

من ئەمەوێ فرمێسکەکەم هۆنراوە بێ

من ئەمەوێ ڕوخسارەکەم

تابلۆیەك بێ... تیا بکێشرێ

وێنەی خەمی شارەکەم

من ئەمەوێ خۆشەویستی. وەك ئاو. وەك نان.

وەکو باران

دابەش کرێ لە شەقام و ماڵو کۆڵان

***

٨- ووشەکانم پاپۆڕێکە. گشت ئاوارەکان هەڵ ئەگرێ
ژانی هەموو هەستیارەکان هەڵئەگرێ
بێ پاسەپۆرت . گشت هەژارەکان هەڵئەگرێ
سەری هەموو بێ ناوەکان هەڵ ئەگرێ
چۆن نەتەرات. لە باراندا ئەڕژێتە خوار
چۆن ڤیتامین ئەچێتە ناوی بەری دار
خۆشەویستی ئەم وڵاتە
مێژووی پەستی ئەم وڵاتە
تۆڵەی سەربەستی ئەم وڵاتە
ئاوا ڕژایە گیانم
گرێکی نوێی بەخشی بەهۆنراوەکانم
گرێك هەرگیز دانامرکێ
کوردایەتی لێ ئەتکێ
٩- خۆشەویستیم نووسی لەسەر پاپۆڕەکەم
ناونیشانی خۆم بەجێ هێشت
لەسەر ئەرخەوانی گۆڕەکەم
منم.. منم
لە فەرهەنگی هەموو زمانەکاندا ونم.
شیوەنی یەکەم خۆر ئەکەم
من ئەگەڕێم گشت ئەشکەوتەکان ئەگەڕێم
گەر محەمەد بدۆزمەوە پێی ئەڵێم
بۆ - زولفەقار-
دراوەتە دەست دوژمنەکانی عەممار
لێی ئەپرسم.. بۆچی دووبارە ئەبابیل
لەشکرەکەی ئەبرەهە. ناداتە بەر بەردی سجیل
لێی ئەپرسم چی ئەزانی دەربارەی زیندانەکان
باستیل.. باستیل
هەزارەها نوقرە سەلمان

لێی ئەپرسم.. چی ئەزانی
دەربارەی سەدەی تاوان
لێی ئەپرسم.. تۆ ئەزانی .. تۆ ئەزانی
چەن جار کوردستانیان سوتان..
چەن مزگەوت و چەن هەزار قورئانیان سووتان..؟
***

١٠- سێ تێبینی

١- تێبینی یەکەم
بابە سواری.. ئەسپی برین
بچین بۆ زەماوەنی مەموزین
گرەی ئەو دوو دڵدارە
بکەین بەچرا بۆ دێو جین
گوڵی یەکەم پەژارە
بخەینە ناو گوڵدانی ژین
وەرن.. وەرن.. بەباروتی سۆزو قین
تەرمی لۆرکا.. قژی جان دارك.. سەری ئیلوار
هەزارەها بریندار
لە قوڵایی ئاگردانی باوەڕماندا بشۆینەوە
باسەد یەزید پاشای شار بێ
هەر چوار دەورمان شمری هار بێ
وەرن.. وەرن.. باڵە فورات بخۆینەوە
***

٢- تێبینی دووەم
ئێمە هێشتا.. سەماو زەمین* لەبەر ئەکەین
نوکتەکانی مەلا نەسرەدین .. لەبەر ئەکەین

* - سەماو زەمین - کتێبێکی فارسی ئەفسانە باوە.

ئێمە هێشتا لەسەر گورزەکەی ڕۆستەم شەڕ ئەکەین
ئێمە هێشتا.. ئێمە هێشتا
ڕقو کینە ئەدەین بەیەك
لە قسەدا... لە جگەرەو لە بنێشتا
ئێمە هێشتا.. هێشتا نانو ئاومان تاڵە
گوێمان.. کەڕە.. دەممان لاڵە
گەر ئەمتوانی .. هەموو هۆنراوەکانم .. ئەسووتان
گەر ئەمتوانی.. تفم ئەکرد لەو هەستیاری بۆ لەتێ نان
وشەی فرۆشت.. وشەی شکان
دای لە دەرگای سۆزی سوڵتان..
***

٣- تێبینی سێ یەم
من فاڵچی نیم. بەڵام ئەڵێم من ئەزانم
چۆن ئاو ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار
من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم.. من ئەزانم..
کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار..[1]
من فاڵچی نیم.. بەڵام ئەڵێم من ئەزانم
کەی کەی ئەڕوێ یەکەم بەهار
***

١١- نامەیەکی نهێنی.. بۆ پێش مەرگەکان

وەرن.. وەرن.. نەخشەی شەڕێکی تر بکێشین
وەرن.. وەرن.. نەخشەی سەنگەرێکی تر بکێشین
وەرن.. وەرن.. لەم ڕێیەوە.. بۆمبا بێنین
ئەلێرەوە دەرگای پۆڵای قەڵای خەیبەر برووخێنین
وەرن.. وەرن با برینی پێشمەرگەکان

[1] مهدی – مەهدی: بەبڕوای شیعەکان.. پێغەمبەرێکە بەر لە رستاخیز پەیدا دەبێو موسڵمانان لەزەبروستەم رزگار دەکات.

کڵپەی قینی پێشمەرگەکان
شایی‌و شینی پێشمەرگەکان
بکەین. بکەین. بە فەرهەنگی زمانێ نوێ
بۆ منالێك کە سبەینێ
پێ ئەکەنێ
زمان لەدەمیا ئەڕوێ
لە کۆنگرەی دەنگەکانا
لەداستانی تۆڵە ئەدوێ
***

١٢- دوو ئاگاداری لەلایەن هەستیارێکی نەناسراوەوە

١-ئاگاداری یەکەم
من نامەوێ ووشەکانم بفرۆشم
من نامەوێ ووشەکانم وەکو مێگەل
بۆ پادشای شار بدۆشم
من نامەوێ ببم بەسەر کاری کافوور
هۆنراوەمی بۆ ڕابخەم وەکو مافوور
هۆنراوەمی بۆ ڕیز بکەم وەکو فەخفوور
هۆنراوەمی بۆ قاش بکەم وەك سێو وەك توور
هۆنراوەمی بۆ ئاگردەم وەکوو بخوور
یاخیم یاخیم. با پاشای شار من بناسێ
چی لەدەست دێ
جگە لەوەی هەڵم واسێ
***

٢- ئاگاداری دووەم
هەزار ساڵە بەسەر شۆڕی ئێمە لەدایك ئەبین
هەزار ساڵە پردی سیرات
هەر ئەبڕین. هەر ئەبڕین

بەرەو دۆزەخی کارەسات
گەشتی بەرەو بۆشاییمان .. دوایی نەهات
دوایی نەهات خەم‌و برین
دایە دایە دیسان کەعبە ڕووخاوە
هۆزەکانی هەموو زەوی شەڵەژاوە
محەمەد کوا. محەمەد کوا؟
هەواڵی بپرسین لەخوا
بابێ بابێ کۆتایی بێ ئاژاوە
خۆشەویستی بکا بە نمەی باران
بەشی بکا لە هەموان
بابێ بابێ بابێ بیلال.. لە دیلێتی ڕزگار بکات
نەخشەیەتر.. بۆ شار بکات
***

## ١٣- ڕاپۆرتی ئەو سوارەی کە شێتەو شێت نیە

من ئەمەوێ خۆشەویستم.. من ئەمەوێ
لە فەرهەنگی تووڕەیی دا
هەندێ ووشەم دەست کەوێ
پیتەکانی شێت بێ.. هار بێ
ئاگرێکی پرشنگدار بێ
هەر دێ.. هەر دێ ئیبراهیم دێ
دیسان.. دیسان
گشت بتەکان
ئەهاڕێ وەك چەند بەردێ
گەر ئەتوانن هەڵی واسن
ڕێبوارێکە نایناسن
ئێوە ئێستا .. لە زمانی تێناگەن
لەهاواری خەم و ژانی تێ ناگەن

پێغەمبەرێکی دڵدارە

زامەکانی چرای شارە

لە ژێر نووکی نێزەکاندا پێ ئەکەنێ

لە پایزی ئەم جارەدا.. بەهار ئەنێ

لەسەر مێزی زمانێکی تازەدا

لاوانەوەی هەزار نەمروود ئەچنێ

لە کەژاوەی ئاگری بێ ئەندازەدا

گوڵاڵەی سوور بۆ سەرەتای ڕۆژ ئەڕنێ

نەء ڕاناکا.. نەء ناترسێ

ئەو دێ.. ئەو دێ.. چەند پرسیارێ ئەپرسێ

ئەو دێ ئەو دێ.. چەند پەیکەرێ بروخێنێ

ئەو دێ ئەو دێچەند چرایەك داگیرسێنێ

ئەو دێ ئەڵێ نەمروود ئەمرێ

نەوەکانی هۆزی عادو سەموود ئەمرێ

هەردێ هەر دێ کەرتی خەمی گشتمان ئەخوات

هەر دێ هەر دێ نامەو پێشنیارەکانمان ئەبات

لەسەر مێزی دادگای خوادا. ڕیزی ئەکات

ئەو دێ. ئەو دێ پێمان ئەڵێ

کەی دووبارە هەتاو هەڵێ

***

١٤- تابلۆیەك لە ژووری پێشمەرگەیەکی نەناسراوا

لەسەر تابلۆی ژانی ڕەشی مناڵەکان

هەتاوێ تر بەدی ئەکەم

لە قووڵایی زامی لەشی ساڵەکان

لافاوێ تر بەدی ئەکەم

لە ڕۆژنامەی پاشەڕۆژی هەواڵەکان

ڕووداوێ تر بەدی ئەکەم

ئەو ئەستێرەیەی ئەکشێ
مردنی خۆی وەکو نامەیەکی پیرۆز
وەکو پەیامێکی بە سۆز
بەم جیهانە ئەبەخشێ
وەرن ..وەرن پۆلیسەکان
بمخەنە ژێر مێخی پۆستاڵە پیسەکان
وەرن وەرن بمبەن بەرەو ئەو شوێنە
کەوا ئەڵقەی گوریسەکان
چاوەڕێمە
بەڵام هەرگیز ئەوەی پێمە
سڵ ناکات نا لە لیسەکان
ئەوەی پێمە هۆنراوەیەکە خوێنە
گەورەترین ووشەی سوێنە
***

١٥ – پێشنیاری ڕێبوارێکی دەربەدەر

منم فەرهاد .. گیانە .. گیانە منم فەرهاد
بەڵام بەڵام هاتنی من .. بۆ تاشینی بێستون نیە
هاتنی من لە بەر چاوی شیرین نیە
من ئەم جارە بەزبری کینەی پاچی داد
ئەڕوخێنم دوا بناغەی کۆشکی شەداد
لاوانەوەی زۆردارەکان ئەنوسم
لەسەر بەردی هەوارەکەی بەهەشتی عاد
نامەیەتر بۆ هەژارەکان ئەنووسم
ئەیخەمە ناو پاپۆڕەکەی سیندە باد
ئەلەرزێنم لق و چڵی دارستانی دورگەی ئاوات
نان و خەندە ئەبارێنم بۆ ڕەش و ڕووتەکانی وولات
***

من هاتووم .. پێتان بڵێم :– نامرێ نامرێ
هەرگیز دەنگی بلال نامرێ
بانگی ڕاستی بە هیچ هێزێك كپ ناكرێ
لە شەقامەكاندا ئەبیسترێ
لە قوڵایی زامەكاندا .. ئەبیسترێ
لە گشت جێگایەك ئەبیسترێ
وەكوو دەنگی ڕەشەبایەك ئەبیسترێ
دەنگی بلال .. دەنگی باوەڕ .. دەنگی تۆڵە
دەنگی هەموو ڕەش و ڕووتەكانی ئەم خۆڵە
سۆزی خوایە
بەستەی پیرۆزی خوایە
گڕی نەورۆزی خوایە
لافاوی یەكەم دەریایە
كێ ئەتوانێ بەری بگرێ..؟
.......
نەهاتووم .. لەبەر دەرگای خۆشەویستی .. كۆنگرەكانا
بەرماڵ ڕاخەم و نوێژ بكەم
نەهاتووم لە گرانی زستانێكی بێ بارانا
دەس بۆ ئاسمان درێژ بكەم
نەهاتووم ووشەی شێخ و خەتیبەكان
كاوێژ بكەم
نەهاتووم .. بە ئەفسانەی موعجیزات
بیر و هۆشی منداڵەكان گێژ بكەم ..
پێغەمبەر نیم نەهاتووم بە ئایەتێ
زامەكانتان سارێژ بكەم
من سوارێكم لە هاتنی ئەم جارەمدا
لاوانەوەی شەوم پێیە
لە فارغۆنی بوومەلەرزەی ئەم جارەم دا

داره مەیتی خەوم پێیە
من هاتووم هاوار بکەم منم منم
یاخیم یاخیم لە ژیانم .. لە مردنم
من هاتووم پێتان بڵێم گەورەکانی ئەم شارە
پاڕانەوە لە ئەزەرگای پێغەمبەران هەتاکوو کەی
پاڕانەوە. لەپیاو چاکان هەتاکوو کەی
پاڕانەوە لەخواو قورئان هەتاکوو کەی
هەتاکوو کەی هەر چاوەڕێن کات لە دوای کات
خدر زنە یاریمان دات
باری کەووتوومان باربکات
خدر زنە نایەت نەهات
سەدەو چەرخی.. موعجیزات
بڕایەوە.. بڕایەوە.. کۆتایی هات
***

١٦- من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم من ئەزانم
چۆن ئاو ئەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار
من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم. من ئەزانم
کەی کەی مەهدی ئەگاتە شار
من فاڵچی نیم بەڵام ئەڵێم. من ئەزانم
کەی کەی ئەڕۆی یەکەم بەهار
***

## سەرەتای پرسیارێکی تر

کێ پێی وتن..؟ من هەستیارم

کێ پێی وتن.. من دڵدارم

کێ پێی وتن هۆنراوەکەم

گلێنەی هەردوو چاوەکەم

تابلۆی گیانی خۆشەویستە سووتاوەکەم

خەمم.. زامم.. ئازارم

تاسەم.. خەوم.. یادگارم

ئەبەخشمە... یەکەم یارم

کێ پێی وتن.. کێ پێی وتن.

ئەم هەڵمەتە هەژارە

بۆ تۆزێ خۆر شێتو هارە !

# پرچی ئەو کچە
# ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە

١٩٧٧

## خەوی ون بوو

خەوم بینی پەنجەکانم چۆلەکە بوون
چۆلەکەی وەرزی ئەوین
لەناو باخی پرچەکەتدا هەڵدەفڕین
خەوم بینی من مناڵ بووم..تۆش هەنگوین
من تینوو بووم تۆ ڕووبار بووی
من ئاوارە بووم تۆ شاری بووی
خەوم بینی منال بووم‌و
لە بێستانی شەوی لادێ
وڕوژا.. بووم..
خەوم بینی سەرماو سۆڵ بوو..
لەنێوانی سنگ..و مەمتا هەلآژا بووم
کە خەو وەکو پەڕەسێلکەی بەر باران
دای لە شەقەی باڵ بۆ ئاسمان
لە تاریکی ژوورەکەمدا پرووقا بووم
بەتەنیایی تووڕ درا بووم
***

## شتێك دەربارەی هۆنراوە

بەدرێژایی شەوی بیابانی ژیان
هەڵبەست وەکو کچێکی جوان
ماچم دەکاو جار جار ماچم دەداتێ
ماچی ئاگر
ماچی شەکر
ماچی باران
بەدرێژایی شەوی بیابانی ژیان..
هەڵبەست وەکو کچێکی جوان..

دەمدوێنیێ و

دەمدوێنێ..

ئەو پەیکەرەی کە من دەیکەم

ئەو دەیشکێنێ..

***

## پەنجەرە ونەکان

خەیاڵ دەکەم وەك ئەستێرە لە شوشەی گشت

پەنجەرەیە ونەوە..

دەێیتە ژورەکەی منەوە

مناڵم و لەنێوان مەمکەکانتا یاری دەکەم

مەمکەکانت دارستانەو

منیش منەی لانە پاساری دەکەم

نەماندوێتێ کۆتم دەکاو نە دەخەوم

تۆ دەبیتە پەڵە هەورو

منیش بەپێ دوات دەکەوم

تۆ دەبیتە دار بەڕوویەك

منیش لە سای پەلوپۆتدا تێر دەسرەوم

پەنجەرەیەك لە دڵمدا دەکەمەوە

بۆ جریوەی ئاسمانی شادی داهاتووم

پەنجەرەیەك دەکەمەوە

خۆم دەدەمە دەست شەپۆلی خۆزگەمەوە

***

## خەوی سەوز

گەر لە خەوتا شاعیرێك هات
ویستی باوەشت پیاکات
ویستی بەزۆر ماچت کات
گەر لە خەوتا شاعیرێك هات
ویستی بترفێنێ و بتبات
ئەوە منم
ئاخر مەگەر
من لە خەودا بێم بۆ لات

***

## ئەستێرە

گشت ئەستێرە کۆچەرەکان
گەڕانەوەو لەسەر شوشەی پەنجەرەکان
هەڵنیشتن و لانەیان کرد
هەر ئەستێرەکەی من نەبێ
کوێ بگەڕێم
چ دارستانێ.. کام دێ
کام گرد.. کام ڕێ
ئای ئەترسم ئەستێرەکەم..
وەکو دایکم ون ئەبێ... !

***

## شیوەن

هۆنراوەم بۆ خۆم کرد بە باڵ
پێی هەڵفڕیم دەشتاو دەشت و یاڵەو یاڵ
خەمم هەڵگرت
خۆڵی ژانی
هەموو شارەکەمم هەڵگرت
چاوەڕوانیم کۆتایی هات
باڵەکانم هەڵوەری مرد
ئەستێرەیەک شیوەنمی کرد
***

## سەرەتای گۆرانیەکی کێویلە

زۆرجار خۆم بۆ ئوتێل دەڕۆمەوە
دڵە پەڕە سێلکەکەم لە پرچی کچێکدا جێ دەمێنێ
کە خۆشی ناوێم
زۆرجار دەخەوم و دڵە شەکرەکەم
لە هۆنراوەیەکدا بۆ کچێک دەتوێنمەوە
کە خۆشی ناوێم
زۆرجار خۆم دەمرمو دڵە هۆنراوەکەم
لە ئێوارەی شارەکەمدا
دەبێ بە دڵۆپەی بارانو
کەزی کچێک تەڕ دەکات
کە خۆشی ناوێم
زۆر جار بە زەڕەبینی خەون بای جیهان دەپشکنم
بای جیهان پڕە لە: دڕندە.. لە دز.. لە مێردەزمە.. لە
جنۆکە
لە مۆتەکە..

بای جیهان پڕە لە: ناپاڵم.. لە پۆلیس
لە خەونی کوژراو..
لە کچی جوان
بای جیهان پڕە لە نەخشەی وڵاتان
لەناوی هەزاران هەزار ئافرەت
بەڵام من.. نەدەسگیرانم هەیە
نە وڵات
***

## تاوانی نیوە شەو

هەندێ جار دڵم ئەبێتە چۆلەکەیەکی سپی
لێم دەتۆرێ‌و لە جەنگەڵە کەسکەکاندا
خۆی دەشارێتەوەو
هەندێ جاریش دەبێتە منداڵێکی لاسارو
هۆنراوەکانم دەدڕێ‌و
دوا دڵۆپە هەنگوینی ناو شووشەی خەونە دوورە
شاراوەکانم
دەلێسێتەوەو کلك و باڵی ئەسپی سەر کەشی
ئەندێشەم دەبڕێ‌و
لەترساندا بە کۆڵەکەی ئاسماندا هەڵدەگژێ‌و
دەڕوا .. هەر دەڕوا.. و
لە پڕ گل دەبێتەوە خوارەوەو
دەبێتە پارچە گۆشتەکەی جاری جاران‌و خەم دایدەگرێ.. و
جار جاریش دڵم دەبێتە پەیکەرێك‌و
لە شەقامی نیوە شەوی شارەکەمدا
بۆ کچێك دەگەڕێ.. و پاسەوانەکان تێی دەخوڕن..
ڕاناوەستێ‌و .. هەر دەگەڕێ‌و.. هەر دەگەڕێ‌و
پاسەوانەکانیش دەستڕێژی لێدەکەن‌و

پەراش پەراش دەبێ و
پارچەکانی لە سنگما کۆدەبنەوە..
***

## ئەستێرەی خەو

خەوم بینی شەو بوو لەسەر لوتکەی حەسارۆست ڕاوەستام
کەیلی جوانی کوردوستان بوو گلێنەی دڵی تەماشام
بەهەر لایەکدا دەمڕوانی.. هەر جوانی بوو
قاسپەی کەو بوو بارەی مەڕو گۆرانی بوو
بۆنی پرچی کچۆڵەی.. ڕێی کانی بوو
پەنجەکانی خۆم توێ توێ کرد
ڕەگی ژانم پڕ لە خوێ کرد
چاوەڕێ بووم گەلاوێژی بەرە بەیان
نزیك بێتەوە لە دەستم
یەکەیەکە ئەستێرەکان
بخزێنە گەرووی تۆڕی هەڵبەستم
لە پڕێکدا جیهان ون بوو لە دووکەڵ و تەم و مژا
ئاسمان وەکو چارۆکەیەك کرایەوە
گشت ئەستێرەکانی هەڵڕژا
****

## دوا بڕیار

هەژارەکان ئەگەر نەبووم بە پەڵە هەوری خوێن و
دەستی عەشقی خۆم نەئاڵاند
لە گەردنی کەژ و کێوی ئەم شارە
شیعرەکانم تف ڕێژ کەن و
لقی داری بڕوێکم بۆ بکەنە سێدارە ..

من چیم ئەگەر ئێوە ناوم لەبەرنەکەن
شاعیر .. کێیە.. چیە .. ئەگەر
ئێوە تاجی لە سەر نەکەن
شاعیر چیە ئەگەر هاتوو شیعرەکانی
مناڵانی ئێوە نەیکەن بە گۆرانی ؟
ئاخر شاعیر کێ دەیناسێ
ئەگەر کچە چەوساوەیەك
خۆی بە لقی شیعرەکانیا هەڵ نەواسێ ....؟
***

## چۆلەکەی شیعر

کە بەفری زستان
لوتکەی کوێستانان
دەکاتە وولات
چۆلەکەی شعرێك
لە ناو دڵمدا خۆی حەشار دەدات
- بۆچی دەگەڕێی لە ناو دڵمدا
تۆ ئەی چۆلەکەی دەنووك پڕ هەنگوین
بۆ ناچی بۆ خۆت بەڕەڵا نابی لە ئاسمان و هەرد
نافڕی بۆ سەر ترۆپکی بەفرین
بۆ سەر دەوەنی پەنای تاشە بەرد
ڕووباری شیرین ..؟
- بۆ هەرکوێ بڕۆم دەمدەنە بەر بەرد
لێم گەڕێ بۆ خۆم لە دڵی تۆدا
خۆم بدەمە بەر هەتاوی ئەوین
***

## لاوانەوەی شاعیرێك

منم .. منم
لە قووڵایی دەریایەکی ووشك و زڕدا
خەریکی ماسی گرتنم
لە پایزی بیابانێکی بزردا
بۆ یەك تەڵێ نێرگز وونم
منم .. منم
کە بەتاڵی بێ کۆتایی قژی خەمم
ناونیشانی جوانە مەرگی خۆم دەچنم
وەك چۆن گەڵایەك ئەوەرێ
چۆن گوڵە ئەستێرەیەك ئەمرێ
چرای دڵم ئاوا مرد
لە خۆم زیاتر کەس شیوەنی بۆ نەکرد
****

## بـــا

گەر با دەبووم
بێ پاسە پۆرت و ناسنامە
کوێستان و گەرمیان دەگەڕام
هێشتا ئەم دەووت ماندوم
ئەچاوشکێن دەکرام بە لیس
ئەم پەل و پۆم دەبەسترایەوە بە گوریس
هەموو شەوێ
کە دەمزانی
چراکانی .. کوێستانە خەمبارەکەم
شەکەت دەبێت و دەخەوێ
لە توێی پەنجەرەیەکەوە ئەخزامە ناو ماڵێکی شارەکەم

زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەتکامە ناو ناودەمی یارەکەم ..
خۆ من نە بام نە پەڵە هەور نە باڵدار
چۆن دڵی من  بگا بە یار ..؟
پەنا بەرم بۆ چ شێخ و جادوو کارێ..
ئێرەو ئەوێ هەمووی بکا بە یەك شارێ ؟
***

## خۆشەویستیت لە کوێوەهات

کەی دارستان ژمارەی داری خۆی زانی
کەی ئاسمانیش ژمارەی
مانگ و خۆر و ئەستێرەی پرشنگداری .. خۆی زانی
ئەوسا منیش خۆم دەزانم
جانتای ئەوینی گیانم
بۆ تۆ چەند دیاری تیایە
دەمی تینوی بارانم
چەند هۆنراوەو ماچی خەمباری تیایە
ئێ بۆ چی گوڵ خۆی دەزانێ چۆن دەڕوێ
تاکو دڵم بزانێ
کەچەندێ تۆی خۆش دەوێ
ڕەشەباکان لە دەلاقەو پەنجەرەوە دەوروژێن ..
ڕەوە چۆلەکەی باران
لە باخی هەورەکانەوە بە شاباڵ دێن
ئەی نازانم .. خۆشەویستت
لە کوێوەوە .. هات
دڵی منی کرد .... بە وولات ..؟
***

## گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا

هەموو شەوێ گەرمای پایتەخت .. وەکو شارە سیرەمۆزە[1]
دوام دەکەوێ
گەرمای پایتەخت بێ سنوورە ..
ئەو کوێستانەی خۆشم دەوێ
زۆر زۆر دوورە ..
ئای گەر ئێستا دەمتوانی بە ڕاستی نەك بە خەیاڵ
دەبوومەوە بە منداڵ
چمکی کراسە شۆڕەکەمم
توونـد توونـد دەگرت بە دەمم
بەرەو کفری هەڵدەفڕیم بە پێ نەك بە باڵ
لە قولایی گۆمی چەمە ماتەکەیدا
ڕێژنەی ڕەشی عارەقەمم
دەشۆردەوە و خۆم دەدایە بەر شاباڵی شنەی شەماڵ
شەمامەی بێستانم دەدزی و
بە ماتە مات دەچوومەوە بەرەو ماڵ ..
تۆ .. ئەی دیجلە .. ئەی ڕووباری تووڕەو خەمبار ..
ناڕۆیتەوە .. تۆ بەرەو ژوور ناڕۆیتەوە تەنیا یەك جار
دڵەکەی من بەری بۆ یار ..؟
***

## گۆرانی

من گۆرانیم نەدەزانی
هەژارەکان فێریان کردم
تۆڕەبوونم نەدەزانی
زۆر دارەکان فێریان کردم
خۆشەویستیم نەدەزانی

[1] سیرەمۆزە: زەردەواڵە

ڕووبارەکان  فێریان کردم
من شیعرم هەر نەدەزانی
دڵدارەکان فێریان کردم
دەست و پەنجەی قڵیشاو و پێی خاوسی
جوتیارەکان فێریان کردم ..
ئەگەر مردن هەرنەشبووایە
لە پێناوی هەژاراندا من دەمردم ..
***

## ئەوین

هەڵبەستێکی نوێم بۆت نوسی
باڵدار ووتی : من بۆی دەبەم ..
ڕووبار ووتی : من بۆی دەبەم ..
ئەستێرەی پرشنگدار ووتی : من بۆی دەبەم ..
مانگی مات و خەمبار ووتی : من بۆی دەبەم ..
بەرەبەیان
خۆر بە پەنجە نەرمەکان ..
دای لە شووشەی پەنجەرەکەم و هەڵمی سان ..
– من هەڵبەستە نوێکەت دەبەم بۆ چاو جوان ..
دڵم کردەوە تۆی تیا بوی  هەڵتەقووڵای وەك ئاوی ڕوون
ئەستێرە و مانگ و هەتاو
شەرم ڕوویانی بردو
یەکە یەکە ئاوا بوون
***

## ڕەگ

دار بەڕوویەکی تینوو بانگی پەڵە هەورێکی کرد

– ئەی پەڵە هەورە دوورەکە .. بشکێنە تینوێتی لێڵم ..

– ئەی دارەکە وەر بۆ لام خۆت بدەرە بەر شەستە بارانی وێڵم ..

وەرە بۆ لام لێم مەترسە .. خۆ من نە پاچم نە بێڵم ..

– ئەی هەورەکە تۆ دووریت و ئاخر منیش

خۆ ئەگەر چی بیشمکوژێ

تینوێتی تاڵ و لێڵم

لەم خاکەدا ڕەگم هەیە و جێ نامێڵم

***

## لووتکەی هەڵگورد

شەوە بەفرێ کە قووتیلەی زنجی ماڵە هەژارەکانی کوێستان

کز کز کەوتبووە پرتە پرت ..

پەڵە هەورێ ڕێی وون کردو قاچی تەزی و

بە دیلیان گرت ..

بردیان .. بردیان

لە دوورترین بیابان

قەفەزێکی شوشە بەنیان بۆ دروست کرد...

شەوێ دوو شەو .. سێ شەو سەد شەو

گلارەی هەور نەبوو بە دارستانی خەو

هەرچەند هەڕەشەیان لێداو

هەرچەند دەوری شووشە بەنیان

تەنیو چنی بە ئاسن ..

هەوری یاخی هەر نەترسا لە مردن

ماڵی نەبوو ..

هەور دڵداری لەگەڵ کچی کوێستان دەکاو

لە ناو لە پێ زیوینیدا گوڵە گەنم هەڵئەوڵێ بۆ یاری خۆی
شەوێ هەموو پاسەوانو حەس حەسەکان نوستبوون
هەور تازە جێ ی دارکاری لەشی ببوو گۆشتەو زوون
شوشە بەنی پرووقانو شوورەی پۆلای سمیو ڕۆی..
پاسەوانەکان دوای کەوتن.. بۆ کوێ دەڕۆی..!
ئەی هەورەکە .. مەڕۆ.. مەڕۆ..
پەڕو باڵی خۆت مەخەرە ناو ئاگرو گەردنی خۆت
مەخەرە ژێر زەبری چەقۆ
وەرە دواوە.. لەهەر کوێ بی قامچی ئێمەت
لەسەر پشتەو کۆتی ئێمەت لە ملدایەو
ناکرێتەوە لە ئەستۆت..
هەور وتی: بە مناڵی ئەو کەژانەم پشکنیوەو
لە گوندێکی ئەو کوێستانە کچێك هەیە
چاوەڕێ یە من لە گوڵی ئەو کێوانە
ملوانکەیەك بۆ گەردنی بچنم
ئەوەتانێ بۆ نابینن دڵدارەکەم لە دوورەوە
دەست دەکاتە گەردنم..!
بۆ نابینن پرچی دەکا بە جۆلانێو بانگم دەکا..!
پاسەوانێك هەر دوای کەوتو هەوریش دەڕۆیشت
دەیپشکنی ئەم چەم ئەو گرد..
بە دۆڵو نشێودا دەفڕیو بۆنی دارو بەردی دەکرد..
پاسەوانی شەکەت پرسی: ئەی هەورەکە بۆ کوێ دەڕۆی
من قاچم مرد..؟
هەور قاقا پێی پێکەنیو وتی: وەرە ماڵەکەمت
پیشان بدەم لەسەر هەڵگورد..!
***

## کــەو

شەوێ لە شەوان سوڵتان
بەچکە کەوێکی گرت لە کەژێکی دووری کوێستان
کچی سوڵتان تەواو هۆگری کەو بوو
کەو لە کۆشیا فێری خەو بوو
ساڵ هات و چوو
کەو گەورە بوو
کەو باڵی گرت
شەوێ پەنجەرەکانی شکان
بانگی لێکرد کچی سوڵتان:
بۆ کوێ دەڕۆی ئەی کەوی جوان
کوێ لە کۆشم گەرمترە.. !
چی لەم کۆشکە بەرزترە..؟
کەوی فێرە بەفری کوێستان
وتی: لوتکەی چیاکانی کوردستان
***

## سەرەتای دوا کۆتایی گۆرانییە کێویلەکە

تۆ نازانی شاعرێکی دوورە وڵات
چۆن دەگەڕێتو کۆچ دەکات
لە کیشوەری وەرزی سۆزا
تا بە مانگی خەیاڵ دەگات..
تۆ نازانی تا وشەیەك دەدۆزمەوە
ئەڕۆم بەناو چەن ڕەشەباو تەپو تۆزا
تا چۆلەکەی شیعرێك دەگرم..
ئەڕۆم بەناو چەندین قوڕو لیتەو گرێی ئاڵۆزا
گەر بزانی لەباتی هەر شیعرێکم..

گەر بزانی..
لە نێوانی سنگو مەمتا
لەناو دەمتا..
دەمخەوێنی نیوە شەوێك تا بەیانی..
***

## کۆچێك لە وەرزێکی تردا

هەر چوار دەورمیان کرد بە دیوار
نەیانزانی هۆنراوە
وەك چۆلەکە لە پەناوە
ماچەکانم دەبا بۆ یار
نامەکانم دەبا بۆ شار
وایانزانی بە چەند شوورەو دیوارێ
پەیوەندیمان دەوەرێنن
وایانزانی بەمۆرەیەك
دڵمان لەیەك دەترازێنن
نەیانزانی چی منالّی زەوی هەیە
عەشقی ئێمە بە گوێی یەکدا دەچپێنن
وایانزانی بەرگەی ڕەشەبایە ناگرین..
نەیانزانی خۆشەویستی فێرمان دەکات
نەبەزینو هەر نەبەزین..
وەك پیرە دار بەڕووی بەتین..
وەکو هەڵگورد.. وەك هەندرین..
لەم خاکەدا ڕەگ داکوتین..
هەر بژین و هەر بژین
ئێمە نامرین
گەر مردیشین
هەر لەم خاکەدا دەمرین..
***

# ڕەگو خاك

ڕەشەبایەك هەڵی کردو خۆم حەشاردا
داربەڕوویەك پێم پێکەنی
– تۆ لە ڕەشەبا ناترس..؟
× من سەد ساڵە دژی ڕەشەبا دەجەنگم
من سەد ساڵە تەوری چەپەڵی ڕەشەبا
دەمبڕێت و هەر ناگاتە بنجو ڕەگم
من سەد ساڵە چۆلەکەی ئەوینی دەنگم
بەژێر تەوری ڕەشەباکاندا دەڕواو
لە خەرمانی ڕووناکیدا چینە دەکاو
تێکەڵی خوڕەی ئاو دەبێ و
دیسانەوە لە توێی هەورێکدا نم نم
خۆشەویستیم دەداتێ..
– پەنام نادەی تا ڕەشەبا تێدەپەڕێ؟
× ئێ دە فێر بە چۆن بەرگەی ڕەشەبا بگری..
– تۆ فێرم کەو دەرزی عەشقم پێ ڕەوان کە..
× لە قوڵایی ئەم خاکەدا ڕەگ داکوتەو
.. بژی و بژی
کە ڕەشەباش تەوری لە گەردنت سویی
ببە بە هەورێ سووروو
دەس لە ملی دارو بەردی کوردستان کە

***

## هۆنراوە

خەم قورسە وەك هەورازێكی ئاسنین

دڵ تینووە وەكو ڕێبواری هاوین..

دەرگایەتر بكەرەوە بۆ ئەوین..

داری زامە تینووەكانم ڕاوەشێنە

با هۆنراوە هەڵبوەرێ

هۆنراوەی وەرزی خەو بینین

***

## گەورەترین برین

كە دایكم مرد..

نە ئەستێرەكان هەڵوەرین

نە ماسیەكان كۆچیان كرد..

كە دایكم مرد

نە فرمێسكێ لە چاوی ئاسمان هاتە خوار

نە باڵدارێ خەم دایگرت

نە گوڵێكی كۆشی بنار

كە دایكم مرد

نە مانگ نە خۆر نەگیران

پەرییەكیش لە ژوور سەری

چرایەكی دانەگیرسان

كە دایكم مرد

زەوی هەر وەك خۆی مایەوە

بەڵام لەناو دڵی مندا

دەرگای كۆنی قوڵترین زام كرایەوە

ئای دایەگیان دووریەكەی تۆ زۆر گرانە..

دووریەكەی تۆ نەكرووزەی تینوێتییە

نه زویریو توڕه بوونی دەسگیرانه..
له دووری تۆ زۆر زۆر هۆڵمه
هەڵگورد خەمەو باری کۆڵمه..
ئەگەر شەوێ له شەوان
له توێی خاکی گڵکۆوه
ڕووناکییەك دڵۆپ دڵۆپ تاریکایی ماڵیو کردی
به چراخان
وا نەزانی مۆمه.. منم.. من ئەسوتێم بەدیار تۆوه..
ئەی دایه گیان
به نوقڵ هەر دەڵێم نوقڵ
به برین هەر دەڵێم برین..
به گوڵیش هەر دەڵێم گوڵ..
بەڵام دایه..
ئیتر هەتا هەتایه
من به کێی دی بڵێم دایه..؟
***

## جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟

جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
ئەگەر دارەکان بشکێنێ
خۆ ڕەگەکان هەر دەمێنێ..
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
گەر خانووەکان بڕوخێنێ
ئێ خۆ زەوی هەر دەمێنێ
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ..؟
گەر چراکان بخنکێنێ
خۆر دەمێنێ..
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟

بۆ ئەتوانێ خۆشەویستی دڵدارەکان هەڵوەرێنێ..؟
جا ڕەشەبا چی لەدەس دێ؟
بۆ ئەتوانێ بەستەی ناخی ئەم سەدەیە
بخنکێنێ..؟
***

## هێلانە

بۆ (أ.م)

هێندەی تاڵی کەزیو پرچت
هۆنراوەی جوان لە دڵمایە
هەرچەند دەستی ڕەشەبایە
دەرگای دڵم دەترازێنێ
هەر چۆلەکەی هۆنراوەیەو
هەڵدەفڕێو خۆی بەسنگو مەمکی تۆوە دەنوسێنێ..
خۆ تۆ نە داربەڕووی سەوزی
نەء نەشاتووی ئەو کوێستانەی
نە ڕووباری..
نە خەرمانی.. تۆ.. نە ڕەزی..
نازانم بۆ.. بۆ چۆلەکەی هۆنراوەی من
لە گشت شوێنێ
بۆ پرچی تۆ دەجریوێنێ..
***

## - بۆ غەسان کەنفانی - و
## ئەو شەهیدانەی کە دەیان ناسم‌و نایاناسم

کە مەسیح هات نەمان ناسی
لە دوای ئەوەی هەڵمان واسی
لە کەلیسای گەورەی شارا
پەیکەرێکمان بۆ دروست کرد..
لە سەر هەزاران دیوارا
بە وشەی زل زل نووسیمان
دڵدارێکی گەورە مرد..
لەو ڕۆژەوە ئێمە یادی دەکەینەوە
لە هاتنەوەی ساڵی نوێدا
داستانەکەی بۆ منالان دەڵێینەوە
بەلام هێشتا ڕۆژی هەزار
مەسیح ئەدرێ لە پەت‌و دار
هەزارەها مەسیح کوژی چنگ نوقمی خوێن..
لەم چەرخەدا پاڵەوانن.. خەلات دەکرێن..

***

## ماچ

بۆ(أ.م)

ماچەکانم دەبن بەهەور..
ئاسمان ئاسمان دوات دەکەون..
لەسەر تەلی پەنجەرەکەی ژوورەکەتدا..
وەك پەرەسێلکە دەخەون..
لە شوێنت دێن..
لە هەچ شوێنێ بۆنی تۆ بێ

بەرەو ئەوێ دەوروژێن..
ماچەکانیشم وەك خۆم
نە دایکیان هەیە.. نە وڵات
نە کەس هەیە خەمیان بخوات..
پەڵەی هەوری بێ سنوورن..
گەردەلوولی سەوزی ئەوین..
بە شوێن تۆدا دەیان باتو دەیان بات..
ئەگەر شەوی زستانێکی سەهۆڵ بەندان
خشە لە پشت دەرگاکەت هات..
ئەوە هەوری ماچەکانمە
لە دەرگاکەی تۆ دەدات..!!
***

## بارانێکی تر

گەر ئەم توانی
خەمم دەکرد بە گۆرانی
بۆ منالێك کە ڕەشەبا بووکە شووشەکەی شکان ..
چاوەکانی خۆمم دەکرد بە ئاگردان
بەفری کۆنم تیا دەسوتان
دەنگی خۆمم دەکرد بە پاچ
شارەکەمم پێدەڕووخان
بەخوێنی خۆم
نەخشەیەکی ترم دەکرد
بۆ ئەو شارەی
لە دڵما مرد..
***

## سەرەتای گۆرانیەکی کۆن

خۆشەویستم چیت لێم دەوێ ..کراسێکم بۆ چنیبوی

لە گوڵە باخ

بروسکەیەك سوتانی..

خانویەکم بۆ کردبووی لە داری شاخ

گەردەلوولێك ڕووخانی

کچێ مەگری .. ئەم شەو دڵم ماچی پێیە

بۆ هەردوولات

هەوری سپیش نانی پێیە

بۆ هەژارەکانی وولات

مەرگی پێیە بۆ زۆردار..

خەندەی پێیە بۆ عاشقێکی خەمبار..

کچێ مەگری ..

نەشەپۆلی خۆشەویستی کۆتایی دێ

نەتیشکی ڕۆژ لە ڕووباری دێ دەتۆری

نەبارارنی هەوری سپی

تەواوبوونی بۆ هەیە ..

تۆ بۆ منیو کوردوستانیش هەر وولات جێ ژوانی

ئێمەیە ..

***

## نامەیەك

برام ڕزگار

لە شارە دزراوەکەتدا بنوو بۆ خۆت ..

بەبێ دایك .. بەبێ بەهار

لە شارە دزراوەکەتدا..

بنوو بێ شار ..

ئاو دەگەڕێتەوە بۆ ڕووبار
گەڵا دەگەڕێتەوە بۆ دار
خۆر هەر هەڵدێ و
دڵدار دەگاتەوە دڵدار
سەرانسەری ئەم جیهانە
هەمووی دبێ بە یەك شار
جا ئەوسایە
گشت دارێکی ئەم دنیایە
دەکەینە قەنارەی بەدکار
جا ئەوسایە
نەخەم دەمێنی نە ئازار..
نەشەو دەمێنێ و نەدیوار
هەر ڕۆژ دەبێ هەر بەهار
***

## زێی هۆنراوە

خەیاڵم کرد .. ئەم شەو هەموو کچەکانی کوردوستان
پەرییەکانی سەرانسەری باخچەی ئاسمان
ژورەکەمیان پشکنی و
یەك بە یەك بۆ دڵم گەڕان ..
نەیانزانی دڵم لە خۆمیش تۆراوە
لە نیوانی مەمکەکانتا
بووە بەزێی هۆنراوە..
***

## پەیکەری ووشە

هەزارەها لیرە و دینار
هەزارەها کۆشك و تەلار
هەزارەها شۆخە دڵدار
واز لێدێنم
هەر بۆ ئەوەی دەنگی ئێوە نە دۆڕێنم
هەژارەکان ..
گەر هەستتان کرد دەنگم دەنگی ئێوە نیە
ڕەنگم ڕەنگی ئێوە نیە
گەر هەستتان کرد خەمم خەمی ئێوە نیە
دەمم دەمی ئێوە نیە
شیعرەکانم بدڕینن
وەکو پەیکەرێکی نابووت بمڕوخێنن
گەر هەستتان کرد وەکو ئێوە برسی نیم
گەر هەستتان کرد لە دەرەوەی زنجەکانتاندا دەژیم ..
گەر هەستتان کرد برژوازیم
هەرچیم هەیە بیسوتێنن..
ناوم وەکو ژەنگی پارە هەڵکرێنن ..
یادم وەکو شیعری فەریکە شاعیرێ ..
لە پەل و پۆی داری خەوتان هەڵوەرێنن
گەر هەستتان کرد وەکو ئێوە زەحمەتکێش نیم..
وەکو ئێوە چاوگەی خەم و ژان و ئێش نیم
گەر هەستتان کرد ..
لە دڵتاندا بمکوژن و بە دێڕێکی زل بنوسن ..
شاعیرێکی ترسنۆك و درۆزن مرد ..
***

# پەیکەرێکی تر

١ – پێت بڵێم  چۆن تاسە دەمرێ
پێت بڵێم  چۆن خەم دەبێتە دارستان و
بەر دەگرێ ..
پێت بڵێم چۆن بە هەوێنی خەو بینینی پارو پێرار
پەیکەرێ تر دروست دەکەم بۆ ئازار ؟
پێت بڵێم چۆن خۆشتم دەوێ ؟
من ماسیم و تۆ ڕووبار ..
پێت بڵێم چۆن خۆشتم دەوێ ؟
تۆ هێلانەی منیش باڵدار ..

***

٢– بە منداڵی کە پەلکە زێڕینەی ساماڵ
ئاسۆی دەگرت وەك ڕەوە پەپولەی خەیاڵ
حەزم دەکرد وەك مل بدەم لە شەقەی باڵ
بڕۆم .. بڕۆم .. وەها هەڵفڕم بۆ بەرز
هیچ سیمرخێ نەمهێنێتەوە بۆ سەر ئەرز
بەڵام کاتێ
هەستم دەکرد
ئاسمان دوورە و هەرگیز دەستم نایگاتێ
خۆشیم دەمرد ..
دای دەگرتم خەمێکی تاڵ
نەخۆزگەم دەما نە خەیاڵ
ئێستاش هەرچەن هەست بەدووری تۆ دەکەم ..
ئاواتخوازەم ببم بە با .. ببم بە تەم ..
بە نەختێ هەور بە ڕووبارێ
بۆ لای تۆ بێم هەموو شەوێ
ئاخر منیش چۆلەکەم و
داری بەڕووم خۆش دەوێ ..

٣ – تۆ دەزانی

خەم چۆن دەبێ بە بۆنی هەوری گۆرانی
دیوتە چۆن گوڵ ژەنگ دەگرێت و
هەڵدەورێ .. ؟
دەنگی منیش ئاوا دەمرێ ..
زۆر جار وێڵم بۆ وشەیەك دەگەڕێم
دانسقە بێ و لەگەڵ تۆدا پێی بدوێم ..
ئەووشەیەی من گەرەکمە بۆ سەرتای
وەرزی ئەوین ..
هەڵئەفرێ وەك ئاوازە ..
با دەیمژێ و گرێ نادرێ
بە دەسرازە ..
بۆم ناگیرێ بە تەپکەو داوی خەو بینین ..
کێویلەیەو هەرگیز ماڵی ناکرێ پێم
سڵ دەکات و وەك چاوی تۆ دەتۆرێ لێم
چی ئەبێ گەرماچێکی ئەو دەم ولێوە ..
بۆ هۆنراوەی تازەم بکەی بە چوارچێوە ..؟

***

٤ – زەوییان بەر پاچ و بێڵ دا
بە دوای کانی یەکی وێڵدا
هەموو دەریاکان گەڕان
بەدوای تورەکەیەك خوێدا ..
منیش مێشکی خۆمم ڕووخان
بە دوای هەڵبەستێکی نوێدا

***

## ئەو هەڵبەستەی سەرەتاکەی وونبوو

دایە.. دایە.. ڕوخسارتیان کوشت

لە نێوانی هەردوکماندا

بیابانی ئازاریان ڕشت

دایە.. دایە هەموو ڕۆژێ هەڵبەستێکت بۆ دەنووسم

دەتوێتەوە

لەشەپۆلی وشەکانیا

خەم دێتەوە

گۆرانیم بۆ دەڵێتەوە

جاران لە خەم زۆر دەترسام

بەلآم ئێستا هەرچەند هەست بکەم تەنیام..

هەر چاوەڕێم خەم بێتەوە..

گۆرانیم بۆ بڵێتەوە..

گەر ئەمتوانی زامەکانم

ئەخستە ناو چنگی یادێ..

ئەمبەخشیە ئەو چاوانەی

جوان بوون وەکو شەوی لادێ..

گەر ئەمتوانی لەبەر دەرگای شاری ئازار

لەسەر کێلی زامی هەزاران دڵدار

بەستەیەکم بۆت دەنووسی

وەك خۆم خەمبار..

***

## پێشنیارێك بۆ خەلیفەی سەدەی تاوان

١- لەبەر دەرگای سەدەی گەورەی تاواندا
لەبارەگای سەدەی چەقۆو درۆو ژاندا
لێیان پرسیم: کێت خۆش دەوێ
دڵدارەکەی تۆ کێ یە..؟
شیرینە یا خەجێ یە..؟
کام پەری یە.. کام جوانە..؟
پێیانم وت: دڵدارەکەم کوردستانە..
***

٢- خۆشەویستم
کاتێ ویستم
بێم بۆ لات
قاچمیان بڕی
کۆتیان خستە هەردوو دەستم
کاتێ ویستم ماچت کەم
چۆلەکەی ماچەکانمیان..
یەك یەك سووتان
گوڵی ئارەزوومیان پڕووقان
ویستم نامەت بۆ بنێرم..
ناونیشانەکەتیان دڕی
ویستم تەلەفۆنت بۆ بکەم
خەتیان بڕی..
***

٣- وەرە بۆ لام لە ئارەزووی ئاوێنەکانی دڵما
گوڵی چەند ماچێ بنێژە..
وەرە بۆ لام
تۆ سەرەتای شیعرێ تازەم
بۆ هەڵڕێژە..

تۆ بزانە.. گلۆڵەی خەمی دڵی من
یا پرچی تۆ درێژە..
***

## گــوڵ

پایز داسی نا لە ملی خەرمانی گوڵی چیا
لە بناری هەورازێکدا..
سوورە گوڵێ وتی: بریا
لەداسی شووم ڕزگار دەبووم..
داس چپەی سوورە گوڵی بیست
– گریمان مایتەوە بە تەنیا..
چۆن هەڵدەکەی بەبێ دایکو بێ خۆشەویست
گوڵ بزە کەوتە دەمی..
– خۆ هەر نەبێ کچێك دەمدا لە پەرچەمی..
***

## هۆنراوەیەکی نوێ

١– من دەمەوێ
هەموو شەوێ
لە ڕووباری زامەکانما ماسی شادی بۆ تۆ بێنم
من دەمەوێ خەندەو خۆشی هەموو ژیان
وەك چەپکێ گوڵ لەناو دڵتا بچێنم..
بەڵام گیانە من پێم ناکرێ
خەمی خۆمیش
بتەرێنم
منیش وەك تۆ..
لەناخەوە بۆ خەندەیەك دەناڵێنم..

***

٢- تۆ لە دڵمای وەك ئۆكسجین

تۆ لە دڵمای وەكو برین..

تۆ لە دڵمای وەك چۆلەكەیەكی شیرین..

تۆ لە دڵما

هەر بگەڕێ بۆ هۆنراوە..

بۆ هەنگوینی وەرزی ئەوین..

گیانە منیش

سەرانسەری ئەم زەوی یە دەپشكنم..

بۆ هەتاوێك كە نازانم كەی دزراوە..!

***

٣- گەر ئەمتوانی

برسێتی گشت ئاوارەكانم دەهانی

ئەمكرد بەفەرهەنگێكی فراوان

بۆ منالی هەژارانی ئەو سەدەیەی..

تۆڵە دەكەن بە گۆرانی..

هەموو زەوی..

دەكەن بەیەك نیشتمان..!

***

٤- گەر ئەمتوانی

خۆرم دەكرد بە گۆرانی..

دلۆپ دلۆپ دەمتكانە گوێی شارێكدا

هێشتا خۆری نەبینیوە..

گەر ئەمتوانی

خۆرم دەكرد بە كانی

زەنگۆڵ زەنگۆڵ دەمرژانە بن دارێكدا

لە قولایی سەهۆڵبەنداندا تەزیوە..

ئەی ئەو شارەی هێشتا خۆرت نەمژیوە..

بەکەس مەڵێ..

من وێنەی تۆم

لە کرۆکی دڵی خۆمدا

هەڵکۆڵیوە..

***

٥- لە فەرهەنگی زمانەکان پاڕامەوە

هەڵبەستێکم پێ ببەخشێ.. بۆ ئاهەنگی

ئەو وەچەیەی لە چەرخی ئازارەوە دێ..

هەڵبەستێکم پێ ببەخشێ..

وشەی جوان مرد..

منیش کز کز بەبێ دەنگی

خزامە ناو وڵاتی خەمو زامەوە..

شیوەنێکی گەرمو گوڕی

هەڵبەستم کرد..

***

## ئـــاوات

پاچێکم دا لە پیرە دار

سەری هەڵبڕی بزووت:

- بۆ ئەمبڕی ئەی شاعیرە لاسارەکە.. بۆ ئەمبڕی؟

× ئەتکەم بە دەرگای ژوورەکەم

بەری ڕەشەبام لێ دەگری..

دەمپارێزی لە دزو تەم..

(دار زریکانی و گریا)

× بۆچی ئەگریت.. هۆ پیرە دار مەگری.. مەگری..

گە رمنیش وازت لێبێنم..

تۆ پیر بوییو ڕەشەبا دەتباتو هەر دەمری..

– گەر ئەمبڕی.. مەمکە بە دەرگای ژوورەکەت گەر ئەمبڕێ..
× بتکەم بەچی ئەی پیرەدار؟
– بمکە بە تابوت بۆ زۆردار..
***

## تــۆ

واهەست دەکەم دڵم دڵێ تری تیایە
تۆ ئەگەر بروسکەی..
ئەگەر بای..!
لەناو هەردوو دڵەکەمدای..
***

## لێم مەپرسە

لێم مەپرسەلە ژمارەی ئەو کچانەی خۆشم ویستن
خۆشەویستم..
لێم مەپرسە لە ژمارەی ئەو کچانەی نەیان ویستم
لێم مەپرسە لە ژمارەی ئەو شۆخانەی دڵمیان شکان..
گوڵی ماچی تینووی ئارەزوومیان.. قرچان..
خۆشم ئەوێی..
چۆن هەست بە برسێتی دەکەم
چۆن هەست بە تینوێتی دەکەم..
چۆن هەست دەکەم کە خەمبارم..
چۆن هەست دەکەم کە بێ شارم
چۆن هەست دەکەم بە خۆر کاتێ کە دەکەوێ..
وا هەست دەکەم خۆشتم دەوێ و
خۆشتم دەوێ..
***

## هۆنراوە کۆت ناکرێ

حەسحەسەکان جانتاکانم دەپشکنن
دەگەڕێن بۆ.. بۆ هۆنراوە
حەسحەسەکان بەستەزمانن..
هەتا ئێستاش هەر نازانن
گوایە پێیان نەوتراوە
گشت هۆنراوە تورەکانم
لە مێشکمدا حەشار داوە
***

## بۆچی ڕووەك بێ خۆر دەژی
## تاوەکو من بێ تۆ بژیم

١- کچێ ئاخر تۆ بۆ دڵم پێویستتری لە هەتاوێ
کچێ بەخوا کەس وەکو من تۆی خۆش ناوێ
تۆ ناتەوێ ئێ گوایە
جیهانێکت بۆ دروستکەم لە هۆنراوە
ئێسکی لەشم بۆ تۆ بکەم بە چوار پایە..
هەموو شەوێ
خوێنم بکەم بە گوڵاوو بیپرژێنم..
لە تاڵی ئەو پرچە خاوە..
گشت درەختێ یەك جار دەژی
ڕۆژی جارێ خۆر دەکەوێ
من هەزار جار تۆم خۆش دەوێو
تۆم خۆش دەوێو
تۆم خۆش دەوێ..
***

٢- خەوم بینی ئیمپراتۆری جیهان بووم
تۆش پەری یە تاوانباری بێ تاوان بووی..
دەرکراوی بەهەشتی زەوی‌و ئاسمان بوی..
لە کۆشکەکەمدا میوان بووی..
تاجەکەم کردە سەرت
کردتم بە گەورەی جیهان
تۆ تاجەکەمت شکان
جیهانەکەشمت سووتان
باڵت گرت‌و فڕیت.. فڕیت..
بۆ ئەو پەڕی زەوی‌و ئاسمان..
***
جارێکی تر خەوم بینی ڕێبواری خوێی بیابان بووین
کەتینووت بوو دڵۆپ دڵۆپ خوێنی خۆم
ئەتکانە دەمتەوە..
کە تینووم بوو دڵۆپێ لەو خوێنەی خۆم
بەدی کرد بە پەرچەمتەوە
چەندێ گریام.. چەندێ هاوارم لێکردی..
با پەرچەمتی لستەوەو
دەنگی منیش هەر با بردی..
***
٤- ئەم شەویش هەر خەوم بینی
ئەم شارە وەك ئاوێنەی لە بنێشت گیراو
چۆڵ‌و هۆڵ بوو..
تۆش بە ڕووتی لە دیجلەدا مەلەت دەکرد
شەپۆلی ئاو
جوانیەکەتی نم نم دەبرد..
لەسەر ڕۆخی دیجلە ڕاکشام
لێت وروژا چۆلەکەی وێڵی تەماشام

هەرچەند مەلەم نەدەزانی لەناکاو..
هەستم کرد کە مەلەوانی زۆر بەتامە..
خۆم دایە دەست ئەو گشت شەپۆلە بەسامە..
تێر مژ بدەم لە گۆی مەمکی سەر کەفی ئاو
شیعر بڵێم لە ژێر پرچی کچۆڵەیە شەنگو ڕووتا..
تۆ منت دی بووی بە پەری دەریایی‌و
چووی بە قووتا..
***

## سەرەتای ئەوینێکی کێویلە

گەر دەتەوێ دەتوێمەوەو دەبم بە هەوری گوڵاو
زەنگوڵ زەنگوڵ دێمە خوارێ و خۆم دەسووم لە پەرچەمت
گەر دەتەوێ من دەبمە ڕێژنەی بەفراو
لە مانگە شەوی هاویندا
تك تك دەڕژێمە ناو دەمت..
گەر دەتەوێ باسی شادیت بۆ بکەم
قۆڵو باسکت لە گەردنم بئاڵێنە..
گەر دەتەوێ باسی خۆرت بۆ بکەم
پرچت درێژ بکەرەوەو بەسەر مندا ببیارێنە..
گەر دەتەوێ
خۆشتم نەوێ
خۆت لە دڵم دەربهێنە
گەر دەتەوێ
کەس نەزانێ تۆم خۆش دەوێ
پەڕو باڵی پەرەسێلکەی شیعرەکانم بسوتێنە
کە هەست بە تەنیایی خۆم دەکەم
خەم وەکو خوێن هەموو لەشم دەگرێتەوە
کەهەست بە ئاوارەیی خۆم دەکەم..

سەرەتای گشت ڕەشەباکان
لە دڵما کۆدەبێتەوە..
کە هەست بە چاوی تۆ دەکەم
مانگە شەوی چاوت نەبێ
هەموو چراو لەمپاکان
هەموو ڕووناکی ئاسمان
دەکوژێتەوە..
کە نەختێ هەست بە خۆشەویستی تۆ بکەم
لەیەک تۆزقاڵی ئەوینما
دارو بەردو کێوەکانی هەموو جیهان
دەتوێتەوە..
***

## هەڵوێست وەڵامە

خۆشەویستەکەم ئەگەر ئەم جارە
لێیان پرسیت: بۆ
دڵدارەکەی تۆ
ئاوا پەڕپووتە..
هەمیشە برسیو بێ کارو ڕووتە
تۆ پێیان بڵێ:
دڵدارەکەی من بۆیە هەژارە..
بۆیە هەمیشە برسیو بێ کارە..
لە گشتان زیاتر
عاشقی خۆری بەهاری شارە..
***

## لافـــاو

هەندێ وشە کە پڕوقان
ئیتر هەرگیزاو هەرگیز
ناکەونە سەر زمان
هەندێ ماچ هەن کە بوون بە تەم
چەن بفڕن ئیتر هەرگیز ناگەنە دەم..
هەندێ دڵ هەن هەر کە شکان
ئیتر هەرگیز نە ئەوینیان تیا بەن دەبێ‌و
نە خەندەی جوان..
هەندێ چەم هەن کە هەڵیان کرد
نە کێو بەریان لێ دەبەستێ
نە هەزاران بەربەست و پرد..
***

## ئەوینێکی تر

کە منداڵ بووم
شەیدای پەپوولەیەکی ئاڵ بووم
شەوێ پەپوولەکە سووتا
کەپێ گەییم
شەیدای کچێکی چاو کاڵ بووم
لە ڕووباری ئاوێنەی چاوەکانیدا
دڵم ئەچوو بە قووتا..
کچەکە ڕۆی ون بو لەناو ڕەشەبایەکی بزووتا
کە گەورەش بووم
وەکو دار بەڕویەك هەڵچوم
شێت‌و شەیدای وڵاتێك بووم
وا لە دڵی هەزارەها ڕەش‌و ڕووتا..

***

## سەرەتای هۆنراوە ون بووەکە

دایە.. دایە

ئەو هەڵبەستەم بۆ تەواو کە.. کە بۆم نایە

سەرەتای ئەو گۆرانیەم بۆ هەڵڕێژە

کە وەك قژی دڵدارەکەم درێژە..

دایە.. دایە

هەزاران ساڵ زنجیرم کەن

لەشم پڕکەن لە چەقۆ

ئە لەوپەڕی ئەم دنیایە

یەك چرکەیەك بەرم بدەن..

دێم بۆلای تۆ

هەزاران ساڵ

قسەکردن قەدەغەکەن

وەکو تلیاك

گەر چرکەیەك ڕێگەم بدەن

بێمە زمان..

یەکەم دەردوو لە گەڵ تۆدا دێمە دووان..

***

## ملوانکە

ڕەوە پەپولەی شەوی بەهارم

ئەسوتێ بە سوێی گڕی بەهارم

هەر ئەسوتێتو ناکوژێتەوە..

ملوانکەی شیعرم بەر لەوەی بگا

بەگەردنی یار

ئەپچڕێتەوە..

***

## ئەڕۆم

ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
دەبم بە گوڵ لەو چیایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
لە هەر خاکێ زۆردار بژی
لەوێ دەبم بە بۆمبایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە..
ئەبم بە بستێ زەوی
بۆ دنیایەك گەورەترە لەم دنیایە..
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە..
گیانم دەبێ بە ڕەشەباو
بە شوێن تۆدا دەدا لە گشت دەرگایە
ئەڕۆم دایە
ئەگەر ئیتر نەهاتمەوە
گیانم وشەی
گشت شاعیرێکی ئازایە..

***

## شێت

گەر شێتیش بم شێتی پارەو دینار نیم
گەر شێتیش بم شێتی کۆشكو تەلار نیم
بۆچی منیش وەکو ئێوە

شێتی مێژو ئەسکەمیلم
بۆچی منیش وەکو ئێوە
شێتی شێوەی ئۆتۆمبیلم
بۆچی منیش وەکو ئێوە
شێتی شەوی بارەکانم
شێتی سەمای کچی تیاترۆی شارەکانم
بۆچی منیش وەکو شێتی ناوم..
یا من شێتی تروسکەیەك هەتاوم..؟
***

## یەکەم دڵدار

من ئازارم بۆ جێماوە وەکو میرات
پاسەپۆرتەو پێی دەگەڕێم
هەزار بەندەر هەزار وڵات..
کەس ناتوانێ ئازارم لێ قەدەغەکات..
ئەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژان
بەهەزاران وشەی جوان
پەیکەرێك دروستکەم بۆ ئازار
ناوی بنێم یەکەم دڵدار
***

## سەرەتای خەونێکی تر

ئەم سەدەیە.. سەدەی گوڵی نایلۆنە
سەدەی دڵی نایلۆنە
سەدەی وەرزی ئەوین نیە
سەدەی نانو هەنگوین نیە
ئەم سەدەیە.. سەدەی مەرگو درۆیە..
سەدەی زامو چەقۆیە..

چۆن هەست دەکەم کە تۆ جار جار خۆشت ناوێم
چۆن هەست دەکەم کە تۆ جار جار خۆشت دەوێم
وا هەست دەکەم لە خەمی خۆمدا دەخنکێنم..
خۆزگە هەزار چاوم دەبوو
ئەوسا بەهەر هەزارەکەی
تێر تێر سەیری تۆم دەکرد..
ئەی خۆزگە هەزار گوێم دەبوو
ئەوسا بەهەر هەزارەکەی
هەوری دەمتم دەخواردەوە
خۆزگە هەزار دەمم دەبوو
ئەوسا بەهەر هەزارەکەی
بانگتم دەکرد..
ماچتم دەکرد..
خۆزگە هەزار دەستم دەبوو
ئەوسا بەهەر هەزار دەستم
توند باوەشم پیاتا دەکرد
تۆم بەتەنیا بۆ خۆم دەبرد
خۆشەویستم..
ئەگەر ببم بە چۆلەکە.
لە نێوانی مەمکەکانتا لانە دەکەم
ئەگەر بمکەی بە دەزگیران
بە برژۆڵەی چاوەکانم
ئەو پرچەت بۆ شانە دەکەم..
گەر تۆ ببی بە پەپوولەیەکی باڵدار
منیش دەبم بە منالێکی لاسار
لە شوێنت دێم .. ئەم گوند ئەو شار
من حەزدەکەم وەکو شەکر
لەناو دەمتا بتوێمەوە..

من حەزدەکەم لە زستانی خەوی خۆشدا وەکو بەفر
لەپەرچەمتا بتوێمەوە
گەر بتەوێ
بەسەر درکو داڵو شەختەی گشت جیهاندا
بۆلای تۆ دێم هەموو شەوێ
تا باڵداریش.. دۆستو دڵداری هەیە
هەر من تەنیام.. لەم دوورگەیە
کچێك نیە دەرگای دڵی لەم شاعیرە بێ دڵدارە بکاتەوە
کچێك نیە دەرگای شادی
لەم شاعیرە بێ وڵاتو دوورە شارە بکاتەوە..
شەوێ.. ڕۆژێ .. جارێ.. بیکا بە میوان..
دەمی پڕکا لە ماچی جوان
کچێ نیە گوێ شلکا بۆ هۆنراوەکەم
بۆ گۆرانی دڵە سەد جار شکاوەکەم
دیجلە دەڕواو دەڕواو دەڕواو
ئەم شاعیرەش بەتەنیایی دەتوێتەوە
دیجلە دەڕواو دەڕواو دەڕواو
ئەم شاعیرەش هەر گۆرانی خەمی دڵی دەڵێتەوە..
گیانە خۆ خەم باڵدار نیە
بەیەك بەردێ بیتەڕێنم
گیانە خۆ خەم مناڵ نیە
بەشەولەبان بیترسێنم..
من دەزانم نە تۆ ئاوی‌و نە من ماسیم
بەڵام ئاخر من ناتوانم بێ تۆ بژیم..
تۆ ئاسمان بەو منیش لەناو باخی چڕی شینایتدا
بۆ ئەستێرەی ون دەگەڕێم..
تۆ شارێك بە ئەوا ئەمشەو لەشارەکەم دەرکراوم...
بۆ لای تۆ دێم...

***

## بـــا

دەمەوێ ببمە – با– و

بە پەنامەکی بخزێمە ناو دڵتەوەو

بزانم هۆنراوەکانم

لە کوێی دڵتا کوژراون

ئەبێ بە گوێزان سەریانت بڕی بێ

یا هەر وەکو چۆلەکە ملیانت هەڵکێشابێ...؟

ئای خۆ من نە پێغەمبەرم

نە جادووکار...

شاعیر چۆن دەتوانێ ببێ بە –با–

***

## کانی

وەکو باڵدارێك لە ژێر دارێکی شارەکەمدا

ڕادەوەستم

تا شیعرێك لە دڵمدا دەڕوێ...

شیعریش وەکو دار گوێز...

دەڕوێ...

جارجاریش وەکو برژانگ هەڵدەوەرێ

بەڵام دڵم هەرگیز وڵاتەکەم جێ ناهێڵێ...

قاچەکانم وەکو کۆتەرەدار

دەبڕمەوە...

گەر تۆزقاڵێ لە سنووری وڵاتەکەم

دوورم بخاتەوە...

سەیرەبێ ئەگەر بەیانیەك لەخەو هەڵسمو

دڵم لەبنارێکی وڵاتەکەمدا

بوو بێتە کانی یەك...!

***

## نیشتمانەکەی خۆم

دەڕۆمەوە بۆ نیشتمانەکەم و
لەبەر خۆرەتاوی وەرزێکی دا دەمرم...
با- با- ی بەیانی بە لوولاقەکانمدا
تێپەڕی و
گۆرانی کێوی بڵێ...
دەڕۆمەوە بۆ وڵاتەکەم
لەبناری شاخێکی بەفریندا
بەبرسێتی رادەکشێم و
لەگەڵ کانی یەکاندا پێ دەکەنم...
دەڕۆمەوە بۆ نیشتمانەکەم
با لە ئەشکەوتێکدا ڕەقببمەوە و
داڵی برسی چاوەکانم بخوات...
ئەڕۆمەوە بۆ شارەکەی خۆم
بەس نیە لەشم
تێکەڵی خاک و خۆڵی کوردستان دەبێ...!
بۆ هەر کوێم پەلکێشم کەن
دڵم دڵۆپە بارانێکە و
لووتکەی هەلگورد دەدۆزێتەوە...
بۆ هەر کوێم بەرن
ئەستێرەی ئاسمانی وڵاتەکەم دیارە...
گەر چاوم هەڵکۆڵن بۆنی دەکەم...
گەر لووتم قورقوشم ڕێژکەن
گوێم لەدەنگیەتی...
گەر گوێم کەڕکەن
بەدەست هەستی پێدەکەم
گەر دەستم ببڕن...

بانگی دەکەم

گەر زمانم ببڕن

هەموو تۆزقاڵێکی لەشم گۆرانی بۆ دەڵێ...

***

## چــرا

دڵم گوم بووە... چرایەکم بدەنێ لەم تاریکیە خەستەدا

بیدۆزمەوە...

ئای کچێ ئەگەر چاوەکانتم بۆ هەڵ نەکەی

دەبمە مناڵە لاسارەکەی جاران و

پەنجەرەکەتان دەشکێنم و

ڕەشەباتان لێ دەوروژێنم و

خەوی چاوتان وەك ڕەوە پەڕەسێلکەی کۆچەری

دەفرێنم...

هەموو زەویم لێ تاپۆکەن

بۆ شارەکەی خۆم دەڕۆمەوە...

لەوێ کانیەك هەیە...

مناڵیی خۆمم تیا شاردۆتەوە...

تۆش بۆ هەرکوێ بڕۆی

هەر لەدڵی منداى

بۆچی نازانی

سنووری ئاسمان و زەوی دڵی منە...؟

## ئەستێرەی دوور

ئەی ئەستێرە دوورەکە لەگەڵ خۆتدا بمبە...
تا بەرە بەیان...
تیشکەکانت نادزم
ناگریم...
پێ ناکەنم
چۆلەکەی دارستانەکانت ناکوژم...
تۆوی بۆمبا لە ژێر پێتدا ناشارمەوە...
نهێنی یەکانت
بۆ زاناکان ئاشکرا ناکەم...
نەدایکم هەیەو
نە خۆشەویست
تا باسی سنووری تۆیان بۆ بکەم
دە لەگەڵ خۆتدا بمبە
ئەی ئەستێرە دوورەکە...
لەو بەرزایی یەوە
نەختێ سەیری لووتکەکانی
وولاتە دوورەکەم دەکەم...
***

## دڵی من

کچێ وەرە لەم شارەدا هەموو شوێنێك
بۆنی غەریبی لێدێ
دڵی من نەبێ...
حەز دەکەی منداڵ بێتەوەو
لە لێواری وەندەدا
دەستە بچوکەکانت قوڕاوی کەیتو
دایکت قژە درێژەکەت نەڕنێ...؟
دە وەرە دڵی منەوە...
***

## شمشاڵ

دار جێگای خۆی جێ ناهێڵێ

گەر بشی بڕنەوە...

یا دەڕوێتەوە...

یا دەمرێ...

دار عاشقەو

عەشقی خۆی دەیکوژێ...

منیش ئەگەر چی دار نیم...

حەزدەکەم...

لە وڵاتەکەمدا بمرمو

گوڵە کێویلەو

گۆرانی ئەو قامیشانەی کە شوانەکانی کوێستان

شمشاڵی لێ دروست دەکەن

بۆنی عەشقی منیان لێبێ...

***

## ئەی دایە گیان

ئەی دایە گیان.. من دوات دەکەوم

وەک ئەو سەگانەی

دوای بۆنی نانی گەرمو

گۆشت...

دەکەون...

وەک چۆن شیعر...

دوای دڵم...

دەکەوێ...

وەک چۆن سیخورەکان

دوای شاعیر دەکەون...

***

## بۆنی هەوری وڵاتەکەم

من بۆنی هەوری وڵاتەکەم دەناسم
من بۆنی ئەو هەورانە دەناسم
کەبەسەر هەندرێن و
ئەزمەڕو
باوە شاسواردا
تێدەپەڕن...
بۆنی هەوری وڵاتەکەم
چۆلەکەیەکە هەمیشە
دەنووک لە پەنجەرەی دڵم دەدات...
ئەریّ هەوری وڵاتە دورەکەم وەرە...
ئەم ئاسمانە چڵکنە
ون کەو
ئەستێرە بیّ ورشەکان
بشارەوە
بەناو دڵما داببارێ و
بۆنی کوردستان لە خوێنمدا بچێنەو
خەونی تازە
لە مێشکمدا ببزوێنە...!
***

## نێرگزی وشە

هەزاران وشەی وتراوو نەوتراو لەدڵمدایەو
هەر کە پەڕەیەکی سپی دەدۆزنەوە...
وەکو ڕەوە چۆلەکەی برسی
هەموو پەنجەرەکانی دڵم دەشکێنن و
بەسەری دا دادەبارن...

شیعر لەدڵمدا وەکو عەشق...
وەکو ڕووەك...
بنج دادەکوتێو دەڕوێ...
ئێ دەمەیەڵن لەو کێوانەدا
نێرگز بڕوێ... !
***

## دوو کچ

وەك چۆلەکە لە خەرمانی دڵی کچێکدا کوژرام
وەك ئەستێرە لەدڵی کچێکی تردا
زیندوو بوومەوەو ژیام...
دڵی ئەو کچەی ونمی کرد
تامەزرۆی بۆنی دینارە
دڵی ئەو کچەی فێری عەشقو شنە شنمی کرد...
وەك خۆم چەوساوەو هەژارە
ئیتر کچێکم خۆش ناوێ
چاوچووی کۆشکی بەرزی هەتا ئاسمان بێ
ئیتر کچێکم لاشۆخە
حەزی لە شیعری جوان بێ
کچێك دەکەم بە دەزگیران
وەك خۆم شێتی تەنیا چڵێ ئەرخەوان بێ...
کچێك دەکەم بەدەزگیران
هەوری ماچە خۆشەکانی
بەسەر دڵی غەریبیمدا
دابکا وەك شەستە باران...
***

## خەیاڵ

وا هەست دەکەم هەزاران شار
هەزاران دەریاو ڕووبار
هەزاران دار
هەزاران پەپوولەو باڵدار
لە دڵمانو هی منن
هەر کە دەستیان بۆ دەبەم
گشتیان ونن...
***

## ئەوین

غەریبی چەرمی پێم دەخواو
ئەو هەتاوەم لێ ون ناکات
کە بەیانیان بەسەر کەژی نوقمی بەفردا هەڵدەهات...
بۆنی گوڵە دوورەکانی بۆ دەهێنام...
ئای لە دڵی چەند ئافرەتدا
وەکو بووکە شوشە شکام...
سەگی چەن شەقام پێم وەڕیو
لە نیوە شەودا ڕاوی نام...
هەموویان لە غەریبی دا دەبن بە تەم...
لەو دیو پەنجەرەی دڵمەوە...
با دەیان بات...
بەڵام ئەوینی شارەکەم.
کۆترێکەو کەژی دڵم چۆڵ ناکات
ئەرێ بشێ هەورێك نەبێ
سواری پشتی خۆییم بکات...
بۆ وڵاتەکەی خۆم بمبات...؟

گەر خوام هەبێ هیچم ناوێ لە خواکەم...
دوو پێ نەبێ تا کوردستان پێی راکەم...
***

## چنگێ ئاو

چنگێ ئاوم لەناو دجلە دەرهێنا...
دڵۆپ دڵۆپ ئاو گریا
وتی: بریا...
دەتدامە بەر ئەم هەتاوەو دەبووم بەتەم...
لە گەڵ شنەی بایەکدا
دەچومەوە بۆ بەرزایی
کوێستانەکەم...
***

## خۆزگەی سەرە مەرگی گوڵ...

بنجێ گوڵیان لەبنارێك هەڵکێشاو
لە گوڵدانی مرواریدا گەورەیان کرد...
نە مێشوولە زاتی هەبوو توخنی کەوێ...
نە- با- ش دەستی بۆ پەلك و پرچی دەبرد...
بەیانیەك کە شینایی...
ئەبو بە کەپری زەوی‌و
یەکە یەکە ئەستێرەکان
ئەچوون بۆ ئەو دیوی ئاسمان...
گوڵ لە دڵیا...
وتی: خۆزگە وەکو ئەوان...
ئەمتوانی بە پێی خۆم بڕۆم...
ئەستێرەیەك تازە قژی دادەهێناو

بۆ ڕۆیشتن خۆی ڕێك دەخست...
پرسی لە گوڵ:-
- تۆ خەڵکی کوێی...
گەر پێ بگری بۆ کوێ دەڕۆی؟
بۆ کام ڕەشماڵ...
بۆ کام بنار...
بۆ لای کام دۆست...
گوڵ پرووقاو هاواری کرد...
ئەی ئەستێرە کۆچەرەکە...
نە پێم هەیە هەڵم بگرێ...
نە یار... نە دۆست...
توخوا... مەڕۆو جێم مەهێڵە...
دە گەردی دڵی وەریوم...
بەرە بۆ لوتکەی حەسارۆست...
***

## لووتکە...

مانگ پێی وتم: فێرت دەکەم
چۆن زستانان لە ژێر پەڵە هەورەکاندا خۆت مات کەیتو
تەڕ نەبیو
هاوینانیش دەستەکانت بۆناو پرچی کچۆڵەی جوان
شۆڕکەیتەوەو... گوێ لە هۆرەی
کچی شەوی کوێستان بگری...
هەتاو وتی: فێرت دەکەم
چۆن دیواری تاریکی وتەم
بسمیتو ببی بەباخی ڕووناکیو خەندە بگری...
ڕووبار وتی: فێرت دەکەم...
چۆن بڕۆیتو ماندو نەبیو هەر گۆرانی بڵێیتو هەر... ڕێ ببڕی

با پێی وتم: فێرت دەکەم
کەچۆن بەناو دارستاندا بڕۆیتو بێ باڵ بفڕی...
دەمی سوورە گوڵ ماچ کەیتو
لەگەڵ لقو چڵی سەوزا بۆ هەڵپەڕکێ دەس بگری...
منالێکی لاسار وتی: فێرت دەکەم...
چۆن بە دارا هەڵگژێیتو... چۆن لەشەوی...
تەرزەو بەفرو باراندا... لانە ڕیشۆڵە بگری...
فێرت دەکەم...
چۆن بەیانیان بکەویتە بەردە فڕکێو
ئاگر بەردەی لە کێوی خەم...
هەندرێنیش شەو پێی وتم:
گەر ئەتەوێ گیانت ببێ بە ئەستێرەو لەناو بەفری...
کوێستانانندا... وەکو منالْ یاری بکا هەموو شەوێ
وەرە بۆ سەر لوتکەی بەرزم...
ناو ئەشکەوتم...
دەنگی گشتیانم ون کردو
دوای دەنگی هەندرێن کەوتم...
***

## ون بوون لە وەرزێکی ون بوودا

خۆشەویستەکەم... تەوری ڕەشەبا
پەلی دارەکان دادەهەنجێنێ
قوتابی بچوک دەفتەرەکانی خۆی دەدڕێنێ
کۆرپەلە بووکە شووشە دەشکێنێ
تۆش دڵمت شکان...
چۆلەکەی ماچە تینووەکانمت
لەهەوری سەوزی دڵداری تەران
چاوی خەمباری هۆنراوەی نوێمت

پڕکرد لە گریان...

جا بۆیە منیش هەرچیم نووسیبوو بۆ چاوەکانت

هەموویم سوتان...

نا.. نا من نەبووم کە خۆشمویستیو

پێم وتی: بۆنی پرچت خۆشترە لە بۆنی باران...

نا . . نا من نەبوم کەناوم نای گیان

ئەگەر بتوانم ئەبم بە هەورو هەرچی گوزەرێك دەنگی تۆی لێ بێ

بەجێی دێڵمو نایکەم بە ماڵو شارو نیشتمان...

بە دڵۆپی خوێن شیعرم بۆت نووسیو

تۆش دڵمت شکان...

ئیتر شیعری خۆم ناکەم بە گوڵو

نایدەم لە پرچی کچێکی نەزان...

شیعری خۆم دەکەم بە شانەی هەنگوین

بۆ کچێك دەگری بۆ شیعرێکی جوان...

***

## تۆ هەر لە دڵمای ئەی خەونە دوورەکە

بەفر جارێك

دەتوێتەوە...

ئەی بۆچی دڵ بۆ دڵدارێك

هەزاران جار دەکرێتەوە...؟

کە دارێ سەوز لە ڕەگەوە دەسوتێنن

ئیتر هەرگیز ناڕوێتەوە

باڵندەیەك لە هەرچ دێ یەك

هێلانەکەی بڕوخێنن...

لەهەچ جێ یەك

پەڕو باڵی هەڵوەڕێنن...

بەجێی دیڵێو ناچێتەوە...

ئەی بۆچی دڵ لە خۆشەویست بێزار نابێ‌و
هەر گۆرانی بۆ دەڵێت‌و دەیڵێتەوە...؟
من نازانم زەرنەقوتە چۆن لە هێلکە سەر دەردێنێ
من نازانم ئەستێرە چۆن لە ڕووباری شینایيدا
مەلە دەکاو دەجریوێنێ
من نازانم
تۆ لە کوێوە وەکو تیشکێ
کشای بۆناو چەمی گیانم
تۆ چۆن زانیت منی خەمبار
بێ وڵات‌و دەزگیرانم...
زۆرجار دەڵێم تۆ لەدڵی خۆم دەردەکەم
دەرگای دڵم لەتۆ تون تون دادەخەم
باخی زامە تینووەکانم
بۆ کچێکی تر ڕادەخەم...
زۆر جار دەڵێم بۆچی مناڵ
لە جۆلانێ وەڕس دەبێ‌و تیا ناخەوێ...
مەمکی دایکی‌و شیری لەبیر دەچێتەوە...
بوکە شووشەو مووررووی لەبەر چاو دەکەوێ...
ئەی بۆچی من... بۆ... تۆم لەبیر ناچێتەوە...
بۆ دڵی من هەر تۆی دەوێ...؟
هەزاران ساڵ
دەمم لەناو دەمتدا بێ
تێر ناخۆم‌و وا دەزانم ماچێکیشم نەکردووە
هەزاران ساڵ
خەوم لەناو پرچ‌و پەرچەمتدا بێ
وا دەزانم خەوم هەر لێ نەکەوتووە
کچێ ئەگەر هەرچی ساتێ ئەم دڵەی من
تۆی خۆش نەوێ...

چەقۆ دەنێم لە گەردنی وەکو کەوێ...

گوڵت دیوە تۆ چۆن دەڕۆیت...

ئەی کۆتری ئەو کێوانەت نەدیوە چۆن هەڵدەفڕێت

ئەی نەتدیوە سوێسکەی نیوەڕوانی هاوین

لەو هەردانە چۆن مژ دەدا لە دڵۆپی ئاوی شیرین...

ئەی دیوتە چۆن خۆر دەکەوێ...؟

منیش ئاوا تۆم خۆش دەوێ...

***

# مەرگ

بەمناڵی لە دارەوە فێربووم کە چۆن

لە ژێر شەستە بارانی شارەکەمدا ڕابوەستم

لە ڕووبارەوە فێربووم چۆن

هەر بڕۆم و پڕ لە گوڵ و نان بێ دەستم ...

لە پەلکە زێڕینەوە فێربووم...

چۆن گشت جیهان ...

بە عەشقی خۆم ببەستم

لە هەتاوەوە فێربووم چۆن ...

دیواری تاریکی بدڕم ...

لە هەورەوە فێربووم کە چۆن ...

بۆ ئەوەی زەوی گوڵ بگرێ ...؟

لەسەر لووتکەدا بمرم ...

***

## خۆشەویستی ....

جەندرمەکان هەر دێن... هەردێن ...

لە گشت جێیەک

لە ئاقاری دڵەکاندا

لە زامە چڵ چڵەکاندا

بۆ خۆشەویستی دەگەڕێن ..

گیانە منیش ... ئەوا کیوێ خۆشەویستیم هێناوە ...

لە کوێ ...

لە کوێ ... حەشاری دەم ..

بیخەمە کام جانتاوە ..؟

***

## دایك

ئەگەر شەوێ گیانی ماندووت لە تاریکی جارست بوو ...

ویستت وەکو جاری جاران ...

بمکەیتە باوەش دایە گیان

ڕەنگە ئێستا کوڕەکەی خۆت هەر نەناسی

ڕەنگە بڵێی ئەمە ئەو کوڕە هارەیە

ئاوی دەبڕی لە ماسی ...؟

دەرگاو پەنجەرەی دەشکان...

بەدیواردا هەڵدەگژاو

جل و بەرگی خۆی دەدڕان...

خۆمن ئێستا کەمناڵ نیم ...تالاساربم

ئەی دایەگیان

لاساریش بم ... چۆلەکە بەردباران ناکەم و

سەری ڕێبوار ناشکێنم و

بەرد نادەم لە دەرگای ماڵە دراوسێکان ...

بەدوای کۆلاریەکدا
ڕاناکەم سەربان و سەربان ...
گوێزو هەنگوین لە ژێر شقەلەتەکەماندا نادزم و
نایبەم بۆ منالآنی کۆلآن...
لە بەردەگای مالّدا ئاگرناکەمەوەو
شەڕناکەم لە گەلّ منالآن ...
ئێستا ئەگەر لاساریشبم
جیاوازم لە جاری جاران ...
ئەو بەردەی چۆلەکەم پێدەکوشت
ئێستاکە بۆ چاوی دوژمنی دەهاوم ...
جاران هەر تۆم خۆش دەویست
دایە ئێستا من گەورەم و عاشقی دار و بەردی ئەم وولآتەو
بەفری لووتەکەو هەتاوم ...
لە هەر شوێنێ لە بەهەشت یا لەجەهەنەم...
شاعیرێکی شەکەتت دی
وولآتەکەی لە دلّیدا هەلّگرتبوو
تێر ماچی کە دایە ئەوە کوڕەکەتە ...ئەوە منم ...
***

## گولّی شیعر

بۆ ( أ – م )

خەوم بینی من هەوربووم و تۆ تینووبووی
ئەتکامە گەرووی تامەزرۆی تەمتەوە
خەوم بینی بووم بە خۆر و
ڕژامە ناو دارستانی پەرچەمتەوە ...
کچێ بە خوا درۆناکەم هێشتا بۆنی گولّی شیعرم
وا بەقژ و لادەمتەوە ...
***

# هۆنراوەیەکی توورە

– بۆ کچێکی لەخۆبایی

سالأنێکی دوورو درێژ خۆشم ویستیو دەمردم بۆت
حەزم دەکرد قۆڵو باسکت بۆ گەردنم بکەی بە کۆت
ئەگەر ئیتر خۆشتم نەویست
ئەگەر ئیتر وشەیەکی نەرمو نۆڵت لەمن نەبیست
لێم ببورە...
کەم خایەنە تەمەنی گوڵاڵە سوورە...
من ئەوەندە بێزارم لێت
گەر بۆ بلوێت
ئیتر نانووم لێك نانێم چاوی شیرینم
نەوەك جارێ لەجاران
لە خەوێکدا بتبینم
من ئەوەندە بێزارم لێت
گەر بۆم بلوێت
هەردوو گوێی خۆم
ئەئاخنم بەقاوو مۆم...
نەك جارێ گوێم لەدەنگت بێت...
من ئەوەندە بێزارم لێت
گەر بۆم بلوێت
زمانی خۆم لە بێخەوە دەردەهێنم...
نەوەك جارێ ناوت بێنم...
***

## پرسیار

شەوێ لەشەوانی زستان

بەچکە چۆلەکەیەك وتی: هۆ دایە گیان...

تۆ زۆر کوێستان گەڕاویو

ڕۆیوی بۆ گەلێ گەرمیان

گەلێ شارت بینیوەو

چوویی بۆ زۆر دارستان

دە پێم بلێ ئەستێرەی کام ئاسمان جوانەو

تیشکەکانی هەر لە دلّدا شنەیان دێو

هەر لە چاودا مەلە دەکەن بە نهێنی

دایکی وتی: ئەستێرەی ئەو ئاسمانەی

کەلە ژێریا چاو هەلّدێنی...!

***

## تامی شیعر

لێم ببورە ئەگەر هاتو شیعرەکانم

وشكو زبر بوون...

ساردو سڕ بوون...

لە زستانی ژوورەکەتدا

توانەوە وەك چلوورە

لێم ببورە...

ئەی من نەموت: هەتاکو تێر ماچ نەکەم

ئەو ناو دەمو لێوو مەمكو گۆنایە

شاعیر نیمو ئەو هەلّبەستەی

تۆ دەتەوێ هەر بۆم نایە...!

تێر ماچت کەم ئەگەر جارێ

هەزارەها هەلّبەستی سەوز

وەکو پەڕەسێلکەی تینوو
بەسەر چەمی ئێوارانی کوێستانی دڵما دەبارێ...!
***

## خەونێکی دوور

پێشکەشە بە (أ.م)

خەومبینی... بەرە بەیان
کچێکی جوان
ماچی دامێ و ماچی کردم
ماچی گەرم و نەرمو نیان
هەر ئەوە بوو لەخۆشیدا نەدەمردم...
وامزانی تۆی
کە تۆ نەبووی
پەڕەسێلکەی خەندەی شیعرم
دای لە شەقەی باڵو ڕۆی
لەو ساتەوە هەر وێڵمو
دەگەڕێم بۆی...
ئەگەر ویستت کەوی وشەی
کێویلەی من دەربەدەرو خەمبار نەبێ
پرچت درێژ بکەرەوەو
لە ژێریا وا حەشارم دە
هەر تۆزقاڵێکم دیار نەبێ
ئەگەر ویستت دەزگیرانی شاعیرێك بی
لێت وەڕەسو بێزار نەبێ
ئەگەر ویستت...
ئەگەر ویستت..
من بکەرە خۆشەویستت

چۆلەکەی گشت ماچە کونەکانی هەستم
بۆ خەرمانی پرچەکەی تۆ بەرەڵا کرد
کە تۆ پرچت کورت کردەوە–
لە دەمی هەر مقەستێکدا
هەزارەها چۆلەکەی ماچی من مرد...

وشە هەیە... هەر کۆن نابێ‌و هەر ناسۆی‌و هەر ناسوێ...
کچێ منیش
تۆم خۆش دەوێ‌و خۆشتم دەوێ‌و
خۆشتم دەوێ...
گیانە ئێمە لە چەرخی چەقۆدا دەژین
چەرخی مەرگو ژان‌و برین
چەرخی ژەنگو چاو هەڵکۆڵین
بەر لەوەی دەستم ببڕن
پەنجە سوێسکە کێویەکانم
لەناو هەوری مەمکەکانتا
لە گشت تۆزقاڵێکی گیانتا
فێری خەوو فرین بکە... خەوو فرین...
بەر لەوەی دەمم هەڵپاچن
دەمم فێری دەم‌و لێوو گۆناو مەمك هەڵمژین کە...
بەر لەوەی دەمت ببڕن...
دەمت فێری ماچ بەخشین کە...
ئێ بەر لەوەی دڵت بەرق گۆش کرێ...
دڵت فێری سۆزو تاسەو ئەوین کە...
......
بووم بە هەورو زەنگوڵ زەنگوڵ
وشەی جوانم
دلۆپ دلۆپ

خوێنی گیانم
بەهەر تاڵە قژێکتەوە کرد بەمانگو چراو گڵۆپ...
تۆ هەموویت کوژانەوە...
بۆ هەموویت کوژانەوە...؟
ئەوا ئێستا بۆ زمانێ نوێ دەگەڕێم
تا لە گەڵ تۆدا پێی بدوێم...
وەرە ئەوەندە ماچت کەم
هەتا دەمم هەڵدەوەرێ
کچێ وەرە سوێسکەی پەنجە کێویەکانم
مەتۆرێنە لە کوێستانی پەرچەمت
کچێ وەختە لە عەزرەتا دەمم ببێ بە چۆلەکەو هەڵبفڕێ
بۆ ناو دەمت...
تۆ ئەی کچە خەمبارەکە
خەمی هەموو منداڵانی ڕۆخی وەندی چرو شیرین
پەپولەنو لە چیمەنی وشەکانی تۆدا دەژین...
کە منداڵ بووی... دایکت نەیهێشت لەوەندا ببی بەماسی
تۆزێ لمی ڕۆخی وەندی بە پێتەوە بیدابایە...
بە پرچ هەڵتی دەواسی...
ئێستا نەك تۆ گشت منداڵێکی ئەو شارە
ئاوات خوازەی مەلەیەکە لەسەر ڕۆخی ئەو ڕووبارە...
تۆ ئەی کچە خەمبارەکە خەمبار مەبە
ڕۆژێ دادێ هەر دارێکی قەراغی وەند
بۆ هەزاران زۆردار دەکرێن بە سێدارە...
جا ئەو ساتە تۆش منداڵ بەو
قوڕو لمی وەندم تێگرە لەبەیانی تا ئێوارە
من وەك دایکت داخت ناکەم
من وەك دایکت لێت نادەم
دەستەکانت دەلێسمەوەو

تێر تێر ناو دەمت ماچ دەکەم...
لە ژێر باڵما دەتشارمەوە تا لەشت وشك دەبێتەوە...
شوێن جێکانی داخەکانت هێندە بە کوڵ هەڵدەمژم
تا لەبیرت دەچێتەوە...
دەبۆم بدوێ ئاسمانی شەوی سەروەندەت
جارانی زوو
چەندێ شین بوو...
دەبۆم بدوێ جیهانی مناڵیی سەر وەندەت
چەندێ گەورەو بەرین بوو...
دە فێرمکە چۆن پاساری مەمکەکانت
دەستەمۆکەم...
دە فێرمکە چۆن پەپوولەی زامەکانت
بەرەڵای باغی ئاسۆکەم...
گەر ڕووباری باسکەکانت ئاگریش بن
من حەز دەکەم پەنجەکانمی تێژەنم
خۆ فەرهاد نیم بەڵام ئەگەر خۆشت بوێم
لەسەر هەموو تاوێرێکی ئەم وڵاتە
شیعرێکت بۆ هەڵدەکەنم
کچێ منی بێ دایكو بێ خۆشەویست
بووم بە هەورو هەر دڵۆپە بارانێکم...
گۆرانی بۆ ئافرەتێ وت
هیچ ئافرەتێ خۆشمی نویست
هیچ ئافرەتێ دەنگی ناخی هۆنراوەکانمی نەبیست
کە ڕۆخانە کەم کەم وەك شێت
شەوانی زستان هەڵدەچێت
گشت چۆرێکی دەبێ بە مەم
گشت چۆرێکی دەبێ بە دەم
گۆرانی بۆ چرای ژووری زینی گوندی نووستوو دەڵێت...

ڕۆخانە دێو لەهاتنی شەوانەی دا

خێرو بێرو بەرات دێنێ

نە کچێ پێشوازی دەکاو نە ماڵێکیش چرایەکی بۆ هەڵدەکاو مۆمی بۆ دادەگیرسێنێ

منیش وەکو ڕۆخانە وام...

بۆ تۆ بوم بە چەمی زام

چۆلەکەی ئەو کەژانەش دێو تینوێتی خۆی لێ دەشکێنێ

کەچی کچێك نییە جارێ

ئەنگوستی سۆز بەسەر قژی گیای کەناری

چەمی شیعری مندا بێنێ..!

کچێ دوێ شەو تەنیا تر بووم

لە گشت شەوێ

خۆم هەڵدایە ناخی دیجلەی قوڵی خەوێ...

لە خەویشدا تۆ نەهاتیو هەر نەشهاتی...

کچێ ئاخر خەمی شاراوەی بێ تۆییم

کەمتر نییە لەبێ دایکیو بێ وڵاتی...

***

## بزمار

درۆ نییە...

ئەگەر وتیان: لەبازاڕی جیهاندا

قلێ بزمار نەماوە...

درۆ نییە...

هەمووی لەبەندیخانەکاندا

بە پەلوپۆی دڵدارانی گوڵو خۆردا

داکوتراوە...

***

# دڵێکی قەدەغە

من ئاو نیمو لمی ئازار دەمخواتەوە
وشە نیمو دەمی پەڕەو چاوی دیوار دەمخواتەوە
من حەزدەکەم... کانی بمو کچی نازدار
ئێوارانی هاوین جار جار
کونەو گۆزەم لێ پڕ کاتو بمباتەوە...
جار جار پرچیم پێ تەڕ بکات...
تێنویشی بوو بخواتەوە...
کچێکی جوان
نیە... بمکا بە دەزگیران
بەماچ لە گەڵما بدوێ
شەوانی بەفری زستان
ڕووت بێتەوەو لە ڕەشماڵی
برینەکانما بنوێ...
دەبمە بە ساقەی کچێ
بۆ یەکەمجار خۆشمی دەوێو دەمکا بەیار
قۆڵو باسکی لەگەردنم دەئاڵێنێ
دەمدوێنێو دەمدوێنێ...
وەکو مناڵ مەمکم دەداو
نەوسم لەخۆی دەشکێنێ
***

## گەشت

لەسەر باڵی خەونەکانم ئەڕۆم بۆ سەد
وڵاتی دور
نە یاسایان تیادا هەیە... نە سنوور
نە ئازارو نەمردن
نە بەندیخانەی ئاسن...
هەر تاوێکە دڵم تیایا توێتکە ناگرێو
بێزار دەبمو دێمەوە...
هەر وڵاتەکەی خۆم خۆشە
هەر لەم خاکە سووتاوەدا شیعرەکانم دەچێنمو
دەتوێمەوە

– وڵات– (١)

کاتێ هاتن وایان زانی وڵاتەکەم
ئافرەتێکی ڕووتو جوانە
پێیان دەکرێ بیبەن بۆ کام ئاودەستخانە...
پێیان دەکرێ بیبەن بۆ کام قەحبەخانە
وایانزانی وڵاتەکە ئافرەتێکی ڕووتو جوانە
شێتو شەیدای ئەنگوستیلەو مەمکدانە
دەخەڵەتێ بەدوو تەوقەو پێنج شەش شانە
نەیانزانی وڵاتەکەم کەعبەیە
هەزارانێ بەدەوری دا پاسەوانە...

– وڵات– (٢)

بۆ هەڵبەستێك دەگەڕێم وەك سیمرخێ
گشت سنوورەکان ببڕێ
بۆ وڵاتە دوورەکەی خۆم هەڵم بگرێ
ئەگەر مردم... لە وڵاتی غەریبیدا ئەگەر مردم

سای گۆڕەکەم هەڵدەنەوە
قالۆرەکەم بدەنە بەر خۆری بەهاری کوێستان
قالۆرەکەم بخەنە بەر بەفرو ڕەشەبای کوردستان
هەزاران ساڵ لە وڵاتی غەریبی دا دوورو ون بم
هەر عاشقی هەندرێنمو گۆرانی بۆ هەژارانی
هەورامانو چاوی کچە جافێك دەڵێم
کە وەك هەورێك کەژی دڵم گوڵڕێژ دەکاو
خەندە دەدا بە چۆلەکەی دارستانی دەشتو گردم....
وڵاتەکەم دۆزەخیش بێ من پێم خۆشە
تیا بسوتێم....
بمبەنەوە بۆ وڵاتە دورەکەی خۆم...
با جارێ تر بە پێی پەتی بەناو بەفردا ڕاکەمو
چقڵ و بەردی بسمێ پێم
هەزاران ساڵ لە وڵاتی غەریبی دا ئاوارە بم
دڵم هەر لای وڵاتە دوورەکەی خۆمەو
هەر عاشقی هەلگوردم
چەندێ لەو کوێستانە دوور بم
من هەر کوردم...
***

## تـــاوان

کە شاعیرە خەساوەکان لە ژێر مێزی بارەکاندا میزیان
دەکرد...
هەزارەها ڕەشو ڕووت
لەم شارەدا لە برسا مرد...
نە شاعیرێ.......
نە ئێزگەیە........
ڕۆژنامەیە.........
باسیان نەکرد..

## ناونیشانەکەی ترم

خۆشەویستم ئەگەر ڕۆژێ
هەستت کرد کە کۆرپەی دڵت یادگاری من دەکرۆژێ
ئەگەر جارێ
هەستت کرد کەمن لە دڵتا چاوگەم هەیە
وەك ڕووبارێ...
من لە دڵتا لانەم هەیە
وەك باڵدارێ
من لە دڵتا کوانووم هەیە
وەکو گڕێ
نامەیەکم بۆ بنووسە
بیدەرە دەست سیخوڕێ...
سیخوڕەکان من دەناسن
لەگشت شارێ...
***

## لاواڵەی شاعیرێك

ووشەکانم وەك قەحبەیەکی ناشرین
ڕێبوارەکان دەیدەنە بەر چەمۆڵەی قین...
لەکەناری چەمی نوقمی شەوەزەنگا
ئەگەڕێم بۆ ئەو ماسییەی تاسا بەزار
ئەوە دڵمە کێ هەواڵی جوانە مەرگیم
دەبا بۆ یار...
شاعیرەکان... دەبێن... دەبێن
لەپرسەم دا هەڵبەستێکی تازە.... بڵێن...
***

## سەرەتای ئەوینێك

شاعیرەکان من زمانی خۆمم بڕی
لە منالّی هەژارەکان
فەرهەنگێکی ترم کڕی...
بۆ هۆنراوە
لەمنالّی بێکارەکان..
دروشمێکی ترم دزی
بۆ ئاژاوە....
برسێتی دەنگمی کرد بە ماچ...
با بردی بۆ دلّدارەکەم...
بێکاری ڕقمی کرد بە پاچ
دام لە ڕەگی دیوارەکەم
هاوارم کرد...
شمشێرەکەی خەلیفە
تەنیا کیفە...
***

## ڕاو

منالّەکان لەدارستانەکەدا چۆلەکە دەگرن و
دلّدارەکەی منیش لە دلّی مندا
سوێسکەی شیعر دەگرێ ...
من بۆنی پرچی دلّدارەکەم
لە سی یەکانمدا
هەلّدەگرم و
دلّدارەکەشم شیعرەکانم
لە زمانی دا دەشارێتەوە ...
هەموو هەناسەیەکم بۆنی دلّدارەکەمی لێ دێ و

با بۆ کەژو کێشوەرە دوور دوورەکانی دەبا
هەموو ووشەیەکی دڵدارەکەشم...
بۆنی شیعری منی لێ دێو
با بۆ وڵاتە بێ سنوورەکانی دەبا
***

## دڵ

تەڵە تەڵە برژانگی خۆم
بە چوار دەوری دڵی خۆمدا کرد بە پەرژین
کچێ نەکەی شەوانی ساردی پایز
ئێوارانی گەرمی هاوین
عاشقی مانگ ببیت و
دڵت بچێ لە ئەستێرەی سەر ترۆپکی لوتکەی بەفرین ...
نەوەکو خوانەکران
برژانگێکم بتسمێ ...
کچێ ئاخر تا برژانگیش درەندەیە
ئەگەر بکرێ بە پاسەوان ...
***

## ئەنگوستیلە

من ڕەنگە هەتا هەتایە ... پارەی ئەنگوستیلەیەکم نەبێ
کە بیکەمە پەنجەت
بەڵام گەر حەز بکەی هەتا هەتایە
قۆڵ و باسکم لە گەردنت دەئاڵێنم ...
من دەزانم ....
تۆ پێت ناخۆشە
دەستە بۆر و مەرەکەباویەکانم

واز لە :

پرچ و

گۆنا و

لامل و

ژێر مل و مەچەکت ....

ناهێنن ..

ئای گیانە ...

تۆ دەستی منالە هەژارەکانت نەدیوە ...

چۆن لە نان گیر دەبێ و

پێوە دەنووسێ ...؟

کچێ هەزار ماچت دەدەمێ و ماچێکم بدەرێ ...

من ناوێرم ناو دەمت هەڵمژم ...

ئەترسم کە چویتەوە بۆ ماڵ و

دایکت ماچی کردی

بڵێ : بۆنی شیعر لە دەمت دێ

ئەی کچە بچکۆلەکەم

چ شاعیرێ ماچی کردووی ...!

تۆش بڵێ ی : لەتیف هەڵمەت

جا ئەو ساتە شەپۆلە سەرەرۆکانی وەند

ئەو هەواڵە

بەگشت دەریاکان دەگەیەنن ...

***

# گوڵە نێرگز

خۆ من هەور نیم  بەرپێت گوڵ ڕێژکەم و
– با – نیم
دەرونت گوڵاو پژێن کەم ... و
هەتاویش نیم
بێ پرس ...
لە ژورەکەتدا هەڵپەرم و
پەرچەم و لادەمت
بلێسمەوە ...
من ... شاعیرم
وەرە چەرمی لەشم بخورێنە ...
گۆشت پڕ لە شیعر دەکەم ...
من شاعیرم و تۆ گوڵە نیرگزی...
شاعیر :
تووڕە دەبێ ...
شەر دەکات ...
جوێن دەدات ...
خۆی دەکوژێ ...
بەڵام من نەمدەزانی
کە گوڵە نێرگزیش
تووڕە دەبێ و
رق دڵی قورس دەکات ... !
***

## هەتاو

ئای ئەی هەتاوە دوورەکە
من عاشقی تۆم و
لە شیعریش زیاتر
هیچی ترم نی یە ...
ڕۆژێ لە پێناوی تۆدا
هەموو شیعرەکانم
بە لق و چڵی بەڕوەکانی کوێستان و
دەمی منالآنی ولآتەکەمەوە
جێ دێڵم و
بۆ لای تۆ دێم ...
***

## حەزم دەکرد....

حەزم دەکرد دار بەڕوویەك بوومایە
لە بناری هەلگورد دا ...
حەزم دەکرد..
کانیەك بوومایە
لە دەشتی شارەزووردا ...
حەزم دەکرد ...
جۆگەلەیەك بوومایە
لە کفری دا ...
بەلآم شاعیرم و
حەزدەکەم
کچێك لە دڵی دا بمشارێتەوە ...
***

## بەرنامەی شەوێك

ئەمشەو هەموو شیعرەکانم رووت دەکەمەوە و
پەنجەرەی ژوورەکەم دەخەمە سەر پشت و
لە گەڵیاندا هەڵدەپەڕم...
من دەزگیرانم نی یە
ئەمشەو بێت بۆ لام..
بەڵام هەر کچێك بە بەر پەنجەرەکەمدا
تێدەپەڕێ
دەزگیرانی منەو ..
کەچی دەرگای دڵم
لە کەسیان ناکەمەوە ...
ئاخر دڵم وولاتەکەمی تیایە
نەوەك کچێکی لاسار
بە کچێکی هارو هاچ بڵێ
شاعیرێك منی خۆش دەوێ ...
ولاتەکەی لە دڵی دا هەڵگرتووە
جا ئەو ساتە هەموو پۆلیسەکانی جیهان
دڵم گەمارۆ دەدەن...

***

## تیرو کەوان

ڕەشەبایەك لقی دارێکی شکان
پیاوێکی پیر ووتی : دەیکەم بە گۆچان...
پیرە ژنێك ووتی : دەیکەم بە تیرۆك ...
منالێك هات ووتی : بە خوا .. من دەیکەمە تیر و کەوان...

***

# دڵ

وەکو پەنجەرەیەك دڵتم بۆ بکەرەوە
با تێر تێر بای جیهانێکی لەم جیهانە گەورەتر هەڵمژم ...
وەکو پەنجەرەیەك دڵتم بۆ بکەرەوە
ئاخر منی دوورە وولات
حەزم لە بۆنی بارانە دوورەکانە
دڵتم بۆ بکەرەوە
با لە مانگە شەوی کوێستانی دڵتدا
تامی بەهارێکی دوور بکەم
کێ ئەڵێ من تۆم خۆش ناوێ
ئەی من ئەم هەموو گۆرانییەم بۆ کێ یە ؟
کێ ئەڵێ تۆ لە دڵم دانیت
ئەی ئەمە شوێن پێ ی چ کچێکەبە دڵمەوە دیارە ...؟
دڵتم بۆ بکەرەوە
من حەز لە ڕەشەبا ناکەم
لە دڵتدا بمشارەوە ...
نەوەك رەشەبا فرمێسکەکانم
بۆ سیخورەکان بەرێ... !
کە منداڵ بووم حەزم لە شیرینی بوو
ئێستاش گەورە بومەو
چۆلەکەی ئاوارەیی لە ناو لە پمدا
چینە دەکات و
شاتووی خۆزگە دوور دوورەکانم دەدزێ و
حەزدەکەم بچمە دڵی ئافرەتێکەوە
کە تۆی ...
***

## دڵم هۆنراوەی لێ دەبارێ

من گوێ نادەمێ لەم شارە تەسکەدا
ئەگەر زوو بڕۆمەوە و
ئەگەر درەنگ بڕۆمەوە ...
دەربەست نیم ...
گەر لە پەنای تاریکی شەقامێکدا
بخەوم ....
یا لە ژووری ئوتێلێکدا ....
من هەر تەنیام
نە دایکم هەیە دڵی لام بێ و
نە دەزگیرانیشم هەیە
لە چاوەڕوانی مندا
دڵی ژەنگ بگرێ ...
دڵم وەکو دەستی هەژارە لادێی یەکان
قڵیشاوە و
لە باتی ژان هۆنراوەی لێ دەبارێ ...

***

## حەزم لە بەفرە

من دەزانم کە هۆنراوە ئەسپێ تێ ی ناداو
رەشەباش نایبات....
بەڵام ئاخر هۆنراوەش لە غەریبی دا
جار جار تورە دەبێ و
خۆی دەکوژێ ...
تۆ حەزت لە هۆنراوەیەو
منیش کوڕی کوێستانم و
حەزم لە بەفرە ...

دە لەسەر سنگتدا بەرەڵام کە ...
با ئەمشەو هەتا شەپۆلی رووبارەکان
دەبن بە بەستەڵەك
گوێت پڕ لە تامی شیعرکەم ...
****

## خۆشەویست

هەموو شەوێ ئەستێرەکان
لەو ئاسمانە دوورەوە ...
دێن و یەك یەك دەڕۆن بۆ لای
چەم و بەفری کوێستانانی گشت چیایە ...
ئەی بۆ کچێ لە دوو سێ بست ڕێگاوە ...
تەنیا جارێ بۆ لای ئەم شاعیرە نایە ...
تۆ ببەرە ئەستێرەو منیش دەبم بە کانی ...
رووت بەرەوەو مەمکەکانت
بدەرە بەر شنەی شەماڵ
مەمکەکانت بدەرە بەر ...
تریفەی مانگەشەوی کاڵ ...
بیاندەرە دەستی حەزی مناڵێکی شاعیرەوە
کە بێ دایکەو ئەمشەو دەگری بۆ پرتەقاڵ
کە ڕۆژ داهات
ببەرەوە بە کچە جوانەکەی جاران و
گوزەیەکم لێ پڕبکەو بمبە بۆ ماڵ
شەو لە ژوور سەرت دامبنێ
کاتێ نوستن ...
دایك و باوك و خوشك و برات ...
هەورێ هات و توایەوە
بۆ نا دەم و پرچ و گۆنات

بە کەس نەڵێ ی ... منم ئەوە ...

لە تەنیایی شەو ترساوم ...

دەرم نەکەی تۆ بەو شەوە

توورە نەبی لە هاتنم

توخوا دایکت هەڵنەسێنی ....

دوایی دەمرم زۆر شەرمنم

***

## نازانم

نازانم کێ ماسی فێرکرد مەلە بکا لەم رووبار و لەو رووبار

نازانم کێ فێری کردم تۆم خۆش بوێ ..

کێ ... یەکەم جار ...؟

نازانم کێ فێری کردم لە کوێستانی دڵی تۆدا

ڕەشماڵی ئەوینم هەڵدەمو

بگەڕێم بۆ نێرگزەجاڕ...؟

ڕەنگە جار جار

ماسی بتۆرێ لە ڕووبار...

ئاو بتۆرێ لە فورات

بەڵام من هەر تۆم خۆش دەوێو

هەڵبەستێکت بۆ دەنووسم درێژتر بێ لە باڵات...

کچێ هێندە تۆم خۆش دەوێ

ئەترسم دڵم بۆت شێت بێ

ئێ دەتوخوا... تورەبەو دڵم بشکێنە...

بەشکو نەختێ ڕقم لێت بێ...

***

## بەستەی یەکەم هاتن...

لە دۆزەخی هەژاریدا... هاتم... هاتم
نووستم لەسەر کۆشکی خەمی هەزار قاتم
لە پایزدا هەڵوەرینی گوڵم بینی
لە رەشەبای دڵداریدا
لە شەوی چاوەنواریدا
لە وڵاتی بێکاریدا
پارچەی زامو دڵم بینی
پرسیم لە باڵداری ئەوین:
کوا مەم... کوا زین...
گریاو وتی:
کە جەنگیزخان
ئەلێرەوە تێپەڕی
هەردووکیانی بە چەقۆیەك سەربڕی.

***

## خەوی پیرۆز

هەزاران شەو ئەستێرەی خەمبار دەژمێرم...
هەزاران ساڵ بۆ چاوی تۆ چاو دەگێڕم...
خۆشمت بوێو خۆشمت نەوێ...
ناڵێم بە خوات دەسپێرم...
لەهەر کوێ بی هەوری بارانی عەشقم
بۆ ئەو جێ یە دەنێرم
دڵ دڵێکە داومە بە تۆ
من چۆن لە کچێك دەتۆرێم
ئاوی وەندی هەڵمژی بێو
ڕوانیبێتیە لوتکەی بەمۆ..؟
خۆ ئەگەر وەك بازی بەنیش بتناڵێنم لە باڵم

هێشتا وا ئەزانم دووری
وا ئەزانم لە پشت حەوت کێوی ئەستووری
بەڵام هەرگیز نەدار نەبەرد.. نە شار.. نە کۆ..
ناتوانن لێم قەدەغەکەن
بۆنی پرچو هەناسەی تۆ...
ماسی لە ئاو دەرکەن ئیتر بڕوا بۆ کوێ...
سواڵکەر لە مزگەوت دەربکەن
لەکوێ بنوێ...
ئەی ئەگەر من لەم وڵاتە دەربکرێم
کام شار بکەم بە شوێنو جێم
ئەی ئەگەر تۆ خۆشت نەوێم
ئیتر بڵێم: دڵداری کێم
ئەی ئەگەر تۆ بێزار بی لێم
ئیتر شیعر بۆ کێ بڵێم...
بۆ چاوی کێ بسوتێم...؟
بۆ کوێ دەڕۆن چۆلەکەکان... دەڕۆن بۆ کوێ ...
ئایا ئێوەش شارتان هەیە
ئایە ئێوەش خەمو ئازارتان هەیە
ئایە ئێوەش یارتان هەیە
ئایە ئێوەش عەشق لە دڵتاندا دەڕوێ
ئایە ئێوەش... وەك من سەرتان دەداتە ژان...؟
ئایە ئێوەش دیاری دەبەن بۆ دەزگیران...؟
مەڕۆن... مەڕۆن
هەندێ پەڕم پێبفرۆشن
یا هەندێ شاباڵی بچووك
یا هەڵم گرن بە دەنووك
لە گەڵ خۆتاندا بمبەن...
یا فێری فڕینم بکەن...

با هەڵفڕم بۆ شارێك...
تێر ماچ بکەم ئەملاو ئەولای نازدارێك
کە خۆشی ویستم جارێك...
***

## تـــۆ:

نەدارستان دەزانێ چۆن گەڵا دەروێ
نەکەس دەزانێ نە خۆم...
کە... چەندێ تۆم خۆش دەوێ
پرچەکەی تۆ سێدارەش بێ
خۆشم دەوێو خۆشم دەوێ
دڵم دەبێ بە چۆلەکەو تیا ون دەبێ هەموو شەوێ...
کەی توانیان گشت بەڕووەکان
لە ڕەگەوە بسوتێنن...
کەی توانیان گشت لووتکەکان
لە بنەوە بڕوخێنن
ئەوساش گیانە پێیان ناکرێ
تۆ لە دڵم دەربهێنن...!
***

## گۆرانییەك

شاعیرۆکە ترساوەکان
ئەی زەلامە بێناوەکان
ئێوەن
ئێوەن
هۆنراوەتان
کرد بەناڵی ئەسپی سوڵتان...

داتان بە ئاو

داتان بە نان

داتان بە ماچ

داتان بە گان...

ئەی زەلامە سواوەکان...

کێ پێی وتن هۆنراوەکان

ببخشنە شاو خەلیفە خەساوەکان...؟

بۆچی تاجی شا پیرۆزە...

یا کڵاشی چەوساوەکان...؟

ئەو تەپڵەی کە ئێوە لێی دەدەن دەدڕێ...

ڕۆژێ دادێ

کۆشکو قەڵای هەموو شایەك

خاپوور دەکرێ...

جا ئەوساتە...

کێ هۆنراوەکانتان دەکڕێ...

ئەی زەلامە پواوەکان...

ئەی شاعیرە پێڵاوەکان...

***

## نامەیەکی تر

برام ڕزگار...نەء تۆ ئێستا

نازانی خەم چۆن دەبێتە چۆلەکەو

لانە دەکا لە جەنگەڵی هە ڵبەستا...

نەء نازانی...

چۆن پەژارە لەناو گیانی

برا شاعیرەکەی تۆدا

دەبێ بە سەرەتای گۆرانی

بە زمانی هۆنراوە...

بۆ هەزاران ڕەش‌و ڕووت‌و

چەوساوە...

برام ڕزگار...

وا هە ست دەکەم کە تۆ ئێستا

لە ژوورێکدا تەنیاو خەمبار

کۆمەڵێك کاغەزت لایە

لە کیشوەری ژانی خۆتدا

وێنەت بۆ دێت‌و نایە...

جارجار قەڵەم دەشکێنی

زۆرجار پەڕە دەدڕێنی

هەندێ جاریش وێنەی جوان‌و ڕەنگاو ڕەنگ

دەخەیتە سەر پەڕەی بێدەنگ

برام ڕزگار...تۆ دەتوانی... لە باتی وێنەی مەلێ

لەباتی وێنەی کەلێ...

لەباتی وێنەی کچێ...

وێنەی وڵاتێك بکێشی

لە ئاگری ناپاڵمدا هەڵدەقرچێ...؟

***

## ئەی مانگە دوورەکە

ئەی مانگە دوورەکە خۆ من دەزگیرانم نیە

بڕۆم بە دزی دایك‌و باوکیەوە

لە پەنجەرەیەکی نهێنییەوە

نامەی لێ بدزم‌و

لە دەرگایەکی نهێنیەوە

بمباتە ژوورەوەو

لە ژێر پرچەکەی دا بمحەسێنێتەوە...

خۆ من دایکم نیە

نانی گەرمم بۆ هەڵگریێو
هەرکە لە دەرگاکەمانم دا
تەقەی دەستم بناسیێو
ئەملاو ئەملام ماچ بکاتو
بڵێ:
ئەرێ کوڕە شیرینەکەم
دنیا ئاڵۆزەو
مەرگ دەبارێو
زەوی دەقڵیشێتەوەو
پیاو قووت دەدات...
تۆ بۆ ئەم ئێوارەیە ...
وا درەنگ هاتیتەوە...
ئەی مانگە دوورەکە...
لە شەقامێکدا ڕادەوستمو
سەیری تۆ دەکەم...
تیشکەکانی تۆ
بۆنی وڵاتە دوورەکەمیان لێ دێ...
***

## گۆرانی ئازادی

خوێی زەوی فێری کردم
چۆن عەشقی خۆم
لە دارەکاندا
بشارمەوە...
ئەگەر لەشم لە شوشە بێو
بزانم گۆرانی ئازادی بڵێم...
بەرد دەبارێ...
هەر گۆرانی ئازادی دەڵێم

من منالّێکی بزووت بووم‌و
ئێستاش
شاعیرێکی نارەحەتم...
دەتوانم وەك سمۆرە
لەهەموو دارێکی ولاّتەکەمدا
خۆم بشارمەوەو
سەیری هەتاوی سەر لووتکەکان
بکەم...
***

## شادیيە نوێکەم

بەدرێژایی شەو گۆرانی دەلّێم‌و
شادییە نوێکەم
لە چاوی کچێکی کێویدا
دەشارمەوە...
ئای ئەترسم
سیخورەکان بیدۆزنەوە...!
***

## بۆنی هەتاو

دارستانی ئاسمان ئەستێرە دەگریَ‌و
عەشقی دلّم شیعر
چۆن بگەمە ولاّتی دلّت...؟
خۆ دلّی تۆ سنووری نیە
بەرتیل بدەمە پاسەوانەکەی‌و
پیا تیپێپەڕم...
سەیرە بێ شەویَ لە ولاّتی دلّتدا...

ببم بە ڕووبارێ بچکۆلە...؟
ببم بە چۆلەکەیەك...
خۆ بەبەرد نامکوژی...؟
ئاخر ئەم شاعیرە دوورە ولاتە...
بڕوا...
بۆ کوێ؟
هەموو سەگەپۆلیسییەکان بۆنی شیعرەکانی دەکەن و
دەیدۆزنەوە...
دە لە ولاتی دلتدا بمشارەوە...!
ئای ئەوە بۆچی من شاعیر بوم و
داربەڕوویەك نەبووم
لە لووتکەیەکی سەختدا
بۆنی هەتاو بکەم...!

* شیعر بۆ منالْ

## کوردستان

پیرەمێردێ
چووە قوتابخانەی گوندێ
لە حەوشەکەدا ڕاوەستا
دەوریان لێدا مامۆستا
ها خاڵەگیان... چیت گەرەکە ها خاڵە گیان...؟
پیرەمێردی بەستەزمان
کەلاواز ببوو وەك گۆچان
وتی: توخوا مامۆستا گیان
فێرم ناکەی چۆن بنووسم کوردستان
***

## تۆ هەر لە دڵمای

نیوەی دڵم عەشقەو

نیوەکەی تری شیعرە

تۆ نە لە عەشق

دەزانیو

نەلە شیعر

من لە پشتی هەموو پەنجەرەیەکی

کراوەو داخراودا

بۆتۆ دەگەڕێمو

تۆش

هەر لەدڵمدای...

***

## ئەستێرەیەك

ئەستێرەیەك لە پەنای لووتکەی شاخێکدا

پێدەکەنی...

تەمێك هاتوو دەوری تەنی

ئەستێرەی ناسك بزووت:

– تۆ ئەی تەمی ڕەشو نابووت ...

مەمکوژە با

دەلاقەی ژووری کچێك تاریك نەبێ

کە چراکەی شکاندووە ڕەشەبا

***

## هەتاو دڵداری منە

خۆ من شازادە نیم لەسەر نوێنی ئاورێشم نەبێ
هەوری خەو نەتکێتە چاوم و
لە ژێر پرچی نازداراندا نەبێ
چۆلەکەی حەساوەم بۆ دەستە مۆ نەکرێ...
خۆ من شازادە نیم ..
بەرگەی تاوێ برسێتی نەگرم ...
دەتوانم لەسەر تاشە بەردی زبر بنوم و
پەپکەی گاڵ بخۆم و
شەوانی فەرتەنەی زستان
لەژێر بەفر و زریاندا
بۆلای یارەکەم بڕۆم و
باسی ئەو شارەی بۆ بکەم
کە دزەکانی زەوی
وکو دەنکەهەناری زێڕین
بە سەر خۆیاندا دابەشی دەکەن...
خۆ من دەزانم گەر بەدیم بکەن
من لە درزی برینەکانمەوە تەماشای هەتاو دەکەم
چاوم هەڵدەکۆڵن ...
بەڵام ئەی من
چاوم بۆ چی یە
گەر تەماشای هەتاوی پێ نەکەم ...؟
***

# چیمان گۆڕی

هەرچیمان ووت ...هەرچی دەڵێین درۆیە
ژنگ و درزی پردەکانی
نێوانمانی
پیَ سواغ دەدەین وەکو بۆیە ...
گۆڕینی چیَ ... چیمان گۆڕی ؟
ئاو یا بۆری ؟
شۆرینی چی ... چیمان شۆری
دڵمان یا ڕەنگی ناسۆری ...
مەڵێن ووشەو ڕنگمان گۆڕی ...
چیمان گۆڕی ؟
ڕواڵەتی ژینمان گۆڕی
شوشەی زەڕەبینمان گۆڕی
شێوەی برینمان گۆڕی
ناوی مەم و زینمان گۆڕی
گۆڕی مردوەکانمان گۆڕی
گۆڕی زیندووەکانمان گۆڕی ...
ناوی خواو پێغەمبەرمان گۆڕی
ناوی هیتلەرمان گۆڕی
جێگەی پیکەرمان گۆڕی
کێلانی خەنجەرمان گۆڕی ...
بەلاَم دڵمان لێی نەبڕا تاڵی و شۆری[1]
مەڵێن بە خوێن دارو بەردو گردمان شۆری
خەمی چاوی هەژارانی کوردمان شۆری
چیمان شۆری ...؟
ئۆتۆمبێلی سوڵتانەکانمان شۆری

---

[1] شۆر = سوێر

پێ و پێڵاوی بێگانەکانمان شۆری
بەڵام دڵمان هەر مایەوە ... بە شۆری ..!
شۆرینی چی چیمان شۆری ؟
گۆڕینی چی چیمان گۆڕی ؟
چ بیرێکی کۆنمان پسان
قەڵای کام زۆردارمان ڕمان ...؟
دوای هەزاران چەنەبازی و خۆ هەڵکێشان
دوای ئەو گشت بگرەو بەردەیە
چیمان بە خشی بەبێ کارو هەژاری ئەم نەتەوەیە ...
چی فێرکردین ڕاپەڕینی برسێەکانی ئەم سەدەیە ....؟
***
من زوو ووتم : خۆشەویستی لە خوێنماندا نەماوە
من زوو ووتم : کاتژمێری دەستی گشتمان وەستاوە...
چونکە ئێمە دڵدار نین
چونکە ئێمە چقڵی چاوی زۆردارنین
چونکە ئێمە تامەزرۆی بۆنی بەهار نین
چونکە ئێمە دڵسۆز نین
دڵداری خۆری نەورۆز نین
چونکە ئێمە هەڵوەڕین
چونکە ئێمە هەر ئەوەڕین ...
درۆزنین ...فشەبازین دەترسین
نەمانتوانی تاکو ئێستاش ناتوانین
تاقە هەڵبەستێك بنوسین
ئەوهەڵبەستەی بوومەلەرزە دەخاتە ژێر
ڕەگی زەمین
دنیایەکی تازە دێنێتە کایە
گەلێ گەلێ گەورەترە لەم دنیایە ...
***

## سەنگەر

ووتم دایە :
ڕێی هاتنی ئۆردوی ئائەم شەوە زۆڵە
لە کوێ دایە ...؟
ووتی : ڕۆڵە ...
ڕێی هاتنی ئۆردوی ئا ئەمشەوە زۆڵە
سەنگەرێکی چۆڵ و هۆڵە
***

## بۆ خوشکێکی جوانەمەرگم

خۆ تۆ ... بەفری بنار نەبووی
بۆچی وازوو توایتەوە ...
خۆتۆ چرای شەوی ماڵە هەژار نەبووی ...
بۆچی وازوو کوژایتەوە ...
بۆ ئەوەی من ئەوندە زۆر خەمت نەخۆم
بۆ ئەوەی کە فرمێسکی من
بۆ ڕیشۆڵەی ژانی تینوی هەمووجیهان
نەبێ بە گۆم ...
بۆ ئەوەی کە ... زەوی نەبێتە زیندان ...
خۆشەویستیت کۆتی ئەستۆم ...
بۆچی ڕۆژێ لە ڕۆژان
دڵمت نەشکان ...؟
***

## هەردێمەوە

لە هەرکوێ بم من ئاژاوە دەنێمەوە
هەزار لافاو یاساوڵی نێوانمان بێ
بەسەر پردی هۆنراوەدا
بۆ سای تیشکی خۆرەتاوی چاوەکانی تۆ دێمەوە
ئاخر من حەز لە مەرگ ناکەم
گەر بمرمیش من حەزدەکەم ...
لە ناو سینگ و مەمکی تۆدا بتوێمەوە
هەر دێمەوە ...
گورانیە قەدەغەکان دەڵێمەوە
ئەبمەوە بە منداڵ
لە بەربارانی کوێستاندا
داوو تەپکە بۆ ڕیشۆڵە دەنێمەوە ...
ئەبمەوە بەمنداڵ و
بەپێ ی پەتی لەسەر دڕك و دارو بەردی ...
شارەکەمدا ... یاری دەکەم ...
ئەبمەوە بەمنداڵ و
وەك جاران لاساری دەکەم ...
دێم و پردی گەڕانەوە دەڕووخێنم ...
دێم و کەشتی گەڕانەوە دەسوتێنم
دێم و شەوێ تاجی شای شار
دەدزم و دەیکەم بە قەعدەیەك بۆ
مەلۆتکەی ماڵێکی هەژار
***

## بۆ ئەوشارەی خۆشم دەوێ ... خۆشم دەوێ

### ١- ڕێگا

پاسەوانی سنورەکان گوایە دەڵێن
دەرگاکانمان کلیل داوە
دڵدارەکان لە کوێوە دێن
بۆ ئەم شارە
ڕووبارەکان لە کوێوە دێ
بۆ ئەم شارە
کێ دەزانێ خەم چۆن دەبێ بە هۆنراوە
ڕەنگ و بۆنی گوڵی مێرگی بەهارەکان
لە کوێوە دێن ...؟
کێ دەزانێ پەڕو توکی باڵدارەکان
لە کوێوە دێن ...؟
کێ دەزانێ خواردەمەنی چۆن لە لەشدا
دەبێ بەخوێن...؟
کێ دەزانێ چۆن باران
سەوزی دەدا بە دارستان ...؟

### ٢ – ڕەشەبا

تا ڕە شەباش تاوانبارە
ئەی ڕەشەبا کەم پەلوپۆی داری شکان
ئەی ڕەشەبا کەم منالی هەڵپڕوقان
ئەی ڕەشەبا کەم باڵداری لە لێر تەران...؟
تا ڕەشەباش تاوانبارە...
ئەی ڕەشەبا کەم ئازارو گلی خستە
گلارەی چاوی ئەم شارە...؟
تا ڕەشەباش تاوانبارە...
ڕۆژێ دەیدەین لە سێدارە...

### ٣- تۆڵە

ئەگەر ئەمتوانی شیعری هەموو شاعیرە...

سەد... ڕوەکانم دەسووتان

ئەم زەوییەم دەر دەهێنا...

لە ژێر چنگی درۆی هەزار

شاعیرۆکەی بازرگان...

گەر ئەمتوانی وشەم ئەکرد بە چەقۆ... وشەم دەکرد بە قاچێ*

دەمی هەموو شاعیرێکی ترسنۆکم هەڵدەپاچی...

گەر ئەمتوانی تاجی هەموو پاشاکانم...

بۆ هەژارو گەداکان

دەدا بە نان...

### ٤- ڕەگ

داری بەڕوو فێری کردم

چۆن ڕەگی هۆنراوەم قووڵ بێ

داری بەڕووو فێری کردم

چۆن نەخزێم

هەرچەن شەختەو گەردەلوول بێ

داری بەڕوو فێری کردم

کە چۆن ڕەگم بگا بە ئاو...

داری بەڕوو فێری کردم

چۆن پەل بهاوم بۆ هەتاو...

### ٥- نەخشە

کاتێ هاتم

دەرگاکانیان لێ داخستم

نامەیەکیان نایە مستم

---

* - مەقەست

پێیان ووتم: بێ وڵاتم.
هەر ئەوسایە...
بڕیارمدا بسووتێنم
ئەم نەخشەیەی ئەم دونیایە

## ٦- بەهارێکی تر

گەر ئەم جارە
بەهارێ تر گەڕایەوە بۆ ئەم شارە
هەموو باخ و بنارەکان دەپشکنم
گشت گوڵاڵە سوورەکانت بۆ دەچنم
ئەڵێن بەهار... ئێجگار دوورە
لە پشت هەزار شاخ و کێوی ئەستوورە
دێت و نایە
بۆ گوزەری ئەم سنوورە
دێت و نایە
دە ئەی بەهارە سوورەکە...
دە ئەی بەهارە دوورەکە...
وەرە وەکو نەرمە بایە
با چەند چەپکێ گوڵاڵە سوورەی خوێنین
بچنم بۆ پرچی کچێکی خەمگین...

## ٧- کۆشک

کە حەوشی کۆشکی زۆردارێ
گوڵڕێژ دەکرێ
گوڵ نیە زامی هەژارە
کە لقی دارێ دەسووتێ
دار نی یە دڵی دڵدارە...
کە بیرەیەك لەسەر مێزی

دەوڵەمەندێك دادەنرێ

بیرە نی یە خوێنی هەزاران بێ کارە...

## ٨- قوربانی

من پێم خۆشە لە دەواری هەژارێکدا

چرایەك بم

من پێم خۆشە لەناو بوخچەی کچی ماڵە بێ کارێکدا

بازنگێك بم، کەوابیەك بم...

من پێم خۆشە بۆ هاتووچۆی دڵدارەکان

ڕێگایەك بم...

من پێم خۆشە لە تفەنگی هەموو چەوساوەکاندا

کڵپەی گڕ بم باڕووت بم...

گەر هەژارو لاتەکانی وڵاتەکەم...

پۆشتەو تێر بن...

منی شاعیر با هەر ڕووت بم

ئاخر من چیم ناوم لە کوێوە دیارە...

ئەگەر نەبم بەقوربانی ئەم شارە...؟

## ٩- هەواڵێکی کورت

کێ (مانسانا) دەناسێت؟

(یەفتۆ شنکۆی) شاعیر دەڵێت:

(مانسانا) ئێزگەی کوبای گرت

بۆ سێ چرکە ڕاستی وت

دنیای هەژان...

لەدوایی دا درایە بەر گوللەی تاوان...

بەلام( مانسانا) نامرێت

دڵی لەلێدان ناکەوێت

هەر دێت و دێت...

ڕۆژی ئیزگەیەك دەگریێت
گوللەی تاوان نایبڕێتو نایبڕێت
هەرگیز نامرێت...
لە تەربانی سەپانەکاندا دەژێت
لە تووڕەییو لە ئازاری هەژارەکاندا دەژێت...
هەر دێتو دێت..
لەسەر شانۆ گەورەکاندا ڕاستی دەڵێت...
***

## سـێـدارە

ئەگەر بڵێم: شارەکەمم خۆشدەوێ..
دەمدەن لە دار...
ئەگەر بڵێم: یارەکەمم خۆشدەوێ
دەمدەن لەدار...
هەموو ڕۆژێ فیرعەونی شار
هەزاران جار
دەمدا لەدار
قەدەغەیە خۆشەویستی...
قەدەغەیە خەندەو پرسیار...
بەیەك بڕیار...
لێك دەترازێن هەزارەها ماسیو ڕووبار
بەیەك بڕیار
لێك دەترازێن...
هەزارەها کەوو نزار
هەموو ڕۆژێك فیرعەونی شار
زگی دایکە خەمبارەکان هەڵدەدڕێ...
بۆ پێغەمبەرێك دەگەڕێ...
بیدا لەدار
کە خۆری تر دێنێ بۆ شار..

***

## تــاوان

کاتێ هاتم وتم: ژیان
دەریایەکە بۆ هەموومان
هەزاران جار دەمیان بڕیم...
دیسانەوە هاتمە زمان
لە گشت گۆشەو شەقامێکی زەوی نوقمی شەوە زەنگدا
چرای وشەی نوێم داگیرسان...
گۆرانیم وت... گۆرانی جوان...
بۆ شارەکەم...
بۆ باران...
***

## مەنوو ڕۆڵە

– دایە شەوەو کچی لادێی زامەکانم
کونەو گۆزەی خۆیان پڕ کرد
لە ڕووباری قووڵی ژانم
دایە شەوەو شەویش ئێجگار درێژە
دایە شەوەو ڕێگای شەویش
هەڵەمووت و لووس و لێژە...
– ڕۆڵە مەنوو..زامەکانی خۆت توێ توێ کە...
ناخی گشتیان پڕ لە خوێ کە...
سێبەرێك دێ هەموو گیانی پۆڵایە
چاوەکانی تفەنگە
پەنجەکانی بۆمبایە...
لێی نەترسی ڕۆڵە دڵی مقەبایە...
دەبێ بەقەڵای زیوو زێڕ

تۆ نەتەویٚ...

دەبیٚ بەناسکە کچێك‌و

لەبەر پێتدا دەکەویٚ...

تۆ نەتەویٚ...

گەر بتەویٚ

نە دار بەڕووی کەزی سووتاو چڕۆ دەکا...

نەلە ئاسۆی ئەم شارەدا خۆر دەکەویٚ...

مەنوو ڕۆڵە...

مەنوو ڕۆڵە...

– ئەی دایە گیان... ئەوەی ئەمشەو بنویٚ زۆڵە...

***

## خۆزگە شەوانی باران

شەوەو باران

وەك هەزاران

بەچکە چۆلەکەی برسی

باوەش دەدا لە زەوی‌و بان

شەوەو باران

سەدان هەزار

خۆزگەو تاسەی تینوێتیمی خستە هەژان...

شەوەو باران

دارو بەردی ئەم شارە ماتە ماچ دەکا...

شەوەو باران

گلۆپی گشت شەقامێکی ئەم شارە لاتە ماچ دەکا

دە تۆش وەرە لە هەوری ماچی من تێربە

دەتۆش وەرە لە دلۆپەی بارانەوە

ماچی دلّداری فێربە

شەوەو باران

پوورە هەنگی خەمی کۆنم لێهاردەکا

شەوەو لە تاو لێزمەی ڕەهێڵەی زستان
باڵداری شەویش بار دەکا
دە تۆش وەرە دڵم بکە بە وڵاتێ
هەموو دنیا کڕێوە بێ
دڵۆپەیەك ناتگاتێ
گیانە باران لای من خۆشە
خرمەی باران لە کرۆکی ئێسكو خوێنما
ژانە، تایە، ئاڵۆشە...
ڕۆژانێ بوو لەو کوێستانە
هەرچەند باران دەباری
داوو تەپکەم دەنایەوە
بۆ کۆترە کێوی و پاساری...
هەزارەها نمەو دڵۆپەی زل زل...
چاوەکانمی دەخستە گل
من هەر دڵم لای مەلێك بوو
کە هێدی... هێدێ... شل... شل...
بەرەو داوەکە دەچوو...
ئێستاش منی تەنیای پایتەختی خەمبار
ئێستاش منی پەڕەوازەی شارێکی پڕ وێڵو بێکار...
هەزاران خەم... بچزێنە
ڕەگو ڕیشەی لەشمەوە
هەزاران زام وەکو ماسی بخزێنە
ڕووباری خوێنی گەشمەوە ...
بەسەر هەموو دڕكو داڵی ساڵانی ژانا ڕاکێشرێم
هەر گۆرانی بۆ چاوەکانی تۆ دەڵێم
هەر حەز دەکەم بەقەی نمەی بارانەکان
دەمو لێوت هەڵبمژم
کچێ ئاخر خۆشم دەوێی...

خۆمن تفەنگ نیم بتکوژم

شەوەو باران... هەر دەبارێو هەردەبارێ
شەوەو باران پەری ئاسمانی خۆشین...
بۆ هەڵپەڕکێ دێتە خوارێ...
شەوەو باران... هەر دڵۆپە بارانێ
هەزاران خەونی تیا دەڕوێ
ئەشێ ئێستا لە هەزاران ماڵو ژووری ڕازاوەدا...
دڵدار بۆ دڵدار بدوێ...
لە هەزاران کوللەو کۆشکو کەژاوەدا...
شیرین لە گەڵ فەرهاد بنوێ...
منی تەنیاش لە جیهانی هۆنراوەدا
مۆتەکەی خەم کەوڵم دەکاتو دەمگروێ
شەوەو ئێستا شوانی بێری ئا ئەو کوێستانە خۆشە
لەبەر پشکۆی کوانوی ئەشکەوتی گەرما...
کچۆڵەیە نەرمو نۆڵی توند لە کۆشە
بەرخو مەڕیش بارە بارِیان دێ لە سەرما...
دەم بێزار نابێ لەدەم...
دەست لە بێزار نابێ لە مەم...
نیوە شەوە هۆ کچەکە...خۆت لە بازوی توندی لەزەت دەربازکە
نیوە شەوە ... بەس ماچ بدەو بەس ماچ بکەو بەس نازکە...
هۆ... هۆ شەوانە سەر شێتەکە
شەو درەنگەو سەرماو تۆفە
بەس لە سۆنگەی خۆشیەکەدا کەناگیرێ
لەشولاری – خازە– واتوند هەلگلۆفە
دە دوا ماچی لێبستێنە خۆت ئاسایی
ڕەوانەی کە... هەتا سەرەڕێی ئاوایی
هۆ شوانەکەی گوندێکی بناری هەندرین...
خۆزگەم بە خۆت کاتێك باران دەبارێ

فەرەنجییەکەت دەکەی بە کەپرێکی بچووک
بۆخۆت‌و کچێکی شیرین
یا چارۆکەی هەوری لا ڕێ
بۆ خۆت دەکەی بە دەوارێ
قۆڵیشی دەکەی بە سەرین...
تێر دەگووشی لەش‌و لاری جوان‌و نەرم
تێر دەمژی گۆی مەمکۆڵەی توندو گەرم...
تێر ماچ دەکەی... گۆنا... ناودەم... لا لێو... لا مل...
تێر ئەڕوانی... بۆ قوڵایی چاوی پڕ کل
بۆ قوڵایی چاوی گەشی پڕ لە خەیاڵ
بەرەو ئاسۆیەکی فراوان
هەڵدەفڕی بەهەزار باڵ
هەڵدەفڕی بۆ ناو دڵی سۆزی کچە شوانکارێ
هەر ماچ دەکەی... هەر ماچ دەکەی
هەتا باران بباریٚ
خۆزگەم بەخۆت... لە شەوانی باران‌و تەرزەو بەفرا
جیهان دەکەی بە زنجێکی بچکۆلانە...
بۆ خۆت و کۆڵوانە دارێ
منیش هەر چەند شەو بێ‌و باران بباریٚ
خەم دەخۆم و خەم دەخۆم‌و دەتلێمەوە
لەسەر نوێنی تەنیایمدا...
بۆ تاقە ماچێکی نازدارێ...
هۆ شوانەکە خۆزگەم بەخۆت
تۆ هەر شەوە... لەبن ئەشکەوتێ دارێ
تێر تێر دەلێسیتەوە
هەنگوینی لەشی دڵدارێ...
خۆزگەم بەخۆت... گشت بەهارێ...
گوڵی بناری کێوەکان...

دەدەی بەکچە جوتیارێ...
لە لووتکەوە... بۆ باوەشت خۆی دەهاوێتە خوارێ
هۆ شوانەکە من بێزارم لەم پایتەختە من بێزارم...
شێتو شەیدای کوێرە گوندێکی بنارم...
هۆ شوانەکە... پێم نالێی چۆن ببم بە شوان
فێرم ناکەی چۆن داربەڕو
بکەم بە گالۆکو گۆچان...
چۆن قامیشی بنارو یاڵ...
بکەم بەنایو شمشاڵ...
فێرم ناکەی چۆن شەوانی تۆفی زستان
خۆم بپارێزم لەباران...
فێرم ناکەی چۆن گەورە کەڵ رام کەم بێتە ئامێزم
فێرم ناکەی... لەشەوی ئەنگوستە چاوا
چۆن ڕانەکەم لەگەلە گورگ بپارێزم
هۆ شوانەکە.. خۆزگە منیش وەك تۆ شوان بم...
وەك تۆ کوڕی چیاو دۆڵو دارستانی کوردستان بم...
هۆ شوانەکەی گوندێکی بناری ئاکۆ...
ئەگەر من بم لەباتی تۆ
هەزاران ساڵ بە کەژەوە بەفر لێمدا...
هەر بێزار نابم لە شەوانی
ئەگەر من بم لەباتی تۆ...
ئاو لە دەریا ببڕێ
لەمن نابڕێ گۆرانی
هۆ شوانەکە... خۆزگەم بەخۆت
بەس نیە تۆ پڕ سوێی دڵت شنەی کوێستان هەڵدەمژی
خۆزگەم بەخۆت بەس نیە تۆ
پڕ توێی دڵت ئاوی ڕەوان هەڵدەمژی
تێر گوێ دەگری... لەقاسپەی کەوی لانەواز...

لە خوڕەی ئاو... کە ئەتۆریَ لە هەوراز
بەس نیە تۆ... شەوانی تاری زستان...
چاوت لەبەفر بارینە...
چاوت لەهەوری لارێکە...
مانگە شەوێکی بەهار...
خەریکی مێگەل دۆشینە...
ئەی من چیبکەم... ئا لەم شارە زیندانە...
بەبێ دڵدار... بەبێ پارە... بێ هێلانە...
ئا لەم دوورە وڵاتە
هەرچەند دەکەم... نوزەی دەنگم ناگاتە...
کچێك لەسای دەوارێکی کوردستانە...
مەگەر دیجلە... دیجلەی خەمبار...
هەواڵێکی ئەو شاخانەم بۆ بهێنیَ...
ئەویش جار جار...
من حەزدەکەم... منیش وەك تۆ ببم بە شوان...
ببم بە بنجیَ خرنوك...
ببم بە لقیَ بەلاڵووك...
ببم بە هەرچی داریَ...
بڕوێم لە بن بناریَ...
لەبنارەکانی کوێستان...
بەڵکو ڕۆژیَ کچە شوانیَ
کچە سەپانیَ ... جوتیاریَ
بۆ خۆی بمکا بە گۆچان...
جا ئەوساتە دەستی نازدار...
لەگەردنی من ناترازیَ
جائەو ساتە... شنەی خۆشی ختووکەدار...
لەناو دڵما شەپۆل ئەدات وەکو شازیَ

## ئەء دڵی تۆ بەردیش نیە...

ئەگەر دڵت بەردیش بایە
بەبرژانگی چاوەکانم هەر دەمکێڵاو
تۆوی ئەشق‌و خۆشەویستیم تیادا دەڕوان...
ئەگەر دڵت دەریایەکی تووڕە بایە
شەوێ خۆمم تیا دەخنکان...
ئەگەر دڵت ماڵی دوژمنیش بایە
جارێ تیا دەبوم بەمیوان...
ئەی من چیبکەم دڵت قوللەی بێ دەرگایە
نە چۆلەکەی شیعرەکانم دەیگاتێ...و...
نەهیچ بایە...
کچێ ئاخر تۆ بۆ نایەی بە برژۆڵەی خەمباری چاو
کەزی‌و پرچت بۆ دابێنم
ماچی وەکو شووشە گوڵاو
لێ پژێنم...
بەدەستی هەست...
بیهۆنمەوە و بیکەم بە جوانترین هەڵبەست ..؟
کچێ وەرە باسبەینێ کەس نەڵێ :
شاعێرک بوو هەموو ووشە جوانەکانی
جیهانی کرد بە گۆرانی
بۆ نازدارێك
خۆشی ئەویست
هەرچەن گەرم بۆی چڕی
دڵی نازدار کەڕو لاڵ بوو دەنگی نەبیست
کچێ وەرە ... با شار گشتی ...
نەیکەن بە قاوو نەڵێن ...
شاعیرێك بوو کچێك کوشتی ...
***

## بۆمن مەگری بگری بۆ خۆت

وەکو داریێ لە ڕەگەوە دەری بێنن

تۆم لە ناخی دڵم دەرکرد ...

وەك كاغەزێك بیسوتێنن

خۆشەویستی تۆ ئاوامرد ...

وەك بروسکە وون بێ لە ناو شەوی تەما ...

تاسەم بۆ تۆ ئاوا نەما ...

***

وەك باڵدارێك

لە کەلاوەی خۆی بیزاربێ...

وەك ڕووبارێك

لە سەرچاوەی خۆی بێزار بێ

بیزارم لێت ... بێزارم لێت ...

ئەو ڕۆژانەی خۆشتمدەویست

من شێت بووم ... شێت

***

ڕۆژانێ بوو حەزم دەکرد و دەم ویست

هەر تۆ بکەم بە خۆشەویست

ڕۆژانێ بوو جاران سەیری تۆم دەکرد

ئیتر کێوی خەمم دەمرد ..

ئێستا بە چاوتا بڕوانم

دەتەقێ سەرچاوەی ژانم...

ڕۆژنێ بوو ...

تۆ لە دڵما کۆتەڵێکی پیرۆز بووی

ساویلکە بووم ... کچێ ... کەمن وام دەزانی ...

تۆ دڵسۆز بووی

بە گشت زەبری پاچی قینم

کۆتەڵی پیرۆزم شکان
بۆ جوانە مەرگی ی ئەوینم
تاقە فرمێسکێکم نەڕژان
من چۆن فرمێسکی ئازار
دەڕژێنم بۆ کچێ بێ بار...؟
ئەوەندەی من تۆم خۆش دەویست
نیو ئەوەندە خۆم خۆش نەویست
کەچی تۆ هەرمنت نەویست ...!
کچێ تازە ئاو ببڕێ لە ڕووخانە
بەڕوو قات بێ لەو کێوانە ...
من دڵ بە تۆ نادەم ئیتر ...
ئیتر بە تۆ ناڵێم گیانە ...
ئیتر ناڵێم چاوەکانت
مانگە شەوی کوردستانە ...
کچێ ئاخر من نەفام بووم کە شیعری خۆم
ئاخ بۆ کچێ دەکرد بە مۆم ...
کەنەك شیعر ... ئینجیل ... تەورات ...
زەبوور ... قورئان ... دڵ و وولات
بە یەك ئەنگوستیلە دەدات
تۆ ... کچەکە ... ئەگەر ڕۆژێ ئەوین فێربووی
ئەگەر ڕۆژێ لە زمانی برین فێر بووی
ئەگەر ڕۆژێ بە هۆنراوەی زیزی مندا
چاووت خشان ...
گەر هەستت کرد ...کە خەریکە لە ناوەوە
بتخواتەوە چەمی گریان...
ڕێنمایم ئەوەیە بۆت
بۆ من مەگری ... بگری بۆ خۆت ...
***

## ئاخر هەوریش – بەردە قارەمانی – خۆش دەویّ

نەء گیا نە هەور لووتکەی هەلگورد جێناهێڵێ
هەور منالّەو لە داوێنی هەلگوردا هەر ... خۆی
دەچێنێ و ...
لە گەلّ شوانی گوندەکان دا بە ستە دەلّێ...
هەور دلّدارەو لەگەلّ بارگەی ڕەشمالانی پەنای شاخا ...
لە سێبەری خەستی دۆڵە سەوزەکاندا
یاری دەکا و دەس بە پرچی کچی ڕێواس چنا دێنێ ...
کەزی ژنی بەرز و نازدار تەڕ دەکات و
لە پێچپێچەی کێوەکاندا ...
وون دەبێت و ...
پێدەکەنێ و وەك شۆڕەسوار...
بۆ ناو شیوو چەم و دەشتیی دادەبەزێ و
خەندە دەدا بە منالّی شەوی لادێ و
زەوی تینو تێردەکات و ...بۆ شمشالّی شوانی شەوان
گوێ شل دەکات ....
بۆ نازانی گیانە هەوریش لە شمشالّی شەوان تێدەگات ...؟
بۆ نازانی گیانە هەوریش خۆشەویستی دەکات
لەگەلّ دار و بەردی وولات ...
هەوریش خۆشەویستی دەکات
گیانە هەوریش دەستی هەیە و سنگ و مەمکی ...
دلّدارەکەی ، خۆیی پیّ ختووکە دەدات ...
گیانە هەوریش دەمی هەیەو دلّدارەکەی خۆی ماچ
دەکات ...
گیانە هەوریش لاقی هەیە کالّای ئاسن لە پیّ دەکات
هەوراز ... هەوراز ئەڕوا و ئەڕوات
تا بەدلّداری خۆی دەگات
تۆ دیوتە هەور چۆن خۆی دەکا ... بەناو ناو جەنگەلّ و

شاخا ...

ئەی تۆ هیچ شەیدایەکت دیوە ... کە وەکو هەور ...
پارچەی دڵی بۆ دڵدارەکەی ڕاخا ...؟
هەور دەبێتە ... شەستە باران ... زەنگۆڵ... زەنگۆڵ ....
دەتکێتە ڕەگ و بنجی داری بەڕوو ڕیشەی گوڵە گەنم و جۆدا
دەچۆڕێتە ناخی زەوی کزرو ووشکا ...
ئەی تۆ بۆچی ... نیوە شەوێ ...
دەمت ناکەی بەیەک دڵۆپە بارانێ ...
بۆ شاعیرێك کە تینوێتی زمانی لێزەوتکردووە و
دەمی نی یە هاوار بکا : – تۆم خۆش دەوێ ...
کچێ سوێندم بە برسیەتی منالآنی قۆچی تاشی گشت کوردستان
تۆم خۆش دەوێ...
کچێ سوێندم .. بە هەتاوو مانگەشەوو دڕکوو داڵ و
پەلآشی گشت کوردستان
تۆم خۆش دەوێ
هەور باڵدارەو لە گەڵ شاخ و داخ و بەردی کوستاندا
خۆشەویستی دەکاو دکات ...
ئاخر هەوریش بەردە قارەمانی خۆش دەوێ
قۆڵ و باسکی لە گەردنی دەئاڵێنێ و ئەملا و ئەولای
هەڵدەمژێ و
بۆنی گوڵ و دارەسووتاوەکانی بۆ دەبات
ئاخر هەوریش ڕەگی هەیەو
هەرچی تەوری نەگریس هەیە
دای نابڕێ لە قولآیی خاكو خۆڵی
سەوزی ولآت
ئاخر هەوریش منالآنی شارەکەمی
خۆشدەوێ
کە ئەچن بۆ مازوو چنین

کە ئەچن بۆ بەڕوو دزین
کە مێگەل بۆ کەژ دەبەن
کەلە کەژیش دێنەوە
بەسەریاندا دادەبارێو
ڕێگایان بۆ گوڵڕێژ دەکاو
گوێ لەدەنگی عەشقیان دەگرێ
(( ئەی هەورەکە گیان گیان
دەستم بگرە بێمەبان
بۆ قارچك و دومەڵان))
((هەیاران‌و مەیاران
خوایە بیکەیتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران))
دە ئەی هەورە خەستەکە هەر
دابباریێو دابباریێ
نەك تەنیا هەر لەلاش و لاری کچەکەی مامم
نەك هەر خاك و کێلی گۆڕەکەی دایکم ...
تەڕکەیت و بەس ...
هەموو سوچ و تۆزقاڵێکی هەموو شارێ
بشۆرەوە ... لە ژنگ و خەم ...
بەژن و باڵای گشت دارەکان بتەکێنە لە تۆز و تەم ...
بە قامیشی گوێسەبانەی هەژاراندا شۆڕبەرەوە ...
گوڵ بدەرە باخی دڵیان ...
جیهانی کۆن ڕابماڵەو ... زەوی سوتاو بژێنەوەو
جیهانێ تر بێنە کایە .. کە دارەکانی هەر سەوزبێ و
ڕووبارەکانی پڕ ئاو بێ ..
لە هەرکوێوە چاو بڕوانێ .. هەرخۆشی بێ و هەر
تریفە ..
هەر شایی ژێر ڕەشماڵی بەرخۆرەتاو بێ ..

جا ئەو کاتە منالآنی چەوساوەی گشت کوردوستان ..
تێر تێر دەخۆن ..لە خۆشی و نا ن ..
لە رووباری کەف زیوینا .. دەستی قلّیشاویان دەشۆن ..
خەمەکانیان لە خەوێکدا .. لەبیر دەچێ و .
لەسەر چیای نوقمی بەفر و خۆرەتاوا .
پەنجەکانی خۆیان دەکەن بە کۆڵەکەی ئاسمانی نوێ و
خەو دەبینن خەوی سەوزی وەك دارستان .
ئەم زەویە پڕپڕ دەکەن لە نێرگز و گۆرانی جوان .
نەء ئەوسایە .
هیچ گەردەلول و بایە ..
کۆلارەکانیان نادڕن
کۆلارەکانیان هەر .. ئەفڕن و هەرئەفڕن ..
نامەکانیان ..
گشت — لاوکو — و — حەیران — ە — پڕ تامەکانیان ..
بۆ منالّی هەموو زەوی هەڵئەگرن
سەرانسەری جیهان دەکەن بەیەك شارێ ..
بەلآم ئەوساش .. پەرەسێلکەی گیانی ساوای
هەژارانی ..
لە برسا هەڵپڕوقاوی کوردوستان .
هەموو جارێ ..
بە کۆڵەکەی مانگەشەودا .. بۆ کوردوستان دێنە خوارێ
لە سای دارێ ئارام دەگرن . کە بۆنی برینی لێدێ ..
لە رووناکی کانیەکەدا مەلە دەکەن
بۆنی بەفری پالّ هەندرێنی لێدێ
کە بەیانیش بەرەو ئاسمان . هەڵئگژێن بە پرچی
پرشنگی زۆرا ..
نم . نم . عەشقیان ئەڕژێتە سەر، بە فرو دار و
بێستانی ..
کوردوستانی بەر خۆرا ..

## سەرەتایەکی تر بۆ داستانەکە

گیانە مەڵێ .. خۆشەویستی لە کوێوە هات؟
ئاوی ڕووبار .. لە کوێوە دێ
پەل و پۆی دار . لە کوێوە دێ
ئاوازی تار . لە کوێوە دێ
خۆشەویستی لەوێوەهات .
من چیم ؟ . من چیم . من بیابانێکی تینووم ..
بۆ مژینی ئەو لێوانەی تۆ هاتووم
من هاتووم.. لە شەپۆلی قژەکەتا خۆر بچنم
خۆشیەکی زۆر بچنم..
من هاتووم.. ئاوێنەیەکم پێیە فراوان
وەکو زەوی.. وەکو ئاسمان
وێنەی خەمی هەزاران چاوەنواری تیایە
وێنەی تەرمی هەزاران دڵداری تیایە
وێنەی تینوێتیمی تیایە بۆ ئافرەت
بۆتۆ.. بۆتۆ.. بۆتۆ ئەی کچی کەڵەگەت..
من هاتووم.. لە ڕووباری ئازارمدا
چەپکێ خەمو شەرمم پێ یە
من هاتووم .. لە هۆنراوەی خەمبارمدا
گڕی وشەی گرمم پێ یە..
من کێم.. من چیم؟
دانتیم.. دانتیم..
خەمی دووری– بیاتریسم– هێناوە...
فلۆرەنسەم ونکردووە...بێ شوێنو جێم
بێ فڕۆکە.. بێ ئۆتۆمبێل.. بێ کەژاوە
ونم.. ونم
ئەگەڕێم بۆ .. سەرەتای یەکەم ئەوینم
ئەگەڕێم بۆ.. خۆشەویستێ بکا شینم
***

## (دوو هۆنراوە)

### ١- بۆ کچێك کە نەیدیوم

گوایە دەڵێن: شیعرەکانمت زۆر بەدڵە
گوایە دەڵێن شیعرەکانمت لەلا گوڵە
گوایە دەڵێن: ئاواتخوازەو سەرەڕۆی بۆیەك ببینم؟
کچێ، نەکەی بگلییتە ناو ڕووباری ئەوینم
کچێ نەکەی شەیداو تینووی دیدارم بی
کچێ نەکەی خەیاڵ بکەی دەسگیران و دڵدارم بی
من سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لاتو زگارو خەمگینم
هەتا بڵێی لەڕو سیس‌و ناشیرینم

***

### ٢- بۆ ئەو کچەی خۆشم ئەوێ...

گەر هۆنراوەم بۆ دەریایەك بووتایە
ڕادەوەستاو هەرچی گەوهەر لە بنیایە
ڕۆی دەکرد بۆم
گەر هۆنراوەم بۆ دار گوێزێك بنووسیایە
وشکیش بوایە
گورج.. گورج.. پەلوپۆی دەکرد بۆم
گەر هۆنراوەم بۆ چیایەك هەڵڕشتایە
هەموو دارو بەردەکانی دادەگیرسان
وەك چراو مۆم..
ئەی تۆ بۆچی.. بۆ.. گلارەی چاوەکەم
تەنیا جارێ ناتهەژێنێ هۆنراوەکەم؟
گەر حەز دەکەی، لە شەوانی بێداریتا
پەنجەکانم وەکو دە مۆم داگیرسێنە
گەر حەز دەکەی تۆ مناڵ بەو
من دەبمە بووکە شووشەو بمشکێنە
بەڵام مەڕۆ.. مەڕۆ.. وازم لێ مەهێنە..

نیوە شەوەو لەتاریکی شەوانی زستان دەترسم
لە جنۆکەو شەوەو شەولەبان دەترسم
لەخشەی پێی ڕێبواری کۆڵان دەترسم
دایکم نیە گورگانە شەوێم بۆ بکات
بە چمکێکی کۆڵوانەکەی حەشارم دات..
دە گیانە تۆ تەمی ترسم بڕەوێنە..
مەڕۆ.. مەڕۆ بێ تۆ من لە خۆمیش هەراسم..
مەڕۆ هەتا پرچت درێژ دەبێتەوە
خۆم بەگرێی تاڵێکی دا هەڵدەواسم
***

## ئامۆزا گیان

تۆ دووریتو ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان
هەزارەها چەتەی برسی
لە نێوانمدا سنوورە ئامۆزا گیان
ئەگەر دەستم نەگاتە تۆ
ئەگەر مژی ماچی خەستم نەگاتە تۆ
ئەگەر چۆلەکەی هەڵبەستم نەگاتە تۆ
لێم ببورە..
ڕێگا دوورە ئامۆزا گیان
ئەگەر دەمم درێژ بکەم بۆ دەمی تۆ
ئەیقرتێنن ئامۆزا گیان
ئەگەر پەنجەم درێژکەم بۆ پەرچەمی تۆ
ئەی سوتێنن ئامۆزا گیان
ئەگەر نامەی شاعیرێکی دووری شار
بگاتە ناو سنووری شار
نەك نامەکە نامەبەریش دەهەنجێنن
ئامۆزا گیان

ئێوارە بوو هەڵگڕامە باڵای داری خەو بینینا
ئامۆزا گیان
خزامە ناو چاڵی قوڵترین برینا
ئامۆزا گیان
گەڕام بۆ تۆ.. بۆ هۆنراوە
تۆ ئەستێرەیەکی جوان بووی
لە ئاسمانێکی زۆر شینا.. ئامۆزا گیان
هۆنراوەکان ملوانکەبوون لە گەردنتا
تۆش بە ڕووتی مەلەت دەکرد
لەدەریای خەوی شیرینا ئامۆزا گیان
من بە گوڵی باخی کوێستانی برین
وەرزێك دەکەم بۆ خەوبینین
وەرزێك دەکەم بۆ ئەوین
ئامۆزا گیان
من لە دڵی ئارەزووما بەخونچەی تینوی گریان
بەتریفەی چاوەنواری
وەرزێك دەکەم بۆ پێکەنین
ئامۆزاگیان
دەتۆش وەرە.. دەروازەی ئازارم داخە
بۆ خەوی هەزارو یەك شەوە
قەدیفەی زامەکانم ڕاخە
ئامۆزاگیان
گەر بزانی من چەند تینووی بینینی تۆم
ئامۆزاگیان
گەر بزانی من چەند تینووی دەنگو پێکەنینی تۆم
ئامۆزاگیان
ئەبی بەڕووباری هەنگوین
سەر بەرەو خوار بە گشت شوورەو لووتکەکاندا

هەڵدەگژێی
بەقوڵایی چاوەڕوانی زامەکانی منا دەڕژێی
ئامۆزاگیان
گەر بزانی ژوورەکەی من چەند تاریکە
گەر بزانی لەتاریکی ژوورەکەمدا
چەن خەم دەخۆم...
لەشەوانی بەفرو تەمدا
پەنجەکانتم بۆ هەڵدەکەی وەك چەپکە مۆم
ئامۆزاگیان
گەر بزانی چۆن کەس نی یە خەندەیەکم بداتێ
گەر بزانی...
دێی سۆزی من بۆ خۆت دەکەی بە گۆرانی
چاوەکانت بۆ من دەکەی بە وڵاتێ ئامۆزاگیان
من تینوی تۆم یا بیابان تینووی ئاوە
ئامۆزاگیان
من شەیدای تۆم یا شار شەیدای هەتاوە
ئامۆزاگیان
تۆ مێشولەی شەونخونیم ئەتارێنی
یا هۆنراوە ئامۆزاگیان
ئەوە پرچە بەسەر شانتا داباریوە یا هەتاوە؟
ئامۆزاگیان
من لەخەوما بۆلای تۆ دێم گیانە تۆ گشت شارەکانی
تۆ ئاوازی بەستەی گشت باڵدارەکانی
تۆ هۆنراوەی... تۆ هەتاوی... تۆ بارانی... ئامۆزاگیان
تۆ وڵاتی خۆشیو خەندەی
تۆ پایتەختی گشت جیهانی
تۆ هەموو شتێکی جوانی
ئامۆزاگیان

من لە خەوما بۆلای تۆ دێم
بێئەوەی تۆ پێی بزانی
ئەملاو ئەولات تێر ماچ دەکەم
ئاسۆی دەمت نوقم دەکەم بەهۆنراوە... بە گۆرانی
بەرە بەیان وشەی نامەیەکی بێ ناو
ئەپەرژێنم بە مەمکتا وەکو گوڵاو
ئامۆزاگیان
پەنجەکانم وەکو رەوە چۆلەکە
بەسەر لەشتا دەبارێنم ئامۆزاگیان
بەر لەوەی هەست بەمن بکەی
ون ئەبمو چەپکێ خۆشی ئەفرێنم ئامۆزاگیان
تۆش لەخەوتا بەقوڵایی دڵی مندا
بچۆرە خوار
لە قوڵایی دڵی مندا
ئامۆزاگیان
مەلە بکە لە ڕووباری هۆنراوەی زۆر ڕۆشندا
ئامۆزاگیان
ئەمە منم بانگت دەکەم
بەدەس بەچاو.. بەدڵ.. بەدەم
ئامۆزاگیان
بانگت دەکەم واز ناهێنم
خۆشەویستیم بۆمبا نیە
بەڵام هەموو کێوێکی پێ ئەڕوخێنم
دیواری گشت جیهانی پێ ئەخوسێنم
ئامۆزاگیان
ئەگەر کێوەکان نەڕوخان
ئەگەر ژەنگی بێ بارانی
هەموو گوڵەکانی قرچان

تۆ بۆم بگری‌و منیش هەرچی فرمێسك هەیە بۆت دەڕژێنم
ئامۆزاگیان
تۆ دووریت‌و ڕێگاش دوورە ئامۆزاگیان
هەزارەها کێوو تەلان هەزارەها چەتەی برسی
لە نێوانماندا سنوورە ئامۆزاگیان
ئەی بارانی خۆشەویستی دە کێوەکان ڕابماڵە..و
زەوی لووسکە وەکو دەستم
با دەرکەوێ بەژن‌و باڵای خۆشەویستم
با دەرکەوێ...
با خۆرێکی تر بکەوێ
من ناتوانم ببم بە مەل بە پەپوولەیەکی ئاوارە
ئامۆزاگیان
ئێوارانێکی پایز بێم خۆم ماتکەم
بێم خۆم ون کەم لەناو ئەو قژە خەمبارە ئامۆزاگیان
چیم لەدەس دێ
لەوە زیاتر خۆشتم بوێ‌و خۆشتم بوێ
ئەگەر ڕۆژێ لێکی کردین
گوللەیەك یا نەختێ پارە ئامۆزاگیان
ئەی بارانی خۆشەویستی دە کێوەکان ڕابماڵە
با دەرکەوێ شارەکەم
با تێر دەستم بئالێنم لە گەردنی دڵدارەکەم
بەری ڕووبارەکان مەگرن... زۆردارەکان
دزی مەکەن لە چەوساوەو هەژارەکان
بەری ڕووبارەکان مەگرن...
با نەڕزێ بەهارەکەی ئاواتەکەم
با نەڕزێ ڕەگی بەڕووی وڵاتەکەم...
بەهەزار چاو بڕوانمە بەژنۆ باڵات
هەر تێر تاخۆم لەتەماشات

ئامۆزا گیان
دووریەکەی تۆ گرانترە.. لەوەی بەکۆڵ
بگوێزمەوە.. دارو بەردی
کێوەکانی هەموو وڵات
ئامۆزا گیان
بشێ عەشقیش تەواو ببێ وەکو باران
بشێ عەشقیش جوانە مەرگ بێ
وەکو گوڵی بەهاران..؟
نا نا هەرگیز عەشقی ئێمە نابڕێتەوە ئامۆزا گیان
عەشقی ئێمە بەفر نیە بتوێتەوە ئامۆزا گیان
هەموو وشە خۆشەکانی فەرهەنگی گشت زمانەکان
دەتوێنمەوە... ئامۆزا گیان
یەك گۆرانی پێ دەنووسم...
ڕۆژێ بۆتۆی دەخوێنمەوە...
ئامۆزا گیان
مەگەر ئەوسا بۆت دەرکەوێ
کە من چەندێ تۆم خۆشدەوێ
ئامۆزا گیان
تۆ بتەوێ‌و تۆ نەتەوێ
هەر تۆم دەوێ‌و هەر تۆم دەوێ
ئامۆزا گیان
***

## خەوەکەی لالە سەرحەد

تاقە دڵدارێکم هەیە... ئەو دڵدارەش تۆی...

تاقە شارێکم هەیە... ئەو شارەش تۆی

بەغدا پایتەختی عێراقە

تۆش.. دەسگیرانی منی ...

پایتەختی منی...

من... لەهەموو ڕێگایەکەوە.. بۆلای تۆ دێم

.. بۆلای تۆ دێمو

لە ڕوخسارە زیزەکەتا... خەمی هەمووماڵەکانی

سەرکارێز بەدی ئەکەم...

ئەگەر ڕۆژێ... فەرمانی بەند کردنم دەرچێ..

حەز ئەکەم لە توێی باسکەکانی تۆدا.. کۆت کرێم..

گەر فەرمانی هەڵواسینم دەرچێ...

حەزدەکەم بە گلۆڵەی قژەکەی تۆدا هەڵواسرێم..

.. من نازانم نەتەوە یەککگرتووەکان

بۆچی...

دڵداری قەدەغە ئەکەن..؟

ئای ئەگەر من ڕووبارێك بام

کێ دەڵێ مانگەشەوێکی هاوین

لە شەپۆلەکانمدا بە ڕووتی گۆرانیت نەدەوت...!

ئەوە هەموو زامەکانم... بیانکەرە چەترێکی

فراوان...

لە ژێر لێزمەی زەنگۆڵەی بارانەکانی زستاندا

گۆرانی دڵداری بڵێ

ئەوە هەموو زامەکانم.. بیانکەرە کەپرێکی

جوان...

لە ژێر شەپۆلی قرچەی گەرمای هاوینا... لاوکی

خۆشەویستی بڵێ

ئەوە هەموو زامەکانم... بیانکە بە چەپکێ گوڵی
گەش و...
لە جەژنی لەدایکبوونی خۆرێکی تازەدا بیاندە لە تاڤگەی
قژە درێژەکەت...
گەر دەریابم... من حەز ئەکەم. شەپۆلەکانم... هەر
لمی زیوینی...
کیشوەری لەشی تۆ تەڕ بکات
گەر هەتاو بم... من حەز ئەکەم هەر لە چاوەکانی تۆدا...
هەڵ بێم و ئاوابم...
گەر پەپوولە بم... من حەز ئەکەم هەر لە دارستانی
قژەکەتا...
گەردەلوولی ئاوارەیی ونم بکات
تینوومە گیانە... مەگەر ڕووباری دەستە پیرۆزەکانت
کڵۆی برۆنزی تینوێتیم بشکێنێ...
برسیم گیانە... مەگەر سێوە لاسوورەی ماچەکانت
تێرم بکات...
تۆ ئەوەندەی هەتاو لەمنەوە دووری...
هەتا ئەوەندەی تۆ لە شارەکەمەوە دوورە...
شارەکەشم ئەوەندەی دایکم خەمبارە...
نەء گیانەکەم نەمن دەس بەرداری تۆ دەبم ونە سەوزایی
لەدارستانەکانی کوێستان
دەبڕێ و .. نە بێستانەکانی گەرمیان بێ شەمامە دەبن..
نەء فەرهاد واز لە شیرین ناهێنێ...
نەء نە فەرهاد ئەمجارە خۆی دەکوژێ و
نە من واز لە تۆ دێنم..
نە گوڵ لە زەوی دەبڕێ..
خۆشەویستەکەم.. بەفر لە ئاودا ئەتوێتەوە..
منیش لە خۆشەویستی تۆدا ئەتوێمەوە..

کچێ.. ئەگەر ئەمجارە وتیان: دڵدارەکەت

شێتە...

ئەگەر ئەمجارە وتیان: لەتیف هەڵمەت شێتە..

پێیان بڵێ: شێتی.. منە شێتی بارانێکی ترە...

شێتی بەهارە...بەهاری کورد...

شیرینو..فەرهاد.. لاس.. و .. خەزال..

تۆو .. من ..

دڵدارو شار، ڕەگو زەوی. مەلو لانە. هەرگیز لە یەك جیانابنەوە...

نەء ئازیزەکەم. دڵداری پاتری نیە..سکراب

بێ ...

نەء گیانەکەم.. دڵداری.. دەریا نیە بڵێن ووشکی

کرد..

دڵداری ئۆکسجینی ژیانە..

دڵداری هیمۆگڵبینەو

لەهەموو دڵۆپە خوێنێکماندا

لانەی هەیە...

زەوی هی جوتیارە..

کوردستان نیشتمانی کوردەو جێ ژووانی مەمو زینەو

تۆش... هەر بۆ منیو

منیش ئەو شاعیرە شێتەم

کەلمی هەموو ڕەشەباکان

چەمی هۆنراوەم لێخەن ناکاتو

پەڕو باڵی سیمرخی ئەندێشەم

ناوەرێنێو


چاوی ڕوانینم ناخاتە گلو

هەوری شەستە بارانی ئەوینم

لە ئاسمانی چاوەکانت دوور ناخاتەوەو

دیواری دڵم ناسمێو

ڕێگای هەڵگوردم لێ ون ناکات...




# گەردەلوولی سپی

١٩٧٨

## دوو سەرەتا

١- لەبەرئەوەی حەزم لێتە

وتیان: ئەو شاعیرە شێتە..!

***

٢- ئەی هۆنراوە

لە دڵێکدا بۆت دەگەڕێم

کە زمانی تیا کوژراوە

## شینایی ئاسمان

ئێوارانێ قەلەڕەشێ وتی: دەبێ بە شاباڵم

هەموو شینایی ئاسمان

رابماڵم

قەلەڕەشی ئێسک تاڵ

هێند باڵەکانی لێکدا لێی برا تین

پێوە نەما پەڕو باڵ

لەسەر پشت دای لەسەر زەمین

کە دوا نیگای هەڵهێنا

روانی ئاسمان

هەر شینەو شین

وەکو جاران

***

## چەند نهێنییەك

١- با

*هاوڕێتیی کەس ناکا*

***

٢- هۆنراوەش هەر وەکو بایە

جارجار دێتو

جارجار نایە

***

٣- کە شیعر دەنوێ

گژو گیای بێدەنگی

لە هەموو زەویدا دەڕوێ

***

٤- هەور هەورەو

شەکر.. شەکر

شیعریش شیعر..!

***

## کانی

ئەرێ با

چەمو کانیی تیا نییە؟

دڵی شاعیر

دارستانی تیا نییە..؟

ئەرێ شیعر

زۆر شیرینە

یا شەکر..؟

***

## دوو پرسیار

١- ئەوە دارە

لەسەر شۆستەی شەقامەکانی زەویدا

جوون جوون دەڕوێ

یا هەژارە..؟

٢- ئەوە زامە

بە سەرانسەری زەویدا

رادەکێشرێ

یا شەقامە..؟

***

## تۆ بوویتەتە خۆر

تۆ بوویتەتە

گۆرانیی گشت مناڵەکان

ئەگینا بۆ گۆرانی..

منالەکان سەردەبڕن..

...

تۆ بوویتەتە

خۆر.. ئەگینا بۆ بەری خۆر

لە ماڵەکانمان

دەگرن..

...

تۆ بوویتەتە

هۆنراوە..

ئەگینا بۆ.. هۆنراوەی گشت شاعیرەکان

لە زمانو پەڕەکاندا

کۆت کراوە..؟

***

## دەرمانی پێکەنین

ئێمە لە چەرخێکدا دەژین
خەمی تیا بووە بە: هەنگوین
بە دۆندرمە..
بە ئەسپرین
ئەم سەدەیە
سەدەی مشلۆ کوللەیە..
سەدەی برین
لە چ دەرمانخانەیەك
دەرمان هەیە
بۆ پێکەنین..؟
***

## من کچێکم خۆش دەوێ

من کچێکم خۆش دەوێ بەدەستی خۆی
تاڵ.. تاڵ.. برژانگی.. برۆی
هەڵکێشێتو هەمووی بکا
بە پەرژینی ئەم شارە
من کچێکم خۆش دەوێ
تاڵ.. تاڵ قژی بچنێتو
بیکا بە پەتی سێدارە
بۆ زۆردارێك..
گوڵی کرد بە هەوری دووکەڵ
لەم هەوارە..
***

# تیر

بووم بە تەمو چووم بۆ ئاسمان
بەرۆکی خوام راتەکان
قۆپچەی نەبوو هەڵبوەرێو
دەمی نەبوو بێتە زمان
گەڕامەوەو
لقی دارەبەڕوویەکی پیرم کردە
تیرو کەوان..
سەرانسەری گێتیم هەژان..
***

# لاوانەوەی یەکەم خۆر

## ١- سەرین

ئەی دایە گیان!
لە دوای هەموو رووداوەکان
خەمی کۆنو قورسمان بەشکرد
لە زێی دەریا کوژراوەکان
زامی برسیی و ترسمان بەشکرد
لە کۆتری بن رەشماڵی چەوساوەکان..
پرچی خاتووزینیشمان کرد
بە سەرین بۆ:
پاڵەوانە خەساوەکان
***

## ٢- شمشێر
***

ئەی.. دایە گیان!

بمانناسە..

ئەمە کورتەی دەنگو باسە..!

بمانناسە..

ئەو شمشێرەی..

کە دات پێمان.. مەڵێ کوانێ..!

لە دەستە مردۆکانماندا

ژەنگی گرتو

شەوی قاتیی و گرانیی

گۆڕیمانەوە بە نانێ

ئای ئەگەر- بەردەشانیی-

ئا ئەم هەواڵەی دەزانی

نەفرینی لە شارێك دەکرد

بە شیر ناسێنێ نانی

## ٣- لاوکێکی نهێنی
***

ئەی دایە گیان!

ئەگەر ئەمشەو بەرەبەیان

لەسەر ئەسپی ئەوینێکی شپرزەدا

هاتی بۆ لام

هەرگیز نەکەی

دەستت بکەی

بە پشتوێنی زێڕینی قەدو باڵام..

من بوومەتە

ڕووباری زام..

هەرگیز نەکەی
دەمت بکەی بە شەکر بۆم..
پرچە سووتاوەکەت بکەی
بە کەپر بۆم..
دایە من ئەمشەو- بۆمبا-م
لە دەممدا
شاردۆتەوە لەجێی وەڵام..
بۆ ئەوانەی وا دەزانن..
پەملەپس[1] و- مقەبا-م
***

## رۆژنامە

هەزارەکان: لە هەچ شوێنو جێگایە
لە هەچ وڵاتو لایە
رۆژنامەکان نەیانوێرا
بڵێن:- شای شار رووتو قووتەو
بەرگی بەری تەنیا بایە
رۆژنامەکان نەیانوێرا
هاوار بکەن تاجەکەی شا
مقەبایە..
پەرە.. پەرە.. رۆژنامەکان بدڕێنن..
شارەکەتان لەژێر زبڵی
درۆی هەموو رۆژنامەکان
دەربهێنن..
***

---

١ پەلمەپس = بووکەڵەی لەپەڕۆ و پەموو دروستکراو.

## تانجەرۆ ماچی پەمەیی لە دەم دایە

ئەگێڕنەوە.. شەوێ لە شەوان هۆلاکۆ
زنگوڵ.. زەنگوڵ.. دەنگی گۆرانییە زیوین
گوێچکەی سمی و شیلەی خەوو.. وەنەوزی
لە چاودا کرد بە وردە شووشەو دڕکەزی
– ئەوە کێیە هێشووی خەوم دەڕنێتو
گوڵەگەنمی خەونەکانم دەولێتو
دەیدا بە چۆلەکەی باکان..؟
+ قوربان ئەوە تانجەرۆیە ناخەوێتو بۆ دڵدارە
دوورەکەی خۆی
ئەسپێ کەوتۆتە کەوڵی و
هەر گۆرانیی دەچڕێ بۆی..
– پێم نەوتن: هەموو دەستێ کۆت چن کەن
هەموو دەمێکیش لغاو بەن..؟
+ ئاخر قوربان کۆتو لغاو
چۆن دەخرێنە دەستو دەمی رووبارو ئاو
...
– تۆ رووبارە چەتوونەکە..
بۆچی بۆ خۆت داناسرەکێی
بۆ نایەڵی پێڵۆکانم
بکەم بە تەڵەی خەونی گەورەو خۆش
ئێ بۆچی بەم نیوەشەوە
دەبی بە هەوری گوێزانو
ریشی خەوی کامەرانیم دەتاشی؟
دە بنوو با..
بە فەرمانێ لەت لەت نەکرێی
وەك مقەبا..!
...

ڕووبار وتی: هەتا ئاسمان سێبەر بکا
بۆ هەڵگورد..
تا ئەستێرە لە شەونمی قژی سەوزی
دارو درەختی هەڵگوردا چاو بڕێژن
هەتا کچی چاو کەژاڵو باڵابەرزی
ئەم هەوارە..
پۆل پۆل بچن بۆ ڕێواسان
تا چۆلەکەی بێ ئارامی پەنجەی حەزی
کوڕە شوانێ.. بە بەرۆکی کچی بێریی ئێوارەوە
بترازێنێ قۆپچەو دەرزی..
تا ماچی شوانی قەدپاڵ
بەدوای کچی شلو ملدا
ببێ بە ڕەوەکۆترو..
سەرەڕۆ بێ یاڵەو یاڵ..
هەتا دەمی دڵدارەکان.. لەم مەرزەدا..
بارانی ماچی تیا بێ..
تا ئەستێرەو مانگو هەتاو
پوولەکەو سورمەی سوخمەی
ریزە هەردو چیا بێ..
منیش داڵی سەد چنگی خەو ناوێرێ پێم
هەر لاوك بە: داری سەوزو
لوتکەی نوقمی تەمدا.. دەڵێم..
لەگەڵ دەنگی خۆمدا دەڕۆم
گەنەو کرمو کالاسی ئەم..
زەوی‌و وەرزە رادەماڵم
من تانجەرۆم..
بست بە بستی ئەم گێتییە
بە گوڵاوی ماچم دەشۆم..

...

(وەك هەزاران بروسکەی چڕ

شمشێر داباری بۆ ناو ئاو

ئاو پێکەنی و هەر ڕۆیی و ڕۆیی..

هەر گۆرانیی کێویلەشی دەوت بۆ خۆی

چی جەندورمەی هۆلاکۆ بوو

گەمارۆی تانجەڕۆیان دا

چواردەوریان لێ تەنی وەك موو

بەڵام تانجەڕۆ هەر ڕۆیی

چی ئاسنی زەویی هەبوو

کرا بە کۆت بۆ ئەستۆی

تانجەڕۆ هەر..

گۆرانیی دەوتو دەڕۆی..

ئێستاش دەڕواو..

دەڕوا..و دەڕوا

قژو کاکۆڵی تۆزاوی..

منالّی ئەم زەوی‌و وەرزە

بە گولاوی..

ماچی زۆر پەمەیی دەشوا..)

***

## شاعیر

کێ ئەڵێ ڕووبار هیچ خەمی نییە

گەر خەمی نییە بۆ دەناڵێنێ

کێ دەڵێ ڕووبار بێ دەسگیرانە

ئەی ئەم گشت گوڵە بۆ کێ دەهێنێ

کێ ئەڵێ ڕووبار قەت تووڕە نابێ

ئەی بۆ سەری خۆی لەسەر تاوێری

کەنارەکانی خۆیدا دەشکێنێ
کێ ئەڵێ شاعیر نابێ بە رووبار
ئەی ئەوە نییە تك تك خوێنی خۆی
لە هەوری شیعرا کۆدەکاتەوەو
رووبارێ گەورەی لێ پێك دەهێنێ..؟
***

## رووبار

رووبارێ هەبوو زستان کۆتی کرد
چوار پەلی مەیی
داری گوێی رووبار
وەراندی پرچی سەوزو پەمەیی
جێیان هێشت باڵدار
...
ساڵێ.. سەد.. هەزار
بروسکەی هەتاو
شەپۆلی زیوو هاژەی شیرینو
کەفی بەفرینی.. دایەوە بە ئاو
رووبار وەك کچێك پرچی داهێناو
هێرۆی چاوبازی دا لە پەرچەمی
گۆرانیی تازەی لێ پژا دەمی..
***

## منالّ

منالّ له دەنگی زیوینی کۆتر..
هەرگیز تێناگا
بەلاّم دەزانێ بۆ بەرز دەفڕێ
منالّ له وژەی سپی و نەرمی با
هەرگیز تێناگا
بەلاّم دەزانێ با داو نایگرێ..
منالّ ناکۆکیی نەتەوایەتی و
چینایەتیش هەر رەنگه نەزانێ
بەلاّم دەزانێ:
فڕۆکه بۆچی ئاسۆی سامالّو
دەبابه بۆچی.. دەوری دێ دەگرێ..
***

## دەفتەر

نم.. نم.. نم.. نم
پەلّه هەورێکی قاوەیی
له شوانی بای ئێوارەی زستانێك دەدزم..
به شەو دەیکەم
به پەردە بۆ پەنجەرەکەم..
بشێ ئیتر ئەستێرەی چاو پەمەیی
دەس بدەن له دەفتەرەکەم..
***

## هەور دەبێتە چی..؟

هەور.. دەبێتە..: چڵی دار
لانەی لەسەر دەکا.. باڵدار
دەبێتە تیری کەوان
دەسمێ دڵی کەڵەکێوی‌و کەوی کۆسار..
دەبێتە کەژاوەی زیوین
بۆ ئەستێرەی پەرچەم شین..
هەور.. دەبێتە: بێشکەی منداڵی جوان جوان..
سیسەمی ژنی قژ زێڕین
ئەسکەمیلی کچی نازدار..
قارچك.. دۆمەڵان.. قنگر..
کاغەز.. شەکر..
کانی.. ڕووبار..
تەرزە.. بەفر..
هەزار هەزار شتی تر
بەڵام نابێتە شیعر..!

***

## ئەستێرە

شەوێ چەمێ زریکانی و لە ئەستێرە تووڕە بوو:
– ئێوە بۆچی هەموو شەوێ کەفی مەمکی
شەپۆلە قەرەسیلییەکانم دەلێسنەوەو
لەسەر سنگما یاری دەکەن..
ئێوە بۆچی بێ پرسی من پەرچەم تێکەڵ دەکەن‌و
ماچو دڵداری دەکەن..
ئێوە بۆچی قژی خۆتان لە کۆشمدا دادەهێنن..
ئێوە بۆچی کە هەموو زەویش دەنوێ هەر

دەجریوێنن..

یاری دەکەن..

ئاخر ئێوە چۆن لە روومدا چەتوونی و

لاساریی دەکەن..

نەکەن ئیتر نەبن بە بازنگی دەستم

با زرەتان نەزرێنێ خەوی خەستم..

ئیتر نەبن بە پوولەکەی سوخمەی کاڵم

نەء لالێوم گازمەکەنو نوقرچ مەگرن لە باڵم

– ئاخر ئێمە لەوەتی هەین

چەم ولاتی ئێمەیەو

کۆچو مەلەی تیادا دەکەین..

کەس ناتوانێ پەلمان بەستێ

لە هەر شوێنێ دلۆپەیە ئاو هەبێ

ئێمە لەوێ پەڕو باڵمان فڕێ دەدەین

بەڕیز مەلەی تیادا دەکەین

...

چەمە مەیی..

شەپۆلە وێڵەکانی تەزی

چەمە وتی: دەبا ئیتر ئەستێرەی سەوزو پەمەیی

لە باوەشما دابێنن پرچو کەزیی..

بەرەبەیان کە هێشتا شەو

پەڕو باڵی دنیا بوو

رێبوارێکی تینوو چەمی شەقار کرد

چی ئەستێرەی ئاسمان هەیە

لە بنیا بوو..

***

## لاوانەوەی نێرۆدا..

خەوم بینی.. هەوری مەرگ بەسەر شیللی دا
دادەباری وەکو ئەسپێ.. وەکو کرم..
یاساوڵو چەتەو سیخوڕ
هەر زاوزێیان دەکرد وەك لم..
لە ژوورێکی داپڵۆسراو.. کە وەك یەکێ بە زیندوویێتی
کەوڵی بکەن.. دارو بەردی
ناڵەی دەهات لەژێر پۆستاڵو چەقۆدا..
قەڵەمێ کۆن زریکانی..
– ئای ئیتر کێ
شیعری دڵداریی و ئازادیم بۆ مناڵە برسییەکانی
سانتیاگۆ پێ بنووسێ
قەڵەم بوو بە کچێ شۆخو قژی زەردی خۆی لە
قوڕ ناو
بە چەپۆك دای بە ئەژنۆدا..
هاواری کرد:
– چ شاعیرێ ناترسێتو پێم دەنووسێ
لاوانەوەی نێرۆدا..
وەکو موو هەڵکڕووزێنی.. چەن جاسووسێ..
قەڵەمیان بەر نێزەو دار داو..
کۆتیان چنی لە ئەستۆدا..
گشت شاعیرە هەژارەکانی جیهان
کۆبوونەوەو پەنجەی خۆیانیان بڕی‌و
... لەسەر هەموو
ئەستێرە چاو شینەکانی سانتیاگۆدا..
بە گڕی خوێن نووسییان:
لاوانەوەی نێرۆدا.

## ئاوی کوێستان

ئەی ئەستێرەی گەلاوێژ
گەر نیوەشەو خۆت خستە ناو
کانییەکی مەنگی کوێستان
وەك کچێکی قژ درێژ
کەوتیتە یاریو چاوشارکێ
لەناو بەفری لووتکەکان
گەر بەربەیان
قژی زەردت سوور هەڵگەڕا..
لە بەفرو کانیی ببوورە..
ئاوی کوێستان
دڵۆپ دڵۆپ هەمووی سوورە..

***

## بۆ گیڤارا

بووی بە گوڵی گشت دارەکان
بە گۆرانیی منداڵی گشت هەوارەکان
بە دڵداری هەموو کچە هەژارەکان
بووی بە هەوری خوێنی تووڕەو
لافاوی خۆت بەخشییە گشت
ڕووبارەکان...
بووی بە تەڵە نێرگزو
ماچیان کردی پرچی هەموو نازدارەکان..
بووی بە ماچو کەوتیتە سەر
لێوی هەموو دڵدارەکان..
مەلەکانت فێر کرد کە چۆن
لە ڕەشەبای شەوەبەفرا

بەرز بفڕنو بەستە بلێن..
شاعیرەکانیشت فێر کرد چۆن..
ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا
مەرەکەبو قەڵەم قات بوو
شیعر بنووسن بە خوێن..
***

## گیان

شیعر (بۆ منداڵ):
ڕووبار
ئاودەدا کێڵگەی دێو شار
گوڵزار
شاگوڵ دەدا بە دڵدار
دار
لانە دەدا بە باڵدار
ڕووبارو
گوڵزارو
دار
بەستە دەڵێن بۆ بەهار
نیشتمان
دەمانداتێ خۆشی و نان
منیش گیانم
دەبەخشمە کوردستانم..
***

## ئەگەر

ئەگەر نەخشەی هەموو جیهان
تێك دەنەوە
ئەگەر زەوی وەکو لۆکە
شیکەنەوە
کە سنووریان کێشایەوە
دووبارە
هەر دێمەوە بۆ ئەم شارە
هەر کوردستان
دەکەمەوە بە نیشتمان
***

## هاوارم کرد

هاوارم کرد: دایە.. دایە
وا ئەبرەهەو لەشکری فیل
تەنیویانە ئەم دنیایە
وتی: رۆڵە
دڵۆپ دڵۆپ حەرامت بێ
بۆنی بای ئەم خاکو خۆڵە
حەرامت بێ ئاوازی قەڵبەزی زیوین
رووناکایی ئاسمانی شین
گوڵەسوورەی ئەم گشت شاخو
شیوو دۆڵە
حەرامت بێ ئەو شیرەی کە
تنۆك تنۆك بە گەرووتدا رژاوە..
ئەگەر نەبی بە هەوری خەستی ئاگرو
بەسەریاندا نەبارێنی پشکۆی رقی هۆنراوە...

## جوانترین خۆر

ئیزگەکانی ئەمشەو دەڵێن:

لە دەرەوە رەشەبایە

تەپو تۆزی وەرزی کینە

دوایی نایە

ئیتر هەرگیز لەم شارەدا پەرچەمی خۆر

شانە ناکا.. نا هیچ بایە..!

گشت ئیزگەکان درۆ دەکەن

بارۆمەتری هەموو جیهان

هەڵەی تیایە

با بروخێ.. با بروخێ ئەم شانۆیە

تەنیا دەنگی تفەنگ راستە

گشت دەنگێکی تر درۆیە..!

جوانترین خۆر

وا لە دیوی کێوی تەمی ئەم شەودا

شیرینترین حەیرانیش

وا لە لوولەی برنەودا..

***

## کچێك

رۆژێ کچێك

دڵمی دزیو لە بەرزترین

تەلارەوە

هەڵی دایە خوارەوە..!

وەکو شووشە عەتر شکا

هەرچی شیعری تیا بوو تکا..

## بتانەوێو نەتانەوێ رۆژێ لە رۆژان
## نالی هەر بۆ شارەزوور دەگەڕێتەوە..

نالی دەڕواو ئەم گوزەرە بەجێ دێڵێو
حەبیبەی خۆی هەرگیز لەبیرناچێتەوە
نالی دەڕواو مانگەشەوی شارەزووری خۆی جێ دێڵێ...
بەڵام دڵی برینێکە بۆ شارەزوور دەکولێتەوەو
دەکولێتەوە..
وەك چۆن زەوی دەخولێتەوە
رۆژێ نالی بۆ شارەزوور هەر دێتەوە..
رۆژێ نالی گشت وڵاتو سنوورەکان
رادەماڵێو لە گوندێکی کوردستاندا
بێڵ هەڵدەگرێو گۆرانی بۆ حەبیبەکەی دەڵێتەوە..
...
ئەی شاعیری دوورە وڵات
تۆ دەزانی دوای تۆ دەشتی شارەزوور
چی بەسەرهات..؟
ئێستا هەموو شارەزوورەکەی جاران
ئەگری بۆ گوڵ.. بۆ یەك دڵۆپە باران
شارەزوورەکەی جاران
کە پایتەختی شادی بوو
کەلاوەیەکە وێران..
شارەزوورەکەی جاران...
کە مەڵبەندی ئازادی بوو
هەمووی بووە بە زیندان...
...
کوا نە هاڕەی کەمەری شلی نازداران دێ
نە چریکەی دەنگی خۆشی باڵداران دێ
نە تەپو تۆز لەگەڵ باڕەی مێگەلا دێ

نە ئاوازەی شمشاڵی شوان لە کەلا دێ
نە کچۆڵەی ملوانکەی مێخەك لە مل
بۆ کانی دەچن ئێواران
نە شۆڕەژنی شلو مل
دەچن بۆ بێرییو ناوڕان
کوا نە دەنگی بەستەی گەرمی کوڕو کاڵ دێ
نە بۆنی باخ لەگەڵ لەرەی شمشاڵ دێ... !
ئای شارەزوورەکەی جاران
وەکو جاران نەماوە
سەرانسەری.. تاکو گڵکۆی حەبیبەشت
هەر سووتاوە
دەبێرەوە.. کەی دێیتەوە
لە شارێکی بێ شاعیردا
شیعرێکی تر بڵێیتەوە... ؟
هەرچی رۆژێ تۆ بێیتەوە... ؟
تا حەبیبەش لە توێی کفن دەردەچێتو
باوەشت بۆ دەگرێتەوە..
وەکو جاران..
دەتکاتەوە بە دەسگیران
لەگەڵ لەرەی شیعرەکانتا دەتوێتەوە..
وەکو دلۆپەی باران...
...
ئەی دڵدارە ئاوارەکە
لە قووڵایی نامەکەتدا
بۆ سالمە خەمبارەکە...
ترسێکی زۆر بەدی دەکرێ.. ترسێکی زۆر فراوان..
تۆ بترسی و دەزگیرانو وڵاتەکەت بەجێ بێڵی...
کێ نەترسێ ها خاڵە گیان... ؟

ئەی گوایە تۆ بە حەبیبەت نەوتووە:
شەرتە نەچم هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
ئەی ئێستا بۆ.. بۆ نزیکەی سەد ساڵیشە
تۆ حەبیبەو شارەزوورت جێ هێشتووە...؟
نەتکردبێ..
دەسگیرانی نوێت گرتبێ
خۆ حەبیبە نەمردووە؟
گەر بێیتەوە دڵنیابە کە ئەمجارە
حەبیبە نەك لەسەر ماچێ
لەسەر سەد ماچ جارێك دڵت ناشکێنێ
لە قسەی تۆ هەر دەرناچێ
ناتتۆرێنێ...
دەوەرەوە.. تۆ ببینە
نەك هەر دەستی حەبیبەکەت
سەرانسەری شارەزوور
بە خوێنی گەش رەنگینە
دەوەرەوە ئەی شاعیرە دڵسۆزەکەی کوردستان
وەرە قوربان
توخوا دڵی دۆستەکانی خۆت مەشکێنە..
دەوەرەوە وا حەبیبە چاوەڕێتە
پرچەکانی بە شانی دا داداوە
پرچەکانی لە رووباری فرمێسکی خۆی هەڵکێشاوە
قوربان
فرمێسکی چی؟ خۆ فرمێسکی هەر گوڵاوە قوربان..
دەوەرەوە هەڵبەستێکی تازە بێنە
بۆ وڵاتێك کە شاعیری تیادا نەماوە قوربان..
دەوەرەوە چاوی (سالم) هێندە گریا..
تانجەرۆو سیروان سوێر بوو

چاوی (سالم) هێندە گریا
سۆمایی داهاتو کوێر بوو
چاوی سالم هێندە گریا
تا چۆلەکەش ئەلەوەوە گۆرانی گریان فێر بوو
چاوی سالم هێندە گریا
گەرووی بەردیش لە گریانی ئەو تێر تێر بوو
...
دەوەرەوە بۆ ئەم شاخو کێوو یاڵە
هۆنراوەی جوان پەخش بکە وەك گوڵاڵە
ئەگەر هاتی و لە ماڵێکی هەژار لات دا
نانیان نەبوو بیانبوورە
ئەگەر هاتیو لە چیخێکی خەمبار لاتدا
ئاوی ڕەوانیان نەبوو بیان بوورە
دەیان ساڵە لەم وڵاتە
گرانییەو قڕو قاتە
دەوەرەوە
شارەزوورە وێرانەکەت
نەختێ ئاوا بکەرەوە
دەوەرەوە بۆ نیشتمان
وەکو جاران
هەر حەبیبە بکەرەوە بە دەسگیران..
...
کێ تۆرانتی و لە کێ تۆرای؟
دەستی شکێ و چاوی کوێر بێ
کێ تۆرانتی و لە کێ تۆرای؟
یاخوا ماڵی پشتاوپشتی
سەرەوژێر بێ...
کێ تۆرانتی و لە کێ تۆرای؟

یاخوا واشەی ئەو کێوانە
بە پارچەی جەرگی تێر بێ
...
دەبێژەوە...
دەبێژەوە...
لە شارێکی بێ شاعیردا
شیعرێکی نوێ بلێژەوە..!
***

## نەخشەی دڵ

دڵم گەورەترین وڵاتی زەوی‌و ئاسمانەو
هێشتا لەسەر نەخشەی خەونی هیچ کچێکدا
ناوی نییە...
ئای من نازانم بۆچی گیانی خۆم
دەکەم بە چڵە ڕێحانەو
ئارەقی گۆنای کچێکی پێ وشك دەکەمەوە
کە بە تاڵی پرچەکەی دەمم گرێ چن دەکاو
نایەڵێ گۆرانییەکەم تەواو کەم..
...
کچێ وەرە باوەشتم بۆ بکەرە جۆلانێ‌و
مەمکەکانت لە دەممدا بتوێنەرەوە
با هەست نەکەم کە گەورە بووم
با هەست نەکەم کە شاعیرم
ئاخر من چیم لە بەری شاعیرێتیم چنیوە...
لە نەگبەتی و برسێتیی بەولاوە...؟
دەوەرە با سنەوبەرو کاژی ئەوینە چرەکەم
تێر تێر خۆرەتاوی فێنکی چاوەکانت
هەڵمژن...

کچێ دەوەرە ئەگەر تۆ سێوی شیعرەکانم نەچنی
کێ بیچنێ...؟
دەوەرە تانجەرۆی گیانم.. بۆ خۆت بەرەو
شارەزووری دڵم بکەرە پایتەختی خەوبینینو
پێستی لەشم بکەرە رەشماڵی شوانەکانی کوێستانو
کتێبو دەفتەرەکانم
لە نەورۆزی هەژارەکاندا بسووتێنەو
خوێنی دڵە عاشقەکەم لەباتی گوڵ
لە شەوی بەهاردا
لە کاکۆڵو پەرچەمی منالە پێخاوسەکان
بپڕژێنەو
بەڵام خۆشمت بوێ...
...
هەزاران هەزار ئافرەت دێنو دەڕۆنو
هیچیان دلداری من نین...
من...
من دەتوانم بۆنی پرچو سینگو مەمکی
کچۆلەکانو
نازی چاو کەژاڵان
لە شووشەی شیعرەکانمدا کۆکەمەوەو
لە کۆنگرەکاندا لە هەژارانی دابەش کەم...
بەڵام من تۆم خۆش دەوێ...
حەزدەکەم بۆنی خۆشەویستیی تۆ
لە زنجو دەواری ماڵە هەژارەکان بپڕژێنم...
دەوەرە باخچەی دڵم بۆ خۆت داگیرکەو
من خۆم لەو چیایە دەنووم
خۆ من لە تاشەبەردێ بێ ئارامتر نیم..!
نا من ئەوەندە ترسنۆك نیم

تۆ ببیتە گوڵڵەش حەزدەکەم هەر لە دڵمدا
جێگیر بی...
من ناڕۆمو لەم زەوییە خۆشەویستە
جیانابمەوە...
هەموو: شوێن پێو
گۆرانی و
شیعرو
خەندەو
فرمێسکەکانم.. لەم خاکەدایە...
چۆن پێیان بڵێم: من دەڕۆمو ئێوە جێدێڵم...؟
یا چۆن کۆیان کەمەوەو
لەگەڵ خۆمدا بیانبەم...!
لە چ ئوتێلێکدا جێگایان دەبێتەوە...!
ئەی چۆن گۆڕەکەی دایکم
بۆ گورگی شەوە برسییەکان بەجێبێڵم...؟
خۆ نە تۆ یەسقانی و نە من سەگم
بەڵام من لەوپەڕی زەویشدا دەربەدەر بم
تۆ بە بۆن دەدۆزمەوە...
ناڕۆم... ناڕۆم
با ڕەشەباکان بڕۆنو لێم گەڕێن لە وڵاتەکەمدا
دڵداری لەگەڵ:
تۆو هەتاودا بکەمو
لە خاکەکەمدا لەباتی بۆمباو لوغم
نێرگز بڕوێ...
...
وەرە... دەوەرە وەک بایەک
لە کونی دەرزییەکەوە تێپەڕێ
وەرە وەک برووسکەیەک

شەو روون کاتەوە...
وەرە وەك هەورێکی سپی وەرە...
وەرە وەك گوڵێ بڕوێ
وەرە وەك دڵۆپە بارانێك
بێتە خوارێ
وەرە وەك رەشەبایەك
هەموو پەراسووەکانم تێکشکێنە...
بە کەس ناڵێم: ئەو بوو..
باسی خۆشەویستیشت
لای کەس ناکەم..
خۆ من تەوژمی با نیم چپەی دڵدارەکان
بۆ پاسەوانەکانی شەو بەرم...!
کچێ وەرە... هەموو پەنجەرەکانم داخەو
چراکانی دڵم هەڵکەو
خۆم دەرکەرە ئەودیو دەرگاکەو
بە تەنیا گۆرانیم بۆ بڵێو
منیش گوێت لێ دەگرم...!
...
خەم وەکو: بۆنی چێشتێکی خۆش
دەمدۆزێتەوەو تۆ هەر دووری...
ئاسمان وەکو: پرچی کچێکی لادێیی
لە زەوی نزیك دەبێتەوەو
تۆ هەر دووری...!
رەنگە بڵێن: شاعیرێك کە
مشکەکانی ژوورەکەشی برسییانە
چی لەم قسە فوودراوانە داوە..
بەڵام هەموو زنجو دەوارەکانی شارەزوور
ماڵی منن...!

پێی خاوسی هەموو منداڵە چڵمنو
بەرۆك دادڕاوەكانی بادینان
پێی منن...
دەستی لە بەفردا قڵیشاوو سەرمابردووی
هەموو دۆمو خەڕاتەكانی هەورامان
دەستی منن..
دە ئەی سیروانە شێتەكە مەمخنكێنە
با لەم شەوە تووشەدا
گۆرانییەكی نوێ
بۆ ئەو هەورە فێنكو چاو سەوزە بڵێم
كە دەستە سپییەكانی
بۆ مناڵەكان دەكا بە نانو
لە قووڵایی دۆڵەكاندا
گۆرانی دەڵێو
لەناو دەمی هەڵگوردا
دەتوێتەوەو
سەرانسەری هەموو كوێستان
گوڵڕێژ دەكا...
دە تۆش ئەی كچە شیعرەكە
پەنجەرەكەتم بۆ بكەرەوە
هۆنراوەیەكت بۆ دەخوێنمەوە
نە چۆلەكە دەیزانێو
نە شاعیر
سەوزە وەك: دارستان
شیرینە وەك: هەنگوینی هەنگەكێوی...
درێژە وەكو: پرچت...
...

کچێ من ئاوو هەوای هیچ وڵاتێکم
پێ ناکەوێ...
وڵاتێك نەبێ کە بە مناڵی
دڕکەکانی بە پێخاوسەکانمدا چەقیوەو
بەردەکانی سەریان شکاندووم...
هیچ ئافرەتێکیش نامبزوێنێ
کچێك نەبێ کە پرچە درێژەکەی
بۆنی رووباری وەندی لێ دێو
پەنجە بچکۆلەکانی
بۆنی بەفری لوتکەی بەمۆ...
من هەرچەند لە تۆ تووڕە دەبم
ناتوانم لێت بێزار بم
کە ئێوارانێکی درەنگ
لە سەرمایەکی جیڕدا گیر دەبی
بێ ئەوەی لە دەرگا بدەی
دەرگای دڵمت بۆ دەکەمەوەو
وەکو چۆلەکەیەك لە ئاسمانی دڵمدا
دەتشارمەوە...
ئای من زۆر دەترسم شاعیرەکان
بۆنی پرچت بناسنەوەو
زۆر دەترسم بزانن تۆ لە دڵمای...
...
کچێ هەرچەند لێت دەتۆرێم
چاوەکانت دەبن بە رووباری وەندو
شەپۆلەکانی دەڵێن:—
ئەرێ شاعیرە شێتەکە تۆش
ئێمە جێ دێڵی...!
هەرچەند لە تۆ دەتۆرێم...

چاوەکانت دەبن بە بەفری بەمۆو دەڵێن:
هۆ شاعیرە شێتەکە تۆش
لە ئێمە بێزار دەبی... !
...
کچێ من پارەی ژەمێ خواردنی چەورم نیەو
لە هەچ کۆگایەکدا
شتێکی دەگمەن ببینم
دەڵێم بۆ تۆی بکڕم...
ئەگەر شەوێ
لە خەو هەڵسایتو
ملوانکەیەك لە ملتدا چاوشارکێی دەکرد...
ئەوە ملوانکە نیە
دڵی منە...
دڵی من...
***

## دەستی شاعیر

حەزدەکەم دڵم لە پەنجەرەکەتدا رووت بکەمەوە
تا بزانی شاعیر چەندێ دڵدارە
حەزدەکەم جارێ کەزیو پرچت
بۆ دڵم بکەیتە جۆلانێ
تا بزانی دڵی شاعیر چەندێ خەواڵووە
حەزدەکەم شەوێ مەمکەکانت
لە دەممدا بتوێنیتەوە
تا بزانی شاعیر چەندێ کۆرپەیە
...
ئەو شەوانەی کە لە ژوورە پەرپووتەکەمدا
هۆنراوەیەکی نوێ دەنووسمو

دزەبای زستانی خەست

دەستم دەرچێنێ

حەزدەکەم بێهو دەستم لەژێر باڵتدا بشارمەوە

تا بزانی... شەوانی زستان

دەستی شاعیرە هەژارەکان

چەندێ ساردە...!

***

## ناونیشانی شانۆیەکی کۆن

وشەکانم

گەڵای داری گریانم

لە شەقامی شارەکەمدا

وێڵن بەدوای یارەکەمدا

...

گەر دارەکەی مووسام دەبوو..

خۆمم دەکرد بە گوێزان

هەموو یاساو سنووڕێکم دەکرد بە موو...

...

لە کیشوەری بێ پەیژەی

مێژۆەکاندا

دەگەڕێم بۆ ئەو خەنجەرەی

وا لە گۆڕە زیندۆکاندا

...

لە پەنجەرەی

فەرهەنگێکی دڕاوەوە

دەڕوانمە نامە سووتاوەکانم

ئاو دەکەمە شووشەیەکی شکاوەوە

بۆ بەهاری چاوەکانم...!

...

چیرۆکێکی کۆنم پێیە
وشەکانی
ئاوارەیی و ناسۆرە
پاڵەوانی رووداوەکەی.. بڵێم کێیە...؟!
– تاتەشۆرە...
+ مناڵێکە حەزی لە پرچی خۆرە...
...
هەموو ئازارەکانم
هۆنراوە خەمبارەکانم
لەسەر بەردێکی هەندرێن هەڵدەکۆڵم
با هەر بمێنێتەوە...
ئێ بشێ خوا شەوێ بەسەر ئەم خاکەدا
تێنەپەڕێو بە وردی نەیخوێنێتەوە...!
– ئێ بشێ خوا کوردی بخوێنێتەوە...!
...
پێتان دەڵێم بە خوا بڵێین
بە مەریەمو حەوا بڵێین
گشت زامێکی ئەم وڵاتە
عیسایەکی تیا ماتە...
***

## گۆرانیی رۆژ

رووەك لە دڵی خاکو...
کۆشی با کۆچەرەکاندا
تۆوی هەیە...
رەنگ لە ناخی گوڵو گژو گیادا
کانگای نهێنیی هەیە...
...

وشه

له ڕەشماڵی خێڵو نەتەوەکاندا

فێرگەی بێ مامۆستای هەیە

...

شیعر له سەری شاعیرەکاندا

پایتەختی نەبینراوی هەیە

...

هەژارەکانیش

گۆرانیی تۆڵەیان هەیەو

له باکانی جیهاندا

شەوێك بەرەڵای دەکەن...!

***

## گەردەلوولی سپی

هەموو تۆزقاڵێکی لەشی خۆت

کرد بە پێو هەر نەگەیشتی بە هەواری

ست فاتمەکەی جاری جاران...

هەموو تۆزقاڵێکی هەستی خۆت

کرد بە چاوو جارێکی تر کەوی نیگات

تێری نەخوارد له بۆنی بارانی کوردستان...

هەموو تۆزقاڵێکی دڵی خۆت

کرد بە دەستو نەگەیشتە پرچی کچێکی کوێستان

هەموو تۆزقاڵێکی گیانی خۆت

کرد بە باڵو هەڵفڕیتو هەڵفڕیتو هەڵفڕیت

تۆ هەر نەگەیشتی بە سەیوان...

هەموو تۆزقاڵێکی لەشی خۆت

کرد بە دەنگو گۆرانیت وت

دەنگت زریانی شەو بردی‌و

نەگەیشتە منالآنی ولآتێکی بێئاوو نان...
تۆ رۆییتو لە کیشوەری نامۆییدا
پەنجەکانی خۆتت کردە
زێی برینو کڕوزەو ژان...
تۆ رۆییتو هەموو شاخو داخەکانی ئەم ولآتە
لەدوات کشان
گشت دڵدارو مەلەکانی شەوی ولآتی بەفر
سەرەڕۆ بوون لەدوات بڕ بڕ...
چەپکەگوڵیان بۆ هێنا بووی.. گوڵی شەکر...
دڵی بەردی ست فاتیمەش
توایەوە.. بوو بە ئاو
دڵۆپ دڵۆپ بۆت دەگەڕا بە هەزار چاو...
ئەی تۆ نەبووی ساڵەهای ساڵ
ست فاتیمەت خۆش دەویستو
بۆی دەگریای وەکو منال...؟
بۆ جێت هێشتو هەموو بەفری ئەم کوێستانەت
زویر کردو... خەندەی هەموو هەژارانی ئەم ولآتەت
خستە ناخی سیروانەوەو بۆ ئەوپەڕی زەوی چووی...؟

...

تۆ بڕۆیتو لە شەوانی بەستەڵەکی بێ دەروازەی
نامۆیی دا
رەق هەڵبێیتو تابووتەکەت داری بەڕووی هەڵگورد
نەبێ...
تۆ بمریتو لاشەکەشت بۆ کورد نەبێ...
چاوەکانت هەڵوەرێنی و لەودیو شوورەی غەریبیدا
بە دەستە بێ دەستەکانت
هەر لە دەرگای زامەکانی خۆت بدەیتو نەکرێتەوە...
تۆ بمریتو تاکو گڵکۆی گۆڕەکەشت

له بریسکەی خۆرەتاوی کوردستاندا نەشنێتەوە...؟
ئەی ئیتر کێ لە رەشەبای سوێی ئەوینی چاوەنواڕی
ست فاتمەدا بتوێتەوە...
ئەی ئیتر کێ وەك تۆ شەیدای چاوی مەستی
ست فاتمە بێ‌و لە دڵۆپەی خوێنی ئەوینی دڵی خۆی
شیعری بۆ بهۆنێتەوە؟
ئەی تۆ نەبووی بزەیەکی ست فاتیمەو
نیگایەکی چاوەکانی...
کەژی دڵتیان سیخناخ دەکرد
لە پۆڕی وشەو گۆرانی...؟
ئێ ئەی ئیتر بۆچی نایەی بۆ شارەکەی جارانی خۆت
لاشەت لەناو بەستەڵەکی هەندرێندا بنێژی...
ئەی بۆ نایەی چەمی قووڵی خوێنی خۆت
بەسەر دارو بەردو گەردی نیشتماندا بڕێژی...
بۆ چاوە مەستەکانی ست فاتیمەکەت
هەڵبەستێکی تازە بێژی...
***

ئەگەر لێرە چاوەکانت لێك بنێی لە سەیواندا
لە هەر شوێن‌و قوژبنێکی شاری بەفرو ئەرخەواندا
تۆ سێبەری دار بەڕوویە ئەستوورو کۆن
بکەی بە کەپرێ بۆ خۆت
زستان چۆلەکەی باران
پۆل پۆل هەموو قەفەزی هەور دەشکێنن
لق‌و چڵی دار بەڕووەکەت ماچ دەکەن‌و
شیعرەکانت زەنگوڵ زەنگوڵ بە دەورتدا دەپڕژێنن...
بۆنی پرچی ست فاتیمەش لە باکانی سلێمانی دەدزن‌و
بۆ تۆی دێنن...
***

له وڵاتی غەریبیدا کێ دەتناسێو کێ دەزانێ
تۆ شاعیری وڵاتێکی هەزار هەزار
بەردە قارەمانی تیایە
کێ دەزانێ... دڵی پیرتِ هەزار هەزار
شیعری تەڕو جوانی تیایە...؟
کە مردیشی کێ دەزانێ
لەژێر گڵکۆکەی تۆدا گیانێك دەنوێ
نەخشەی وڵاتێکی تیایە
چەقۆی ستەم ئەیکێڵێتو ئەیگروێ...
***
ئەگەر لێرە چاوەکانت لێك بنێی
بە تنۆکی بەستەی سیروان... دەشۆرێی
تۆ لە ست فاتیمە زویر بووی
ئیتر بۆچی لە تانجەرۆو مامەیارەش هەر دەتۆرێی؟
ئێ خۆ من گشت کچەکانی ئەم وڵاتە
دڵمیان وەکو هێلکە شکان
نەتۆرامو هەر نەتۆرام...
باوەشم کرد بە هەوارو گوڵو دڕکی ئەم وڵاتە ئاگرەدا
بە دەستی زام...
نەء من ناڕۆم... من نامەوێ لە وڵاتی نامۆییدا
دوور لە یاران... بمرمو سەر بنێمەوە
من دەمەوێ وەك بەفرێ کۆن
لە کەژێکی کوردستاندا نەختە نەختە بتوێمەوە...
بڕژێمە بن رەگو ریشەی دار هەنارێ
کە سبەینێ گوڵەکانی
بۆ خۆی دەکا بە ملوانکە...
کچی ماڵە هەژارێ
***

## گەڕانەوە

گەر نەیانهێشت لەناو بەفری کەژەکاندا
یاری بکەنو بخزێن
وەرن لە کوێستانی دڵمدا
رەشماڵێ گەورە هەڵبدەنو
گۆرانیی دڵداری... بڵێن...
کە گەورە بوون رەشماڵەکە بپێچنەوە
بە بێدەنگ
ئەستوونەکانی بکەنە: گاڵۆلو پاچ....و تفەنگ
لە چۆلەکەی هەلگوردەوە
فێر بن ولات پەرستن
گەر دەتانەوێ سەربەرز بن
ئەگەر مردن
دەستان تفەنگی تیا بێ
نەك مەمکی ژن...
دەتانەوێ گەر مردیشن هەر نەمر بن
وەکو رەگی داری بەڕوو بە ناخی خاکی کوێستاندا
بڕۆنە خوار... بڕۆنە خوار
بە ناخی خاکی کوێستاندا
کە کەمەرتانیان داپاچی
خوێنتان دەبێ بە رووبار...
تەم دەکاتو دەژین لەگەڵ بەفرەکاندا
***

# شاری گوڵ

خۆ تۆ مانگی بەهار نیت من لەبەر سایەی تریفەتدا
لەشی خەمڕێژم هەڵخەمو لەناو چاوە تینووەکانما
بتخەوێنم
ئەوەتا مانگ وەکو پەریی ئەفسانەکان لە ئاوێنەی
شینابیدا
چۆپی دەکاو کەزیو پرچی هەڵدەکێشێ لە ئاوی
کانی و ڕووبار
کەزیو پرچی وەك هەزاران پەپوولە
هەڵدەنیشن لەسەر خونچەی دەستی دار...
کێ وەکو مانگ شەوانی هەر چوار وەرزی ساڵ
خۆی ڕووتو قووت دەکاتەوەو لە چەمو زێ مەنگەکاندا
مەلە دەکاو بەرەبەیان ئەفڕێ بێباڵ...؟
مانگ دڵدارەو من دڵدار نیم
مانگ دڵدارەو تۆ دڵدار نیت
ئێ کچێ تۆ بۆ نابیتە... پایتەختی خۆزگەی کۆچەری
ناو دێوەرەی گەردەلوولی وەرزە کۆنەکانی دڵی داپڕاوم...
بۆ نابیتە دارستانی سوێسکەی عەشقی
چوار لا بە داو تەنراوم...
بۆ نابیتە دەفتەری
شیعری بە ناهەق کوژراوم...؟

***

تۆ... ببەرە... سەرەتای ئەو هۆنراوانەم..
کە وەك پەلکەزێڕینە
لە ئاسمانی دووری ژانی منەوە... دێن...
دەبن بە مناڵی لاسارو بە پەنجەرەو دەلاقەی گشت
ماڵەکانی ئەم شارەدا هەڵدەگژێن...
گۆرانیی بۆ... چاوە قووڵەکانت دەڵێن...

دەنگیان دەبێ بە هەوری خەستی گەزۆو
دڵۆپ دڵۆپ بەم خاکەوە دەلکێن...
...
تۆ... ببەرە... چرای شەوی دڵە بەندیخانەکەم...
تاڵ تاڵ برژانگتم بدەرێو
منیش دەیکەم بە پەرژین...
بۆ بێستانی کوێستانەکەم...
تاڵ تاڵ قژتم بدەرێو
منیش دەیکەم بە دەوارێك
بۆ مناڵە هەژارێك
لەسەر شۆستە گەرەکاندا
بە برسێتی خەو دەبینێو خەوبینینیش بۆ ئەو شتێ
قەدەغەیەو
سزای خەون
کەلەبچەیەو
دارکارییە هەتا مردن...
((لە شەقامی شارەکەمدا
یاری مەکەن.. مە.. مناڵە لاسارەکان
لە شەقامی شارەکەمدا
مەکەن دڵداری مەکەن مە... دڵدارەکان...
لە پەنای هەر کۆڵانێکدا
شەو لەبانێك مەڵاسە
چاوەکانی گوللەیەو
پەنجەکانی تەوراسە...))
– ئەوەی نەڕواو سواری ئەسپی زریان نەبێو
خۆی راونەنێ
خۆی نەخاتە ناو گێژەنەی دەربەدەریو وەیشوومەوە
ئەبێ گۆڕی خۆی هەڵکەنێ

***

مەڕۆن مەڕۆن

تینووتان بوو میزی خۆتان بخۆنەوە

برسیتان بوو قوڕی زەوی بکەن بە نان

گۆشتی لەشی خۆتان بخۆن

بەڵام مەڕۆن

پەنجەکانتان

هەموو پەسقانەکانتان

بۆ شەڕێ تر بکەن بە تیرو کەوان

گۆڕی خۆتان لە ماڵەکانی خۆتاندا هەڵبکەنن..

ڕێ لە مردن بتەنن

بە مردنیش پێبکەنن...

مەڕۆن... مەڕۆن...

مناڵانی نیشتمانی گوڵاڵەی خوێن

فێربکەن چۆن

لە گشت موویەکی لەشیاندا گەرای تۆڵە دابنێن...

فێریان بکەن چۆن گشت بەردێکی کوردستان

بکەن بە بەردە قارەمان

چۆن ئەوینی سەربەستی

بکەن بە بەردی دەستی

بڕووخێنن قەڵاو زیندان

دروست بکەن جیهانێ جوان...

...

تۆش ئەی کچە خۆشەویستە دوورەکە

بێ من بنوو لە ژوورێکدا کە خۆشی تیا کوژراوە

لە ژوورێکدا کە بێ نازە وەك هۆنراوە...

بنوو بێ گوڵ، بێ پێکەنین

تەنیا بنوو هەزار دۆشکەو تفەنگ

سەدان تانکو زرێپۆشی ئاسنین
رێی تەنیوین
ئەشێ ئیتر یەك نەبینین...
بنوو بۆ خۆت گەر ئەشوێری جارجار لە خەوتا
هەڵفرە
بۆ ئاسمانە کەسکەکانی خەوبینین...
بەشکو جارێ لە خەوێکدا منە شەیداکەت ببینی...
گوڵی ماچی رووناکی و
هەموو حەزە کۆنەکانم
بەناو دەمتا دەبارێنم...
بە دەستە لاوازەکانم
تەپو تۆزی بێ نازیو دووکەڵی شاری سووتاو
لە پرچەکەت دەتەکێنم
تاڵ تاڵ پرچت بە پەنجە لاسارەکانم دادەهێنم
دەیژاکێنم.. دایدەهێنم دەیژاکێنم...
***
دار لە خاکدا رەگی توندو قووڵی هەیەو
منیش لەگەڵ شارەکەمدا عەشقێکی کۆن
ناخی دەریا لانەی ئاوو ئەستێرەیەو
شارەکەم گوڵ...
ماسیی دەریای خۆشدەوێتو
منو هەموو هەژارانی شارەکەم... گوڵ...
راوچی ماسی لە دەریاکان دەدزێتو
زۆرداریش گوڵی شارەکەم...
راوچی باڵدار لە هێلانە دەتەرێنێو
زۆردارانیش وڵاتەکەم دەکەن بە گۆڕ
بۆ دڵداری گۆرانی و خۆر...
...

چونکە وتمان: زۆردار دزن...

چونکە وتمان: گوڵەکانمان... مەدزن...

چونکە وتمان: نە خۆشەویستی نیشتمان

لە دڵمان قەدەغە دەکرێ

نە هەتاویش لە ئاسمانی ئەم شارە

چونکە وتمان: رۆژێ دادێ

پەلکەزێڕینەی گشت شارێ

دەکرێ بە پەتی سێدارە

بۆچی زۆردارو نۆکەرە

شاریان سووتان... وەك جگەرە...

***

لە شەقامە کوێرەکانی شارەکەمدا

بەرد زۆرە یا برسی و بێکار...؟

لە کۆڵانە تەنگەکانی شارەکەمدا

چرا زۆرە یا سەگی هار...؟

لە خاسەدا ئاو زۆرە یا خوێنی هەژار؟

قژی خاوی نازدارەکان چی پێوەیە...

گوڵ

یا چقڵ...؟

***

من عاشقی ئەم شارەمو شاریش توورەکەیە خوێیەو

دراوەتە دەم رووبار

من عاشقی ئەم شارەمو شاریش توورەکەیە جۆیەو

خراوەتە بەر ئەسپی تایبەتی شای شار

من تینوومەو شاریش رووبارێ شیرینەو

سوارەکانی هۆلاکۆ... پڕی دەکەن لە کرمو مار...

گەر لە عەزرەت خۆرەتاوێك

کە فرمێسکی منداڵانی ناو رەشەبای ئەم مەڵبەندە بسڕێ

مردم... دڵم ژەنگی کرد...
هەر کۆترێك لەناو پرچی خۆری کوردستاندا هەڵنیشت
لەسەر کام دار...
لەسەر کام گرد...
ئەوە گیانی ماندووی منەو
گۆرانیی نوێ دەڵێ بۆ کورد...
***
کە رووبارەکان یەك دەگرن
گشت دیوارەکان دەمرن
کە گشت چراکان یەك دەگرن... رووناکیی...
گڕ بەرئەدا لە رەشماڵی تاریکایی
کە دەستی گشت هەژارەکان ببن بە یەك
ئاسنی چی کارگە هەیە بیکەنە یەك کەلەبچەیەك
وەکو دەزوو دەیبچڕن
جا ئەو سایە
هەر جوانییەو هەر شادییەو ئازادییە ئەم دونیایە...
***

## شاعیرێك بوو...

شاعیرێك بوو مەنگ
بەدوای کچێکدا دەگەڕا بێدەنگ
– ئەوە چۆلەکەی پەڕەوازە بوو
یا دەستی شاعیر
قژتی تێك ئەدا
ئەوە رووباری هەوری شەکر بوو
یا ماچی شاعیر
بە ملتا دەڕژا...؟
ئیتر شاعیرێ ناڵێ پرچەکەت

بارانی خۆرە ناوی هەڵمەت بێ
ئیتر شاعیرێ خۆشی ناوێی قەت
کە تامەزرۆ بوو تاڵێ پرچەکەت
لە ملیا پەت بێ
ئاخر چۆن کچێك لە دڵما دەژێ و
گوڵاوی شیعرم وەکو هەوری ماچ
دەڕژێ بە قژیا
ئەگەر بزانم ئەوینی لووتکەی نوقمی بەفرو خۆر
نیە لە دڵیا...؟
***

## سۆراخ

دەڵێن خوا بۆ پێغەمبەرێ
شارێکی کرد بە گۆمی خوێن
لەم مەڵبەندە هەموو ڕۆژێ
چەرمی پێغەمبەرێ مناڵ
دەکەن بە جووتێ پۆستاڵ
بۆ جەندوورمەیەکی خوێنتاڵ
خوا بێدەنگە...
ئێ بشێ خوا ئا لەم شارە تووڕە بووبێ
ئێ بشێ خوا بە ئیشێکی تایبەتیی خۆی...
بۆ شوێنێکی دوور دوور چووبێ
بەڵام کام شوێن؟
ئەی ئەستێرە شناسەکان دە درەنگە...
بە تەلسکۆب بۆی بگەڕێن
دەنگو باسی ئەم مەڵبەندەی
بەبێ کەمو زیاد پێ بڵێن...!

# ئەشێ و ناشێ

تانجییەکی ڕەسەنم بدەنێ با باڵەو باڵ
دوای بۆنی شادیی بکەوەو
تامی وڵاتە دوورەکەم
لە با سوورەکاندا
ڕاوبکەم...
***
تۆ ئەی بای ناو ژوورەکەم
دەنگم نەبەیتە دەرەوە
لە هەموو بستێکی زەویدا
یاساوڵێك
بۆ چاودێریی چێنراوە...
لە شەوی شەقامەکانی ئەم وڵاتەدا
ڕەنگە سەگە بەرەڵاکانیش
پۆلیس یا سیخوڕ بن...
ئەی بای ناو ژوورەکەم
بشێ تۆش:
یاساوڵێك نەبی...؟
من شاعیرێکی زۆر لاسارم
شکاتنامەی هەژارانی هەموو زەویم
پێیەو
بۆ لای خوای دەبەم...
بەڵام ئای کێ دەڵێ:
لەبەر دەرگای خواشدا:
یاساوڵێك...
یا:
سیخوڕێك
ڕانەوەستاوە...!

## بۆ مرۆڤێك ناوی لەتیف حامید بوو

ئایا راستە کە دەڵێن: خەم ئاژەڵێکی ئەفسانەییەو
پەلو پۆی کۆچو گەشتو گوزاری نیەو
لە هەر دڵێکدا چاوی ترووکان
نە جێی دێڵێ‌و
نە لەناودەچێ...؟
ئای هەرچەند دەکەم
دەستی ئەوینە خەونەکەم
ناگاتە تۆ
کێ ئەم درندە دووکەڵەی نێوانمان
کەوڵ دەکا...؟
...
کە رەشەبا گەڵای دارەکان
دەکاتە سوخمەیەکی زەرد بۆ زەوی
دارستانەکان وەکو هەژارانی شارەکەم
رووتو قووت دەبنەوە...
کە هەتاو لەناو بەفری کوێستانەکاندا
سەما دەکا
لووتکەکان مەمکی خۆیان دەدەنە با
کە خوێنیش لە دڵی تۆدا لە گۆرانی وتن کەوت
چیرۆکێکی گەورە بزر بوو
دڵی شاعیرێکیش بۆ هەوری بارانی زامی خەست
کرایەوە...
...
ئەوانە کێن کە لە پرچی دڵدارە لە برسا مردووەکانیان
گوریسی سێدارە
بۆ دوژمنانی نانو گۆرانی دەچنن...؟
چەوساوەکانن...!

...

ئەی ئەوە کێیە لە هەموو وشەیەکدا

کە نووسیویەتی هەموو ڕۆژێ لەدایك دەبێتەوەو

منالّی مالّە هەژارەکان بەرپێی گولّڕێژ دەکەن؟

ئەوە باوکی هەلاّلەیە...!

برسێتی لە ولاّتە سەرمایەدارەکاندا

لەو ناوچانەدا کە بۆمبای ئیمپریالیزم

گولّی تیا دەکا بە خۆلّەمێش

وەکو با تەشەنە دەکا

خۆشەویستیی تۆش لە دلّە بێسنوورەکاندا

وەکو ئاسمان هەر گەورە دەبێتەوە...

کەرکوك شاری نەوتەو

منیش ئیمپراتۆری گەورەی خەمی هەموو جیهانم

دەبا دلّدارەکان برۆن

بۆ ئەو کیشوەرانەی کە بە ئارەزووی خۆیان

هەلّی دەبژێرن و

هەموو شاو قەرالّەکانیش

واز لە تاج و عەرشەکانیان بێنن...

بەلاّم من هەرگیزاو هەرگیز

تاجەکەی خۆم ناشکێنم و

دەسبەرداری عەرشە گەروەکەم نابم...

من هەمیشە

ئیمپراتۆری مەزنی خەمی هەموو جیهانم و...

بۆ تۆ دەگەڕێم...

بۆ تۆ...!

ئەی برا نزیکە دوورەکەم

***

# ئەء دایکم نازانێ

– جیاوازی نێوان رووبارو دەریا چییە...؟

+ دەریا لە رووبار گەورەترە...

ئەی جیاوازی نێوان منو بەرد چییە...؟

من تۆم خۆش دەوێ و

بەرد هەرگیز کەسی خۆش ناوێ...

...

خۆ تۆ پەڵە هەورێکی سوورکار نیت

ئێوارانێکی بەهار

هەڵگرێمە لووتکەیەکداو

سەرم لەناو پرچە بژەکەتدا

ون کەم...

خۆ تۆ چۆلەکەیەکی زیوین نیت

بەیانیانێکی زستان

لە کێڵگەیەکدا بتگرم...!

***

گەڕەکێك لە کەرکوك پێی دەڵێن:

شۆریجە...

شەقامێك لە بەغدا پێی دەڵێن:

فەلەستین...

رووبارێك لە گەرمیان پێی دەڵێن:

رۆخانە...

منیش کچێك خۆشەویستمەو ناوم لێناوە (شیرین)

نە گوڵ لە ئاگردا پێدەکەنێو

نە پەلکە رەنگینەی هۆنراوە

بەبێ چاوی رووناکی ئەو کچە بارانە

دڵی من دەکاتە ئاسمان...

کە منداڵ بووم هەرچەند بیانووم بگرتایە

دایکم لێی دەپرسیم:

– کوڕە سەلارەکەم چیت دەوێ

ئای خۆ ئێستا دایکم نەماوە ژێرم کاتەوە

ئەگەر شەوێ کزەبایەکی پەمەیی

بۆنی خەمە قاوەییەکەی من

لە لووتی بپژێنێ

ئەوسا دەزانم چی دەڵێ:

– وایش کوێرابیم دایێ کوڕەکەی من

مناڵێکی نازدارە...

ئەوە کێیە ئەوەندە سزای گیانیی دەدا...؟

ئای دایکم نازانێ ئێستا کوڕە شەرمنەکەی

گەورە بووەو

ئێستا ئەگەر ژنێکی شیرین

یا کچێکی بەناز ببینێ

وەکو کلۆ بەفری ناو گۆمێك لە شەرمێکی گەرمدا

ناتوێتەوە

ئێستا کوڕە شەرمنەکەی شاعیرەو

لەگەڵ کچە چاوبازەکاندا

دڵداری دەکا...و

کچێکی خۆش دەوێ ناوی ناوە:

شیرین...!

***

## گوڵی شاعیر

هەندێ وشە لە رەشماڵی رەنگاورەنگی
خێڵە یاخیو رەوەندەکاندا دەژین
لە هیچ پەڕەو فەرهەنگێکی فراواندا
بەدینا کرێن
هەندێ وردە ئەستێرە هەن لە ئاسماندا
بە هیچ چاوێك.. نابینرێن
هەندێ وردە ماسی هەن لە دەریاکاندا
بە هیچ تۆرێ
نا.. ناگیرێن
ئەو شیعرە نێرگزانەش کە
لە لێلاخی دڵما دەڕوێن
بە هیچ کچێ نا... ناچنرێن
لە مەمکۆڵەی هیچ کچێکی تریش نادرێن... !
کچێ نەبێ کە پرچم بۆ دەکاتە نوێن...
***

## بلێ بووە بە رووبارێ

ئەی هەورەکە هەڵمبگرە...تۆ بۆ ئاسمان
توند توند دەستم بە گەردنی تۆوە دەگرم...
داوای هیچت لێ ناکەم... نە ئەستێرەی چاو پڕ شەرم
نە گوڵی جوان
خۆ مناڵ نیم بیانوو بگرم... !
هەڵمبگرە تاوەکو دەگەیتە کوێستان
هەر کە هەڵگوردت بەدیکرد
بمخە خوارێ لەوێ دەمرم
ساڵ دێو دەڕوا ئەگەر رۆژێ لە رۆژان

دیت کچێ جوان
دەپرسێت
هەواڵی شاعیرێکی شێت
بڵێ من دیم لەو کێوە بوو بە زێیەك
کشاو گۆرانییە نوێی برد
بۆ دێیەك...
***

## پێتان دەکرێ

رەنگە بتوانن نانو ئاومان لێ قەدەغەکەن
مەچەکی هەموو شاعیرەکان کەلەبچەکەن
بەڵام ناتوانن... نا
شیعر کۆتکەن لە زیندانا
...
رەنگە بتوانن... یەسقانەکانمان یەکەیەکە
دەربێنن وەك پەڕوباڵ
لە لوولاقەکانمان دروست بکەن
دووزەلەو شمشماڵ
پرچی یارەکانمان
تاڵ تاڵ
بکەن بە قەیتان
کاسەسەری هەزار هەزار کچی جوان
لە دیوەخانەکانتاندا
بکەن بە گوڵدان...
قوتابخانەی هەموو گوندو شارەکانمان
بکەن بە زیندان
هەموو خانووەکانمان زەوتکەن
چراکانیشمان بێنەوت کەن

دارو بەردو رووبار بکەن بە قەرەبرووت
لە چەرمی مرۆڤ دروست بکەن پۆستاڵو قاپووت
بەڵام دڵی چەوساوەی برسی و رەشو رووت
بەهێزترە لە بارووت
رۆژێ زەوی بۆ خۆیان دەکەن بە بەهەشتو
ژێر پێشیان بۆ زۆرداران دەکەن بە تابووت...!
***

## دەریـــا

لێیان پرسیم: بەدوای چیدا دەگەڕێی
وتم: بەدوای دەریایەکدا
لەناو دڵما بزر بووە
– لێت تێناگەین تۆ چی دەڵێی...
ئەو زمانەی تۆ پێی دەدوێی
نایزانینو لە کەس نەمانبیستووە...
+ کوا من هیچم نەوتووە
ئەڵێم لاڵم، ئەگەر رۆژێ بێمە زمان
هاواردەکەم:
ئەم شارە هەمووی نوستووە
ئەم شارە هەمووی مردووە...
***

## بەهاری مەزن

من دووبارە
گڕ بەردەدەم لە جەنگەڵە کرمنەکەی
ئەم هەوارە...
بشێ بۆنی تاڵی دووکەڵ
نەزرێنێ خەوی خۆشی
خەوتووەکانی ئا ئەم شارە...؟
...
جوانترین خۆر
وا لە کەفی دوومەڵی پڕ لە ئازارما
شەنگترین گوڵ
وا لە بزەی هەوری دڵی بەهارما
ئەوینی قووڵ
وا لە گیانی رووبارما...
...
رەگی شیعرم
وا لە ناخی زەوی سەوزی
ئەم شارەمدا
خۆشەویستیش
وا لە هەوری تووڕەی تۆڵەی
ئەم جارەمدا...
***

# پاشەڕۆژ

(شیعر بۆ منالّ)

زۆردارەکان
لە سەرانسەری زەویدا
قوتابخانەی کینەو رق دادەمەزرێنن
بەلاّم رۆژێ هەژارەکان
یەك بە یەکی دەڕووخێنن
لە گشت سووچێکی زەویدا
قوتابخانەی خۆشەویستی
پێکدەهێنن...!
زۆردارەکان
سەرانسەری زەوی دەکەن بە زیندان
بەلاّم رۆژێ هەژارەکان
هەمووی دەکەن
بە گولّستان

***

زۆردارەکان
سەرانسەری زەوی دەکەن
بە کارگە بۆ هەلّهێنانی:
بۆمباو تفەنگ
بەلاّم رۆژێ هەژارەکان
سەرانسەری زەوی دەکەن
بە کارگە بۆ:
زاوزێی بووکەوالاّی زۆر شەنگ
ئیتر ئەوسا:
نە کینەو رق...
نە زیندان دەمێنێ نە جەنگ

## یەکەم خۆشەویستی

هێشتا چلەم نەچوو بوو
نەمدەزانی لە بێشکەدام
یا زیندان...
نەمدەزانی دایکم ناشیرینە یا جوان...
هیچی ترم نەدەزانی
هەر گریان...
خەوم بینی فریشتەیەك
سپی وەکو شەستەباران
چاو سەوز وەکو دارستان
هێدی... هێدی
هاتە خوارەوە لە ئاسمان
جومگەی سینگمی یەکە یەکە
لێك ترازان...
ئەڤینی ئەم: چەمو دۆڵو
شاخو داخەی
لە دڵما چان...
ئێستا دڵم
هیچی تری تیادا نییە
هەر کوردستانو کوردستان...
***

## نیشتمان دەزگیران نییە

کچێك هەبوو... هۆنراوەی منی لە دڵیدا
دەکرد بە چرا
وەك پشیلە دوای گۆشت بکەوێ
هەر دوای بۆنی شیعری من دەکەوت
لە شەوانی زستانی سڕا
کەوی شیعرم لە هەوری پرچو
توێی مەمکۆڵەی گەرمیدا دەخەوت
شەوێ لە شەوان
تەنیای کردم کچی دەم شەکر
منیش ئیتر
بووم بە گوڵاوی پرچو بوکڵەی نازدارێکی تر
بەڵام نیشتمان
هەر یەکێکەو قەت نابێ بە دووان
نە جێم دێڵێو نە لێی دەتۆرێم
تێکەڵ بووین وەك گۆشتو یەسقان
نیشتمان
هەر یەکێکەو نابێ بە دووان...
***

## وەرزی ماچ

شەوێکی گەرم دەریایەك شەیدای
لووتکەی کێوێ بوو هەزار بە هەزار
حەزی کرد لەسەر سنگی کێو بنوێو
وەك رەوە باڵدار
لەسەر پەلو پۆی دارەکانی دا
هێلانە بکاو
بیهەژێنێ وەك منالی لاسار

کێوه‌ پێکه‌نی و به‌ ده‌ریاکه‌ی وت:
ئه‌گه‌ر هار بی هار
ناتوانی بۆنی ئه‌و گوڵه‌ ئاڵو
زه‌ردانه‌م بکه‌ی
ئه‌یده‌م به‌ شوانێك بیدا له‌ قژی
کچێکی نازدار
...
ده‌ریا ئاگری تێبه‌ربوو... شێوا
بوو به‌ته‌م باری به‌سه‌ر مه‌مکۆڵه‌و
لاجانگی کێوا
تك تك به‌ له‌شی کێوه‌وه‌ نووسا
کێو له‌ شه‌پۆلی که‌فی ئه‌وینی
ده‌ریادا خووسا...
منیش که‌ کچێك له‌به‌ر په‌نجه‌ره‌ی
هه‌ر ته‌لارێکدا
له‌ژێر سێبه‌ری هه‌ر ده‌وارێکدا
دڵم قاش ده‌کا وه‌کو پرته‌قاڵ
ده‌بم به‌ شیعر
له‌ رۆژنامه‌یه‌...
یا گۆڤارێکدا
ده‌ڕۆم ماڵه‌وماڵ
وه‌ك بۆنی عه‌تر
ده‌فڕم بێ باڵ
به‌قه‌ی ژماره‌ی وشه‌کانی خۆم پڕبه‌دڵ ئیتر
له‌ گشت شارێکدا
ماچ ده‌که‌م ره‌نگی چاوو ناو ده‌می
هه‌زاران هه‌زار کچی ده‌م شه‌کر...
***

# ئەزانی چۆن کەوڵەکەمیان کرد بە بەرماڵ

بۆ مەکسیم گۆرکی

-١

کاتێ هاتم دایکو باوکیان کوشتبووم
هەندێ مردوو
شارەکەیان
فرۆشتبووم...
هەندێ جەردە شارەکەمیان دزیبوو
لە شارە دزراوەکەمدا
کڕنووش بردن سەربەرزی بوو
...

-٢

کاتێ هاتم بێ کارەکان
لە هەوری خەستی خوێنا بوون
زاواو بووکی تەلارەکان
لە هەنگوینی خەوی خۆشی ژێر نوێنا بوون...
کە وتم: بۆ
سوارەکانی هۆلاکۆ...
ژوورەکەمیان کرد بە ئاخوڕ
دەممیان پڕ کرد لە چەقۆ
کەوڵەکەمیان کرد بە بەرماڵێکی درێژ
بۆ پاشایەکی بێدەسنوێژ...

***

## نازم حیکمەت بۆ مرۆڤایەتی دەدوێ...

کە لەدایك بووم... خەم وەکو با...
مردن... وەکو بەردو سێبەر
ئاسایی بوو
شادیش وەکو: جگەرەو شقارتەی بەر
بەنزینخانە... قەدەغە بوو هەر...!
بێدەنگی مەدالیای کۆك بوو
لەسەر بەرۆکی گشت شاعیرێکی
ترسنۆك بوو...
وشەش چەقۆ بوو سەرەڕۆی
سای گەردنی خاوەنی خۆی
منیش هاتم گرم لە رەگی ترس بەرداو
هەوری ئەوینم لە بای وەرزەکاندا چاندو
لە ولاتی برسێتی و بێبارانیدا
شیعری خۆمم کرد بە رووباری گولاوو
نەفرینم کرد لە سەدەیەك
شاعیرەکانی لەترسا
ئالتوونو دراو
دەیانگرێو
بالدارەکانیشی لەبرسا
تەپکەو... داو...
لەسەر شاخو دەشتو دۆلا... لێرە... لەوێ
هاوارم کرد: ئەی نیشتمانە برسییەکەم
خۆشتم دەوێو خۆشتم دەوێ...
ئا ئەوەتا... من ئەم زەوییە دەکێلم
بە برژانگی چاو
هەمووی دەکەم بە بێستان
گولەسوورەو هۆنراوەی زۆر جوان

بگرێ بۆ...
منالآنی داهاتووی جیهان
جیهانی ئازادی‌و
ئاشتی و
ئەوین
جیهانی پڕ: لە رووباری شیرو هەنگوین
ئەو جیهانەی کە کرێکار
بست بە بست تیا هەڵدەکەنێ
گۆڕی رەش بۆ سەرمایەدار
ئەی زۆرداران ئەم زەوییە فراوانە
هەر ولآتی هەژارانەو
گۆڕستانی زۆردارانە...!
***

## تۆوی گۆرانیی کێویلە

کە گەردەلوولێکی شێت
هەناری خەونی شیرینم
لەناو لەپە زبرەکەیدا
دەووشێت...
کە قەڵەم لەسەر پەڕەی کاغەز
لاڵ دەکەن
کە گوڵ زیندە بە چاڵ دەکەن
ترسێك مێشکم دەتەنێ
ترسی مشکان لە پشیلە...
ئیتر دڵم وەك نارنجۆك
دەتەقێتو
لە باکاندا دەبێتە
تۆوی گۆرانیی کێویلە..!

## خۆر

ولاتەكەم تابووت نیە بینێنە چاڵ
لەژێر ژەنگی پێڵاوی ساڵەكاندا
ولاتەكەم بۆمبایە
هەر دەتەقێ لەژێر پۆستاڵەكاندا
جا ئەو ساتە خۆر وەك گڵۆپ
دڵۆپ دڵۆپ
دابەش دەكرێ بەسەر هەموو
ماڵەكاندا

***

## گیانە بۆچی

خۆ تۆ ئاگر نیت
جا ئیتر بۆچی نەیانهێشت
تێكەڵی بۆنی بای جیهان بیت
هەوری ماچە نێرگزەكانت
لە بسكو پرچی زارۆڵەكان بپژێنیت؟

. . .

ئەی خۆ شیعری جوان... نە تلیاكەو
نە نارنجۆكەو نە تووتن...
ئیتر بۆچی هەر بۆی دەگەڕێن كون بە كون...
سەرو جانتاو دەفتەری شاعیرەكانی
بۆ دەپشكنن...؟

. . .

چ كۆترێك دەتوانێ بە شاباڵێ
ئەم دیوارە ئاسنانە وەكو تەپو تۆز رابماڵێ
سوورە گوڵی شیعری وەرزی ئەوینی نوێم
لە دەنووكیدا تەڵ تەڵ هەڵبگرێ
بۆ هەموو ماڵێ...!

## پایتەخت

بەفرە چڕەکان
لەسەر لووتکەیەکدا کۆبوونەوەو
بوون بە چەند رووبارێکی زیوینی
بەرەلاو
وەکو کۆمەڵێ منالی چەمووش
بێستانو رەزەکانیان
پڕ لە گۆرانی و فیکەفیك کرد...
...
وشە نامۆکان
لەسەر پەڕەیەکی سپی دا
یەکیان گرتو
بوون بە هەندێ هۆنراوەی
لە رێزمانی زمانی رۆژانە یاخی و
نیگاری شارێکی سووتاو
...
چەند ئەستێرەیەکی ئاوارە
لە چاوی کچێکی شەرمندا
رووت بوونەوەو
دڵی تاریکی شاعیرێکی تەنیایان
روون کردەوە...
...
چەند دآر بەڕوویەکی دڵدار
دەسلەملانی یەکتر بوونو
پرچی سەوزی خۆیان
دایە بەر بارانی ماچی فێنکی هەتاو...
دۆڵەکە بوو بە دارستان...
...

کابرایەك
بەدلەیەکی خاکی لەبەرکردو
سەری خۆی لەژێر سیدارەیەکدا
شاردەوەو
جووتێ پۆستاڵی کردە پێی و
سونگییەکی لە کەمەری خۆی دا
کابراکە بوو بە پۆلیس...
...
کە خەونە سوورە نهێنییەکانیش
لە هەر دڵێکی بزێودا تنۆك تنۆك
کۆدەبنەوە...
ئیتر ئەو دڵە
دەبێتە پایتەختێکی قەدەغە...!
***

## ون بوونێکی تر لە ژمارەیەکی ون بوودا

لەدایك بووم
لە سەرانسەری زەویدا
خوێن گەورەترین رووبار بوو...
ماڵمان وەکو ماڵی هەموو هەژارەکان
تەنگو تار بوو...
چاوی دایکم
کووژەکەی ژێر ملی ئەسپی
زۆردار بوو
***

لەدایك بووم

لە سووچێکی شارەکەمدا

گۆڕێکیان بۆم دروستکرد

لە نێوانی منو دڵدارەکەمدا

شمشێرێ تیژیان کرد بە پرد...

***

## ئەو شیعرەی دەیکوژنو نایکوژن

هەر چوار دەوری دڵی من تۆی

نە دڵی من سێوە کێویلەی کوێستانەو

نە تۆش منالێ لاساری

ئەی تۆ بۆچی دڵم دەخۆی...!

...

تۆ شەوانی کزری... هاوین

ئەستێرەیتو کە خەوێ زەرد

چاوم تەقەڵچن دەکا..: تۆ

بەسەر شارەکەمدا دەڕۆی

قژت وەکو بارانێ ڕەش

بەسەر داری نەنووستوودا دادەبارێ

کە ڕۆژ زەوی خۆر ڕێژ دەکا

بۆنی پرچی تۆم بۆ دێنێ

شەقەی باڵی گشت باڵدارێ

...

تۆ شەوانی جیڕی بەهار


پەڵە هەورێکی فێنکی و

پرچت هەزار پەرەسێلکەی تینووەو

بۆ سەر چەمی شارێ شەکەت

هێدی هێدی دێتە خوارێ

که زستان هات... وتم: پرچی
کچه جافێك بۆ خۆم دەکەم بە رەشماڵ
دڵی زەردم ناخەمە بەر بەفرو زریان
بەفر باریو تۆزقاڵ تۆزقاڵ
لەشم رچی
هەرچەندم کرد سوێسکەی ماندووی
پەنجەیەکم نەگەیشتە
ژێر رەشماڵی دووری پرچی
...
که پایز کوێستانی ماچ کرد
که قژی سەوزی دارستان
هەڵوەریو سەوزایی مرد
وتم: پرچی کچە جافێك
لە بناری زۆزانێکدا
بۆ خۆم دەکەم بە دەوار
تەمێ سرك دەوری هەموو زەوی تەنی و
لە نێوانی منو پرچێکی رەشدا
بوو بە دیوار...




# ئەو هۆنراوەیەی
# کە تەواو دەبێ و
# تەواو نابێ

١٩٧٩

(١)

وەك هەر روەكە كێویلەیەك رۆژێ لەڕۆژان

رواموو لەبیخی ئەم خاكە فێنكەدا بنجم گەڵاڵە كرد...

منالێكی زۆر لاسارو چەمووشو بەختیار بووم ..

منالێ نەبووم...

شای جیهانی بێ سنووری خۆشی و ئاسوودەیی بووم...

دایكم لەڕادەبەدەر خۆشی دەویستمو نازی دەدامێ و

منیش بەجۆرێك دایكمم خۆشدەویست كاتێ كەنەخۆش دەكەوت

نانی دەستی ژنە دراوسێكەمانم نەدەخوارد...

هەرخواردنێك بۆنی دەستی دایكمی لێ نەهاتایە من بێزم لێ دەكردەوە...

كە دایكم مرد... ئەوجیهانە گەورەیە روخا كە من شای بوومو هەموو سووچێكی

لەژێر ركێفی دەستە بچكۆلەكانی مندابوو...

داری ئەو خەونە سەوزانە كەڕوپان كردو هەڵپرووقان

كە من پیایاندا هەڵدەگژامو

بەرە ئەفسانەیی و مزرەكانیانم دەخواردو

جۆرِكەكانی[1] دڵم لێ پردەكردن...

...

لە قوڵایی برینێكی گەورەدا وەك كۆڵەوژی ژان

چەقیمو جیهانە لە نەخشە دەركراوەكەمم

لاواندەوەو هوون هوون گریام... و

زەویم كرد بەدارستانی فرمێسك...

...

ئەی كچە هەورەكە

تۆ دایكم نیتو

من رێزو بایەخی ئەندازەی پیرۆزی دایكمت

دەدەمێ...

تۆ بۆنی بارانی ئەو كێوانەت لێ دێ و

---

١ جۆرِك = گیرفان و بەرباخەڵ

منیش بارانە کێویلەم خۆش دەوێ و
هەرچەندێ شێتو تورەیە
حەز دەکەم هەر بباریێ و هەر بباریێ و
بۆنی هەموو لووتکە بەرز بەرزەکانم بۆ بێنێ و
تەپو تۆزی دەربەدەری روخسارە ماندووەکەم
بکوژێنێتەوە...
ئای... دەرگا لەدڵم دامەخە... مە...
ئەم چۆلەکە پەرەوازەیە
لەخۆت دوور مەخەرەوە...!
کچێ ئەم چۆلەکە پەرەوازەیە...
دڵە... دڵ... خۆ مێش نیە...!
...
تۆ لە زمانی شەپۆلی وێڵی گیانی
شاعیرێکی سەرەرۆ نازانی و
منیش ناتوانم گۆرانی دڵێك بکوژم
کە تامەزرۆی پەڵەهەورێکە
بۆنی بای کوێستانی لێ دێ...

(٢)

کە بەیانیان شەقەی شاباڵی خۆرێکی نوێ
هەوری خەوم دادەماڵێ و بەهێشووی
بزەی جیڕ
چاوە ماندۆکانم قورس دەکات
خەمێکی واسەیر بەسەرما دادەبارێ
واهەست دەکەم کە ئافرەت بۆ شاعیر
لەنان و ئاویش...پێویستترە...!
...

کچێ ئێ دەوەرە
با لەنێوانی ماچێك و ماچێکدا... گوڵی
ماچێکی تر بچێنمەو
وەکو کورە شوانکارەکانی کوێستان...
گۆرانی پەمەییت بۆ بڵێمەو
تەزووی فێنکی لەزەتێکی سەوز
لەچاوە خەواڵووەکانت بدزمەو
لەشیعرەکانمدا حەشاری دەم...!

(٣)

ئای کە جارجار لە ژوورە قەفەزەکەمدا
کروشکە دەکەمەو
هەڵدەتوتێم...
حەزدەکەم:
دڵم...
وەکو پارچەیە گۆشت
بخەمە بەر پشیلە برسیەکەی
پشت دەرگاکە...
با ئیتر گۆرانی بۆ کچێك
نەڵێ
کە جێگای شاعیرێك
لە دڵیدا نابێتەوە...!

(٤)

نه وشه جوانه‌كان نێرگزن
نه منيش ئێستا مناڵه شه‌رمن و لاساره شه‌ڕانيه‌كه‌ی
جاری جارانم...
تا به‌پێ خاوسی ئه‌و كه‌ژانه بگه‌ڕێمه‌و
هه‌موويان يه‌كه‌ڵه‌چن كه‌م...
ئه‌و وشانه‌ی من ده‌مه‌وێن
كۆتره كێويله‌ن _ نه ته‌پكه‌ی خه‌ياڵم ده‌يانگرێ و
نه ده‌سته‌مۆش ده‌كرێن...

...

ئێوه ئه‌ی وشه جوانه‌كان
بۆچی له‌گه‌ڵ سرپه‌ی هه‌نگاوه‌كانی مندا
پۆل پۆل ده‌فڕنو
له قۆزاخه‌ی هه‌وره دوره‌كاندا
خۆتان ده‌شارنه‌وه...؟
ناتانه‌وێ له خوره‌تاوی پرچی كچێكی شلكدا
زستانێكی دوورو درێژ
هێلانه‌تان بۆ بدۆزمه‌وه...؟

...

ئای ئه‌ی وشه جوانه‌كان
كه ئێوه هه‌ڵده‌فڕن وخۆتان بزر ده‌كه‌ن
دڵی چڵ چڵی شاعيرێك
به‌دواتاندا سه‌راسێ ده‌بێ و
سوورێژه‌ی ئه‌وينێكی سه‌خت
ناخی ده‌سمێ و
گرنج گرنجی ده‌كات...
ئه‌و شاعيره ده‌ناسن...؟

(٥)

که دارێکی سەوز دەبڕنەوە

هەزاران پاساری بەدوایدا

گریان دەبارێننوخەمێکی چەور دایان دگرێ

بەڵام کەمن دەمرم...

نەدایکم هەیە... پرچم بۆ بڕنێ و

بملاوێنێتەوە...

نە وێنەیەکیشم لە جانتای کچێکی جواندا

بەجێ دەمێنێ...

هەموو ئەو کچانەی کە خۆشم دەوێن...

روخسارە ناشیرینە جوانەکەمو

لەشە لاوازەکەم... لەیاد دەکەنو

شیعرەکانم دەخوێننەوەو

هەر ناویشم نازانن...

...

هەموو شاعیرەکان

بەمەرەکەب هۆنراوە دەنووسنو

باسی سایەقەی چاوو

خەرمانی قژی دڵدارەکانیان دەکەن...

هەموو دڵدارەکانیش

هەر بەمەرەکەب نامە بۆ یەکتر

دەنووسن...

بەڵام من بە دڵۆپەی خوێنی جەرگی خۆم

شیعر بۆ چاوی ئەو کچانە دەنووسم

کە خۆشیان دەوێمو

خۆشیان ناوێم...

هەموو فەرهەنگەکان

بۆنی مەرەکەبیان لێ دێ...

بەلاَم هۆنراوەکانی من...
بۆنی خوێنی خۆم...!
کێ وەکو من
گوڵی وشە
لەخوێنی دڵی خۆی
تێر دەکات...!

(٦)

کە بەناو دارستانی
فەرهەنگە لمەکاندا... گوزەر دەکەم
هەزاران وشەی چۆلەکە
لە ئاسمانە خەرمانەکانەوە
دادەبارنو
دەبن بە شیعری ئاگرو
لەسەر لقە زێرەکانی دڵمدا
هێلانەی خۆیان
بە پەلکە زێرینەی شادی دەچننو
خۆیانی تیا مات دەکەن...
ئای ـــ ئاخر مەلی شیعری ئاگریش
لەتەپکەو...
داوو
یاساوڵ
سڵ دەکەن...!

(٧)

شەوان خەو دەبینم...
دەبمە پەپولەو لەژێر پرچی کچە پەریەکدا
دەنووم...
هەرچەن گۆرانی بۆ دەڵێم
گوێی لە دەنگم نیە...
کە دەس دەکەمە ملی
دەدا لەشەقەی باڵو
لە کاکێشانی ئاسمانی حەوتەمینەوە
دەمخاتە خوارێ...
خۆ من هەرگیز لە مردن ناترسم
بەڵام ئاخ ئەی خەمە سەختەکەی ژیانی چۆڵ وهۆڵم...
کە من مردم...
کە من لە عەزرەتی مانگەشەوی چاوی کچێکدا
سوێم بووەوەو ناو دەمم ژەنگ دایگرت...
ئیتر ئەوسا کێ وەکو من
گۆرانی بۆ دار بەڕوو دەڵێتو
کێ وەکو من چۆلەکەکانی کوێستانی
خۆش دەوێتو
کێ وەکو من بەزەنگۆڵەی خوێنی خۆی
هۆنراوە بۆ خۆشەویستیی دەنوسێت...؟
...
هەزاران هەزار تاسەی ناسك لەناو دڵمدا
پەلەقاژەی دەرچونیانە..
ئاخر ئەوانیش حەزیان لەمانگەشەوی
کوێستانەو تینووی بەفراوی ئەو کەژو کێوانەن
بەڵام ئاخ لەبەردی دارلاستیکیش دەترسن..!
...

کچێ گەر نابی بە پەڵەهەورو
بەیانیانی هەر چوار وەرزەکە
ماچەکانت بە ناو دەممدا نابارێنی
تۆم خۆش ناوێ..
کچێ ئەگەر نابی بە هەنگو
شەکری هەموو گوڵە کێویلەکانم بۆ نادزیو
لە دەممدا نایتوێنیتەوە
تۆم خۆشناوێ..
...
کەمناڵ بووم هەر نیوەشەوێك
لە دەرگاکەمانیان بدایە.. دەمووت:
– دایەگیان مەیکەرەوە.. دێوو درنجن هاتوون من بدزن..
ئێستاش لە چەرخێکداکە هەموو شەقامەکانی
شانەی زاوزێی دێوو درنجن..
دڵم وەکو کێوێکی ئاسنین
بەکۆڵمدا داوەو
لەدەرگای دڵی ئەو کچە جوانانە دەدەم
کە دەمناسنو نامناسن..
کچێك نیە.. لەم شارە شووشەیەدا
لە دڵی خۆیدا بمشارێتەوەو
لە قامچی و گورزی ئاگرینی تەنیایی بمپارێزێ.
کچێك نیە.. پرچەکەی بۆ پەرەسێلکەی
شیعرە تازەکانم
بکاتە هێلانە..
هەر کچێك نیە..
هەرنەبێ پرچەکەییم بۆ بکاتە سێدارە...
نەء کچێك نیە هەر گوێم لێ بگرێ...
ئەمە دێوو درنج نیە کە لە دەرگای بەردی

دڵەکانتان دەدا... ئەی نازدارەکان...
شاعیرە... شاعیر...!

(٨)

زۆر جار سەرنجی خەستو قووڵم
لە کچێکی جواندا دەتوێنمەوە
وا هەست دەکەم کە دەڵێ:
ــ ئای لەم کوڕە لاوازە سەر دانەهێنراوە
چەند بێ شەرمانە تەماشا دەکات
دەڵێی بارەکەوی ئەو کێوانەیەو
لەگەڵ بەفری بەر مانگەشەودا
دڵداری دەکات...
ئیتر منیش شەرمێکی خەست ئەمووشێ و
دڵۆپ دڵۆپ...
دڵۆپ دڵۆپ...
دەتوێمەوە ...
ئاخر من تاکو کەی هەر بتوێمەوە... و
دارستانی دەربەدەری زەنگۆڵ زەنگۆڵ
هەڵمژێ...؟
کچێ پرچی تۆ نەبێ هەموو دارستانەکانی زەوی
بۆنی خوێی سوتاویان لێ دێ و
تامی خۆڵەمێش دەدەن...
...
ئاوارەمو خۆزگەی گەورەی ئاوارەکان
ماسییەکی ئەفسانەییەو
نە بە تۆڕ دەگیرێ و
نە بە بەنجیش
کاس دەکرێ...؟

دڵدارمو دەزگیرانی دڵدارانی وڵاتی دەربەدەری
متورفەیەکی چەشم بەندەو
بە هیچ زەرەبینێکی قەدەغەو ناقەدەغە
هەرگیزاو هەرگیز
نابینرێ و نادۆزرێتەوە...
ئا ئەوەتا...
لەسەر تاجی دەر بەدەریمدا
داستانی ئەو ئەوینە هەڵدەکۆڵم
کە دوایی نایەو
گۆرانی قەرسیلیی
ئەو رووبارە تیشکەی
کە لە گوندی دڵمدا هەر هاژەی دێ و
هەرگیز نابێ بە زیخ و چەو
دەنووسمەوە...!

(٩)

دەریا هەنگوینە رەنگاو رەنگەکانی
کیشوەری نەبینراوی دڵم
قوڵاییەکی هەیە
نە پاپۆرە ئاوریشمەکانی پەلکە زێرینەکان
پەی پێ دەبەنو
نە وشە نەهەنگو ماسیەکان دەگەنە بنی...!
ئاسۆ پشکۆکانی ناو ئاوێنەی خەونە بەرەڵاکان
دوراییەکیان هەیە
نە ئەستێرە وشەکان دەتوانن لانەی تیا بکەن...
نە مانگە دەسکردە تیژرەوەکان
دەیدۆزنەوە...
مناڵیش زاراوەیەکی هەیە

نە دایکی فێری دەکاو
نە شاعیرەکانیش لێی تێ دەگەن...
ئەو پەنجەرە نهێنییانەش
کە لە دورگەی سەرە هەورەکەمدا
تریقەی پێکەنینیان دێ
لە کۆتری شیعر زیاتر
کەس هاتوچۆیان لێوە ناکا...!

(١٠)

زەوی دەسورێتەوەو
منیش... نیشتمانم خۆشدەوێ...
من گوڵ لەناو لەپی ئەم زەوییە گەورەیەدا
دەچێنمو
زۆردارو ئیمپریالیزمو زایۆنیزمی جیهانیی
بارووتو بۆمباو رقو کینە...!
...
من کۆتری سپی لە ئاسمانی گێتیدا
بەرەڵا دەکەمو
ئیمپریالیزمو
زایۆنیزمو
سەرمایەدارەکانیش
پۆلە فرۆکەو ئاگر...!
ئەی زەوییە سووتاوەکە ئەوەتا من
تۆزقاڵ تۆزقاڵ پرزۆلەکانت
لە گەردەلوولەکاندا کۆدەکەمەوەو
لەسەر هەموو تاشەبەردێکدا
ژمارەی تاوانەکانی
ئەو ژەنەراڵانە دەنووسم

که له شەڕی یەکەمو دووەمی جیهانیدا
تۆیان کەوڵ دەکرد...
ئەی زەویە پیرۆزەکە
ئەی وڵاتی دڵدارە هەزارەکان...!

(١١)

کە منالٚ بووم خانۆچکەم بە وردەبەرد دروست دەکردو
منالاٚنی لە خۆم گەورەتر دەیان رووخاند...
ئەمشەو خەوێکی خۆشو ناخۆشم بینی...
منالٚ بوومو خەریك بووم بە بەردۆکە
خانۆچکەیەکم هەڵدەچنی...
بەر لەوەی تەواویکەم
فیلێك بەوێدا تێپەڕی و وێرانی کرد...
پار بوو... نازانم پێرار بوو... خەوێکی ناخۆشترم بینی...
((خانۆکەمان بەر بروسکە کەوتو
هۆنراوەکانم بوون بە خۆڵەمێش...))
-بشیٚ ترومپایەك نەبیٚ
ئەم ئەوینەی دڵت هەڵمژیٚ و
هەموو گەراکانی رابماڵیٚ...؟
ئەی بشیٚ شرینقەیەك نەبیٚ
ئەم وڕێنە نائاسایی و قورسانەت
قەلاٚچۆکات
ئەی شاعیرە دلٚ باخی زامەکە؟
...
کچیٚ ئەشیٚ داهۆلێك بتوانیٚ
هەزاران هەزار سوێسکەو کلاٚوکورە
لە خەرمانێك دوربخاتەوە...
بەلاٚم هیچ داهۆلێك

لانە بە پەرەسێلکەی شیعری ناو دارستانی
پرچەکەت چۆڵ ناکات...

(١٢)
نا دایە گیان هەرگیز مردن روخساری تۆ
کۆن ناکاتو
لە منی ناشارێتەوەو
بزری ناکات...
تۆ هەر تۆیتو
منیش هەر خۆشتم دەوێ و
روخسارە لە ئەلبووم دەرکراوەکەت
بە پەنجە شێتەکانم لەسەر دارەکانی
هەموو جیهان.. هەڵدەکۆڵمو
دەستی لە زنجیر راکردووم
لە نێوانی هەردوکماندا
دەکەم بە پردێکی نهێنی و
سای کێلی لاشە زیندە بەچاڵ کراوەکەت
دەکەم بە هێلانەی کۆتری
ئەوینە نەفرەت لێ کراوەکەم...!

(١٣)
من هەرگیز نازانم
لە پایتەختە گەورە گەورەکانی جیهاندا
چەند بنکەی نهێنی بۆ دروستکردنی:
بۆمبای ئۆتۆمو
هەڵدانی مانگی دەستکردو
کەوڵ کردنی مرۆڤی ئازادیخواز
هەیەو

ناشزانم له دلۆپەی خوێنە هێمنە تورەکەمدا
چەند نارنجۆکی شیعریی
شادی پژێنو
وشەی بۆمباو
خەونی چەقۆو
خەیاڵی گوڵ
هەیە...
بەڵام ئەوەندە دەزانم
که زۆردارێك له هەر بستێکی زەویدا
چڵێ دار دەسوتێنێ
هەموو لەشم
تۆزقاڵ تۆزقاڵ دەبێتە بارووت...
کە کچێکی جوانیش دەبینم
هەموو لەشم
دەبێتە رەزو باخی هەنارو
دەمیشم دەبێتە
هێشووی ماچی
پشکۆی شیرینو مزر...!

(١٤)

جا خۆ من دەزانم... نە تۆ هەتاویو
نە منیش دەوەنم
بەڵام تۆ بۆ من
له هەتاو بۆ دەوەن پێویستتری...
هەموو شاعیرەکان باسی تۆ دەکەنو
کەس وەکو من تۆی خۆشناوێ
هەموو دڵدارەکان تۆیان خۆشدەوێ و
کەس وەکو من له خۆشەویستی تۆدا

نابێ بە هەوری گوڵاوو
هێدی هێدی خۆی لە پرچی چاو کەژاڵانو
لاجانگی کەژە بەفرینەکان ناپڕژێنێ...
دایەگیان...
...
هەر لەبیرمە کە منداڵ بووم
خوشکە ناوەنجییە جوانە مەرگەکەم
بووکە شووشەکانمی دەفڕاندو
منیش لە کونجێکی هۆدەکەماندا
دەگریامو دەمشریخان...
ئەمرۆش گەورە بوومەو
لە دورگەی بێ سنوری ئاوارەییمدا
بۆ خۆشەویستێك دەگەڕێم
کە رەشەبا لێی دزیوم...!
ئای خۆ رەشەبا:
دڵی نیە تا دڵداری لەگەڵ کچە باڵا بەرزەکاندا
بکات...
رەشەبا دەستی نیە بیکاتە ملی نازدارانو
لووتی نیە بۆنی پرچی درێژی
ناسکە ژنەکان بدزێ و
دەمی نیە گۆی مەمکۆڵەو
زمانی کچۆڵە چاوبازەکان
لە ناو دەمی خۆیدا بتوێنێتەوە... و
ناشزانێ شەوان لە ژورە دوورەکانداو
لە زنجە تاریکو ساردەکاندا
لەگەڵ کچە هەژارە دەستو پەنجە
شەقار شەقار بوەکاندا
رازو نیاز بکاتو لە ناو سینگو مەمکیاندا

بنویٚ...

ئای ڕەشەبا هەر دڵداریش نازانیٚ...!

(١٥)

کچیٚ ئەگەر تۆ ئەبیتە ڕووبارێکی بچکۆلەو

لە شارە دوورەکەمدا گۆرانی دەڵێی...

منیش نیوە شەوێك

بە زگەخشکیٚ دێمەوەو

ئەو ماسیانە لە شەپۆلە شپرزەکانتدا دەگرم

کە ئەوسا منداڵ بووم و

نەمدەتوانی بیانگرم...

...

کام کێو ئەوەندەی ئەو پەژارەیە قورسە

کە زەنگۆڵ زەنگۆڵ

دەزێتە چاوی منداڵێکی شەرمنەوە...

کاتێك کە ماسییەکی بچکۆلانە

لە دەستە لاوازەکانیدا

بازرقە دەداو دەخزیٚ و

خۆی دەداتە دەم

شەپۆلە سەرەڕۆکانی

ڕووبارەکەی بەر ماڵیانەوە...!

(١٦)

ئەم وەرزە وەرزی ژانەو چرکەکانی مێژوو
وەکو هەزاران دەرزی
لە دڵمدا سەما دەکەن
کچێ ئەوەندە بەرقەوە دڵم مەگوشە
نەوەك پەراش بێ و
پارچە چەمووشەکانی لە ناو گۆشتی دەستتدا
ببن بە تۆوی گوڵی ژان...
من دەستەکانتم خۆشدەوێ...
ئاخر حەز ناکەم دەستەکانت زام بگرن...
دوایی دەستی کێ ئاسودەیی
لە پرچە دانەهێنراوەکەمدا بچێنێ...؟

(١٧)

لێم گەرێ وشە شووشەکانم
لەبۆنی جوانیت پرکەمو
بیدەمە با کۆچەرەکان..
لێم گەرێ.. ئاسمانی چاوم
لە رووناکی جوانیت کەیلو تەژی کەمو
بیدەمە شارە تاریك تاریکەکان.
لێم گەرێ خەمە کۆن کۆنەکانم
لە ژێر پێتدا بسووتێنمو
خۆڵە کەوەکەی بدەمە رەشەباکان..
وا هەست دەکەم کە شەو
پۆلیسێك بۆ دڵم دەگەرێ و
دڵم دەبێتە پەپولەیەكو
بە گوێیەکتەوە دەنووسێ..
پۆلیسەکە وادەزانێ گوارەیە..

بەیانی کە سەیری ئاوێنە دەکەی..
ئەو تاکە گوارەیە سەر سامت دەکات..
دەستی بۆ دەبەی..
دەفڕێ..
تۆ دەزانی کە گوارە نافڕێ..
بەڵام نازانی. ئەوە دڵی منە..
دڵی شاعیرێکی دڵدارە..

(١٨)

ووشەکانت خۆشە وەکو مچوڕکەی لەزەتی
خەونی خۆشی بەیانیانێکی سارد..
بۆنی تووڕەییت خۆشە
وەکو نانی گەرمو
منیش وەکو
هەموو مناڵە هەژارەکانی کوردستان
حەزم..
لە نانی گەرمە..
دەتووڕەبە..

(١٩)

بە منداڵی پەیینی ئاژەڵو خوێ و تووتنم
تێکەڵ دەکردو
جگەرەم لێ هەڵدەبەستو
دەمدا بە پیرەژنە دراوسێکەمان
کە لەو کەینو بەینە تێ گەیشت..
ئیتر پیرەژنی تایین
لە هەموو جگەرەیەك سڵی دەکردو
لێی بە گومان بوو..

لە هەموو جگەرەیەك دەترسا..
لە جگەرەی دایکم..
لە جگەرەی باوکم
تا وەکو لە جگەرەکانی ناو قوتووی
جگەرەکەی گیرفانی خۆیشی
هەر دەترسا..
دەیووت: (ئەشێ شێخ لەتیف دەسکاری
کردبێ، بەخوا منالێکی لاسارو ناعالە ئەرێ
خاتوو سەعدیە ئەم کوڕەی تۆ بۆ وا نارەحەتە)
منیش ئەمڕۆ: لە هەموو وشەیەك
دەترسم..
لە هەموو وشەیەك سڵ دەکەم..
دەشێ: نەختێ پەیین
یا دەمە چەقۆیەك
یا، کلۆیە بارووتی تیابێ..!

(٢٠)

ئەوەتا من هۆنراوەی شەکر
بۆ هەژارانی زەوی دەنوسمەو
خەو بە ئاسمانێکی نوێوە دەبینمەو
تۆوی گۆرانی و خەونی قەدەغە
لە خاك و خۆڵی زەوی و
دڵی گەورەی مناڵە لاسارەکاندا
دەچێنمەو
شیعرە قاچاغەکانم
لە زمانی چەوساوەکاندا دەشارمەوەو
سەیری شەپۆلی هەتاو دەکەم
بەلام ئای بۆمبای ئیمپریالیزم

زەوی دەکاتە باخچەی خۆڵەمێشێکی چەورو
خۆریش لە قەفەزی دووکەڵێکی بێ سنووررو
ڕەشدا، باڵبەست دەکا..
ئای، ئەی زەوییە سووتاوەکە..
خۆشم دەوێی هەتا خۆشەویستی کۆتایی دێ..
تۆش ئەی هەتاوە  وون بوەکە..
گۆرانیت بۆدەڵێم هەتا وەکو ووشە تەواو دەبێ‌و
زمانم وەکو لەتە سابونێکی کۆن دەتوێتەوە..

(٢١)

چەندی بڵێی من، ڕقم لە بۆیەو،
چاو ڕشتن‌و ئارایشت کردنی وشەیە..
ئەویش بۆئەوەی وشەش وەکو
شێوەی جلو بەرگو ڕوخساری هەندێ
کچۆڵەی نەفام‌و، ژنی سەر لێشێواوو
گەنجی بەڕەڵا..
لە مۆدێلکاری‌و ئەتەکێتبازیدا
نەشێوێ..
...
هەندێ مێ چ ژن‌و چ کچ
وەکو ئاوێنە وشك‌و زڕن‌و
قۆپیکاری دەکەن‌و
هەر ئەو شتانە لە پیاودا  بەدی دەکەن
کە لە ئاوێنەدا بەدی دەکرێن..
...

هەموو ئاوێنەکان
ناپاکی لە من دەکەن..
روخسارە لە خەمدا سیس بوەکەمو
رەنگو رووە
تێر بووی زامی ئاوارەییو گرەی
دەر بە دەرییەکەمو
لەشە لاوازەکەم..
دەنوێنن‌و
هەموو لایەنێکی جوان‌و ناشیرینی
روالەتم دەر دەبڕن..
بەلام، هیچ ئاوێنەیەك
شاعیرێتیم نانوێنێ و
نازانێ پشکۆی چەند هۆنراوەی هەنگوین
لە دلمدا پێدەکەنێ..
هیچ ئاوێنەیەك جیاوازی لە نێوانی
شاعیرێك‌و جەندەرمەیەکدا
ناکات..
ئای ئاوێنە چەند ناپاکی لەگەل مرۆڤدا دەکاو
ئەو چاوانەش چەند کوتو کوێرن..
کە هیچ شتێکی تر
لە دارستاندا بەدی ناکەن‌و
نای دۆزنەوە، جگە لە:
سەوزایی دارەکان..!

(٢٢)

بەرد نە هەست بەغەمو نە بەشادی ناکات

بەرد کەسی خۆشناوێ و

رقیشی لە کەس نیە..

بەرد دڵی نیە دڵداری بکاو

دەستی نیە رازی دڵو نامەو هۆنراوە

بۆ دەزگیرانەکەی بنوسێ و

کۆڵان بە کۆڵان بە خەیاڵ دوای بۆنی پرچی

بکەوێ..

بەرد قاچی نیە ئەگەر یاساوڵ بۆی بچێ راکاتو

خۆی بزر کات..

دایکی نیە کە بمرێ بۆی بگریو

باوکی نیە ئەگەر لاساری کرد

هەڕەشەی لێ بکات

وڵاتێکی تایبەتیشی نیە

کە لە پێناویدا خۆی بە کوشت بدات..

بەرد لە هەر شوێنو جێگایەکدا

خۆی دۆزییەوە

جێی خۆی دەکاتەوەو

توند توند پێوەی دەلکێ..!

بەرد هەرگیز یادی جێی رابوردوی خۆی

ناکاتەوەو

خەمی بۆ ناخوا..

ئەگینا رۆژێ لە رۆژان

بەردێك، نامەیەك، یا

شیعرێکی هەر دەنووسی..

لەگەڵ ئەوەشدا

وەکو پێشینان وتوویانە:

((بەرد لەجێی خۆی سەنگینە))

هەروەها مرۆڤیش..

(٢٣)

کە ژانە خۆڵەمێشەکەم

وەکو دەریایەکی کوڵاو کوڵ دەکشێ و

زامە لمەکەم وەکو دوکەڵێکی قورس

بە سەرانسەری لەشمدا

دەگەڕێ و

نامۆییەکی شین دەبێتە ئاسمانی

دڵە ئەستێرەکەم..

خەمێك لە شانەی گیانمدا دەڕوێ

وەك خەمی زەوی بێ باران..

ئیتر پەنجەکانم

دەبنە رەزی چڕی هۆنراوەو

چۆلەکە نەوسنە چاو پڕ خەونە گەورە گەورەکان

تێی بەردەبنو

دەنك دەنك

هێشووە پیرۆزەکانی دەقۆزنەوە..

...

دەتۆش وەرە ماچە نێرگزەکانم

وەکو ملوانکە لەمل کە

ئای من لە چەرخێکدا دڵداری دەکەم

نەفرەت لە خۆشەویستی دەکا..!

ئەرێ بشێ لە هیچ دەرمانخانەیەك

دەرمانێکی تایبەتی نەبێ

ئەم ئەوینە گەورەیەم

لەبار بەرێ...!

ئەی بشێ
لە هیچ دەرمانخانەیەك
سلفاتەیەکی تایبەتی
دەسنەکەوێ
کە ئەم شاعیرێتییەم
بکوژێ...؟

(٢٤)

من زۆر حەزدەکەم ژن بێنم
من زۆر حەزدەکەم لە توێی قۆڵو باسکی ژنێکدا
چاو لێکبنێمو بۆنی پەراسوکانی بکەم...
ئای من چەندێ پێویستیم بە ئافرەتێکە
لە چەرخێکدا خۆشی بوێم
کە پێستی شاعیری تیا دەکرێ بە پۆستاڵ...!
ئای من چەندێ پێویستیم بە ژنێکە
لە چەرخێکدا پەنام بدات
کە ناخۆشترین ئوتێل
پەنای شاعیرێکی هەژار نادات...!
من کە هەست بەوە دەکەم
کە ئافرەتێك نیە گوێ لە دەنگی زەنگی دڵم
بگرێ و
نیوەشەو هۆنراوەکانم بدزێ و
بیداتە بای شەقامەکان
چەقۆی شەرم دەمگروێ و
پارچە پارچە وەکو کڵۆ خوێی ناو گۆمە ئاو
دەتوێمەوە...

(٢٥)

تۆ دەزانی... شەرم سەگی چ ئازارێك

لە جەرگم بەردەدات...؟

من هەر لە منالّییەوە

شەرمم لەگەلّ خۆمدا هەلّگرتووە..

منالّ بووم، هێشتا سمێلّم نەبوو...

هێشتا.. نە شیعرو نە دلّداریم

نەدەزانی...

هێشتا نەمدەزانی

بۆچی هەندێ منالّ پۆشتەیەو

هەندێ منالّ پێ خاوسە...

شەرمم دەکرد...

هەر لە منالّییەوە

ئەم ریخۆلّە کوێرەی شێتییەم هەیە...

ئەشێ شەرم بووبێتە بەشێك

لە سمێلّم...

لە خوێنم...!

(٢٦)

لە چیرۆکی- زۆربادا- میمیکۆ-ی شێت

دەلّێ: من ژن نایەنم چونکە ژن پێلاّوی لێ دەوێم..

ئای، لەساویلکەیی و دلّپاکی میمیکۆ...

چونکە نازانێ

کەژن لەم سەردەمەدا چەندێ برو بیانوی زۆرە

نازانێ تالّی هەموو پرچێ

بەلاجانگی کچێکەوە

بۆنی خوێنی شاعیرێکی لێدێ

-میمیکۆ-دلّپاکو ساویلکەیە...

به پێڵاوی پیاوێکی مردوو
که ڕۆژێ له ڕۆژان نه‌نکی بۆی دزیوه...
قایل ده‌بێ...
میمیکۆ خه‌و به ژنی جوانه‌وه نابینێ...
هه‌نارێکی له مه‌مکی ئافره‌تێ خۆشتر ده‌وێ...
له‌تێ نانی له لێوی کچێ خۆشتر ده‌وێ...
تاڤگه‌یه‌ك... له ژنێکی رووت زیاتر
سه‌رنجی راده‌کێشێ...
میمیکۆ شاعیر نیه‌و
دڵی له شه‌قامو کۆڵانه‌کاندا
به دوای کچه جوانه‌کانو شوێن پێی
ژنه نازداره‌کاندا سه‌ره‌ڕۆ نابێ...
-میمیکۆ- هیچ هه‌ست به‌وه ناکات
که پێویستی به ئافره‌تێك هه‌یه
خۆشی بوێ...
ئای خۆزگه‌م به میمیکۆ...!

(٢٧)

من رقم له ماتماتیکه‌و ئافره‌تو نیشتمانم
خۆش ده‌وێ...
من ده‌زانم که یاساوڵ نیم، شاعیرم...
من ده‌زانم که من زۆر ڕقم له یاساوڵێتییه...
که‌چی کاتێ که تۆ ده‌بینم
ڕۆڵی یاساوڵێتی ده‌بینم...
هه‌رچه‌ند ده‌زانم که تۆ
هیچ شتێکی قاچاغت پێ نیه
به‌ڵام هه‌ر حه‌زده‌که‌م هه‌موو تۆزقاڵێکی
له‌شت بپشکنم...

(٢٨)

هەندێ جار وا هەست دەکەم
هەموو هۆنراوەکانم
کرمی زەوی دەیخواو
جانەوەرێکی نەبینراوو بێ ناوو ناونیشان‌و
ناسنامە...
پرچە درێژەکەی دڵدارەکەم دەبڕێ و
گوریسێکی ڕەشی پێ دەچنێ و
دەمخنکێنێ...
بەڵام من هەر پرچی ڕەشی دڵدارەکەمم
خۆش دەوێ...
کە چۆلەکەی خەونە نامۆکانم
دەدەن لە شەقەی باڵو دەفڕن
دەڵێی پەڵە هەوری تیشکن
لە هیچ سنورێکدا کۆ ناکرێنەوەو
بە هیچ پاسەوانێك باڵبەست ناکرێن...
جا ئەوان چۆن دەسگیر دەکرێن...
ئەوان ئەو پەنجەرە گەورە گەورانە
دەکەنەوەو لێوە دەفڕن
کە دەستی هیچ پاسەوانێك نایانگاتێ...!

(٢٩)

ژن هێنان زۆری تێ دەچێ و
گەلێ بۆیەو سیپاڵو تەتکەو
وردکە کە لە ژن خۆی زیاتر
کەسی دی ناویشیان نازانێ و
ڕەنگە هەر نەشبن
بە من سازناکرێن...

ئەی ئەگەر ژن بێنم لە کوێ بخەوین...
لە کوێ  ماڵداری بکەین...
ئێمە لە چەرخو زەوییەکدا دەژین
گۆڕی زۆرترو هەرزانترە لە خانوو
بۆ مرۆڤ...
...
من حەزم لە هێمنی و ئاسودەییە
حەزدەکەم چۆلەکەکانی گیانم
بە ئازادی بەرەڵای ئاسمان کەم...
بۆ ئەوەی هەزاران
بە ئاسانی گوێیان لە دەنگم بێ
وەك چۆن هەست بە شینایی ئاسمانو
گەرمایی هەتاو دەکەن...
حەز دەکەم شیعرەکانم وەکو نانی هەزاران
ساکار بێ...
من بێزارم لەو چوار چێوانەی کە کوتو مت
هەر لە قالبی کێلکو کولیچەو کادەو
قەنادی شەوانی رابواردنو بەزمو رەزمی
بۆرژواکان دەچن...
من دەمەوێ شیعرەکانم
هەر بۆنی بەفری هەندرێنو
رووباری ئاوە سپی و رۆخانەو قوشە چەپانو
داری بەڕوویان لێ بێ...
من نامەوێ شیعرەکانم لە ژووری
بە خوێنی هەزاران گوڵاو پڕژێن کراوی
دەوڵەمەندەکاندا، هەڵواسرێ و
لەگەڵ مەست بووندا، ببێ بە گۆرانی...
من دەمەوێ شیعرەکانم

لە دڵی منداڵە هەژارەکاندا
لە دەلاقەی زنجە بێ چراکاندا
هێلانە بکاتو بژی...

(٣٠)

تۆ بۆ وەکو دارستانی چۆڵ ماتو تاریکی؟
وەکو هەوری نەزۆك بێ دەنگی...؟
وەکو داری رووت دۆش داماوی...؟
تۆ بۆ لەو چۆلەکە پەڕەوازانەوە
فێری گۆرانی نابی
کە شەستە بارانی پایز
تەڕیان دەکات...؟
تۆ بۆ لەو منداڵانەوە فێری خۆشی نابی
کە سەرەڕای برسێتی و ئاوارەیی
هەموو شەقامو کۆڵانو پەنجەرەکان
پڕ لە کۆتری گۆرانی شادیو
هەرا هەرای بەتام دەکەن...
گەورەترین تاوانی مرۆڤ
دەسکاری کردنی راستییە
دەسکاری کردنی وشە، ناو، روخسار...
بیرو باوەڕ، مێژوو، ناونیشان...
نیشتمان، هتد...
ئەم چەرخە، چەرخی دەسکاری کردنە...
ئای توخوا، دەسکاری نامەو شیعرەکانم نەکەی؟

(٣١)

هەموو عاشقێك بە خۆشەویستی خۆی دەڵێ:

خۆشم دەوێی...

بەڵام من دەڵێم: کچێ وەرە خۆت رووت رووت

کەرەوەو

لە قوڵایی چەمی خوێنە شیعرەکەمدا

مەلە بکەو دڵۆپەی شینایی ئاسمان

لە چاوەکانتدا گەڵاڵە کەو

وەك ئەو منداڵانەی کە لە کوێستاندا

ریشۆڵە دەگرن

چۆلەکەی شیعرەکانم بگرە...

...

هەر چەندێ خەم دامدەگرێ

حەز دەکەم سەفەر بکەم

بەڵام نازانم بۆکوێ...!

خۆ من نە دایکم هەیەو

نە دەسگیران..

تەمو مژی غەریبی و

تەپو تۆزی ئاوارەیی پرچە ژاکاوەکەم

کە بۆنی مەرگی لێ دێ، بتەکێنێ...

کە شتێکی جوان دەبینم..

کە لەبەر کۆگایەکدا رادەوەستمو

شتێکی دەگمەن

سەرنجی شاعیرانەم، دەدزێ...

دەڵێم چەند ژەمێ نان ناخۆمو

پارە کۆ دەکەمەوەو دەیکرم...

بەڵام ئای ئاخر بۆ کێی بکرم...؟

خۆ من...

نه دایکم هەیەو...
نه دەسگیران...
نه کچێکیش داوای دیارییەکم
لێ دەکات...!

(٣٢)

من دەزانم ، پشکۆی وشە
نەبۆنی هەیەو نەبۆنی دەبێ
بەڵام هەندێ وشەی نهێنی
له چاوی ئەو کچەدایە
هەمیشە ماسولکە تیشکەکانم
پڕ لەبۆنی شادیو
ئەو هەورە ڕەنگاوڕەنگە دەم پڕ لەگۆرانیانە دەکا
کە لەبا دەنگخۆشەکانی کوردستاندا
ئەو بایانەی کە پەنجەرە گەورەکانی
دڵم چۆڵ ناکەن
هەر کۆچ دەکەن...
هەندێ جار پەژارەیەکم هەیە
وەك پەژارەی کێلگەیەك
کەهەست بەکۆچی هەور بکا
بۆ ئەو دیو سنووری زەوی..
هەندێ جاریش وا هەست دەکەم
کۆترێکی نامۆمو
هەموو مناڵە هاروهاجەکانی زەوی
ڕاوم دەنێن...!
هەموو دارستانەکانی جیهانم
لێ دەبێتە ناوچەیەکی قەدەغەی
بەئاگر پەرژین کراو...

ئای، ئەوە بۆچی خۆشەویستەکەم ...
لەو پرچە رەشەیدا
کە وەك خەمەکەم درێژە
نامشارتەوە...؟
ئای خۆشەویستەکەم
پرچی بۆ کێ درێژ دەکات...؟
ئەی من بۆ کێ
هونراوە خەونەکانم
لە رووباری خوێی زەویدا
وەکو: گوڵی تیشكو
ئەستێرەی خوێن...
دەچێنم...؟

(٢٣)

ئایە رۆژێ لە رۆژان رێت کەوتۆتە
هیچ هەراجخانەیەك...؟
هەراجخانە جیهانێکی تایبەتیەو لە هەژاران
بەولاوە کەسی دی سەری پیاناکا...؟
بۆرژوازی هەرگیز پەیوەندی بەم جۆرە
بازارانەوە نیەو
لەو وولاتە پڕ لە عەتری کۆن و بخوورو
دیاری هەرزانو کلیلو قفڵی ژەنگاویو
تەمی هەناسەو،پەرۆ شرو...
پانکە قوپاوو، رادیۆ شکاوەدا
هیچ سەفیرو نوێنەرێکی نیە...
هەموو بۆرژوازییەك دەتوانێ لە نزیکترینو
گەورەترین کۆگاو موغازەدا
پێویستییەکانی خۆی بکرێ

جا ئیتر بۆچی، نیخە نیخۆ بە درێژایی ماوەیەکی
زۆر...
راوەستیّ و ئارەقەی رەشو سپی دەردا
ئەمە چیە دەیەویّ شتێك بکڕیّ...!
ئەو هەموو پانتۆڵە کۆنو
کراسە شڕو
کاسکێتو قەمسەڵە عەنتیکانە
هی هەزارانو هەر لە باڵای هەزاران دێنو
تەنیا هەر هەزارانیش
هەست بەتامو لەزەتی ئەو بازاڕە ئەفسانەیی و
عاجباتیانە، دەکەن..
هەموو شتێکی کۆن لەو بازاڕانەدا
دەفرۆشریّ و هەر شتێکیش
چەند نرخێکی هەیە...!
هیچ شتێکی هەڕاجخانە نرخێکی تایبەتیو
دیاری کراوی نیە... و
تا وەکو وەزیری ئابووریش لەوێدا
قسەی ناڕواو لەو قەرەباڵغی و هەرا هەرایەدا
هەموو دەنگ و ئاگاداریو رونکردنەوەیەك
با دەیباو بزر دەبیّ...!
خۆ ئەگەر خوانەکەران یەکیّ لەو بازاڕەدا
ماریش پێوەدا...
کە هاواری کرد، خەڵك وادەزانن
شت مەزات دەکات... و... و
کە مردیش رەنگە وابزانن کۆمەڵە پەڕۆیە...!
من لەو جۆرە جێگایانەدا
هەست بە خۆشیەکی سەیرو نهێنی دەکەم..
لەزەتێکی چڕ دەمدزیّ و

لەو دورگانەدا کە لە هیچ نەخشەیەکدا
ناویان نیە..
ئاسودەییەکی تەواو..
خۆشنودم دەکاو ئەم بزوێنیێ..
کاتێ کە هەستیش بە بزەی
روخسارە نقومی بۆیەو
چەوریو تەپو تۆزەکان دەکەم..
هەوری شیعرێکی جوانو تووڕە...
بە سەر لووتکەی خەونە دوور دوورەکانمدا
دا دەبارێ...
هەموو هەراجخانەکان
لوولدەکرێنو
چۆڵ دەبن...
بەڵام شیعرە جوان و تووڕەکەی من، گەرچی
تەواو دەبێ...
تەواو نابێ...!

(٣٤)

زۆرجار کە برسیم دەبێ
حەز لە کۆلێرەیەکی گەرم گەرم دەکەم..
ئای بۆنی کۆلێرەی گەرم چەند خۆشە...؟
رۆژانی منالیم بیر دەخاتەوە..
ئەو رۆژانەی کە دایکم نانی دەکردو
حنەو مارمارۆکەو پەپکە بە کونجی و
کەلانەی بۆ دروست دەکردم..
ئای دایکم کوانێ..؟
هیچ نانێك ئەوەندەی نانی دەستی ئەو
خۆش نیە.. و

هیچ نانێك برسێتیم تێر ناكا..
نانی دەستی دایكم نەبێ..!

(٣٥)

شاخ لە سەرمدا
جار جار رووبارەو، جار جاریش
ئافرەتێكی رووتەو
جار جاریش زمانێكی نهێنییەو
لێی تێناگەم..
ئەرێ بشێ شاخیش وەكو:
دار، مەل، مرۆڤ...
مردن كەولّی بكات...؟
...
منیش شاخم
شاخ ناگری‌و منیش ناگریم
شاخ ناترسێ، منیش ناترسم..
شاخ كۆت ناكرێ، منیش كۆت ناكرێم..
منو شاخ یەك روخسارمان هەیە
منو شاخ هاورێی یەكترین..
منو شاخ جیوەی زەوین بە دەس ناگیرێین...!

(٣٦)

لە نێوان پرچی خەم‌و
لقە دوورەكانی زامە گەورەكەمدا
چاو شاركێ دەكەم
جار جار باخێكی بێ دەرگاو
هەندێ جاریش
بێستانی شەمامەی ئاگر

دەدۆزمەوە...

جار نا جارێکیش خۆڵەمێشێکی لینج

هەنگاوەکانم کۆت دەکاو

دەبم بە داهۆڵێکی وشکو زڕ...

* * *

ئای ئەگەر پێغەمبەرێك دەبووم

نە مردووم زیندو دەکردەوەو

نە دەچووم بۆ ئاسمان

زیندانەکانی زەویم دەکرد بە ئاو

* * *

ئای ئەگەر پێغەمبەرێك دەبووم...

داوام لە خوا دەکرد..

نەخشەیەکی دی بۆ زەوی داڕێژێ...!

* * *

ئاخ ئەگەر یەك چرکەیەك

تاجی دەسەڵاتی خوایەتیم

لەسەر دەکرا..

خۆشەویستیم لە هەموو دڵێکدا

دەکرد بەخوێن...!

* * *

بەڵام من شاعیرمو

شاعیریش هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ

وشە بکا بە چەقۆو

هەر نەخشەیەك

پێش لە دایك بوونی خۆی کێشراوە

ونجڕ ونجڕی کات...

هەر ئاسمانێکیش، بەر لە خۆی

دامەزرابێ

بیرووخێنێ...

هەر زەویەکیش، بەر لە خۆی

دروستکرابێ...

لێی یاخی بێ...!

* * *

من نە جگەرە دەکێشمو

نە دەخۆمەوەو

نە سواریی پاسکیل دەزانمو

نە حەزم لە مردنە...

بەڵام تۆم خۆش دەوێ... و

تۆ یەکەم وڵاتو

دوا وڵاتمی...

ئەی نیشتمان...!

(٣٧)

لە شێنایی قووڵو فێنکی

دارستانی قژ بارانی

وشە هەورە سورەکاندا

بۆ چۆلەکەیەکی نامۆ دەگەڕێم

تیژە وەك :

تیشك...

بێ ڕەنگە وەك:

ئاو...

پشکۆیە ئاگری نەمریی

لە دەنوکە مرواریییەکەیدا

هەڵگرتووە...

ئەوە دڵمە...

بزر بووە...!

(٣٨)

من تۆم خۆشدەوێ و ناتوانم زمانم بگۆڕم و
بڵێم تۆم لەبیر چۆتەوە...
ئەوەتا من دەستە زام ڕێژەکانمت
بۆ درێژ دەکەم...
بەڵام هەر چەند دەکەم ، بە تۆ ناگەن...!
کە منداڵ بووم ، خەیاڵم دەکرد...
لە سەر بانێکی بەرزەوە
دارێکی درێژ لە مانگ بخشێنم...
وا ڕێکەوت کە ماڵمان بۆ خانوویەکی دوونهۆم
باری کرد...
خۆشیەکی فرە سەیرو بەتام
لە دڵمدا چوزەرەی کرد...
ئێوارە سەر کەوتمە سەر بان
دارە درێژەکەمم بۆ مانگ
درێژ کرد...
ئای ڕەنجەڕۆ خۆم ، مانگ لەکوێ و
نووکی دارەکەم ، لە کوێ...!
تەلاری خەونە گەورەوسەوزەکانم
لە ڕەشە بای وەرزێکی بێ ئاودا
هەرەسی هێناو
هەر شوێنو هەتەریشی نەما..
دارەکەمم شکاندو
ئیتر ببڕای ببڕ، تاکو ئێستاش
جارێکی تر بیرم لەوە نەکردۆتەوە
ببمە هاوڕێی مانگ...
ئەمڕۆش، هەرچەند دەزانم
من و تۆ زۆر لە یەك دوورین ...

بەڵام جار لە دوای جار
دەستە پڕ لە شیعرەکانمت بۆ درێژ دەکەم...
بۆ دەستە بچکۆلەکانت دەگەڕێم...
من دەستە نەرم و شلە بچکۆلەکانتم
خۆشدەوێ...
رەنگی دەستەکانت نانی هەژارانی
وڵاتەکەمم بیر دەخاتەوە...
بە مناڵی بە درێژایی ڕۆژ
راوە چۆلەکەم دەکرد..
کە دایکم تێی گەیاندم
برسێتی چۆلەکەکان ناچار دەکات
کە بکەونە فاقەکەمەوە...
ئیتر داوو فاقەکانم شکاند
کەوتمە دڵداری کردن
لەگەڵ چۆلەکەکاندا
دانم بۆ رۆ دەکردن و
نەمدەهێشت مناڵان بەردیان تێ گرن...
ئەی تۆ کەی لە زمانی شاعیر
تێ دەگەیت و
فێری خۆشەویستی شیعر دەبی
ئەی کچە دڵ مەرمەڕەکە...!

(٣٩)

بای ئەم بەیانییەی ئەم شارە ژەنگنە

ساردە، منیش لە چاوەروانی تۆدا

دەبم بە چەمی خەیاڵو ئەندێشەی

پەرتو بڵاو...

ئەم با ساردەم پێخۆشەو

حەز دەکەم کەوڵم بکات

چونکە بۆنی ئاوو هەوای شاخە بۆرە کۆنەکانی

شارەکەمم

بیر دەخاتەوە...

منالّ بووم، بەیانیان زوو، هەڵدەسامو

بەرەو قوتابخانە، دەکەوتمە رێ

ئای چەندێ رقم لە قوتابخانە بوو...

لەو خانۆە گەورەیەی

کە وام دەزانی زیندانێکی بچووکە...

نازانم بۆ ئەوەندە، رقم لە هەندێ مامۆستایە

گەلێ مامۆستا...

گفتوگۆ نازانن  بەدار نەبێ

تەمێی قوتابی نازانن بەدار نەبێ...

ئای جا جیاوازی لە نێوانی

قامچی یاساوڵێکو

داری مامۆستایەکدا چیە...!

ئای جا جیاوازی لە نێوانی

مامۆستایەکی تووڕەو دار بەدەسو

یاساوڵێکدا

کە لە سەرە رێیەکدا لێت زیت دەبێتەوە

چیە...!

من نازانم، خەونەکانی کاتی شێتگیریمو

ئەندێشەکانی دەمی فێداریو پەرکەمی
شاعیرێتی چۆن وا گورج
بەزۆری تەشەنە دەکاو
هەموو پرزۆڵەیەکی دڵ دەگرێتەوە... و
لە هەموو دڵۆپە خوێنێکی لەشدا
بنج دادەکوتێ...!
من نازانم، من بۆ ئەوەندە تۆم خۆشدەوێ...!
بۆ من دارێك یا بەردێك لە دڵما ناژی...!
بۆ من دڵم لە ئەستێرەیەکی دوور دوور ناچێ...!
ئەی بۆ شەیدای
ماسییەکی قەراغی دیجلەی سەرەڕۆ نابم...!
...
تۆ دەریایتو، دەشزانم دەریا
نە خۆشەویستی دەزانێ و
نە وەرزی ئەوینو کۆچی هەیە...
تۆ دەریایتو دەشزانم دەریا، بەندەری
هەموو خۆزگەیەك، وەکو کەف
لە شەپۆلە تۆرەکانیدا رادەماڵێ...
تۆ دەریایت ودەشزانم دەریا
هەموو ئەو شیعرانە دەسڕێتەوە
کە شاعیرە شێتو دڵدارەکان
لە سەر باسکە ڕووتەکانی
دەینووسن...!
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا...
من هەر دەریام خۆشدەوێ و
گۆرانی نامۆ
بۆ شەپۆلە کۆچەرەکانی
دەنووسمو

دوای ئەمو مژە
بێ شوێنو هەتەرەکەی دەکەومو
لە سەر لووتکەی کوێستانەکاندا
لە ناو باچڕەکاندا
بۆنی، دەریا...
هەڵدەمژم...
ئاخر، دڵدارم، دڵدار...

(٤٠)

کە سەر لە-شارەکەم-کفری- دەدەمەوەو
بەو شەقامانەدا گوزەر دەکەم
کە بۆنی هارو هاجیی مناڵیمیان پێوە لکاوە... و
لێی نابێتەوە...
کە بەو کۆڵانانەدا تێدەپەڕم
کە بە گوڵی چاوشارکێ و خۆشەویستی من
تەنراون...
مناڵیی خۆمم بیر دەکەوێتەوە
ئەو ڕۆژانەی کەسەر ئەکەوتمە سەربانو
دڵی خۆمم وەکو مەلێکی بێ ناو
بە دوای کۆلارەکەمدا بەڕەڵا دەکرد...
ئەو ڕۆژانەی کەوام دەزانی کۆلارەکەم
لە ئاسمانیش بەرزتر بۆتەوە
...
بە دیار کێلی گۆڕەکەی دایکمەوە
رادەوەستمو
لە گەڵیدا دەکەومە گفتوگۆو
پێکەنین...
من پێدەکەنم، هەندێ کەس

وا دەزانن دەگریم...!
جا بۆ بگریم...
خۆ دایکم هەرچەند مردووە
ئەوە نیە لە هەموو هۆنراوەکانمدا
لایە لایەی دڵم دەکات...
* * *
هەموو ئەو هۆنراوانە
بۆ دایکم دەخوێنمەوە
کە بۆ ئەو پرچەت نووسیومە
کە ئەوەندەی هۆنراوەکانم
خۆشم دەوێو
ئەوەندەی ئەو هەورانەی
کە گوڵ لە خاکی وڵاتە سەوزەکەمدا
دەچێنن...
تامەزرۆیانم...!
ئای خۆزگە دەمزانی
ئایە دایکم دەزانێ کە کوڕە شەرمنەکەی
جارانی...
بۆتە شاعیرو دڵداری دەکات...!
ئەبێ دایکم چی بڵێ، ئەگەر بزانێ
دەمی تۆو
لەشە تیشکەکەتم
لەو نانە خۆشتر دەوێ
کە جاران ئەو بۆی دەکردم...
ئەبێ دایکم چی بڵێ، ئەگەر بزانێ
تاڵێ لە قژەکەی تۆم
لە پەڕۆی سەوزی هەموو نەزەر گاکان
لە لا پیرۆزترە...!

ئەی ئەبێ دایکم چی بڵێ، ئەگەر بزانێ
خۆشەویستەکەم کەوڵم دەکاتو
لە چاڵە خوێی زستانی
ئەم سەدە نەفرەت لێ کراوەدا
بەجێمدێڵێ...!

(٤١)

کە جارجار دەستم دەگریو تاڵ تاڵ پرچەکەت
ماچ دەکەمو
پەنجەکانم دەبن بەمناڵو
لاملو گۆناو قۆڵو باسکت دەلێسنەوە
دەبمە فەرهەنگی شیعرو شادیو ئۆخەی
لەزەتێکی دەروونی سەیر
دارستانی ئاسودەییو
خۆشنوودی...
لە دڵمدا دەروێنێ و دەحەسێمەوە...
دەبمە باڵندەیەکی ئەفسانەیی و
هەموو کیشوەرەکان دەگەڕێمو
لە شەپۆلی هەوری گۆرانی هەموو دەریاکاندا
مەلە دەکەمو
هەموو ئەستێرە دوور دوورەکان دەپشکنمو..
وەکو پێغەمبەرێکی داستانی ئاینەکان
دەگەرێمەوەو
لە سایەقەی خەستی چاوە جوانەکانتدا،
خەو دەبینم...!
مەپرسە چ خەوێك...!
دەبێ خەونی شاعیرێکی تەنیا
لە شاری دووکەڵو تەمدا چی بێ...!

بۆچی نازانی گوڵە گەنمی کێوی تینوو
خەو بە چییەوە، دەبینێ...؟
بۆچی نازانی پەرەسێلکە کۆچەرەکان
خەوە بەچیەوە دەبینن...؟
...
هەندێ جار واهەست دەکەم
کە ئەم جیهانە شێتخانەیەکی گەورەیە...
هەندێ جار وادەزانم لێت بێزاربووم...
هەندێ جاریش واهەست دەکەم
کە دەمی تۆ: دڵۆپە بارانێکە
ئەیمژم و هەر ئەیمژم
نە ئەو تەواو دەبێ و
نە منیش هەست بە موچڕکەو
تەزووی فێنکی لەزەتی تێربوون
دەکەم...!

(٤٢)

ئێوارەیەکی قووڵەو تێنوێتییەکی دوورم لەناخدایە
ئەم چایخانەیەش پڕ پڕە، لە: ساختەچی و درۆزنو
شاعیرو فاڵچی و چیرۆکنووسو قوماربازو
بێ کارو شێت و... هتد...
هەریەکەش خەمو خۆزگەی خۆی هەیە...
ئەوەتا شێتێك لە سەر ئەسکەمیلەکەی بەرانبەرم
تەماشای رۆژنامەیەکی کۆن دەکات...
ئەم شێتە خوێندەواری نیەو
جگە لە پەیکەرە لاوازەکەیی و
چاڵو چۆڵی رووە نوقمی خەمەکەی...
کە لە لەو دووکەڵی کوێرەوەری ئەم چەرخە

سۆزانیەدا، ون بووە...
ئیتر هیچ شتێك بەم ژیانەوەی نەبەستۆتەوە..
ئای لە ساكاری‌و دڵپاكی شێتەكان...؟
ئەی پێم نەوتی شێتان هەمیشە
ساویلكەو دڵپاكن...؟
دەبا ئەم شێتە كوێرەوەری‌و
گاڵتەو گەمەی خۆی...
هەڵگرێ و لەبەر ئەو شەقام‌و كۆشكانەدا
هەڵیان ڕێژێ و بڵاویان بكاتەوە
كە تەنیا پەنای دیوارو شۆستەكانیان
داڵدەی دەدەن‌و جێگای دەكەنەوە...!
...
منیش خۆشەویستیە گەورەكەم
لە دڵمدا هەڵدەگرم‌و لەبەر پەنجەرەو دەرگای
هەموو كچێكدا، گۆرانی دەڵێم‌و
هەموو شارو گوندو كوێستانەكان دەگەڕێم
بۆ كچێك خۆشی بوێم...!
هەر گۆرانی دەڵێم
هەر گۆرانی دەڵێم
تاوەكو دڵم دەبێتە پارچەیە ئاگرو
دەبم بە خۆڵەمێشێكی پیرۆز...
جا ئەو ساتە لە هەموو زەویدا شاعیرێكی دی
لە دایك نابێ ئەوەندەی من تۆی خۆش بوێ...
كچێ ماكا دڵم گڕی گرت‌و
ئاگری گۆرانی ئەوین كڵۆكۆی دامراندم
جا ئەو ساتە: هەموو ئافرەتانی زەوی
لە پێش هەموشیاندا... تۆ
لە كوشتنی مندا
بەشدارو تاوانبار دەبن...!

(٤٣)

بانگی مانگە زیوینە دەم پڕ لە بارانی گوڵی خەندە
تەڕەکان
دەکەم، بۆ ئەوەی بۆ ئاسمانم ببا...
ئای بەڵام مانگ چەند دوورەو چەند دڵڕەقە..!
لە قۆزاغەی ئازارە مزرەکاندا
بە تەنیایی جێمدێڵێ...
نە دەس دەداتە پەلم بۆ ئاسمانم بەرێ و
نە خۆمیش باڵم هەیە بفڕمو
نە شاخێکی بڵندیش لەم شارە جەنجاڵەدا هەیە
پیا هەڵگژێمو لە لوتکەیەکەوە
بەسەر پەنجەرەی چاوی ئەو کچە ناسکۆڵەیەدا
بڕوانمو پرچە پرشو بڵاوەکەی
لە بارەشەکاندا کۆکەمەوە..
حەز دەکەم خوا بمکا بە منالێکی لاسارو
بەرەبەیانێك سەرکەومە سەر بەرزترین تەلاری
ئەم شارە ئاوسیی خەونی چەقۆو
گۆرانی گوڵو
شادی هەورو
خەمی تیشکو
بەیاننامەو
برسێتی و
هەژاری و
هەزاران هەزار... شاعیرەداو
بانگی کچە پرچ رەشەکە بکەم
تاوەکو هەموو وشەکان، تەواو دەبن...!
بۆ چاوە پڕ لە بارانەکانی بگەڕێم
ئەو چاوانەی کە بە بێ پاسەپۆرتو پسووڵەو

به خێرایی تیشك...
وەكو دوو باڵدار لە پەلكە ڕەنگینەی دڵمدا
لانە دەكەن...
...
گەر منداڵ بومایە
حەزم لە حەلواو گەزۆ دەكرد...
ئەگەر چۆلەكە بومایە
حەزم لە گەشتی شینایی ئاسمانو
خەرمانو سەر پەرێز دەكرد...
بەڵام شاعیرمو كچێكو شارێكم
خۆشدەوێ...
كچەكە پەلكە ڕەنگینەیە
شارەكەش، ئاسمانێكی بێ دەرگایە !

(٤٤)

پێش چەند ساڵێك خۆمو چەند هاورێیەك
لەبەر دەرگای تەجنیدی شارەكەمدا
چاوەروانی ئەوەمان دەكرد
كە بۆ سەربازیمان بەرن...
دایكو دڵداری هەموو هاورێكانم
بۆ خواحافیزی ئامادە بوو بوونو
ئاسمانی چاوەدورەكانیان
ڕەشەبای گریانو سۆزو خۆشەویستی و خەم
دایگرتبوو...
برژانگەكانم بوون بە دارستانی فرمێسكی
قورسو
مەلی خەم...
چونكە من نە دایكمو نە خۆشەویستێك

بۆ بەرێ خستنم نەهاتبوون
ئای چی لە بێ دایکی و لەوە ناخۆشترە کە
لە زەوی دا
کچێك نەبێ لە زمانی شاعیرێك بگات... !
...
کە سەربازیش بووم
جانتای هاورێ سەربازەکانم
کە لە ئیجازە دەهاتنەوە
بۆنی دایکو دەسگیرانەکانیانی لێ دەهات...
بەڵام جانتای من بۆنی گوڵی شیعری نامۆیی و
خەمی ئاگر... !

(٤٥)

خۆشەویستم... خۆشەویستی راستەقینەم
ئەو ئافرەتەیە کە خۆشی دەوێم...و
ئەم وشانە ئاراستەی ئەو دەکەمو
هەموو ئافرەتێکیش بۆی هەیە
کە ببێتە ئەو خۆشەویستە... !
ئێمە لە زەویەکدا دەژین
کە هێشتا خۆری راستەقینە نەیدۆزیوەتەوە.. !
ئای کەی هەتاوێکی ئەوەندەی زەوی هەڵدێ و
شانەی تاریکایی ئەم سەردەمە ئاڵۆزە
بە رووباری رووناکی و
بارانی ئەو خەونە خۆش خۆشانەی
کە وەك کۆترە کێویلە هارو هاجن..و
وەك گوڵە هەنار جوانن‌و
وەك گەزۆ شیرینن ...
ئاو دەدات... !

ئای کەی ئافرەتێك بە راستی و وەك خۆم دەمەوێ
خۆشی دەوێم‌و
دەمارە پڕ لە تێنوێتییە کۆنەکانم
بە خۆشەویستی و لەزەتی ئەوین، ئەتەنێ...؟
...
جارێکیان فلیمێکم بینی دەربارەی رزگارکردنی
شارێك بوو... سەربازەکان ئەگەرچی
برسێتی و
خەم‌و ترس‌و راچڵەکین‌و
بێنازی، باری گیانی قورس‌و ماندوو کردبوون..
بەڵام هەر تامەزرۆی
تامی ژیان بوون...
تامەزرۆی بۆنی چەمی با بوون...
چوارو پێنج لە پەناگاو حەشارگاکانیاندا
لە سەرچیچکان ریز بوو بوون ...و
پێکی بەختیان هەڵدەدا...
سەربازێك کە رووخسارە ماندۆەکەی
لە توێی ریشێکی تۆزاویدا پێدەکەنی
دەستی دایە پێکێك‌و
بەر لەوەی نۆشی کا ووتی:
ئاخ دەترسم گوللە بمبێژێ و
لەشم بکا بە سەرەنگ‌و
جارێکی تر... ببڕای ببڕ
ئافرەتێك ماچ نەکەم...!
...
کچێ منیش دەترسم بمرم‌و
ئافرەتێك خۆشی نەوێم...!

(٤٦)

چاوەکانت... وەکو پەرەسێلکەی لانە رماو
خەمبارن، ئەی کچە شەکرەکە...
تۆ بۆ ژورێك دەگەڕێی کە دالّدەت بداتو
لەم سەدە شوومو نەگریسەدا
ئاوارەی شەقامو شۆستەکان، نەبی...
منیش بۆ کچێك دەگەڕێم
کە وەك دارستانی ولاّتە نوقمی بەفرەکەم
شۆخو دلگیربێ، و... وەکو بارانی بەیانیانی
پایز
فێنك بێ...!
ئەو کچەش تۆی، تۆ...!
ژوور ولاّتێکی بچکۆلەیەو مرۆڤ رەگی تایبەتی
خۆی
تیادا دادەکوتێ..و بە نەختێ زەویەوە
دەنووسێ...
گولّ... تۆزقالّێ زەوی هەیەو باوەشی پیا
دەکاو
رەگی تیا بلاّودەکاتەوەو
کە رەشەبایەکی چەتونیش
هەلّی کرد...
هەلّئەپرووقێ و
تێکەلّی خاکو خۆلّی زەوی دەبێ...!
ئەی بۆچی هەموو مرۆڤێك
ژوورێکی تایبەتی نادەنێ
تاوەکو بنجی خۆی تیادا دابکوتێ و
هەموو ئارەزووە قەدەغەو ناقەدەغەکانی خۆیی
تیادا جێبەجێ بکاتو

وەکو دڵۆپە بارانێك تیا بتوێتەوە...؟
ئاخر خۆ هەموو دڵۆپە بارانێکیش
وڵاتی خۆی هەیە
ئەی مرۆڤ بۆ نەیبێ...؟

(٤٧)

من دەزانم تۆ نوێژ ناکەی...
بەڵام ئەشێ ڕۆژێ لە ڕۆژانی هەینی
ڕێت کەوتبێتە مزگەوتێکی ئەم وڵاتەوە...
ئایا هیچ ڕۆژێ لەگەڵ دایکتدا
سەرت لە نەزەرگایەك لە نەزەرگاکانی
ئەم شارە نەداوە...؟
خۆزگە ئێوارانێکی ڕەمەزان
سەرت لە نەزەرگایەکی مزگەوتێك دەداو...
بە چاوی خۆت ئەو هەزاران هەزار برسی و
ڕەش و ڕوتەت دەبینی.. کە چاوەڕوانی
خێرو زەکاتو سەرفترەو بابۆڵە نان دەکەن
مرۆڤ کە سەر بەو جۆرە جێگایانەدا دەکات
وا دەزانێ هەموو هەژارو برسیەکانی جیهان
لەوێدا کۆنگرەیان هەیە
دەستە بۆ سواڵ درێژکراوەکان
لە ژمارەی دارەکانی جیهان زیاترن..
دەستە برسیەکان، دەست نین، دەمی نەهەنگن
هەموو شتێك لووش دەکەن...
هەتا دارو بەردیش دەقۆزنەوەو لە جۆرکەکانیاندا
حەشاریان دەدەن...
ئێ خۆ دارو بەردی ئەوێ موفەڕکەو
لە دەردو قەزاو بەڵای ناگاهان

دەیانپارێزێ... !

دەستە برسیەکان، مانگرتن نازانن...

بەڵام تەنیا هەر درێژکردنیان

خۆی لە خۆیدا دروشمی...

نارەزاییەکی قووڵو بێ دەنگە... !

...

ئەی برسیەکانی جیهان

من لەگەڵتاندام

وەرن تێکرا دەستدرێژکەین...

بەڵام بۆ سواڵکردن نا...

بەڵکو بۆ تفەنگ، تفەنگ...

دژی: ئیمپریالیزمو زایۆنیزم... !

(٤٨)

ئەم چاخە، چاخی وشەی پوچەڵو بۆیە کراوە..

سەدەی شاعیرۆکەی ساختەچی و سواڵکەرە...

سەدەی فرۆشتنو کرینی بیرو باوەڕو مێشکو

دەروونە...

چاخی مەرگی خۆراییە...

لە پێچەی هەموو شەقامێکدا

مەرگ: چاوەڕێتە...

لە هەر شوێنێ بیری لێ نەکەیتەوە...

مەرگ: پاسەوانتەو لە خزمەتت دایە...

...

ئەم چاخە، چاخی شێواندنو گرێکوێرەیە...

هەر وشەیەك بەهەزاران فرتو فێڵی

ئۆتۆماتیکی و ئەلکترۆنی...

کلكو گوێ و قەسرو جەم دەکرێ

بۆ ئەوەی خزمەتی چینی بۆرژوا بکات...
دەبا فێری ئەوە بین چۆن شتی رەسەن و ساختە
لە یەك جیا بکەینەوە...
دەبا فێری ئەوە بین، راستیمان لە: دۆندرمەو
گوڵ و شانەو ملوانکەو ماچ
خۆشتربوێ..

(٤٩)

من فەرهەنگ نیم
بەڵام هەموو ئەو وشانەی
کە: مێردەزمەی ئەم سەردەمە تاریکەی
تیا ناژی
لە لای من دەسدەکەون...
کەسیش نایان دۆزێتەوەو
بۆنی گوڵاوی پرچە درێژەکانیان ناکات
تەنیا ئەو کچە نەبێ
کە خۆشی دەوێم...
ئێ دەتۆ ئەو کچەبە...
ئەی کچە دڵ مەرمەرەکە...!

(٥٠)

دڵم دەرگایەکی هەیە
جگە لە خۆشەویستەکەم...
کەسی دی
پەی پێ نابا...
دڵدارانی بەفریش نەبێ
کەسی دی
بۆنی گوڵە نهێنیەکانی
وڵاتە گۆرانییەکەم...
ناکا...
...
وڵاتە گۆرانیەکەم
لە دڵم دایەو
نازانم چەند بەشی دڵمی داگیر کردووە...
بەڵام هەست دەکەم
کە هەمیشە... وەك:
با...
ئەوین...
خەون...
هەر تەشەنە دەکاو گەورە تر دەبێتەوە...
...
نە شاعیر
لە زاراوەی منالێ تێدەگاو
نە منیش دەزانم
وڵاتە گۆرانییەکەم، چەندێ فراوانە...؟

(٥١)

من نازانم چۆلەکە دورەکان

خەو بە چیەوە، دەبینن...

بەلاّم حەز دەکەم لە شەوێکی ساردی زستاندا

ببم بە هەوری خوێن و

لە نێوانی مەمکەکانتدا...

درێژترین

هۆنراوە...

بنووسم...

من شاعیرێکی منالّم


جیاوازیش لە نێوانی من و

هەموو منالّەکانی جیهاندا

ئەوەیە... کە:

ئەوان حەزیان لە: دایکیانەو...

من حەزم لە تۆیە...




# ئەو نامانەی

# کە دایکم نایانخوێنێتەوە

١٩٧٩

# بەشی یەکەم:

ئەم بەشە بریتی‌یە لە برێك لە هۆنراوەکانی کۆتایی ساڵانی (شەست)ەو بە پێویستم زانی بڵاویان بکەمەوە.

لەتیف هەڵمەت

## ئاوێنەی ناو شەپۆلی ئاو

## یان

## جوانی بێ وێنە

من لە بەهاری هەموو جیهانا
تەنها گوڵێکی زیوین ئەبینم
من لە ئاسمانی ساماڵی جوانا
ئەستێرەیەکی شیرین ئەبینم
من لە تەمەنی هەموو ژیانا
هەر یادگارێکی دێرین ئەبینم

***

قرچەی دەروونو ئاخو هەناسە
ئاواتو خۆزگە... ئارەزوو... تاسە
پرشنگی شادی... سامناکی... ئازار
فرمێسکو بزە... پایزو بەهار
وەکو تروسکەی کزی خەیاڵێ
شەپۆلی ونبوون رایان ئەماڵێ
بەڵام متورفەی بەژنو باڵاکەت
هەگیز ون نابێ لە ئاسۆی هەستا
هەمیشە نەخشە شۆخی کەڵەگەت
لە ناو جوانترین وشەی هەڵبەستا

## هەڵبەستی بێ وێنە
## یان
## لە ژێر چەپۆکی مەرگا

پەنجەی ئازار خوێ ئەکاتە توێی برینم
دەرونم پڕ لە سامۆتکەو لە کسپەیە
خەفەتاویم لاڵە چەنگی پێکەنینم
دڵەی پەستم پڕلە ژان و لە کڵپەیە
...
بە هەستی وێڵ
چەند تێبینی لە دوور ئەکەم
زیاتر ئەگریم بە داخەوە پەرۆش ئەبم
بە هەوری داخ
کۆشکی رازم خاپور ئەکەم
لە وێرانەی تەنیاییدا خامۆش ئەبم
...
تەمی ناسۆر وردە وردە شاڵاو دینێ
بۆ مەبەستو بیرەوەری و هیواو ئاوات
بێ گومانە کەوا ئەیانخنکێنێ
مۆمی گیانم لە تروسکەو پرشنگ ئەخات
...
تاریکایی بە سەر ئاسۆی ژینما دایێ
گوڵێ زەردم لە بەهاری تەمەنمدا
کزەی وەرین ئەخاتە دڵ هەرچی بایێ
تێ ئەپەرێ بە ناو دنیای چیمەنمدا
...

بێ ئارامی خەوی لێم ون کردووە
دەریای خەمم بە نینۆکی بێ بن ئەکا
تاپۆی مردن وا رووی لە من کردووە
دەستی لە سەر بینە قاقام تون ئەکا
...

ئەوا ئێستا لە تروسکەی ئاونگ ئەچم
لە لافاوی نهێنیدا نوقم ئەبم
لە ئاوازی هەورێکی بێ پرشنگ ئەچم
لە سامناکی شەوی ژینا گوم ئەبم
***

## گوڵدانی یادگار

لە قولایی تاریکیدا هونەر جوولا لە گیانمدا
تاکو بگەم بە رووناکی راپەریمو تەکانم دا
گوڵی هەموو ئاواتێکم لە گوڵدانی یادگارا بەست
لە ناو کەشتی هیوادا نامە سەر دەریای مەبەست
لە ناکاوا شەپۆلێکی رەشی کەف زەرد خنکانی
ئەو دڵەم وا بە خەندەوە پڕ بوو لە کامەرانی
هەڵئەپەڕی وەك پرشنگی هەتاوی بەربەیانی
بە شنەشن ئەم جیهانەی پڕکردبوو لە گۆرانی
تێك شکا وەك پەڵە هەوری دەم رەشەبای ئاسۆی زستان
ئەو ئاوازەی کە هەڵئەستێ لە کەمانی دەستی نەزان
وەك خەیاڵی پەروانەیەك لە ناو گڕی ناکاما
وەك ئارەزووی بلبلێك لە پایزی بەساما
ئەوا ئێستا نیگای تاسەی کامەرانیم پڕ ئازارە
هەتا ئەمرم لە گیانمایە کزەو کسپەی ئەو یادگارە
***

## لە گەردەلولی ونبونا

وەکو هەورێك ئاسمان بگرێ لەناکاوا
وەك کوێرایی دابێ بەسەر شووشەی چاوا
نائومێدی وا باوەشی دا لە گیانم
گڕی بەردا لە بەهاری ژیانم
ئەوا ئێستا لە شەپۆلی ئازارا
لە قولایی بێ کۆتایی شەوگارا
لوولم ئەکا گەردەلوولی سەرسامی
پارچەی ژینم ئەخوا خەمو بێ ئارامی
هەرچەن چنگیان بە دەروونما ئەچەقێ
تلۆقی پڕ زوخی هەستیم ئەتەقێ
بلێسەکەی ئەڕژێ بە گەرووی جەرگا
لە عەزرەتا باوەش ئەکەم بە مەرگا
وەکو مەلێك بکەوێتە ناو داوێ شل
لە سەر ملیا بەدی بکا چەقۆیە کول
وەك تینویەك جێ بمێنێ لە بیابان
هەر چواردەوری خۆم لێ ئەبێ بە گۆڕستان
ئیتر نە دڵ وشەو تاسەی تیا ئەمێنێ
نە یادگارم وێنەی ژیان ئەنوێنێ
تێزابی ئاخ لە دڵما پەنگ ئەخواتەوە
هەموو خەمێك باوەشم بۆ ئەکاتەوە
***

## سێبەری وشە لە ئاوێنەدا

## یان ئاواتی هەڵوەریو

ئەو گوڵانەی وا پایز ئەژاکێن
لە بەهارێکی تازەدا ئەڕوێن
ئەو چرایانەی ئەکوژێنەوە
تاریکی داهات هەڵئەکرێنەوە
ئەو ئەستێرانەی کە شەبەق ئەمرن
بەری ئاسمانی شەوێ تر ئەگرن
ئەو هەتاوەی وا کەل ئەیخنکێنێ
بەربەیانێ تر چاوی هەڵدێنێ
بەڵام ئەو حەزو ئارەزووانەی
لە بیابانی دڵما نامە چاڵ
هەرگیزاو هەرگیز ناشنێتەوە
لە باخی ژینما ناکەوێتە باڵ

**

## ئاوێنەیەك لە شێوەی هەڵبەست

لە کۆشی شەوی نائومێدییا
دڵ خەمو خەفەت ئەهۆنێتەوە
برینەکانم بە سازی یادگار
وەك خوێی پێوەکەی
ئەکولێتەوە

***

## سێبەرێك لە لێلآیی ژیانا

شەپۆلی دەریای خۆزگەم ژاکاوە
وەکو خەیاڵی مۆمی داگیرساو
ئاوازی بەستەی دڵم خنکاوە
وەکو ئاواتی مەلی چنگی داو

...

لافاوی ژەهری ڕەشی خەمی نوێم
ئاخ ئەرژێنێتە دەروونی پەستم
کسپەو بڵێسەی هەناوی پڕ سوێم
بووەتە سۆزی پەری هەڵبەستم

...

نە تاسەم ماوە نە خەو بینینم
نە ئەستێرەیەك وا لە ئاسمانما
نە ئۆقرەم ماوە نە پێکەنینم
نە لیسکێ شادی وا لە ژیانما

...

وەکو پەپولەی وێڵی دەشتی تەم
برینەکانم پرە لە هاوار
نە بۆنی خۆشی گوڵێ دوور ئەکەم
نە نیگام ئەگا بە جوانی بەهار

***

## لە گەرداوی ژیانا

کەشتی ئارەزووی تەمەنی لاویم بێ بادەوانە[1]
رۆخی رزگاری وەکو نهێنی سروشت پەنهانە
ژیانم وەکو تروسکەی کزی مۆمێ دوور دیارە
هەناوی زەنگم لانەی پەژارەو خەم و ئازارە
دڵم بەخشییە هەچ ئافرەتێکی ئێسك سووك و جوان
ئاوازی ماچی گەشی ئاواتی لە گیانما خنکان
وێنەی رازاوەی کەڵکەڵەی نەرم و نیانمی دڕی
باڵی فرینی مەلی مەبەستی تازەمی بڕی
ئاگری بەر دا لە باخی تەڕو خۆشی بەهارم
برینێکی نوێی کرد بە دیاری بۆ جەرگی یادگارم
وا دۆش داماوم بە نائومێدی بە بێ ئارامی
شێوەی جیهانم لێ ئەشێوێنێ تاپۆی سەرسامی
کاسی کردووم کسپەی تەنیایی و هەڵمی خەمناکی
بەستەی شمشاڵی خۆزگەی کوشتووم هەوری سامناکی
وەرەم لە سینگی ساردی مەبەستما قووڵ بووە زامی
لە سەر بینمایە دەستی چڵکنی رەشی ناکامی
ئەوا ئێستاکە وەکو ئەستێرەی زەردی بەربەیان
ئەم تەمەنەی من ئەوەرێتە ناو شەپۆلی نەمان

***

---

١ بادەوان = بایەوان = چارۆکەی کەشتی

## لافاوی وشه لە هەڵبەستێکی کورتا
## یان  بە یادی دایکم

بیر ئەکەمەوە لە بیرەوەری
ئە لەو ژیانەی کەوا تێ پەڕی
ئە لەو ڕۆژانەی کە لێمان گوم بوو
لە ناخی چەرخی ڕەشا نووقم بوو
دەروونی زەنگم پڕ ئەبێ لە خەم
دنیای ژیانم دائەپۆشێ تەم
ئەمرێ پرشنگی لێوی خەیاڵم
جریوەی هەستی شیرین‌و قاڵم
هەڵاوی چڕی ئاخ‌و هەناسەم
تیایدا ئەخنکێ برووسکەی تاسەم
مانگی هیوام وەك مۆمی داگیرساو
ئەتاوێتەوەو ون ئەبێ لە چاو
***

## چەند وشەیەك لە شێوەی خۆڵەمێش

من لە ترووسکەی زەردەپەڕ ئەچم
بۆیە تەمی ئاخ ئەنێمە سەردەم
من لە باڵداری ژێر خەنجەر ئەچم
بۆیە شیوەنی مەرگی خۆم ئەکەم
***

## سامۆتکەی مەرگ

تەمی مەینەت تەمەنی من هەڵئەمژێت
بێ ئارامی ئاواتی من ئەکوژێت
تاریکایی ئەڕژێتە ناو دڵما وەك خوێ
زامەکانم ئەهێنێتە ئازارو سوێ
بەبێ هیوا... بەبێ ئاوات.. ئەڕۆمو دێم
بە ئاوازەی نائومێدی کاس بووە گوێم
ئەنوارمە هەرچی لایەك تاپۆی مردن
بەرامبەرمە چاوەکانی زیتە لە من
نە ئەیەڵێ بەستەیەکی شیرین بڵێم
نە ئەیەڵێ خەمی دەروون لە گۆڕ بنێم
ئاخ تاریکی... مەرگی سامناك... ناخۆشی
چۆن بە جارێ دنیای منتان داپۆشی
بۆ نەتان هێشت لێوی تینوی ئەم گیانە
تاوێك تەڕکەم بە شەپۆلی ئەم ژیانە
***

## هەڵبەستێك بە دوای شەوێكی بێ شەبەقا
## یان ئاوازی مەرگ

ئەستێرەكان ئاسۆی ساماڵ زاخاو ئەدەن
بریسكو هوڕ لە شەپۆلی ئاو ئەدەن
كە شەو نەما وردە وردە ون ئەبن
نە ئەفسونیان ئەمێنێ نە شنەشن
...
بەهار بە گوڵ.... گوڵی شەنگو ئێسك سووك
چیمەنەكان ئەنەخشێنێ وەكو بووك
گەردەلولی رەشی پایز... پایزی زەرد
لەناكاوا ئەیانكاتە تۆزو گەرد
ئەو وێنانەی كە لە خەوا ئەیانبینین
دەستی ونبون ئەیان دڕێ كە راپەڕین
تۆش تا دوێنێ.. دایە بە نیگای شیرین
بە قسەی خۆش... بە ئاوازی پێكەنین
بە دڵسۆزی بە خۆشەویستی بەتین
كامەرانیت ئەبەخشیە منی خەمگین
شنەت ئەهات لە بەهاری ژیانا
گوڵی خۆزگەت چەپك ئەكرد لە گوڵدانا
بەڵام ئێستا شێوەی جوانیت تیشكی نەما
برووسكە بووی خنكای لە ناو شەوی تەما
جوانەمەرگ بوو دایە ئەو تەمەنەی تۆ
ئاخ بۆ سۆزی ورشەی زەردەخەنەی تۆ
وەها دیارە خەزان كۆتایی نایە
ئەم ژیانە ئیتر هەتا هەتایە
بێ جوانیە... بێ شادیە... بێ بەهارە
بۆ گیانی من... چقڵی دەردە... ئازارە
***

## شیوەنی تەمەن

گەرچی بەهارە ژیان رەنگینە
جۆشی وەیشومەی وەرزی پایزمە
تالآوی خەمم لەلا شیرینە
کاتی شیوەنی تەمەنی کزمە
...
پەرەی ئاواتی نوێم کون کون بووە
وەریوە سۆزی خەندەی شیرینم
جوانی لە عاستی چاوم ون بووە
نەماوە تیشکی گزنگی ژینم
...
ماوەی تەمەنی پڕ لە هەناسەم
ئەوەرێ وەکو سێبەری ئاسمان
هیوای ئەم دڵە زەبوون و کاسەم
ئەمرێ وەك تیشکی ئەستێرەی بەیان
...
تەرمی زاماوی حەزو ئارەزووم
پەخشی باوەشی هەردەی ژیانمە
برووسکەی هەوری ئاسۆی داهاتووم
دیارە کە ئیتر من هەر خەزانمە
***

## لە سەر چزووی یادگارا

ئەستێرەی ئاسۆی تەمەنم وەری
لە تاریکایی شەوا نامە چاڵ
وشەی هەڵبەستی ئومێدم تەری
ون بوو وەك تاپۆی بروسکەی خەیاڵ

...

گیانی پەرۆشم ئەباو ئەهێنێ
دەریای مەینەتی بێ بنو لێوار
هەموو ئاوازێك دڵ ئەخورپێنێ
خەمێکی تازە ئەکا بە یادگار

...

لە کەفی جیڕی تەمی پایزا
شکاوە ئەژنۆی تەکانی هەستم
لە سەر هەورازی یادێکی خزا
وێڵە دەروونی شکستەو پەستم

...

ئەوا سامناکی وەك خاکی سەر گۆڕ
دنیای ژیانی من دائەپۆشێ
لانەی برینو تلۆقو ناسۆر
وەك سامۆتکەی مەرگ لە من ئەخرۆشێ

...

لەگەڵ شەپۆلی ئاخو هاوارا
گەڵارێزانی باخی ژیانمە
لە بینە قاقای قووڵی شەوگارا
شینو شەپۆری تەمەنی جوانمە

## ئەو وێنەیەی خۆشەویستی ئەیكێشێ
## یان
## چەن هەنسكێك بۆ دایكم

شەپۆلی پایز هات لە ناكاوا
هەوری دا بە سەر گلێنەی چاوا
باخی بەهەشتی ئاواتمی وەران
بزەی فریشتەی شادیمی تەران
بێخەوی كۆشی... شەوی ناخۆشی
چاوی تەمەنی جوانی خستە ژان
گەردەلولی لێڵ ژیانمی پۆشی
برووسكەی گڕەی ئاخ دڵمی سوتان
ئەوا ئێستاكە لە قورگی ساما
لە ناو گەرداوی زووخاوی زاما
گێرۆدەی گرێی كۆتی ماتەمم
خەم بەستەی منە... من بەستەی خەمم
خاكی جگەری پڕ لە ئازارم
تیادا ئەخنكێ ناڵەو هاوارم
سێبەری لەرەی دیواری پەستیم
بووەتە گۆڕی هیواو یادگارم
...
قولایی شەوگار روون ئەبێتەوە
گوڵزاری وەریو ئەگەشێتەوە
تەمی سامناكی پایزو خەزان
بە شنەی بەهار ئەڕەوێتەوە
فرمێسكی سوری چاوی هەژاران
بە شەماڵی یاد وشك ئەبێتەوە
برینی خۆزگەی پەروانەی ژیان

بە تویژی ئارام یەك ئەگریتەوە
باڵی کراوی مەلی دیل کراو
بە هیوای فرین دەرئەچیتەوە
هەستی دەروونی بلبلی بیٚ چاو
بە بۆنی خونچە ئەشنیتەوە
بەلام بلێسەی ئازاری گیانم
هەتاهەتایە ناکوژیتەوە
متورفەی شادی ئاواتەکانم
هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕیتەوە
هیوا تاریکیی هەستم ماچ ناکا
جۆلانێی ئارام هۆش راناژەنیٚ
ئەو هەتاوەم وا لەکەلا خنکا
ئیتر نە هەڵدیٚ نە پیٚئەکەنیٚ
***

## سەودایەکی جوانەمەرگ

رەشەبای دەشتی تاریکی ژیان
وێنەی رازاوەی خەیاڵمی دری
دەستی خەفەتی ئاگراوی گیان
باڵی پەپوولەی ئومێدمی بری
...
ئیتر بولبولی شادی رابوردووم
لەناو بەهاری دڵما ناخوێنیٚ
ساماڵی شینی خۆزگە و ئارەزووم
تیشکی ئەستێرەی تازە نارژێنیٚ
پەنجەی تەمەنم ئاوازی گەرووم
لە ژێی کەمانی حەز هەڵناسێنیٚ

هەردەی جیهانی ئومێدو هیوام
گزنگ پرشنگی پیا ناپرژێنێ
شەپۆلی دەریای زیوی سکالآم
کەشتی خەیاڵم ناباو ناهێنێ
...
ئیتر ترووسکەی بزەی بەسۆزم
ناکەوێتە سەر لێوی ژیانم
شیلەی خرۆشی ئارام و ئۆخەی
نابێتە تامی گۆرانیەکانم
...
پەرەسلێنکەی هۆنراوەی تازەم
بەرمو گوڵزاری مەبەست نافرێ
هەرگیز برووسکەی لەرەی ئاوازەم
گەردی ژەهراوی خەمم ناسرێ
...
لیسکی بریقەی کانی ئاواتم
دەروونی تینوو و وشکم تەڕ ناکا
پەلکە زێرینەی چاوەڕوانی من
نادا لە ئاسۆ پیا گوزەر ناکا
...
وا یادی نازدار وەکو ملوانك
ئەکەم بە دیاری بۆ بوکی یادگار
سایەی تەنیایی ئەکەم بەلانك
پەنا ئەبەم بۆ باوەشی شەوگار
بە هەناسەی گیان... بە شەپۆلی ئەشك
لە هەموو شوێنێك هەر ئەنووسم یار
***

## خۆشەویستی بێ وێنە

گەر پرشنگ بمرێ لە چاوی ژینا
بەستە لە تیشکی ئەستێرەی شینا
فرمێسك لە چاوی هەژارەکانا
هەتاو لە گەرووی کەلی بەیانا
. . .
باڵدار نەفرێ بە رووی ئاسمانا
گوڵ چرۆ نەکا لە بەهارانا
لەرەی شەپۆلی دەریا بوەستێ
ساردی بخنکێ لە بای زستانا
زامی ژەهراوی کلۆڵ ساڕێژ بێ
خەمێك نەمێنێ لە ناو دڵانا
. . .
هەتا هەتایە دایە گیان ناوت
ئەمێنێتەوە و ئەمێنێتەوە
لە لەنجەی وشەی مناڵەکاندا
لە هەزار... هەزار هۆنراوەی جواندا
***

## چنگی مەرگ

کە لەرەی سۆمای دایکم نەمێنێ
ختوکەی پەنجەی
ئاسکۆڵەی وشەی
دایکم دەماری دڵ نەبزوێنێ
هەستیم پڕ نەکا لە گەرای ئۆخەی
هێلانەی شیعرم نەوروژێنێ
کە بۆنی پرچی دایکم لە شنەی
لەرەی زیوینی بای شەوا... شادیم

لێ نەپرژێنێ
کە ئیتر دایکم بانگم نەکات و
ماچم نەکات و
ئاسودەیی و گوڵ
لە شانەی هەموو دڵما نەچێنێ
کە ئیتر بزەی فێنکی دایکم نەنۆشم بەچاو
خۆر لە بەر پێیدا رانەکشێ وەکو فەرشی راخراو
دەبا تەمەنم هەر بێ بەهار بێ
رووباری گڕی پشکۆی ئازاربێ
تۆزقاڵێ خەندەی تیادا نەمێنێ
شمشاڵی گیانم
چنگی رەشی مەرگ لە دڵما هاربێ
بکوژێتەوە چرای ژیانم
***

## خۆشەویستی لە دیاریدا

ریزی هەڵبەستم وەکو چۆلەکە
لەشیان مرواری
پەڕیان پولەکە
هەموو رازلوەو جوان و ئێسك سوك
قنج قنج ئەفڕن بەجریك و جوك
گوێیان لێ بگرە هەموو ئاوازێك
کە ئەیدرکێنن تیایدایە رازێك

## دڵۆپەی تەمەن لە پیتی هەڵبەستا
## یان
## لە ناو رەگی ئازاردا

دنیای ژیانم شەو دایپۆشیوە
هەر سامناکیە کام جێگە دورە
نیگای سەرسامیم نوقمی باوێشکی
تاریکییەکی کفتی تەم سورە

...

ئاخی دەروونی پەست و خەماویم
کاسە بە هەڵمی ژەهری ئاسۆری
هەر ئاواتێکی تەمەنی لاویم
سێبەری ئاخێك بووە بە گۆری

...

ئاگر بەربووەلە دەریای گیانم
گلۆڵەی خۆزگەم لێ ئالۆزاوە
نەشریتی دڵ گۆرانی تیایە
نەشمشاڵەکەم ئاوازەی ماوە

...

پارچەی ژیانی شیرینی جوانیم
ئەسوتێ لە ناو پشکۆی ئازارا
لەرەی خەیاڵی نیگای بەیانیم
ئەمرێ لە کۆشی کەفی شەوگارا

# بەشی دووەم

## ئەم بەشە شیعری ساڵانی (١٩٧٨-١٩٧٩)ن

## لەتیف هەڵمەت

## خۆشترین ماچ

خۆشترین ماچ

ئەو ماچەیە

ناگاتە دەم

جوانترین شیعریش

ئەو شیعرەیە

کە نانوسرێ

بە قەڵەم..

قووڵترین دەریاش

دەریایەکە... لە دڵمایە

جارجار ناوی –شادی–یە

جارجاریش–خەم–

***

## دەڵێن

خەم: وەکوپشیلە

وەکو کۆتر

دەستەمۆ دەکرێ

هەروەها شادییش

ئەستێرەش

شیعریش

من نازانم دەڵێن .کچیش..!

***

## سەوزە گیای شیعر

له خۆڵەمێشی خەونەکانمدا
ئاسمانێکی دوور دەدرەوشێتەوە
پەنجەرەیەکیش
جارجار دەترازێ و
دادەخرێتەوە
ئەوە کچێکە لە ژێر کرۆکی
لەشما نوستووە
سەوزە گیای شیعرم بۆ راخستووە
***

## تکا

نەیەڵی با
وەکو منداڵێکی چەمووش
یاری بە پرچت بکا
بڵێ : دوایی ئەو شاعیرەی
شەیدای رەنگی پرچم بووە
دێ لێت دەدا...
***

## خەمێکی کۆن

گلۆڵەی گڕی هەوری خەمێ کۆن
بووەتە قەڵەم
زامیش بە دەفتەر
لەوەتی هێشوی یەکەم هەتاوم
هەڵمژیوە بە تینیوێتی چاوم
گڕی هەوری ئەم

خەمە کۆنەیەم
چین چین دەکەمە
چەمی هۆنراوە..
هەر تەواو نابێ
دەفتەری زامیش پەڕ پەڕ دەخەمە
گێژەنەی باوە
هەر تەواو نابێ
دڵیشم دەکەم بە خۆڵەمێش و
بە ساج دەیکەمە ناخی دەریاوە
هەر تەواو نابێ...!
***

## دەڵێم

دەڵێم ئەستێرەیەك دەدزم
بەڵام لە کوێ بیشارمەوە
ئەڵێم خۆر دەدزم
بەڵام لە کوێدا
حەشاری دەم...
دەڵێم زەوی دەدزم..
بەڵام بیخەمە کوێوە...؟
***

## خۆر

نەء لە سەدا سەد لە ئاوێنەدا

رووت لە خۆت ناکا

چی حەس حەس هەیە

شیعرێك کۆت ناکا

هەرچی با هەیە

زەوی رووت ناکا

هەرچی تەم هەیە

خۆر نابووت ناکا

***

## بۆ دایکم

ئەی دایە گیان

وەك خەنجەرێکی بێ کێلان

لە دڵمدا هەڵت دەگرم

چی خۆشترە :

لەوەی بە عەشقی تۆ بمرم... !

***

## کەپری خۆر

خۆر بە بارانی

نیگا زێرەکانی... تەڕم دەکاو

ئەستێرە

هێشووی بەرسیلەی

ماچە شەکرەکانی

لە دەممدا دەتوێنێتەوەو

باڵداریش

بە ئاورێشمی دەنگە هەورەکەی
کە پرێکی فێنکم بۆ دەکا
ئێ بشێ بزانن..
من شاعیرم
***

## وشەو خەون

گشت وشەیەك
ئاسمانێکی ئاگرینە
ماچی دەکەم بە دەممەوە دەچزێ
هەموو خەونێك
کچۆلەیەکی چاوشینە
شەو بەرووتی
لە توێی باڵی چەپما دەنوێ
بەیانی زوو بەر لەوەی خۆر
لە گلارەی چاوما بڕوێ
دەڕواو دڵەکەم دەدزێ
کێ دەزانێ دەیبا بۆ کوێ..!
***

## پاسەوان

شەو تا بەیانی
پاسەوانی
دڵی خۆمم
نەوەك پشیلەیە برسی
ناکاو بیخوا
یا کچێك بیدزێ و بیبا...!

## ووشه

ئەگەر وشە بمردایە
هەر کە شاعیرێ درۆزن
دەستی
دەمی
بۆ بردایە
ئیتر دەمرد
***

## گوللە

لەو ژوورەدا منالێك چنگ
دەدا لە هێشووی گزنگ
لە کارگەکەی ئەو بەرەوەش
وا گوللەیەك دروست دەکرێ
ئای کێ دەلێ
ئەو گوللەیە
ئەو گوللە پڕ گڕی تالە
ڕۆژێ دلی پڕ گۆرانی و خۆزگە و خەونی
ئەو منالە
بۆ خۆی ناکا بەلانەیە..؟
***

## ماچی گڕ

دەبێ بەناو چەمی گڕی
شیعری خۆمدا. برۆم. برۆم
بست بە بستی
بپێوم
تا ئەو شیعرە نهێنییە دەدۆزمەوە
کە لە خەوما
جار جار وەکو پشکۆی ئەڵماس
جێ ماچی گڕ بەجێ دێڵێ
لە سەر لێوم
***

## مەلی وشە

هەمیشە
شیعر پڕە: لە کوکوختی سپی خەون
کوێستان پڕە: لە کانی و پلوسکی رۆشن
هەمیشە
شمشاڵ پڕە لە ئاواز
زەوی پڕە: لە رووبار
هەمیشە
دارستان پڕە لە دار
دەمم پڕە لە پشکۆی ماچ
باخی گیانم
پڕ پڕە لە :مەلی وشەی لانەواز..!
***

## پرسیار

کێ وەك شاعیر

خەمی قاچاخ دەنۆشێ

کێ وەك شاعیر

شادیی قاچاخ دەفرۆشێ...؟

***

## نیاز

دەڕۆم هەندێ تۆوی شادی

لە لادێیییەك قەرز دەکەم

هەندێ گوڵی ئاسودەیی

لە شێتێ وێڵ دەقەپێنم

دەڕۆم هەندێ خەونی خۆش خۆش

لە منالێك دەدزم و

شیعرێکی جوان

لە دەفتەرە تازەکەمدا تۆمار دەکەم...

***

## ئەستێرە

دەنگم وەك شمشێر... شینایی ئاسمان

دادەپاچێت و هەر دایدەپاچێ

ئەستێرەکان گشت وەکو کچی رووت

دەکەونە خوارێ... بۆ ناو ناو کۆشم

لەشم ئارەقەی شەرم دەردەداو


یەك یەك بە پەلکە زێڕینەی شیعر

دایان دەپۆشم...!

***

# گۆرانی

ئێوارەیەك
ئەستێرەیەك
کەوتە ناو رووبارێکەوە
بوو بە هەزاران ئەستێرە
هەڵپەڕین و مەلەیان کرد
تا بەیانی
گۆرانیەك
کەوتە دەمی شارێکەوە
دوای چرکەیەك
بوو بە هەزاران گۆرانی
بە دەمی گشت
باڵندە و رێبوارێکەوە...؟




# وشەی جوان گوڵە گوڵ

١٩٧٩

## پێشەکی

ئەی دایکەکان
دەستەکانتان ماچ دەکەم
دەستەکانتان
منداڵەکان
فێری خۆشەویستی بکەن
خۆشەویستی
خۆشەویستی نیشتمان
نیشتمان
نیشتمان
ئەی دایکەکان
***

## چونکە

چونکە شیعرم تینووی چەمی
خۆری تازەی دەم کەلە
چونکە شیعرم بەستەی دەمی
هەموو منالآنی گەلە
چونکە شیعرم چەقۆی ژەهراوی ناو زامی
داگیرکەرە
چونکە شیعرم رەشماڵی هەزاران هەزار
دەرکراوو دەربەدەرە
چونکە شیعرم بە دەس هەموو
مافخوراوانی..
زەوییەوە... خەنجەرە
لەبەر ئەوە رقیان لێمەو
شیعرەکانم رەجم دەکەن

چی ناپاك و

هەلپەرستو

درۆزنو

نۆكەرە

***

## بۆ حاجی قادری كۆیی

فێرت كردم

چۆن وشە بكەم بە ئاگر

چۆن پڕ ئەوین كەم هەڵبەستم

چۆن دارو بەرد و ئاوی

كوردستانم بپەرستم

...

منیش منالان فێر دەكەم

چۆن شیعری تۆ لە بەر كەن

چۆن تامی كەن وەكو هەنگوین

چۆن شیعری تۆ بنوسنەوە

لەسەر هەموو

دەنكە گەنمێكی قەراج و

گشت تاشە بەردێكی هەندرین....!

تۆ دەزانی ئێستاكە چەندین ملیۆن كورد

بە بیری ناو شیعرەكانی تۆ دەژین

...

تۆ دەزانی

چەندین ملیۆن منالی ئەم كوردستانە

شیعرت دەكەن بە گۆرانی

دەینوسنەوە: لە سەر دارو

بەردو دەرگای قوتابخانە..!

## بۆ ئەحمەد موختار جاف

هاورێم هێشتا (شینو ناڵینو گریان)
نەبڕاوە لە کوردستان
هەتا ئێستاش– سکەی ئاسن –
نەگەیشتووەتە هەورامان
هەتا ئێستاش شاعیرەکان
باسی پرچ و مەمکی نوقمی گوڵاو دەکەن
باسی ماچ و هەڵمژین و
رەشی و شینی چاو دەکەن
شاعیرەکان هەر زمانن
پاڵەوانی بارەکانن
لە هیچ چەکێ نازانن
بەڵام هەر زۆر زۆر شارەزای
پێك هەڵدانو
رووتکردنەوەی بارە ژن و کچی جوانن
...
شاعیر چیە
گەر دڵداری نیشتمان و وڵات نەبێت
شیعر چیە و بۆچی دەشێت
گەر لە ژێر پێی داگیر کەردا
وەکو لوغم نەتەقێت...؟
***

## نـــاو

شاعیرێك نیم
كە حەز بكەم بە دەمی گشت كچێكەوە
بە گوێی هەموو مەمكێكەوە
جێ پەنجەو جێ لێوم هەبێ
ئەو شاعیرەم
كە حەز دەكەم
لە ڕەگی هەر بەروویەكدا
بۆنی خوێنو
لە دەمی گشت منالێكدا
نێوم هەبێ...!
***

## بۆ كچێكی چاو شین

ئەرێ ئەگەر چی شیرینی زەوی هەیە
لە دلۆپێ ئاوی ڕووندا
بتوێتەوە
هێندەی ماچێك شیرین ئەبێ...؟
.........
ئەرێ ئەگەر چی شینایی ئاسمان هەیە
لە گۆمێكی بچكۆلەدا
كۆبێتەوە
هێندەی چاوی تۆ شین ئەبێ...؟
***

## بارانی عەتر

ئەی خۆشەویست
کە خۆشتم ویست
نەخولی زەوی گۆڕا
نەجێی هەڵهاتنی هەتاو
نە ڕەنگی مانگ
نەڕەنگی ئاو
بەڵام بۆ یەکەمین جار
هەستم بە بۆنی شادی کرد
تك تك دڵم تەڕ دەکا وەك
بارانی عەتر و گوڵاو
...
پێش گشت کەسێ
من زمانی خۆشەویستیم دۆزیەوە
من
من
من
هەر منیشم
هەر عاشقم هەتا مردن...!
***

## مەرگ

هەموو کەسێ دەمرێ

هەندێ کەس بە نەخۆشی

هەندێ کەس لە ترسا

هەندێ کەس بە ئۆتۆمبیل

هەندێ کەس لە خۆشیا

هەندێ کەس لە برسا

هەندێ کەس بە لافاو

هەندێ کەس بە گولله

هەندێ کەس لە بەندیخانەدا

هەندێ کەس لە شەڕدا

هەندێ کەس بە ژەهر

بەڵام من

عەشقی تۆ دەمکوژێ

ئەی نیشتمان...!

***

## شاعیر

گوێم لە ئاو گرت

گۆرانی دەگوت بۆ کەنار

گوێم لە مەل گرت

گۆرانی دەگوت بۆ دار

گوێم لە دار گرت

گۆرانی دەگوت بۆ بەهار

گوێم بۆ بەهار خستە سەر پشت

گۆرانی دەگوت بۆ شاعیر

کە سەرنجم لە شاعیر دا

دەتوایەوەو

تك تك دەبوو بەئاگر

## ئاوارەیی

منو شیعر دوو ئاوارەین

دوو ئاوارە

شیعر لە سەر زاری دڵدارەکانداو

منیش لە سەر

ئا ئەم زەوییە خەمبارە...!

***

## پەراوێزەکان

-١

دەنگت وەکو شەستە باران

پرچی شیعرم تەڕ تەڕ دەکات

دەنگت بازی ڕۆژی بەختە

تاجی گوڵی شاعیرێتیم

لە سەر دەکات...!

***

-٢

ئەوە دەمە یا پشکۆیە

ئەوە لێوە یا چەقۆیە...؟

***

-٣

ەوە دەستە یا ڕووباری هەنگوینە

ئەوە پرچە

یا زێی پەلکە زێرینە..؟

***

## بۆ شاعیرێك

نەء زەوی لە سەرەتادا

نە سنوری بوو

نە دیوار

تۆش کە پەنجەت لە چەمی هەتاودا تەڕکرد

ئەو دەستانەت

نەجێی کۆتیان

پێوە دیار بوو

نەجێی بزمار..!

***

## بـــا

با بەفر دەتوێنێتەوە

عەشقیش دڵم

بەفر دەبێ بەلافاو

دڵمیش دەبێ:

بە هەتاو

***

## مرۆڤ بەرد دەکا بە ئاو

دایکم دەیووت: لەیلاو مەجنوون

دوو دڵدار بوون

شمشێرێ کەوتە نێوانیان

بوون بە دوو ئەستێرەی جوان جوان

دە ساڵ جارێ

نیوە شەوێ تێکەڵ دەبن

وەك رووبارێ

دایکم دەیووت: منالّ پاکە
هەر کە جاریّ تیّکەلّ بوونی
ئەو دوو دلّدارە شیّتەی دی
هەر ئاوات و خۆزگەیەکی
لە دلّدا بیّ
بۆی دیّتە دی
ئەو شەوە خەو وەك پاساری
بە باخی چاومدا باری
بەیانی کەلە خەو هەلّسام
پڕ بە ژوورەکەمان گریام
دایکم ووتی:
رۆلّە مەگری
مرۆڤ کاتیّ دەبیّ بە پیاو
دەتوانیّ بەرد بکا بە ئاو
***

## بارانی رەش

پرچت وەکو بارانی رەش
بەسەر میّرگی هۆنراوەمدا
دادەباریّ و دادەباریّ
تك تك دەبن بە چۆلەکەی پیّکەنین و
دەنگیان دەبیّ بە رووباریّ
هەرچی گۆرانی خۆش هەیە
هەمووی دەبەن بەرەو شاریّ
کە گۆرانی بارانی تیا قەدەغەیە
...

بەرەبەیان
کە خۆر: هەنگوین
دابەش دەکا لە باڵداران
یەکە یەکە ئەستێرەکان
پرچی سەوزیان
دەبەستن‌و کۆچ دەکەن
بەڵام بۆ کوێ بۆ کام مەڵبەن...؟
تاریکایی وەك بەفری ناو
شەپۆلی ئاو
کلۆ کلۆ ئەتوێتەوە
رەشایی شەو
تنۆکێکیش چیە. تەنیا هەر یەك تنۆك
نامێنێ و نامێنێتەوە
بەڵام پرچت وەکو شەستە بارانی رەش
بەسەر مێرگی شیعرە ئاگرەکانمدا
دادەبارێ‌و دادەبارێ
نە رەهێڵەی ماچی بارانی پرچت
کۆتایی دێ و
نە ئاگری مێرگی شیعرە ئاگرەکانم
دەکوژێتەوە
...
کە دووبارە
شەو دەوار هەڵدەداتەوە
لەم هەوارە
چی رەشییە لە رەشایی مزری شەوا
دەتوێتەوە
پرچت نەبێ وەك رەشماڵی
ماڵە کوردێکی کۆچەری

جووتێ گوارە
وەك دوو چرا
لە ژێریا هەر جریوەی دێو دەشنێتەوە
...
بە منداڵی چەند لە ریشی درێژی شەو دەترسام
چەند لە شاخی هەزار پەلی میملی خەو دەترسام
گیانە ئێستا سەد ئەوەندە
شەستە بارانی رەشی
پرچەکەی تۆ دەمبزوێنێ و جوانە لەلام
...
وەك کۆرپەیەك کە لە مەمك ببڕێتەوە
رەنگی گریان
زەنگۆڵ زەنگۆڵ هەموو دڵم دەگرێتەوە
باوەش دەکەم بە تاریکی شەوی شەنگو
قژی درێژا
بەڵام کەی بۆنی پرچی شەو
وەکو بۆنی پرچت خۆشە...؟
دارستانی کام شەوی چڕ
وەك پرچی تۆ
رەوە پەرەسێلکەی تەزووی
تینوو و تامەزرۆی ماچی گڕ
لە گیانە خەرمانەکەمدا
پۆل پۆل بەرەلا دەکاتو
سەرم دەکا بە وولاتی شیعری باران...؟
...

ئێوارەیەو منداڵەکان لە پەرچەمتا
یاری‌و چاوشارکێ دەکەن
ئەوە من حەزم لە تۆیە
ئەی ئاخۆ ئەو منداڵانە
کامەیان حەز لە کێ دەکەن...؟
...
ئەوە کێیە لە ژێر بارانی پرچتدا
ئەتوێتەوەو ناتوێتەوە
شاعیرێکە لەبەر تیشکی نەبینراوی گوارەکانتا
بەخوێنی خۆی شیعرت بۆ دەنوسێتەوە
لە بارانێکی زۆر رەشدا
گشت شتێك دەدۆزێتەوە
دایکی نەبێ
لێی تۆراوەو نایەتەوە و نایەتەوە
ئەڵێن گیانی دایکم بەشەو
دەبێ بە کۆترێ سپی‌و
لەماڵێکی زۆر تاریکی ئەم شارەدا
کز کز دەنیشێتەوە
هەموو شەوێ
جەنگەڵی خەو درەو دەکەم
ئەڵێم بەشکو کۆتری سپی گیانی دایکم
لە دوور لەلایەك سەر دەرکا
بێت دەنوکە مرواریەکەی
لەبارانی پرچت تەڕکا...!
...

دایه کوڕەکەی جارانت
ئێستا لەبەر شەستە بارانێکی ڕەشدا
یاری دەکاو خۆی تەڕ دەکات
نە دایکی لێی تورە ئەبێ و
نە باوکیشی لێی دەدات
ئەی دایە گیان... تۆ دەزانی
چۆن بارانی
پرچی ڕەشی کچۆڵەیەکی لەش زیوین
کچۆڵەیە دەم گوڵ هەنار
تك تك کۆ دەبێتەوەو
دەبێتە قوڵترین ڕووبار...؟
ئەی بارانە ڕەش ڕەشەکە
ئەی بارانە ڕەش ڕەشەکە
کە با بەناو
شەپۆلەکانتدا دەڕواو
وەك منالی تینوو تینوو
دلۆپەی بۆنت دەمژێ
ئەوە منم
ئەمابۆنە بەتامەکەت
لە شووشەی گشت شیعرەکانم
نم نم.. دەڕژێ
...
کوڕە شوانێکی ئەو کێوەم
وا ئێسقانێکی بازووی خۆم
ئەم شەو دەکەم بە شمشاڵ
حەوت ساڵ لەبەر زریانی ئەسپێ و کێچدا
تۆزقاڵ تۆزقاڵ
چەمی دڵم دەتکێنمە

ئەو دۆڵ و شیوانەوە کە
وا ئەچێ بۆ هەزاران ساڵ
باران پڕیان ناکاتەوە
...
چرای لادێ هێدی هێدی
تنۆک تنۆک دەتوێتەوە
گڕی لای لایەی دایک
ملوانکەیەو دەبچڕێتەوە
کەسێك نیە کۆی کاتەوە
بەڵام پرچت هەر رەشماڵە گەورەکەیەو
جوتێ چرای تیا ئەسوتێ و ناکوژێتەوە
ساڵ دێ و دەڕوا
ئاسمان: ئەو کچە چاو شینە
دوانزە مانگ وەك دوانزە پرتەقاڵ دەخوا
پایز گڕە دەبێ بە کۆمەڵێ داس و
درەو دەکا کام گوڵ گەشە
بەڵام پرچت چوار وەرزەی ساڵ
رەشە و رەشە
وەکو شەستە بارانێ رەش
بە سەر مێرگی شیعرەکانما
دادەبارێ و دادەبارێ
تك تك دەبن بە چۆلەکەو
دەنگیان دەبێ بە رووبارێ
هەرچی گۆرانی خۆش هەیە
هەمووی دەبا بەرەو شارێ
کە گۆرانی بارانی تیا قەدەغەیە
***

## چی منالە هاورێی منن

نەکەن بلێن ئەم شاعیرە
وشەی بەتام لە کوێ دێنێ
هەرچی بایە هاورێی منن
هەرچی وشەی نێرگز هەیە
لە فەرهەنگی باخەکانی دەدزنو
لە دڵی مندا دەیچێنن
...
نەکەن بلێن ئەم شاعیرە
وشەی خۆش خۆشی لەکوێ بوو
چی منالە هاورێی منن
هەرچی وشەی بەتام هەیە
شەو لە دایکیان دەیدزنو
لە قۆزاخەی گوڵی هەوری
ماچە ئاگرەکانیاندا
بەرە بەیان بەر لەوەی خۆر
لەسەر لوتکە سەما بکا
بۆمی دێنن...!
***

## خەونو چەند شتێکی تر

خەونیش وەکو ئەستێرە
زۆر جار لە دایك دەبێ
زۆر جار دەکشێ
دڵیش وەکو پەنجەرە
جارەجارە دەکرێتەوە
هەندێ جاریش دادەخرێ
جار بە جاریش
دەشکێو هەپرون هەپرون دەبێ

## پشکۆو شتی تریش

هەندێ جار وشەیە

لە شەوێکدا دەبێتە پشکۆیە

...

لە بیابانێکدا چرۆیە

دەبێتە دارێك

لە دڵدا یارێك

دەبێتە رووبارێك

...

تاقە ماڵێك لە بنارێك

دەبێتە شارێك

...

هەندێ جاریش

ئاسمانێك

لە ئەستێرەیەك

جیهانێك

لە دڵێ لە گیانێك

دەبێتە زیندانێك...!

***

## قەفەز

-١

ئەستێرەیەك دەجریوێنێ

جاکێ دەڵێ هێشوی ئا ئەو رووناکیە

پەمەییە

گۆرانییە

بەتام نیە

بە گوێی چەم و کانیەکاندا

دەیچپێنێ ...؟

...

بایەکی سەوز وا هاژەی دێ و

ئا ئەو دارە ئاگرانە، دەهەژێنێ

جاکێ دەڵێ: ئەوە چۆلەکەیەک نیەو

توورە دەبێ و ،

قەفەزەکەی تێك دەشکێنێ

...

-٢

هۆنراوەیەك لە رووباری گڕی تینوی دڵمدایە

دێتو نایە

جا کێ دەڵێ..

رۆژێ هەموو ئەم جیهانە

ناسوتێنێ...!

***

## پرسیار

کێ دەزانێ لە ئێوارە تا بەیانی

ئەستێرەیەکی پەرچەم شین

چی باس دەکا چی بۆ کانی...؟

...

کێ دەزانێ کێ باڵداری

بەدرێژایی وەرزی زستان

چی باس دەکات بۆ پەلو پۆی

دارەکانی دارستان

کێ دەزانێ کێ شاعیری

چەند چەمو دۆڵ

لە دڵی خۆیدا دەپێوێ و

چەند جار دەمرێ

هەتا مەلی وشەیەکی
ئاگر دەگرێ...؟
...
ئەی کە دەمرم
کێ دەزانێ چەندین پشکۆی
زێڕی شیعری
تیادا دەمێنێ دڵم
چەند جیهانی قشت و شۆخی
تیادا کاول دەبێ سەرم...؟
***

## هەزار هەزار گۆرانی

دار کە دەیبڕن دەیکەن بە دەرگا
تەنەشۆر... کەپر
پەنجەرە. قەڵەم. تەختی چایخانە
مێز. تەشی. شانە
هەزار شتیتر
بەڵام شاعیرێك
بێ بەقوربانی
بۆ نیشتمانی
لە دەمی هەزار هەزار منداڵدا
لە لەرەی هەزار هەزار شمشاڵدا
لە ناو پەنجەرەی هەزاران هەزار
تەلاروماڵدا
دەبێتە هەزار هەزار گۆرانی
***

## رەگو خاك

من دەتوانم
هەموو شینایی ئاسمان
دڵۆپ دڵۆپ بلێسمەوە بە زمانم
درێژترین هۆنراوەی پێ بنوسم بۆ:
نیشتمانم
...
من دەتوانم
ڕووناکی گشت خۆرەکان
بدزمو بیکەم بە قژێ درێژ بۆ:
دەزگیرانم
...
من دەتوانم
وشەی هەموو فەرهەنگەکان
بدزمو بیشارمەوە
لە ناو قوڵپی خوێنی گیانم
...
بەڵام هەرگیز ناتوانم
ئە لەم خاکە بەو لاوە
هیچ خاکێکی تر بکەمە نیشتمانم
***

## لـووتكه

ئەریْ لوتكه لوتی هەیه
بۆنی گوڵی هەور بكا...؟
دەستی هەیه
به شەو لەگەڵ داره رەنگ زیوینەكاندا
یاری به تۆپەڵه تیشكی بەفر بكا
دڵی هەیه
هەست بەتامی شیعر بكا
سەرمای دەبیّ
گەرمای دەبیّ
ئەی ئەتوانیّ داری پوچەڵ
ببڕێتو
هەڵسیّو بۆ خۆی كەپر بكا..؟
ئەی نازانم
كه كچی دیّ
وەك ئەستێره
رووت دەبنەوەو له چەمو كانی بناردا
مەمكیان وەكو رەوه كۆتر
دەنووك دەدەن له ئاوی كڕ
لووتكه چاوی هەیه سەیر كا....؟
***

## کتێب

دایکم دەیووت: بەمناڵیش
کتێبێکو
شەقشەقەیە زێڕمان دایتێ
شەقشەقەکەت
بە پێ شکان
کتێبەکەت:
توند. توند. توند. توند
بە سینگی خۆتەوە. نووسان!
***

## هەور

-١

دەسم: بایە
ئەم جیهانەش: مقەبایە
دەسم بایە
ئەم جیهانەش: تەمو بەفرە
ئەم جیهانە: خۆڵەمێشە
دەستم: هەورە
ئەم جیهانە: دەمە داسە
دەستم مەورە[1]...!

-٢

ئەم دارانە
عەشقی منن دەیبەخشمە ئەم وڵاتە
ئەو کێوە بەرزانەش منم
چی گوریسی زەوی هەیە
بیکەن بە یەك
هەر ناگاتە گەردنم...!

---

١ مەورە = بڕیەن

## یەکتر ناسین

-١

لەناو هەزاران شیعردا
من شیعری خۆم دەناسمەوە
بۆنی گڕی چەمی خوێنی دڵمی لێ دێ
چەقۆی ڕەنگمی
تیادا دەدرەوشێتەوە
ئێ جا بشێ
ئەویش من بناسێتەوە ..؟

-٢

ئەوین کلیلی زمانمە
ئەندێشەی دوور ئاسمانمە
شیعریش وەکو چاوی یارە
لە گشت شوێنێکەوە دیارە ...!

***

## دابەشکردن

گەر بمەوێ ئەم زەویە
لەناو چنگما
پاک پاک دەکەم وەک پرتەقاڵ
کووز کووز(١).
لووز لووز(٢)
بەشی دەکەم
لە خۆمو لەهەندێ منداڵ

---

١ و ٢ کووز کووز = لووز لووز = قاش قاش

-٣

گەر بمەوێ ئەم زەوییە
لە دەستمدا دەکەم بە تۆپ
ئاسمان: ئەو دەریا تووڕەیەی
هەزاران خۆری ئاگر
مەلە دەکەن لە ناخیدا شلّپو شۆپ
دەکوژێنمەوە وەکو گلّۆپ
...
گەر بمەوێ هەرچی ناوی گێتی هەیە
دەیکەم بە تەم دلّۆپ دلّۆپ
***

## جانتا

جانتای دەستی: برژواکان
پارەی تیایە
جانتای: شاعیر
خۆشەویستی و
شیعری ئاگر
ناخی دلّی برژواکان
کچۆلەی رووت رووتی تیایە
بەلاّم دلّی هەژارەکان
هەر نیشتمانو نیشتمان...!
***

## دوو دیمەنو هەڵوێستێك

دوو مەل لەسەر چڵە دارێ
لانە دەکەن
ها ئێستا ها
ساتێکی تر
چڵە دار دەشکێ وەك بەفر
با دەیانبا....!
...
شاعیرێكو کچێکی جوان
هەڵدەپەڕن لە باخێکدا
کەوتوونەتە لەنجەو سەما
ها کا تیرێك
لێکیان دەکا
یا تفەنگێك
ماچی دەمیان
دەکا بە تۆپەڵە ژەنگێك..!
***

## بارانی ئاگر

من سەرم وا لە ئاسمانداو
پێیشم لە بن قوڵایی ئەم خاکەدایە
ئەگەر فیلیش بە کونی دەرزیدا بچێ
من پێم لەم خاکە دەرنایە
من لە باوكو حەفتا هەزار باپیرمەوە
بۆم جێماوە خۆشەویستی
ئەم گشت: دارو بەردو هەردو
چەمو چۆڵو کانیو چیایە
من شاعیرم.. شاعیر.. شاعیر

وشە دەکەم بە کۆتر
وشە دەکەم بە شەکر
بەڵام ئەگەر نیشتمانەکەم بدزن
دەبم بە بارانی ئاگر
لە ئاوی گشت زۆردارێکدا
وشە دەکەم بە ژەهر
***

## پەیکەرێکی تر

ئەرێ بشێ من نەتوانم کۆمەڵی- با-
بشێلم وەك هەویرو مۆم
پەیکەرێ تر دروست بکەم
هەر وەکو خۆم
***
ئەرێ با گەر
هاتوو کرا بە پەیکەر
خەو دەبینێ..؟
گوایە دەبێتە شاعیرو
توورە دەبێ و
جارجار شیعری دەدڕێنێ..!
گەر سەرمای بێ
حەز لە گڕو
گەر گەرمای بێ
حەز لەبای ساردو تەر دەکا
کە ڕەشەبا
شیعرێکی ونجڕ ونجڕ کا
توورە دەبێ
ئەی کە توورە بوو شەڕ دەکا
***

# دەریا

-١

ئەو دەریایەم
هەرچی سەگی زەوی هەیە
بمخۆنەوە
گلاو نابم
...
ئەو دەریایەم
هەرچی لمی زەوی هەیە
بمخۆنەوە
تەواو نابم

-٢

لە نێوانی هەردوو باڵما
ئەوەتانێ کات دەڕزێ
ئەوینیش هەڵۆی ئاگرەو
لە شانەی مێشکمدا دەزێ
شیعریش بوومەلەرزەیەو
گەر تورە بێ
هەموو ئاسمان
لەناو لەپیا
وەك بی ناو ئاو دەلەرزێ
***

## سەمای چڵێ دار

له مێژەوه من شەیدای هۆنراوەو خەونم
له مێژەوه من تامەزرۆی
ماچی دەمی:
ناسکه کچو بارەژنم
کچی: تەڕ: تەڕ وەکو باران
ژنی خۆش خۆش
وەك گەرمه نان
بەڵام هەرگیز
نه کچی تەڕی وەك باران
نه ژنی شۆخی وەك گەرمه نان
شادی له دڵما ناچێنن
وەکو سەمای
چڵه دارێکی نیشتمان
***

## کۆچی ڕووبار

-١

له بەیانی تا ئێواره
گشت پەنجەره باخەکانم
بۆ کۆترێك دەکەمەوه
له دوور زۆر دوور
دیار نیەو دیاره
یار نیەو یاره

-٢

ئەرێ ئەستێرەی ئەندێشەی
ئەو شاعیرەی چاوەنوارە
قورسترە یا
گلۆڵەی کەفی پەژارەی ئەو رووبارە
کە هەر دەرواتو دەڕوا
بە دڵخوازەکەی خۆی ناگا..؟

***

## هەزاران پرد

-١

لە زیندانێکدا یەک پەنجەرە
درزێ بچوک
هەر درزێ
هەزاران ئەستێرەو
ئاسمانێکی گەورە گەورە
دەدزێ
ئە ئاوا هەڵبەستێ
لە نێوانی منو تۆدا
هەزاران پرد
هەڵدەبەستێ

-٢

دەریا وێڵە بۆ شەپۆلێ
کە وەکو ئەسپی بەرەڵا
غار دەکاتو کەنارەکان بەجێدێڵێ
منیش وێڵی خەونێکم
وەک با هەڵدێ و
بۆم ناگیرێ

## کەروێشك

-١

ئەرێ ئەوە
سەلاجەیەك نیە هەندێ
پشکۆی ژینو
گوڵی هەنگوینی خەون
بپارێزێ
بۆ پاش مردن

-٢

ئەرێ راستە گوایە وایە
دەڵێن ئاسمان
دیوانی ئەوینی خوایە ...؟
...

-٣

ئای ئەمە ئەسپی گرە
لە دڵما نایەڵێ کە خەو
لە جیهانی خەونی خۆشدا ونم بکا
یا هۆنراوە
ئەی خەمە لە هەر چوارلاوە
یا کەروێشکێکی لانەواز
کونی لە سەرما لێداوە..؟
***

# گۆزە

-١

گۆزە ئاوی لێ دەتکێ
دڵم هەنگوینی ئەوین
دارستان گەڵای لێ دەڕژێ
دەستم: هۆنراوەی برین
...

-٢

لە قەفەزی خەونەکانی
خۆمدا دەژیم هەر بە تەنیا
بۆ قەفەزی خەونی شاعیر گەورەترە
یا سنوری نەخشەی دونیا...؟
...

-٣

ئەمە خۆزگە نیە لەناو دڵە بەهارەکەمدا
وشەیە وشە کە دەزێ
نەء نا ئەمە خوێن نیە
لە لەشە رووبارەکەمدا
کە بە ئاستەم هاژەی دێ
کچێکی عاشقەو بۆ:
گوڵی شیعرو
تۆوی گۆرانی دەگەڕێ
***

# خویٚ

-١

بەفر: بە کێودا دەبارێ
تۆ: بە دڵمدا
بەفر: دەبێ بە دارستان
بە: کانی
بە: گوڵی جۆراوجۆر
تۆش: لەدڵمدا دەبی بە:-
جوانترین خۆر

-٢

چی زەوییە دەبێ بە سووتو با دەیبا
کۆتری رەنگت دارستانە زیوینەکەی
چاوەکانم چوڵ ناکا نا
هەرچی دەنگە وەك رووباری مەییو دەنوێ
دەنگت دەبێ بەگۆرانیو وشەکانی یەکە یەکە
وەکو نێرگز لەبەر هەردوو گوێما دەڕوێ
چی ئەوینە دەبێ بەمشتێ بووڵ و
رەشەبا وەك دڕندەیەکی ئەفسانە
هەر دەیجوێ و دەیجوێ
ئەوینی تۆش لە خوێنمدا
دەبێ بە خوێ

***

# کونی دەرزی

-١

ئەو ئاوێنە بچکۆلەیە
سەد ئەستێرەی پێوە دەچێ
سەیری کەچی
ئا ئەم زەمینە گەورەیە
لەسەری من
بووە بە کونی دەرزی

-٢

هەموو شەوێ شیعر دەبێ
بە کۆترێ سپی سپی
ختوکەی پێڵوم دەداتو دەڵێ: دەڕۆم
- بۆ کوێ دەڕۆی هاوڕێکەی خۆم
ئەی باڵداری دەم پڕ لە چەمی جریوە
- بۆ ئەو شارەی کە یەکەم جار
تیایدا وشەت کەوتە سەر زار
نامەت نیە؟ بۆکەس بۆ یار؟
- با دوو نامەم لە گلارەی
هەردوو چاومدا نوسیووە
یەکێکیان بۆ گیانی سەوزی دایکم بەرە
ئەوی تریان بۆ مناڵێك
نایناسمو هێشتا خۆری نەبینیوە...!
***

## گوڵی گڕ

ئەمە: شیعرە وەکو شوانی بەرخ دزراو

لە کۆریانو چەمو شیوی

گشت دەمارە هەورەکانمدا رادەکا

یا دەستی با

گوڵی گڕی ماچەکانم

دەدزێتو بۆ لووتکەیە

دووری پەرچەم سوری دەبا...؟

***

## شمشاڵ

لقێ داریان کرد بە شمشاڵ

باسی ژانی ئەو تەورەی کرد

کەدایپاچی

...

چەمێ مەییو توایەوە

باسی زامی دیلێتی خۆی

بۆ کەنارو دارەکانی گێرایەوە

...

دڵی دڵدارێکیان درز کرد

ئەشقی کچێکی تیا بوو

لە ژوانو شەو پەرێزدا

تێر تێر بوو بوو لە ماچی

...

یەسقانی شاعیرێکی دەربەدەریان کرد

بە شمشاڵێ

وەك مناڵێ

کە بۆ بوکەشوشە شکاوەکەی بگری

هۆن هۆن گریا
گریانێ جوان
بۆ نیشتمان
***

## ژوورێك

ئەستێرەیە دوور دوور دوورم
بۆ خۆم دەستەمۆ کردووە
قژی سەوزە وەك گەڵاتوو
چاوی شینە وەك گۆمە ئاو
هەر کە ئێوارەی لێ هات
چاوەکانی کلرێژ دەکاو
قژو بسکی دادەهێنێ و
دێ لە پەنجەرەکەم دەدات
خۆی بە ژوورەکەمدا دەکات
دەڵێ: کوڕە لاوازەکە
من حەزم لە شیعری تۆیەو
ئەم زەویە
دە لە تەنیشت ماڵتانەوە
ئەمشەو ژوورێکم بۆ بگرە
...
ئای ئەستێرە چاو شینەکە
نازانێ نا
لەم زەوییە گەورەیەدا
گۆڕ زۆر زۆرەو
ژوور قاتیە
نیەو نیە
بۆ دڵداری وێڵو گەدا...!

## ئەوینی نەمر

گەرچی عەشقت
دەبێتە بزمارو دەرزیو
دەکوترێتە ناو گلارەی
پڕ لە خەونی قژ درێژی
دڵی پر لە هەوری شیعری
بە گڕ مەستم
...
گەرچی عەشقت
دەبێتە کۆتو پێوەنو
قەف قەف
چڵ چڵ
دەئاڵێتە قاچو دەستم
...
بەڵام من ئەو شاعیرەم کە
هەتا هەتاو
لە ترۆپکی هەڵگوردا بێ و
تاشە بەفر بکا بە ئاو
تۆزقاڵ تۆزقاڵ
دەتپەرستم...!
***

## لافاو و شتی تریش

### ١– هەنگاو

هەنگاو دەنێم
هەنگاو
هەنگاو
دڵم: ڕووباری ئەوینەو
سەرم: هەتاو
دەستم: تەورەو
پێیشم: لافاو

### ٢– بارانی شادی

ئەو دەستەی لە کۆت بترسێ
گوڵ ناچێنێ
ئەو چاوەی کە تاریکایی
کرمی ترسی تیا هەڵبێنێ
بارانی لەنجەی خەندەی خۆر
تەڕی ناکاو
شادی تیادا نابزوێنێ
ئەو دەمەی کە
لە هەڵپاچین سڵ بکات
هەرگیز فێری
گۆرانی ڕزگاری نابێ
...
ئەو شاعیرەی
مەرگ لە دڵیا ترس بچێنێ
نەء فێری دڵداری نابێ

### ٣- یاسا

کە دڵ کوێر بێ

خۆرەتاویش شەوی تارە

ئەگەر پشیلە پۆلیس بێ

هەموو مشکێ تاوانبارە....

### ٤- مرۆڤ

بەفر ئەگەر بتوێتەوە

ئەبێ بە ئاو

بەڵام مرۆڤ توایەوە

ئیتر دەبێ

بە: پێڵاو

### ٥- سەر

ئەمە سەرە

یا پایتەختی خوا کۆنەکانی مێژووە

ئەمە شیعرە یا گوریسی قەنارەیە

وا خۆم بۆ خۆمم رستووە

***

## رووبارێکی دوور

کفری رووبارێکی دوورە

کچۆڵەی ئەو گەرمیانەیەو

دەمی پڕە:

لە هەوری ماچی قوڵ قوڵو

گۆرانی خۆشی وەك باران

چاوی پڕە

لەنیگای تەڕ

کۆشی پڕە

لە ئەستێرەی پرشنگو نوور

چارۆکە شینەکەی کۆڵی

پڕاو پڕە

لە گوڵی سوور

***

## شانە نهێنیەکان

من نازانم لە کام لاوە

لە کام پەنجەرەو دەرگاوە

دادەبارێ

ئەم بارانە رەنگاو رەنگەی

ناویان ناوە هۆنراوە

ئێ خۆ من گشت شەوو رۆژێ

ئەم باڵدارە دەنوك پڕ لە هەنگوینانە

دەردەکەمو

لە باکاندا ون دەبن تا دەتوێنەوە

ئەی چۆن رێگا دەناسنەوە

بێ پەڕو باڵ

جار لە دوای جار

هەر دێنەوە

لە شانە نهێنیەکانی دڵەکەمدا

گەرای نوێ دادەنێنەوە...!

***

## بۆ ئاگاداری

بەناو دارستانەکەدا

برۆ برۆ

برۆ... برۆ

بەڵام ها قەت نەبی بە دار

...

بەناو گشت ئەستێرەکاندا

هەڵفڕەو هەر هەڵفڕە

بەڵام ئەها

هەرگیز نەبی بە ئەستێرە

...

بەناو وشەکاندا برۆ

برۆ برۆ

بەڵام ئەها

هەرگیز نەبی بە وشە

***

## گوێزان

-١

من وەکو هەور

پڕ لە بارانم باران

چاوم شیری بروسکەیەو

کۆشم پڕە: لە گوڵو نان

کە سنورێك

لە ملما دەکەن بە گوریس

دەستم دەبێ بە بڕیەنو

ملم دەبێ بە گوێزان

-٢

بیانەوێو نەیانەوێ

لە نێوانی ئا ئەم زەوی‌و ئاسمانەدا

وڵاتێکی گەورە گەورە

نیشتمانی من‌و مانگ‌و خۆرو هەورە...

***

## چڵەدار

تەڵێ لە پرچم هەڵکێشەو

بیکەرە ژێی کەمانەکەت

ئاوازەکەی دەیدرکێنێ

چەند تینوو بووم

بۆ دڵۆپەی بۆنی پەنجە نیانەکەت

...

تەڵێ لە پرچت ببڕەو

بیکەرە ژێی ئەو کەمانەی

جارجار دەنوێ لەسەر رانت

ئاوازەکەی پێت دەڵێ چەن

تینوو بووم بۆ

چەمی عەتری پەنجەی زۆر نەرم‌و نیانت

...

منیش وەك کەمانەکەت پار

دەستەکانت لە ملما بوو

وەك چۆن رووبار

دەست دەکاتە ملی کەنار

ماچتم دەکرد

ماچت دەکردم جار جار

...

ئای کەمانی پڕ لە ئاوازی تامدار
شیوەنی خۆت تۆمار بکەو لە ئێستاوە
بیخەرە ناو دڵی باوە
کچێك ئەگەر دڵی شاعیر وردو خاش کاو
پڕی بکا لە شەپۆلی پشکۆی هاوار
کەمانێکیش دەشکێنێتو
توڕی دەدات وەك چڵێ دار...!
***

## هەزاران هەزار هەتاو

-١

گوللەیەکیان
لە دڵتا چاند
پەنجەرەیەکیان کردەوە
هەزار هەزار
هەتاوی تیا
کەوتە سەما

-٢

ئەوان ژەنگن
تۆ لافاو
زۆردار تەمو مژی شەون
تۆش هەزاران هەزار هەتاو
***

## شاعیره هەتاوەکە

ولاتێکیان
کرد: بە زیندان
شاعیرێکیان
تیا نایە گۆڕ
ولاتەکە بوو بە ئاسمان
شاعیرەکە:
تیا بوو بە خۆر
***

## دڵی لاستیك

هەر ولاتیٚ بوو بە زیندان
بیسووتێنن
بە خۆڵەمێشە سەوزەکەی
ولاتێکی تر پێك بێنن
هەرچی دڵێك
ئەوینی ئازادی تیا نەبوو
توری دەنو
دڵیٚ لاستیك
لە جێگاکەیدا بچێنن
***

## سەرەتاتکێ

ئەی هۆنراوە
دە بەس سەرەتاتکێ بکەو
وەك کچۆڵەی چواردە ساڵە
قژە پەلکەزێڕینەکەت
لە پەنجەرەی ئەم دڵەوە
بخەرە ناو گۆمی باوە
ئاخر دوایی پرچە درێژە سەوزەکەت
دەسوتێنن
خۆ تۆیان لا شەنگتر نیە
لەو هەموو دارەی سووتاوە...!
***

## مورەبا

ئای ئەترسم
لە وەرزێکدا کە مرۆڤی تیا قڕ دەکرێ
وەك قالۆنچە
کە وڵاتی تیا دەسوتێ
وەك مقەبا
سەرم: ببێ بە دەسشۆرو
چاوم: ببێ بە پێڵاوو
خوێنم ببێ بە مرەبا...!
***

## چەمی ئاگر

کێ پێم دەڵێ
خوا وەك شاعیر
چەمی ئاگر
لە دڵەکەی هەڵدەقوڵێ
کێ پێم دەڵێ
ئەرێ بشێ
خوێنی شیعری شاعیرێ
لە دەریایەك قوڵتر نەبێ...!
...
کێ دەڵێ
سینگم قەفەزێك نیەو
دڵم: مەلێ
سەرم کیشوەرێك نیەو
شیعرم: گەلێ...؟
***

## یەکەم گوڵ و یەکەم دار

شارەکەمان لە سەر ئەو گردە نوستووە
منالێکە من جۆلانەی ئاوریشمو
زۆردارەکان سێدارەیان
لەو گردە بۆ هەڵخستووە
ئەی شارەکەم
بەوەی دەتکا بە خۆڵەمێشێکی بۆگەن
بڵێ سبەی
لە نوێ دروست دەکرێمەوە
ئاو: لە باخو رەزەکانما
جارێکی تر پێدەکەنێ و

لە پەرچەمی وەرزە زیوینەکانمدا

هێلانە ساز دەکا باڵدار

ئەگەر پرسی

کێ دروستت دەکاتەوە؟

بڵێ ئەوەی کە یەکەم جار

لە شەپۆلی دەستە زێڕەکانما چاندی

یەکەم: گوڵو

یەکەم: دار

***

## وێنەی کچێك

خەیاڵ دەکەم سەرم کوانووی

ئاگرێکی زۆر زۆر سوورە

منداڵێك لە پەرەنگە تەڕ تەڕەکانی

وێنەی کچێك دروست دەکا

هەموو شەوێك

لە خەومدا

گوڵی ماچە شیعرەکانی

بۆن دەکەمو

خۆی زۆر دوورە

***

## سووتان

هەموو رۆژێ ئەم جیهانە ژەنگاوییە

لە دڵمدا دەسووتێنم

لە خۆڵەمێشە سەوزەکەی

جیهانێکی نوێ پێکدێنم

ئێ باشە بشێ نەتوانم
ئەم دڵەی خۆم
بشێلم وەك: تۆپەڵێ مۆم
دڵێكی تر بكەم بۆ خۆم
***

## شەكر

خوا: لە دەریا توورە بوو
تك تك كردی: بە... بەفر
منیش لە دڵم توورە بووم
نم نم كردم: بە شیعر
شیعریش لە وشە توورە بوو
قل قل كردی بە شەكر
***

## لێزمەی تیری باران

لقی ئاوە كۆچەریەكان
نیوەشەو ئەستێرە دەگرن
منیش پشكۆی زیڕی شیعرو
گوڵی گوێزانی برین
ئەستێرە لافاوی
گڕی خۆر دەیكوژێ
بەفر لێزمەی تیری باران
- ئەی باشە تۆ...؟
* منیش پاڵەپەستۆی ئەوین...!
***

## جەنگەڵی دێرین

خەون ئەی وڵاتە گەورەکەم
وشەی چەقۆ ببەخشەرە
ئەم شاعیرە دڵ پڕ پشکۆی
زێڕی ماچە..
***
شیعر: ئەرێ ئەی تەورەکەم
هەرچی داری گەنەڵ هەیە
لەم جەنگەڵە دێرینەدا
لە بنجەوە..
یەکە یەکە
لە بنجەوە
دەی دای پاچە.!
***

## بەستە

پۆلە مەلی رەشی پرچت
مەتارێنە لە هێلانەی گەرمی دەستم
من بەم دەستە
دامرشتووە کام هەڵبەستە
زۆر بەتامەو
هەژارانی وولاتەکەم کردوویانە
بە لاولنو
بە حەیرانو
بە بەستە
***

## ئاسمانێکی تر

چنگێ وشەم لە ئاوێنەی دڵمدا چاند
بوون بە شیعری شەستەباران
چنگێ شیعرم لە باخی با شەکرەکاندا
بەرەڵا کرد
بوون بە ئاسمان
ئاسمانێکم لە جیهانی نەبینراوی سەری خۆمدا
بەرەڵا کرد
گشت ئەستێرە منداڵەکان
هاتن کردیان بە گالێسکەو
تیایدا کەوتنە گەمەو یاری
شەوێ لێیان دزیمو
پڕ پڕیان کرد لە گوڵەهەناری زێڕو
بۆڵە ترێی مرواری
***

## بوومەلەرزە

لە سەرمدا جار جار برینی مەزن
جارجار بارانو تەرزە
دەبن بە بوومەلەرزە
جارجار پرسیار
دەبێ بە لەتە گوێزانو هەندێ جاریش بە رەشمار
جارجار دەبێ بە ئاگر
هەندێ جاریش
ماچی پێیە وەك دەمی یار
جارجار رۆژگار قوڵ قوڵ دەبێ وەك دەمی بیر
هەندێ جاریش

لە دەسما دەبێ بە زنجیر

هەندێ جاریش

دەبێ بە سوارێکی رووپۆشو

دەمداتە بەر رەهێڵەی تیر

***

ئەرێ راستە

دەڵێن: ئاسمان

گۆڕستانی ئەستێرەیەو

هەوریش قەفەزی هەتاوە

ئەوین باڵداری تینووەو

شیعریش چەمی تەڵەو داوە...؟

***

## جیهانی نوێ

لە دەستی زۆردارەکاندا

چەقۆی گڕو

لە زەویدا زیندان دەڕوێ

لە دڵماندا پەنجەرەی نوێ

...

لە زەویدا پۆلیس دەڕوێ

لەسەر لەشماندا لیس دەڕوێ

لە ملماندا گوریس دەڕوێ

لە گیانماندا جیهانی نوێ

***

## ئامۆژگاری ژمارە یەك

گەر دەتەوێ
نیوەشەوێ
کەوڵەکەت نەکەن بە مەشکە
مووی لەشت نەکەن بە ڕەشکە
دەمت نەکەن بە کوانووی ئاگر
مەبە بە شاعیر
مەبە بە شاعیر
***
گەر دەتەوێ
نیوەشەوێ
زەویت لێ نەکەن بە زیندان
ڕاوت نەکەن وەکو کەوێ
گەر دەتەوێ
لە وڵاتی گوڵو ناندا
لەسەر شۆستەی شەقامێکدا
چاوەکانت هەڵنەوەرێن لە برساندا
***
گەر دەتەوێ
نیوەشەوێ
پەنجەکانت نەقرتێنن
ڕوخسارەکەت بە تفی خەست نەخوسێنن
قاشت نەکەن وەك پەتاتە
مەپرسە بۆ لەم جیهانە بەرینەدا
بۆ منالی هەژارەکان گوڵو نانو خەندە قاتە... !
***

## نیشتمان گەورەترین وڵاتە

هەزاران هەزار زیندانتان هەیەو
منیش یەك خۆرێ
هەمووی ناتوانێ
تاقە خۆرەکەم بشارێتەوە
***
هەزاران هەزار شمشێرتان هەیەو
منیش هەردوو دەس
هەمووی ناتوانێ
ئەم دوو دەستەم لێ بسێنێتەوە
***
ئەوەندەی دەنکی سەد هەزار هەنار
نیشتمان لەسەر رووی زەویدایە
بەڵام ئەمن لەم وڵاتە نەبێ
هەڵناکەم بە هیچ هەتاو بایە
***

## شاعیر

هەر منداڵ بووم
حەزم دەکرد بم بە شاعیر
هەر بە منداڵی سوێندم خوارد
بە گوڵێك‌و چنگێ خۆری کوردستان
وشە بکەم بە ئاگر
ئەوا ئێستا کۆتری گڕ
پووشی کڵپەی لە دڵمدا
کردووە بە لان
ئێستا دڵم
هەم ئاگرەو
هەم ئاگردان

## شەڕی سێیەمی جیهانی

دارستانە قژ سەوزەکە شەو بەبێ دەنگ
ڕەگەکانی خۆی هەڵڕنی و
دامێنی خۆی
کرد بەچەمی ئاگری ژەنگ
کاتێ زانی
کە بەیانی
دارەکانی
دەبڕن و دەیکەن بە قۆناخە تفەنگ
بۆ سێیەم جەنگ...!

***

## ئەو کچە پەرچەم هەورە

هەزار بارە لە بێدەنگی مان دەگرم و
دەنگم دەبێ بە برین و
برین دەبێ بە وڵاتێ گەورە گەورە
وەکو خەونی
ئا ئەو کچە پەرچەم هەورە
کێ ئەو کچە پەرچەم هەورە دەناسێ
لە بێشکەدا یاری دەکرد
نە ناوی زێڕی دەزانی و
نە ئاگرو نە ئاسن
لەگەڵ لەرەی
مازووی کەمەی
بێشکەکەیدا
بۆ خۆی دڵداری دەکرد
بۆمبایە هات دەستی بردو
کە گەورە بوو
باوکی دەستێ داری بۆ کرد

## لاوكی ئازادی

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
بەڵام توخوا بەر لەوەی كە بممرێنن
چنگێ خۆڵی وڵاتەكەم
لە دڵەكەم بپژێنن
***
هەرچیم هەیە لێم بسێنن
هەرچی یەسقان لە لەشمایە
یەكە یەكە
هەمووی بە گاز دەربهێنن
بەڵام توخوا
نەكەن هەرگیز
چڵێ داری ئەم نیشتمانە بشكێنن...!
***
هەرچیم هەیە لێم بسێنن
مووی لەشی خۆم
تەڵە تەڵە دەربهێنن
وەكو گوریسێك بیچنن و
بمخنكێنن
بەڵام نەكەن
توخوا نەكەن
یەك بەردێكی
ئەم وڵاتە بسووتێنن

## دیواره مقەباکان

-١

تا قژی لووتکە نەسووتا
تا بەردو دار
کانیو رووبار
گوڵو گەڵای گڕی نەگرت
لە ژێر بارانی بارووتا
نەمدەزانی
پشکۆ دەبێ بە گۆرانی
شیعر دەبێ
بە شمشێری دەستی سواری ناو رەشەبا
دیوار ونجڕ ونجڕ دەکا...؟

-٢

ئەی خۆشەویستی ئەم شارە
تۆ لە دەممدای وەکو ماچ
لە چاومدای وەك گلارە
لە خوێنمدای وەکو رەنگ
لە دەستمدای وەکو تفەنگ
لە لەشمدای
وەك ئەم گشت خوێنو دەمارە
ئەی خۆشەویستی ئەم شارە

-٣

سەرم کانی ئێوارانەو
پڕ لە ئەستێرەی پشکۆیە
سەرم زامەو
دارستانی چەقۆیە

## من دەزانم

من دەزانم گەر مناڵە بێ دەمەکان
بێنە زمان
چی دەڵێن
من دەزانم
ئەم رووبارە سوور سوورانە
پشکۆی خوێنی دەروونی کێن
من دەزانم
ئەو باڵندە زێڕینانەی
هیچ باخێ ناکەن بە لانە
لە کوێوە دێن
لە کوێ گەرای
ئەوینی دڵیان دادەنێن
***
دڵم بووە بە ئاوێنەو
ئاسمانی تیا
بووە بە قوڵترین دەریا
نە ئاسمان دڵم جێدێڵێ و
نە وڵاتەکەم پیر دەبێ
نە دڵیشم دوور لەو یارە
لەلای هیچ یارێ ژیر دەبێ
***
کە شیعر دێ
لەشم دەبێ
بە خۆڵەمێشی بەر لافاو
گیانم گەورە دەبێتەوە
وەك ئاسۆی دێ...!

# خۆشییەکی خۆشتر

له گشت هەڵبەستێکی خۆشدا
هەڵبەستێکی خۆشتر هەیه
له گشت خۆشیەکی بە جۆشدا
خۆشییە بە جۆشتر هەیه
له گشت خەمێکی پەرۆشدا
خەمێکی پەرۆشتر هەیه
له پشت چاوەکانی تۆوەش
ئاسمانێکی شین شین هەیه
له دڵمیشدا
وڵاتێکی بەرین هەیه
دارەکانی شیعر دەگرێ و
له قۆزاخەی ئاورێشمی
هەر شیعرێکدا
هەزار هەزار برین هەیه
***

وا هەست دەکەم
سەدان هەزار وشەی دەگمەن
لەناو دارە خەنەییەکانی دڵما
یەك یەك خۆیان مات مات داوە
شەو دەبمە مناڵێکی زۆر چەتوونو
گشتیان بەردە باران دەکەم
نە دڵەکەم چۆڵ دەکەنو
نە دەشبنە هۆنراوە...!
***

## من دار نیم شاعیرم

نەء  من دار نیم بەڵام هەزار باڵدار
لەسەرمدا هێلانەی خۆیان چنیوە
فەرهەنگیش نیم بەڵام سەدان هەزار ملیۆن
وشە... وشەی ئەستێرە
دڵەکەمیان پڕ کردووە لە تریفەو لە جریوە
من شاعیرم
زمانم جارجار شاتووە
هەندێ جاریش ئووتووە
من شاعیرم
هەزار هەزار گۆرانیم
لە چەمی باکاندا هەیەو
هەزار هەزار گۆرانیشم
لەناو دەمی مناڵاندا چاندووە
بەڵام هێشتا گۆرانیەك
لە ناخی ناخی دڵمدا
ماوەتەوەو نەم وتووە...!

***

## گۆرانی ئەوین

ئەوەی گۆرانی ئەوین نەزانێ
هەرگیز جیاوازی
نێوانی ژاڵەو هەنگوین نازانێ
ئەوەی گۆرانی ئەوین نەزانێ
هەرگیز جیاوازی
نێوانی ماچو گوللە نازانێ...!

***

## وشەی ون بوو

هەرچەن هەڵبەستێك دەنوسم

هەرچی وشەی گێتی هەیە

هاوار دەکەن:

ئەی شاعیری وڵاتی گوێزو بەفر

بۆ نامانکەی بە شیعر

***

ئەمرۆ هەڵبەستێکم نووسی

جێی وشەیەك هەر مایەوە

هەرچەندم کرد

وشە نەهات

وشە نەدۆزرایەوە

ئەو وشەیە دایکم بوو

کە رۆی نەگەڕایەوە

***

## هەندێ شت

هەندێ شیعر هەن

هەرگیز شاعیران دەستیان لە پرچی سەوزی ناخشێ

هەندێ ئازار هەن

هەرگیز خەمباران

بە بۆنی لەرەی نمەی شاد نابن

هەندێ شادی هەن

هەرگیز دڵشادان لەناو شەپۆلە تیشکەکانیدا

دڵداری ناکەن

***

## جادووگەر

دادەبەزمە دۆڵێکەوە
پڕی دەکەم لە گوڵی دەنگ
دادەبەزمە چەمێکەوە
پڕی دەکەم لە ماسی رەنگ
***

## گوندەکەمان

خەڵکی گوندەکەمان
لە چایخانەی گوندەکەمان دانانیشن
چونکە گوندەکەمان چایخانەی نیە
خەڵکی گوندەکەمان
رۆژنامە ناخوێننەوە
چونکە رۆژنامە ناگاتە گوندەکەمان
مناڵانی گوندەکەمان ناڕۆنە قوتابخانە
چونکە گوندەکەمان قوتابخانەی تیا نیە
خەڵکی گوندەکەمان
سەیری تەلەفزیۆن ناکەن
چونکە گوندەکەمان کارەبای تیا نیە...!
***

## یادێکی تاڵ

لە لێواری شەقامێکدا
لەتێ ئاسن بەکوڵ گریا
مناڵێك بە دەنگیەوە چوو
– بۆچی ئەگریت
تینوویت برسیت

– پار ئەم وەختە
منالێك لێرە نوستبوو
فڕۆكەیەك هەڵیدامو
دام بەسەریا...!
***

## وشەش گوڵە گوڵ

ئەم مەمكتو ئەو مەمكتو چی لە نێوانیاندایە
هی منن من
ئەم لێوتو ئەو لێوتو چی لە نێوانیاندایە
هی منن من
بەردیش بنوێ من بێ دەنگ نابم
ئاخر دوایی كێ گۆرانی بۆ چاوە جوانەكانی تۆ بڵێ
خوا بە درێژایی شەو
ئەستێرەی ئاسمانە باخچەكان
لە ئاوێنەی دەریاكاندا مەلە دەدات
منیش هەمیشە دڵم دەكەم بە باخچەی وشەی جوان
ئاخر وشەی جوانیش گوڵە گوڵ
ئەرێ تۆ لە دوورایی حەوت شەوو حەوت ڕۆژ ڕێگاوە
بۆنی وشەی جوان ناكەی...؟
***

## شارێکی بێ مێژوو

شارێك له دڵمدا دەشارمەوە
كه دەمنێنە گۆڕ
شارەكه خۆی له دڵمدا مات دەكات
پاش هەزاران ساڵ
كه گۆڕستانەكه تەخت دەبێ
دەیانەوێ
قوتابخانەیەك
یا بەندیخانەیەك
یا باخچەیەك
یا نەخۆشخانەیەك
هتد...
دروست كەن
كرێكارێك بەرێكەوت
پاچێك له گۆڕەكەم دەدات
له ژێر كلۆكۆی دڵمدا شارێك دەدۆزێتەوە
خەڵات دەكرێ
مێژوونوسەكانیش كۆدەبنەوە
ناوێك له شارەكه دەنێن
ئای دەبێ چ ناوێكی بۆ بدۆزنەوە
بیكەن به پایتەختی كام شای كام نەتەوەی كام مێژوو
بشێ دان بەوەدا بنێن
كه ئەوە وڵاتی شاعیرێكی دەربەدەر بووە..؟

***

## دوو دەنگ

١-ژەنگ

کە نان لەناو قورگی شێرا
حەشار درا
نەبی بە تفەنگ
دەبی بە ژەنگ

***

## وشەیەکی نوێ

٢-

یاساوڵ نیم
بەڵام لە هەر گوزەرێکدا
وشەیە نوێ بدۆزمەوە
کۆتی دەکەم وەك تاوانبار

***

## سەد هەزار خەون

نە زیندانم نە یاساوڵ
تۆم لە دڵما بەند کردووە
گەرچی خواش نیم
گیانم بە بەر سەدان هەزار
شیعری ئاگردا کردووە

...

منیش وەکو یاساوڵ
بە دیار خەونی ناو قەفەزی دڵی خۆمدا
تاریکە شەو دەتوێنمەوە
گەرچی خواش نیم

هەوەستم بێ
پەیکەری سەد هەزار خەون
دەشکێنم‌و دەژێنمەوە
منیش هەزار زەویم هەیەو
بە دەوری خۆری شیعرمدا
یەك یەك دەیانخولێنمەوە
***
جا کێ دەڵێ ئەو ڕۆژەی خوا
ئا ئەم جیهانەی دروست کرد
هەر ئەو ڕۆژە بێ مێژووە
منیش لەناو دڵی خۆمدا
جیهانێکی لەم جیهانە گەورەترم
بۆ کچێك دانەڕشتووە...؟
***

## دوو لاوك

-١

زەوی هەمووی بۆمبای قینە
مردن بنکەی پشکنینە
گومرگ لەسەر پێکەنینە
گومرگ لەسەر خەو بینینە
گومرگ لەسەر باو بارانە
گومرگ لەسەر ئاوو نانە
گومرگ لەسەر حەزو خۆزگەو ئەوینە
گومرگ لەسەر هەموو شتێکی جوانە
گومرگ لەسەر چپەو وشەو نووسینە
ئەوەی بێ گومرگ دەسکەوێ
گیانە تەنیا هەر برینە...!

-٢

دارێکیان کرد بە خۆڵەمێش

شیعری هەموو شاعیرێکی دڵسۆزیان

کرد بە لانەی باڵداری ئێش

زەردەشت. بووزا

ئیبراهیم. موسا

عیسا

محمد

بە خوڕ گریان

نامەیەکی رەق و تورەیان مۆر کرد

بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان

***

## سێ گۆرانی تر

١- بۆینباخ

گوللەیەك هات وەك باڵدارێ

هێلانەی کرد

لە ناو دڵی دڵدارێ

چی تاریکی زەوی هەیە

بوو بە قەرەوێتێ رەش و

ئاڵاندیانە ملی شارێ

٢- زێی ژان

ئەوینێکم لە دەنگمدا کۆکردەوە

دەنگمیان وەکو

شووشە مەرەکەبێ شکان

ئەوینەکەم چۆڕ چۆڕ رژاو

لە ناو چنگی ئەم زەوییە تینووەدا

بوو بە زێی ژان

٣- گوڵهەناری زیوین

داری هۆنراوەم راوەشان

شیعر باری وەك گوڵە هەناری زیوین

هەندێکیان بوون بە نارنجۆك

هەندێکیشیان

بوون بە برین

ئێستا دڵم پڕاو پڕە لە بەرسیلەی گڕی ئەوین

باخ گوڵ دەگرێ

لوتکە بەفر

هەور باران

دەستم برین...

***

## بەراوردو شتی تریش

١- تەپلە

ئای دەبێ

پێڵاوەکەم چەرمی لەشی

کام ئاسکە بێ

ئای دەبێ کەوڵەکەی منیش رۆژێ

لەسەری چی پۆلیسێکدا

تەپلە بێ....!

٢- بت

شاعیرێك بوو بە ساوایی

پەنجەرەی ماڵانی دەشکان

کە نایانە قوتابخانە

دەفتەرەکانی خۆی دڕان

کە گەورەش بوو... بوو بە شاعیر

وشەی کردە کڵپەی ئاگر
لە نەورۆزی هەژاراندا
پەیکەری گشت بتەکانی زەوی سووتان

٣- دووەم مەسیح
سوورە گوڵی زامەکانی دڵی خۆمم
کرد بە تەزبیح
بردم بۆ خوا
خوا ناوی نام
دووەم مەسیح
***

## داستانە کۆنەکە

١- ئەوین
لێرە
خۆشەویستی نیشتمانیش
مرۆڤ دەکوژێ
وەکو: شمشێر
وەك: سەرەتان
وەك: کۆلێرە

٢- سەر
ئەرێ کێ
ئا ئەم سەرە شاعیرەمم
لێ دەکڕێ
یا چەند رۆژێ
چەند هەفتەیە
چەند سەدەیە
بە قەرز لێمی وەردەگرێ...!

٣- تەمەن

ڕۆژگار مسەو

مێژووش ڕووباری ژەنگە

تەمەن گۆزەڵە ئاوەو

ڕۆژگار ریزە تفەنگە...!

***

## گریانی هۆنراوە

هەندێ وشە لە دڵمدا کۆبونەوەو

بوون بەگڕی هەوری گریان

- بۆچی دەگرین ئەی وشەکان

+ بۆ نامانکەی بە هۆنراوە

ماچ کەین دەمی کچی جوان جوان؟

بۆ نامانکەی بە شیعری گڕ

بسوتێنین دیوارەکان...؟

***

وشەش دەنوێ‌و یاری دەکا

وشەش جارجار بەکوڵ دەگری

جارجاریش دڵداری دەکا

وشەش چەقۆ لە ملی نێن

هەست بە ئازار دەکاتو

گۆی زەوی سوور دەکا بە خوێن

***

ئای گەر چۆلەکە زمانی

مرۆڤی دەزانی

کێ دەڵێ ئەم هۆنراوەیەی

نەدەکرد بە درێژترین گۆرانی..؟

## داری ئاگر

هێندە ئاگر
لەم زەوییە بەردراوە
هیچ سەیر نیە
لووتکە داری ئاگر بگرێ
***

هێندە دەسرێژ
لەم زەوییە کراوە
هیچ سەیر نیە
قۆزاخەی دار
باروت بگرێ...!
***

## وشە کچۆلەکان

ئەوە کێیە
وەك منالێ شەوی زستان
دەسلەملانی دایکی بێ
بە دڵمەوە نووساوە
تۆی یا پشکۆی هۆنراوە
***

ئەوە کێیە
رووبکەمە هەرچی لایە
لەوێدایە
تۆی یا خوایە...؟
***

باران نم نم

وەکو پۆلە چۆلەکە دێن

چاو بە شووشەی

پەنجەرەکەمەوە دەنێن

وشەکانیش وەك کچۆڵە

دێن نازانم لە کام لاوە

دەستی یەکتری دەگرن‌و

ریز ریز دەبن:

بە هۆنراوە

***

## باخچەی زام

-١

خەم بیرێکە لە ناخی دام

خەونیش تیرە

دڵم دەکا

بە باخچەی زام

-٢

ئاسمانێکم

لە دڵما چان

ئەستێرەکان بوون بە شیعرو

شیعرەکانیش

هەناومیان کرد

بە نیشتمان

هەر لەوساوە

دڵم بووە

بە سەرچاوەی هۆنراوە

-٣

راستە دەڵێن

ئاسمان شووشە مەرەکەبەو

ئەستێرەش هۆنراوەی خوایە

راستە دەڵێن

دڵی شاعیر

گەورەترین دونیایە...؟

***

## شووشەی بێ دەنگی

بەرەبەیان بەر لەوەی خۆر

بگاتە کێو

وشەم دەگاتە سەر لێو

وشە دەبێتە جیهانێ

لە خۆم زیاتر

نە جادووگەر

نە پێغەمبەر

نە شاعیر

رێی دەرگاکەی نازانێ

منیش دەبم:-

بە رووبارێ

رۆژگار لەناو

شەپۆلە خەونەکانمدا

ون دەبێتو

شووشەی بێ دەنگیم دەشکێتو

هەموو زەوی

دەکەوێتە گۆمی خەمێکی تەمەوە

منیش ورد ورد
دەبم بە وێنەیەکو
دەڕۆمە ناو
کۆشی ئاوێنەکەمەوە
***

## هاتوچۆ

باکان: تك تك
تۆوی زامیان تیا چێنراوە
بست بە بستی ئەم زەوییە
گۆڕو داوە
بۆ شاعیرێك ئەوینی تۆ
دڵی کردووە بە هێلانەی
پۆلە کوکوختی هۆنراوە
دە ئەی زامە قووڵەکەم تۆ
لە نێوانی منو دایکە دوورەکەمدا
بۆ نابیتە دەرگایەك بۆ
خۆشەویستیو
خەوبینینو
هاتووچۆ.؟
***

## نامەیەك لە فەلەستینەوە

لای سەربازێك

لێرە

داپاچینی سەرێك

ئاسانترە

لە قنچك كردنی پیازێك

***

لێرە

بڕینی دەستێك

ساناترە

لە بڕینی چڵە دارێك

سەر.. دەس

قاچ... چاو

گوێ.... دەم

هتد...

لێرە وەكو

توتن... خەنە

تلیاك بۆمبا

وەك گشت شتێكی قاچاخ

پۆلیس مافی ئەوەی هەیە

لە هەر كەسێ

زەوتی بكا...!

***

## نەءتۆ پولی پۆستە نیت

١- ئەوەی سەیری دڵم بکا
لە دڵما دەتۆزێتەوە
ئەوەی سەیری چاوم بکا
لە گلێنە تینووەکانما
رەنگت دەقۆزێتەوە
ئەوەی گوێ لە دەنگم بگرێ
لە ناو هێشووی گۆرانییە هەورەکانما
بۆنت دەکا
تۆ: نە قۆپچەی
نە پوولی پۆستەی
هەر بە یەك جێوە بنوسێی
تۆ گۆرانیت گۆرانی خوێن
بە هەموو لەشما دەگەڕێی

٢- من دەزانم
چۆن بارانی گەشی ئاگر
ژەنگی زەوی دەسڕێتەوە
داری ئاگر
لە هەر خاکێ بنجی هەبوو
چەند دایپاچی
وشك ناكاو
هەر دەڕوێتو
دەڕوێتەوە
***

## دەست

من ئەوەندە تینووی تۆم
هەزار ساڵ لایەکت ماچ کەم
تێر نابمو
ناڵێم ئەو لات
...
چۆن بێم بۆ لات
تاڵ تاڵ... چین چین
پرچت بکەم بە هۆنراوە
چۆن بێم بۆ لات
لە کام لاوە
لە کام پەنجەرەو دەرگاوە...!
...
چۆن بێم بۆ لات
لە جێیەکدام
لای راست دیوار
لای چەپ دیوار
خوارم دیوار
ژوورم دیوار
هەر چوار دەورم
دووپشكو مار
هەرچەند دەکەم دەس گۆ ناکا
سەری خۆمی پێ بخورێنم
جا ئیتر چۆن... چۆن ئەتوانم
لە گەردنی تۆی ئاڵێنم.؟
***

## سەرنج

که هێشووی ڕووناکی دەڕژێته ناو چاوم
ئاسمانی کپ دەڵێ: ئەها ئەو شاعیره
تەماشای بێدەنگی من دەکا
مەل دەڵێ: ئەها ئەو شاعیره
تەماشای شاباڵی ڕەنگ ڕەنگی من دەکا
باخ دەڵێ: نەوەڵا سەرنجی
داری قژ خەنەیی من دەدا
چەم دەڵێ: وا نیه وا نیه
سەرنجی شەپۆلی پەمەیی من دەدا
کچ دەڵێ: وا نیه درۆ کەن وا نیه ئەزانم
ئەو تەنیا هەر سەیری من دەکا
ئەزانم ئەزانم
بەڵام من به جوانی وڵاتدا دەڕوانم
ئەوانیش هەموویان
بەشێکن له جوانی نیشتمان

***

## کێ دەڵێ

١- کێ دەڵێ مردوو هەست به خەم ناکاو
نەخۆش ناکەوێ و
خەو نابینێت و
نامه نانووسێ و
گۆرانی ناڵێ و
توڕه نابێت و
نازانێ چەندی مانگی کام مانگەو
کام وەرزو ساڵه

پێ ناکەنێتەو
ریشی ناتاشێ
نابێ بە شاعیر
کێ دەڵێ مردوو شەڕ ناکاو نامرێ...؟

٢-بشێ گۆڕ باخچەو
گەرماوو ئاودەسخانەی تیا نەبێ؟
ئێ بشێ پۆلیس
لە گۆڕخانەیشدا هەر پۆلیس بێتەو
شاعیریش شاعیر
ئای نەکەن شاعیر
لای سیخوڕەوە بنێژن توخوا
نەوەك راپۆرتی
لەسەر بنوسێ و
بە شیعر نوسین تاوانباری کا...!
***

## دوو نیگار

١- سەرم بووە بە ئاسمانی هۆنراوەو
خەونیش بووە بە چەمێ
هەر دەڕواتەو
هەر دەڕۆمەو
هەر نایگەمێ
ئەو: دەبێتە پەلکە رەنگینەی بەهارو
ئاسۆ دەگرێ
شیعریش دەبێ بە ئارەقەو
نم نم خوڕ خوڕ
لە سەراپای لەشم دەڕژێ

٢- دڵم جێی گشت شتێکی تیا دەبێتەوە
خوا شەیتان
زەوی ئاسمان
تۆ...
شیعر...
دارستان
گوڵ.. درِك.. شاخ.. بیابان
هتد...
بەڵام هەرگیز
نە ئەستێرە با دەبیاتو
نە هیچ شتێك لە دڵمدا
داگیر دەکا جێی نیشتمان
***

## گلەییەکی کۆن

کچێ ناڵێ: لەتیف هەڵمەت بۆ بە تیشکی
شیعری هەورت
نارێژی چاوی بێ کلم
کچێك ناڵێ: ئەی شاعیرە ئاوارەکە
شانەیەك لە قژم بدەو
ملوانکەیەك بکە ملم
***
بەڵام هەزاران کچی جوان
کچی چاو شین تر لە ئاسمان
قژ درێژ تر لە باران
دڵم وەکو:
شووشەی پەنجەرە دەشکێنن

شیعرەکانم: دەخوێننەوەو ماچی دەکەن
کەچی خۆم هەر ناشدوێنن
ئای جەنگەڵی ڕووناکایی
ئەم ژیانەو
هێشووی ئەستێرەی بەهارو
بەفرو بەڕووی ئەم لووتکانەو
گوڵو شیعرو ڕووبارو
دوورگەی بێ سنوری خەونیش
جێ دێڵمو لە دوای منیش
ناسکە کچو گەرمە ژنیش
هەر دەمێنن
دڵی شاعیرێك بشکێنن... !

***

## ماسی زیوین

١- ئا

با لە تۆ دڵسۆزترە
بەس نیە... با
جارجار دێتو
لە دەرگا شرەکەم دەدا
پێ دەکەنێ
سەڵاو دەکا
دادەنیشێ
ژوورە وەك گوێز تەنگ تەنگەکەم
پڕ لە گۆرانی کێویلەو
بۆنی گوڵە هەنارو
نێرگزو لاولاو دەکا...

***

٢- ئەمە دڵمە وا لێ دەدا
یا دەسرێژی دەمانچەیە
ئەمە شیعرە لە سەرمدا
یا ئەوینی ئەو کچەیە...؟
***
بڵێین ئاسمان... ئاسمان نیەو
چەند شووشەیە مەرەکەبەو
بەسەر پەڕە کاغەزێکی
زۆر گەورەدا ڕژاوە
یا با بڵێین ئەو ئەستێرە چاو کاڵانە
ئەستێرە نین
چەشنە ماسیەکن زیوین
هەر لە مەرەکەبدا دەژین
بەڵام من هەر تۆم خۆشدەوێ و
ئاسمانیش هەر
شینە شین شین.
***
ئەوە پەڵە هەوری چاو پڕ
گوڵی شەکر
دارستانی
لووتکەکانی
پڕاوپڕ کرد لە کۆتری سپی بەفر
ئەی تۆ ئەمشەو
نایەی تاوێ
دەمت پڕ لە دەنکە هەناری ماچ کەم و
هەردوو گوێشت پڕ تریقەی خۆشی شیعر...!
***

ئەو ئاسمانە بەرز بەرزانەی
بە منداڵی نەم دەتوانی پیا سەرکەوم
کە گەورە بووم
گشتیم رووخان
ئا ئێستاکە
جارجار کە دێنەوە خەوم
ئەوەندەی رەشماڵێ نزمن
گەر بمەوێ رۆژی سەد جار
بە گشتیاندا سەر دەکەوم
ئەی تۆ کەی وەك ئاسمانەکانی جارانم
نزیك نزیك دەبیتەوە لە گیانم..؟
ئای دەنگم وەك
بەسقان سەگی شەوان دەیخوا
نە کەس گوێی لێیە نە خوا...!
***

## بۆ شاعیرێکی فەلەستینی

ها ئێستا ها ساتێکی تر
وەکو گورگ دێن
ژوورە بچکۆلەکەت دەکەن
بەباخی گەورەی گوڵی خوێن
چەکمەکانیان لە قووڵایی زامەکانتا
بۆیاخ دەکەن
زمانت بە چەقۆی ئاگر داخ دەکەن
***

بە دواتەوەن
وەك ئەو تۆڕە برسیانەی
قەت ناخەون
دەریا دەریا
هەر دوای ماسی دەکەون
***
من دەزانم
هەر کە دەستێکتیان بڕی
ئیتر دەستە بڕاوەکەت
هەرگیز شیعر نانوسێ
هەر کە زمانیان دەرهێنای
ئیتر دەمە بێ زمانەکەت
قەت گۆرانی لێ نابارێ و
مەلی وشەی لێ ناناڵێ
کە سەریشت دەقرتێنن
ئیتر سەرە قرتاوەکەت
هێشووی سەوزی
خەون هەرگیز قورسی ناکا
بەڵام هەرچی تاریکییە
لە چاوەکانتا بیچێنن
خۆر لە چاوتا ناکوژن و
ناتترسێنن
وڵاتەکەت
لە دڵەکەت
لە دڵە پڕ لە شیعرەکەت
ناترازێنن...
***

## ئەستێرەیەکی نوێ[1]

ئیتر شیرین واز لە دڵدارەکەی دێنێ
هەموو نامەو دیاریەکانی فەرهادەکەی
دەسووتێنێ
ئیتر شیرین چاوەکانی کلرێژ ناکاو
پەنجەکانی نانەخشێنێ
بسکی گوڵاوپڕژێن ناکاو
قژو پەرچەم داناهێنێ
ئیتر شیرین بۆ لای دایکی ناڕواتەوە
دڵۆپەیەك ئاوی ئەڵوەن ناخواتەوە
ئیتر شیرین دەستی سواڵی
سواڵکەرانی ئەم زەوییە ناژمێرێت و
باران لەشی تەڕ ناکات و
رۆژنامەو گۆڤار ناسێنێ

***

شیرین تازە
دڵی داوە بە پەلکەزێڕینەی بەهار
پەلکەزێڕینەی بەهاریش
خۆشەویستی نازانێت و
تاڵ  تاڵ دەبێ بە گوریسێ و
دەیخنکێنێ.... !
بابلۆ نیرۆدا دەڵێ:
(( ئاسمان جێگای ئەستێرەیەتری تێدا نابێتەوە))
جا کەی وایە

---

١ ئەم شیعرە کاتی خۆی بۆ کچە شەهیدی نەمر (لەیلا قاسم) گوتراوە بەڵام من لەترسی سانسۆر (لەیلا)م کردووە بە(شیرین).. بەڵام باروبۆخی شیعرەکە دیارە کەبۆ کچێکی سەر روباری وەند نووسراوەو لەسێدارە دراوە.

ئەها ئەها ئەو ئەستێرە تازەیە
قژ سوور سوورە
چاو شین شینە
ئەها ئەها ئا ئەو ئەستێرە دوور دوورە
ئەوە گیانی شیرینە
دەبێ بە بارانی تیشکو
رووناکایی دادەچێنێ
لە سەراپایی ئەم سنوورە...!
***

## لاوانەوەی باخچە هەڵواسراوەکانی بابیل

لەپاش ئەوەی
گشت سەنگەرەکانمان دۆڕان
لەپاش ئەوەی
گشت کوژراوەکانمان سووتان
گەڕاینەوە بێ ناونیشان
لە نێوانی هەموو مەمو زینێکدا
پردێکمان کرد لە گریان
...
لەپاش ئەوەی هەزار بارە
گلاینەوە
لەناو وردە شووشەی زامی
کۆنو نوێدا
تلاینەوە
لەپاش ئەوەی
هەموو شتێ دۆڕاینەوە
خەونەکانمان ونبوون لەناو
ژەنگی درۆو بەڵێنا

لە تابووتی گەورەی خوێنا
بۆ ئاوارەو زەبوونەکان
شیوەنێکی دیمان هێنا
...
گەڕاینەوە
بە کەساسی گەڕاینەوە
وەکو سواڵکەر پاڕاینەوە
لە پایتەختە سەهۆڵەکان
لە رووباری چڵکو کێما
سەری هەزار کوژراو جێما
کرا بە مۆم بۆ ئاهەنگی
شەوی پاشا داهۆڵەکان
...
گەڕاینەوە
لە کوڵبێنەی سەدەی هەڵەکانماندا
لە چایخانەی خرووی کەچەڵەکانماندا
لە ناو شانەی مێزی گەورەی
پیاوە تەمەڵەکانماندا
دەنگی هەزار هەزار کوژراو
با بردی
چەندین ملیۆن ئەدرس و ناو
با بردی
...
لەپاش ئەوەی
هەموو شتێکمان دۆڕان
گەڕاینەوە
دیسانەوە
رووامان کردەوە ئاسمان
گریاین... گریاین

بۆ باران
گریاین... گریاین
بۆ ئاو بۆ نان
هاوارمان کرد وەکو جاران:
((هەیارانو مەیاران
خوایە بیکەیتە باران
بۆ فەقیرو هەژاران))
...
گەڕاینەوەو
نەخشەیەکی کۆنمان دڕی
بۆ هەژارو چەوساوەکان
هەزار هەزار
گۆڕستانی..
نوێمان کڕی...!
***

## بەڵام تۆ شاعیری

بۆ فایەق بێ کەس

گەر دار دەبووی
یا جۆلانێی ناسکە کچ
یا
پەنجەرەی زیندانێکی تار دەبووی
یا ئاگری کوانووی ماڵە
کۆچەریە کوێستان دەبووی
...
گەر چەم دەبووی
جارجار لافاو
هەندێ جار زۆر

هەندێ جاریش کەم دەبووی
جارجار روونو
هەندێ جاریش تەم دەبووی
...
بەڵام تۆ شاعیری
نەمریی
نیشتمان پەرستی
لە دڵی گشت دڵسۆزێکدا خۆشەویستی
***

## دڵی شاعیر

کە ژێی کەمانێك دەبچڕن
چەند ئاوازی تیا دەکوژن؟
کە جەنگەڵێك دەبڕنو
دەیکەن بە کەپری زۆرداریێ
چەند باڵداری دەم پڕ خەندەی
ئاگری لێ دەڕەنجێنن
کە ئاسمانێك دەڕووخێنن
چەند ئەستێرە لە ناو لەپیا
وەك گوڵە جۆ دەوەرێنن
ئەی کە شاعیرێك دەکوژن
چەندین هەزار شیعری ئاگر
لە دڵیدا دەپرووکێنن..؟
***

## زەبرو زەنگ

زەبرو زەنگ
لالّ فێر دەکا چۆن بێتە دەنگ
زەبرو زەنگ
پێ دەبەخشێ بە بەردو سەنگ
منالّی بێشکەش فێر دەکا
چۆن دەس بداتە تفەنگ
***

## مرواری

مرواریەک لە تاجی شایەک ترازا
وەکو بالّداری بریندار
باوەشی کرد بەزەویدا
کۆیلەیەک بۆی نوشتایەوە
هەلّیبگرێ و بیداتەوە
لە تاجی شای پایەدار
مرواری بێ دەمو زمان
چاوی لە کۆیلە قووچان
لە عەزرەتا کەوتە دووان؟
هاواری کرد
– بێزار بووم
تاجی شام لێ بووە بە کۆت
تۆ ئەی کۆیلە هەژارەکە
بۆ نامدزیو
بۆ نامکەیتە عاشقبەندێ
بۆ گەردنی ژنەکەی خۆت...!
***

## لاوكی منالآنی ئەم سەردەمە

لە چەرخێكدا كە زۆربەی زۆری وشەكان
تولەو تانجین كەروێشك دەگرن بۆ سولّتان
برسێتی و ژان
چەوساوەكان فێردەكات
چۆن دلّداری بكەن لەگەلّ:
دارو بەردو چەمی ولآت
فێریان دەكات
چۆن بەندیخانەو زیندان
هەمووی بكەن
بە كارگەو
فێرگەو باخچەی منالآن
كۆرس: چیتان دەوێ منالّەكان؟
دەمانەوێ پەنجەرەیەك بكەینەوە
گشت ئاسمانی لێوە دیار بێ
كۆرس: چیتان دەوێ منالّەكانی جیهان...؟
دەمانەوێ زەوییەكی نوێ دروستكەین
هەر بەهار بێ هەر بەهار بێ
كۆرس: چیتان دەوێ منالّەكانی كوردستان...؟
دەمانەوێ ئازاد حوسێن[1]
گۆرانییە تازە بلّێ
((چاوێكم دێشێ چاوێكم تانە
دەنگی نەناس دێ لەم كوردستانە
سیروان تەنكە بەلآم رەشەبا نادا بوارم
سەر بدەمەوە لە كەس‌وكارم
بخەوم لەناو پەرچەمی یارم
ئاخ ئاخ زۆرداران نایەلّن رووبار
گۆرانی بلّێ

---

١ ئازاد حسێن گۆرانیبێژێكی لاوبوو.. سالّی ١٩٧٥ لەكاتی بۆردومانكردنی زانكۆی قەلآدزێ دا شەهید بوو

ئاخ ئاخ تەوری گڕ نایەڵێ نا دار
گەڵاو گوڵ بگرێ
ئاخ قەلەرەشی دەنگ پڕ لە ئاگر
ئاسمانی زەوی چۆڵ ناکا ساتێ
دە ئەی هەورەکەی لوتکە سوورەکە
هەواڵی مەرگی ناڕەوام بەرە
بۆ گشت وڵاتێ
دەنگی گۆرانی ئەوینم بەرە
بۆ ئەو شارانەی دەنگم نایگاتێ
ئاخ من عاشقی ڕووناکی بووم‌و
نەیان هێشت تێر تێر سەیری هەتاو کەم
ویستم گۆرانی بۆ بەهارێکی هەر نەمر بڵێم
ئاخ قەلەرەشی دەنگ پڕ لە ئاگر
نەیهێشت گۆرانی عەشقم تەواو کەم))
ئاخ ناوێرم پەڕەسێلکەی شیعرەکانم
بەرەڵاکەم بۆ کوێستانی
خۆشی وڵات
ئەترسم باسی تۆ بکات
جا ئەو ساتە
هەموو واشەی ئەم سەدە پڕ کارەساتە
لەپڕ پەلاماری دەدات...!
کۆرس: لەو ساتەوەی شەیدای دڵۆپەی خۆر بووین
هەر دوژمنی زوڵم‌و زۆر بووین
مەرگ‌و تۆڵە فێریان کردین
چۆن لە شەوەزەنگی شارا
دارو بەردی وڵات بکەین:
بە barووت‌و وردە شووشەو
بیدەین بە چاوی زۆردارا

((چیتان دەویٚ منالّەکان))...؟

– ئیٚمە دەبین بە رەشەباو

پەیمانی ستەم دەدرِین

ئیٚمە کوردین

نە یەئجووجین... نە مەئجووج

هەموو شوورەو سنوورەکان

هەلّدەکیٚشین

وەکو پەرِو بالّی فرِووج

((چیتان دەویٚ منالّەکان))...؟

– ئیٚمە ئەمشەو گشت شارەکان

دەکەین بە تەنیا یەك شار

هەموو جۆگەو کانیاوەکان

دەکەین بە تەنیا یەك رووبار...!

((چیتان دەویٚمنالّەکان))...؟

– دەمانەویٚ چی پەرژینی زەوی هەیە

دایبمالّین

وەك پاساری وەك شنەبا

وەکو پەلّە هەوری زیوین

بیٚ پسوولّە بیٚ لیٚپرسین

لە ئاقاری گشت زەویدا بیٚین و بچین

***

دەنگی یەکەم: دەمانەویٚ

دەنگی دووەم: دەمانەویٚ

دەنگی سیٚیەم: دەمانەویٚ

کۆرس: مەنوون ئەمشەو ئاگریٚ تر

لەو لوتکەیە دەکریٚتەوە

مەنوون کوتەك دەزانیٚ چۆن

سەهۆلّ بەندان دەسمریٚت و دەتویٚتەوە

مەنون مەنون بڕوانن چۆن
کۆتەرە دار چرۆ دەکاو دەڕوێتەوە
مەنوون ئەمشەو حاجی قادر
بۆ شاری کۆیە دێتەوە
دیسانەوە
بەگژ ئاغاو بەگەکاندا دەچێتەوە
هەڵبەستێکی تازەی پێیە
بیشی کوژن هەر دەیڵێت و
دەیڵێتەوە
دەنگێکی دوور: حاجی قادر لە سەر ڕۆخی ئاراس دایەو
هاکا دایان لە سێدارە
جا ئیتر کێ. کێ دەبێتە دڵداری خەمی ئەم شارە
کۆرس: ئێ دە مەنوون. ئێ دە ئەمشەو مەخەون
با سوار سوار بێ و فریای کەون
حاجی قادر تاقە دڵداری وڵات بوو
بەڵام هەر خۆی بەتەنیا چی دەسەڵات بوو
کە باسی هەژارانی دەکرد
کە باسی کوردستانی دەکرد
هەزاران کوێخای چاوچنۆک
دەستیان لێ دەدایە گاڵۆک
ئێ دە مەنوون. ئێ دە ئەمشەو مەخەون
ئێ دە ئەمشەو
لقی هەموو دارەکانی ئەم زەوییە
بکەن بە کوتەک و بڕنەو
فریای کەون...!
((خاڵە حاجی هەرچی ساتێ دەرباز بوویت و
پەڕیتەوە لە ئاراس
بە شاعیرە ترسنۆک و مەست و خەساوەکان بڵێ:

هەوری شیعر سواری پشتی هەڵگورد دەبێ
ناخزێتە سووچ و میچی بارەکانی ئەبو نەواس
دەنگێکی دوور: شاعیرەکان هەر شاعیرێ
گەر رووباری شیعرەکانی
بۆنی خوێنی خۆی لێ نەهات
پڕی بکەن لە تفو بەرد
لە گەنوو گوو
دڵسۆز نیە
نە بۆ مرۆڤ. نە بۆ وڵات
((جارێکیان پێم وتن:
رەشەبا عەشقی دار
دەرناکا لە دڵی سوێی باڵدار
پێم وتن: ئەگەر هاتو نەتانتوانی
لق و چڵی دارەکانی
ئەم وڵاتە
بکەن بە سێدارەی دوژمن
مەیسوتێنن.. مەیفرۆشن
ئاخ ئێوە بۆ بوون بە بارانی بەردو
نیشتنە دوای کۆتری عەشقی دەنگی من
نەتانزانی منی وێڵی ئێرەو ئەوێ
ئەم وڵاتەم چەند خۆش دەوێ...؟
دەنگێکی نزیک: شاعیرەکان
جیهان گەلێ گەورەترە
لە سنووری کۆشکی سوڵتان
شاعیرەکان خەو دەبینم
خەوی گەورەتر لە جیهان
لە چەرخێکدا کە سیخوڕو بەکرێگیراو
وەکو مشک و مێش و ئەسپێ

لە سەرانسەری زەویدا
کەوتونەتە گەراو زاوزێ
شاعیر چیە
ئەگەر لە سەر هۆنراوەیەك
ئەگەر لەسەر چەوساوەیەك
کەوڵ نەکرێ...؟
- کە منالّ بووم چڵێ داری سەوزم شکان
باوکم لێی دام
ئەی گوایە بۆ جەندرمەکان
هەموو دارو گوڵەکانی
زەوی پیرۆزمیان سوتان
هەتا قورئانیان سووتان
نە کەس لێیان هاتە وەڵام
نە کەوتنە بەر برووسکەی قینی ئاسمان...؟
((رۆڵە وسبە گشت بەردێکی ئەم وڵاتو نیشتمانە
ناپاکێکی تیا پەنهانە))
- ئەی دایە گیان منیش لالّ بم هیچ سەیر نیە
ئەگەر چڵی داری سووتاو
زمان بگرێ و لەگەڵ خۆرو خوادا بدوێ
هیچ سەیر نیە لەباتی گوڵ
لەم خاکەدا برین بڕوێ...!
((رۆڵە بنوو لەم شارەدا چی زۆرە. گوێ...!))
- دایە نوستم خەوم بینی
+ خێر رۆڵە گیان
- خەوم بینی جۆگەلەکان یەکیان گرتو بوون بە رووبار
رووبارەکەش بوو بە هەڵمو
سەرکەوت بەرەو ئاسمانی شار
باران باریو باران باریو لافاوێ سوور زەوی برد

چەند منالێك لە ئاسمانەوە دابەزین
زەوییەکی لەم زەوییە گەورەتریان دروست کرد...!
+ وسبە رۆڵە. وسبە رۆڵە
ئەم خەوەی خۆت
بۆ گەردنت مەکە بە کۆت
منالەکە: باران باری‌و باران باری و لافاوی سوور زەوی برد
((وسبە رۆڵە. وسبە رۆڵە))
کۆرس: چەند منالێك لە ئاسمانەوە دابەزین
زەوییەکی لەم زەوییە گەورەتریان دروست کرد...
***

## شەوی نەورۆز

لە تاریکی ژوورە بێ دەلاقەکەیدا
زامەکانی پڕ لە لیسکی خوێنی سوور بوو
چاوی نوقمی بەفرو گڕی چیای دوور بوو
دڵیشی پڕ: گۆرانی و حەیرانی بەسۆز
سەرنجی دا
بە هەر چوارلای ژوورەکەیدا
سەرنجی دا
تەنیا هەر تەڵێ شقارتەو
بەتانییە شڕی هەبوو
تەڵە شقارتەکەی داگیرسان
بەتانییە شڕەکەیی پێ سووتان
شەوەزەنگی ناو ژووری رەشی زیندان
شەوی نەورۆز
بوو بە بەیان
***

هەر ئەو شەوە
لە ژووری ئەو زیندانەوە
گواستیانەوە
بۆ گۆرستان
***

## گۆرانی پاشەرۆژ
## یان بەیاننامەی شاعیرە شێتەکە

١- هەفتەیەکم وەکو حەوت شووشەی
رەنگاو رەنگ
لەناو لەپما ووردو خاش کردو
حەوت ئاسمانم لە دلّمدا
وەکو حەوت گلۆپی شین
کوژانەوەو
حەوت جیهانم وەکو حەوت
بلاّوکراوەی قەدەغەو نهێنی
لە با بیّ لغاوەکاندا
کرد بەخۆلّەمێش‌و
سەرم هەوری سێبەری
تێزا...
سێبەری یادی ئاو
سێبەری شیعری هەنار
سێبەری ئاگری زێڕ
سێبەری ماری تۆلّە
سێبەری شاعیریەتی
ئەمە منم ئەمەش کتێبەکەمە
خوا یەکەو

نیشتمان یەکەو
منیش یەکم
ئەوەی وڵاتی خۆی نەپەرستێ
گومڕایەو بەردەبارانی کەن
خوا پێی وتومو
ئەوا منیش
پێتان دەڵێم: هیچ سەگێك ئەوەندەی
ناپاك گڵاو نیەو
هیچ تاوانێك ئەوەندەی بەرگری لە وڵات نەکردن
گەورە نیە
نیشتمان دایکە دایك
ئەرێ کەستان پێتان خۆشە
دایکی خۆتان رووت کەنەوە...؟
من شاعیرمو
سەرم شووشە مەرەکەبەو
دڵی هەژاران دەفتەرەکانمەو
مووی لەشیشم هەمووی زمانەو
وشەی گڕ دەگرێ
گڕی چەقۆی نهێنیو
گڕی شمشێری نەبینراو
ئەم جیهانە شوشەیە
کە بە مناڵی لە ئاوێنەی کەمەری
بێشکەکەمدا نوستبوو
کۆن بووەو کرمی هەڵهێناوە
ئەوەتا پەراش پەراشی دەکەم
ئەوەی دەستم لێ بەرزکاتەوە دەستی
دەبێ بە بەرد
ئەوەی زمانم لێ درێژکا

زمانی دەبێ بە ژەنگ
ئەوەی کینە لە دڵ بێ لە من
دڵی دەبێتە تۆپەڵە مۆم
ئەها ئاگادار بن
ئەوەتا کرمی وردە شوشە
دەبارێ
ئەی خوای بێ خوا
ژێی دەنگم پسا
ئەوەندە بانگی شاعیرە مەستەکانم
کردو گاڵتەیان پێ کردم
ئەها ئەوە رووخسارم جێی
ئەو شووشە بیرانەی تیا رواوە
کە تێیان گرتووم
ئەها دڵم داخی ئەو جوێنە
چەقۆیانەی پێوەیە
کە پێیان داوم
ئەی خوا کۆنەکە
ئەی خوای بێ خوا
ئەوان بۆ بیرە خواردنەوەو
خەوی ناولنگی ئافرەتە سۆزانیەکان
لەدایك بوون
نەك بۆ خۆشەویستی
ئەوان بۆ شەڕەجوێن دروست کراون
نەك بۆ بەرگری کردن لە خاك
دە ئەی خوا بێ خواکە
هەموو بارە مەرمەڕەکانیان
بەسەردا کاولو خاپور کەو
تاقیان لەسەرانسەری زەویدا

مەهێڵەو
بە یەکجاری تۆو بڕیان کە
ئەوان کەڕن گوێیان لە دەنگی
هەژاران نیەو
کوێرن رووباری خوێنی داماوان
نابینن‌و. لاڵن...
زمانیان زێری تیا تواوەتەوە
قسە ناکەن
دە ئەی خوا بێ خواکە
من نوێنەری شیعرم و
تکات لێ دەکەم
هەموو بارەکانی زەوییان بەسەردا
بڕووخێنەو
تۆو بڕیان کە
منیش ئیتر: رق‌و خۆشەویستی‌و
مانگی خەندەو ئەستێرەی فرمێسکەو
کەوڵی شیعر
لە خۆم دادەماڵم
بزانم دەبم بەچی.!
...
من ئاشتی خوازم‌و
بەڵام لە هەموو گۆی ئەم زەوییەدا
کە وەکو خوێن
لە دەمارە رووبارەکانمدا دەگەڕێ
شەڕی یەکەمی گەورەی خۆم
لەگەڵ هەموو شاعیرە
زمان خۆڵەمێشەکاندا
بەرپا دەکەم

ئەوەی ئەم خاکەی خۆش ئەوێ
لە ئێمە نیە
ئەوەی لە وەرزی ئەوینی
ئەم وڵاتەدا
خوێنی نەکرا بێ بە مەرەکەبی
دیوانی شاو
پۆستاڵی سوارە بەردینەکانی
شای پێ بۆیاخ نەکرا بێ
لە ئێمە نیە
ئەوەی زامێکی گەورە ئەوەندەی
گەورەیی خوای سۆفییەکان
لە دڵیدا نەبێ
لە ئێمە نیە
ئەوەی پاسەوانی ئاسمانەکانی
ئەم سەدە جاڵجاڵۆکەیە
شەپقە لە چەرمی پشتی
دروست نەکەن
لە ئێمە نیە
ئەوەی چەمی سووری زمانی
بۆنی ئەوینی ئەم وڵاتەی لێ نەیە
لە ئێمە نیە
ئەم وڵاتە هەندێ جار
لە عەرشی نووری خوای سۆفیەکان
گەورەترەو
هەندێ جاریش
زیندانێکی تەنگەبەرەو
سمێڵم لە دیوارەکانی دەخشێ
بەڵام هەر وڵاتی منەو

وڵاتی منەو
وڵاتی منە
...

٢- هەندیٚ جار خەون وەك فرۆکە
دڵم بۆردوومان دەکاو
هەندیٚ جاریش وەکو بارانی ئاوریٚشم
تەڕم دەکا
من نویٚنەری شیعرمو
خوا رەوانەی ئیٚوەی کردووم... و
هەمیشە هەست بە پەرییەك
دەکەم پیٚم دەڵیٚ:
- بنوسە
+ چی بنووسم
- بنوسە خوا دەڵیٚ:-
هەش بەسەر ئەو نەتەوەیەی
لە زەوی خۆیدا ڕەگ داناکوتیٚ و
هەمیشە وەك بارە دار
لە پشتی لۆرییەکدا
لەم هەوارەوە دەیبەن بۆ ئەو هەوارو
تف لەو شاعیرەش
گوێی لە زڕەی پارەیەو
گوێی لە زیرەی
مناڵە برسییەکان نیە
***

ناوی وڵاتەکەم وەکو پارەی بە نهێنی دورستکراو
قاچاخە
ئەی وڵاتە ئاگرەکەم
قامچی برسێتی و دەربەدەری
هەموو شتێکی پێ هەڵهێناومەتەوە
تۆ نەبێ
تۆ لە دڵە زێڕەکەمدا خاکیتو
شیعریش گوڵە گەنم
کە تۆ لە ملمدا دەکەن
بە کۆت
من دەبم بە بڕبەن
کە تۆ دەکەن بە زیندان
من دەبم بە هەتاوێکی نهێنی
کە بە تاوانی تۆ پەرستی
گومڕام دەکەنو
کەوڵم دەکەن
چەرمە سوورەکەم خۆشەویستی لێ دەتکێ
من ئەو شاعیرەم
کە لە هەموو دارێکی زەوی وڵاتەکەمدا
دوولەت دەکرێمو
لە هەموو دڵۆپە خوێنێکی ڕژاومدا
زیندوو دەبمەوەو
لە شوورەی ئەم زەوییە زیندانەدا
دەبمە دەلاقەیەك
من ئەو شاعیرەم کە:
هەر کچێك سەیرم بکا
ئەوینی ئەم وڵاتەی
لە دڵدا دەڕوێ و

هەر منالێ بانگ بکەم
لەم خاکەدا دەبێ بە رووباری
گوڵی زیوی رەنگاو رەنگ
ئەوەی گوێی لە دەنگم بێ
لەم خاکەدا دەبێ بە باخچەی
گۆرانی
هەنگوین
ئای بەردەبارانم مەکەن
بە نارنجۆکی مەرگ
دەورم مەتەنن
با گوڵە هەناری خوێنە تورەکەم
پەنجەرەکانتان سوور نەکا
ئایە دەزانن: لە هەموو ئاوێنەیەکدا
ئاوێنەیەکی نەبینراو هەیەو
نەخشەی هەموو کیشوەرە
نەدۆزراوەکانی
تیادا شاراوەتەوەو
سەری هەموو کۆیلەکانی زەوی
تیادا هەڵواسراوە
لە هەموو شاعیرێکیشدا
شاعیرێکی نهێنی هەیە
حەزی لە زێی بۆنی هەنگوینی
مەمکی ئافرەتێکە
کە نازانێ ناوی
چیەو
بۆ وڵاتێکیش دەگەڕێ
کە نازانێ دەکەوێتە
کام حەناسی گۆی زەوییەوە..؟

***

ڕۆژگار لمه. لم لە پەنجەرە

چاو ڕەشە زاقەکانەوە

بەسەرما دەڕژێ و

تەنگەنەفەسم دەکا

ئەمە چیە

سەری پێغەمبەری ئەم سەدەیەیە

یا زەوییە بە شمشێری کوشندەی

تاعوونی کوتوپڕ

کەوڵ کراوە کە... گەلای

خوێنی پەمەیی دەگرێ.؟

٣- مشکە ئاگرەکان

ماچی پیرۆز لە دەمی ڕێبوارە تینووەکانی

چەمی هەتاودا

دەکەن بە پشکۆو

لە نێوانی ماڵێکو ماڵێکدا

مردن دەکەن بە پرد

لای ڕاست مەرگە

لای چەپ مەرگە

ژوور مەرگە

خوار مەرگە

دەمری لە برساندا

یا لەبەر دەرگای

قەسابخانەیەکدا

دەمری

دەمری لە ژێر پۆستاڵێکدا

یا لەودیو پەنجەرەی
بەندیخانەیەکی کۆنکرێتدا دەمری دەمری...
***
دەڵێن هەموو ڕێیەك بۆ بانە دەچێ
خەنجەری گشت زۆردارەکانیش
لەسەر ملی مندا یەك دەگرن
هەموو چەقۆکان بۆنی خوێنی
منیان لێ دێ و
من لە هەموو شارێکمدا
کەوڵ دەکرێم و
لە دایکیش دەبمەوە
ئەگەر سیخوڕەکانیش ڕووخساری من
لە ئاوێنەی یادەکانیاندا ونکەن
من ئەو چەقۆیانە دەناسمەوە
کە کەوڵم دەکەن و
پێستەکەم پڕ لە:
پشکۆی ئاسنی ژان دەکەن
- ئەرێ کێ دەڵێ
هەورە بروسکە شمشێری خوا نیە؟
ئەی کێ دەڵێ
هەورە گرمە گۆرانی پەری و
فریشتەکان نیە؟
ئەی کێ دەڵێ من رابەری
ئەم سەدە بێ دەرپێیە نیم
ئەوەتا بە ئاسمان دەڵێم:
گەورەتر ببەرەوە
گەورەتر دەبێتەوە
بە زەوی دەڵێم

بکشیٚ

دەکشیٚ

بە دارستان دەڵێم: چڕتر و سەوزتر بە

چڕترو سەوز تر دەبیٚ

ئەوەتا هەموو شیعرە گڕەکان

دەستەمۆ دەکەم و

فێریان دەکەم چۆن ببن بە بلێسەی

گۆرانی شمشێر

خۆم دەزانم چۆن لە دڵی

خۆشەویستە هەنگوینەکەم و

دارستانە ئاورێشمە رەنگاو رەنگەکان و

تفەنگی رقی برسییەکاندا

جێی خۆم دەکەمەوە

من ئەو بازەم کە هەموو لووتکە

بەرز بەرزەکانی هەموو گێتیم

بە جیٚ پێی خۆم

مۆر کردووە

هەر لووتکەیەك شوێن پێی منی

پێوە نەبیٚ

لووتکە نیە...!

ئەریٚ ئەگەر مرۆڤ

پەنجەی نەبووایە

دەیتوانی پرتقاڵ پاك كات و

ئافرەت رووت كاتەوەو تەقە بە تفەنگ بکا؟

ئەی ئەگەر من شاعیر نەبوومایە

کەسی تر

ئەم شیعرە قورقۆشمەی

دەنووسی؟

من دەڵێم زەوی دەفتەری خوایەو
هەژارەکان
بە پێ پەتییە گەراز گەراز بووەکانیان
داستانی کوێرەوەری خۆیانی
تیا تۆمار دەکەن...!
...

٤- سەرە قەرسیلەکەم خەیاڵە کەروێشکەکانم
کۆ دەکاتەوەو
گورگی رۆژگارە بێ لغاوەکان
پرش و بڵاویان دەکاتەوەو
دەبن بە گۆرانی پشکۆو
لە بەردەرگای ماڵە هەژارەکاندا
دەڕوێنو
ئەو منالانە لەبەریان دەکەن
کە هێشتا
فێری سەرداهێنان نەبوون
ئەرێ بشێ کاغەزیش
لە وشەی قەدەغە بترسێ؟
کتێبیش کشوەرێکە هەزاران هەزار
نەتەوەی چەوساوەی تێدایەو
داوای سەربەخۆیی دەکەن
- باشە ئەگەر مرۆڤ پێی نەبووایە
بە سەر ڕای دەکرد
یا بە دەس؟
ئاسمان دەفتەرەو دەریاکان مەرەکەب
ئافرەت دوورگەیەکە هەزاران هەزار
دوورگەی بێ ناوی تیاون بووە

زەویش ئاوسی زەوییەکی
گوڵەو
لە هیچ نەخشەیەکدا جێگای نییە
هەموو خەونێ گەرای هەزاران هەزار
خەونی زیوینی نەبینراوی تیایە
هەموو شیعرێ قۆزاخەی هەزاران هەزار
شیعری قەدەغەی تیایە
هەمیشە باکان
وەکو ئەسپی بەرەڵا
پەنجەرە بەردینە لە خوێن گیراوەکان
پەراش پەراش دەکەن‌و
مناڵەکانیش لە دوایەوە
گوڵی پرشنگ دەچنن‌و
مەلی گۆرانی لە باخچەی رۆژدا
بەرەڵا دەکەن
((ئا ئەوەتا سێبەرێك لەسەر پەیژەی
سەرم وەستاوەو ئەستێرەی
ئاسمانی خەونە ئاگرەکانم
سەردەبڕێ و
خوێنە بلێسەکەی دەکا بە مەرەکەب
بۆ خوا
ئەوە چ سێبەرێکە لە شەقامەکاندا
دەبێ بە لەو
رۆژگارە کەچەڵەکان هێلکەی
دەنگی خۆیان‌و
شەقامە کەوڵ کراوەکان بارانی
رەنگی خۆیان‌و
شاعیرەکان شیعری خۆیانی

تیا دەشارنەوە
ئەرێ ئەم هەموو دەنگەی
بە گوێمدا دەچن
دەبن بەچی؟
ئەم هەموو رەنگەی کە:
لە رەنگی چاوەکانمدا دەتوێنەوە
دەبن بەچی؟
ئەم هەموو بۆنەی سیبەکانم
داگیر دەکەن
دەبن بەچی؟
ئەی دەبێ چەند بار ئاو
لە دەریاداو
چەن کیلۆ خەون
لە مێشکی شێتداو
چەند گەز شیعر
لە مێشکی شاعیرداو
چەند باتمان بەردو چەند هەزار تەن
تاوان لە زەویدا هەبێ...؟
ئەوەتا سنورەکان ئەستوور ترو
کەلەپچەکان توند ترو
چەقۆکان تیژترو
زیندانەکان قووڵترو
گۆڕستانەکان فراوانتر دەبن
بەڵام دەنگی گۆرانی بلێسە
هەر دێ و هەر دێ و هەر دێ
((ئەرێ مردن لەچ ژوورێکدا دەنوێ))
لە نێوانی چاوەکانمدا
ئاسمانێکی هەنگوین هەیە

هەموو جیهانی بەژێردا تێدەپەڕێ‌و
خەون دەبینێ
خەونی پڕ لە شەقامی کڵپەو
دارستانی شەکرو
ژووری زێڕو
گوڵی چەقۆ
ئەگەر با کچێك بووایە
بە قسەی مرواری دەمخەڵەتان‌و
نەمدەهێشت شەوی زستان
کارەبای گەرەکەکەمان
ببڕێ‌و
پەنجەرەی ژوورەکەم بشکێنێ
ئەگەر با مەل بووایە
ژوورەکەمم بۆ دەکردە دارستانێکی
چڕو
نەمدەهێشت نیوەڕوانی هاوین
زامی کڵپە
لە چەرمەکەمدا بچێنێ‌و
دڵم بکاتە پارکی ژانێکی نامۆ
ئەگەر شەو شووشە مەرەکەب
بوایە
ئەوەندە شیعرم پێ دەنووسی
تاتەواو دەبوو
((هیچ شتێك وەکو مەرگ
نزیك نیە))
مەرگ لە خۆمدا بۆم دەگەڕێ
دەمەوێ زەوی بکەمە توورەکەیەکی
گەورەوەو

بە ملی ئەسپە بارانەکەمدا
هەڵی واسم
ئاسمانیش بکەمە
کڵاوێکی سوورمەچن‌و
لە سەری کەم
جا ئەو ساتە: خواو شەیتان‌و
ئەستێرەو مرۆڤو
باڵدارو ئاژەڵ بۆ کوێ دەچن
بشێ خوا ئاسمان‌و زەوییەکی تر
دروست کاتەوە؟
ئا ئەوەتا زەنگی شیعر لە دڵمدا
وەکو بارانی زێڕ دەبارێ‌و
لە باخی با کۆچەرەکاندا
گوڵی یاقووت‌و
گەوهەر دەگرێ‌و
گوڵەکانیش دەبن بە سیمرخ‌و
دڵم بۆ وڵاتێ هەڵدەگرن
لە ژێر رکێفی خوادا نیە...!
ئەوەتا خوێنەکەم دەبێ بە:
توولە رێگایەکی نهێنی
لە نێوانی
من‌و تۆدا
ئەوەتا لە دڵۆپەی خەندە کڵپەکانی
گوڵی خوێنە ئاگرەکەمدا
بۆ بۆنی گوڵە هەناری دەمت
دەگەرێم
تۆ شیعری ئەو پەرییانەی
کە بە دزی خواوە

حەز لە فریشتە دەکەن...!
لە ئەشکەوتەکانی مێژووی لمی
سەدە مسەکاندا
هەزاران ئەندازیار
بۆ یەکەم نەخشەی زەوی
دەگەڕێن‌و
لە بخوری سەدەی مزگەوتە
قۆزاخەکاندا
هەزاران سۆفی بۆ خوا دەگەڕێن‌و
لە ئاسمانە دوور دوورەکاندا
هەزاران ئەستێرەناس
بۆ ئەستێرەیەکی
نوێ دەگەڕێن‌و
لە دڵی منیشدا شاعیرێکی ئاگر
دەرگای مەڕمەڕی
شەوە پڕ لە گەردەلوولە کرمەکان
دەکا بە خۆڵەمێش‌و
بانگی تۆ دەکا
نانێکم بۆ سەگێکی برسی هەڵداو لە شاوری
پۆلیسێك چەقۆی دەنگ باری‌و
سەگە برسیەکە هەڵات
– بۆ رادەکەی سەگە برسیەکە بۆ؟
+ پۆلیس هات پۆلیس
– جا خۆ تۆ مرۆڤ نیت پۆلیس بتگرێ
+ ئاخر من بە شەو زۆر دەگەڕێم‌و زۆر دەوەڕم
نەوەك
بڵێ باسی سیاسەت دەکاو بڵاوکراوەی
نهێنی بڵاو
دەکاتەوەو خەوی خەڵك دزڕێنێ

٥- کێ دەزانێ ئەو رووبارەی
بەفر بەرەڵای دەکا
چ داستانێ بۆ دارستان
دەگێڕێتەوە...؟
ئەو وشە کۆترەی لێم ون دەبێ
کەدێتەوە
چ هەواڵێکی سەیر
بە دڵی گوێی پێغەمبەری گیانمدا
دەچپێنێ...؟
ئەو ئاوازەی
لە شمشاڵی شوانی لووتکە
دەترازێ
لە سەر دەستی باخی کام لوتکەدا
لانە دەکا...؟
ئەو دەربەدەرەی لە شاری خۆی
دەری دەکەن
چۆن شارەکەی لەناو دڵە پڕ سوێکەیدا
هەڵدەگرێ و
بست بە بست
دەیگوێزێتەوە؟
دێن: لە ئاسمانە پڕ لە پەنجەرەی گوڵەکانەوە
دێن
لە دارستانە ئاورێشمەکانەوە
دێن
لە خێوەتی کۆچەرە بێ شارەکانەوە
دێن...
دەبن بە باڵداری ئەوین و

گەرای شیعری بلێسە
لە شانەکانی مێشکمدا دادەنێن
خوا یەکەو
نیشتمان یەکەو
منیش شاعیرێکی تاقانەی
ئەم زەوییەمو
لە هیچ شارو مەڵبەندێکی تردا
لقو بەشی ترم نیە
ئاگاداری لاسایی کردنەوەم بن
بە پێی بڕیاری خوای شیعر
لاسایی کردنەوەی من
قەدەغەیە قەدەغە...
ئاگاداربن لەلافاو نا
لەوانەی وەکو ئاو ڕەنگی ئەو جێیە
دەگرن کە تێی دەکرێن
بترسن: لە جەردە نا
لەوانەی دەنگی خۆیان
دەکەن بە دەمامكو
خۆیانی تیا دەشارنەوە
برووسکەیەك لە هەوری چاوتەوە
دەزێو
دەیکەمە شمێشێرێکی درێژو
هەموو کێوەکانی پێ دەکەمە
ڕووباری ئەوینو
گشت ئەستێرە چاو شینەکانی
ئاسمانە قوڕقۆشمەکانی
تیا کۆدەکەمەوە
بشێ نەتوانم هەموویان بکەم

بە ئەستێرەیەکی زۆر گەورە؟
بشێ بتوانم هەموو شیعرەکانی خۆم
کۆکەمەوەو
بیکەم بەدرێژترین شیعر؟
هەموومان ئەوینی تۆ
کۆمان دەکاتەوەو
تۆ ماچی ئاگری دەمی هەموومانی
من سوێند دەخۆمو گەواهی دەدەم
کە: تۆ یەکیت
هەمیشە زیندوویتو
هەرگیز نابیتە
خۆڵەمێش
من گەواهی دەدەمو سوێند دەخۆم
کە: تۆ ئەو لافاوەی
کە گوڵی تورەییت
لەسەر هەموو لووتکەیەکدا
دەچێنیتو
لە پەنای تۆ بەو لاوە
هیچ داڵدەیەکی تر نیە
ئەی نیشتمان
((باشە ئەگەر سەرم زەوی نیە
ئەم هەموو
وڵاتو شارو
دەریاو بەندەرو دوورگەو
بوومەلەرزەو دارستانو
بورکانە
لە سەرمدا چی دەکەن))
ئەرێ کەس دەتوانێ

پەنجەرەکانی دڵم بژمێرێ
ئایە وشەکان دەزانن
کە دەمی من
قەفەزی هەر چوار وەرزەکەیانە؟
خۆشەویستی زمانێکی فێر کردووم
لە هیچ فەرهەنگێکو
وڵاتێکدا نیە
شەو وەکو کۆمەڵێ
پشیلەی رەش رەش
لە پەنجەرە شکاوەکەوە
دێتە ژوورەوە
پشیلە بۆ مشك دەگەڕێ
شەو بۆ من
منیش بۆ گوگوختی خەون
گوگوختی خەونیش
جیوەیە
نە بە دەس دەگیرێ نە بە تەڵە...!
ئایە دەزانن
ئەگەر لافاوی وشە گڕەکانی
سەرە ئاسمانەکەم
بەرەڵاکەم
کاغەزی سپی
لە زەویدا نامێنێ...!
- دەڵێن لە زەوییەوە پردێك هەتا ئاسمان
بە ژێر عەرشی خوادا دەڕوا
ئەوەی لێی بپەڕێتەوە
دەبێ بە پێغەمبەر
ئەوەی بیەوێ

خاپووری کا
دەبێ بە شاعیر
شاعیر هەمیشە
ئاژاوەچییەو کۆن وێران دەکا
من دەزانم خوا لە عەرشە نوورەکەی خۆی
دانابەزێو
نان لە برسیەکان بەش ناکا
بەڵام ئاگادار کراوم کە رۆژێ
برسییەکان
دەبنە خوای هەموو زەوی
((هەموو شارە بەردینە بێ چاوەکان
ئاوسی گوێزانی خەونن
هەموو ئاسمانە ئاسنە کەڕەکان
ئاوسی ئەستێرەی نارنجۆکن
نا نا بەو پردانەدا مەڕۆن
پرد نین تەونی جاڵجاڵۆکەی کینەن
قەوزەی بۆقی مەرگن
نا نا لەو ئاوە مەخۆنەوە
ئاو نیە میزی سوارەکانی
ئەتەتورکە...))
– ئەرێ تۆ کێی؟
+ من ئەو شاعیرە ئاگرەم
کە لە شەقامە بەردینەکانی
ئەم شارە کرم تێداوەدا
دەنگم دەکەم
بەلافاوی گۆرانی گڕو
لە هەموو ڕێگا تاریکو
کرماویەکاندا

داری بڵێسە دەکەم
بە هێلانەی پۆلە چۆلەکەی ڕووناکی
...

٦- جارجار دەبمە منداڵێکی ئۆتۆماتیکی
لە مۆزەخانەیەکی مقەبادا
میز بە تاجە خۆڵەمێشەکەی
شاعەباسدا دەکەم
- ئەرێ تۆ کێی
+ من ئەو شاعیرەم
کە هەموو ڕۆژێ جووتێ پێڵاو
لە دەمی پاشایەکدا دەدڕم
- بڵێ لەم ڕۆژانەدا نرخی پێڵاو
گران دەبێ؟
+ ئەوە هەر پاشاکان دەزانن
ئاسمان فڕۆکەخانەیەو
ئەستێرەکانیش فڕۆکەی زیوین
بەڵام ئەستێرەکان
لە باتی بۆمبا
گوڵ دەبارێنن گوڵ
شاعیریش لە هاوینی بیابانی
سەدە ئاگرەکاندا
داری بەفرەو
لقەکانی
شیعر دەگرن شیعر
شیعری ڕووبار
هەندێ خۆزگە
وەك وردە شووشەی ئاگر

لە سەرم دەرژێ

دەدەستێکم بدەنێ

خۆزگە رژاوەکانمی پێ کۆکەمەوە

قەیچێکە با

باو باران بەش کەین

قەیچێکە با

شادی و ژان بەش کەین

قەیچێکە با

زەوی‌و ئاسمان بەشکەین

بەڵام ئەم دووچاوەو نیشتمانەکەم

هی خۆمن خۆم. هەرگیز بەش ناکرێن

((ئایا دەزانن

شەو نیە خەوی قەرسیلیی نەبینم

رۆژ نیە مردوو نەمرێ‌و

زیندوو لە دایك نەبێ

ئایا دەزانن

لە نێوانی هەموو شاعیرێك‌و

شیعرێکی جواندا

گوێزانێك هەیە

درێژە وەك زێ

بەرزە وەك لووتکەی کێو

بەهێزە وەك لافاو

گەرمە وەك ئاوی کوڵاو کوڵ))

هەرچەند پەنجەرەیەك دەبینم

وەکو ئاسمان

لێوە دەچمە ژوورەوە

هەرچەند خۆڵەمێشێك

بەدی دەکەم

دەبم بەکەڵەشێرو
بۆدۆزینەوەی پەلە بڕاوەکانم
چینەی تیادا دەکەم
هەموو خۆڵەمێشەکانی زەوی
بۆنی پەلە بڕاوەکانی منیان لێ دێو
لە هەر شوێنێکدا خۆڵەمێش هەبێ
پەلە بڕاوەکانم لەوێن
کە تۆم خۆشویست
زەوییان لێ کردم بەزیندان و
ئاسنی گشت کارگەکانیان
لە مەچەکمدا کرد بە کۆت
منیش هەرچی وشەی ئاگر
لە فەرهەنگی دڵە بڵێسەکەمدا بوو
بۆ تۆ کردم بەگۆرانیەك
گرنگ نیە ساڵ چەند مانگ بێ
من ئەوەندە دەزانم
لە ساڵێکدا دوانزە مانگی رەبەق و
لە مانگێکدا سی رۆژی خشت و
لە هەفتەیەکدا
حەوت رۆژی عەلی تەوارو
لە رۆژێکیشدا
بیست و چوار سەعاتی
رێك و پێك
تۆم خۆشدەوێ
ئەی نیشتمان
ئەو شیعرانەی کە هێشتا
نەمکردوونەتە پولەکەی سوخمەی
پەڕە سپییەکان

چەندێ دوور بن
هێشتا نزیکن
چونکە لە سەرمدانو سەریشم
چەندێ دووربێ
لە هەموو شتێ نزیکترە لێمەوە
ئەو وڵاتانەی
کە هێشتا گوێم لە دەنگی گۆرانی
شەکری منداڵەکانیان نەبووە
چەندێ نزیك بن هێشتا هەر دوورن
چونکە شتێك لە نێوانماندایە
ناوی سنوورە سنور
سنووریش
نەهاورێتی دەزانێ و نەدڵداری
هەمیشە وەکو پیرەژن
تووڕەیە
ئەم سەدەیە سەدەیەکە منداڵ
ئاڵ نایبا شەوە نایگرێ
بەڵام مرۆڤ لە ژێر پۆستاڵی سنوردا وەکو قالۆنچە دەپلیشێتەوە و دەپلیشێتەوە
سەرێکم بدەنێ نەخۆزگە هەڵبێنێو
نەخەون گوڵی تیا بکات
ئای ئەوە بۆ کەتۆ دوور دەکەویتەوە
شیعر لە سەرمدا دەبێتە
ئاگرێکی مەییو
ئەوە بۆ کەدەمەوێ باوەش
بەتۆدا بکەم
باڵەکانم وەکو خۆڵەمێش
رەشەبا دەیخوات؟

تۆ دڵمی دڵم لە کوێدا بتشارمەوە...!
من تۆم خۆشدەوێ و تۆ منو
تۆ لە مندایت و منیش لە تۆدامو
مەرگیش هەردووکمانی خۆشدەوێ و
بست بە بست دوامان دەکەوێ
هەموو زامێك کیشوەرێکی
نوێیەو
چەقۆیەك
یا گوللەیەك
دەیدۆزێتەوە
هەموو ئاگرێك دەبێتە ژەنگێکی
رەش و
تامی هەموو ماچێکیش
لە دەمدا بزر دەبێ
بەڵام نیشتمان
هەر نیشتمانەو
هەر نیشتمان
...

٧- ئەی شیعرە ئاسمانە دوور دوورەکان
پەنجەرە ئاورێشمەکانتان
بخەنە سەر پشت
بۆ شاعیرێك
کە بەرزترین کێوی زەوی
عەرشیەتیو
ئاسمانیش تاجی سەری
ئەوەتا کلیلی
هەموو شارە هەنگوینە نەبینراوە

قەدەغەکان
بە کەمەرمەوەیەو
شمشێری هەموو پاڵەوانە
برووسکەکان
قەڵەممەو
تورەیی هەموو چەوساوەکان
مەرەکەبمەو
کتێبی هەموو پێغەمبەرەکانیش
هۆنراوەن‌و
لە دڵمدان
من دەتوانم
ئاو هەڵکۆڵم‌و
لە ناو زامە زبرەکانیدا
گوڵی ئەڵماسی شیعر بچێنم
من دەتوانم بەرد بهێنمە زمان‌و
لە زەتێکی توورە
لە مەمکی بیاباندا بڵاوکەمەوەو
شینایی ئاسمان
وەکو ساجێ خۆڵەکەوە
لە چەمی رەشەبا
بۆ وڵاتەکاندا
ون کەم
من دەتوانم
دەنگی شەپۆلی زێرینی دارو
خشەی لقی زیوینی دەریاو
چپەی مناڵی فرمێسکی هەژار
بخوێنمەوەو
بە چەقۆی کڵپەی

وشە ئاگرەکانم
ئەم جیهانە گەورەیە
بکەم بە چنگێ سووتووی ڕەش‌و
گیان بەبەر جیهانێکدا بکەم
نە خوای تێدا فەرمان ڕەوابێ
نە شەیتان
لە نێوانی ئاسمان‌و
زەویشدا
گۆمێك بکەم لە خەندەی ڕووناکی
...

ڕووخساری دڵدارەکەم کتێبێکی بێ ناوە
ئەرێ دار پێدەکەنێ هەڵبەستەکەم
گوڵە و ئەوان دەیکەن بە خۆڵەمێش... زەوی
باخچەیە و ئەوان دەیکەن بە گۆڕستان. لەنێوانی
مردوویەك و مردوویەکدا مردوویەك لەدایك
دەبێ. ئەرێ ئاسمان دوکەڵی گوندە
سووتاوەکانی زەوییە یا ڕەشماڵی خێڵە
بێ وڵاتەکان. من بارانم دەوێ و ئەوان چەمی
ئاگرم بۆ دێنن. من گوڵی ڕووناکیم دەوێ و
ئەوان پەنجەرەکانم لە مس دەگرن. ئەرێ
بشێ مانگ گوێی لە دەنگم بێ. باشە
خۆ زویر نابێ ئەگەر گوێی لێ بێ
بڵێم دڵدارەکەم لە مانگ جوانترە؟
هەموو کانیەکان خوێنی دڵی منن‌و
هەموو گەردەلوولەکانی زەویش
لافاوی تووڕەیی من. هەموو شتێك بە ژێر
قەڵەمەکەمدا دەڕوا! خوا. شەیتان

زەوی. ئاسمان
کێ دەڵێ وانیە؟
هەموو تەلەسمەکان بەتاڵ دەکەمەوەو
لەسەر بەرزترین لووتکەدا سوورەتی سەرکەوتن
هەڵدەکۆڵم.(خوایەکەو نیشتمان
یەکەو لافاوی پشکۆی راستی
درك و داڵی درۆ ڕادەماڵێ. ئەوینی تۆ
سیروانەو لە دەمارەکانمدا کۆچ دەکاو
گۆرانی کوردی دەڵێ)
- کێ دەڵێ ئەم شاخە بەرز بەرزانە
گۆڕی خوا کۆنەکانی زەوی نین
+ بشێ مردن وەکو لووت. چاو. دەم...
دڵ... بەشێك نەبێ لەلەشم؟
لەژێر ژەنگی ژانەکانمدا ولاتێك نووستووە
دارەکانی رەشمارەو رووبارەکانی
شمشێرە. من دەتوانم خولی زەوی بگۆڕم
دەئێوە مەیەڵن
کتێب مۆزەخانەی نەتەوە کۆنەکانەو
منیش نێرگزی ئاگرم. ئەرێ
ئاگر پێدەکەنێ شیعر دەنووسێ
لەم پەڕی زەوی تا ئەو پەڕی زەوی بنوسن
( زەوی ولاتی ئێمەیەو گۆڕستانی
ئیمپریالیزم)
هەزار هەزار نەحلەت لە شەیتان. بەناوی خوای
گەورەو میهرەبان خوایەکەو لە چنگیایە
زەوی و ئاسمان کلیلی بەهەشتی ئاسمانیش
خۆشەویستی نیشتمانە نیشتمان. نیشتمان
لە کیشوەری ئەندێشە تیشکەکانمدا

گەشت دەکەم هەندێ نامەی نهێنی
بۆ عیساو محمدو زەردەشتو شێخ محێدینی
عەرەبیو ئیبنلخەلدوونو مارکسو غاندیو
لە نکۆڵنو مارتن لۆسەرو بەشیر موشیر
دەنوسم و لە با کۆچەرە شینکارەکاندا
بڵاویان دەکەمەوە. ئەرێ لەنێوانی
قامچی پۆلیس و هەوجاڕی جووتیاردا جیاوازی
چیە.چی؟
ئەرێ راستە دەڵێن: رۆژگار مناڵە ئێمەش
بووکە شووشەی قاقەز؟ باشە ئەوانە
پیاون یا کیسەڵ لە چایخانە تاریکەکاندا
دەنگیان دێ؟ من دەڵێم وشەش وڵاتەو
پیاو دەتوانێ تیا بژێ. ئەگەر زەوی دیواری
ببوایە من بەیەك قریشکە خاپوورم دەکرد
من دەناسن؟
– تۆکێی؟
+ من لە هەموو هەورێکدا بارانم و لە هەموو شمشاڵێکدا
ئاوازم و لەهەموو رووبارێکدا ئاوم. کێ دەڵێ
وانیە
وڵاتەکەم مۆمەو لە جەژنی لە دایك بوونی
زۆردارەکاندا دەسوتێو شەقشەقەیەو
مناڵی ماڵە بورژواکان وردو خاشی دەکەن
ئەرێ ئەگەر شیعرێ لە مێشکدا هەر
بمێنێتەوە دەترشێ؟ ئەی ئاگر
ئەسپێ تێیدەدا؟ئەی باشە زەوی وەکو مەمکی کچۆڵە یا وەکو هێلکە...یا
وەکو سەری من خڕە؟
شەو گوزەیە رەشە. ومنیش بارانی بەردم
زمان لاڵ دەبێ بەڵام وشە تەواونابێ

هەموو زۆردارێك نەیرۆنەو هەموو شارێكی
سووتاویش رۆمایە.نەیرۆن دەمرێو
رۆما وەكو باخی بەهار گوڵ دەگرێ
سەرم جارجار باخەو هەندێ جارشووشە
مەرەكەبەو هەندێ جاریش تەویلەی
ئەسپی پاشا كۆنەكانی مێژوو
ئەرێ بشێ من دووكەڵی ئەستێرەی
سووتاو نەبم؟
دڵم لە سینگمدا دەربەدەرەو منیش
لە ولاتەكەمداو ولاتەكەشم لەزەویدا
من یەكەم دڵداری زەویم و ئەوینەكەم
لافاوی ئاگرە . ئەرێ ئاگر نێرە یامێ؟
باشە بۆچی حیلەی ئەسپ و وەڕەی سەگ
یەك ناگرن و لەزەوی دا نابن بەرووبار؟
ئەوە بانیە منم من پەڵە هەورە زیوینەكان
وەكو رەوە قەلەموون لێ دەخورم
زامە گەورەكەم ولاتێكە كەس لە زمانی
دانیشتوانی تێناگا. ئەرێ راستە
بێ دەنگیش وەكو شووشە دەشكێ
ئەرێ ئەمە رۆژگارە لە دەستما دەشكێ
یا تەڵە شقارتە
من بە دوای ولاتەكەمدا رادەكەم وچەتەكانی
هەموو گێتیش بەدوای مندا غار دەكەنو
نەمن دەگەمە ولاتەكەم و نە ئەوانیش
منیان پێ دەسگیر دەكرێ. ئەرێ
جیاوازی لە نێوانی ئاگرو لافاودا چیە؟
ئەرێ شەو لە كوێ دەنوێ...!
ئەرێ تۆ ئاوی یا شیعر؟

+ هیچیان

- ئەی بۆ ئەوەندە قوڵی...؟

ترسنۆك وەکو گۆزە دەشکێ و

وەکو مس رشکی ژەنگ دەیکرۆژێ

باشە تەپو تۆز لغاو دەکرێ

ئەرێ رۆژو حەفتەو مانگ و ساڵ

کە دەمرن تەرمەکانیان لە کوێ

دەنرێنە چاڵ؟

کێ دەزانێ جیاوازی لە نێوانی برژوازیو

زالوودا چیە؟

سێ شت بەبێ دەسنوێژ توخنیان مەکەون

یەکەم: قورئان

دووەم: ئافرەت

سێیەم: شیعر

ئەرێ جیاوازی لەنێوانی قسەی کەو

هەنگویندا چیە؟ ئەی جیاوازی لەنێوانی

زبڵکوانێك و ناپاکێکدا چیە؟ ئەی باشە

جیاوازی لە نێوانی گەوادێك و وڵات فرۆشێکدا

چیە؟ ئەوەی من دەیزانم کەس نایزانێ

هەموو گێتی بکەن بە دیوار هێشتا

هەر پەنجەرەیەك دەمێنێتەوە لەگەڵ

هەتاودا دڵداری لێوە بکەم

من فەرهادم. بەڵام دڵدارەکەم شیرین

نیە

دڵدارەکەم وڵاتەکەمە وڵاتەکەم

من فەرهادم بەڵام ئەمجارە بێستون

هەڵناکۆڵم. نەخشەی زەوی دەگۆڕم

نەخشەی زەوی

من یەکمو

خوایەکەو

نیشتمانیش یەك


کلیلی بەهەشتەکانی ئاسمانە

کۆنەکانی خواش

هەر خۆشەویستی نیشتمانەو

خۆشەویستی نیشتمان

نیشتمان... !


لەتیف هەڵمەت

سرودی هەژاران

هۆنراوە

١٩٨٣

# سرودی هەژاران

## داستانی برایەتی دوو رووبار

دوو دلۆپە ئاوی رۆشن
دوو دەنکە زیخ بەری گرتن
بوون بە دوو شەپۆلی رووناک
زیخەکانیان برد وەک خاشاک
دوو تاشەبەرد هاتنە رێیان
وردیان کردن لە ژێر پێیان
دوو بەربەست لە پۆلاو ئاسن
رێگایان لێ بەستن تون تون
بوون بە دوو زێی پر هاژە هاژ
بە جووت لوولیان کردن وەک کاژ
بوون بە دیجلە... بوون بە فورات
چی بەربەست و دیوارە هات
هەرچی کلکی زۆردارە هات
چی ناحەزو نەیارە هات
نەیان توانی وهەر ناشتوانن
کە بگرن بەری گۆرانی
برایەتی دیجلەوفورات...!

***

گۆرانی ئەم دوو رووبارە
چراخانی شەوی تارە...
کەس ناتوانێ یەکێتی ئەم
دوو رووبارە لاواز بکات
یەکێتی ئەم دوو رووبارە
گولە بۆ ئەم نیشتمانەو
چقلی گلارەی زۆردارە
کەس ناتوانێ گۆرانی ئەم
دوو رووبارە بکات بە تەم

گۆرانی ئەم دوو رووبارە

هەتاوی نەمریی شارە

گوللەی جەرگی ستەمکارە... !

***

ئەوە فورات... ئەوە دیجلە

دێن دێن خێرا زۆر بە پەلە

ئەوەتا دێن لە دوندەوە

لە هەزاران دێ وگوندەوە

ئەوەتانێ دێن داستانی

مەمو زینەکەی مام خانی

هەزاران گۆرانی دەگمەن

لاوک... حەیران... ئەلاوەیسی

بۆساوا چاو رەشەکانی

کەربەلاو کوت وفاو دەبەن... !

***

ئەوە دیجلە... ئەوە فورات

هەردوو دلدارەکەی ولات

لە لووتکەوە دێن رۆژو شەو

سەلاوی داربەڕووی بتەو

دار بەرووی دەم پڕ لە حەیران

بووکە نەشمیلەکەی کوێستان

سەلاوی کەو لە نسرما

دەگەیەنن بەدار خوما...

بە دار خورمای بەر خۆرەتاو

بووکە قژ سەوزەکەی کەنداو

هەردوو دەڕۆن... دەڕۆن... دەڕۆن...

گشت شوورەو بەربەستێك ئەخۆن

لە شوانێکی قەراغی زاب

سەلاوێکی گەرمو پڕ بۆن
گۆرانییەکی زۆر نایاب
وەردەگرنو دەیڕژنن
لە دارخورمای شیعری سەیاب...
ئەوە دیجلە... ئەوە فورات
هەردوو شاهێزەکەی وڵات
شوورەو بەربەستی تازەو کۆن
ڕادەماڵن.. دەڕۆن... دەڕۆن
خەندەی منالی سەر یالێك
دەگەیەنن بە منالێك
گول دەچنێو یاری دەکا
لەژێر دارخورمای ناو لما...!
وەك برۆن بۆ رەشبەڵەکێ
رێگا دەیان کات بە یەکێ
چی بەربەستە... دەیخەن دەڕۆن
رادەمالن شوورەی نوێو کۆن
ئەبن بە زلترین رووبار
قووت دەدەن درترین زۆردار
نە پیلانی سەرمایەدار
نە هێزی لەشکری نەیار
نە ئەمەریکا نە ئینگلیز
نە هێزی بەرەی فاشیز
پێیان ناکرێ گۆرانی ئەم
دوو رووبارە بکەن بە تەم
گۆرانی ئەم دوو رووبارە
هەتاوی نەمریی شارە...!

## ده پشیله

گەرچی مرۆڤم بەڵام کە تەمێك
بەرچاوم بگرێ
هیچ دوور نەبێ لات
ببم بە زەنەی بایە کێویلە
گەرچی مرۆڤم کە قۆشەنی مشك
گەمارۆم بدات
بەری ئاسمانو هەتاوم بگرێ
سەیر نیە ئەگەر هەردوو دەستم بن"
بە دە پشیلە...!
گوڵە نێرگزی لووتکەی کەژو کۆش
هەست بکا چنگێ لە لووتکەی دەکات
سەیر نیە ئەگەر
ببێ بە دڕك و بزمارو چەقۆش
***

## پرسیار

## بۆ گیانی ( قازی محمد )

لەو وڵاتەی کە ( قازی )یان تیا دا لە دار
شەوێ لە گوندێ دوورەشار
منالێك بوو بە مامۆستای هاوڕێکانی و
کەوتە پرسیار :
– دەنکە بەڕوو لە کوێ دێنن...؟
– لە چیاوە...
– شەستە باران لە کوێوە دێ؟
– لە دەریاوە...
ئێ... ئەی ماسی...؟

– له دەریاوە...

– ئەی ( قازی )یان بۆ هەڵواسی؟

((لەو کاتەدا تارماییەك دەرکەوت کەم کەم

مناڵەکان وا بێ دەنگ بوون...

دەتگووت کەسیان نە زمانیان هەیە نە دەم))

***

## تاوێر

هەمزە.. هێ.. ژێ.. بێ.. میم

هەتا دەریا تنۆکێ ئاو لە بنیا بێ

هەتا لووتکە... لانەی خۆرو گوڵو گیا بێ

ئەژیم... ئەژیم

دەبم بە کێو ئا بەم خاکەوە دەلکێم

هەر نەیارێ

تەوری بەسەر داری سینگمدا بباریّ

تاوێر تاوێر بە سەر دڵیدا دەرووخێم!

***

## ڕەنگ

شا... بە دار گوێزێکی گووت: دارە

چاوی من ڕەشکارە

ژنەکەم حەز دەکات

چاوی من... سەوز بێ... وەك گەڵات

سەنگایی باڵای خۆت

زێڕی قاڵ دێنم بۆت

سەوزاییت بە بە من

با چاوەی پێ سەوز کەم

ئەمشەو تێر لای شاژن
بە خۆشی وەنەوز کەم...
دار وتی: ئەم ڕەنگەم نەمێنێ
نە باڵدار لە لقما لان دەکاو دەخوێنێ
نە باران گۆرانی شارو دێم بۆ دێنێ
شا... وتی: هۆ دارە گێلەکە من پاشام
سڵ بکە... بترسە لە کینەو لە سزام...
گاڵ دەدەم بە پاچی دەم ئاسن
لە رەگو ریشەوە داتپاچن
دار وتی: بەم ڕەنگەی خۆمەوە ناسراوم
ئەم ڕەنگەم نافرۆشم زانیومە سووتاوم...!
بە فەرمان... فەرمانی شاهەنشا
بە تەوراس دار شکاو لە کرۆک هەڵکێشرا
ئێوارە کە پاشا چووەوە تەلاری
گەیشتە خانمی زراف‌و نازداری
خانمی کە نواڕی
دەستی شا لە خوێندا گەش گەش بوو
چاویشی وەک جاران هەر رەش بوو
ژووری شای جێهێشت‌و قاقا پێی پێکەنی
لە داخا شا مرد وا جیهانی بێزار کرد بۆگەنی
گشت ڕۆژێ... گشت دەمێ... شا دەمرێ
دار گوێزیش گەڵای سەوز هەر دەگرێ...!
***

## لافاو

بۆنی دارستانی پرچت
لە هۆنراوەی نەفرەت لێکراوی مندا
دەبێ بە چەم... چەمی گولاو
چی وشەیە
دەیکەم بە پەرژینو بەربەست
چی برژانگو پەنجەم هەیە
دەیکەم بە پەرژینو بەربەست
بەری ناگرێ
ئای دەترسم چەمی گولاو
زەوی ڕامالی وەك لافاو... !

***

## لانەی هۆنراوە

کە گڕ بەر دەبێ لە پەڕەی گوڵێ
لە پەژی دارێ
لە چەپکی قژێ... لە نامەی یارێ
لە خەونی دڵێ
پۆلێ شیعری نوێ
پێش باڵەفرێ
بە مقەستی ڕق شاباڵیان دەکرێ!
هەرچی کۆتری باڵشکاو هەیە
هۆنراوەی منن
بۆچی نایەڵن
وشەم بە خۆزگەی خۆی باڵی باوێ
هەڵفڕی ماچ کا قژی درێژی هەموو هەتاوێ
لە دارستانی خەونی بە تامی کچێ بزۆزدا

پووشی هێلانەی تازە دابنێ
کە لە ترۆپکی سەکری سەکراندا
لە ناو هەزاران چقڵو سونگیدا نێرگز دەچنێ
بۆچی نایەڵن کۆتری شیعرم
لە ئاسۆیەکی ڕووندا پێکەنێ
بۆ کە هەڵبەستێك لە دایك دەبێ
ئەهریمەن هەموو گەردوون سەرانسەر
بە داوو تەڵەو تەپکە دەتەنێ...!!!
***

## دوو دەست

دوو دەستم هەیە
بە دەستێکیانم نێرگز دەچێنم
بەوی تریشیان شیعر دەڕوێنم
لەسەر ئاوێنەی هەموو پەڕەیە...!
...
دوو چاوم هەیە
بە چاوێکیانم سەرنجی چاوی گەشی تۆ دەدەم
بەوی تریشیان تێر دەڕوانمە
ئاسمانی بێ تەم
...
دوو دڵم هەیە
یەکێکیان متۆی بۆنی گوڵاوی خەندەی تۆ بوە
ئەوی تریشیان شەیدای لووتکەیە...!
***

# گۆزە

خۆر تازە قژی خۆی ڕێك دەخست بە شانەی زەڕنیگار
بەرایی پرشنگی بە ئاستەم ڕژابووە سەر جۆبار
تومەز بۆ ئاغا دێ نابینیێو نابێ هار
وا كچێك... كچی كێ!
هی جوتیار
گۆزەكەی دادەنێ ئەو دەستەی
ئاڵا بوو لە قوڵفی گۆزەكەی
وەكو تەرز لە لقو چڵی دار
دەیكاتە ملی یار
یار كێیە؟
شوانێكی ڕووت... هەژار... !
پڕ بە دەم لە ماچی شیرینو شلپەدار
دەشكێنێت تەشەنگیی ئارەزووی گڵپەدار...
...
ئاغا دێ
گزیری ناردە ڕێ
گۆزەی كچ
تیشك شكا
قرچە قرچ
لە دڵی كچ هەڵسا
نەك جارێ هەزار جار
باوەژن دەیكوژێ بە تێڵاو دەسكە دار
لە ترسا ئەندێشە لەنگەری نەدەگرت لە دڵیا
كچ گریا... هەر گریاو هەر گریا...
بۆ گۆزەی شكاوو دڵداری
ئاغا دێ ئێوارە
لە پشتیا دەشكێنێ چەند داری

لەو دێیە نایهێڵێ بەیانی
ئیتر کچ لەو دێیە
بە کێدا هەڵبێنێ چاوانی!!!
...
کچ گریا... هەر گریاو هەر گریا
ڕەهێڵەی فرمێسکی خەستی بوو بە کانی
پیرەژن باس دەکەن: لەو جێیە... لە خواوە
دار گوێزێ باڵابەرز ڕوواوە
نیگاری کوڕەکەو کچەکەو گۆزەکەی
لەسەریا کێشراوە...
ڕێبواری ئەو دێیە باس دەکەن:
ئێستاش هەر
دووچاوی کچەکە پڕ پڕە لە نمەی
ئەشکی تەڕ..!!
***

## نووسین

پیرەژنان دەگێڕنەوە: پێش هەزار ساڵو سەدەیەك
لەسەر دیواری فێرگەیەك
منالێك شەو وێنەی خۆرێکی هەڵکۆڵی
بەقەی زەردێنەی هێلکەیەك
کە شا بەوێدا تێپەڕی
خۆرە بچکۆلانەکەی دی
کەللەیی بوو... چاوی چووە تەوقی سەری
کە خەڵکی شار
هێلکەی خەوی کۆنیان شکان
منالە درا بوو لە دار
قەدەغەش بوو... ئیتر منالْ
وێنە بکێشێ لە دیوار...!

## دەنگی با دێ

دەنگی با دێ

ئا ئەوەتا لەو لووتکەیە بە لوورەلوور

دێتە خوارێ

دەنگی با دێ

خوایە دەبێ با چی بڵێ

ئەشێ ئەویش بۆیە ناڵەی لێ هەڵقوڵێ

کەوا لووتکە بەجێدێڵێ

یا کێ دەڵێ

کە ئەمشەو خۆی ئا بەو گوندەدا کردووە

لاشانێکی بەر دەسڕێژی پاسەوانێك نەکەوتووە !

***

## خۆر

هەتاو بەشی هەزار هەزار زەوی دەکات

ئیتر بۆچی بۆ نایەڵن

بە بانێژەی کۆلێتەکەی ئێمەش بگات !

...

هەتاو بەشی هەزار هەزار جیهان دەکات

ئیتر بۆچی... بۆ نایەڵن

کە چۆلەکەی سەر ئەرخەوانی سەیوانیش مەلە لە گۆمی ڕۆشنایی

خەندەی پیرۆزیدا بکات... !

...

هەتاو بەشی هەزار هەزار گێتی دەکات

ئیتر بۆچی... بۆ نایەڵن

لافاوی خۆر

تەپو تۆزی گردی مامەیارەش بشوات !

## هیچ دوور نیه

هیچ دوور نیه کە بتەوێ گوڵێ بۆن کەی
بەدەمو چاوتا بتەقێ
هیچ دوور نیە بووکەشووشەیەکی خرپن
بۆ منالەکەت بکڕی
هەردوو دەستی لە ڕێ ببن بە دە چەقۆ
بە ناخی دڵتا بچەقێ...
هیچ دوور نیە دەمی کچێ
کە وەکو پاساری تینوو
هەوری لە شت هەڵدەمژێ
زمانی بێ بە رەشمارێكو بتکوژێ
هیچ دوور نیە کە خەرمانی پرچی- نازڵی[1]-یش
تەڵ تەڵ هەمووی بێ بە تیرو
بسمێ سنگو بسمێ دڵیش!
***

## تـرس

گاسنێك شکا
وەك منالّ گریا
رۆندك وەك پرشنگ لە چاوی تکا
- مەگری بۆ دەگری؟
- شکامو ئیتر زەوی ناکێڵم
جوتیار نایەوێم ئیتر ناتوانێ جووتم پێ بکا...
کەللەم لە سەرەنوێلك توورِ دەدەن
- دەتبەن بۆ کارگەو لە کارگە دەتکەن

---

[1] نازڵی کچێکە بە منداڵی خۆشم دەویست.

به داس... پێمەڕە
یا دەشێ بتکەن بە دەمەهەڕە
ڕۆژێ دارتاشێ
بێشکەی کۆرپەڵەو
مێزی دڵگیرت... پێ دابتاشێ
– ئاخر دەترسم...!
لەچی دەترسی..
دە بڵێ لەچی...؟
– دەترسم بمکەن
بە دەمەبڕەیەن
کێردم پێ تیژ کەن
یادەشێ بمکەن:
بە ڕیزێ چەقۆ
شەوێ بمچێنن لەناو دڵی تۆ...!
***

## گوڵاڵە

دە هەزار ساڵ پێش هاتنی سوپای تەتەر
پاشایەك نوست منالێکی برسی لە سەر
یاقووتی تاجەکەی نوسی: ڕۆژێ دێ هەر
پاشا دەمرێ
ئا ئەم تاجەش لەژێر کەوشی هەزاراندا
ورد ورد دەکرێ!
خەڵکی دەڵێن: سەگی پاشا
بە بۆن بوو یا بە تەماشا
دەستو خەتی منداڵەکەی ناسی‌یەوە
لە پەسێوی کۆڵبەیەکدا دۆزییەوە...
خەڵکی دەڵێن: جادووبازێك وتی: ئەگەر

تکێ خوێنی ئەم منالە
بڕژێتە سەر چاکی زەوی
سەرانسەری زەوی دەبێ بە گولالە
گولەکانی باخەکەی – شا –یش
هەمووی دەبن بەدڕکەزی...!
منالەیان لە تەشتێکی
گەورە گەورەدا سەربڕی
بەلام تکێ خوێنی فڕی
لە کۆشکی ڕازاوەی شادا
هەتاوەکو شا شەقی برد
هەر هەڵپەڕی...
ئەڵێن هەرچی گولالەی ئەم سەر زەمینە جەنجالەیە
تێکڕا هەمووی لەو تکە خوێنە ئالەیە!
***

## ئەم وشەیە

ئەم وشەیە
کام باڵندەی لە داوو ڕك ڕاکردووە
کام شۆخەیە
لەتاو شەوەزەنگی زیندان
پەنای بۆ بەر کلاوڕۆژنەی دڵی شاعیرم بردووە!
***
ئەم وشەیە
کام خەندەیە
لە لای کچێکی دوورەوە
بۆ سەر چەمی سەوزی پەیڤی من هاتووە
یا کام ئەستێرە گەشەیە
لە بۆشایی گەردوونی بێ سنوورەوە

لە ترسی کەشتی ئاسمانی
بۆ هەواری ئەم دڵەی من هەڵهاتووە..!
***
ئەم وشەیە
کام دایکەیە
کە ڕێی سۆراخی ڕۆڵەی ون
هێناویتی بۆ باڵەخانەی گیانی من...!
***
ئەی وشەکە... وشەی ماندوو
گەردوون پڕە
لە دێوجامەو لە تەپو تۆز
لە ڕەشماڵی دڵما بنوو
هەتا هەڵدێ خۆری نەورۆز...!!!
***

## خەوی هەژاران

خەو ئەبینم... من پاشا نیم لەسەر چارپایەی زێڕینا
خەوم ببینم نوستوم لەگەڵ پەرییەکی چاو شین شینا
من هەژارم خەونەکەشم... وەکو خۆم هەژارە
لە خەومدا هەتاوێکی گەورە گەورە هەڵهاتبوو
لە ئاسۆی زیوینی ئەم شارە...
خەو ئەبینم من پاشا نیم... لە تەلارێکی بەرز بەرزدا
خەو ببینم کە دەمم بووە بە لێزمەی گوڵاوو
دەبارێ بە لەشی گوڵینی کچێکی چاو سەوزدا...
من هەژارم... خەونەکەشم
وەکو خۆم هەژارە
لە خەومدا شار کچێکی
لادێیەو

خۆر لە گوێیدا... بووە بە جووتێ گوارە...!

## خەندە

ببە ئاسمانێ.. ئاسمانی ئەوین
من دەبم بە مانگ
ببە بەدووچاو.. دوو چاوی شین شین
من بە دەوریاندا دەبم بە برژانگ
ببە بو لێوێ
دەبم بە خەندەو پێوە دەنوسێم
ببە بە کێوێ
دەبم بە دار گوێز لە دوندیا دەروێم..

***

کە بستێ لەتۆ دوور بکەومەوە
نە شعر خۆشە... نەخەو...نەخەون
نە بۆنی سەر گۆی مەمکی لە گولاوهەڵکێشراوی ژن
کەبستێ لەتۆ دوور دەکەومەوە
کوێراییم دایە.. ئەی ولاتی من
ببە بە ماچێ دەبم بە لێوێ
ببە بە خۆرێ دەبم بە کێوێ

***

## ئەشێ

ئەشێ کچێ
هەزار شاعیر دڵیان لیێ چێ
ئەشێ یەك رێ
بتگەیەنێ بە هەزار دێ
ئەشێ تەورێ سەد دارستان
رووت کاتەوەوەك بیابان

ئەشێ تەنیا ووشەیەك

ببێتە چەند بەستەیەك

ئەشێ خەونێ.. خەونی تەنیا زەبوونێك

گڕ بەر بدات لە چەند گێتیو گەردوونێك...!

***

## باڵدار

مەلێکی بێ باڵ لەناو جەنگەڵی گۆرانی چڕما

کز کز نووستوە

هەندێ جار هەوری ئاسمانێکی مۆن

چاوی تەڕ دەکات

جارجاریش لەنجەی وێنەیەکی کۆن

بزەیە نامۆ ئەخاتە لێوی

ئەوە شیعرێکە.. شیعرێکی کێوی

دایکم بە پەنجە ڕووبارەکانی

لەسەر تاوێری کونجێکی دڵما

هەڵیکۆڵیوە

ئای بۆنی شیعر سەرنج ڕاکێشو بەتامو خۆشە

بە خۆڵەمێشی پرچت داپۆشە

***

## گۆرانی شوورەی پۆڵا دەڕووخێنێت

گۆرانی گیان تنۆك تنۆك بەلەشی مردووان دەدات

ئەی نابینن کە شوانێك لە دەربەندێکدا

بە بلوێرە بزێوەکەیدا فوو دەکات

چۆن تاشەبەرد لە لووتکەوە هەڵدەگلێت

بەر پێی شوانە ڕادەمووسێو

وەك بەندییەك کە چاوان بۆ خۆر بگێڕێت

ئاوا بە کوڵ گوێ لە شمشاڵەکەی دەگرێت!

***

ئەوەی گۆرانی نەزانێ

نازانێ نا گۆرانی چۆن

شوورەی پۆلا دەڕووخێنێت

ئەوەی گۆرانی نەزانێت نازانێ نا گۆرانی چۆن

دەبێ بە بارانی ئەشق و لەسەر بەردی سووتاویشدا

گوڵ دەڕوێنێت..!

***

## ئەوینی دایکم

بۆ ئەوەی دڵم لە یادی نەچێ هەتا هەتایە

دایکم سووتاوەو هەتاکو ئێستاش

دووکەڵی پرچی لە بای شەودایە

چی تەپو تۆزی ئەم گەردوونەیە

کۆی دەکەمەوە لەناو گلارەی

ئەم دوو دیدەیە

بۆ ئەوەی بەرەو هەر کوێ هەڵفڕم

بۆنی نیشتمان بڕژێ لە باڵی ئاگری شیعرم

چنگێ لە خۆڵی پیرۆزی سەیوان

لە دڵما دەبەم جیهان بە جیهان

بۆ ئەوەی باڵای پەیڤم هەر بەرز بێ

هەڵگوردو قەندیل لە گیانی گیانما

دەبەم جێبەجێ

بۆ ئەوەی پرچی شیعرم هەر سەوز بێ

دارستانێکی نیشتمانەکەم

لە بیرما دەبەم بڕۆم بۆ هەر کوێ..!

***

## باخ

(مەجنوون)م دی لە کەعبەیا
هەر دەینالآند و دەگریا
دەیوت: خوایە
لەباتی ئەوینی لەیلا
تۆوی ئەشقی نیشتمانم
بچێنە ئالەم دڵەیا..!

***

(مەجنوون)م دی لە کەعبەیا
لەباتی شیعر بۆ لەیلا
بە خوێنی دڵی دەینووسی:—
هەرچەند تکێ خوێنی گەشی چەوساوەیەك
لەبەر تەختی شایەك دەڕژێ
شووڕای زیندانێك دوڕووخێ
لە سووچێکی بیابانی ئەم گەردوونە باخێك دەپژێ

***

(مەجنوون)م دی لە کەعبەیا
لەباتی وێنەی لەیلاکەی
وێنەی دارەبەنێکی قژ هەڵقرچاوی ئەم زەوییەی
هەڵواسی بو بەیەخەیا...!

***

## بۆ کچێکی دوور

دڵۆپ دڵۆپ وەکو گوڵاو دڵم دایتێ

هەزار چەپکە گوڵم دایتێ

هەتاوم کرد بە پەرچەم بۆت

سوورترین و بچووکترین گوڵی کێویم

کرد بە دەم بۆت

تۆزقاڵ تۆزقاڵ

ڕووبارم کرد بە پەنجە بۆت

گەڕام گەرووی سەدان هەزار نەیی و شمشاڵ

هەزار هەزار ئاوازم کرد بە لەنجە بۆت

کووانوی شەوانی زستانم

پڕ پڕ کردی لە هۆنراوەی وشەی ئاگر

لەپەنگری ماچی گیانم

تۆ چیت دامێ لە کلیلی جیهانی گەورەی خەم زیاتر!

***

## هێز

گشت وشەکان کۆبوونەوە

بوون بە درێژترین هۆنراو

گشت چراکان کۆبوونەوە

بوون بە ڕووناکترین هەتاو

هەموو ئاوەکان یەکیان گرت

بوون بە مەزنترین لافاو

بوون بەدارێك... گشت دارەکانی دارستان

بەهێزترین تەوریان شکان...!

***

## گوڵە گەنم و باران

وێنەم کێشای لە پەڕەیە بچکۆلەدا

بۆن و بەرامەی نەوبەهار

سەرانسەری زەوی تەنی

سەرنجمدا بینیم لێوت

لەسەر لێوی پەڕەکەدا...

تریق و هووڕ پێدەکەنی...!

***

لە پەڕەیە بچکۆلەکەدا ناوتم نووسی

چی باڵندەی جیهان هەیە

بەجێ یان هێشت ئاوو خەرمان

پۆل پۆل هەموویان بە کپی

ژوورەکەیان گەمارۆدام وەك بازنەیە

سەرنجمدا بینیم پرچت لە پەڕە بچکۆلەکەمدا

تەڵ تەڵ بووە بە گوڵە گەنم و بە باران...!

***

## وشەو مناڵ

مناڵ ئەگری... هەروا وشەش

فرمێسك ئەگرێ بەری دیدەی

منال قاقا پێدەکەنێ

وشەش وەها دەپژێ خەندەی..!

منال هەرگیز بە قسەی هیچ کەسێ ناکات

وشەش وایە

وشەو منال

گوڵ دەبەخشن بەم دنیایە

***

چۆن کچێك دڵی دێ
هۆنراوەی شاعیرێك جێبێڵێ
ئەی چۆن چۆن پاسدارێك دڵی دێ
بە پۆستاڵ گلارەی منالێك بشێلێ... !
***

## دارستان

لە هەر شوێنێ ئاگر پرچی دارستانێ
بکات بە چەمی خۆڵەمێش
با ڕادەکاو دێ پێم دەڵێ:
ئەی شاعیری قەلەندەرو شەیداو دەروێش
ئەها دایکت دەسووتێ وەك:
کۆتەرەی ناو ئاگردانێ.. !
***

دایە.. دایە
ئەی ئەو دەنگەی
کە پڕ بە هەموو دنیایە
ئەی ئەو وێنە شۆخ و شەنگەی
کە پڕ بە هەموو دنیایە
چریکەی سۆزی ئەو زەنگەی
کەپڕ بە هەموو دنیایە
من عەرعەرێك دەپەرستم
وێنەیە تۆم لەسەریدا هەڵکۆڵیوە
بە پەنجەی خەندەی هەڵبەستم
هەموو ڕۆژێك دار عەرعەرەکە دەسووتێت
دووکەڵەکەی
بۆنی پرچەکەی تۆی لێدێت... !
***

## بۆ ئەستێرەیەك

ئەی ئەستێرەی چاو کاڵو ڕوون
جێگات بەرزەو باڵندەی شەو
ئاشقت بوون
پۆل پۆل.. ڕەو.. ڕەو
خەونەکانیان
لە جەنگەڵی چڕی پرچتدا دادەنێن
خۆزگەم بە خۆت
نە زیندانێ چاوەڕێتە.. نەدار.. نە کۆت
خۆزگەم بە خۆت
هەردوو دەمرین
تۆ لە ترۆپکی ئاسماندا و
منیش لەناو زیندانێکی تەنگەبەرو
کەلەبچەیەکی ئاسنین...
هەردوو دەمرین
***

## تۆزقاڵێك نوری خوا

یەك تۆزقاڵێکی نووری چوڕی خوا
کێوی تووری کرد بەزێی خۆڵەمێش
یەك تۆزقاڵێکی نووری چوڕی خوا
هەزاران گومڕا دەکا بە دەروێش
یەك تۆزقاڵێکی ئەوینی لەیلا
دڵی هەزاران مەجنوون پڕ دەکا
لەشیعری ژانو لە گلۆڵەی ئێش
ئەی بۆ ئاگری هەوری هەناسەی
هەزاران ملیۆن برسی و ڕەشو ڕووت
عەرشی خوا ناکا بە قەرە برووت...!

## ئەرخەوانەکەی هاوڕێم

ئەرخەوانێك... لەسەر ترۆپکی چیایەك
دەمو دەستی دوو دڵداری لە سای خۆیدا
گەیاندە یەك..
هەر وەك دایکێ منالێکی لەبار بچێت و
بۆی بگری
ئاوا فرمێسك لە چاوی‌دا لانەی کردو
قژو بسکی قەف قەف رنی..
— ئەی ئەرخەوانی لووتکەی بەرز
بۆ دەڕژێنی فرمێسکی سەوز
ئەم گریانە کێوی‌و بەترەفەت بۆ کێیە
کوێ خۆشترە ئەلەم جێیە..؟
— پار ئەم وەختە
ئەرخەوانێك هەر بەقەی خۆم
لە تەنیشتما پێدەکەنی‌و نەختە نەختە
لێم دەئالاو
دەمی وەکو شوشەی گوڵاو
لەدەم دەنام
شاد شاد دەبوو هەموو تۆزقاڵێکی بالام
نیوە شەوێکی کپ‌و مات
ڕەشەبایەك هەڵی کرد وەك: سەد هەزار پاچ
لەتوێی گەرووی ئەرخەوانەکەی هاوڕێمدا کوشتی لەرەی سەدان هەزار گورانی‌و
ماچ...!
***

# هاوڕێ

هەر کراسێ لەبەر بکەی

ئەستێرەیە هاوڕێم هەیە... لەگەڵ مەڵێ

دێ ڕەنگەکەیم پێ دەڵێ

***

هەرچی جۆرێ سەر دابێنی

هەر گوڵاوێ لە پرچەکەت بپرژێنی

پەنجەرەیە هاوڕێم هەیە

دێ پێم دەڵێ بە نهێنی

***

بڕۆی بۆ کوێ... بۆ هەر شوێنێ

شنە بایە دۆستم هەیە

بۆنی عەتری هەناسەتم بۆ دەهێنێ..

***

دەمت باخی وەنەوشەیە

نەم دەوێرا تێر ماچی بکەم

دەمگوت نەوەك تۆزقاڵێك بۆن

لەبن دەممدا بمێنێ

کەبای نیوەشەو هەڵبکا

هەموو ماڵە دراوسێکان لەخەوی خۆش هەڵبستێنێ!

***

## ناو

ناوی هەرچی گوڵی زەری  زەوی هەیە
لەدەفتەرەکەمدا نووسیم
تەنیا لە نجەی تامی ناوت
شکاندی شووشەی تینوێتیم...!
***

وێنەی هەرچی ئەستێرەیەك پرشنگدارە
هەڵم کۆڵی لەسەر کەڤرو
لووتکەو شێخەڵی ئەم شارە
تەنها وێنەی تۆم لێ دیارە...
***

بۆنی هەموو رەزو باخی گێتیم دزی
لە شووشەیە بچکۆلەدا کۆمکردەوەو
شەو پڕاندم لە نوێنەکەم
کاتێ خەندەت لەسەر لێوتا کەوتە سەما
گەردوون جگە لە بۆنی گولاوی دەمت
هیچ بۆنێکی تێدا نەما...!
***

## دار لاستیك

بۆ کوێ بڕۆم
دار توویەك دەبەم لەگەڵ خۆم
کەساوا بووم لەبەر دەرگاکەی ماڵماندا
لقی سەوزی تێکەڵ ببوو
لەگەڵ شینایی ئاسماندا
گوگوختی‌یەك هێلانەی لەسەر چنی بوو
دار لاستێکی بێگانەیەك دوژمنی بوو
بەیانیانێك کینەی بەردی دار لاستیك

ئاسۆی ڕوونی لە گوگوختی کرد تاریك
بۆ کوێ بڕۆم...
دارتووەکەو گوگوختێ کەو هێلانەکەی
هەمیشە دەبەم لەگەڵ خۆم..
***

## ئــاگــر

لەسەر دوندی کێوێ بەرز
هۆزانێکم نووسی بوو بە دارێکی سەوز
خۆرنشینێك دێوەڵووکەیەك هەڵیکرد
دێوەڵووکەی ڕەشی گۆگرد
سووتاو وەری لق و گەڵای داری شیعر
هەر پزیسکەی گەڵایەکی
لە شارێکدا... بوو بەزێی گڕ...
لەهەر شوێنێ تروسکەیەئاگر هەبێ
ئەوە پرشی ئاگری ئەو شیعرەی منە
هەر شیعرێکیش بۆنی خەمی لێ بتکێ
برینداری شمشێری ڕقی دوژمنە..!
***

## هەیڤ

ئەگەر ڕۆژێ هەیڤ دیار نەما
بەکەس نەڵێی شاعیرێك مانگی دزیوە
بە ئاوازی تریفەکەی
هەڵبەستێکی نوێی نووسیوە...!
بە کەس نەڵێی لەتیف هەڵمەت پێی وتوم
نە خوێن.. نەخەم.. نەشیعر
نە شادی‌یەکی کتو پڕ

وەکو چاوی کچێکی شۆخ
داگیر ناکەن دڵی شاعیر..!
***
بەکەس نەڵێی من هۆزانڤانێك دەناسم
تا ئەستێرەی دەلاقەی کۆلێتەکەی
گەڵا گەڵا دەتوێتەوە لەناو گۆمی ڕۆژی ڕووناك
چاوەڕوانی دوو شت دەکات:یەکەم شیعر
دووەم: ترپەی چەکمەی ساڤاك...!
***

## چاوی دایکم

چاوی دایکم هانم دەدات
لەسەر هەموو دارە سەوزەکانی وڵات
هەڵبەستێکی نوێ هەڵکۆڵم
لەسەر لووتکەی چیا بەرزەکانی وڵات
وێنەی کچێك جێبهێڵم
قامکی خۆر بە باخی ئەگریجەی ناگات!
بۆنی قژە سووتاوەکەی دایکمە کە فێرم دەکات
تێر تێر ماچ کەم جێ بڕینی خاکو خۆڵم
ئای ئێوە دایکم دەناسن...!
هەر وڵاتێ پۆپی داری کەسکی سووتاو
کەوتە ژێر پێلەقەی دوژمن
قوتابخانەی مناڵانی وێرانکراو
بوو بە بەندیخانەی ئاسن
ئەو وڵاتە دایکی منە.. دایکی من..
کەستان دایکی من ناناسن!!!
دەنگی لە گوێی کەستاندا نازرنگێتەوە؟

ئەی شێوەکەی بە خەیاڵی هیچ کامتاندا

تێناپەڕێ...!!

ئەشێ هەموو خۆڵەمێشی ئەم زەوی‌یە

زامی سووتاوی دایکم بێ!!

***

## مەڵبەندەکەی مامەیارە

خۆشم ئەوێ هەرچی شارە

بەڵام شووری مەڵبەندەکەی مامەیارە

لەدڵمدا لە هەموویان زیاتر دیارە...

هەموو کێوێکی بەرز... جوانە

بەڵام زەریترین لووتکە

لە لای من هەر گۆیژەو هەیبەت سوڵتانە..

ئاوی هەموو کانی‌و کارێزێك... ڕەوانە

بەڵام لای من خۆشترین ئاو

ئاوە ڕوونەکەی سیروانە...

هەموو گۆرانیەکی خۆش

پلووسکی بزۆزیی گیانە

بەڵام لای من بەتام ترین گۆرانی هەر

هۆرەو لاوك و حەیرانە...

ئەی شارەکەی مامە یارە

ئەمە دەسمە لە ملتایە

دەسمو ملت لە یەکتری ناترازێنن

تەوراسی هەرچی زۆردارە...!

***

## وێنەیەك

بە منداڵی
لەسەر لەپی دەفتەرەکەم
وێنەی دارگوێزێکم کێشا
چی چۆلەکەی ووشە هەیە
هێلانەیان کرد لە لقیا...
چوار ڕاوچی‌و چوار تاپڕ هاتن
دەسرێژیان کرد لە چۆلەکەی
وشەی جوان‌و دەنووك پڕ بەستەو شنە شن
لەو ڕۆژەوە چی باڵندەی زەوی هەیە
هەمو ساڵێ لەو ڕۆژەدا پرسە دەگرن
بۆ ئەو مەلە کوژراوانەی
سەر لقی دارگوێزەکەی من
لەو ڕۆژەوە... لەو ڕۆژەدا ڕەش دەپۆشن
داروبەردی نیشتمانم
ڕەش دەپۆشن...!

***

## بۆ منالآنی جیهان

لەکام پەسێو دەشارنەوە
سروودو بەستەی ڕەوانتان
لەپشت کام کێو دەشارنەوە
قەڵەمو دەفتەری جوانتان
لەکام شوێنو کام پەناگا
حەشار دەدەن
ماچو گەمەو پێکەنینتان
لە پشت کام دیوارودەرگا
حەشار دەدەن
خەونو یادگاری شیرینتان
وا بۆمبای ئەتۆمی چەپەڵ
زەوی سەوزو ئاسۆی شینتان
دەکا بە خەڵوزو دووکەڵ... !
دەنگ دێ... دەنگ دێ
دەنگی نرکەی زەنگی مەرگ دێ
بۆن دێ... بۆن دێ
بۆنی کرمی ژەنگی مەرگ دێ
شەمەندەفەر بەڕێ دەخەن
تۆبۆلیفو مێك و باجەر بەڕێ دەخەن
سەدان هەزار هەلیکۆبتەر بەڕێ دەخەن
پڕیان دەکەن
لەساروخو ناپاڵمو کلاشینکۆف
پڕیان دەکەن
لە زریانو برووسکەو تۆف
مەرگ بار دەکەن... مەرگو هەژاریو باروت
بۆ کوشتنی منالآنی فەلەستینو خۆری بەیرووت
مەرگ باردەکەنو باروت

دەیانەوێ جیهانی سێیەم سەرپاکی
هەمووی بکەن بە دووەمین هێرۆشیماو ناکازاکی
ئەی منالآن دەڕۆن بۆ کوێ
لە کوێ دەگرن
سەرچۆپی گەمەو یاری نوێ
بۆ کوێ بڕۆن گڕی ئەتۆم
بە هەزار باڵ لە دواتان دێ
بۆ کێ ... بۆ کێ...
دەڕێژن هەنگوینی ئاواز
ئەم گەردوونە مرۆڤی تێدا نەماوە
خوا لە حالّی توورە بووندا... پیاوەکانی
کردووە بە گورگ و بەراز
ئەوەتا گشت دان لە یەکتری تیژ دەکەن
ئەم زەوی‌یە بۆ یەکتر دەکەن بە تابووت
ئەوەتا چی ئاسنو مسە وا دەیبەن
دەیکەن بە تۆپ... دەیکەن بە بۆمباو فڕۆکە
چی کێویشە دەیهاڕنو
وا چنگ چنگ دەیکەن بە باروت...!
ئەم گەردوونە... کۆمەڵێ پەڕۆو کاغەزە
لەسەر هەزار پشکۆو سەرە بزووتا
هاکا هەرچی ووشكو سەوزە
لە گڕی ئەتۆمدا سووتا
ئەی منالآن دەڕۆن بۆ کوێ
لە کوێ دەگرن
سەرچۆپی گەمەو یاری نوێ
وا بۆمبای ئەتۆمی چەپەڵ
زەوی سەوزو ئاسۆی شینتان
دەکا بە خەڵوزو دووکەڵ...!!!

# شەش چوارینە

١- شادی هەرچەند لەمن دوور بێت
دەرگاکەی هەر لەدڵی مندا پەنهانە
ماڵەکەشم با زنجی زەل‌و قامیش بێت
هەمیشە خۆر کردوویەتی بە هێلانە...!
***

٢- بۆ کوێ دەڕۆی... بۆ دیدەنی کامن هاوڕێ
چ دڵدارێ... لەچ شەقام‌و کۆڵانێ
جا کێ دەڵێ زەوی ژێر پێت ناقڵێشێ
قووتت نادات گەرووی تاریکی زیندانێ!
***

٣- خۆشترین بۆن... بۆنی خاکی جێ زای منە
جوانترین خۆر... خەندەی گەشی لێوی ژنە
ناسازترین دەنگیش زەڕەی گوێدرێژ نیە
ترپەو زرمەی مێخی چەکمەی پیێ دوژمنە!!!
***

٤- ئەی بروسکە تین‌و گڕی خۆتم بەرێ
با جەنگەڵی تاریکە شەو بسووتێنم
ئەی ڕەشەبا هێزو قینی خۆتم بەرێ
با ئەم شوورە نابووتانە بڕووخێنم..!

٥- هەرچی داری پەرچەم سەوزی جیهان هەیە
جوانی چڵە پەیکولێکی کوردستانی منی نیە
چی ئەستێرەو مانگ‌و خۆری ئاسمان هەیە
تینی چرای ڕەشماڵێکی کوردستانی منی نیە!
***

٦- له هەر كوێ بم هەڵبەستی من
بڵندتره له باڵای زیندانی ئاسن
هەمیشەش باڵای نیشتمان
بڵندتره لەباڵای شمشێری دوژمن...
***

## چل چرای شەوان

ئەء دەمی شاعیر تەنیا بۆ ماچ و شیعر نەکراوه
دەتوانێ تفیش بکات له زۆردار
دەستی شاعیر هەر بۆ سەر گەردنی نازدار نەڕواوه
چەکیش هەڵدەگرێ دژی ستەمکار
منداڵ بووم بۆیان دەگێڕامەوه:
کوڕه کەچەڵە سواری ئەسپێکی لغاو زیوین بوو
پێ له ئاو زەنگی زێڕین هەڵفڕی بۆ شەڕی دێو چوو
شمشێری مشتوو مرواری موو بڕ
له توێژی لمی تارکه شەودا ڕووناکی دەچان
نەك هەر دەعبای شەو تا دارو بەردیش
له زەبری سمی ئەسپی کەحێلەی کوڕه کەچەڵە
خۆیان لا دەدا
کوڕه کەچەڵە ئەڕوا... هەر ئەڕوا
زەوی چوار سمەی ئەسپەکەی ئەخوا
ئەڕوا هەر ئەڕوا
قەلای ئاسنی دێو بەندی جادوو
له بن دەردێنێ
سەرو گوێلاکی شای قەڵای دێوان
لەدەسرەکەیدا دەپێچێتەوەو
چل چرای شەوان
بۆ کچی پاشای پەری یان دێنێ...

چەندم حەز دەکرد گەورە بم وەکو کوڕە کەچەڵە
وەك پاڵەوانی ئەو گشت مەتەڵە
پێ لە ئاو زەنگی... هەر بە تەنها خۆم
چەم‌و بیابان پەیکەم و بڕۆم
چل چرای شەوان
لە قەڵای دێوان
بێنم بۆ ماڵە تاریکەکەمان...
ئێستاش حەز ئەکەم
لەهەر وڵاتێ تینوێتی هەبێ
ببم بە کانی...
لەهەر دڵێکدا خۆشنوودی نەبێ
وشەم ببێتە چەمی گۆرانی!!!
***

## بۆ بابا تاهیری هەمەدانی

لە خوات پرسی:
بۆچی هەرچی
خۆشی هەیە لەسەرانسەری گشت گەردوون
دەیبەخشێتە کۆمەڵێ کەس
بەسەدان ملیۆنیش زەبوون
نانی جۆیشیان نایەتە دەس...!!
***
خۆزگەت دەخواست کە بۆت بلوێ
ئەم گەردوونە وێران کەیت‌و
جیهانێ تر ساز کەی لە نوێ...!
***

ئەم جارە لە خوا بپرسە:بۆچی جەردەکانی تاران
بووکانی حەسەن زیرەکیان
کرد بە وێرانەی ناو لافاو
بۆ مەهابادی قازیان
گلاو کرد بە: تفـو پێلاو...
لیێ بپرسە: بۆ چەقۆیان نالەپرچی کوردستان و
گریان بەردا لە بێستان و چەم و دۆلی
هەزار بارە
هەر دوودیدەی نەغەدەیان بۆ هەلکۆلی!
لیێ بپرسە: بۆ منالی منالدانیش
دەرباز نەبوو لە پۆستالو لە زیندانیش !!!
***
ئەی گیانەکەی بابا تاهیر
ئەی بالندەی قەلەندەرو دوور لە زنجیر
کەی شابالی خۆت لێك دەدەی
تارانی کۆن بەسەر ئەو دزو جەردانەی
کە شیعرەکانی گولسورخی دەپرووکێنن
گۆرانی مەرابیووس و
گولالەی سەر گلکۆی قازی دەسووتێنن
هەر هەمووی تێكو پێك دەدەی..!!
دادەرێژی... جیهانێ نوێ
لەو ئەندازەو شێوەیەی کە
خۆت دەتەوێ...!
***

# گوڵە نێرگز

بە تەنیا دوو کەس
بە بێ لێدانی پەنجەرەو دەرگا
لەژێر ڕەشماڵێ هۆنراوەی مندا
هەڵدێنێ نیگا
تۆو ئاەو پرچە درێژ درێژەی
کە وەکو ڕەوە کۆترێکی ڕەش
شەقەی باڵی دێو لەدوات ڕادەکا... !
...
لە من مەتۆرێ بەژن خنجیلە
با وشەو شیعریش سڵم لێ نەکەن
وەك سڵ کردنی مەل لە پشیلە
کە تۆ جێم دێڵی هەرچی وشەیە
دڵ بەجێدێڵن...
کە تۆ دێی بۆ لام
چی وشە هەیە
هەموو پۆل پۆل دێن
دەدەن لەدەرگام...
کە تۆ دێی بۆ لام
کام هۆنراوەیەم پێی دەڵێن بێ تام
بە تام تر دەبێ لە شیعرەکانی
بابا تاهیرو سەعدیو شێخ ڕەزاو
مەولەوی خەیام
...
بیستوومە تەنیا هەر گوڵە نێرگز
لە پرچت دەدەی
هەور ئەسپی منە تەماشا دەکەی
چۆن لەو بەندەنو دەشتو شیوەدا

دەحیلێنێتو جار جار غار دەکا... !
ئەگەر دەتەوێ ئەمشەو پێی دەڵێم
بەهار لە لوتکەی هەیبەت سوڵتاندا
لە لای شوانکارەی هەواری خێڵێ
کۆشێ نێرگزت بۆ بەجێ بێڵێ... ! !
...
ئەڕۆی؟ تۆش بڕۆی خۆ من تەنیا نیم
ئەهاچۆن ئا ئەم خەمە چاو کاڵە
پرچی هۆنراوەی نوێم دادەهێنێ
بڕۆ تۆش بڕۆی خۆ من تەنیا نیم
ئەوەتانێ ئەم خەمە منداڵە
وا بووکە شووشەی وشەم دەشکێنێ!
بڕۆ تۆش بڕۆی من تەنیا نابم
وێنەیەکو چەن نامەیەکت هەر
لەتوێی ئەرشیفی دڵما دەمێنێ..!
***

## ئەی پاسەوان

ئەی پاسەوان
گەر بێتو لە دڵتا بروێ
تۆزقاڵێك ئەشقی نیشتمان
دڵت دەبێ بە جیهانی بەرە بەیان
زیندانەکەم دەکەیتەوەو..
بە پۆستاڵیش دادەپاچی
تاجی سوڵتان ...
ئەی پاسەوان
***

ئەی پاسەوان... لە ئەنجامدا تۆ دەبەزی...
تۆ ناتوانی لەبەر چاوم
بسڕیتەوە ماڵی لەسەر ئەو لووتکەیەدا سووتاوم
تۆ ناتوانی لێم ون بکەی پرچی سەوزی
داربەڕوویەك لەو کێوەدا
بە تامو بۆی گۆش کراوم...
من دڵدارێك چاوەڕێمە
لە ترۆپکی ئەو بەندەنە
شەو سووی چاوی برووسکەیە
گڕ بەردەدا لە شلێوەو
هەموو زەوی پڕ پڕ دەکات
لە نێرگزو خەونی خۆشو زەردە خەنە...
...
بە خۆشەویستی چاوی ئەو
بەبێ دەمیش لاوکی ئازادی دەچڕم
بەناوی ئەو
کەلەبچەش وەك موو دەپچڕم..
درێغی مەکە پاسەوان
هەر چاوێکت بکە هەزار
هەر داوێکت بکە هەزار
من بەباڵی خۆشەویستی
وەك تیرێ دەرچێ لە کەوان
دەفڕم بۆ لای دەزگیران...
دەنووم لەسەر هەردوو دەستی
***

ئەی پاسەوان
ڕۆژێ دێ دەبم بە لافاو
ڕادەماڵم تۆیش‌و شوورەی مۆن‌و خوساو
نە شا دەمێنێ نەزیندان
ئەی پاسەوان
جا ئەو ساتە من‌و هەتاوو گۆرانی
داگیر دەکەین هەموو جیهان...!
***

## بەشێکی تر لە داستانەکەی
## خەجێ‌و سیابەند

سیابەند:ئای خەجێ گیان
مەپرسە کوا:
بەستەی ڕەوان...
مەپرسە کوا:
سازی جاران
بۆ نازانی زۆردارەکان
شمشاڵەکەیان شکاندم
ئای خەجێ گیان
مەپرسە کوا:
گولاڵەی جوان
بۆ نازانی بەدکارەکان
بەهاری خاکیان سووتاندم
ئەوا ئێستا چەپکێ گوڵی
سووتاوو خەمبارم پێیە
گلۆڵەیە خۆشەویستی
پڕ ژان‌و ئازارم پێیە

من عیسا نیم... دڵدارێکم ئەلەم دێیە

من عیسا نیم بەڵام خەمی سەدان هەزار عیسام پێیە

من عیسا نیم... سیابەندم...

شتێ قەدەغەم هێناوە

نەتووتنە.. نە تلیاکە.. نەبارووتە... نە گوڵاوە

خۆشەویستی خەجێیە

ئەی دەزانن خەجێ کێیە

لە قوڕ گیرێم بدرێم لەدار..

دڵم لە خەجێ ناترازێ

منو خەجێ لە یەکتری دانابڕێ

هەزار کۆتو هەزار دیوار

من دەمەوێ زمانێ تر

بدۆزمەوە بۆ دڵداری

فەرهەنگی تر

دروست بکەم... بۆ پرسیار...

...

خەجێ:دارو دیوار گوێیان هەیە

دە ملیۆن گوێ

بیست ملیۆن گوێ

سەد ملیۆن گوێ

بە چپە... بدوێ.. بەچپە بدوێ

ئەزانی چی سیابەند گیان... ئەزانی چی...!

دەمفرۆشن وەك شتی هەموو بازارێك

کێ دەتوانێ سکاڵاکەم

بۆ خوا بکات بە پێشنیارێك...!

سیابەند:تا ڕووناکی لە گلارەی چاوی سیابەندت برژێ

هەتا دەمم هەوری ماچی لێ بپرژێ

هەتا چیای سیپان ڕەگی لە قوڵایی زەمینا بێ

هەتا وشە لەسەر لێوو
ژانو سوێش لە برینا بێ
هەتا گەرووی منالان پڕ بێ لە خەندە
خەجێ خۆری حەوت ئاسمانی سیابەندە
خەجێ کانی تاوستانی دەشت و کێومە
گوڵی گۆرانی هەناوو بزەی لێومە...
خەجێ: نەرم بدوێ شوانەی سەر شێت
نەرم بدوێ
نەك یەکێ گوێی لە دەنگت بێت
دارو دیوار بوون بە گوێ
نەرم بدوێ...
نەرم بدوێ..
سیابەند:ئای خەجێ گیان ئەوە بۆچی
خۆشەویستی... قەدەغەیە
ئەوە بۆچی... گوڵی شادیو
بای سەربەستی قەدەغەیە
ئەوە بۆچی... قەدەغەیە کە منو تۆ
بە هەر ڕێگاو شەقامێکدا
بنێین هەنگاوی هاتوچۆ...!
ئەوە بۆچی نابەجێیە
پڕ بە گەرووم هاوار بکەم:
ئەی خەڵکینە من هەر حەزم لە خەجێیە...!
وەرە وەرە... بە تورەیی گڕی ئەوین
لەسەر تابلۆی وەرزی عەشقا
وێنەی خۆمان هەڵبکۆڵین
وەرە... وەرە... سروودێ تر
لە دەفتەری ئائەم چەرخەدا بنووسین
کچێ خەجێ... ئەمە منم

کام شمشێرە ڕێگا نادا
دەستت بگاتە گەردنم...!!!
خەجێ:شمشێر شمشێری ئاغایە
سیابەند:شمشێرەکەی ئاغا کایە
خەجێ:شمشێری ئاغا تیژ.. تیژە
هەتا مشتۆکەی خڵتانی
خوێنی هەزار کوڕو کیژە...!
خەڵکی ئەڵێن::ئەو ئاونگەی شەو دەیرێژێ
بەسەر گەڵاو گوڵی باغا
ئاونگ نیە خوێنی جووتە دەستگیرانە
دەتکێ لە شمشێری ئاغا...!!!
سیابەند: من دێم بۆ لات... وا دێم بۆ لات
بە بەرزایی چیای سیپان
گۆرانی دەڵێم بۆ بالآت
وا دێم بۆ لات...!
هەر وەك تەڵە قامیشێ پووك
دەشکێنم شمشێری ئاغات
ئەتبەم ... ئەی بووك....!
وا دێم بۆ لات...!
وا دێم بۆ لات..!
خەجێ:مەیە... مەیە...
سیابەند: بۆچی نەیەم؟
خەجێ: ڕێگام هەمووی دڕكو داڵو شەختەیە
سیابەند: هەر دێم.. هەر دێم...
خەجێ: مەیە... مەیە...!!
سیابەند: بۆچی نەیەم؟
خەجێ: ڕێگا هەمووی چەتەو بۆمباو گوللەیە
سیابەند: هەردێم... هەردێم

کەی عاشقم گەر لە ڕێتا سەر دانەنێم...!
خەجێ: مەیە... مەیە...!
سیابەند: ئاخر گیانە بۆچی نەیەم.. بۆچی.. بۆ بۆ؟
خەجێ: ئەم سەدەیە
سەدەیی خۆشەویستی‌نیە
سەدەی مەرگ و ناپاکی‌یە
سەدەی گرانی و گوللەیە
مەیە.. مەیە.... مەیە مەیە !!!
نەء سەدەی دڵداری نیە
سەدەی مەرگ و ناپاکی‌یە
ئەم سەدەیە ...!!!
سیابەند: کچێ خەجێ... نەت بیستووە
لەوەتەی کە سیپان چیایە
ئەم دڵەم تۆی خۆش ویستووە
لەوەتەی کە سیپان چیایە
ئەم دڵەی من...خەجێی تیایە...!
خەجێ: هۆ شوان مەیە... خولیام لە دڵ بتەرێنە
خولیام وردکە وەکو پارچەیەك ئاوێنە ...!
سیابەند: کچێ خولیات لە چاومدا گلارەیەو
لە دەمارەکانما خوێنە
لە تۆ زیاتر هیچم ناوێ لەم جیهانە
دار بەڕوویەك بە جواناوی خۆم ئاو دەدەم
پەلوپۆکەی بۆ تۆ دەکەم بە جۆلانە....
خەجێ:هۆ شوانەکە... شوانەی سەرشێت
بۆ نازانی کە خەجێ بووکی ئاغایە
هەرچی ئاغا حەزی لێ بیت
با هی تۆش بێ .... پێی ڕەوایە
بۆ نازانی کە لەوەتەی سیپان چیایە

ئا ئەمە یاسای ئاغایە...!
سیابەند:خەجەکەی خۆم هەر هی خۆمەو
لە من نەبێ لە کەسی دی مارەی نایە
لەوەتەی ئەم دڵەم دڵە خەجێی تیایە
خەجە خەجێی کورە شوانی دۆڵ و چیایە...!
خەجێ: مارەیی من تەنها خوێنە... خوێنی گەش گەش
سیابەند: ئەی من ئەگەر بۆ تۆ نەبێ بۆچیمە گیان
بۆ چیمە لەش...!!!
خەجێ: وەرە بە جووت بۆ سەر لووتکەی
چیاکەی سیپان هەڵفڕین
هەر دوو لەوێ بۆ یەکەم جار
دوور لە شیری ئاغای زۆردار
نێرگزی خەندە بچێنین...!
سیابەند: ڕێگا هەرچەندێ دژوار بێ
پڕ لە دێوو داوو مار بێ
من کە چاوی تۆم لێ دیار بێ
لە هەمووشتێ بێ پەروام
هیچ زریانێ ڕاناماڵێ ڕەگی دارە بەڕووی هیوام...
خەجێ:سیابەندم.... گلارەی دوو چاوی خەجێ
تەماشاکە سوارەی ئاغا دوو دوو سێ سێ
غار دەدەن و لە دوامان دێن
ئاخ دەترسم ئەم پرچەی کە
تینوی سۆزی پەنجەی تۆیە
هەمووی تاڵ تاڵ لەژێر سمی سوارەی ئاغا
سوور بێ بە خوێن
یا بی بڕن بە چەقۆیە
یا بە شاباڵی گڕی قین
هەڵفڕین بۆ سەر ترۆپکی چیای سیپان

با هەڵفڕین...

سیابەند: با هەڵفرین

خەجێ: با هەڵفڕین...

سیابەند: چیا سەختە

چیا داڵدەی کاتو دەمێکی ناوەختە

خەجێ: چیا هاوڕێی تەنگانەیە

سیابەند: چیا پشتو هیوایە

خەجێ: چیا گۆڕی ئاغایە

سیابەند: چیا گۆڕی بێگانەیە !

چیرۆك بێژ: هەردوو دڵدار

لەسەر لووتکەی چیای سیپان

نیشتنەوە وەك دوو باڵدار

هەڵیاندا ڕەشماڵو هەوار

هەرچی سوارەی ئاغا هەبوو

چیاکەیان گەمارۆدا

پەپکەیان خوارد بە دەوریدا وەکو ڕەش مار

ئاگریان بەردا لە چیا

دەڵێن ئەوسا

تەنها هەر ئەستێرە هەبوون

نەمانگ نە خۆر نەبوون هێشتا !

ئاگریان بەردا لە چیا

چیا سووتا

سیابەند تیادا بوو بە مانگ

خەجەکەیشی بوو بە هەتاو

هەتا ئێستاش

هەردوو بۆ یەکتری دەسووتێن

لەسەر لووتکەو چەم و کانیاو

هەتا ئێستاش

سوارەکانی ئاغامالْ مالّو شوێن شوێن

وا بۆ دوو دڵدار دەگەڕێن

ئەمیان سیابەندی ناوە

ئەمی دیشیان خەجێ... خەجێی دەم پڕ خەندە

سوارەکانی ئاغاو ئاغاش باوەڕ ناکەن

مانگ خەجێیەو

خۆری لووتکەش سیابەندە...!

***

## ناوم نای: نەی

ناوم نای: نەی

دە گۆرانیم بۆ بڵێ دەی...

باسم بۆ کە خەجەزەڕ چۆن ڕاپێچی کرد گێژی خولیای

لە ترۆپکی سیپانەوە خۆی هاویشتو

لە باوەشی سیابەندا چاندی باڵای ..

***

ناوم نای: چەم

دە تینوێتی من بشکێنەو باسم بۆ کە

کە چەند تینوی یەکتری بوون

دێوانەو شەم...

***

ناوم نای: هەور

دەی بباریێو هەر بباریێو هەر بباریێ

لە تۆڵەی دارە بەڕووەکە

کەوا پەل پەلیان کرد بە تەور

هەر هەنووکە

گەردوون:

ئا ئەم ئابیدە کۆنە نغرۆکە..!

## وشـــه

پەیڤ پۆل پۆل دێن
لێیان دەبارێ هەوری خوێن
هەر تنۆکە خوێنی برینی وشەیەك
دەبێتە ڕەزێك باخچەیەك
من دەفتەری گشت پەیڤە دڵدارەکانم
پاسەوانی گشت وشە زامدارەکانم
من وێڵی دووی هۆنراوەمو
هۆنراوەش وێڵی گوێگرە
تفەنگی گشت زەرتەکەکانی گەردوونیش
بۆ ڕاوکردنی هۆنراوە...
لە بارووتی مردن پڕە...
ڕەنگە بڵێم پشیلەکەی ماڵمانیش هەر
بە دوای شیعرەوە سیخوڕە...!
***

## دڵ

ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ
لەم گەردوونەدا جێی نابێتەوە
ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ
تا خۆر دەبێتە چەمی خۆڵەمێش
هەر دەسووتێتو دەکوژێتەوە
ئەوەی دڵێکی شاعیرانەی بێ
وەك ئەم زەمینە تا دەتوێتەوە
بە دەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە...!

## دەزانم

چاویشم نەبێ
هەر دەزانم کێ
گوڵاڵە دەکات بە گوڵۆڵەی ژەنگ
چاویشم نەبێ
هەر دەزانم کێ
نایەڵێ هەتاو
لەسەر پەنجەرەی شارە بچکۆلە قژ درێژەکەم
درکی تاریکی مێژوو بڕنێ
بە بروسکەی چاو...
چاویشم نەبێ
هەر دەزانم کێ
چڵەدار دەکات بە دەستە خامەی
جوان و ڕەنگاو ڕەنگ
بنەدار دەکات
بە دەسکە تەورو قۆناغە تفەنگ...!

***

# چاوی سەوز

لە گشت نمە بارانێکدا
بۆنی چەمی ڕەشی پرچی دایکم دەکەم
ئەرێ بشێ هی ئەوە بێ
لە نیوەڕۆی زستانێکا
چاوی دایکم وەری وەك پەڕی پاساری
باران نم نم... باران تاڵ تاڵ
وەکو تاڵی پرچی دایکم بەدەم شانەوە هەڵوەرێ
وا دەباری...!
...
هەر دارێکی سەوز دەبینم
بۆنی چاوی دایکم دەکەم..
پڕ بە هەردوو سیی ئەوینم
ئەرێ بشێ هی ئەوە بێ
وەك گەڵای هەزار دار بەڕوو
چاوی دایکم سەوز سەوز بوو...
...
بۆچی هەرچەند خۆر دەبینم
خەندەی دایکم دەبارێتە ناو برینم
ئەرێ بشێ هی ئەوە بێ
دایکم هێندە دڵی پاك بوو
بزەی لێوی وەك لقی هەتاو ڕووناك بوو...
...
ئەرێ بۆچی هەر ئەستێرەیەك دەرکەوێ
وا دەزانم کە دایکمەو هاتووە بۆ ئاسمانی ئێرە
ئەرێ بشێ دایکم بووبێ:-
بە هەزار هەزار ئەستێرە...!!!
***

## کێوی نەمر

کە چاوم بە بەژنی کچێکی شیریندا دەلکێ
کە پەنجەم ماچ دەکا لا ملێ... گۆی مەمکێ
کە گیانم دەتەنێ گولاوی هەناسەی ناسکێ
دەبمە شاعیرێ زارم هەر هەنگوینی لێدەتکێ
هەر کچێ لێوی خۆی لە لێوی من بسوێ
هۆنراوە لە دەمی دەبارێ چەند بدوێ
هەر کچێ زستانێ لە گۆشەی ڕەشماڵی شیعرمدا تێر بنوێ
بە کوێدا گوزەر کات لە شوێن پێی نێرگزو گوڵ دەڕوێ
شاعیرم عاشقی وڵات و هەتاوو ئافرەتی خرپنم
کە ژنێك دەمی خۆی دەنێتە ناودەمی نەوسنم
باوەشی دڵمی بۆ واز دەکەم تا مەلەی تیا بکا وەکو گۆم
لە دەستیا شل دەبم وەك منالێ... وەکو ئاو... وەکو مۆم..
کاوێکیش دەرکەوێ سێبەری نابووتی دوژمنم
ئیتر من نە گۆشت و یەسقانم نە شاعیر... کێوێکی ئاسنم
ترۆپکم لەژێر پێی ڕووناکی عەرشەکەی خوا دایە
ڕەگیشم ئامێتەی کرۆکی شاخی گشت دونیایە...!
***

## لایلایە

– لای لایە ڕۆڵەکەم لای لایە
+ لای لایەم بۆ مەکە ئەی دایە
– ڕۆڵەکەم سەگ وەڕە هەواڵی ناخۆشی هێناوە ئەم بایە
نابینی چۆن دەدات لە هەموو دەرگایەك
لای لایە ڕۆڵەکەم لای لایە
+ لای لایەم بۆ مەکە ئەی دایە
من نانووم ئەمەوێ بزانم چی دەڵێ ئەم بایە

– ئەستێرە تەم دایگرت تریفەی مانگ سرەوت
دار بەڕوو پەلوپۆی لە گۆ کەوت
تا چەمیش بێزار بوو لە گرمەو لە ناڵە
خامۆش بوو بۆ خۆی خەوت
لەو دیوی ئەو یاڵە...
تۆش ماندووی ئەی ڕۆڵە... زۆر ماندووی
بۆ نانووی ڕۆڵە گیان بۆ نانوی
– نا دایە...
من نانوم تاوەکو نەزانم
چی دەڵێ ئەم بایە...
نا دایە
من نانووم تاوەکو خۆرێ نوێ
هێلانە نەکات لە ترۆپکی ئەو چیایە
من نانووم... نادایە...!
***

## دڵم

دڵێکم بوو ناسك بوو وەکو گوڵاڵە
پێدەکەنی بۆ چپەی کچ... بۆ شنەی با
یاری دەکرد... وەکو کەروێشك
لەگەڵ ئەو هەموو مناڵە
...
خۆر نشینێك کە ئەچوومەوە بەرەو ماڵ
سێبەرێکی ڕەشی خوێن تاڵ
خۆی لێ مات دابووم لەڕێدا
سەرە سونگییەکی لێدا
لەو ساتەوە ئیتر دڵم بوو بە بۆمبا...!
...

دوو دەستم بوو... لەهەر جێیەك ببوومایە بەمیوان
ڕەگی دڕکیان هەڵدەکێشاو گوڵیان دەچان
نیوەشەوێك... پاسدارێکی نابووت ویستی
لە زنجیرو کەلەبچەدا بیان وەرێنێ بە سیستی
لەو ڕۆژەوە هەردوو دەستم ڕاپەڕیون دژی زنجیر
ئەمیان بارووتی هەڵگرت و ئائەمەی تریشیان شەستیر
***

## ماچ

هەزاران ووشە ناتوانێ
باسی ئەو ماچە بکات
کەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان
لە نێوانی دەمی دوو دڵداردا ڕوودەدات...!
...
هەرچی فەرهەنگە ناتوانێ
لەباسی ئەو تاقە ماچە بێتە دوان
کەکوڵبەی تاریك و ساردی دوو دەزگیران
گەرم گەرم دەکاتەوەو
شەویان دەکات بە چراخان
...
دڵدارێك بوو... کەلەبچەیان خستە دەستی
دەمی نایە ناو دەمی خۆشەویستی
وتی نەوەکو کە دەیبەن
ئیتر هەرگیز بەیەك نەگەن
ئەو تاقە ماچە ئێستاش هەر
دەمی بە خۆشی ئەکا تەڕ
کاتێ شەوان
وشك دەکا گەڵای گڕی

دوا قوتیلەی شەوی زیندان

ئا ئەو ماچە

دڵی ڕووناك دەكاتەوە

وەكو هەزاران بڵاچە...!

***

## ئەوە كێیە؟

– ئەوە كێیە لەو لووتكەیە بەستە دەڵێ

– دار گوێزێكە بروسكەی شەو

قژی سەوزی سووتاندووە...

– ئەوە كێیە لەو جەنگەڵە هەڵدەپەڕێ؟

– باڵدارێكە ڕەشەبای شەو

هێلانەكەی ڕووخاندووە

– ئەوە كێیە لەو كوڵبەیە پێدەكەنێ؟

منداڵێكە سێبەری شەو

قەڵەمەكەی شكاندووە...

...

ئەی شارەكەم... چۆن پرچی دارگوێزی شاخت

لە بروسكە بپارێزم ...!

چۆن هێلانەی مەلی باخت

لەڕەشەبا بپارێزم...!

چۆن قەڵەمی منداڵانت لە تووڕەیی سێبەری شەو بپارێزم...

چۆن نەهێڵم چەكمەی قورسی ئۆدووی عەجەم

خاپور بكات بێشكەی گڵكۆی دێوانەو شەم...!

چۆن پیاوانی كەڕو خواردووی ئەم وڵاتە تێگەیەنم

سێوی تۆیان لا جوانتر بێ لە مەمكۆڵەی كیژۆڵەو ژن

بە كام فەرهەنگ بە كام زمان

ژنانی ئەم نیشتمانە تێگەیەنم

کەوا تۆیان خۆشتر بوێ
لە شووشە عەترو مەمکدان
ئەی نیشتمان... !
...
من شاعیرم... لەم سەردەمە نەگریسەدا
شیعر لەبەر بێ گوێگری کرم دەیخوا
شاعیریش یا لە برساندا
یا لەکەلەبچەدا دەمرێ
چیم لە دەست دێ لەوە زیاتر
بۆ کوێ بڕۆم
هەر شورەیەکی سەختم دی
ببم بە لافاوی ئاگر
بەرد بەرد بیخۆم... !
...
ئەی نیشتمان... تۆ ئەمەتای
ئاسکۆڵەیەکی چاو ڕەشی
لە دارستانێ پڕ گورگا
تا کەڵبەیەك کلۆر دەکەم
هەزار کەڵبەم دەچێ بە قەبورغەو ورگا...
ئەی نیشتمان تۆ ئەوەتای
مناڵێکی قژ زەرد زەردی وەك هەتاوی
لە زیندانی شای عەجەمدا تورِ دراوی
پاسدارێکی ئێسك گران
کۆڵەی سنگت تێك دەشکێنێ
بەپێڵاوی ...
...
نیشتمانم... تۆ ئەوەتای
سوێسکەیەکی بێ هێلانەی
وێڵی بە کەژی ئاسۆوە

هەرچی ڕاوچی زەویش هەیە
دوات کەووتون... بە تاپڕ و بە چەقۆوە..
ئەمەش منم
دەفێرم کە ئەی ڕەشەبای شاری بێ کەس
چۆن وەکو چڵەدار بەدەس
تێك بشکێنم ئێسكو پروسکی دوژمنم...
دە فێرم کە... ئەی گڕی عەشقی زینو مەم...
چۆن ئەم شارە بپارێزم لە نێزەی لەشکری عەجەم...!
***

## جار بەجار

هەرچی کوڕو کچی ئائەم سەردەمەیە
لە ئێمەوە فێری نامەی دڵداری بوون
هەرچی مەلی باخچەش هەیە
لە ئێمەوە فێری چاوشارکێی و یاری بوون...
...
کە جار بەجار بە نامەکانتا دەچمەوە
ئەڵێی بەناو دارستانی عەترو گوڵاودا ڕادەکەم
کە جار بەجار بە نامەکانتا دەچمەوە
وا دەزانم بە نێوانی مانگ و هەتاودا ڕادەکەم...
...
خەیاڵ دەکەم مەمکەکانت وەکو دووکۆتری زیوین
دەنووك دەدەن لە پەنجە بزێوەکانم
ئەوەتانێ ئاورێشمی پرچی ڕەشت
بووە بە هێلانەی نەوسم
لێی تێر نابێ لێوەکانم
لێی تێر نابێ... نە ئەم دەسم ونە ئەو دەسم..

دە تۆ ببە بە شنە باو
هەرچی خۆشی زەوی هەیە بۆمی بێنە
دە تۆ ببە بە بروسکەو
ڕەگی خەمم بسووتێنە...
دە تۆ ببە بە شنەباو
بۆنی نێرگز لە خوێنی دڵما بچێنە
ببە بەپەڵە هەورێكو
تینوێتی گیانم بشکێنە...
تۆ ببە بە بارانی دەنگ
منیش دەبم بە فەرهەنگی سەدان هەزار خەونی خۆشو
بە دیوانی هەزاران شیعری شۆخ و شەنگ...
***

## بۆ شاعیری لبنان- خلیل حاوی- شەهید

کە بینیت پرچی دارسێوی بەیرووت
دەسووتێو دەبێ بە قەرە برووت
کە بینیت لاشەی خوێناوی منداڵ
لە شۆستەکانی شەوی بەیرووتدا
تورِ دراون وەك: ئاغزە جگەرەو توێکڵە پرتەقاڵ
کەس مان ناگرێتو دەمی لاڵ بووە ئا ئەم سەدەیە
هەموو جیهانت وەك گۆم شڵەقاند بە چەند گوللەیە
هاورێکەم -حاوی-
نە تۆ دەمریتو نە ئاسۆی بەیرووت
هەڵدەکرووزێ پرچی هەتاوی
ئەوەتانێ تۆ لەووشەی هەموو هۆنراوەیەکتا
زیندوویتو دڵت هەر پێدەکەنێ
بەیروتیش لەبەر هەمووماڵێکی ڕەش پۆشی خۆیدا
بە نارنجۆك گورِ بۆ دوژمنانی خۆی هەڵدەکەنێ...!

...

– ئەی شاعیرەکان ئەزانن خلیل حاوی لە کوێیە ؟

– کەوتە دوای بۆنی دەنگی شمشاڵێ

لەوەتەی کە هەن متۆی یەکن وەك دایكو منالێ

هاوڕێکەم حاوی ڕێگات زۆر دوورە

تۆش گفتت داوە

بە کچی ماڵە تاریکەکانی بەیرووتەکەی خۆت

ماڵیان پڕ بکەی لە بزەی خۆرو گوڵاڵە سوورە...

بڕۆ خوات لەگەڵ کچانی بەیروت سوێندیان خواردووە

بە مەرگی تۆیان

کەپرێکی گەورەت بۆ دروست بکەن

لە پرچی خۆیان...

– بەیروت نوستووەو چەقۆی ڕەشەبا پرچی دەبڕن..

بەیرووت نوستوە و سەگی ئاسنین وا پێی دەوەڕن

بەیرووت نوستووە هەتا هەڵدەستێ

کێ دەمی سەگەل لە بەیرووتەکەی دڵم دەبەستێ. !

...

هاوڕێی شاعیرم گەرچی نەمدیوی

کە بەچاو تك تك دەنۆشم بۆنی گوڵی هۆنراوەی

ناو دیوانەکەت

لەگەڵتا بەستەی ئومێد دەچڕم

بۆ دارو بەردو چەم و باڵندەی نیشتمانەکەت

لەگەڵتا دەبم بە چنگێ بارووت

بەرگری دەکەم دژی زایۆنیو ئیمپریالیزم

لە لبنانەکەت...

تۆ نەمردوییو شیعرەکانیشت مەرگیان نیە... نی

هەر وشەیەکی هۆنراوەیەکت

نارنجۆکێکەو دەبێ بە گۆڕی هەزاران هەزار

چەتەی زایۆنی...!
ئەی زایۆنیەکان... دەی بەدەرەوە
تاکو منالّی زگی دایکانیش
بۆتان نەهاتوون بە خەنجەرەوە...
دەی بەدەرەوە...
دەی بەدەرەوە...
دە ئەی بەیروتی قژ زەردی شاعیر
تۆش لە زگی شەو وەرە دەرەوە..!
***

## گشت وشەکان من دەناسن

گیانە دەڵێن:
گوتوتە بۆ هەرچی وشەی قەشەنگ هەیە
پەیڤی هەرچی خێڵ و هۆزو فەرهەنگ هەیە
بۆ هۆنراوەی لەتیف هەڵمەت بوون بە هەوێن..!
...
ئەزانی بۆ هەموو وشە قەشەنگەکان
پەیڤی هەموو خێڵ و هۆزو فەرهەنگەکان
بۆ لای من دێن
چونکە هەموو من دەناسن
لێم دڵنیان لە برسیشدا کرم بمخوا
نایان کەم بە کارەکەرو کۆیلەی دوژمن...!
...
ئەی وشەکان... ئێوە دەکەم بە بەستەیەك
هیوا بدات بە دڵی گشت مار گەستەیەك
ئەی وشەکان... ئێوە دەکەم بە بەستەیەك
ترووسکای ببەخشیتە دیدەی بێ چاو
بۆ شەوی تار بێ بە هەتاو...!

## بۆ کچێکی هەڵەشە

شەوانێ بوو لە ترۆپکی لاوێتیمدا
تاسەی کچێك گڕ بوو لە توێی جەرگ و سیمدا
هەرچیم هەبوو لە هۆنراوە لە بزەی گیان
گشتیم دەدا بە ماچێکی کچێکی جوان...
کچێکی شۆخ تێنەگەیشت لە زمانم
نەیکردە مل ملوانکەی هۆنراوەی جوانم
من ئێستاکە... جگە چاوی هاوسەرەکەم
ناهەژێنێ هیچ شتێ دڵە تەڕەکەم
هەر تەنیا ئەو خۆشەویستمەو ئەو هاوڕێمە
لەهەرکوێ بم... دەنگی پڕ بە گیان و گوێمە
لەهەرکوێ بم وێنەیم لە هەناودایە
بۆنیم لە سیو ڕەنگیشم هەر لە چاودایە
نام جووڵێنێ... سەنگە ئا ئەو بەژنو لەشە
بۆ خۆت بگری کچی نەفامو هەڵەشە
من ئێستاش هەر قەلەندەرو بەلەنگازم
شتێکم بێ هۆنراوەمە پێی بنازم
بۆ هەندێ کەس تەختی بەرزو سەرێکی شۆڕ
منیش بەسمە پرچی هاوسەرمو تیشکی خۆر...!

***

## ماڵی شاعیر

کچی دێ
ئەوا دێ
بڵێ کێ
چاوەڕێی تۆ دەکا... کچی دێ...
– شاعیرێك کە بەشەو لەو کێوە
گۆرانی ئەوینمی لە لێوە...
ئەوا دێ
لە خۆری گزنگدا
بەڕووتی خۆی دەشوا
کچی دێ
ئەوا دێ
دەچێ بۆ ژوانی شاعیرێ
لەمانگ و ئەستێرە ڕووناکی دزیوە
شیعری بۆ کچی دێ نووسیوە...
ئەوا هات کچی دێ
کاتێ دی کەشاعیر
هێلانەی چیایەو زنجێکی بێ ئاگر
کاتێ دی کە شاعیر
بە تەنها ئەوینو گۆرانی
ماڵیەتیو سامانی
کچی دێ
پشتی لە کێو کردو ڕووی لەدێ
شاعیریش لەوساوە
وەك کۆچەر بگەڕێن بۆ مانگی جەژنی نوێ
گشت گیانی هەر چاوە
لەم لووتکەو لەو لووتکە
بۆ خەندەی کچی دێ دەگەڕێ...!

## نیشتمانم قەشەنگترین نیشتمانە

نیشتمانم قەشەنگترین نیشتمانە
چی ئەستێرەی ئاسمان هەیە
لە ملیدا ملوانکەیە
هەرچی ڕەزو دارستانە
هەرچی گوڵاڵەی جوان هەیە
پرچی ئەوە پاسدارانی پاشای عەجەم بۆ دەیبڕن!
بۆچی پرچە درێژەکەی
نیشتمانی منیان لێبووە بە دوژمن...!!

...

کام بتپەرست
وەک من بەردی نیشتمانی دەپەرستێ
کام ڕۆژپەرست
وەک من خۆری بەر بەیانی دەپەرستێ
کام ئاو پەرست وەک من ئاوی چەمو کانی دەپەرستێ
کام گڕ پەرست وەکو دڵی منی شاعیر
کڕنوش دەبات بۆ یەک تۆزقاڵێ ئاگر...!!!

...

ئاوی ڕوونی نیشتمانم
پۆڕو سوێسکە دەنووکی خۆی لێ تەڕ دەکات
ئۆردوی شا عەباسی دووەم
بۆچی ڕێگای لێ دەبەستن...!
نیشتمانم
جوانترین شۆخی مێژووە... شۆخی مێژوو
سوپای عەجەم بۆچی گوڵ و دارستانی
دەکەن بە لافاوی سووتوو...!!!
بۆ نازانن لە شا لقی هەر دارێکیا
جووتێ دڵ دڵداری دەکەن

بۆچی خۆری خەندەی بەدوکەڵ دەکوژن
بۆ نازانن هەزاران پەپوولەو باڵدار
لە گوڵزاری تریفەیدا یاری دەکەن... !
ئەی نیشتمان... ناوی تۆ خۆشترین ناوە
لەسەر دڵم هەڵکۆڵراوە
ناوی تۆ خۆشترین ماچە
لە گیانمدا ڕەگی قووڵی داکوتاوە..
...
لە دیوانی شاعیراندا نیشتمانم
پرشنگدارترین هەتاوە
نیشتمانم
بەگشت دارو بەردو ئاوو ئاسمانیەوە
تۆزقاڵ... تۆزقاڵ هاتۆتە ناو ناو گیانم
کە پاسدارێکی شای عەجەم
پەنجەیەکی من داخ دەکات
گەڵای دارە بەڕوویەکی نیشتمانم هەڵدەقرچێ
کە پاسدارێکی شای عەجەم
تفێك لە چاوی من دەکات
کانیەکی نیشتمانم لێخن دەکات...
کە داسێ... تەوراسێ... پاچێ
چڵێ داری نیشتمانم دادەپاچێ
چەقۆی ستەم
کۆڵەی سینگی من کون دەکات... !
...
نیشتمانم
گەر تۆ نەبی نە ئاو ئاوەو نە با بایە
گەر تۆ نەبی
قەفەزێکی تەنگەبەرە ئەم دنیایە... !

## داستانی شیعر

١- ئەم شیعرانەم بە ئاسانی نەنووسیوە
باخچەیەکە هەر گوڵێکیم لە لالەزارێك چنیوە
ئاسمانێکی فراوانە هەر ئەستێرەیەکی گەشیم
لە ئاسۆیە پڕ لە شوورای بەرز هانیوە
هەزار شارو دێم بڕیوە
هەزار لاڕێ و ڕێم بڕیوە
سەدان هەزار کێوو هەردە
پاراستوومن لە زمەی پیاو کوژو جەردە
لە شەوی زریانی سەختا
لەدڵمدا لانەم بۆیان ساز کردووە
لە هاوینی گەرم گەرما... لە ناوەختا
لە گیانمدا چەند پەنجەرەو دەرگام بۆیان وازکردووە...
ئەم شیعرانەم بە ئاسانی نەنووسیوە...
باخچەیەکە هەر گوڵێکیم لەناو سەدان هەزار
چەپکە درکدا چنیوە...!

...

٢- ئەم شیعرانەم هەر بەڕێکەوت
وا شیرین نین
دڵۆپێکیان
لە کانیاوێکی کوردستان
نۆش کردووە
ئەم وشانەم هەر بەرێکەوت
وا بەتین نین
لەگەڵ ڕێچکەی بەرانان و هەیبەت سوڵتان
ڕەگی خۆیان گۆش کردووە
ئەم دڵەشم هەر بەرێکەوت
وا تۆکمەو ئەستوور نەبووە

ڕیشاڵ ڕیشاڵ هەرچی بنج و ڕەگی هەیە
تێکەڵاوی ڕەگی سەدان داربەڕووە... !
***

## منو شارەکەم دڵدارین

منو شارەکەم دڵدارین
شار هۆگری وەنەوشەیە
منیش متۆی باڵای چیام
شار بێ وەنەوشە تەنیایە
منیش بەبێ چیا تەنیام...
...
من ئەوەندە شەیدای کێوم
وشەم چین چین
بۆنی خاک و سمڵی چیای لێ دەبارێ
کە دڵۆپێ بۆنی دەگاتە سەر لێوم
سەرانسەری هەموو دونیا
سیخناخ دەبێ لە بۆنی نێرگزی چیا... !
...
مناڵی من بریتییە
لە هاوڕێتی ترۆپکی کێو
کێو هەرگیزمردنی نیە
منیش لە ماهەوە فێر بووم
کە نەزانم مردن چیە... !
...
جوانی لووتکە زاری ژیریی پژاندووم
شیعری زیندووی لە یەسقانەکاندا چاندووم
شیعری ڕووناک وەکو هەتاو
شیعری بۆن خۆش وەکو گوڵاو

شیعری بەهێز هەر وەکو دەستی هەژار
بێ کۆتایی وەکو ڕووبار
هەر کێویش باسی بۆ کردووم
کە چۆن باو باپیری پێشووم
پاڵیانداوە بە کێوەوە
چوونەتە جەنگی دێوەوە
بۆیە منیش هەتاکو دونیا دونیایە
هاوڕێم لەگەڵ ئەم هەموو دوندو چیایە..!
***

## دەنگ

دەنگت فێنکترین بایە
تۆوی خۆشی ئەم دونیایە
لە هەردوو گوێمدا دەچێنێ
دەنگت ناڵێ لاسارە
بووکەواڵای خەم و داخم تێك دەشکێنێ
دەنگت هەوری نەو بەهارە
چی گوڵاڵەو نێرگز هەیە بۆمی دێنێ...
...
لەم جیهانەی کەوا نوقمی شەوە زەنگە
لەم جیهانەی کەخەڵتانی زام و مردن و ئاهەنگە
لەم جیهانەی کە وا کاسیی دەنگی گۆرانی و تفەنگە
لەم جیهانەی کە گشت شتێ نوقمی ژەنگە
دەنگی تۆ خۆشترین دەنگە
...
کە گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ
تەم و مژی زستان دەبێ بە خۆرەتاو
کە گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ

باران دەبێ بە هەزاران شووشە گوڵاو
کە گوێم لە دەنگی تۆ دەبێ
دڵم دەبێ بە فەرهەنگی هۆنراوەی شەنگ
سەرم دەبێ بە لافاوی
سەدان هەزار خۆزگەی بێ دەنگ
دەبۆم بدوێ
با بتنۆشم تك تك بە گوێ
دەبۆم بدوێ
دەبۆم بدوێ
بدوێ
بدوێ
با لە بێشکەی سۆزی دەنگتا
گیانم بنوێ..!
***

## باو نێرگز

سەهەندێکی پەرچەم نوقمی عەترو گوڵاو
ڕاوم دەنێ... ئەوە شیعرە
دەنگێ گەرم وەکو هەتاو
بانگم ئەکا..ئا ئەوەش ئەوینی بەفرە...!
هۆنراوەو ئەوینی بەفر
باو نێرگزن
کەس نازانێ لە چ کەلەبەرێکەوە
دین دڵ و زەوی دەدزن...!
***

## زەوی و ئەوین

هەموو زەویم لیّ بکەنە بەندیخانە
لێم ون ناکەن ڕەنگی خوێی ئەم نیشتمانە
چی مرواری دەریا هەیە
تەنیا دەنکیّ چەوی ڕۆخی سیروان ناکات
هەرچی زێڕی دنیا هەیە
چڵیّ وشکی ئەرخەوانیّ سەیوان ناکات
چی گۆرانی گێتی هەی
بە لاوك و ئەلاوەیسیو قەتار ناگات
چی شیرینی زەوی هەیە
بە شیرینی یەك سێوێکی(بەروار)ناگات
...
لە نەخشەی هەموو جیهاندا
جوانترین شارە شارەکەم
لە چارۆکەی بەهاراندا
جوانترین گوڵە یارەکەم....
ئەی شارەکەم ئێمە هەموو
داڵداری تۆین
داسین دڕکت دڕەو ئەکەین
ڕمین... چەقۆین
کون لە شوورەی سەختی تاریکە شەو دەکەین
کە دەشمرین
زۆر ئاسوودەین... کەدەشمرین
چونکە لە شووشەی دڵماندا
بۆنی خاکی تۆ هەڵدەگرین
بۆنی ئاوی فوراتو گەڵای بەڕوو
خۆڵی لوتکەی هەندرین..

# بانگ

هۆنراوەیەك

وەك مەمكۆڵەی كچۆڵەیەك

حەز لەدەستی كوڕێك بكات

بانگم دەكا... كە بینوسم

لە هاواری بێزار بوون

دڵ و پەرەو پێنوسم...!

...

چی بنوسم ...

ئەگەر نوسیم چی بڵێم

چی بنوسم... لە وڵاتی پاسداران و جنۆكەدا

تارمایی تەنها وشەیەك

كەلەبچەیەك

لەهەردوو دەستم توند دەكاو

پێوەن دەخاتە هەردوو پێم...!

...

من نەدەمم هەیە نەدەست

بنوو هەڵبەست

بنوو قەڵەم

تا دەبمە خاوەنی دەست

خاوەنی دەم...!!!

## ئەو شاعیرە

### بۆ گیانی پاکی مەلا ئاوارە کە چەتەکانی تاران گوللەبارانیان کرد

ئەو شاعیرەی بە نرکەی گڕی گۆرانی
کۆشکی تارانی دەلەرزان
بە خەندەی هۆنراوەی جوانی
ڕەشماڵو زنجو کەوێڵی
ڕەشو ڕووتی مەهابادو
سنەو سەقزو بۆکانی
دەکرد بە باخو چراخان...
ئەو شاعیرەی کە دەیبینی
چڵی داری ولاتی- سمکۆ- دەسووتێ
لەژێر چەکمەی چەتەکانی
دەورو بەری کێلەکەی بابا تاهیردا
زیخو چەوی دەکرد بە چنگە بارووتێ
ئەو شاعیرە
ئیتر چاوی
نابینێ شاری سووتاوی
چونکە نێزەی شەو لە بانەکانی تاران
هەردوو چاویان لێ دزیوە...
بەڵام هەرچی منالّ هەیە
ناوی ئەویان لە دەمدایە
وێنەی ئەویان هەڵکۆڵیوە
لەسەر هەموو دارو بەردی ئەم دونیایە...
ناوی مەلا ئاوارە
لەدڵماندا چرایە
شیعری مەلا ئاوارە...
لەدڵماندا هیوایە

مەلا ئاوارەکەی ئێمەش
پۆل ڕۆبسنو... لۆمۆمبایە...
ئەگەر شەهید... ڕۆژێ بن بە لووتکەو کێو
مەلا ئاوارەکەی ئێمە
بڵند ترین لووتکەی چیایە...
***

## شیعری گۆرانی

### وشە

بۆ (ح — ر)

ئەگەر دەمزانی هەور لە کوێوە دێ
لەکام وڵاتو دەریاو زێوە دێ
بەدەستی شیعرم تك تك دەمدزی
تا تۆ پیێ بشۆی پەرچەمو کەزی...
***

ئەگەر دەمزانی شادی لەکوێیە
دەمکرد بە چەمی فەرهەنگی وشە
وشەشم دەکرد بە شووشە گوڵاو
شەوان دەمپڕژان لەو پرچە ڕەشە...
***

ئەڵێم گەر ڕۆژێ دەممان پێك بگەن
ئاخۆ چەند مانگو چەند ساڵو سەدە
ڕازو گلەیی بۆیەکتر بکەن...
چەند هەزار ماچی وەك شەکر بکەن!

## ئاگردان

که شاعیرێك له زستانی گەردووندا شیعری خۆی
وشه وشه هەمووی دەکات به ئاگردان
هەژارانی هەموو زەوی لە لای دەبن به میوان...
...
که شاعیرێك له خەزانی گەردووندا شیعری خۆی
پەیف پەیف دەکات به باخ و گوڵستان
دڵدارانی هەموو زەوی دەچنه لای بۆ ژوان...
...
بەهێزترین دەست دەستێکه گوڵ دەچێنێ
گەورەترین دڵ... دڵێکه:
شوورەی زیندان به گۆرانی دەڕوخێنێ..!
***

## گوڵۆ ماچ

که باسکم درێژ دەکەم بۆ گەردنت
چی ئاسنی زەوی هەیه
دەبێ به زنجیری گڕو لێم دەئاڵێ
که دەم دێنم
تینوێتی گیان له گوڵاوی هەناسەکەی
تۆ بشکێنم
چی شمشێری زەوی هەیه
دەبێ به مەرز له نێوانمان
نایەڵن لێك دەن لێوانمان
بەڵام گیانه... له چی زنجیری زۆرداره
بەهێزتره ڕەگی دەستی ئا ئەم شاعیره هەژاره...
بیانەوێ و نەیانەوێ
گوڵ له کونی قوفڵی دەرگای زیندانیشدا

هەر دەپشكوێ

ماچیش لە ناو هەزار هەزار

پاسەوان و زیندانو شمشێردا دەڕوێ..!

***

## شیعری ون بو

وتیان: لوتكە بۆ هەناسەت

تەمی سووری لێ دەتكێ

وتی: شینی شاتوویەكی قژ سەوز دەكەم

كە بە پاچی نەیار دەشكێ

...

وتیان: ڕووبار بۆ نالین و قەڵەم بازت

لەنگەر ناگرێو ڕاناوەستێ

بۆچی گڵی كەناری خۆت

لە خۆت دەگری بە هەردوو دەست

وتی: لەبەر ئەو ماسیانەی

ڕاوچی تۆڕیان لێ دەبەستێ...!

...

وتیان: ئاسمان بۆ هەمیشە

پەژارە لەڕووت دەبارێ

وتی: بۆ ئەو ئەستێرە چاو مەستە دەگریم

هەر ئێوارە لە چاومدا دەكوژێتەوە

وەك مۆمی ماڵە هەژارێ...!

...

وتیان: زیندان... بۆ لەبەر چی
بە کرمی بێ دەنگی کاسی
وتی: پرسەی ئەو دڵدارە ئاوارانە دەگرم من
شینی خۆیان لەسەر دیوارم دەنووسن...
ئیتر دەڕۆن و ون دەبن..
دەبنە خۆراکی کالاسی..
...
وتیان: شاعیر تۆ بۆ ماندووی
بۆ چراکەت شەو تا گزنگ ناکوژێتەوە...
وتی: شیعرێك لە گیانمدا
ون بووەو نادۆزرێتەوە...!!!
***

## لەو دیو پەنجەرەی یادەکانەوە

بە منداڵی کە چاوشارکێمان ساز دەکرد
سەر شار چاوی خۆی دەنووقان
هەتا خۆمان دەشاردەوە
لەپشت سنووقی تۆزاوی و
نوێن و فەردە ئاردوە...
ئەی ئێستا کێ
چاوی پاسدارەکان بگرێ
هەتاوەکو دڵدارێکی خۆری وڵات
لەودیو دەرگای دەزگیرانی
یەك شەوێ خۆی حەشار بدات
یا شاعیرێ ئەلەم ڕێیەوە بڕوات
چەند سرووودێ بۆ مناڵی هەژارانی
زەوی ببات...!!!
***


## ناوی دایکم

هەر شتێ خۆش بێ... پیرۆز بێ.. جوان بێ
تامی ماچێکی دایکمی لێ دێ
گشت ئەستێرەیە لەش و لار زیوین
لە ڕەنگی چاوی دایکی من دەچێ...
***

بۆنی گوڵاوو... چپەی باران و... مانگی ناو دەربەن
شریخەی هەورو... تاوە بروسکەی پاچی گوڕ هەڵکەن
هەموویان باسی پرچی سووتاوی دایکی من دەکەن..!
هەر گوڵێ شێوەی لە دایکم نەچێ با بۆ خەزان بێ
هەر شوێنێ بۆنی خەندەی بەتامی دایکمی لێ نەیە
با هەر وێران بێ
هەرچی شاعیرێ هەوری لای لایەی دێرینی دایکم
لە جووکەی پۆلە هۆنراوەی نەڕژێ
با بێ زمان بێ...!
***

لە هەرکوێ ناوی دایکم بنووسرێ
گەردوون وەك پوشی دەم با دەهەژێ
گوڵاو دەتکێ ونێرگز دەبارێ
باخ خەندەی دەپژێ...!
لە هەر کوێ ناوی دایکم هەڵکۆڵرێ
بیابانیش بێ تیا هەڵدەقوڵێ
چەمێ... ڕووبارێ...!
***

دایە ڕێم دەدەی جووتێ مرواری
بۆ کێلی گڵکۆت بکەم بە دیاری
نەڵێی کوڕەکەم دەسڕۆو بێخەمە
دایە ئەو جووتە مرواریەی هەمە
دوو گلارەکەی هەردوو دیدەمە
هێندە شتوونی فرمێسکی زاری
سپی سپی بون... بوون بە مرواری...


هۆنراوە

لەتیف هەڵمەت

ئەم رووبارە
وشك ناكات

١٩٩١

# ئەم رووبارە
# وشک ناکات

– وقولوا للناس حسنا–

قورئانی پیرۆز

– اللهم اعوذ بك من علم لا ينفع –

فەرمودەی پێغەمبەر –د.خ–

– ما اشقاكم ايها الاغنياء.. فانكم قد نلتم عزاءكم.. ان ولوج الجمل في سم الخياط

لاسهل من دخولكم ملكوت الله–

((حەزرەتی عیسا))

## دڵی شاعیر

خەوم نایەو ئەسپی خەوم هەڵم ناگرێ و
شەقام بە شەقام رادەکات
دوای دەکەوم
لە ترسی زرمەی پێی منو
غارو حیلکەی ئەسپی خەوم
ماڵان پەنجەرە دادەخەن و
ماڵان بەوە نازانن
ئەو دەنگە دەنگو هەرایە
خەوی راکردوی شاعیرەو
شاعیرێکە خەوی نایە
ماڵان گشت شتێك دەزانن
ئەوە نەبێ: شاعیر کێیەو
دڵی شاعیر لە ژێر پێی کام نازدار دایە...
***

## مردووی زیندوو... زیندووی مردوو

بەفر وەکو... هەزاران ملیار مرواری
بەسەر گۆیژەو ماڵی کاسی خەوی قورسی
سلێمانی دا... دەباری..
پیرە مێردێك چەتری تاریکایی شکان
هاتە خوارەوە لە سەیوان
چی بەفر بوو تۆپەڵ... تۆپەڵ
دای بە دەرگای ماڵی ژێر هەرەسی خەودا
دەرگای ماڵێ نەکرایەوە
بانگی هەموو مناڵەکانی شاری کرد
شەڕە تۆپەڵی لەگەڵ کەن

کەس وەڵامی نەدایەوە
وردە... وردە... بەرەو سەیوان گەڕایەوە
لەم دیو سنوری سەیواندا
وڵاتێکی مردووی جێهێشت... لەدوایەوە...
***

## لێکدانەوەیەکی بێ کۆتایی...!

جار جار وشەکانم زەردن
ئەوە رەنگە خۆری پرچت
نەختێ زەرکەفتی کرد بن
***
جار جار دارستانی چاوت
مەلی ئارەزوم دەدزێ
لەبەر ئەوە رەنگی گەڵێ وشەم سەوزە
جاربەجاریش بەلای تۆدا تێدەپەڕم
لەبەر ئەوە هەندێ وشەو گەڵێ شیعرم
بەقەی سنەوبەرێك بەرزە...
***
زۆرجار وشەم.. لەخۆری کەل روناکترە
رەنگە لەبەرئەوە بێ کە
دەمم هاورێی دەمی تۆیە...
دەمی تۆش چاوگەی ئاگرە...
***
هەندێ جاریش وشەم زۆر ماتو خامۆشن
ئەرێ بشێ هی ئەوە بێ
منالآنی شار... رەشپۆشن...!

## هیزی شمشاڵ

پیرێك دەیگوت: هەرزەكار بووم
نەیجەیەكم كرد بە شمشاڵ
دمرشت گۆرانی ئارەزووم
بۆ شەنگەبێری چاو كەژاڵ
كە گەورەش بووم
شمشاڵی بۆ ئەوین تینووم
گۆرانی گوت بۆ هەتاوێكی كەزی كاڵ
بۆ چیایەك بۆتە گۆڕی سەد جەنگیزخان...
تەوراسی كینەی نەیار
شمشاڵەكەمی شكان..
كە شمشاڵەكەم شكا
لق و چڵی هەزاران دار
بوون بە سەدان هەزار شمشاڵ
گۆرانی عەشقیان لێ تكا...
پیرە دەیگوت چریكەی گۆرانی دارێك
بەهێزترە لە تەوری هەموو زۆردارێك...!
***

## دارێكی عاشق

لەسەر كێوێكی تەماوی
دارگوێزێك هەر پشكۆی فرمێسكی دەباران
شەو گلۆڵەی خەوی چاوی
خەڵكی گوندی هەڵدەقرچان...
دانیشتووی دێ كۆبونەوەو
دارگوێزەیان لەبن سووتان...
***

خۆلەمێشی دارگوێزەکە... بوو بە چەمێ
گڕی هاژەی لێ دەباری هەموو دەمێ
***

دانیشتوی دێ... جارێکی تر
کۆبونەوە بۆ راو تەگبیر
لە زانگی دێوە کوتو پڕ
گەیشتە جێ پیاوێکی پیر..
***
پیرە گووتی: ئا لێرەدا سەردەمی زوو
شاعیرێکی دڵدارو شێت
بە گیانێکی تەشەنگی تیشکی ئارەزوو
گۆرانیەك بۆ خۆشەویستی دەچرێت...
***
تەورێ ژەنگن... ژەنگن... ژەنگن
لە شاعیر دەبێ بە دوژمن
***
ئەمە گیانی ئەو شاعیرە دڵدارەیە تووڕە بووە
بەگۆرانی گوێی گەردوونی کەڕ کردووە...
لەو رۆژەوە ... خەڵکی دێ گوێ
لە هاژەی ئەو چەمە دەگرن..
چەمی عاشق بۆیان دەدوێ
فێریان دەکا چۆن عاشق بن...
چۆن بۆنەوەی چەمی عەشق هەر هاژەی بێ
لە تەوری ژەنگن نەترسن...!
***

## هاوڕێ

که دوو دڵدار
دەمەو زەردەپەڕی بەهار
لەسەر کانی گوندێکی قژ کەسکی بنار
ئاوێزانی یەکتر دەبن...
له رووباره دوورەکاندا
به دەس ماسی رەنگاو رەنگی ئەوین دەگرن..
ئەستێرەیە له پشت ملەی ئەوبەرەوە
سەر دەردەکات
جار جار ونه...
جار جار دیاره...
بشێ ئەوه سەرنج نەدات
له ژوانی ئەو دوو یاره
لەسەر کانی ئەو بناره... !
***
که شاعیرێك تەماشای کاغەزێك دەکات
چی پاسداره
ئابلۆقەی ئەو شوێنه دەدات..
له چی بن دارو پاڵ بەرده
مەکۆ دەگرن وەکو جەرده
بشێ لەوه بترسن
ئەو شاعیره لاساره
چی وشەیه لێیان بکات به دوژمن
بشێ لەوه بترسن... !
***

## پشکۆ

که ئەستێرەی ئاسۆ دەرکەوت
بۆی راوەستام دەستەو ئەژنۆ
خۆ من ئەستێرە پەرست نیم
بەڵام جوان بوو... وەك چاوی تۆ...
***
که خۆر به لوتکەدا سەر کەوت
تیشکەکەیم ماچ کرد تاڵ تاڵ
من رۆژ پەرست نیم.. بەڵام خۆر
وەك خەندەی تۆ روناکەو ئاڵ...!
***
لێم ببورە من تامەزرۆی هەر شتێکم
نەختێ شێوەی له تۆ بکات...
رێدەکەوێ عەرعەرێ نیگام بدزێ
چونکه باڵای عەرعەر رێکه وەکو باڵات
دووریش نیه که پشیلەی هەنگاو بمبات
له دووی کچێ
لەشو لاری له تۆ بچێ...
***
سەیریش نیه... تێر پڕ به دەم
پشکۆیه بچوك ماچ بکەم
چونکه پشکۆ
گەشو گەرمه وەك دەمی تۆ...
***

# دار عەرعەری زیندوو

دار عەرعەرێك لەبەرماڵمان

یاری دەکرد... لەگەڵ باڵدارو مناڵان

شەوێ نەیارێ رەنگ گۆگرد

تەورێکی لەگەڵ خۆی هاورد

دار عەرعەرەکەی پەل پەل کرد...

کردی بە پشکۆی ئاگردان...

***

مناڵانی گەرەك هەموو کۆبونەوەو

گشت زەویان

داپۆشی بە لقی گریان

رەگی دار عەرعەری براو

هاتە زمان

ئەی مناڵان

لەجێی فرمێسکی داخ‌و ژان

ئەگەر خوێنی ئەو نەیارە

برژێننە بن ریشاڵم

چەکەرە دەکەم دووبارە

گەڵا دەگرێ پەلو پۆی نوێی

خەندەی ئاڵم...

***

لەو رۆژەوە مناڵەکان... هەرچی شارە

چی بن کەڤرو چی پاڵ شەخەڵۆ دارە

چی ئەشکەوتو چی کۆسارە

چی پێوارو کۆپو کەلاوەو تەلارە

دەگەڕێن بۆ ئەو نەیارە

تا خوێنەکەی برژێننە بن ئەو دارە...

***

## خەوی پاشا

پاشا گوتی: خەوم دیوە
کەس هەیە بۆم لێکداتەوە
گوتیان: پیرێ هەژار هەیە
ئەو گرێی خەو دەکاتەوە...
***
پیرەمێردیان بۆ دیوانی
پاشای مەزن پەلەکێش کرد
تەتەڵەی دەکرد زمانی
کڕنووشی بۆ عەرشی شا برد...
***
پاشا گوتی: خەوم دیوە... لە خەومدا
کۆمەڵێ رووتەڵەو گەدا
لەلای چەپی گردەکەی شارەوە هاتن
هەردوو باڵمیان شەتەك دا بە کۆتی ئاسن
بازیان هەڵدا
گەدایەکیان کرد بە پاشا
پیرەی داماو... رەنگی پەڕی
پاشا گووتی:
راستی نەڵێی ئەی پیری شێت
فەرمان دەدەم سەرت دابنێن لەجێی پێت...
مامە پیرە وتی پادشای خاوەن شکۆ
دوور بێ لە تۆ
بەم زوانە
پادشایەکی زۆردار دەمرێت
***

خەڵکی دەماو دەم هەر دەڵێن
لەو ڕۆژەوە کە ڕوی داوە ئەم داستانە
پاشاو هەژار
دوژمنن وەك تەوراسو دار
***

## چـــاو

ئەگەر ئاواز لە گیتاری دڵما نەما
چاوەکانم مەنێنە چاڵ
چاوەکانم... بە گەردنی حەسارۆستدا هەڵواسن
با هەر چاوم لە لوتکە بێ و مەرگی دوژمن...
***
ئەگەر دڵم
وەکو چاوگەی کانیەکی بچکۆلانە وشکی کرد
وام بنێژن... کونە گوێم پڕ نەبن لە لم
با نەبڕێ لە گوێم چپەی
ئەستێرەی شەوی گوێی سیروان
هاژەی ڕەشەبای سلێمانی
گرمەی هەوری سەر ترۆپکی هەیبەت سوڵتان...
***
ئەگەر دڵم وەك کاتژمێرێکی شکاو
لە چرکە... کەوت...
کوژایەوە...
وەکو چرایەکی بێ نەوت
وام مەنێژن مێرووڵە
کەپووم[1] بخۆن وەك پەڕەی باڵی پەپوولە
با هەمیشە پڕ بە شانەکانی دەروون
هەڵبمژم بۆنی عەتری

---

[1] کەپوو = لووت

رووباری پرچی فێنکی
کچانی رێی تووی مەلیکو
گوڵی لوتکەی پیرە مەگروون...
***

ئەگەر بوم بە میوانی دوا جێی و هەوارم
مەیەڵن گڵ برژێتە ناو گەروو زارم...
بەڵێن دەدەم دوای هەزاران ساڵو سەدە
ئێسکم ببێ بە دارێکی دەم بە خەندە
لە جێی گەڵا بە گشت لقو چڵیەکیەوە
بشنێتەوە هۆنراوەی جوان...
ئەگەر بە لای گڵکۆکەمدا گوزەر بکات
کچی باڵا بەرزو نیان...
***

## ترس

من ناوێرم خەونەکانم
بەرەڵاکەم بۆ سەر لقی ئاسۆی ساماڵ
خەونەکانم کوکوختێنو
ئاسمان پرە لە واشەو داڵ
***

من ناوێرم وشەکانم
بخەمە سەر پەڕەو کاغەز
وشەکانم... کار مامزن
زەویش پرە لە گورگەلی برسی و نەوسن...
***

هەرچەند خشەی پێی بایەك دێت
سیکاردی ترس... دڵ دەگروێت
دەڵێم دەشێ با بمناسێت

بڕوا بلێیت
ئه لەو ژوره بچوکەدا
شاعیرێ قەلەندەرو شێت
هەر دەنوسێ و هەر دەنووسێ و
کەس نازانێ چی دەنووسێت...
***
جا ئەو دەمە
دەورەم دەدەن
هەزاران پاسدارو قەمە...
***

## چوارەم شاعیر

چوار شاعیر... چوار شیعریان نووسی
یەکەمیان بۆ: کچێکی جوان
دووەمیان بۆ: پێکێ عەرەق
سێیەمیان بۆ: ژیانی خۆی
چوارەمیشیان... بۆنیشتمان...
***
کاتێ دوژمن ولاتی کرد بە ئاگردان
یەکەم لە ژێر قژی کچێکدا نوستبوو
دووەم بە تیشکی خۆزگەی جوان
جۆلانێیە رەنگاو رەنگی رستبوو
سێیەم دارێك بو لە گریان
گەلای فرمێسکی دەوەران...
بەلام چوارەم... لە خوێنا بوو
خۆرێکی دوور لەناو دەمی زامەکەی دا
تازە چاوی هەلێنابوو...
***

که شەو بە پووشی تاریکی
کەپرێکی کرد بۆ جیهان
چەند رەشپۆشێ... بەبێ کفن...
بردیان... سپاردیان بە سەیوان...
***
ئێستا هەر چەن
شەو لە گۆیژە... توورە دەبێ
لە کەلی قین نایەتە خوار
گەر سەرنجی سەیوان بدەن
خۆرێکی دوور بەدی دەکەن...
بە تەوراسی رووناکایی... دادەپچێ
پەلو پۆی ئەستووری شەوگار...
دایدەپاچێ
دایدەپاچێ
دایدەپاچێ و دایدەپاچێ و دایدەپاچێ...
دەڵێن ئا ئەو خۆرە دوورە
خۆرەکەی ناو زامی شاعیری چوارەمە
خەندەی لێوی لێخن ناکات
هەرچی گەردەلوولو تەمە
لقی تیشکی ناشکێنەوە بە هیچ پاچێ...
***

## هاورێکەی با

* ئەوە کێیە... کێیە... کێ... کێ
کەوتۆتە تۆڕی شەوەوەو
لەم شەقامەدا رادەکاو
سینگی دەرگاو
شوشەی پەنجەرە دەکوتێ...؟
* ئەوە منم.. منم.. من.. من
– تۆ کێی دۆستی... یاخود دوژمن؟
* منم... من... با
– ئە بەم شەوە بۆ وێڵی لەم شەقامەدا؟
بۆچی ناڕۆی
لە سووچێکی ماڵەکەتدا
لە کانیاوی خەوی خۆشدا... دڵت بشۆی؟
من ماڵم کوا
من بام... با... با
دەڕۆم بەسەر شەقامو ماڵو چیادا
بەسەر رەزو زێ و دەریادا
یاری دەکەم لەگەڵ بەردی سەر رێگادا
لەگەڵ پرچی کچی جوانو
چمکی تەنورەو عەبادا...
یاری دەکەم...
یاری دەکەم...
لەگەڵ پەنجەرەو دەرگادا...
– ئێستا بڕۆ... لە پەنایێ... پەسارێکدا...
نەختێ بنوو...
بۆ نازانی
هاتنو چوون قەدەغەیە... تا بەیانی!
– ئەرێ برا... یەك پرسیارێ

دوێ شەو لەم بەر پەنجەرەیە
دار هەنارێ
گفتی دا پێم
گشت شەوێ بێم
گەمەو یاریم لەگەڵ بکا...
وا هاتووم یاری بکەم لەگەڵیدا
بۆ دیار نیە... پێم بڵێ کوا
بۆ کام لا چووە... چی دەکا
سەری دەشوا
یا نان دەخوا
یان نەخۆشەو لێی کەوتووە
لەناو جێگا...
یا خەوتووە...!
برا توخوا
ئەگەر وا لەژوورەکەتدا
بڵێ هاورێکەت هاتووە
گەر وتی کێ
پێی بڵێ... با
– ئەم بەیانیە پاسدارێك
پۆستەرێکی بە دەستێکیەوە بەدی کرد
بە تەورێکی دەم ئاسنین...
تەوری چەپەڵیی و رقو کین
لەت لەتی کرد...
* ئەو پۆستەرە من دوێنێ شەو
* لە دیواری کۆشکێکی بەرز
* هەڵمکەندو هێنام بۆ ئەو
بەڵکو یاری پێ بکاتو...
– وەك دەریای مەییو بێ دەنگ بە

گەر پاسدارەکە... بزانێ
کە هاورێی دار هەناری تۆ
ئەو پۆستەرەت بۆ هێناوە
پەلو پۆت بە تەور دەبرێ و
فرێت دەداتە دەریاوە...
– وەك دەریای مەییو بێ دەنگ بە
ئەوا پاسدارەکە دەرکەوت
(کلۆمی دەرگایەك... داخراو
شاعیرێکی خەواڵوو خەوت
پاسدارو تەورەکەی دەرکەوت
با توورەبوو... با... لوولی خواردو
لوولی خوارد
هەرچی خۆڵی زەوی هەبوو...
لە شەقامی شەوی شاردا
بە مشت هەمووی کرد بە چاوی
پڕ لە کینەی پاسداردا...!)
لەو رۆژەوە... چی پاسدار هەن
لە بای ئەم شارە سڵ دەکەن...!
***

## داس

که داسی تیژی تاریکی
دوا خەندەی خۆری درەو کرد
ئەستێرەیەك وەکو کچۆڵەیە چاو شین
هێدی.. هێدی.. کەم.. کەم..
ورد.. ورد
سەری نایە سەر ئەو دیوی پەنجەرەکەم
لەگەڵما دووا بە ئاستەم...
لێمی پرسی:
– تۆ پێم ناڵێی چی دەنوسی...؟
+ شیعر دەنوسم... شیعر
ئەی ئەستێرەی پەرچەم ئاگر...
– شیعر چیە...؟
+ رقەو خۆشەویستییە
پەڵە تیشکێکی سپییە
خەندەی سەر لێوی هەژارە
چەقۆی سەر ملی زۆردارە...
– ئەگەر شاعیر نەبویتایە
حەزت ئەکرد... ببی بە چی؟
– ئەستێرەکە لێمی پرسی
(حەزم دەکرد... ببم بە گوللەی تفەنگێ
که دژی زۆردار دەجەنگێ)
– ئەی تۆ ئەگەر... وەك ئێستا ئەستێرە نەبای
حەزت دەکرد خوا بە چیتری کردبای...
+ حەزم دەکرد... ببم بە چی؟
ئەستێرەکە چپاندی بە گوێمداو گووتی:
+ حەزم دەکرد... ببم بە پێنووسیی ئاگر
شاعیرێ شێت پێم هەڵبەستێ چەمی شیعر...؟

## فەرهەنگی خوێن

یەك دڵۆپێ خوێنی غەسان کەنەفانی
هاتە زمان
چی شاعیری زەوی هەیە
لاڵ بون وەکو:
خۆڵەمێشی ناو ئاگردان...
***
تکێ خوێنی منداڵێکی فەلەستینی
لە سەر شۆستەی شەقامێکدا
بوو بە وشە
چی فەرهەنگی گێتی هەیە
نە جوانییان ما نە ورشە...
***
گوللەی چەتەیە زایۆنی
لە سەر شۆستەیەکی قودسا
دەستی منداڵێکی پەڕاند
ئەو بەردەی کە توند گرتبووی
لە نێو مشتیا
لە ناو خوێنە... گەشەکەیدا
رەگی کوتاو بەرز بوەوەو... بەرز بوەوەو
بو بە بڵندترین چیا...
منداڵێ دی لە حەیفاوە...
منداڵی چی... کڵپەی گڕگرد...
نوسا بە لوتکەی چیاوە
ئاڵایەکی فەلەستینی لەسەر هەڵکرد...
***

## گۆیژە

لەوەتی دونیا... دونیایە
گۆیژە بەپێوە وەستاوە...
هەزار پیاوی مەچەك ئەستوور
بە بارەشێك شكایەوە...
بەفر باری
ئاگر باری...
هێلانەیان چۆڵ كرد دڕندەو پاساری
لافاو هەڵسا
چاوی شیعرو وشەش ترسا
زۆر شاعیریش نوشتایەوە
بەڵام گۆیژە...
تاجی شكۆی خۆی نەشكاندو
هەر بە سەربەرزی مایەوە...
***

## گوڵی سەر گڵكۆ

بۆیە حەزناكەم سێیەم جەنگ
هەڵبگیرسێ
دەترسم خەرمانی پرچت
درەو بكات
داسی گڕو كڵپەی ئۆتۆم
باڵاشت بسوتێ وەك مۆم
***

بۆیە حەزناکەم سێیەم جەنگ

بە سەر نەخشەی نوێی جیهاندا

تێبپەرێ

چونکە تۆ گوڵت خۆشدەوێ

دەترسم هەرچی گوڵ هەیە

لە کوانوی شەڕدا هەڵقرچێ

جا ئەو ساتە... گوڵ نامێنێ

نەك بۆ شایی... بەڵکو بۆ سەر

سوتووی گڵکۆی تۆو هیچ کچێ...؟

***

## تەور

لەو ساوە بۆت باس کردووم

کە حەزت لە سەوزاییە

هەرچی وشەم هەیە وەکو

قژی داری بەڕوو سەوزن

***

لەو ساوە کە پێت گوتووم

کە حەزت لە بەرزاییە

هەرچی شیعرم هەیە وەکو

حەسارۆستو زاگرۆس بەرزن...

***

لەو ساوە بۆت درکاندووم

حەزت لە شەستەبارانە

چی وشەمە بوون بە هەور

لەو ساوە تێت گەیاندووم

کە رقت لە زۆردارانە

چی وشەمە لەسەر ملی

زۆردارانی... بوون بەتەور...!

## شووشە عەتر

هەر پێنج پەنجەم بوونەتە پێنج شوشە گولاو
تك... تك گولاویان لیٚ دەڕژیٚ
نە بۆنی باغ وەها خۆشە
نە ژوری شەوی بوکی دیٚ
نە بوخوردی بەربەیانی جەژنی مزگەوت
ئەریٚ بشیٚ
هی ئەوە بیٚ
کە جانتاکەم لیٚ وەرگرتی
دەستی راستم... بەر دەستت کەوت...!
من نازانم... هەر لەو ساوە
هەر پێنج پەنجەم
ئەڵێی پێنج شوشە گولاوە...!
***

## باو پرسیارو وەڵام

ئا ئەو بایە بەدوای چیدا... رادەکات
چی شتێکی لیٚ ون بووە
بەڵێنی بە کام یار داوەو
لە ژووانی دوا کەوتووە...
ئا ئەو بایە بۆ کویٚ دەڕوات
وا زرمەی پێی
گوێی گەردونی کەڕ کردووە
بۆ رادەکات
خۆشەویستێکی مردووە
یا سەربازەو بیٚ ئیجازە
لە سەربازگە بۆی دەرچووە

یا دەسکورتەو هاوسەرەکەی
لە نەخۆشخانە خەوتووە
بە دوای یەکێکدا دەگەڕێ
کە ئێوارە گفتی هەندێ
دەستقەرزی لێ وەرگرتووە...
یا شاعیرەو دیوانەکەی
بەر تەوراسی رق کەوتووە
ئە بەو جۆرە تورەبووە...؟
***
ئەی- با-کە بۆ وا بە پەلەی
یەکێ لە برساندا دەمرێ
تۆ دەچی نانی بۆ دەبەی
یا منالێ هەژار دەگری
تۆ شتی جوانی بۆ دەبەی
یا کچێکت خۆشدەوێتو
بۆنی کوێستانی بۆ دەبەی
بۆچی ئاوا بەپەلە نێوچەوانی خۆت
بەدەوەنو بەردا دەدەی...؟
گورگێ بەچکەی فراندوویی
ئاوا بەدوایدا رادەکەی
یا ژنەکەت منالێکی لەبار چووە
بەرەو نەخۆشخانەی دەبەی
یاخود داری نیشتمانت
لە ئاگری دوژمناندا
گڕ بەربووە لە برژانگو برۆو پرچی
وا بە پەلەو هەڵەداوان
تۆ بۆ کوژاندنەوەی دەچی...؟
***

با دەرواو لاناکاتەوە
باش وەك کچان دڵی ڕەقە
وەڵامی هیچ پرسیارێکم ناداتەوە
با هەر دەرواو پێدەکەنێ
لە دوور چپەی دەڕژێتە گوێم:
هەرچی شتێ زنجیری (کات)
شەتەکی داو کۆتی بکات
کەڕوو دەکاتو دەگەنێ...
با هەر دەرواو
پێدەکەنێو
پێدەکەنێ و
پێدەکەنێ...!
***

## لە ئارمسترۆنگ بپرسن

لە ئارمسترۆنگ بپرسن
چونە ناو مانگ ئاسانترە
یا گەیشتن
بە دڵی ژن...
لە ئارمسترۆنگ بپرسن...!
***
لە ئارمسترۆنگ بپرسن
تریفەی مانگ نیانترە
یا لەشی ژن...
لە ئارمسترۆنگ بپرسن...
***

لە ئارمستڕۆنگ بپرسن
ئەو لە پێشدا چوە ناو مانگ
یا وشەی من
لە ئارمستڕۆنگ بپرسن...!
***

## ڕەشەبایەکی تر

ڕەشەبایەك لە ڕێیەکی دورەوە هات
زریکانی ئا ئەم شاعیرە چی دەکات
چی بنوسێ ڕای دەماڵم وەك پوشو کا
لەو ڕۆژەوە هەزاران هەزار ڕەشەبا
لەو ڕێیەوە... دێتو دەڕوات
تووڕە دەبێ و قوڕ لە دەرگای شاعیر دەدات
شیعریشم هەر هاژەی دێ وەکو دەریایێ
نالەرزێ بە گەزافی هیچ ڕەشەبایێ...
***
تاریکەشەو وتی: ئەستێرەکانی خۆم
دەکەم بەچرای وشلنو زڕ
دەبا ئیتر
نە دلّداران لە گولّزاری پرشنگیدا
بە خەندەی گڕ
دروست بکەن کۆشکی سەدان هەزار نهۆم
نە شاعیران لێی وەربگرن... بەهرەی شیعر...!
لەو شەوەوە... ملیۆنان شەو
لە لافاوی چرکەی کاتدا
توانەوەو ونبوون... وەك چنگێ زیخو چەو
دلّداران هەر

تریقەیان لێ دەبارێتوترووسکە...
شاعیرانیش نەك هەر بە قەڵەم بە خەنجەر
دەنوسن شیعری بروسکە...
***

## زامێك لە ئاوێنەی وشەدا

بۆ شاعیری فەلەستینی شەهید
- کمال ناسر-

بەحەزرەتی عیسا بڵێن:
گەر ببینێ زامی منالی ئەمشارە
برینی خۆی دادەپۆشێ و
لەو زۆردارانەش دەبووری
کە تا ئێستاش جێ بزماری توورەییان
لەسەر ناولەپیدا... دیارە...
***
بە حەزرەتی عیسا بڵێن:
گەر بزانێ زۆردارانی ئەم سەدەیە
چۆن منالآن دەکوژن وەك مێشو کوللە
ئینجیلەکەی دەسوتێنێ و هاوار دەکات
ئەوەی زللەیەکت لێ دات
بیدەرە بەر رێژنەی گوللە...!
***

## دوو جۆرە مەرگ

ئێوە کە شوشەی ڕۆحتان دەشکێنێ
برووسکەی مردن
لە قاسەی ژوورە نهێنییەکاندا
زێڕو قەواڵەو دراو جێدەێڵن
بەڵام من کاتێ
پەری مردن دێ
تاجی سەفەرم لەسەر سەر دەنێ
لە شوشەی وشەی هۆنراوەی جواندا
جێدێڵم عەتری عەشقی نیشتمان...
کە دێوی مەرگیش ڕاتان دەکێشێ
بە دڕکو داڵدا بەرەو گۆڕستان
کەپرێك لە ئاسن
چواردەوری گڵکۆی تاریکتان دەگرێ
منیش کە چرا
لە ژوری دڵما...
دەکوژێتەوە...
کچە شازادەی وڵاتی خەوتن
دێ بە شنەشن
گڵکۆم پڕ دەکا
لە رووناکایی خۆرێکی مەزن...
دارە بەنێکی نیشتمانیشم لە ڕەگەوە دێ
ژوور سەرم دەگرێ
خۆی بە خۆی دەڵێ:
ئا ئەم شاعیرە سەر مەستی من بوو
با تەنیا نەبێ...
دو کۆتریش دێن
لەسەر لقێکی دارەبەنەکە

هێلانە دەکەن

هەرچەند دوو دڵدار

بۆ ژوانی پاك لەوێ لادەدەن

گۆرانی عەشقی منیان بۆ دەڵێن

عەتری هەڵبەستی منیان پیا دەکەن

***

## بۆ هاوسەرەکەم

بۆچی دەگریت

بۆ چوار پێنج کۆرپەی لەبارچوو

بۆچ بە پشکۆی فرمێسك دڵم دەسوتێنیت

بۆچی گوڵیش لە رۆحما دەکەی بە چزوو

***

دەی گریمان

کورێکمان هەیە... بزێوە...

قوتابیەکە ژیرو جوان

هەمیشە خەندەی لە لێوە...

کە لە دەرگاکە دەدات

یا کە خۆی بەماڵدا دەکات

وشەی باوەو وشەی دایە

وەك دوو خەندە لە دەمیایە...

بەچی دەچێ... هەرچەن باڵای بەرز بێ دەستی

کورتترە لە شالقی خۆری مەبەستی

خەوی خۆشی و ئاسودەیی

گۆشی ناکات

چاوی تامی هێشوی تیشکی

خۆشی ناکات...

کە گەورەش بوو... دوای هەزاران

گۆڕەو شارو سویّ و دەردی سەر
*کیّ ئەڵیّ سەرمایەداران*
نایکەن بە پشکۆی سێیەم شەڕ...!
***

بۆچی دەگریت...
بۆ چوار پێنج کۆرپەی لەبارچوو
بۆچ بە پشکۆی فرمێسك دڵم ئەسووتێنیت
بۆچی گوڵیش لە ڕۆحما دەکەی بە چزوو...!
***

## دووەم هاتنی خانی لەپزێڕین

هەموو ڕۆژیّ شاعەباس
با دەیبا وەك پووش‌و پەڵاس
لەپزێڕینیش هەموو وەرزیّ
لە ترۆپکی حەسارۆستدا... دادەبەزیّ
بنەڕەتی دمدمیّ تر هەڵدەکەنیّ
ئۆردووی شا عەباس راو دەنیّ..
شا عەباس لە خوێندا.. دەگەوزیّ..!

(ئەو چەند دێڕەی سەرەوە لەسەر کێلی گڵکۆکەی پیرەمێرد نوسراوەو هەر کەسیّ شەوی نەورۆز بەلای گردەکەی مامەیارەدا بڕوات گوێی لە پیرە مێردی شاعیرە ئەو چەند دێڕەی سەرەوە بە ئاوازەوە دەڵیّ)
***

لەمەودوا کچانی کوێستان

لە دیوانی شا عەباسدا

نابنە کەنیزەو کارەکەر

بۆ پاراستنی گوڵی سوور

دەبنە تیرو رمو خەنجەر

لەمەودوا کچانی کوێستان

ناڕۆن بۆ ژوانی دڵدار

دەرۆن بۆ ژوانی سەنگەر..

(ئەو چەند دێڕە لەسەر دیواری ئەو بەندیخانەیەدا نوسرابو کە ژنە قارەمانی کورد-ئەختەر- دەرگا ئاسنینەکەی لە گرێژەنە دەرکرد...)

***

- قەڵا بەرزە.. قەڵا بەرزە

قەڵا سەختە

قەڵا بەرزە

قەڵا سەختە

نای رووخێنێ..

نە گڕکان و بومەلەرزە

نە هەرەسی بەفرو شەختە..

قەڵا سەختە

قەڵا سەختە

(ئەوە گۆرانیەکی میللییە لەسەر گەلێ تاشەبەردی دێرینی کوردستان نوسراوەو منالانی گەلێ ناوچەی کوردستانیش ئێوارانی نەورۆز بە دەوری ئاگری نەورۆزدا دەیلێن)

***

من دەزانم جەندرمەکانی شاعەباس
چەند منداڵیان کرد بە نوکی چەند... رمەوە
چەند کچی جوانیان هەڵواسی
بە دیواری سووری یەکەم دمدمەوە...؟

(ئەوە پارچە شیعرێکی حاجی قادر بوو.. لەسەر پارچە بەردێك هەڵکۆڵراوەو شوانێکی دەشتی قەراج دۆزیویەتیەوەو شەوان وەکو سەرین لە سەری دەنوێ)

***

- ئەو خەنجەرەی کە شا عەباس بە نامەردی
لە پشتەوە.. لە ناو جەرگی
یەکەم خانی لەپزێرِیندا شەوێ چاندی
ئەمەتانێ.. لە لای منە
هێشتا خوێنی لەپزێرینی لێ دەتکێ..
خەڵك دەڵێن:
لە جێگەی یەکەمین دمدمدا
ئاوێك هەڵدەقوڵێ
سوور وەك خوێن
خەڵك دەڵێن:
ئەو ئاوە خوێنینە
خوێناوی خانی لەپزێرینە
داستانی کورد قران
شانامەی زۆرداری شا عەباس
باس دەکا بۆ جیهان..!

(ئەوە پارچە شیعرێکی قانیعی شاعیر بوو لەسەر دیواری ئەو بەندیخانەیە نووسیبوی کە لە تارانی تاواندا لە پێناوی ئازادیدا تیادا بەند کرابوو.. شایانی باسە ئەم شیعرە کراوە بە گۆرانی و هەموو شەوێك منالآنی مەهاباد لە مەیدانی چوارچرادا دەیڵێنەوەو پاسدارەکان ناهێڵن تەواوی کەنو دەسرێژیان لێ دەکەن).

***

– ( تا ئێستاش کاروانی و رێبواری ئاواره

بەوێدا کە دەڕۆن.. جار.. جاره

دەروونیان دەتەنێ

دەنگێکی زۆر سامناك

دونیادی‌و پیرەکان

دەڵێن ئەو هاواره

خانزیە بانگ دەکا

(سڵ بکەن.. بترسن.. لەناپاك..

(دەلیلێ.. دەلیلێ..

دەلیلێ.. دەلیلێ..

دەلالۆ.. دەلالۆ

دەلالۆ.. دەلالۆ..)

– ئەوە دەنگی پاسەوانەکانی قەڵای دمدمە گۆرانی دەڵێن–

* (لەپرێزین دێ.. هەموو وەرزێ

لە ترۆێکی حەسارۆست دا.. دادەبەزێ

دەگەڕێ..دەگەڕێ

کەلێنی گشت دارێ.. گشت کەڤرێ

بۆ یەکێ ناپاکە

بۆ یەکێ ناپاکە

دەیەوێ دووبارە

بە ئۆردووی شا عەباس بفرۆشێ

کلیلی دەروازەی

دمدمی ئەم وەرزەی ئەم خاکە..)

***

– لەپرزێرین ئەم جارە.. وەك رمێ..
*وەك سەد رم
* هەزار رم
ناو جەرگی شا عەباس دەسمێ
نەخشەی گەورەی یەکەم دمدم
لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەڵدەواسێ
ئاگرێکیش بەردەدات لە–
وێنەی هەموو شا عەباسێ.. !
(هەموو وەرزێ شا عەباس
با دەیبا وەك پووش‌و پەلاس
لەپرزێرینیش هەموو.. وەرزێ
لە ترۆپکی حەسارۆستدا.. دادەبەزێ
بنەڕەتی دمدمێ تر هەڵدەکەنێ
ئۆردووی شا عەباس راو دەنێ..
شا عەباس لە خوێندا دەگەوزێ...)
***

## قۆزاخەی وشە دوورەکان

(١)

تان و پۆی شەو وا ڕەش نەبوو
بەلاّم کە دی هۆنراوەی من
رۆژی پێنج جار کڕنۆش دەبات
بۆ چاوی رەشی نازدارێ
ئەویش ئاوا
رەش هەڵگەڕا..

***

هەتاویش وا رووناک نەبوو
لە چرایە تەنها دەچوو
بەلاّم کە دی
وشەم کڕنوش دەبا بۆ جوانی
ئەو لەشە
ئەویش بو بەم خۆرە گەشە..!

***

دەریاش ئەوەندە قووڵ نەبوو
بەلاّم کە عەشقی منی دی
ئەویش ئیدی
بووە ئا ئەم دەریا قووڵە..

***

رەشەباش وا بەهێز نەبوو
بەلاّم کە وشەی منی دی
چۆن سەردەدەن
لەچی دیوارو شورایە
ئەویش بو بەم رەشەبایە

***

دارستانیش وا سەوز نەبوو
بەڵام شەوێ ئیشکی گرت
یەک تۆزقاڵێ ڕەنگی دارستانی شیعری
منی دزی
سەوز هەڵگەڕا..
***

وشەش جاران وا ڕوون نەبوو
بەڵام کە دی
زنجو ماڵی
هەژارەکان بێ چرایە
پیتەکانی خۆی لێك خشان
تا ئاگری لە ناخی جەرگی خۆی هەڵسان
***
دەڵێن چیاش وا بەرز نەبوو
بەڵام کاتێ زوحاك گوتی:
دەریایەکم دەوێ لە خوێن
چیا ورد ورد بەرز بوەوە
بەرز بوەوە
بەرز بوەوە
بەرز بوەوە
بەرز بوەوە
هاوار گوڵی کرد لە دەمیا:
خەڵکی دنیا..
ستەم لێکراو.. لە هەر کوێن
بۆ سەر ترۆپکی من هەڵبێن
***

لەو رۆژەوە.. هەر زوحاکێ
ولاَخی قین بەر بداتە سەر هەر خاکێ
خەڵکی دەڕۆن بەرەو چیا
گوڕ بۆ زوحاك هەڵدەکەنن لە بناریا..
***
وەکو دەڵێن..
قەڵەمیش هێندە تیژ نەبوو
بەڵام کە دی ئەژدیهاکێ
سەرچاوەی ئاوی شار دەگرێ
قین پشکۆی گرت لە هەناویا:
ئەوا بووم بە خەنجەرێ
کێ بۆ شەڕی ئەژدیهای رەش هەڵمدەگرێ

— با —

(٢)

با دەزانێ..
با.. با.. با.. با..
کە شمشاڵی شوانێك دەشکێ
چەند ملیۆن فرمێسك دەتکێ
چەند.. دێ سوخمەی بۆ رەش دەکا
هەر بەرخۆڵەیەك دیار نییە
با دەزانێ بە تەنیا با..
وا لە ورگی چ گورگێکدا...!
***

دووکەڵ لەکوێوە هەڵساوە
با دەزانێ لە قودسە یا مەهاباد
پەرچەمی کام دارستانەو
بۆ سووتاوە..!
با لە گشت شتێك دەزانێ
با هەموو کەسێك دەناسێ
تێدەگا لە گشت زمانێ...!
***

## باو تۆڵە

ئەوە با لە دەرگا دەدات
با گیانی ئەو منداڵەیە
کە ئێوارە جەندورمەیە
لەو دارستانەدا کردی
بە خۆراکی نێزەیە
بەم نیوە شەوە هاتووە
لە دەرگاکەی خۆیان دەدات
لەودیو دەرگا
دایکی لە داخا مردووە
شاریش سەرانسەر نووستووە
کەس نیە دەرگای لێ واز کات
ئەو هەر لە دەرگا دەدات
نازانێ دایکی بەبێ گیان
لەودیو دەرگاکە کەوتووە
شاریش سەرانسەر نووستووە
ئەو هەر لە دەرگا دەدات
ئەو هەر لە دەرگا دەدات...!

## بڕگەیەکی بڵاو نەکراوە لە ڕۆژ ژمێرەکەی- مەلا ئاوارە-

### وێنەی نەمر

من دڵنیام... چەندێ بژیم
ڕۆژێ مەرگ دێ بۆ پێشوازیم
بەڵام هەزاران هەزارساڵ
لە دوای مردن
دەرم بێنن لە گۆڕو چاڵ
ئەگەر سینگم بە نەشتەرێ هەڵبدڕن
هێشتا دیارە لەسەر برینی دڵی من
خۆڵەمێشی گوندەکەم و
جێ زنجیری تانگی دوژمن... !
بست بە بستی... ئا ئەم خاکە
جێ بزماری چەکمەی پاسدارو ساڤاکە... !
***

### بەسەرهاتی شوشە عەتر

- نە بەیاننامەی نهێنیم
نە سەری پیاوی رامیاریم
من شوشە عەترم گوڵاوم...
قاچت شکێ
وەك من خوێن لە دڵت بتکێ
بۆچ بزماری پۆستاڵەکەت
چەقاندووەتە ناو چاوم...
چاوت کوێر بێ
ئاگر بەر بێ لە ماڵەکەت
من بۆ ژێر پێی تۆ نەکراوم...
من بۆ کەزیو پرچی خاوم

هەی جەرگی دایکت هەڵقرچیٚ
بۆچی نەتهێشت بگەمە توێی
پرچی کچیٚ...
هەی جەرگی دایکت هەڵقرچیٚ...!
***

## پەیژە

من هەندیٚ جار
وا هەست دەکەم تۆ باخێکی پڕ لە هەنار
منیش منداڵێکم لاسار
لەو دەمەوە کە ئەستێرە
لە گۆمی تاریکی شەودا
مەلە دەکات
تا ئەو کاتەی پرچی هەتاو
دەڕژێتە ناو شەپۆلی ئاو
هەرچی تەختەی ماڵمان هەیە
هەمووی دەکەم بە پەیژەیە
کە پەیژەکەم
تەواو دەکەم
خۆر بە پەنجە زێڕینەکەی
دەدات لە پەنجەرەکەم
پەیژە خۆشەویستەکەم
پەل پەل دەکەم
بە ترسێکی زۆر نامۆوە
پارچەکانی دەخەمە ژێر دۆشەگەکەم...!
***

## قەدەغەیە

لەوەتی خۆر مانگ راودەنێ
تەنها دوو شت
دڵی ئافرەتی پێکاوە...
تەنها دوو شت
یەک: جوانی خۆی
دوو: هۆنراوە...
لەوەتی چیا... چیایە
پاشا ئافرەتی خۆشدەوێ و
چاوی بە شیعرا هەڵنایە...
***

چی پاشایە
پاسەوانی تایبەتی خۆیان داناوە
چی دەرگایە
وا لەسەر پشت
بۆ کچی جوانو ژنی قشت
قەدەغەشە یەک هۆنراوە
سەری بنێ بە پەنجەرەی
کۆشکی بڵندی پاشاوە...!
***

## نیشانه

پێشکەشە بە- سلفادۆر دالی-

دەستت پیسە

وەکو ئەو پەڵە پیتکەیەی

تۆوی گڕی

لە ناو دڵی لۆرکادا چان

پەڕەمووچەکەت نەگریسە

وەك ئەو تەورەی تێکدەشکێنێ

باڵای بەرزی دارە گوێزێکی هەورامان

بۆیەکانت... خوێنە... خوێنی لۆرکایە

خوێنی گیانی شەهیدانی گشت دونیایە

تابلۆکانت... جێیان نیە... نیە... نی... نی

جێیەکیان بێ... تەنها ژێر پێی

مناڵانی ئەسپانیایە...

***

هونەرمەندی... گەورەو راستگۆ

دڵی دەکرێ بە هێلانەی گوللەو چەقۆ

بە بەرۆکدا... هەناواسێ

نیشانەی دەستی فرانکۆ....!

***

## دەنگی زەنگێکی کپ

زۆر.. رقم لە شەرەگایە
بەڵام هەرچەند مرۆڤێکو گایەك لەسەر
سەکۆی یاری شەڕەگادا
لە هەر سوچێکی دونیادا
وەك دوو... دوژمن
ئامبازی یەکتری دەبن
بۆ گاکە ژیان دەخوازم..
بۆ مرۆڤەکەش مردن..!

***

ئەوە بۆچی.. ساڵی سەدان..
گا.. لە جەرگەی گۆرەپانی شەرەگادا
خوێنیان دەبێ بە جۆگەلەو دێن بەلادا
هیچ شاعیرێ دڵۆپێ فرمێسکیش لە چاو
نارژێنێ بۆ گای کوژراو...!

***

بەڵام کاتێ مرۆڤێکی دڕو خوێنرێژ
لە ژێر سمو شاخی گادا
لە خوێندا سمکۆڵان دەکا
گایەك تۆڵەی سەد گای لێ دەسێنێتەوە
دەیان شاعیر، تاکو لۆرکا
تەرمی خوێناویو کفنەکەی
بە مرواری شیعر دەرازێنێتەوە...!
گۆرەکەشی پر پر دەکا
لە گوڵە نێرگزی گریان
ناویشی دەنێ پاڵەوان...!!

## لە پەراوێزی ڕۆژ ژمێری ئەوینێکی کۆندا

### ئەشقی نەمر

من ئاشقی گەلێ شتم
کاغەز.. قەڵەم
سەرگۆی مەمکۆڵەی پڕ ناودەم
لێوی هێشتاکە ماچ نەکراو
پرچی زەردتریش لە هەتاو
سەمای دارو قاقای دەریا
بەڵام هیچیان لە دڵمدا
نازین وەکو ئەشقی چیا.. !

***

### کلی گریان

دارێك پەلوپۆی خۆی شکان
چی باڵدارە لە خۆی تەران
کەمانێك ژێی خۆیی پسان
چی ئاوازە لە خۆی تەران
کچۆڵەیەکی لەش ئاگر
کلپەی پرچی درێژی خۆی کوژانەوە
لەو ڕۆژەوە چاوی شیعر
وا بە کلی گریانەوە... !

***

## دڵم

دڵم لەسنگما نەماوە

لە جێی دڵم وێنەیەکی تۆ دانراوە

جانتاکانت بپشکنە

مەڵێ گومانی لە منە

ئەڵێم نەوەك وات زانیبێ

دڵم شووشەیە گوڵاوە

بزانە بەو خەیاڵەوە

لەسوچێکی جانتایەکدا

داتنەناوە...!

***

## گوڵو یەکتر ناسین

هەمزاتۆفی شاعیر دەڵێ:

کێونشینانی داغستان

کە بۆ دیدەنی.. یەك بچن

خەنجەر بە یەکتر دەبەخشن

***

دەبا ئیتر بۆ قووڵ کردنی پەیوەندی

هەرچی خەنجەرە بیشکێنین

کە دیدەنی یەکترمان کرد

گوڵێ نێرگز لەحەوشەی یەکدا بچێنین...!

***

# هەرەوەز

لە پشت ئا ئەو دیوارەوە
لە سەر ئارەقەی ڕێی وێلم
گیانی شەکەتم جێدێڵم
لەنزیك ماڵی یارەوە
***

مەلی کچی
دای دەپۆشێ بە تۆپەڵە پەڕی سپی
گەواڵە هەورو باران دێن
بە چواردەوریا.. گوڵاڵەو نێرگز دادەنێن
مناڵانیش کۆدەبنەوەو
گۆرانی خۆشی بۆ دەڵێن
پاسدارانیش.. بە هەزار چاو بە هەزار گوێ
بە هەزار لوت بە هەزار پێ
ئەم شوێن ئەو شوێن
هەنگاو هەنگاو بۆی دەگەڕێن
بشێ هەموویان بزانن
کە ئەو گیانە لاسارە
گیانی شەیدای شاعیرێکە
دەربەدەرو بێ شارە...؟
***

## بۆنی گۆرانی

له کەژێکدا دڵی خۆم چان
تا لقی خۆی بداته بەر
ماچی خۆرو خەندەی باران
گەردەلوولێك باوێشکی داو
له رەگەوە دڵمی شکان
دڵی شکاو... بوو به مەلێ
هەڵفڕی‌و منیش کەوتمە دوای
بۆ گشت دەشت‌و ماهو کەلێ
ئەو ماندوو بوو
پەڕی هەڵوەری وەك سووتوو
منیش کفت‌و نیوە مردوو

***

که نیشتەوە... چوو له شایی
کچی ماڵە هەژارێکدا... بوو به نای
فووم پیاکردو چریکانم
دەروێش عەبدوڵلا ئاسایی
به قەتارو ئەلاوەیسی‌و بەستەو ئای ئای
هەڵم وەران گەڵای قەترانی‌و تەماوی
خەوی چاوی
هەموو گوندێ

***

ئێستا له هەر زەماوندێ
گۆرانیەك لەدایك بێ
ئاوازەکەی بۆنی دڵی منی لێ دی...!

## داستانی دوژمنایەتی

دەگێڕنەوە... سەردەمانی کۆن و پێشوو
شاعیرێکی سەوداسەر بوو
شایەك پێی گوت: ئەی شاعیری بەنگی و سەرچڵ
گەر مرواری هۆنراوەیەك بکەی بە ئەوکی تاجمدا
زێرو زیوت بۆ رۆدەکەم بە قەی باڵای هەزار چیا
فەرمان دەدەم کچان شیعرت لە مل بکەن لەجێی
خشڵ...!

***

شاعیر بە برسیەتی نووست شەو
بۆ سبەینێ کە لە گیانی کرایەوە
قەفی زۆلانەی کۆتی خەو
لەبەر دەرگای کچە هەژارێکدا.. وەستا
هەموو زەوی بۆ نقوم کرد
لە بارانی هەوری زێڕینی هەڵبەستا

***

من نازانم وەك باس دەکەن پیرەژن
پاشاو شاعیر لەورۆژەوە بوون بەدووژمن...!

***

## یاداشت

بردمیان... بردمیان... بۆ ئەوپەڕی
جوغزی تاریکی زەوی
لێیان پرسیم: ئەی ئاوارە
تەماشاکە... چیت لێ دیارە...!
بە قینەوە
سەرم نایە کلاورۆژنەی ئەوینەوە
گوتم: بەردەقارەمانو مامەیارە...

***

بردمیان... بردمیان
بردمیان... بردمیان
تورمیاندایە ئەودیو سنووری گەردوون
لێیان پرسیم: بڵێ ئێستا چیت لێ دیارە
چی لە دڵتا بەجێماوە لە یادگاری ئەو هەوارە...
وتم: ناوی ئاوباریکوگاورباغیو پیرەمەگروون

***

هەر لەوێدا... چوار جەندرمە سەریان بریم
ئە بەم دووچاوانەی خۆم دیم
دڵو گیانم... بوون بە باڵدار
ئە بەم دوو گوێیەی خۆم بیستم
وتیان: ئەوا ئەڕۆینەوە
لانە دەکەین لە سەر لووتکەی باوەشاسوار
ئەوە گوێم لێیە دەخوێنن...
بەگوێی یەکدا دەچپێنن:
دەستی ناحەز
چەند درێژ بی
زۆر کورت تر و لە لووتکەی بەرز...!

## دەنگ

با ڕەشەبا
فڕێ بدا
تەوری ژەنگن
نێرگزێك دەیەوێ بڕوێ
تفەنگەکان با بێدەنگ بن
منالێك دەیەوێ بنوێ
چی قەیسەرو پاشا هەیە
با گوێ بگرن
شاعیرێك دەیەوێ بدوێ:
***
ئەوەی نەتوانێ ببێ
بە گوڵ بۆ پەرچەمی کچێ
ناتوانێ ببێ بە دڕك
بە پێی زۆرداراندا بچێ... !
***

## گورزەی ژەنگ

لەسەر پەرەی دەفتەرێکدا
قوتابیە بچکۆلانە
وێنەی تفەنگێکی کێشا
***
ساڵ هاتووچوو
هەزار هەزار
مانگو خۆرو ئەستێرەی نوێ
لەدایك بوو
هەزار هەزار

دارو رووبار

هاتنه کایه

ملیار ملیار

ئاوازی پڕ لە تام‌و سوێ

رژا لە سەد هەزاران تار

قوتابیەکە پەڕو باڵی منداڵی خۆی

کەم کەم سووتان

تۆزقاڵ تۆزقاڵ توڕی دایە

ناو گۆمی با...

ئەو دەفتەرەی تفەنگەکەی تیادا نەخشان

لە تەنەکەی خۆل رشتندا

خۆل ریژێکی پیر گەیاندێ سەر زبلکوان

- با- بە سەد چنگ خاک‌و خۆلی پیا دەکردو

تۆوی گوڵی تیادا دەچان

پەڵە هەوری لێ دەخوڕی‌و

بەسەریا دەیکرد بە باران...!

***

رۆژ هاتوو چوو دەفتەرەکە بوو بە باخچە

گوڵی جوان‌و رەنگاورەنگ

پۆل پۆل رووان لەگەڵ خونچە

لەسەر لوولەو بالآی تفەنگ

***

هەزاران پەپولەو باڵدار

هێلانەیان سازکرد تیادا

مەست ببوون بە هەوری بەهار

هەڵدەپەڕین لەسەر لقی داری بادا...

***

ڕۆژێ ڕاوچییەکی ورگ زل
لەدوای مەلێ ڕۆی بە ڕێکەوت
لەژێر گوڵی پلیشاودا
پێی لە زمەی تفەنگ هەڵکەوت
دەستی ڕقو تۆلەی نایە
پیتکەی نووستووی تفەنگدا
دەفتەرەکە گڕی گرت وەك چنگە کایە
باخچەو گوڵو پەپولەو مەل
هەپروون هەپروون بوون لەژەنگدا...!
***
لەو ڕۆژەوە چی باڵندەو گوڵو دارە
چی گیاندارە
لە هەر کوێ هەن
نەختێ خوێنیان پێوە دیارە
لە تاپۆی تفەنگ سڵ دەکەن...
دوو دوو... سێ سێ
کۆدەبنەوەو ئەمیان بۆ ئەمیان دەدەوێ:
هەموو گیانتان ببێ بە چاو
ببێ بە گوێ
تفەنگ ئەگەر چاویش لێك نێ
بە دڵ نانوێ...!
لەو ڕۆژەوە هەرچی منداڵی دنیا هەن
وێنەی تفەنگ
لەسەر پەڕەی دەفتەریاندا نەخش ناکەن...!

## منو تەورە ژەنگنەکان

من ئەو بایەم
خۆلەمێشی سەدەی خەوم
لە چاوی ماندووی شار تەکان
ئەو هەتاوەم بە رمی تیشك
بەستەڵەکی مێژووم شکان

***

گەر من نەبام
سەدان وشە
دەکەوتن لە گەشەو ورشە
نە ئەفسونیان دەما نە تام

***

کەی بەر لە من
باڵای شیعر هێندە بەرز بوو
کەی بەر لە من
چاوی شیعر هێندە سەوز بوو..!

***

من پێم گوتن ئەم فەرهەنگانە رزیون
فەرهەنگێ نوێم بۆ نووسیوین..

***

چی ئاسنە بیکەن بە تەور
نابڕێتەوە ئا ئەم باڵا لاوازەی من
منم شیعرو برووسکەو هەور
منم چاوگەی وشەی رۆشن

***

هەرچی ئەلێن.. بلێن... بلێن
بخەنە رێ لەدووم سەدان تەوری ژەنگن
یەکەم هەنگاو هی منە من

ئێوە بە شوێن پێی مندا دێن..!
هەرچی ئەڵێن... بڵێن... بڵێن
سوارەکانی ئاوارەی دوای شیعری مەزن
ئێوە هەموو بە جێ هەنگاوی مندا دێن
سوارەکانی ئاوارەی دوای شیعر مەزن
یەکەم هەنگاو هی منە من
هی منە من...
هی منە من
***

## قەرز

هێندە شیعری قژ درێژم
بە کچی جواندا گوتووە
هەرچی کچی جیهان هەیە
قەرزاری ماچی من بووە...!
***

ئەوە بۆچی هۆنراوەی من
ماڵ بە ماڵی شار دەگەڕێ
کیسە خەنەو خۆزگەی مەزن
بۆ هەموو کچێك هەڵدەگرێ
بەڵام کاتێ
من دێمەوە بە ئیجازەی سەربازیم
کچێك ماچێکم ناداتێ
شۆخێك نایە بۆ پێشوازیم...!

## تیری پیری

پێشکەشە بەو کچەی گوتبووی
لەتیف هەڵمەت چ زوو پیر بوو

ترسێك دڵمی کردۆتە لان
ترسی ئەوەی رۆژێ پیری
بەخەم دەگرێ بانگی شێوان
لە لەشما دەچێنێ تیری
***
ئاخ پیری دێ وەك گاسنێ
گیان دەکێڵێو دەیخاتە گل
نامدوێنن... کچێ... ژنێ
ئەوسا شیعریش نامێنێ قل
***
پیری دێتو ئارەزوی دڵ
نەشکاوە لە کچۆلەی جوان
پیری دێتو تینوێتی و کوڵ
نەشکاوە لە ماچی لێوان
***
ئەتوێتەوە... وەك تەمی خەو
جیهانی فراوانی حەز
لێنادا دڵیان بۆم بە شەو
کچی چاو شینو باڵا بەرز
پیری دێتو بەجێم دێڵن
زۆر کچی نازدارو نیان
بەجێم دێڵن سەدان مەمکی
گەرم وەك پشکۆی ئاگردان...
***

کچێ ئەڵێن: تۆ گوتووتە:
لەتیف هەڵمەت چ زوو پیر بوو...
سوێندم بەو دەمە یاقووتە
بە لەشی نەرمی وەك پەموو
پەژارە وا سپی کرد مووم
ئێستاش سەرچاوەی ئارەزووم
بۆ لەشی کچ دەکەم بێزوو..

***

ئەگەر شەوێ رێت کەوتە لام
بۆ تێر بوون لە شیعری بەتام
مەستی کردی وشەی نەوم
نەڵێی ناڕۆم لات دەخەوم
لەلام مەنوو... لەلام مەنوو
ئەی کچی بۆ شیعر تینوو
نەوەك ئاگری ئارەزووم
بتکا بە پەیکەری رەژوو
دوایی کچانی سلێمانی
دەڵێن شاعیرێ گەرمیانی
کچێك حەزی لە شیعری بوو
شەوێ کە چوو بوو بۆ لای
گوێ بگرێ لە شیعری جوانی
ئاگری بەردا لە باڵای
بە گڕی وشە سووتانی
جا ئەو ساتە توانج تیری...!
تیژ تر دەبێ لە هی پیری

## پرسیارێکی دی

ئەگەر ڕۆژێ
خوای هەزار ملیۆن ساڵ بێدەنگ
تووڕە ببێو
عەرشەکەی خۆی بەجێبێڵێ
دەبێ لەسەر زەناری کامن ماهەوە
لەپێناوی چ چینێکدا
دژی کامن شەوەزەنگ
پەلامار بداتە تفەنگ...؟
***

## نمە بارانێك

کە نمەبارانێك بە کەزی کچێکی شەنگەوە
پرشنگێ جێدێڵێ لە چاوی ئەندێشەی خۆزگەمدا
حەزدەکەم شیعرێکی زۆر درێژ بەو نمەبارانە
بنووسم بە جوانی هەزاران کچۆڵەو پەرچەمدا
***

کە باران وەك هەزار ڕمو تیر دەبارێ بە پرچی
کچێکدا کە لە ڕێ چەترەکەی شکاوە
حەزدەکەم چەرمەکەم بکەمە چەترێکی بچکۆلە
بیدەمە ئەو شۆخەی کە لەبەر باراندا وەستاوە..
***

چەرمەکەم لە بری ئەوەی کەپیر بمو بچرچێ
یا لەتوێی قۆزاخەی تاریکی گڵکۆدا هەڵقرچێ
دەیکەم بە چەترێکی بچکۆلەو دەیدەمە دەس کچێ
کە پرچی لە خۆری سەر لووتکەی شاخ بچێ...

# سەرەتایەك بۆ هاتنی یەکەم

ئازارەکەم رووبارێکە
چاوی تینوی زامی دڵم دەیخواتەوە
چاوەڕوانیم پێشنیارێکە
دەستێ نییە بیکاتەوە
خۆشەویستیم پرسیارێکە
کێ وەڵامی ئەداتەوە... !

***

کەی ئاگری فرمێسکەکان
یەکەم هۆنراوە دەنووسێ
کەی باروتی ئازارو ژان
یەکەم هۆنراوە دەنووسێ...؟

***

کەی وشەکان یاخی دەبن
لە بازاڕی بازرگانی
کەی برینەکان گڕ دەگرن
دەبنە سەرەتای گۆرانی... !

***

ئەی نیشتمان من ئەم جارە
نازیم وەك زۆردار دەیەوێ
دوا بڕیارە
نازیم وەك دیوار دەیەوێ

***

گڕی دەنگم زولفەقارە
هەزارەها لاتو مەنات تێکدەشکێنێ
گڕی دەنگم... نەورۆزێکە
دارستانی شەوی مێژوو دەسوتێنێ

***

سەر دەكەوم

خۆم و بڕواو تفەنگم

بۆ حەسارۆست... بۆ ئارارات

بۆ بەرزیەك هەزار نادرشا پێی نەگات

ئەنووسم مردنی شەوم

هەلئەكۆلم سەد داستانی عەشقی خوێنینی ئەم شارە

بۆ ناترسن لە ئاگری رقو كینی ئەم شارە...!

***

تەنیا من نیم

كەوا یاخیم

هاوڕێكانم هەزارەها جوتیارە

هاوڕێكانم هەزارەها برسیو نەخوێندەوارە

هاوڕێكانم ملیۆنەها كرێكارە

هاوڕێكانم ئەوانەن وا... رقیان لە كۆت و دیوارە...!

***

دەبێن... دەبێن ...

دەتانەوێ نیشتمانم بكەن بە دەریای زام و خوێن

دەبێن.... دەبێن...

دەتانەوێ وەك درِك و دالْ لە ناو لەشی نیشتمانی

مندا بڕوێن

دەبێن... دەبێن...

لە هەر كوێوە دێن و لە كوێن

دەبێن.... دەبێن

ئەوەی ئەچێ بە گژتاندا ئەم جارە

هەزارەها لۆمۆبایە..و هەزاران مەلا ئاوارە

ملیۆنەها جەنگاوەری دلْدارە

كە توورەیی ئەوینی ئەیلوولیان پێیە

خۆشەویستی بەفرو گەردەلوولیان پێیە

ناوو وێنەی هەڵقرچاوی
سەدان زیلانیان پێیە
خەمی دڵی ساواو لاوی
سەد حوزەیرانیان پێیە
***
بابەگورگوڕیان پێیە
هەزار ئاگردانیان پێیە
نەخشەی نهێنی راستی
یەکەم نیشتمانیان پێیە
***
ئەی شارەکەم من ئەمجارە
یاخی دەبم لەم دەستارە
***
رووباری گڕ هەڵدەبەستم بۆ بیابان
گوڵی ئاگر دەدەم لە پەرچەمی ژیان
منم ئەڵێم خەمو ئازار
ئەبێ بە چەپکە ئەرخەوان
ئەبی بە شەکرو حەلوای
یەکەم رۆژی هاتنە جیهان
ئەبێ بە رووباری خەندە
بە هۆنراوەی رووناکو جوان... !
بۆ پێشوازی دەزگیران! !
من ئەمجارە خۆم دەزانم..
چۆن ئەکێشم نەخشەی تازەی نیشتمانم
***

من شایەتم ئەزانم کێ
چراکەی دێوجینی شکان
ئەزانم کێ دووبارە دمدمی رووخان..
ئەزانم کێ ئیفلاتونی خستە مەزات
ئەزانم کێ حاجیو نالی دەربەدەر کرد لە وڵات
من شایەتم ئەزانم کێ
چاوی نەغەدەی دەرهێنا
ئەزانم کێ... نیشتمانمی
خنکان لەلافاوی خوێنا...
من شایەتم
من شایەتم
ئەی خوای دادگا... نازانی کێم..
بگرە شناسنامەکەم
ئەمن لەتیف هەڵمەتم...!
***

## ساڵنامەی سەدەی بیستەم

(١)

لافاوێك دێ.. لافاوێ تاریك.. پڕە لە زام..

لە مەرگ.. لە نەخۆشی لەماری خەم لە كرمی

گڕ...

كەس سامۆتەكەی ترسو بیم فریشكی نەخات!

ئەم لافاوە سەرچاوەكەی شەختەو زوقمی ناپاكییە

دەدا بەسەر شارو دێدا

بووكەشووشەو شانەو ئەنگوستیلەی زێڕینو

كۆشكی زیوینو

هەزار شتی جوانو ئاڵو واڵا

لە شەقامە داوەكاندا رۆدەكات

كەس دەستی بۆ نەبات

هەمووی لەمین و بۆمبای پڕ لە ئەسپێی مەرگە!

من نازانم ئادەم كەی لە بەهەشت دەركرا

بەڵام دەزانم كەی كۆلۆمبس ئەمەریكای دۆزیەوەو

كەی هێروشیماو ناكازاكی

لە گەرداوی ئەتۆمدا پەڕو باڵیان بوو بە تەم...

دەشزانم لە كەیەوە لووتكەی هەڵگورد نیشتمانی

منو هەتاوە...!!

ئەی مێژوو بۆ زالوی بی دەنگی

گەرووی ویژدانی قەمتەر كردوویی

دە بە چەند وشەیەك زەوی بهەژێنە...!

ئەی برسییەكان

بۆ بوون بە قاوی بەردە ئەستێی نەیرۆن...؟

– ئەوە كێیە زریكە لەدەرگاكانمان هەڵدەسێنێ..؟

– منم... من... هەواڵم پێیە... هەواڵێ دڵ

دەكاتە

باخچەی خەونی فێنك...
– تۆ کێی؟
– من ئەلێی!!
من... منم... ناونیشانم
چیایەکی بەرزە
ناویشم گۆرانییەکی ئاگرینە...
(هەتاوێ گەش
لافاوە تاریکەکە دەکات بە تەمێکی سەرەڕۆ
لافاوە تاریکەکە چرای دڵە شەیداکانی پێ
ناخنکێنرێ
دوای لافاوەکە ئەو زەردەخەنەیە
لە باڵەخانەی خەونەکانماندا سەما دەکات
کە لە دووکەڵی سەدەی بیستەمدا
خرابووە قەفەزەوە...!
هێلکەی خەو بشکێنن
ئەمە ئەو هەتاوەیە لەسەر شیشی دەلاقەکان
قەڵەمباز دەدات
کە بە زەردەخەنەی قوربانیەکان دروست کرا
هێلکەی خەو هەپروون هەپروون کەن
خەو کالاسیو گەنە بە لەش هەڵدێنێو
وشەو ئەوین دەکات بە زەنگو کەپوو...!)
دووکەڵێکی دوور دەیەوێ
مانگی ئاسمانی ئەوینم لووش کات
بۆ ئەوەی وشەکانم لە تاریکاییدا کرم بیان خوات!
دەسا ئەی بارانی شاراوەی
پشت ئاسمانە چاوشینەکان
دووکەڵ تەفرو توونا کە
دووکەڵ وەکو گردی خوێ رامالە

دووکەڵ بکە بە پاروی بۆشاییەکی برسی!
مانگی ئەوینم لە تەپکەی مەرگ دەرباز کە
با کچە قژ زەردەکانی شارە بچکۆلەکەم
لەبەر پەنجەرەکانیاندا کەزیو بسکی لەبەر دابێنن
لەوەتەی گەردوون پێدەکەنێ
مانگی ئەوینم لە ریچکەو رکانی تاریکیدا
سەرەتاتکێ دەکاو دووکەڵ راوی دەنێو
شمشێربەدەستەکان هەڕەشەی لێ دەکەنو
پرچە زەردەکەی لە شەقامەکاندا
دەکەن بەسووتوو
بەڵام ئەو هەر گۆرانی دەچڕێو
ئاوازەکانی وەکو کۆمەڵێ منالی لاسار
باڵەخانەکان پڕ دەکەن لە دەنگ
دەنگی مانگی ئەوینم
دەگاتە هەموو دەرگاو قەڵاکان
دەنگی مانگی ئەوینم
ئەو هەتاوەیە کە ئەسکەندەری مەقدۆنی
نەیتوانی لەدیۆجینۆسی زەوت کات...!
دەنگی مانگی ئەوینم... شادییە شادی...
ئایە ئێوە چەژی شادیتان کردووە؟
قوربەسەر ئەو کەسەی دڵداری لەگەڵ شادیدا ناکا
گێلە ئەو کەسەی لە شەوە بۆگەنەکاندا
چەرمی پێی بەدوای شادیدا چەقۆی درکو داڵ
نایخوات..!
گەلێ جار دەڵێم زمانی خۆم لغاو دەکەمو
وشەکانم لە بەستەڵەکی شەودا زیندەبەچاڵ
دەکەمو لە نووسینی هەموو هۆنراوەیەکدا
پەشیمانییە ژیلەمۆ رەنگ گێنگڵم پێ دەدات

وەکو پەشیمانی باوکە ئادەم
دوای کرۆشتنی سێوە قەدەغەکە...!
بۆ کێ بنووسم؟
بۆ کێ توێژو کاژی دەستو پەنجەو رووناکی چاوم
بە قەڵەمو دەفتەرەوە مێشو مەگەز بیلێسنەوە
بۆ کێ گورگی هەژاری لە ماڵە تاریکەکەمدا
پەروەردە کەم؟
ئەوەتا برسیەتیەکی قورس گوریسی خۆی
لەملمدا شەتەکداوەو
بەپانیو پۆڕی گێتیدا خولم دەدات
ئەوەتا هەژاری وەك لافاو رام دەماڵێو
منیش لە جەرگەی شەپۆلە بەرەڵاکانیدا
وەکو منداڵ ترس دەمگرێو ئەزنەك دەدەم
من دەمەوێ هەرچی خۆشی دنیا هەیە
بیکەم بە چرای زنجە تاریکەکان
بەڵام لافاوە تاریکەکە وەك ئەژدیهاك
ددانم لێ جیڕ دەکاتەوە
دە ئەی دەستە برسییەکان
با بە هەمووماں بەربەستێك درووست کەین
دژی لافاوە تاریکەکە
ئەوەتا منداڵەکانی ناو منداڵدانی مێژوو
بە دووچاوی پڕ لە قۆزاخەی خەندەوە
سەرنج بارانمان دەکەن
پڕ بە هەموو هەستیم گوێم لە دەنگیانە
بانگمان دەکەن
– مەیەڵن لافاوە تاریکەکە چاوەکانمان دەرخواردی
کرمی برسیەتی بدات...
مەیەڵن... مەیەڵن...!!

– ئەی مناڵەکان چاوەڕوانی چین
ئەم رۆژگارە رۆژگاری ئازایی نیە
ئەی منالەکان چاوەڕوانی چین
ئەم سەردەمە سەردەمی ترس‌و درۆیە
کێ دەوێرێ بەگژ ئەم لافاوە تاریکەدا بچێ؟
کێ دەوێرێ ... کێ دەوێرێ !!
ئەی منالەکان کە دێن
ئەو خەنجەرانە لەگەڵ خۆتاندا بێنن
کە باپیرەکانتان پاسەوانی خێوەتەکەی
شا عەباس‌و تەیمورلەنگیان پێ دەکرد
هەر چوار لای گەردوون... دێوو درنج‌و
مۆتەکەو مێردەزمەو قولەبیانی‌و شەولەبان‌و
ئاڵ‌و شەوەو گورگی هارە...!
– کەس بەبێ خەنجەر سەری خۆی پێ ناپارێزرێ
– کەس بەبێ خەنجەر مافی ژیانی نیە!!
(٢)
وشە پەنجەرەی دڵە شێتەکەمە
ئەرێ ئێوە لەم پەنجەرانەوە
من بەدی ناکەن لەگەڵ خۆشەویستمدا
لە خۆرەتاوی ئەویندا مەلە دەکەین...؟
ئەی دڵە بچکۆلەکەم
من ژانی ئاوارەیی تۆ دەنۆشم‌و دەیکەم بە رووباری شیعر
من خۆزگەی شەوانی تۆ لە شەپۆلی هەورەکاندا
تۆمار دەکەم
هەرچی خۆشی بوون‌و نەبوون هەیە
لەسەر سووسەی دەلاقەیەکتدا رۆ دەکەم
ئەو رەشەبایەش باڵ بەست دەکەم
کە شووشەی چرا دەم بە خەندەکان

بە زمانە دووکەڵەکەی تەڵخ دەکات...!

– من ئەو ئاگرەم کە هەرگیز ناڵەو نێڵەو نرکەم

نابێ بە زێی خۆڵەمێش

(ئەوە دەنگی دڵمە)

– من ئەو چەمەم کە هەمیشە رۆژ وەك پەرییەك بە

نهێنی مەلەم تیا دەکات

(ئەوە هاژەی خوێنەکەی مەلا ئاوارەیە)

– من ئەو خۆرەم کە هەرگیز کرمو مێشوولەی شەو

بەتیشكو پرشنگم ناگات

(ئەوە دەنگی ئەو منالآنەیە کە هێشتا پێیان

خاکی زەوی ماچ نەکردووە)

– ئاگادار بن لە هەموو میرنشینییەکدا

(لەشکری)یەك هەیە

(ئەوە دەنگی خانزادە)

– ئەرێ ئەو تارماییانە مرۆڤن یا کەنوو...؟

(ئەوە دەنگی ئەحمەدی خانییە)

گیانم بارانێکی خەستەو

بەسەر لقی ئەرخەوانی شادیمدا دەبارێو

لەسەر پەلو پۆکەیدا

هێلانەی هۆرەی ئاشقانە دروست دەکات..

کۆمەڵێ منداڵ گازم دەکەن:

– ئەی شاعیرە لاسارە برسییەکە

گۆرانیەکی تازەمان بۆ بڵێ:

* (هەرچی منالێك بەستەی دزراوە

هەزار بەستەی نوێ لە باوەش ئەکا

هەر دڵۆپەیە خوێن کە رژاوە

هەزاران هەزار چرا گەش ئەکا

تاریکی وەکو ناڵی ئەسپ دەسووێ

دڵتان هەزاران خۆری تیا دەڕوێ
شەق ئەبا زالووی قوڕقوڕاگەی شار
زەوی پڕ دەبێ لە خەنینەی نوێ)
– لە هەوارگەی خانوویەکی سووتاودا مناڵێك
دەگریا لێم پرسی: چیت دەوێ؟
گوتی: چڵێك زەیتوون
لە باخێکی بەقەرەبرووت کراودا باڵندەیەك
قونە قونی بوو...
لێم پرسی: چیت دەوێو بۆچی دەگەڕێی؟
وتی: چڵێك زەیتوون
بە دڵدارەکەمم گوت: لەجەژنی یادی دڵداریماندا
چیت پێشکەش کەمو چیم پێشکەش دەکەی؟
گوتی: چڵێك زەیتوون
کە خەو پرچە سەوزەکەی خۆی بۆ کردم بە کەپر
لەخەومدا نەیرۆن زیندوو بۆتەوەو بوەتە قەراڵی
هەموو جیهانو
بڕیاری دەرکردووە هەرچی دار زەیتوونی جیهان
هەیە
هەمووی بکرێ بە خۆڵەکەوە...
بەر لەوەی دەستم لە ملی بووکی خەو بترازێ
گوێم لێ بوو پیرەژنێك گوتی:
* دەڵێن دوو برین لەسەر شانی نەیرۆن رواوە
بە خۆڵەکەوەی زەیتوون نەبێ
کەفو کوڵی ژانو سوێی دانامرکێ...!
شەوێك هاوارم کرد: دەستی دایکم پڕە لە لقی
زەیتوونو گوڵی شادی..
تیرێکی ژەهراوییان لە دەستی دایکمدا چاند
بڕوانن ئەوە خوێنە پیرۆزەکەیەتی

لەبەر ماڵماندا بووە بە کانی
ماڵەکەشمان ئەمەتانێ لە سوچی چەپی دڵمدا
حەشارم داوە
ناوێرم لەهیچ زەوییەکدا داینێم...
ئەری بشێ ماڵەکەمان شانەی نەخۆشییەکی نامۆ نەبێ
وا هەموو پاسەوانەکانی جیهان لێی دەترسن! !
ئەو باڵندەیەی لە دارستانە سووتاوەکەدا
گۆرانی دەچڕی گوتی:
– لانە دەسوتێ بەڵام شادی
هەر دەمێنێ
شادی هەرگیز داوی زۆردار دیلی ناکات
شادی تەنها هەر لەماڵی هەژاراندا
کەوی دەبێ!
ئەی دایە گیان بە نووستۆکانی ناو کەنووی ترس
بڵێ: با دەنگیان بێ
دەنگ پەنجەرە ئەنگوستەچاوەکان
دەکات بە باخی رووناکی
دەنگ لافاوە تاریکەکە دەترسێنێ
ئەوەی دەنگی نەبێ مرۆڤ نیە تارماییو سەهەندە
ئەوەی بێ دەنگی لغاوی کات
مێروولەو قالۆنچەو سیسرك تێی دەدات!
***

دوو هۆنراوەم بۆ خۆم کرد بە جوتێ شاباڵو
ئاسمانم بەرەو مانگ بڕی
لەرێ ( ڤالەنتینا تریشکۆڤا)م بینی
هەوری فرمێسك دیدەی پۆشی بوو
گوتی: ئەی شاعیرە بەناهەق بەردەباران کراوەکە
مانگ لەنیشتمان خۆشتر نیە !
گەڕامەوەو هەرچی ئەستێرەی ناو
کانیاوەکانی هەیبەت سولتان هەیە
کۆم کردەوەو ویستم هەڵبەستێکی
بۆچاوی نیشتمان پێ بنووسم
لافاوە تاریکەکە تا کەمەری هەیبەت سوڵتان هاتو
کانیاوو ئەستێرەکانی لووش کرد...
چەند دڵۆپە خوێنێکم لە دڵم دزی و
درێژترین هونراوەم دەربارەی خۆشەویستی
نیشتمان پێ نووسی
هونراوەکەم بوو بەگەورەترین هەور
بۆ نازانن هەرچی هەورە بۆنی خوێنی دڵمی
لێ دی ...!!
...
هەڵگورد سەری منەو
سیروانو تانجەڕۆ هەردوو دەستم
خەونی من دارستانێکی بێ کۆتاییە
هەزاران هەزار باڵندەی ئاوارە لانەیان تیادا چنیوە
هەرچی وشەی فەرهەنگی دنیایە
لەژێر زمانمدا کۆی دەکەمەوە
ئەوەی دێڕێ بنووسێ دەبێ پرس بەمن بکات
ئاگرێکم دووکەڵەکەم هەڵبەستەو
ژیلەمۆکەم نێرگزەجاڕەو
نێڵە نێڵم زەنەی گۆرانی تووڕەیە

تەماشا کەن... کێ دەڵێ: من چەمی ئاگرنیم...!
ئەوە نیە هەر دە پەنجەکەم بوونەتە هەوری
ڕەنگو
هەردوو چاوم بوونەتە دوو گۆمی گڕ...!
لەخەومدا ئەبو زەڕی غەفاریم دی
گوتم ئەی سەرکردەی هەژاران ئامۆژگارییەکم بکە
گوتی: بەهەژارەکان بڵێ: کەس نانی تەلارەکان
نەخوات
ترس و بیمێکی ئەفسانەیی ئامێتە کراوە
هەر کەسێ جارێ تامی بکات
نەزمانی دەبێ گۆرانی دڵداری بڵێ‌و
نە دەستی گۆ دەکا ڕوو بە ڕووی ستەم
شمشێر هەڵگرێ !!
ئەوەتا لافاوە ڕەشەکە
کرمی پەتاو سەراسێ لە ماڵە هەژارەکاندا
ڕۆ دەکات
ئەوەتا گلۆڵەی برسێتییەکی هار
بووەتە ڕایەخێکی گەورە.
لە هەموو ماڵە هەژارەکاندا
ئەوەتا خەم بووەتە نالەبارترین دڕندەو
پەلاماری هەموو ماڵە هەژارەکان دەدات
دە ئەی شمشێرەکان کەی لەکێلان دەر دەچن...!
( وا لافاوە تاریکەکە هەموو زەوی داگیر دەکات
بواری ڕزگاربوون نەماوە باوەشی من نەبێ)
ئەوە دەنگی لووتکەی حەسارۆست بوو...
کێ دەیەوێ لافاوە تاریکەکە قووتی نەدات
با لە لووتکەی حەسارۆستدا تاشە بەردێك بکات
بەماڵ...!




# گورگەکانی لەتیف هەڵمەت

## بارانی شیعر

دەستم بگووشە

وشە دەبارێو شیعر دەتکێ

دەستت دەگووشم

پێنج شووشە عەتر لە دەستما دەشکێ

***

## ئۆپەرێتی
## گۆڕانکارییەکانی گورگ

* گورگ... ڕەشە... سوورە... زەردە... پەمەییە

سەوزە... شینە... کاڵە... مۆرە

گورگ سپیە

پەڵە پەڵەیە... بۆرە...

گورگ ڕەنگو چەشنی زۆرە...

– هەر ڕەنگێ بێ

– هەر چەشنێ بێ

* هیچ کێشەیەکی نیە گورگ

جگە کێشەی ناو لنگو ورگ

***

– گورگ چیە ؟

(منداڵێك ئەو پرسیارەی کرد)

* گورگ دڕندەیە کێوییە

بەرخو کارژۆڵە دەخوات

پەلاماری مرۆڤ دەدات

چەندێ بخوات

چەندێ لووش کات

– گورگ تێربوونی بۆ نیە

– هەر برسیەو هەر برسیەو هەر برسیە

– نەء وا نیە... نەء وا نیە

ئەم قسانە دەربارەی گورگ رەوا نیە

* ئەی گورگ چیە؟

– گورگ ئێستاکە... کەڵبەو چرنوکی نیە

بەرخ‌و کارژۆڵە ناخوات

پەلاماری مرۆڤ نادات

وەك من‌و تۆ شاری‌و شارستانیە...

* شاڵی بەستووە حاجییە

* بۆینباخی لە ملدایە ئەفەندیە

* بەڵام چیە

حەز لە سیاسەت ناکات

رقی لە رامیاریە

سەر بە هیچ لایەنێك نیە..

* نە پارتیە

نە کۆمەڵەو یەکێتیە

نە مارکسی‌و نە ماوییە

نە پاسۆکە... نە یەکگرتن... نە سۆسیالیست

نە بزووتنەوەی ئیسلامیە

نە دەعوەیەو نە بەعسیە

نە پارتی زەحمەتکێشانە

نە سەر بە تورك‌و ئێرانە

بابایەکی بازرگانەو بازرگانەو بازرگانە...

– هەموو شتێك دەفرۆشێ

هەموو شتێك دەکڕێ

هەموو شتێك دەفرۆشێ

* سوخمەی مەمك... تلیاك... دەرپێ

* هەموو شتێ

* هەموو شتێ
* هەموو جۆرەکانی وێسکیو... بیرەو پاکەت...
* هەتیو... ئافرەت
* سەری شەهید... فەرشی مزگەوت
* خوێنی منداڵ... بانزین... گاز... نەوت..
* بەرماڵ... تاقمی پەرداخی مەیخانە...
– هەموو شتێ
– هەموو شتێ
* تەنانەت ئەم نیشتمانە...!
***
* گورگ... رەشە... سوورە... زەردە... پەمەییە
سەوزە... شینە... کاڵە... مۆرە
گورگ سپیە
پەڵە پەڵەیە... بۆرە
گورگ رەنگو چەشنی زۆرە
هەر رەنگێ بێ
هەر چەشنێ بێ
هیچ کێشەیەکی نیە گورگ
جگە کێشەی ناو لنگو ورگ

* گورگ ئێستاکە بێ چڕنووکو بێ ددانە
تۆبەی تەواوی کردووە
ئەندامی پەرلەمانە
هەقی لە هیچ شتێ نیە
تەنیا وەستای دروست کردنی گیرفانە
گیرفان... گیرفان
پارەی سپی تیا هەڵدەگرێ
بۆ رۆژی رەشو تەنگانە
* گیرفان... گیرفان

گیرفانی قووڵو زلو پان

– ئەم سەدەیە

– سەدەی گورگی بێ چڕنووکو بێ کەڵبەیە

– سەدەی گورگی گیرفانە

گورگی گیرفان

* گیرفان... گیرفان

((پیرەمێردێك بە شێوەی گۆرانی دەنگ هەڵدەبڕێ و دەڵێ)):

– گورگ ئێستاکە

بەرخو کارژۆڵە ناخوات

خوویەکی تری گرتووە

خوویەکی تر

کارگەی قیرو

هەزاران تەن چیمەنتۆو

هەزاران فەردە گەنمو

هەزاران لۆری تایەو

هەزاران فەردە شەکرو

هەزاران کارتۆن سابوونو

هەزاران لۆری فافۆنو

دەیان هەزار لۆری مسو

هەزاران لۆری برنج

بە کولفەیەکونێ هەمووی

دەکا بە یەك تیکەی قنج....!

((پیرەمێردەکە بەدەم گۆرانی گوتنەوە لە چاو ون دەبێ))

***

((دەنگێك))

* گورگ جێگای باوەڕ نیە

جێی گومانو مەترسیە

گورگ هەر گورگە

گوتویانەو دەڵێن: تۆبەی گورگ هەر مەرگە

– کاتی ئەم قسانە نیە
ئەم قسانە سوودی چیە؟
– ئەوەی ئەم قسانە دەکات
لە بەرەی ئێمە نیە
خزمەتی بێگانە دەکات
لەم گەلەی ئێمە نیە...
* ئەوەی پاساو بۆ گورگ بدات
بەرگری لە گورگ بکات
خۆیشی گورگە
ئەوەی ڕێ بۆ گورگ خۆش کات
ئەوەی پایە بە گورگ بدات
ئەوەی چاوپۆشی لە گورگ کات
خۆیشی گورگە...!
– ئەوەی خەمی برسیو هەژارانی نەبێ
– ئەوەی خەمی رووتو بێکارانی نەبێ
– ئەوەی خەمی هاوینو زستانی نەبێ
– ئەوەی خەمی هەرزانیو گرانی نەبێ
کۆرس: لە ئێمە نیە گورگە...
کۆرسو بینەران پێکەوە: لە ئێمە نیە گورگە...
* ئەوەی خەمی ئەم نیشتمانەی نەبێ
* ئەوەی خەمی ئەم هەژارانەی نەبێ
کۆرس: لە ئێمە نیە گورگە
کۆرسو بینەران پێکەوە: لە ئێمە نیە گورگە...
بەرەی ئێمە نیە گورگە...
بەرەی گورگە...
بەرەی گورگ...
بەرەی ورگە...
بەرەی ورگە...
بەرەی ورگ...!

* (دەنگێك)

(گورگ هەر گورگە

گورگ باوەڕو تۆبەی نیە

گورگەو گورگە

گوتوویانەو دەڵێن: تۆبەی گورگ هەر مەرگە

گورگ هەر گورگە...

گورگ هەر گورگە

گورگ رەشە... سوورە... زەردە... پەمەییە...

سەوزە... شینە... کاڵە... بۆرە

گورگ سپیە

پەڵە پەڵەیە... مۆرە

گورگ رەنگو چەشنی زۆرە

* هەر رەنگێ بێ

* هەر چەشنێ بێ

* هیچ کێشەیەکی نیە گورگ

کۆرسو بینەران پێکەوە: جگە کێشەی ناو لنگو ورگ

گورگ هەر گورگە

گورگ هەر گورگە

گوتویانەو دەڵێن تۆبەی گورگ هەر مەرگە

گوتویانەو دەڵێن: تۆبەی...

گورگ هەر مەرگە

مەرگ

مەرگ

مەرگ...!

***

# پلەی ماچ

ئەرێ
پلەی بوومەلەرزەی ماچ
بە چ جۆرە بارۆمەترێ
دەپێورێ...؟
***
ئەرێ
دەم چەند ملوێن ماچ دەگرێ؟
ئەرێ
کاتو وەرزی لێکدابڕان
ماچەکانمان بۆ کوێ دەچن؟
ئەرێ بشێ ماچەکانمان
لە ڕێو باندا تووشمان ببن
بماننناسن؟
ئاخ دەترسم ماچەکانمان
لە تاریکی شەقامێکدا ئۆتۆمبیلێ
بیانشێلێ
یا بەر گوللەی وێڵ بکەون...!
***

## ئەو پەنجەرانەی کە داناخرێن

١- پشکۆی دەمی تۆ نەبوایە
بێ ئاگر بوو ئەم دونیایە..

***

٢- گەر بتوانم
دەبم بە سووراوو سپیاو
خۆم لە دەمو لێوت دەگرم
گەر بزانم
مەرگم کەیە
لە نێوانی هەردو مەمکی تۆدا دەمرم..!

***

٣- خەو دەبینم
لە بیابانێکدا بمرین
دەستی خۆمان بۆ یەك کرد بێ بە سەرین
جا ئەو ساتە بە مردوێتیش
تۆزقاڵ تۆزقاڵ تێکەڵ دەبین...!

***

کاتێ پەنجەم تاڵێ لە پرچت ماچ دەکات
ئاوازێکی وا بە جۆشی لێ دەتکێ
پەنجەکانی چایکۆفسکی لە بێ دەنگیدا دەخنکێ
تەنانەت باش زمانی خۆی لە گۆ دەخات...!

***

وا هەست دەکەم
من لە نەوەی ئەو خێڵانەم
کە دێر زەمان
سوژدەی پەرستنیان دەبرد
بۆ ئاگردان
ئەگینا بۆ

کڕنووش دەبەم
بۆ پشکۆی گەشی دەمی تۆ...!
***

## گۆرانی

گۆرانی ئەوین لە گیانم دەڕژێ
دڵنیام یەکێ
هەر هەیە لەودیو دەرگاکەمەوە
گوێم لێ رابگرێ
***

## وشە

وشەم بە گڕی فرمێسکم دەشۆم
دڵنیام یەکێ
لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
لە برسا دەمرێ
***

## پشکۆ

پشکۆی وشەیەك
دەسپێرم بە با
دڵنیام یەکێ
جگەرەیەکی هەر پێ هەڵدەکا
***

## پەنجەرەو چرا

دڵی خۆم دەکەم
بە چراو دەیبەم
دایدەنێم لەبەر پەنجەرەی ماڵێ
دڵنیام یەکێ لە تاریکیدا
دەگریو دەناڵێ...!

***

## شارە ونبۆکانی لەش

لەشت پەڕەیە سپییە
سپی... سپی
وەك یەکەم بەفری زستان
خەو دەبینم
درێژترین هۆنراوەمی
تیادا بنووسم بە زمان

***

وێنەی دەمتم کێشا لەسەر بیابانێ
هەموو بیابانەکانی جیهان
پڕاو پڕ بوون
لە گوڵاڵەو چۆلەکەی جوان

***

چونکە خاوەنی دەمی تۆم
چونکە ماچی لێوو گوناو
سەرگۆی مەمکی تۆ دەخۆم
داوای لێ بوردن دەکەم
لە منداڵانی عێراق
لە نێرو مێی وڵاتەکەم

دەبێ تۆش هەر لێم ببووری
بێ باکم لە: گەمارۆدانی ئابووری!
***

## وشەم

١- وشەم وەک چیا بڵندن
وەک زۆر دکتۆرو بازرگان
خوێنی کەسانی دی نامژن
وشەم وەک چیا بڵندن
نەبوونەتە کۆیلەی دوژمن
ئەی ئیتر بۆ خوێنمژان خەڵات
دەکرێنو
وشەکانی من دەکوژن...؟
***

٢- وشەم پڕ کرد لە خەندەی تۆ
دەفتەرەکەم بوو بە بێستان
تۆزێ رەنگی چاوتم دزی
ژوورەکەم بوو بە دارستان
نەختێ عەتری لێوتم مژی
ئیتر بووم بە هەورو باران
ئێستا بە هەر کوێدا بڕۆم
باخی گوڵ جێدێڵم لە دوای خۆم
ئێستا هەر شیعرێک بنووسم
لە جێی وشە گوڵ دەبارێ
لە پێنووسم!
***

## نەورۆزێکی فەلەستینی

چەند منالێ لێیان پرسیم: گەر نەورۆز هات
بە بەفرو بەستەڵەك دای دڕ
بۆ پێشوازی چی دەکەیتە مەشخەڵو گڕ... !
وتم: لقی داری شیعر
وتیان ئەگەر چڵێ شیعر بسووتێنی
هەموو گەردوون دادەپۆشێ سووتوویە چڕ..
وتم: ئەم دڵە شەیدایە
لە پێشوازی نەورۆزماندا
دەسووتێنم وەك چرایە
وتیان نابێ دڵێك ببێ بە کڵوکۆ
نەخشەی نیشتمانی تیایە...
وتم: دەستم دەکەم بە مەشخەڵێ مەزن
وتیان نابێ دەستێك ببێ بە خۆڵەمێش
وشەی وەکو هەزار هەزار دەرزیو شووژن
چەقاندووە لە گلارەی چاوی دوژمن..
گوتم دەچم
نەخشەی کامپ دیڤید دێنم
لە نەورۆزی تازەماندا دەیسووتێنم
مندالەکان
تێکڕا کەوتنە چەپڵەرێزان
***

## نـــاو

که دەنووسم
بۆنی پرچت هەڵدەقوڵێ
لە پێنووسم
کاتێ دەدوێم
یاقووتو مرواری ناوت
لە نێوانی هەردوو لێومدا دەڕوێ
لەبەرئەوە هەموو کەسێ
زانیویانە تۆم خۆشدەوێ
***

## شەکرو چا

من دەبم بە پشکۆ
تۆ ببە ئاگردان
تۆ ببە بە دار سێو
من دەبم بە باران
دەبم بە گوناهکار
تۆ ببە بە زیندان
تۆ ببە بە چیا
من دەبم بە بەفر
من دەبم بە چا
تۆ ببە بە شەکر...
بە شەکر
بە شەکر...!
***

## یەك نمە باران

شیعری گۆرانی

باران دەڕژاو.. دەڕژاو دەڕژا
منیش پشکۆی کوانووی ماچم دەپژاو دەپژا
حەزم دەکرد ببم بە یەك نمە باران
بڕژێمە سەر خەندەی لێوت و
بملێسیتەوە بە زمان...

***

بۆ کوێ بچم بۆنی پرچ و
دەمت لەگەڵ خۆمدا دەبەم
لە هەر شوێنێکدا بنووم
لە پاڵ خۆمدا جێگایەك بۆ تۆش رادەخەم
بە شیعرێکی درێژ درێژ داتدەپۆشم
نەك بتبینێ هاوسەرەکەم...

***

ئیرەیی بە باران دەبەم
گازندە لە باران دەکەم
فێرمی نەکرد کە ئەوەندە ئاشق بم
هەر دە پەنجەم
وەك دە تەوقە لە هەوری پرچتدا ون بکەم
گلەیی لە باران دەکەم
ئیرەیی بە باران دەبەم...!

## له بێژنگدانی ڕاستیی و گومان

گومان بكه لەو شانەیەی
كڵپەی قژتی پێ دادێنی
دەشێ ئەوە دەستی من بێ
***
گومان بكه لەو ئەینۆكەی
خۆتی لەبەردا دەگۆڕی
دەشێ میناى چاوی حەزی هەستی من بێ
***
گومان بكه لەو گوڵاوەی
كه له خۆتی دەپرژێنی
دەشێ ئەوە هەوری ماچی خەستی من بێ... !
***
گومان بكه تەنانەت لەو كزه بایەش
تەنوورەكەت دێنێو دەبا
دەشێ دەستی لاساری هەڵبەستی من بێ... !
***

## كێ...!

كێیه... كێیه... كێ
به زەنگی هەوری بەهاران دەڵێ
گیاو گوڵ
له خەوی قورس ڕاپەڕێنێ.... !
***

## پرسیارێکی کورت

که بەیانیان تێکدەشکێنم
شانەی خەوی چڕو خەستم
بۆنی عەتری قژتی لێ دێ
دەمو لێوو هەردوو دەستم
***
قوڕقوڕاگەم
هەردوو گوێچکەمو چەناگەم
لێوو کەپوو هەر دە پەنجەم
لە یاقووتی سووراوەکەتی پێوەیە
گوڵی گەشی سەرینەکەم
تاڵی زێڕی
شارای پرچە خاوەکەتی پێوەیە
***
ئەی تۆ کاتێ
داوو تۆڕی خەو دەدڕی
بەژنو باڵات
بە ئاوێنە باڵا نوماکەتدا دەگری
بە چەناگەو لالێوتەوە
پشکۆی ماچم بەدی ناکەی
بە ژێر ملو لاملتەوە
جێ نەماوە سووتووی ماچمو
جێگاکەی!
***

## چـــرا

دیوانەکەم سەدان هەزار

دەلاقەو پەنجەرەی تیایە

لەبەر هەموو دەلاقەو پەنجەرەیەکدا

تۆزقالێکی دڵم بووە بە چرایە !

***

## پرچ

پرچت هێندەی هەمو هەورەکانی

دونیا

درێژەو- با -

بە سەدان هەزار دەست

بۆنی دەبا

چۆن لە دڵما حەشارت دەم

نام چۆن چۆنی

هەر ئاشکرات دەکا بۆنی... !

***

ئە لەم لاوە بتشارمەوە

ئە لەولاوە دەردەکەوی

سەد کەس دەڵێن:

ئەها ئەوە

تیشکی زێری پەرچەمیەتی

سەدی تریش هاواردەکەن:

ئەها ئەوەش:

تریفەی مانگی دەمیەتی... !

## باو دەرگا

وا با دارەکان دەشکێنێ
دەڵێی شاعیرێکی شێتەو
هۆنراوەی خۆی دەدڕێنێ
***
با دێو دەچێ
ئەڵێی عاشقێ شاعیرەو
گۆرانی دەڵێ بۆ کچێ
***
وا با دەرگاکان دادەخات
بۆنی ئەشکێ لە با دەڕژێ
دەڵێی چاوی شاعیرێکە
دڵدارەکەی لە نەخشەی دڵ دەری دەکات
...
با دەرگاکان پێوە دەدات
تەمی خەمێ لە با دەتکێ
دەڵێی دڵی شاعیرێکە
کە دەری دەکەن لە وڵات...!
***

## تفەنگ

بە حەزرەتی مریەم بڵێن
بە یادی تاقانەکەی خۆی
قوبەی سپی کڵێسەکان
سوور نەکات بە فرمێسکو خوێن...!

***

بە حەزرتی مریەم بڵێن
بێزار نەبوو لە شینو زار...!
ئێستا رۆژی هەزار هەزار
عیسا دەدرێن
لە پەتو دار
نە خوا ئاگای لێیە نە شار...!

***

بە حەزرەتی مریەم بڵێن
ئیتر مەگری
سەدەی گریان کۆتایی هات
ئەمە سەدەی تفەنگە
بۆچی تفەنگێ ناکڕی...!

***

## کەپر

ئێ بۆچی دەڵێن:
بەرد گیانی نییە
ئەی ئەوە چییە
دوو بەرد لێك بدرێن
گڕ لە دەروونیان هەڵدەقولێتو
بە زمانی ئەشق لەگەڵ یەك دەدوێن!

***

ئەی بۆچی دەڵێن
ئاسمان کەپرێکی خامۆش‌و چۆڵە
ها بۆچی دەڵێن...
ئەی ئەو گشت چراو ڕێزە مۆمانە
ترووسکەی چراو مۆمی ماڵی کێن...!
***

## کچێکی قژ سەوز

کێ ئەڵێ... کێ... کێ
ئەڵێ پیرەژن:
هەرگیز سك ناکات...!
ئەی ئەوە نییە
ئەو پیرە چیا پەرچەم سپییە
گشت ساڵێکی نوێ
کچێکی دەبێ
قژ سەوزو نازدار
ناو دەنرێ- بەهار-؟

## نەناسراو

کەس نایناسێ... کەس

بەهار بە سەدان ملیۆن دەس

گوڵ بەم زەویە دەبەخشێ

ئیتر دەڕوا بە پێ دزکێ...

***

کەس نایناسێ

نە مرۆڤ... نە با... نە هەور نە نەهەنگ

بێ چپەو دەنگ

بەبێ شوێن پێ

بەبێ تەورو بێ تفەنگ دێ

***

پایز بە هەزار ملیۆن چنگ

پرچی هەموو دارستانەکانی زەوی

وەکو بووکێکی لادێ

دەگرێ لەزێڕو ئاونگ

بە پەنهانی تێدەپەڕێ...!

***

## سەرەتای پرسیارەکان

شەهیدانمان

ناونیشانی لووتکەی سەختو

شیعری بەرزن

لە ترسی شەهیدەکانمان

دوژمنانمان

لە شیعرەکانمان دەلەرزن

لە ترسی شەهیدەکانمان

ناحەزانمان

لە گەورەکانمان دەترسن
ئەی ئیتر بۆ نان و بەرگی
منالآنی شەهیدەکانمان دەدزن
بۆ تەنانەت کفن و گڵکۆی
شەهیدەکانمان دەفرۆشن
بۆ ناترسن
(شەهیدەکان ئەم هەفتەیە
لەتوێ کفن و گلکۆ دەرچن)
دەس بدەنەوە تفەنگو
ئەم جارەیان
رووبەڕووی ئێوە بوەستن
بۆ ناترسن... !
***

## گومانێکی تر

هەندێ باڵدار هێندە رەشن
تەنانەت لە رەش رەشترن
ئەرێ بشێ
لە جەنگێکی پێش مێژوودا
دیکتاتۆرێ
بەچکە چاو کاڵەکانیانی
بە کیمیایی نەکوشتبێ... !
یا دەشێ
لەبەرئەوەی نمەکی ئەم
ئاوو گڵەیان کرد بێ
هەموو سەرجەم
پرسەیان بۆ
باوکی بەکۆمەڵ کوژراوی
منداڵانی ئەم وڵاتە گرتبێ !

## رقەبەرایەتی

بۆ (أ –میمێکی تر)*

خەو دەبینم شەو پرچەکەت
بۆ خۆم دەکەم بە سەرین
کە گوڵی رۆژ دەرژێتە ناو
کۆشی تاریکی ژوورەکەم
بۆنی پرچەکەی تۆ دەکەم
لەتوێی خونچەی چنراوی سەر
بەرگی سەرینە
شرەکەم..!

***

خەو دەبینم
خەوی کەسکو سوورو سپی
لەگەڵ پیاوی هەموو جیهاندا دوژمن بی
بۆ ئەوەی تۆ هەر بۆ من بی...

...

خەو دەبینم
چی شاعیرە ئاگر بەر بێ
لە قەڵەمو پەڕەو شیعری
هەر بۆ ئەوەی
کاتێ حەزت لە شیعر بێ
بێی گوێ لە شیعری من بگری...!

***

---

* (أ –میمێکی تر): کچێکی جوان بوو لە ئۆتۆمۆبێلێکی رێگای سلێمانی– بەغدادا لەلامەوە دانیشتوو خۆی پێناساندم... زۆر حەزی لەشیعرەکانم بوو.. گەلێ شیعریشی لەبەر بوو... لە هەر کوێیە سەلاوی لێ بێ.

ل.ھ

## لەدایکبوونێکی سەیرو دوو بۆچوون

دوژمنانمان هێند پیاوکوژن
هیچ سەیر نییە
منالآنمان بە تفەنگو فیشەکەوە
لەدایك بن...
سەیری چیە..!
سەیر ئەوەیە
لە دوا بەشی سەدەیەکدا
کە هەمووی جەردەیەو دوژمن
منالآنمان
بێ تفەنگو رەزنو فیشەك
لەدایك بن....!

***

## کێ گەورەیە

چی وشەیە
چی شاعیری مەزن هەیە
چی پایەدارو گەورەیە
دەس لەسەر سنگ
با راوەستن
دەس لەسەر سنگ
بۆ تفەنگی پێشمەرگەیە
کە ئاشقی ئەم خاکەیە...
تەنها پێشمەرگە گەوریە...
تەنها پێشمەرگە گەوریە

***

## پردی دوودڵی

(شیعر بۆ گۆرانی)

که باسی ماچی تۆ دەکەم
چی هەنگوینە دەبن بە تەم
که باسی پرچی تۆ دەکەم
خۆر زیز دەبێ لە ژوورەکەم
که باسی باڵاشت دەکەم
چی عەرعەرو سنەوبەر ە
توورە دەبن لەم گوزەرە
جێدێلن بەر پەنجەرەکەم
لێم ببوورە نە زۆر... نە کەم
ناوێرم باسی دەمت کەم
دەترسم هەرچی گوڵ هەیە
زویر ببن لە باخچەکەم...!
***

## پرسیاری شکاو

زۆر جار دەڵێی ئەسپێکی شێ
مێخزنجیری شکاندووەو
لە تەراویلکەی باکاندا
دوای بۆنی قەرسیل کەوتووەو
گورگێکی هار راوی دەنێ‌و
هەر رادەکاو تاو نا تاوێ
جوتەیەك دوان دەهاوێ
ئەگینا بۆ...
هەر گاڤێ هاژەی بایەك دێ
شووشەی پەنجەرەیەك دەشکێ...!

## تارمایی ترسناك

تارمایی یەك ڕێم لێ دەگرێ
بەرەو هەر لایەك ڕادەكەم
بەرەو ڕووم دێ
كە هەنگاوێ دەنێ بۆ لام
گەمارۆم دەدات ماری ترس
لە گیانما دەمرێ زاری پرس
دە مووی سەرم
دە مووی ریشم
چەند موویەكی سمێڵیشم
لە ترساندا سپی دەكەم
دە دەزوڵەی خوێنبەری لەشم دەپچی
هەوری پرچی لەنێو دەستم دەر دەهێنێ
ناسكە كچێ...!
من دەزانم
ئەم تارماییەی دێ بەرەو ڕووم
نەگریسەو شووم
هاكا بینیت گۆچانێكی
لە دەستما چان
جا ئەو ساتە
چ كچێكی نازادارو جوان
ماچ دەداتە شاعیرێكی
پشت كۆماوەی دەس بە گۆچان...؟
***
ئاخ... ئاخ پیریی لەكوێوە دێی
لەكوێوە... تۆ
دەیكەی بە چاوگەی خۆڵەمێش
دڵێكی پڕ هێشووی گەشی
گڕو پشكۆ...!

# شیعرێکی سیناریۆیی
# ژەنگی کرمە ئاگرینەکان
# یا (کۆمیدیای خەو قورسەکان)

* شەوی یەکەم کرمە ئاگرینەکان
پێستی زەوییان
وەك سەرپۆشی دایکی شار
رەش هەلگەران...
– کێ کاسترۆ دەناسێ ؟
+ من دەیناسم.. کەنداوێکی قووڵە لە ئەمەریکای لاتین
+ نەء کاسترۆ ناوی نهێنی سێگۆشەی بەرمۆدیە...
– ئەی مەلا نەسرەدین؟
– جۆرە بنێشتێکە خەڵکی رۆژهەڵات حەزی لێ دەکەن
" بەچپە" ( بەتایبەتی لەساڵانی قاتو قڕیدا)
* وا نیە.. وا نیە
مەلا نەسرەدین شمشێرێکی ئەفسوناوییە
لە گڵکۆی تەیموور لەنگدا شاراوەتەوە...!
– پرسیارێکی دی: دەریای رەشی ناوەراست
لە کوێدایە؟
* لەلای لوتی دوورگەی برسیەتی دایە ..
" نەء.. لەناو دڵی بازرگانی چاوچنۆك دایە..."
من نانوم تاوەکو لۆو چڵی شەو ئاگر نەگرێ
من نامرم تاوەکو شەپۆلەکانی دەریای سەوزی توورە
نەبن بە بەرد...
– تۆ کێی
* من ئەو کەسەم کە سەری تاریکی دەتاشم
بۆ ئەوەی پەنجەرەی ماڵەکان...

لە ڕووناکیدا مەلەبکەن..!
(بۆ ئاگاداری)
– ئەوە ئێستکە چی ووت؟
+ دەڵێ ئەوانەی گوڵی ئاگر دەڕوێنن نابێ لەم خاکەدا گڵکۆیان هەبێ
(ئاگاداریەکی دی)
– ئەوە تەلەفزیۆن چی گووت؟
+ تەلەفزیۆنەکەمان فرۆشتو
نانو پێڵاومان پێکڕی...!
– ئاشەوانەکە گۆرانی دەهاڕیو
ئاش لە برسا دەبووڕایەوەو
شیعر دەبوو بە ڕووناکیو
شەو دەبوو
بە پیرەێژنکی قژسپی نوورانیو
لە کانیاوی رۆژدا
دەستنوێژی دەششتو
لەسەر تاشەبەردی پشکۆ
نوێژی دەکرد...
(ئاخ ددانم کەل بوو
ئەم نانە بەردی تیایە)
– نا... نا... بەرد نییە
گەوهەری پاشا خواناسەکانی مێژووە
بۆ پیرۆزی تێکەلاوی ئاردەکە کراوە...!
(ئەم سەدەیە سەدەی شارستانیە...؟
نەکەن باوەڕ بکەن .. پێلاو شتێکی شارستانی بێ
ئایا ئەوەی چەرمی ئاسکێك لە پێ دەکات
دڕندەنییە...!
* ئەی ئایا ئەو بازرگانەی
قوتوویەك شیری منداڵ

به نرخی تەغاریێ گەنمە قەناری جاران دەفرۆشێ
پیاو کوژ نییە..!
(پرسیار)
- جیاوازی چییە لەنێوان مرۆڤو گورگدا..؟
* گورگ مەڕ دەخوا
مرۆڤیش مەڕ دەخوا (پێکەنین)
*جا ئەوە کەی جیاوازییە؟
* گورگ بە شەو مەڕ دەخوات
بەڵام مرۆڤ بە شەوو رۆژ
مەڕ دەخوات..
(- بانگەواز-)
خاوەنی تومبێلەکان ئاگادار دەکەین
خەڵکی پیادەی سەر شەقامو شۆستەکان
تایەکانیان نەشکێنن
باڵندەکانیش ئاگادار دەکەینەوە
تومبێلەکان خەریکە باڵ پەیداکەن...!
* ( ئەرێ گۆشت چییە؟)
+ گۆشت خواردەمەنیەکی زۆر خۆشە
بەڵام گەر نرخەکەی گران بو
نە خواردنی بۆ لەشو دەروون
مایەی ساغیو ئاسودەییە ..
شایانی باسە.. غاندی ناوێك هەبوو لەو هندستانە
گۆشتی نەدەخوارد
بوو بە سەرکردەی هندستانو
تاجی بەریتانیای
تووڕ دایە ژێر پێی منالانی هندستانەوە
ئێوەش گۆشت مەخۆن

لەوانەیە ببن بە سەرکردەی پارتێك...

پارتی بێکاران ... پارتی دەردەداران ... پارتی تالآنی هتد

پارتی پێکەنین... هتد

لە راستیدا: گۆشت لە بنەڕەتدا

خۆراکی جانەوەرو دڕندەیە

مرۆڤی راستەقینە گۆشت ناخوات

گۆشت سەرچاوەی نەخۆشی کوشندەیە

ناوی نەخۆشیەکان نابەم

نەوەك لە ترسا بتۆقن..!

- خوشكو برایانی بەرێز

(گوێ بگرن بزانین تەلەفزیۆن چ دەڵێ)

(بێ دەنگی) ئامۆژگاریەك لەلایەن دەزگای تەندروستییەوە:-

(گوێ بگرن.. منالآن بێ دەنگ بن) (بێ دەنگی)

بۆ ئەوەی بلێسەی نەخۆشی

گەلآی تەمەنتان

نەکات بە سووتوو

رەچاوی ئەم خالآنەبن!

- لەچایخانەو چێشتخانەکانی سەر رێگاکاندا توخنی خواردنو

خواردنەوە مەکەون

٢- .............. هتد

٣- .............. هتد

* ( خۆزگە خوێندەوار بوومایە.. وەلآیی

نامەیەکم بۆ " تەلەفزیۆن" دەنووسی

بۆچی: دکتۆر بە ئارەزووی خۆی

پارەی سەیر کردنی نەخۆش زیاد دەکاتو

بە ئارەزووی خۆی دەرزیو دەرمان

بۆ نەخۆش دەنووسێ...!

+ من پێت دەڵێم: بۆ

بۆ؟

(بۆ ئەوەی خۆی‌و دەرمانساز وەکو قەیسەری

یەکەم‌و چارلزی دووەم‌و خاشقچی بژین

– من نامەکەم بە ناسیاوێکی خوێندەواری خۆم هەر دەنووسم.

+ ئەگەر نووسیت باسی ئەوەش بکە:

کە جێگای هەندێ دکتۆر

وەکو خانووی پاشماوەی جولەکەکان پرت‌و پیسە..

منالّی ساغ بە باوەشی دایکیەوە

لە تینواندا گەرووی هەڵدەوەرێ ..

شتی تریش‌و

شتی تریش وەکو... خۆتان دەزانن.

– کوڕە بێ دەنگ بە..

نەبا خوانەخواستە نەخۆشی بتدۆزێتەوەو

بچیتە بەر دەستی دکتۆرێك

* من سوێندم خواردووە

بە خاکی نیشتمان

بە گلکۆی شەهیدان

بە وشەی جوان

بە نێرگزی دەوروبەری بەردەقارەمان

هەمیشە قسەی راستی

لە زارم بتکێ

(خوشك‌و بریانی بەڕێز

لێرەدا کۆتایی بەم فلیمە دێنین

هیواداریین فلیمی سبەی شەو

لەمەش خۆشتر بێ‌و

هەتا سبەی شەو

ئەی گەلی برادەران

خۆشترین خەو

خەو... خەو... خەو... خەو... خەو... خەو

خەو...

***

## ژمارە

کە منو تۆ یەك دەگرین

دەبین بە سیان:

ماچو تۆو من

کە منو تۆ یەك جێ دێڵین

دەبین بە چوار

تۆو تەنیایی

منو ئازار...!

***

## هەندێ پرسیار

ئای دەشێ

ئەو هەورە رەش رەشە

هەور نەبێ

دایکێکی کلۆڵی

بێ زەردەخەنە بێ

کشو مات رێ بە رێ

بۆ تەرمی کوڕەکەی بگرێ...!

***

ئای دەشێ

ئەو چیا بەرزانە شاخ نەبن

بڕوانن... بڕوانن

هەندێکیان ئەوەندە بڵندن

لە دەنگی منداڵی

بێ ئاوو نان دەچن

بڕوانن... بڕوانن

ئێ بشێ

هاواری منداڵی کورد نەبن...!

***

ئای دەشێ

ئەو گۆشتەی کە لەپاکەتدا

لە بازاڕە گەورەکانی جیهانەوە

بۆ ئێمە دێ

پارچەی دڵی

زیندە بەچاڵ کراوان بێ...!

***

## جیاوازی

گەر ئەم دڵەم

چاوی تۆی نەپەرستایە

کێ ڕەنگی سەوزی دەناسی

گەر من باسی

نەرمەی گوێی تۆم

نەنوسیایە

گوارە چۆن وا

خۆی بەگوێتدا هەڵدەواسی!

گەر من ناوتم لە زەویدا

نەچاندایە
زەوی گوڵزاری لە کوێ بوو
گەر دڵ بۆ تۆ فرمێسکی ڕۆ نەکردایە
زەوی کانیو دەریاو ڕووباری لە کوێ بوو
گەر من تۆم خۆشنەویستایە
کێ دڵداری دەزانی
گەر منو تۆ ئاشقی یەك نەبووینایە
کێ جیاوازی دووریو دیداری دەزانی؟
***

## بیرکردنەوە

من بیر لەوە ناکەمەوە
شەڕی سێیەم هەڵبگیرسێ
مرۆڤایەتی چی لێ دێ...
***
من ئەوە لێك نادەمەوە
گەر لافاوێ تر ڕووبدات
ڕەوی مرۆڤ بۆ کوێ دەڕوات
***
من بیر لەوە دەکەمەوە
دەممو دەمت بە یەك بگەن
چەند ملیۆن ساڵ ژوان دەکەن
چەند ملیۆن مژ لێکتر دەدەن..!

## تارمایی

ئەرێ ئێوە
کە لە سایەی لقی زەردی
چرای کزی بارەکاندا
باسی شیعرو ئەوین دەکەن
هێندەی بەرزایی چی کێوە
بە ئاسمانی دارو بەردی نیشتماندا
بەیتو هۆنراوە هەڵدەدەن
لە جامخانەی بارەکەوە
بەدی ناکەن
منداڵێکی پێ پەتی دێ
وێنەی باوکی لەملیایەو
سەر بە شووشەی
جامخانەکەوە دەنێ
تف لەشیعرەکانتان دەکاو
پێتان دەڵێ:
هەرچی شیعرێ
بۆنی بادەو باڕی لێ بێ
دەیدڕین... دەیخەینە ژێر پێ
***

## شوێنەوار

هەمیشە هەست بەوە دەکەم
کە شەو یەکێك
دەدا لە دەرگای ئەم دڵەم
گەرچی هیچ کەسێك نابینم
دەزانم تۆی... چونکە کاتێك
دەرگای دڵم واز دەکەم
بای ئەم ناوە بۆنی رووباری پرچی تۆو
دەسکی دەرگای دڵم بۆنی
شووشەی گوڵاوی پەنجەی تۆو
خاکی بەر دەرگای دڵیشم
بست بست... پێ پێ
بۆنی تۆزی سۆڵەکانی
پێی تۆی لێ دێ...!
***

## پێنج گیتار

مەمکەکانت
دوو کۆترن لە ئاگر
دەنووك بدەن لەناو دەمی
گەمژەیەکیش
ئیتر دەبێ بە شاعیر
***

من لە خەوما
تەنها یەك جار دەنووکیان لەدەستێکم دا
هەر پێنج پەنجەی ئەو دەستەم بوون
بە پێنج گیتار...!

## پرسیارەکانی شاعیر

کەی شاعیرم...

گەر شاعیر بام

لە بروسکەی رقی کچێ نەدەترسام

گەر شاعیر بام

بە تروسکەی خەندەی کچێ نەدەشڵەژام

شاعیر کاتێ زۆردار شارەکەی دەدزن

شیعر نانوسێ بۆ ژن...

کام ناکا بۆ ماچی کچۆڵەی خرپن

شەرواڵێ شڕ لەبەر دەکاو

چەك هەڵدەگرێ دژی دوژمن...!

***

## گازەندەی ئەندامەکانی لەش

ئەی پێ پێم مەڵێ:

چەرمو ریشماڵت کرد بە خۆراکی

شەقامو درك

لەبیرت نەچێ

زۆرجار بردووتم

بۆ جێ ژووانی کچۆڵەی ناسك..

***

ئەی دەس بەس بڵێ:

ئەوەندە وشەو شیعرت  پێ نووسیم

دەمارەکانم لێیان دەچۆڕێ

ناڵەی شەکەتیم

لە یادت چووە

لە گورزەی زێڕی پرچی چەند کچدا

هێلانەی  پشووم بۆت ساز کردووە...!

***

ئەی دیدە مەڵێ:

ئەوەندە سەیری پەرتووکت پێم کرد

لێڵی کردووم ژەهری تۆزو ژەنگ

کەم تینوێتیتم دامرکاندووە

لە تیشکی هەورو

خەندەی کچی شەنگ...!

***

تۆش ئەی دەم مەڵێ:

ئەوەندە شووشەی

وشەت پێم شکان

لێوەکانت وەك پارەی کۆن سوان

دە ئەمەکت بێ

هێندە گوڵاوی

ماچی کیژۆڵەی جوانت نۆشیوە

هەر جارێ دەدوێی

پڕ بە گەڕەکێ

بۆنی گوڵاوی

ماچی کچێکی جوانت لێ دەڕژێ...!

# مەرەکەب

| | | |
|---|---|---|
| ب | مە | م |
| ە | رە | ە |
| ك | کە | ر |
| ه | ب | ه |
| ە | ب | ە |
| ر | ە | ك |
| ە | | ە |
| م | | ب |

***

گەر بمەوێ
باسی خۆری پرچت بکەم
دەبێ هەرچی روبار هەیە
هەمووی بکەم بە مەرەکەب
چی لق و چڵی دار هەیە
هەمووی بکەم بە قەڵەم
ئەوسا باسی تیشکی خۆری
پرچت بکەم...

***

گەر بمەوێ
باسی رەنگی چاوت بکەم
دەبێ وشەی
چی فەرهەنگی جیهان هەیە
چی زاراوەو
هەرچی شێوە زمان هەیە
لەبەری کەم
مەگەر ئەوسا
باسی رەنگی چاوت بکەم!

## کورته لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسانەو

## پرسیارەکانی شاعیر

* پاشەڕۆژ چییە؟

– لە بۆمبایەکی ئەتۆم بپرسن

* ئازایی چییە؟

– پیاوکوژ دەزانێ...

* ئەی سامان چییە؟

– بۆ لە سیخوڕو قەحپە ناپرسن...!

* نیشتمان چییە؟

– شەهید دەزانێ...

* لەگەڵ شەهیدا یەکتر ناناسین

شەهیدان... کێن... چین؟

– شەهید شمشێرو قەڵغانو پەیژەی

پیاوی سیاسین...!

***

## ناوو ناونیشان

– بۆ کوێ دەڕۆی کچی ڕێبوار؟

* بۆ دێکەی ئەوبەر ئەو زێیە

– بۆچی دەڕۆی بۆ ئەو دێیە

– دەزگیرانەکەمی لێیە

* ئەم دەزگیرانەی تۆ کێیە؟

بۆی دەبڕی ئەم گشت ڕێیە ؟

* دەزگیرانم وەك چیا ڕەگی ئەستوورە

* گەرچی ڕووتەو کڵاشی شڕی لەپێیە

خۆشەویستی شارو دێیە

شیعرو بەستەی زمانی نزیکو دوورە

– ئەی کچی جوان دەسگیرانت
ناوی چییە
چ کارەیە
* دەزگیرانم ناوو کاری
پێشمەرگەیە و
پێشمەرگەیە و
پێشمەرگەیە ... !
***

## گوللە

ئەرێ بشێ بتوانم
چی ئاسنی لەشم هەیە
هەمووی بکەم
بە گوللەیەك بۆ تفەنگێ
دژی زۆرداران دەجەنگێ.. !
***

## نهێنی

ئەگەر هاتی بە کچی بێ
با فەرهەنگی شیعرەکانم رانەچڵەکێ
دوایی هەرچی وشە هەیە
وەك کۆمەڵە پەپولەیە
گەمارۆی هەردووکمان دەدەن
نایەڵن لێومان پێك بگەن ..
***

ئەگەر هاتی بە کپی بێ
لە ڕێگادا بە کەس مەڵێ
ئەو تیشکەی کە دەبارێ لە هەوری خەندەم
لەتیف هەڵمەت بۆ شیعری دەیکا بە پەرچەم
دوایی جەردەو پیاوکوژانی
سەدەی بیستەم
خوێنی خەندەت
بۆ دەکەن بە سووراوی دەم
قژی شیعری منیش دەگرن
لە خەنەی خەم...
***

## شاعیر

کەی شاعیرم
منداڵێکم تامەزرۆی خۆرو بەفرم
خەڵکی شەیدای خۆرو بەفر
ناویان لێناوم شاعیر...!
***

شاعیر نەبووم بەڵام کاتێ
گوتم خۆزگا
مەمکی کچان نارنجۆک با
ئەوسا تەنها
کوڕی ئازا
دەیوێرا دەستیان بۆ ببا
چەند کچێکی قۆشمەو چوختی
ناوی شاعیریان پێم بەخشی..!

## ڕەفتارەکانی- با

ئەرێ بشێ
با ئاشق بێ
ئەرێ بشێ ..؟
سەد جار دیومە سەری ناوە
بە پەنجەرەی ماڵانەوە
ئێ باشە گەر ئاشق نییە
ئیشی چییە
نیوەشەوی لاڵو تاریك
هەردوو دەستی
خستۆتە ناو گیرفانەوە
بە فیکە فیك
کۆلان بە کۆڵان دەگەڕێ
قوژبنو سەربان دەگەڕێ
گۆپکەی شاخو لقو چڵی
دارەکانی ناودارستان دەگەڕێ..!

***

با ئاشقە
هەرزەکارێ بەلەسەیە
حەز لە بۆنی سوخمەی مەمكو
ژێرکراسی شینو زەردی
کیژۆڵەو ژنی جوان دەکات.
کاتێ ماڵان
زنجیری خەو دیلیان دەکات
با سۆلێکی تەنك... تەنك
دەکاتە پێ
هێدی هێدی بەپێ دزکێ
دەچێتە گشت ماڵێکەوە

به تەنافی ماڵانەوە
به دنگەی رەشماڵانەوە
دەس لە سوخمەی
مەمکی کچی بازەڵەو
ژێرکراسی ژنان دەدات
هەر شتێکی ئافرەتانەی
دەس بکەوێ
با دەیگرێ بە سنگەوەو
ماچی دەکات
دەبێ با ئاشقی کێ بێ
وا شار بە شارو دێ بە دێ
بە سۆلێکی تەنکەوە
بۆی دەگەڕێ..!

***

## وێنەکێش

*شیعری گۆرانی*

گەر وێنەکێش بومایە
وێنەی ئاسمانێکم دەکرد
تاریکەشەویش بوایە
خۆرێکم بۆ ئەهاورد

***

گەر وێنەکێش بوومایە
جیهانێکم دەنەخشان
نە برسیەتی تیا بووایە
نە نائومێدیو گریان

***

گەر وێنەکێش بوومایە
پەرەمووچەکەم ورد ورد
لە خوێنی خۆم وەردەداو
وێنەی دەمی تۆم دەکرد... !
***

## لەدایکبوونی شیعر

مەمکەکانت هەندێ جار
دوو کێڵگەی پشکوتووی پەموون
هەندێ جاریش دوو ئەستێرەن
لە سەر ئاسۆی پیرەمەگروون...
***

هەندێ جار
دوو تۆمای سپی سەرکێشن
گۆلەجۆی گەرمیانیان بۆ دەبەم
کاکڵە گوێزی هەورمانیان بۆ دەدەبم
سڵم لێ دەکەن و نامناسن..
***

هەندێ جاریش جووتێ کەروێشکی سپین
دەریشیان بکەم ناڕۆن
لەناو دەسما خپ دەبن و
گەڵای سەوزی شیعرم دەخۆن...
***

شیعریش وایە
هەندێ جار وەك عەتری لەشت
نزیکە لێم
هەندێ جاریش
نابینرێ ئەڵێی بایە... !

## نوێژ

من شاعیرێکی سەیرم
هەندێ جار سۆفیەکی گەورەمو
لە سەرانسەری گەردووندا
لە نووری خوا بەولاوە
هیچ شتێکی دی بەدی ناکەم
جاری واش هەیە
دەمەوێ لەسەر شۆستەی شەقامێکدا
دوو رکات نوێژ بۆ بالآی کچێکی جوان بکەم
من شاعیرێکی سەیرم
حەزم لەزۆر شت بوو: چاویلکەی پزیشکی
دزینی تاجی ئیمپراتۆرە مۆمیاکراوەکان ..
میزکردن بە تەختەکەی نادر شادا..
سرپینی پێڵاوە دڕاوەکانم
بەریشی هرتزلو ئاڵاکەی قەوارەی زایۆنی..
بەڵام ئێستا ئارەزوویەکی تریشم هەیە
حەز دەکەم بەیانیان ببم بەهەورێکی سپیو
دارستانی تاریکی پرچەکەت تەڕکەمو
باڵندەکان لەخەو هەڵسێنم...
لەوەتەی چاوەکانی تۆم دیوە
لە رەنگی رەش بەولاوە
هیچ رەنگێ سەرنجم راناکێشێ
چاوەکانت فێریان کردم
نهێنی جوانی
لە رەنگی رەشدا بدۆزمەوە..
چاوەکانت وەکو دارستانی ونبووی ناو
قوڵایی تاریکی.. رەش رەشن
رەش رەشن..

ڕەش.. ڕەش

دەبا کفنەکەشم وەکو چاوەکانی تۆ

ڕەش... ڕەش بێ..

ڕەش.. ڕەش

ڕەش... ڕەش وەك ڕەنگی چاوەکانی تۆ... !

***

## گۆرانی بێ کۆتایی

گەر لاڵیش بام

ئەو باڵایەم بدیبایە

ناچار دەبووم گۆرانیم بۆ بگوتایە

***

گەر کەڕیش بام

کە ئاوازی تاری دەنگت بپژایە

دەبوو دوو گوێم لێ بڕوایە

***

گەر کوێریش بام

کە ئەستێرەی چاوەکانت هەڵهاتایە

دەبوو چاوم بینایی بۆ بهاتایە

***

ئەگەر ماچ هەر نەشبووایە

هێشووی خەندەی دەمتم دیبا

دەبوو هەر ماچم کردایە.. !

***

## کێ پێی گوتی

کێ پێی گوتی:
دڵی شاعیر وەك با وایە
دێتو دەچێ
لەم چیا بۆ ئەو چیایە
دێتو دەچێ
دێتو دەچێ
جێگر نابێ لە ژێر پەرچەمی هیچ کچێ ؟
***

## گۆچان

دەمەوێ ببم بە دار توویەك
لەبەرماڵتان
دەشێ رۆژێ کە پیر بووی
لقێکم بکەی بە گۆچان!
***

## شیکردنەوەی زاراوەکان

* بۆشایی!

– بۆشایی جۆرێکە لەسیاسەتی ئەرێی

بۆ لەدایك بوونی وشەی شێواو.

* مێژوو:

مێژوو: کۆمەڵێ گۆزەی پڕ لە زێرو درۆیە.

* چاو:

چاو رووباری شەپۆل زیوینە

هەزاران گەرداوو تونێلی ئاویی تیایە.

***

* لێو:

لێو کوانووی شووشەیە

ماچو خۆڵەمێشی لێ هەڵدەقولێ.

* ماچ:

ماچ جۆرێکە لەباشترین جۆرەکانی حەلوا

منالان حەزی لێ ناکەن

بەلام گەورەکان

گیانی خۆیانی لەرێدا دەبەخشن.

* ئاوێنە:

ئاوێنە دەزگایەکە لە دەزگاکانی

تابووری شەشەم لێی بترسە...!

* سەر:

سەرهێلانەیەکی بچکۆلەیە

ئەو کرمانەی تیادا دەژی

کە ئارەزوی

تاجی پادشاییو
تەرمی بۆگەن دەکەن!

* زۆر بلێی:
زۆر بلێی حاڵەتێکی دەروونییە
یاخود مەشقێکی وەرزشییە
لاڵەکانو هەندێ لە پێشەواکان
ئارەزووی دەکەن!

* شادی:
شادی ئەستێرەیەکی دوور دوورە
بە چاو نابینرێ
بەڵام زاناکان وەکو خۆیان دەڵێن
جار جار
بە تەلەسکۆب دەیبینن...!!

# تەبایی و ململانێی

# نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی

# کۆماری لەتیف هەڵمەت

٢٠٠١

# تەبایی‌و ململانێی نێوان هاوولاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت

(لەبیرمە لەوێ لەگەڵ خۆمدا بووم

خۆمم لەخەوێکدا

بزرکرد

ئەمەیە هۆی سەرەکی

ململانێی نێوان

من‌و خۆم‌و

خۆم‌و من..)

# (نیرڤاناو عەسکەرتاریای ماچو کلیلی مەمکی کچە
# ئاژاوەچییەکان)

(خرقه پوشی من از غایت دینداری نیست
پردەئی برسر صد عیب نهایت می پوشم
پدرم روضه ی رضوان بەدو گندم بفوخت
ناخلف باشم اگر من به جوی نەفروشم
حافظي شيرازي

تکایە دەنگی تەلەفزیۆنەکە کز کەن
بابزانین رادیۆی – ئۆرانیۆس – چی دەڵێ
بشێ ئەمە سەردەمی برسی خەساوبێ؟
بشێ ئەمە سەردەمی سەرکردەی خەساوبێ؟
ئەمە سەردەمێکی ئەلەکترۆنییە
سەرکردەو دزی ئەلەکترۆنی
دەوڵەمەندو گەدای ئەلەکترۆنی
شاعیرو عاشقی ئەلەکترۆنی
پێشمەرگەو پۆلیسی ئەلەکترۆنی
سیاسەتو حزبی ئەلەکترۆنی
ژیانو مەرگی ئەلەکترۆنی
ئەلەکترۆنی بێ ئیدە
*　　*　　*

یعوزني جناح
لكي ارتفع
كمال جنبلاط

ئەلەکترۆنی تۆپی پێو
پێشبڕکێی پاسکیل و
قەیدبوون لەگومرگ..!
هەروەها پەرەسەندنی مۆدرنی دیکتاتۆریو
خەتەنەکردنی سایکسینیای
شیعرو
ئاوس بوونی
رۆبۆت و
میلانخۆلیای ئەنتلجنسیای ئەوین و
هەڵدانی زوومی زایەندو
شتی تریش

قوتابیانی هێژا (ئەو وای گوت)
ئەمە ئەو پرسیارە ئەرکیۆلۆژیانەیە کەدوێنێ وەڵامتان نەدایەوە:
* بۆمبای ئۆتۆم لەپانتۆمایمی ماچ دروست دەکرێ
یا لەهەڵەت و پەڵەتی ماتماتیکیانە..؟
(اللهم اعوذ بك من علم لاينفع) محەمەد درودی خوای لێ بێ
چۆن خۆت لەتەیرۆکی کیمیایی دەپارێزی؟
(خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە) پەندێکی کوردی
بشکۆکی کراوەی تەنوورەی کچان
سەرنج راکێشە یا پێڕەوو پرۆگرامی حزبەکان؟
(انها جنات عدن فادخلوها خالدين)
* ئەوە بۆ کەناریی رۆژێ لەرۆژان
لەناو پرچی کچێکدا لیس بۆخۆی ناچنێ؟
* ئەوە بۆ ئەنگۆ وادەزانن
تبل هەربۆ هێنانە سەرپێی دەمانچە دەشێ
ئەی بۆ رۆژێ لەتەقاندنەوەی مەمکی کچۆڵەیەکدا
تاقی ناکەنەوە؟

* ئەریَ ئەوە فەنەرە دەسووتیَ
یا گوندێکە دەبیَ بەخۆڵەمێش/ لەباڵندەیەك بپرسن
* ئەریَ عەشق باندوورێکی زێڕینە
یا ئاوێنەیەکی مین ڕێژکراو؟
– لەکەمال جونبولات بپرسن
* ئەریَ شیعر شەڕە یا دۆزینەوەی خود؟
– بۆ لەعاشقێك ناپرسن!
* شاعیرو عاشق خەڵکی کوێن؟
لەشێتێك بپرسن..
* ئەریَ رستاخێز چیە؟
–تێکشکانی سنوری نێوان
دەستو مەمکە..!
ئەی ئەلبووم؟
– ئەلبووم گۆڕستانی وێنەو
مۆدێلی جلوبەرگە..
* ئەی سنوور چیە؟
لەقاچاخچییەك بپرسن..
تکایە گویَ لەم بالۆرە براگماتییە بگرن:

تۆ نەبینن نووری ئەم چاوانە بۆچ
بۆ نیثاری تۆ نەبیَئەم جانە بۆچ
مەحوی

الحرب سلام
الحرية عبودية
الجهل قوة
جورج اورويل

هەموو چەمەریی دونیا
بەشی پۆسیدەی نامۆییم ناکات
هەموو خۆشیی گەردوون لەسقدەری فۆمالیزمدا

بەشی شەوێکم ناکات
ئافرەتێکی لەباروت دروستکراو
لەودیو پەرکازی فارگۆنی داهاتوومدا
ئاهەنگێکی کپ دەگێڕێ
نازانم ئاهەنگی ماڵئاواییە
یا لەدایکبوون؟ (لەوانەیە ئافرەت نەبێ تەوزین بێ..؟)
ئەمە زەوییەکی ئەلەکترۆنییە
بووك‌و زاوای ئەلەکترۆنی
جووتبوون‌و لێکترازانی ئەلەکترۆنی
لەدایکبوون‌و مردنی ئەلەکترۆنی
خەندەو گریانی ئەلەکترۆنی/ کادی‌و گەڤی ئەلەکترۆنی
رق‌و خۆشەویستی ئەلەکترۆنی
شەڕو ئاشتی ئەلەکترۆنی / زفرۆك‌و زناری ئەلەکترۆنی
بێدەنگی‌و ژاوەژاوی ئەلەکترۆنی
زارو دڵی ئەلەکترۆنی : کیلەشووکەی ئەلەکترۆنی
وەزیرو پەرلەمانی ئەلەکترۆنی/ نیرڤاناو هودەی ئەلەکترۆنی
سەرکەوتن‌و تێکشکانی ئەلەکترۆنی
ئەلەکترۆن
ئەلەکترۆن
ئەلەکترۆن /... تەنانەت نیشتمانی ئەلەکترۆنی..!
ئەو دەڵێ
درەختیش فرمێسکی هەیە
لەبەرئەوەی سەوزە
هەموومان
هەروا دەزانین
گەلایە..!

*   *   *

ئەو دەڵێ گەڵای داریش گۆرانی عەشق بۆیەكدی دەڵێن
بەڵام ئێمە زمانی عەشقمان ونكردووە
لەبەرئەوە گوێمان لێ نیە..!
ئەرێ
گوڵ پیربووە
یا چاوی من
جوانی گوڵی لەبیرچووە؟ (سافۆ وای نەگوتووە من وادەڵێم..!)
تاریكایی بەندی كردووم
یا كچۆڵە دووشیزەكان

بەفریادم رس ای پیر خرابات
بەیەك جورعە جوانم كن كەپیرم
حافزی شیرازی

بەر پەنجەرە سەوزەكەیان
چۆڵ كردووە (ئەمە قسەی خۆمە لەرۆمانی -مۆبیدیك- نەمدزیوە)
بۆچی نەپرسم چی بووە..!
ئەستێرەی هالی كشاوە
یاخولی زەوی مردووە..؟ (ئەمە پرسیاری ئەوە هی ئەنیشتاین نیە)

لقد شاهدت انهارا
قدیمه قدم العالم
واقدم من سریان
دم الانسان
فی شرایین الانسان
فازدادت روحی
عمقا كالانهار
لانگستۆ هیۆز

ئەو دەڵێ شەو

ئەو کراسە

ڕەشەی

لەدایکی بووکێك    دزیوە..!

هەورو مانگ لەتوێی تاریکیدا

یەکدی ڕاودەنێن

ئەستێرەکان

بەدزییەوە

پێیان پێدەکەنن

ئەمە کۆمیدیایە یا تراژیدیا

دوێنێ باسی یۆتۆپیای شەڕمان کرد

ئەمڕۆش باسی

ئیتمۆلۆژیای وشەکان دەکەین

وشەکان سەریان سپی بووە

بەگۆچان هاتوچۆ دەکەن (دەڕۆن بۆ چەروان)

فەرهەنگەکان هەڵامەتیانە

ئەوە فەرهەنگ هەڵامەتی بێ

بەچی لووتی دەسڕێ (ئەمە قسەی خۆمە هی ئەدگار ئالان پۆ نیە)

بەقۆڵی کراسە ڕەشە سورمەڕێژەکەی

یا بەپەردەی پەنجەرەی

کتێبخانەکان؟ یا بەپەڵەیە هەور؟

پێکەنین پیربووە

دەگری (نە، زەفرۆك دروست دەکات)

دەگری / دەشێ تووك لە(میجەر فربی) بکات..!

ئیرەیی بەهەیڤی بەر پەنجەرەکە دەبەم

هەرگیز پیرنابێ / منیش سی ساڵ بەر لەهەنووکە تولاز بووم..

حەسوودی بەئاو دەبەم

هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە

ڕۆژێ لەڕۆژان
پێویستی بەچەترو ماچو چای خەستو
دەنکە شقارتە بێ
ئێرەیی بەرۆبۆت دەبەم
نەنوێژی لەسەرەو
نەچاوەڕوانی مووچەی مانگانە دەکاتو
نەلەدەرمانخانە بۆ حەبی پاراسیتۆل دەگەڕێو
نەهاوسەری هەیە منالی لەباربچێو
نەنیشتمانی هەیەو نەئاوەدەسخانە
نەدەچێتە هیچ حزبێکەوەو
نەتەلەفزیۆن بەگۆرانی ناخۆش
بێزاری دەکات.. و نەدڵداری بکات کەپووی دەبڕنو
نەحەز لەکردنەوەی بشکۆکی تەنوورەی کچان دەکات..!

*      *      *

من لەتیف هەڵمەتم
خەو بەجەنگی ئاشتییەوە دەبینم
لەهەڵە جوانەکانمدا
بەختی کچان دەخوێنمەوە
حەزدەکەم
هەگبەی ملی ئەسپی هەڵەشەییم
پڕاو پڕ کەم
لەسەر گۆی مەمکی ئەو کچانەی خۆشیان نەویستم
ئەوەتا دەنگی تەپڵ دێ
دەنگی ئەم تەپڵە چەند خۆشە
دەڵێی لەچەرمی سکی
کچۆڵەیەکی دڵرەق دروست کراوە
(دەمەوێ تەپڵێك لەچەرمی سکی شالا دروست کەمو بەشمشێری پیاوەتیم کونی کەم..)
ڕەنگە تەپڵی شەڕ بێ

ڕەنگە تەپڵی ئاشتی بێ
شەڕی ئەلەکترۆنی
ئاشتی ئەلەکترۆنی
ئەوەتا شەڕو ئاشتی ئەلەکترۆنی
بەشێوەیەکی کۆمۆ فلاجی
ئامبازی یەکدی دەبن
بەردە سیڵەی ئاسوودەیی هەپروون بەهەپروون دەبێ
ڕەهەنستان لەجوگرافیادا گەورەتر دەبێتەوە
سەرکەوتنی ئەلەکترۆنی دەچەسپێ
منداڵی ئەلەکترۆنی لەدایك دەبێ
بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی دەگری و گڕوگاڵ دەکات
بەزمانێکی ئەلەکترۆنی میز دەکات
بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی گەورە دەبێ
حزبێك دروست دەکات
حزبی تالآنی/ حزبی پێشبڕکێی پاسکیل و کۆلارە/ حزبی ڕاوکردنی ژەرەژ..
حزبی گەللە باگەڕو نژدە
حزبی لیمشت و بابەلیسك
حزبی بەنگکێشان و تراویلکە
دەبێتە دکتاتۆرێکی ئەلەکترۆنی
ئەلەکترۆن/ پەسنی ئەندامەکانی ئافرەتێکی ڕووت
ئەلەکترۆن/ جەندەکی ئیزی مەرتاڵ
ئەلەکترۆن../ هووری بێ کەوشەن..!
/ سێوێکی قەدەغە..!
ئەلەکترۆن
ئەلەکترۆن
ئەلەکترۆن
تۆڕێك دژی خەونەکانی باقڵ..
ئوستەرەیەك دژی ڕیشەکەی مارکس..!

وتارێکی سوور بۆ پاساودانی گەلەگۆڕەکانی ستالین
مودرنیزمێك بۆ شاباشکردنی یلتسن
لەقەلاچۆکردنی مندالآنی شیشاندا..!
*      *      *
دانیشتوانی بەڕێز
ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە (کورتەی هەواڵە زانستییەکان)تان پێ
رابگەیەنین:
*ئەمساڵ یا چەند هەزار ساڵێکی دی
شەڕ لەنێوانی
شیعرو شەمەندەفەردا بەرپادەبێ..
*ئەمساڵ یا چەند هەزار ساڵێکیتر
خۆرێکی دەسکرد لەدایك دەبێ (لەوانەیە لەزەردێنەی هێلکە دروستی
بکەن..!)
* ئەمساڵ یا چەند هەزار ساڵێکیی دیکە
هێلکەی دەسکرد دێتە بەرهەم (لەوانەیە لەو ئاوە دروستی بکەن
کەلەمەریخدا دۆزراوەتەوە..!)
ئەو هەوالآنە خەیاڵی ئەلەکترۆنی بوون ئێوەش سەرسامیەکی ئەلەکترۆنی
لەدەرگای دڵی دان و
هێشووی بزەی ئەلەکترۆنی
لەخۆڵەمێشی لێوتاندا
چرۆی کردو
تەحاو پەحای ئەلەکترۆنی
لەدەمتان باری و
بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی
ئارەزووی داگیرکردنی لەشی ئەو کچەتان لەلاپشکووت
کەبەلەنجەیەکی ئەلەکترۆنییەوە
لەتەلارێکی ئەلەکترۆنی دەرپەڕی و
حەزێکی ئەلەکترۆنی

لەپەنجەرەکانی چاوی دابریسکەی دەهات
رەنگە متۆی لاوێکی ئەلەکترۆنی بێ!
رەنگە چۆڕێ تۆماوی
گیانلەبەرێکی ئەلەکترۆنی
رژابێتە منداڵدانیەوە!
رەنگە بەپەلە چووبێ بۆلای پزیشکێکی ئەلەکترۆنی
تاوەکو بەشێوەیەکی ئەلەکترۆنی
لەو قورساییە گومان لێکراوە
رزگاری کات
بۆیە گوێی لەهەواڵەکان نەگرت
ئەرێ ئەو کچە بۆچی ئەو سکە لەباردەبات
کێ دەڵێ ئەو سکەی نابێ بەپاڵەوانێکی تۆپی پێ
یا بەقاچاخچییەکی گەورەی رێگای هەندەران..!
یا بەوەزیر!
(هەر بۆنموونە وەزیری شەترەنج) یا وەزیری رەو..!
یا دەشێ ببێ بەپادشایەکی ئەلەکترۆنی
ئەی کێ دەڵێ نابێ بەسەرکردەی حزبێکی
سایکۆباسیایی و
جەنگێکی بۆرنۆگرافی
دژی دۆلفین بەرپاناکات!
وەرن ئەمە گەلەگۆڕێکی تۆتالیتارییە
بەشێوەیەکی تۆتالیتاری بێ دەنگن
ئێوەش بەشێوەیەکی تۆتالیتاری
کۆتەڵیان بۆ بکەن و
بەشێوەیەکی تۆتالیتاری
پەیکەریان بۆ بتاشن..
لەدیواربەندێکی شووشەدا/ یا لەرکی ژەرەژێکدا
نهێنییەکانی پەیوەندی نێوان:

نەوت و خوێن
تۆمارکەن.
من لەبەژوئاڤ تووڕەم
حەزدەکەم کچێنی هەموو تاشەبەردەکانیان
بەتۆبزی بسمم
با خوێنی لەزەت هەموو زەوی
وەکو کیشوەری ئەتڵەنتی قووت بدات
من (پاشامیداس)م
دەبێ دەمی هەموو ئەو کچانەی ماچیان نەدامێ
بکەم بەزێڕ
جا ئیتر چۆن لەزەت لەماچی دەرزگیرانەکانیان دەکەن!
من (مەرلین)ی جادوبازم
ناو لنگی هەموو ئەو کچانەی خۆشیان نەویستم
پڕاو پڕدەکەم لەتۆماوی نیترۆنی
بزانم تریقەو قاقای کچە دڵ فافۆنەکان
پەنجەرەی خەونی خۆشی بەدڵم دەدات
یا کەڤاڵی نکەو چەمەرییان..!
مانگ دەڵێی کوڵنجی کردووە (بۆ لونگێ بەشانیدا نادا)
یا ئابتەر بەجادوو نەخۆشی خستووە
رەنگی بووە بەزەردێنەی هێلکە
نانا وابزانم هی ئەوەیە زەردهەڵگەڕاوە (ئەوگاری بێخەوییە)
بەشەو لەو چەمەدا بەڕووتی راوەماسی دەکات
سەدەیەکی سەیرە
مار دەفڕێ/ رەنگە رقی لەبالیف بێ
بولبول دەوەڕێ/ رەنگە داوای کلتوو لەیەکێ: بکا.!
گوڵ هاژە هاژ دەکات: رەنگە باسی کچێکی رەهەند بکات..!
ئاو پێدەکەنێ/ رەنگە نەواڵێکی کردبێ بەدەزگیران
دارستان گڤەگڤ دەکات:/ لەوانەیە باپووك بەڕێوەبێ..!

با میوە دەگرێ /با زەرتەکێکی هۆڤییە
سەگ شیعر دەنووسێ/ لەوانەیە باسی مشەخەتی خۆی بکات..
پشیلە کلیل بەدەستی موبەقی سیاسەتە
قیر وەك بەفر سپییە/ قیر دەوڵەمەندێکی کنۆژە
بەفر وەکو محەمەد عەلی کلای رەشە
قالۆنچە دەرپێ لەپێ دەکات/ ئەمە یەکێکە لەدرۆڤەکانی رستاخێز
کەروێشك گۆشت دەخوات (باتینك رقی لەکەروێشکە)
مانگ راوەماسی دەکاو
کۆڵنج دەکات
ئەرێ مانگ دەزگیرانی هەیە!
ئاخۆ ئەم هەموو ماسییە
بۆ ماڵی کێ دەبات!
لەوانەیە بەڕۆژ بیانفرۆشێو
پارەکەی بدات بەکلوانکەی رەنگاورەنگ
بۆ ئەستێرەکان
ئەگینا ئەستێرەکان ئەو هەموو ملوانکە بریقەدارەیان
لەکوێ بوو..!
دەبێ مانگ لەچ بازاڕێ ماسییەکان بفرۆشێ..!
دەترسم مانگ خۆی ماسی بێ وا ئەوەندە حەزی لەناو ئاوە؟
ئەو بەدەم خەوەوە گوتی:
لەپڕ ئەستێرەیەکی هۆڤی زا
باوکم ناوی لێنا:
کوانوویەکی مشەخەت
دراوسێکەمان ناوی لێنا
یادگارێکی سێوی
دەزگیرانەکەم ناوی لێنا:
خۆشەویستی سۆفیانە
من ناو لێنا : شالا

رزگاری جوانەمەرگ
ناوی لێنا: گڵکۆ

ان الصمت
ينفع في طرد
كلمات معينة او
في ايقافها على الاستعمال
في مناسبات افضل

* * *

(ايتالو كاليفينو
السيد پالومار)

القمر يعشق الدلافين
والا لماذا يسبح عاريا في مياه العالم
تمددي ايتها الصخرة – الناروتية-
لا كشف مستقبلي
في جغرافيتك الزئبقية كل الحروب موبؤة برائحة جيم الجغرافيا اعوذ بالله من جيم الجغرافيا انه لايجيد شيئا سوى التلاعب بمشاعر لطيف هلمت وحفر القبور وانتاج البغايا والسلاطين المزيفة..

* * *

ان ادق التفاسير للجامعات
هو:
الجامعات مصانع متطورة
لصنع النهود الملائمة
للتمرد والتدخين
ومحو الثقافة
وزرع بذور الامية
في عقول وجينات
الاجيال القادمة..
تحيا الثقافة

تسقط الجامعات

والدكاترة المولعين

بالالاعيب الاكروباتيكية!

ئەمە لەقسەی لانگستۆن هیۆز دەچێ

<u>لزاتکۆ دەزگای قەلاچۆکردنی عەشق و خوێندەواریە</u>

ئێستا کاتژمێر ٤٨ تە بەکاتی مەریخ و کاتی پێشکەشکردنی (قسەی نەستەقی ئەلەکترۆنی)یە:

* دیواری نێوان کۆیلەیەتی و ئازادی

لەپەردەی کچێنی تەنکترە

لەتیف هەڵمەت

* کۆیلە هەر بەکۆیلەیی لەدایك دەبێ و

دۆندی کۆیلە بەجێدێڵێ

-بەشێکی ونبوو لەکۆمارەکەی ئیفلاتون-

* زەوی هی ئەو کەسەیە کەدەیکێڵێ و

بیر هی ئەو کەسەیە کەهەڵیدەکەنێ

– ئیمامی عەلی – د.خ

* نابێ کەس هەژار بێ

– دروشمێك لەدروشمەکانی کۆموونەی پاریس–

* ئەم دەوڵەمەندانە چۆن دەوڵەمەندبوون؟

– بەشێك لەنامەیەکی زارەکی ئەبوزەری غەفاری–

* * *

ئەمە وەرزی کۆچە بەرەو رۆژئاوا

لەگەڵ داوای لێبوردن لە– الطیب صالح–

ئەی بای لایدەی دەڤەرە ئەمیبیاییەکان

لەچەند شاردا هێلکەی وڕارەت بەجێهێشتووە

لەسەر چەن تاوێرو تاتدا

دیتانی وزارو
ناوی گراوەکانی خۆتت
بەکلکە زبرەکەت هەڵکۆڵیوەو
مۆڤی مۆسیقای ختووکەی پەنجەتت
بەسەر مەمکی چەند کیژۆڵەی تەفرە خواردوودا باراندووە
ئەی بابۆ حەزت لەبۆرژان نیە؟
ئەی بابۆ رقت لەکاری زبارەیە؟
ئەی با کوا گالێسکە پڕ لەکۆترە سپیەکەت (کۆتر.. / بەفر.. )
تۆ یەکێکی یا هەزاران هەزار
وا بەتوندی لەدەرگا دەدەی ئەی با..؟
کێ بوو لەبارەی سیاسەتەوە پرسیاری کردبوو
با گوێ لەوەڵامەکەی بگرێ:
* * *

سیاسەت : بازاڕی فرۆشتنی
مەرگی بەلەزو
خەونی شلێوەو
شیعری گەچڵاوو/ دەلیڤی ساختەو
دابینکردنی گڵکۆو
کورسی پەرلەمان
بۆ قوماندانە خەوخۆشەکان..!

لولا
ان الانسان
يستطيع الرقص
لما استطاع الصلاة
* * *
مذكرات كازانتزاكي - الجزء الاول
- الطريق الى غريكو-

* * *

کێ دەڵێ قفڵ زمانی نیە؟
ئەگەر مێرووله شاعیر دەبوو
تووڕەترین شیعری بەرگری
دژی شارستانیەت دەنووسی..
بەرێزەکان
ئێوە زۆر شتتان بۆ ئەم گەلەپیرە ئامادەکردووە
لەهەمووی گرنگتر
گەللەگۆڕو
گۆچانی ئۆتەماتیکی و
دەستو پێی دەسکرد..!
هەروەها
ڕێکخراوی دزیو
سابوونی ژەهراویو
دابینکردنی کاتی زۆر بۆ قرتاندنی گوڵەبەرۆژە..!
نازانم گوناح نیە.. حەزدەکەم
بەتاتشەرو
تەرمەکەی ئەندێرا غاندییەوە
شەیتانی بم..! (ئەمە چ چیزکاری یەکە..؟)
تۆ شارەزای ماتماتیك نیت
نازانی دەستێك
چۆن دابەش دەکرێ
بەسەر هەزار مەمکدا
تۆ لەزانستی کیمیادا بەڵگە نامەت نیە
نازانی لەتێکەڵ کردن و
هەڵاوێرکردنی ڕنگەکاندا
چی ڕوودەدات.. (ئەم مۆڤە پەیوەندی بەمۆڤەکانی ماڤی مرۆڤەوە نیە)
تۆ شارەزای پاراسایکۆلۆژیانیت
نازانی شەقامەکان

**چەند جنۆکەی دبلۆماسیی تیایە**

**اعوذ بالله من الشيطان الرجيم**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

بنت البلد تعمل الدلكة

والدخان والريحة وتلبس

الفركة القرمصيص، وحين ترقد على البرش الاحمر بعد

صلاة العشاء وتفتح فخذيها.

يشعر الرجل كانه ابو زيدالهلالي

الرجل الما عنده همة يصبح له همه

(موسم الهجرة الى الشمال) الطيب صالح

**(تكایە ئەم شیعرە بخوێنەرەوە بۆرەواندنەوەی ترس باشە):**

**يا لائمي في الهوى العذري معذرة**

**مني اليك ولو انصفت لم تلم**

**كم حسنت لذة للمرء قاتلة**

**من حيث لم يدر.... ان السم في الدسم**

*　*　*

**تکایە.. ئەم ویردەش لەبەرکە بۆ چسپاندنی ئاشتی باشە:**

**(اللهم نور بالعلم قلبى واستعمل بطاعتك بدني وخلص من الفتن يدي واشغل بالاعتبار فكري وقني شر وسواس الشيطان واجرني منه يارحمن حتى لايكون له علي سلطان)**

*　*　*

**في الليالي الحبلى بالثلج والغثيان**

**احلم باني طائر والارض تحت جناحي فخ**

**فاطير.. واطير وحين امل الطيران**

**اقع..**

**في شبائك الرغبات الالكترونية**

**عفوا اقع بين فخذي تانسوجيلر المفتوحتين كفكي تمساح محنط**

**بەمنداڵی لەسەر تەختە ڕەشەی قوتابخانە**

**فێری عەشق کراین/ بەدەباشیر تانۆکی وڵاتانمان دیاری کرد..**

دوێنێ منداڵی دراوسێکەمان دەیگوت:
رۆژانەکەم کۆدەکەمەوەو
تفەنگێك دەکڕم
بیرم کەوتەوە من بەمنداڵی
رۆژانەکەمم کۆدەکردەوەو
کۆلارەو دەفتەرم پێ دەکڕی..

گوێ بگرە ئەی دڵەکەم
یەکێ لەوێ دووبارە
بانگت دەکات..
نا.. نا.. کەس نیە!
- شاعیری پاکستانی فایز ئەحمەد فایز-

تفەنگ / بەهی
دارەمەیت: جێژای مرۆۃ
گۆڕهەڵکەن/ گەنجوور
گۆڕهەڵکەن.. سەندیکای بەوام دانی خەون
بیر لەوە دەکەمەوە.. ئەگەر
هەموو دارستانەکان بکرێن بەتفەنگ و دارەمەیت و
بێشکە
چۆلەکە لەکوێ دەنوێ؟
شەڕ/ شیعری پەژموردە
شەڕ خانمی پیاوخۆر
شەڕ/ رەوزەنی تاریکی..
گۆڕهەڵکەن.. گۆڕ .. گۆڕ.. گۆڕ.. گۆڕستان
گۆڕستان.. / با هێزی عەشق
گۆڕستان/ هەڵوەشاندنەوەی بەربژاریی
پرسیار.. پرسیار.. ئەگەر هەموو زەوی ببێ
بەگۆڕستان

ئیتر.. مرۆڤ لەکوێ دڵداری دەکات!
سەیرە (ئەو دەڵێ)
پیاوو ژن مانیان لێکتر گرتووە / پەرتاڵ لێکتر ناکڕن..
پیاو حەز لەدەلفین دەکات و
کچان حەزیان لەغۆریلایە/ دەشێ حەزیان لەساوێرەی خۆیان بێ!
کچان ساردوسڕن
ساردو سڕ (من شایەتم لەتەوەن دروست نەکراون)
بەهاوین هۆگری دۆندرمەو تەنوورەی کورت و بابۆڵەی گەس و
قژی خۆیانن
بەزستان متوی دەسکێش و پانتۆڵی کاوبۆو ئیسترێجن
بەپایز حەز لەگوڵەبەڕۆژەو زەردەخەنەی دەسکردو
خەوی نیوەڕوان دەکەن
لەبەرهاردا وەك رەوە گامێش راکەراکیانەو
یادگارەکانی سێ وەرزەکەی دی کاوێژ دەکەن..
پیاوان خەریکی شەڕن (بلیتی ئاوقەد دەکڕن)
پیاوان سەرقاڵی مردنن (خەریکی راوکردنی باویلکەن..)
کارگەکان خەریکی دروستکردنی ئامێری ژنانەن
بۆبەرەکانی جەنگ
کارگەکان سەرگەرمی دروستکردنی ئامێری پیاوانەن
بۆ ژنی ئەفسەرو ژەنراڵەکانی بەرەکانی جەنگ
بۆ کچانی بەرەبابی چینی ئۆرستکراتی
کچانی تەمەڵ و تەوەزەل و گەمژە
کچانی پەژموردەو دڵساردو زوشتی برژووا
کیژانی برژوا نەدڵداری دەزانن
نەرق و کینە/ ئاوێنە بۆژە دەکەن..!
کچگەلێکی سەندیکایین
حەزیان لەزمانی سەگ و
کلکی پشیلەی دێونەو

ئامێری پیاوانەی دەسکردە..
نازانم
لەوانەیە حەزیان
لەشووشەی بیبسی کۆلای بەتاڵیش بێت..
صمغ عطري
صمغ الايام
الماضية
اه من جنة
الطفولة
* * *
شاعرية احلام اليقظة
غاستون باشلار
ترجمة: جورج سعيد
لەباخچەیەکی گشتیدا
دەستی بایەکی دکتاتۆر
بەتووڕەیی تەنوورەی کچۆڵەیەکی قووت دا..
دەیان هەرزەکار پیربوون
دەیان پیرشەیتانی بوون
دەیان پیرەژن
ئیرەییان بەسپێتی رانی کچۆڵەکە برد
ئەی با.. من دەتوانم بەزمان
لەشی ئافرەتان
لەگوناه تەهی کەم
من دەتوانم با بکەم بەپەپیژەو
نوشتی کەمو بیخەمە سەرشانم
جا ئەوساکێ
تەنوورەی کچۆڵەکان بەدەمدا دەبات؟
جاك بریڤێر دەڵێ: پاشاش وەکو گەر دەمرێ
منیش دەڵێم کەریش وەکو پاشا دەزەڕێ
- ئەرێ شەڕ چیە؟

+ دەمەقاڵێی نێوان قاچاخچییەکانە
- لەسەر چی؟
+ لەسەر.. سۆزانیی و باخچەی ئاژەڵان و هێلکە ڕێوی!
- ئەی ئاشتی چیە؟
+ شەڕێکی بێدەنگە بۆ پاراستنی شەڕ
- قەڵەم بۆچی باشە؟
+ بۆ مۆرکردنی شەڕو نووسینی نامەی دڵداری
(لەوانەیە کچان بۆ شتیتریش بەکاری بێنن.. بۆئەو مەبەستە دەتوانن ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری - طبیبك- بخوێننەوە)
- دەس بۆچی باشە؟
+ بۆ هەڵکەندنی گۆڕو بەرزکردنەوەی ئاڵای سپی بەرامبەر بەدوژمنان
- ئەی تفەنگ
بۆ گوشینی مەمکی کچۆڵان و
جووت بوون لەگەڵ ژنە تلۆخەکاندا
ئەمە خودەیەکی سەربازییە
پڕاو پڕبووە لەگڵ و بنجێ گوڵی تیادا ڕوواوە
کێ دەڵێ ئەو سەرەی لەژێر
ئەم خوودەیەدا خەوی دەبینی
لەدڵی خۆیدا نەخشەی کودەتای
ئاشتی نەکێشاوە؟
ئەمە پاشماوەی قەحپەخانەیەکە
پارچە بەرماڵێکی تیایە
کێ دەڵێ کچێکی پاکیزە
لێرەا دیل نەکراوە..!
(لەسەردەمی شەڕدا مرۆڤ پشیلە دەخوات)
(ئەمە دروشمێکە لەسەر دەستی منداڵێك نووسرابوو..)
- ئەرێ حزب و ڕێکخراوەکان
دەوریان چیە لەمێژوودا؟

+ پەرتو بڵاوکردنەوەی جەماوەر
- ئەرکی سەرشانی ڕێکخراوەکانی خانمان چییە؟
+ دابەشکردنی مەکینەی دورمانو
شێوەن سازکردن بۆ شەهیدان
*	*	*

(پەندی هاوچەرخ)
-اعطني القدرة
حتى ابتسم-
- شاعیری میسری - امل دنقل
تکایە:
لەو مینانە بترسن
کەلەژێر وشەو جەڤەنگی
ئەم هۆنراوە یاخییەدا شاراوەتەوە..
ئاگاداربن پێی پیادا مەنێن
هەڵی مەوەشێنن
لێگەڕێن بۆ کەسانی شارزای مین)
*	*	*

هەزار دەمم دەوێ
پەسنی تەپانی دەرگا نەبینراوەکانی دۆزەخ بکەم
هەزار دەستم دەوێ
شەنگەستەی قەڵای مەمك داگیرکەم
هەزار تەرازووم دەوێ
تەبایی و رقی مێرووله پێوانە بکەم
***

(کێ نۆمای هاوینی بەڕەڵڵا کرد؟)
-محمد عفیفی مطر-
ئەی منداڵەکان لەدایك مەبن
(کێ باکەشەکانی زاوزێ داخات؟)

شەڕێکی درێژخایەن
لەئەسپی پشوو دابەزیوە
(ئەم سوارە لەچ باخۆرێکەوە هات؟)
دەتانکەن بەسەرباز (لەبەرخۆرەتاودا
مەشقتان پێ‌دەکەن)
بەپێشمەرگە (وێنەکانتان دەخەنە باهووی زێڕینەوە)
گوێ بگرن کەڕەنای شەڕێکی کپ
لێدەدرێ/ چەردی مەرگ هەڵتان دەگوێزێ..
لەدایک مەبن/دوایی مەرگ بەیدەستان دەکات..
لەدایک مەبن ئەمە بەرسەۆ دانەوەی مەرگە..
لەدایک مەبن..
با راپێچی شەڕی براکوژی نەکرێن..!
لێرە لەگەڵ لەدایکبووندا
زمانی منداڵ دەردەهێنرێ‌و
زمانی پێڵاوێك دەئاخنرێتە جێگاکەی
بۆئەوەی منالان
گۆرانی عەشق نەڵێن
لێرە لەگەڵ لەدایکبووندا
مامان دڵی منداڵ تووڕدەدات و
مشتێ باروت
لەسنگیدا دەچێنێ..!
– ئەی گوڵ لێرە مەڕوێ مەڕوێ..
+ بۆ.. بۆ.. بۆ..؟
– با پریشکی بارووتی خێڵایەتی
پاکیزەییت نەسمێ..
– ئەی با لێرە پیاسە مەکە
+ بۆ؟
– با لەشەڕی حزبایەتی دا

بەدیل نەگیرێی..
یا جیاع العالم
ادخلوا جمهوريتي

> پەندی هاوچەرخ
> ولماذا يابياض الثلج
> لاتهل في غربة نومي
> مثلما تنهل في الارض الغريبة
> غربة النوم رهيبة
> خليل حاوي

وارفعوا راية الفوضى
فمن البدء كان الفوضى
ولاشيء يبقى سوى الفوضى
والنهود الجامعية الشرسة المتلهفة لافتراس الاصابع الخشنة!
ئەمە وڵاتی ئەو شاعیرانەیە
کەتاجی زێرینی شیعر
دەبەخشن بەهەر حزبێك
کورسییەکی شلۆقیان
لەسوچێکی پەرلەماندا
بۆ داگیرکات..
خۆتان لە(س)ی سامانو
-س-ی سیاسەت
بپارێزن
-س-ی سامان ڤایرۆسی ئایدز
بڵاودەکاتەوەو
-س-یسیاسەت
تفەنگی براکوژی
(ئەم دڵۆپە خوێنانەی

کەرژاونەتە سەر دەرپێکەم
خوێنی پەردەی کچێنیمە
چەکدارێك لەشەڕی پشتاشاندا
بەلوولەی تفەنگەکەی تکاندی)
-ئەمە نامەیەك بوو کچێك لەسەردەرپێیەکی کچانە نووسیوبیو
ڕێبوارێك لەژێر تاشەبەردێکی پشتاشاندا دۆزیبویەوە-
جیاوازی نێوان سیخورو رۆژنامەنووس
تاڵە موویەکە..!
جیاوازی نێوان پۆلیسو رۆبۆت چیە؟
جیاوازی نێوان دکتۆرو قەساب چیە؟
جببت الي من دنياكم ثلاث:
النساء والطيب
وجعلت قرة عيني في الصلاة
النبي الاعظم محمد صلى الله عليه وعلى اله وسلم تسليما
حق المراة: عزيز السيد جاسم
فى داخل كل شجره
توجدشجره
هى شجرهالعدم
- الشاعر اليابانى روميكوكورا-
جیاوازی نێوان شۆرشگێڕو جەردە
تاڵەموویەکە
ئەی جیاوازی نێوان شەیتانو شاعیرچیە؟
* * *
ئەڵێم ئەی ئەستێرە دوورەکە
کەی نزیك دەبیتەوە لەبنەبانی بستەیی باڵەخانەی خەونم؟
ئەی هەیڤە شەمزیوەکە
کێ دوژمنتە؟
ئەی ونگە کێ پردەکانی
نێوان منو تۆی

دزی..؟
ئای دەبێ ئەو چڵە دارەی
کەدەیخەنە ئاگردانەوە
بەچ زمانێ بگری
واگوێمان لەدەنگی نیە
ئەی شوانە گێلەکە
با ئاگردانەکە نەکوژێتەوە
دوایی گالێسکەی باهۆڕ
خۆڵەمێشەکەی دەدزێو بەجۆبارەکەی دەبەخشێ..
تۆ ئەوەندە دڵرەقی
رەنگە دایکت لەورچێکی نێرینە
تۆی بووبێ
ئەی دڵ بۆ کوێت ببەم/ منت کردووە بەئاژانی خۆت
ئەی دڵ بۆ کوێم ئەبەی/ئەمە کۆچێکی (ستەور)ە
ئەی دڵ بۆ کوێ بچین
ئەی کات بۆکوێت هەڵگرم
ئەی کات بۆ کوێم هەڵدەگری (بۆ دووشاخەت کردووم)
ئەی کات.. ئەی کات
بەرەو کوێ برۆین..؟ هاتنو گەڕانەوەمان (مامك)ە مامك
(خوای مەزن سی رۆژ رۆژووی لەسەرمان
فەرزکردووە "بەقەسەکردنی تەواوەوە"
حزبەکان کردیان بە(٣٦٥) رۆژ
بەشەوو رۆژەوە) "بەبێ قسەکردن"
- دەفتەری یادگاری گومڕایەکی سۆفی-

پەندی هاوچەرخانە
ان العلم الذي لم يكسب
نفسه المشروعية ليس
علماً حقيقياً..

* * *

الوضع مابعد الحداثي
جان – فرانسوا يوتارد
ترجمة: احمد حسان

ماسی سپی زۆر دووره زۆر
کاتم نیه
بژی ئەسپی شەپۆلەکانی
شانه بکەم
سیروان لەبەر ماڵماندایه
وەکو سۆفییەك ئاودامانی سپییەو
هۆره دەکات
دەڕۆم لەبەر پێی شەپۆله دڕەکانیدا
شەمچەی نهێنییەکانم
هەڵدەکەم..و باسی ماسییه بێ ئاوەکانی – خاسه–ی بۆدەکەم
مافی مرۆڤ / هێستری ئاوس / کەلەشێری مێینه/
مریشکی نێر/ هێلکەی شەمشەمەکوێره
سوورێنەی هێلکه/ زەردێنەی خوێن/
جووتێ پێڵاوی تاکەو تاك/ مافی مرۆڤ..
ئەرێ پێکەنینی پشیله خۆشه
یا پانتۆمایمی کەرکەدەنگ؟
مەحمود دەروێش درۆ دەکا..
درۆدەکا
درۆ دەکا.. کەدەڵێ( وطني ليس حقيبة وانا لست مسافر)
نیشتمان جانتایەو جانتایەو جانتایه
شاعیریش کچەری
کەجیهان هێندەی رکێك تەسك بێ
مەل شاباڵی بۆچییه
کەزەوی نارنجۆکێکی میقات کراو بێ
شاعیر نیشتمانی بۆچییه؟
ئەستێرەیەك کشا

ئەستێرەیەك هەڵهات
دكتۆریش وەك پۆلیس
كەس ناناسێ
بەرەچەتە دەدوێ
بەرەچتە پێدەكەنێ
بەڵام گەواهی دەدەم
لەكلینكەكەی خۆیدا
بەخێرهاتنی نەخۆش دەكاو
جارجاریش بەبێ پارە
نیو نوكتە دەگێڕێتەوە
جگە لەهەور.. كەس هاوڕێم نیە هەوریش هەردەگری
- ئەرێ تەلەفزیۆن بۆچی باشە؟
+ بۆئەوەی لەبۆنە رەسمیو میللییەكاندا
سیاسەتمەداران درۆی تیادابكەنو
شاعیرەكانیش پاشكۆیەتی خۆیانی تیا دووپات بكەنەوە
بۆ حزبێك
(بالقصر العالي وبالثراء لم اندنس
لا الفقر ولا المنصبالواطيء
ينالاني من سعادتي
ان انسانا كهذا هو في الحقيقة بطل)
- الشاعرجنيغهار-
تعالي املائي وحدتي
* * *
الفن والحلم والفعل
جبرا ابراهيم جبرا
ئێمە خوێنی خۆمان دەكەینە چراوە
كەچی چراكە بۆماڵی ئێوەیە
ئێمە دەچین بۆ راو
كەچی نێچیرەكە بۆ ماڵی ئێوەیە..!

کێ نازانێ مەمك سێوەو
سێویش مەمك
مەمكیش تۆپی سەبەتە..!
بۆگەنی زیندۆكان
مردۆكانی بێزاركردووە
تریقەی ئۆخژنی مردۆكان
سەرنجی كۆترە كۆچرییەكان رادەكێشێ..
* * *
كەركوك/
* كتێبێك لەتاریكیدا
* فەلەستین : ناوی كچێك لەخێوەتگایەكی لوبنان دا
* كەركوك/ هۆنراوەیەكی تاڵ
* فەلەستین ناوی قوتابخانەیەك
لەگەڕەكێكی كەركوكدا
* كەركوك/ ئاشتی
* فەلەستین ناوی شەقامێك
لەبەغدا
كەركوك/ جەنگی بانەرۆژ
* فەلەستین جوگرافیایەكی بێنەخشە
كەركوك/ ڕێگایەك بەرەو خوا
فەلەستین نارنجۆكێكی قورمیش كراو
كەركوك/ ڕێگای خوا.. بەرەو من
* فەلەستین خاكێكی سووتاوو گەلێكی ئاوارە
كەركوك / من
* فەلەستین ناونیشانی شانۆنامەیەكی (لەتیف هەڵمەت)
وداعا
وداعا
ايتها الجزير السرية
يا وردة

*      *   *

بابلو نيرودا- كتاب التساؤلات

کەرکوك

فەلەستین

کەرکوك

فەلەستین

دوو کچی رووت

لەگەراجێکدا..!

فاض العزاوي و لەتیف هەڵمەت

السلسلة ... القيد

تراث يعودالى ايام السفن -- السجن

*      *      *

المراقبة و المعاقبة

ولادة السجن

مشيل فوكو

ترجمة: علي مقلد

سەدەی بیستو دوو

سەدەی کچانی تامەزرۆی خەرتوومی فیل

سوکانی پاسکیل

تۆماوی رۆبۆت

ئەرێ سمتی سۆزانییەك جەماوەری زۆرە

یا سەرکردەیەك..؟

ئەرێ ناو لنگی قەحپەیەك پاکژە

یا دەستی ژەنراڵێك؟

ئەرێ گوناحە گوناح..

قەحپەو سیاسەت مەخەنە یەك لیستەوە

قەحپەکەی شەڕی براکوژی

بەرپادەکاتو

مانگانەی مووچە خۆرو کرێکار
دەدزێ؟
هەموومان داوای ئاشتی دەکەین
هەموومان حەزمان لەجەنگە جەنگ لەگەڵ خۆماندا/ لەگەڵ قالۆنچەی
ئاودەسخانەدا..
حەنگ لەگەڵ خۆشەویستەکانماندا: لەگەڵ مەمكو ناوکیاندا
جەنگ لەگەڵ ناحەزەکانماندا
جەنگ لەگەڵ ئەواندا
جەنگ لەگەڵ ئەماندا (مەبەستم لەپشیلەیە)
جەنگ لەگەڵ رابردوودا
جەنگ لەگەڵ داهاتوودا (مەبەستم لەشقارتەیە)
جەنگ لەسەر کۆکردنەوەی پارەی ناو پاس
جەنگ لەسەر پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلو
یاری تۆپی پێ..
جەنگ لەسەر پەیداکردنی جێ نوێژی هەینی لەمزگەوتی کاك
ئەحمەدی شێخ دا
جەنگ لەسەر ریزگرتن بۆ دیدەنی نەخۆش
جەنگ لەسەر سەرچۆپی گرتن
لەشایی خوشكو براکانمانا
جەنگ لەسەر هاوڕێتی سۆزانییەك
جەنگ لەسەر خۆشەویستیو ناپاکی کردن
لەژنو نیشتمانەکەمان
جەنگ لەسەر کورسی حیزبی پەرلەمان
جەنگ لەسەر دابەشکردنی شڕەو تالانی
جەنگ لەسەر رێبازێکی ناوازەی شیعر
جەنگ لەسەر ناوی ژنە قەدەغەکانی قوبادی جەلی زادە..
جەنگ
جەنگ تەنیا پردێکە

کەبەیەکەوەمان دەبەستێ
خۆشەویستی جۆرێکە لەجۆرەکانی جەنگ
دەیان بەگژداچوونو ئاگربەستی
تیادا مۆردەکرێ
دەیان شارو گوندی خەونی
تیادا دەبێ بەخۆڵەکەوە
سەدان جۆر چەکی قورسی تیادا بەکاردێ
پاتریۆتی نیگا
سکۆدی خەندە
باجەری نامە
کلاشینکۆڤی ناز
مووشەکی ماچ
ئۆتۆمی جووت بوون.. هتد
*   *   *
بیابانی چاوت پێ پایانە
دڵم ناتوانێ
پیادا گوزەر کات
پرچت زۆر درێژە
کاتم نیە بۆت توغرا کەم
( بي حاجة للازهار التي تنبت في النهار
توتياء! صاح الملك.. اعطنا ازهارا
البستاني خرج من الصفوف ومضى
يتناول وعاء مليئا باللهب
بذرفيه حبة ذات بريق
ولم ينقض وقت طويل
حتى نبتت الازهار..)
*   *   *
-النار في التحليل النفسي-
غاستون باشلار
ترجمة: نهاد خياطة

ئاو ئاوێنەیەکی گەڕۆکە
نهێنی ماسییەکان
بەراوچییەکان
دەفرۆشێ..
خۆزگە بەهار ڕێی دەکەوتە گوندەکەمان..!
زەنگۆڵەی ملی هەورەکان خۆزگەیان لێ دەبارێ
پرچی درێژی هەورەکان
لەسەر مەمکی زەوی سەما دەکات
ئەی زەنگۆڵەکانی ملی هەور
تاجی کچی لەسەرکەن
ئەی پرچەدرێژەکەی هەور
من دەنووم
ئیترئێوە لەودیو پەنجەرەکەمەوە
بۆکێ سەما دەکەن..!
ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە
لەبارەی (فەرهەنگی قاف)ەوە هەندێ بدوێین:
-ئەمەش ئەو گوتی-
قاژی = پێچەوانە
قەنجی = چاکیی
قابیل = یەکەم پیاوکوژی مێژوو
قۆنەرە = نیشتمانی پێ
قەڵەم = ئامێرێکە بۆ نووسین بەکاردێ و خوای مەزن سوێندی پێ خواروە
هەروەها بەهۆی راستەو پرگاڵەوە دەتوانین
وێنەی بازنەو چوارگۆشەو سێگۆشەو هتدی پێبکێشین
سەبری قەبانی لەهەندێ ژمارەی گۆڤاری - طبیبط- دا
دەڵێ: هەندێ جۆری قەڵەم هەیە
کچان لەگەڵیدا جووت دەبن

چونکە بێترسە
حەبی لەباربردنی ناوێ
ئیتر داوای لێبوردن دەکەم و ئاشکرایە لەبەرهەندێ هۆی تایبەتی و
مەرتاڵ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و
ئاینی و رامیاری
باسی هەندێ قافم نەکرد
وەکو:
قاف قفڵ و قەرەج و
قەنارەو
قوز..
ببوورن . قوڕ..!
هەرکەسێ ئەم گۆرانبیە لەبەربکات کەبەناونیشانی
(اغنية الفئران المجنحة) یە دیوانێکی خۆمی پێشکەش دەکەین
رجولة النساء/ انوثة الرجال/ المعارك الجنسية
في اقبية الجغرافيا
رمادالثلج/ اعضاء النار التناسلية
غوغاء الصمت / هدوء الفوضى/ عسل الكآبة
كيف تدجن غراب الفرح/ كيف تصادق العصافيرالشرسة/
سائقات الصحن الطائرة/ منائرالحرب الباردة/
اسمال الاغنياء ... قصور الفقراء/ كلاب الاحزاب/ عواء الماء
خرير الكلاب الصامتة/ اقمار الارض/ حشائش السماء
بياض الظلام/ ملابس الموتى/ قبور الاحياء/ مسحوق البيض
خطايا الصالحين/ صلاة الملحدات/ التدخين ممنوع قرب الخزانات الحبلى بالمياه الصالحة للشرب/ هذا عصر البطء املا جوفك بالبنزين واسرع/ لا اقسم بجدائل الليل البيضاء ولا بلحية النهار السوداء/ للقبح جماله وللجمال قبحه/ قطر الدوائر المربعة/ احزان المربعات الدائرية/ للفئران اجنحة من النحاس/ وللقالق قرون من الخشب/ اشجار البلوط لاتنمو الا في الصحاری واشجار النخيل لاتثمر الا في الجبال/ تاج صعاليك الفرح/ احذية ملوك الحزن

الحصان يطير/ الحصان لا يطير/
يطير / لايطير
قل لوكان الهواء مدادا لكلمات الشاعر
لنضب الهواء قبل ان تنضب كلمات الشاعر
بسم الله الرحمن الرحيم
اعوذ بالله من الشاعر الرجيم
والقرارات التي
تنتجها
القصر
الابيض
الزنيم..!

ڕێگا ڕێگا.. ڕێگا
ئەرێ ڕێگای ڕاستەوخۆی لەتۆ دووركەوتنەوە لەكوێیە؟
ئەی مانگ تیشكەكانی خۆتم بدەرێ
فێری خوێندەواریت دەكەم
ئەی هەتاو كاسكێتە زێڕینەكەتم بدەرێ
سنەوبەرێكت بۆدەكەم بەگۆچان
بۆ ئەوەی كەپیر بووی
بەئاسانی لەلووتكەكاندا
سەرو خوار بكەی
ئەی ڕووبار تەمەنی خۆتم بدەرێ
فێری دڵداریو كۆلارەو یاریی شەترەنجت دەكەم..
ئەفسانە دەڵێ: جوگرافیا
سۆزانییە
بەڵام دەڵێن
سۆزانی گوتوویەتی:
من ئەفسانەم

جوگرافیا
حەقیقەتە..
ئەو گوڵە لەعەشقی کام ئەستێرە
خۆی هەڵداوەتە سەر ئەم دوندە؟
ئەو تاشەبەردە لەعەشقی کام گوڵ
بازی داوەتە نێوانی ناو لنگی ئەو دۆڵەوە
ئەی مانگ چیت لێ ونبووە
واپووزی خۆت لێ هەڵکردووەو
ئەو چەمانە سەروبن دەکەی؟
ئاسمان ژەنراڵێکی پیرە
دەیەوێ خۆی خانەنشین کات
کچ و کوڕەکەی — —خۆرو مانگ—
لەسەر ئەستێرەکانی سەر شانی شەڕیانەو
یەکتر راودەنێن
نازانن ئەو ئەستێرانە زێڕ نین.. خاک و خۆڵن
خاک و خۆڵن.. خاک و خۆڵ..!
لەبارەی دیموکراتییەتەوە ئەوەندە دەزانم کە:
خەمیش دیموکراتی نییە
چونکە جیاوازی لەنێوان
لەتیف هەڵمەت و بیل کلنتۆندا دەکات..!
* * *
کەشیعرێکی جوان دەنووسم
ئەستێرەیەکی نوێ لەدایک دەبێ
ئەوە چیە مانگ دەماخی کردووە
دەڵێی دەیەوێ لەپەنجەرەیەکەوە
بۆ دزی بچێ
لەوانەیە رادیۆی پشت سەری کچۆڵەیەک بدزێ،
گوێ لەهەواڵەکانی جیهان بگرێ..!

سەگەل دەوەڕن
ڕەنگە شیعرێك لەدایك بێ
مێژوو پشیلەیە
لەموبەقی پاشاکاندا نان دەخواو
لەکۆشی کەنیزەکەکانیاندا
بالق دەبێ
ئەی خەم خەونەکانم مەدڕە
دوایی لای شادی
شکاتت لێ دەکەم..
من دەتوانم سەگێك ناو بنێم پادشا
پشیلەیەك ناو بنێم مۆنالیزا
کەتۆدێی من دیارنیم
کەمن دێم تۆ دیارنیت
جوگرافیاو مێژوو هەر هەمووی
بەپێچەوانەی عەشق ئەخولێتەوە
شەوێکی دەڵەچەیە
نازانم دەەنگی دەسرێژی گوللەیە دێ
یا ترپەی پێی گوڵە گەنم..!
شەوێکی سیاسەتبازە
نازانم بارانە دەبارێ
یاخوایە بۆ برسییەکان دەگری..!

لایفقه الرجل کل الفقه
حتی یری للقران وجوها
کثیرة
عوارف المعارف
احیاء علوم الدین

کچان چەند گوناحن
دەزگیرانەکانیان بۆ شەڕ دەبەن
کوڕان چەند گوناحن

چەند گوناح
تۆپەڵێ
گڵیان
لەمەمکی دەزگیرانەکانیان
خۆشتر دەوێ..!
شەوێکی توورەیە (پارچە ئەتەمێکی رەشی لەخۆی پۆشیوە)
نازانم بۆنی دووکەڵی دێیەکی سووتاوە دێ
یا دڵی دایکی شەهیدێك
ئێوارە شەڕ گەرم بوو
ئەمە بەفرە کڕێوە دەکا یا ... کفن!
ئەی سەگەلی شەو بێدەنگ بن
ئیتر وارۆژەو نۆرەی دڵی منە بومرێ
ئەی بارانی خەم من چەترم نیە
بەڵام هەرگیز ئەو چەترەم لەبیرناچێتەوە
کەمن و کچێك ناوی – جوان– بوو
لەنیوەرۆیەکی سلێمانیدا
بارانمان پێ راودەناو شیعرمان لەژێریدا دەخستە باڵەفڕێ
دوو مەمك بەسنگی کچێکەوە مشت و مڕیانە
تەنوورە لەبەرکەن
یا پانتۆڵی کاوبۆی
یابەرووتی سەما بکەن.. و سواری پاسکیل ببن..!
چی دەڵێن بیلێن
ئەوەی بەرگری لەمەمکی کچێك نەکات ناتوانی بەرگری
لەگۆیژە بکات..!

*　　* *

جاران ئەشق لەبەردەرگای کۆلانەکاندا
سەرەتاتکێی دەکرد
ئێستا بەئوتومبێل بۆ پیاسە دەڕوات..

*        * *

ئێمە بەزیندوویێتی مردووین مردووین.. مردوو
ماڵەکانمان گۆڕن
لەباتی ناوو نیشان
ناوی کۆڵان و ژمارەی دەرگای
لێی نووسراوە
( شێتی تەنانەت لەتەنیاییش خۆشترە )
– رەحیم عبدالارحیم زادە–
–خۆر–

*        * *

کێ دەڵێ ئەم وڵاتە وڵاتێکی
پیشەسازی نیە
ئەی ئەوە نیە
لەهەموو شەقام و مەرزێکدا
کارگەی مەرگ گرمەی دێ
لەهەموو نەخۆشخانەیەکدا
ئامێری بڕینەوەی دەست و قاچ
بەردەوام لەکاردایەو
لەهەموو شارو شارۆچکەیەکدا
دەزگای دروستکردنی یەدەکی لەشی مرۆڤ هەیەو
بەتاک و کۆمەڵ دەفرۆشرێ..

*        *        *

مەرگ عاشقە
لەبەرهەموو پەنجەرەیەکدا
فیکە دەکێشێ..
کچ بەردێکی دڕندەیە
پیاویش جنۆکەیەکە
هەر لەکچ دەترسێ!
(واي ارض تخلو منك حتى

تعالوا يطلبونك في السماء
تراهم ينظرون اليك جهرا
وهم لايبصرون من العماء)
-الحلاج-

کەخۆشەویستی لەدایك بوو
رق هاتە کایە (تووزەکەیان لێك بەست)
کەدڵداری چاوی ترووکاند
پۆلیس پەیدابوو (ئەمە قسەی چ پیزانێکە؟)
کەدارستان باڵای کرد
تەور قوت بۆوە (واعدوا لهم ماستطعتم من قوة..)
کەخۆر کەوتە گڕوگاڵ
تاریکی رێی لێگرت (پاچەکوڵە کەوتە نازکردن)
کەراستی پێی گرت
درۆ چەقۆی لێ تیژکرد
سورەتی - النساء-
بەچاو دەخوێنمەوە
سوورەتی - مەمك-
بەدەست..
دەنگی سەگوەر دەبارێ
یا لایدەیەك بەم شڵێوەیە گەیشتۆتە
بەردەسیلەی ئاوایی
یا دوو دۆست لەماڵ دەرچوون و
ژوان دەکەن..!
هەموو کاتەکانی گەردوون
بەشی دوو عاشق ناکات
تەمەن چەند کورتە
ماچێکی تیادا دروست ناکرێ
بۆنی خەنەی تاریکایی دێ
بۆنی نوێژی رەش دێ

بۆنی گوناحی سپی دێ
بۆنی لاکی بووکەشووشەی شکاو دێ
رەنگە بووکە شووشەی
کچۆڵە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان بێ
ئەرێ بشێ بۆنی بووکەشووشەیەکی کاتی منداڵێتی
فاتمەی شێخ کاکە حەمەی بنەکە نەبێ..!

(اصبحت في المكتبات
مجلدا مجدب
يسكنني وجهك
وحبك المترب)

صادق الصائغ
نشيد الكركدن

*     * *

(ايها الرأس المحروس بلا عناية
اصغ الى فن العشب)

-صلاح ستيتية-

خەون
خەون
خەون
کورێکی توولەك خەو بەکچێکەوە دەبینێ
لەنایلۆنیش بێ هەرباشە
کچێکی دوو شیزە خەو بەکوڕێکەوە دەبینێ
لەنایلۆنیش بێ هەر باشە
شاعیرێك خەو بەژوورێکەوە دەبینێ
لەنایلۆنیش بێ هەر باشە
بەڵام پۆلیسێك
جێگۆڕێکی بۆ داین دەکات
بۆنی خوێن دێ
خوێنێکی سپی.. سپی

سپی وەك پشكۆ
لەبۆنی خوێنی شاعیرێكی مشەخەت دەچێ
كەخەوی بەژوورێكەوە دەدی لەنایلۆن..
بەسەرۆكی شارەوانی بڵێن
سەرو دوو مەتر زەوی
بەشاعیران ببەخشێ
خۆ شاعیران نایكەن بەخانوو
جێگۆڕی خۆیانی لێ دەستنیشان دەكەن
* * *
دەمەوێ بنكەیەكی نهێنی
بۆ چەكەكانی جەنگی ئایندەم
دروست كەم
دەترسم ئەمەریكا
بەمانگی دەسكرد/ یا بەئینتەرنێت
بیدۆزێتەوە..!
* * *

فەرموون ئێستاش لەرێگای کۆمپیوتەرەوە سەیری (شیعرێکی سپی) بکەن

سپی سپی وەك خوێنەکەی بەکر عەلی..

*     *     *

(ساشعل النار في الجنة واسكب الماء على النار)

رابعه العدويه

کەڕۆژ خۆی رووت دەکاتەوە
لەچەمەکاندا مەلەدەکات
تاریکایی لەشووشەیەکدا کۆدەکەمەوەو
هەندێ وشەی نوێی پێ دەنووسم

کەشەو کەپری خۆی دروست دەکات
رووناکایی دەخەمە قەفەزێکەوە
نەوەك پشیلە بیخوات..!

*     *     *

من ئەو گالیسکەیەم
کەپایز رەنگی کەسکی لێ بار دەکات
من ئەوکەژاوەیەم
کەبەهار پری دەکات لەزەردێنەی هێلکە
من ئەو فرۆکەیەم
کەزستان هەزاران تەن گرەو سەبوونی لێ باردەکات
من ئەو شەمەندەفەرەەم
کەهاوین هەموو فارگۆنەکانی داگیردەکاتو پری دەکات لەباران
ئەرێ دەبێ ئەم مەرەکەبە سوورەی
کەلەدەمارەکانمدایە
بەشی دروستکرنی چەند وشە بکات
ئاسنی ناو شانەکانی لەشم
بەشی چەند بزمار
فۆسفاتی یەسقانەکانم
بەشی چەند سابوون
تۆماوی ئارەزووم

بەشی چەند مێینە..!
ئای ئەگەر خەونمان نەدۆزبایەتەوە
چۆن لەدیلێتی دەرباز دەبووین..!
مردن تەمەنێکە
پێویستی بەکات نیە
لەبەرئەوە مردو نەکاتژمێری هەیەو
نەلەکەس دەپرسێ کاتژمێر چەندە..
(ففي الساحات لازالت بقايانا
تداس بارجل الظلم)
- مى الصايغ-
- فى الشوارع لازالت
بقايا قبل متوهجه
لم تكنسها رياح الصباح
- لطيف هلمت-
- ولكن هذا ليس الوقت المناسب
لوضع الاكاليل على جرائم الامس
-لنري بيترز-
(كل الاوقات مناسبة
لاختيار المراهقات الصالحات للمضاجعة
وحفر القبور
واطلاق النار على لائحة السلام)
- لطيف هلمت-
- احفرو بئرا
منبعا للماء
يغسل التراب عن قدمي كولومبس
ويمسح دموع عصرنا
- فيرجا بيلان-
(ساحفر جسدك
ايتها الانثى
احفره .. احفره بمخالب روحي الاميبية

احفره بملايين الانامل الحديدية وملايين الاسنان الالكترونية
الى ان تنقرض كلها
بحثا عن كنوز وهمية
اضاعها جدنا المقدس
في رحلته
بين الجنة والارض)
- لطيف هلمت-

لەخەون و لەڕاستیدا
پردێك سەرنجمان رادەكێشێ
پردێك
پردێك
كەهێشتا دروست نەكراوە..!
حیكمەتی ئەم لاپەڕەیە:
ليست وايم الحق
اهواك بناظري
انهما يريان الف عيب فيك
ولكن قلبي يهوى مايزدريان
ويلذ له التوله بالرغم عن النظر
- وليم شكسبير- ترجمة جبرا ابراهيم جبرا-

* * *

دیسانەوە
زەنگی زامەكانی رابردوو
تاوانی ساتە دڕندەكانی پڕاو پڕكرد
لەساموّتكەی دەنگ
ئەرێ ئەم زەنگە چ دەڵێ
ئەرێ زام لەچ رەگەزێكە؟
ئاری یا سامی یاحامی؟
ئەرێ زام
بە چ زمانێ دەدوێ؟

بەکوردی
یا بەزمانی نەتەوەیەکی پێش مێژوو
یا بەزمانی پەپوولە؟
کێ دەڵێ بەزمانی زەردەواڵە ناگۆیێ
باشە زام خوێندەواری هەیە؟
دەبێ بە چ جۆرە پیتێك
سروودی ژانەکانی خۆی
تۆمار کات؟
بەپیتی لاتینی.. یا عەرەبی یا بزماری؟
ئەرێ زام ناسنامەی چ وڵاتێکی هەیە؟
بشێ زام سەربازیی لەسەربێ
ئەی باشە زام پێی هەیە
ئەگەر کیمیایی باری
یا تانگ دەوری زەوی گوندەکەی دا
ڕەوی پێ بکات!

*  *  *

من بوم پرسیم
ئەرێ بشێ ئەوەی لەئاوێنەدا
چاوشارکێمان لەگەڵدا دەکات
دوژمنەکەمان نەبێ!

ئەمە پرسیاری خۆمە نەك زێنەبی یوسفی

*  *  *

ليس لي ما اضيفه الي ما قلتموه حقا لقد اثار انتباهي
صمت فرويد بشان نيتشة

(ميشيل فوكو
جنيالوجيا المعرفة)

*  *  *

ئەوەتا
بەفرێکی کرماوی دەبارێ
منالەکان بۆ شتێك دەگەڕێن
لەوانەیە وێلی دوای جالجالۆکەی خەون بێ
ئەوەتا هەورێکی کوێر
ئەم شەقامە تراژیدیایانە
بەربرووسکە دەدات
ئاگادار بن
خواردنی گۆشتی قالۆنچە
قەدەغەیە (ئەمە رەنگە قسەی فیساغۆرس بێ)
موچە دەدرێ‌و نادرێ
موچە وەك کلووە بەفر
بالووشی دەکا (ئەمە رەنگە قسەی قوماربازێك بێ)
کاغەز گرانە
دەڕۆم بزانم کچۆلەیەك رازی ناکەم
هۆنراوە نوێکەم
لەسەر گۆی مەمکی یا مۆمی پووزی بنووسم..
* * *

من باسی چاوی تۆ ناکەم
لەبارەی دەمانچەیەکی دوو لوولەی بێدەنگەوە
دەدوێم
کەکچان لەبەردەرگای زانکۆکان‌و
پەنای باخچە گشتیەکان‌و/ بەردەرکی سەراو
سووچی شەقامەکاندا
پیاوانی پێ گوللە باران دەکەن..!
* * *

## تکایە بۆ سبەینێ ئەم ئایەتانە لەبەرکەن:

١-ئایەتی (ترس)

لەشەڕدا ترس لەترسی گوللە
خۆی دەشارێتەوە!

٢-ئایەتی (ملیۆنێر)

ئەگەر هەزار ساڵی دی
بۆم لوا لەدایك ببمەوە
لەتیپێکی تۆپی پێدا
دەبم بەئەندام
دەشێ بەڕێکەوت
گۆڵێك بمکات
بەملیۆنێر..!
دەنگێك:

گوێ دەگرم
گوێم لەگریانی بایە
ئەرێ با بۆکێ دەگری؟
*　*　*
لەوانەیە لەسەرهاروهاجی لەقوتابخانە
دەریان کردبێ!
*　*　*
گوێ هەڵدەخەم
گوێم لەگریانی دارە
قەت نەمبیستووە دار بگری

*       *       *

لەوانەیە گوێیان لەترپەی پێی تەورێکی دووربێ!

سندەبادیش باسی گریانی داری نەکردووە

*       *       *

هەتا مەمکەکانی شالام نەژمارد

نەمدەزانی ١+١= دوو

بۆیە لەوانەی ماتماتیکدا

تەمەڵ بووم..!

*       *       *

کەنەخشەی ئەمەریکا دەبینم

واهەست دەکەم

پاسەوانە سپییەکان هەموو رۆژێ

کۆشکی سپی

بەخوێنی مارتن لۆسەر کینگ

بۆیە دەکەن و

چەرمی هیندییە سوورەکان

دەکەن بەشەبقەو

پێڵاوی راو

ئەمەریکا/ ئایدز/ پیاوانی نێرەمووك/ کچانی ئاوەژوو/ خوێنی نەوتاوی/ نەوتی خوێناوی/

رۆبۆت

رۆبۆت/ رۆبۆتی زاوزێ کردنی زەردەخەنەی شەڕ..!

رۆبۆت..! رۆبۆتی حیز..!

ئەمەریکا/ دابینکردنی چادرو

تانکەری ئاوو پەژارەو خەونی ژەنگاوی و یەدەکی لەش

بۆ ئاوارەکانی کەرکوك/

ئەمەریکا.. کارگەی دروستکردنی

بێکاری و

گۆڕی ئۆتۆماتیکی و
زمانی سەهۆڵ و
بووکەشووشەی سۆزانی..!
* * *

٣-"ئایەتی وانە"

لەلاڵەوە فێربووم
کۆتری دەنگم
نەخەمە قەفەزەوە
لەچەنەبازەوە فێربووم
بەبێ دەنگی
نوێژی عەشق و یاخیبوون و
گوناحی سۆفیانە بکەم..!
* * *

دەڵێن ئەو گوتوویەتی:
هەر منالێ
نەتوانێ وێنەی مەمك بکێشێ
ناتوانێ بەبێ پەرگاڵ
بازنەیەك بەدەباشیر دروستبکات
هەروەها رەنگە نەتوانێ سێوێکیش بکرۆژێ
ئەرێ پەیوەندی چیە
لەنێوان مەمك و وانەی ئەندازەکاریدا؟

٤. ئایەتی گۆڕستان:

گۆڕستان شارێکە خەڵکەکەی
لەهەموو بەلێننامەیەکی شەڕو ئاشتی
بێزاربوون..

٥- ئایەتی ئەوین

موشەکی ئەوینت
شاری دڵی وێران کردووم
ئەوە بۆ رێکخراوێکی خێرخواز:
مانگی سوری ئیسلامی
خاچی سوور
کرای
کرۆ
ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە وێرانە
ناگرێتە ئەستۆی خۆی..!
* * *

٦- ئایەتی پرسیار:

پرسی گوڵتان کردووە
رازییە بەدیاری بیبەن بۆ دەزگیرانەکانتان؟
پرسی لووتکەتان کردووە
رازییە پیادا سەرکەون؟
پرسی بەردو چیمەنتۆتان کردووە
رازین بیانکەن بەزیندان؟
پرسی خوریتان کردووە
رازییە بیکەن بەپەتی سێدارە؟
پرسی تفەنگتان کردووە
رازییە بیبەن بۆ جەنگ
پرسی قاچیتان کردووە
رازییە بێتاوانی پێ سزا بدەن؟
پرسی کەرتان کردووە

رازییە لغاو و قەمتەری کەن؟
پرسی چۆلەکەتان کردووە
رازییە دارستان ببڕنەوە؟
برف پارسال گفت:
(دیگراین کوە
جوان نیست
دیگر این اصلا
کوە نیست
- سوناتات نیلوفر-
شاپوربنیاد

## ٧- ئایەتی گریان

-با- دەگری
ئەوەتا بەچەپۆك لەخۆی دەداو
خاكوخۆڵی زەوی بەسەرخۆیدا دەكا
ئەرێ كێ مردووە؟
*   *   *
با پێدەكەنێ
ئەوەتا لەو دارستانەدا
لەگەڵ قامیشە ناسكۆڵەكاندا
سەما دەكات
خۆزگە دەمزانی كێ لەدایك بووە
كێ دەوێرێ بەنەیرۆن بڵێ
منداڵەكان بووكە شووشەیان دەوێ
نەك جەنگ
كێ دەوێرێ لەسەر پەنجەرەكەی نەیرۆن بنووسێ:
منداڵەكان حەزیان لەداگیركردن نییە

دوو گەز زەوییان دەوێ
یاری لەسەر بکەن..!
*　　*　　*
سوپاس بۆ خوا لەشەڕی پێنجەمدا
بۆمبای کیمیایی و نیترۆنی و ڤایرۆسی
بەکارنایەت
لەشەڕی پێنجەمدا
پیرەمێردو پیرەژنەکان/ بەخۆڵەمێشی ماچ و
بەدار شەق شەڕ دەکەن..
*　　*　　*
داپیرەم دەڵێ: ئەم گڵکۆیانە
یادگاری شایی جەنگی
یەکەم و
دووەمی
جیهانین..
*　　*　　*
ئەی رەشەبا
نەء داوای لێبوردن دەکەم
ئەی بەهار
ئەی بەهار
ئەی بەهار
نەمدی جارێك
شیوەنی ئەو کچۆڵە جوانانە بکەی
کەڕەشەبا
لەکەژاوە تاریکەکەیدا
ئەنفالیان دەکات..!
*　　*　　*

ئەمە ئەو نامەیەیە کەقوتابییەکە نووسیبووی‌و دکتۆرای شانازی
لەفەلسەفەدا پێ وەرگرت:
شەقامەکەی بەردەگاکەمان
هەموو بەیانییەك
گەڵای خەو دەکا بەسووتوو
کرێکارەکانی شارەوانی
بەگسکە تووڕەکانیان پرچی دادێنن
مناڵە قوتابییە لاسارەکان
لەبری عەتر
میزی لێ دەپرژێنن..
شەقامەکەی بەردەرگاکەمان
نەخوێندەوارە
بانگی قوتابییەکان دەکا
لەگەڵ خۆیاندا بۆ قوتابخانەی بەرن
مناڵەکان گاڵتەی پێدەکەن:
هەی لەوە تۆ پێت پەتییە
بەڕێوەبەر بوار نادات
هیچ قوتابییەك بەپێی پەتی
بچێتە ناو قوتابخانەوە
کەس نازانێ پێی شەقامەکە
ڕەقەم چەندە
کەس نیە
جووتێ پێڵاوی پڕ بەپێی خۆی
بۆ بکڕێ
سەیری دەوڵەمەندی سلێمانی چەند قرچۆك‌و پیسکەن..!
ئای
خەونەکانم خانوو گەلێکی بێ مۆڵەتن
بەڕێوەبەری شارەوانی

بەردەوام بڕیاری رووخاندنیان دەردەکات..!
* * *

هەموومان دەمانەوێ
کیشوەرێکی دی بدۆزینەوە
بەڵام لەکوێ
* * *

هەورەکان بەشپڕزەیی
یاڵی ئەسپە سپییەکانیان دادەێنن
بەدەستەسڕێکی شێدار
چواریەلیان دەسڕن
مێخوسکەکانیان هەڵدەکێشن
جڵەویان دەکەن
زینەکانیان راستو چەپ دەکەن
هەورەکان بەم ئێوارەیە
دەڕۆن بۆ کوێ؟

– ئەمە قسەی ئەوبوو–

## پەندی هاوچەرخانە

والموسيقى تحول الصوت الى ايقاع عن طريق
كسر تعاقبه
وتفرض الموسيقى
نفسها
في اذهان متلقيها
بتكرار عناصر البناء

الدكتور عبدالله محمد الغزامي
- الخطيئة والتفكير-

خەڵکینە
خەڵکینە
ئەو کێوە بەفرێکی زۆری
لەپشتی خۆی بارکردووە
ئاگادار بن
ئاودیوی نەکات..!
* * *
شادی میوانێکی رێڕەوە
چەند ساڵ جارێك
لەلام لادەدات
چایەکی خەست خەست
دەخواتەوە
پێڵاوە ئاسنینەکەی لەپێ دەکا و
دەڕوات
* * *

## (هەواڵێك لەمێژووەوە)

وكان لاثنين من
الخلفاء العباسيين اعظم الاثر في رفع مئات
الغلمان والولوع بهم
هما الامين والمعتصم كلاهما احب الغلمان
وملا قصره بهم
واتخذهم لهوا
ثم لم يخل خليفة من الخلفاء
بعد ذلك من غلام او اكثر احبه وعشقه
وتمتع به..

(كتاب: الجنس عند العرب)

نەترپەی پێیەك هات
نەچپەی دەنگێ
نەخشپەی دەستێ
نە وڕەی ئۆتۆمبێلێ
نەچپەی شەمەندەفەرێ
نەگوڕەی فڕۆکەیەك
ئەی خوایە
ئەم ئێوارییە
ئەم هەموو پووش‌و پەڵاش‌و
دڕك‌و داڵ‌و پەڕو تووکە ڕەشەیان
بەچی
بەچی
ڕژاندە ژوورەکەمەوە..!
* * *
لەژێر ئەم کەپرە ڕەشەدا
گوێم لەدەنگێکە (مەبەستم چەترەکەی "جوان"ە)
ڕەنگە دەنگی گڕوگاڵی مەلۆتکەی
خەونە تازەکانم بێ
ڕەنگە دەنگی زەنگۆڵەی
پرخەی خەونە مردۆکانم بێ
ڕەنگە دەنگی بۆڵە بۆڵی ئەو کچانەبێ
کەوەڵامی نامەکانیانم نەداوەتەوە
ڕەنگە دەنگی خوڕەی بڵێسەی گریانی
شەیتان بێ
لەوانەشە دەنگی مۆسیقای
خوای میهرەبان بێ
چووزانم ئەی کێ دەڵێ
دەنگی ڕاکەراکی هەنگاوی کات نیە..!

*        *        *

## داستانی خوشكو براكه

خوشكو بران (رەنگ - باروو- ی نێوانیانە)
یەكێكیان رەشە
ئەوی دییان سپی
یەكێكان ئاڵۆزە
ئەوی تریان رووخۆش
منداڵانی گەڕەكەكەمان
لەمانەوە فێری رقو كینە بوون
پیاوانی گەڕەكەكەمان
لەمانەوە فێری ژن تەڵاق دانو
شەڕە تفەنگ بوون
ئاخ لەدەس ئێوە ئەی خوشكو براكە
ئێوە بەردەوام یەكدی راودەنێنو
كاسەو كەوێڵی یەكدی هەپروون بەهەپروون دەكەن
ئەوە بۆ ناتوانن ساتێك پێكەوە
مێزگردێك سازكەنو
راوێژی ئاشتبوونەوە بكەن؟
ئەڵێی كوێرن
گوڵە پەژموردەكانی ژێر كەوشەكانی خۆتان نابینن..
ئەڵێی كەپووتان نیە
بۆنی كەلاكەكانی بەر پەنجەرەكانتان
ناكەن.. (مەرگ با فتەیەكی بێ كۆتاییە)
ئێوە ئەی كچە سپیو
كوڕە رەشەكە
بەقسەی چ بەدگۆیەك

پەردەکانی نێوان خۆتان
رووخاندووە..!
ئەی
ئەی کچە سپی و
کوڕە رەشەکە..
ئەی شەوو رۆژ..!

## پێشانگای قسە پیرۆزەکان

**گردگار**

هەریەکێکە ئاینەکان کردوویانە بەهەزار هەزار..

*    *    *

ئەی منالان پڕو پووشی تاریکایی
مەخەنە ژوورەکەمەوە
نازانن خەم نووستووە؟

*    *    *

ئەی منالان
تاجی بێدەنگی لەسەرکەن
شادی لەدایك دەبێ..

*    *    *

ئەی تووڕەیی لەکوێوە دێی
بۆ ئەم هەموو گۆڕستانە
دروست دەکەی؟

*    *    *

من رقم لەمێشەنگە
هەنگوین بۆ دەوڵەمەندان
دروست دەکات..!

*    *    *

خەون ڕێبوارێکی تیژڕەوە
خۆی بەپێ خاوسی و
ڕووت و ڕەجاڵی
دەخولێتەوەو
پێڵاوی مرواری و
جلی ئاورێشم و
خانووی حەوت نهۆم
بەکچۆڵە عاشقەکان دەبەخشێ..!
* * *
برسێتی میوانێکی ئاوارەو
ڕەنگ خۆڵاوی و
دەست و پێ قڵیشاوە
تەنها لەماڵی هەژاراندا
دەحەوێتەوە..!
* * *
شەو وێنەکێشێکی کلاسیکییە
هەروێنەی:
مانگ و
ئەستێرەو
تارمایی مردوو
دەکێشێ..
* * *
دارو با دوو ئاشق بوون
گۆرانییان دەگوت
عەتری سەمایان
لەگژوگیا دەپژاند
مرۆڤ
داری کرد

بەتیرو کەوان
بای بۆ چیاکان راونا
گژو گیاکەشی
دا بەمانگاکەی..!
* * *
ئەی گوناه
چەند شتی جوان
لەجاناکەتدایە
ئەی چاکە
جانتاکەت چەند بەتاڵو هەتاڵە!
* * *
خوا چەند دڵ رەقە
ژیانی دروستکردووە
خوا چەند میهرەبانە
مەرگی داهێناوە..!
* * *
خوا بۆئەوەی تەنیا نەبێ
مرۆڤی دروست کرد..
مرۆڤ بۆ ئەوەی بێکەس نەبێ
خوای دۆزییەوە..
* * *
باکان کۆدەکەمەوە
ژوورێکیان لێ دروست دەکەم
بۆئەوەی کرێی خانوو نەدەم..
* * *
ئێوارەیە.. لەو لووتکەیە
دەنگی گڕوگاڵی تاریکی دێ
ئەرێ کێ

شیر بەم مەلۆتکە رەشە دەدات
وازوو گەورە دەبێ؟
* * *

ئەرێ سالی داهاتوو
تەرمی سالی رابردوو
لەکوێ دەشارێتەوە؟
* * *

زرمەی پێی شادی دێ
ئەوە کێ
راوی دەنێ؟
* * *

خوای مەزن
داوا لەمرۆڤ
دەکات
هێمن بێ
کەچی خۆی
سەدان هەزار سالە
شمشێر
لەشەیتان
تیژ دەکات!
* * *

دەڵێن مەرگ زۆر میهرەبانە
میوانداری هەرکەسێ بکات
لەگەڵ خۆیدا بۆ شارێکی دەبات
برسێتی تیا نەبێ!
* * *

پێڵاوە رەشەکانی واڵت ویتمان
ئەمەریکای بەجیهان ناساند

نەك كۆشكی سپی

## (پرسیاری ئەمڕۆ)

هل

في النوم

سنحلم معا..؟

الشاعر الازربايجاني: واقف صمد اوغلو

*     *     *

ئەرێ هەور ئەم رێبوارە ریش سپییە

بەم نیوەشەوە چی لێ ونبووە

وا هەر بەردە ئەستێ

لێ دەدات!

*     *     *

من با ساردکەرەم نیە

ئەی دەوڵەمەندەکان

بەیارمەتی خۆتان

هەتاو دەخەمە قەفەزێکەوە

تاکو زستان!

*     *     *

تفەنگێك‌و دووچاو سەیری

یەکتریان کرد

تفەنگەکە قریشکانی

دوو چاوەکە پڕاو پڕ بوون

لەزمانی بێدەنگی!

*     *     *

راوەکەو
بەتاپڕ دەکرێ
راوە کچ بەتومبێل و
سیاسەت و
دۆلار..!
*    *    *
کۆمیدیای شەیتان
پڕە لەفرمێسك
تراژیدیای
ئادەم
پڕە لەخەندە..!
*    *    *
خەونە کوژراوەکانی لاویم بدەرەوە
منیش هەموو
کچە دڵ بەردو
گوڵە ژەنگن و
ئەستێرە کوێرەکانت دەدەمەوە
ئەی ئەو تاراوگەیەی
کەناونراوی نیشتمان..!
*    *    *
شیعر بەرپەرچدانەوەی
تەنهاییە
خەون راکردنە لەژیان
ژیان راکردنە
لەتۆڕی خەون..
*    *    *

لەبەستەڵەکی زستاندا
گوێم لەترپەی پێی کچێکە
ڕەنگە بەهاربێ!
*　*　*

پەندی هاوچەرخانە
لایكون الحب ممكنا الا اذا
تواصل شخصان معا من مركز
وجودهما ومن ثم اذا عاش كل
منهما نفسه من مركز وجوده
في هذه الاعاشة المركزية
تكمن الحقيقة الانسانية
هنا فقط تكمن الحياة
هنا فقط يوجد اساس الحب،
*　*　*

(فن الحب)
اريك فرؤم- ترجمة: مجاهد عبالمنعم مجاهد

چۆلەکە جوامێرە
لەبەردەرگای کەسدا
نابێ بەپاسەوان
برسیشی بێ
پووشی هێلانەکەی خۆی نافرۆشێ..!
*　*　*

چۆلەکە دەجریوێنێ
ڕەنگە میوانمان بێ
خوایە میوانەکەمان بەهاربێ..!
*　*　*

شەڕە، گۆڕ هەڵکەن
بووکە شووشە
بۆ منداڵەکانی دەکڕێ!

*     *     *

تەماشاکەن
ناوەوەی کۆشکی سپی
لەپێڵاوەکەی شارلی شاپلن
رەشترە

*     *     *

چەند قاچاخچییەك لۆریەك تەلی کارەبایان
ئاودیودەکرد..
بەتەنیشت گۆڕستانێکدا
تێپەڕین
مردۆکان گوتیان: هاوڕێیان
ئێمەش چەندین ساڵە بێکارین
ئەگەر بەشی ئێمەشی لێ نەدەن
خەبەری گومرگتان لێ دەدەین!

*     *     *

(گۆرانییەکی میللی ئێرانی)

فدای پیرهن ابیت بگردم
فدای رنگ مهتابیت بگردم
شنیدم بی منت خوابت نبرده
فدای چشم بیخوابت بگردم

*     *     *

ئەی منداڵەکان
بەکەس مەڵێن
گوێژە هەرەمی یەکێ لەپاشاکانی میدیایە
دوایی قاچاخچییەکان
بەپشتی ئێسترێك
ئاودیوی دەکەن!

*     *     *

بێدەنگ بن منداڵەکان
بووکە شووشەی غەڵبەغەلبتان
بخەنە جۆلانێی پشووەوە بۆئەوەی : باو دارستان و
بەردو رووبارو
چیاو باڵندەو .. هتد گوێ لەدەنگی –ئەدۆنیس بۆریس– بگرن..
باسی کوشتنی منداڵێ دەکات
لەدیاربەکر..
*     *     *
درەخت قوتابییەکی سەلارە
لەگەڵ کەسدا شەڕ ناکات و لەپۆلدا بەبێ دەنگی دادەنیشێ و
گوێ لەمامۆستا دەگرێ و
دەست لەمەمکی کچە قوتابییەکان دەدات..!
*     *     *
پەرەسێلکەیەك هات
سەرەتای بەهارە
پەرەسێلکەیەك رۆی
بۆنی گژوگیای وەرزی بەستەڵەك دێ!
*     *     *
ئەو پیرەژنە پریاسکەیەکی بچوکی
بەکۆڵەوەیە
ئەی رێگرەکان لێی نەدزن ئەوە لیرە کۆنەکانی نیە
خۆڵەمێشی گوندەکەیەتی..!
*     *     *
لايمكن قراءة القول الشعري
في كليته الدالة الا كموقعة
مكانية للوحات الدالة. فكل وحدة تملك مكانها الدقيق
الذي يمكن تذويبه في الكل. ان هذا المبدأ الخفي
والفاعل داخل كل نص شعري
لايتمكن من الظهور الا اذا
وعى الادب بعدم امكانية

اختزاله الى اللغة الشفوية.

علم النص:

جوليا كريسطيفا

ترجمة: فريد الزاهي

* * *

دارێك بەتەنیا دەگریا
دەیگوت تاقە هاوڕێکەم
ڕەوی کرد بۆ ئەوروپا

* * *

شاخ زۆر بەئەمەکە
ئاگریش لەسەر پشتی بکەنەوە
نیشتمانی خۆی جێناهێڵێ

* * *

ڕووبارچەند بێ ئەمەکە
کەرەو دەکات
ئاوڕلەکچۆڵە جوانەکانی
نیشتمان ناداتەوە..
ناداتەوە.

* * *

ئەو تاشەبەردە
گوێی لەدەنگی چ شمشاڵێ بوو
چ کچێکی نازداری دی
وا بەپەلە لەپەیژەی ئەو لووتکەیەوە
بۆناو دۆڵەکە چووە خوارێ..!

* * *

ئەگەر ڕۆژێ خۆر لەبیری بچێ
لەخەو هەڵسێ
چی ڕوو دەدات!

*      *      *

من زۆر رقم لەداگیرکەرە
کەچی حەزدەکەم
بست بەستی لەشی تۆ داگیرکەم
نەوت و خۆپەرستی
دیموکراسییەت پێشێل دەکەن!

*      *      *

لەخەومدا هەردووکمان
بووین بەدوو پارچە فافۆنی گەورەو
دوو جەمەلۆنیان بۆ هەندێ ئاوارەی کەرکوك
لێ دروست کردین..
گیانە ئەم خەوەم
لەلای کەس نەدرکێنی
دوایی قاچاخچییەك
ئاودیومان دەکات!

*      *      *

ئادەم و شەیتان
هەردووکیان یاخین
ئەوە بۆ خوا
تای ئادەم دەگرێ!

*      *      *

زەوی چەند میهرەبانە
ئێمە بەگاسن پشتی هەڵدەدڕین ئەو گوڵە گەنممان دەداتێ.

*      *      *

بیرکردنەوە لەو
خۆمم بیردەخاتەوە
بیرکردنەوە لەخۆم
ئەوم دێنێتەوە یاد..!

*   *   *

لەدوای هەموو شەڕێك

ماڵەکان دەبن بەگۆڕستان

گۆڕستان

دەبێ بەماڵ

*   *   *

فالتطور السينمائي

الذي يحدث

في اللغة يحول

دون

معرفة مايريد ان يقوله

الكاتب في بعض الاحيان.

مقالات ضد البنيوية

ترجمة: ابراهيم خليل

*   *   *

لەشانەکردنی

پرچی درێژی ژیان بێزارم

لەزڕەی بازنگی بووکی مەرگ

دەترسم

بۆکوێ بڕۆم؟

*   *   *

من هیچ نازانم ئەوە نەبێ : من + تۆ = وەرزێکیتر

*   *   *

کێ دەڵێ داروبەرد

بێدەنگن

ئەی بۆ من هەموو شەوێ

گوێم لەبەردی دیواری ژوورەکەمە

باسی چیادەکاتو

دەرگای ژوورەکەشم

باسی دارستان..!

*　　*　　*

مێژوو چەند سپڵەیە
هەژارەکان بەرگری لێدەکەن و
ئەو ستایشی
پاشاکان دەکات!

*　　*　　*

دیموکراتیەت سوپایەکی بەکرێ گیراوە

*　　*　　*

کەی سمێڵی عەشقم
سپی دەبێ..!

*　　*　　*

کاروانی کات
دێت و دەڕوات منداڵەکان تلەبەردی تێدەگرن
منداڵەکان نازانن
باری کاروانی کات
شووشەیە..

*　　*　　*

خۆشەویستی
لەکینە کوشندەترە

*　　*　　*

ئاسمان مەلی زێڕینی باراند
مەلەکان
کەڵبەیان لێ رووواو
مرۆڤیان خوارد..

*　　*　　*

کات وەکو بەلەم دێت و
منداڵەکان دەبات

بۆ گەشتێکی دوور

*　　*　　*

کاتو مرۆڤ
بەردەوام لەجەنگدان
لەمەیدانەکەدا قەلو دالْ
لەتەرمی خوێناوی مرۆڤ
وڕووکاون
بەلام هێشتا هیچ پەیامنێرێك
هەواڵی کوژرانی کاتی ڕانەگەیاندووە.

*　　*　　*

مانگ دەڵێ: حەزم لەشیعرەکانتە
شەوێ دێم بۆلات
ئەی خوایە
کێ قەرزم دەداتێ
بچم لەچین
فەرشێکی ئاوریشم بکڕمو
لەبەرپێی
ئەم کچە شازادەیەدا
ڕایخەم..؟

*　　*　　*

ما الشعر؟ ينبغي لنا اذا
اردنا تحديد هذا المفهوم ان
نعارضه بما ليس شعرا
الا ان تعيين ماليس شعرا
ليس اليوم بالامر السهل

قضايا الشعرية
رومان ياكبسون
ترجمة: محمد الدلي
ومبارك حنون

*    *    *

کەژن پێکەنی
خوا خێرا خەندەکانی ژنی کرد بەخۆر
کەپیاویش گریا
خوا دەسبەجێ
فرمێسکەکانی پیاوی کۆکردەوەو
کردی بەدەریا

*    *    *

زۆرجار دەڵێم
ئەم پیاوە ناشیرینە
لەئاوێنەکەمدا
چ دەکات؟

*    *    *

چەقۆی لێوم
لەسێوە لاسوورەی دەمی
نزیك کردەوە
سێوە لاسوورەی دەمی
لەچەقۆی دەمم دوورخستەوە
گوێم لەترپەی پێی بایەك بوو
شتێکی پلیشاندەوە
نەمزانی دڵی من بوو
یا دڵی ئەو..! (یا ماچێکی ناکام)

*    *    *

بەس نییە خۆر لەزەویدا نیە
خۆ حیزبەکان ئاودیویان دەکرد
جا ئیتر بەیانیان کێ چۆلەکەی
لەخەو هەڵدەستاند
بەس نیە مانگ لەزەویدا نیە

خۆ کچی بەرپرسیارێك
دەیکرد بەتاکێ گوارە جا ئەوسا
شەو تاریك تاریك دەبوو..!

* * *

مرۆڤ لەزەوی بێزاردەبێ
دەڕوا بۆ لای خوا
دەبێ بەئەستێرەو
بەشەوان لەدوورەوە
تەماشای
ماڵەکەی جارانی دەکات.!

* * *

فڕۆکەیەك هات
حەشارگەکە دووربوو
مناڵەکە نەیتوانی بیگاتێ
گۆڕستانەکە نزیك بوو
مناڵەکە چوو بۆ گۆڕستانەکە
ئەوە بۆ هەمیشە گۆڕستان لەحەشارگەو
لەماڵ و
لەقوتابخانە
نزیکترە..!

* * *

سۆڤ ئەگەر
دڕك و کەلەمی گوناهی زۆر نیە
بۆچی لەبەردەرگای خوادا
کەوتووە!

* * *

من خەڵکی ئێرە نیم
لەدەفرێکی فڕیودا
بەهەڵە بۆ ئێرە هاتم‌و
جوانی سەمای کچۆڵەکانی سلێمانی
سەرنجیان راکێشام‌و
لێرە کەپرێکم
لەتەختە بۆخۆم دروست کرد..
رۆژێ هاوڕێکانم هەردێن‌و
دەمبەنەوە بۆ ئەوێ!
مرۆڤ کەزەوی دۆزیەوە
خوای لەبیر چۆوە
خوا
کەشەیتانی ون کرد
مرۆڤی دۆزییەوە..!
* * *
بەوشە
شەمەندەفەرێك دروست دەکەم
خەم‌و شادی لێ باردەکەم
لەمەودوا
شادی ناودەنێم: خەم
خەم ناودەنێم: شادی
ئەی ئەمە سەدەی کلاسنۆس‌و
بریسترۆیکا نیە؟
* * *
دەڵێن جەنگی یەکەم لەسەر ژن روویداوە
جەنگی دووەم لەسەر مەرزو سنوورو نەوت
نازانم جەنگی سێیەم لەسەر چی روودەدات
بەڵام دڵنیام جەنگی چوارەم لەسەر -با-و

جەنگی پێنجەم لەسەر پاراسیتۆل و
جەنگی شەشەم لەسەر جگەرەوە
جەنگی حەوتەم لەسەر نەبوونی گۆڕەپانێك
بۆیاری تۆپی پێ روودەدات..

* * *

زۆر سەیرە رۆژهەڵەبجەیی
باوەڕناکات
شەڕ
جۆرێکە
لەجۆرەکانی دڵداری..!

* * *

نەوت ئەم کچۆڵە قژ رەشە
سەرەخۆرەیە
لەوەتی لەدایك بووە
شەڕی براکوژییە!

* * *

ئەوە خەم بەش دەکەن
دەوڵەمەندەکان چەند گوناحن
ناویان لەلیستەی خەمدا نەنووسراوە

* * *

مرۆڤ لەپشیلە وریاترە
چونکە مرۆڤ دەتوانێ
بڵێ -میاو-
بەڵام پشیلە ناتوانێ
بڵێ : گۆشت
(ئەمە قسەی منە هی ئەو نیە)

* * *

شادی بەشکرا
باش بوو ئەم شتە پیسە
بەشی ئاوارەکانی لێ نەدرا..
* * *
کەئەسپی شەڕ دەحیلێنێ
زەوی هەموو دارستانەکان و
کۆشکە جوانەکان و
مندالّە ئێسك سووکەکانی خۆی
دەخاتە جانتاکەیەوەو
کۆچ دەکات!
* * *
ئەی سبەینێ
ناتوانی نەختێ خۆت دوا بخەی
ئیشەکانی ئەمڕۆم
تەواونەکردووە..
* * *
ئەی ئەمڕۆ ناتوانی نەختێ
درەنگ بڕۆی
هیشتا ملوانکەکەی گەردنتم
نەهۆندۆتەوە
* * *
بەدوێنێ بلێن:
بۆ بەپەلە ڕۆیشت
خۆ گەلێ شتی لێرە لەبیرچووە!
* * *
ئەی هاوار
کاتژمێر بەدوو شمشێر
گەلای تەمەنمان

درەو دەكات

*　　*　　*

لەسەدەی بیستو سێدا
مایۆ خوێناوییەکەی سەدەی بیستو دوو
دەکرێ بەئالأی ئاشتی

*　　*　　*

سوپاس بۆ زەوی
جێ گڵکۆمان دەداتێ

*　　*　　*

سوپاس بۆ خوا
مەرگ دەنێرێ
نایەڵێ مرۆڤ
خەوی ناخۆش ببینێ

*　　*　　*

سوپاس بۆ شەڕ
تەنیامان ناکات

*　　*　　*

لەچۆلەکە دەپرسین
شەڕ باشە
یائاشتی!

*　　*　　*

(پەندی هاوچەرخانە)
ئاولە خوێن پێویستترە
ئاو کارەباو باخچەمان دەداتێ
خوێن کارەباو باخچەکانمان دەدزێ

*　　*　　*

لە چۆلەکە بپرسن
گوڵە گەنم جوانە
یا خوڵەمیش!
*　　*　　*
ئەی گوڵە گەنم
چۆلەکە چاوەڕێتە
لەکوێی؟
*　　*　　*
لەکام پەنجەرەوە
سەیری رابوردوو بکەم
لەکام دەرگاوە
لەدەس داهاتوو راکەم
*　　*　　*
کێ رەشەبا
بەرەڵای شەقامەکان دەکات
کێ کوت دەخاتە
دەستو پێی!
*　　*　　*
مەرگ چاوی نییە
ئیتر چۆن
منالان دەبینێ؟
*　　*　　*
باران بەچ زمانێ
بانگی گوڵ دەکات؟
*　　*　　*

من دەڵێم
فەرهەنگ
گۆڕستانی وشەیە
*　*　*
ئەوە بۆ ماسی کراس لەبەر ناکات؟
*　*　*
مێروولەش شیعر دەنووسێ
بەڵام کەس نییە
خەتی مێروولە بخوێنێتەوە
ئەگینا مێروولەش لەشیعردا
خەڵاتی نۆبڵی وەردەگرت
ئەرێ بەراست
ئەوە بۆ لەزانکۆیەکدا
بەشێك بۆ فێربوونی زمانی مێروولە
ناکەنەوە....
*　*　*
کەلەخۆم جیادەبمەوە بیری دەکەم
کەخۆم دەدۆزمەوە
شەڕی لەگەڵدا دەکەم....!
*　*　*
پایز
زەنگێکی زەرد لێ دەدات
دونیا زەرد هەڵدەگەڕێ
بەهار
زەنگێکی سەوز لێ دەدات
دونیا سەوز هەڵدەگەڕێ
ئەرێ ئەمە چ جادوویەکە....!
*　*　*

ئەرێ گوڵ
لەکوێ بۆن و بەرامە دەکرێ و
لەکوێ
دەم و چاوی هەڵدەگرێ و
قژی نگرۆ دەکات!
*     *     *
ئاسمان ولاتی
کۆترو چۆلەکەیە
بۆ فڕۆکە داگیری کردووە؟
*     *     *
گەلاکە لق و چڵ بەجێدەهێڵێ
چ دەڵێ؟
*     *     *
کەئەستێرە دابەشکرا
هەموو ئەستێرە جوانەکان
بەرئاسمانی ولاتەکەی من کەوت
*     *     *
سوێند ناخۆم
بەلێوی شالا
ئەوە سوێندێکی
مەزنە بەلام سوێند
بەقوپچەی بلوزەکەی
دڵی ئەو لەنیشتمانەکەم
گەورەتر بوو..!
*     *     *
بۆنی گریانی گوڵ دێ
ڕەنگە گوێی لەجیڕەی
گالێسکە شڕەکەی پایز بێ!

ئەرێ
دوێنێ چوو بۆ کوێ؟
ئەرێ
سبەینێ لەکوێوە دێ؟
* * *
گوڵە بەرۆژە بۆیە پێناکەنێ
ددانی رەشە
* * *
ئەرێ گوڵ
دڵداری دەزانی
دیاری بۆ دەزگیرانەکەی دەکرێ؟
* * *
خەون یادگار دەکا
بەداهاتوو
داهاتووش
خەون دەکات
بەگڵکۆ...!
* * *
ئەرێ پاییز
ئەم هەموو لیرەیە
بەگالیسکە دارینەکەی
بۆ کوێ دەبات!
* * *
سوپاس بۆ پشیلەی برسی
کەدەنوین
لەبرسا نامانخوات!
* * *

ئەگەر شاعیر نەبێ          کێ کێ..... کێ
ڕەخنەگردەناسێ

-ئەمە لەقسەی ڕۆژ هەڵەبجەیی دەچێ-

ئەرێ میش ئیشی چییە
بەمزگەوت و
دەزگای ئاوو کارەباو
نەخۆشخانەو
ئاو دەستخانەی قوتابخانەی کچان و
مەرکەزی پۆلیس و/ ئەنجومەنی وەزیران و
گەرماوی ژنان...!

*     *     *

باپیرەم دەڵێ:
ئەم خۆڵەمێشانە
یادگاری لاوێتی
شوانە چیاییەکانن!
خۆشەویستی سەچاوەی داگیرکارییە...!

*     *     *

(ئەمە قسەی منە نەك ئەو)

ئەی خوایە زوو زوو زستان بێ
باروبارەکانی ناو ئاوێنەکەم
کراسی بەفر
لەبەرکەن

*     *     *

بابگریم دەڵێن ئەوەی نەگری
چاوی لێ دەسەننەوە

*     *     *

باپێبکەنم
ئەوەك بڕیاری هەڵپاچینی
دەمە بێ پێکەنینەکان دەربچێ
*   *   *

ڕەخنەگر
پێڵاوفرۆشێکی پێپەتییە!
ئەو وایگوتووە–
*   *   *

منداڵان سەرگەرمی یارین
دەترسم
شەڕی چوارەم دروست کەن
*   *

داڵە دایکانەکە بە  بەچکەکانی گوت:
ئەمڕۆ بەڕۆژوو دەبین
رادیۆ گوتی: هاتوچۆکردن
بۆماوەی بیستو چوار کاتژمێر
قەدەغەیە..!
*   *   *

داڵە دایکانەکە
بەبەچکەکانی گوت:
ئەمڕۆ رۆژوو دەشکێنین
تەلەفزیۆن وتی: شەڕە..
*   *   *

بەفر چۆن کۆچی کرد
ئەرێ کەسێ
گوێی لەزەنگۆڵەی ملی
ئەسپی گالێسکە رەشەکەی بوو؟
*   *   *

ئەم فەرشە سەوزە
کێ رایخست
بۆکەس گوێی
لەترپەی پێی نەبوو؟
*    *    *

رووبار گوتی دەڕۆم
سەرێك لەو بیابانە دەدەم
کەلەو سەرەوە گەڕایەوە
شوێن پێکانی
پەپوولەی سەوزی لێ دەبارێ
ماتماتیك کچێکە دڵداری نازانێ
رەنگە نێرەمووك بێ..!
*    *    *

ئافرەت چەند بەدسەسەلاتە
بەچرکەیەك دڵی سەد پیاو داگیردەکات
پیاو چەند بوودەڵەیە
بەهەزار ساڵ
دڵی ئافرەتێك داگیر ناکات..!
*    *    *

تەمەن بەشی ئەوە ناکات
پەنجەرەیەکی دی
لەیارییەکی ئەکرۆباتیکیدا
لەدیوارەکەدا سازبکەین
تەمەن بەشی ئەوە ناکات
هەوری مەمکی کچۆڵەیەك
لەدەفتەری هەڵەشەییماندا
مۆمیا کەین
ئەی بشێ بەشی ئەوە بکات

کفنێك و گۆڕێك
بۆ رابردوومان دابین کەین..!
* * *
تۆ لەژوورەوە بنوو
منیش لەئاوێنەکەی تۆدا
بابچینە ژوورەوە
ئاوێنەکە پڕە
لەسواڵکەر
بابچینە ئاوێنەکەوە
ژوورەکە پڕە
لەتەرم..!

## دز

منداڵان لەشەقامەکاندا

بەدەمانچەی پلاستیکی

لاسایی فیلمە کاو بۆیەکان

دەکەنەوە

منداڵەکان نازانن شەڕچیە

نازانن شەڕ

هەرکاتێ لەدایك دەبێ

هەمو دەمانچە پلاستیکیەکانیان و

هەموو بووکە شووشەو

دەفتەرو قەڵەمو

کۆلارەو

تەنانەت نان و باوك و

براگەورەکانیشیان

لەپەنجەرە تاریکەکانەوە

دەدزێ...

****

## ساتەکان

ساتەکان میوگەلێکن

زوو بۆگەن دەکەن

کۆمەڵێ باڵندەی سرکن

دەستەمۆناکرێن

هەمیشە دەڕۆنەوە سەر درەختەکە

تەنانەت–با–ش ناتوانێ

بیانگرێ

ساتەکان عاشق نین

دڵداری نازانن

ماچی سەر پێیمان  دەدەنێو

رادەکەن..

لەم ساتەدا خەمێك لەگیرفانمدا نیە

یاری لەگەڵدا بکەم

شادییەکی دووریش نابریسکێتەوە

دوای بکەوم

حەزیشم لەیاریی شەترەنج نیە

چونکە هەمیشە

سەربازو ئەسپی تیادا دەکوژرێ...

***

## بەدگومانی

دەڵێم ناوت دەنێم ئاگر

دەترسم بمسووتێنی

دەڵێم ناوت دەنێم باران

دەترسم ببی بەلافاو

دەڵێم ناوت دەنێم: گوڵە گەنم

دەترسم چۆلەکەیەك بتخوات

دەڵێم ناوت دەنێم نیشتمان

دەترسم بتکەن بەشەرگەی براکوژی

(کسی کنار من

نشته بودو

هیچ کس نبود)

-تاهیره صفارزاده-

(باران بارانه لەدین دەرمی کرد

لەنجەو لارەکەی نم نم تەرمی کرد)

من نانووسم

دڵم دەکەم بەخۆڵەمێش

من پەیکەر تاش نیم

کچێك بەوشە دروستدەکەم و

لەگەڵیدا جووت دەبم..

****

## کچ/ تاشەبەرد

کچێك هاورێم بوو

(لەڕاستی دا نازانم کچ بوو یا تاشەبەرد) لەوانەیە

درەختێك بووبێ

کەیەکدیمان دەبینی

بەچەکوشێك

ماچم دەکرد

بەهەرەیەك

بەرۆکیم دەترازان

بەتەورێك

سکم پردەکرد../ چەترێك و جانتایەکی لێم بووە/

چەترەکە لەدواساڵی خوێندنی زانکۆدایە/ حەزدەکا

بڕوات

لەفەرەنسا لەخوێندنگایەکی باڵا/ فێری دروستکردنی

بالۆن بێ

جانتاكەش لەدانیماركە بەڵگەنامەی دكتۆرا

لەنووسینی نامەی دڵداریدا وەردەگرێ/ خەڵك وادەڵێت

بەڵام من بزانم دكتۆرا لەدروستكردنی دەباشیردا

دێنێتەوە..!

*　　*　　*

چیایەك دیل دەكەم/ لەگەڵ كچەكەی هاورێمە/

پیاسەی لەسەر بكە  یا بەبەردەكانی خانوویەك بۆ خۆت

دروستكە/

ئاوێنەیەكیش دیل دەكەم/ دیسانەوە لەگەڵ ئەومە

تیادا بنوو../ یا بەشەو مەلەی تیادا بكە/

بە بادەڵێم

شوێن پێكانت

لەئاوێنەكەدا بخوات

بۆئەوەی كەس/ تەنانەت–عەلی شوێنهەلگر–ە كەی

شەهید كاردۆش

نەتدۆزێتەوە..!

دووبارەی دەكەمەوە(بەكچەكەی هاورێم گوت)

ئاگاداری– وشە– بە

وشە

گیانلەبەرێكی دڕندەیە/ دكتاتۆرێكی عاجباتییە

قەڵەمو كاغەزو خوێنو مەرەكەب

دەخوات..

لەوانەیە كچۆڵەش بخوات..!

***

# دژی گویٚ/ بەرەو بەو (ا)

(قل جاء الحق وزهق الباطل ان الباطل كان زهوقا)

وەكو ئەو دەیگوت لەبەشی یەكەمی شانۆگەرییەكەدا/

پاڵەوانەكە مرد..

تاریكایی باوێشك دەدات/ رەنگە دەرمانخانەكان لەخەو

هەڵسن

پزیشك رووتاندنەوەی گیرفان/ تەرم / ئاگر كوژێنەوە/

كۆتایی شانۆكەی دوێنێ/ خەون جارێكی دی

براجكتۆری خۆی هەڵكرد/ خەون/ خەونی دكتاتۆر/

خەونی كچێكی یاخی/ خەونی شاعیرێكی رۆبۆت/

خەون / ماڵی كۆلارەو پشووی سەری ساڵ/ خەون / مردنی

ماتماتیك/ ئاوسبوونی بازنەی كات/ خەون/ ماسی ئاگر/

گوڵی چەنەباز/ دەستاری چوارسووچە سەفەری ئاو

بۆ ماڵی خۆیان/ خەون نزاو هاواری سۆفی بەدیواری

مەیخانەوە/ خەون/ پشكنینی گیرفانی گەردەلوولەكان و

وەرگرتنەوەی ئەو پرسیارانەی كەلەئاسمانی منداڵیمان

دەدزی/ ئەو وای دەوت... لەبیرم نەبوو خەونیش بۆ گەن

دەكاتو پیردەبێو تووڕی دەدەین.. یان ناچار دەبین

پرچەكەی بۆیە بكەین/ ئای خەونی ماكیاج كراو چەند

سامناكە/ زۆربەی خەونەكانی ئێمە ماكیاج كراون/ ئەم

قسەیەی دواییان قسەی من نەبوو دوێنێ بەیانی ئیستگەی

مۆنتی كارلۆ گوتی/ ئیتر ئەو ئیزگەی سرووتو وژارەو

پڕوپاگەندەیە نازانم راست دەكات یان درۆ/ من نازانم

ماسیو نەهەنگو كیسەڵ بۆ خەونیان لێ زەوت كردووین/

گمەی سەگێك دێ/ ڕەنگە لەرەفەکانی سەرمدا لانەی
کردبێ/ ڕەنگە گمەی سەگەکەی ناو پاپۆڕەکەی نووح بێ
هەواڵی تۆفانێکی ئاگری هێنابێ/ دەشێ ئەو کۆترەش
بێ کەمنداڵ بووم پشیلەکانمی دەخوارد/ زمانی درەخت
دەزانم/ گەر بانگی کەم/ لقێکی خۆی دەکا بەگۆچان‌و
دێ بۆ لام/ بێدەنگیم خەڵەتاندووە گەر بمەوێ کلیلی گشت
دەنگەکانم دەداتێ/ ئاوێنەم دەستەمۆ کردووە/ گەر داوای
لێ بکەم/ شووم پێ دەکات‌و دەمبات بۆ کۆشکەکەی
خۆی/ بەڵێ دووەم جەنگی گەورەی ماچ لەسەر تەواوبوون‌و
تەواونەبوونی کورتانەکەی کەرەکەی دەجاڵ هەڵگیرسا/
تورمەی ئەم سەهۆڵبەندانەش دەبێ بەخۆڵەمێش/ ئەها
پشیلەیەك لەپشت ئەو پەنجەرەیەوە دەوەڕێ/ درۆ ئەکا ئەوە
پشیلە نیە گوڵە لەژێر چڵی سەهۆڵدایە/ من ئەم نهێنییەم
لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی لیۆناردۆ دافنشیدا دۆزییەوە/
دەزانی دووەم جەنگی ماچ لەسەر ڕەنگی ئاوی رووبارەکە
بەرپابوو../ یەکەممم لەبیر نیە/ ئاگاداری ئەو پەنجەرەیەبە/
دەترسم تاریکایی ئەویش بخوات/ دەترسم وابۆنی تەرمی
ساردی خۆر دێ/ وەکو وتم: پردە نهێنییەکانم
لەلەشتدا دادەڕێژم/ لەش بەبێ پرد لەزیندان دەچێ نایەڵم
نا باڵندەی لم لێواری رووبارە قەدەغەکە بدۆزنەوە/ با
دەناڵێنێ/ با لەبریندارێك دەچێ لەشەڕ گەیەکدا جێمابێ/
من حەزم لەهاوڕێتی تەم نیە حەزم لەهاوڕێتی بایە/ با
جارجار کچێکی بازنەییە دەورم دەتەنێ/ هەندێ جاریش
سنوقێکی چوارگۆشەیە
هەفتەکانی مانگی تیادا

دەچارمەوەو لەسەری دادەنیشمو چاوەڕوانی کچێك دەکەم
بێت چیرۆکەکەم بۆ بگێڕێتەوە/ قوتابخانە فێری دوو شتی
کردم: یەکەم دوژمنایەتی ماتماتیك /
دووەم: خۆشەویستی بازنە چونکە بازنە لەمەمك دەچێ.. مەبەستم ئەوەیە بڵێم
بازنە
وەکو مەمك شەش گۆشەیە/لەدوای ئەوە با ئەوەتان پێ
بڵێم من لەڕێگای ئەزموونەکانی خۆمەوە فێری ئەوەبووم
بەوشە قەفەزی مەمك بشکێنم/ بەڵام دانی پیادادەنێم
مەمك فێری کردم دەرگاکانی بێدەنگی بەمۆسیقا
بشکێنم/ یەکەم ئامێری مۆسیقا کەپەنجەی زەوت کردم
مەمك بوو/ دەم کارگەی ماچە.. من لەم بارەیەوە
هەر ئەوەندە دەزانم.. بەڵام ڕەنگە رەچەتەی تەواوی ئەم
مەسەلەیە لەلای پیرەژنان دەسکەوێ/ شەوان منو هەندێ
لمی خەون لەدەرەوەی شار پیاسە دەکەین/ تەختەی سپی
پۆلی شەو پڕە لەخشتە/ خشتەی جۆرەکانی ماچ / خشتەی
ئامێتەبوونی ژمارە ماتماتیکییەکانو جوگرافیای لەش/
خشتەی ئەو بەلەمانەی بەهەموو سەرنشینەکانەوە
لەجەنگەکەدا نوقمی ئارانی وشەبوون/خشتەی پڕوپاگەندەی
سوودەکانی تووکی ماسی/ نازانم نا چ قوتابییەکی ئاژاوەچی
ئەم هەموو خشتەو مشتانەی دروستکردووە؟/ دەڕۆم شادی کێلی
گڵکۆیەك دەدزمو سیمفۆنیایەکی لێ دروست دەکەم/ بیر لەوە دەکەمەوە
رۆژێك تۆڕێك لەئاوێنەیەکدا بنێمەوە کەنیوەڕۆ ئەستێرەکان دێن
ئاو بخۆنەوە هەموویانی پێوە دەبن جا ئیتر ئاسمان بەچی شەقامە تاریکەکانی
دەڕازێنێتەوە؟/ من پێشبینی ئەوە دەکەم/ لەشوێن پێی سێبەری خۆڵەمێشە
پیرۆزەکەدا/ شەقامێك لەدایك دەبێ/ بەجانتایەکی

بڵێم لەسەفەرەکەدا هیچمان نەدۆزییەوە/ نەختێ ژەنگ
نەبێ/ لەڕاستیدا نەمانزانی ژەنگە یا پاشماوەی قاوەی
قاوەگرەوەکانی پێش مێژوو/ ئاو ئێمە دەخواتەوە یا ئێمە
ئاو دەخۆینەوە/ ئاو دەسخانە بۆ ئێمە کراوە یا ئێمە بۆ
ئاودەستخانە کراوین/ گوندەکەمانم نەدۆزیەوە میزێکی تر
لەپاڵ دیوارەکەیدا بکەم/ دەڵێن دکتاتۆرێك کردوویەتی بە
پایپەکەیەوەو بووە بەفرمێسك هەر فرمێسکێکتان دی
گوندەکەی منە/ لەسەرەرێیەکدا شەیتانم بینی/ ڕێنمایی
کردم/ خوا بپەرستم‌و ئافرەت بەردەباران کەم/ ئەوە یەکەم
وانەی گومان بوو خوێندم / (لەسەر هەموو شاشەیەك
دەسەڵاتی درۆ دەبینم/ ئەمە قسەی سەر گۆن بۆڵس بوو
بەقەرز لێم وەرگرت/ خۆزگە جگەرەیەك بوومایە بەلێوی
ئاسنینی هەورێکەوە/ ئەمە قسەی خۆمەو هیچ کەسێ
بۆی نیە بەقەرز بیبات/ لەدوێنێوە بۆ کچە جادووبازەکە
دەگەڕێم/ سەیرە بۆ پردەکەی خواردوە/ شارەکە بەبێ پرد
چ بکات/ ئەی ئەگەر ڕەوبوو لەکوێوە لەئاوەکە بپەڕێتەوە/
شالا هەمیشە باسی پردی عەشقی دەکرد/ منیش پردی لێکدابڕان
/ باوکیشم باسی پردی سیرات/ ئیدە کپەکانمان لەلمەکاندا
وەکو هێلکەی دیناسۆر جێدێڵێن/ لەوانەیەسیندەباد لەگەشتی
نۆیەمیدا بەلەمەکەی بشکێ‌و ڕێی بکەوێتە ئەو بیابانەو
بەیانیانێك بیانکات بەهێلکەو ڕۆن/یا دەشێ کچێك‌و
کوڕێك خۆیانی تیا بشارنەوە/ یا خێزانێکی شەمزیوی کەرکوك
بۆ خۆی داگیری بکات/ سوژدەم بۆدار برد/ جۆلانێی دامێ/
سوژدەم بۆ بەرد برد/ ماڵی بۆ دروستکردم/ سوژدەم بۆ زەوی برد/
جێی گڵکۆیەکی پێ بەخشیوم پەنجا ساڵی دی ناومی

بچکۆڵەوە دەڕوا بۆ شارێك هێشتا سیندبا

نەیدۆزیوەتەوە/ دەگاتە هۆبەی خێڵێك ماجەلان نەیتوانی

فێری عەشقی زێڕیان بکات/ دەگاتە چیایەك

لەعشقنامەکەی مارکۆپۆلۆدا ناوی نیە/ سواری پاپۆڕ

نابێ بەپێ بەسەر ئۆقیانووسەکاندا ڕادەکات (مەبەستم

لەتاریکییە) کەماندوو دەبێ لەچایخانەیەکدا کورسییەك

داگیردەکاو چایەکی خەست دەخواتەوە/ شەو ئەگەرچی

بەبنەچە دەشتەکییە بەڵام حەزی لەچای دێژلەمە نیە/

بەڵام خویەکی سەیری هەیە هەر لەمناڵییەوە فێربووە

لەسەربانی ماڵە دەوڵەمەندێکی لادێیی جگەرەیەك.. دووان

بکێشێ/ گەلێ جاریش کۆمەڵێ کاغەزی سپی پێیە/

ڕەنگە نامە بۆ کچانی پیاوە قەرەجەکە بنووسێ/ هە ندێ

جاریش کتێبێ دووان بەبندستییەوەیە/ ڕەنگە بۆ

قوتابخانە بچێ/ جارجاریش کۆمەڵێ پاکەتی پێیە/

دەشێ بڕوات لەبەر مزگەوتی گەورەدا بیدات

بەسواڵکەرەکان/ عەشق لەحەوت ڕێگاوە دێت/ بەڵام

من هەر شارەزای ڕێگایەکیانم/ عەشق، دانیشتن

لەسەرکورسی کارەبایی/ کانی نەوت/ کاتژمێری وەستاو/

رادیۆی بێ دەنگ/ هەراهەرای کپ/ عەشق.. عەشق..

عەشق../ تازە بیرم کەوتۆتەوە: کتێب بەندیخانەی

وشەیە/ئاوێنە گڵکۆی عەشق/ ئای ماڵەکەمان چ

گۆڕستانێکی نزیکە/

بەمنداڵی لەشەمەندەفەرەکاندا لەم فارگۆنەوە بۆ ئەوەی دی

رام دەکرد/ ئێستاش لەدڵی ئەم کچەوە بۆ دڵی ئەو کچ

دەڕۆمو بۆ وێنەکانی دایکم دەگەڕێم/ لەبیرم نەبوو پێتان

لێ دەنوسرێ/ بەلووتکەم گوت: ئەی شازادە لووت
بەرزەکە مانگ هەرهی تۆنیە/ هی هەموومانە/
وەلآمی نەدامەوە/ بەخوام گوت: ئاسمان هەر هی
تۆنیە/ هی هەموومانە/ وەلآمی دامەوە/ بەلآم
بەکەس نالێم چی گوت/ وتم وشەیەك لەبەرد دروستدەکەم/
بشێ هەموو زمانەوانەکان بەم کارە قایل بن وتم چیایەك لەزێڕ
دروستدەکەم بشێ هێزی تالآنی ئاودیوی نەکەن/ وتم
رووبارێك لەماچ دروستدەکەم/ بشێ جوگرافیاناسان قایل بن
ئەرێ ماچ خەڵکی کوێیە / پردی سەر کام
ئۆقیانووسە/ وتم دەوڵەتێك لەکاغەز دروستدەکەم/ بشێ
UN دەست نەخاتە کاروبارەکانمەوە..؟/ من دەزانم رۆژێ
دارەکان شکات لەزریان دەکەن/ رۆژێ تاشەبەردەکان
شکات لەئاو دەکەن/ رۆژێ وشەکان شکات لەقەڵەم
دەکەن/ رەنگە ئەو رۆژە رۆژی (٣٦٦)ی ساڵ بێ/ کێ
دەڵێ خەون دەستەمۆ ناکرێ/ ئەگەر تەمومژ دڕندەیە چیا
چۆن نەڤی دوای نەڤی لەگەڵیدا دەژی/ هەموومان
لەڕابردوو رادەکەین‌و بۆ داهاتوو دەگەڕێین/ ئەمەچ
پێشبڕکێیەکە/ هەندێ خەوم پاشەکەوت کرد بۆ کاتی
بێخەوی: گریانی منالێك لێی دزیم/ هەندێ پێکەنینم
پاشەکەوت کرد بۆ کاتی دڵتەنگی/ یادی دایکم لێی
دزیم/هەندێ ماچم پاشەکەوت کرد بۆ کاتی پیریی/
کچۆڵەیەك قەپاڵی پیادا کردو بردی/
قسەی زۆرم ماوە
لەگەڵ ئەو کچەدا بیکەم(مەبەستم-شالا-یە)
پردی زۆرماوە لەنێوانماندا دروستی بکەم..!

*  *  *

(پیرەژنێك لەدوای بۆردومانی قەڵادزێ

سکی پڕ بوو

منالێکی ریش سپی بوو

دەڵێن منالەکە شەوان

لەدەرگای ماڵانی دەداو

پڕی دەکرد

لەبەیاننامە دڵداری

لەپڕ منالەکەو دیارنەما

هەندێ کەس سوێند دەخۆنو دەڵێن

ریشە سپییەکەیان بەزنجیری دەبابەیەکەوە بینیوە..

هەندێکی دیش دەڵێن:

ریشی منالەکە نەبووە

لەوانەیە خوری یا پەتکی

پیرەژنێك بووبێ..)

نوێژ بکەن

نوێژ

من لەیادەوەری دایکمدا

کۆچ دەکەم بۆ:

یاریگاکانی منالیمو (مەبەستم لووتکەی باوە شاسوارە)

شوێن پێی کچێك بۆن دەکەم

کەناوی.. باڵندەی

بێدەنگییە

کوا ئەو پردانەی

لەنێوانی منو کچە نەناسراوەکاندا بوو؟

دەڵێن ئەو لەلای برادەرێکی گوتوویەتی: کەمێژووی
تەمەنی رووبارەکەم ساغکردەوە کتێبێك دەربارەی
لەدایکبوون‌و مردنی پێڵاوی کچان و سوودە ئابوورییەکانی
ماچی گرافیکیی‌و لەزەتی ئەوینی براکوژی‌و هۆی
سکپڕبوونی پەنجەرە نەوسنەکانی شارە نادیارەکەی ژێر
رووبارەکە دەنووسم/ کەواتا هەموومان بەهەڵەداچووین/
تەنانەت پیرەژنە غەیبزانەکەش مەبەستم ئەوەیە بڵێم/ ئەو
بەنووسینی کتێبێکی وا دەیسەلمێنێ کە خوێندەوارە/
رەنگە کاتی خۆی لەلای ئەحیقار–ی دانا فێری نووسین‌و
خوێندنەوەی بزماری بووبێ/ ئەمەش هەر مەزەنەیەکەو
بەس/ بابچینەوە سەر خەوی پیرەژنەکە/ دەیوت
لەخەوەکەمدا مناڵێك بەدەمانچەیەك تەلەفزیۆنی حزبێکی
داگیرکردو کەوتە خوێندنەوەی بەیاننامەیەك/ تەقە
راگرن/ دووحاجی لەقلەق دەیانەوێ لەسەر منارەی
مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ هێلانە سازکەن/ تەقە ڕاگرن
شێخی نەمر نووستووە/ ئەوسا مێجەرسۆن‌و
بازرگانەکان/ مرواری خەویان بەتاڵان برد/ ئێستاش ئێوە
میوەی خەوی لێ دەدزن/
(چ بکەین لەم لمانەی ناونراون یادگار
چبکەین لەم گۆڕانەی ناونراون داهاتوو
چ بکەین لەم بۆشاییەی کەپێی دەڵێن(ئێستا)
شەو تاکو ئێستا زەقەی چاوەشینەکانی دێ/ دەشێ
چاوەڕوانی یەکێ بکات/ یا دەشێ پارەیەکی زۆری هەبێ
دەترسێ ئەگەر بنوێ مانگ لێی بدزێ/ چونکە ئەو باسی
مانگی بۆ کردووە من نازانم جادوو بازەکە باسی

بۆ کردووم/ کە ئەو باسی دەسپیسی مانگی بۆ شەو
کردووەو بۆی گێڕاوەتەوە/ کەمانگ چۆن ڕۆژەکانی حەفتە
دەدزێو دەرخواردی ماسی ناو ڕووبارەکەیان دەدات/
شیعر چیە؟
ئەمە پرسیارێکە یانۆش لەدیدەنییەکی
ڕۆژنامەنووسیدا لەکافکای کرد/ شیعر ئاگادارمان
دەکاتەوە/ کافکا بەم جۆرە وەڵامی یانۆشی دایەوە/ بشێ
ئەو شیعر نەبێ؟/ چونکە هەمیشە بەشێوەیەکی
ناڕاستەوخۆ ئاگادارمان دەکاتەوە ئەو دەڵێ باش گوێ
بگری/ ترپەی پێی خەندەی چیا دەبیستی/ باش کەپووت
بخەیتە کار لەگوڵستانیشدا بۆنی فرمێسکی تەرم دەکەی/
بیرم کەوتەوە ڕووبارەکە لەو باخچە سپییانە دەچێ
کە بەهەرزەکاری پەپوولەم تیایدا ڕاودەکرد/ لەو پەڕە بۆرانە
دەچێ کەبەلاوی ماچو هەڵە ڕێزمانیەکانم لەسەریان
هەڵدەکۆڵی../ لەو ئاسمانە ستریچ شینە دەچێ کە بەمنداڵی
کۆلارەکانی دەدزیم/(مەبەستم ئاسمانی کفرییە) هاوارم
کرد ئەی کچۆڵە هیپزە پانتۆڵ شینەکە/ بۆ کۆلارەکانی
منداڵیم پێ نافرۆشیتەوە؟/ وەکو نۆمامایین حلیکانی/ من
بەهەرزەکانی کچۆڵەیەکم خۆشدەویست لەوانەی پێکەنیندا
لەسەدا چواری وەرگرتبوو/ جارێکیان پێم گوت: دەمت
ئەو جانتا بچکۆڵەیە/دەمەوێ ماچەکانمی تیا
مۆمیابکەم/ لەشت ئەو فرۆکەخانە قەدەغەیە دەمەوێ
فرۆکەکانمی تیا بشارمەوە/ گوێم لێ نەبوو چی گوت بەڵام
دەزانم کچان لەوەڵامدانەوەی ئەو جۆرە داوایانەدا/ چەند
دیلۆماسین/ بابچینەوە سەر دەقەکە (مەبەستم دەقی)

شانۆنامەکەیە/ لەسەر شانۆکە.. هیچ ئاوێنەیەك
دانەنرابوو/ نە ئاوێنەی رابردوو/ نە ئاوێنەی ئێستا/
نە ئاوێنەی داهاتوو/ نەئاوێنەی درۆ/ نەئەو ئاوێنەیەی
کە کیژان پێڵاوە کۆنەکانیانی تیادەشارنەوە/ ئەکتەرەکەش
دەوری نەدەبینی/ لەتاریکاییەکەدا سێدارەیەکی
هەڵخستبوو/ خەریکی بڕینەوەی شتێك بوو/ من هیچم
نەدەبینی/ وابزانم هی ئەوەبوو چاویلکە زەڕەبینەکەم
نەکردبووە گوێم(تکایە کەس پێنەکەنێ خۆمن نوکتە
ناگێڕمەوە، من باسی شانۆییەکەتان بۆ دەکەم)/ دەنگی
مێینەیەك دەهات/ نازانم لەوانەیە دەنگی ئەو ئامێرە
بووبێ کەشتەکەی پێ دەبڕییەوە/ یادەنگی بزماری سۆلی
پەیکەرێك بووبێ/ بەهەرحاڵ لەپڕ پیاوێك وابزانم
دەرهێنەربوو گوتی: سبەینێ شانۆیی شایلۆك پێشکەش
دەکەین/ ئیتر پەردە دادرایەوە/ نازانم کەی سبەینێیە/
هاوڕێیەکەم سوێند دەخوا دەڵێ: ئەو گوتوویەتی:
شۆڕشیش جۆرێکە لەجۆرەکانی دکتاتۆریەت/ دەبێ
هەموو رۆژێ شۆڕشێ بەسەر شۆڕشدا بکرێ/ هەروەها
دەڵێن گوتوویەتی/ شمشاڵ ناکرێ بەتفەنگ/ تفەنگ
دەکرێ بەشمشاڵ/ ئیتر چاوەڕێی چین/ پیرەژنەکە دەڵێ
جارێکیان پێی گوتووم دەرمانخانە هەمووجۆرە دەرمانێك
دەفرۆشێ/ ئەی گوایە بۆچی کچە جوانە
دەرمانفرۆشەکانیشی نافرۆشێ؟/ منالێکیش گوتوویەتی
جارێکیان بەشەقامی سەهۆڵەکەدا تێپەڕیوە: گوتوویەتی: ئەم شەقامە
بەهەموو کچە جوانەکانیەوە دەدزم/ بەڵام دوایی پەشیمان
بۆتەوەو گوتوویەتی چۆن پێڵاوو عەترو تەنوورەو ستیان و

ستریجو شالتۆنو دۆندرمەو ماچی ئەم هەموو کچە
دکتاتۆرانەم پێ دابین دەکرێ/ پارەی نگرۆو مێشکردنی
پرچە کورتو درێژەکانیان لەچ بانکێك بدزم خۆ حزبەکان
پارە لەبانکدا دانانێن/ دەڵێن گوتویەتی: شەوێك
جوگرافیاو مێژوو دەخزێنمە هۆرێکەوەو لەگوێدرێژێکی
باردەکەمو تووری دەدەمە ناوەڕاستی رووبارەکەوە/ ئیتر
دەنگو باسی پادشاو قەڕاڵەکان کۆتایی دێ/
سنوورەکان دەبن بەسەهۆڵو جیهان ئەوەندەی ئوتێلێکی
پلە سێ: بچووك دەبێتەوە
من دەڵێم: بەنزینخانەش قسەدەکات
ئەی ئەوە نیە پێمان دەڵێ
جگەرەکێشان قەدەغەیە
مردنیش دکتاتۆرە/ ئەی ئەوەنیە دەڵێ: ئیتر
هاتوچۆکردنو
گوێ گرتنو
کۆلارە دروستکردنو
سواری پاسکیلو ماچ کردنو
یاری تۆپی پێو پێڵاو لەپێکردن قەدەغەیە
(لن تکون المنادیل
لتجفیف الدموع
ولن یکون النسیج
لصنع الاکفان)
(مالك حداد)
جارێکیان رێم کەوتە ولاتێك پشیلە قسەی دەکرد/
مرۆڤ دەوەڕی/ دار دەیمیاواند/ سەگ دەیحیلاند/

کەسەیری خەوننامەکەی حوسێن حوزنی موکریانیم
کرد/ پێی گوتم/ لافاوێکی دی بەڕێوەیە/ گلەیی لەئاو
مەکە ئەی مرۆڤ/ ئاو هی لمە/ مەڵێ زەوی کەمە/ بەشی
ئەوە ناکات هەموو خێزانێك خانوویەکی لەسەر
دروستبکات/ گەڵێ شەڕ بڕێوەیە/ شەڕ ئەندازیاری
پسپۆڕی دروستکردنی گەلەگۆڕە/ گوتوویانە نەوت ژن نیە
کەچی هەموو دکتاتۆرێك عاشقی دەبێ/ هەموومان
کاتێکمان دەوێ بۆ درۆ/ کاتێکی دیش بۆ لێکدانەوەی خەونەکانمان/

## ( ئاگاداربیەکی تایبەتی )

حزبەکەمان (نازانم چ حزبێك ئەویش نازانێ)
لەم ڕۆژانەدا سەد هەزار
کفنو تابووتی ئامادەی
لەهەندەرانەوە هێناوە
لەم ڕۆژانەدا دەیخاتە بازارەکانەوە..
ئاگادارتان دەکەین
چەند شەڕێکی خۆش
بەڕێوەیە
بەختەوەر ئەو کەسەیە
تا خۆی لەژیاندایە
کفنێكو
تابووتێك
بۆخۆی بکڕێ..
شایانی باسە
کفنو تابووتەکان

ئەستەمبووڵی و تارانی ئەسڵن

کفنەکان ئاوریشمن و

تابووتەکانیش

ئێسکە ماسی

دەریای ئیجەن

خوشك و برایانی هێژا

حزبەکەمان بەڵێن دەدات

لەم بارەیەوە

بەردەوام لەخزمەتی

هاوولاتیاندابێ..

نرخەکانیش هەردەم

پەسەندی دڵی ئێوەبێ..

*　　*　　*

(ئیمزا: سەرکردایەتی حزبەکەمان)

ڕۆژی هەشت شەممە

مانگی سیانزە

شاعیرێك دەیەوێ خۆی بکوژێ

دەستی ناگرم

دەشێ بیەوێ

بەخوێنی دڵی خۆی

جوانترین شیعری بنووسێ..!

(جارێکیان ئەو لەجادووبازەکەی پرسی/ ئەگەر گوڵ

مەمك و ئامێری زاوزێ کردنی ببوایە/ کێ سوخمەی

مەمك و مایۆی بۆ دەکڕی/ جارێکی دی پرسیبووی ئەگەر

بەیانیانێك هێلکەیەکت لەتاوەیەکدا کردە ڕۆنەوە/

منالێكی ددان ئاسنینی لێ دەردەپەڕی/ باوەشی
پیاداكردی/ گوتی: فێری كۆلارە دروستكردنم بكە/ چی
دەكەی؟
چاوم لەزەویەكی دوور دوورە
لەناو چاوی چۆلەكەیەكدا
مرۆڤەكانی ئەوەندەی سنۆبەرێك بالآبەرزن
ئەوەندەی تاشەبەردێك مەچەك ئەستوورن
دەبێ ئەوان چەند جۆر شەڕ بزانن..
ئەی خوایە(منالّەكە دەلّێ ئەمە قسەی ئەوە)
ئەگەر بەرد وەك دلّی ئافرەت
رەق بوایە
خانوومان بەچی دروستبكردایە..
ئەی خوایە
ئەگەر.. ئەگەر ژن نەبوایە
كێ خەونی بداینایەتێ..
دەنگی داهاتوو دێ
ئەنجا تێگەیشتم چەند نامۆم
*　　*　　*
هناك مكان
يحلم فيه الحلم بنا..
(شاعیری خوارووی ئەفریقیا مازیسی كۆنینی)

وەكو دوێنێ بەنوێنەری یونێن-م راگەیاند بەندیخانەیەك
/ لەكۆمارەكەمدا/ دروستدەكەم/ هەموو خەونەكانمی/
تیادا دەشارمەوە

با سیاسەتمەداران نەیدزن/

ئاسمانی کۆمارەکەم/ بەموگناتیز دادەپۆشم/

بادەفرەفڕیوەکان/ ئەستێرەکانی داگیرنەکەن/

ڕێگای هیچ هاوولاتییەکی سپی ئەمەریکایی نادەم/

سەردانی کۆمارەکەم بکات/ نەوەك ڤایرۆسی

ڕەگەزپەرستی/ لەکۆمارەکەمدا بڵاوبکاتەوە/

ئەو هەر لەوێدایە.. جار جار دەپرسێ/ ڕۆبۆت ئاوس

دەبێ؟/

خەڵکەکە سەرگەرمی دەنگو باسی ڕووبارەکەن

لەسەرداوای دەرهێنەرەکە/ دەمامکەکەم لەڕوخسارم

چەسپاند/ چوومە سەرشانۆکە/ هەموو بەدمەستەکان

لەوێ بوون/ حەلاج/ جونەیدی بەغدادی/

بایەزیدی بوستامی/ جەلالەدینی ڕۆمی/ مەحوی/

رابیعەی عەدەویە/ کێو کێو کێ../ سۆفیەکانیش

هەندێکیان لەسەر شانۆکە بوون/ فەرووغی فەروغزاد/

شارل بۆدلێر/ مایا کۆفسکی/ ئەبوونەواس/فاتح

عزالدین/ محەمەد ڕەنجاو/ کێو کێو کێ/ نەمزانی

خۆیانن یا بۆ بەشداری کردن لەشانۆگەریەکەدا/ دەمامکی

ئەوانیان پۆشی بوو../ بۆیەکەم جار(ئەمە لەدەفتەری

بیرەوەرییەکانی عیسا چیایی- دا خوێندوومەتەوە)کە

لەبارەی ئاوێنەوە پرسیارێکیان ئاراستەی ئەو کرد

(ئاشکرا نیە کێ پرسیارەکەی ئاراستەکردووە) گوتی: کام

ئاوێنە/ ئاوێنەی جەمشید شا/ کەمژدەی دایێ ئاری

نەژادێك لەدایك دەبێ/ ریشە سپییەکەی گەردوون ڕەش

ڕەش دەکاتەوە/ یا ئەو ئاوێنەیەی کەزولەیخا یوسفی تیادا

راو دەکرد/ یا ئەو ئاوێنەیەی خۆمانمان تیادا ونکرد/ یا ئەو ئاوێنەیەی کەمەلەك تاوس بەدزی خواوە سوژدەی بۆ ئادەم تیادا دەبا/ یا ئەو ئاوێنەیەی کە جادووبازەکە دەڵێ بەرەبەیانێك کچێكو کوڕێکی بەڕووتی قووت داوەو..

خواردوونی: کام ئاوێنە/ بەهەرحاڵ گوتوویەتی ئاوێنە بیابانێکی تایبەتییە/ دڕندەی ماڵیو باڵندەی ددان ئاسنینو درەختی رەشو/ مرۆڤی بەفرینی تیادا دەڕوێو هێشتا کەس نەیتوانیوە جێ پێی خۆی لەلمی تەوەرەکانیدا بدۆزێتەوە/ من وەکو بەشالام گوت: لەدیمەنێکی شانۆگەرییەکەی دوێنێدا بەشدار بووم/ جوانترین شت لەو دیمەنەدا ئەوەبوو کە: رەشێكو سپییەك دەسرێژیان لێکرد/ خوێنی هەردووکیان سووربوو/ ئیتر هەردووکیان باوەشیان بەیەکتردا کردو لوولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەی کۆشکی سپی ئەمەریکا کرد/ باوەڕتان بێ دیمەنەکە/ (مەبەستم لەرووداوەکەیە) ئەوەندە کاریگەربوو ئەم بەیانییە هەموو بوونەوەرەکانی ناو رووبارەکە باسیان دەکردو یەکدیان ماچ دەکرد/ (جێی خۆیەتی لێرەدا بینەرانو گوێگرانو خوێنەران ئاگادار بکەمەوە)/ کە ئەو گوتوویەتی ساڵی سێ هەزار.. هەندێ کەسیش دەڵێن: گوتوویەتی دوای تەواوبوونی شانۆگەرییەکە/ هەندێکی دی دەڵێن: دوای کۆتایی هاتنی کێشەی رووبارەکە/ هەرچۆنێ بێ ئەگەر لەسەر کاتەکە مشتو مڕ هەبێ/ لەسەر ئەوە مشتومڕ نیە کە گوتویەتی:/ نامیلکەیەکی دوازدە هەزار لاپەڕەیی دەنووسم بەناونیشانی:/(دەوری مەمكو ماچو مووچەو مسو مشەخۆرو موفەڕكو میتو

مونتاژو مۆدیلو مەرەکەبو مۆنتیکارلۆو مۆسادو
مەرگو مارو ماراسۆنو مارادۆناو مەستو ماتۆڕو
مارمیلکەو مارماسیو مارلین مۆنرۆو ماسیو مەرکانەو
میزو مێزو مۆمیاو مۆمو مانگاو میزراحو موشێنو
مەرحەباو مەجلەمەو مەنجەڵو ململانێو ماستاو کردنو
موقناتیزو هەروەها قافو گافو کاف لەبزووتنەوەی
رۆشنبیریو رامیاریو وەرزشکاریو پزیشکسازیو
بەرزبوونەوەو داشکانی نرخی نەوتو خوێنو هەڵایسانی
شەڕو مانگرتنو ئاژاوەکانی سەدەی بیستو دوودا)/ ئەی
باڵندە رێکەوتننامەی ئاگربەست لەگەڵ مرۆڤدا مۆر
مەکە../ مرۆڤ بەبێ تفەنگ ناژی/ مرۆڤو تفەنگ
لەسەردەمی قابیلەوە مارەیان لێکتر براوە/ ئەی باڵندە تۆ
قابیل دەناسی/ قابیل جادووبازبوو/ حەزی لەکچێکی
قەرەج بوو/ کچەکەی لەئاوێنەیەکی بچکۆلەدا شاردبۆوە/
شەوان کە گەردوون وەکو پاڵەوانێکی ماندووی فیلمێکی
کابۆی رادەکشاو شەبقەیەکی ڕەشی بەسەر دەموچاوی
خۆیدا دەدا/ قابیل موویەکی سمێڵی خۆی هەڵدەکرووزانو
کچە قەرەجەکە/ لەئاوێنەکە دەهاتە دەرەوە/ لەگەڵ
قابیلدا دەنوست/ بەرەبەیان ویردێکی جادووگەری
دەخوێندو کچە قەرەجەکە دووبارە دەچۆوە ناو ئاوێنە
بچکۆلەکەوە.. وەکو ئەو بۆ ماسیگرێکی گوێ رووبارەکەی
گێڕاوەتەوە/ هابیلی برای لەم بارەیەوە لەقابیل بەدگومان
بووەو/ چەند شەوێ کولی گرتووەو/ ئەم کەینو بەینەی
کچە قەرەجەکەو قابیلی بەچاوی خۆی بینیوە/ لەداخاندا
شەوێك بەشمشێرە تیژەکەی سمێڵی قابیلی پاك پاك

تاشیوەو/ کوڵکو مووەکەشی خستۆتە رووبارێکەوە/
لەوانەیە ئەم رووبارە بێ کە ئێستا کێشەی لەسەرە/ لەو
شەوەوە ئیتر قابیل نەیتوانیوە مووی سمێڵی بسووتێنێو/
کچە قەرەجەکە.. لەئاوێنە بچکۆلەکەدا لەبرساندا مردووە/
دەڵێن وەکو ئەو گوتوویەتی قابیل لەهابیل توورە دەبێو
دەیخاتە ناو کەوڵە گامێشێکەوەو دەمەکەی دەدروێو تووڕی
دەداتە رووبارێکەوە/(نازانم کام رووبار خۆیشی نازانێ
ئەو جێی رووبارەکەی دیاری نەکردووە)بەڵام بەو
قەرینەیەدا کە خۆی دەورووبەری رووبارەکە بەرنادات/ ڕەنگە
هەر ئەم رووبارەبێ/ لەلایەکی ترەوە هەندێ کەس دەڵێن
درۆیە کچە قەرەجەکە لەناو ئاوێنە بچووکەکەدا لەبرساندا
نەمردووە حەوت مانگ گۆشتی ئەو منداڵەی خواردووە
کە لەقابیل بوویەتی/ دوای حەوت مانگەکە/ رۆژێ لەبرسا
دەست دەکات بەگیرفانیدا بۆ ئەوەی شتێکی تیادا
بدۆزێتەوەو بیخوات/ لەپڕ تەڵێ موو لەگیرفانیدا
دەدۆزرێتەوە/ دەزانێ مووی سمێڵی قابیلە/ یەکسەر
هەڵیدەکروزێنێو ئاوێنەکە دەکرێتەوەو دەرباز دەبێ/
هەندێ کەس دەڵێن دوای ئەوەی (وەکو ئەو بۆی باس
کردوون) ماوەیەك وابزانم حەوت مانگ سەرگەردان دەبێ/
فەرهاد ئاشقی دەبێو کێوی بێستوونی بۆ دەکات
بەجوانترین کۆشك/ بەڵام کچە قەرەجەکە پێی رازی نابێ/
تۆبەدەکاتو دەچێ بۆ حەجو دوای حەوت مانگ
دەگەڕێتەوەو لەمەیخانەی سۆفیەکاندا دەبێ بەمەیگێڕ
بەڵام هەندێ کەسی دی دەڵێن مالوومێکی هەزار ساڵە
کەلەتەوێلەیەکدا دەژیا گوتوویەتی لەکتێبێکی کۆنی

ئیسرائیلیدا خوێندوومەتەوە کە کچە قەرەجەکە دوای حەوت
ساڵ دەربەدەری شووی بەمەلەك تاوس کردووە/ هەندێ
کەس دەڵێن لەهەندێ بەرگی مەسحەفی رەش-دا
بەدووروودرێژی باسی ئەم رووداوە کراوە/ ئیتر لەدەرهێنەری
شانۆییەکە بەولاوە لەم بارەیەوە کەسیدی شتێکی ئەوتۆ
نازانێ شایانی گێڕانەوە بێ/
جیتە دەڵێ:
(کل مایرن فی قصائدی من نغمات
ادین بها لا مرأة واحدة
واحدة فحسب)
منیش دەپرسم بشێ ئەو تاقە ژنەی کەجیتە باسی
دەکات کچە قەرەجەکە نەبێ/ من واتێدەگەم کچە
قەرەجەکە دەزگیرانی هەموو شاعیرانە/ مایکۆفسکی
لەعەشقی ئەو داوای لێ بوردن دەکەم لەعەشقی پرچە
سوورەکەی کچە قەرەجەکە/ خۆی خستە دەریای سووری
ناوەڕاستەوە/ ئوتیلۆ بەفیتی ئەو دیدزدەمۆنەی بەژەهری
ماچ دەرمانخوارد کرد/ نازم حیکمەت کچە قەرەجەکە
فریوی دا منەوەری سووتان / ئیلزا ناوی کچە قەرەجەکەی
لەخۆی نابوو بۆیە ئەراگۆن عاشقی بوو/ تەنانەت هەندێ
پیرەژن دەڵێن لەگوتارێکی رۆژی هەینیدا/ مەلای گەورەی
کۆیە/ گوتوویەتی:/ حاجی قادر بۆیە ژنی نەهێناوە
بەتەمای کچە قەرەجەکەبووە/ هەر بۆ دۆزینەوەی ئەویش
چووە بۆ شاری ئەستەمبوڵ/ تەنانەت هەندێ مێژوونووسی
رووسی دەڵێن سیندەباد بازرگان نەبووە/ عاشق بووەو
نەیدۆزیوەتەوە: یەکێ لەو مێژوونووسانە کەناوی-

بەرنادشۆیە– دەڵێ شەهرەزاد کچە قەرەکەبووە هەروەها
وەکو بیستوومە گوایە منیش عاشقی کچە قەرەجەکەم/
تعالي
املای
وحدتی
–جبرا ئیبراهیم جبرا–
ئەستێرەش منالّی هەیە/ لەژێر لمدا مەلەدەکات/
(پیرەژنێك لەکفری وای دەگوت) خۆر چەند گوناحە مانگی
چواردەی نەدیوە/ منالێك لەسەر بەلەمێکی کاغەز وێنەی
خۆیو دایكوباوكو خوشکەکەی کێشاو خستییە
دەریاچەی ئیجەوە.. لەوانەیە ئێستا بەلەمەکە گەیشتبێتە
لووتکەی گۆیژە/ بەهەورم گوت لێرە چاوەڕوانی چی
دەکەی؟/ گوتی تەکسی یەکەم دەوێ بمگەیەنێتە
نەخۆشخانەی منالبوون/ سکم پڕە ئەمشەو ئاگرم دەبێ/
قفلّ.. قفلّ.. قفلّ../ قفلّ بۆ دەرگای خەونی دوور/ قفلّ
بۆ دەرگای باران/ قفلّ بۆ دەرگای بەهار/ قفلّ بۆ دەرگای
ئاسمانی گەشتی کۆلارەکان/ قفلّ بۆ بەرۆکی کچان/ قفلّ
نازانم بۆچیو چی/ لەبیرم نەبوو هەندێ پیاو لەئەفریقیا
قفلّی تایبەتیان بۆ ناو لنگی ئافرەتەکانیان
دروستکردووە.. بەڕاستی ئەم راپۆرتە هەواڵەی کە ئێوارە
بەفاکس گەیشتۆتە رۆژنامەکەمان هەواڵی سەیر سەیری
تیادایە، بەڵام لەبەر ئەوەی من چاوم زۆر کزە هەندێکیانم
بۆ ناتخوێندرێتەوە بەڵام هەقی خۆمە وەکو رۆژنامەنووسێك
بپرسم کێ ئەم هەموو قفلّەی دروستکردووە/ گوێ بگرن
لەم هەواڵە سەیرە/ ڕەنگە درۆش بێ/ دەڵێ ئینتەرنێت

جۆرە حەبێکی دروستکردووە هەرکەسێ بەهەر نیازێکەوە

قووتی بدات نیازەکەی جێ بەجێ دەبێ/دەزانم هەندێ

هەرزەکار بەو نیازەوە قووتی دەدەن ببن بەبزمارو سترێجی

کچانەیان پیادا هەڵواسن/ هەندێ گوڵچی بەو مەبەستە

قووتی دەدەن کە س تەنانەت مارادۆناش نەتوانێ‌گوڵی لێ

بکات/ هەندێ کچ بەو نیازە قووتی دەدەن کوڕێك یا

پیرەمێردێکی دەوڵەمەند داوایان بکاتو بیانبات بۆ

هەندەران/ بەهەرحاڵ من ئەگەر پارەم ببێ لەو حەبە بکڕم

بەو مەرازەوە قووتی دەدەم ببم بەجگەرەیەك ماسییەك

بمکێشێ/ دەبێ لەئاوێنەی بیرەوەرییەکان دەربازبین/ ئەم

تاشەبەردە تاکەی بەکۆڵمانەوەبێ/ ئێمە دەتوانین بەم

تاشەبەردە دەستاڕێك دروست بکەین یا پەیکەرێك/

بۆشاییەکانمان پڕکردەوە لەماچ/ ئاوێنەکانمان پڕ کردەوە

لەهەردووکمان/ پەنجەکانم گوناحباربوون لەئاگری لەشی

تۆدا سووتاندمن/ ئەرێ کات سەعاتی لەدەستدا نییە ئیتر

چۆن وەختەکانی لەبیرناچێ/ دوێنێ هەورێك خەونەکانی

خواردم هەوربوو یا کاتژمێری سەر دیوارەکە؟/ سەدەی

بیست گڵکۆیەك بوو گوڵەکانمی دزی/ سەدەی بیست

کادیبەك بوو لەئاوێنەیەکی شکاودا ون بوو/ لەبیرمە

پەنجەرەکە راچەنی کەیەکەم نمەی باران ماچی کرد/ لەچی

بترسین/ خۆ ئێمە عەترو گوڵاو ئاودیو ناکەین/ ئێمە

بارووت لەگوڵی ماچ دروست دەکەین/ کە ماچ کەوتە

گفتوگۆ گوناحە زمان قسە بکات/ من خۆشم ناوێ‌ی

دەتپەرستم من ماچت ناکەم وەکو ئاو دەتخۆمەوە/ من هەم

چونکە تۆخۆشت دەوێم/ ئاوێنە جارێکی دی دەرگاکانی

کردەوەو گەڤی لەباکرد/ ئەوەتا هەردووکیان بەڕووتی
جگەرە دەکێشن/ وشە گرتن لەڕاوەماسی دەچێ/ دەڵێن
دەریا کراسێکی ئاوریشمە کوڕێك بۆ کچێکی چنیوە/
کوڕگەل.. کچگەل.. ئەرێ بشێ بەهەمووومان نەتوانین ئەم
کەڤرە رەشەی کەناویان ناوە شەو بگلێنینە
ئۆقیانووسێکەوە؟/ لەکتێبێکدا خوێندوومەتەوە
کەمردووش قسەدەکەن بەڵام ئێمە لەزمانیان تێ ناگەین/
تکایە هەر کەسێ لەو بارەیەوە شتی زیاتر دەزانێ ئاگادارم
بکاتەوە/ کێیە بانگمان دەکات بیابان نەبێ؟/ کێیە بۆ
لامان دێ تەنیایی نەبێ؟/ کێیە بیرمان دەکات رابردوو
نەبێ؟/ ئاو بوو یا دەفرێکی فریو منالّیمانی راوناو
جانتایە وێنەمان لێ ونبوو/ رێزی فرمێسکبگرن
لەرێگایەکی دوورەوەدێ/ کەشمەندەفەری دەممان
بەیەکیاندادا/ تەرمێکیان نایە چالّ ناوی تینوێتی بوو/
ئەرێ ئێوە گوێتان لێیە بێدەنگی چەند بۆڵە بۆڵمان
بەسەردا دەکات/ تۆ لەهەمو ئەو ئاوێنانەدای کەپێکەوە
یاریمانتیایاندا دەکرد/ ئەم نهێنییە چرایەك پێی وتم/
من تەنیا نیم بۆ هەرکوێ بڕۆم رێگایەك هاورێمە/ ئەرێ
تاریکایی پەنجەی هەیە/ ئەی چۆن مەرە سپییەکانی
دەژمێرێ/ وشە کەزوێر دەبێ لێمان رەنگە بڕوات لەسەر
درەختێ لانە بکات؟/ کامێرا سەیرە سەیر/ بەبێ دەس
دەماندزێ/ بەبێ زمان قسەی خۆشمان بۆ دەکات/ بەبێ
مۆرفین بەنجمان دەکاتو دەمانخاتە ناو جانتاکەیەوە/
ئاوێنەکەم نهێنییەکی پێ گوتم/ لەوساوە سمێڵم بۆیە
دەکەم/ توخوا ئەم نهێنییە بەکچان مەڵێن/ ئۆتۆمبێل و

شەقام حەزیان لەیەکە هەمیشە لەگەڵ یەکدا جووت دەبن‌و
کوڕێکی سەرسەختیان دەبێ، ناوی دەنێن تەپوتۆز/
لەژوانگەدا کچان‌و کوڕان بەوشەو ماچ یەکدی راودەکەن/
ئەو دەڵێ ئاگر ئامێری کۆکردنەوەی بیرەوەری هەیە/ ئەو
دەڵێ پشیلە لەسەر نەوت شەڕدەکەن/ ئەمڕۆ خوشکی
دوێنێیە/ هەردووکیان دوو هاوڕێی بێ ئەمەکن/
لەدەرگاکەت دەدەن‌و نەمەکت دەکەن‌و هەرچیت هەیە
دەیدزن‌و دەڕۆن/ بەڕاستی من رێگای گۆڕستانەکە نازانم
بەڵام جارجار لەئاوێنەکەدا شوێن پێی مردۆکانی دەبینم/
ئەو دەڵێ شەو بەگوێزانێ یا بەمقەست ریشە درێژەکەی
کورت دەکاتەوە/ ئەها بیرم کەوتەوە دیوار هاوڕێمانن/
لەبێشکەوە تاکو گڵکۆ دیوار هاوڕێمانن/ دیوار
مەتۆرێنن/ جلی جوانیان لەبەربکەن/ گۆرانی خۆشیان
بەگوێدا بچپێنن/ دیوار هاوڕێمانن/ مرۆڤ کێی هەیە
جگە لەدیوار/ رەنگە باران پشیلە بێ/ ئەگینا بۆ
کەبارانێ دەبارێ چۆلەکەکان رادەکەن/ ماچی یەکەم
لەپەنجەرە دەچێ/ دووەم نازانم/ لەم بارەیەوە هەر کچێ
رەخنەی هەیە بادەس هەڵبڕێ/ بڕیارم داوە لەئاوێنەیەکدا
ماڵێك بۆ خۆم دروستکەم/ بەڵام لەڕاستیدا وەك
بیستوومە ئاوێنە زۆ بڵێ‌و چنەبازە/ بشێ پێکەوە
رابێین/ تاکا لەخانمان دەکەم ئەوان شارەزایی‌و ئەزموونی
زۆریان لەگەڵ ئاوێنەدا هەیە لەم بارەیەوە هەندێ
روونکردنەوەم بدەنێ/ دەڵێن ئەو گوتوویەتی ئەمە
سەردەمی ئاوسبوونە/ پەرستگا ئاوسی گوناح/ تۆمبێل
ئاوسی هەور/ رێگا ئاوسی مارێکی رەش/ کونە پەپوو

ئاوسی کورسی/ کۆتر ئاوسی شەمەنەفەر/ دیوار ئاوسی
باران/ باران ئاوسی مشتومڕ/ ئاژەڵ ئاوسی پاکەتی
رۆزمەن/ مانگ ئاوسی هەفتە/ هەفتە ئاوسی پێڵاو/
تەم ئاوسی شقارتە/ شقارتە ئاوسی کراسەزەردەکەی
مایامۆفسکی/ دەفتەر ئاوسی گوێچکە بڕاوەکەی فان
کوخ/ هێلکە ئاوسی ئاژاوە/ ئاژاوە ئاوسی لەتیف
هەڵمەت/ کێ ئەوەندەی من کچێتی ئاوێنەی سمیوە؟/ زۆر
شت لێك دەچن/ بێشکەو تابووتو ئاسمانو قەفەس/ تاجو
پێڵاو/ خەونو کۆلارە/ کچو پاسکیل: شیعرو
شەمەنەفەر/ چاویلکەو سوخمەی مەمك/ چبکەم باشتر
وایە سەندیکایەك بۆ باڵندە قەڵەوەکان بکەمەوە فێری
رجیمی خۆ لاوازکردنیان بکەم/ دەترسم چیایەکیش بێت
خۆی ناونووس بکات: ئەح ح برا چیا سێ ژەمە سێ بەرخی
برژاو بەسێ فەردە برنجەوە دەخواتو هەر برسییەتی/ ئیتر
چۆن چۆنی دەتوانێ خۆی لاوازکات/ من لەئێستاوە
پێشبینی ئەوە دەکەم رۆژێ چیا زەختی بەرزدەبێتەوەو
دەمرێ/ جا خۆ مەگەر لەشوێنەکەی خۆیدا بەکفنێکی
مینیجۆبەوە بەخاکی بسپێرن/ چونکە نەخانمی هەموو
شار بەشی کفنێکی هاودامانی ئەو دەکاتو نەبەهەموو
خەڵکی شاریش تەرمەکەیان پێ هەڵدەگیرێ/ لەوێ/
لەوانەیە لەورگی چیاوە قولاپێك بانگمان بکات/ نازانم
بانگی من دەکات یاتۆ/ ئێمە یا ئێوە یا هەموومان/
دەشێ بانگی مانگی سەردرەختەکە بکات/ لەوانەشە
بانگی پاسکیلێك بکات/ ئەزانن خەبەرەکە راست بوو
درەختەکە ئاوسە هەر ئێڵنج دەدات/ کێ درەختەکەی

ئاوس کردووه؟/ ڕەنگە بایەك/ هەر با ئەم ئیشە قۆڕانەی
لەدەست دێت/ ئەوەتا درەختەکە دەزێت با بەئاشکرا
مەلووتکەکانی درەختەکەی خستۆتە سنووقێکی گەورەوەو
لەپاشکۆی پاسکیلەکەی بەستووە/ لەوانەیە بۆ
دایەنگایەکیان بەرێ/ ئێوە نوسییتبوون پشیلەکە حەوت
گوڵی دزی/ خۆی ناوی لێ نابوون/ حەوت مشك/
کچێك ناوی لێ نابوون حەوت منداڵ/ پیرەمێردێك ناوی
لێ نابوون حەوت ژن/ شاعیرێك ناوی لێ نابوو ڕۆژەکانی
حەفتە/ پشیلەکە یەکێکیانی خوارد/ مشکێك لەزەویدا
کەمی کرد/ منداڵێك لەبەڕێوەبەرایەتی نفووسی شار
توایەوە/ ژنێك چوو بۆ هەندەران/ ڕۆژێك لەڕۆژەکانی
هەفتە ڕای کرد/ هۆ منداڵینە ئاگادارین/ ئەوە شتێکی
ڕەش لەژێر ئەو درەختانەدا فیکە دەکێشێ لەوانەیە خەوبێ
بانگی ئێوە بکات/ فەرهەنگ داوی وشەیە/ داو هێلانەی
هەوری برسییە/ بەوشە تۆڕێك دروستدەکەم/ خەونی
کچۆڵەکانی پێ ڕاودەکەم/ بەتوورەیی ژنێك مقەستێك
دروستدەکەم/ کلکی شەوی پێ دەبڕم/ ئەو کلیلە هی چ
دەرگایەکە؟/ لەوانەیە کلیلی دەرگای خەوی کچێك بێ/
لەوانەیە کلیلی دەرگای ئەو ژوورەبێ کەدێوەکە
بەمەلەکنازی گوت: هەموو ژوورەکانبکەرەوە ئەم ژوورە
نەبێ/ کۆلارەیەکم بوو لەئاسماندا بەجێما/ (ئەوسا
پیربووم) کچێکم دەناسی ڕووت ڕووت دەبۆوە ڕام دەکرد
/(ئەوسا منداڵ بووم)/ کۆمەڵێ داروپەردوم بوو/ ناوم
نابوو نیشتمان/ (ئەوسا شارەزای جوگرافیای لەشی
مێینە نەبووم)/ ئەرێ بارانەکان ئەم هەموو زەنگۆڵە

زیوینەیان لەکوێ بوو/ بەم قژە دانەهێنراوە تەڕەیانەوە
بۆ کوێ دەچن/ لەوانەیە بۆشایی مردوویەك بڕۆن!/
یادەشێ بۆ چەترەکانیان بگەڕێن/ ڕەنگە یادەوەرییەکانم
پیربووبن/ بەڵام ئەو عەترەی بەکاریان هێناوە هێشتا هەر
وەك خۆیەتی/ لەوانەیە ئەم یادەوەرییانە یەکێك
(خواوەندێکی فیرعەونی) مۆمیای کردبێ/ باس هەر
باسی پردە پێچاوپێچەکەیە/ خەڵکەکە دەڵێی لەبەفر
دروستکراون لەچرا دەترسن/ چرا دەتوانێ بەزمانە
درێژەکەی هەزار لیتر بەفر بخوات/ (ئەو وادەڵێ) مانەوەو
کۆچ کردن لەم مێرگە توێشەبەرەی دەوێ/ ئەم مێرگە
چەند سامناکە/ ڕێگای ڕۆیشتنیش چەند بازنەییە
لەکۆمی کچۆڵەیەکی قەڵەو دەچێ هەر بەدەوریدا خول
دەخۆین‌و کۆتایی نایە/ باران هونەرمەندێکی
سوریالییە/ وێنەی لافاوو باڵندەو مەمك بەمیزی خۆی
دەکێشێ/ باران پارەی نیە گوێزان‌و مەکینەی تەراش
بکڕێ هەر تەڵەموویەکی ریشی حەفتا هەزار گەز درێژە/
کوڕێك‌و کچێك (لەبیرم نیە یا مەم‌و زین بوون..یا
ڕۆمیۆ و جولێت) لەدارستانێکدا خۆیان شاردەوە/ دوو
مەیموون دوو سەبەتە مۆزیان بەدیاری بۆ بردن/
لەپەراوێزی هەندێ چاپی توحفەی موزەفەرییەو پەندەکانی
لوقمانی حەکیمدا لەم بارەیەوە گەلێ شت نووسراوە/ دوو
مەیموون چوون بۆ شارو ویستیان ئەڵقەی بووك‌وزاوایی
لەلای زەڕەنگەرێك بکڕن‌و لەپەنجەیانی بکەن/ بۆ ئەم
مەبەستەش دوو لۆری مۆزیان هێنابوو بیفرۆشن/ بەڵام
دوو پۆلیس هەردووکیانیان گرت‌و بەپاڵ پێوەنان

بەباخچەی ئاژەڵانیان سپاردن‌و لەوێ لەبری ئەڵقەی بووك‌و
زاوایی ئەڵقەی زنجیری کۆیلەیەتییان لەمەچەکیاندا
توندکرد/ دەڵێن لەسۆنگەی ئەم دڕندایەتییەدا/
مەیموونێکی رچەڵەکناس کتێبێکی دوو هەزار لاپەڕەیی
نووسیوەو بەرپەرچی بیروڕاکانی داروین‌و سەلامە موساو
کێ‌و کێی داوەتەوەو گوتوویەتی حاشا مەیموون نەوەی
مرۆڤ نیە/ ئەم هەواڵە پڕوپاگەندەی سۆفیەکان نییە/ من
بەچاوی خۆم ئەم هەواڵەم لەکتێبی (رچەڵەکی
بوونەوەرەکان)دا خوێندۆتەوە کە دیناسۆرێك نووسیویەتی‌و
لەئەنجامدا لەداخی هەندێ رەخنەگری نەشارەزا لەزانستی
(ئەوینلۆژیاو ماچ لۆژیاو درۆلۆژیا) خۆی کوشتووەو
ئێستا گڵکۆکەی لەئەندەنووسیایەو وەکو گڵکۆو ماڵەکەی
شەکسپیر ساڵی دەیان هەزار کەس دیدەنی دەکەن‌و بوەتە
بنەمایەك لەبنەماکانی بووژانەوەی ئابووری ئەو وڵاتە/
بەوشە ژوورەکەم بۆیە دەکەم/ بەوشە چوار پەنجەرەی نوێی
لەهەر چوارلاوە پیاهەڵدەواسم/ لەپەنجەرەی لای ژوورەوە
بانگت دەکەم/ لەپەنجەرەی خوارەوە/ سەیری چاوت
دەکەم/ لەپەنجەرەی لای ڕاستەوە سوژدەت بۆ دەبەم/
لەپەنجەرەی لای چەپەوە ئەو شیعرانەی شێخ محێدینی
عەرەبیت بۆ دەخوێنمەوە کە بۆ دەزگیرانەکەی نووسیبوو
(هەندێ هەرچیوپەرچی خەریك بوو بەناوی خواوە لەسەر
ئەو شیعرانە سزای بدەن/ بەلام دەستەلاتدارە
ئەیووبییەکانی دیمەشق بەرگرییان لێ کردو بەپیاوێکی
پیرۆزیان لەقەڵەم دا)/ لەڕاستی دا من لەڕێی شیعرەکانی
ئەوەوە فێری خۆشەویستی‌و پەرستنی لەشی ئافرەت

بووم/ لەم بارەیەوە لەدەفتەری بیرەوەرییەکانمدا
لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژم نووسیوە بۆ شارەزایی زیاتر
لەم بارەیەوە بڕۆن چاپی سێیەمی بیرەوەرییەکانم
بخوێننەوە/ لەکتێبخانەی گشتی سەمەرقەند دەستەکەوێ/
وابزانم دەسنووسەکەشم لەلای ئەو کچەیە کە بەمنداڵی
لەئاوێنەکانی رووباری وەندا بەندی کردم/ گۆرەوییەکانت
دوو رووباری رەش رەشن دوو ماسی قەڵەو مەلەی تیادا
دەکەنو بیرلەوە دەکەمەوە بەتۆڕ یا بەدەستم راویان
بەکەم/ پێشبینی ئەوە دەکەم لەداهاتوودا بتوانین
قەلەباچکە.. یاخود جۆرێك لەجۆرەکانی مەیموون فێری
خوێندنەوەو نووسینی شیعر بکرێن/ ئەم کارەش زۆر ئاسانە/
پیرەژنێك لەهیندستانو یەکێکی دی لە ئەشکەوتێکی چیای-
تبت- دایەو بەڵگەنامەی زانکۆیەکی ئەلەکترۆنی
فیرعەونییان هەیەکە پسپۆڕی تەواون لەڕاهێنانی ئاژەڵدا
لەسەر نوسینو ئاخافتن/ هەروەها نوکتە گێڕانەوەش/
نازانم بۆ جارجار بیر لەوە دەکەمەوە بڕۆم بۆ پاریسو
دیدەنی مۆزەخانەی لۆڤەر بکەمو لەژێر وێنەکەی
مۆنالیزادا بنووسم: پاسکیلی پێشبڕکێی هەور لەگەڵ
کەروێشکدا/ دەڵێم رۆژێ لەمەیدانی ولاخ فرۆشەکاندا
لەگەڵ گوێدرێژێکدا سەری خۆم دەگۆڕمەوە (واتا سەری
خۆم دەدەم بەگوێدرێژەکەو سەری گوێدرێژەکە
لەجێگایەکەیدا دادەنێم) ئەوسا نەعەشقی نیشتمان دەمکا
بەپێشمەرگەو نەبەشەق راپێچی سەربازیم دەکەن/ بەلام
بشێ مەلای مزگەوتی گەورەو سکرتێری حزبی کەرانو
بەڕێوەبەری گشتی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئاژەڵ/ لەم

تاوانەم ببوورن/ دەترسم مەلا بڵێ ئەمە کارێکی
گومڕایانەیەو بەڕێزو هێژا سکرتێری حزبی کەران بڵێ، من
لەحزبەکەمدا ئەندامی وا وەرناگرمو بەڕێوەبەریی گشتی
کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئاژەڵ بڵێ ئەمە جۆرە
دەستدرێژیکردنێکە بۆ سەر مافی ئاژەڵان بەگشتیو
گوێدرێژ بەتایبەتی/ لەکتێبێکی فیزیاییدا
خوێندوومەتەوە کە لەوانەیە رۆژێ منداڵ بەشەتڵ یا بەقەڵەم
بڕوێ/ هەر بۆ نموونە: پەنجەی کچێکی جوان قەڵەم
دەکەیتو دەیچێنیو پاش ماوەیەك دەبێ بەمنداڵێك/ یا
هەندێ لەپرچەکەی شەتڵ دەکەیتو پاش چەند مانگێك
دەبێتە کۆرپەلەیەكو باخچەکەت پڕدەکات لەگریانو
پێکەنین/ نازانم لەوانەیە ئەم مندااڵنە شیر نەخۆنو
لەبێشکەدا نەنوونو نەخرێنە باخچەی منداڵان/ مرۆڤ
لەخەودا پرسیاری لەبیر دەچێتەوە/ بەڵام من کەبەخەو
کچێك دەبینم/ لەبیرم ناچێ ناوو ناونیشانی لێوەربگرم
بەهەمووشیان دەڵێم مەپرسە کاتژمێر چەندە/ من
هەموو کاتژمێرێ تۆم خۆشدەوێ/ حەزدەکەم گوێ لەم
چیرۆکە بگرن چیرۆکنووسێکی فیرعەونی نووسیویەتی:
منداڵێك هەرگیز گوڵی نەدیبوو: لەوانەیە بتگوتایە گوڵ/
ئەو ئاژەڵێکی درندەی وەکو گورگی بهاتایەتە بەرچاو/
چونکە فینیمی گوڵو گورگ زۆر لێکترەوە نزیکە/
منداڵەکەیان خستە قوتابخانە لەڕاستیدا بەپەلە کێش کردن
بۆ قوتابخانەیان برد/ چونکە ئەو بیستبووی لەقەسابخانە مەڕ سەردەبڕن
لەڕاستیشدا وشەی قەسابخانەو
قوتابخانە لێکدەچن/ لەبەر ئەوە وای زانی بۆ سەربڕینی

دەبەن لەقوتابخانە مامۆستایەك وێنەی گوڵێکی
بەدەباشیری سپی لەسەر تایلۆ ڕەشەی پۆلەکەیاندا بەناسکی
کێشاو گوتی: ئەمە گوڵە/ لەوساوە منداڵەکە بەکۆتری
سپیش هەر دەڵێ گوڵ.
کە بەفر دەبارێ دەڵێ ئەها گوڵ دەبارێ/ تەنانەت
بەهێلکەی مریشكو قازو مراویو وشترمرغیش هەر دەڵێ
گوڵ/ئەم منداڵە بلیمەتە لەوانەیە ڕۆژێ ببێتە پسپۆڕی
گوڵو قوتابخانەیەك بۆ زاوزێ کردنی گوڵو کیسەڵ
بکاتەوە/ کلیلێك لەکونی قفڵێکدا تاشەبەردی بێدەنگی
هاڕی/ لەوانەیە کلیل نەبووبێ/ نێرینەیەك بووبێ
پەلاماری مێیینەیەکی دابێ/ ( من باسی ژنوپیاو
ناکەم) دەڵێم دەشێ کۆترێکی نێرینە لەکۆترێکی مێینە
پەڕی بێ/ منداڵەکە دەستی بۆ پرتەقاڵی دار پرتەقاڵەکە
برد(دارپرتەقاڵەکە وێنەیەکی دەسکردی هونەرمەندێکی
شێوەکاری سەدەکانی ناوەڕاست بوو) لقەکانی ڕاتەکاند
بۆینەکرایەوە/ چۆلەکەیەك پێی پێکەنیو گوتی: های لەوە
وادەزانێ پرتەقاڵی ڕاستەقینەیە !/ ئەم دوو بەڵا پیرۆزە
جەنگوماچ/ دووجمکن پێکەوە یاریت دەکەن/ بەهاوین
لەسەربان کۆلارە هەڵدەدەنو بەزستان لەژێر چەتری
ڕەنگاوڕەنگدا گۆڕ هەڵدەکەنو بێشکە دروستدەکەن/
لەبیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم هەتاو بەردەوام باسی ساوایەتی
خۆی بۆ پەنجەرەکان دەگێڕێتەوە/ هەتاو جاران ئەو پیرەژنە
قژ مسەنەبوو/ نەپشتی کۆمابۆوەو نەچاویلکەی پزیشکی
لەچاو دەکرد/ کچۆڵەیەکی رووت بوو لە لووتکەی
گڵەزەردەوە یادەوەری خۆی گلۆردەکردەوە ناو تانجەرۆوە/

لەوانەی پێشودا باسی مۆسیقامان تەواو نەکرد/ مۆسیقا
لە هەموو شتێکدا هەیە/ دوو بەرد لێکبدەی مۆسیقای
لێدێتەدەرێ/ تەورێك لەدارێك بدەی مۆسیقای
لێهەڵدەقوڵێ/ لێو بنێ بە لێوی هەر کچێکەوە مۆسیقا
دەبارێ/ تەنانەت لەسەر کێلی گڵکۆیەك شتێ بنووسی
مۆسیقا دەبێتە هاوڕێت/ لەوانەی داهاتوودا زیاتر باسی
مۆسیقا دەکەین/ من دەڵێم هەور ددانی هەیە... ئەوەتا
بەفری لووتکەکان دەخوات بارانیش چرنووکی هیە...
ئەوەتا دەفتەری قوتابییەکان لەت و پەت دەکات/
ڕەشەباش کەڵبەی هەیە... ئەوەتا بەشەو لق و لێوی کەڤەرەکان
دەخوات/ دەترسم ڕۆژێ هەوروباران و ڕەشەبا، پێڵاوەکانم
ونجرو نجرپکەن و بیخۆن/ خوشکەکان... براکان/ من سوێند
دەخۆم شوشەش زمانی هەیە/ ئەی ئەوە نییە کە پەرداخێك
بەزەویدا دەدەین دەزیرێنێ کاغەزیش گیانلەبەرە ئەگینا بۆ
کە کاغەزێك دەدڕن بۆڕە بۆڕ دەگری/ من وای بەباشتر
دەزانم چەکی پەیکەری شەقامەکان داماڵن، نەوەك
یەکێکیان تەقەیەك بکات و شەڕی براکوژی
هەڵگیرسێتەوە/ شەقامەکان زۆر بۆگەنن/ ڕەنگە شەوان
پەیکەرەکان پیایاندا بمیزن/ من بووم گوتم: کەی/ چۆن/
نازانم/ هەتاو دیار نییە/ من دەڵێم کەوتۆتە
داوی جاڵجاڵۆکەیەکەوە/ ئەو دەڵێ کلیل و قفڵ ژن و
مێردن/ ئەو دەڵێ گسك و زەوی ئاشقەو باشقەن، پێڵاوو
زەوی چەند دڕندەن هەموو ڕۆژێ لێکدەی دەخۆن/ شەو
لووتی نووساندووە بە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەوە/
دەبێ ئەم کچە سپیکەلەیە حەزی لێم کردبێ/ بڕوانن ئەوە

دووکەڵی چییە/ لەوانەیە دووکەڵی خەونەکانت بێ/ یا
گوناحەکانی ئەوان/ یا دەشێ دووکەڵی درۆ و دەلەسەی
سیاسیەکان بێ/ یا دەشێ روبارەکە بێ جگەرە بکێشێ/
یا درەختەکەبێ چایەك لێبنێ/ من بووم گوتم: ئاوێنە
شێت دەبێ و بزمار ئارەزووی زایەندی هەیە/ تابووتێك
لە ئاوێنەکەمدایە... ڕەنگە منداڵیم بێ/ با لە کونی قفڵدا
دەزێ/ ئەرێ بەچکەکەی ناودەنێ چی؟/ لەو ژوورەدا
سنگەکە و پاڵتۆکە لێکتر بێزاربوون بەدزی یەکترەوە لێم
دەپرسن کەی زستان دێ/ هەتاو و دەریا پێکەوە نوستوون/
پیرەژنە جادوبازەکە دەڵێ منالێکیان دەبێ ناوی دەنێن
باران/ کاتژمێری سەر مێزەکە منگەمنگ دەکات/ ڕەنگە
بڵێ برسیمە/ یا لەوانەیە تەلەفۆن بۆ دایکی بکات
لە هەندەران/ ئەو شەوە پەیژەکەم بەرە و باڵەخانەی ڕۆحم
بەرزکردەوە/ ڕێویەکان هەڵفرین ئاسمان سپی سپی بوو/
نازانم ئاسمان بوو یا کۆترەکان/ ماسییەکانی قەراغ
رووبارەکە ئاگریان کردبۆوە/ منالێك گوێی لە گۆرانی
گڵکۆیەك گرتبوو:وابزانم ژنە قەڵەوەکە هێلکەی ڕێوی
بۆ مێردەکەی دەبرژان/ کات وشەکانمانی دەدزی/ گوێم
لە هیچ نەبوو لە دەنگی بەرد نەبێ/ چاوم لە هیچ نەبوو/
لە تابلۆی دووکەڵ نەبێ/ کەوتمە ئۆقیانووسی خەوەوە/
کچێك بوو بە بەلەم و سواری پشتی خۆی کردم و تووڕمی
دایە سەر زەوی/ ئێ چ دەبوو تووڕمی بدایەتە ئاسمان/
ئێ چ دەبوو ئەگەلا خەو وەکو هەرە ددانی ئاسنینی
ببوایە/ دوێنێ یەکێك داوای لێ کردم راڤەی سەرابی بۆ
بکەم/ لەوانەیە سەراب قوتابییەکی زیرەك بێ لە ترسی

قوتابخانە رووی کردبێتە بیابان/ لە کتێبێکی کۆندا
خوێندوومەتەوە نووسەری کتێبەکە دەڵێ لەوانەیە سەراب
سیاسییەك بێ و لەترسی سێدارە لەو چۆڵەوانییە خۆی
شاردبێتەوە/ هەندێ کەسیش دەڵێن ژنێکی جوانکیلەیە
لەدەس مێردە قۆڵتڕەکەی رایکردووە/ لەوانەیە لەم بارەیەوە
قەلەباچکە لە هەموو کەسێ زیاتر شت بزانێ/ ئەو
رۆژنامەیەی کە گوتم گەیشت هەندێ هەواڵی خۆشی
تیادابوو/ یەکێ لە هەواڵەکان رۆژنامەنووسێکی
یابانی ئامادەی کردووە و باسی رێگا دەکات و دەڵی/ رێگا
پێمان دەدزێ و جانتایەکی پڕ لە تەلەزیمان دەداتێ/ رێگا
شمشێرێکی درێژ درێژە بەسەریدا دەڕۆین و دەخلیسکێین/
رێگا درندەیەکە پێڵاو دەخوات/ شارێك دروست دەکەم
لەسەر قاپی پیبسی کۆلا/ دوورگەیەك درووست دەکەم
لە مووی کەوڵی کۆتر/ تەنبوورێك دروست دەکەم
لە یەسقان و برژانگی ئەو کچانەی ماچیان نەدامێ/
قوتابخانەیەك دروستدەکەم لە موگناتیز/ تەنوورەیەك
دروست دەکەم لە دەنکە شقارتە/ رووبارێك دروستدەکەم
لەماچ/ پردێك دروستدەکەم لە قژی کچە دڵڕەقەکان/
ئەرێ من هونەرمەندێکی شێوەکاریم یا ئەندازیارێکی
ئاژاوەچی/ چ بکەم سێبەر ددانی نییە پێی بڵێم رێگاکە
بخوات/ چ بکەم ئەوان ئەشکەوتەکەیان ونکردبوو/ منیش
ئەوان/ چ بکەم دوژمنایەتیم لەگەڵ رۆبۆتو کاتژمێردا بۆ
ناکرێ/ چ بکەم هاورێتیم لەگەڵ خۆمدا پێناکرێ/ ئەمە
سەدەی منالی بۆرییە/ سیاسەتی بۆری/ شیعری بۆری/
دەوڵەتی بۆری/ نەتەوەی بۆری/ وەرزشی بۆری/ ماچی
بۆری/ ئەوە دووکانەکە لە کوێیە؟/ ئێمە لە بیرمان چوو

دیارییەکە بکڕین/ بەهەمان جۆر هەورەکەمان بەڕەللای
ئاسمان کرد/ بەهەمان فێڵ ددانی پەنجەرەکەمان
هەڵکێشا/ بەهەمان دوعا پردەکەمان دروستکرد/ هەر
بەهەمان موگناتیز باو دەریا و پێڵاوەکانمان کرد بە هاوڕێی
خۆمان/ سەهۆڵبەندانەکە درێژە/ شێری تیادا بەدی
ناکرێ/ تەنانەت ئێسکی کەروێشکێکی راوکراویشی
تیا نییە/ لەوە دەچێ ئەوان حەزیان لە یاری شەترەنج بێ/
جانتاکانیان، تەمومژە لە باتی منداڵ شەڕیان دەبێ/
من زوو زانیم حەزیان لە زەردەشت نییە/ چونکە هەزار ساڵ
دراوسێ بووین باسی ئاگریان نەکرد/ لەم ناوە نە ڕاوچی
هەیە نەخوێندەوار/ نەکەسیش هەیە لێی بپرسین چەند
شەممەیە/ رۆبسن کرۆزۆ لە دوورگەکە نەماوە ئەی بۆ ماڵی
کێ برۆین/ ئیتر نەتوانین بەیادگارەکانی داهاتوومانەوە
شەیتانی ببین/ نە تەپلێکیش هەیە عاشقان لە بیری خەو
دەربێنێ/ راستە ڕەشەبا دەبێ بە هاوڕێ/ بەلام کۆزکی
دەوێ و گورەوییە سپییەکانی زەوی دەخوات/ جگە لەوەش
پێمان نالێ جاڵجاڵۆکە بە چ زمانێ بانگی مێش
دەکات/ زمانی جاڵجاڵۆکەمان فێر ناکات تاپێی بلێین
کفنێك بۆ مردۆکەی ئەوبەر بچنێ/ جاڵجاڵۆکە
دراوسێمانە و پێمان نالێ بەهارە بازنەییەکە لە کوێوە دێ/
پێمان نالێ خواوەندەکە کەی ئاگرەکە دەخوات/ ئەشکەوت
هەموو ساڵێ بەبێ دەنگی بەردێکی دەبێ/ مامانی دێکە
وادەلێ/ پاش حەوت ساڵ پاك و خاوێنی ئاخری رۆژێ
بەماچ دەمی یەکدیمان گلاوکرد/ خوا ئادەم و حەوای فێری
هەموو وشەیەك کرد وشەی ماچ نەبێ/ ئادەم و حەوا خۆیان
ماچیان دروستکرد و خۆشیان ناویان لێ نا ماچ/ ئەم

نهێنییە لەسەر تابلۆیەکی گڵیندا دۆزراوەتەوە دەڵێن هی سەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵە/ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەلەوسەردەمەشدا خوێندەواری هەبووە/ ئاویش لەبارەی ئەندازیارییەوە شارەزایی هەیە/ ئەوە نییە بەردێکی تێهاوی کۆمەڵێ بازنە دەکێشێ!/ دەریا سنوقێ یاقووتی بۆ داناوم/ لەترسی پەڕەسێلکە ناوێرم بڕۆم بۆماڵیان/ ئاخر من زمانی پەڕەسێلکە نازانم/ دەچم لە قوتابخانەیەکی ئاژەڵان فێری زمانی ئەو باڵندە سپییە دەبم/ بەڕاست لەبیرم نەبوو دەشێ لای حسێن بەفرین فەرهەنگی فێربوونی زمانی پەڕەسێلکە هەبێ/ ئەوسا هەندێ شیعریش بەو زمانە دێرینە دەنووسم/

تەمەکە (نازانم تەمە یا قەلەڕەشە) بەبێ دەنگی دەگری (لە راستیدا کەس نازانێ دەگری یا پێدەکەنێ)/ بێدەنگی وەکو تابلۆی مۆنالیزا بە چیاکەوە دیارە/ لە جەرگەی قوڵایی دۆڵەکەدا/ لە پەنجەرەیەکەوە دوو دڵۆپەی ڕەش دەبینم/ ڕەنگە دووچاو بێ چاوەڕوانی من بکات/ دەشێ لوولەی دو تفەنگ بێ شەڕێکی دی هەڵگیرسێنن/ یا دەشێ دوو گۆڕیچە بێ چاوەڕوانی دوو میوان بکات/ بەشوێنەکەی دوێنیدا تێپەڕیم/ دەم و چاوە دەمامك پۆشەکان/ لە ناوەڕاستی چەمەکەدا نوستبوون / (نازانم چەمە یا ئاوێنە)/ ئەم نووستووانە کێن؟ شەپۆلەکان وەکو کۆمەڵێ کڵێسا زەنگ لێدەدەن و ئەوان هەر نوستوون/ باڵندەکان دەنوك لە پەنجەرە لێڵەکان دەدەن و ئەوان لەقەفەزی خەودان/ دەڵێی لەشەڕێکی درێژخایەن گەڕاونەتەوە/ یا ژوانێکی دوور دوور/ جانتاکانیان خستۆتە ژێر سەریان و پرخەیان دێ/ ئەی

خوایە جانتاکانیان گوڵی تیادایە یا فیشەك؟/ ئاو
ئاوێنەیە/ دەبێ ئاوێنەی چ شاژنێ بێ/ ڕووبار کلکێکی
درێژە دەبێ کلکی ئەسپی کام پاڵەوان بێ/ دەریا ماسییەکی
گەورەیە/ دەبێ چ ڕاوچییەك ڕاوی کردبێ/ لە بەندەری
قەدەغەی دڵما جەنگێك بەرپابووە/ ڕەنگە لەسەر
شەبقەیەك بێ/ یا لەسەر پەیژەیەك/ لەوانەیە پەپوولەیەك
کۆتری بەلەمەوانەکەی خواردبێ!/ دەشێ هەتاو
تەیرۆکەکەی دزی بێ/ شەڕ لەسەر شتی وا بێ
بایەختریش ڕوودەدات/ هەندێ جار شەڕ لەسەر کورسییەك
بەرپا دەبێ/ کورسی پرسە/ کورسی شایی/ کورسی
هۆڵی سینەما/ کورسی خوێندنی باڵا/ کورسی
پەرلەمان/ لەم بارەیەوە جارێ سەتەلایت زانیاری تەواوی
نەدرکاندووە و هیوادارم لە دوارۆژێکی نزیکدا ئینتەرنێت
هەموو شتێك لەم بارەیەوە بەدوورو درێژی رون بکاتەوە:
پۆل– سیزان–ی هونەرمەند گوتی: بەسێوێك پاریس
سەرسام دەکەم منیش دەڵێم بە خوێندنەوەی ئەم شیعرە
هەموو کورد قەڵس دەکەم/ بیکاسۆ دەڵێ: هونەر ئەو
درۆیەیە کە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێ ڕاستی ببینین/ (في
جمهورية العادي والتافة... العبقرية شيء خطير)/ ئەم
قسەیە من نەمکردووە/ ڕۆبەرت... ج ئەنجەر سۆل
گوتوویەتی... ئیتر بەداخەوە پێتان رادەگەیەنین لەبەر
ناکۆکی خاوەن دەق و دەرهێنەر و ئەکتەرەکان
پێشکەشکردنی شانۆییەکە دواخرا بۆ کاتێکی نادیار..!

* تێبینی: خوێنەری بەرێز تکایە... لە پێشدا بەشی دووەمی هۆنراوەی.. دژی گوێ
بەرەو ئەو– بخوێنەرەوە.

***

## رق

هەور
رقی لەکچانە
لەسەربانەوە
بەسەتڵی زل زل
ئاویان بەسەردا دەکات(ئاوە یامیز نازانم)
لەوانەیە ئاو نەبێ
ئاراوی جلی منداڵەکانی بێ
لەبەر ئەوە
کچان زۆر رقیان لەهەورە
هەر کە بەسەربانێکەوە
دەیبینن
خێرا.. خێرا
نووکە چەتر
بەقورقوراگەیدا دەکەن
ئەویش هاوار دەکاتو
ئێڵنج دەداتو
بەسەر چەترەکانیاندا
دەرشێتەوەو
پێڵاوەکانیان پردەکات لەمیزو تۆماوی خۆی..!

***

## بەهار

بەهار پاسەوانی گوڵو درەختە

پایز جەردەیە..یا(رەنگە دڕندەیەك بێ حەزی

لەخواردنی گوڵو درەخت بێ)

بەهار پاسوانێکی پیر پیرە

پیرپیر

ئەگینا چۆن هەموو ساڵێ

پاییز

دەتوانێ

ئەم هەموو گوڵو درەختەی

لێ بدزێ..!

***

## رووبارەکەی تر

هەمیشە رووبارەکەی تر بەشەخەڵەکەی تەنیشتماندا

یا لەئاوێنەکەی بەرامبەرماندا

رادەکات

دەنگە ساختەکە(دەنگی شۆفارە زەرتەکەکە)

لەسەر درەختەکەی جاران

دەنیشێتەوە

باڵندە ئەلکترۆنییەکان

پەڕە نەبینراوەکانیان

بەسەر گڵکۆی ئاوێنەکەدا دەبارێنن (ئەمە چ درۆڤێکە)

رەنگە بیانەوێ رووبارەکە ئاوەژوو بکەن

رووبارەکەی تر وەکو پاسکیل دەهاژوێ

پالتۆ چلکنەکەی قۆپچە دەدات
جار جار لەسەر سندووقی بازنەیی تاریکاییدا شان دا
دەدات
لەوە دەچێ چاوەڕوانی یەکێك بێ
ئەستێرەیەکی لووت درێژیش
خۆی لەقەفەزی هەور دەرباز دەکاتو
بەتەنیا لەڕووبارەکەی تردا
مەل دەکات
هەندێ کەس دەڵێن بۆ دایکی دەگەڕێ
گوایە دەڵێن دایکی
پار ئەم وەختە
هەر لەو شوێنەدا
یا لەشوێنێکی تری رووبارەکەی تردا
راوە ماسی کردووە..!
***

## ڕاڕایی

شەو هەزاران ملیۆن ساڵە زەقەی چاوەشینەکانی دێو
نانوێ
دەشێ چاوەڕوانی یەکێ بکات
لەوانەیە پارەیەکی زۆری هەبێ
دەترسێ ئەگەر بنوێ
مانگ لێی بدزێ..!
***

## من هیچم نەدی

من هیچم نەدی
کورسیەکی بێ قاچ نەبێ
کچێکی لەسەر درێژبو
نازانم کچەکە رووت بوو بوو
یا پۆشتە
لەوانەیە کچ نەبووبێ
قاڵبێ سەهۆڵ بووبێ/ یا قاڵبێ-درۆ-
یا قاڵبێ سابوون..! یا قاڵبێ گۆگرد..!
***

## مەیموون

مەیوون فێری خوێندەواری ببێ
جوانترین شیعری کلاسیکی
لەسەر دارستان دەنووسێ
دارستان چ دڕندەیەکی میهرەبانە
دارستان نەبێ
کێ تابووت
بەمردووکانمان دەبەخشێت
دارستان نەبێ
کەپیر بووین
کێ گۆچانمان دەداتێ
ئەوە بۆ
گەللە سووژدەیەک
بۆ دارستان نەبەین..!
***

## مناڵەکانی هەور

هەور چەند دڵڕەقە
مناڵەکانی خۆی بەپێی پەتی
لەسەر تاشە بەردی لووتکەکان
بەجێدێڵێ..!
***

## گلکۆی هەورەکان

هەورەکان
ئەڵێی کۆمەڵێ پەنجەرەی بۆیەکراون
کەس نازانێ
چی لەگیرفانی پاڵتۆ ڕەشەکانیاندایە
لەکۆمەڵێ قولەڕەش دەچن
مردوویەکیان
بەدزیەوە بەخاک بسپێرن
ئەرێ هەورەکان
لەکوێ لەدایک دەبن..
بەچ نەخۆشییەك دەمرن
ئەوە بۆ هەتا ئێستا
کەس ڕێی نەکەوتۆتە سەر
گلکۆی کچە هەورێك
بشێ ئەوانیش
ناونیشانو
ڕۆژی لەدایك بوونو

رۆژی مردن‌و

شیعرو ئایەتی قورئان‌و

پەندی پێشینان

لەسەر گڵکۆی مردووەکانیان

بنووسن..!

***

## دزی

باکان بەپێ دزکێ

بەسەر تەلی کارەباکاندا

رادەکەن

لەوانەیە بیانەوێ

گڵۆپی دار تەلەکان بدزن..!

***

## ماسی دەنگ

کێ دەڵێ

کێ

بێ دەنگی.. دەنگی لێ ناتکێ..!

بێ دەنگی

بیابانێکی رەهایە

شوێن پێی خەونە.. درندەو تووڕەکانی

تیا هەڵدەگرم..

بێدەنگی

ڕووبارێکی چەنەبازە
ماسی دەنگی تیا دەگرم
***

## بارودۆخ

١. من سۆفییەکی سەرخۆشم
کەحاڵی عەشق دەمگرێ
جلەکانم دەسووتێت و
خۆم بەگەڵاو گوڵی گوناح دادەپۆشم..
***

٢. ئاوێنەش ماڵی هەیە
زۆر جا منو کیژێك
دەبین بەمیوانی
ماڵەکەی زۆر گەرمە
بەڕووتی تیا دەنووین
***

٣. لەبێدەنگی وشەکاندا
چەترێکی بێ ڕەنگ هەڵدەدەم
لەکەنارێکی ئاسماندا
پەلەهەورێ مارەدەکەم..
***

## ڕێگاکان

- ڕێگەی مەیخانە لەکوێیە
- • لەسۆفییەك بپرسن؟
- ڕێگای خانەقا لەکوێیە
- • لەبەد کەستێك بپرسن
- ڕێگای نیشتمان لەکوێیە
- • لەناپاکێك بپرسن
- ڕێگای هەندەران لەکوێیە !
- • ئیتر پرسیار قەدەغەیە بێدەنگ بن..

***

## هێلانە

ئەی مانگ.. ئەی مانگ
لەسەر دارەکەی ڕێگات
هێلانە سازەکە.. دوایی
پشیلەی ڕووناکایی
دێ بەچکەکانت دەخوات..!

***

## دەنگ

دەنگ کەلێمان بێزاردەبێ
بۆ کوێ دەچێ..!
ئەرێ پشیلە ماتماتیك دەزانێ!
ئەی چۆن لێی بپرسین
چەند مشکی خواردووە..!

## هەندێ لاوانەوە

١. بێ دەنگی تاشەبەردێك
دەدزمو
پەیکەرێکی لێ دەتاشم
بۆ عاشقێك..

٢. لەگەڵ بەردێکدا
جووت بووم
دەڵێ: سکم پڕە
دەترسم شیعرێکی گلاسیکی ببێ..!

٣. لەوانەیە ونبۆکەم
لەناو هەنارێکدا بدۆزمەوە
یادەشێ رۆژێ
خۆم لەدڵۆپە بارانێکدا
ونبکەم..

٤. منو کاتژمێرەکە
دەنووین
کاتژمێر
چەند خەوی قورسە..!

٥.	بەفر دزێکە
شوێن پێکانی خۆی
بەمیز دەسڕێتەوە..!

٦.	سفرە چەند شەرمنە
هەموو کەسێ تێردەکاتو
خۆی نان ناخوات..!
***

## گەڕان بەدوای خوادا

ئێ کێ دەڵێ
جووتبوونی گشت نێرومێیەك
گەڕان نییە
بەدوای خواردا..!
***

## تابووت

ئەم تابووتە لەکوێ بنێینە چاڵ
دوێنێ لەسەر دوندەکە
لەچاڵێکی قووڵدا
بەقوڕقوشم دامانپۆشی
سبەینێ
بەر لەڕووتبوونەوەی خۆر
گوێمان لێ بوو

لەداوێنی چیاکەدا

بانگی شوانە کوێرەکەی دەکرد..

ئەم تابووتە ڕەنگە

دڵی یەکێکمان بێ

کاتژمێرەکە دەگری

بانگمان دەکات

دەڵێ کەی وەختی جگەرەکێشانە

دەڵێ دەرگایە دەرگا

کات لەدەرگا دەدات

سوارە عگێدەکە لەدەرگا دەدات

وشە لەدەرگا دەدات

رووبارە پەرکەکە لەدەرگا دەدات

تابووتەکە لەدەرگا دەدات

ئێمە دەرگامان بۆ چییە

ئەڵێم ئەمجارەیان

تابووتەکە لەکوێ بخەینە چاڵ

ئەم تابووتەی دوامان دەکەوێ

لەدەرگا دەدات

با لەخۆمان بپرسین

ئێمە دەرگامان بۆچییە..!

***

## ماڵ

که خۆمان لەماڵ نابین

خانوەکانمان

دەچن پیاسە دەکەن

گوڵو

پەنجەرەو دەسکێش‌و

مناڵ دەکڕن

هەندێ جار

لەجامخانەی چایخانەیەکەوە

بەدەم ڕێوە

سەیری یاری تۆپی پێ دەکەن

کە تەلەفزیۆن پێشانی دەدات

چونکە زۆر قەرەباڵغە

حەوت گەز ملیان

درێژ دەکەنەوە

بەحاڵ دەیبینن

ئەرێ کێ وانەی جوگرافیای

بەخانوەکانمان گوتۆتەوە

ئەڵێم بشێ

بەمنداڵی لەقوتابخانەیەکدا

وانەی جوگرافیایان نەخوێندبێ

چونکە هەرگیز

جێگاکانی خۆیان ون ناکەن..

ئەی بشێ

سەرو کاتژمێرێکی ئۆتۆماتیکیان

لەگیرفانێکی نهێنیدا

نەشاردبێتەوە

واهەرگیز دواناکەون و

هەمیشە بەر لەخۆمان

دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ و

لەجێگاکانی خۆیاندا

ڕەپ ڕادەوستن و چاوەڕوانمان دەکەن!

***

## کات

کات ئەکتەرێکی سامناکە

پێڵاوەکانمان دەخوات

(بشێ شارلی شاپلن نەبێ؟)

کات کچێکی رووت رووتە

لەناو نوێنەکانماندا دەتوێتەوە..

بشێ بەفر نەبێ..

***

## جزمە

ئەوە هاوین

تەنوورە مینیجۆبەکەی لەبەر کردووە

پانی بەرزێکی شەبەق شەبەقی لەپێدایەو

لەسەر شۆستەکان پیاسە دەکات

ئەی باشە

شەقامەکان کەی

جزمە ڕەشە درێژ درێژەکانیان

توور دەدەن..!

***

## من

لەئاوێنەکەمدا

یەکێك دەسی بەگیرفانمدا دەکات

لەخۆم دەچێ..!

***

لەئاوێنەکەمدا

یەکێك دەیەوێ

راکات

لەخۆم دەچێ

من چەند کەسم

من بازنەیەکی چەند گۆشەییم؟

***

## جانتاکانی رەشەبا

دەڵێم شەوێ

دەمامکێ دەپۆشم و

بەلایتێکی بچکۆلەوە

ژوورەکانی رەشەبا دەگەڕێم

هەموو جانتاکانی دەکەمەوە

بەڵکو هەندێ
لەساتە دزراوەکانم
لەسووچێکی جانتایەکیدا
بدۆزمەوە..
***

## سەدەی بیست

سەدەی بیستا
ئەم پیرەژنە دڕندە سەد ساڵەیە
هیچ ناپاڵمو
هۆڤو
فڕۆکەو
مووشەکو
دکتاتۆرو
پاسەوانێکی دڵسۆزی
نەیانتوانی بەرگری لێ بکەن
چەند بەبێ دەنگی
وەکو زاکێکی لەبارچوو
نرایە چاڵو
خشڵە ژەنگاوییەکانیو
پاڵتۆ ئاودامانەکانیو
شتەکانی تری
بەسەر داهۆڵی باخچە کۆگرداویەکاندا
دابەش کرا..
کچە مەسحییە ئاگراوییەکان

چ هەڵپەڕێیەکی جادوویی یان لەسەر تەرمەکەی کرد..

چ حەلوایەکی خۆشیان

لەبەردەمی کڵێساکاندا بەخشییەوە

چەند بەمیهرەبانی جانتای پڕ لەماچیان

لەرێبوارەکان دابەش کرد

ئەری کچە مەسیحییەکان

بۆ لەسەر تەرمی پیرەژنە سەد ساڵەکە

هەڵپەڕین..!

ئاخۆ ئەوە جۆرێك بوو لەرق

یا لەعەشق..؟

***

## ئەمەك

جێ پێ . بێ ئەمەکە

لەگەڵماندا

چایەك ناخواتەوە

چاوەڕوانمان ناکات

تا دەستێ بەئاو بگەیەنین

سێبەر دەڵسۆزە سێبەر

تا مردن لەگەڵماندا

ناخی ئاوێنە ئاوسەکان

دەپشکنێ..

***

## شەقامی دەنگەکان

بەشەقامی دەنگەکاندا گوزەر دەکەم

(لەوانەیە بۆ شتێك بگەڕێم

نازانم بۆچی)

دەنگەکان وەك ئاوێنەی شکاو

دەمکەن بەهەزار لەتەوە

ژنە میهرەبانەکە کوا

نازانم (مەبەستم لەشەوە) یاخود تەختەی پۆلی قوتابخانە

لەکۆشکە رەشەکەیا

جێگایەکم بۆ راخات

بۆ ئەوەی جادو بازە چاوشینەکە

نازانم (مەبەستم لەئاسمانە) یا ژێر کراسی کچۆڵەیەك

بەمنداڵی بەتەنافێکەوە دیومە

چاوم پڕ لەزەردێنەی هێلکە ئەکات

من لەوانەی مەتماتیکدا زفتم

بەڵام دەتوانم

تا چل ملیۆن ماچ بژمێرم

دەتوانم چل ملیۆن ماچ

بئاخنمە گیرفانی ئاوێنەکەمەوە(گوێ لەمەلا نەسرەدین

مەگرن ئەو باوەڕناکات ئاوێنە گیرفانی هەبێ)

دەتوانم چل ملیۆن ماچ

لەقوتابخانەیەکی کچانەوە

ببەمەوە بۆ ماڵی خۆمان...

***

## نهێنییەکان

بیابان ناڵێ بۆ کوێ دەڕۆم

شەپۆل ناڵێ

لەکوێوە دێم

تەمەنیش

ناڵێ

کاتژمێر چۆن دەیدزێ.. !

***

## میوان

پەنجەرەکان دوور دوورن

کەواتا

نەهەتاو لەوبەر هەیوانە

پیاسە دەکات

نەخوا دێ بۆ میوانیمان

***

## گاڵتە

رەشەبایەکە گاڵتەی لەگەڵدا کردم

شوێن پێکانمی

بەزمانە درێژەکەی لستەوە

هەورەکە گاڵتەی لەگەڵدا کردم

فەرشێکی لەئاوچنراوی

لەبەرپێمدا راخست

دەمت گاڵتەی لەگەڵدا کردم
پەپوولەیەکی گڕگرتووی
لەسەر لێومدا بەجێهێشت!
***

## خۆڵەمێش

وەرە بائەم ژوورە پێکەوە گسک دەین
خۆڵەمێشەکە
کۆکەینەوە
پێکەوە ئاگرەکەمان کردەوە
پێویستیشە پێکەوە
ژوورەکەم لەم خۆڵەمێشە
پاك کەینەوە..
***

## دوێنێ

دوێنێ لەپشت دیوارەکەوە
بانگی ئەمڕۆ دەکات
دەبێ بەهەردووکیان
چ پیلانێك
لەدژی سبەینێ بگێڕن!
***

## ئەم ئەسپیە رەشە

هەموو شەوێ ئەسپێکی رەش

لەبەر کۆلانەکەماندا

بەستراوەتەوە

دەڵێم سبەینێ

زینی دەکەم

دەچم بۆ ڕاو

ئیتر دەڕۆم

خەون دەبینم

نازانم کێیە

هەموو بەیانیانێك

ئەسپە ڕەشەکە بەڕەڵادەکات

***

## دەزگیرانی هەورەکان

هەورەکان

ئەو کچۆڵە ناسکۆلانەی

کەشانیان بەسەر لووتکەکاندا داداوە

ئەوەندە بیریان لەتەنیایی کردەوە

ئەوەندە بیریان لەگەڕانەوەی

دەزگیرانەکانیان کردەوە

هەر بەچکۆڵەیی

مووی سپی سەریانی داگیرکرد

بۆ نارۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان

بۆ ناڕۆن بۆ قوتابخانەکانیان
کێ دەڵێ بەم زووە
دەزگیرانەکانیان
لەجەنگ دێنەوە ! !
***

## شەمەندەفەری بێ شۆفێر

ڕەشەبا ئەم شەمەندەفەرە دوورودرێژە
بێ شۆفێرە
هەرگیز وەرناگەڕێ..
***

## هاوڕێتی

هاوڕێتی بێ دەنگیم کرد
فێری هەراهەرای کردم
***

## سێبەر

بشێ بیابان شوێن پێکانم
بداتەوە
بشێ ڕووبار
سێبەرەکانم بۆ بنێرێتەوە
بشێ کاتژمێر
خەونەکانی دوێنێم
بخاتەوە ژێر سەرینەکەم..

***

باشتر وایە رابردووم لەجانتایەکدا

لەسەر رەفەی دیوارێکدا

جێبێڵم

بەتەپو تۆز دەڵێم:

داپیۆشە

با کچەکان

رەنگی جانتاکە نەناسنەوە

نەوەك

هەڵە دڵدارییەکانی خۆیانم

لێ بدزن..!

***

## دوێنێمان

دوێنێمان ماسییەکی دڕندەبوو

پێمان راو نەکرا

ئەمڕۆشمان ماسییەکی بچکۆڵەیە

کەسمان تێرناکات

بەوەش فریو ناخۆم کە جادوگەرەکە دەڵێ

سبەینێمان ماسییەکی گەورەیە..!

***

## باوێشك

مانگ باوێشك دەدات

رەنگە خەوی بێ

ژوورەکە مرومۆچەو

ددانەکانی چڵکنن

دیارە ئەم بەیانییە

فڵچەو دەرمانی ددان شتنی بەکار نەهێناوە

ڕەنگە یەکێك توورەی کردبێ

تارماییەکی سەر سپی

لەئاوێنەکەدا بیردەکاتەوە

(لەوانەیە بیر لەگۆچان

یا لەقەمتەری گوێدرێژ بکاتەوە)

یا منم

یا تۆی

لەبنمیچەکەدا تووشی ئەنفلۆنزابووە

جاڵ جاڵۆکەیەك

خەریکی تەونە

رەنگە فەرشێك

بۆ مێشێکی نەوبووك بچنێ..!

***

## بەدگومانی

دەڵێم ناوت دەنێم ئاگر

دەترسم بمسووتێنی

دەڵێم ناوت دەنێم باران

دەترسم ببی بەلافاو

دەڵێم ناوت دەنێم گوڵە گەنم

دەترسم چۆلەکەیەک بتخوات

دەڵێم ناوت دەنێم نیشتمان

دەترسم بتکەن بەشەڕگەی برا کوژی..!

*　　*　　*

کسی کنار من

نشته بودو

هیچکس نبود..

تاهیره صفازاده

(باران بارانە لەدین دەرمی کرد

لەنجەو لارەکەی نم نم تەڕمی کرد)

من نانووسم.. دڵم دەکەم بەخۆڵەمێش

من پەیکەرتاش نیم

کچێک بەوشە دروست دەکەمو

لەگەڵیدا جووت دەبم..!

***

## چاڵ

لەپڕ کارەبا هاتەوە

فلیم دەستی پێ کردەوە

پیاوان تفەنگیان.. دروست دەکرد

ژنان فرمێسك

جارێکی دی

کارەباکە کوژایەوە

رەنگە ئێستا پیاوەکان

چاڵ هەڵکەنن

ژنەکانیش رەش بپۆشن..!

***

## رووبارە مردووەکە

لەنێوانی ئاسۆی منداڵیو پیریمدا

پردێکم دروست کردووە

-ئەم تابووتە بۆ کوێ دەبەن؟

+دەڵێی رووبارێم مردووە

-بشێ رووبارە مردووەکە

ئاسۆی منداڵی من نەبێ..!

***

## خوا

ئەو خوایەی کەمن کردوومە بەئاوێنە

بەهیچ پێغەمبەرێك ناڵێ

تۆ بەخەڵکم بناسێنە..!

***

## مەمك/داڵ

ئەگەر رۆژێ مەمكێك

وەكو داڵێك دەم بكاتەوەو

منداڵێكی شیرەخۆرە قووت بدات

زۆر قسە دەكرێ،

بڵند گۆی مزگەوتەكان دەڵێن

ئەمە نیشانەی رستاخێزە

پزیشكە دەروونییەكان دەڵێن

ئەمە كاریگەرێتی

گازی كیمیایی

كارەساتی هەڵەبجەیە

ژنان دەڵێن:

گوناحێكی گەورەی كردووە

منیش دەڵێم خوایە گیان

چی دەبێ گەر رۆژێ مەمكێك

وەكو داڵێكی برسی

دەم بكاتەوەو

قووتم بدات..!

***

## نەوەی لم

من دەمەوێ بیابانێك مارەكەم و

زەوی پڕكەم لەنەوەی لم

كات بكەمە گۆچانێك و

هەورەكانی پێ لێ خورم..

## ڕۆژەکان

ڕۆژەکانی هەفتە

لەشەڕێکی بەردەوامدان

هەمیشە شەمە هەینی دەکوژێ

یەک شەممە.. شەممە دەکوژێ

دووشەممە

یەک شەممە دەکوژێ

سێشەمە

دووشەممە دەکوژێ

چوارشەمە

سێ شەممە دەکوژێ

پێنج شەمە

چوارشەمە دەکوژێ

هەینی

پێنج شەمە دەکوژێ

ئەرێ ئەم هەموو تەرمە

لەکوێ دەنێژن..!

***

## بۆڵە بۆڵی پردەکە

پردەکەی..کەلێکۆڵینەوەکەم لەسەر نووسیبوو

بەشەو هەر بۆڵە بۆڵ دەکات

دەڵێ لەئێوارەوە ئەوەندە لۆری و

گالیسکەی پڕ لەباری بەسەردا تێپەڕیوە

پشتی ژان دەکات
پردەکە چەند نمەك نەناسە
چەند سپڵەو سەگبابە
ئەوەی لەیاد نییە
بەڕۆژ چەند ژنی قەڵەوی ستریَچ لەپێو
چەند کچۆڵەی تەنوورە قلێش قلێش
بەئەسپایی کۆڵنجی دەشێلن
گوایە ئەوەندە شەرمەنە
سەیری ناولنگی کچۆڵەکان ناکات
یا لە قەرەباڵغییەکەدا
شان لەمەمکی ژنێکی چاو باشقاڵ ناسوێ..
یا جارجار گوڵمەی پووزی نازدارێك
نا گوشێ..
دوێنێ ئێوارە پێم گوت
ئەوەندە بۆڵە بۆڵ مەکە
من ئامادەم بێمە جێگایەکەی تۆ
تۆش وەرە لەباتی من ببەرە بەڕێوەبەری نووسینی
گۆڤاری گەلاوێژی نوێ
گوێ لەگازندەکانی ڕۆژ هەڵەبجەیی و جەمال محەمەد
ئیسماعیل و
ئەو شاعیرانە بگرە
کە عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
دەقەکانیان پشتگوێ دەخات..!
***

# چیا/ وانەی ماتماتیك

چیا

لەوانەی ماتماتیکدا زۆر شارەزایە

دەزانێ سێ کەڕەت هەزار

دەکا بیست

*   *   *

چیا لەیاری تۆپی پێدا

زۆر بلیمەتە

شەق لەهەر تۆپێك بدات.. یەکسەر

دەیدڕێ

*   *   *

چیا جگەرە کێشێکی بەدخووە

لەباتی تووتن

سەبیل و قەنەکەی پڕدەکات لەگەڵای دارستان

ئەمە فیتی شوانکارە کۆچەرییەکانە

ئەوان پێیان گوتووە

گەڵای دار دووکەڵی لەتووتن زۆرترە.

*   *   *

چیا/ ئەم دکتاتۆرە عاشقە

کە حاڵی عەشق مەستی دەکات

لەسەر تاشە بەردێکی زەبەلاح

دادەنیشێ و بەتەڵەزمە تیشکێ

لەسەر گۆی مەمکی رووبارەکە

ریشە سپییەکەی دەتاشێ

چیا پیرەمێردێکی زۆر ئاڵۆزە

کەس نازانێ

تاکو ئێستا

چەند ژنی تەڵاق داوە..

چەند منداڵی هەیە..!

***

## کورسی

کورسییەکەی کە دوێنێ لەکۆڕەکەدا باسم کرد

باسی ماڵی خۆیانی بۆکردم

کچی ماڵە دەوڵەمەندێك بووە

بەیانیان بەپێ چووە بۆ زانکۆ

(دیارە باوکی قرچۆكو پوولەکی بووە

پارەی پاسی نەداوەتێ)

لەڕێی زانکۆ

عاشقی کوڕێك دەبێ بەناوی ڕەشەبا

(لەبیرم نیە وابزانم وتی کوڕەکە/ ڕەشەبا/ عاشقیی ئەو

دەبێ)

ڕۆژێ لەڕێگا

لەخەڵوەی ژوانێکی سۆفیانەدا

باوەشی پیادا دەکاتو

ئەوەندە توندی دەگوشی

تێکی دەشکێنێ

داربڕێك بەتەور دەیبڕێتەوەو

بەدارتاشێکی دەفرۆشێ

دارتاشەکە دەیکات

بەکورسییەك

بۆ مامۆستایەکی زانکۆ

دەڵێ ئێستا لەوە دەترسم

مامۆستاکە عاشقم بێ

لەباتی منداڵ

دەباشیرو

تەختە رەشەو

بۆینباخ و

قەڵەم پاندان و

دەسەسڕی کلینکسم ببێ..!

***

## زاوزێ

بەشەو بوونەوەرە کنۆژەکان

کەلەکتێبی–کیمیای تەعاسەت دا

باس کراون

لەپژمەی دارەکانەوە دەردەپەڕن

بەزمان دیوارەکان دەتوێننەوە

(دەنگێك هەمیشە دەپرسێ

هوردە لەمەدا چییە؟)

بەزمان.. هەروەها بەکلکیش

مێینەیان لەگەڵ نێرینەیاندا جووت دەبێ و

زاوزێ دەکەن

(ئەمە قاژیکارییە یا بیرۆیی..؟)

هەندێکیان لووتیان هێندەی ریشەکەی هرتزل درێژە

هەندێکیان وەك لاستیك دەکشێنو کرژ دەبنەوە
کە دەچنە چێشتخانەکانەوە
داوای لاقی برژاوی منداڵو مەمکی سوورەوەکراوی کچان
دەکەن
سەیرە لەچێشتخانەکاندا لاقی برژاوی منداڵو
مەمکی سوورەوەکراوی کچانیش دەسدەکەوێ
من بۆ بەمەم نەزانیوە
برادەرێکم سوێند دەخوات
کەیەکێ لەو درندانەی
لەباخچەی ئازەلانی سەرچنار بینوە
قاچی پیرەژنێکی بەتاکێ پێلاوی پانی بەرزی نپو نوێوە
خواردووە..
ڕێنمایی هاوڕێی شاعیرم محەمەد عومەر عوسمان دەکەم
روو لەباخچەی ئازەلانی سەرچنار نەکات
نەوەك بەرێکەوت یەکێ لەو درندانە
شەپقە سپییەکەی بخوات
دوایی کێ
شەپقەیەکی دی لەوجۆرەی
بۆ دەکرێ..!
***

# کۆگا

وەکو گوتم (گومانەکانم ڕاست دەرچوو)

مەمکی کچەکە مەمك نەبوون

دوو هێلکەی لەزیو دروستکراو بوون..

وەکو وتم.. چۆنم گوت وام کرد

کەچووینە ژوورەوە

بەرۆکیم دادڕی

سەیرم کرد کۆگایەکی گەورەیە

پڕە لەخشڵی زێڕو ئەڵماس‌و بەردی گرانبا

مەمکیشی دوو هێلکەی لەزیو دروستکرابوون

چوومە ناو کۆگاکەوە

کۆشکێکی سپی سپی

لەناوەڕاستی کۆگاکەدابوو

چل دەرگای لەچل لاوە هەبوو

هەر چلەکەی سەرو چل قفڵیان لێ درابوو

حەوت شەوو

حەوت ڕۆژ

بەدەوری کۆشکە سپییەکەدا خولامەوەو

ویردی دێو بەندم خوێندو ئەو مووەم هەڵکڕووزاند

کەپیرەژنەکە دەیگوت لەگەڵ هەڵکڕوزانیدا

هەموو دەرگاکان دەکرێتەوە..

هیچ دەرگایەك نەکرایەوە

هەستم بەبرسێتییەکی زۆر کرد

بۆ کەبابخانەیەك گەڕام

ئەم شەقام دەیدامە دەست ئەو شەقام

هۆرنی ئۆتومبێلێ رای چڵەکاندم

کچەکەم بیرکەوتەوە..

(خۆ لەبیرتان ماوە کام کچ دەڵێم)

هەستم کرد هەندێ وردە گۆشت لەبن ددانەکانمدایە

وادێتە خەیاڵم لەباتی کەباب

کچەکەم خواردبێ..!

***

## دەسڕێژ

ئێمە بەرەو گۆڕستانەکە دەچووین و تێمی ئایندەمان

رۆدەکرد/

مردۆکان خۆیان ڕازاندبۆوە/ دوو دوو سێ سێ/ بەپیادەو سواری/

زەرەکەیان دەبڕی/ بەلاماندا تێپەڕین/ لەوە نەدەچوو

جەندەکی منداڵێکی ئاوڵەمەی لەبارچوو بنێژن

یا بۆ پرسەی یەکێ

بچن/

کاتی ئاهەنگەکەش نەبوو

بڵێم بۆ ئاهەنگەکە دەچن

دیمەنەکە ئاڵۆزبوو

یەکێك گوتی جا ئەگەر ئەم هەموو پیاوە مردووە

بۆ ژن هێنان هاتبێتن

مەگەر ئیتر ئێمە

ناولنگی بووکەشووشە پڕ کەین لەتۆماو

دەنگەکە لەدەنگی لاوێك دەچوو

دەنگێکی دی بەچپەوە گوتی:

ئەگەر ئەم هەموو ژنە مردوە

بۆ شووکردن هاتبێتن بۆ ئێرە

مەگەر ئیتر ئێمە

لەگەڵ کێلی گڵکۆکانی ئەواندا جووت بین

ئەم دەنگەیان لەدەنگی کچێك دەچوو..

لەپڕ گوێم لەهەندێ تەقەبوو

تەقەکردن زیادی کرد

تەقەی دەمانچە

تەقەی تفەنگ

تەقەی جیابوونەوە

وابزانم لاوەکەو کچەکە بوون

دەسرێژیان لەمردۆکان کرد

من پێشبینی ئەوە دەکەم

شەڕێکی جیهانگیر

لەسەر بووکە شووشەو

کێلی گۆڕ لەسەدەی داهاتوودا

بەرپابێ..

***

## کەسی سێیەم

جگەرەی توورەیی بەدەمی دەریاوە

بووە سووتوو

ئەو بەدەسەسرە ژنگاویيەکەی

پەنجەرە رووناکەکانی سڕی

ئیتر بزربوو

هیچمان نییە پیرۆزبێ

لەبەرئەوە باران گوێمان لێ ناگرێ

تەنانەت یادکارەکانمان

دەباشیرەکانمان تەڕ دەکەن..

کەسی سێیەم لەژوورەکەدا کێ بوو

کەسی سێیەم نەهاتووە(دەرهێنەرەکە وا دەڵێ)

کەسی سێیەم خۆی بزرکرد..

کەسی سێیەم لەنواندنی دەورەکەی خۆی پاشگەز بۆوە..

(چاوم وا دەڵێ)

کەسی سێیەم لێرەبوو

دەشێ چووبێتە ژێر زەمینی

ئاوێنە شکاوەکەوە

چ بکەین دەرگاکە ناکرێتەوە

دەبێ خوێنی کەسی سێیەم بەسەر دەرگاکەدا بڕژێ

(نووسەری دەقەکە وادەڵێ)

ئەوسا دەرگاکە دەکرێتەوە

کەسی سێیەم لەکوێیە

چوو بۆکوێ..

ڕەنگە ئێمە بەهەڵەدا چووبین

دەشێ کەسی سێیەم

هێشتا لەدایك نەبووبێ

***

## پێشانگای ڕۆژەکان

شەمە خۆشم ویستی

یەك شەمە خۆشت ویستم

دووشمە پێشانگای هاوبەشی ماچمان کردەوە

سێشەممەپێشانگاکەمان پێچایەوە

چوارشەمە پشوومان دا

هەینی بیرمان لەکردنەوەی پێشانگایەکی دی کردەوە..

***

## ناوی وەرزەکان

ناوی وەرزەکان دەگۆڕم

ناوی وەرزەکان

ناو گەلێکی کلاسیکین

من ڕقم لەهەموو شتێکی کلاسیکییە

بەهار ناو دەنێم: وەرزی پیری

هاوین ناودەنێم: وەرزی یاخی بوون

پایز ناو دەنێم: وەرزی لاوی

زستان ناو دەنێم: وەرزی خەوبینین

# دژی گوێ بەرەو ئەو (٢)

بەڵێ وەکو ئەو لەیاداشتە هونەرییەکەیدا روونی کردەوە/ دەڵێ دەقەکە هەر لەسەرەتاوە ئاڵۆزبوو/ ئەمە رای بینەرێکی شانۆییەکەبوو/ لەیەکێ لەو رێگایانەدا کەتەنها درەختی رەشی دەبێ/ ئەو چاوەڕوانی دەکرد/ لەوانەیە چاوەڕوانی فیلێکی کردبێ/ فیلەکەی ئەبرەهە/ فیلی یاری شەترەنج.. هتد/ دەشێ واش نەبێ چاوەڕوانی خودی خۆی کردبێ/ هەندێك پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کەچاوەڕوانی لەشی خۆی دەکات/ منالێکیش کەلەبەر دەرگای چاخانەیەکدا کۆلارەی دەخوارد دەیگوت گۆدۆیە چاوەڕوانی ئەوان دەکات/ ئەمە لەقسەی منالْ ناچێ/ لەوانەیە پیرەژنێك بووبێ‌و دەمامکی منالی لەڕوخساری هەڵکێشابێ/ بەهەرحالْ ئەو هیچ پرسیارێکی نەکرد/ وەڵامی هیچ پرسیارێکیشی نەدایەوە/ نازانم لەوانەیە درەختە رەشەکان رقیان لێبووبێ/ دەشێ بەداربڕێکیان زانیبێ یا رەنگە وانەبێ / ئەو لەترسی تابلۆی ژنێك (لەگەڵ سەگێکدا)ی بیکاسۆ چووبێ لەو رێگایە خۆی شاردبێتەوە/ یا کێ دەڵێ ئەوێی بەمۆزەخانەی لۆڤەر نەزانیوەو ویستوویەتی کەکات کچە قولەرەشەکەی روتکردەوە/ پاسەوانی مۆزەخانەکە بەنوێژ بێهۆش بکات‌و تابلۆی ژنێك لەباخچەکەدا–ی کلۆدمۆنیە بدزێ.. / ناهەقی نیە/ لەڕۆژئاوادا ژنان هەست‌و سۆزو خۆشەویستیان نەماوە/ رۆبۆت هەمووی لێ زەوت کردوون/ بەشکو لەلای ژنگەلی تابلۆکە نەختێ سۆزو میهرەبانی بدۆزێتەوە/ یا لەڕووباری لەشیاندا هەندێ پۆڕی خەون راوکات..

هەر چۆنێ بێ/ پیرەژنەکە توانی بەخەواندنی موگناتیسی بیسەلمێنێ کەئەو تاوانبار نیە/ تەنانەت ئەگەرچی زۆر ئیرۆسیش بوو/ دەسدرێژی نەکردە سەر ئەو کچانەی کەلەزێیەکەدا دەنووستن/ راستە شایەتەکان راستدەکەن جارێکیان تەنوورەی ژنێکی دزی/ بۆنی پێوەکرد/ بەڵام مەبەستی ئەوەبوو بزانێ بۆنی تەنوورەی هەموو مێیەك/ لەبۆنی ئاگر دەچێ/ چونکو لەدەفتەری بیرەوەرییەکانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا شتێکی وای بەرچاو کەوتبوو (نازانم یا یەکێ خوێندبوویەوەو ئەو چاوی لێبووبوو) ئەم لایەنەی باسەکە کێشەیەکی ماتماتیکییەو من خۆمی لێنادەم چونکە ماتماتیك لەمنداڵییەوە

رقی لێمەو دزی لێکردووم/ گەڵێ جاریش دەفتەرەکانمی بەخەتی خوارو خێچی سوور پیس دەکرد/ من ماتماتیك دەناسم چ قەحپە دایکێکە/ زۆرجار بەدار لاستیکێکەوە منالان راودەنێو نایەڵێ روو لەقوتابخانە بکەن من خۆم جارێکیان ئەوم بینی: کچە قوتابیەکی زانکۆی بردە سووچێکی تاریکەوە/ وام زانی بەتۆبزی رووتی دەکاتەوە/ بەلام بەچاوی خۆم دیم پەپوولەیەکی گەورەی گرتوو خستییە توێی دەفتەرەکەی کچە قوتابیەکەوە/ لەوە زیاتر چی دیم نەدی بەلام بەچاوی خۆم بیستم/ کچەکە گوتی: بەم زستانە ئەم پەپوولە جوانەی لەکوێ بوو..!/ هەرکەسەو لەئەویندارىو پەرستنکاریدا شێوازی تایبەتی خۆی هەیە/ من دەزگیرانەکانم وەکو جگەرە بەماچ دادەگیرسێنمو تاکو دەبن بەسووتوو سوژدەیان بۆ دەبەم/ دواییش خۆڵەمێشەکەیان دەکەم بەمەرەکەبی سپیو دوعای ئاشتی نێودەوڵەتیو جادووی منالبوونەوەی پیرەژنانی پێدەنووسم/ ماچ فیزیای تایبەتی خۆی هەیە هەروەها سیستەمی تایبەتی خۆی/ ماچی دیکتاتۆری/ ماچی تۆتالیتاری/ ماچی پرۆلیتاری/ ماچی سۆسیالیستی/ ماچی کۆماری/ ماچی پادشایی / هتد.. شێوەی جوتبوونی نێرو مێش لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێ (داوای لێبوردن لەخانمان دەکەم باسەکەم لەسەر جوتبوونی کۆتری نێرو مێیە) لەسەر ئەمە زۆر ناپۆم فیلمی سینەماو ڤیدیۆو سەتەلایت لەم بارەیەوە زۆریان گوتووەو هەموو نێرو مێیەك (مەخسەدم لەکۆتری نێرو مێیە) شتێك دەزانن بەهەرحاڵ ئەو کارێکی تایبەتی نیە/ رەنگە ناسنامەی دیاریکراویشی نەبێ/ کێ دەڵێ ئەو ئەنیشتاین نیە/ کێ دەڵێ بەرنادشۆ نیە/ چونکە بەڕاستی سەروسەکوتی هەر لەشانۆنووس دەچێ/ دەشێ وێنە کێش بێو هاتبێ وێنەی کچە رووتەکانو درەختە رەشەکان بکێشێ/ لەوە ناچێ تینووی بێ/ چونکە ئاوەکە سەرنجی راناکێشێ/ سەیر ئەوەیە کەس نەیبینوە پێبکەنێ/ رەنگە پێکەنینەکانی لەماڵەوە لێ بەجێ مابێ یا کچێکی دڕندە لێی دزیبێ/ لەوەش ناچێ مەلەوانی بزانێ چونکە کەس نەیبینیوە بچێتە ئەوبەری رووبارەکەو لەبازاڕی شارە بچکۆڵەکەدا تەنانەت بووکەشووشەیەك بکڕێ/ رەنگە منالی وردی نەبێ بەبووکەشووشە یاری بکات/ هەروەها لەوە ناچێ خەو ببینێ/

بەڵێ دەخەوێ بەڵام کەس نەیبینیوە ڕۆژێ سەیری خەونامەیەك بکات/ ئەمەش مانای ئەوەیە خەو نابینێ/ هەندێ کەس سوێند دەخۆن دیویانە لەسەر تاشەبەردێك دانیشتووەو شتێکی نووسیوە/ نا نازانن شتێکی نووسیوە یاخود هەر بەپەنجە گازی لەمەمکی تاشەبەردەکە گرتووە/ لەوانەیە زانایەکی ئەرکەلۆژی بێ/ بۆ هەوارە کۆنەیەکی تایبەتی بگەڕێ/ هەوارە کۆنەی دڵدارییەکانی ئەسکەندەر/ هەوارە کۆنەی شەڕەکانی وەلی دێوانە/ هەوارە کۆنەی ژنەکانی نەجمەدین مەلا .. هتد/ یاکێ دەڵێ بەجۆرە هێماو جەڤەنگێك لەسەر ئەو تاشەبەردە ئەنسکلۆپیدیای دیناسۆرو ئەنتۆلۆژیای نامۆیی ماسی نانووسێ/ یا دەشێ بیر لەوە بکاتەوە لەسەر ئەو تاشەبەردە بەرپەرچی کتێبی - بنەچەی خێزان-ی ئنگلزو (سەرمایەی مارکس)و (بوژانەوەی زانستییەکانی ئایین)ی ئیمامی غەزالی بداتەوە.. کورە دەشێ ئەمانە هەمووی خەیاڵ بن‌و چاوەڕانی پەرییەك بکات لەسەر ئەو تاشەبەردە لەگەڵی دا جووت بێ بۆ ئەوەی منالێکیان ببێ وەك تاشەبەردەکە سەرسەخت بێ/ من نازانم ئەو رادیکالییە یا ئەنترنالیستە/ بەڵام بەتەواوەتی بۆم دەرکەوتووە ستریێج هێزە جوگرافیاکانی لەشی ئافرەتی گۆڕیوە/ ستریێج هەموو هێزەکانی جوگرافیای لەشی ئافرەتی خستۆتە حاڵی ئامادەباشییەوە/ئایا ئەمە نیشانەی دواکەوتنخوازییە یا نەهلیستێتی/ یادەیەوێ جەنگێکی ئەلەکترۆنی لەگەڵ پاشماوەی هێزەکانی سەدەی رابردوودا بەرپا بکات کەجار بەجار لێرەو لەوێ کۆدەبنەوەو تەقەی رەمەکی بەملاو بەولادا دەکەن/ من زۆر جەنگم دیوە: جەنگی تورك - عەرەب / جەنگی عەرەب- عەرەب/جەنگی ئیسرائیل - عەرەب جەنگی عەرەب - کورد جەنگی عەرەب - فارس/ جەنگی کورد - تورك/ جەنگی کورد - کورد/جەنگ .. جەنگ.. جەنگ/ هەندێ جار وابیردەکەمەوە/ چەند جەنگێ لەو جەنگانەم لەسەر شانۆ دیبێ‌و فازیل جاف کاروبارە هونەرییەکانی سازکردبێ/ یا هەندێکیان چیرۆك بن‌و ئەحمەد شاکەلی یا ئەحمەد محەمەد ئیساعیل نووسیبێتنی/ یادوور نیە لەفیلمێکی یەڵماز گۆنایدا بینیبێتمن/ یا لەوانەیە لەلاوکێکی شڤاندا گوێم لێ بووبێ/ لەڕاستیدا لەناو ئەم هەمووجەنگەدا لەبیرم نییە/ لەوانەیە ئێوارەیەکی دی دوای خوێندنەوەی

(خەوننامەی ئیبنو سیرین) یا (ململانێی چینەکان)ی –ریمۆن ڤارۆن– تۆزێ هێور ببمەوەو بزانم جەنگ بازنەیەکی چەند گۆشەییە/ وەکو وتم ئەو چاوەڕوانی شتێك دەکات/ من حەزناکەم ئەو بزانێ من چاودێری ئەو دەکەم/ نەك لەکێڵگەی پەمووی تاریکاییەکەدا خۆی بکوژێ/ نازانم ئەو چەند سەدەیە لەوێدا راوەستاوە/ ناشزانم چەند سەدەیە ئەوکچانە لەڕووبارەکەدا خەو دەبینن: کەسیش نازانێ کلیلی قفڵی سندووقی ئەم نهێنییە ئەفسووناویانە لەگیرفانی کێدایە/

شعارات / خرائب/ حروب

جنرالات / مزابل

خرائط جنسية/ افلام شعرية

طائرات / بريئة

اطفال وعرائس شرسة

موت قادم من البعد الخامس

اعطتني مراهقة

لا اتذكر سماوات وجهها

كفنا

مطرزا بالدماء

لا اتذكر ربما قالت لي

هي دماء بكارتها التي اغتصبتها الحرب

او دماء احد عشاقها

او ربما هي قطرات دمي التي

كتبت بها اغنية تكعيبية

لا اتذكر لمن

ربما لفتاة كانت تحلم بصيد لحية عبدالمجيد لطفي.. في نهر الوند

او لصبية شبه مجنونة ربما كان اسمها مهتاف

لمحتها في احدى المسلسلات

التلفزيونية الملغومة بالفراغ

او تعارفت معها في احدى روايات

خوان رولفواو جنكيز ايتماتوف..!

* * *

سوپاس بۆ شەیتان
کەحەوای فریودا زەوی بدۆزێتەوە
سوپاس بۆ حەوا
کەپیاوانی فێری
راوکردنی گوناح و
گریان کرد
لەبەر دەرگای خوادا..

ئەم تاریکاییە کۆترە سپێکانی بیکاسۆیە یاخود زەردەخەنەی ئەو کچەی کەدەزگیرانەکەی لەشەڕی براکوژیدا ئەوی لەبیر چووەوە/ من دەڵێم تابلۆیەکی تایبەتییە فان کوخ بۆ قوتابخانەیەکی منداڵە بێ دایکەکان کێشاویەتی/ من تازە ناگەڕێمەوە ئەو بەری رووبارەکە/ دەبێ بزانم ئەو کێیەو لەکوێوە هاتووەو چی دەوێ و دەیەوێ چی بکات/ دەترسم جووتێ باڵی نهێنی هەبێ و ڕابکات/ دەترسم لەبازنەکە دەربچێ/ ئەم بازنەیەم نەدیبوو/ ئەم بازنەیە تازە پەیدابووە/ لەوانەیە زەرەبینێك بێ تەماشای کچە رووتەکانی پێ بکات/ دەشێ ئاوێنەیەکی جادووکاری بێ هەرکاتێ بیەوێ خۆی لەناویدا بشارێتەوە/ من ئەوم لەزۆر شوێن دیوە/ لەبەرگی کتێبێکی کۆندا/لەدفتەری رەسمی مناڵێکدا/ لەهەمبانە بۆرینەی هەژاری موکریانیدا/ لەئینجەمەمەدی یەشار کەمالدا/ جارێکیشیان لەگەرووی ئەژدیهای محەمەد موکریدا بینیم نەموێرا پێی بڵێم تۆ چ بەڵگەنامەیەکت هەیە وابەردەوام باسی دروستکردنی زێڕ دەکەی لەکانزا بێ نرخەکان/ جارێکی دیم دەیویست لاپەڕەیەکی یاداشتەکانی رەفیق حیلمی بخوات/ تفەنگێکی لەخوار پێیەوە دانابوو/ نەمدەزانی فیشەکی تیایە یا نا/ بەڵام نەموێرا پێی بڵێم:

تۆ دکتۆرای بیناسازیت لەکوێ تەواوکردووە/ وابەردەوام باسی دروستکردنی گڵکۆو چوارگۆشەی بازنەیی دەکەی/ جارێکی تر بینیم نازانم لەکوێ بەڵام دڵنیابووم هەر ئەوبوو/ زۆرنایەکی پێبوو ماوو کاسترۆی پێ

بەشەڕ دەدا/ ئاوێنەیەکی پێبوو لەشی خۆی تیادا ڕاوەدەکرد/ شقارتەیەکی پێبووکەدەنکەکانی دادەگیرساند دەبوون بەشەمشەمە کوێرە/ من باوەڕ ناکەم ئەو لەوقوتابخانە خوێندبێتی/ ئەو نازانێ پرد لەنێوانی دوو جەستەی دژیەکدا چۆن دروستدەکرێ/ نازانێ ناتالی ساڕۆت چۆن دڵداری لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانی خۆی دادەکرد/ نازانێ لەهەندێکیان چەند زۆڵێکیشی توڕداوەتە دایەنگەکان/ ئەو نازانێ چۆن سلڤادۆر دالی وێنەی کچی ڕووتی دەکێشاو بەسمێڵ لەگەڵیاندا جووت دەبوو/ یا فڵچەی وێنەکێشانی لەناو لنگیان ڕادەداو ئاوس دەبوون/ بەرمیلە نەوتو / مانگو پاسکیلو مەسینەو دەسشۆرو شەقامی قیرتاوکراویان دەبوو/ ئەو نەخێڵەکییە نەشارستانی/ کاسکێتی هەرگیز لەسەر نەکردووە/ کەباسی باخچە هەڵواسراوەکانی بابیلی بۆ بکەی وادەزانێ فیزەی وڵاتێکی ئەورووپای دەدەیتێ/ ئەو زۆر حەزی لەسەفەرە/ بەڵام لەئاو دەترسێ/ ئەگەر ناوی لەسەر پارچە کاغەزێك بنووسیو بیخەیتە جۆگەلەیەکەوە دەست دەکات بەقرخە قرخو دەقریشکێنێ.. ئەی هاوار خنکام/کەباسی سوڕانەوەی زەوی بۆ بکەی دەس بەشیشی پەنجەرەیەکەوە دەگرێ بۆئەوەی نەکەوێ/ جارێکیان لەلای برادەرێکی گێڕاویەتیەوە کەلەگەڵ دوو کەسدا سەفەری کردووە/ لەیەکەمیانەوە فێری دروستکردنی خەڵووزبووە/ لەدووەمیانەوە فێری دروستکردنی چەتر/ ئەو ئەگەرچی وەکو گوتم باوەڕ ناکەم لەقوتابخانە خوێندبێتی هەمیشە باسی میهرەبانی مامۆستا دەکاو دەڵێ من عاشقی وانەی جوگرافیام/ هەمیشەش باسی هەڵە ماتماتیکیەکانی جوگرافیا دەکات/ بەڵام نەك هیچ شتێك دەربارەی جوگرافیای نیشتمان نازانێ/ بەڵکو هیچ شارەزاییەکیشی لەجوگرافیای جەستەی مێینەدا نییە/ ئەو وادەزانێ مێینە توونێڵێکی ئەوەندە دوورو درێژە مەگەر بەسواری ماتۆڕ بگەیتە ئەوسەری/ هەندێ جاریش وادەزانێ کۆشکێکی بەرز بەرزەو دەبێ بەفڕۆکە لەسەری بنیشیتەوە/ بەڵام چونکە لەئاو دەترسێ هەرگیز خەیاڵ ناکات مێینە لەدەریا بچێو بەبەلەم نەبێ نەتوانی بیبڕی/ هەموومان تاڕادەیەکی زۆر گومانمان لەوە نیە کەئەو خوێندەوار نیە/ کەچی هەندێ کەس دەڵێن زۆر جار باسی ڕۆمان خوێندنەوە دەکات/ دراوسێیەکمان دەڵێ

دوێشەو دەیوت – باڤێل-ی پاڵەوانی ڕۆمانی دایک-ی مەکسیم گۆرگی/ برادەری من بوو لەسەر پێڵاوی کۆنی کچێکی مردوو/ بوو بەشەڕمان/ یەکێکمان سەری ئەوی دیمان شکاند/ ئیتر لەو ڕۆژەوە دەرگای نێوانمان داخست/ چونکە من حەزم لەفەلسەفە نەبوو ئەویش هەمیشە باسی (هایدگەر)ی بۆدەکردم/ ئەمە ئەوەندەی تر لێکدی دوورخستینەوە/ دەڵێ من حەزم لەپەیکەرتاشی و کچی کاوبۆی لەپێیە/ دەڵێ حەزم لەسەیری تەنوورەی تڵیشدار نیە/ پووزو رانی ئافرەت لەدەریا دەچێ و دەترسم لەناویدا بخنکێم/ چونکە مەلەوانی نازانم و بەمنداڵی لەشارێکدا گەورەبووم دەریاو مەلەوانگەی تیادانەبوو/ مەلایەك دەڵێ جارێکیان گوتویەتی/ من لەسوورەتی یوسفەوە فێری عەشقبازی بووم نەك داستانی مەم‌وزین/ هەموو ڕۆماننووسەکان دەڵێن ئەوەی ڕۆمانی (پیرەمێردو زەریا) ی هەمەنگوای بخوێنێتەوە فێری زانستی فیزیا دەبێ/ دەڵێن هەمەنگوای تیۆری ڕێژەیی دۆزیوەتەوەو سەرەتا لەدژی پاڵەوانێکی تابلۆ فرۆش لەشەڕە مشتەکۆڵەدا بەکاری هێناوە/ لەدواییشدا لەڕۆمانی (پیرمێردو زەریا)دا بەو تیۆرە پیرمێردەکە توانیویەتی نەهەنگەکە لەدەریا دەربێنێ/ درۆیە.. نەهەنگەکە نەهەنگ نەبووە/ کچە پاشای دەریاکان بووە/ نەهەنگی چی بۆچی چیە پیاوێك بۆ ڕاوکردنی نەهەنگێك/ ئەو هەموو ماندوێتییە لەخۆی بار کات/ من خۆم لەوبەری دەریاکەوە بووم/ نەهەنگ نەبوو کچێکی دەریایی رووت و قووت بوو/ هەرکە لەدەریاکەی زەوت کرد/ لەسەر لمی قەراغی دەریاکە لێی زاوابوو/ خوێنی پەردەی کچێنی کچە شازادە دەرییاییەکە/ بوو بەلافاوێك و کچەکەی ڕامالییەوە ناو دەریاکە/ دەریا سووربوو.. سوور بوو سووربوو/ وابزانم ئەو دەریایەیە پێی دەڵێن دەریای سوور/ بەهەرحاڵ پیرەمێردەکە واقی وڕما/ تازە بەلەمەکەی شکابوو/ تۆڕەکەی دڕابوو/ ڕاوی پێ نەدەکرا/ بەڵام هەر لەقەراغ دەریاکە هاتوچۆی دەکرد/ ئێستاش هەر هاتوچۆ دەکات/هەندێ مێژوونووسی کۆن دەڵێن ئەو هەمان پیرەمێردە لەڕێگاکەدا وەستاوە/ ناوێرێ سەیری هیچ ئاوێ بکات/ چونکە هەموو دەریاو زێ و کانیاوێك بەخوێنی کچێنی کچە دەرییاییکە دەزانێ/ ئەو دەڵێ کچە دەرییاییەکە دڵرەق بوو/ خۆی ڕۆشت بابڕوا/ بەڵام بۆچی مناڵەکەم ناداتەوە/

مـن دڵنيـام سـكيم پڕكـرد/ بۆچـى مناڵەكـەم ناداتـەوە/ ئـەو نازانـێ پادشـاى دەريـا دەسـبەجێ فـەرمانى لەتوپـەتكردنى كچـە دەرياييەكـەى دەركـردو گياندارانى دەريا ونجڕونجڕيان كرد/ وەكو لەيەكێ لـەبالۆرەكانى هۆميرۆسـدا هـاتووە/ پاشـاى دەريـا گوتبـووى كچـەكەم گڵاوبـووە/ چـونكە تۆمـاوى گيانلەبەرێكى فێڵبازى تێكەڵ بووە/ ئەم گيانلەبەرە هەر بەمناڵى سێوێكى لەماڵى خوا دزىو/ بەهەرزەكاريش سكى خوشكێكى خۆى پڕكرد/ بەلاويش برايـەكى خـۆى كوشـت/ هەمـەنگواى خـۆى سەرتاسـەرى ئـەم رووداوەى دەزانى/ بەڵام بەپيرەمێردەكەى نەگوت/ نازانم مەبەستى چى بوو/ لەوانەيە زوو نەمردايـە رۆمانەكـەى دەسـكارى بكردايـەو لەچـاپى دووەمـدا ئـەم نهێنييەى تيادا ئاشكرا بكردايە..!/

بەهــەرحاڵ ئــەو مـرد/ دەڵـێن خـۆى كوشـت/ بـەڵام بەمەزەنـەى مـن پيرەمێردەكە كوشتى/ چونكە پيرەمێردەكە وايـدەزانى كچە شـازادەى دەريا لەبـەر پـيرى لەدەسـت ئـەم رايكـردووە/ دەيگـوت هەمـەنگواى سـتەمى لێكـردووم/ كـەمنى وەك پاڵـەوانێكى دەريـاوان دروسـتكرد/ بـۆ بـەپيرى دروستى كردم/ بۆ هێزو گوڕى لاوێتى نەدامێ/ من وادەزانم گومـانى لـەوە دەكـرد هەمـەنگواى تەوسـى پـێ كردبـێ/ لەبەرئـەوە فيشـەكێكى پێوەنـاو كوشتى/ رەنگە لـەكتێبى كەليلەو ديمنەدا هيمايـەكى لابەلا بۆئەم مەسـەلەيە كرابـێ/ مـن خـۆم بەرچـاوم نەكـەوتووە بـەڵام دەڵـێن لەهەنـدێ پـەرەگرافى ياداشـتەكانى ميجەرسۆنيشـدا باسـى ئەمـە كـراوەو تشرشـلو خرۆشـۆفو لانكـۆڵنيش لەچـەند كۆبوونەوەيەكـدا ئاماژەيـان بـۆ كـردووە/ رۆژێكيـان مەفرەزەيەكى گەڕۆكى گومرگ بەو گەيشتن/ گومانيان لێكرد/ گومانەكەشيان لـەجێى خۆيـدابوو/ كەپشـكنيان جانتايـەكيان لەدەميـدا دۆزييـەوە/ كـە جانتاكەيان كردەوە/ فەرشێكى كاشانو ماتۆڕێكى كارەبايىو دوو بەرميل نـەوتو هەنـدێ كچـى رووتـى مۆميـاكراوو چـەند كاسـێتێكى شـڤانو پەيكـەرێكى سـاڤۆو كۆمـەڵێ پـەڕى كونەپـەپوو هەنـدێ لەناميلكـەكانى ماوتسى تۆنگو زۆپايەكى پاترىو شـەش حەوت جـووت گۆرەوى ژنانـەو وێنەيـەكى ماجيـدە رۆمـىو چـەند نەخشـەيەكى جۆراوجـۆرى يـەكێتى سۆڤيەتى جارانيان لەجانتاكەدا دۆزييەوە/ بەڕاستى ئەندامانى مەفرەزەكە

حەپەسان/ ئامیر مەفرەزەکە خۆی نەبێ/ ئەوانیتر هەموویان بوورانەوە/ نازانم لەترسا بوو یا لەپێکەنیندا/ یا لەخۆشی شتەکاندا/ لەپێشدا ئامیر مەفرەزەکە گومانی ئەوەی لێکرد ئەو مارکسی - ماوی بێ/ دوایی گومانەکەی رەوییەوە گوتی مارکسی وێنەی ماجیدە رۆمی بۆ چیە/ بیری لەوە کردەوە کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوەی روسیا بێو کچە رووتە مۆمیاکراوەکان سۆزانی رووسی بنو بۆ بەرزبوونەوەی ئابووری داکەوتووی رووسیای یەلتسن رەوانەی لای میرێك لەمیرەکانی کەنداو بکرێن/ هەرچۆنێ بێ مەفرەزەکە لەسەر دابەشکردنی شتەکان/ کەوتنە شەڕو یەکتریان قەلاچۆکرد/ وابزانم درەختە رەشەکانی سەر شۆستەی شەقامەکە درەخت نین/ قالۆرەی ئەوانن/ رەش هەڵگەڕاون/ کچەکانیش کچە مۆمیاکراوەکانن/ دەگوترێ کچی ئەخناتوونن/ دەیانەوێ بەلەمێك بەڕووبارەکەدا بڕوات‌و سەریان بخاتو بۆ میسریان بباتەوە/ چونکە کاتی خۆی دایەنەکەیان کەنێرەمووکێکی جادوبازبوو/ پێشبینی ئەوەی کردوە ئەم سێ‌کچە شازادەیە/ یەخسیر دەکرێن‌و دوایی بەسواری بەلەمێك بۆ میسر دەگەڕێنەوە/ هەر سێ کچەکە سکیان پڕە/ من گومانم لەسکەکانیان هەیە/ لەوانەیە شت‌و مەکی قاچاخیان لەمندالدانیاندا شاردبێتەوەو بۆ ولاتی خۆیانی ببەنەوە/ زۆر شتی ترماوە دەربارەی ئەم سێ خوشکە باسی بکەم/ بەلام باشتر وایە خۆتان بۆ ئەم مەبەستە بەرگەکانی رشتەی مرواری‌و رۆمانی موبیدیك‌و پرۆژەی کودەتایەکی نهێنی و ژەنراڵی پاییزو پەردە رەشەکانی پەنجەرە کوێرەکانی کۆشکی سپی ئەمەریکا بخوێنەوە/ ئەو رەنگە خۆی هەر خۆی نەناسێ/ رەنگە لەبیری نەبێ خەڵکی کوێیە/ ئەو مەسەلەیە ئەو جارە باسم کردو لەبەر درەنگی کات تەواوم نەکرد/ هەتا ئێستا هەر ئاڵۆزە/ هەریەکەو بەجۆرێك باسی دەکات/ لەپێشدا یەکێك هات گوتی مزگەوتێك دروست دەکەن‌و هێشتا تەواو نەبووە دوو دەنگخۆشی گوندەکە لەسەر بانگدان شەڕیانە/یەکێکی دی گوتی مامۆستایەك چەترەکەی شکاوە تەنوورەی کچێکی قوتابی کردوە بەچەتر/ یەکێکیتر گوتی: پیاوێك خۆی لێبووە بەسنووق/ دەڵێ من سنووقێکی بیست‌و چوار گۆشەییم/ بیست‌و چوار کوپە لیرەم تێدایە/ هەر پیاوێ بمشکێنێ‌و لیرەکان

قووت بدات/ کچی چوار پاشا عاشقی دەبن/ پاشای ئاو/ پاشای ئاگر/ پاشای با/ پاشای نەوت/ هەر کچێکیش بمشکێنیّ و لیرەکانم قووت بدات چوار پێغەمبەر عاشقی دەبن/ من نازانم ئەو قسانە قسەی ئەون یا بۆی هەڵبەستراون/ بەڵام من خۆم پێشبینی ئەوە دەکەم لەسەدەی بیست و دوودا / تۆمبێلی بونیادگەری و ماچی بوونگەری و/ جووتبوونی سوریالیزمانە دێتە کایەوە/ لەوانەیە لەسەدەی بیست و سیّدا ژنێکی نێرەمووك/ جۆرە ئامێرێکی ئەلەکترۆنی پیاوانە بۆخۆی و سەرجەم ژنانی سەر زەوی دروست بکات و گەلە شاڵاو بەرنە سەر پیاوان/ ئەوسا بێگومان پیاوان ناچار دەبن ئەستێرەیەکی دی بدۆزنەوە بۆ ژیان/ لەم حاڵەتەدا شێوەی جل و بەرگ و قژ داهێنان و مۆدێلی پێڵاو دەگۆڕیّ/ لەوانەیە تەنوورە قڵیشی بۆ نەکریّ و قژ نگرۆ کردن قەدەغە بکریّ و پانی بەرز بخرێتە مۆزەخانەوەو هەر پیرەژنێکیش ددانی ئاڵتوونی لەدەمدا بێ سەیری ئاوێنەی لیّ قەدەغە بکریّ/ من نازانم بۆ هەموو کەسیّ باسی ناتەواوییەکانی ئەو دەکات/ تەنانەت عەلائەدین سجادی بەناوی ئەوەوە نوکتە دروست دەکات/ بەڕەحمەت بیّ نەجەدین مەلاش گەلیّ سەرگوزەشتەی سەیری بەناوی ئەوەوە تۆمار کردووە/ گوایە جارێکیان بەژنێکی گوتووە/ لەدەسك و ئاوانێکدا بمکوتەو هەویرەکەم بگرە لەهەردوو دەست و هەردوو مەمکتم بۆ بکە بەدوو کێڵی قوت بۆ گڵکۆکەم و ناوی سیانیم و ڕۆژی مردنم و ناونیشانی تەواومی لەسەر بنووسە/ خەڵك دەڵێن جارێکیان ئەو گوتوویەتی/ من دەتوانم بەشرینقە جۆرە بارووتێك بئاخنمە مەمکی کچانەوەو هەرکوڕێك لەسووچێکی زانکۆدا/ یا لەناو تۆمبێلیّ تاریکدا/ یا لەبازاڕێکی قەرەباڵغدا.. هتد/ دەست لەهەر مەمکێك بدات بتەقێتەوەو پەنجەکانی بقرتێنیّ و مەمکەکەش وەکو خۆی بەقوتی بمێنێتەوە/ هەروەها دەڵێن گوتوویەتی دەتوانم جۆرە حەبێك دروست بکەم هەرکچێك بیخوات لەحەمامی پیاوانیشدابیّ هیچ پیاوێك ناتوانیّ بیبینیّ/ گوتوویەتی ڕادەی بەکارهێنان و نرخی ئەم حەبە/ لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیدی دەگۆڕیّ و ڕەنگ لەهەندیّ ناوچەی ئەورووپاو ئوسترالیادا نرخی زۆر بەرزبێتەوەو قووتدانی ئەم حەبە بەشێوەیەکی یاسایی بەسەرهەموو مێینەیەکدا بسەپیّ/ ڕەنگە ئەو هونەرمەندی

شێوەکاربێ/ ئەگینا دەفتەری ڕەسمو فلچەو بۆیەی بۆ چییە/ هەندی کەس دەڵێن چاوەڕوانی یەکێك دەکات ئەو کەرەستانەی بداتێ/ وەکو چەند جارێکی تریش گوتم من دڵنیام ئەو خوێندەوار نییە/کەچی هەندێ کەس دەڵێن/ دەرچووی کۆلیژی زمانە/ بەلام لەزمانەدا زۆر کۆڵەوارە/ حەزی لەوێنەکێشانە ((ئەمە قسەی من نیە/ قسەی هەندێ کەسە)) هەرگیز باسی کۆلیژی زمان ناکات هەمیشە ئەگەر قسە بکات دەڵێ: مامۆستایەك لەئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا/ کچێك لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوك/ ژنێکی تلیاك کێش لەمۆزەخانەی لۆڤەر/ هتد/ کەس نازانێ بۆچی حەزی لەوێنەیەو بەزمان خۆشحاڵ نیە/ لەوانەیە ئەمە حاڵەتێکی تیرۆریستانەبێ/ یادەشێ یەکەم ئەزموونی سێکسی لەگەڵ تابلۆی یا وێنەی کچێکدا یا ڕەسمی سۆزانییەکدا ئەنجامدابێ هەر بۆنموونە لەگەڵ تابلۆی مۆنالیزا/ یاخود وێنەی جولێت لەفیلمێکدا/یا ڕەسمی غادە سەمان لەسەر بەرگی یەکێ لەکتێبەکانیدا/ (ئەمانە هیچی قسەی من نەبوون پڕوپاگەندەی ئەمو ئەوبوون) ئاخری ئەو مووەم سووتان کەپیرەژنەکە بەدیاری دایمێو/ لەپردەکە پەڕیمەوە/ تونێلەکەم بڕی/ شارێکی خۆش پێشوازی لێکردم/ شارێکی سپی سپی/ لەنێوان دوو ڕووباری سپیدا/ منالی سپی/ کۆتری سپی/ ئاسمانی سپی/ شەقامی سپی/ پێکەنینی سپی/ پیاو دەیتوانی لەقەراغ یەکێ لەڕووبارەکاندا وەنەوزێ بداتو خەو ببینێ/ هەر بۆنموونە خەو بەوەوە ببینێ ڕێکخراوێك دامەزرێنێ بۆ دروستکردنی کولیچەو پاسکیل/ یاخەو بەوەوە ببینێ کچێك بۆ یادگار تاکێ گۆرەوەی دڕاوی بداتێ/ ئەو وەکو خۆی ڕوونی کردۆتەوە (ئەمەش هەر پڕوپاگەندەی خەڵکە) حەزی لەپاسەوانییە/ پاسەوانی مزگەوت/ پاسەوانی گۆڕستان/ پاسەوانی حەمامی ژنان/ ئەو بڕوایەکی تەواوی بەخوای مەزن هەیە بەلام دەڵێ ترۆپکی سۆفیگەرێتی لەعەشقی ئافرەتەوە دەس پێدەکاتو حەزرەتی یوسفو حەزرەتی سولەیمانو شێخ محێدین عارەبی بەم حاڵەتەدا تێپەڕیونو جوانترین سروودیان نووسیوە/ تەنانەت دەڵێ: حەلاج عەشقی کچێك سووتاندیو هەتا ئێستا خۆڵەمێشەکەی لەدیجلەدا بانگی ئەو کچە دەکات/ کەس لەو تێناگات/ شارەزاییەکی تەواوی لەزانستی سیمیادا هەیە/

پیاو هەندێ جار گومان دەکات ئەو سۆفی نەبێو یاریزانێکی ئەکرۆباتیك بێ/ من نازانم هەندێ کەس دەڵێن باشترین نەخشەسازی جلی هاوینەی ژنانە/ هەندێکی دی دەڵێن کاتی خۆی راهێنەری یاری جومناستیکی ژنان بووە/ پیرەژنێك سوێند دەخوات بەدەنکی شقارتە پەیژەی وای دروستکردووە/ فیلی پیادا سەرکەوتووە نەشکاوە/ من خۆم نەمدیوە بەڵام هەندێ کەس دەڵێن سەیری چاوی هەر کچێ بکات فیزەی ئەورووپای بۆ دەردەچێ/ ئەو وەکو لەکتێبی (گەزافئاباد)ی هیندستانیدا نووسراوە فاڵچییە/ بەڵام لەباتی دەس/ مەمك دەگرێتەوە/ ئەو دەڵێ دەس درۆزنە/ بەڵام مەمك هەمیشە راستگۆیە/وەك دەس پیاو ناکوژێو دزی ناکاتو بەنەخوێنی حەرام ناکاتەوە/ لەبەرئەوە ئەو هەموو قسەو پێشبینییەکانی راستە: زۆر سەیرە/ عەشقێکی عەنتیکەی لەگەڵ مەمکدا هەیە/ گوتوویەتی قوبەی مزگەوت لەشێوەی مەمکدایە/ ئەوە مانای ئەوەیە سوژدە بۆمەمك ببەن/ گوتوویەتی شاخ لەشێوەی مەمکدا داڕێژراوە/ مانایئەوەیە مەمك بەهێزە/ دەڵێ وەکو خەڵك دەڵێن) سێو/ هەرمێ هەنار/ هەمووی لەشێوەی مەمکدا دروست کراونو دەبێ بەقەپ بیانخۆی نەك بچەقۆو قەڵەمبڕ/ کەیەکێك ببینێ سێوێك یا هەنارێك بەچەقۆ بخوات/ پێی دەڵێ سەگبابی بەقنگابراو دڵت دێ مەمکی ژنەکەت بەچەقۆ قاش کەی!/ کەس نازانێ ئەو باوکی ناوی چیە/ بەڵام گەلێجار بورکانێك بەوێنە دروست دەکاو دەڵێ ئەمە باوکمە/ دەڵێن کتێبێکی بەوێنەو سکێچ داناوە دەربارەی پەیوەندی ئازادکردنی دەم لەلغاو بەئازادکردنی نیشتمانەوە لەداگیرکەر/ خەریکی نووسینی نامیلکەیەکیشە بەپۆرترێت دەربارەی دیلێتیو ئازادکردنی/ ماسیو مەمكو مقەستو میکرۆبو مەکینەی ریش تاشین/ دەسەڵاتداران ئەویان بەشێت ناونووس کردووە/ لەبەرئەوە ماق هەڵبژاردنو دەنگدانی نیە/ من بوارم نەبووە لەبارەی یاری شەترەنجەوە هیچی لێ بپرسم/ بەڵام رەنگە شەترەنج زانێکی لێهاتووبێ/ چونکە وەکو دەڵێن تەمەنێکی زۆری لەفارگۆنی شەمەندفەرەکانی نێوان ئەمەریکاو رۆمادا بەسەربردووە/ بێگومان بڕینی ئەو رێگا دوورودرێژە بەجگەرەکێشان تەواو نابێ/ مشتو مڕی ناوێ کەلەشەمەندەفەرەکاندا فێری یاری شەترەنج بووە/ زۆرجار (وەکو دەگێڕنەوە)

گوتوویەتی پادشاکانیش هەموویان پادشای شەترەنجن/ (لەبیرم نەبوو ماڵی باوکیشمان وەکو پارچەی شەترەنجێك لەشۆڕیجەی کەرکوکەوە بۆ دارەتوو گواستەوە)

نە، ئەو تاوەکو ئێستاش باوەڕی بەوە نییە سەهروردی کوژراوە/ دەڵێ کچێك دزیویەتی/ باوەڕی بەوە نیە تابلۆی - لیزو چەترەکەی- کەلەمۆزەخانەی - فۆلکوانك ئاسین- دایە/ رینوار دروستی کردبێ/ دەڵێ لەساڵی ١٩١٩دا باراناو لەسەر دیوارێکی کۆنی کڵێسایەکدا نەخشاندوویەتی/ گوایە گوتوویشێتی/ وێنەی -مەدام شاربنتییر - کە دەسکردی رینوارە/ یەکەم دەرزگیرانی منە/ لەبەرئەوە وازم لێهێنا حەزی لەپرتەقاڵ نەبوو/ لەم بارەیەوە قسەی ئاجەڵو باجەڵ دەکاتو هەندێجار دڵێ لەبەرئەوە نەمهێنا چونکە گوتوویەتی من تاقەتی ئەوەم نیە نۆ مانگ و نۆ رۆژ مناڵێك لەسکمدا هەڵبگرم.. / من دوو ساڵ جارێ/ یا دوو هەفتە جارێ/ چەند هێلکەیەك دەکەمو دەبێ تۆ بەسەریاندا کڕبکەوی/ لەبەرئەوە - وەکو دەڵێن - بەر لەوەی یەکەم هێلکە بکات خۆی لێ شاردۆتەوە/ ئەو حەزی لەیاری تۆپێن نیە/ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەرزش بەپێویست دەزانێ بۆ لەش/ وەکو وانەی ئاینو گوێگرتن لەمۆسیقا/ زۆرجار مناڵ دەبێتەوە/ یا وادەردەبڕێ کەهێشتا هەر منداڵە/ دەفتەرەکانی.. نا داوای لێبووردن دەکەم دەفتەرێك دێنێ/ وانەکانی پۆلی چواری سەرەتایی دەنووسێتەوە/ لاسایی ئیمزای مامۆستاکەی دەکاتەوەو لێی دەنووسێ زۆر باشە/ لەساختەکاری ژمارەدا دەستێکی باڵای هەیە/ دەتوانێ -٤٨- بکات بەهەشتا/ چواری لای چەپی هەشتەکە بەگوێزانێکی تیژ رادەماڵێو نوقتەیەکی جوان دەخاتە لای راستی هەشتەکە/ ئەمە کارێکی زۆر ئاسانە/ بەڵام بەهەموو شاعیرێ ناکرێ/ کەشەو پردەکان نوست ئاسمان سەیری ئاوەکان دەکات/ ئەو لەزۆر شوێن گوتوویەتی من دەمەوێ/ وشەکان بەڕۆژو مەست بکەم/ بۆئەوەی جێی خۆیان لەبیر بچێتەوە/ ئەمە دەقێکی رادیکاڵییە/ بەڵام رەنگە کچان حەزیان لەم جۆرە دەقە نەبێ/ کچان حەزیان لەشانۆیە/ لەسەر شانۆدا هەموو شتێك حەقیقەتە/ کەرۆمیۆو جوولێت بەرووتی لەنوێنەکەدا دەخەون/ ئەوە وێنەیەك نیە - گۆیا- کێشابێتی/ ئەوە

حەقیقەتە/ کەمەم بەدزی ئەحمەدی خانییەوە/ زین هەڵدەگریٚو لەئەشکەوتی جاسەنە سکی پڕدەکات/ ئەوە حەقیقەتە/ کچان ئەوەیان باشە لەحەقیقەت قەڵس نابن/ حەقیقەت سەرنجیان بەمووی کلکەدرێژەکەی خۆی شەتەك دەدات/ ئەو بۆ هیچ کۆبوونەوەیەك ناچیٚ/ تەنانەت کۆبوونەوەی باوکانیش کەجارجار بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ئاژەڵان لەهۆڵی ماجەلان لەدوورگەی - شەوستان- سازی دەکات/ ئەو دەڵیٚ سابوون جۆرە جەنگێکی دڕاو لەگەڵ ئاودا دەکات/ ئێمەش هەمان جەنگ لەگەڵ بادا/ سابوون پێویستییەکە لەپێویستییەکانمان هەروەها باش/ ئەو دەڵیٚ ڕۆژیٚ دیٚ هەردووکیان وەك خەڵوز خانەنشین دەکریٚن/ ئەمە فەرهەنگە کەناری دەریا نیە/ ئەمە ئەوە مەلا نەسرەدین نیە/ ئەمە شەبقەکەی مەکسیم گۆرکییە سابوون نیە/ ئەمە نیشتمان نیە/ بەرماڵی کچێکی سۆزانییە لەسەر شۆستەکە جێماوە/ ڕەنگە خۆی لەگەڵ ئەودا لەشوێنێك نوێژی ئەوین بکەن/ ئێمە چیمان داوە لەو ئاژاوەیەی ئەودیوی دەرگاکە/ ئێمە خەریکی نووسینی دەقەکەی خۆمان دەبین/ وتمان لەپەردەی دووەمدا/ پەردەی دووەمی شانۆگەرییەکە دەڵێم/ کچێکی ولاتی لووت پێغەمبەر بەڕووتی دێتە سەر شانۆکە/ زۆر لەسەرخۆ کۆم لەبینەران دەکاو کتێبێك دەخوێنێتەوە بەناونیشانی/ (الشذوذ والارتباكات الجنسية لدى المراهقات الفرنسية)/ کتێبەکە توورەداتە کۆشی کچێکەوە کەلەهۆڵەکەدا تەماشای دیمەنەکە دەکاتو دەڕوات/ بەرلەوەی پەردەیەکی دی دەس پێبکات/ پۆلیس دێت نووسەری دەقەکەو دەرهێنەری دەقەکەو ئەکتەرەکان ڕاپێچ دەکات/ بینەران چەپڵە لێدەدەنو وادەزانن ئەمەش بەشێکە لەشانۆگەرییەکە/ بینەران هەروان هەمیشە چەپڵە لێدەدەن/ هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕیٚن ڕەنگە وتەکانی ئەوبیٚ/ ڕەنگە کتێبی (جەنگی گەلی)لین پیاو بیٚ/ ڕەنگە لەخوێنی خۆیاندا بۆ بیابانی زەمەنە قەدەغەکان بگەڕیٚن/ ڕەنگە بیانەویٚ پردەکە بڕووخێنن/ نازانم کام پرد/ ئێوەش نازانن/ ئەوانیش نازانن/ خۆشیان نازانن/ چونکە پرد زۆرن/ پردی دیدار/ پردی جیابوونەوە/ پردی شەڕی نێوان نێرو میٚ/ پردی نێوان خۆیانو خۆیان/ پردی نێوان دەستو مەمك/ پردی نێوان پاکێتیو گوناح/ پردی نێوان منو کفری.. پردی نێوان منو شالا/ پرد..

پرد.. پرد/ پردی نێوان شەقامو ئاودەسخانە.. هتد/ (کچانو کورانی سەدەی بیستو دوو بەختەوەر دەبن/ دەتوانن لەدوورەوە بەئینتەرنێت لەگەڵ یەکتردا دەسبازی بکەنو جووت بن) دەڵێن ئەو رستانە لەسەر تەختە رەشەی ئاودەستێکی کۆن بەدەباشیرێکی سوور نووسراوەو خەتەکەش لەخەتی ئەو دەچێ/ ئەم دەنگۆیە مشتومڕی زۆری دەوێ/ نازانم لەم شارەدا زۆر شت دەدرێنە پاڵ ئەو/ کەنەوت دەسنەکەوێ خەڵك دەڵێن ئەو لەباتی ئاو نەوتی خواردۆتەوەو غوسڵی پێکردوەوە/ هەر ساڵێ باران نەبارێ دەڵێن ئەو بەهەورەکانی گوتووە بڕۆن بۆ وڵاتی تاریکستان/ ئەگەر زاوایەك ببەسترێ دەڵێن ئەو حەزی لەبووکەکەیەو زاواکەی بەستووە/ سیاسەتمەدارێك بمرێ دەڵێن ئەو دوعای لێکردووە/ کچێكو کوڕێك رەدوو بکەون دەڵێن دەستی ئەوی تیایە/ یەکێك بۆهەندەران بڕوات دەڵێن ئەو ئەم وڵاتەی لەبەرچاو خستووە/ ئەو هەژدە سەدەو نیو دوای قەیسەر لەدایك بووە/ کەچی هەندێ کەس دەڵێن ئەو برۆتۆسی هانداوە قەیسەر بکوژێ/ ئەو چل ساڵ پێش لەدایکبوونی دایکی هیتلەر مردووە کەچی هەندێ کەس دەڵێن ئەو هیتلەرەو بەناسنامەیەکی ساختەی هیندستانی خۆی لەمردن دەربازکردووەو تا ساڵی ١٩٩١ لەکارگەیەکی تابووت تاشیندا لەبەرلینی رۆژئاوا ژیاوەو دوایی وای بەباش زانیوە بڕوا بۆ شوێنێکی نادیار/ لەوانەیە وەکو هەندێ سیاسەتمەدار دەڵێن نەخشەی جەنگی سێیەمی جیهانی بکێشێ/ دوور نیە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ یەڵتسندا کۆبوونەوە بکات/ من بەهەموو شارە پیرۆزەکاندا دەڕۆمو چیرۆکەکە بۆ کەڕەکان دەگێڕمەوە/ حەقیقەتیان پێدەڵێم/ بۆیان روون دەکەمەوە چۆن بەرلەوەی عەلی شوێن هەڵگر کەشەهید کاردۆ گەلاڵی کتێبێکی لەسەر داناوە/ شوێن پێی دزەکان هەڵگرێ مێگەلە مەرێك هاتن/ بەدەشتاییەکەدا بڵاوبوونەوە/ شوێن پێی ئەوانو شوێن پێی مەڕەکان تێکەڵاوبوون/ عەلی شوێن هەڵگر کەسوێندی خواردبوو/ بەشوێن پێ دزەکان بدۆزێتەوە/ زانی بەدرۆ دەکەوێتەوە لەداخاندا وەکو هەندێ کەس دەڵێن/ خۆی کوشت/ هەندێ کەسیش دەڵێن سەری خۆی هەڵگرتووەو چووە بۆ شوێنێکی نادیار/ بەهەندێ قەرینەدا ئەو عەلی شوێن هەڵگرە/تا ئێستا نازانین کێ دەوری پاڵەوانیەتی شانۆییە تازەکە

دەبینێ/ ئەو خۆی قسەی نەکردووە/ بەڵام دەڵێن هەندێ کەس گوتوویانە کەلەویان بیستووە گوتوویەتی لەمن زیاترکەس ناتوانێ ئەم دەورە ببینێ/ باشە پەیوەندی ئەو چیە بەشانۆوە/ بەتایبەتی بەم دەقەوە کەباسی دانتی‌و پیاتریس دەکات/ کورە ئەم کابرایە – مەخسەدم لەوە– ئەرشیفی بێدەنگی‌و قسەی هەلەق‌و مەلەقە/ ئاخر ئەمە قسەیە دەڵێن گوایە گوتوویەتی من دەقی شانۆیی یەکەم بەدڵ نییەو خۆم دووبارە دەینووسمەوە/ ئاخر نەخوێندەوارێك مەگەر میز بەپێوە بکات/ دەقی شانۆیی چلۆن پێ دەنووسرێتەوە/ سەیرە سەیر خۆم گوێم لێبووە گوتوویەتی کێ ئەوەندەی من هاورێی دانتی بووە/ کێ ئەوەندەی من شارەزای پیلانەکانی دانتییە دژی پیاتریس/ هەندێ کەس دەڵێن رەنگە خۆی دانتی بێ‌و لەو ئاوارەییەدا چاوەڕوانی پیاتریس بکات/ دەشێ پیاتریس لەمناڵدانی یەکێ لەکچە سکپڕەکانی ناو ئاوەکەدا خۆی لەدانتی شاردبێتەوە/هەرچەندە لەڕەنگ‌و رووی ئەو ورد دەبمەوە/ لەسارتەردەچێ/ بەهەرحاڵ حەز ناکەم بچمە ناو ناوەرۆکی ئەم بابەتەوە چونکە دەبێ باسی فەلسەفەی بوونگەری‌و رێبازەکەی ئەم فەلسەفەیەو دەوری کامۆش بکەم لەبڵاوبوونەوەی مۆدیلی جگەرەکێشان‌و تەشەنەکردنی یاری تۆپی پێدا/ ئەمە نهێنییەکە تاکو ئێستا کەس نەیزانیوە کامۆ رۆمانێکی هەزار لاپەڕەیی لەبارەی مێژووی تۆپی پێ نووسیوە/ هەرئەوەندە دەڵێم ئەگەر رۆمانی – تاعوون–ی کامۆتان کڕی/ هەندێ مەرگەمووشی پشیلەکوژ لەمۆبەق‌و کتێبخانەکانتاندا دابنێن/ چونکە رۆمانەکە پڕە لەپشیلە/ خۆئەگەر بێزنەکەنەوە باشتر وایە چەند مشکێك راگرن/ چونکە مشك بۆ پشیلە قڕان لەژەهرو لەتەڵەش باشترە/ دەڵێن لەدادگای سلێمانیدا چەند بەڵگەنامەیەك پارێزراوە گوایە ئەوە دەسەلمێنن کەئەو سمکۆی هانداوە مارشەمعون بکوژێ/ بەڵام قوبادی جەلی زادە لەدانیشتنێکی دوو قۆڵیدا بەریەچی ئەم دەنگۆیەی دایەوەو گوتی پڕوپاگەندەی کەسانی عەوام‌و نەفامەو بەڵگەنامەی وا لەئەرشیفی دادگای سلێمانی دا نیە/ ئەوان دەڵێن: ئەو سۆفییەو عاشقی خوایە/ئەوان ناوی ئەو کچانە نازانن کەئەو نوێژیان بۆ دەکات/ئەوان باسی پردەکانی نێوان ئەوو خوا دەکەن/ بەڵام ئەو هەموو رۆژێ لەیاداشتەکەیدا شتێکی تازە دەربارەی

پردەکانی نێوان دەم‌و مەمك تۆمار دەکات/ ئەو حەزی لەسیاسەت نیە/ (ئەم قسەیە کەس لەخۆی نەبیستووە بەڵام هەندێ رۆژنامە بەدەمی ئەوەوە ئەمەیان گوتووەو تائێستاش خۆی نەدانی بەم قسەیەدا ناوەو نەبەرپەرچی داوەتەوە)/ ئەو حەزی لەدڵدارییە/ دەڵێ شەقام کچێکی باڵابەرزە ماکسیەکی هاودامانی رەشی لەبەردایە/ دەڵێ: ئاوێنە گۆرستانی هەموومانە/ گوتوویەتی کەنێرینەیەك‌و مێینەیەك رووت دەبنەوە ئاوێنە جلەکانیان دەدزێ/ سوێندی خواردووە جارێکیان ئاوێنەیەکی بینیوە تاکێ گۆرەوی کچە قوتابییەکی خواردوە/ دەفتەرێکی بەرباخەڵی پێیە هەمیشە تێبینی تیادا تۆماردەکات/ تێبینی دەربارەی شوێن پێی کات/ شوێن پێ‌ی هەور/ شوێن پێی ئەو ژنانەی کەئەوەندە ساردوسڕن دەڵێی کۆمەڵە پەیکەرێکن هونەرمەندێکی سوریالی دروستی کردوون/ ئەو هەمیشە باسی سێ دەسەڵات دەکات/ دەسەڵاتی مێینە بەسەر سیاسەت‌و دەسەڵاتی مناڵ بەسەر بووکەشووشەو دەسەڵاتی بووکەشووشە بەسەر مناڵدا/ دەڵێن/ ئەو لمێکی تایبەتییە هەرچی لەسەر بنووسرێ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە/ ئەو وەکو دەڵێن کۆمەڵێ وێنەی قەڵای دەمدمی لەگۆرەوەییەکانیدا شاردۆتەوەو دەڵێ من چاوەڕوانی خانی لەپ زێڕین دەکەم/ دەڕۆین قەڵایەکی دی دروست دەکەین/ ئەو کێیە؟ یەکێك لێی پرسیم: ئەو/ ئەوو من‌و تۆو ئەوان‌و ئەمان‌و فلان‌و فیسارو گشتمان‌و گشتیانە/ خەڵکەکە مقۆمقۆیانە چاوەڕوانی بەشێکی تری شانۆنامەکە دەکەن/ دەقنووس ناوی عاشقەکانی گۆڕیوە/ لەگەڵ دەرهێنەردا مشتومڕیانە/ ئەوەندەی من بزانم دواکەوتنی شانۆییەکە لەبەرئەو هۆیەیە/ ئەگەر هۆی تری هەبێ ئاگادارنیم چونکە من نەختێ میزم دەهات لەهۆڵەکە دەرچوومە دەرەوە/ ئەگەر هۆی دی هاتبێتە کایەوە/ وەکو ئەوەی دەقنووس بیەوێ ناوی مەم بنێ/ ئۆجەلان/ ناوی زینیش بنێ زەکیا ئالکان/ رەنگە شانۆییەکە زۆر دوابخرێ/ یا لەوانەیە هەر پێشکەش نەکرێ/ با پێکەوە چاوەڕوانی ئەنجامەکەی بکەین چاوەڕوانی زۆر شت دروست دەکات/ جارێکیان کوڕێکی ئاوارە/ لەوێستگەیەکی پاسدا چاوەڕوانی هیچی دەکرد/ کچێك هات‌و چاوەڕوانی پاسی کرد/ بوون بەدوژمن شەوان کچەکە ئاوێنەیەکی دەدایە تیابنوێ/ من باسی شتە پیرۆزەکان دەکەم/ لەشی ئاگر/

خۆڵەمێشی ژن/ رووباری ئیڤل/ بورجی سیروان/ لەوەدەچێ ئەم وشانەم لەکتێبێك دەرهێنابێ بۆ نموونە کتێبی (عەشقنامەی بەلقیسو حەزرەتی سولەیمان – یاکتێبی – پاسکیلو چۆلەکە..) من خۆم نازانم پاسکیل لێخوڕم/ بەلام حەزم دەکرد هاوولاتیەکی چینی بووماییەو تایەی پاسکیلی کچێك لایەکی سمێلمی بخواردمایە/

من دەڵێم زمان نوێنەو مانای تیادا دەنوێ/ من دەڵێم رۆژێ ئەو خۆیمان لێ دەشارێتەوە/ جا ئەوسا.. کلیلی ژووره داخراوەکە لەکێ وەرگرین/ رەنگە هەندێ کەس بڵێن ژووری چیو دەرگای داخراوی چی/ ئەمە بەشێك نیە لەشانۆکە/ برگەیەکیش نیە لەڕۆمانی یۆلیسیس/ نهێنیەکی خەواندنی موگناتیزیش نیە/ هەر لەکۆنەوە باسی ئەم کلیلو ژووره هەیە/ هەندێ کەس دەڵێن یەئجووجو مەئجووج لەو ژوورەدان/ هەندێ دەڵێن تەرمەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی لەو ژوورەدا شاراوەتەوە/ ئەمە وەسێتی خۆی بووە بۆ ئەوەی بەمردوێتیش کەس شاخەکانی نەبینێ هەندێکی دی دەڵێن لەکتێبی مەندائییەکاندا خوێندوومانەتەوە کەحەزرەتی عیسا لەترسی جوولەکەکان لەو ژوورەدا خۆی شاردۆتەوە/ لەم بارەیەوە بۆ چوون زۆرەو لەئاییندەدا بەفراوانی قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەین/ هەر لەم بارەیەوە حەزدەکەم هەندێ رای تایبەتی خۆم بخەمەڕوو/ دەڵێم رەنگە ئەو ژووره داخراوە قوبادی جەلی زادە بەدزی هاوسەرەکەیەوە شیعری بۆ کچێکی ئاگر تیادا بخوێنێتەوە/ لەوانەیە دەرگایەکی نهێنی بێو کاهینە فیرعەونییەکان هاتوچۆی لێوە بکەن/ دەشێ ئەشکەوتێك بێ دەڵەورچێ لاوێکی لادێی تیادا شاردبێتەوە/ ورچیش دیرۆكو حەقایەتی خۆی هەیەو لەچیرۆکەکانی سەرگۆن پۆڵسو رۆمانی پیدرۆ پارامۆو کۆمارەکەی ئیفلاتوونیشدا چەند باسو خواستێك لەو بارەیەوە هەیە/ پێم وایە – سافۆ-ش لەتیۆرە ئەندازەکارییەکانیدا لەسەر ئەم بابەتە شتێکی نووسیوە/ بەهەرحاڵ گەورەترین کودەتا لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەگەڵ دروستکردنی دەستەسڕی کلینیکسدا بەرپابوو/ خەیاڵتان بۆ شتی قوڕ نەچێ/ وانەزانن دەڵێم پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەو ئاژەڵانەی کەبەیەکەوە جووت دەبن من باسی ئەوە دەکەم ئەمە سەردەمی گریانەو ئەگەر کلینکس نەبوایە فرمێسك زەوی

دەبرد/ ئەمە سەدەی هەلأمەتەو ئەگەر کلینکس نەبوایە چلّم و لیکاوی لووت ماچیان لەبیری عاشقان دەبردەوە/ کلینکس پردێکی بەتینە بۆ پتەوکردنی هاورێتی/ هەر بۆ نموونە هاورێتی نێوان قوتابی و تاقیکردنەوەی سەری ساڵ../ هاورێتی نێوان لووت و دەست/ هاورێتی نێوان پشیلەو دەریای رەشی ناوەراست دەلّێن ئەو گوتوویەتی جوانترین و بەتامترین و شازترین سەرتوێژی ماست و قەیماغیشی لێ دروستدەکرێ/ هەروەها/ کلینیکس سوودی تریشی زۆرە دەتوانی لەرۆندا سووری بکەیتەوەو بیخۆی/ دوو کەس چەند پرسیارێکیان هەبوو نەیانوێرا لەو بپرسن/ پرسیاری یەکەم ئەوەبوو ئایا لەئایندەدا ئینتەرنێت دەتوانێ سك و زای جانەوەرە درندەکان راگرێت/ پرسیاری دووەمیش ئەوەبوو ئایا راستە لەئایندەدا ئینتەرنێت دەتوانێ زاوزێ بەچیاو دەریاو بیابان بکات/ ئەی خوایەگیان دانی پیادا دەنێم کەلەئەنجامدا تۆم لەئاوێنەی گوناحەکانی فەرووغی فەروغزاددا دۆزییەوە نەك لەسەر بەرماڵەکەی رابیعەی عەدەوییە/ منداڵێتی درندەی خۆمان لەو زیندانانەدا ونکرد کەناونرابوون قوتابخانە/ ئەی پیرێتی گلاوی خۆمان لەبەر چ مزگەوتێکدا توورەدەین/ تۆ.. رابردوو مەنوو لەسەر لێواری ئەو پەنجەرەیە دانیشە/ شتە کۆنەکانم بدەرەوە/ جار بەجارێ لەبێشکەکەی منالّیمەوە دەنگێ بانگم دەکات رەنگە پاشەرۆژبێ/ یاکچێك بێ بەمنداڵی لەتێکی دلّمی لەیارییەکدا خوارد/ ئەم نهێنیانە هەر ئەو دەیانزانێ و ئەویش ئەوەندە توورە کراوە/ وەلأمی کەس ناداتەوە/ ئێستا باسی شارەکە دەکەین/ ئەو شارەی کەبەگۆگرد قژی کچەکانی نوگرۆ کراو بەفسفۆر جلی منالّەکانی ئوتووکرا/ با ناوی بنێین جێرنیکا/ یا ناوی بنێین هەڵەبجە/ رەنگە لەرۆمانی (هەراو هۆریاو توندوتیژی)ی ولیەم فۆکنەردا زۆر نهێنی لەبارەی هەڵەبجەوە ئاشکرا کرابێ/ وابزانم کازانزاکیش لەبەشی دووەمی یادەوەرییەکانیدا بەندێکی تەواوی بۆ کارەساتەکە تەرخانکردووە/ وەکو بیستوومە رەسووڵ حەمزاتۆفیش بەتەمایە سیناریۆیەك لەو بارەیەوە بنووسێ/ ئیلیۆت لەشانۆیی (یەککگرتنەوەی خێزان)دا دەپرسێ: ئێمە کێین؟

ئێمە چی دەکەین؟

هەموو ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن
لەمەرگ زیاترمان چەشت و
لەتاریکیدا ونبووین..
بەڵام دەڵێن ئەو پرسیوییەتی: هەڵەبجە کێبوو؟

کوڕێیەك وەڵامی داوەتەوە: هەڵەبجە من بووم/ فڕۆکەیەك مەمکی دایکی لێ دزیم/ زەڵم گوتوویەتی هەڵەبجە من بووم راوچییەك هەموو ماسییەکانمی بەژەهر کوشت/ هەروەها کانی عاشقان گوتوویەتی: هەڵەبجە من بووم جادوگەرێك هەموو عاشقەکانمی کرد بەپەیکەری خەڵووز/ من باسی هونەری سینەما ناکەم/ راستە بەمنداڵی من حەزم دەکرد ببم بەئەکتەری سینەما/ بەڵام ئەمەی گێڕامەوە فیلمێك نەبوو لەو فیلمانەی بەهەرزەکاری لەسینەما سەلاحەدینی کەرکوك بینیومە/ بەڵێ راستە جارێکیان باسی فیلمێکی رووسیم بۆ کردن/ فیلمی ئەو کچە سواڵکەرەی کەقەیسەری رووسیا حەزی لێکرد/ دڵنیاش بن ئەوەی گێڕامەوە بەشێکی دی نەبوو لەشانۆییەکە/ چونکە شانۆییەکە رووداوێکی سیاسی بوو/ یا با بڵێین کارەساتێکی سیاسی/ ئێمە هەموومان سیاسەتمان کردووە/ هەرنەبێ لەسەربانەوە نامەیەکی دڵداریمان داوەتە دەست کچۆڵەیەکی دراوسێمانەوە/ هەڵەبجە سیاسەت و میاسەت نەبوو/ هەڵەبجە کچێکی عاشق بوو وەکو ئەو دەڵێ عاشقی ئاو بوو ئاو/ هەموو شەوێ دەچوو بۆکانی عاشقان و گۆرانی بۆ ئاو دەگوت/ وەکو شاعیری ناسراو ئەحمەد موختار جاف لەیادەوەرییەکانیدا باسی دەکات/ رۆژێ پاشایەکی جادوباز هەموو ئاوی کانی عاشقانی خواردەوەو هەڵەبجەی لەناو دەمی کانییەکەدا سەربڕی/ ئێستا ئاوی کانی عاشقان ئاو نیە/ خوێنی هەڵەبجەیە/ ئەو دەڵێ شانۆنامەکە بۆیە دواکەتووە دیکۆریستی دەقەکە دیارنیە/ لەوانەیە پۆلیسی هەیئەی کەرکوك دزیبێتی/ لەوانەیە حەزی لەکچە کۆمبارسی شانۆییەکە کردبێ و/ هەڵیگرتبێ دەشێ لەڕێگای تورکیاوە بۆ هەندەران بڕوات/ لەم حاڵەتەدا لەوانەیە دیکۆرو هەندێ شتی تری شانۆییەکە بگۆڕێ/ ئەوو من و ئێوە پێویستمان بەزمانێکی نوێیە/ لەبارەی دروستکردنی زمانێکی نوێوە گەلێ پێشنیار هاتووە/ یەکێ لەوانە دەڵێ: با زمانێك لەتووڕەیی کچان

دروست بکەین چونکە نەرمو ناسکەو بەئاسانی دەکشێ/ هەندێکی دی دەڵێن با لەپارچەی سکرابی ئۆتۆمبێل دروستی کەین چونکە بەئاسانی دەسدەکەوێ/ هەندێکی دی دەڵێن با لەمار دروستی کەین دوژمنان نەتوانن لەناوی بەرن/ بەڕاستی ئەم پێشنیارانە هی کچانو کوڕانی هەرزەکارن/ هێشتا نازانن سوورەتی یوسف عەشقنامەی پێغەمبەرانە/ هێشتا کەباسی راسکۆلینکۆف بکرێ وادەزانن جۆرە چەکێکی وەك کلاشینکۆفو سەمینۆفو دیکتارۆفە/ ئێستا باپێکەوە چاوەڕوانی پێشکەشکردنو پێشکەشنەکردنی شانۆییەکەبین ئەم کێشەیە هەر کێشەی ئەو نیە/ کێشەی ئێوەو منو ئەوانو ئەمانو ئێمەو ئائەوانەو ئەوو ئەمو فلانو فیساریشە/ ئا لەبیرم نەبوو دەڵێن عەباسە شێت (مەبەستم شاعیری هەولێری (عەباس عەبدوللا یوسف)ە خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی - ئیلیۆت-ە

## * پەراوێزی بەشی دووەمی دژی گوێ بەرەو ئەو:

(سەرم بەردێك نەبوو/ لەوانەیە زەوییەك بووبێ/ یا ئەتڵەسی شارێکی کۆن.. (عەشقاباد / مەرگاباد/ گوناحاباد/ باراناباد).. هتد.

ئەرێ چۆن پردێك لەنێوان ئەم جمکەدا رایەڵ کەم

(مەبەستم لەش و گیانە)

ئەرێ چۆن پردی نێوان ئەم دوانەیە بڕووخێنم (مەبەستم خۆم و خۆمە) ئەو لەلێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا گوتوویەتی: هەروەها گەیشتمە شارێك خەڵکەکەی بەردیان دەکرد بەهێلکەو ڕۆن/ یەسقانی مردوویان دەهاڕی و دەیانکرد بەنان/ دارگەلێکم دی خۆریان دەگرت/ رووبارگەلێکم دی پڕبوون لەمەیموون/ بیابانگەلێکم دی پڕ بوون لەماسی و حەزیا/ چیاگەلێکم دی وەکو مەڕ سەوزەگیایان دەخوارد/ چونکە نەبان بووم چاویان بەستم و تووڕیان دامە ئەودیوی سنوور..

مێژوونووسێك دەڵێ: ئەمە بڕگەیەکە لەبیرەوەرییە بڵاونەکراوەکانی مارکۆ پۆلۆ.. منیش دەپرسم بشێ ئەو مارکۆ پۆلۆ نەبێ..؟)

ئەو جارێکی دی دەمامکەکەی تووڕدا/ دەفتەرەکەی دەرهێنا/ لەوانەیە ناوی دڵدارەکەی بخوێنێتەوە/ لەوانەشە بابەتێك دەربارەی نەخۆشی ئەوین بنووسێ/ یا دەشێ باسی ئەوە بکات چۆن هاڤیبوون لەشانۆنامەی (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)دا دەبێ بەنیشتمانی بینەران و خوێنەرانی شانۆنامەکە../ یادەشێ باسی ئەوە بکات چۆن لەساڵی حەوت هەزاردا خەون وەکو بەفر بەقاڵب دروست دەکرێ و لەفریزەردا هەڵدەگیرێ/ لەکۆمپیوترەدا دیسك دەکرێ و لەڤیدیۆدا مۆنتاژ دەکرێ و بەهۆی ئینتەرنێتەوە بەسەر باڵیۆزخانەکاندا دابەشدەکرێ/ پیرەژنەکە دەڵێ ئەو هەر بیردەکاتەوە لەوانەیە باسی لەبارچوونی کیشوەرێکی دی بنووسێ/ یا باسی وزەی (گۆنێلی)ی لەلای بوونەوەرە هێلکارییەکانی جەواد سەلیم بکات../ یا کێ دەڵێ باسی وەزارەتی رۆشنبیری لەلای بوونەوەرەکانی – فازیل عەزاوی ناکات..؟/

هەندێ کەس لەهەندێکی دی بیستوویانە کەئەو بەشەو زۆر سەیری ئاوی رووبارەکە دەکات/ دەڵێن رەنگە سەرنجی ماسییەکان بدات/ ماسی ناو رووبارەکە بەشەو دەوەڕن/ کەس نازانێ ئەو ماسییانە کەیی و لەکوێوە هاتوون/ مەلای گوندەکە گوتوویەتی گۆشتی ماسی رووبارەکە حەڵاڵ نیە/ چونکە بەشەو دەوەڕن/ بەڵام هەندێ کەس هەر راوی دەکەن و دەیخۆن/ دەگوترێ بەرەو شاریشی دەبەن بۆ فرۆشتن/ شتی سەیر سەیر لەماسییەکانی ناو رووبارەکە دەگێڕنەوە/ دەڵێن: شەوانی هەینی دێنە قەراغ رووبارەکەو قسە بۆ یەکدی دەکەن../ راوچییەك سوێندی خواردووە (راوچییەکە بەڕۆژ قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بووە) گوتوویەتی شەوێکی هەینی گوێی لەمشتومڕی نێوان دوو ماسی بووە دەربارەی سکێچی – گوڵەوەچنی – میلیە../ راوچییەکی دی تەڵاقی خواردووە کەماسییەکی بینیوە پۆرترێتی راوچییەکانی کێشاوەو داویەتییە دەم ئاوی رووبارەکەوە../ هەروەها دەڵێن راوچییەکی تر گوتوویەتی گوێی لەدوو ماسی بووە لەکەناری رووبارەکەدا قسەیان بۆ یەکدی کردووەو یەکێکیان گوتوویەتی کچە پاشایەك بووەو عاشقی شاعیرێك بووەو باوکی تووڕەبووەو فەرمانی داوەو خستوویانەتە رووبارێکی قووڵەوەو لەخوا پاڕاوەتەوە بیکات بەماسی و خوا نزاکەی قبوڵ کردووە/ راوچییەکی کوێریش سێتەڵاقەی خواردووە کەدوو ماسی بینیوە بەڕۆژی نیوەڕۆ لەناوەڕاستی ئاوەکەدا بەکامێرا وێنەی یەکتریان گرتووەو وێنەیەکی ئەویشیان گرتووە/ چەند شایەتێکیش هەیە کەبەر لەڕەوە گەورەکە وێنەکەیان پێ بینیوە/

سوێند خۆر لەو بارەیەوە زۆرن/ تەنانەت شوانێك کەمەڕو بزنەکانی لەو نزیکانە مۆڵ دەدات/ سوێندی خواردووە جارێکیان بۆ دەستنوێژ شۆردن چووەتە سەر ئاوەکە/ لەپڕ دەڵە ماسییەك قەپاڵی بەمەچەکی داکردووەو بردوویەتییە ناو رووبارەکەوەو بەتۆبزی لەگەڵیدا جووت بووە/ ئم شوانە وەکو دەڵێن چووە بۆ لای شەش حەوت مەلا تاکو لێیان بپرسێ کەئەو کارەی بەزۆرەملێ پێکراوە ئایا بەگوناحی گەورە دەژمێردێ یان نا../ هیچ مەلایەك نەیتوانیوە وەڵامێکی راست و دروستی بداتێ../ لەراستیشدا

باوەڕیـــان پێنـــەدەکردو دەیـــانگوت شـــێت بـــووە/ بـــەڵام شـــوانەکە ئەنگوســـتیلەیەکی حـــەوت گـــۆی لەپەنجـــەدابوو دەیگـــوت ئەمـــە دیـــاری دەڵەماسییەکەیە/ شتی زۆر سەیریتریش لـەبارەی رووبارەکـەو ماسییەکانەوە هەیە/ گوایە دەڵێن رووبارەکە هەندێ شەو دەبێ بەشارێكو بەهـەزاران گلۆپ لەشـەقامەکانیدا هەڵـدەبێ و سەدان هـەزار ئۆتۆمبێـلو کـوڕو کچـی پاسـکیل سوار لەشەقامو کۆڵانە یاقووتییەکانیدا پێشبڕکێ دەکـەن/ یـەکێ لەگەشتیارە بیانییـەکان لـەدوای گەشـتێکی بـۆ ئـەو ناوچـەیە لەژمارەیـەك لـەژمارەکانی رۆژنامەی – نیۆیـۆرك تـایمز–دا نووسیویەتی: رووبارێك لەناوچەکەدا هەیە هەندێ شەو منداڵان خـەونی سـەیر سیری لێ دەفرۆشـن بەگەشـتیارەکان/ من خـۆم زۆر شـتم دەربـارەی رووبارەکـە بیسـتبوو لەڕاسـتیدا کتێبێکـی نهێنـیم لەبارەیـەوە خوێنـدبۆوە/ وابـزانم لەنووسـینی – کۆڵـۆمبس–بـوو/ بەهـەرحاڵ کتێبەکـە کۆنـەو لەسـاڵی ١٦٤٠ی پـێش مردنـدا لەچـاپ دراوە/ مـن خـۆم نەمدیوە بەڵام هەندێ لەهونەرمەندە شێوەکارەکان دەڵێن لەم بارەیـەوە – واتـا لەبارەی رووبارەکەوە – سلفادۆر دالی – کۆمـەڵێ تـابلۆی هەیـە/ تەنانـەت قـاو وایـە گوایـە هیتلـەریش لـەبارەی رووبارەکـەوە لـەکاتی گەنجێتیـدا تابلۆیـەکی کێشـاوەو/ تابلۆکـە لەچـاخانەیەکی کـۆنی کفریـدا دۆزراوەتـەوە. / رۆژێـك لـەگوێی رووبارەکـەدا چـاوەڕوانی ژنـێکم دەکـرد/ نـەهات/ نـازانم ئـەو رۆژە رابردوبوو یا داهاتوو؟/ هەمیشە دڵمان خـۆی بـەبزماری چـاوەڕوانی شـتێکدا هەڵدەواســێ/ لـــەدایکبوونی کچـــێك/ مردنـــی دیکتاتۆرێـــك/ کودەتایـــەکی ئابووری/ هاتنی فڕۆکەیـەك/ فڕۆکـە منـداڵێتی خۆمانمـان بیردەخاتـەوە/ ئێمـە وەچـەیەکین لەمنداڵییـەوە فڕۆکـە هاوڕێمانـە/ لەکفرییـەوە تـاوەکو حـاجی ئۆمـەران فڕۆکـە هـاوڕێم بـوو/ ئێمـە هیچمـان نـەبوو بەفڕۆکـەکانی ببەخشـین/ بـەڵام ئـەوان کچـە دەوڵەمەنـدبوون دیاریـیـان بـۆ ئێمـە زۆربـوو/ جارێکیـان خـەڵاتو بـەراتێکی زۆریـان بەمنـداڵانی قـەڵادزێ بەخشـی/ رەنگـە منالـەکان ناوی دیارییەکانیان لەیاد نـەمابێ/ بەڵام لەئەرشیفی کریملین دا پارێزراوە/ لەوانەیـە لەسـەدەی داهـاتوودا منـاڵان هـاوڕێتی مـانگی دەسـکردو کەشـتی ئاسمـانی بکـەن/ یـا کـێ دەڵـێ.. دەشـێ کچـانی زەوی‌و لاوانـی نـاو دەفـرە

فڕیوەکان پێکەوە دڵداری بکەن؟/ ئەرێ بشێ لاوانی ناودەفرە فڕیوەکان ماچ بزانن؟/

(گەلێ کاتم لەکەناری رووبارەکەدا بەخوێندنەوەی بەیاننامەی سیاسییەوە لەدەس چوو) ئەمە لەدەفتەری سواڵکەرێکی مردووی گوێی رووبارەکەدا نووسرابوو.

کرێکارێکی شارەوانی دۆزییەوەو لەهەندەران بەکارمەندێکی مۆزەخانەیەکی فرۆشت.

ئای تازە تێپەڕی منیش لەبیرم نەبوو نەختێ کات لەجانتایەکدا بشارمەوەو لەگەڵ کچێکدا دڵداری تیا بکەم/ کاتەکانم لەوانەیەکی هونەردا مۆمیاکردو لەتوێی کتێبێکدا ونم کرد/

دەڵێن جارێکیان تارمایی کچێك لەڕووبارەکەدا دەرکەوتووە ئیتر خۆرگیراوە/ یاوەکو پیرەژنەکەی گەڕەکمان دەڵێ

خۆر لەترسی شەوی چاوی کچەکە چووە بۆ پشت چیاکە یا رایکردووە بۆ هەندەران/ دەڵێن دوای بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگو باسە کوڕە پاشایەك بەخۆیو لەشکرێکەوە/ لەروبارەکەدا دوای کچەکە کەوتن دەڵێن ئێستاش نەکچەکە دیارەو نەکوڕە پاشاو لەشکرەکە/ ئەم قسانە ئەگەر درۆش بێ گلەیی لەمن مەکەن/ من سیناریۆیەك بۆ شانۆنامەیەك یا فیلمێك دەنووسم ئێمە هەمووومان سەرو شت دەربارەی رووبارەکە دەزانین بەڵام پێویستە گوێ لەگەشتیارو گەڕۆکەکانیش بگرین/

کچەکە هات لێی پرسیم: خۆشت دەوێم/

گوتم: من خۆم پاڵەوانی سیناریۆکەم ئەی تۆ ئەو کچەنیت کەخۆشم دەوێی؟/ دوو باڵی لێ رووواو گوتی: سیناریۆکەت بنووسە من دەڕۆم لەسەر ئاوی رووبارەکە پیاسە دەکەم/

## (بەشێك لەسیناریۆكە)

- دیمەنێكی تەنیا :/رووبارێك

- دیمەنێكی گشتی:/ كچێك و كوڕێك بەسەر رووبارەكەدا رادەكەن كۆمەڵێ دەڵەماسی پێیان دەوەڕن/

(پەردە دادەڕێتەوەو رووناكی هەڵدەبێ)

ژوورێكی نیوچە رووناكی پڕ لەپەنجەرە/ یەكێك لەشێوەی من خەریكیی نووسینی سیناریۆیەكە/

پاڵەوانی سیناریۆكە دیارنیە/ پاڵەوانی سیناریۆكە ئەو كچەبوو كەبینیتان فڕی/ ئەگەر نەهاتەوە بەچكە ورچێك لەجێگاكەی دادەنێین/ چونكە لەڕاستیدا ئەو كچە دەوری بەچكە ورچ دەبینێ/ جانازانم بینەران دەڵێن چی؟/

ئەرێ شتێكی تر نیەلەباتی وشە ئەم سیناریۆیەی پێ بنووسم؟

دەترسم تا ئەم سیناریۆیە تەواودەكەم زۆربەی وشەكان بڕۆن بۆ هەندەران؟

(ئەوە قسەی بەرنادشۆ نەبوو.. قسەی خۆمە)

داوای لێبوردن دەكەم كەسانی سیناریۆكە هەڕەشەم لێدەكەن و دەڵێن رەنگ و رووی راستەقینەكان لەسیناریۆكەدا مەخەرە روو چونكە دەترسێن/ لەڕاستیدا نازانم لەچی دەترسن/ بەلام رەنگە هۆكارەكانی ئەم ترسەیان لەجزمی دوەمی (بیرەوەریەكانی باكۆنین دا دەسكەوێ/ ئەرێ ئێوە ئەوفەیلەسووفە دەناسن كەلەبارەی فەلسەفەی سمێڵ تاشینەوە كتێبێكی بەزمانی رووسی نووسیوە؟/ كێ دەزانێ بۆ یەكەم جار لەچ ولاتێك كارگەی دروستكردنی خەونی ژنانە دامەزرا؟/ ئەمە پرسیارێكە یەكێ لەكەسانی سیناریۆكە لەمنی پرسیووە/ بەڕاستی وەلامەكەی نازانم/ رەنگە وەلامەكەی بووكەشووشەیە بێ لەئاوی كانی عاشقاندا خنكابێ/

لەرووبارەكەدا وەكو دەڵێن/ یاوەكو گوتراوە/ بەشەو قاچاخچییەكان چەرمی منال و قژی ژن و میزڵدان و كولارەو ئالای نەتەوە كۆنەكانی وەكو میدیاو ئاشوورو سۆمەرو .. هتد بەقاچاخ ئەمبەرو ئەوبەر دەكەن/ هەروەها

جارجار ئامێری دەسکردی ژنانەو پیاوانەو تفەنگیش دێنن و بەکفن و تابووت و تەڵ کارەبایی دەگۆڕنەوە/ جارێکیان کچێکیان دیبوو تاوسێکی پێبوو/ گوتبووی هەرکەسێ بمهێنێ ئەم تاوسەی دەدەمێ دەڵێن کچەکە رووتەڵەیەکی پێ پەتی بووە/ خەڵك پێی پێکەنیبوون دوایی دەرکەوتبوو (وەکو پیرەژنەکە گێڕایەوە) تاوسەکە هەموو رۆژێ لەباتی هێلکە گەوهەرێك دەکات/ ئیتربوو بەشەڕ لەسەر کچەکە/ئەویش تاڵە موویەکی بن باڵی خۆی هەڵکڕووزاندبوو دوای ئەوسا دەسبەجێ لەچاو بزربوو دەڵێن ئێستاش هەموو بەیانییەك هەندێ لاو لەکەناری رووبارەکە/ چاوەڕوانی کچەکەو تاوسەکەی دەکەن/ بەڵام وەکو پیرەمێردێکی کوێر بڵاوی کردۆتەوە کچەکەو تاوسەکەی لەپاشکۆی ئەسپی راوچییەکدا بینیوەو بەرەو ئەشکەوتی زاگرۆس روویان ناوە..

ئەو دەڵێ:/ وەکو خۆم بینیم لەوێ گۆڕستانێکی گەورەهەیە/ هەزاران مردووی تیایە/ مردۆکان ساڵی جارێك بەپاسەپۆرت سنوورەکە دەبڕن/ لەوانەیە بڕۆنەوە بۆماڵی خۆیان/ یا دەشێ بڕۆن لەڕووبارەکەدا گوناحەکانیان بسمیل بکەن/ وەکو دەڵێن رووبارەکە هەندێجار ئێواران بۆنێکی نامۆی لێدێ / جارێکیان مەلای گوندەکە گوتوویەتی رووبارەکە بۆنی گوناحی لێدێ / بەڵام ئەم هەواڵە ئاڵۆزەو هەواڵنێر نەیگوتووە کام مەلاو کام گوند/

باشە عاشقان بۆ دەنوون
خۆ بیابان گۆرانی بۆئەوان دەکات بەهەور
باشە شێتان بۆ کوێ دەڕۆن
خۆ ئەم درەختانە
لەشایی ئەواندا ئەم هەموو نوکتەیە زیندەبەچاڵ دەکەن..!
ئەی سۆفییانی بەرۆژوو
بۆچی دەمردن.. خۆ هێشتا زۆر ماچ ماوە رۆژووی پێ بشکێنن..
خۆ هێشتا
زۆر گوناح ماوە لەخەڵوەتگاکاندا
دەستەمۆی کەن و.. دەستنوێژی پێ بشۆن

دەڵێن ئەو گوتوویەتی:
لەتراژیدیای هەڵەبجەدا
زۆر کۆمیدیا روویداوە:
لەوانە:
١. لەدایکبوونی هەزار شاعیری لێبووک
٢. لەدایکبوونی دە هەزار شیعری ئیفلیج
٣. لەدایکبوونی سەد هەزار وتاری سیاسی نەزۆک
..هتد.. نا لەبیرم نەبوو ٤. دامەزراندنی هەزار باندی دزیو گزیو ئاڵو وێڵو گۆڕ بەقەرزدان..
٥. پشتگوێخستنی خانووبەرەو بایەخدانی تەواو بەڕازاندنەوەو ئارایشتکردنی چەکخانەکانو کورسیو مێزی مەسئولەکان
٦. قەدەغەکردنی کۆلارەو بووکەشووشەو
دابەشکردنی تفەنگ بەسەر منالاّندا
٧. بیشیزانم نایڵێم..
٨. ئێوە لەمنی باشتردەزانن..
٩. تەنها کیمیابارانکراوەکان دەیزاننو (من هەر نایڵێم)
١٠. رۆژهەڵەبجەیی دەیزانێ..
١١. لەدوای راپەڕین لەشەڕێکی ناوخۆدا کوژرا..
(پارەو کورسی پەرلەمان
شۆڕگێڕ دەکەن بەبازرگان
(لەپەندەکانی پیرەمێرد)
– ئەمە ئەو لەمیهرەجانی یەکەمی شیعری کوردیدا لەکەرکوک گوتیو خۆی شاردەوە–
وفيما يلي مختصر الانباء الهامة لمن لا يجيدون اللغة الكردية:
لبعض الحروف الابجدية انغام مطلسمة
وشبائك كهربائية
تجذب الانفس بقوة تضاهي
قوة سبعة ملاين حصان

اه ما أحلى الحرف الموسوم بالقاف
نستطيع بمساعدة الحرفين:
م. ر ان نصنع قمرا في سماء اية ورقة بيضاء
ق+ م+ ر = قمر (سنمنع امريكا من غزو هذا القمر في المستقبل)
ونستطيع ان نبني بهذا الحرف
بدمجه مع الحرفين .. ص. ر قصرا
ق+ ص+ ر= قصر (سنمنح هذا القصر في المستقبل للشاعر سلام مصطفى)
وفي امكاننا ان نحفر بهذا الحرف قبرا لاي دكتاتور اوحب ذهب زمانه وذلك بمساعدة الحرفين ب . ر
ق+ب+ر= قبر (لا احد حتى الدكتاتور لا يرغب الاستلاء على هذا القبر)
ساتحدث في الدروس القادمة
عن كل حرف من الحروف الابجدية وغير الابجدية
وكمائنه وطلاسمه وشبكاته الالكترونية
على حدة
اما اليوم فاخصص هذا الدرس للحديث
عن الحرف الموسوم بالميم
لهذا الحرف جاذبية، شرسة
لكسب الانفس
حيث يفعل مايشاء من المعجزات الاوتوماتيكية
فحين يضاجع هذا الحرف الحرفين ل . ك
يتحول الى ملك
م+ل+ك ملك
والملك حتى ملك الشطرنج
يفعل مايشاء من الاعاجيب
ويغير مايشاء من الزمان والمكان
ويؤجج مايشاء من الحروب والفتن والحب
وبامكاننا تحويل حرف الميم بتطعيمه من الحروف:
س ؤو ل

الى مسؤول
م+ س + ؤو+ ل = مسؤول
ولهذا السبب يتكاثر
عشاق وانصار حرف الميم
ثانية بعد ثانية
في خضم التحولات والثورات المستمرة
على خارطة النهد الذي نسميه: الكرة الارضية
ولاهمية هذا الحرف في بعض المجتمعات
يتخاصم الابطال
لنيل هذا الحرف وذلك لصلته المباشرة كما بيناه انفا
بكلمة المسؤول
فالمسؤول في المجتمعات الشرقية
لقب سحري يتهافت عليه الناس
من كل صوب واتجاه
واقرب الامثلة على ذلك:
* مسؤول الورود الحديدية
* مسؤول صناعة الثلج من الرمال
* مسؤول المقابر المخصصة للموسيقى والانغام الاثرية
* مسؤول سلخ ودبغ جلود الهدهد
* مسؤول الفنادق والملاعب الروبوتية
* مسؤول مرائيب الطيارات الورقية
* مسؤول اعداد الببغاوات الصالحات للعمل في المعابد الخاصة
* مسؤول انتاج المرايا المستعملة في الملاعب الرياضية
* مسؤول المسامير والقناني الملائمة لوقف زحف الصحارى
* مسؤول المقابر المخصصة للدراجات المتوفية
ولهذا الحرف جوانب اسطورية اخرى
لم اتطرق اليها وذلك لعدم سعة الوقت
فهاهو الجرس يعلن نهاية الجلسة

وربما من فيكم مطلوب للمثول
امام او وراء المرافق الصحية
ولبعض منكم مواعيد مع المراهقات الموبؤات بالفوضى
وفي نهاية الدرس اقول: بسم الله الرحمن الرحيم
اعوذ بالله من شر كل (ميم)
ومن المسؤول العظيم
صدق الشاعر الرجيم

ملاحظة:

تنطبق هذه النظرية على كل المناصب الرسميةو الحزبية التي تبدا بحرف – الميم- كالملك والمدير والمهاتما والمستر و المسز.. وبصفتي مديرا لتحرير مجلة – گەلاوێژی نوێ- الغراء تشملني هذه النظرية بحذافيرها..

جارجار كەلەڕووبارەكە دەپەڕمەوە بیر لەو كچە دەكەمەوە كەهەزار ساڵ پێش تۆفانەكەی نووح/ لەوێ بینیم/ دەیگوت: ڕۆمانێك دەربارەی بوونەوەرەكانی ناو ڕووبارەكە دەنووسم/ من ئەوسا منداڵ بووم/ لەو قسەیە نەدەگەیشتم ئێستا دەزانم شەقام كۆمەڵێ قەلەرەشكەی باڵشكاوەو ئاسمانیش دەریایەكی ئاوەژووە/

جاران لەڕووبارەكەدا بۆ گەڕای ماسی دەگەڕام/ ئێستا بۆ ئاوێنەكانی تەمەنی خۆم/ و جێ هەنگاوەكانی شالا/ جاران لەقەراغی ڕووبارەكەدا بۆ پێڵاوە گومبوەكانم دەگەڕام ئێستا بۆ شوێن پێكانی سافۆ دەگەڕێم/ بۆ پارچەی ئەو بەلەمە دەگەڕێم كە كیلۆپاترا لەگەڵمدا تیادا دەنووست/

مەبەستم كچە جوانەكانی كەركووكە كەئێواران لەشۆڕیجەوە بەشەقامو كۆڵانەكاندا بەهەردو لنگم رایان دەكێشام تاكو نزیك جادە ریش درێژەكەی بەرتەكیەی تاڵەبانی/ لەتەكیەی مەلا (عبدالله)وە هەنگاوەكانیان دەدزیم تاكو جادە كەچەڵەكەی سەركارێز/ كەركوكیەكان ئاگادارن بەڵام نازانم برادەرانی سلێمانی بیستوویانە یان نا/ تانسۆچیلەر خەونی دیوە.. وەك ڕۆژنامەی حوریيەت بڵاویكردۆتەوە/ تانسۆ چیلەر لەخەونیدا بەبۆرییەكی نەوتی كەركووكەوە شەیتانی بووە/ بوڵند ئەجەوید زۆر دڵی خۆشە/ دەڵێ تانسۆ ئاوسە/ لەوانەیە دووسێ مانگی تر بەرمیلێ نەوتی ببێ/ شەوتان باش

کەرکوکییەکان/ بەختەوەرن کەسێ پارێزگاو سێ پارێزگارتان هەیە/ ئەزانم دڵتان خۆشە/ بەرێز وەزیری شارەوانی سەرو گڵکۆتان دەداتێ/ خانووتان بۆچییە.. خانوو یاری پێنج دوو رۆژێکە.. گڵکۆ پێویستە گڵکۆ.. هەتا ئەو رۆژەی لەدایك دەبنەوە خەونی تیا دەبینن ئێستا با یارییەکە دەستپێبکەین تکایە کەس بەفیزەی ساختەوە نەیەتە پێشەوە (ئەو وادەڵێ) تکایە کەس بەدەمامکەوە سەفەر نەکات/ (لەسەر دیواری فرۆکەخانەکە نووسرابوو) تکایەهیچ کەسێك گوڵەبەرۆژەو کلینیکس لەجانتاکەیدا هەڵنەگرێ (فرۆکەوانەکە وای گوت)

من دەمێکە بۆ فەرهەنگێك دەگەرێم جوگرافیای وشەی رووبارم پێ بناسێنێ فیزیاییەکان دەڵێن رووبار بریتییە لەئۆکسجین و هایدرۆجین و بەچکە ماسی/ پیاوانی ئایینی دەڵێن خوا مرۆڤی لەئاو دروستکردووە (منیش دەڵێم رەنگە لەئاوی رووبارەکە دروستی کردبێ) کەواتا ئاو مرۆڤە هەروەها دەتوانین بڵێین مرۆڤ ئاوە/ ماسییەك لەکتێبێکی کۆن کۆندا نووسیویەتی/ خوا ئاوی لەبەر خاتری ماسی دروستکردووە/ لەشریتێکی ڤیدیۆی سەردەمی دیۆجینۆسدا پیرەژنێك داستانێکی لەبارەی ئاوەوە تۆمارکردووەو گوتوویەتی: ئاو لەسەرەتادا کچێکی جوان بووەو لەزانکۆی موسڵ قوتابی بووە/ وابزانم لەکۆلیژی پزیشکی/ ئێوارەیەکیان لەئەزموونگەکەدا مامۆستاکەی دەیەوێ وەك کارێکی ئەزموونگەری پزیشکی سکی پرکات/ ئەویش لەخوای مەزن دەپارێتەوەو دەیکا بەئاوو زەوی نوقم دەکات/

* (تێبینی): گەلێ شتی دی دەربارەی رووبارەکە گوتراوەو نووسراوە: لەکتێبی (الحرب والعشق)دا فەیلەسووفی ناسراوی هیندستان – بەیدەبا– گوتوویەتی: ئاو لەسەرەتادا بەرد بووە/ رۆژێ رۆستەمی زاڵ پێی لەسەریداخزاوە/ ئیتر تووڕە بووەو گورزێکی لێداوەو بووە بەئاو/

لەئاوێستادا بەختەکی دانا گوتوویەتی: ئاو لەپێشدا هەور بووە کچێکی جوانی لەزەویدا بینیوەو لەعەزرەتدا تواوەتەوەو بووە بەئاو بەسەر کچەکەدا داباریوە/ ئیتر لەو رۆژەوە کچان تێکرا چەتریان داهێنا/ زۆر شت ماوە دەربارەی ئاو بیڵێین بەڵام باشتر وایە بۆ ئەو مەبەستە یادەوەرییەکانی

ماجەلان و گەشتنامەکانی ئیبنوبەتووتە بخوێنینەوە/ ئاو زۆر بەسەرهاتی هەیە/ جارێکیان کوڕێك تینووی دەبێ دەچێ لەماڵێك داوای ئاو دەکات/ کچێك پەرداخێ ئاوی دەداتێ/ دەبن بەهاوڕێی/ ئێستا هەموو ڕۆژێ لەباتی ئاو پەرداخێ ماچی دەداتێ/ ئەڵێن ئاو لەم حاڵە تووڕەبووەو دەڵێ پاسەپۆرتێکی ساختەدەکرم و دەڕۆم بۆ کەنەدا/ خۆزگەم بەخۆی لەبۆگەنی ئەم تەرمە دووردەکەوێتەوە هەروەها لەمشتومڕی نێوان ماچ و مانگرتن..

(سوێند دەخۆم هیچ کچێك ڕووبارەکەی نەبینیوە)

- پیرەمێردێك وای گوت-

هەفتەی رابردوو گەشتیارێك نەخشەیەکی پێبوو دەیگوت: جێگای ڕووبارەکە لەنەخشەکەدا چیایەك بووە/ تۆفانی دووەم چیاکەی ڕامالیوەو ئەم ڕووبارەی لێرەدا جێگیرکردووە/ نازانم باوەڕتان بەتارمایی هەیە؟/ من دڵم هەزار جۆر تارمایی تیایە/ هیچ کچێك ناتوانێ شەوی تیادا ڕۆژکاتەوە/ سەدان و هەزار کچ هاتوون ئەم ژوورە بچکۆڵەیەیان (مەبەستم لەدڵمە) بەدووسێ ماچ بەکرێ گرتووە/ هی وایان بووە نیوەشەو لەترسی تارمایی هاواری لێ هەستاوەو بەپێی پەتی رایکردووە/ من نازانم لەوانەیە هاوارەکەی پێکەنین بووبێ بەدڵم/چونکە دڵم تژییە لەپەنجەرە/ کچانیش حەز لەپەنجەرە ناکەن/ کچان حەزیان لەژێر زەمینی بێ پەنجەرەیە (وابزانم ئەم وتەیەم لەسەر دیواری پەرستگایەکدا خوێندۆتەوە)/ من نازانم کاتژمێر چەندەو چ ڕۆژێکەو چ مانگێکەو چ ساڵێکە/ کاتەکانی تەمەنم بەخشپەی پێی ئەو کچانە دەپێوم کەجێمدێڵن (نەك بەکەوچکی قاوە.. داوای لێبوردن لەئیلیۆت دەکەم)/ هیچ ولاتێکیشم نیە/ من لەشوێن پێی ئەو کچانەدا خەون دەبینم کەلەترسی تارمایی رادەکەن.

زۆرجار لەڕووبارەکەوە تابووتێك دێتە دەرێ/ رادەکەم دەڵێم نەوەکو بۆ من بگەڕێ/ کەرکووك ئەی کچۆڵە ڕەشەکە تۆبۆ ئەوەندە سەر بەگۆبەندی ئەم هەموو جەنگە چییە بەرپات کردووە؟/ جەنگ لەگەڵ تایەی ئۆتۆمبێلدا/ جەنگ لەگەڵ ڕەنگی ناسنامەدا/ جەنگ لەگەڵ مامۆستای جوگرافیادا/ جەنگ لەگەڵ قوتابیانی بەشی مێژوودا/جەنگ لەگەڵ ڕەگەزەکانی ئابووریدا/ جەنگ لەگەڵ دوورگەکانی کۆمەڵایەتی و تەوەرەکانی شارستانی و یاری

زانەکانی تۆپی پێو خەونەکانی لەتیف هەڵمەت دا/ هەروەها جەنگ لەگەڵ دەرگای گەراجەکاندا/

## (بۆ ئاگاداری):

دەڵێن زانایەك ئامێرێکی دروستکردووە تیشکێکی لێ دەرژێ بەر هەر کچێك بکەوێ دەمودەس دەبێ بەکوڕ/ هەتا زووە ئەو زانایە بەنج بکەن و بیخەنە ژێر بەستەڵەکەکانی هیمالایاوە رەنگە لەسەدەی بیست و پێنجداسوودی لێ ببینرێ بەڵام ئێمە لەم گۆڕستانەدا بەبێ کچان تەنیایی کەوڵەکەمان پڕدەکا لەمەگزی ئاگر/ جوگرافیاناسەکان دەڵێن: کات و ساتی مردنی رووبارەکە نزیك بۆتەوە/ ئەم مقۆمقۆیە بەمنداڵەکان مەگەیەنن/ دوایی ترسی ئەوەیان لێ دەنیشێ لەکوێ مەلە بکەن/ من خۆم لەم قیل و قالە بەگومانم/ (من وادەزانم جەنگی حەوتەمی جیهانی لەسەر داگیرکردنی رووبارەکە رووەدات) کاتێ منداڵبووم شێتەکەی گەڕەکەکەمان هەروای دەگوت و زۆر جاریش بەخەڵووز لەسەردەرگاکانی دەنووسی.. نەمن و نەکەس نەماندەزانی رووبارەکە چییەو شەڕی حەوتەمی جیهانی چییە. ئەگەر رووبارەکە داگیر بکرێ ئیتر ئێواران هەورە بەدمەستەکان دەنووك لەخەونە نوستوەکان نادەن../ ئەی خوایە گیان بشێ ماسییەکان هێزێکی میللی دروستنەکەن و دژی ئەو کودەتایە نەوەستن کەمانی رووبارەکە دەخاتە مەترسییەوە؟/ ئەمە چاخی کودەتایە/ کودەتای ئەلەکترۆنی/ کودەتای ماتماتیکی/ کودەتای هەڵماتێن: کودەتای تیۆریسەرووی رێژەیی/ کودەتای وەرز دژی وەرز/ دوورنییە بەهار شوێن و کاتی پاییز داگیرکات و زستانیششوێن و کاتی هاوین../

لەبیرم نەبوو کابرای ئاوێنە گرەوە گوتی: شەو پەڵەهەورێك بەسەر رووبارەکەدا دەمیزێ/ نیوەی ماڵەکان دەبن یەقورباقەو نیوەی ماسییەکان دەبن بەتایەی پاسکیل/قاوە گرەوەکەی پاریش هەروای گوت/ رهکذا قالت العرافة اللوطية قبل مغادرتها ساحل النهرفي العام الخامس قبل الميلاد (اقصد ميلاد الالهة) والعرائس التي تظاهرت ضد الزواج/

## (پەراوێزێکی تر)

* مامۆستای ماتماتیك دەڵێ : رووبارەکە نامرێ.

* مەلای مزگەوتەکە دەڵێ: کەس ناتوانێ رووبارەکە داگیربکات.

وەزیری تەندروستی گوتوویەتی: تەندروستی رووبارەکە زۆر باشە

* وەزیری نەوتیش رایگەیاندووە ئاوی رووبارەکە لەنەوت گرنگترە.

* وەزیـــری کشـــتوکاڵ دەڵـــێ: ئـــەو هەواڵانـــەی لـــەبارەی رووبارەکـــەوە راگەیەندراون درۆو دەلەسەن رووبارەکە هەلاّمەتی نیە بەڵکو تووڕەبووە.

* شاعیرێك دەڵێ کەرووبار بمرێ شیعریش لەتینواندا دەخنکێ/

* من دەپرسم: فرۆکەوانێك گوتی: ئایا ئەمە سەری خۆمە بەملمەوە؟

* ئەرێ راستە فڕۆکەوان حەزی لەبینینی شانۆنامەکانی دانتییە؟

(منداڵێك ئەو پرسیارەی کرد)

* بۆگەنێك دێ وابزانم ئەستێرەیەکی مردو کەوتۆتە خوارەوە!

(پیرەژنێك بەتەوسەوە ئەو قسەیەی کرد)

* من چ بکەم لەشارێکدا مەرگی تیانەبێ؟

(فەیلەسووفێك ئەوپەندەی لەبەردەرگایماڵەکەیدا نووسی)

ئێمە چۆن چۆن لەم دۆزەخە رزگاربین- مەبەستم خودی خۆمانە-؟

(عاشقێك بەم جۆرە وەلاّمی جان پۆل سارتەری دایەوە..)

* منیش دکتاتۆری ولاّتی خەونەکانی خۆمم (جاڵجاڵۆکەیەك)

* رابردوو جوانترین بووکەشووشەیە (دکتاتۆرێك)

* منارە زۆر گوناحە بەهاوین مەلەناکات(ماسییەك)

* پەنجەرە زۆر بەدبەختە پێی نیە یاری تۆپی پێ بکات (من)

* دەنگی گوڵ لەبۆنی گوللە خۆشترە - سەربازێك-

*من دیلی رۆماننووسم (پاڵەوانی رۆمانێك وای گوت)

* سـبەینێ لـەلای قەیسـەر شـکات لەدستۆفیسـکی دەکـەم چـونکە زۆر تاوانی بەناهەق داوەتە پاڵم (راسکۆلینکۆف)

* من دیلی شەقامم (پەیکەرێك وای گوت.. وابزانم پەیکەرەکەی حاجی قادر بوو)

* من دیلی قاچم (پێڵاوێك وایگوت وابزانم پێڵاوەکەی شالابوو)
* دەرگایەك داخرا (وابزانم دەرگای عەشق بوو)
* پرسار نەماوە بیکەم (قوتابییەك بەماموٚستای گوت)
* توٚ ناوت چیە؟ ماموٚستایەك لێی پرسی)
* چەنی مانگە؟ (تەقاویتکراوێك وای بەکچە ماموٚستاکەی گوت)
* سەربازی پێڵاوێکی تەسکە (سەربازێك وای لەدەفتەری یادەوەرییەکانیدا نووسی)
* خەون دروٚیە هەموو شتێك حەقیقەتە (شێتێك وای گوت)
* حەقیقەت دروٚیە هەموو شتێك خەونە (فەیلەسووفێك)
حەقیقەت‌و خەون ژن‌و مێردن دروٚیان دەبێ (ئەو وای نووسی)
* وقوفا ايها الرفاق
فالجبل على صواب
انه الحل الوحيد
(مالك حداد)

* الرجل الاول : (للثاني) نحن جميعا بلهاء للاسف ويحكمنا سفهاء
* الرجل الثاني : لابد من ايجاد دواء لذلك وهذا الدواء لاوجود له (يوجين يونسكو – لعبة القتل)

## فەرموون ئێستاش ئێوەو بەشێکی دی شانوٚییەکە:

ئەکتەری یەکەم: ئەوە گوایە دەڵێن ئەو گوتوویەتی چەند جوٚرێك سەرکردە هەن

ئەکتەری دووەم: گوتوویەتی چەند جوٚر..؟

ئەکتەری یەکەم: زوٚری گوتووە زوٚر..

ئەکتەری دووەم: لەوانە هەندێکی بڵێ

ئەکتەری یەکەم: سەرکردەی ئەلەکتروٚنی/ سەرکردەی زوٚرەملێ / سەرکردەی کارتوٚنی/ سەرکردەی شەڕی براکوژی.. سەرکردەی هێزی

تالآنی/ سەرکردەی ئاودیوکردنی فافۆن و تەلی کارەبا/سەرکردەی کارگەی هەڵهێنانی زەڕنەقووتە..

سەرکردەی هەڵزنان بەئەشکەوتی مەمکدا.. و هتد.

ئەکتەری دووەم: دەڵێن.. کۆمەڵێ پەرتووک کەوتۆتە کتێبخانەکانەوەو ناوی نووسەرەکەی پێوە نییەو یەکێ لەپسپۆڕەکانی خەواندنی موگناتیسی سەلماندوویەتی کەپەرتووکی ئەون..

ئەکتەری دووەم: کام کتێبانەن؟

ئەکتەری یەکەم: گوێبگرە ئەمە ناوی کتێبەکانە:

١. چۆن بەباسی راوەماسی
دەبی بەسەرکردەو سیاسی
٢. چۆن و چۆن و چۆن
دەبی بەملیۆنێر بەفافۆن
٣. تاثیر الفراغ
علی خلایا الدماغ
٤. دور الوزراء والبرلمان والتجار
في استمرار الفساد والحصار
٥. تاثیر البترول وکرة القدم
علی السیاسة وضغط الدم
٦. تاثیر الاحزاب
في استمرار الحرب والخراب

ئەکتەری دووەم: ئەرێ دەڵێن لەسەر تاشەبەردێکدا کەلەناوچەی چەۆمۆ دۆزراوەتەوە (ئەمە بەمەزەنەی خۆم لەکاك محەمەد کوردۆم بیستووە) وێنەیەکی ئەو کێشراوەو باسی ئەو کراوەو بەیەکێك لەپسپۆڕە هەرە شارەزاکانی جەنگ لەقەڵەم دراوەو گەلێ نامیلکەی بەنرخی لەبارەی جۆرەکانی شەڕو جەنگەوە لەپاش بەجێماوەو دەستنووسی هەندێکیان لەلای هەندێ کەس دەسدەکەوێ.. من نازانم دەڵێن ناوی کۆمەڵێ لەکتێبەکانی لەبیبلیۆگرافیاکەی خوالێخۆشبوو مستەفا نەریماندا بووە..

بەلام سانسۆر هێلی سووری بەژێردا هێناوەو بلاوکردنەوەی ناوەکانیانی قەدەغە کردووە..

ئەکتەری یەکەم: ئەمە قسەیەکی تازە نیەو لەسەرەتای راپەڕینەوە من ئەم هەواڵەم بیستووەو ناوی هەندێ لەکتێبەکانیش دەزانم..

ئەکتەری دووەم: بەڕاستیتە؟

ئەکتەری یەکەم: بەڵێ بەراستیمەو فۆتۆکۆپی دەسنووسی هەندێ لەکتێبەکانیش لەبازاڕی رەشدا دەفرۆشرێ

ئەکتەری دووەم: ناوەکانیانم پێ بڵێ بۆئەوەی ئەگەر پارەم بوو بیانکڕم.

ئەکتەری یەکەم: قەڵەمو کاغەزێك دەربێنەو بیاننووسە:

١. شەڕی تەورودار/ لەسەر نەوت

٢. شەڕی نێرینەو مێینە/ لەسەر فیلمی کارتۆن

٣. شەڕی مرۆڤو سروشت / لەسەر ژن

٤. شەڕی دەستو مەمك/ لەسەر پشیلە

٥. شەڕی دەمو مەمك / لەسەر پاراستنی نهێنی

٦. شەڕی پێو پێلاو / لەسەر گۆرەوی

٧. شەڕی قەڵەمو کاغەز/ لەسەر چەتر

٨. شەڕی دارو با/ لەسەر جۆلانێ

٩. شەڕی شاعیرو رەخنەگر لەسەر رێگا..

١٠. شەڕی وەزیرو کورسی.. لەسەر ماوەی پشوودان

(پەردە دادەرێتەوە)

دەرهێنەر دێتە سەر شانۆو دەڵێ: بینەرانی بەرێز داوای لێبووردن لەهەمووتان دەکەین ئەو دوانەی کەلەسەر شانۆکە بوون نەئەکتەربوونو نەئەندامی تیپەکەی ئێمەبوون.. دوو زەرتەکی هەلوەربوونو لەکاتێکدا کەئێمە خەریکی پرۆڤەکردن بووین.. هەلیان بۆرەخساو بەدزی ئێمەوە ئەو ئاژاوەیەیان لەسەر شانۆکە نایەوە. ئێستاش لەبەر ئەوەی پێنج خولەکی دی کارەبا دەبڕێ.. داوای لێبووردن دەکەینو سبەینێ کەهەینییە کاتژمێر ١٠ی

سەر لەبەیانی هەر لەم هۆڵەدا بەشێکی دیکەی شانۆییەکە پێشکەش دەکەین و تا ئەوکاتە بەخوای مەزنتان دەسپێرم.

(تكمن ماهية الفن في الكلية الحرة الناجمة عن الاتحاد الحميم بين المضمون وبين الشكل المطابق له بقدر او باخر) هيغل الفن الكلاسيكي/

*       *   *

(لكل فرد ان يغادر اية بلاد بما في ذلك بلده كما يحق له العودة اليه)

لائحة حقوق الانسان

ئەم بەندە تەنها بۆدەوڵەمەندەکانە

احمق + تاج = امبراطور او دكتاتور

جبان +بندقية = بطل

بطل – بندقية = جبان

يعاني العالم من ازمات كثيرة .. اهمها:

ازمة قنابل الحلم

والنيران الصالحة للسباحة والمياه الصالحة للحب

والفتيات الصالحات للشرب

وحبوب منع السياسة

والنهود الكافية

لتعليم جدول الضرب والتقسيم

وخوض معارك القبل في الجامعات

والنساء الصالحات للذبح

*       *   *

بهشت برين ملك.. ماواى ماست

كه بند غم امروز پر پاى ماست

يا (حافز يا سەعدی)

*       *   *

داوای لێبوردنتـان لێدەکـەم لەچاوەڕوانی دەرهێنـەری شانۆگەرییەکەدا..
داواکارییەکـەی ئێـوەی بـەڕێزم لەبیرچـۆوە فـەرموون ئەمـە ئـەو گۆرانییـە فۆلکلۆرییەیـە کـەپێش دەسـتپێکردنی کۆڕەکـە داوتـان کردبـوو.. هیـوادارم بەدڵتان بێ..

تـابووتی ئاوسـی سـەرکەوتن/ بیابـانی ڕەنگـە هەڵـەوەڕەکان/ دەنگـەکانی بێـدەنگی/ پـەڕی نـەرمی دوپشـك/ پشـیلەی گۆشـت نـەخۆر/ماچـی تفـەنگ/ گوللەی عەشق،

چاڵی بەرز/ چیای قووڵ

پێڵاوی سەری کەچەڵ/ شەبقەی پێی ماندوو/

دەمانچەی ئاشتی/ کۆتری شەڕ/ بەردی نەرم/ تەمی ڕەق/ چەند کیلۆیـەك ئاگری سارد/ ئیزرەم بەفری ماچ/

نیوکیلـــۆ ســـووتووی عەشـــق/ هـــاوڕێتی ژووژك و مـــار/ نوێـــژی شەیتان/گوناهی دەروێش/ لقی ئاو/ شەپۆلی درەخت گوڵەبەڕۆژەی نـاکۆکی/ بەنـەخوێنی بلووز/ ملیـوانی مایۆ/ کـەرەوزی سپی/ شیری سـەوز/ دارچینی یادگار/ زەنجەفیلی خەون/ تومبێلی نـەخۆش/ مرۆڤی پەنچەر/ فڕۆکەخانـەی کـەر/ تەویلـەی فڕۆکـە/ خـەمی پیـاوانی گـومرگ/ پەیوەنـدی نێـوان دڵـداری و دۆلار/ یـەك گـوێنی خەتسـوور/ ماچـی ئسـتۆك/ گـۆرەوی پشـیلە/ شـەکری سوێر/ خوێی شیرین/ شەڕە دەنووکی مەمك/ شەڕە مشتی چۆلەکە/ شـەقەی باڵی ئاسك/ ترپەی سمی کەو/ پەیـژەی مێرووله/ پەیوەندی نێوان بیابان و دەریای بەستەڵەك/ پاپۆڕی بیابان/ وشتری دەریا/ نۆمـای هێستر/ هێلکـەی مـاینی ئـاگرین/ بۆشـایی پـڕ/ پـڕی بـۆش/ مـەیموون لای دارتـاش دەرپـێ دەدوورێ/ لـەلای دکتـۆریش سـەری دەتاشـێ و لـەلای ناڵبـەن داوای حـەبی ژانەسـەر دەکـات/ فیـل چـەند بچـکۆڵەیە/ پەپوولـە چـەند گەورەیـە/ مێشـوولە چەند میهرەبانە/ هەنگ چەند ناهـەموارە/ ئاسمـان چـەند نزیکـە/ زەوی چـەند دوورە/ چەن دوورە.. چەند دوور

دەنگم چەند خۆشە/

چەند خۆشە/

خۆش/

ئای پشیلە چەند گێلە ناتوانیّ بلّیّ : ڤیاگرا..

مشکیش چەند کەرە بیست ساڵە لەقوتابخانەیە.. کەچی هێشتا فێرنەبووە بنووسیّ لەتیف هەڵمەت

لەجوگرافیاشداهەر تەمەڵە/ نازانیّ کوردستان لەئەفریقیادایە یا لەئەورووپا..!

ئاخر ئەم جۆرە قوتابییە قوتابخانەی ماچیان بەداخستن گەیاند/

هەرگیز لەدایك نابیّ/ هەمیشە بیّکۆتاییە خەون لەجوغزی خۆی یاخی دەبیّو ململانیّ لەگەڵ فلسەفەدا دەکات.. هەر بۆنموونە: شەڕ بەئیمامی غەزالی یا بەدیکارت یا بەئەدۆنیس دەفرۆشیّ..!

خەون دەڵیّ من کچی خەوننامەکان نیم.. کچی فەلسەفەم/ هیچ شتێك وەکو خەون تەمەڵ نیە(ئەمە قسەی سوقرات نیە.. هی دەزگیرانەکەشم نیە) رەنگە قسەی کەرەکەی نالی بیّ/ هەر چوار وەرزەکە – مەبەستم لەخەونە- بیّ ئیش‌وکارە/ تەنانەت پارەی ئەوەی نیە بڕوات ئاوێنەیەك بکریّو قژە مەرەکەبەکەی لەبەردا دابهێنیّ/ لەبەرئەوە هەمیشە چڵکنە هەرگیز دەموچاویشی هەڵناگریّ/ لەبەرئەوە گەندەمووی زۆرە لەبەرئەوە بەرۆژ هەرگیز لەماڵ دەرناچیّ/( یا وەکو دەڵێن دایکی نایەڵیّ لەماڵ دەرچیّ) جار جار بەشەو یەخەی یەکێك دەگریّ لەگەڵیدا بنویّ/ هەندیّ جار بەڵێنی کووپەیەك لیرە بەفریو دراوەکە دەدات/ من نازانم بەڵام دەڵێن دراوسێیەکیان گوتوویەتی : دایکی بەرۆژ قاچی دەبەستێتەوەو بەشەو دەیپچڕیّ و لەکەلەبەرێکەوە یالەکوتە ئاوێنەیەکەوە.. کوتە ئاوێنەیەکی کۆن یا لەکونێکەوە خۆی دەگەیەنێتە نێچیرەکەی.. دەڵیّ من سەرچاوەی شیعرم دەڵیّ من پردی نێوان هەموو دوو کەسێکم/ دەڵیّ من نایەڵم پۆلیس سنوورەکان بخۆن.. دەڵیّ من بەرچەڵەك خەڵکی ئاسمانم/ ئادەم لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێرەی هێنام بۆئەوەی بیّتاقەت نەبیّ/ دەڵیّ من نایەڵم مردووەکان زیندوو ببنەوەو زیندووەکان بخۆن/ دەڵیّ من نایەڵم زینووەکان کۆچ بۆ ئەوبەری رووبارەکە بکەن/ نازانم مەبەستی کام رووبارە مەگەر لەماجەلان بپرسین)/ دەڵیّ راستە من بەرەچەڵەك خەڵکیئاسمانم بەڵام وڵاتم نیە/ هەندیّ جار کیلۆپاترام/ لەحەوزی قوڕقوشمی تواوەدا مەلەدەکەم/ عاشقی غولامە

ڕەشەکەم دەبم/ هەندێ جاریش (هیلینا)م ئاشتی تەرواده بەرپادەکەم/ گەلێ پایتەختم دروستکردووەو گەلێکیش وێران/ حیکمەتی خۆم لەسەر گومەزی زۆر مەمکدا هەڵکۆڵیوە/ زۆر کچۆڵەم فێری راوکردنی پیاوان کردووە.. دەڵێ هەموو جیهان هی منە/

((دیسانەوە مەبەستم لەخەونە)) کاتی خۆی ئادەم لەبری ئەوەی دڵی خۆش کەم لەمنی مارەکردووە../ ئەوەی بیەوێ ماڵێك دروست بکات دەبێ پرس بەمن بکات/ ئەوەشی بیەوێ جێگۆڕێ بۆ خۆی بکڕێ دەبێ من ئاگادار بکاتەوە/ خەون زۆر قسەی دی دەکات هەر بۆنموونە دەڵێ:

من منالی لادێ هان دەدەم بڕۆن بۆ راوەماسی/

من بەپیرەژن دەڵێم لەحەوشەی کەلاوەکەیدا بۆ کوپەڵەزێڕ بگەڕێ/ من بەڤان کۆخم گوت گوێی خۆی بەسۆزانییەك ببەخشێ/ دەڵێ من شاکان هان دەدەم بەسەرکەوتنەوە شەیتانی بن../ دەڵێ رقم لەئیبوسیرین و فرۆیدە.. یەکەمیان دەیەوێ نهێنیەکانم لەلای کوڕو کاڵ و کچۆلان ئاشکرا بکات.. دووەمیشیان هیچ ئیش و کاری نییە.. هەزار ئەرك و کاری بێگاری بەسەرمندا دەسەپێنێ.. شاعیرانم خۆشدەوێ چونکە کاتی تایبەتی بۆ پیاسەکردن لەگەڵ مندا تەرخان دەکەن و گیرفانەکانم لێواو لێو دەکەن لەوشەو بەفرمێسك قاچە قوڕاوییەکانم دەشۆن و شەوانی ئاوسی بەفر جێگاکانیان بەمن دەبەخشن و خۆیان بەپاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە لەسەر زەوی دەنوون.. دەڵێ گەرچی حەزم لەشوونیە بەڵام بەڵێن دەدەم هەر رۆژێ حەزم لەشوو بوو. شوو بەلەتیف هەڵمەت بکەم.. توخوا کەس ئەم هەواڵە نەدا بەئاژانسی دەنگ و باسی کوردستان نەوەك هاوسەرەکەی بیخوێنێتەوە.. نەخۆشە دوایی دڵی دادەخورپێ/ دار نازانێ لق و چڵەکانی چ خەونێکیان هەڵگرتووە.

گردۆڵکە دەباشیرییە شینەکان / (رەنگە مەبەستم لەچاوەشینەکان بێ) نوقمی هەراو هۆریایەك دەبن.. هەراو هۆریایەکی مەییو- بۆ ئەوەی رووبارێك لەمۆسیقا دروست دەکەن.

دەنگێك وەك سوپایەك بەرەو رووومان دێ / (سوپای هەور.. یا سوپای لم) هاتە گوێمان / ئابلۆقەی داین/

ئەوە دەنگی تووڕەیی ئەوبوو ئەو/ دیسانەوە بەجادو بیرەکانی مەست کردو/ ستریّجی رەشی شەقامەکانی دڕیو/ بێدەنگی گوڵەکانی خستە جانتاکەی دەستییەوە..

چیرۆکێك هەبوو وەکو ئەو بۆ خەڵکی گوندەکەی باسکردووە/ بەرلەدەستپێکردنی کۆتایی هات.

ئەرێ ئەوە چیرۆکی پیرەژنەکەبوو

یا ورچەکە..!

فارابی چوار پرسیاری گرنگی کردووە:

١. ئایا گەردوون ئافەریندەی هەیە

٢. ئەفرێندراو ئەزەلییە یا نوێیە

٣. ئەفراندن چیە

٤. پلەی بوونەوەران چیە

بێگومان وەڵامی ئەم چوار پرسیارە لەکتێبی - تیۆری رێژەیی- ئەنیشتاین و شانۆنامەی - فاوست-ی گۆتەدا دەدۆزرێتەوە..

جارێکیان تۆڕی خەون گرتمی

ئەی کۆلۆنێل دەنگو باسی کەلەشێرەکە چییە؟ (مەبەستم رووبارەکەیە)

ئا ئەوە کەلەشێرە کەیە وابزانم خەودەبینێ/ (لەوانەشە چینە بکا)

ژنەکە لەگۆمی خودی خۆی هاتەدەرێ/

لەگەڵ کێ دەدوێی کۆلۆنێل..؟

کەڵەشێرەکە لەشەڕە کەلەشێرەکەی دوێنێدا مرد..

سەیری ئەو دەستو بردییە بکەن سەیری..

کەکاتژمێر

ئاسن و بەردی پردەکانی پێدەخوات.

ئەمە قسەی من نییە/ شالاش قسەی وای لەنامەکانیدا نەنووسیوە/ ناشزانم کێ گوتوویەتی/ لەقسەی ئەویش ناچێ/ لەوانەیە ئایەتێکی لەبیرکراوبێ../ یا وتەیەکی پیر شالیاری زەردەشتی/ نەچرای چاوی گورگێکی پیر دیارە (مەبەستم لەچیایە)

نەهەناسەی غەریبی کاروانێکی رێ ونکردو..

دەڵێن ئەمە لەسەر تاشەبەردێك نووسراوەو خەتەكە.. لەخەتی ئەو دەچێ (زۆر كەس بەخەتی ئەوەوە بازرگانی دەكەن/ ئەی رووبار تۆ هەمیشە هەی (مەبەستم ئەوەیە سوژدە بۆ خوا دەبەی) پردیش (دەڵێن ئەو گوتوویەتی هەموو پردەكان ژنی تۆن)

پرد.. پرد.. پرد.. / لەوانەیە مەخسەدی پردەكەی خاسەبێ!

كچەكە گوتی تاوەكو دەروازەی شار (لەوانەیە مەبەستی شاری كەركوك بێ) لەگەڵتدا دێم (واتا شوێن پێم تا ئەوێ دەچێنم)

گوتی/ گەیشتم ئەمە دەروازەی شارە (رەنگە مەبەستی گۆڕستان بێ

لێی پرسی: لەكوێوە هاتووی/

وتی/ لەچیاوە..؟

چیا؟ من لەئەتڵەسدا چیام دیوە../ لەكەركوكیش چیایەك هەیە ناوەكەیم بیرچۆتەوە/ هەروەها لەفیلمی هیندیشدا/ گۆرانییش لەشیعردا باسی دەكات/ چیا كچێكی باڵابەرزە هەزار مەمكی گەورەی هەیە.

بیر لەچی دەكەیتەوە؟ لەوەی تەم ئێواران لەكوێ دەنوێ..

خێوەتی رووبار رووخا.. / (نازانم رووخا یاخود دزییان)/ هەروەها كۆڵەكەكانی خەون..

چۆن بچمە بێدەنگییەوە؟ (مەبەستم بێدەنگی بەردە)

رێبوارەكە لەبازنەكانی یادا ون بوو

جادوبازەكە هۆڵەكەو دانیشتوانی كرد بەبەرد

ییتس تەنها شاعیر نەبوو.. وەكو شكسپیر گوتوویەتی بەڕێوەبەری شێتخانەیەكیش بوو..

كەبەڕێز – ك– لەبارەی ئەو ئاژەڵەوە كەلەهەموو ئاژەڵەكان زیاتر رێزی دەگرێ پرسیاری لەوكرد..

لەوەڵامدا ئەو باسی فیلی كرد.. و لەو بارەیەوە..

وتی فیل باشترین شاعیری ئەكرۆبایتیكە..

كاتی ئەوە هاتووە ئاژەڵەكە سەربڕین.. / یا بیفرۆشین/ كام ئاژەڵ.. ؟ باسی فیلی شەترەنج دەكەی/ یا فیلی هیندستان/ سەفەرێكی خۆشت بۆ دەخوازم بۆ ناخی رووبارەكە..

ئەمە رێکەوتێکی جوان بوو/ (لەگەڵ منتە یا لەگەڵ شاعیرەکە/ لەسەرەتادا لەنێوانی شەپۆڵو وشکاییدا شارێکمان هەبوو.. / شاربوو یا گۆڕستان (کەروێشك دەزانێ)

وەکو گوڵێکی شکۆمەند راپەڕی

بۆنی خواردن / (خواردنی دڕندە رۆبۆتەکان)/

بۆنی میزی مێینە / (مەبەستم مێینەی پەپوولەو ریشۆڵەیە)/

بۆنی نوێژو گوناح .. بۆنی رووبارەکە.. / ئەرێ کام رووبار؟/

ئەم هەمیشەییە کۆمەڵێ هەڵەیە

ئاسمان خۆ کوشتنێکی لەسەر خۆیە/ یا لەدایکبونێکی درەنگ/

ئایا هیچم گوت؟

کچەکە گوتی: ئەی شاعیرەکە بۆچی کاتژمێر گەلێکی زۆر دادەنیشیو سەرنجی بەردێك دەدەیتو لا لەمن ناکەیتەوە؟

ئەمە چیە ئایا دڵت لەمەرەکەب داڕێژراوە؟

لەبیرمە منداڵ بووم.. (مەبەستم لەوەیە بەرلەوەی عەشق بمدزێ/ گوێم لەقیرەی قوڕباقەیەك بوو

مارێك لاقێکی بەدەمدا بردبوو (ئەو هەمیشە وادەڵێ)

ئەوە وڵاتەکەم بوو.. / یاماڵەکەمان کەلەدارە توو هەڕاج کرا..؟/

مانای باوی ریالیزم.. ئەوساو ئێستا هەرئەوەیە

کەبزووتنەوەی سوریالیزمی خستوویەتییەڕوو

مۆندریان دەڵێ: پێویستە وێنەکێش لەسروشت دووربکەوێتەوە..

ئەی شاعیر؟

وەکو جۆنسۆن دەڵێ: رۆمان هەقایەتێکی ناسکە

دەربارەی خۆشەویستی

رۆمان دەخوازێ ببێتە جۆرە کتێبێکی سەرگرووشتە

بێگومان لەجیهانێکی نابەجێدا

شیعری نابەجێ.. بەجێیە.. (نازانرێ رای ئەو لەم بارەیەوە چیە)

هاملت بۆ دواکەوت؟

کێ ئەم پرسیارەی تەقاندەوە..!

گوتی خانمەکەم (وابزانم هەردووکیان لەشانۆییەکەدا دەوریان بینی)
هەردووکیان لەشەقامەکانی شەودا وشەیان دەچاند..
دوای سەدەیەك وتم: (نازانم چیم گوت) ئەویش گوتی (نەمزانی چی پێ گوتم)

بەهەرحاڵ وەکو لەدەفتەری ورێنەکانی ئەودا نووسراوە دوای کۆتایی جەنگ مرۆ کاتەکانی خۆی راودەنێ تا بیانکات بەپانتۆڵێکی درێژ.. (یا بەشەبقەیەك) من باش دەزانم گاڵتە دەکات (ئەو خەڵاتی نۆبڵی لەگاڵتەدا وەرگرتووە) لەڕوسیاش پردێك هەیە (بەڵام قەدەغەیە شیشانییەکان دڵداری لەسەردا بکەن)

لەئەمەریکاش دوان هەیە لەیەسقانی محەمەد عەلی کلای دروستکراوە بەڵام کەس ئەوی لەسەر پردێك لەو پردانە/ بەدی نەکردووە/ دەڵێن خەریکی نووسینی کتێبێکە/ لەبارەی زمانەوە بەتایبەتی زمانی تەنوورە/ کچێك دەڵێ ئەو گوتوویەتی تەنوورە جاران زمانی نەبوو/ ئێستا لەهەر چوار لاوە زمانی درێژ درێژی هەیەو هۆنراوەی لەسەر دووکۆڵەکەی مەرمەڕدا پێدەنووسێ/ هەروا کچێکی دی دەڵێ: ئەو پێی گوتووم لەوانەیە رۆژێ لەڕۆژان/ یەکێ لەو هۆنراوانە خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێ.

خوشك‌و برایانی بەڕێز دەرهێنەری شانۆییەکە گلەیی دەکات‌و دەڵێ تکایە/ ئیتر کاتی پێشکەشکردنی بەشێکی دی شانۆنامەکەیە.. / ئیتر ئێوەو کاتێکی خۆشتر لەگەڵ ئەم بەشەی دی شانۆیەکەدا/ تکایە جگەرەکێشان‌و چوونە سەراو قەدەغەیە / (دەرهێنەر وادەڵێ)

## سروودە نهێنییەکانی ئاو

### ١. (موگناتیس / پرد)

راسپۆتین/ شەهریار/ عەبا../ عەبا/ راسپۆتین/ شەهریار../ شەهریار عەبا/
راسپۆتین/ راسپۆتین.. عەبا.. شەهریار..
شەهریار.... راسپۆتین... عەبا
ر.. ع.. ش/ ش.. ع.. ر
ع.. ر... ش.. / ش.. ر..ع
ش+ر+ع = شرع
ع + ر + ش = عرش
ش + ع + ر = شعر
بەم شێوەیە لەجادووی راسپۆتین‌و لەستەمگەری شەهریارو
لەرەشایی عەبا
شەرع‌و عەرش‌و شیعر دروست دەکرێن
ئیتر سوپاس بۆ گۆرباتشۆف کەبەتەلەسکۆبی بریسترۆیکا
ددانە رەشەکانی ستالینی پێشان داین
کەئاشقەکە هەزارو یەك ماچەکەی تەواو کرد
بەگراوەکەی گوت: رۆمانێك دەربارەی پەتای تینوێتی دەنووسم..
تۆ سەرت بۆچییە.. (دوێنێ ئەو لەخەومدا وای پێ گوتم)
سەر پڕاو پڕە لەکچی مۆمیاکراو
لەرووباری شێت
لەشەقامی نێرەمووك
لەئەشکەوتی شیعر
لەماری مس/ لەلیڤۆکی کرێت
لەدووپشکی یاقووت
لەوێرانە خاکی ئیلیۆت‌و پڵنگەکانی زەکەریا سامیر
سەر بۆچی باشە.. پێ گرنگە.. پێ

پێ سوودی زۆر زۆره
دەتوانی لەڕەودا پێی راکەیت
دەتوانی بەپێ دوای شوێن پێی کچێ بکەوی
دەتوانی بەپێ گۆڵێك بکەیتو ببیتە ئەستێرەیەکی یاری تۆپی پێ
سەر بۆچی باشە
دەتوانی لەجێی سەر
هێلکەیەك..
یا سەڵکێ پیاز دابنێی..!
* * *
کێ دەتوانێ پردێك دروست بکات لەنێوانی
فرمێسكو چیادا
لەنێوانی ئەوو خەڵاتی نۆبڵدا..
لەنێوانی تاتشەرو گەشتنامەکانی مارکۆ پۆڵۆدا
لەنێوانی منو خۆمدا
لەنێوانی ئێوەو خۆتاندا
لەنێوانی ئەوانو خۆیاندا
لەنێوانی خۆمانو خۆماندا..
پرد
پرد
پرد.. لەنێوان ئێوەو شانۆنامەکەدا
لەنێوانی نەخشەی زەویو مەمکدا..
لەنێوانی باقڵو قەیسەری داهاتوودا
لەنێوانی مایکۆفیسکیو لینیندا..
لەنێوانی چیچانو شەکسپیردا..
– ئا لەبیرم نەبوو– لەنێوانی کارەباو لێودا
لەنێوانی بەردو کۆلارەدا..
بابیرتانی بخەمەوە
هەموو پردێك

– دەلال – یکی دەوێ..
ئەرێ ئێوە – دەلال– دەناسن..!
ئەوەی نایناسێ
نەخەتای ئەوە.. نەخەتای من
تازە کات نەماوە
باسی دەلالی بۆ بکەم
بادوای پێشکەشکردنی
بەشێکی تری شانۆگەرییەکە
بڕوات لەکتێبخانەی زاخۆ..
کتێبی – مێژووی پردەکانی جیهان –
بخوێنێتەوە..
ئیتر وا دەرهێنەرەکە هاتەوە سەر شانۆو هیوادارم کاتێکی خۆشتر لەگەڵ
شانۆگەرییەکەدا بەسەر بەرن..

## ٢. گۆڕی هەفتە

هەموو کەسێك دەزانێ
ماسییەك لەو ڕووبارەدا
قەپی بەقژمدا کردو ڕووتاندییەوە
*    *    *

هەموو کەسێك دەزانێ
حاجی لەقلەقێك لەسەر ئەو منارەیەوە خۆی راوەشاند
مووی سمێڵم سپی سپی بوو
*    *    *

هەموو کەسێك دەزانێ
با دوو ریز ددانی ئاسنینی هەیە
بەشەو دەستی دار سنۆبەرەکانی پێ دەخوات
بەرۆژیش گازی پێ دەگرێ
لەپووزی کچان

*    *    *

بەڵام کەس نازانێ

هەفتەیەك هەشت ڕۆژە

ڕۆژی هشتەم مردووە

گۆڕەکەی لەژێر پێی مندایە..!

*    *    *

ماسی / ڕووبار/ قژ

حاجی لەقلەق

منارە

سمێڵ

ددان..

سنۆبەر/ پووزی کچان

هەفتە..

حەوت / هەشت

گۆڕ

گۆڕ

گۆڕ

گۆڕ .. هیچی تر..!

## ٣ . (هەفتەی دۆزەخ)

لەدۆزەخدا هەفتەیەك هەیە پێی دەڵێن:

هەفتەی پشوو

لەو هەفتەیەدا دۆزەخییەکان

دەڕۆن بۆ لای هاورێکانیان

لەبەهەشت

لەگەڵ خزمەکانیاندا دادەنیشن و

باسی رابردوو دەکەن..

لەهەفتەی پشوودا دۆزەخییەکان

لەرۆژانی دی ماندووترن..
هی وایان هەیە حەوت کاتژمێر لەسەر یەك
بەکۆشکێکی بەهەشتدا دەگەڕێ
منەی دایکی دەکات
جارێکیان لاوێك هەر حەوت رۆژی پشووەکەی
لەباخچەکانی بەهەشتدا
بەدوای دەزگیرانەکەیدا گەڕابوو
نەیدۆزیبۆوە
جارێکیان دایکێك منالەکەی خۆی لەبەهەشت دزی بوو..
لەگەڵ خۆیدا بۆ دۆزەخی بەرێ..
پاسەوانەکانی دۆزەخ حەوت مانگ
پشووی دۆزەخیان لێ قەدەغەکرد
جارێکیان شاعیرێك
شیعرێکی بەدیوارێکی بەهەشتدا هەڵواسی بوو..
ناوی نابوو هەفتەوەری دۆزەخ
پەرییەکان پێی پێکەنی بوون و
بەپاڵ تووڕیان دابۆوە ناو دۆزەخەوە..
خانمانی بەڕێز
برایانی هێژا
لەهەفتەی داهاتوودا
باسی پشوویەکی تری
دۆزەختان بۆدەکەم..

## ٤. (رۆمانەکانی چیاو پیرەژنێك)

هەی لەزەوی ناسەکان/ ئاگاداری داب و مەرتاڵی سروشت نین
وادەزانن چیا کۆمەڵێ سێبەرو ئەفسانەیە
چیاش جموجوڵی خۆی هەیە وەکو ئاو
هاتوهاواری خۆی هەیە وەکو با
قووڵایی خۆی هەیە وەکو دەریا
جار جار تووڕە دەبێ و هەنگاو بەسەر دارستانێکدا دەنێ و
ناوی لێ دەنێ رابردوو (مەبەستم لەچیایە)
جارجار بەشوانێکدا هەڵدەشاخێ و گۆچانەکەی لێ دەدزێ
(ئەمە منداڵێك پێی گوتم.. بەڵام من باوەڕم پێ نەکرد)
جارجار ئاشقی کچێك دەبێ و قووتی دەدات/ یا سکی پڕەکات و
تاشەبەردێکی لێ دەبێ/ یا کانییەك
جارجاریش خەو بەوەوە دەبینێ
بەرخی بەرخەوانێکی نوستوو بدزێ و
لەگەڵژنێکی لادێیدا بیکات بەقاورمە..
چیاش رۆماننووسە دەیان رۆمانی نووسیوە..
چیا لەنووسیندا رێبازێکی تایبەتی نییە
هەندێ جار بەشێوازێکی سوریالیزمانە دەنووسێ و
هەندێ جاریش دەکەوێتە ژێر کاریگەری رۆمانسیەتی
رۆژئاواوە..
بەڵام بەگشتی حەزی لەرێبازی ریالیزمی جادوویيە
هەروەها چیا هونەرمەندێکی شێوەکارە
هەموو ساڵێ پێشانگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە
بەڵام چیا نشینەکان زەوقی هونەرییان نییەو
دیدەنی ناکەن..
چیاش پاڵەوانی یاری تۆپی پێیە
بەڵام تیپەکان لەقاچە درێژو ئەستوورەکانی دەترسن و
نایەڵن لەیارییە ئۆڵەمپییەکاندا بەشداری بکات

چیاش لەپێشبڕکێی پاسکیلدا بێ هاوتایە
کەس نیە پاسکیلێکی پێشبڕکێی تایبەتی بۆ دروست بکات.
زۆر جار چیا لەپێشمانەوە رادەکات‌و نایبینین.
زۆرجاریش شەوانی ئاوسی کرپوە
پەنجەرەکەمان دشکێنێ‌و ناتوانێ بێتە ژوورەوە
چونکە لاقەکانی درێژن..
زۆرجار پێمان دەڵێ:
لەژوورەکەتاندا کورسییەکەم بۆ دابنێن لەسەری دابنیشم
بەڵام ئێمە گوێمان لێ نییە
هەندێ جار دەڵێ:
رەشەبا پرچی ئاڵۆزکاندووم
ئاوێنەیەك‌و
شانەیەکم بدەنێ
بائارایشتی خۆم بکەم
نەوەك کچە شوانەکە توانجم تێ بگرێ
هەندێ کەرەتیش دەڵێ:
زۆر زۆر بێ تاقەتم
ئا جگەرەیەکم بۆ داگیرسێنن..
زۆرجار چپەیەك دەژنەفین‌و
کەس دیار نیە..
ئەوە چیایە
لەدوورەوە گلەییمان لێ دەکات
بۆ بەم سەهۆڵبەندانە بەرووتی بەجێمان هێشتووەو
پاڵتۆیەك‌و دەمرەو قۆپانێکی بۆ نانێرین..
گەلێ جاریش
یەکێ لەئاوێنەدا
بەردەبارانمان دەکات
ئەوەش هەر چیایە

دەڵێ:
هەی خوانەناسانە
بۆ بەتەنیا جێمدێڵن و
لەگەڵ خۆتاندا
نامبەن بۆ ئەورووپا
بۆخۆم پیرەژنێك مارە بکەم..!

## ٥. دوناوونەکانی چاو

چاو
چاو
چاو
چاو زمانی تایبەتی خۆی هەیە
چاو هەیە لەدوورایی چل کیشوەرەوە ناوت دەزانێ
چاو هەیە کەدەتبینێ
لەپەنجەرەیەکەوە هەموو حاجی لەقلەقەکانی دونیات پێشکەش دەکات
چاو هەیە کەتووشی بی
لەسەر خوانی نان خواردنیش بێ
بەدەستی چەورەوە رادەکات
چاو هەیە وەکو جادوباز
خەونەکانت لێکدەداتەوە
چاو هەیە لەمزگەوتدا نوێژت لەگەڵدا دەکات و
لەماڵەوە تەڵە بۆ خەونەکانت دەنێتەوە
چاو هەیە جزمەیەکی رەشی لەپێدایە / (بەهاوینیش)
چاویش هەیە تاکێ.. ببوورن جووتێ پێڵاوی کودەری قاوەیی لەپێدایە بەزستانیش
چاو هەیە کەپاییزهات گوڵێ .. ببوورە چەپکێ گوڵی بەهارەت دەداتێ..
هەشە کۆمەڵێ بەچکە پشیلەی موو زەرد..
هەیە دڵت پڕدەکات لەتابلۆی پرسیار

هەشە تابلۆکانی پێشانگای بیرەوەریت دەدزێ.
چاویش وەك زەوی
کیشوەر کیشوەرەو پڕاو پڕە لەقازو کەڵەشێرو
پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆنی و مەزاتخانەو
بەیاننامەی پارتە نهێنییەکانو
رۆژنامەنووسی پلە هەژدە( واتە پۆستەچی)و گرووپ و گرووپبازی
تەماشای هەندێ چاو بکە پێت دەڵێ
خاوەنەکەی کێیەو چی لەدڵدایە
هەموو چاوێك دیرۆکی خۆی هەیە
هەندێ چاو
لەگەشتەکانی سیندەبادا بەشدارییان کردووە
گیرفانەکانیان پڕە لەهێلکەی جاڵجاڵۆکەو
بنێشتەتاڵ.. و پاپۆڕە شکاوو.. و تاشەبەردی هیمالایا
چاویش بیرەوەری خۆی لەگەڵ ئاوێنەو هێلکەدا هەیە
چاو تووڕە مەکەن..
تۆ کچۆڵەکە چاوت زویر مەکە
دوایی ئاشکرای دەکات
کێ یەکەمجار یاری شەترەنجی بەمەمکەکانت کردووە..
تۆ .. تۆ ئەی شازادە لەخۆباییەکە
چاوت تووڕە مەکە
دوایی ئاشکرای دەکات
کەپاشا بۆ راو دەچوو
تۆ لەگەڵ خولامەکەتدا چ یارییەکت دەکرد
هێی .. ئەی سەرکردە مەزنەکە
رێزی چاوت بگرە
دوایی پێمان دەڵێ
تۆ خوێنت خواردۆتەوە
یا ئاو..

* * *

## هەندێ پەراوێز بۆ چاو

١. چاو هەیە لەدوو فەردە خەڵوز دروستکراوە
هەشەلەدوو هۆقە قاوەی بەرازیلی

٢. چاو هەیە لەدوو دەسك رێحانە دروستکراوە
هەشە لەدوو لیتر ئاو

٣. چاو هەیە دەتوانێ دڕندە ماڵی بکات
هەشە کۆترو جگەرە دەخوات

٤. چاو هەیە مامۆستای مۆسیقایە
چاویش هەیە
بەبرژانگ تاشەبەرد دەتاشێو
پەیکەری شاعیرانی هەزارەی چوارەمی لێ دروست دەکات
ئاگاداربن
ئاگاداربن
چاو هەیە پڕە لەهەنگوین
بەپەنجە نەیخۆن ها زویردەبێ
بەزمان بیلێسنەوە
*　　*　　*

## تێبینییەك دەربارەی چاو

خوشكو برایانی بەڕێز
نیگەران مەبن
بەدڵنیاییەوە دەیڵێم
چاوە نابیناکان لەهەموو چاوێك
راستگۆ ترن

چونکە .. تەلەفزیۆن و
بەیاننامەی پارتە رامیارییەکان و
قۆپچەو تلّیشی تەنوورەی کچان
هێشتا
کاریان لێ نەکردوون..!

باران بارانە لەدین دەرمـــــی کرد

لەنجەو لارەکەی نم نم تەڕمی کرد

دەڵێم ناوت دەنێم ئاگر

دەترسم بمسووتێنی

دەڵێم ناوت دەنێم باران

دەترسم ببی بەلافاو

دەڵێم ناوت دەنێم گوڵە گەنم

دەترسم چۆلەکەیەك بتخوات

دەڵێم ناوت دەنێم نیشتمان

دەترسم بتکەن بەشەڕگەی براکوژی.. !

*　　*　　*

کسی کنار من

نشته بودو

هیچکس نبود..

طاهره صفازاده

من نانووسم.. دڵم دەکەم بەخۆڵەمێش

من پەیکەرتاش نیم

کچێك بەوشە دروست دەکەم و

لەگەڵیدا جووت دەبم.. !

## (هاوڕێتی)و سێبەرە ئاوسەکان

من هاوڕێتی ڕووبار ناکەم
ڕووبار هەر دەڕواتو
گوێ لەشیعر ناگرێ
من هاوڕێتی هەور ناکەم
کەداوای ماچی لێدەکەم
ئەو خۆی بەچرا داگیرساندنەوە
خەریك دەکات..
من هاوڕێتی کلێسا ناکەم
کەزەنگ لێدەدات
بەجارێ
ڕووبارێك پشیلەی لێ دێتە دەرەوە
تەنانەت ئەبوو هورەیرەش
ئەوەندە پشیلەی پێ بەخێو ناکرێ
هاوڕێتی ئەستێرەش ناکەم
ئەو جێژووانم
لەڕووبارە تاریکەکاندا
بۆ دیاری دەکات
ئاخر من مەلەوانی نازانم..!
من هاوڕێتی ئەلبووم دەکەم
هەر نەبێ جارجار
وێنەی دایکم
یا
دەزگیرانێکی دوورم
بەدزییەوە
پێشان دەدات..!

## (زریان)و لیستەی خەون

هەموویان باسی زیانەکانی
بۆمباکەی دوێنێ بەیانییان کرد..
سیاسەتمەداران گوتیان:
ناحەزانی نەتەوەو نیشتمان
ئەم تاوانەیان ئەنجام داوە..
بازرگانەکان گوتیان:
زیانی سەد هەزار دۆلاری
بەبازاڕ گەیاندووە..
کاربەدەستانی ئاسایش گوتیان:
دەبێ تاوانبار بدۆزرێتەوەو
بەسزای خۆی بگات..
بەڵام کەس باسی ئەوەی نەکرد
چەند هێلانە چۆلەکەو چەند شارە مێرووله...
لەئەنجامی تەقینەوەکەدا
وێران بوو..!

***

## گالێسکە

هەموو بەرەبەیانێك لەگەڵ جیڕەی گالێسکە ئاسنینەکاندا
نیشتمانەکەم لەخەو رادەچڵەکێ
ئەم گالیسکانە پڕاوپڕن لە:
جەردەو کینەو خەونی مردوو
هەندێکی تریشیان ئاوسی گازی کوشندەن و
لەکاتێکدا کەنانەواخانەکان ژیان پڕدەکەن لەبۆنی
نانی گەرم
ئەمان شارەکەم پڕ دەکەن لەبۆنی لەشی سووتاو
جارجاریش هەندێ گالێسکە

هەموو گوڵە جوانەکان دەدزن و
بەهار لەباردەچێ
زۆر شتی دیش روودەدات
لەبیرم نەماون..
- خوان رۆلفۆو لەتیف هەڵمەت-
***

## هەور

ئەوە هەور بانگی کێ دەکات
رەنگە بۆ سەرتاشخانەیەك بگەڕێ
قژە درێژەکەی بۆ رێك بخات
هەور لەکەیەوە سەری نەتاشیوە..!
هەور تووڕە دەبێ ئەگەر پێی بڵێی:
قژت درێژە
هەور تووڕە دەبێ ئەگەر منالان
ناوی بەدەباشیر
لەسەر تەختە رەشەی پۆلەکەیان
بنووسن..
هەور کەتووڕە دەبێ
لەداخدا
جگەرە لەسەر جگەرە پێدەکاو
میز بەسەر چەتری کچان و
هێلانەی کۆترە کێویلەکاندا
دەکات..
ئۆی هەور چەند تووڕەیە!
ئەرێ هەور
خەڵکی کوێیە..؟
***

## پەنجەرە

پەنجەرەکان
بەپێی پەتی
خۆیان بەدیوارەکاندا
هەڵواسیوە
ئەوە
سەیری
چی دەکەن..؟
***

## قولاپ

هەور قولاپە درێژەکانی خۆی
هاویشتۆتە ناو ئاوەکان
رەنگە ماسی بگرێ
یا لەوانەیە بۆ پێڵاوەکانی بگەڕێ
چونکە پێی پەتییە
دەشێ لەکاتی دەستنوێژ شۆردندا
کەوتبێتە چەمێکەوە..!
ئەی کێ دەڵێ
دڵدارەکەی داوای
ملوانکەیەکی مرواری
لێنەکردووەو
هاتووە بەم ئێوارەیە
راوە مراوی دەکات..
ماشەڵڵا هەور چەند دەوڵەمەندە
ئەم هەموو قولاپە زیوینەی
لەکوێبوو..؟

## کات

کات پەلەیەتی
بەردەوام رادەکات
کات نەکاتژمێری لەدەستایەو
نەپێڵاو لەپێ دەکات
کات کچۆڵەیەکی لاوازە
ئەوەندە رایکردووە
هەردوولنگی لەڕ لەڕو
هەردوو سمتیشی گەچڵاوبوون
لەدواوە سەرنجی کەس ڕاناکێشن
***

## پێڵاو

پێڵاویش برسی دەبێ
ئەی ئەوە نیە
دەمێکی زلو
زمانێکی درێژکۆڵەی هەیە
بەلام رەنگە لاڵ بێ
بۆیە کەس گوێی لێنەبووە
لەهیچ شاییەکدا
گۆرانی بڵێ
یا داوای ماچێك
لەکچێك بکات
هەرچۆنێ بێ
من دڵنیام ددانی تیژیشی هەیە
ئەی ئەوە نیە
حەفتەی جوتێ گۆرەوی
دەخوات..!

## درەخت

بایۆلۆژیای درەخت جیاوازە
بەزستان گەرمایەتی
ئەی ئەوە نیە
هەرکە بەفر لەگەڵ لووتکەدا جووت دەبێ
ئیتر ئەو نەك هەر ماکسییەکەی
بەڵکو سوخمەکەی مەمکیو
ژێرکراسەکەیو
مایۆکەشی
تووڕ دەداتو
قژە درێژەکەشی کورت کورت دەکاتەوەو
بەشامپۆی هەورەکان دەیشوات

***

## رۆبۆت

ئەرێ رۆبۆت نوێژدەکات
ئاینی هەیە؟
ئەگەر سەرپشکی کەی
خوا دەپەرستێ
یا تاشەبەرد
یا پەیکەرەکەی مۆنالیزا
ئەی دەبێ
لەکەنیسەدا نوێژ بکات
یا مزگوت؟
ئەی خوایە
کێ رۆبۆت
فێری
جیاوازی نێوان
کەنیسەو مزگەوت دەکات..!

## جانتا

ئەوەتا
جانتايەكم بەكۆڵەوەيە
لەوانەيە
تەرمێكى مۆمياكراوى تيابێ
نازانم بيبەم بۆ
گۆڕستانێك
يا ئوتێلێك
ئەرێ جياوازى لەنێوان
گۆڕستان‌و
ئوتێلدا چييە؟
***

## كارێز

ئەوەتا لەكارێزو بيرى باكاندا
رۆبۆتەكان گوڵى نيترۆنى دەچێنن‌و
لەگەڵ بووكەشووشە باڵقەكاندا
جووت دەبن
ئەرێ بووكە شووشە
شەيتانى دەبێ؟
ئەگەر من رۆبۆتێك بوومايە
بووكەشووشەم خۆشدەويست
يا پەنجەرەيەك؟
ئەگەر رۆبۆت‌و بووكەشووشە
جووت نەبن
نيترۆن دروست نابێ..؟
هەرچۆنێ بێ

رۆبۆت بەختەوەرە
چونکە دایکی نیە کەبمرێ بەدوایدا بگری‌و
نیشتمانیشی نیە
بەتۆبزی راپێچی سەربازی بکات..!
***

## نیشتمان

نیشتمان لەشەڕی براکوژی بێزاربووە
دەیەوێ بڕوا بۆهەندەران
(ئەمە شیعرە، راپۆرتە هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی هیچ وڵاتێك نیە)
دوێنێ بەچاوی خۆم دیم
لەشەقامی مەولەویدا
پارەی دەکرد بەدۆلار
بەڵام دەیوت: نازانم کێ
ئەم جانتا زل زلانەم بۆهەڵگرێ
کەناویان ناوە: دارستان‌و چیاو رووبار..
***

## ترس

کەهەور دەترسێ
زەنگی کلێساکەی لێدەدات‌و
مۆمە خەناوییەکانی خۆی
دەهاوێتە بەر پەنجەرەی ماڵان‌و
گوڵە قەدەغەکانی
لەژێر بەفردا دەشارێتەوە
(نازانم بەفرە
یا تابلۆیەکی سپی
یا کچێکی رووت.. هتد)

ڕەوە ڕەشەبایەکی ددان ئاسنین
بەڕەڵلای شەقامەکان دەکات
ڕەنگە ڕەشەبا نەبێ
پێڵاوی پانی بەرزی ژنانەبێ؟
***

## بێکاری

من بێکار نیم
ئەی ئەوە نیە
لەنێوانی ڕووباری هەردوو مەمکتدا
تەمەنی دوێنێی خۆم
ڕاودەکەم..!
***

## کوا؟

ئەمە تەرمی کێیە
بەسەر شانی هەورەکانەوە؟
کوا میوانەکە بۆ نەهات
پردەکەیان بۆ دروست نەکرد
کەی خۆپیشاندانەکە
دەست پێدەکات؟
***

## درەختی عەشق

درەختیش عاشقە
ئەوە نیە لەبەهارەوە
خۆی ئارایشت دەکات
تاکو پاییز
کەدەزانێ
دەزگیرانەکەی بەر کیمیایی کەوتووە
ئیتر قژی خۆی دەڕنێو
ماکسیەکی خاکی خەت ڕەش
لەبەردەکات..!

***

## مشکی گوناه

لەم ڕێگا تاریکانەدا
چ بکەم
دەچم
لەباخچە قەدەغەکانی
لەشی کچێکدا
مشکی گوناە دەگرمو
کەروێشکی گریان
راودەنێم

***

## باران

هیچ بارانێکم لەبیرنەماوە
ئەو بارانە نەبێ
کەلەژێر
چەترەکەی تۆدا
دڵی پڕکردم لەوشەی مۆمیاکراوو
عەشقی خواو بازنەی مەمك..!
***

## ماڵ

من ماڵم بۆچیە
لەدرزی وشەیەکدا
جێم دەبێتەوە
من ئاسمانم بۆچیە
چاوی کچێك
ئەستێرەم پێدەبەخشێ
من ئاینم بۆ چیە
دەروێشی خۆشەویستیم..!
نیشتمانم هەرناوێ
لەپێڵاوی کچێکدا جێم دەبێتەوە
***

## گلەیی

کەپازدە بیست ساڵ جارێ
لەگەڵ شادیدا پیاسە دەکەم
گلەیی ئەوەم لێدەکات
کەزۆربەی کاتەکانم
لەگەڵ خەمدا بەسەردەبەم..!

## یاری

جارجار مشکێ

لەژوورە دوورەکانی ڕۆحمدا

یاری دەکا

هەرچی شووشەی

خەیاڵم هەیە دەشکێ..!

***

## چ بکەم؟

لەم لاپەڕە چۆڵەدا چ بکەم؟

ژنێك بەوشە دروست دەکەمو

بەزیندوویێتی مۆمیای دەکەمو

ناوی دەنێم:

کیلۆپاترای دووەم..

*　　*　　*

ئەم ڕۆحە تەنهایەم

چۆن ئاوەدان بکەمەوە؟

کچێکی بۆ دەدۆزمەوە

شەڕی لەگەڵدا بکات..

*　　*　　*

چ بکەم لەپاڵ ئەم تەمەنەدا

کە دەڵێی دیواری چینە

دەمی ئافرەتێك دەدەزمو

دەیکەم بەپەنجەرەو

لەدوورە سەیری خوا دەکەم..

## چیاو شتی تریش

ئەگەر چیا
ئیتر بەردمان نەداتێ
گۆڕو
خانوو
بەچی دروست کەین؟
ئەگەر چیا
نەخۆش بکەوێ
لەچ نەخۆشخانەیەکدا
جێی دەبێتەوە..؟
ئەگەر دارستان
ئیتر دارمان نەداتێ
ڕەوڕەوەو تابووت
لەچی دروست بکەین
ئەگەر دارستان بمرێ
جگە لەچۆلەکە
کێی دی یادی دەکات
ئەی ئەگەر ئیتر
زەوی جێگۆڕمان نەداتێ
لەکوێ پشوو بدەین..؟
***

## فرتو فێڵ

شەقام فێڵبازە
بەشەو
شەبقەیەکی ڕەش لەسەر دەکات
بۆئەوەی کەس نەیناسێتەوە..!

## خوان

دەریا خوانی باڵندەکانە

– فازیل عەزاوی–

شەڕی براکوژی

خوانی سیاسییەکانە

لەشی ژن

خوانی سۆفییەکانە

نەخۆش

خوانی پزیشکەکانە

## پیلان

هەموو پیتە ئەبجەدییەکان

ماڵی دەکەمو

دەیانخەمە قەفەزێکی ئاگرینەوە

جا ئیتر:

سیاسییەکان بەچی درۆ دەکەنو

شاعیرەکان

بەچی شیعر

بۆدەزگیرانەکانیان

تۆمار دەکەنو

عاشقەکان

بەچی دەنووسن:

ماچ..

***

## مووچە

هەرباشە

خەمە کۆنەکانمان

داوای مووچەی تەقاویتیمان لێناکەن!

هەر باشە

شادییە کۆنەکانمان

لەپەنجەرە تاریکەکانی دڵمان

بێزار نابن..!

***

## شوێن / کات

منو شوێنەکان

بووین بەیەك لە هەر کوێ بم

ئەو جێیە بێ دەنگە

منو کاتەکان هاوپەیمانین

لەهەرکوێ دا من ڕادەوەستم

کاتیش ڕادەوەستێ

***

## مەگناتیس

من لەسەرەتادا شوانی رووبارەکان بووم

تازە ناتوانم رابردووی خۆم

بەهیچ تۆڕێك

راو بکەم..

نازانم

نازانم

دەشێ بەوشە

موگناتیسێك دروست بکەم
داهاتووی خۆم
یا دڵی ماجیدە رۆمی
پێ راکێشم.. !
***

## هاوین‌و شیعر

هاوین‌و شیعر
وەکو یەك پرت‌و پیسن‌و
شۆستەکانیان پڕە لە:
ئاغزە جگەرەو
قاوغی دۆندرمەو/ شووشە عەتری شکاوو
پاشماوەی دڵداری‌و / گلەیی کۆن‌و
شوێن سێبەری پێی کچان.. !
***

## دوو وتە

ایها الماضي . ایها الماضي
ماذا فعلت بحیاتی؟ (سرجون بولص)
ایها المستقبل.. ایها المستقبل
ماذا اعددت لمیلادي
(لطیف هلمت)

## مۆزەخانەی وێنە کلاسیکیەکان

کەجەنگ دەستی بەرزکردەوە
ماچەکانتان بەدیواری ژوورەکانتاندا
هەڵواسن
جەنگ ماچی ناوێ
حەزی لەتفەنگە..

*　　*　　*

ئەگەر جادووگەر دەبووم
زمانم بەو درەختە دەبەخشی
کەداربڕێك
بەر تەوری دەدات
دەبوو چ بڵێ؟
ئەگەر لەزانستی
سیمیام دەزانی
دەستم
بەتاشەبەردێکی تەنیا دەدا
دەبێ دەربارەی تەنیایی
چ بنووسێ؟

*　　*　　*

دێم
بەرەشەبا دەڵێم
رێگای خۆی بگۆڕێ
دێم
بەگوێی
پەنجەرە عاشقەکاندا دەچپێنم
ئەمانە ماڵ نین
گۆڕن .. گۆڕ..!

*　　*　　*

کەر شکاتی کرد

بەحاکمی گوت

جۆ هی منە بۆ دەیکەن بەبیرە..

خەم مەخۆن

هەورێك ماوە ئاوسی باران بێ

رەشبین مەبن

شاعیرێك ماوە

لەدایك بێ

*　　*　　*

نازانم بۆ

کەکچێك دەبینم

وادەزانم قفلێکی داخراوە

حەزدەکەم بیکەمەوە..!

*　　*　　*

دەڕۆم

کوردستان

بۆپالەوانەکانی شەڕی براکوژی جێدێلم..!

دەڕۆم

لەئاوێنەی دەربەدەریدا

نیشتمانێکی بێشەڕ

بۆخۆم دروست دەکەم..

*　　*　　*

پایز

پیرەژنێکی قرچۆکە

بۆ ئەو گەلا زێڕینانەی دەگری

کەمنداڵێك لێی دەدزێ

ناوی رەشەبایە..!

*　　*　　*

ئیرەیی بەلاڵ دەبەم
هەرگیز
درۆی لەدەم دەرناچێ..
* * *
ئیرەیی بەکەڕدەبەم
گوێی لەگۆرانی
هیچ تەلەفزیۆنێك نیە
* * *
ئیرەیی بەکوێر دەبەم
ئێوارانی هاوین
شەپۆلی رانی کچان
لەبەر دەرکی سەرادا
دڵی ناکا
بەفارگۆنی لەتەرم بارکراو
* * *
باران پەیکەرتاشە
ئەی ئەوە نیە
ئەو هەموو پەیکەرەی
لەبناری ئەو چیایەدا
لەتاشەبەردو سەهۆڵ
تاشیوە..!
* * *
با مۆسیقا ژەنە
ئەی ئەوە نیە
ئاواز لەو هەموو چڵە دارە
دەتکێنێ..!
* * *

## هەور

کچۆڵەیەکی فەرش چنە
ئەوەتا هەموو بەهارێك
جوانترین فەرش
لەبەر پێی دەزگیرانەکەیدا
رادەخات..!

*　　*　　*

دەڕۆم شەڕێکی گەورە
لەگەڵ فەرهەنگەکاندا
بەرپا دەکەمو
کۆمەڵێ وشەی نوێ
بەدیل دەگرم..

*　　*　　*

ئەوەتا با
شەقامەکان گسك دەدا
رنگە تەرمەکانی دوێنێ
رابماڵێ..!

*　　*　　*

ئەوەتا با
لەشەقامەکاندا رادەکاو دەگری
رەنگە تەرمەکانی دوێنێ
بلاوێنێتەوە..!

*　　*　　*

ئەوەتا باکان
لەپێچی ئەو شەقامەدا
کۆبوونەوەیەك دەکەن
رەنگە تەرمەکانی دوێنێ
بۆگۆڕستان ببەن..!

*    *    *

ئاسمانیش

ئاوارەیە

نەکەپرێکی هەیە

نەژوورێکی دووکەڵاوی

نەحزبێکیش سووچی گەراجەکۆنێکی

بۆ دابین کردووە

ئەوەتا

کەشەوی لێ دێ

بەمانگو هەموو ئەستێرەکانەوە

لەڕووبارە سارەکاندا

دەنوون.

*    *    *

دەڕۆم

رۆژەکانی تەمەنم

لەتاراوگەیەکدا جێدێڵم

کەناویان ناوە:

نیشتمان...

*    *    *

مشکێك

تەپۆتۆز دەکات

لەوانەیە گڵکۆیەك

بۆ کەسێکی نادیار

هەڵکەنێ..!

*    *    *

لەسەر پەڕەیەکدا

گۆڕستانێك

بۆ وڵاتان کراوە

ناونراو: نەخشە
لەدەفتەرێکی گەورەدا
گۆڕستانێك
بۆ وشە کراوە
ناونراوە: فەرهەنگ
*　　*　　*

بەشیعر نا
بەیارییەکی کۆمپیوتەری
دڵی هەموو کچان داگیردەکەم..
*　　*　　*

تاریکە شەوێك مۆمیا دەکەم و
دەیکەم بەبارۆکەیەکی هاودامان
بۆ کچێکی باڵابەرز
یادەیکەم بەپاڵتۆیەك
بۆ ژنێکی تەنیا
یا لەپۆلی قوتابخانەیەك هەڵیدەواسم
لەوانەیە منداڵێك
وێنەی هەندێ ئەستێرەی
شاڵترۆن لەپێ و
کچۆڵەی رووتی
لەسەر بکێشێ..!
*　　*　　*

## ئاژاوە

کەدوو عاشق بیرلەپردی ماچ دەکەنەوە
یا پردی لێکتر دابڕان.. یا پردی ڕووت بوونەوە
ئاژاوە جوانەکان
لەدایك دەبن..
***

## پڵنگ

ئەستێرەکە
هاتە ژوورەکەمەوە
ئەستێرە نەبوو
(وابزانم کچەکە بوو)
پڵنگەکەم
دەستەمۆ کرد
پڵنگ نەبوو
(وابزانم کچەکە بوو)
* * *

## چەند پرسیارو وەڵامێکی دی

–مردن چیە؟
+ لەدایکبوونی گۆرانییەکی نوێ.
– گۆرانی چیە؟
+ ژماردنی مەمکی کچان.
– حەزت لەچیە؟
+ زیندووبوونەوەی دیناسۆر.
– خەون بەچیەوە دەبینی؟
+ تۆمبێل بەزاوزێ بێتە بەرهەم.
– چی دی؟

+ لەدۆزەخەکەی دانتی و

بەهەشتە ونبۆکەی ملتۆندا

گەشتێك بکەم..

– کام کچەت زۆرلەیادە؟

+ شیعر

– شیعر چیە؟

+ بەلەمێکی بچکۆڵەیە

لەنێوان دوو گردۆلکەی گۆگردا

خول دەخوات

کەناویان ناوە مەمك

– مەمك چیە؟

+ دوو دەریای چوار سووچەیە

لەجوگرافیای پۆلەکانی قوتابخانەدا

ناویان نیە

بەڵام هەموو کوڕێك دەزانێ

دەکەوێتە کوێی تەوەری باکوورەوە..!

****

## دابەشکردن

خەمی خۆمم

دابەشکرد لەدارستانێك

دارەکان گریانو گوتیان:

ئەم رەشەبایە

لەکوێوە هات..!

## دۆزینەوە

هەموومان دەمانەوێ

کیشوەرێکی دی

بدۆزینەوە

بەڵام لەکوێ..!

***

## زمانی مەمك

لەدوورترین

گوندی جوگرافیای خۆمدا

چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆم دەکەم

خۆم کێیە..؟

پەیکەرێکە

جانتاکەی شانی پڕ لە:

منو یادگارەکانی شالاو مەهتاف‌و

گوناح‌و

پیلان‌و سێبەری زانکۆی خەون‌و

بەرپەرچدانەوەی تیۆری ڕێژەیی‌و

خوێندنەوەی زمانی مەمك‌و

ڕەنگی عاشقان

بەشێوەیەکی ماتماتیکی..!

***

## بۆن

ئای بۆنی تەرمێك دێ

دەترسم

نیشتمانەکەم بێ

لەبارووتی وتاری سیاسییەکاندا

سووتابێ..!

## تابلۆ

لەگەڵ ئەم باڵدارانەدا

کۆچ دەکەم..

ئەرێ بشێ ئەم باڵدارانە

ئەم تابلۆیە بەجێبێڵن..؟

***

## رۆژەکانی هەفتە

شەمە

یەکشەمە

دووشەمە

چوارشەمە

هەینی

تێبینی: سێشەممە تووشی نەخۆشی گرانەتا ببوو لەبەرئەوە نەیتوانی ئامادەبێ پێنج شەممە شەیتانی ببوو چووبوو بۆحەمامو وسڵ بکات.

***

## دز

منداڵان لەشەقامەکاندا

بەدەمانچەی پلاستیکی

لاسایی فیلمەکاوبۆیەکان

دەکەنەوە

منالەکان نازانن شەڕ چیە

نازانن شەڕ

هەرکاتێ لەدایك دەبێ

هەموو دەمانچە پلاستیکیەکانیانو

هەموو بووکە شووشەو

دەفتەرو قەڵەمو
کۆلارەو
تەنانەت نانو
باوکو
برا گەورەکانیشیان
لەپەنجەرە تاریکەکانەوە
دەدزێ..!
***

## دوورگەکەی ئەو

ئێستا لەوەدچێ لەم یارییە بێزاربین
ئەرێ چیم گوت؟
کام یاری؟
بایەوانی چارەنووس گوتی:
میدۆزا
ئاوەکانی کردووە بەبەرد
ئەوەتا
با بەهەزار پێ رادەکاتو
بەهەزار دەم
فیکە دەکێشێو
بەهەزار دەس
گۆڕستانی زەردەشتییەکان
دەپشکنێو
خۆی بەئۆتۆمبێلی شەقەمامەکانو
شەمەندەفەری رووخی دەریاکاندا هەڵدەواسێ
با بڕۆین
ئەی تووڕەیی با بڕۆین
ئەم بەلەمە جێبێڵین
تازە ئەم دەریا بەردینانە
هیچ بەلەمێك ناگەیەننە بەندەر

تەماشا

تەماشا

تەماشا

پەنجەرەکان بانگمان دەکەن..

پەنجەرەی ژوورە دوورەکان

پەنجەرەی دڵی کچە خەواڵوەکان

پەنجەرەی ئەو دوورگەیە

ئەها زمانمان لێدەردێنن

ئەوە مانای ئەوەیە

بانگمان دەکەن..

پەنجەرەش وەکو کچان

زمانیان هەیە

زمان دەرهێنانیش مانای خۆشەویستییە

من کچێك هاوڕێمە

یەکەمجار

زمانی خۆی لەنێوانماندا بۆ یەکتر ناسین

کرد بەپرد

وەرە با بڕۆینە مزگەوتێکەوە

سوژدە بۆ کچێك بەرین

کەلەڕێگای گەڕانەوەدا

میوەمان دەداتێ

با بڕۆینە سەر نوێنی سۆزانییەك

سوژدە بۆ خوای مەزن بەرین

خوا لەژوورسەری هەموو سۆزانییەکدا

دەگری

دەگری

دەگری

ڕەنگە ناونیشانی گوناحەکانیان بشواتەوە

ئەوەتا رەشەبا دەلوورێنێ
لوورەی رەشەبا
وەڕەی جەڕەسی قوتابخانەکەم
بیردەخاتەوە
بەفر دەبارێ
لەشی کچێکم بیردەکەوێتەوە
کەڕقمان لەیەك بوو
من هەمیشە لەناخدا
شتێکی دیم
رەنگە ئاگری شوانێکی مەجووسی بم
رەنگە جگەرەی دەمی کچێکی گەرمیانی بم
رەنگە پاڵەوانی سێرکێك بم
لەوانەشە باڵندەیەك بم
لەجۆری سیمرخ
یا هوما
بەرەو مەریخ هەڵفڕم
ئەی کێ دەڵێ یەکێك نیم
لەبنیاتنەرانی ئەهرامەکانی میسر
یا کێ دەڵێ موغێکی فیرعەونی نیم
رۆژێ لەڕۆژان بەجادوویەك
جیهان وێران ناکەم
من دەتوانم بەچاو تروکاندنێك
رەوتی خولی زەوی راگرم
ئەوە چیە
ماسی بۆ دەریا جێدێڵێ؟
من گەلێ پردم رووخاندووە
لەوانە:
پردی گەڕانەوە بۆ نیشتمان

من گەڵێ پردم دروست کردووە
لەوانە:
پردی دوورکەوتنەوە
لەخودی خۆم
*　　*　　*
لەکۆچی گەڕانمدا
بەدوای موتورفەی
پشت پەنجەرەکان و
مەمکە درنەکان و
لێوە پیاو خۆرەکاندا
کۆمەڵێ تۆڕ لەگەڵ خۆمدا دەبەم
تۆڕی وشە
تۆڕی بانۆرامای کۆمیدیای مرۆڤایەتی بەلزاک
تۆڕی راوکردنی تەمو
ددانی کچان
تۆڕ
تۆڕ
تۆڕ
بۆئەوەی مەمکێك راوکەم
دەبێ فێری یاری تۆپی پێ و
مەنجەڵ شۆرین و
لێخوڕینی پاسکیل بم..!
تەلەفزیۆنم کردەوە
باسی شەڕی دەکرد
رۆژنامەم خوێندەوە
باسی شەڕی دەکرد
لەسەر شۆستەیەکدا
تەلەفۆنێکم بۆ هاوڕێکەم کرد

خەتەکان ئاڵۆزکابوون
کچێك‌و کوڕێك
بەتەلەفۆن شەڕیان دەکرد
ئەرێ بشێ ئەم هەموو شەڕە
لەسەر فێر بوونی لێخوڕینی پاسکیل نەبێ..؟
لەکاتی گەشتنمدا بەخوا
گۆچانی شیعرم
بەسۆفییەك بەخشی‌و
بێدەنگیم لێ کڕی
لەکۆچی عەشقدا
زمانی خۆم
بەسیاسەتمە دارێك فرۆشت‌و
درۆیەکم لێکڕی
نایناسم
ئەو هەندێ جار
بەکفنێکی رەشەوە دێ
هەندێ جاریش
بەپێی پەتی
رەنگە دایکم بێ
یا مناڵێتیم
هەندێ جار
بەزمانێك دەدوێ
لێی تێناگەم (مەبەستم ئەوەیە ژەنگاوییە وەك بزماری کۆن)
بانگم دەکات‌و
یادگارەکانم دەگێڕێتەوە
بیرم ناکەوێتەوە کێیە
ئەرێ بشێ خۆم بم..!
*   *   *

کەی بڕۆین
هەموو ڕێگاکان
دەزگیرانی دڵمن
ئەوەتا جێ ماچی دڵم
بەدەمی هەموویانەوە دیارە..
دڵم دڵداری هەموو ڕێگاکانەو
ئەوەتا بۆنی عەتری ڕقی
هەموو ڕێگاکانی پێوەیە
* * *
لەسەر هەموو مەمکێکدا
جێ ددانێك هەیە
ڕەنگە جێ ددانی من بێ
چونکە من ڕقم لەهەموو شتێکی خڕە
گۆی زەوی.. مەمك
نارنجۆك.. تایەی پاسکیل / بازنگ
تۆپی پێ
... هتد
لەبیرم نەبوو
فیلمەکەی دوێ شەو باسی ئەوەی دەکرد کە
بەفر
کۆمەڵە ماینێکی سپییە
لەوانەیە ڕەوە ماینی
ڕەشەباکان بن
بەفر وەك هەندێ کچۆڵە
دڵڕەقە
چەند لێی بپاڕێیتەوە
نایەتە ژوورەوە
بەفر کچێکی سۆفییە

تەنها خۆشەویستی سۆفیانە دەزانێ
بەفر پەردەی کچێنی زەوییە
هەتاو دەیسمێ.. !
بایەك
لەدەرگاکە دەدات
کێ مردووە؟
بایەك
دەرگاکە دەکاتەوە
کێ لەدایك دەبێ؟
بایەك
دەرگاکە دادەخات
رەنگە دوو عاشق
بنوون.. !

*        *        *

تاکەی ئەم خەونانە
دڵم قورس کەن.. !
رۆبۆت
چەند بەستەزمانە
نەخەونی هەیە / نەچەتر
نەدەزگیران/ نەرەقەمی تەلەفۆنی سۆزانییەك
نەبەهیچ کچێکی جوانیشەوە
شەیتانی دەبێ!

*        *        *

من نازانم
خۆشەویستی چییە
بەڵام دەزانم
رق
پەردەیەکی خوێناوی

بەپەنجەرەی دڵەکاندا

دەدات

*    *    *

ئەمە شەوە

یا گاشەبەردێکی رەش

لەئاسمان کەوتە خوارەوە؟

هەزار فەرهەنگ

بەشی دروستکردنی وشەیەکی نوێ

ناکات

هەزار زمان

ناتوانێ راڤەی عەشق بکات

کەجیهان بۆگەنی کرد

ئەوە بزانە

عەشق مردووە..!

*    *    *

پێش لەدایکبوونی کات

پێش لەدایکبوونی شوێن

عەشق لەدایك بوو

یەکەم سەما

لەناو بەلەمی زەویدا

سەمای عەشق بوو

*    *    *

بێدەنگ بن

مۆمێك داگیرساوە

لەوانەیە بۆ پێشوازی منالێك بێ

*    *    *

بێدەنگ بن مۆمێك كوژاوەتەوە
لەوانەیە
پرسەی عەشقێك بێ..!
*　　*　　*

حەزدەكەم
ببم بەتابووتێك
لەمزگەوتەكەی نزیك ماڵتان
ئای دەترسم
كەمردی
لەمندا نەتبەن
بۆگۆڕستان..!
*　　*　　*

خۆشەویستی
یارییەكی كلاسیكییە
منیش
عاشقێكی كلاسیكیم..!
*　　*　　*

زۆرجار
لەشتێك دەترسم
لەوانەیە وشەیەك بێ
لەدایك نەبووبێ
زۆرجار
چاوەڕوانی میوانێك دەكەم
لەوانەیە
هەورێك بێ/ یا شیعرێك
*　　*　　*

دەتوانم هەزار چوارگۆشەی وەك:
مەمکی کچان
بەپرگالێك دروست کەم
دەتوانم هەزاران هێلی خوارو خێچی
وەك بالآی کچان
بەڕاستەیەك بکێشم
*　*　*

ئەرێ قوتابخانەو مزگەوت‌وکلێساو
مال‌و دلّی کچان.. هتد
گۆڕستان نین..!
*　*　*

گەر رۆژێ
کاتژمێرەکان وەستان
ئیتر چۆن
چۆن
کات بۆ ژوان
دیاری کەین..!
ئەوین منارەی گۆگرد
لەمزگەوتی گومانمدا
بەرز بەرز دەکاتەوە
چیە خێلّە بێدەنگەکانی یادگار
بۆ ئاگری شوانکارەکانتان
سەما ناکات؟
من لەزمانی ئاگر دەگەم‌و
ئاگر دەزانێ چ دەلّێم
ئەگەر ئەمشەو
ئاگر ئالآکەی خۆی
لەو بەرەوە بەرزکردەوە

هەرچی گوڵی کۆشی رووبارەکە هەیە
لەبەر پێیدا دادەنێم..
تەنیا ئاگر
لەزمانی من تێدەگات
* * *
ئەمە دڵ نیە
ئەلبوومێکە وێنەی هەندێ
کچی مۆمیاکراوو
پەپوولەی خەونی دوورو
گڵکۆی نزیکی تیایە
گڵکۆ
گڵکۆ
گڵۆک
گڵکۆی چی؟
نازانم
ئەم جیهانە سەرانسەر
گڵکۆیەکی گەورەیە
ئای کەی فێری جادوو دەبم
بۆئەوەی خۆم بکەم
بەمشکێکو
دیوارەکان دیواو دیو کەم..!
ئەمە ئاوێنە نیە
دیوارە دیوار
ئەمە دیوار نیە
کچێکی\دڵ رەقە.. دڵ رەق /رەنگە شالابێ..؟
نەو ئەوەی کە لەسنگم دایە دڵ نیە
گڵکۆیە
گڵکۆ..

ئای لەم هەموو گڵکۆ ژەنگاوییە
بەقەی مەمکی کچانی شارەکەم
گڵکۆ لەبەر پێمدایە
چپەیەکی دوور
بانگم دەکات
کێ دەڵێ
گەلایەك نیە لەگیانەڵادا..!
یا لەوانەیە لێوی کچێك بێ
لەشەقامێکی – کفری–دا
گڵکۆ
گڵکۆ
گڵکۆ
گڵکۆی پڕ لەتەرمی لەزەت
گۆرانی سارد
کچانی خۆڵەمێش ..ئاسن..
پێلاوی لاڵ
گڵکۆ
گڵکۆ
بەهەڵەدانەچووم
چاویلکە زەڕەبینەکەم لەچاودایە

* * *

نیشتمان کلینکسێکی پەمەییە
شەوان ژنە حەشەرییەکان
ناو لنگی خۆیانی پێدەسڕن
نیشتمان (حەبی مەنعە)
کچە برژواکان لەحەوزە وشکەکە دەیکرِن..
ئای شەهیدان چەندڵسۆز بوون
لەلووتکەدا

بۆنیشتمان دەگەڕان

نەیان دەزانی نیشتمان

کلینکسێکی پەمەییە

شەوانە ژنە حەشەرییەکان

ناو لنگی خۆیانی پێدەسڕن

ئای شەهیدان چەند دڵپاك بوون

لەلوولەی تفەنگدا

بۆ نیشتمان دەگەڕان

نەیاندەزانی نیشتمان

حەبی مەنعە

کچە بۆرژواکان

لەحەوزە وشکەکە دەیکرن..!

*　　*　　*

ئەم سێبەرانە چین

ئەم هەموو کەژاوانە چین

بەسەر ئەسپەکانیانەوە

بۆ ئاهەنگ دەڕۆن؟

یا پرسەی شازادەیەکی وڵاتی ماد؟

ئەی کێ دەڵێ:

زەماوەندی سۆزانییە هاوڕێکەی گەلگامێش نیە..!

یا دەشێ قاچاخچی بن و

کەژاوەکان پڕاو پڕبن

لەبووکە شووشەی ناو ورگ پڕ لەتلیاك و هیرۆیین..!

یادەشێ نیشتمانەکەم بێ و

لەتو پە کرابێ

لەو کەژاوانەدا بیبەن

بۆسەگەلی پاشاکانی ئاشوورو بابل

من وڵاتەکەمم نەدیوە

بەڵام دوێنێ تانسۆ چیلەر
لەتیاترۆخانەیەکی لەندەندا
قوزی بەپەڕۆیەك دەسڕی
لەئاڵای وڵاتەکەم دەچوو..
*　　*　　*
ئێمە بەبۆنی عەتری ژەهراوی
کورسی کەوتووین
درەختێك لەدارستانێکدا
لەئێمە سەربەرزترە
خەو بەمانگەشەوو
باڵندەی دوورەوە دەبینێ و
حەز لەکورسی ناکات
درەخت
ساڵی دەیان کورسی
بەکەسانی دی دەبەخشێ: کورسی پەرلەمان/ کورسی تەمەڵی
بەڵام خۆی هەر بەپێوەیەو
لەدوورەوە
سەرنجی دەرەلینگی شاڵترۆن و
درزی تەنورەی کچان دەدات و
جگەرە دەکێشێ..!
ئای دەڵێم:
(خۆزگە نیشتمانیش وەکو
گۆرەوی دڕاو
تووڕ دەدراو
هی نوێمان دەکڕی (داوای لێبوردن لەمحەمەد ماغوت دەکەم.. ئەمە دزی نیە
قەرزکردنە)
هەر باشە دار
لەترسی تەور

سەری خۆی هەڵاگرێ
بۆبن دەریا
هەر باشە ماسی
لەترسی تۆڕ
کۆچ ناکا بۆ ناو مانگ
هەر باشە نیشتیمان
لەداخی خۆی من ناکوژێ..
چ بکەین ئەگەر بەیانییەك
لەخەو هەستاین
هەموو دیناسۆرەکان
زیندوو ببوونەوە
چ بکەین ئەگەر مێروویەك
نهێنی چەکی ئەتۆمی بدزێ
چ بکەین ئەگەر کەروێشك
فێری دروستکردنی تفەنگ بێ..!
* * *

هەمیشە با
تەرمی شتێکی لەدوا بەجێدەمێنێ
هەمیشە گوڵ لەکەژاوەی پایزدا
شتێکی دیاریکراوی لێ ون دەبێ
هەمیشە هەور لەتابووتی رەشەبادا
شتێکی لەبیردەچێ
هەمیشە ئاسمان
نهێنییەکی پێیەو نایدرکێنێ
هەمیشە زەوی
گۆڕێکی بەتاڵی هەیە
دەبێ بۆ کێ بێ
* * *

ئاشقیش

حاڵەتی سوریالیزمیانەی هەیە

دوور نیە هەندێ جار

مەمکی رووتی دەزگیرانەکەی

بەهێلکە بزانێ‌و

بیەوێ لەتاوەیەکا

بیانکات

بەهێلکەو رۆن..!

* * *

ئەوە هەتاو نیە

وێنەی دڵۆپەی خوێنە

منالێك بەدەباشیرێکی سوور

لەسەر تاشەبەردێکی گڵەزەردە

کێشاویەتی

ئەوە بەهار نیە

وێنەی شووتییەکە

شێتێك بەقەڵەمێکی سەوز

لەسەر سەرە تاشراوەکەی خۆی

نەخشاندوویەتی..

* * *

شۆستەیەك دەگریاو دەیگوت:

لەراپەرینە گەورەکەوە

رووت‌و قووتم

تووشی رۆماتیزم بووم

ئەوە بۆ رێکخراوێکی بیانی

یاحزبێك

تەنوورەیەکی درێژو

جووتێ پووتی ناو خوریم

بۆ ناکرێ..!

(انه لجميل ومناسب

الموت من اجل الوطن)

هوراس

(نحن نختار خبيثا

او خصيا

ليتولى الحكم علينا

يا ابولو البهي)

- عزراباوند-

(أي اله

أي رجل سنكيل له مدحنا

با على اصواتنا)

پندار

هەستن کاتی نوێژی لەشو لارە

سوژدە بۆ دانیۆسیس بەرن

-لەتیف هەڵمەت-

هەموو دڵۆپە فرمێسکێکی دڵم

زەنگێکەو

لەکەلیسایەکی بێدەرگادا

سۆزانییە پاکیزەکان

فێری گوناحی نوێژدەکات..

ئەرێ خۆشەویستی نێوان

پاپۆرو دەریا

چیە؟

ئایا پەیوەندی هەیە

بەتیۆرەکانی فرۆیدەوە؟

رەشەباکان

ئەم ئێوارەیە کڵاوێن دەکەن

ئەوەتا ئەنگوستیلەکانیان

لەژێر تەنوورەی کچۆڵەکاندا
دەشارنەوە..
لێمگەڕێ لەسەر شۆستەیەکی
شاری لەشتدا
بنووم و
جەنگە لاڵەکانم
لەجوگرافیای لەشتدا
بەرپاکەم
پەنجەرەکە بکەرەوە
ئەو قەرەباڵغییە چیە چی
لەوە دەچێ تەرمێك بنێژن
بزانە تەرمی یادگارەکانمان نیە
*  *  *
بەرەبەیان هیچ شتێك
لەبینینی ئەو کرێکارانە
ناهەموارتر نیە
کەبەندیخانە
دروست دەکەن
– سەلاح فایەق–
خوشك و برایانی ئازیز
ئەو یارییەی کەبڕیار بوو
لەگۆڕەپانی سەرمدا
لەنێوانی:
تیپی سەبەتەی خەم و شادیدا
ئەم ئێوارەیە ساز بکرێ
دواخرا
چونکە ناوبژیوانی یارییەکە
نەخۆشە..

*　　*　　*

(اترى حماقة حب الوطن

اقول لك

انني تخليت عن هذه البطولة

منذ وقت طويل

وانني اهزأ بهذا الوطن

كما اهزأ بكل الاوطان الاخرى)

– صاد– مسرحية / ماراصاد– بيترفايس

*　　*　　*

شادییە خەمبارەکەم

گڕ تێبەردەدەم

من

دەڵێم بەڵکو لەخۆڵەمێشەکەیدا

خەمێکی خۆش بدۆزمەوە..!

*　　*　　*

هاتم.. بەناو خۆرەتاودا هاتم

تاشەبەردەکان مەمکی خۆیان بەڕووتی

بەرەڵلای پانتایی کردبوو

هیچ تاشەبەردێك

دەستی نەخستە سەر مەمکی خۆی

ئەوە بۆ تاشە بەرد

شەرم لەشاعیر ناکات..!

*　　*　　*

ئەی عەشق

ئەی پەیژە بەرزەکە

تۆ نەبی چۆن

بەعەرعەری باڵای کچۆڵاندا سەر بکەوین و

هێلکە چۆلەکە بدزین!

*　　*　　*

ئەی عەشق

ئەی رووبارە پیرۆزەکە

تۆ نەبی منالآن لەکوێ

فێری راوە ماسی ببن.. !

*        *        *

دڵم هەڵدەدەمە ناو

خۆڵەمێشی ئۆقیانووسێکەوە

دەشێ

نەهەنگێك

عاشقی بێ

یا بەچکە کیسەڵێك

یاری لەگەڵدا بکات..

کێ دەتوانێ

لەلۆکەی هەورێکی دوور

پەوتوویەك

یا هەرنەبێ

کفنێکم بۆ بچنێ

هەڵیبکرم

بۆ ساڵی دوو هەزارو پەنجا.. !

*        *        *

(ئەی ئازادی من لەگەڵتدام

بواری گوڵەکان بدەی

رەنگی سوور

هەڵبڕژێرن و

بواری گەڵاکانیش بدەی

رەنگی سەوز..)

(شاعیرێکی نەناسراو)

*        *        *

ئەرێ مردن خوێندەواری هەیە
باشە چۆن لەجەرگەی شەودا
ئەو هەموو ماڵە
دەدۆزێتەوە.. !
*       *       *

حەزم لەگەشتی ناو دوورگەکانی بەردە
حەزم لەگوشینی مەمکۆڵەی هەورە
حەزم لەبۆنی گژوگیای خۆڵەمێشە
ئەرێ رێوی
گژوگیای خۆڵەمێش دەخوات.. !
ئەرێ ئەوە دوو لوتکەی بەفرینە
یا کچۆڵەیەکی توورەیە
سنگی خۆی بەڕووتی
داوەتە بەر باران.. !
یا دوو پەڵە هەوری سپییە
بەدەم باوە
یادوو لەشکری بەزیون
ئاڵای سپییان هەڵکردووە؟
*       *       *

مەیموون لەبەردەرگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا
نارەزاییان دەربڕی
دژی چەکی ئۆتۆمی
لەئەنجامدا پاسەوانەکان
بەگوللەی پلاستیکیو
بۆمبای پژمێن
بڵاوەیان پێکردن..
ئەرێ مەیموون
بە چ زمانێ قسەدەکەن

ئەی کێ
باسی مەترسی
چەکی ئۆتۆمی
لەلای مەیموون کردووە..؟
*      *      *

زوو پێم گوتی
پێش هەزار ساڵ
کەلەم خاکە بێزار دەبم
سەد ساڵی تر لەوڵاتێکی دوورەوە
لەڕێگای دەزگای پۆستەوە
یا بەفاکس
لەنێوانی مەمکەکانتا
جێ گڵکۆیەك دەکرم..
*      *      *

بەبرووسکەی هەوری خەون
شەوێك لەگەڵتا جووت بووم
بەرەبەیان
بەفرێکمان بوو..
*      *      *

(هناك مات عشرة الاف
من اجل عاهرة بغير اسنان)
عزراباوند
هەموومان قەرزای درۆزنین
چونکە فێرمان دەکات
درۆ نەکەین..!
*      *      *

ئەرێ پێڵاو
کەلەگەڵ زەویدا دەدوێ
چی بێ دەڵێ..؟
*　　*　　*

## بۆ ئاگاداری

تەلەفزیۆنی حزبەکەمان جەماوەری کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کەپەنجا هەزار ملیۆن پاکەتی پێکەنین‌و سەد هەزار ملیۆن قوتووی فرمێسکی لۆککراوی زیادمان هەیەو لەکاتژمێری بیست‌و شەشی بەیانی رۆژی نۆ شەممەی ساڵی داهاتوو مەزاتی دەکەین..

پێکەنین‌و فرمێسکەکان ئێکسپایەر نین‌و مۆڵەتی رێکخراوی تەندروستی یونسکۆیان هەیەو بۆهەموو جۆرە شین‌و شاییەك دەشێن‌و دەبێ کڕیار یەك ملیۆن دۆلار لەگەڵ خۆیدا بێنێ‌و کرێی بارکردن‌و گواستنەوەش لەسەر کڕیارە..!)

* تکایە لەبیرتان نەچێ وەکو دکاتۆر گابۆر گارۆرگاخۆر دەفەرمووێ نوکتە باشترین دەرمانی دڵە.

*　　*　　*

(ليس لي وطن
يمكنك زرع عظامي
الى جانب أي نهر)
– شاعر مجهول

ئەگەر رۆژێ لەرۆژان
خەڵکی کلکی نیشتمانیان گرت‌و
وەکو سمۆرەیەکی مردارەوەبوو
توورپیان دایە
سەرەنوێلکێکەوە
ئەوسا سیاسییەکان
چۆن دەژین..؟
*　　*　　*

(ئەی نیشتمانە نەخۆشەکە

ئەی نیشتمانە سیدارەکە)

مۆفەق محەمەد

ئازادیش جۆرێکە

لەکۆیلەیەتی

نابێ ملی بۆ کەچ کەین..!

*　　*　　*

کاک ئەحمەدی شێخم بینی

لەسەرمنارەی مزگەوتی گەورەوە

سەرنجی سلێمانی دەدا

گوتم گەورەم بۆکێ دەگەڕێی؟

فەرمووی سواڵکەرەکانی شار دەژمێرم..

شێخی نەمرم دی بەدەوری سلێمانیدا دەخولایەوە

گوتم گەورەم بۆ کێ دەگەڕێی؟

فەرمووی چاوەڕوانی هەڵهاتنی رۆژم

حەمە رەشم بینی تفەنگەکەی خۆی دەشکان

وتم ئەڵێی ماندووبووی گەورەم؟

گوتی: ترسنۆکن ئەوانەی بەشداری

شەڕی براکوژی دەکەن..

عزەدین قەرەم بینی

بەکفنە سوورەکەیەوە بەرەو هەندەران دەڕۆی

گوتم: تەنانەت تۆش دەڕۆی گەورەم

گوتی: ئاخر دەترسم داوای بەشداریکردنی

شەڕی براکوژیم لێ بکەن..

*　　*　　*

جار جار

مردۆکان بەیادی جاران

لەشەقامە بەلەسەکاندا

یاری دەکەن

گەلێ شەو

لەترسی حەسحەسەکان

کفنەکانیان لێ بەجێ دەمێنێ

بەیانیان

کرێکارەکانی شارەوانی

شیتاڵ شیتاڵیان دەکەنو

گسکە هەڵوەشاوەکانی

پێ شەتەك دەدەن..

* * *

زەنگی کات شکاوە

ئیتر لێنادات

ئاگاداربە.. ئاگادار

بازنەی لێوت

نەکەن بەزەنگی کات..!

* * *

دەستم کرد بەپرد

لەنێوانی هەردووکماندا

لەتەم زیاتر

خشپەی پێی کەس نەهات

* * *

بەهار گوڵەکانی خۆی

پاشەکەوت کرد

بۆساڵێکی دی

مانگ

هەڵهاتنی خۆی

پاشکەوت کرد

بۆ سەدەیەکی دی

ئای بۆچی ئێمەش

هەندێ ماچمان

بۆ وەرزێکی دی

پاشەکەوت نەکرد...!

* * *

سیاسەت

بووکەشووشەیەکی

لەبارووت دروستکراوە

* * *

منم من

منم من

وتوومەو دەڵێم

نیشتمانەکەم جانتایەو

منیش ڕێبوار

من بەلەمێکی بچکۆڵەم

نیشتمانەکەشم رووبار   داوای لێبوردن لەمەحمود دەروێش دەکەم..

کات.. کات.. کات

کاتمان ئەوێ کات

کات بۆتێکەڵاوبوونی لەشوپاشەڕۆژ

بۆ هاوێربوونی گیانو شوێن پێ..

کاتمان دەوێ

بۆژیان نا

بۆ مردن نا

بۆئامێتەبوونی: خەونو رابردوو / بۆ شەڕی داهاتوو

لەمەودوا بەپێی پەتی
بەسەر شۆستەی وێستگەکاندا
گوزەر بکەن
ئەوەك گوێی فان کۆخ
بشێلن.. !
کاتمان دەوێ کات
ئەرێ بەڕاست
کەی کۆنفرانسێك لەبارەی
گوێ بڕاوەکەی فان کۆخەوە
ببەستین؟
کات لێرە
بەشی دروستکردنی پەنجەرەیەکی دی
ناکات
هەر بەشی ئەوە ناکات
بزانین ئامێری نێرێتیمان ماوە
یا شەهریار بڕیویەتی
کاتمان دەوێ کات
کات
کات
کات لێرە بەشی ئەوە ناکات
پێڵاوەکانمان بەسووراوی کچێك
گوناحبار کەین.. !
کاتمان دەوێ کات.. کات.. کات
چاوی دەزگیرانێکی تۆراو بخوێنینەوە
لووتکەی مەمکێکی کۆیلە داگیرکەین
شارەزای جوگرافیای شێتی بین
کاتمان دەوێ کات
کات

بۆ مووی سەرە رووتاوەکانمان بگەڕێین
بپرسیین بۆ
خەندە رقی لەفرمێسکە
کاتمان دەویٚ کات
ئەو شیعرەی لۆرکا بدۆزینەوە
کەفرانکۆ بەندی کرد..
یۆحەنا مەعمەدان قایل کەین
بۆ ژووانی سالۆمی بچیٚ
***

## مۆسیقا

سەری گەردوون
پڕە لەڤایرۆسی مۆسیقا
باشە مۆسیقا تووڕەیە
یا مەمك
مۆسیقا نەوسنە
یا ئاوێنە  کیٚ دەڵیٚ دێووەڵووکە پژمەی پایزنیە
کیٚ دەڵیٚ بەفر
کفنی مردووە کۆنەکان نیە
ئەریٚ بیٚ دەنگی
لەکوێوە دیٚ
سەدەی بیست مرد
ئەریٚ لەکویٚ پرسەی بۆ دادەنێن.. !

## تەرەفیك لایت

نەباڵت هەیە
ئەم دۆزەخەی پێ جێبێڵی و
لەنێوان دوو ئەستێرەی تردا
باخچەیەك دروستكەی
نەپرۆمیسۆس دەناسی
ڕێگای جیهانی ژێرەوەت
پێشان بدات..
تۆ چیت هەیە
جگە لەچاوو نینۆك
بەچاو جوانی ونجڕونجڕ دەكەیت و
بەنینۆك
ئاوێنەیەكی بەردین
بۆ ئاو هەڵدەكۆڵی..
هەر حەوت لات
شمشێری گوناحە
گوناحی پاكیزە
گوناحی ئاسوودەیی
گوناح لەوشەی گوناحدا
نابەسترێتەوە..
چ لەوشە بكەم
چ .. چ ؟
وشە ئاژەڵێكی لاڵە
ئەوەندەی تەرەفیك لایتێكیش
هۆشیار نیە
وشە لەوەتی هەیە
هەر وشەیە
ئێواران لەبەر پەنجەرەكەمدا

میز بەو ئاگرانەدا دەکات
کەهەورە برووسکەی یادگار
لەدەفتەری منداڵیمی بەردەدەن و
بەشەویش
بەدەمانچەیەکی ئەلەکترۆنییەوە
لەنێوانی من و
کچێکدا رادەوەستێ
کەکینەی من نایەڵێ پیر بێ..
*　*　*

نەگوڵ ئاسوودەییمان دەداتێ
نەزریان
نەنوێژ
نە ژوورە تاریکەکان لێوی گیانمان
دەخاتە پێکەنین
نەگوناحی خۆش
ئەمە نەبارانە
نەفرمێسك
رەنگە ئەو منداڵە بێ
پەنجەرەکان بەمیز بشوات
کەرۆژێ لەرۆژان بەشێك بوو
لەتەمەنی من..!
بۆئەوەی تۆببینم
دوو چاو کەمە
بۆئەوەی گۆرانی عەشق فێربم
زمانێك کەمە
بۆ ئەوەی بەدوای تۆدا راکەم
دووپێ کەمە
*　*　*

– ئەرێ مەرگ میهرەبانە

یا ژیان؟

+ لەمردوویەك بپرسن.

– ماچ نەمرە

یا شەهید

+ لەشێتێك بپرسن

– پەیوەندی لەنێوان

مەمك‌و دەمدا چیە؟

+ لەشاعیر بپرسن.

***

## پەیکەرو پرسە

لەشەقامەکاندا تەقە مەکەن

با پەیکەری شەهیدەکان

شەهید نەبن

***

## قەرز

چاومان نەماوە بگرین

مەگەر فرمێسك

لەڕووبارێك قەرز بکەین

دەممان نیە پێبکەنین

مەگەر خەندە

لەسەگێکی پلاستیکی بدزین..!

***

# قەلەڕەش

من قەلەڕەش ناناسم
گوێ لەدەنگی ئەستێرە دەگرم
من ڕووت نیم
سێبەری چەتری دەستی کچۆڵەیەك
لەبەردەکەم
تۆ بووی بانگت کردم
یا چیامردۆکە
تۆبووی جانتاکەت بردم
یا ڕووبارە میوانەکە
پایزبوو
یا ئاوێنە دێرینەکە وردو خاش بوو
ئەی با مەنوو
بادارستانە تۆراوەکان نەمرن
ئەی داهاتوو
بەئەسپایی وەرە ژوورەوە
با یادگارەکان خەویان نەزڕێ
ئەی شەو
ئەی شەو
مەیەڵە ڕۆژ قژە ڕەشەکەت بتاشێ
با باڵندە مەستەکانم
درەختەکانت چۆڵ نەکەن.. !

*　　*　　*

## وانەی ئاو

ئاو لەقوتابخانەیەکی تردا
فێری کردم
پیر نەبم
ئاوێنەش نهێنی قووڵێتی فێرکردم
نازانم ئەمە ئەو کچەیە
چەترەکەییم بۆ هەڵدەکات
یاکۆمەڵێ قەلەرەشە
لەسەر مزگەوتەکە
دەنیشنەوە..
خەون
گیرفانی نهێنی زۆرە
لەوانەیە
یەکێکیان
بەیاننامەیەکی قەدەغە
یا پاسکیلێك
یا مەمکێکی سەرمۆر
یا پیرەژنێکی ئیرۆسی
یا بەچکە کەروێشکێکی دڕندەی
تیادا نوستبێ..!

*　　*　　*

## ئەو لەبازنەیەکی دی دا

خوام بینی چەپکێ گوڵی لەبەردەستدابوو
بەسەری دا دەگریا
چەپکە گوڵ نەبوو
سەری خوێناوی
گرووپێ شەهید بوو..

*         *         *

بۆینباخێکی ڕەشم

بەعەرشەکەی خواوە دی

بۆینباخ نەبوو

پرچی کچێك بوو نەمدەناسی..

لەوانەیە پرچی ئەو کچەبێ

کەلەئۆتۆمبێلێکی سەفەردا بە وشە

یەکترمان کوشت

یا دەشێ پرچی

کچێکی هەڵەبجەیی بووبێ

لەوانەشە هەر پرچیش نەبووبێ

قامچی مەلائیکەتێك

یا باوەشێنی پەرییەك بووبێ..!

ئەوەتا وەکو هەور

ناونیشانی عاشقەکان دەکوژێنمەوە

لەڕاستی دا من نازانم

شاعیرم

یا شوانی

دەریای بێدەنگیم

بەڵام من شوانی نازانم

ئەوەتا کاتەکانم

چرکە چرکە

لەدەستم رادەکەن و

گۆچانەکەم نایانگاتێ

تەمەنم دوورگەیەکە لەخوێ

هەورە نەوسنەکانی کات

دەیدزن..

*         *         *

ئێ باشە هەور بۆ ئەوەندە حەزی لەخۆیە؟
ئەوە هەور ئەم هەموو دەستەی لەکوێ بوو
خۆی پێ بدزێ؟

*　　*　　*

(گوارەکانی خوشکە بچکۆلەکەم
بفرۆشە
پارەم بۆ بنێرە باوکەگیان
شووشە مەرەکەب و
کچێکی پێبکڕم
لەباوەشی دا وەکو منالّ
بکەومە هەناسە برکێ)

محمد ماغوط

ئەرێ رۆبۆت
سەیری فیلمی شارلی شاپلن دەکا
دەتوانێ بڵێ: ئەنیشتاین؟
ئەی ئەگەر نیوتن ببینێ دەیناسێ..
ئێ باشە کۆلۆمبس
یا مارکۆپۆلۆ
یا حاجی لەقلەق
پرۆفیسۆری جوگرافیان؟
بشێ ئامێری – ئەلترا–ی ئەلّمانی
بتوانێ خەیاڵەکانم بخوێنێتەوە؟
چ بکەم من رقم لەشێوازی:
ئەکادیمی و
کلاسیکی و
رۆمانتیکی و
ریالیزمی نیە
مەگەر بەشێوازی سوریالیزمانە

دڵداریت لەگەڵدا بکەم..
پردی دادیزمییانە
لەنێوانی دەستمو مەمکتا
دروست کەم
نەء عەشق بەتەرمۆمەتر ناپێورێ
عەشق سەمایەکی میلۆدرلامیانەیە
قوتابخانەیەکی هونەرییە
تیادا فێری گەلێ هونەر دەبین
لەوانە:
کۆلاج کردنی دەم یەگۆی مەمکەوە
دروستکردنی پۆرترێتی یادگار
بەڕەژووی ماچو شتی تریش
دۆبلاجکردنی خەونو حەقیقەت
یادکردنەوەی تابلۆی:
(پیرمێردو پیرەژنەکەی) پیکاسۆ
(لەپشت هەموو قەیسەرێکەوە
کەدەمرێ
قەیسەرێکی نوێ دێ)
—امل دنقل—
پرسەی کێیە واخۆشە
ڕەنگە پرسەی نیشتمان بێ
شایی کێیە وا خامۆشە
ڕەنگە شایی ئاشتی بێ
*　　*　　*
جارێکیان کچێك
گیرفانەکانی ئارەزوومی
پڕاوپڕکرد
لەگوڵی گوناحی سپی

ئەرێ گیاو با
لەسەرچی شەڕ دەکەن؟
کاتی ئەوە هاتووە
کۆترلەپشکۆ هێلانە بکات
فڕۆکەی جەنگی
لەگرووپی خوێنی —+٥—دا
بنیشێتەوە
ئەسپ بەسەر تیۆری ڕێژەییدا
باز بداتو
حەز لەبازنەی مەمکی کچان بکات
ئەرێ ئەگەر ئەنیشتاین
تیۆری ڕێژیی نەدۆزیایەتەوە
چی دەدۆزییەوە..؟
ڕەنگە هێزی ڕاکێشانی
لەشی ئافرەتی (یا وزەی ماچ)ی
بدۆزییایەتەوە..!
جا ئەوساتە
پردەکان دەمردنو
کەس جیاوازی نێوان
قوڕباقەو بۆمبای نترۆنی نەدەزانی..
ئینگلز یەکەم کەس بوو
کەپەیوەندی نێوان
خەونو مردووی دەستنیشان کرد..
پیکاسۆ یەکەم کەس بوو
بەشقارتەی گوت:
شەمشەمەکوێرە..
ئەرێ ماچ کلاسیکییە
یان مارکسیزم؟

بیابانی ماتماتیك
چ جۆرە رووەکێکی تیادا دەڕوێ
وەك سێبەرێك
شەقامێکی تاریك
ونم دەکات
شەقام نیە.. لمی گوناحی چاوی ئەو کچەیە
وەك رێبوارێکی شەکەت
چرای گوندێکی دوور دوور
سەرنجم رادەکێشێ
چرا نیە
چرا نیە
پشکۆی گوناحی لێوی ئەو کچەیە
ئەرێ بۆ بواری مردۆکان نادەن
سەرکەونە سەر بانێژەی بیرەوەرییەکانیان؟
ئەی سالّی رابردوو
کاتەکانت لەکوێ شاردۆتەوە؟
ئەی سالّی داهاتوو
کاتەکانم بۆکوێ دەبەی؟
*　*　*
(خەڵك لەملکەچیدا یەکسانن
وەك ددانی شانە
هەروەك ددانی شانەش
لەریشی شێخی نەوتدا
یەك یەك دەشکێن) — امل دنقل—
ئەی با لەم کۆڵانانەدا
سەما مەکە
نابینی منالّەکان رەشپۆشن..!
*　*　*

عەشق
یا لەزەتی لەش
(نیرڤانا)یە
ئەبێ لە –براهما– بپرسین
عەشق کێدروستی کردووە؟
دەبێ لەپەپوولە بپرسین
ئەی – سیڤا–
دنیای عاشقان
وێران مەکە..
(ایها الحب
ایها الدب القاسي
لا تدلق قناني قبلاتي)
عەشق جیهانی – ماموس–و
– ماستۆدۆ–یە
ئەی – میداس– دۆڕاندت
دۆڕاندت
زێڕ چیە
هەڵم نەمرە هەڵم .. هەڵم..
کێ یاری (تاروت) دەزانێ
بەختم بخوێنێتەوە..
ئەرێ – یۆریك– نەمرە
یا هیتلەر؟
– مرلین – مرد
ئیتر لەلای کێ زانستی سیحر
فێر بین
ئەی چۆن بەبێ سیحر
ئاگری لەشی کچان
دەستەمۆکەین/ جوگرافیای خەونەکانیان داگیرکەین

-سیرناد- و - جۆرجۆ-
لافاوەکەی تر رایمالّین
بۆ - ئەمفورتاس- ئاگادار ناکەنەوە ..
کەڕاوە نەهەنگ ئاسانە
راوە ماچ پڕە لەمەترسی..!
رێگای قەلآی چارەنووسە لێکئالآوەکان
لەکوێیە
لەماجەلان بپرسم
یا لەکۆلۆمبس
یا لەپەرستێلکە..؟
دەچم بزانم (سۆسۆرترز-
چی لەبارەی داهاتوومەوە
دەزانێ..

*　　*　　*

(لەکۆتایی دا گەڕامەوە
لەسنگمدا
بەبێدەنگی ملکەچیم هانی
بێ کاتژمێر
نەتەوەیەك کاتی ون کردبێ
کاتژمێری بۆ چیە؟)

-امل دنقل-

رۆژێ دارو درەختی شەقامەکان
لەجوگرافیای خۆیان یاخی دەبن
لەوانەیە ئوتێلێك بۆ ژنان بکەنەوە
یا دەشێ
بڕۆن بۆ هەندەران/ شەقامەکانی ئەوێ ئوتوو بکەن..
لەوانەیە رۆژێ پارە نەمێنێ
کچان:

پێڵاو
گۆرەوی و
سووراو
مایۆو.. هتد
وەکو گوڵەباخ
لەباخچەی حەوشەکەیاندا
بەشێوەی قەڵەم بچێنن..
لەوانەیە
لەجودابوونەوەی دەستێك و
مەمکێکەوە
هەزاران دارستان
سەریان بڕووتێتەوە
کێ دەڵێ پێڵاو
هەستی نیە
ئەی ئەگەر وایە
بۆچی پێڵاوەکەم هەمیشە
دوای بۆنی پێڵاوی کچان دەکەوێ..!

* * *

لەجەنگدا پەرداخێك نەبوو
ئیمپارتۆر ئاوی تیادا بخواتەوە
من ئیمپراتۆر بم
بەردەوام تاکە پێڵاوی کچێك
لەسەر دەکەم و
لەجەرگەی جەنگدا
خوێن و ئاوی تیادا دەخۆمەوە
ئۆی ئیمپراتۆر
نەئاگای لەعەشقەو
نەدەزانێ تەسەوف چیە

لەبەرئەوە
بێز لەپێڵاوی کچان دەکاتەوە
شاعیر چەند عاشقە
چەند سۆفییە
خەو بەوەوە دەبینێ
مایۆی کچێك
پڕ بکات لەباراناوو
بیخواتەوە..!
سەرم گڕکانێکە
کۆتری گوناح
هێلانەو
هێلکەی
تیادا دەکات
لەوانەیە ڕۆژێ ئەم گڕکانە
لەنێوانی باڵی دوو پەپوولەدا
هێوربێتەوە..
ئەوسا پێی دەڵێم
بەبلێسە هەموو پەنجەرە تاریکەکانم بشۆ
ئەوسا پێی دەڵێم:
پێم پەتییە
پێڵاوێکم لەپشکۆ
بۆ دروستکە
لەوانەیە پێشی بڵێم
کۆترەکانم بەڕەڵڵا کردووەو
دەمەوێ تاشەبەردێك
دەستەمۆ کەم
دەمەوێ لەگەڵ پێڵاوی کچێکدا
بڕۆم بۆ باخچەیەکی دوور

پەشیمان نیم.. من بووم گوتم:
ئەمانە کچگەلێکی دڵ خەتەنە کراون
ئەمە چاخی خەتەنەکردنی دڵە دڵ..
کێ ئەم زەوییە پاك دەکاتەوە
لەگوناهی کچانی دڵ خەتەنەکراو..
ئەوە دەمە بەسەر چەناگەی ئەم کچگەلەوە
یا گوڵێکی دەسکرد؟
ئەوە چاوە بەسەر کەپوویانەوە
یا دوو پەنجەرەی ئەلەمنیۆم؟
ئەوە مەمکە بەسینگیانەوە
یا دوو گڵکۆی بچکۆڵە؟
ئەوە پەنجەیە بەدەستیانەوە
یا ڕمی خوێناوی..؟
کچانی دڵ خەتەنەکراو
چ کچگەلێکی نەزۆکن
نەزۆك نین
لەبری منداڵ
ئوتومبێل و
تەلارو
پانی بەرزی لەزێڕ دروستکراویان دەبێ
ئەمانە کچن یا: لیۆبید–ی کارەساتەکان
– لیسیب–ێکی نادیار
لەجۆرە بەردێکی ئەفسانەیی تاشیونی..؟
پەشیمان نیم من بووم گوتم:
مەمکەکانت دوو گڵۆڵە ئاوریشمن
حەزدەکەم
بەرماڵێکیان لێ بچنم و
دوو ڕکات نوێژی سەفەری

لەسەر بکەم..!
من شاعیرم
یا سۆفیەکی سەرمەستی بادەی – ئەنتاهوور–
بەباڵی عەشق
هەموو مەوداکانی ئاسمان
دەسڕمەوە
عەشقی من – رەمزیار–ی ئاسمانو زەوییە
بشێ من عاشقی – مەرمووز–بم؟
شمشاڵێك لەلوولاقی– ئەمقار– دروست دەکەم
کەشمشاڵەکەم بەسروودی – نیابسشن– ئاوس دەبێ
– ئەردفیزوور– فرمێسکی خەندە
بەهەور دەبەخشێو
زەوی پڕدەبێ لەگوڵەگەنمو
بەرخۆڵەو ژنانی نەزۆك
زاوزێ دەکەنو
– ئەناهید– بزە بەتاشەبەردی کەناری زێیەکان
دەداتو
رۆحی سەرمەستانی عەشق
بەسەر پردی – نشینفاس–دا
دەفڕێو
دەفڕێو
دەفڕێ..
ئەوەتا هەور هاوار دەکات
کێ دەڵێ هەور
هەڵۆیەکی بەچکە دزراو نیە
ئەی ئەوە نیە
زەوی
بەردەنووکی گڕ دەدات..!

جارجار قولایی بیرێك دڵم کەمەندکێش دەکات
دەشێ چاوی رابردووبێ
لەوانەشە پەنجەرەی ماڵێك بێ لەکفری
*   *   *
دەترسم رۆژێ لەکۆڵانی تاریکی شیعرێکدا
ون ببم
جا کێ ماڵی خۆمانم پێشان بدات.. !
*   *   *
ویستم ئەو جادووە لەسۆفییەکە بدزم کەرۆحی پێ کردبەبەر
وێنەیەکی کچەکافرۆشی داو منالێکی لێی بوو ئێستا لەئەسینا نوکتە دەفرۆشێ
لەپرتۆفانێکی کارەبایی هەڵی کردو
بەرپێی سیخناخ کردم
لەکەروێشکی ددان ئاسنین و
شەپۆلی هەوری ترسێکی ئۆتۆماتیکی
راپێچی کردمە ناو
ئاوێنەی شیعرێکی سوریالییەوە
(نازانم ئاوێنەی شیعرێکی سوریالی بوو
یا ژێر تەنوورەی کچێکی هیپز..؟)
لەوێ شارێکم دۆزیەوە
درەختەکانی لەئاسمان و
ئەستێرەکانی لەزەوی بوون
بەتاریکیم وت:
ئەی کچە قژ رەشەکە
پرچەکەت کۆکەرەوە
با مانگ تۆڕەکەم لێوان لێو کات
لەماسی بەنگکێشی کلك زێڕین
مانگ دەڵێ:
ئارمسترۆنگ درۆ دەکات

نەهاتۆتە سەر نوێنەکەی من
ڕەنگە بەتاشەبەردێکەوە شەیتانی بووبێ
کەمن ڕۆژێ لەڕۆژان
لەسەری دانیشتووم.
ئارمسترۆنگ درۆزنە
داوا لەپاپا دەکەم
بواری نەدات بچێتە کەنیسەوە..
شێتێك لەژێر شەختەی بلێسەی
بورکانە بێ لغاوەکانی مێژوودا
گۆرانی دەڵێ
لەوانەیە هیتلەر بێ
مژدەی لەدایکبوونی
شەڕێکی جیهانی دی بدات
ئەوەتا زامی لەبیرچووی شەهیدەکان
هەر خوێنی لێ دەتکێ
بەپەڕەمووچی بانەڕۆژ
لەو خوێنە تابلۆیەکی پیرۆز
دەکێشمو
ناوی دەنێم : نیشتمان
(لەوانەیە ناوی بنێم دایکم
هەر ناوێکیان بێ وەکویەك وایە..
چونکە هەردووکیان هەرمردوون)
لەبەر پەنجەرەی ماڵی سۆفییەکدا
هەڵیدەواسم
لەوانەیە بیفرۆشێو
هەندێ خەونی پێ بکڕێ
خەون لەدایكو لەنیشتمانیش
پێویسترە

ئەوەی خەونی نەبێ
نەدایکی هەیە نەنیشتمان..!
*　　*　　*

من نازانم
دەشێ ئەم لووتکانە
ئەسپی شەیتان بن
یا کێ دەڵێ
مەمکی
کچە دیلەکانی وڵاتی میدیا نین..!
من نازانم
دەشێ ئەم ئەستێرانە
چرای ماڵی خدری زیندەبن
کێ دەڵێ چاوی بێداری ئەو دایکانە نین
کەکوڕەکانیان
بۆ جەنگی تەروادە چوون
هەروەها دەشێ
مانگ... مانگ نەبێ
زەردێنەی هێلکەی
باڵندەیەکی ئەفسانەیی بێ
یا کێ دەڵێ
چراکەی دێوجین نیە!
ئەرێ بریسکەی شیرو رمی
ئەم هەورە نێرەمووکانە
چی لەسەر پووزی رووتی چیاکان
دەنووسێ!
تۆی گریانی مناڵەکان لە چ مزگەوتێکدا بشۆین و
خەندەی خەونە لەبارچووەکان
لەچ مەیخانەیەکی پیرۆزدا

بەخاك بسپێرین!
كێ ئەم كەپرەی
لەشا لقی تاریكایی
بۆ ئێمە دروست كرد..!
ئای چۆن چڵێ خەندە
لەكچۆڵەی سەركانی گوندێك
بدزمو
تاریكایی ژوورەكانی دڵمی
پێ بماڵم..!
چۆن تۆزقاڵێ لەئاگرەكەی پرۆمیسۆس
بدزمو
ئەو تاتەشۆرەی پێ بكەم بەڕەژوو
كەبەتەمان
سبەینێ شارەكەمی لەسەر بشۆن..!
(خۆ من شارم نیە
شارەكەم دەمێكە مردووە
لەوانەیە بیانەوێ
كارێكی سێكسی
لەگەڵ كچە شازادەیەكی مردوودا
لەسەر ئەنجام بدەن
نازانم لەوانەشە
بیانەوێ بیكەن
بەدەرگای زیندانێك)
كەس خۆی ئامادە نەكات بۆجەنگ
ئەم شمشێرانە دارن دار
كەس خۆی ئامادە نەكات بۆ وەرزی عەشق
ئەم كچانە.. مارن.. مار..
پێچپێچەی ئارانی خەونە دوورەكان

ترپەی پێی شادییە دۆزەخییەکان
دەدزێ
دڵم لەشەقامێکدا بینی
جانتایەکی پڕ لەدووکەڵو خۆڵەمێشی
بەشانی چەپیدا دابوو
گوتم: ئەی ڕێبوارە قەرزارەکە بۆکوێ؟
گوتی: بۆ شوێنێك تۆی لێ نەبی..
– ئەم بەفرانە بۆ واسوورن؟
+ لەوانەیە هەورێکی تووڕە
بەر شمشێری دابن..
دوێنێ کچێك داوای قەڵەمێکی لێکردم
(نازانم داوای قەڵەم
یاداوای ئامێری پیاوەتیمی لێکردم)
نازانم شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ بوو
دەنگی هۆرنی ئۆمبێلو
هاتوهاواری سیاسییەکان
کەڕی کردبووم..
کێ دەڵێ:
داوای ریشەکەمی نەکردووە
بیکات بەپەڕەمووچێكو
بەخوێنی خۆی
تابلۆی ئەو جەنگەی پێ بکێشێ
کە لەساڵی سێ هەزاری – رەو–ی دا
لەسەر مەریخدا لەنێوانی
دوو پادشای سۆفیدا
لەپێناوی کچێکدا روودەدات
کەباشترین یاریچی تۆپی پێیە..!
* * *

جارێکیان
داوای نەختێ شادیم
لەبەهارکرد.. ببوورن لەکچێك کرد.. (وابزانم ناوی شالابوو)
ئەو گوڵێکی نایلۆنی دامێ
(لەبیرم نیە داوای
نەختێ شادیم لێکرد
یا پەپوولەیەك
کەلەتوێی دوو گەڵادا
مۆمیای کردبوو..!)
(ببوورن کەلەتوێی
دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا
مۆمیای کردبوو)
کچان هەموو شتێك
مۆمیا دەکەن
خەون
خەندە
فرمێسك/ ئامێری سێکسی پیاوان
بیرەوەری
ئارەزوو
تەنانەت دڵو
مێشکیش
هەر مۆمیا دەکەن..!
شەو نەخشی سەر زوقمە
با.. زوو دەیلێسێتەوە
کەمناڵ بووم جارێکیان
فیکەیەکم لەکچە قوتابییەك کێشا
(لەبیرم نیە
فیکەم لێ کێشا

یا شەمەندەفەری عەشق بوو
بۆ یەکەمجار
بەتونێلی دڵمدا
فیشکەی کردو
بەلوورەلوور
بەنێوانی هەردوو لنگی کچەکەدا
تێپەڕی..)
گوێگرە بەرێزەکان
ئێستا تازەترینو سەیرترین
هەواڵی شیعرتان پێڕادەگەیەنین
زانایانی پەلەوەرناس
واچاوەڕوان دەکەن
رێژەیەکی زۆر
لەباڵندە گۆشتخۆرەکانو
ئاژەڵە دڕندەکان
لەئەفرقیاو
ئەمەریکای لاتینو
قولەی قافو
کیشوەری ئەتڵەنتیەوە
گەلەرەوێکی گەورە
بەرەو کوردستان بکەن
چونکە بیستوویانە
کورد نەتەوەیەکی خێرەومەندەو
گۆشتی کوڕو برای خۆی
بەمیوان دەبەخشێ
ئیتر خواتان لەگەڵو
هەتا سبەینێ
شەوێکی بێ دەستڕێژو

شارێكی بێ گریان‌و

كارەبایەكی سەرتاسەرو

ئاوێكی خواردنەوەی پاكژتان

بۆدەخوازم..!

* * *

(چەند پاشكۆیەك بۆ هۆنراوەی) ئەو لەبازنەیەكی دیدا

١. من دایكم نیە/ نازانم بۆ – شالا– نەبوو بەدایكم..!

هەموو شتێ

بەدایكی خۆم دەزانم

لەوانەیە

كوڕی تاشەبەردێك بم

یا چیایەكی پیر

یا كۆنە بوركانی

ئەستێرەیەكی دەستەمۆ نەكراو

ئەی كێ دەڵێ

كوڕی هەتاو نیم!

* * *

من دایكم نیە

جارجار

واهەست دەكەم

لەلوولەی تفەنگێكەوە

هاتوومەتە دەرێ../ لەوانەشە شالا دایكم بێ..!

* * *

٢. دڵم دڵ نیە

كەروێشكێكە لەترسی راوچی

لەلای چەپی سنگمدا

خۆی شاردۆتەوە..!

٣. – چیا شێت بێ چ دەكا؟

+ دەڕوا.. هەر دەڕواو دەشتایی لەجێی خۆی جێدێڵێ
(چیا دڕندەیەکی ئۆتۆماتیکییە
سەوزە گیاو/ مەمکی کچان‌و
دەوەن‌و/ گسکی کارەبایی‌و
بەفرو/ ڕەشەبا
دەخوات‌و دەیانکات بەبەردو
بەردیش دەکات بەئاو
ئاویش بەپێی پەتی
بەناو تاوێرو کەلەمدا
رادەکات..
– ئەوە بۆچی دەگەڕێ/ مەبەستم لەبایە
+ لەوانەیە کچە تاقانەکەی
لەڕەوەکەدا ون بووبێ
– ئەی کێ دەڵێ
نایەوێ شاعیرێك بدۆزێتەوەو
شووی پێ بکات..!

* * *

٤. من وڵاتم بۆچیە
گڵکۆم دەوێ..
وڵات بۆ کۆلارە باشە
کۆلارە چەند کاتژمێرێك دەژی
نیشتمان بۆ ئەو باشە
من سەد ساڵ دەژیم
چۆن دەتوانم ئەو ماوە زۆرە
لەبستێ زەویدا بچەقم
کەسیاسییەکان
ناویان ناوە: نیشتمان..!

# دەقێکی بەڕەڵڵا
# یا مۆنتاج کردنی ریپۆرتاژە کاریکاتێرییەکان

ان صوتا واحدا شجاعا اکثریة

– علي بن ابي طالب–

# ڕێگا – ئۆتۆمبێل

زۆر ڕێگا هەیە زۆر
بۆدەستکەوتنی ئۆتۆمبێلێک
لەوانە:
بەشداری کردن
لەشەڕێکی براکوژیدا
ئەمە ئازایەتی دەوێ
کوشتنی دوژمنێک
یا دۆستێک
ئۆتۆمبێلی هەبێ
ئەمە کارێکی نامەردانەیە
پەلاماردانی بانکێک
ئەم کارەش مەترسی تیایە..
بەمووچەش
ئۆتۆمبێل ناکڕدرێ
باشترین ڕێگا..
یا با بڵێین یەکێ لەڕێگا باشەکان
بۆ دەستکەوتنی ئۆتۆمبێلێک
ئەوەیە ئەم پیتانە لێک دەی:
ئـ ۆ ت ۆ م ب ێـ ل:
ئۆتۆمبێل
هەموو هەژارێکی خوێندەوار
بەم شێوەیە دەتوانێ
ببێ بەخاوەنی
ئۆتۆمبێلێک
یا زیاتریش
شایانی باسە
ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلانە

نەمۆڵەتی لێخوڕینیان دەوێ

نەئیجازەی ساڵانە

نەبانزین

نەشەقام

نەبەرتیلی پۆلیسی هاتوچۆی دەکەوێتە سەر..!

***

## ئەفراندن – هەڵە

من جوگرافیای زەوی دەگۆڕم

چەند کیشوەرێکی نوێو

چەند دەریایەکی تازەو

چەند ئۆکیانووسێکی دیو

چەند زنجیرە شاخێکی تر

دروست دەکەم

یەکەم: کیشوەری برسێتی

دووەم: کیشوەری زیندووە مردۆکان

سێیەم: کیشوەری مردووە زیندۆکان

چوارەم: کیشوەری بێکاری

پێنجەم: کیشوەری دڵداری

شەشەم: کیشوەری کۆکردنەوەی پێڵاو

ئەمە لەبواری کیشوەرسازیدا

لەبواری دەریاسازیشدا

ئەم دەریایانە دروست دەکەم:

یەکەم: دەریای خوێنی پەمەیی دڵداران

دووەم: دەریای قاوەیی شیعر

سێیەم: دەریای سپی گوناح

چوارەم: دەریای رەشی خەون

پێنجەم: دەریای تەماحی بازرگان

شەشەم: دەریای تاکتیکی دکتۆر
حەوتەم: دەریای ئاژاوە
لەبواری ئۆکیانووس سازیشدا
ئەم ئۆکیانووسانە بەزەوی دەبەخشم:
یەکەم: ئۆکیانووسی فرمێسك
دووەم: ئۆکیانووسی رێکەوت
سێیەم: ئۆکیانووسی شەڕی براکوژی
چوارەم: ئۆکیانووسی رەو
پێنجەم: ئۆکیانووسی ماچو نەوت
هەروەها لەبواری چیاسازیشدا
ئەم چیایانە لەزەویدا بەرز دەکەمەوە:
یەکەم: چیای شەهیدانی بێناو
دووەم: چیای هەرەسی گەلان
سێیەم: چیای درۆی سیاسییەکان
چوارەم: چیای بەیەك گەیشتنی عاشقان
پێنجەم: چیای راوە مشك
شەشەم: چیای رۆشنبیریو هەڵماتێن
حەوتەم: چیای گاڵتەو گەپو یاری کاراتێ
هەشتەم: چیای مەمك
نۆیەم: چیای شاعیرانو ئاوێنە
دەیەم: لەسەدەیەکی تردا دروستی دەکەمو
لەوانەیە ناوی بنێم چیای تێکشکانە دڵدارییەکانی لەتیف هەڵمەت
***

## مەزەنە

بۆیە خەون دەبینین

ئەو بەهەشتە

بدۆزینەوە

کەباوکە ئادەم

ونیکرد..!

***

## مقارنة

الحب قصيدة فكاهية

ملؤها الصخب والعنف

دون معنى

والحب قصيدة فكاهية

يرويها مهرج

لايجيد الا فن التراجيديا

شكسبيرو لطيف هلمت

***

## جادوو

خوایە چ جادووبازێك

جادووی لەدایکانی ئەم سەدەیە کردووە

منداڵی خەساویان دەبێ

منداڵی سەروریش سپی

دەس بەگۆچان

ئیفلیج

دەبێ ئەم منداڵە پیاوە سەقەتانە

هەستی زایەندیان هەبێ؟

دەبێ حەز لەمێینە بکەن؟

ئاخۆ بەچی لەگەڵ مێینەدا
جووت دەبن
بەزمان
یا بەلووت
یا بەچەنجە
یا بەگۆچانەکەی دەستیان؟
ئافرەتی ئەم سەدەیە
چەند بەدبەختن
ئاتاجی پەنجەی پیاوێکی ئیفلیجو
ئامێرێکی نێرینەی لاستیکن.. !
کەس باسی پیاوە حەشەرییەکانی
سەدە رابردووەکانیان بۆ نەکات
نەوەك تف لەسەرجەمی
پیاوانی ئەم سەدەیە بکەن و
بەکۆمەڵ خۆیان بکوژن..
جا ئەوسا منداڵانی تەمەن سەد ساڵ
عاشقی چی بن..؟

*　　*　　*

وای وای ئەمە چ سەدەیەکی نەفرەت لێکراوە
چ (مەرلین)— ێك هەستی زایەندی مێینەکانی
ئاوەژووکردووە؟
مێینەکانی ئەم سەدەیە
بەئاوەژوو لەدەرگای دڵی پیاوە ئیفلیجەکان دەدەن
پڕوپاگەندە بۆ جوانی خۆیان دەکەن و
بەئاوەژوو شەڕوئاشتی بەرپادەکەن..
بەئاوەژوو شەیتانی دەبن
بەچییەوە شەیتانی دەبن
بەدەسکی چەترێکەوە

یا بەسوکانی پاسکیلێکەوە..!
بەئاوەژوو ئاوس دەبن
بەئاوەژوو منالیان دەبێ
منالی سەرو ریش سپی
منالی دەس بەگۆچان
منالی ئیفلیجی تەمەن سەد سال
بشێ ئیتر سەدەی کۆتایی ئادەمیزاد بێ..؟
بشێ ئیتر سەدەی فەرمانڕەوایی
رۆبۆتو
رۆسۆمی
ئەلەکترۆنی بێ..؟
بشێ جارێکیدی ئادەمیزاد
بە – تەوز– ەوە بالق بێ؟
***

## حزب

شیعر حزبی نیە
لەچاخانەیەکدا
دادەنیشێ
نوێژی خۆی
دەکات
شیعر
راکردنە لەمردن
لەبەرئەوە
هەرگیز
هەرگیز
هەرگیز
لا

ناكاتەوە..!

***

## ڕێگایەکی دی

لەباسی ڕێگادا لەبیرم چوو بڵێم

دوێنێ

ڕێگا زۆر جۆری هەیە

ڕێگای بازنەیی

ڕێگای چوارگۆشەیی

ڕێگای درێژۆڵکە

ڕێگا

ڕێگا

ڕێگا

ڕێگا هەیە دەتگەیەنێتە دەریا

ڕێگا هەیە دەتگەیەنێ بەکچێکی جوان

ڕێگا هەیە بەرەو لووتکە

ڕێگا هەیە بەرەو سێدارە

ڕێگا هەیە دەتگەیەنێتە درزێکی قەدەغە..

ڕێگا.. ڕێگا

خۆشترین ڕێگا

ڕێگایەکە

لەهیچ شوێنێکەوە دەس پێناکاو

ناگاتە هیچ کوێ

*      *      *

وەڵام

ئەگەر ڕۆژێ

شەقامەکان

مان بگرنو

کۆچ بکەن

ئێمە ئیتر

بەکوێدا

تێپەڕینو

لەکوێوە

لەم تەڵەیە دوورکەوینەوە

کەناونراوە

نیشتمان؟

***

## ناو – وەرزەکان

لەوەرزی یەکەمدا

ناویان نام لەتیف

ئەوە بۆ ناویان نەنام دەفتەر

بۆناویان نەنام مانگی دەسکرد

یا بۆناویان نەنام

دارلاستیك؟

*     *     *

لەوەرزی دووەمدا

کچێك بەگۆرانی مەستی کردم

لێم پرسی: ئەی کچە مۆمیاکراوەکە

ناوت چیە؟

بێدەنگ بوو

من ناوم نا کۆلارە

ئەویش

ناوی نام مناڵ..

*     *     *

لەوەرزی سێیەمدا
چرایەکم خۆشویست
نازانم چرابوو
یا لێوی سۆزانییەك..!
*　　*　　*
لەوەرزی چوارەمدا
تینووم بوو..
رووبارێك بوو بەهاورێم
ناوی – شالا–بوو
*　　*　　*
لەوەرزی پێنجەمدا
بڕیارم دا
ببم بەماسیگر
*　　*　　*
لەوەرزی شەشەمدا
واپەڵە سپییەکانی ریشم بۆیە دەکەمەو
چاوەڕوانی لەدایکبوونی
وەرزی حەوتەمم..!
***

## دزین

١. من دەڵێم
رووباریش زمانی هەیە
لەبەرئەوەی کەس گوێی لێ ناگرێ
قسە ناکات
ئای ئەگەر بوێ
دەبێ چەند گلەیی
لەماسی گر بکات!
*　　*　　*

٢. کێ دەڵێ خوا
وێنەی ئەم جیهانەی
بەدەباشیر
نەکێشاوە..!

*　　*　　*

٣. من دڵنیام
گوێدرێژیش خەو دەبینێ
ئیتر نازانم
لەخەویدا
دەبێ:
بەپاشا
یاخود
پەڵە قەرسیلێك دەدۆزێتەوە
کێ چووزانێ
دەشێ
لەخەویدا
کۆلارەیەك لەمناڵێك بدزێو
بیخوات..!

***

## ژماردن

بەپەنجەکانم
رۆژان دەژمێرم
بەپەنجەکانم مەمکی کچی شەقامەکان
دەژمێرم
بەپەنجەکانم
هاورێو دۆستەکانم
دەژمێرم
بەپەنجەکانم

دوژمنەکانم‌و تفەنگەکانیان

دەژمێرم

رۆژێ دادێ

بەپەنجەکانم

لەخۆم‌و پەنجەکانم زیاتر

هیچ شتێك ناژمێرم.. !

– بۆل فانسانسینی‌و لەتیف هەڵمەت–

***

## پێلاو

من دەڵێم

مەرگ پێلاوی لەپێدانیە

ئەگینا جارێ لەجاران

شوێن‌و هەتەری هەنگاوێکی

بەشەقامێکەوە

یا لەبەردەرگای ماڵێکدا

یا بەسەرپووزی کچۆڵەیەکەوە دەبینرا

رەنگە مەرگ

پێی هەر نەبێ

ئەگینا

مانگی سووری نێودەوڵەتی

یا وڵاتانی پەیمانی ناتۆ

جووتێ پێلاویان

بۆدەکڕی.. !

***

## راو

چ بکەم من لێرەدا

چبکەم

وابانگ دەدات

نازانم

لەنووری خوادا

خۆم بشۆم

یا لەگەڵ

شەیتاندا

بۆ راوە ماسیی

بڕۆم..!

***

## مەمك / باروت

پەنجە

بەسەرپیتکەی تفەنگەوە

پڕە لەخۆشەویستی

پەنجە بەسەر گۆی مەمکەوە

لەنارنجۆکێك

توورەترە..

*     *     *

دەم بەئەڵقەی نارنجۆکەوە

پڕە لەسروودی ئاشتی

دەم بەگۆی مەمکەوە

پڕە لەکڵۆی باروت

## لاڵ

تاریکایی لاڵە
ئەگینا بۆ
داوای چرایەك
لەیەکێ ناکات..!

***

## شەترەنج

دەریا زمانی نیە
چۆن بانگی مەلەکان دەکات
دەریا ئەنگوستی نیە
چۆن پاپۆڕەکانی دەژمێرێ..!
ژنیشی نیە شەو لەگەڵ کێدا
شەترەنج دەکات..!

***

## جەژنی لەدایکبوون

من دەڵێم:
هەوریش جەژنی لەدایکبوونیان هەیە
ئەی ئەوە نیە
لەسەر ئەو چیایە
سەما دەکەنو
تەپ لێدەدەن..!

*   *   *

## مانگی دەسکرد

دەشێ
سینگم گەردوونێك بێتو
دڵیشم
مانگێکی دەسکرد!

* * *

من دەڵێم ئەستێرەش شێت دەبێ

ئەی ئەوە نیە.. ئەو ئەستێرەیە

بەڕووتی

لەسەهۆڵبەنداندا

مەلەدەکات..!

* * *

بەخوا

من دەڵێم

پێیش ئارەزووی زایەندی

هەیە

ئەی ئەوە نیە

هەموو بەیانییەك

لەگەڵ پێڵاودا

جووت دەبێ..!

* * *

من دەڵێم

قابیل لەسەر نەوت

هابیلی کوشتووە..!

## پرسیارەکانی دی

١. ئەمانە
پەنجەن بەدەسمەوە
یا کێڵی گڵکۆی
پێنج عاشقی
بێناو..!

*　　*　　*

ئەم تەپوتۆزە چیە
دەڵێی پەپوولەیەک
نامەی کچێکم لەو بیابانەوە
بۆدێنێ..!

٢. حدثت في الحرب العراقية
الايرانية
كوارث غفيرة
اهمها:
ا: انهدام كافة الجسور
بين الشعر
وصديق لم اتعارف معه
اسمه – صاحب الشاهر–

ب: انتاج حبوب منع القبل
والصلات في اوانه

ج: سوق الشاعر لطيف هلمت
الى خدمة الاحتياط

لطفا ماهي الفروق الرئيسية
بين هذه الكوارث ودرس الرياضيات
وكوميديات انشتاين..؟

## هەڵە

خۆشەویستی
هەڵەیەکە
هەموو کەسێ
هەزار بارەی
دەکاتەوە..!
***

## دەنکە شقارتەو شتەکانی دی

١. ئەوە بۆچی قوڵنگ
ئەوەندە عاشقی تاوێری چیایە؟
ئەوە بۆچی تەور
ئەوەندە عاشقی دارستانە؟
ئەوە بۆچی تۆڕ
ئەوەندە عاشقی ماسییە؟
ئەوە بۆچی
دەنکە شقارتە
ئەوەندە عاشقی جگەرەیە!

٢. ئەم بەردەنوێژە
چەند گوناهی پاکی
بەسەردا باریوە؟

ئەم سیسەمە
چەند نوێژی عەشقی
لەسەردا کراوە؟

٣. هەندێ دەنکە شقارتە
زۆر درەنگ گڕ دەگرن
رەنگە پیرەژنێك
دروستی کردبێ..!

هەندێ دەنکە شقارتە
چەند زوو گڕدەگرن
بشێ کچێکی عاشق
دروستی نەکردبن..!

٤. من عاشقی دەلفینم
بەچ زمانێك
سوورەتی ئەوینمی
بۆ بنووسم
ئایە دەلفین
خوێندەواری هەیە
تاکو سوورەتی ئەوینم
بخوێنێتەوە؟

٥. بەهار شێتە
ئەم هەموو گوڵە
بۆکێ دێنێ
منداڵان حەزیان لەگوڵ نیە
حەزیان لەگوللەیە..!

.٦

خوایەگیان دڵم کوێرە

بۆیە دەکەوێتە

رووباری گوناحەوە

خوایەگیان دڵم کەڕە

بۆیە گوێی

لەدەنگت نیە

خوایەگیان تۆ لەکوێی

بۆ دەستم ناگری.. !

.٧ من دەڵێم:

شەڕی چوارەم

دەستی پێکردووە

ئەگینابۆ

کچان جووتێ مووشەکی کرۆزیان

لەسەر سنگیانەوە

ئاراستەی

شەقامەکان کردووە !

.٨ ئەم شارە

بۆ سووتاوە ؟

+ رەنگە ژەنراڵێك

جگەرەیەك

یا پایپێکی

پێداگیرساندبێ !

٩. ئەمە شوێن پێی
ساڵگارە کۆچەرییەکانە
لەگەڵ با دا
یاری دەکات

١٠ . جارجار
لەئامێری پیاوەتیم
توورە دەبم و
حەزدەکەم
تووڕی دەمە تەنەکەی خۆڵی
بەردەرگای حەوشەکەمان
بەڵام دەترسم
پیرەژنێکی حەشەری
بیدۆزێتەوە..!

١١. لەوەرزی ماچدا
سۆفییەك و
بەدمەستێك
یەکسانن..!

١٢. حاجی لەقلەق بەختەوەرە
پێویستی بەکاتژمێر و
ساڵنامە و
ئەتڵەس نیە
چاویشی تیژە
نەبۆ لای دکتۆری چاودەچێ و
نەچاویلکەی زەڕەبین دەکڕێ
جزمەیەکی سووری درێژی لەپێدایە

کەس ناتوانێ
لێی بدرێ!

١٣. خوای مەزن
زەوی پڕاوپڕ کردووە لە:
تەڵەو
تۆڕو
داو
ئەرێ بشێ
ئافرەتیش جۆرە تەڵەیەکی
ئۆتۆماتیکی نەبێ؟

١٤. ئەرێ گۆشت خۆشە
یا گۆی مەمك..؟
لەڕێوی مەپرسن
چونکە ڕێوی هەر گۆشتی خواردووە
مەمکی کچۆڵەی نەمژیوە..!

١٥. زەمانی زوو
پیرەژنێك هات
جنۆکەو خێوی
هەموو
دارستانەکانی
بەڕەڵڵای
شەقامەکان کرد
لەوساتەوە
مناڵان خۆیان
لەقوتابخانەکاندا
دەشارنەوە..!

١٦. ئەوەكێیە

دەرگای دڵم دەكاتەوەو
خەریكە دەڕواتە دەرێ؟
+ منم لاویم
لەم زیندانە بێزاربووم‌و دەڕۆم
− بڕۆ خۆتۆ
لەمنداڵێتی بەئەمەكتر نیت..
+ ئەوە كێیە
بەبێ ئەوەی لەدەرگای
دڵم بدات
كردیەوەو هاتە ژوورەوە؟
− منم .. پیریم
+ ئەو جانتایە چیە
بەكۆڵتەوە؟
− ئەوە پەڵە هەورێكی سپی‌و
هەندێ پشووە
بەدیاری بۆم هێناوی
بەدارستانێكیشم گوتووە
گۆچانێكی جوانت
بۆ بێنێ..!

.١٧

− ئەوە تەرمی چ وڵاتێكە
لەو مۆزەخانەیەدا
مۆمیاكراوە؟
+ لەپەیكەرەكەی
تشرشل
بپرسن..!

١٨. ئەی منداڵ

خۆتۆ خوێندەواری

گوڵ لێی نووسراوە:

بمقرتێنی بەپەنجەتەوە دەدەم..!

***

ژووریش

چاوی هەیە

ئەی پەنجەرە چیە؟

***

کێ دەڵێ ژن

ئاوێنە نیە

ئەی ئەوە نیە

شەوان خۆمانی لەبەردا رووت دەکەینەوە..؟!

١٩. هەندێ وێنە

کەبرسی بوو

چوارچێوەکەی خۆی

دەخوات..!

٢٠. من هاورێم نیە

لەمەمکی کچان زیاتر..

٢١. چۆلەکە قورسە

یا فرۆکە؟

لە — با— بپرسن

پشکۆ گەرمە

یا مەمکی کچانی چاوباشقاڵ؟

لەدەروێشێك دەپرسم:

ڕێی ماڵی خوا لەکوێیە
لەبەدمەستێك بپرسە..

٢٢. بەڕۆژ
ئێمە قسە دەکەین
بەشەو
درەختەکان
ئەگەر مرۆڤ قسەی نەکردایە
عەشق لەدایك نەدەبوو
ئەگەر درەخت
نەدوایە
مۆسیقا دروست نەدەبوو

٢٣. کچان دڵیان نیە
گۆرەوی‌و
پێڵاو‌و
سووراو‌و
بۆیەی نینۆك‌و
مووکێشی جۆربەجۆریان
لەسنگدایە

٢٤. کچان
مەمك پەروەردە دەکەن
پیاوان سمێڵ
ئەرێ پەیوەندی چیە
لەنێوان
سمێڵ‌و
مەمکدا..!

٢٥. كچان

تەنوورە كورت دەكەنەوە

شاعیران شیعر

ئەرێ دوژمنایەتی

لەنێوان

تەنوورەی كورتو شیعری

كورتدا

چیە..؟

***

## لاسارییەكانی با

بەڕاستی با بێزاری كردووم (بووە بەراسەری هەمیشەییم)

زۆر زۆر بەدخووە

دەڕۆم بۆ هەركوێ

پێشم

دەكەوێ

رەنگە وابزانێ

كچێكی جوانی لێیە

یا كۆلارەیەك..

لەهەر ژوورێ دەچمە دەرێ

لەپێش منەوە قەڵەمباز دەدات

رەنگە وابزانێ

مینێكی قورمیشكراو

لەژوورەكەدایە

كەجانتایەك

دەگرمە دەستمەوە

ئیتر خێرا

دوام دەکەوێ

ڕەنگە وابزانێ

بۆ هەندەران دەڕۆم

دەڕۆمە هەر تۆمبێلێکەوە

ئەو دوو جێگا

بۆ هەردوکمان دەگرێ

نایەڵێ کچێکی نازدار

لەلامەوە دانیشێ

بڕیارم داوە

ئەگەر شەوێ با بنوێ

بەپرچی کچێك

چوار پەلی ببەستمەوەو

تووڕی دەمە قەفەزێکی

شووشەوە..!

***

## ڕۆبۆت

یەکێك لەو شەقامەدایە

ڕەنگە خۆی نەبێ

دڵی بێ..

***

ڕەنگە ڕۆبۆتێك بێ

بیەوێ

لەگەڵ سۆزانییەکدا

جووت بێ

***

ڕەنگە ئەنیشتاین بێ
بۆ تیۆرێکی نوێ بگەڕێ
تیۆری ئاوس بوون
بەبێجووت بوون
تیۆری
هێزی ڕاکێشانی نەوتو
بەفر..
تیۆری ماچو مووشەدەمە..
دڵداری شەقامو تۆمبێل / فڕۆکەو بەرزایی..
هتد
یا دەشێ
تاوانبارێك بێ/ یا سۆفییەك
بڕوات لەنەزەرگەی پیاو چاکێك
مۆمی تۆبە
داگیرسێنێ
یا کێ دەڵێ
خۆم نیم
بۆ تەرمی شیعرێك
دەگەڕێم..
نازانم..
نازانم
لەوانەیە خوای میهرەبان بێ
هاتبێ بۆ سەیری
منداڵێکی
لەبرسا مردوو!

## پێی مار

بەبام گوت:
دارستانەکان رامالّە
دارستانەکانی رامالّی
بەمانگم گوت:
بۆ ئەوەندە دووری..
بەپەیژەیەکی زێرِیندا
هاتە ژوورەکەمەوە
من وا راهاتووم
ئەو دالّە رەشەی ناونراوە شەو
دەستەمۆ بکەم و
یاری شەترەنجی لێ ببەمەوە..
من دەلّێم:
مار پێی هەیە
بەلاّم ئێمە
نایبینین
بۆ ئەوەی
پێی مار ببینین
دەبێ
چاویلکەیەکی زەرِەبین
لەچاو کەین
ئەوەندەی
جووتێ تایەی لۆرییەک
گەورەبێ..!

## تەڵە

تەڵەیەك بۆ كات دەنێمەوە
دەیگرمو دەیخەمە قەفەزێكەوە
ئیتر بەفر بەسەر پرچی كچانو
ریشی شاعیرەكاندا نابارێ..
***

## (شەترەنجی وشە)

(ئاو/ ئافرەش/ كەڤۆك..
پەیژە / ئاراو
كوردستان/ ئاخوون/ لوخت
كەر/ شەگاڵ
یاخی/ كۆپ/ باسارك
شاعیر : دەو
مەرگستان/ ئاڤسارك
سیاسی.. / .. ئارسم..
ئەو وشانە
بخەرە رستەی بەكەڵكەوە
هەر بۆنموونە لەرستەی جۆری
ئەم دوو رستەیە:
١. سیاسەت كوردستانی.. بەمەرگستان
٢. سۆزانی.. سیاسەت پاكترە
تكایە كەس قۆپی نەكاتو
خاوەنی وەڵامی راست
نازناوی – شاعیر–ی پێدەبەخشرێ..
ئاگاداریش بن
لیستەی تاقیكردنەوە گۆڕاوە

وانەی ماتماتیك
لەبری پێنج شەمە
لەهەشت شەمەدا
ئەنجام دەدرێو
هەموو جۆرە
مۆڵەتێکیش
بەفەرمانی بەڕێوەبەرێتی
قوتابخانە
قەدەغەیە
تەنانەت
مۆڵەتی بەشداری کردن
لەشەڕی براکوژیشدا..
***

## مشتومڕ

ڕۆژێك پێش ئەوی
داهاتوو خۆی بەبزماری رابردوودا
هەڵواسێ
پردێك دروست دەکەم
لەنێوان خۆمو
دورگەکانی خەوندا
لەگەڵ کچە ڕۆبۆتێکدا دەنووم
کەمنداڵیمە
یا ماسییەکە
بەمنداڵی لەچیرۆکێکدا دیومە
یا لەئەفسانەیەکدا
دەستەمۆم کردووە.
مشتومڕ بەسە
واهەور بەسەر گڵکۆکاندا

رادەكات
كاتى ئەوە هاتووە
پردەكە
دروست بكەم..!
***

## پێشبینی

من دەڵێم
رێویش لەڕاوی كەروێشكو
كیسەڵدا
گەلێ نەبەردو
داستانی
پڕ لەقارەمانێتی هەیە
بەڵام رێوی خوێندەواری نیەو
حزبێكیشی نیە
داستانو نەبەردەكانی
بنووسێتەوە..
ئەگینا رۆژێ
باسی قارەمانێتی رێویش
لەوانەی مێژوودا
یا هەر نەبێ لەوانەی ماتماتیكدا یا لەبەشە وێژەییەكاندا
دەخوێندرا.. یا رادیۆیەك دەیكرد بەڕیپۆرتاژێك..!
***

## تارمایی پرسیار

ئەگەر بەیانیانێك
لەخەو هەڵسابین
درەخت نەمابوو
چۆلەکە
چی دەکات!
ئەگەر دیناسۆرەکان
زیندوو ببنەوەو
دەریاکان
لووش کەن
ماسی چی دەکات!
ئەگەر پێغەمبەرێك بێ
شیعر حەرام بکات
شاعیر چی دەکات!

* *

ئەگەر بەرد
وەك دڵی ژن رەق بوایە
بەچی خانوومان بکردایە
ئەگەر ژن نەبوایە
کێ خەونی بداینایەتێ

* * *

(هناك مكان يحلم فية الحلم بنا)
– ماریس کونین –

## جاڵجاڵۆکە / پرسیار

ئەوە بۆچی جاڵجاڵۆکە
هەر حەزی لەسووچی ساپیتەی
ئاودەسخانەو
گەرماوە؟ (جاڵجاڵۆکە نموونەی خشۆکی – ڤاری – کارییە..!)
بشێ بۆ ئەوە نەبێ
سەیری سمتی کچۆڵە تەنگاوەکانو
لەشی رووتی ژنانی ناو گەرماوەکان بکات..!
گوایە جاڵجاڵۆکە دڵی نیە
بکەوێتە تۆڕی جوانیی مەراقی
ئافرەتەوە..!
جار جار
دەنگێکی ئەفسووناوی
لەگۆشەی
ئاودەستێك
یا گەرماوێکدا
بەرزدەبێتەوە
کێ دەڵێ
جاڵجاڵۆکە نیە
بەدەنگ لەگەڵ
کچۆڵەیەکدا
جووت نابێ..!
بشێ جاڵجاڵۆکە
پەردەی پاکیزەیی
کچێنی پێ بسمرێ؟
من دەڵێم:
جاڵجاڵۆکە
ماچو هەڵمژینو هەڵگلۆفتن

نازانیَ

کەتەڵەی بۆ کچێك نایەوە

یەکسەر بەدەنگ لەگەڵیدا جووت دەبێ

هەندێ منداڵ

وەکو جاڵجاڵۆکە لاوازن

ئەرێ بشێ

منداڵی جاڵجاڵۆکە نەبن..!

***

## گوڵ / گڵکۆ

ئەرێ کەباران سەما دەکات

گۆڕستانەکان گوێیان

لەترپەی پێی

دڵۆپەکانیەتی؟

من عاشقێك

دەناسم

هەمیشە لەبەر پەنجەرەیەکدا

گوێی بۆ مۆسیقای باران شل دەکرد

ئەی بشێ ئێستا

نەهاتبێتە سەر قەراغی گڵکۆکەیی و

بەلەوێچ باراناو

نەخواتەوە..؟

*   *   *

ئەوە بەهار

لەو چیایە

دەوارە رەنگینەکەی

هەڵدەدات

بشێ مردو

هەست بەهاتنی بەهار
بکەن..؟
من دەڵێم
مردو
زۆریان حەز لەگوڵە
ئەگینا بۆ
هەموو شەوێ
بەهار بەدزییەوە
هەموو گوڵە جوانەکانی خۆی
لەسەر گڵکۆکان
دادەنێ..!
***

## ئەسپەکانی کۆسار

ئەوە بۆ کۆرژنی ئەسپەکانی –کۆسار–
بەسەر درەختە خەواڵووەکانی قلیاسان و
نەمامەکانی باخی بەختیاریدا
ناباریێ؟
دەڵێی شەپۆلی ساردی هەناسەی شەو
چوار پەلیانی لەگۆ خستووە
بۆ وەك شەوانی دی
بەرەو گردەکەی سەرچنار
نەمەغار ناکەن؟
بشێ شەهیدێك
بردبێتنی
بۆ گەشت و گوزارێکی دوور..؟
بشێ
چووبن لەم شەوە ساردەدا

لەژێر دارە هەمبزەکاندا
دڵداری بکەن؟
بشێ لەسووچێکی تاریکی باخی بەختیاریدا
نامەکانی کۆسار
بۆ دارەکان نەخوێننەوە؟
جاران
کەبێرەدا تێدەپەڕیم
ئەسپەکانی کۆسار
بانگیان دەکردمو
بەبارانی شیعر
بژو باڵیانم دادەهێناو
کاکڵە وشەم
بۆ ڕۆ دەکردن..
ئەوە لەکوێن
ئەسپەکانی کۆسار
لەکوێن
بشێ وەك:
گەرمیانێکان
ئەنفال نەکرابێتن..؟
ئەم ئەسپانەت
بۆچی
لێرە
بەستەوە
بۆ نەتزانی
لێرە
ئەسپیش دەکوژن!

## ئەلّوەن / ئەنفال

کێ دەڵێ ئەلّوەن
شووشە گوڵاوی کچە کوردێك نیە
لەژێر سمی ئەسپی داگیرکەرێکدا
نەشکاوە
یا دەشێ فرمێسکی
ئەنفالکراوێکی
سەدەکانی پێشوو بێ.. !
***

## زیندەخەو

لەخەوما بووم بەگوڵێك
کچێك قرتاندمیو
لەتوێی دەفتەرێکدا
وشکی کردمەوە
ئۆخەی بەس نەبوو
بەس
نەبوو
بەس
نەبوو
نەبووم بەگوللەیەك
لەشەڕی براکوژیدا
جلّی ژنێکم پێ ڕەش کەن.. !
***

## تاج / پێڵاو

خوایەگیان
پێڵاوم بدەرێ
نەك تاج.. !

# کۆمیدیای تراژیدیای
# دەنگو گیرفان

١.خەون لەئاسمانێکی دووردا
پیاسە دەکاتو
فیکە دەکێشێ
حەزی لەشەقامی کۆنکرێتو
کاسکێتی پۆلیس نیە
خەون بەرەچەڵەك قەرەجە
لەبەرئەوە هەرگیز نەسەربازی دەکاتو
نەدەبێ بەپێشمەرگە

٢. ژەنراڵەکان سەرگەرمی پیلانی
داگیرکردنی وڵاتانن
ژەنراڵەکان هەموو زەوی داگیرکەن
بەشیان ناکات
من چاوچنۆك نیم
دڵی کچێکم بەسە (مەبەستم گڵکۆیەکە)
لەوانەیە مەبەستم دەفتەری بیرەوەریەکانم بێ!

٣. با ئارمسترۆنگ
مانگی ئاسمان داگیرکات
من مانگی خەندەی تۆم
بەسە

٤. مێشەنگ
گلەییمان لێدەکات
دەڵێ:
ئەی مرۆڤ
ئێوە خوا فێری
دروستکردنی ماچی کردوون
شەرم ناکەن
هەنگوینی من
دەدزن..!

حیکمەتی ئەمڕۆ:
(وشەش بەرزاوو نیشتاوی هەیە..)

٥. منداڵێك حەزی لەوێنە کێشان بوو
وێنەی هەتاوێکی کێشا
پۆلیسێك حەزی لەوێنە کێشان بوو (لاتقتل أي كائن حي)
وێنەی زیندانێکی کێشا
راوچییەك حەزی لەوێنەکێشان بوو
وێنەی تاپڕێکی کێشا
کۆترێك حەزی لەوێنە کێشان بوو
وێنەی ئاسمانێکی سپی کێشا
شاعیرێك حەزی لەماچێك بوو
وێنەی ماجیدە رۆمی کێشا..

٦. زەنگی هەور لێدەدات
بەزەوی بڵێن
فەرشە گوڵگوڵینەکەی راخات
میوانی دێ..

٧. سۆفییەکان سەرتان داخەن
خۆر لەو چەمەدا
بەڕووتی مەلە دەکات!

٨. بەچاوی خۆم دیم
بڵێسەیەک
بەددانە سوورروتیژەکانی
دارستانێکی گەورەی
خوارد..

٩. بەچاوی خۆم دیم
ڕووبارێك
بەشمشێرە بریقەدارەکەی شارێکی کرد
بەدوو لەتەوە..
بشێ ئەو ڕووبارە- بروگرست — نەبێ؟

١٠. کێ دەڵێ کێ کێ
مۆسیقا
ناخرێتە قەفەزەوە؟
***

١١. باو تەناف هەمیشە شەڕیانە
ڕەنگە لەسەر دابەشکردنی جلی ژنانەبێ!
(باو تەناف (ئامێژن)ی شیعرن)

١٢. سواڵكەرێك لەشانۆنامەیەكدا
دەوری پاشای دەبینی
شانۆكە بو بەكۆشكی پادشاییو
سواڵكەرەكەش
بوو بەپاشا

١٣. فاقێك دەنێمەوە
لەوانەیە
كچۆڵەیەكی خەواڵووی
پێوەبێ..!

١٤. كەر زۆر ئاقڵە
وەك مرۆڤ نیە.. حاڵی عەشق نایگرێو
شێت نابێ
ئاخر گەر كەر شێت بوایە
شێتخانەی كەرانیش
دروست دەكرا
كەر نەعاشق دەبێ
نەبەشداری شەڕی جیهانی دەكا
گەر عاشق بوایە
فەرهادێك
یا لەتیف هەڵمەتێكیان
تیادا هەڵدەكەوت كچێك فریویان بدات
گەر بەشداری
شەڕە جیهانییەكانیشی بكردایە
هیتەرێك یا ستالینێكیان دەبوو جلی سوپاییان پێ لەبەر بكات
هەرنەبێ ئێستا
دەیان رێكخراوی خاچی سوورو مانگی سووری كەرانیش

دەرمانو ئازوخەو
تلیاکی تەمەڵی
بەسەر ناوچە لێقەوماوەکانی جیهاندا
دابەش دەکرد..
***
١٥. بایەك بازی دایە ئەو باخەوە
رەنگە گوڵ
یا میوە بدزێ
یا دەشێ
لەوێ چاوەڕوانی کچێك
بکات..

١٦. ئەو چۆلەکانە شەڕ دەکەن
ئەی منالآن بچنە ژوورەوە
نەوەك چۆلەکەیەك تووڕەبێو
نارنجۆکێك هەڵدات!

١٧. مرۆڤ بەهاوین خۆی رووت دەکاتەوە
دارستان
بەزستان!

١٨. سوپاس بۆ خوا داری دوستکردووە
ئەگینا لەدێرزەمانەوە
عەرشی پادشکانیان
لەیەسقانو چەرمی منالّ دروست دەکرد

١٩. قوتابییەك كۆلیژی بەسەركەوتوویی
تەواوكرد
باوكیو دایكیو خوشكەكەیو دەزگیرانەكەی
دڵیان خۆشە.. ئەو مەسئولەی هاوڕێی خوشكەكەیەتی
بەڵێنی داوە بیكات بەپۆلیسی گومرگ..

٢٠. ئەوە بۆ
لەزانكۆیەكی كوردستاندا
بەشی گومرگ ناكەنەوە؟

٢١. هەور كراسێكی رەشو بەروانەكەیەكی سپی
لەبەركردووە
رەنگە بۆ قوتابخانە بچێ؟

٢٢. ئەمەماڵەكەتە
ئەمەش گڵكۆكەت
شەقامێكیان لەنێواندایە
وەكو قەڵەم رەساس
هەركورت دەبێتەوە
(ئەمە لەقسەی شالا دەچێ رەنگەبڕگەیەك بێ
لەنامەكەی دوێنێی!)

٢٣. وێنە كێشەكە
وێنەی كۆترێكی كێشا
خەریك بوو
بیخاتە قەفەزێكەوە
كۆترەكە دای لەشەقەی باڵو
لەسەر دارێك نیشتەوە
كۆتر لەوێنەشدا
رقی لەقەفەزە..
(ئەرێ كۆترهیچ شتێك لەبارەی - سرنتیكا-وە دەزانێ..؟)

٢٤. زۆر سەفەرم لەبەرە
دوورترینیان سەفەری گەیشتنمە
بەدڵی کچێك

٢٥. شەقام چەند سپڵەیە
کەرۆی هەر دەڕواو لا ناکاتەوە
دەڕواو ئیتر
بۆ وڵاتەکەی خۆی
ناگەڕێتەوە

٢٦. نەدریا
نیشتمانی هەیە
نە با
نەشاعیر..!

٢٧. شەهیدان فریو نادرێن
یەك جار بەشداری
شەڕی براکوژی
دەکەن

٢٨. هەور قاتێکی نیلی لەبەرکردووەو
شاور لێدەدات
ڕەنگە بووبێ بەپۆلیسی هاتوچۆ؟
٢٩. کاتژمێر بانگمان دەکات
بۆلای
خۆی
(ئەمە لەقسەی باوکم دەچێ)

٣٠. ئەسپێك

گالیسکەیەکی رادەکێشا

بۆنی یادگارەکانی منی لێ دەهات

٣١ ئەوانەی نەشهاتوون

هەر ئەم

پرسیارانەی

ئێمەیان

پێیە؟

(ئەمە لەقسەی حافزی شیرازی دەچێ)

٣٢. ئەو دایکەی

کەمەلۆتکەکەی بوو بەئەستێرەیەکی نەبینراو

بووکە شووشەیەکی خستە

لانکەی بەتاڵەوە

هەموو رۆژێ سێ و چوار جار

شیری دەاتێو

دەمو چاوی بەلۆکە دەسرێو

لایەلایەی بۆ دەکات

بووکە شووشەکە

نەدەگری

نەپێدەکەنی

نەگەورەدەبێ..!

٣٣. بێژینگ هەزار چاوی هەیە

بەڵام نەئەستێرە دەبینێ

نەکچی جوان

باشە ئیتر چاوی بۆ چیە؟

***

من پرسیار ناکەم
گوێ
لەدەنگی بەرد
دەگرم..!
(ئەمە لەقسەی مەلا نەسرەدین دەچێ)

٣٥. لم گوناهە
گوڵی نیە
شاخ گوناهە
پیاسەکردن نازانێ

٣٦. شەڕ
بەتەقەیەك دەس پێدەکات
بەڵام بەهەزار هەزار تەقە
کۆتایی بۆ دانانرێ

٣٧. ئەرێ بۆ بەرد
لەنیشتمانی خۆی
بێزار نابێ
ئەمە لەشیعری ئەسکەندەری مەکدۆنی دەچێ

٣٨. ئاوێنەکە شکا
بوونەوەرەکانی ناوی رەویان کرد
ئیتر هەرگیز
کچە جوانەکان
بەڕووتی مەلە لەشەپۆلەکانیدا
ناکەن

٣٩. ئەرێ مشك
کەدەبێ بەتەڵەوە
بیرلەچی دەکاتەوە؟

٤٠. درەخت هەزار دەستی هەیە
بەڵام نایکاتە ملی
هیچ دەزگیرانێ!
باشە ئیتر دەستی بۆچییە؟

٤١. پێڵاویش زمانی هەیە
بەڵام دەزگیرانی نیە
گۆرانی بۆ بڵێ
باشە ئیتر زمانی بۆ چیە؟

٤٢. بایەك دێ
خەونی دەسکردمان
پێدەبەخشێ

ئەمە لەقسەی گالیلۆ دەچێ

٤٣. ئەو کچە با بانگی کرد
ئەوەندە بەپەلە رایکرد
خەندەکانی
لێرە بەجێما

٤٤. با چ مژدەیەکی بەو دارستانە داوە
وا درەختەکان
بەریز سەما دەکەن!

٤٥. سوپاس بۆ ئاو
کەهەموو زەوی داگیر نەکردووە
ئەگینا لەکوێ
مردوومان بەخاك بسپاردایە !

٤٦. پیاوان زۆر سپڵەن
کەدەچن بۆ شەڕ
بیر لەژنەکانیان ناکەنەوە
یەکسەر
بەرەو گۆڕستان دەچن..

٤٧. چاوەڕوانی کچێك دەکەم یەکتر ناناسین
(ئەمە لەقسەی فان کۆخ دەچێ)

٤٨. نیشتمانم دی
ریشە سپییەکەی درێژ درێژ ببوو
جانتایەکی گەورەی دابوو بەکۆڵیا
دەیگوت منیش لێرە بەتەنیا چ بکەم
بەتەمام بڕۆم بۆ ئەورووپا

٤٩. نازانم ئیتر
چ خەونێك ببینم! (ئەرێ رۆبۆت میزدەکات؟)

٥٠. مەنوو رۆڵە
نەوەك رەوبێ‌و
کەس خەبەرت نەکاتەوە

٥١. پاییز بەر لەمن
میوانداری ئەم ئاوایییەی کردووە
ئەمە جێی نالّی
ماینە زەردەکەیەتی!

٥٢. ئەی رەشەبا
گەڵای پایزم پێ نافرۆشی؟

٥٣. ناوێرم لە بەفر بپرسم:
بۆچی تۆ هەر کچی سەوزت دەبێ؟

٥٤. خوایە بمبەخشە
من دەیان کچم
لەدڵمدا زیندەبەچاڵ کردووە
ئەها ئەمە
گڵکۆ تاریکەکانیانە!

٥٥. ئەم گڵکۆ بچووکانە
لەم ئاوێنەیەدا
گڵکۆی گوڵو پەپوولەن
ئەوە بۆ کەس بەیانیانی هەینی
گوڵێکیان لەسەر دانانێ؟

٥٦. بۆنی شتە کۆنەکانمان دێ
بۆنی گەڵای رزیوی
رۆژگاری داهاتوو دێ
ئەوە بۆ پەنجەرەیەك ناکەنەوە
خۆ ئەمە گۆڕ نیە؟

٥٧. تامی گۆرانییەکی خۆش دەبارێ
قەرەجەکانن
چادر هەڵدەدەن
لەهەموو لایەك گوڵ دەپشکوێ
گوڵ نیە
ماچی ئاشقەو ماشقەی قەرەجەکانە

٥٨. چاکە دوام کەوت
گوناهەکانم گوتیان:
بۆ کوێ دوامان دەکەوی؟
گوتی منیش خوشکی ئێوەم..

٥٩. هەستی حەوتەمم پێم دەڵێ:
ئاگر تووڕەیی خوایە..

٦٠. ئەی گوڵ
زەنگۆڵەیەکی گەورە
بەملی پایزدا هەڵدەواسم
هەرکە هات لەدوور دەنگی
زەنگۆڵەکەی دێ
گورج
خۆتی لێ بشارەوە..!

٦١. زەوی لەئاسمان خۆشترە
کەخەو رەشماڵ بۆ عاشقان هەڵدەدات
کەپێڵووی مۆسیقای دارستان
ماندوێتی قورسی دەکات
خوا لەئاسمان دێتە خوارەوەو

لەشەقامەکانی زەویدا
پیاسە دەکات...... ئەوەتا شوێن پێکانی
نووری لێ هەڵدەقوڵێ!

٦٢. زۆرجار
کاتژمێر
لەباتی مرۆڤ درۆ دەکات
٦٣. ئەرێ بشێ
گوڵی بێ بۆن
بۆنی گوڵی بۆندار نەدزێ؟

٦٤. ئەوە با
چی بەهەور دەڵێ
وادەگری؟

٦٥. بوونەوەرەکانی ئاسمان
زۆر دواکەوتوون
لەوەتی هەن
بەهەورە برووسکە
شەڕ لەگەڵ زەویدا
دەکەن
نەفرۆکەیان هەیە
نەکیمیایی
نەمووشەکی کیشوەر بڕ
لەوانەیە لەشیعریشدا
هێشتا
لەقۆناغی کلاسیکی دابن..!

٦٦. عاشقان نیشتمانیان ناوێ نیشتمان هەر نەشبوایە
عاشقان
باوەشی یەکتریان
بۆخۆیان دەکرد بەنیشتمان!

٦٧. عاشقان
زمانیان ناوێ
ئەگەر زمان
هەر نەشبوایە
عاشقان
بەمۆسیقای ماچ لەگەڵ یەکدیدا دەدوان!

٦٨. بڕینی ڕێگای
هەزار میلی عەشق
لەماچێکەوە
دەس پێدەکات!

٦٩. شەڕە
شەڕ چەند
دەستو پێی دەسکردی
بۆ لاوان پێیە؟

٧٠. فڕۆکەیەك
بەئاسمانەوەیە
فڕۆکە چەند گۆڕی
بۆ منالآن پێیە؟

٧١. لەجەنگدا
گیتارژەنەکان گوێ دەگرن
ژەنراڵەکان
بەتۆپو دۆشکە
مۆسیقا لێدەدەن

٧٢. پێشبڕکێ لەگەڵ کاتدا
مەکەن..
کات شارەزای
هەموو ڕێگا قەدبڕەکانە..!

٧٣. مانگ لەدوورەوە
سەرنجیماڵەکان دەدات
دەبێ دەزگیرانەکەی
لەپشت کام پەنجەرەوە بێ؟

٧٤. کێ ئەو هەموو
گڵو
گابەردانەی
لەپشتی چیا بارکردووە
(لەمانگ بترسن شارەزای تەواوی لە–کۆمۆفلاژ– دا هەیە)

٧٥. گەلگامێشو ئەنکیدۆ درۆیان کرد
خەمبابایان نەکوشتووە
ئەی ئەوە نیە خەمبابا
لەهەموو شەقامەکانی سەدەکاندا
بەپێوە میز دەکات!

٧٦. بیرەوەری بیرمان دەخاتەوە
کەهێشتا کۆلارەکانمان
بەئاسمانەوەیە..

٧٧. هەور
ژان گرتی
شەو تا بەیانی
نالاندیو نالاندی
بۆ بەرەبەیانی لافاوی بوو..

٧٨. ئەی مرۆڤ تفەنگت بۆ چیە
بەچەپکێ گوڵ
جیهان دەکەی
بەهاورێی خۆت..!

٧٩. ئەوە هەورە
بەو چیایەوە ئاگر دەکاتەوە
یا لەشکری دوژمن؟

٨٠. دەزانم بۆچی دەناڵی
ئەی مەل
دەڵێی بەهار
لەپەنجەرەکەوە رادەکات!

٨١. سوپاس بۆ کەلەشێر
هەتاو لەخەو هەڵدەستێنێ
سوپاس بۆ هەتاو
خەونو تەرمەکانمان
بەگەلای رووناکی دادەپۆشێ..

٨٢. ئەی گوڵ

بە چزمانێك
لەگەڵتدا بدوێم
بە چ زمانێك
بتلاوێنمەوە
ئەی گوڵ؟

٨٣. مەرگ

لەهەموو کەسێ زیاتر
شارەزای جوگرافیای زەوییە..

٨٤. کات وەکو تاوانبار لەدەسمان رادەکات

کات تاوانبارە
ئەی ئەوە نیە تەمەنمان دەدزێو
رادەکات!

٨٥. ریشۆڵە زەماوەند دەکەن

دەبێ بووکی ریشۆڵە
لەچ ئارایشگایەك
جوان بکرێ
بشێ بووکی ریشۆڵەش
داوای ئەڵقەو
گوارەو
گۆبەرۆكو
جلی شەو بکات؟

٨٦. ئەرێ گوڵ

گۆڕستانی هەیە؟

٨٧. نامەیەك دەنێرم بۆ کچێك
کەلەفیلمێکدا بینیومە
بشێ پێی بگات؟

٨٨. شەوان.. تەنها هەتاو
گوێ لەڕازو گلەیی
رووبار
دەگرێ..

٨٩. ئەرێ ئەوە
چ خێڵێکە
ئەو دەوارە سپییەی
لەو لووتکەیە هەڵداوە؟

٩٠. شەوان دەریاچەی ئیجە
هەندێ گوڵی سوور
بەکەشتیەوانەکان دەفرۆشێ
ئەوە گوڵ نیە .. دڵی ئەو ئاشقانەیە
کەنیشتمانە دکتاتۆرەکەم
شاربەدەری کردن..

٩١. شەیتانم بینی
پایپی دەکێشاو خەوە نوچکێی بوو
دەیگوت سەرخەوێك دەشکێنم
دڵنیام بەرلەوەی خەبەرم بێتەوە
شەڕێکی دی
لەدایك دەبێ

٩٢. شەو
وەکو کچێکی پێست ڕەش
هاتە ژوورەکەمەوە
مانگو ئەستێرەم
کرد بەشایەتو
بەسیخە لەخۆمم مارەکرد
پاش نۆ کاتژمێرو
نۆ خولەکو
نۆ چرکە
کچێکی بوو
ناوم لێنا : هەتاو

٩٣. مردۆکان وا بەپەلە دەڕۆن
لەبیریان دەچێ
شتەکانیان کۆکەنەوە
شتەکانیان
لەبازاڕی دارەسووتاوەکە
پیاسە دەکەن!

٩٤. ئەو منداڵە لەبرسا نووست
خەو هەزاران جۆر
میوەی خۆشو
کولیچەو نانی دایە..

٩٥. ئەو دەربەدەرە لەسەر شۆستەی
وڵاتێکی دووردا نوست
خەو کلیلی نیشتمانێکی
فراوانی پێبەخشی..

٩٦. ئەو نەخۆشە بەتەنیایی مرد
مەرگ کردی
بەشاهەنشای
ولاتێکی بێدەنگ

٩٧. ئەی دوێنێ لەکوێی
وەرە
ماچو خەونەکانت
لەژوورەکەمدا بەجێماوە
خێرا بیخەرە جانتاکەتەوە
با ئەمڕۆ نەیدزێ..

٩٨. شەو ئەم دەباشیرە ڕەشە
دیوارەکانی جیهانی
پڕکردووە
لەهۆنراوەی کلاسیکی..!

٩٩. شەو هاتو پەتوویەکی ڕەشی
دابەسەر منداڵەکانداو وتی:
ئیتر کاتی پشوودانی کۆلارەکانتانە..

١٠٠. کەسەفەرم بۆ ولاتی کچە جوانەکان کرد
منداڵی خۆم، لەجانتایەکی نەبینراودا
لەسەر شۆستەیەکدا
لێ ون بوو..

١٠١. دەرگای پەرستگاکەم دادەخەم
بۆ ئەوەی کات
هاتوچۆم نەکات

١٠٢. لەوانەیە ئاسمان
دووکەڵی شارێکی سووتاوی
پێش مێژووی مێژووبێ
لەوانەیە مانگ
چرای ماڵێکی
کۆچەری بێ
لەوانەیە ئەستێرەکان
کۆمەڵێ شاژنی مۆمیاکراوبن
لەوانەیە کەشتی پڕ لەمووشەك بن
ئەی ئەوە نیە
هەندێ جار
زەوی ئاگر باران دەکەن!

١٠٣. درسکوت معبد هوس
خفته ام کنار
پیکر تو بیقرار
جای بوسهای من
بروی شانەهات
همچو جای نیش
اتشین مار
(فرووغی فرووغ زاد)

١٠٤. کچێ
ماڵێکی بۆ کردم
لەشوێن پێ..!

١٠٥. ئەشێ خۆر چاوی ئاسمان بێ
ئەشێ دارستان
ریشی زەوی بێ!

١٠٦. ئەی پەپوولە سلێمانی
زوو وەرەوە زوو
بزانم لەکوێ
کەلەگۆڕێکی نوێی
کورد قرانت بینیوە؟

١٠٧. ئەرێ چیە ئەمشەو قەلو داڵ
ئاسمان بەرنادەن
بشێ
بۆنی گەلەگۆڕێکی
ئەنفالکراویان نەکردبێ!

١٠٨. ئەرێ بشێ
مردووش وەکو سەرباز
لەدوورەوە دڵی بۆ کچی جوان لێ بدات
ئەرێ بشێ
مردووش وەکو سەرباز
مۆڵەت وەرگرێو
بڕواتەوە بۆ ناو
ماڵو منداڵی خۆی؟

کێ دەڵێ
ئەو کەسانەی کەلەشەقامەکاندا
پیاسە دەکەن‌و
نایان ناسین
مردووە مۆڵەت دراوەکان نین؟

١٠٩. زەوی ریشی سپی بووە
بەگۆچان دەڕوات
ئەوەندەش پاپی کێشاوە
شەو تا بەیانی دەکۆکێ
بەڵام ژنەکەی دەڵێ
لەهەرەتی لاوی ئیرۆسیترە
شەوی شەش حەوت جار
وسڵ دەکات
نازانم لەکوێ ڤیاگرا
دەکڕێ..!

١١٠. دروستکردنی قوتابخانەیەك
زۆری تێدەچێ..
هەزاران تەن ئاسن
هەزاران تەن چیمەنتۆو گەچ‌و لم‌و چەو
هەزاران تەن کەرەسەی دی
هتد.
جگە لەبەڕێوەبەرو
مامۆستاو
سەدان ریحلەو
دەیان تەختە رەشەو
هەزاران قاڵب دەباشیرو

شتی دی
بەڵام دروستکردنی گۆڕستان
زۆر ئاسانە
شەڕێکی ناوخۆی یەکرۆژی
دەیان گۆڕستان
دروست دەکات
لەبەرئەوە کەس گلەیی نەکات
بۆچی گۆڕستان
لەقوتابخانە زۆرترەو ژمارەی
مردووش
لەقوتابیو مامۆستا
زیاترە..!

١١١. بلا دور
تصبح حياتنا احتضارا
نحن جميعا عباقرة في ارحام امهاتنا
لكن العبقريات المحتملة
تجهض
حين تفقد الدور
انا لا اطالب
بدم احد
اني فقط
اطالب
بدور
- يفتشنكو-

١١٢. هذا العالم لم تعد فيه حقائق
فالتويست
بديل الحقيقة
– يفتشنكو–

١١٣. ايها الحب
تعال للجيوش المتحاربة
وازرع الزنابق
في بنادقهم
– ديف كنلف–

١١٤. واهەست دەکەم ئەم کۆشکانە
بەخوێن بۆیە کراون
ئەرێ بەخوێنی کێ؟
واهەست دەکەم ئەم تۆمبێلانە
بەخوێن دەڕۆن
ئەرێ بەخوێنی کێ؟

١١٥. شەو بەبەر پەنجەرە کراوەکەی ماڵماندا
تێدەپەڕێ
هەزاران ڕیشۆڵە
بەڕەڵلا دەکات
ئەرێ شەو
ئەم هەموو ڕیشۆڵەیە
لەکوێ ڕاو دەکات؟

١١٦. من پێنج مەودام هەیە
درێژی / یەکەم
پانی / دووەم
شێتی / سێیەم
چوارەم ئەنیشتاین دەیزانێ
شیعر/ پێنجەم

١١٧. دیناسۆر کەزانی دەرەقەتی مرۆڤ نایەت
زەوی بەجێهێشت
ئەرێ دەبێ
چووبێ بۆ کوێ
***
لەنیشتمانەکەمدا
نرخی هەموو شتێ بەرزە
خوێن نەبێ
– سالم جبران–

١١٨. سەگێك رادەگرم
ناوی دەنێم ئەمەریکا
لەشەوێکی ئەنگوستەچاودا
لەسەر دیواری قەحپەخانەیەك دەنووسم:
کۆشکی سپی ئەمەریکایی!

١١٩. ئەرێ سەربەستی لەکوێیە
لەگەڵ منداڵاندا لەو شەقامە
یاری دەکات
یا دوێنێ ئێوارە
لەو گەلەگۆڕەدا
زیندەبەچاڵ کرا..!

١٢٠. ماسی وەرە ئامێری هەناسەدانمان
بگۆڕینەوە
من لەئاودا دەژیم و دەلفینێك مارە دەكەم
تۆش زەوی داگیر بكەو
بە – ناتالی سارۆت–ەوە شەیتانی ببە..

١٢١. كوێر رەنگ نابینێ
چاوساغ هەق
زۆر سەیرە
شەل بەگالۆك دەڕوا
پێ ساغ بەتۆمبێل!

١٢٢. خەون لەبازاڕ نافرۆشرێ
خەون لەبازاڕ ناكڕدرێ
خەون نابرێ بۆ گۆڕستان
خەون راو ناكرێ
ئەی خەون لەكوێوە دێ و
دڵمان داگیردەكات؟

١٢٣. كچێك رایكردە ناو ئاوێنەیەكەوە
ئیتر نەمدۆزییەوە..!

١٢٤. میزی سیاسەت
خوێنێكی سوورە
ماچی ئاشقان
رووناكایی زەوییە!

– فازیل عەزاوی و لەتیف هەڵمەت–

١٢٥. عەشق گۆچانەکانمان لێدەدزێو
دڵێکی پڕ لەپەنجەرەو
دوو پێمان دەداتێ
لەئاو..

١٢٦. ئەم هەرا هەرایە
لەکام ئاوێنەوە هەڵدەقوڵێ
ئەم بێدەنگییە
لەچ دەریایەکەوە هاتووە؟

١٢٧. ئەوەتا خۆشەویستی پێڵاوەکانی خۆی
بەمنداڵێکی هەژار بەخشیوە
ئەمە شوێن پێکانێتی
دیارە بەپێی پەتی دەگەڕێ..

١٢٨. ڕۆژێك لەڕۆژەکانی هەفتە
خۆی شاردەوە
گەلێ ڕووداوی مێژوویی
زیندەبەچاڵ کرا
لەوانە عەشقی منو
دایکم .. (هەروەها مردنی وڵاتەکەم)

١٢٩. مردۆکان
ئاهەنگ دەگێڕن
ئاهەنگی لەدایکبوونی شەهیدێك
خولەکێك
بەپێوە گۆرانی دەڵێن..

١٣٠. — كوانێ ولاتەکەم
+ دوێنێ لەجانتای ئاوارەیەکدا
لەسەر سنووری تورکیا
زەوتیان کرد
رەنگە کردبێتیان
بەئاودەسخانەی
کچە گەشتیارەکانی ئەورووپا !

١٣١. گسکێکم بدەنێ
تەرمی ئەم هەورانە راماڵم
ئەی زیندۆکان بێدەنگ بن
نۆرەی مردۆکانە
قسە بکەن !

١٣٢. هەندێ دڵ
درزی بردووە
خۆشەویستی ناگرێتە خۆی

١٣٣. گرووپی خوێنم
نۆ زانیدە
بەڵام گرووپی عەشقم
بەکەس نالێم

١٣٤. سیاسەت
هەزار رێی هەیە
نۆسەدو نەوەدو نۆی
دەگاتە
جەرگەی جەنگ.

***

کورسی نازانیّ
پادشای لەسەردانیشتووە
یا گوێدرێژ..!

١٣٥. ئەرێ دەبێ
گرووپی خوێنی درەخت
چی بێ..!

١٣٦. من دەتوانم
دڵی سەرجەمی کچانی گێتی بدزمو
بیخەمە گیرفانە بەتاڵەکانمەوەو
خۆم بخەمە زرێبارێکەوە
جا ئەوساتە
کچان بەبێ دڵ
چۆن دڵداری دەکەن؟

١٣٧. من دەڵێم عاشقان
خەڵکی کیشوەری ئەتڵەنتین..!

١٣٨. چ بکەم باشە
نەیەڵم دڵم بکەوێتە تۆڕی عەشقەوە
چ بکەم باشە
دڵم لەگەڵ شادیدا بگونجێ
چ بکەم باشە
ببم بەناپلیۆن بۆنابرت
ئەگەر بووم بەناپلیۆن
چ بکەم باشە

تاوەکو لەشەڕی واترلۆدا
سەرکەوم..!

١٣٩. دوو پادشا
لەسەر رووبەری یارییەکی شەترەنجدا
کوژران
لەیاری شەترەنجیشدا
مردنی پاشا
هەرخۆشە..!

١٤٠. ئەرێ بشێ دەریا
حەزی لەپیاسەی ناو بازاڕ نەبێ
ئەرێ بشێ دەریا
ستەمدیدەیەك نەبێ
وا تووڕەیە..!
(تێبینی: من دەریام هەر لەفیلمدا بینیوە
تەنانەت دەریای ئیجەشم نەدیوە)

١٤١. بیابان پێدەکەنێ
دیارە هەواڵی بارانی بیستووە
چیا دەگری
دیارە وەختی کۆچو باری بەفرە!

١٤٢. ئاخ با چەند قسە دەکات
ئاخ هەور چەند
بێدەنگە؟

١٤٣. خەون: مناڵێکی یاخییە
رۆژێ گڕ بەردەدات لەهەموو وەرزەکان..

١٤٤. مەرگ
بەبەرچاومانەوە
کچە نازدارەکان دەدزێ
ئەوە بۆ کەس
دەنگ ناکات؟

١٤٥. ئاوێنە
گەردوونێکی تایبەتییە
هێشتا کەس نەیدۆزیوەتەوە
هێشتا کەس نەیتوانیوە
شوێن پێکانی خۆی
لەتەوەرەکانیدا
بچێنێ!

١٤٦. کسی کنار من
نشسته بود
هیچکس نبود
(طاهرة صفارزاده)

١٤٧. لەو گۆڕستانە شەڕە
دەڵێن مردووە هەژارەکان
دەیانەوێ
گۆڕی مردووە دەوڵەمەندەکان
داگیرکەن..!

١٤٨. لم تعد الايام تاتي
والسنوت تمر..
– خالد المعالي–

* قوتابخانەیەك دەكەمەوە
بۆئەو كەسانەی دەیانەوێ
فێری بینینی خەوی خۆش بن..

١٤٩. بێدەنگی
ئاوسی
گەورەترین دەنگە
بێدەنگی
بەتەمای
درێژترین جەنگە..!

١٥٠. دوێنێش ئەم
پەیكەرەم
لەهەمان جێگادا
تووش بوو
ئەرێ كاممان
هاتووین
بۆلای كاممان!

١٥١. ان ذلك الذي
لايبدو سريع الاثارة ليس بشاعر
– ادغار الان بو–

١٥٢. ئەگەر شەڕ نەبوایە
دۆندرمەو ماچو
ئاودەسخانەو مەمكی كچانو
درۆ
بەشمانی نەدەكرد!

١٥٣. ئەرێ لەکۆمەڵگای مشکدا
جیاوازی چینایەتی هەیە؟
ئەرێ بشێ
لەکۆمەڵگای شێردا
جیاوازی رەگەزپەرستی هەبێ!
هەر بۆنموونە
بشێ جیاوازی لەنێوانی
شێری ئەورووپاو
شێری ئەفریقیادا
هەبێ؟

١٥٤. من دەتوانم
بەدلۆپێ مەرەکەب و
نەختێ کاغەز
من دەتوانم
دروستبکەم
وڵاتێکی فراوان
زۆر جوانتربێ‌لەنیشتمان..!

١٥٥. پادشا
فەرمانی بەندکردنی دەریای دەرکرد
دەریا بوو بەهەور
پادشا
فەرمانی بەندکردنی هەوری دەرکرد
هەور بوو بەباران
پادشا
فەرمانی بەندکردنی بارانی دەرکرد
باران بو بەلافاو
پادشا فەرمانی بەندکردنی

لافاوی دەرکرد
لافاو بەددانە درێژو تیژەکانی
پادشای خوارد

١٥٦. لەزمانی تاشەبەرد بزانی
لەتام و چێژی بێدەنگی
مەست مەست دەبی!

١٥٧. درۆیە گورگ حەزی لەگۆشت نیە
ئەگینا رۆژێ لەشەقامێکدا
قەپاڵی بەپوورزی کچۆڵەیەکدا دەکرد!

١٥٨. کاتەکانم
بەتەنافی هەفتەدا هەڵدەواسم
هەفتەکانم
بەتەنافی مانگدا هەڵدەواسم
مانگەکانم
بەتەنافی ساڵدا هەڵدەواسم
ساڵەکانم
بەتەنافی تەمەنمدا هەڵەواسم
لەدوورەوە بەتیرو کەوانێکی زیوەوە
پارێزگارییان دەکەم
نازانم رەشەبا
چۆن دەیان دزێ!

١٥٩. سقاني الحب كاسات الوصال
فقلت لخمرتي نحوي تعالي
بلاد الله ملكي تحت حكمي
ووقتي قبل قبلي قد صفا لي
(المتصوف الكبير – عبدالقادر الگيلاني)

١٦٠. کێ دەڵێ لەساڵی دە هەزاردا
ئەوین ناخرێتە پاکەتەوەو
لەبازاڕی رەشدا نافرۆشرێ

١٦١. دەنگێك لەدیوارەکەوە هەڵدەقوڵێ
بشێ خواوەندێکی کۆن
خۆی لەتوێیدا نەشاردبێتەوە
هەندێ جار تارماییەك
بەرامبەری دەنوشتێتەوە
دەشێ مەلەك تاوس بێ
سوژدەی بۆ بەرێ..؟

١٦٢. تەنها مردوو
ئاشتی دەوێ

١٦٣. کەس لەزمانی تێناگات
مەبەستم لەپێڵاوە..

١٦٤. پۆلە ریشۆڵە ئێواران کۆدەبنەوە
نازانم
بووکێك بەرێ دەخەن
یا تەرمی شەهیدێکیان
بەخاك دەسپێرن..!

١٦٥. سبەینێ بۆلای یار دەچم
نازانم لەچ تەلەفزیۆنێك
كیلۆیە نوكتەو دوو كیلۆ خەندە
قەرز بكەم..!

١٦٦. فالبطولة
هي ان تذكر شعبك
هي ان تنكر نفسك
حين تفعل أي شيء

(نجيب سرور)

١٦٧. ان الله يعذب الذين
يعذبون الناس
في الدنيا

( محمد-- درودی خوای لێبێ)

١٦٨. كثرة المال مفسدة للدين
ومقساة للقلب

(علي بن ابي طالب -- كرم لله مجهه)

١٦٩. ارأيت رجلا مجتهدا في عمله
يقف امام الملوك

– سليمان الحكيم–

١٧٠. ان الاديب مقاتل بالكلمات
في حرب التحرير

هوشي منه–

١٧١. بۆ بێدەنگی
ئەی شاعیر
+ گوێ لەچپەی مۆسیقای
لەشی خۆشەویستەکەم
دەگرم

١٧٢. ئەمساڵ بەهار دواکەوت
رەنگە لەترسی دەسرێژی وێڵ
نەوێرێ گوڵو پەپوولەکانی
بۆ ئێرە بێنێ!
ئەی بەهار مەیە
مەیە
مەیە
وڵاتێك شەیدای گوللەبێ
گوڵی بۆ چیە؟
ئەی گوڵ لێرە مەڕوێ
دەستێك تفەنگی براکوژی هەڵگرێ
گوڵ ناناسێ..

١٧٣. العلم رأس الخير كله
والجهل رأس الشر كله
(محمد– دروودی خوای لێبێ)

١٧٤. هەمیشە
تفەنگێك لەنێوانماندایە
ئەی بەهار
هەمیشە
پردێك لەنێوانماندایە
ئەی ناکۆکی..

١٧٥. ئاسمان دیرۆکی خۆی بنوسێ
باسی ئەو فرمێسکانە دەکات
کەبەسەر زەویدا باراندووە
دەریا دیرۆکی خۆی بنوسێ
باسی ئەو ستەمە دەخاتەڕوو
کەڕاوچی لەماسی دەکات
دارستان دیرۆکی خۆی تۆمار بکات
باسی دڵڕەقی
تەور دەگێڕێتەوە..
چیا دیرۆکی خۆی ئاشکرا کات
باسی ئەو شوانانە دەکات
کەهاوڕێی
تاشەبەردەکانی بوون

١٧٦. بسم الله الرحمن الرحيم:
اذا رأيتم الظلم
ولم تأخذوا على يديه
يوشك ان يعمكم الله بعذاب
صدق الله العظيم

١٧٧. باشتر وایە.. شاعیران هەموو شتێك نەدرکێنن
هەندێ قسە
بۆ ئەو منداڵانە بهێڵنەوە
کەهێشتا زمانیان نەگرتووە
باشتر وایە ئەو مناڵانەی هێشتا زمانیان نەگرتووە
هەموو شتێك نەڵێن
هەندێ قسە
بۆ شێـەکان بهێڵنەوە

شێتەکان بۆیان هەیە هەموو قسەیەك بکەن
درۆ نەبێ
ئاگاداربن درۆ تەنها هی سیاسییەکانە..

١٧٨. دیواریش
جلی نوێی دەوێ
ئەی ئەوە نیە
جەژنان بۆیەی دەکەن!

١٧٩. ئەگەر ددانی تیژو
چڕنووکی ئاسن
بەکەروێشك بدەین
چی دەکات؟

١٨٠. خوای مەزن
ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد
ئادەمیش
ئێمەی فێری هەموو گوناحە پیرۆزەکان کرد..

١٨١. بەفر
وەك ئەسپێکی سپی
سمی لەسەر زەوی هەڵبڕی
ئەو مینانەی کەزستان چاندبوونی
لەپڕ تەقینەوە
ئەرێ ئەمە خوێنە
سەرانسەری زەوی پۆشیوە
یا گوڵاڵە سوورە..؟

١٨٢. الا اخبركم بافضل من درجة
الصيام و الصلاة؟
اصلاح ذات البين

( محمد– دروودی وای ائێبێ)

١٨٣. بێدەنگی کەفرم خۆشدەوێ
نەك بێدەنگی شاعیر
گۆرانی ئاوم خۆشدەوێ
نەك گۆرانی تەور

١٨٤. وەڵامەکان: گوللەن
گوللەن.. گولله
کەس پرسیار نەکات

١٨٥. هەرچی دەنگە ناتوانێ
بەسەر بێدەنگیدا زاڵ بێ..!

١٨٦. ان اردت ان تكون كاملا
فاذهب وبع املاكك
واعط الفقراء

المسيح – عليه السلام

١٨٧. کات کراسێکی رەشی لەبەرکردووە
بۆ خەندەکانی دوێنێی
دەگری

١٨٨. وا كەژاوەی زستان
بەرەو گوندەکەمان دێ
بەفرو چیرۆکی گوێی ئاگردان و
ریشۆڵە
بۆ مناڵەکان دێنێ

١٨٩. عندما تصعدين
على جثث الخائنين
دوسي تمام
فهم الان يستغلون صغارك
خلف جدران الظلام
– نجيب سرور–

١٩٠. رووباریش ماڵو منداڵی هەیە
ئەگەر دوا بکەوێ
بیری دەکەن
ئەگینا بۆچی
واخێرا دەڕوات!

١٩١. دارەکانی دارستان
وەکو بنەماڵەیەك کۆبوونەتەوەو
چپە چپیانە
ئەرێ ئەوە چ دەڵێن
کامیان شوودەکەن
کامیان ژن دێنن
چ میوانێکیان دێ
نەور یا چۆلەکە..!

١٩٢. شادی خۆمم بەخشی بەشێتێك
گوتی ئەی هاوار
ئەوە کێ گیرفانەکانی پڕکردم
لەپەپوولەی مردوو..!

١٩٣. ان صوتا واحدا شجاعا
اكثرية

– علي بن ابي طالب– كرم الله وجهه

١٩٤. با نەختێ کات
مۆمیا کەین
لەوەرزی پیریدا
یاری تۆپی پێی
تیادا بکەین..!

١٩٥. والله لا اعطيهم بيدي
اعطاء الذليل
ولا اقر لهم
اقرار العبيد

– حسين بن علي بن ابي طالب– عليهم السلام

١٩٦. کەخوای مەزن
جوانی بەئافرەت بەخشی
عەشق لەدایك بوو
کەعەشق لەدایك بوو
عاشقان: ماچو
فرمێسکو
خەونی خۆشیان
دروست کرد..

١٩٧. دەرمانخانە هەموو جۆرە دەرمانێك
دەفرۆشێ
ئەوە بۆچی
کچە جوانە دەرمانفرۆشەکانیش
نافرۆشێ..!

١٩٨. باڵای سۆزانی
بەفرمێسك بشۆن
سیاسی بەردەباران کەن

١٩٩. ئەگەر خواتان ون کرد
لەچاوی کچێکدا
بۆی بگەڕێن

٢٠٠. ئافرەت مۆسیقایە
ئەی مۆسیقا چیە؟

٢٠١. ان لبدنك عليك حق
– محمد– دروودی خوای لێبێ–

٢٠٢. لەسەر شۆستەی هەر شارێکدا
سواڵکەرت دی
ئەوە لەوێ
جیاوازی چینایەتی هەیە
–لەوتە ونبووەکانی سپارتاکۆس–

٢٠٣. بەدڵنیاییەوە
شیعر
بەرەو نوێژ دەڕوات

(کافکا)

٢٠٤. لەکوێ وشە مردۆکان
زیندەبەچاڵ کەین.. !

٢٠٥. الانسان منهمك بهمومه الذاتية الكثيرة
وحروبه الاقتصادية القابلة للانشطار
واحلامه الموبؤة بفنطازيا الجسد
واوهامه الحبلى
بفايروس المؤامرات والتصوف
وابار النفط الهلامية
والحروب القبلية الزاهية
وجسور الحرب والجنس
لذا لا مجال له
ليدخل مدارس محو الضغينة والنرجسية
ليتلذذ بقراءة القصائد وحب كركوك
ساتعلم لغة الحمير
واكتب بعض القصائد
بتلك اللغة الرشيقة
فالحمير مولعون بالتاخي والاتحاد
ولديهم اوقات ابيقورية
لقراءة القصائد ونبش مقابر الجنس
والضحك على عواء الشعراء وانتكاسات السياسيين المنهكمين
بالزنا والشذوذ
مع الانبياء والجغرافيا

٢٠٦. انا شاعر

مفعم بعواصف الفوضى وعشق مدينة كركوك

اود ان اشعل النار

في اجمل قصائدي

وذلك بمناسبة الذكرى الاولى

لوقوف اطلاق القبل

بيني وبين حبيبتي المهجولة

انا فوضوي معلب

بقوانين الالتزام وحب تلك الفتاة الهمجية (اقصد شالا)

اود ان اجرد كل الاباطرة

من النياشين والحوافر

واحلم ان اكتب بعض القصائد الملغومة

بعواء الفرح

بلغة تفهمها الحمير

كي افوز

بجائزة جمعية الرفق بالحيوان

او ربما يهديني احد الحيوانات البحرية

حزمة من بارود الخلود

التي سرقتها الحية

من كلكامش

او ربما تتزوجني احدى الدلفينات

وبهذه الطريقة انتقم من — شالا—

التي تركتني في

معتقل

يسميه معلم الجرافيا الوطن..!

٢٠٧. بەڵێ من سوێند دەخۆم
سوێند دەخۆم
سوێند دەخۆم
مەیمون خەو نابینێ
ئەگەر خەوی بینیایە
ڕۆژێ
دەچووە حزبێکەوە
بۆئەوەی فێری
درۆ ببێ‌و
لەدوارۆژدا
ببێ
بەئەندامی پەرلەمان
یا لەئەنجومەنی وەزیراندا
بیکەن بەوەزیر

٢٠٨. الغناء حر كالعصافير
تطير وتتجول فرحة من بلد الى بلد
– هلدرلين–

٢٠٩. ئەو تاشە بەردانەی ئەو لووتکەیە
چەندبێدەنگن
دڵێی گوێیان
بۆچیەی خوا شل کردووە؟

٢١٠. لەنێوانی دەستێكو
گوڵێكی قرتاودا
تاوانێك روو دەدا
ئەوە بۆ
كەس دەنگ ناكات
تەنانەت حاكم قوبادی شاعیریش؟

٢١١. منداڵەكان لەسەر شۆستەكاندا
دارتووەكان دەتەكێننو
لێكتری بەشی دەكەن
ئەی ژەنراڵەكان
لەبەر خاتری مناڵەكان
دارتووەكان مەكەن
بەڕووباری ئاگر...!

٢١٢. درۆیە
وشە نەشەقامی هەیە
نەشیعری كلاسیكی مۆمیا كراو
نەباڵندەی مۆسیقاژەن
نەدەمامك نەچەتر
نەچاویلكە نەدووربین
نەدۆلار
نەپووتی هاوین...!

٢١٣. شمشماڵ
جیهانێکی تایبەتییە
کەفووی پیادەکەی
هەزاران پەپوولەو
هەنگو
باڵندەو/ کۆلارەو گۆرەوی‌و
کچی جوانی
لێ هەڵدەقوولێ

٢١٤. ئەو لەئاسمانەکەی تردا
بۆ شوێن پێی دەنگەکان
دەگەڕێ
(خەڵك وادەڵێن)
یا لەوانەیە هەوڵی ئەوە بدات
مێژوو وەك تلەبەردێك
بگلێنێتە
ناو مناڵدانی
شیوێکی نەزۆکەوە...!

٢١٥. سەرەنوێلکو
گۆڕستان
یەك شتن
سەرەنوێلك
کەرەستە بێکەڵکەکانی
تیادا دەشارینەوە
گۆڕستانیش
ماچو
خەونە رزیوەکانمان!

٢١٦. کەپیر دەبم
خەون دەکەم بەگۆچانو
لەدەرگای دڵی کچان دەدەم

٢١٧. ئەرێ وەك زیندوو خانوو جێ دەگۆڕی
مردووش هەر گۆڕێکی بەدڵ نەبێ
دەیگۆڕێ؟
ئەرێ مردوو دەتوانێ
بەناوێکی خوازراوەوە
ڤیزە وەرگرێو
بڕوا بۆ وڵاتێکی دی
لەبیرم نەبوو
ئەرێ بشێ مردوو
کرێ گۆڕ بدات!

٢١٨. کەمانێك
لەدوور دەگری
دەبێ یادی چ دارستانێك بكات؟
هەورێك
لەدوور دەناڵێنێ
دەبێ یادی چ دەریایەك بكات؟

٢١٩. خانوویەك بۆ خەم دەکەم
خانوویەك بۆ شادی
خانوویەك بۆ ئەمڕۆ
خانوویەك بۆ سبەینێ
ئەرێ بشێ شارەوانی
چاوپۆشی لەم هەموو
لەیاسا دەرچوونەم بكات؟

٢٢٠. ماوەیەك دەچمە دەریاوە
کیسەڵێك مارە دەکەم
بۆ ئەوەی نهێنی
تەمەن درێژی لێ بدزم

٢٢١. خوایە گیان
ئەم هەموو گوڵە لەکوێوە دێن
خوایە گیان
ئەم هەموو گوڵە بۆ کوێ دەچن
خوایە گیان
ئەم هەموو گوڵە لەکوێ دەمرن
دەبێ گۆڕستانی گوڵ
چەند بۆنخۆش بێ؟

٢٢٢. تاج
چەند بەنرخە
بیکەیتە سەری کەرێك
دەبێ بەپادشا
تاج
چەند پرووپووچە
لەسەری هەرپادشایەکی داگری
دەبێ بەکەر

٢٢٣. نوێژ
پەیژەیەکە لەنوور
عاشقانی پیادا دەچن
بۆلای خوا
خوا تەنها میوانداری
عاشقان دەکات

٢٢٤. کێ دەڵێ
ساڵ دوانزە مانگە
ئەی بۆ بیستو چوار شمشێر نەبێ
کێ دەڵێ مانگ سیی رۆژە
ئەی بۆ شەست بووکە شووشە نەبێ
کێ دەڵێ هەفتە
حەوت رۆژە
ئەی بۆ چواردە شووتی نەبێ
کێ دەڵێ رۆژ بیستو چوار کاتژمێرە
ئەی بۆ چلو هەشت سێو نەبێ؟

٢٢٥. پرسیاریش کەدەیکوژن
خوێنی لێ دێ

٢٢٦. شادی
وەك کیسەڵ خاوو خلیسکە
تادەگاتە لای من
رەنگە لەشەقامێکدا
تۆمبێلێك پانی کاتەوە
یارێوییەك بیخوات
یادەشێ
منداڵێك بیدزێو
یاری لەگەڵدا بکات!

٢٢٧. لەکوێ هەندێ کات قەرز کەینو
سەیری تەلەفزیۆنی پێ بکەین!

٢٢٨. هەموو رەشەباكان دەخەمە قووتوویەكەوەو
لەگیرفانمدا حەشاری دەدەمو
لەبەر قوتابخانەیەكی كچاندا
دەمی قوتووەكە دەكەمەوە
دەبێ چەند دەفتەرو
چەند تەوقەو
چەند تەنوورە
لەكچان بدزێ؟

٢٢٩. ئەرێ
ئەوانەی كەشاعیر نین
چۆن كات بەسەر دەبەن؟

٢٣٠. ئەرێ ئەگەر گوڵ
ددانی ببوایە.. منداڵو
پەپوولەو مێشەنگی
نەدەخوارد؟

٢٣١. عقل الفضلاء
فی اطراف أقلامها
(علی بن ابی طالب)

٢٣٢. ترك العبادة يقسی القلب
وترك الذكر يتلف النفس
محمد- درودی خوای لێ بێ-

٢٣٣. منداڵێتیم لەو چیایە بەجێماوە
دەترسم زستانێك بەفر بیخوات
یاببێ بەژێر پێی مۆسیقای بارانەوە
یابەهارێك لەرۆخی گۆماوێکدا
کچێکی لادێی بەسێوێك
فریوی بداتو
نەیەڵێ بگەرێتەوە بۆلام

٢٣٤. بەوشە دەتبەم بۆ جەنگێك
رقت لێیەتی
بەوشە ئاشتیەکت پێ مۆر دەکەم
بەرژەوەندی تۆی تیانییە
ئەرێ وشە چییە؟

٢٣٥. نازانم لەکوێ
بەڵام دڵنیام هەر لەم ساتو کاتەدا
تاوانێك روو دەدات
لەوانەیە تفەنگێك
پەنجەرەیەك تاریك
کات
لەوانەیە تەورێك
دارستانێك بخوات
لەوانەیە کچێکی عاشق (هەر بۆ نموونە شالا)
پەپوولەیەك لەتوێی کتێبی ماتماتیکدا
وشك بکاتەوە
(کێ دەڵێ ئەو پەپوولەیە دڵی من نیە)

٢٣٦. ئەوە بۆ مانگایەك بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنی
دەربارەی قەرسیل پێشكەش ناكات
كوا لیژنەی پاراستنی مافی ئاژەڵ لەكوێ نووستووە
چۆن دەبێ مانگا بەرنامەی خۆی نەبێ!

٢٣٧. باڵندە حەز لەشەڕ ناكات
باڵندە تفەنگو جبەخانە ناكڕێ
ئەرێ بۆ لیژنەی دابەشكردنی
خەڵاتی نۆبڵ
بیر لەوە ناكاتەوە
ئەمساڵ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی
بەچۆلەكەیەك ببەخشێ!

٢٣٨. هەمیشە یەكێك سەرنجمان دەدات
لەوانەیە
لووتكەیەك بێ
یافرۆكەوانێك!
هەمیشە یەكێك بانگمان دەكات
لەوانەیە بایەكی دووربێ
یاسۆزانییەك
یاكێ دەڵێ گڵكۆیەك نییە؟
هەمیشە یەكێك چاوەڕوانمان دەكات
دەشێ پەنجەرەیەك بێ
یاگیتارێك
یانوێنێكی بەتاڵ
یاكێ دەڵێ
سواڵكەرێك نییە؟

٢٣٩. جەنگ نالەبارو نابووتە
هەتا جەنگ بەردەوام بێ
ئەوە دەسەلمێ کەمرۆڤ
هێشتا نەبووە بەمرۆڤ
بەلام کاتێ رێگایەکی دی نامێنێ
بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگ
ئەوکاتە جەنگ پێویستە
(جمال الغيطاني– وقائع حارة الزعفراني)

٢٤٠. (هەستی حەوتەمم پێم دەڵێ: باران فرمێسکی خوایە دەبێ خوا بۆ کێ بگری!)

٢٤١. من دەڵێم: لەوانەیە
ئۆقیانووسیش
خوێنی ئەو عاشقانەبێ
کەلەجەنگی دووەمی تەرواددا
نوێژیان بۆ خواوەندی جوانی
دابەست

٢٤٢ . مەگەر
تەمەنی کیسەڵێکم ببێ
ئەنجا بتوانم تیۆری دژە رێژەیی
بدۆزمەوە
ئەرێ بەرنادشۆ
شەبقەی لەسەر دەکرد
یامایۆی کچە ئەکتەرێك؟

٢٤٣. منيش راوچيم
تۆڕی شیعر هەڵدەدەم
(یاتۆڕی سیکس)
ئێ کێ دەڵێ
مەمکی کچێکی دڕندە
یالێوی ژنێکی ئەلەکترۆنی
راو ناکەم....!

٢٤٤. ئێمە دیلین
دیلی گەمەی راو
راوی ناوبانگ
راوی شارێکی ون بوو
راوی کچۆڵە
یاهەرنەبێ
راوی دڵی خۆمان...!

٢٤٥. رەشەبا درۆ دەکات
کۆتر ماوە
پاییز درۆ دەکات
گوڵ ماوە

٢٤٦. کەرکوک کەناوی شەهیدەکانی ژمارد
کامیلی مەلا وەیسی لەبیرچوو..!

٢٤٧. کچان گاڵتە دەکەن
حەزیان لەدۆندرمە نیە
حەزیان لەژماردنی مووی سمێڵی پیاوانو
سواری پاسکیلە..!

٢٤٨. مردوو ناگرین

عاشق نابن‌و رقیان له‌وانه‌ی ماتماتیك نیه
پێویستییان به‌چاویلکه‌ی پزیشکی نیه
مانگیش له‌لای ئه‌وان
هه‌میشه سی رۆژه
هه‌رگیز چل په‌نجا رۆژ
چاوه‌ڕوانی مووچه وه‌رگرتن نین

٢٤٩. له‌شت مزگه‌وتێکه

ده‌مه‌وێ نوێژی عه‌شقی
تیادا بکه‌م..

٢٥٠. خۆشم ده‌وێی

که‌واتا هێشتا زیندووم
هێشتا حه‌زم له‌چاوشارکێیه‌و حه‌زده‌که‌م خۆم
له‌ژێر سوخمه‌که‌تدا بشارمه‌وه
که‌واتا هێشتا منداڵم..!

٢٥١. دارستانه‌که

گه‌لا زیندۆکانی خۆی ناشت / ئه‌مه چ کۆمیدیایه‌که..؟
ئاسمان ئه‌ستێره هۆڤییه‌کانی خۆی
زینده‌به‌چاڵ کرد../ ئه‌مه چ تراژیدیایه‌که..
ده‌ریاکان مایۆی کچه شه‌رمنه‌کانیان
له‌خه‌ون‌و گوێچکه ماسی سیخناخ کرد/ ئه‌مه چ کاره‌ساتێکه؟
بێ‌ده‌نگ بن
فیکه مه‌کێشن
بزانین ده‌رهێنه‌ری شانۆگه‌رییه‌که
چ به‌نووسه‌ری ده‌قه‌که ده‌ڵێ..!

٢٥٢ .

-مانگ چیە

+ ڕەنگە خەندەی

خوابێ

یا دەشێ

زەردێنەی هێلکەی

دیناسۆرێك بێ !

٢٥٣.سیاسەت

بووکەشووشەیەکی

لەگۆگرد دروستکراوە..

٢٥٤. لەشەقامێکدا دڵم بەر سەرگۆی

مەمکی کچۆڵەیەك کەوت

نازانم مەمك بوو

یا نارنجۆك..!

ناشزانم ئەو وردە شووشانەی

کەلەتاکێکی پێڵاوەکەمدا کۆم کردەوە

پارچەی دڵی خۆم بوو

یا پارچەی مەمکی کچۆڵەکە..!

٢٥٥. کێ دەڵێ هەفتەیەك حەوت ڕۆژە؟

کێ دەڵێ مانگ چوار هەفتەیە؟

کێ دەڵێ ساڵ دوانزە مانگە؟

***

من دەڵێم هەفتەیەك

حەوت کچی ڕووتە

لەودیو شووشەیەکی ڕەشەوە

سەما دەکەن
من دەڵێم مانگ سی ماری ڕەشە
لەتوورەکەیەکی سپیدا
من دەڵێم ساڵ
دوانزە گڵکۆیە
لەباخچەیەکی ئاژەڵان دا..!

٢٥٦. بەچی پردێکی نەبینراوی دی
لەنێوان خواو شەیتاندا دروست بکەم
بەچی ئەم ئەسپە ڕەشە
سپی بکەمەوە
کەناونراوە شەو...؟

٢٥٧. فان کۆخ زۆر پردی لەنێوان
مرۆڤو ئاوێنەدا دروست کرد
زۆر پردی لەنێوان ئاوو خەوندا
کرد بەخۆڵەمێش / بەدەنکە شقارتە
زۆر ڕەنگی کرد بەرووبار
زۆر رووباری کرد بەڕەنگ
شارێکی نهێنی دروست کرد
ناویلیێ نا: فان کۆخ: پردی تیادا نەبوو بۆ ماڵی کچان..!

٢٥٨. بەدرێژایی وێستگاکە ئاوێنەکە
پڕە لەولاَخو
خەیاڵی لەوەندو لێمشتی پەڕەنگ
دەنگی چەکوشیێ دیێ
لەوانەیە
شاعیرێك ولاَخەکان ناڵ بکات

لەوانەیە سوارەکان کۆلارەی خەو
بەرەڵلاکەن‌و بڕۆن بۆ شەڕێك
شەڕی نەینۆك‌وکەوشەن
شەڕی هوورو قەیچی
شەڕی موگناتیزولەشی ژن
شەڕی دەروێش‌و خوا
یا دەشێ هەموویان لەکەڤاڵی دەلیڤێکی لایدەدا
ڕێوییەك راوبکەن‌و باسی ئازایەتی خۆیان
بۆ پیرەژنە قەرەجەکان بگێڕنەوە..

٢٥٩. ئەستێرە بەدبەختە
ددانی نیە
پشکۆی ناوکی کچان بکرۆژێ‌و
گلۆڵەی لەزەتی مەمکی کچان
ونجڕ ونجڕبکات..
٢٦٠. با بەختەوەرە با
بەهەزار دانی ئاسنین‌و
بەهەزار دەستی گۆگرد
لەشی کچان دەگوشێ‌و سەبەتەکانی پڕدەکات لەمۆسیقا..!

٢٦١. گورگەزێیە
منداڵان خەریکی گرتنی ماسی خەونن
سەهۆڵبەندانە
منداڵان خەریکی ئاژاوەی نازەنینن
جوگرافیا لەبەلەمێکدا
گەشت دەکات..
ئەوە چۆنییە مردووان لەبرساندا
کفنەکانی خۆیان

لەدارەسووتاوەکە
هەراج ناکەن..!

٢٦٢. کۆشکی سووری دەمت
ئەو هەموو پاسەوانە جل سپییەی
بۆچییە..؟

٢٦٣. تاڵێ لەپرچتم بدەرێ
شەوێکی درێژ
بەسەر ئەم شارەدا
شۆڕدەکەمەوە..
مەمکەکانتم بدەرێ
دوو چیای نوێ
لەجوگرافیای زەویدا
دروست دەکەم..

٢٦٤. بەرلەوەی
گوندەکەم بسووتێنن
خوای مەزن
دووکەڵی دروست نەکردبوو

# کۆترو هەڵامەت

## ۱. کۆترە گۆگردەکان

لەپەنجەرە بێ زەردەخەنەکانی ئەودیو شانۆی
شەوە نێرەمووکەکاندا
بەرەو ئاسمانە رووخاوەکان هەڵفڕین
ئەوەتا لەکونە لووتی ئەوهەورانەدا
هێلانە دەکەن
کەلەو رۆژەوەی شەیتان
سوژدەی بۆ ئادەم برد دەگرین..
(نازانم دەگرین
یا تووشی هەڵامەت بوون)
بەهەرحاڵ ئەوە بۆکەس بەدەسماڵی بەزەیی
فرمێسکەکانیان ناسڕێ
یا بۆ مانگی سووری نێودەوڵەتی
هەندێ فلۆئاوتو ئەلەرمینیان
بەفڕۆکەیەکی فریاکەوتن بۆ نانێرێ؟
ئای دەترسم هەورەکان
گریان
یاخود هەڵامەت
جوانە مەرگیان بکات
جا ئیتر کێ
گوڵ بۆ سەرگڵکۆی دەزگیرانەکانو
شایی شەهیدان
دروست بکات؟
ئەی هوو
ئەمە چ سەردەمێکە
زەنگۆڵەی خەون
بەرلەوەی بگاتە چاو

شەمشەمەکوێرە ئەلەکترۆنییەکان
بەدەنووك دەیدڕن و
کەپرێکی بۆ ئەو ئەهریمەنانە لێ دروست دەکەن
کە پرد دەخۆن
ئەوە کێیە لەنێوانماندا بووە بەدیوارو
نایەڵێ لەو نەینۆکەدا ماچت کەم
کە سۆفییە بەدمەستەکانی بادەی عەشق
خوای تیادادەدۆزنەوە..؟

*　　*　　*

زوو کوشتیان (مەبەستم فان کوخە)
فریا نەکەوت بەپارەی تابلۆکانی
شەبقەیەکی کاوبۆی و
لێوی کچۆڵەیەك و
نەختێ پشوو
بکڕێ و
لەسەر پاژنەی شەقامێك
وێنەی سۆزانییەك بکێشێ
کەلەسەر بەرماڵی گوناهدا
نوێژی عەشق و لەزەتی دەکرد..
دوێنێ دایکی شەهیدێکم بینی
بەپێی پەتی لەبەردەرگای مزگەوتی گەورەدا
هاواری دەکرد:
کوڕەکەمم بدەنەوە
ئەم نیشتمانە نەزۆکە بۆخۆتان
پیاوە سمێڵ فەردە خەڵووزەکان
ویسکییان قوزەلقورت دەکردو
بەمیزی خۆیان
لەبارە خوێناوییە

بێ پەنجەرەکاندا
وێنەی لاوێکیان دەکێشاو
دەیانگوت:
وەرە.. پووریێ وەرە
ئەمە کوڕەکەتە بیبەرەوە..!
***
لەناخی سەهۆڵبەندانی ئەم سەدەیەدا هاواردەکەم
دەنگم دەبێ بەرووباری ئاگر
کوان.. خێڵە ئاگر پەرستەکان
لەکوێن؟
بۆ سوژدەم بۆنابەن؟
رەنگە جارێکی دیش
نەبووخەزنەسر بەرەو بابل ئەنفالی کردبن..؟
***
وا رۆژ ئاهەنگەکەمان جێدێڵێ
بۆنی تەسو حیلەی ئەسپی شەو دێ
با سفرەی نوێی بۆ راخەم
نەڵێ لەتیف هەڵمەت جیاوازی رەگەزپەرستی
دەکات
پاشماوەی خوانی بەرۆژم دەداتێ..
***
هێشتا لەمناڵدانی دایکمدا
گوێم لەچپەی مانگەشەوی نەخۆشو
تریفەی زەردەخەنەی
ئەستێرە لەدایك نەبۆکانو هاژەی پرچی
خۆری ونبوو .. و
سروودی ئاسمانەکانی دی
دەگرت

پەرییەکی نوورانی
(نازانم پەری بوو یا سۆزانی
وێنەیەکی لەناو دەستمدا نەخشان
کەلەدایك بووم
بەکتریاو ئەمیبای عەشقی ئەو وێنەیە
بەشێوەیەکی فیزیایی
جوگرافیای دڵیان داگیرکردم
بەپزیسکی خەون
وێنەیەکی وێنەکەم
لەسەر ئاوازی نەبیستراوی هەوری سەر پەنجەرەکەم
نەخشان
شەوێك سبارتاکۆس بەوێدا تێپەڕی
(من سبارتاکۆسم نەدیوە
بەرەنگە رەشەکەیی‌و
یاقووتی زامەکانی‌و
چاوە پڕ لەچراکانی دا ناسیم)
گوتی: من لەسەر ئەم وێنەیە
چوار مێخە درام..
کەرمە زێڕینەکانی گزنگ
چەترە رەشەکەی شەوی ونجڕونجڕ کرد
چرایەکم هەڵکردو بۆتۆ گەڕام
ناویان نام شێت
خۆشم ناوی خۆم نا عاشق
ئەرێ جیاوازی نێوان عەشق‌و
وانەی ماتماتیك چیە؟
(لەوانەیە دەروونناسە فرۆیدییەکان‌و
بیردۆزە ماتماتیکیەکان‌و
سیاسیەکان‌و

سەندیکای بێکاران

لەم بارەیەوە زانیاری تێرو تەسەلیان لەلابێ)

دەترسم

ئەوەتا کرمی ترس

وەکو ددانی هەرە دەمخوات

ئەوەتا بەخۆڵەمێش‌و پاشەرۆکی

گۆرانییە لمەکانی ترس

چاخ‌و سەدەکانی پێش لەدایکبوونم

دادەپۆشم

بشێ بتوانم

لەعەشق شمشێرێك دروست بکەم

رۆحی پێبکەم بەبەر ئەو رۆبۆتانەدا

کەکارگەکانی یابان

دروستی دەکەن؟

ئەوەتا

زەنگی پەنجەرە دووکەڵاوییەکان

لێدەدات

دەبێ تابووت بۆکێ بتاشن

تاریکایی بەپەنجە رەشە درێژەکانی

لەدەرگاکان دەدات

دەبێ مامان بۆ کێ بانگ کات؟

ئەستێرەیەك لەدوورەوە

فیکە دەکێشێ

ئەوە بانگی کچێکی لادێیی دەکات؟

لمی ئەم بیابانە پیرۆزە پیرۆز

یادگاری ئەو عاشقانەیە

کەدەستنوێژیان بەشەپۆلی گوناھ شۆردەوە

ئەوەی بەشەپۆلی گوناھ دەستنوێژی نوێژی هەینی عەشق نەشوا

خوا لەئاوێنەی دڵی خۆیدا
نادۆزێتەوە
ئەی گوناه
ئەی ڕێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵدارانو دەروێشان و شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە..؟
***
ئەمە کەشکۆڵ نیە بەکۆڵمەوە
ئەوینی رۆبۆتێکە ناوی (شەهلا)بوو
***
نازانم بۆکوێی بەرم
لەسەر نوێنی چ نەخۆشخانەیەك بەجێی بێڵم
لەدڵی چ منداڵێکدا حەشاری دەم
بیخەمە چ دەریاییەکەوە؟
***
گەلێجار لەکەشتی ئەوینێکی دێریندا
دەگەمە مانگ
نازانم مانگە یا سەرسینگی کچێك
کەبەمنداڵی لەسەر باڵەخانەکەمان
جارجار ماڵە کوچکێمان دەکرد..
(بووکە شووشەکەی من دەبوو بەزاوا
بووکەشووشەکەی ئەو دەبوو بەبووك)
زۆرجارلەڕەنگی چاوی ئەو کچانەدا قووت دەخۆم
کەلەودیو تەلبەنی دڵیانەوە
یاریم دەکردو
لەسەر کلاورۆژنەی خەونەکانیاندا
شیعرم دەنووسی..

(نازانم شیعربوو یا تۆماوی هەرەتی گەنجیم
لەسەرشووشەی رەنگاورەنگیخەونەکانیاندا
تابلۆی ئارەزووە هەمیشە شەهیدەکانم
پێدەنەخشاند
رەنگە لەخەوننامەکەی فرۆیدا
وەڵامەکەم دەسکەوێ)
لەسەفەری هەرزەییم دا
زۆروشەم لێ ون بوو
لەبیرم نیە نی.. وشە بوون
یا کچگەلێك بوون
ئاشنای رێی پەرستگای عەشق نەبوون
لەودیو رووبارە جوانە سەرەرۆکانەوە
ئەستێرەی بریسکەداری
سەرقوبەی مزگەوتە دوورەکانم
راودەکرد
خدری زیندەم دی
بەفرمێسك بەرپێی ئادەمی تەڕدەکردو
دەیگوت:
باوکەگیان.. تەمەن چەند کورتە
بەشی ئەوە ناکات
گوناهێکی پێ بکەیتو
خوات بیرکەوێتەوە
بەشی ئەوە ناکات بچی لەکێوی قاف
قەرتاڵەیەك شیعری زێرین
بۆ کچێك بچنی
کەدەریای توورەی سپی
کردووە بەبەرماڵێکو
سوژدەی گوناهی لەسەردا

بۆخوا دەبات..

***

چبکەم

بەشێکی دڵم

لەبای بێدەنگی شەودا زیندەبەچاڵ دەکەم

لەوانەیە لەرەوێکی گەورەتردا

دایکم بیکات بەچتر

یا بەگالیسکەیەکی ئەفسانەیی‌و

جەژنان منداڵە مردۆکانی – کفری–

پێ بگێڕێ

مانگ چیە؟

رەنگە زەردێنەی هێلکەی دیناسۆرێك بێ

هەورەکان لەکوێن

هەموو ئاسمانەکانم پشکنی

ئەو پەڵە هەورە ئەسمەرانەم نەدۆزیەوە

کەبەمنداڵی هاورێم بوون‌و

گوڵ‌و نان‌و پووتی پلاستیکیان بۆدەهێنام

ئای دەشێ

هەورە هاورێکانی منداڵیم

لەشەرێکی براکوژیدا

بەدیل گیرابێتن..!

***

ئێ جا ئیتر کێ

ژەنگی رووبارەکان راماڵێ‌و

مافووری رەنگاو رەنگ

بەپەلکەزێرینەی عەشق

لەبەر پێی شەهلادا بچنێ؟

***

شادی لەودیو پەنجەرەی توورەی
سالگارە گەچلاوەکانەوە
خۆی بەکەولی ژووژك دادەپۆشێ
(لەترسی کێ
ئەم گەمە باروتاوییە
سازدەکەی ئەی شادی؟)
تەپلیش زمانی هەیە
گوێ بگرن
نەفرەت لەڕاوچی دەکات
بەفریش زمانی هەیە
بەلام من لیێی تێناگەم
لەوانەیە بەزاراوەیەکی سۆمەری
بانگی هەتاو بکات..
ئەگەر ئەم جارە رەو بکەین
پەنا بۆ ولاتی لەشی تۆ دەبەم
لەوێ
لەنێوانی
هەردوو
رووبارەکەدا
خیوەتێکی بچکۆلە هەلدەدەمو
گولەگەنمی هەتاوو
مۆسیقای پرچت
دەخۆم..
***

بەشەو بلێن
لەتیف هەڵمەت دەڵێ
من لەسەر کۆڵەکەی یادگارەکانمدا
بەوشەی دڕندە
شەو دەلاوێنمەوە
چونکە وا دارتاشەکان
تابووتی بۆ دەتاشن..
شەو چەن جوان بوو
لەپرچەکەی ئەنجیلا دیفیز دەچوو
شەو دڵێکی پاکی هەبوو
وەك دڵی مارتن لۆسەر کینگ
شەو نامرێ
چونکە رەنگی پێستەکەی
لەرەنگی ماندێلا دەچێ..
***
کەفرمێسکی منو خوێنی زامە کۆنەکانی هەور
گڵکۆی دایکمیان تەڕکرد
دایکە حەوا ئاوێنیەکی دامێ
لەژوورەکەمدا هەڵمواسی
شەو مارێکی قژ درێژی لێ هاتەدەرێ
مارەکە کاژی فڕێداو بوو بەپەرییەکی
پرلەگۆگردی زایەندو
لەگەڵ قەڵەمەکەی دەستمدا
عاشقی یەکدی بوون
ئەوشەوە زانیم
ئەگەر دایکە حەوا نەبوایە
نەئادەم دوورگەی گوناهی دەدۆزیەوەو
نەکۆلۆمبس

ولاتی هیندییه سوورەکانی لەپاپۆڕەکەی مارە دەکردو
نەخدری زیندە تیۆری ماتماتیکی جاویدانی دەسدەکەوت و
نەپرۆمیسۆس
ئاگری لەخواوەندە ئەفسانەییەکان
دەدزی
نەقەڵەم شیعری دەبوو..
***
ئەم گەردەلوولانە پڕاوپڕن لە : مین
(لەوانەیە مین نەبن
مەمکی کچۆڵان بن
بەڵام ها ئاگاداربن
هەردووکیان دڕندەن)
***
خەیاڵ دەکەم مەمکت نارنجۆکەو
زامنی دەکەمو
باڕووتەکەی ناوی وەکو کونجی
بەپەنجە دەخۆم
خەیاڵ دەکەم مەمکت هەنارەو
دەیوڵمە جامێکی شووشەوەو
بەکەوچك دەنکەکانی دەخۆم
***
رەشەبای زامی یادگار پڕە لەوێنە
وێنەی دەمو مەمکی لێکتر تۆراو
وێنەی گۆرەوی تووڕدراوی ژنانە/ قالۆنچە
وێنەی ماچی ماتماتیکی و
ئەوینی فیزیایی/ سەرقاپی بیبسی کۆلا
ئەرێ کێ تیۆری رێژەیی عەشق
دۆزییەوە؟

ئەم درەختە بەرزانە باڵای عەشقن
مەیانبڕنەوە
ئەم چیا بڵندانە خەونی عاشقانن
مەیانڕووتێننەوە
(پیرەژنێك ئەو چەند دێڕەی لەسەر تاشەبەردێكی
دەوروبەری دارستانێكدا نووسیبوو.. من نەمدیوە بەڵام خەتەكەی لەخەتی كچێك
دەچوو مامانەكەم بەشەوانی منداڵیم زۆری بۆ باس دەكردم)
شەختە لەژێر پێی ئاگری ئەویندا
دەگری..
لەرەی تاریكایی زەنگۆڵەی رووناكی دەگرێو
شارستانیەت وەكو باڵندەیەكی ئەفسانەیی
هێلانە بۆهێلكەی سێكس
ساز دەكات
(ئاگاداربن
هێلكەی سێكس
ناكرێ بەهێلكەو رۆن)
منداڵەكان رێگاكانیان بەچرای گۆرانی رازاندۆتەوە..
ئەمە ئەوە دەگەیەنێ
رێبوارە راوچییەكە
بەسەركەوتوویی بگەڕێتەوە
كێ دەڵێ هەرنەبێ
كچێكی جوانی راو نەكردووە..!
خەم لەدڵمدا باخچەیەكی جوانی دروست كردووە
دەترسم ئێوارانێك
كچە بورژوازییەك لێم بدزێ..!
***

تاریکایی لەدووکەڵی جگەرە دەچێ
گۆرانی شێتەکان
پڕە لەپەپوولەو باران
چبکەم دەبێ بۆ ئەو بیرەوەرییانەم بگەڕێم
کە لەبەر پێی کچاندا ونم کردوون..!
***

(٢)مەپرسن عەشق چیە..
بڵێن مرۆڤ چۆن عاشق دەبێ..!
مەپرسن عەشق لەکوێوەدێ
بڵێن بۆ کوێ دەڕوا..!
هەورێك لەبەر بانێژەی داهاتوومدا
یاری دەکات
تووڕە دەبێ
ئەوە شەهلایە
دەیەوێ تۆوی ئاو
بەهەموو ئارانەکان ببەخشێ
دەیەوێ خەون لەتاشەبەردی هەموو چیاکاندا
بشارێتەوە..
ئای کوا..
ئەو چەرخ‌و فەلەکەی کەداپیرەم باسی دەکرد
دەمەوێ شەهلا ببەم‌و بڕۆم
بۆ ناو ئەستێرە دوورەکان‌و
شازادە مۆمیاکراوەکانی ئەوێ
فێری دروستکردنی
ئاوو ئاگری عەشق بکەم..
عەشق دیوار دەکات بەئاوێنە
زنجیر دەکات بەشەونم

ئەو هەتاوەی کەبەیانیان
دەنووک لەمەمکی رووبار دەدات
عەشقم دێنێتەوە یاد..
ئەو باو بارانەی گوڵەگەنم بەزەوی دەبەخشێ
عاشقن
هەموو پەنجەرەیەك
عەشقێکم بیردەخاتەوە
پەنجەرەکان لەنهێنی
هەموو عاشقانی جیهان
ئاگادارن
تەنانەت
لەنهێنی عەشقی
شەهلاو
لەتیف هەڵمەتییش..!
***
ئاخوندە فیرعەونییەکان لەبانێژەی کاکێشانەوە
سەرەتاتکێیانە
لەوانەیە بیانەوێ
خەڵکی زەوی مۆمیا کەن..!
(من ئەو بوومەلەرزەیەم
کەئەم زەوییە دەهەژێنم
بۆئەوەی نان‌وگۆڕ
بەشی هەموان بکات)
(ئەوە دروشمێك بوو لەسەر تاجی ئیمپراتۆرێك نووسرابوو)
هەموو هەورێك لەچرکەیەکدا
سەدان هەزار فیکە بەرەڵلا دەکا
ئەرێ ئەوە فیکەی عەشقن
یا ترس..!

ئەمە دڵمە

یا ماسییەکی کارەبایی

لەڕووباری خوێنمدا

پیاسە دەکات

یاپەپوولەیەکی ژەهراوی

ئەی کێ دەڵێ

شەمشەمەکوێرەکەی بیکاسۆ نیە

یا ئەسپە شەهیدەکانی کۆسار؟

کیسەڵ گوناحە

ناتوانێ رۆژگاری پیری

بەسەیری تەلەفزیۆنەوە بەسەر بەرێ

درەخت چارە ڕەشە

کەبرسی دەبێ

ناتوانێ بچێتە مۆبەقی ماڵە دەوڵەمەندەکانەوە

(رەنگە پشیلە بواری نەدات)

ئەمە ئەو یادگارانەن

کەکچێکی شێت/ ورچێکی ئەلەکترۆنی

لەتەنوورەکەیدا

رۆی کردە رووباری رەشەباوە

نازانم پەرییەك بوو

شیعرێکی کلاسیکی

لەسەر نیگای منداڵە دەربەدەرەکاندا نووسی

یا هەورێکی کۆن .. کۆن..؟

ئاگاداربن

لەوانەیە چاوەڕەشەکان چاو نەبن

شەو بن‌و

لەپرێئەم وڵاتە داگیر بکەن..!

***

پڵنگەکە چی لێهات؟
بووکە شووشەکە قووتیدا
بووکە شووشەکە چی لێهات
لەکۆڵان یاری دەکردو
کەوتە دوای منداڵێکو
ئیتر نەگەڕایەوە
دەشێ چووبێ
بۆ باخچەی ئاژەڵان
دەشێ چووبێ
لەگومرگ ببێ بەپۆلیس
دەشێ چووبێ دوکانێکی بووکەشووشە بکاتەوە
لەوانەشە
گەڕابێتەوە بۆ لای دایکی.. !
( ئەوە بۆ ژنە سك پڕەکان
لەکاتی مناڵبووندا
ناچن بۆ بەرەکانی شەڕی براکوژی؟)
– ئەمە دروشمێك بوو لەسەر دیواری
نەخۆشخانەیەکی مناڵبوون نووسرابوو–
***
سیزیف
تاشەربەردەکەی تووڕداوە
خەمێکی داوە بەکۆڵیدا
لەوانەیە عاشق بووبێ!
پرۆمسیۆس
ئاگرەکەی کوژاندۆتەوە
تفەنگێکی بەدەستەوەیە
لەوانەیە
جەنگی شەشەم بەرپا بکات.. !

دێو جێن
چراکەی شکاندووە
لەژوورێکی تاریکدا جۆلآیی دەکات
لەوانەیە
کفن بۆ مرۆڤایەتی بچنێت..!
***
جۆلێت سەری رۆمیۆی بڕیوەو
لەگوڵدانێکدا دایناوە
لەوانەیە
پێشکەشی
شەکسپیری بکات..!
***
شەکسپیر دەیەوێ
رووداوەکانی شانۆنامەی ئۆدیب بگۆڕێ
بەڵام کێ دەڵێ
فرۆید رازی دەبێ!
***
ئەرێ راستە دەریای رەش
پڕمەی کوژراوەکانی
جەنگی تەروادەیە؟
***
ئەو دارە دەگری
رەنگە داربڕێك بەڕێوە بێ!
کەی
کەی
ئەم گوێدرێژە سپییەی
ناونراوە زستان
لەبەر باراندا
دەتۆپێ..!
***

## ملحق خاص للقراء العرب

الاوراق البيضاء دائما معرضة

للاصابة بفايروسات المفاجأة

فربما يرسم فيها

طفل ابكم

فتاة عارية

في حالة مضاجعة مع انسان الي

او ربما يكتب فيها

شاعر فوضوى

قصيدة ثورية بالبول

او تكتب فيها

صبية مثقلة بجرائيم الجنس

رسالة فلسفية

حول العلاقات السرية

بين الشبق الجنسي

والصلاة.. او بين الرياضة والرياضيات

او يرسم فيها المطر

ذكريات طفولته او معاركه مع الصخور والنهود

او ربما

تستعملها

سيدة في احد المراحيض

لنشف بقايا البول

من فرجها..!

***

دەكشێمە قووڵایی ئاسمانێکەوە

نەهەنگێك راو دەكەم بەشەپۆلی

دەریایەكدا سەردەكەم

ئەستێرەیەك دەكەم بەدەفتەر.!

بەزمانم
زمانت ئاوس دەكەم
لەوانەیە
شیعرێكی قەدەغەی ببێ
یا هەندێ تەم..!
***
بەسواری رەشەبا دوورەكە
بۆ جەنگی پەرییە دڕندەكان بڕۆم
یا بەسواری شێرە بەفرینەیەك
بۆ ماڵی باوكم بگەڕێمەوە؟
بشێ بتوانم
جنۆكەی ناو ئاوێنە لەدووكەڵ گیراوەكان
دەستەمۆ كەم؟
دوعایەكی ئەبوو دووجانە دەكەم
دەبم بەسیمرخێك و
نیشتمانەكەم بەدەنووك هەڵدەگرم و
لەنێوانی زەوی و ئاسماندا
جێگایەكی بۆ دەدۆزمەوە..
ئەرێ راستە كلكەی هالی
عاشقەو
سەد ساڵجارێك دێ و
سەیرێكی دەزگیرانەكەی دەكات و
دەڕواتەوە..؟
هالی عاشقێكی سۆفییە
بەتەماشایەك ئاسوودە دەبێ
دەڵێن مانگ دەزگیرانی هالییە
باشە ئەگەر جارێ لەجاران
هالی مانگ بدزێ

ئیتر چۆن بزانین
کەی سەری مانگی نوێیەو
چۆن بزانین کەی جەژنەو
چۆن چۆنی سەری مانگان
مووچە وەربگرین؟
***
تەرزەی سادییەتێکی زۆر
بەسەر کیشوەری دڵمدا باریوە
گوڵو کەلەمی لیبیدییەت
کەنارەکانی داگیرکردووم
کوا ئافرەتە ماسۆشییەکە
لەقووڵایی چ ئاوێنەیەکدا
چاوشارکێم لەگەڵ دەکات؟
*　　*　　*
کاتێ شتەکانی دەروونم
دەخەمەڕوو
ئاوێنەیەک نیە لێم بدزێ
هەمووی لەسەر شۆستە ماندۆکاندا
لەژێر پێڵاوی شێتەکاندا
وردو خاش دەبێ
حەزدەکەم باڵندە مردۆکان
گیانیان بێتەوە بەبەرا
رەنگە ئەوان لەزمانم تێبگەن
بۆ کوێ بگەڕێمەوە
دڵم پەنجەرەیەکی نیە
چاوەڕوانی گەڕانەوەم بکات
بەڵام دەشێ لەئاوارەییدا
یا لەگالێسکەکانی ئاژاوەدا

کەئاوسی رابردوون
منداڵێتی خۆم بدۆزمەوە
یان لەشارێکدا ببم بەزەرتەکێك
لەشارێکدا حەزی
لەپێکەنینێك بێ
کەلەنوکتەی پوواوو
ئەو رووەکانەوە دەرژێ
کەبەجۆرێکی ئۆتۆماتیکی
زاوزێ دەکەن.. لەئاوارەییدا
(هەموو شوێنێك هەر ئاوارەییە)
هەست بەمەودا ئەندازەییەکانی
ئەرەستۆو
مەودا شانۆییەکانی
ئەنیشتاین ناکەم.
لەبەرئەوە پێویستیم بەژوورو کاتژمێر نیە
بۆدیاری کردنی کاتی ژووانو شوێنی دڵداری
لەگەڵ ئەو کەسەدا کەخۆشم دەوێ
هەموو شوێنێك
تەنانەت تەویلەو سەرەنوێلکەکانیش
هەموو کاتژمێرێکیش تەنانەت کاتژمێری وەستاویش
لەبارە بۆ عەشقو مەرگ
لەوێ خەون پەنجەرەی فراوانو
جۆرە مەودایەکی هەیە
هێشتا زانایانی فیزیا
نەیاندۆزیوەتەوە..
***

ئێواران بۆنێك لەوێوە دێ
(مەبەستم لەگوندە بەخوێن بۆیەکراوەکانە)
شەقامەکان پڕاوپڕ دەبن
لەشوێن پێی عاشقان و
کچۆڵە رامبۆییەکان
پەنجەرەکان بەچاوە ئاگراوییەکانیان
دەرازێننەوە.. و
سەرنجی پردە رووخاوەکە دەدەن
(مەبەستم پاشەڕۆژە)
مردووە دێرینەکان
بەهەندێ چەپکە گوڵی
بەهەشتە ونبۆکەی میلتۆنەوە
بۆ دەزگیرانەکانیان دەگەڕێن
بەفر دەنووك لەگڵکۆ دوورەکان دەدات
بشێ ئەمە سەرەتای
سەهۆڵبەندانێکی دی نەبێ!

(٤) (الارصفة تتنصت ربما سمعت اصوات بقايا اشباح ليالي المستقبل)
شجرة ما
تحلم بشيء
ربما تحلم بعصفور ينقذها من وحدتها؟
ماذا يقول القمر للشرفة
حين يتعانقان؟
ماذا تقول الصنارة للسمكة
حين تتعانقان؟
ماذا قالت انامك لاناملي
حين افترقتا هذا الصباح..؟
بماذا همس عود الشخاط للشمعة

فاشتعلت بهذه السرعة؟

***

كيف نملا هذه العربات

بالرياح

كيف نملأ الرياح بجراثيم الجنون

(اقصد الحب)

ثمة شباك مطلي بالدم..

هل هو شباك العشق؟

ثمة سماء

افرغوها من النجوم

هل هي سماء الماضي؟

ثمة شاعر يفكر بشيء

ربما يفكر بمضاجعة جثة تانسو جيلر

ثمة عاشق صوفي

ربما يحلم بقبلة او احدى صور انديرا غاندي

او قنبلة

وثمة دائما

فراغ ما

في مكان ما

ينتظر شيئا..!

***

(٥) اه انني ممثل غير كفوء

فلماذا اختارني المخرج

لبطولة هذه المسرحية؟

اه ايها الماضي

اهدم كل العوائق والابعاد الاولمبية

واغرقنا في ورودك

انا اكره الرياضيات
واخطأ في العد
ماعدى تعداد النوافذ الموجودة
في جسد البركان الذي نسميه
– المرأة–
الحب مدينة صغيرة ذات ابواب ونوافذ لاتعد
هكذا كتبت امرأة مسنة
في دفتر مذكراتها..
الحب قطعة من السكر
ما ان تذقهاحتى تشعر بالمرارة
هكذا قال احد الفلاسفة
الحب هو عشب الخلود الذي سرقته الحية
من جلجامش
هكذا قال شاعر عاشق..
الحب شارع ملغوم بالمفاجات
هكذا كتب احد المتصوفين
على جدران خلوته
***

(٦) کەگەڕامەوە ئەودیوی خۆم
وێنەی دوو بازنەی تاریکم
لەدەفتەری بیرەوەرییەکانمدا کێشا
لەوانەیە عاشقی چاوەکانت بووبێتم..!
لەنێوانی خۆمو خۆمدا
ئاسمانێکی گەورە گەورە
سیخناخ
دەکەم لەڕەشەبا
لەنێوانی خۆمو خۆمدا

پردێك دەكەم
نەشەیتان ببینێ نەخوا
***

لەخەونمدا
تۆ سنووقێكی داخراوبووی
من بەكلیلێك دەمكردیتەوە بەشیكردنەوەیەكی فرۆیدیانە
ئەمە كارێكی ئیرۆسییە
لەوانەیە وابێ
ئەمە سەدەی فۆتۆكۆپی كردنی مرۆڤ و
دەسەڵاتی ئامێرە
هیچ سەیر نییە مێینە وەكو سنووقی داخراو
بەكلیلێك بیكەینەوە
یا بەتەورێك ئاوسی كەین..
***

ئەرێ تۆ بووی بەپەلەپیتكە
لەشووشەی پەنجەرەكەت دام؟
نازانم دەرگاكەم لەكێ كردەوە
ئەمە تۆی
یا فۆتۆكۆپی تۆیە
تۆزقاڵ تۆزقاڵ ماڵەكەم دەدزێ؟
(مەبەستم لەماڵەكەم
توانای ئیرۆسیمە)
عەشق هەر بریتی نیە
لەهەڵگیرساندنی شەڕی ماچ و
دروستكردنی پردی نەبینراو
لەنێوان بووكەشووشە ناكۆكەكاندا

لەوانەیە بەیانیانێك
بەرلەوەی لەخەو هەڵسی
مەمکەکانت وەکو دوو هێلکە
لەتاوەیەکدا بکەم بەهێلکەو رۆن
بەهەرحاڵ من رقم لەفیساغۆرسەو
حەزم لەوانەی ماتماتیك نیە
لەگەڵ ئەوەشدا دانی پیادا دەنێم
کەقەرزاری فیساغۆرس‌و
ماتماتیکم
ئەگینا نەمدەتوانی
پەنجەرەکانی لەشی مێینەو
نارنجۆکی ماچ بژمێرم.
بازنەکە داناخەم
نەوەك برۆی
من زیندان نیم
پەنجەرەم
چاوەڕوانی فەروغی فرووغزادێك دەکەم
شیعرێك لەسەر
شووشەکەم بنووسێ..
***
هەموومان سەیری رووبار دەکەین
ئەرێ رووبار دەزانێ
شوانەکان عاشقین؟
سۆفییەکان سەیری ئاو ناکەن
ئاو/ شەپۆلی خوێن
ئەستێرە دێرینەکە فێری یارییەکی کردم
هۆنراوە + – × – ژیان =
٢٤ کاتژمێر عەشق‌و

٤٨ فەردە جلەكۆن‌و

٣٦٥ رۆژ ونبوون

كەئەو هات فێری بەدمەستی كردم

(مەبەستم رۆژووگرتنە)

من خۆر ناناسم

بەڵام ئەو هەموو نهێنییەكی من دەزانێ

نازانم لەوانەیە ئەو

بەرخەكانی لێدزی بم

لەوانەیە ئەو شەهلای پێ ناساندبێتم

لەوانەشە دارستانەكان

برژانگی ئەوبن (یا برژانگی شەهلا)

ئەمە قسەی من نیە

قسەی رووبارەكەش نیەكەمن‌و شەهلا

گوڵی خۆشەویستییەكی سۆفییانەمان

لەمبەرو ئەوبەریدا چاند

رەنگە هیچ قەشەیەكیش

لەم كەنیسەیەدا نوێژی نەكردبێ

كیسەڵ پەندی زۆرە.. لەوانە:

١. ئاو سەرمایەی عاشقانە.

٢. مێینە درندەیەكی پیرۆزە

٣. زەویش دەكەوێتە بێ نوێژییەوە.. ئەی بوركان چییە؟

٤. نیتشە درۆ دەكا، خوا نەمردووە بەڵام سوێندی خواردووە ئایەتی دی بۆ مرۆڤ رەوانە نەكات..

(٧) (من اراد ان يصور الحرب)
على انها دماء ونيران
فهو غبى
ومن اراد ان يصور الحب
على انه قبلات
فهو ايضا غبى..)
للحب وقت وللموت وقت—

(اريك ماريا ريماك)

للموت تحت زلزال الحب
رائحة تختلف عن رائحة الحياة
تحت البنادق (اقصد شالا .. كانت شالا غابة من البنادق المحشوة بالتوتر
فغالبا ما تبقى الجثث
(اقصد الاحلام المستقبلية بين خطوط القلب السيميائية
وخنادق المعارك القادمة
بين خطوط القلب السيميائية
وخنادق المعارك القادمة)
غير مدفونة
في الليالي الفرويدية
(اقصد رائحة اشلاء الاحلام)
متعلقة باذيال رداء الريح الراحلة اقصد رداء تلك التي اسمها شالا)
فتحبل بلادي
(اقصد هذه الغربة)
باثار خطوات الصبايا الوالهات
بالشذوذ الهندسي
والفيزياء الجنسي..!
من اين ولدت هذه التوابيت؟
(اقصد النوافذ المطلية بالدخان)
ترى هل دارت اية حرب ما

في هذا المكان
هل كنت هنا اثناء الحرب الدائرة
ام كنت قابعا في مرايا قبري؟
(اقصد مدرستى)
من يدفن هذه الموتى الحبلى بالضجيج؟
(اقصد حبيباتي اللواتي
مزقتهن باسناني التكعيبية
وقلوبي التي سحقتها حبيباتي
بكعوبهن العاطفية
ومفارقاتهن الايكولوجية
سوى العاصفة التي لم يذكرها دانتي
في الكوميديا الالهية
(اقصد ثلوج الصيف
او ربما اقصد طيورا بيضاء
تسكن في مذنب هالي)
يبدو انني اظل حفارا للقبور
(اقصد اظل عاشقا)
انني اخاف من الاشياء
ولايمكن ان اهرب من كل هذه الاشياء
الا التي لا اراها في الظلام..
– أي شيء ستاخذه معك
في مدن الغربة؟
– لساني المثقل بساليوم القبل
ومخالبى الموبؤة بجراثيم الابتهالات والصوم
ليس هذا كل شيء
فالقطط
(ربما اقصد الرياح
او الغيوم)

لاتموء عند العتبات الحالكة
بل تلعن الرجال الممتطين صهوات نسائهم العاريات
وراء شبابيك الغرف المفروشة
بالصلاة
والذنوب المقدسة.. !
***
حان الوقت للعثور على مكان
للمكوث الابدي
لا اذكر من قال هذه الجملة
ربما كتبها جلجامش
على شاهدة قبر صديقه انكيدو
او ربما يكتبها لطيف هلمت
على شاهدة حبه الاول في كفري
صوت ما يناديني:
احذرمن الصحراء
خذ معك مايكفي من الماء
(ربما يقصد البنادق والذخائر)
امامنا الصحراء
اترى تسع الصحراء
كل ممتلكاتي
(اقصد صومي وصلاتي واوهامي الجنسية؟)
– نحن ولدنا عبر مرايا العدم
+ فعلا نحن لم نحضر شيئامعنا
– اين سنذهب؟
+ لنقم خيمتنا هنا
– لابد ان نرحل
+ الى اين؟
– لا اعلم

لقد انتهينا من العمل في هذا المكان

+الحرب لاتدعنا نحلم بايام طفولتنا في أي زمكان

(اقصد الحب)

فلن نتمكن من الهرب منه او منهما

(الحرب والحب)

او (الزمان والمكان)

– دعينا يا نفسي نتكلم مرة

عن شيء اخر

غير هذه القحبة العذراء

(اقصد الحياة أو الموت)

+ افضل ان لانتحدث عن أي شيء

– وانا ايضا

+ سنتحدث عن الصمت

– انه موضوع سايكولوجي مناسب

+ اعترف لك انني احب مضاجعة الصمت

وهذا ليس شذوذا

– وانا اعترف لك بان رجلي الحافيتين

تشتاقان اقتراف الزنا

مع زوج من الاحذية الاجنبية..

+ احيانا ينسى الانسان

احي هو ام ميت..!

–اصبح من الصعب العودة الى ذلك الاصطبل

(اقصد المستقبل)

وسماع النكات الارلندية

وقهقهة الفتيات المتحجرات جنسيا

قالت لي احداهن مرة

(معتوه)

او ربما قرأت هذه العبارة

في كتاب قديم

في احدى روايات حنامينة او جاك لندن

+ هل تعود مرة اخرى

الى ممارسة قراءة الاكف؟

(اقصد اغتصاب افواه المراهقات)

– نعم

+ انه امر فضيع

– يمكن للانسان ان يهتدي الى نفسه

اذا ماسال انسانا اخر..

+لابد ان اذهب الان

– ولابد ان نكمل الحوار

+ اني مدمن على اغتصاب افواه المراهقات

– ماذا ربحت في كل حروبك

+ ضباب وحبوب منع الحلم

اصمت لقد عادت الطائرة

فالقنابل على وشك الميلاد

الموت (اقصد الحب)

واسع.. بحيث يضيع فيهالعاشق

الى الابد

+ عاد الذئب واراد ان يخطف الطفلة

فانقطع التيار الكهربائي

وانقطع الفلم من جديد

قالت صديقتي:

كان ذئبا جميلا

ولكني اكره الذئب لانه حيوان مفترس

عانقت صديقتي وعضضت شفتيها

بحيث ادميتها

وهمست في اذنها

في اعماق كل منا ذئب مفترس..)

لا لااريد ان اظل عاشقا

اعاصر مشاكل الحروب الجنسية الباردة

بل اود ان اكون

طيارة ورقية اقتحم الفضاء

لقد خسرت الارض

– اهذه هي المقبرة المندرسة؟

(اقصد الوطن)

ام هي اجساد البغايا المولعات

باقراص منع الحب

والاحلام المخنثة؟

+هل هناك أي شبه

بين اقتحام ميت في تابوت

وايلاج العضو الذكري

بين فخذي مراهقة

ليست لديها ذكريات جنسية سابقة؟

ثمة جائزة ثمينة لاول متابع

يزودنا باسم العالم الفيزياوي الذي

كشف هذا الشبه؟

(لم يكن هذا بالطبع اهم الاخبار

فثمة اخبارسرية

تتعلق بمصير الامة

اقصد (القطب الشمالي والقطب الجنوبي)

لا يمكن تعليبها

وتصديرها

عبر الكلمات..)

* انهمر ايها الماضي

ففي انهمارك تخطرببال الانسان

اشياء لاوجود لها

- اخطرت ببالك اشياء من هذا القبيل؟

+نعم

- مثلماذا؟

+ ان ادفن بيضتين تحت نهديك

حتى تفقسها

فهذه لعبة جديدة

في جغرافية الحب الواسعة)

- الا تحسين احيانا بنوع جديد من الفرح؟

+ اتصور اني احسست بكل انواعه

حتى لم يعد هناك فرح مجهول لاكتشفه

* ولكن عنما يحب الانسان

يشعر على اقل تقدير

بنوع جديد منه

لم يدهمه من قبل

- ايوجد في مكان ما

شيءهام؟

+نعم لسنا موتى.. لم نمت بعد

(اقصد اننا لم نولد بعد)

لاتوجد مخابيء امنة

هكذا تقول الاذاعات

لايمكن ان نبدا حياتنا بالمستقبل

اين مملكة الوهم السعيدة؟

(اقصد الفردوس المفقود)

ربما باعها روبسن كروزو

لاحد تجار المخدرات

ساعدم كل ما له علاقة

بتلك المزبلة

(اقصد المستقبل)

كل طفل جديد

هو وقود اضافي

لحرب جديدة

فلماذا لا تسد الامهات

هذه الفوهات الشرسة؟

–اذاهب انت

الى مكان ما؟

+نعم الى اعماق نفسي

ولكن قدمي تهراتا

واضطررت الى انتظارعربة

لالحق بقطار الماضي..

– انا محتاج للتامل

+ كلنا محتاج للتأمل

– لما يرحل العاشق

يأخذ معه في عربته كل شيء

حتى دموعه المنسية على اطراف وسادته

وانالما اضم صبية ما

بين ذراعي

اود ان اسلب منها كل شيء

حتى البول المتعفن في مثانتها واوكسيد الغائط المتعلقة بثنايا شرجها

راسي حبلى بالمؤامرات

(اقصدالاوهام الجنسية)

كمضاجعة الصبايا بالتنويم المغناطيسي

واغتصاب دمية في احد المخازن

ترى هل للدمية بكارة

وهل تعتريهاالاندهاش

اثناء العملية الجنسية الاولى معها

وهل تبلغ الاورجازم.؟
***

(ملاحظة في غير أوانها):

(يمكن نقل جرحى الحرب والحب

بالبواخروالطائرات ووسائل اخرى

من مستشفى الى مستشفى

او الى اية مقبرة او مبغى

ولكن من ينقل هذه الفراشات الميتة

في حدائق قلبى (اقصد ذكريات طفولتي)

الى مكان اخر..؟
***

- في أي يوم من ايام الاسبوع نحن؟

+ لماذا لا تسأل من السلحفاة

انه يعمر طويلا

ولذلك تحفظ التواريخ واسماء ايام الاسبوع

والدهور

اما انا فمولع بالسفر

ولا احفظ سوى اسماء المدن المجهولة

ورائحة الاشجار المثقلة بالذنوب المقدسة

(اقصدالفتيات الطائشات)

لم اصل بعد

وطني بعيد كبعد الاسلوب الواقعي عن الاسلوب

السوريالي

انه مجرد وطن..ولكنه بعيد.. بعيد

كنت (كما قالت جدتي)اقطن فيه

قبل ملايين السنين الحجرية

انه الان منطقة محرمة

بين فوهة مدفعين

كما تقول كل اللافتات
لماذا الله خلق الارض و الاوطان
التمتليءبالجثث والورود الصناعية؟
هل هذه الاجسام التي تلمع في السماء
نجوم حقيقية
ام هي طائرات احتياطية
اعدها الله
لحرب ما؟
ايها المجهول
ايها المجهول (اقصد المستقبل)
ارحني من تفاهاتك النقية
ودعني في سلام
لقد سرقت باقة من الورود الصناعية
ان الاوان ان انثرها
على النعوش الاخرى
(ربما اقصد عشيقاتي المستقبلية)
لتحيا الحرب
لتحيا الحرب
التدخين ممنوع قرب الفتيات الصالحات للجنس
(أي يمنع منعا باتا اطلاق النيران على العصافير)
– ماهذه الربوة؟ اني لم ارها هنا من قبل
+ ربما هي قبر احدى العاشقات
– او لغم جنسي زرعته احدى العابثات
برياضيات الحب
وفيزياء الجنس
وكيمياء الجسد؟
+ هذا فضيع اليس كذلك؟
تعال ايها العاشق

ليست ثمة عاشقات

فقد تحولن الى مومياوات حبلى بلعنات اللذائذ المدمرة..

(العالم مليء بالقذارة

هذا ليس كل شيء

فجأةتمتلئ الدنيا برائحة الافراح المعلبة الفاسدة

انه عصر المعلبات

حتى الاعضاء الجنسية لكلا الجنسين

تعلب حسب المواصفات المطلوبة

وتستعمل في السلم والحرب حسب الحاجة..

وددت لو استطعت الخروج

من هذه المدرسة المسيجة بالشعارات الشيطانية

(اقصد هذا الوطن)

ولكن الى اين

ليس الامر سهلا)

– منذ متى لم نربعضنا؟

+ مائة عام كنا وقتها اطفالا

ولم تكن هناك اية حرب

(اقصد الحب)

ولم تكن تفوح من افواه المراهقات

رائحة المقابر

(اقصد الشذوذ الجنسي لديهن)

– انني لا احس بالكبر

ولكني احيانا احس

ان حيوانا شرسا ينوي ابتلاع اجهزتي الجنسية

وهذه هي لب المشكلة

والا انني لاشأن لي بقوانين الرياضيات

وابعاد ارسطو

والنظريةالنسبية..

+ نقاشك رائع

لقد اخبرونا في احد المعابد

ان الجنس حيوان اليف

– ايوجد بالقرب من هنا مستشفيات؟

+ لا ادري

– اذن من اين تأتي رائحة الموتى؟

+هل ان اوان الذهاب؟

– انا لا ارغب ذلك

* انا لا احب الا الرقص الثنائي

(هكذا قال الفتى)

* اهم المشاكل في العالم هي مشكلة

عدم وجود ورق التواليت

(هكذا اجابت الفتاة)

* استطيع ان اعلمك اللغة الكردية

(همس الفتى في اذن الفتاة)

* هذه ليست باعجوبة

ان أي انسان يمكنه ان يتعلم اللغة

اية لغة متى شاء ذلك / حتى لغة الدلفين

(اطلقت الفتاة هذه الكلمات

بصورة غير اعتيادية)

قال الفتى:

اذن لابد ان نقيم ذلك الجسر

(ربما يقصد بالجسر

نوعا من العمليات الجنسية)

قالت الفتاة بنوع من التهكم:

يمكنك ان تذهب .. تفضل

لا احد يمنعك..

***

استطيع ان امشي
ولكن على الجسر
الذي نبنيه
هكذا قال الفتى
* أي جسر تقصد؟ سألت الفتاة
- عن أي شيءكنا نتحدث/ قال الفتى
* لم نتحدث طوال هذه المدة
عن أي شيء
اما اتفقنا ان نصمت؟
* وماذا كنا نعمل هنا
طوال هذا الوقت؟
ربما ادينا بصمت
دورا في احدى المسرحيات.. !
* أي دور تقصد؟
-أي دور لا اذكر
* ترى هل كنا طوال هذه المدة
منهمكين ببناء ذلك الجسر..؟
*لا اذكر.. ربما..

دیوانی لەتیف هەڵمەت

# ددانی پاشەڕۆژ
# وەك ددانی جەنگ سپییە

## باڵندەکانی بۆشایی چی دەڵێن..!؟

ئافرەتەکە گوتی: ئەم شارە
مێینەیەکی تەنهایە لە ئاودەسخانەیەکدا دەژی
چۆن دەتوانین لە نێوانی رەشانگەکانی هزردا
نوێژ بکەین؟

***

حەزرەتی عیسا یاسای خوابوو
کڵێسا فریاگەیە
کڵێسا هەمیشە پێکەنینی بە یەکسانی دەهات
قەفەزەکان بە گۆرانی دەهەژێنرێن
ئەی خوایە باڵندەکانی بۆشایی چی دەڵێن؟

***

ئافرەتەکە گوتی: بەڕاستی مردووان بێ هاوڕێن
من بەختەوەرم جەنگ دەستی پێ کرد
دەتوانی لەگەڵمدا بێ ی
دوای ئەوسا نوشتەو چاوەزاری نەوتو
دکتاتۆریەتکاری هەلبازیت بۆ راقەدەکەم...

***

لەسەر ژاووژووی نوێنەکە
بوومەلەرزەی ئاوێنەو سۆزی گەردەلوول گەمارۆیاندا...
ئافرەتەکە گوتی: دژی گوڵو تەویلەو پەرستگا
بەرگریم کرد..
چەند خۆشە لەسەر گڕی حەقیقەتی پاکیزە
هەڵکەی...

***

ژنێك بۆ لای باپیرم هات
ختووکەی تەوەرە ئاشتی یەکانی دەدا
باپیرم خەوی بەوەوە دەدی

هەموو شتێك تووڕدەم
پێ ی گوتم: كۆچ جەنگێكە لە دیرۆكەكانی
كیشوەرێكی ڕاچەنیودا
بە ژنەكەی گوت: كاتێ مرۆ وادەزانێ
لە ژووری چاوەڕوانی باڵەكانتدا... بە ڕاستی
خاوەنی هیچ شتێك نیە
ئەم نیشتمانەی هەر بۆ دەمێنێتەوە !
نازانم بۆ وا هەست دەكەم
لە پشت دیواری زمانەوە
گۆشەگەلێكی تیژهەن
جموجوڵێكی وا توندو دڕندە دروستدەكەن
تاشەبەرد لەسەر هێڵێكی ڕاست
دوولەت دەكەن... !
بە چپە بە خودی خۆی گوت: ئاڵۆزیی
تەوژمێكی كارەبایی یە لە شوێنێكی دوور...
لە پڕ كچانی ئابتەر لە بابەلیسكی پۆلیس نزیك بوونەوە
زەردەپەڕ ژنێك بوو زەرداوی نامۆكانی هەڵدەمژی
ئافرەتەكە گوتی: دەتەوێ باخچەكانی ئاگرو
تەنافەكانی ڕەوشتو
ئەو تابلۆی ڕاوكردنەی ناو دەریاچەكانی
ئەوینم بیر بخەیتەوە
لە شەقامێكدا لە ژێر دروشمی
سەرەتای ئاژاوەی لەش دا دژی با
پێدەكەنێ...
من دانی پیادا دەنێم بۆچی پێكەكان
بەم شێوە نابووتە چەنەبازی دەكەن...
***

بووە بەقاو کەژنێك

بە ئاوڵەمەی چپە

بیابانە مێنرێژکراوەکان خاپوور دەکات!

* کاتێك نیە بۆ هاوار کردن‌و

دۆشینی تاڤگە بەرەواژەکان

* سێکس نیشتمانمە

ئافرەتەکە بە زمانی قاوەو قورپاقە دەدوا

کابراکە پێ ی گوت: چۆن دەڕوانیتە داگیرکەر

* ئافرەتەکە گوتی: نیشتمانی من پیاوێکە

دەیەوێ نەخشە پیرۆزەکان یەختەسارکات‌و

لە دەرگای گوناهدا نوێژ دابەستێ...

((بەیانی یەکی دڕندە بوو لە پڕ سەوزەگیاکان

لە ژێر خۆرە تاوێکی ئەفسانەیی دا بزر بوون))

ئافرەتەکە گوتی: پەنجەی پیاوە نامۆکە

بە زمانێکی ناوچەیی پروپووچی دەدەلێنێ

تاشەبەرد بەداگیرساوی ئاسمان پەی دەکات

یادەوەری مانگ وەکو وڵەیەکی تازە لە دایکبوو

بە ئاگایەو حەز دەکات

لە مزگەوتی خوادا... یا لە کڵێساکەیدا

لەبەر بارانی دارستانەکاندا خۆی بشوات

***

(ئێمە ئێستا خواوەندانی ئەو رووداوە کوتوپڕە

دڕندەیە... دوورین لە باڵندەیەکەوە کە بە تەنیا

لە قووڵایی یاسادا سەرگەردانە)

هەروەها ئافرەتەکە گوتی: نەورەسێکی بێ

رۆشنبیریی نیە

ئاودەستخانەی زانکۆکان تابووتێکی

پڕ لە کوودەتاو پاسکیل‌و قەدەغەکردنی

هاتوچۆو بێدەنگی ناقۆڵایە
ژووریش خەونێکە پڕ لە پریشکی کۆچ
دەنگی نوشوستیی ئەسپێکە خۆی لە
سرووت دەرباز دەکات...
ژنان ئوتێلی ژاوەژاون
لەبەر دەرگای پێغەمبەراندا
***
بڕۆ سەرت تووشی پەتای جەنگو
سەدەی بێنوێژکەوتنو بۆنەو مۆنە بووە...
ئەوانەی خەونیان پێوە دەبینی پرۆژەکەی
ئەلبێرکامۆیان بۆ دارستان گواستەوە...
خەونە – مەرگەکە شانۆی هەموو
رووداوەکانی ئاوەزو خووڕسکن...
ژنەکە گوێ ی لە مالك حەداد دەگرت
فەڕەنسا بۆچی کەوتە قاچاخچێتی کردن
لە نێوانی ددانەکانی شارستانیەتو ئازادی دا...
ژنەکە گوتی: پرسیار تاراوگەی هەر هەموومانە
کەواتا نیشتمان تیکەیەکی مسۆگەرە
لە نێوانی ئاهەنگی منداڵێتیو
شەڕو جەنگە داخراوەکاندا...
***
* وێنەی چی دەکێشی...؟
ژنەکە گوتی: لەبارچوونی وشەکانی زمانو
جەڤەنگی وانە تایبەتیو گشتی یەکان...
(کچۆڵەکە ماسییەك بوو لە سەردەمی
سوپایی داو مەوداو ناجۆری یەکان
ئامبازی بوون)
***

ژنەکە گوتی: دەسەلات دەربازبوونە لە
دووبەرەکی..
بۆ پاراستنی تۆوی هەلهاتن و ملکەچکردن و
هەناسەدانەوەی یەکەم بابەلیسك...
* خێڵ / جەنگ
* شارستانیەت / جەنگ
تیشکی منداڵێتی لە هەمو ماڵێك دەکشێتەوە
دەریا پێویستی بە ئاخافتنە
لەو باوەڕەدام کە لە مامۆستای جەنگ دەپرسێ
کە لە داگیرکاری زایەندو مشت و مڕی
خێڵایەتی یەوە
چی روو دەدات...!
***
* ژنەکە گوتی: هەر لە خۆمەوە
سەرسوڕمانی رابوردوو
هەڵەی ڕێگاو بانەکانی رامیاری و
جەنگم لە سەردەمی خۆشەویستی دا
خۆشدەوێ.
ئەنجا
دوای ئەوەی کە جەنگەڵی پرسیاری
چڕ
لە ئاسۆی سەربەخۆیی دا گڕ دەگرێ و
وەکو گڕکانێکی سپی کە تازە لەژێر
ئاسمانێکی ئاڵۆزدا لە ساتە کارەبایی یەکان
دەرچووبێ...
رادەکشێ...
لەشی لە ناخی کێشەی تەقینەوە گەلێکی
خودی دا نوقم بوو

هەردوکمان لە قوولآیی پریشکەکاندا بووین
دڕندەکە بەزی
پرشنگەکان پەنجە ئاڕاستەی ژێر زەمینەکانی
کەناری خەباتی نهێنی دەکەن
رستەش تێرو تەسەلی بۆگەنی
تارمایی گەنکاوی کێشەکەیە
لەشە دکتاتۆرەکەی دۆزێکی بێ بایەخ نیە
ئایا بێدەنگی دەتوانێ جیهانێکی نوێ
لەناخی مرۆڤدا دروستکات
دژی جیهانی نالۆژیکی گەمارۆ دراو
بە تاراندنو باپیران...
***
(دەمو چاوی گرەوی لەسەر کوودەتاکردن
دەکردو پێشوازی
شەپۆلی حەسانەوەی وەکو بەردێکی سارد)
دوای بێدەنگییەك بەسەر کێڵگەی لەشەکەدا
کە بە گەمژەیی درێژ ببو
وانەکە کۆتایی هاتو بەختەوەری
کەوتە هەڵقوڵانو بەسەرسامی سۆسیالیزمانەوە
زمانی دوو ناو دوونیش لە قوولآیی فەرهەنگی
لمی شکۆمەندا
وێنەی دۆزێکی هەمیشەیی دەکێشا
کۆچ کردن لەگەڵ ژنێکی دانادا
ترۆپکی تاراوگەو ئاسوودەیی دەسەڵاتی شادی
پێك دێنێ...
بە تەنیایی لەم باخچە کوێرانەدا
ئاژاوەو پریشکی پرسیارو
توندوتیژی جەزائیرییانەم بەجێهێشت

که بە بۆنی راوکردنی داگیرکەران تەنراوە
بۆ نووسەرانی رۆمانی پڕو پووچ...
لوورەی شەمەندەفەر هیچی دی نیە ئەوە نەبێ
کە یەکەم بارانە
لە گزنگێکی ساوایەتی دا
لەژێر دڕندایەتی ژنێکدا...
***
بە کورتی یەکی روونەوە.. جەنگی راونان
وەکو شیر بەسەر دەریایەکی ئاورێشمدا رژا..
ئایە ئەمە هەراهەرایەکی فیزیایی نیە
بۆ بەرگری کردن لەو زەوی یانەمان
کە خەونو میکرۆبی رامیاری
لەوتاندوویەتی...
دەبێ شالاوی پێکەنین بەسەر داهاتوودا بەرین
لەسەر پردی بارانی داهاتووەوە...
ئافرەتەکە گوتی: شەبەیخوون تیشکێکە
لە رووبارەکانی شکستەوە هەڵدەقوڵێ
پێویستە لە سەرمان لەسەر مەسەلەی
یۆتۆبیا بجەنگین...
وەکو گەردەلوولێك لە پڵنگ
کە لە میهرەجانی مێژوودا گەمارۆ درابێ...
بۆ دۆزەخ.. بۆ دۆزەخ.. بۆ دۆزەخ
ئیمپریالیزمی بێدەنگی
***
نەوت ئۆقیانووسەکانی گێتی دەگەڕێو
لێکۆڵینەوە لە بارەی یاسای ئایدۆلۆژیاو
سفلسی خۆماڵیکردنو تەراژیدیاوە
لە پانتایی تالآنی یەوە

پێشکەش دەکات
ژنەکە گوتی: هیچ لاریم لەوەنیە
هزرگەلێك هەلگرم
کەلەسەر تابلۆی تەلەفزیۆندا
کۆبوونەوەکان دەخواتەوە...
ئێستا شێتی یە مسینەکە
لە شانۆیی مۆسکۆدا تەواو بوو
ئایا گزنگێکی دی هەیە؟
لەبەر هۆیەك ئێمە نامانەوێ فێری
تێکەڵ بوونو پشکوتن بین
لە پرۆژەی بیابانو زمانی جگەرەوە..
هەستکاریی ئاڵۆزیی هاوکاتە لەگەڵ
ئەزموونی ژناندا
لە ژووری باڵندە بریسکەدارەکاندا
ئێمە هەموومان
بۆ ئەفریقیای جەستەگەڕاینەوە
لە پێناوی دامەزراندنی رۆژی هەشتەمدا
لە درۆگەلی ژنێکدا
نەك لە پێناوی خوێندنی قورئاندا...
***
ئەم بریسکەیەی لە باڵەخانەی لەشەوە
هاتووە
دیوارگەلی
ئەو دارستانانەی کە شەپۆلی نهێنی یان
لێ هەڵدەقوڵێ
پڕ دەکات لە بزێوی گزنگ
پیاوەکە گوتی: زستان کۆچ دەکاو
ددانی هەتاو لە جانتاکانی دا کۆدەکاتەوە..

دوای نیوەڕۆی یادەوەری ئارەزوو
رامچەناندی
راچەناندنێکی بە گڵکۆ داپۆشراو
لە دەرەوەی ئاراندا.. جوانیەکانت لەژێر
چنگی وێرانکاری دابوو
دووناو دوونی زەبری شووشەیی رۆحی دەکرد
ئەمە لە قۆناغی جەستەیی دا
مەسەلەیەکی کاتی یە
بەرەو رووی راچەنین و ئاژاوەکەیدا
لە یادگەی نێچیرەکاندا...
***
(فەلسەفە ئارایشتی سیاسەتە)
– کەس نازانێ کێ ئەو پەندەی لەسەر
تابلۆی ئاسمان نووسیوە –
ژنەکە سەری خۆی دەخستە نێو
سونگی ئارەزووەوە
قسەی بۆ دڕندەکان دەکرد
دەیگوت: کامن شۆڕشگێر؟
بۆشایی... بۆشایی... بۆشایی... بۆشایی...
تەنوورەکەی بەری پێدەکەنی
لە زانکۆو لە سەر نوێندا
جەنگو گێچەڵی رامیاریی
هەڵدەگیرساند...
***
پیاوەکە گوتی: ئەم ژنە ماڵەکەمە...
جەستەی هێڵی شەمەندەفەرو
وێستگەی داهاتووە
هەردوو لنگە بریسکەدارەکەی

ژووری ئاگری هەتاوی یە
مەسەلەی ململانێکانو نیشتمانپەروەری
بۆتە دامودەزگاگەلێك بۆ دەستگرتن
بەسەر شوێنو جێ ی بەرپرسیارێتی دا
ژنەکە وەکو دارێکی رووت پێکەنی
تێشکانی زیاترو هەراهەرای وێرانکاری
زیاتری پێشکەش کرد...
هەراهەرایەك لەو جۆرەی کە نوقرچ
لە پاشەڵی ئەو کچۆڵانە دەگرێ
کە سەرگەرمی ژووری بنەماکانی بێدەنگین...
هاتوهاوار لەسەر تابووتی نوێندا
سەیرو سەمەرەو هارە
هەوری ئاسوودەگیو تارمایی کەرنەفالّی
دەسەلات
لەنێوان لێوی سەر روخساری ژنەکەوە
دیارە...
لە ژێرهاتوچۆی وشەکاندا
کەوتە چاودێریکردنی دیوارەکەو
ئاخافتن دەربارەی جیدۆ
پەنجەکانی هەوری یادەوەری
لە شووشەی شۆڕشە داهاتوەکان دەسڕی
خەمۆکی دەست بەئاو گەیاندن دەیگرێ
ئەو میز بە عەتری ترس دا دەکاتو
دوو ناو دوونی سوراوو سپیاو دەکات
ژنەکە گوتی: مووبەقی زایەند
لەژێر مایۆکەیدایە.....
لە ناکاو چرچولۆچی مەزەنەکردنو
ئابرو چوون دەخوێنێتەوە...

تێکشکانە بورژوازی یە داهاتووەکەی
گەواڵە هەورێکە لە بەندەری نوێنداو
بە ترس‌و رێکەوت چێنراوە...
(ژن مەسەلەیەکە هەر بۆن‌و بەرامەکەی
ئەم وڵاتە دێنێ)
هەروەها ژنەکە گوتی: نوێن شادیی
ئەو کەروێشکەیە کە بەرەو ژوورەکەی
دایکی رایکرد...
هەروەها گوتی: من دەلاقەی مەرگم
لە پەرستگای مۆتەکەو خۆڵەمێشی رۆحەوە
ئەم چۆڵایی‌و دەشتانە دێنە ژوورەکەمەوە
وادیارە هەندێ شتی منداڵێتی پڕ لە بۆنی
ورووژاندن لە درندایەتی لێوانیەوە فڕیوە..
بەردەوام گوتی: تۆ لە پەنجەرەکەوە
بانگکراوی بۆ وەرزی دەرباز بوون
لە باوڵە پیرۆزەکە...
لە چرکەساتی شڵەژاوی دا ئاوەزکەوتە
دەنگە دەنگ:
جموجووڵی بێکۆتایی بکوژێنەرەوە
شتە مێشکی یەکان لە مێژوودا
شاراونەتەوە
ئاسوودەگی نالەبار رەنگدانەوەی شێتیی
لە وێنە بەردینەکان سڕی
پیاوەکە گوتی: ئایا گوللە لەسەر
زوڵفی سەردەمی سەرکێشی وەکو خەونێکی
نامۆ لە هۆڵی پاشاکاندا سەرسم دەدات
شەرگەل بۆشایی یەکە لە نێوانی
تەراژیدیای نیشتمان‌و دیکۆرکاری

بۆنەو مۆنەکانو ئیمپراتۆرییەتی
دەشتو دەردا...
چاخ لە نێوانی جەنگە ئارایشکراوەکاندا
بە شێوەیەکی شانۆیی
لە شەقامدا دەکەوێ
شتێکی دی وەکو نەفرەتێکی پیرۆز
لە کۆبوونەوە ئەکرۆباتیکییەکاندا
باس دەکرێ
ئەوەش پیلانی فریشتەکانی نەوتو
ریشەکەی هرتزلە
پیاوەکە هاواری دەکرد... هاوار هاوار
هاوار.... جەنگ لە بێشکە پیرۆزەکەیدا
غەرغەرە بەدەنگی خوێنو
هاوارە سوریالی یە پیسەکانەوە دەکات
شکۆمەندی زنجیرەی خەیاڵئامێز
لە دارشتنی خێڵدا
دیاری یەکی رەوایە لە جەژنی چەرخی
بریسکەداردا... و
هەقایەتێکی شەهرەزادی دیو پۆلیسییە
لە لۆغارتیمی خەیاڵکەردا
لەوانەیە ئەجاسا کریستی لە هەفتەی
داهاتوودا یا لە هەفتەی رابردوودا
بینووسێ..
ژنەکە گوتی: کاتێ پیاوەکە
لە یاری یە سەرکەوتوکانی بۆوە
لە ژووری پیرێتی دا گۆشەگیردەبێ
دوور لە شکۆمەندی هەرا هەراکاری
بۆ ئەوەی مۆتەکە پیرۆزەکانی

له پانتایی روونکاری میکیافیلییانەدا
وێنە بکێشێ
هەمیشەش دەڵێ: تەقینەوە /
ئەفسانە / هۆز / پارت / پەند /
وڵاتی ئیستراتیژی /
هەر لە تەلەسمی سەردەمی خواوەندەکانەوە
نەخشەیەکە حەزی لە قوماربازی یە
لەسەر ژنانو
ئاڵای داگیرکاری یە پیرەکان...
(شەمەندەفەرەکە لە نێوانی خەونو
بێداری دا وەستا... و لە ژێر گرەگرێ
پێکەنینو کوودەتاکاندا
هاتەوە هۆش
***
ژن: سەدەگەلی تاراوگەو باران
تاسەی زایەند هەموو شتێکی لێ زەوت کردین:
رۆحە تیشکی یەکانو
ئەو دڵانەی کە مارکسیزم بە پۆڵا دایرشتنو
ئەم دامەودەزگایانەی کە ترس شاتاوڵی
بۆ بردنو
چاخەکانی تیرەگەریش..))
ژنەکە گوتی: پاشەڵم تەرمێکە
لە پێکەنین قەڵس دەبێ
چرکەیەکی سەرسام بوون لە نێوانی
رەوشتو شووشەدا هەیە...
کورەکە لێ ی پرسی: بە دڵنیایی یەوە
تۆ گەشبینی
جا ئایا باوەڕ دەکەی ئەو گەلەی کە

ترس‌و له‌رزی گولله‌ی رفاند
باوه‌ڕی به شه‌ستێرو
کریستالی تیشك نامێنێ.
ژنه‌که گوتی: له په‌رده‌ی مۆمیاکراوی
کچێنیم بپرسه...
کوڕه‌که له دڵی خۆیدا گوتی:
ئه‌م شانۆگه‌رییه‌ش هه‌ر کۆتایی دێ
***
حه‌سانه‌وه وه‌کو باڵنده‌یه‌ك ده‌نیشێته‌وه
که ئاره‌زووی جه‌نگ بکات... ،
له سایه‌ی ژنێکی لمینیدا
سه‌ره ڕۆییت بپارێزه...
ته‌نگه‌ی ژنه‌که له ژێر تێکه‌ڵبوونی
سمه موغناتیسی یه‌کانی پیاوه‌که‌دا
ترسا...
له جه‌رگه‌ی ته‌مومژدا ده‌نگی تاشه‌به‌رده‌کان
له پێچ‌و په‌نای په‌نجه‌ره‌ی قوتابخانه‌که‌دا
نیشتنه‌وه...
به‌ڵام ته‌نهایی‌و
خۆپه‌رستێتی له‌شه رووته‌که‌و
مۆسیقای ئاواره‌یی
دارستانه‌که‌یان رووناککردبۆوه
قه‌رسه‌قولی شاگه‌شکه‌بوون
وه‌کو پریشکی زستانی نه‌زۆك کۆتایی دێ...
دره‌ختیی تاشه‌به‌ردی کاتیش
که ئه‌فسانه‌ی چاخی ئاسمانی‌و
هه‌قایه‌تی سێکس‌و سۆفیگه‌رێتی
وڵاتی عه‌ره‌بانی

بۆ دەگێڕێتەوە
با گەلێك دەیانخوات
کە لە شەقامگەلێکی پاکیزەوە دێن...
دەبێتە باڵندەیەکی نامۆ لەسەر
گژو گیای باخچەکە... و
فێری عەشقی هەورو ئاسمانی نیشتمانی
تیژو راڤەی بۆنو بەرامەی سامناکیو
راوی سەندیکاو خورپەی دەریامان دەکات...
یەکێکیان دەڵێ: چەتەکانی پەرستگای باخۆس
شادی یە بۆشەکەیان دزی
بابل دڵۆپەیەکە لە بێدەنگی هاتو هاوارەکاندا
سۆزانی یەکانی ئاوارەیی
تینووی وڵاتی منداڵێتی رووتن..
دەربەدەرەکە چرپاندی: بۆنی ئافرەت فەلسەفەی
منە...
جەستەرووتەکە هاواری کرد: لە شاعیرە
تاراوگەکە بترسە..
بۆنی ئارەزوویەکی ژەهراوی لە کراسی ساوایەتی دێ
کە بە وێنەی جەدانۆف رازاوەتەوە
لە چاخیی مەسیحێکدا
کە دەیەوێ ئاران بدۆزێتەوە
وشەکانی زەمانە لە سرووتی دەوڵەتدا
شەپۆل دەدات
لە کاتی مۆتەکەدا هەمیشە
شەرو مۆسیقای تەڕ لە ژێر نوێنەکەدا
دەردەکەون
ژنە مامۆستای ئاین: بە سەرسامی یەوە دەپرسێ:
بۆچی خەمۆکی ئاڵاکانی بازەڵەیی

بە تیشکی خۆی لە پڕ تەڕ دەکات...
ئەوە بۆچی زمان مچوڕکەکانی سنووقی ئاوەز دەمژێو
بۆچی تاقیکردنەوەکان قەڵەمبازی دەریا دەرفێنێ..
***
ئەو وێنەی سەماو حەلْوای دەکێشاو
کچەکەش هەڵدەستاو باوەشی بە ملی دا دەکرد
تا دەمرد
دوایش بەرەو نێچیرەکە دەرۆشتو گۆرانی دەگوت:
لە میهرەجانی هەراوزەنادا
پشووی سۆزەکان زەوت دەکەین...
ژنەکە تینووی بوو جەستەی خۆی
لە ئەندامەکانی تیۆرگەلی رۆژهەلاتی دەخشاند...
لە ژێر چرنووکی لەشی نادیارێتی دا
حەزی لە پیاوێکی بیابان بوو
جەستەی لە ژێر کەوانەی لەزەتدا
لەتوپەت دەبوو
پەنجەکانیشی پێدەکەنین..
ژنەکە گووتی: ئەم لەشە توندو تیژی
داگیرکردنو پیسێتی تەوراسە تووڕەکان
دەخواتەوە...
مایۆکەی پێدەکەنی بۆ ئارەزووی پیرۆزەکاری
لەشی وەکو بەردی مەی گڕی دەگرت لە نێوانی
هەردوو بازووی ساتی چاوەڕوانی کردنو
کۆتایی دیمەنەکەدا...
سەرەتا: ئاگر هێدی هێدی
لە ژێر هەردو رانیەوە دەگەشایەوە
لەشی ئاسمانێك بوو لە نەورەسو
تاوان
تێکشکانو کەڵبەی سەرابو خۆڵەمێشی

گژوگیای سەرەتایی
داگیریان کردبوو
باسی گەمژەیی مامۆستایانی زانکۆو
سینەماو پاکێتی شاعیرانو
داوێن پیسی سۆفیەکانی دەکرد...
ژوورەکە بە شێوەیەکی شانۆیی
کەوتە خولانەوە...
ئەم ژنەش پرشو پەراشێکی
منداڵێتی یە لەسەر باخچەی پاپۆڕەکە...
لە ئاوەڕۆی تاراوگەی زماندا
پیاوەکە گوتی: لە کەناری شاگەشکەبوونی
دڕندەدا
هەندێ جار تارمایی یە مۆمیاکراوەکانمان
دەدۆزینەوە...
یان هەر شتێك کە خۆبەدەستەوەدانێکی
لەسەرخۆ نازانێ...
(راکشانو پشوودانی جەنجاڵی
ژنەکە وەکو کێڵگەی مین سامناك بوو)
ژنەکە گوتی: ئەم شارە
ژنێکی تەنیایە قەفەزی خەونو
میکرۆبی سیاسەت
لەخشتەی بردووە...
مووبەقی سێکس لەژێر ئاوەڵکراسەکەیدا
سیخناخی جەنگی ئەکروباتیکیو
مۆسیقای سەرگەردانیو
بۆنەو مۆنەی مۆمیاکراوی
سوریالیزمیانەیە
***

<u>سەرچاوەکانی ئەم چامەیە:</u>

١. ولیمة لاعشاب البحر: حیدر حیدر. ٢. بیت الارواح: ایزابیل اللیندي.

## هەندێك لە ئایەتە ونبۆكانی ئاڤێستا

من بەر لەوەی لە دایك بم
مۆغێكی زەردەشتی پێ ی گوتم
گەر رۆژێ بووی بە شاعیر
لەدوو زمان نەترسی
یەكەم زمانی پێڵاو
دووەم زمانی رەخنەچی...

***

دارێك لە دڵمدایە ناوی یادگارە
هەموو رابوردوو داهاتووەكانم
لە منداڵدانی لقەكانی دا دەشارمەوە

***

بەهار لە ئاشتی دا گوڵی سوور دەگرێ‌و
لە جەنگدا گوڵی سەوز

***

زستان لە ئاشتی دا بەفری سووری دەبێ‌و
لە جەنگدا بەفری سەوز

***

ئاسمان لە ئاشتی دا ریشۆڵەی سوور
بەرەڵا دەكاو
لە جەنگدا ریشۆڵەی سەوز

***

هەندێ جار پاشەڕۆژ پێدەكەنێ
ددانەكانی وەك ددانی جەنگ سپی یە

***

شادی هاواری لێ كردم
كە بەرامبەری دانیشم
خەم هات عەتری لێم پژاندو

گوێزانی دا لە ڕیشم
***
ئێمە دەڕۆین
کات ڕادەوەستێ
ڕادەوەستێ
بێدەنگ دەبێ
گوێ دەگرێ
لەسەر ئەم بەردە
چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمە دەکات
***
کە دێم بۆلات
لەبیرم دەچێ
خەمە کۆنەکانمت
لەلا جێبێڵم...!
***
ئاو ئاوێنەیەکی گەڕۆکە
نهێنی ماسی یەکان بۆ دارستان دەبات!
***
وشەش تەڵەیە
کوڕان و کچان یەکدی پێ ڕاودەکەن
دەمامك
دەمامك
دەمامك
دەمامك
دەمامك
دەمامك
دەمامك
وادیارە هەر حەوت کیشوەرەکە

خۆیان بۆ کەرنەڤاڵی شەڕ ئامادە دەکەن..!

***

لۆڤەر پاسەوانی نەبوو

شەوێ سلفادۆر دالی

بە سمێڵە قیتەکەی

لەگەڵ وێنەی مۆنالیزادا جووت بوو

بۆ بەیانی کورێکیان بوو

لەوێ کردیان بە پاسەوان..

***

ئەرێ ئێمە شەڕ دەکەین.. یا دڵداری؟

با لە لێوەکانمان بپرسین...!

***

نایان ناسم هەندێ جار بە تاجێکەوە دێن

هەندێ جاریش بە پێی پەتی

یادگارەکانم دەگێڕێنەوەو

باسی ئەو دڕکانە دەکەن

بە پێی پەتی نیشتمانەکەمدا چوون

بشێ ئەو کۆلارانە بن

کە بە منداڵی لێم ون بوون

***

زۆر جۆر زمان هەن: لەوانە

زمانی رۆبۆت

زمانی تورمپای نەوت

زمانی پێڵاو

هەروا زمانی رەخنەچی...

***

لە هەور زیاتر

کەس هاوڕێم نیە

هەوریش هەر رادەکات

***

ئەلبووم

کۆشکی نهێنی تەمەنمانە... !

***

ئافرەت

یەکەم ئایەتی خوایە !

***

نازانم کات

لە کوێ دەنوێ !

***

کاتژمێر پۆلیسێکە

کاتەکانمان کەلەبچە دەکات

***

ئەی با

وەك گوڵ دڕەندە مەبە

وەك پڵنگ میهرەبان بە

***

من زۆر شتی نوێم کردووە

بۆ نموونە:

سەد خەونی نوێم

لە فەرهەنگی ئاسمانەوە

بۆ سەر زەوی هاوردووە

***

وێنەکانی منالّیم
لە دەفتەری رووبارێکدا
کۆ کردەوە
چاوەڕوانی ئەو رۆژانەم
لە هەفتەدا ناویان نیە...
***
پادشاکان چەند بەدبەختن
پیاسەو دلّداری نازانن!
***
لە شەڕدا زۆر چیرۆکی خۆش روودەدات
جاری وا هەیە قارەمانێك
پاسەوانی دێیەك بۆ شار دەنێرێ
بۆ ئەوەی شەو لای ژنی پاسەوانەکە بنوێ!
***
نۆبلّ دینامێتی دروستکرد
منالّێك کۆلارەیەك
کامیان شایانی خەلاّتن...!
***
یادگارەکان نەشوو دەکەن
نە ژن دێنن
بەلاّم جار جار لە ناخی ئاوێنە تەلّخەکاندا
وەکو مین
لە ژێر پێی تارماییەکانماندا
دەتەقنەوە...!
***
زاری بێدەنگی چەند قەرەبالّغە
ددانی عەشق چەند ژەهراوی یە
چاوی تووڕەیی چەند هێمنە!

***

من دەزانم باران چاوی نیە

بەڵام لەو بەرزاییەوە

سەیری من دەکات

***

ئەرێ با چەندساڵانە

چۆن هەتا ئێستا دیکتاتۆرێک

راپێچی سەربازی نەکردووە؟

***

عەشق:

تەورو دار

کاممان تەورین

کاممان دار...!

***

دوو دەم

گۆڕێک دروست دەکەن

دو تفەنگیش... ماچێک!

***

بە قەڵەم بۆشاییەکان

پڕاوپڕ دەکەم

لە پرد...

***

ئەو مەسیحەی لە خاچ درا

ترسنۆک بوو

ئەو مەسیحەی سبەینێ دێ

خۆی خاچ بۆ خەڵکی دی هەڵدەخا...!

***

ئافرەت کەشتی ئاسمانی یە
کە لەسەر سنگی رادەکێشم
ئیتر زەویم لێ ون دەبێ
***
درۆ لای ئێمە بە گوڵاو دەیشۆن
بە شانەی زێڕین پرچی دادێنن
بەیانیان پایپە ئەفسووناویەکەی
بۆ پڕ دەکەن لە توتنی سامسۆن...
لەوانەیە بیکەن
بە ئەندامی پەرلەمانیش...
***
رەخنەچی ئەم هەموو زمانەی لە کوێ بوو
رەنگە رۆژانی هەینی
لە پێڵاوی نوێژکەرانی مزگەوتی
گەورەی
بدزێ
***
من زۆر یاری ئەکرۆباتیکی دەزانم
لەوانە: پێم دەکرێ
زمانی پێڵاوێك دەربێنم
زمانی رەخنەچی یەك
لە جێگاکەیدا
بچێنم...!

ئەورووپا کراسێکی سپی
لەبەردایە
خوێنی منالانی رۆژهەلاتی
لێ دەتکێ

***

دەڕۆم

لە سووچی مەیخانەیەکدا

مزگەوتێك دروستدەکەم بۆ خۆم

دەڕۆم

لە گۆشەی مزگەوتێکدا

نەوەدونۆ ناوەکەی خوا

بە پێکێ مەیەوە دەخۆم

دەڕۆم

لە کەعبەدا دەس بە قوڵفی سوراحی عەشقەوە دەگرم

دەڕۆم

لەسەر سنگی کچوڵەیەکی عاشقدا

دەس بە ئەڵقەی پیرۆزی کەعبەوە دەگرم

***

منو ئاگر دوو هاوڕێین

کەس نازانێ بۆ کام مزگەوت دەچینو

لە کام قوتابخانەوە دێین

***

گەر بتوانم زەوی یەتر

دروستدەکەم

نە رووناکیی تیابێ نەتەم

نەدادوەرییو نە ستەم

نە مزگەوتو نە بتخانە

هاوار دەکەم ئەی خوایەگیان

خۆت بڵێ ئەم دوو زەوی یە...

کامیان جوانە...؟

***

به وشه پەرستگایەك دەكەم
مایۆی كچێكی چاو باشقاڵ
بۆ خۆم دەكەم بە بەرماڵ
سوژدەی عەشقی لەسەر دەبەم
***
زۆر دڵ ماوە داگیری كەم
زۆر خەون ماوە بیدۆزمەوە
زۆر خەندە ماوە راوی بكەم
زۆر كۆترماوە بیدزم
زۆر بەهار ماوە دەستەمۆی كەم
زۆر لێو ماوە بە ماچ گڵاوی كەم
زۆر وڵات ماوە شوێن پێكانمی لەسەردا جێبێڵم
بەڵام كاتم پێ ناخرێتە قەفەزەوە...!
***
كچان لە خەون زووتر
دڵمان جێدێڵن
***
دوێنێ من.. من بووم
بشێ ئەمڕۆش
هەر ئەو منەی دوێنێ بم
***
نیشتمانتان قەحپەیەكەو
كۆشكێكی پڕ خواردنەوە
نیشتمانم دار كاژێكە
كە دوو كۆترە باریكە
دوو هێلكەی تیا دەشارنەوە...
***

عەشق نە شوێنی دەوێ نەکات

هەر کاتێ هات

گڕ لە وەرزو کات بەردەدات

***

عاشق نین

عاشق نین

ئەوانەی لێویانی ناسیبێ پێکەنین...

***

## بۆ ئەسیری شاعیر

بێرە کوردستان بە قوربان
گەرشین‌و گریانت دەوێ
پێت نیشاندەم گەر سەدهەزار
گۆڕو گۆڕستانت دەوێ
سەیری ئەو حزبانەکە یەك بە یەك
دەستیان لێکتر داوەتە چەك
بێ ببینە گەر سەدهەزار
ماڵی وێرانت دەوێ!
***
کە بانگی نوێژی عەشق دەدرێ
درەختەکان گڕ دەگرن‌و
پەلوپۆیان دەسووتێ...!
***
کۆترێك لەسەر ئەو درەختە هێلانەیەکی چنیوە
پشیلەیەك خۆی بە باڵای دارەکەدا هەڵواسیوە
نە کۆترەکە هەڵدەفڕێ
نە پشیلە نەوسنەکە کۆترەکەی پێ دەگیرێ
کۆترەکەو هێلانەکەو پشیلەکە ڕەپ وەستاون
وێنەن لەسەر تیشێرتی کچێك کێشراون...
***
ئەگەر نیشتمانم بزر کرد
تەنیا یادی کچە دڕندەکانی دەکەم!
***
ئەی خوای میهرەبان
ناونیشانی تۆم دەدەنێ
چاوی هەموو کچێکی جوان
***

ئەڵێن ماچ حەرامە

ئەی سوفی بە چی بژی

ئەڵێن مەیخانە حەرامە

ئەی بەدمەست لە کوێ نوێژ بکات!

***

ئەی با

بۆ بەختەوەرنیت

پاسەپۆرتی سنووری ژووری هەموو کچێکت هەیە!

***

هەموو ئاسمانەکانم پشکنی

شوێن پێ ی ئەو هەورەم نەدی

کە هاوڕێم بوو بە منداڵی

***

ئاوێنە دەرگاکانی کردەوە

بانگی بای کرد

ئەوەتا پێکەوە جگەرە دەکێشن...

***

دەبێ لە تاشەبەردی یادەوەری یەکان

رزگاربین

ئێمە دەتوانین بەم تاشەبەردانە

دەستاڕێك یا پەیکەرێك

بۆ خۆمان دروستبکەین...!

***

لەم کاتدا کە من چرای ئەم هۆنراوەیە هەڵەکەم

دوو کێوی تەم جووت دەبن...

دوو کێوی تەم

دڕکێك لەگەڵ گوڵێك دەنوێ

بەڵام نازانم لە کوێ!

***

بە شەو گوێ لە ڕووبار بگرن

باسی ئەو مناڵانە دەکات

کە لە لمدا ماسی دەگرن

***

لەم کاتەدا تاوانێك هەر ڕوو دەدات

دەشێ کچێك...

پەپوولەیەك دەرخواردی دەفتەرێك بدات

دەشێ دەنگی گوللەیەك

ژنێك شەیدای ئاشتی بکات...!

***

لەشی کچێك بانگم دەکات

ناوێرم لێ ی نزیك بمەوە

لەبەر پەنجەرەی چاوی دا

دوو سەگی ڕەش پێم دەوەڕن...!

***

زۆر بە کورتی:

وەکو دەرهێنەر گوتی

لە دوا بەشی شانۆکەدا

شۆڕشگێر بوو بە بازرگان

لە شەڕی براکوژیشدا

بەزیوێك بوو بە پاڵەوان

***

ڕۆژگارێك دێ

هەوای پاكو پێکەنین

وەکو منداڵ

لە دایەنگەکاندا گەورە دەکرێن...!

***

شەو ئەم هەموو خۆڵەمێشەی لە کوێ بوو
رەنگە خۆڵەمێشی گوندەکەی ئێمە بێ!
***
فەنەرێك لە دوورەوە دیارە
فەنەر نیە گوندێکە
دەبێ بە زێ ی خۆڵەمێش...

## فەرهەنگۆك

باپووك = باو بەفر پێکەوە
باپێشك = بای باران
باتلاغ = زونگاو = چورتم
باتینك = خونچەی تازە پشکوتوو
بازڕە = گەڕانەوەی گوللە لە دوای پێکانی نیشان
بارگووریی = یارمەتی
بافت = شایستە
باڵا گەردان = قوربانی
ئاگاداربن زەرتەکێك ئەم فەرهەنگەی نووسیوە
هونەری پانتۆماییم نازانێ...!
***
لە سەدەی داهاتوودا
رق و خۆشەویستی نامێنن
کوڕو کچ بە حەب عاشقی یەکدی دەبن
بە حەب لێکدی تووڕە دەبن
تۆمبێل بە حەب دەڕوات
گلۆپ بە حەب دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە
هاوین بە حەب خۆمان فێنك دەکەینەوە
زستان بە حەب سەرماو سۆڵە ڕاو دەنێین
هەوریش بە حەب ئاوس دەکەین...!

***

که گوێم لە زەڕەی کەر دەبێ
وێنەی هەندێ ڕەخنەچی
بە زەینمدا تێپەڕ دەبێ!

***

سروشت لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە
زستان وەکو مرۆڤ هێورە
پایز وەکو شاعیر پێدەکەنێ
هاوین وەکو کچ دڕندەیە
بەهار وەکو سەردەمی منداڵێتیمان بێ کۆتایی یە

***

هەزار دەمم دەوێ
پەسنی تەپانی دەرگا نەبینراوەکانی دۆزەخ بکەم
هەزار دەستم دەوێ
شەنگەستەی قەڵای مەمکێك داگیرکەم
هەزار تەرازووم دەوێ
تبابی عەشق و کینەی مێرووله
پێوانە بکەم..!
هەزار فلچەو هەزار دەریای سوورم دەوێ
کەڤاڵی گوندێکی سووتاو دروستکەم

***

من دەتوانم
مزگەوتی لەشی ئافرەتان
تەهی بکەم لە نوێژی گوناح و مەستی
من دەتوانم مەیخانەی لەشی ئافرەتان
تەژی بکەم لەبەر ماڵی خواپەرستی

***

نەوت پرچی درێژی کچێکە

پادشاکان کڕنووشی بۆ دەبەن...!

***

ئەرێ رابوردو لە کوێوە دێ

بۆ کوێ دەچێ؟

***

ئەی زیندۆکان بێ دەنگ بن

نۆرەی شەهیدانە بدوێن...!

***

دەماری شەو پڕە لە خەون

دەماری من لە یادگار

خۆشترینیان یادگاری بینینی ئەو کچانەیە

کە هێشتا سترێچو تەنوورەکانیان

بە تەواوی رێك نەخستۆتەوە

لە تەوالێتی دەزگا رەسمی یەکاندا دەردەپەڕنە دەرەوە

رەنگە لەوێ ئاویان بەکار نەهێنابێ

بەڵام کە دەدەن بەلاتداو بە پەلە دەڕۆن

وا دەزانی باوەشێکیان گوڵ پێیە

تیژ دەڕۆنو گوڵەکان توورِ دەدەن

پەلەیانە دەفڕن

کات لە خەندەکانیان کورتترەو

ئیشیان لە وشەکانی رۆمانی – شەڕو ئاشتی زۆرترە –

***

ترفە ترفی تاریکی

(لەهی) نەینۆك هەڵدەکات!

***

دەترسم رۆژێ لە باهۆزی شیعرێکدا ون بم

جا ئەوسا کێ ماڵی خۆمانم پیشان دەدات...؟

***

خوێنی لێ دێ... خوێن... خوێن... خوێن خەونی شەهیدان

بە پەڕە مووچی ئەوین

تابلۆیەك لەو خوێنە دروست دەكەم

ناوی لێ دەنێم نیشتمان

لەوانەیە ناوی لێ بنێم دایكم

كام ناویان بێ وەك یەك وایە

چونكە هەردووكیان مردوون...!

***

پیاوان: بەندیخانەی ژنان

ژنان: بەندیخانەی پیاوان

نیشتمان: بەندیخانەی / شاعیر / شاعیر بەندیخانەی وشە /

وشە بەندیخانەی وێنە /

ئەرێ كێ ئەم هەموو بەندیخانەیەی دروستكردوە

***

## شیعرێكی رۆمانسی

كاتێ بووكە شووشەی دەستی

منالانی خێوەتگای سەبراو شاتیللا

بوو بە سووتووی دەم رەشەبا

منالانی كوردستانی خۆشەویستی

گوڵی رەشیان لە یەخەدا

لەتیف هەڵمەت دەیان شیعری

باراند بەسەر زایۆنی دا وەكو بۆمبا

بەڵام كاتێ كە پرچی رۆژ هەڵەبجەیی

لەجێ ی عەتر هەوری كیمیایی پیاكرا

مەحموود دەروێش لە میسر پاپی دەكێشا

هەواڵی خۆی بۆ رۆژنامەكان دەنارد

(سمیح القاسم)یش خودی خۆی

بۆ سەرۆكی شارەوانی شاری عەكا هەڵدەبژارد...!

***

دەشێ ئەم لووتکانە

ئەسپی شەیتان بن...!

***

گریانی منداڵان

لە چ قوتابخانەیەکدا

فێری پێکەنین بکەین!

***

چۆن چڵێ خەندە

لە کچێکی دەشتەکی بدزم و

تاریکایی ژووری دڵمی

پێ بماڵم؟

***

ئەم بەفرانە سوور سوورن

لەوانەیە هەورێک

بەر شمشێری دابن...!

***

دڵم لە شەقامێکدا بینی

جانتایەکی پڕ لە دووکەڵی بەشانەوە بوو

گوتم ئەی ڕێبوارە بێ خەونەکە بۆ کوێ؟

گوتی بۆ شوێنێک ناو نەنرابێ نیشتمان!

***

داوای نەختێ شادیم لە کچێک کرد

خەندەیەکی پلاستیکی دامێ

***

کچێک شیعرێکی مۆمیاکردم

کچان هەموو شتێک مۆمیا دەکەن

تەنانەت: خەون و خەندەو بیرەوەری و

ئامێری زایەندی پیاوو
ئارەزوو پاشەڕۆژ
ماچیش... !
***
دەترسم هەور گریان بیکوژێ
جا ئیتر کێ
گوڵ بە بیابان ببەخشێ !
ئەوە کێ یە لە نێوانماندا بووە بە دیوار
نایەڵێ لەو ئاوێنەیەدا بتدۆزمەوە
کە سۆفی یەکان خوایان تیادا ون کردووە ؟
***
جارێکیان ویستم وێنەی ئەو خوایە
لەسەر تاشەبەردی بیرەوەری دڵم بکوژێنمەوە
کە بە زەبری برژانگی ئاگرینی گومڕاییم
لەسەری هەڵمکۆڵیوە
وێنەکە پێم پێکەنی
من وام هەستکرد وێنەکە بووە بە منو
منیش بووم بە وێنەکە...
***
دوای بارانێکی زۆر
شەو داهاتو ئەستێرەکان
لە گۆماوێکدا خۆیان شوشت
***
شادی میوانێکی ڕێڕەوە
چەند ساڵ جارێك نەختێ لە لام لا دەدات
چایەکی خەست دەخواتەوەو
ئیتر دەڕوات...
***

ئەو رۆژەی خەم لە بەندیخانە بەربوو
شادی هەڵات
دڵی منالان نەبێ
جێ نەبوو خۆی تیا حەشار دات!
***
سەگەکانی ئارەزووم
لەم دیو پەنجەرەکەمەوە
بە هەردوو پووزت دەوەڕن...!
***
لە بەستەڵەکی زستاندا
گوێم لە ترپەی هەنگاوێکە
رەنگە ترپەی پێ ی گوڵێك بێ!
***
ئاسمان کچێکی چاوشینی بوو
ناومان نا: شەو
کێو کچێکی قژ زەردی بوو
ناومان نا خۆر
***
خەون لە ئاسمانێکی دوور دووردا لە دایك دەبێ
حەزی لە پیاسەکردنی سەر مانگو
فیکە کێشانە
رقی لە شەقامو کاسکێتی پۆلیسە
خەون هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە
بیت بۆ زەوی‌و
سەیری پەیکەرەکەی مۆنالیزاو
دەریای سووربکات
چونکە دەترسێ باڵبازەکان
بیکەن بە سەربازو رەوانەی شەڕی بکەن!

***

خوای مەزن زۆر شتی جوانی دورستکردووە

لەوانە: ژن

خوای جوان زۆر شتی مەزنی دروستکردووە

لەوانە: ژن

***

یەکەم هەواڵو دواهەواڵ

کچو کوڕێك پردی ئەوینیان رووخان... !

تەرمێکیان لێ بەجێما

تەرمەکە کرم تێ ی داوەو

کەسێك نیە بیخاتە چاڵ

***

ئەی بەدمەستەکان

ئەوەندەی ژنان پیاوبن

بە پێوە مەمیزن... !

***

هەموو هەموو سەدەکان

بەشی سەیری کچۆڵەیەکی جوان ناکات!

## بۆ بەکر عەلی

مەڵێن بەکر زۆری پێ چوو...
بۆچی نەهاتەوە... کوا... کوا
بەکر بووە بە باڵیۆزو نامەی هەموو
شەهیدانی هەڵگرتووەو دەیبا بۆ خوا
***

## وێنە

بە نامۆیی لە سووچێکی ئەلبوومێکدا
زەردەخەنەی خەمباری لێ هەڵدەقوڵێ
ئەوە وێنەی یەکەم ئەوینمانە...
***

منو نیشتمان
رێبوارێکو جانتایەکین!
***

ئایا وشە دەنوێ؟
***

چاوم لێ یە کە پەنجەکانی دەستم
پشکۆی مەمکت ماچ دەکەن...
هەر دە پەنجەکەی هەردوو پێم
ئێرەیی بە پەنجەکانی دەستم دەبەن...
***

هێشتا ئارمسترۆنگ لە دایك نەببوو
بە ئەسپی خەون
مانگم داگیرکرد...
***

تەنانەت بووکەشووشەو

زمانی پێڵاوو

لقی دارو

چۆلەکەش

دۆردەکەن

بەڵام کەس ئەوەندەی رەخنەچی

درۆزن نیە !

***

ماچێك بەسە

بۆ ئەوەی کە ژوورەکەمان

پڕاوپڕ بێ لە رەنگی

هەراهەرای بێدەنگی... !

***

شەوێکی دڕندەیە

نازانم بارانە دەبارێ

یا فرمێسکی کچە تەنیاکان... !

***

نازانم تۆ لە کوێ ی

بەڵام من هەمیشە لە لای تۆم !

***

بڕۆم بۆ کوێ

شارەکەم هەر دوام دەکەوێ

دە رێگایەکم پیشاندەن

شارەکەم شارەزای نەبێ !

***

کە رەشەبا بەفرە نوستۆکانی خوارد

لووتکەکان کڵاوێکی سەوزیان لە سەرکرد

***

ئاگرەکە لە زمان کەوت
وا مشتێ خۆڵەمێش
لە کوانووەکەدا سەربوردەی دڵێك
دەگێڕێتەوە... !
***
دەیان ساڵە
لە وڵاتی دڵی خۆمدا سەرگەردانم
نەکەس دەمدۆزێتەوە
نە کەسیش دەدۆزمەوە
بۆ هەرکوێ بڕۆم
وزەی جەزبەی لەشی تۆ
هەر بۆ ئێرەم رادەکێشێ... !
***
تاریکایی چەند گوناحە
لەوەتی هەیە
پێ ی پەتی یەو
کاسیکێتێکی رەشی لەسەردایەو
بە تەنیایی لەسەر لووتکەیەك دەنوێ
***
چ بکەم
هاوڕێیتیم لەگەڵ خۆمدا پێ ناکرێ!
***
ئاو رقی لە هەراهەرایە
بوومە لەرزە حەزی لە ئاسوودەگی یە
***
من دەڵێم:
دووکەڵ پێکەنینی گوندە...
***

تارمایی یەك لەو ئاوێنەیەدا

رادەكات

یا منم یا تۆی!

***

دەریا ئاوێنەیە

دەبێ ئاوێنەی

چ کچێك بێ!

***

دەریا حاجی لەقلەقێکی وێڵە

دەبێ بۆ کوێ بڕوات!

***

## بۆ هەندێ لە رەخنەچییەکان

شێخ رەزانیم

ئەزانن کێم

شاعیرێکی بێ شوێنو جێم

بە زمانی ئاگر دەدوێم

سۆفی یەکی

مەستی بادەی ئەنالحەقم

هەموو رەخنە زۆڵەکانتان دەگێم؟

***

تەمەنی خۆم لە ئاوێنەیەکی کۆنی ماڵماندا

دۆزییەوە

دەمو چاویم بە ئەوین شوشت

سەریم گوڵاوپڕژین کردو

قژیم بە شانەیەکی زێڕین داهێنا

دەستێ جلی ئاورێشمم لەبەر کرد

ئەشقی کچێ دوور رایکێشا

دەترسم دیلی کاتو
لە ئاوێنەیەکی تردا بیشارێتەوە...!
***
ئێمە گوڵمان بەسەدەی بیست بەخشی
ئەویش دووکەڵی هیرۆشیماو
تابلۆی جێرنیکاو
خۆڵەمێشی پرچی ڕۆژ هەڵەبجەیی پێشکەش کردین...!

رق دڵ دەکات بە کۆترێکی سپی
عەشقیش دەیکات
بە مشتێ باروت!
***
من باسی جوانی کچان دەکەم
لە لووتکەش بپرسن
ئەو باسو دیرۆکی پاڵەوانیەتی شەهیدتان
بۆ دەگێڕێتەوە...!
***
چرایەکم لەشەوی دارستانێکدا
بەلقی تەمدا هەڵوسی
چرا نەبوو دڵی خۆم بوو...!
***
دەریا شتەکانی خۆی
فێری ئاژاوە دەکات!
***
نە نوێژ.. نە گوناحە خۆشەکان
ئاوێنەکانمان روون ناکەنەوە
***

من گۆرانی بۆ با دەڵێم
با نیشتمانی منە
بۆ هەرکوێ چوو
دوای هەنگاوەکانی دەکەوم
لە هەرکوێ نوست
کەپرێکی لە وشە بۆ دەکەم...!
***
من تاکو کەی
گوێ لە شڵپەی سەوڵی بەلەمێکی نادیار بگرم
تاکو کەی بۆنی بایەکی نادیار بەدمەستم کات
کەی ئەم شووشە مەرەکەبە رەشەی کە ناونراوە شەو
دەشکێ...!
***
بێ دەنگ بن... بێ دەنگ
هەندێ جار بێدەنگی
بەهێزترە لە هەزاران هەزار تفەنگ
***
ددانەکانی شیعر وەکو کچێکی میهرەبان
لەشم ونجڕ ونجڕ دەکات
***
گەڵای پایز دڵخۆشیان دامەوە:
ئێمەش وەك تۆ بێ وڵاتین
لە گالێسەکەی باکاندا
بە پێ ی پەتی دێین و دەچین...
***
لەشی تۆ ئەو نیشتمانە مین رێژەیە
لەوەتی هەم
دەمەوێ داگیری بکەم!

***

ولاتەکەم

وشەیەکە لە دەممایە

نازانم لە کوێ بینووسم!

***

جەنگ گوللەی لە بیر بردینەوە

فێری دروستکردنی

ماچی کردین...

***

ئاو فێری کردم پیر نەبم

بیابان نهێنی قوولێتی پێ بەخشیم

***

خەون گیرفانی نهێنی زۆرە

لەوانەیە یەکێکیان مەمکێکی لە بارووت دروستکراوی

تیادابێ

***

چەند خۆشە

لە نێوانی دوو مەمکدا بەند کرێ ی؟

***

پەنجەرەکە بکەرەوە

بۆنی تەرمێك دێ

بزانە بۆنی داهاتوومان نیە!

***

زۆرجار پێڵاوەکەم هانم دەدات

دوای بۆنی هەنگاوی کچێك بکەوم...!

***

گشت شتێکی وەك ئاگر سارد

لەشی کچە جوانەکانم دێنێتە یاد...!

***

رۆژێك به پەنجه میهرەبانەکانم

دیواری شارەکانی لەشت دەخۆم

***

دەمەوێ بیابانێك دەستەمۆکەم

که ناونراوه دڵی کچ

***

بۆشایی یەکانمان پڕ کردەوه

له بۆنی ماچ

ئاوێنەکانمان پڕ کردەوه له هەردوکمان

***

ئاو به پەنجه درێژەکانی

منداڵێتیمان راودەنێ

کێ بانگمان دەکات

تەنیایی نەبێ

کێ بۆ لامان دێ

رابوردو نەبێ!

***

بەلەمێك نیه

بمانبات بۆ وڵاتێك

ناوی – رابوردووه –

***

ئەم دووکەڵه چی یه

دووکەڵی خەونه دوورەکانمانه

یا دووکەڵی رقی دڵی رەخنەچی یەك...!

***

باران

ئەم هەموو زەنگوڵە جوانانەی

لە کوێ کڕیوە... !

***

ئەگەر هەوریم

لە باخچەیەکی گشتی دا لەسەر کورسی یەك دادەنیشمو

دیرۆکی بارانە کۆنەکان

بۆ منالآن دەگێڕمەوە

***

سبەینێ شەهیدەکان خۆپیشاندان دەکەن

دەڵێن شاعیران

درۆی زۆرمان بۆ هەڵدەبەستن

***

لە پێکەنینی دەریا بترسە !

***

کچەکانی خەم ناویان چیە ؟

***

چ بکەم

دەبێ ئەو بیرەوەری یانەم بدۆزمەوە

کە لە ژێر پێ ی کچاندا ونم کردوون

***

ئافەرت پڕە لە شەقام

بەڵام شەقامی مینرێژکراو... !

***

من تەنها ناسنامەی پارتی خۆشەویستی

دەخەمە گیرفانم

***

ناتوانم لە چاوتدا سەفەر بکەم
شەوێکی بێ ئەستێرەیە
ناتوانم لە لەشتدا خێوەت هەڵدەم
دەریایەکی بێ دوورگەیە
***
کات و مرۆڤ
بەردەوام دەجەنگن
لاکی مرۆڤ قەل و داڵیان کۆکردۆتەوە
بەڵام تاکو ئێستا
پەیامنێری هیچ رۆژنامەو ئیزگەیەك
هەواڵی کوژرانی کاتیان
رانەگەیاندووە
***
ئەی هاوڕێیان
هەرا هەرا مەکەن
خەم نووستووە...!
***
من دەتوانم
بیابان ئاوسکەم بە خەون
من دەتوانم
زمانی رەخنەچی ببڕم
بیکەم بە پێڵاو بۆ ژن...!
***
بە شاعیرەکان مەڵێن:
ئەو مانگەی کە
لە لای ئەوان... کیژێکی نەرم و نۆڵ بوو
کۆمەڵێ بەرد و خۆڵ بوو...
***

من بێ ئەوەی پێ ێ بزانم
چاوەڕوانیم بۆ خۆم کردووە بە زیندان
***
دڵم وەکو سەگ
یەسقانی یادگارت دەکرێنێتەوە...
***
کچێ من پیر نیم
ئەمە بەفری سلێمانی یە بە سمێڵمەوە
***
کێ باوەڕم پێ دەکا
ئەگەر بڵێم
مانگ بۆیە وا پڕە لە تریفەو جریوە
بە منداڵی خەندەیەکی تۆی دزیوە!
***
کێ باوەڕم پێ دەکا
ئەگەر بڵێم
سنۆبەری باخچەکەتان
بۆیە وا بڵند هەڵچووە
بە منداڵی سەیری باڵای تۆی کردووە!
***
ڕێگای گەڕانەوە بۆ جیهانی منداڵێتی
لە کوێ یە؟
***
تۆ حەزت لە چ ڕەنگێکە
منیش حەزم لێیەتی
ئەرێ ئەمە ئەوینە
یا ڕقەبەرایەتی!
***

لەتێ دەباشیر بوومایە

لە نێوانی پەنجەکانتدا دەمردم

لەتێ ئاوێنە بوومایە

بەڕووتی سەیرت دەکردم!

***

– منالّی گەڕەك دیارنین

+ شایی قەرەج دزیونی

– دەزگیرانەکانم لە کوێن

+ بوون بە کۆمەڵێ وێنەو

ئەلبوومێ کۆن فڕاندوونی...

***

من شەکرم بۆچیە

تالّترین چا

بەلێوی تۆوە نۆش دەکەم

***

زۆر جار لە خۆم رادەکەم

دەچم لە هۆلیۆد

دەبم بە پالّەوانی فلیمێکی کاوبۆی!

***

لە خەومدا بووم بە پشتی

تۆ هاتی لە سەری نووستی!

***

هیچ کچێك

ئەوەندەی کات

زوو لێمان بێزار نابێ...!

***

کە لێکتر دوور دەکەوینەوە

بۆنی دووکەڵێك دێ

لەوانەیە دووکەڵی خەونەکانمان بێ

***

دەزگیرانەکەم سووخۆرە

ماچێکم بە دوو ماچ دەداتێ

***

وا شەمەندەفەری با هات

دەبێ چەند گوڵ سەفەر بکەن!

***

لە ئاوێنەکەدا تەنیام مەکە

ئەم ئاوێنەیە بشکێنم

هەموو شتە جوانەکانمان

ون دەبن

***

بێ دەنگ بن

با گوێ لە چپەی بۆنی گوڵ بگرم

***

بای ئەم بەیانی یە

زۆر بۆنی خۆشە

رەنگە بەناو پرچەکەی تۆدا

تێپەڕی بێ!

***

شەڕ ئەو کاتە لە دایك دەبێ

کە دەستمان خەریکی دروستکردنی گوڵە

ئاشتی ئەو کاتە پێدەکەنێ

کە دەستمان خەریکی دروستکردنی تفەنگە

***

لەپڕ رەشەبا

وەکو نەمامێك دەشکێ

بێ دەنگی دارستان دیل دەکات... !

***

دەریایەك دیل دەکەم... کە تووڕە بووی

شەپۆلەکانی بشکێنە

ئاوێنەیەك دیل دەکەم

کە گەرمات بوو

مەلەی تیادا بکە..

***

سوژدە بۆ بەرد دەبەم

ماڵم بۆ دروستدەکات

سوژدە بۆ چاوت دەبەم

فێری خوا پەرستیم دەکات

***

کاتژمێر

ئەوەندە گۆرانی گوتووە

خەڵك لە دەنگی بێزار بووە !

***

ئاو پڕە لە شمشاڵ

رەنگە ماسی یەکان

شایی بکەن !

***

کاتژمێر

هەموو کاتەکان دەبات

بەشی کەسی لێ نادات

***

که دێم بۆ لات

له بیرم دەچێ

خەمە کۆنەکانت لە لا جێبێڵم!

***

بۆ شایی گەردوون

جۆلانێ ی دەنگەکانە!

***

با لاڵە

وەڵامی کەس ناداتەوە!

***

چی دەکەی لێرە ئەی هەور؟

چاوەڕوانی با دەکەم

چی دەکەی لێرە ئەی ئاو؟

چاوەڕوانی بیابان دەکەم

***

لەوانەیە

لە ماچێکەوە گەردەلوولێك هەڵقوڵێ

***

من دەتوانم

لە تاڵی پرچی کچان

دەنگخۆشترین گیتار

دروستبکەم

***

زۆرجار نیشتمان

لە تۆی لێوی کچێکدا

دەدۆزمەوە

***

من سۆفییەکی قەلەندەرم
چرای گوناهی جوان هەڵدەکەم
من گوناهبارێکی بێ گەردم
کە گوناه فریوم دەدات
سوژدە بۆ خوای مەزن دەبەم
***
ئەمەلە جێ پێ ی تۆ دەکات
لەسەر تاشەبەردەکانی رۆحم
ئەمە لەجێ ماچی تۆ دەچێ
لە سەرملی یادەکانم
***
وام زانی بارانە
پەنجەکانت بوون
بەسەر شانمدا دابارین...
***
دەبێ چەند ملوێن ئاواز
لە ژێیەکی ونبوودا
خەوتبێ!
***
لە ماڵی پزیشکێك نانم خوارد
بۆنی خوێنی هەزاران نەخۆشی لێ دەهات
لە ماڵی رەخنەچی یەك شێوم کرد
بۆنی خوێنی هەزاران شاعیری لێ دەهات!
لە ماڵی سیاسەتمەدارێك نانم خوارد
بۆنی خوێنی نەتەوەیەکی لێ دەهات
***

ئەو دارە دەبڕنەوە
ڕەنگە بیکەن بە بێشکە
بۆ کۆرپەی شاژنێك
یادەشێ بیکەن بە قەفەز
بۆ باڵندەیەك...
***
لە کارەساتی ئەنفالدا
چەند دارستان
لە باڵندە زەوت کران
چەند بووکەشووشەی چاوجوان
دوور خرانەوە لە منالاَن...!
***
چاوت چ ئاوێنەیەکی تاریك بوو
تێ ی کەوتم
***

وڵاتەکەم لە جانتایەکدا جێ ی دەبێتەوە
کەچی بستێ زەوی نیە لەسەری دا پشو بدات...
***
هەموو شتێك وشە دروستی دەکات
تەنانەت نیشتمانیش
***
ئافرەتو گوناحی جوان
پردی نێوان
مرۆڤو خوان
***
دەتوانم وێنەی شەو بکێشم
بەڵام ناتوانم وەك چاوی تۆ ڕەشی کەم

***

خوایە سوپاس

پەنجەت بە دەستمان بەخشی

ئەگینا بەچی

مەمکی کچانمان دەگوشی

خوایە سوپاس

لێوت بە دەممان بەخشی

ئەگینا بەچی

مەمکی کچانمان دەمژی

***

خوایە سوپاس

ددانت بە دەممان بەخشی

ئەگینا بەچی

سەرگۆی مەمکی

کچۆلانمان دەگەزی...!

***

تەلەفزیۆن کات لە دوای کات

تەنها درۆو

سمتی ژنان

هەراج دەکات!

***

کە چلەی هاوین ئارەق دەردەدەم

حەز دەکەم بە گۆرەوی کچۆڵەیەك

دەموچاوم بسرم...!

***

خودام ون کرد
لە ژێر لمی لەشی کچۆڵەیەکدا
دۆزیمەوەو سوژدەم بۆ برد...!
***
کە بێزار دەبین
لە ژێر درەختی شۆستەیەکدا
گوێ لە مۆسیقای لەشی ئافرەت دەگرین
***

## سێوەکەی سیزانو زانایانی ماتماتیک

باران بە زمانێك دەدوێ
تەنها گوڵ لێ ی تێدەگا
رووباریش بەکلکە درێژەکەی
لەسەر شەختەی بیاباندا
هۆنراوەیەکی بێ کێشو سەروا دەنووسێ...
***
ئەوەتا من
وێنەکانی منداڵێتیم
لەو جانتایانە دەدزم
کە سەرگەرمی کرۆشتنی لمو تەرمن
چاوەڕوانی ترپەی ئەو پێیانەش دەکەم
کە لە لیستەی هەفتەو
خانەی فریاکەوتنی خاچی سووردا
ناویان نیە...
***
بۆ هەرکوێ بڕۆم
ئاسمان وەکو جانتایە شین
هەڵدەگرم لەسەر پشتی خۆم

***

خۆمم لەسەر شۆستەی خودی خۆمدا لە یاد چوو

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە

لە رۆژوگرتنو هەوری مەرەکەب

ژوورێك بۆ خۆم بکەم

بە سێوەکەی سیزانەوە.. خەوی تیادا ببینم

***

ئەنیشتاین سەلماندی

کە جەزبەی مێیەتی

لە جەزبەی زەوی سەرسوڕهێنەرترە

سۆفۆکلیسیش سەلماندی

کە مەمکی ژن

ماسی یەکی کەوی یەو

تەنها پەنجەی پیاوان دەخوات...

لەتیف هەڵمەتیش سەلماندی

رۆژانی هەینی پەردە گەلێکن

بۆ داپۆشینی نهێنی یەکانی هەفتە... و

هەروەها گەلێ لێکچوونو جیاوازی موگناتیسی هەن

لە نێوان تەقینەوەکانی ئەوینو

کپی یەکانی بوومەلەرزەدا...!

***

بە پێچەوانەی خواستی زانایانی ماتماتیکەوە

هەندێ بوونەوەری ماتماتیکی دەئەفرێنمو

فێری ئەشقی ئاژاوەو

سوژدە بردنیان دەکەم

بۆ ئامێری ژمێریاری ئەلەکترۆنیو

سێبەری ئافرەت!

لە راستیدا وەکو لە وانەکانی دیدا گوتم

زمان رێوییەکی کێوی بە شەرم چێنراوە
بەڵام ئێمە دەتوانین
دەستەمۆی کەین... و
فێری راوکردنی کچۆڵان و
هەوری دەستکردی بکەین...!
***

## پیرێتی کیلۆباتراو منداڵەکانی باران

بنوو....
دەستم بە پاسەوانی مەمکت دادەمەزرێنم
بە مووچەی سیی ماچ لە مانگێکدا
(بەڵام نابێ وەك مووچەی رۆژنامەی
هەرێمی کوردستان دوابکەوێ)
بۆ ئەوەی هەندێ پشیلە
وا نەزانن دوو هێلکەن و
لە پڕ بیانخۆن..
***
خەون بەوەوە دەبینم
پاسکیل فێری کرۆشتنی سەوزە گیاو ناولەپی مەمکی
کچان و
خوێندنەوەی بنی پێ و
لووشکردنی تەلی تەلەفزیۆن و
دارتەلی کارەبا بکەم
خەون بەوەوە دەبینم
قەڵەم لەبری مەرەکەب
پڕ لە ماچ بکەم.
***
خەون بەوەوە دەبینم
لە بازنەی خەون هەڵێم...

***

دەمەوێ هەموو ئاوێنەکان پەراش بکەمو

هەموو کچە تازە هەڵچووەکان

لەو بەندیخانە پیرۆزەیان ئازادکەم

کە ئەسکەندەری مەکدۆنی

دروستی کردو

کیلۆباترا

لە کاتی پیرێتی دا

سەوداسەری بوو...

***

باران هەزاران منداڵی هەیە

جوانترینیان کچۆڵەیەکە ناونراوە – گوڵ –

باران دەیان دیوانە شیعری رۆمانسی نوسیوە

بەناوبانگترینیان دیوانێکە بە ناوی – لافاو –

باران دەیان هاورێ ی هەیە

شۆخترینیان کچۆڵەیەکە ناوی لێ ناوە – پایز –

***

ماچ بەبێ دەسنوێژ دروست نیە

چونکە وەکو هەندێ لە سۆفی یە گەورەکان

سەلماندوویانە

ماچ جۆرێکە لە جۆرەکانی نوێژ...

***

لە ئەنجامدا چارەسەری گونجاوی کێشەکەمم دۆزییەوە

هەورێکی سپی سپی

دەکەم بە پرد

لە نێوانی خۆمو

رابوردوو داو

ئەنجا سەری خۆم هەڵدەگرم...

ئەی (خۆشەویستی)
ئەی بەهێزترین چەکی شەڕو ئاشتی
خۆپەرستن ئەوانەی
ناتوانن گوڵ بکەن بە دروشمی
(خۆشەویستی)و (هاوڕێتی)..
***
لە قووڵایی دەروونمەوە
گۆرانییەکی بەسۆز هەڵدەقوڵێ
گەرمە وەك – حاڵ – ی سۆفیو عاشق
ناسکە وەك ئاونگی مەلا بانگدان...
گۆرانییەکەم هاوڕێتی مەرەکەب
ناکاتو
لەسەر ئەستوونی کاغەز
هێلانە بۆ خۆی ناچنێ..
جار جار ئامێتەی خەندەی مناڵان دەبێو
جار جاریش تێکەڵاوی نسکەو
پەژارەی دایكو دەزگیرانی شەهیدان..
ئەی هاوڕێکان
گۆرانییەکەی قووڵایی دەروونم
گۆرانی خۆشەویستی یە
ئای ئەو دڵانەی کە گۆرانی (خۆشەویستی) نازانن
چەند بەدبەختن...!
***
سوپاس ئەی (خۆشەویستی)!
ئەی بەهێزترین چەك
لە گۆڕەپانی شەڕو ئاشتی دا...
بەهێزو تینی تۆ

خرۆکەی رق‌و تاریکی
لە قووڵایی دڵە سەرگەردانەکان
رادەماڵین‌و
لێوان لێوی دەکەین
لە خەونی رووناک‌و
ئەستێرەی دەم بە خەندە...
سوپاس بۆ تۆ ئەی (خۆشەویستی)!
بەهێزو تینی تۆ
داری زیاتر بە دارستان دەبەخشین‌و
ئاوی زیاتریش بەکانی‌و رووبار...
باڵ‌و سەوڵی درێژتر بۆ مەل‌و ماسی
دابین دەکەین‌و
خەونی جوانتریش
بۆ منداڵان‌و هەردەگێڵان‌و سەودا سەران
***

سوپاس بۆ تۆ
ئەی (خۆشەویستی)!
بەهێزو تینی تۆ
شەڕ ناچار دەکەین
مل بۆ ئاشتی کەچ کات... و
چیتر دەست‌و لاقی لەدارتاشراو
بۆ لاوانی شارەکەمان
دروست نەکات‌و
چیتر بەزەبری تفەنگ
گۆڕەپانی یاری‌و گەمەکانیان نەدزێ
***

سوپاس ئەی (خۆشەویستی) !
بەهێزو تینی تۆ
بیابانەکانو ناخی دەریاکان
دەکەین بە شارگەلێکی
پڕ لە گۆرانی ئاسوودەیی‌و
سروودی ئەوینو
گوڵی هەمیشەیی
***
سوپاس ئەی (خۆشەویستی) !
ئەی بەهێزترین چەك
لە بواری شەڕو ئاشتی دا...
سوپاس
سوپاس
***

## سروودێك لە پشكۆی گوڵ

وەرزێك دێ‌و جێ پەنجە نادیارەکانی
لەسەر ژێ ی ڕۆحمان نەخش دەکا...
ڕۆحی تینووی بریسکەی شادیمان..!
***
وەرزێکی دی لە دایك دەبێ‌و
ڕوبارێکی پڕ لە شەپۆلی گوڵ
لە ئاوێنەی عەشقماندا هەڵدەکوڵێ...
دەبێتە دارستانێکی ئەفسووناوی...
دەبێتە لەزەتێکی پیرۆز... پیرۆز... پیرۆز
وەك چاوی کچۆڵەیەك لەهەرەتی هەڵچوندا...
ئەی بەهار..ئەی دایکی گوڵ‌و خەم
لە هەموو گوڵەکاندا

بۆنی شووشە ماچی شکاوی
عاشقە گومناوەکان دەکەم
لەژێر سێبەری هەموو درەختێکدا
تارمایی دڵدارە ڕێبوارەکان دەدۆزمەوە
***
گوێ بگرن ئەی هاوڕێیان گوێ بگرن
وا هەزاران هەزار لق و چڵی ئەو دارستانە
بانگمان دەکەن: مەمان کەن بە قۆناخە تفەنگ
با پرچی زەوی دووکەڵاوی نەبێ
بمان کەن بە قەڵەم با لە ئاهەنگی
وشە سەرمەستەکاندا
سەرچۆپی بکرین...
***
با پێکەوە قۆناغە تفەنگەکان بکەین بە قەڵەم...
با پێکەوە لوولەی تفەنگەکان بکەین بە گوڵدان...
***

## نامەیەکی دانەخراو لە پێشوازی ساڵی نوێ دا

ئەوا خۆرێکی نوێ لەسەر
ترۆپکی گڵەزەردە هێلانە بۆ خۆی سازدەکا
بەخێر بێ ی ئەی ساڵی نوێ
هیچمان نییە لە پێشوازیتدا شاباشی بکەین
جگە لە فرمێسک و خەون
ئەوەتا ئەو دایکە ڕەشپۆشە
لەبەر دەمتدا دەگری...
ئەو دایکە ڕەشپۆشە بۆ دەگری؟
بۆ کوڕە تاقانەکەی دەگری
کە لە شەڕی براکوژی دا

خڵتانی خوێن بوو...
لابکەرەوە
کورتەو درێژەی کارەساتەکانی ساڵی رابردوو
لەناو چاوی ئەم کوڕە لاوەدا بخوێنەرەوە...
ئەم لاوە کە ئێستا بە دارشەق دەڕوات
پێرار کوڕێکی قۆزبوو
ریشی جوان دەتاشی‌و
گوڵاوی لە خۆی دەپڕژاندو
دەچوو بۆ ژوانی دەیدەمەستان...
پار شەڕی شوومی ناوخۆ
لەسەرە رێگەیەکدا قاچێکی لێ دزی‌و
دارشەقێکی خستە بن دەستی...
بەخێر بێ ی ئەی ساڵی نوێ
سەرنجێکی بەر مزگەوتی گەورە بدە
ئەوانە هاوولاتی ئەم کوردستانەن
ئەوانەن کە راپەرینیان بەرپاکرد
سواڵ دەکەن‌و
بابۆڵەی نانی وشك قوت دەدەن‌و
خەمێکی مەزن بەڕوویانەوە دیارە
سەرنج بدە... ئەوانە منداڵی کوردستانن
کوردستانی دوو ملوێن شەهید...
عەلاگەو گوڵەبەرۆژەو جگەرەو
پاقلەو کونجی‌و لوقمەقازی‌و
میراتی یەکانی باوكو باپیرانیان دەفرۆشن‌و
بە تێڵاو کێبڵ راودەنرێن...
ئەرێ بشێ ئەمە لە پاداشتی ئەوەدابێ
کە لە راپەرینی دووەمدا ئەم منداڵانە
دەبابەکانی دکتاتۆریان یەخسیر کرد.

کۆمەڵەی فریاکەوتنی منداڵان
لە کوێ پیاسە دەکات!
مافی مرۆڤ
لە چ چایخانەیەکدا
سەرگەرمی تاوڵەو دۆمینەیە...؟
بەخێرهاتنی ئەی ساڵی نوێ
سەرنجێکی ئەو کچۆڵە خەمبارانە بدە
ئەوانە کچگەلی شەهیدانی
شەڕی براکوژین
هیچ مژدەیەکی خۆشت
بۆیان هانیوە؟
ئەمە زەماوەنی لە دایکبوونی ساڵێکی تازەیە
ئای چ زەماوەندێکی ساردو سڕە
زەماوەندێکی بێ نوقڵ‌و
بێ گۆرانیی‌و بێ هەڵپەرکێ یە...
کوا کچە نەورەسیدەکان
بۆ سەرچۆپی ناگرن‌و
هەڵهەڵە لێنادەن...؟
سەرچۆپی چی‌و هەڵهەڵەی چی
براکانیان لە شەڕی ناوخۆدا سەرنگونن
ئەی سۆزانی یە جادوو بازەکە
ئەی درم‌و پەتای براکوژی
تۆ لە کوێوە هاتی‌و
ئەم هەموو رق‌و کینەو گۆرستانەت
دروست کرد...؟
بەخێر بێ ی ئەی ساڵی نوێ
چی لە چارۆگە رەنگاوڕەنگە کەتدایە
گوڵە نێرگزی برایەتی‌و

گوڵەگەنمو... ئاشتی
یا تەرمو خوێنو ماڵوێرانی؟
ئەی ساڵی نوێ
تۆ وەکو ساڵی رابردوو مەبە
ساڵی رابردوو دڵڕەق بوو...
کۆچی بە باڵداری سەر شەقامەکان کردو
کۆتری خەندەو ئاشتی
بەر شەستیردا... و
کوردستانی کرد بە مەرگستان...؟
***
هەموو بۆ پێشوازی تۆ هاتووین
ئەگەرچی دەستمان بەتاڵە
دڵمان تژی خۆشەویستی یە
گوڵمان دەوێ نەك گوللە...
نانمان دەوێ نەك فرمێسك
کارمان دەوێ نەك کێبڵو کوتەك
خەندەمان دەوێ نەك قسەی رەنگاورەنگ
ئاشتیمان دەوێ نەك شەڕی براکوژی...
ترسنۆکن ئەوانەی
بەشداری شەڕی براکوژی دەکەن...
پاڵەوان ئەوانەن
ئاشتی ناوخۆ دروست دەکەن...!

# لە پەراوێزی عەشقێکی سۆفیانەدا

## بۆ هاوڕێ ی دوورم (شالا)

چ بکەین بڕۆین بۆ کوێ ئەم کیژۆڵە جادووگەرەی کە
ناوی خۆی ناوە شیعر وازمان لێ ناهێنێ.. ئێمە تنۆکی
خوێنی خۆمانی بۆ دەکەین بە سووراو.. ئەو خەممان
دەداتێ.
ئێمە ئاورێشمی رۆحی خۆمانی بۆ دەکەین بە جۆلانێ
بەڵام ئەو نوێنەکانمان پڕ لە دڕکو داڵ دەکات..
چ بکەین ئەم کیژۆڵەیەی کەناوی خۆی ناوە شیعر
نە دڵداری دەزانێ نەڕقو کینە... نەشەڕ دەزانێ
نە ئاشتی نەتۆران دەزانێ نەئامێتە بوون.. نە دەڕەوێو
نە دەستەمۆ دەبێ.. ئەمە چ عەشقێکی پیرۆزە لەگەڵ
شیعردا ئێمە لەسەر بەردەکانی مێژوو هەڵیدەکۆڵین..؟
ئەمە چ رووبارێکە بە خوێنی خۆمان هەڵیدەبەستینو
لە بیابانەکاندا بەجێیدێڵین.. ئەگەر شیعر هەر نەشبوایە
دەبوایە هەر دروستی کەین.. ئاخر ئەگەر شیعر نەبوایە
عاشقەکان بە چ زمانێ نامەی دڵداری یان بنووسییایە..
ئاخر ئەگەر شیعر نەبوایە دڵدارەکان بە چ زمانێ عەشقی
جوانەمەرگی خۆیان بلاوانایەتەوە...؟
ئاخر ئەگەر شیعر نەبوایە بەچی پەیوەندیمان لەگەڵ
رۆحی دڵدارەکانمان دا بکردایە..؟ ئاخر ئەگەر شیعر
نەبوایە
ئەم هەموو خەمە جوانەمان لە کوێ دەدۆزییەوە..؟
ئەگەر شیعر نەبوایە
لە کام پردەوە.. لە کام توونێلەوە
دیدەنی یەکدیمان بکردایە
لە کام پەنجەرەوە پەنجە تەزیوەکانمان

به پشکۆی عەشق گەرم بکردایەتەوە..
لە کام دەرگاوە
رەومان لە خودی خۆمان بکردایە..
تۆ لەوێو لێرە
هەر دەربەدەربووی.. دەربەدەرو دەربەدەر..،
بستەخەونێك نەبوو
بیکەی بە نیشتمان جگە لە.. عەشقێکی سۆفیانە
ئێمە نیشتمانمان نیە.. نیە.. نیە.. نی.. نی..
عەشق نیشتمانی هەمیشەیی ئێمەیە.. عەشق.. عەشق..
سوپاس.. ئەی هاورێکەم.. سوپاس
کەفێری عەشقی سۆفیانەت کردم..
عەشق گەورەترین نیشتمانە
ئای ئەگەر عەشق نەبوایە
لەکوێ بمردینایە
لە کوێ...؟
لە کوێ
خۆڵەمێشی دڵمان بەخاك بسپاردایە..؟

## پرد... بەرەو باخچە

## پرد بەرەو وێرانەخاك

پردە زێڕینەکانت کوانێ
ئەی خۆشەویستی
پردەکانت
لە نێوانماندا داڕێژە
ئەی ئەوین
با دەستەکان لە سەر پردەکانتدا
ئاشقی گوڵ بن
نەك گوللە...
***
کوا بۆ وەکو جاران
دەمت پڕ لە هەوری ماچ نیە
ئەی ئاشتی شکۆمەند...!
بە منداڵەکان بڵێ: با دەنگی گۆرانی
گیزەی گوللەو شریخەی مووشەك کپ کات
بە منداڵەکان بڵێ: با خەندە
دیواری تاریکی بخوات و
ئاوێنە دووکەڵاوی یەکان
پڕ بکاتەوە لە پەپوولە
***
نەمر بە.. ئەی پردی ئاشتی
تۆ دەتوانی تفەنگەکان بکەی بە گوڵ و
فرمێسکەکان بە خەونی خۆش
تۆ دەتوانی لوولە تۆپەکان
بکەی بە گاسن...
***

عاشقان حەزیان لە گوڵە گەنمە... نەك گوللە
منالآن حەزیان لە كۆلارەیە
نەك تفەنگ
دایكان حەزیان لە دەنگی منالە
نەك جلی رەش...
چۆلەكەش حەزی لە باخچەیە
نەك (وێرانە خاك)
***
وەرە تفەنگەكانمان بەرەو
گوڵمان بدەرێ
ئەی خۆشەویستی
تۆپەكانمان زەوتكەو
ئاسوودەییمان بدەرێ
ئەی ئەوین...
بەسەر كردەكانیش بڵێ
دایكان
حەزیان لە هەراهەرای منداڵە
نەك جلی رەش
منالآنیش حەزیان لە كۆلارەیە
نەك تفەنگ
چۆلەكەش حەزی لە باخچەیە
نەك (وێرانە خاك)
***

## چەند دەقێکی یاخی لە بازنەی شیعر

### ١- خەون

خەون وەك درندەیەکی ئەفسانەیی
کە هەنووکە
کەلاکی نێچیرێکی پیر
لەشی قورس کردبێ
خەو دڵە ئۆتۆماتیکیەکەی
بەنج دەکات
هەروەها لە تواناداا هەیە
خەون (ئەم بوونەوەرە گوناح پەروەرە)
کە بێ ئێزو بەنگژە
بە شێوەیەکی موگناتیزی بخەوێنرێ..
بەڵام ها.. ئاگاداری سەرەنجامی
شیزۆ فرینیای
ئەم گەمە پڕ لە باگەڕە خوێناوییە بە..
چونکە خەون هەمیشە
سادیزمانە بیر دەکاتەوەو
کاتێ لە تۆڕی خەو دەرباز دەبێ
وەك لیستك
سرووشی خەندەی بۆ نایە
وەك بۆمبایەکی میقات کراو
دەداتە پڕمەی گریان...!

### ٢- بەفر

تۆ کۆمەڵێ بەفری
بەفری ژەنگن..
بەفری کرماوی
بەفری گڵاو

تەنانەت دڵیشت
خوا لە بەفر دروستی کردوە
بەفری رق و کینە
بەفری بێ خەون
بەفری (رەش) رەش... رەش
وەك (كۆشكی سپی) ئەمریكا..!

## ٣- شارە ئاسنینەكان

ئەمە شارگەلێكی ئاسنینە
یاساگەلێكی ئاسنین
دڵگەلێكی ئاسنین
كە خەون بە كچێكەوە نابینن...
چاوگەلێكی ئاسنین
كە جیاوازی نێوان
(ڤینۆس)و پارچە بەردێك
بەدی ناكەن...
پێگەلێكی ئاسنین
كە بیر لە گەڕان ناكەنەوە
بەدوای لەیلایەكدا...
دەستگەلێكی ئاسنین
كە لەشە ناسكۆڵەكان سەرسامیان ناكات...
ئەمە شارگەلێكی ئاسنینە
ئاسن..
ئاسن..
ئاسن..
تەخت و تاجی ئاسنین و
چەسپاو بە چەكی ئاسن..
ئاسن.. ئاسن.. ئاسن..

تەنانەت ئاویش

لەم شارگەلەدا ئاسنە ئاسن..

ئاسن.. ئاسن.. ئاسن

***

* ((پەراوێزێکی نهێنی بۆ شارە ئاسنینەکان))

(توصل العلم في ميادين الفسلجة الى انتاج اطفال الانابيب و

اقراص منع الحمل في السنين الماضية

ربما يتسنى للعلم في القرون اللاحقة

انتاج الافراح الانبوبية

او المعلبة

او اقراص منع الحزن..!)

ئاسن..

ئاسن..

ئاسن

٤– هێزی راکێشانی لەش

جارێکیان

لە ناوچەی هێزی راکێشانی

زەوی‌و پۆلیس

رەها بووم...

کەوتمە نێوان

شەپۆلی هێزی راکێشانی لەشی تۆوە

لەشی تۆ پراوپڕە

لە شادی درندەی ددان ئاسنین..

نە گورگ.. نە رۆبۆت

نە خواوەندەکانی – ئەسینا – ی کۆن

ئەوەندەی شادی درندە نین...!

٥- دیاری یەکانی کات

کات ماتۆڕە نەبینراوەکەی
لەبەر کۆگایەکدا راگرت و
هەندێ دیاری کڕی و

بە پەلە پەل
بەسەر هەندێ منداڵدا دابەشی کرد..
تاجێکی زێڕینی بە منداڵی پادشا بەخشی
لەگەڵ چەترێکی ئاسنیندا
کلیلی هەندێ گەنجینەو
رمێکی پۆلاینی
بە منداڵی پاسەوانی پادشا خەڵات کرد..
شمشێرێکی لەدار دروستکراویشی
دا بە منداڵێکی هەژار
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا
هەموو پادشاو پاسەوانەکانی
لەو شمشێرە دارە دەترسن..!

***

((روونکردنەوەیەکی نهێنی لە بارەی دیاری یەکانی
کاتەوە))
( - اماه...
این افراحنا الّتي

كنا نزين بها
جدران قلوبنا...؟
- سرقتها منا بنادق
الاحزاب المصابة
بفايروس الحروب الداخلية)

**٦- سورة الانفجار**

مەمکەکانت
دوو پارچە شەکرن
حەز دەکەم
ئێوارەیەك بە دوو چای خەستەوە
بیان کرۆژم
((دەترسم دوو چنگ باروت بن
لەناو دەممدا بتەقنەوە..
ئەی کێ دەڵێ
دوو ورچی سپی نین و
پەلامارم نادەن...؟))

**٧- هەڵەی سۆفیانە**

لەشت پەڕەیەکی سپی یە
سپی... سپی
حەز دەکەم نەخشەی هەموو:
خەوە راسپۆتینی یەکانم و
جەنگە (ئەبیقۆر)ی یەکانمی
بە زمانە تەورەکەم
((کە پڕە لە ئەمیبای ئیمپریالیزمانەی ئارەزوو))
لەسەر هەڵکۆڵم...
ئەرێ ئەو پەڕە سپی یە
لەشی تۆیە
یا کفنێکە
بۆ نیشتمانە نەخۆشەکەم
ئامادە کراوە...!))

## ٨- بازنەکان

بازنە.

بازنە..

بازنە...

بازنە گەلێکی دیارو نادیار

گەمارۆیان داوین..

بازنە.

بازنە..

بازنە...

بازنەی قاف قەحبەو

قفلّو قاپی‌و قۆنەرەو

قەیسەرو قەلەندەرو

قورباقەو قارەمان‌و

قالۆنچەو قوماندان‌و

قەرزو قەنارەو... و قوو.. ق... و

هتد

هتد

هتد... دەورەیان داوین...

بازنە... بازنە... بازنە

ئێمە گەمارۆ دراوی

بازنەی دەلاقەی زیندان‌و

بازنەی تۆمبێلی بێ رەقەم‌و

بازنەی چاوی ژنی حەشەری‌و

بازنەی مەمکی باروتاوی

کچە رەشپۆشەکانین

بازنە...

بازنە... بازنە...

بازنەی درکاوی وەك کەوڵە ژۆژك

بازنەی ترسناك

وەك بیرێکی کۆن

بازنەی پڕ لە ددانی ئۆتۆماتیکی

بازنەی پڕ لە ددانی ئۆتۆماتیکی

وەك سێگۆشەی بەرمۆدا...

بازنەگەلێك کە دڵ سیخناخ دەکەن

لە پەپوولەی خەمی کارەبایی

بازنەی خوایی

بازنەی دەسکرد..

بازنەی خۆماڵی

بازنەی حزبایەتی

بازنەی بەڕەڵایی

بازنەی لۆکی بیانی

بازنەی ئاینی

بازنەی کۆمەڵایەتی

بازنەی رامیاری

بازنەی سەربازی

بازنەی سێکسی

بازنەی ماتماتیکیو

فیزیاییو جوگرافیو شێوەکاری...

بازنە...

بازنە...

بازنە...

بازنەی — میم — ی مەتەڵو

مەراییو مشكو ماکسیو

مەمكو مووشەكو

مینیجۆبو مقەستو ماچو

مەرەکەبو مشەخۆرو مانگرتنو

موقناتیزو مشارو مەوداو
مارکسو مارکۆزوو مێزەرو
مارمێلکەوو میکوتو مەنجەڵو
مێینەو مێخو مۆرانەو مۆسادو هتد...
ئێمە گەمارۆ دراوی
ترسناکترین – میم – ین
ئەویش – میم – ی مەرگە مەرگ...
تەنها – میم – ی مەرگ..
مرۆڤ
لە مشتومڕی
مەستیو ماندوێتی
مەرەخەس دەکات... !
***
((تێبینییەکی ئاڵۆز لە بارەی بازنەوە))
(لاعلاقة
لاية دائرة هندسية
كالدوائر التي تجيدها طالبات كلية الهندسة او معلمات
المدارس
الصناعية
بالفرجال
بهذا الموضوع بتاتا).

## ٩– خەونێکی ئاگرین

من تەنها کەسێك بووم پەنام بۆ چیاکە بردو لەگەڵ باوکمدا
نەچوومە
کەشتییەکەوە بە چاوی خۆم نوقوم بوونی کەشتییەکەم بە
هەموو
سەرنشینیەکانیەوە بینی...

دوای ترس‌و لەرزێکی زۆر
هەستم بە نامۆیی یەکی گۆگرداوی کرد..
لە پڕ لە ناوەندی جیهانی چۆڵ‌و هۆڵدا رەشانگێکی
سامناک...
سامناک
سامناک...
بە سواری
ئەسپی پەڵە هەورێکی ئاگرین دەرکەوت‌و
بە گوڕم لەسەر چیاکە دابەزی‌و ئەسپەکەی بەڕەڵا کرد...
دوو باڵی هەبوو
یەکێکیان لە رۆژهەڵات دەخشاو
ئەوەی دییان لەڕۆژئاوا...
کە زانی سڵی لێ دەکەم
حەبێکی لە گیرفانی دەرهێنا
((نازانم بەدەستی دەریهێنا یا بە قاچی لەوانەیە بە لووتی
دەریهێنابێ
چونکە لووتی لە خەرتوومی فیل دەچوو))
کە حەبەکەی قووت دا...
((بێ گومان بەچاوی خۆم دیم
هەموو ئاوی لافاوەکەی
کرد بەسەر حەبەکەدا...))
بوو بە کچۆڵەیەکی رووت‌و قووت‌و جوان
(نازانم کچۆڵە بوو... یا پەریزادە
یا خانمێکی خێڵە جنۆکەیەک)
کەوتە قسەکردن لەگەڵمدا
کەزانی لە زمانی تێناگەم
حەبێکی تری لەژێر پرچە رەشەکەی
دەرهێنا...

((بەچاوی خۆم دیم ئەم حەبەی
بەدەستی لەژێر پرچە رەشەکەی
دەرهێناو بە بێ ئاو بە پێکەنینەوە
بەمنی قووتدا...))
فێری هەموو زمانەکانی
زەوی‌و ئاسمان بووم...
لەسەر لێواری بورکانێکدا
پێکەوە جووت بووین...
پاش نۆ کاتژمێرو
نۆ خولەکو
نۆ چرکە
دوو کوڕی کاکۆڵ زێڕینی بوو...
یەکێکیانی ناونا – خێر –
ئەوی تریشیانی ناو نا – شەڕ –
ئیتر جلەکانی لەبەر کردو
منداڵێکیانی کردە باوەش‌و
حەبێکی تری قووت دا
((چاوم لێ نەبوو
ئەم حەبەی بەچی‌و لەو کوێ ی دەرهێنا))
باڵی لێ رووایەوەو
بەسواری ئەسپی پەڵە هەورێکی ئاگرین
((کە بە حیلە حیل لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ))
بەرز بووەو لە چاو ونبوو...
ئەمانەی کە لەسەر زەوی دا
شەڕەنگێزو خراپەکارن
لەنەوەی ئەو کوڕە کۆرپەیەن
کە ئەو کچۆڵەیە
لە زەوی دا بەجێیهێشت.

(ئەمە بەشێك بوو لە یاداشتەكانی كوڕە یاخی یەكەی نووح

و دوێنێ

شوانێك لە ئەستوونێكی شكاوی سووچێكی ئەشكەوتی

هەزار مێردا

دۆزیویەتیەوە...

بڕیاری داوە بەشەكانی تریشی بە زووترین كات

بدۆزێتەوە...

چونكە ئەو قاچاخچی یەی كە ئەم بەشەی لێ كڕیوە...

بەڵێنی داوەتێ بەشەكانی تری بە پارەیەكی زیاتر لێ

بكڕێ...

ئێمەش لە داهاتوودا سەرەنجامی ئەم هەواڵەتان دەدەینێ)

***

* (ملحق خاص لاسطورة خەونێكی ئاطرین)

(تنبأ قبل سنوات

احد المنجمین

بحدوث طوفان مدمر اخر...

اة قف ایها الطوفان

قف...

قف

اما ترى اني

اخلق شعبا الكترونيا

و ابني جمهورية من الجليد)

***

<u>تێبینی</u>: سەرجەمی ئەم دەقانەم لە كۆتایی هەشتاكانو سەرەتای نەوەدەكاندا بە عەرەبی نووسیوەو دوایی بە دەسكاری كەمو زۆرەوە كردوومن بە كوردی.

- ل . هـ -

***

(روونكردنەوەیەك) لەم دەقانەدا جۆرە شێوازێكم بەكار هێناوە پێشتر لە هەندێ هۆنراوەی (خواو شارە بچكۆلەكەمان)و (ئامادە بوون بۆ لە دایكبوونێكی تر)و (ئەم رووبارە وشك ناكات)دا بەكارم هێناوە...

بەڵام دوای راپەڕین چەند شاعیرێك ئەم شێوازەی منیان بەكار هێناوەو ئاماژەیان بۆ ئەوە نەكردووە كە ئەمە شێوازی منەو شایانی باسە ئەمە لە بنەڕەتدا بەر لە هەموومان رەسووڵ هەمزاتۆف ئەم شێوازەی بەكار هێناوە... هەروەها ئەدۆنیسیش من لە سەرەتادا لە ئەدۆنیسم وەرگرتووە نەك هەمزاتۆف... هەرچۆنێ بێ لە ئەدەبی كوردی دا كەس بەر لە من رەچاوی ئەم شێوازەی نەكردوە.

ل . هـ

## چەند دەقێکی ئەنتۆلۆژیایی
## لە دەرەوەی جوگرافیای سۆماتۆلۆژیای شیعردا

**١- سیسۆلۆژیای وێنە**

وێنەی هەورێکی ئۆتۆماتیکی
لەسەر بانێژەی پەنجەرەیەکی سیۆلۆژی دا
هەڵدەکۆڵم...
ئاورنگی بڵێسەی
مۆسیقای تێدارو ناتێدار
پەلاماری باڵات دەدات
باڵات هێندەی دارتوویەك بەرزە
بە منداڵی دیومە...
کە گەڕامەوە بۆ کفری / کەرکوك
باسی باڵابەرزەکەت
بۆ دارتووەکە دەگێڕمەوە...
(ئەگەر دار تووەکەیان نەبڕیبێتەوە)
کە بە منداڵی... دەمدی
لە بەهاراندا لەبەر دەرگاکەماندا
بە شەبقەیەکی سەوزو
سەدان کەزیو پەرچەمی درێژەوە
وەك کچۆڵەیەکی هێپز
سەمایەکی سیمولتانی دەکرد...
زستانانیش
شەپقەکەی تووڕ دەداو
شاڵترۆنێکی خاکی لەبەر دەکردو
بە پێی پەتی
لەبەر رەهێڵەی باراندا

رادەوەستا...

نازانم کێ پێڵاوەکانی لێ دزیبوو...!

### ٢- دڕندە

من دڕندەیەکی ئۆتۆماتیکیم...

ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بتخۆم...

سەرەتا لێوەکانت

(نازانم لێون یان دوولەت گوێزانی خوێناوی...!)

ڕەنگە دوای ئەوسا

ئەو دوو قازە سپییە ونجڕ ونجڕ کەم

کەلەسەر سنگتدا یاری دەکەن...

(نازانم قازن یان دوو گومەزی

مزگەوتی مانگی بەفرانباری سلێمانی)

من عاشقێکی دڕندەم

ڕۆژێ لە ڕۆژان دەتخۆم...

بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە...

گۆشتی کچۆڵە لە هەموو گۆشتێك خۆشترە...!

### ٣- لیکسیکۆلۆژیای مێینە

دڵی مێینە تەنها وڵاتێکی کۆزمۆپۆلیتی یە

کە بەبێ هیچ پسووڵەیەکی ڕەسمی

سنوورەکانی دەبڕمو

تیادا دەبم بە هاوولاتیو

پۆلیسێکی تیادا نییە

داوای ناسنامەم لێ بکات

یا جانتاکەم بپشکنێ

کە پڕە لە بۆمبای: ئیرۆسیو

تلیاکی ئۆرجازمو

نەخشەی کودەتاکانی
کۆماندۆزی سێکس و بۆرنۆگرافیا... !
***
دڵی مێینە تەنها وڵاتێکە
بایەخ بە کەڵەکە کردنی چەکی قورس و
بەرزکردنەوەی شووورای بەندیخانە نادات و
هاوولاتیانی خۆی
بەزۆرە ملێ راپێچی خزمەتی سەربازی و
شەڕی براکوژی ناکات.. !
***

**٤- مۆرفۆلۆژیای عەشقی نشتمان**

من شاعیرێکی بانە رۆژیم
لەسەر هیچ نەخشەیەکی براگماتیدا
نیشتمانێکی دیاری کراوم نییە
من نیشتمانم بۆ چییە؟
لە هەر کوێ
مێینەیەکی درندە
مێینەیەکی پڕ لە باروتی ئۆرجازم
خۆشیویستم
بۆنی نیشتمانە نادیارەکەم
لەژێر سۆلەکانی پێیدا دەکەم... !
***
نشتمان درۆو دەلەسەی سیاسییەکانە...
نشتمان گوڵە بەرۆژەی پیاسەی ئێوارانی
لای سەهۆڵەکەو شەقامی موزەفەرییەی
کچە برژوازییەکانە...
نشتمان یاریی شەترەنجی پاشا شێتەکانە...

مرۆڤی عاشق... شتێکی نییە ناوی نشتمان بێ...
من بە منداڵی نشتمانەکەیان
وەکو بووکە شووشەیەك لێ دزیم
(نازانم لێیان دزیم... یا لە پەنجەرەی شەمەندەفەرێکەوە
لە دەستم کەوتە خوارەوە)
لە بڕی نیشتمان لە دڵی کچێکدا گۆڕێکی بچکۆڵەم
بۆ خۆم هەڵبژارد...
***

٥- سوورەتی نوێژ
هەندێ جار کە نوێژ دەکەم
گومان گوڕەوشارێکی کارەباییم دەدات...
ئایە خوا پێویستی بەم هەموو
داب و نزاو سیمپۆلیزمە هەیە
کە من بۆی دەکەم...!
***

کە کچۆڵەیەکیش
بە موگناتیزی جوانییەکی ژەهراوی
دەمخاتە تۆڕی
لەزەتێکی کۆمپیوتەرییەوە
بروسکەی گەورەیی خوا
گیانم تژی دەکات لە نەفرەتی پیرۆزو
بەنجی ئاسوودەیی
بە هەموو درندەکانی
سێ گۆشەی پەرمۆدای خەونەکانم دەبەخشێ...
ئەرێ خوا... بۆ ئەم هەموو جەفەنگو شادییەی

له جوگرافیای لەشی مێینەدا شاردۆتەوە..!

***

ئەی مێینە

ئەی درندە میهرەبانەکە

بۆ ئەوەی باوەڕم بە خوای مەزن لەق نەبێ...

هەمیشە لە نێوانی هەردوو مەمکتدا

سوژدە بۆ جوانی دەبەم..

ئێستا دەزانم بۆچی گوومەزی مزگەوت و

مەمکی مێینە لێك دەچن...!

## ٦- کەسی سێیەم

کە دوو پادشا

لە شارێکدا دەبن بە فەرمانڕەوا

شەڕ دەبێتە کەسی سێیەم!

***

کە نێرینەیەك و مێینەیەکی عاشق

لە پانتایی ژوورێکدا

کۆ دەبنەوە...

ماچ دەبێتە

کەسی سێیەم...!

***

<u>تێبینی</u> / ئەم دەقانەم لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە بنەڕەتدا بە عەرەبی نوسیوەو دوایی بە دەستکارییەوە کردومن بە کوردی.

ل . ھ

## بەم جۆرە ئەم هۆنراوەیەم لە گوڵگەڵو عەترگەلی دزراو لە (باخچە)کەی مارگریت دۆرا دروست کرد

* ئیتر چی دەبینی؟
– هەندێ جار شتێکی ئەوتۆ نیە شایانی باسکردن بێ.
شتگەلێکی بچووك هەن مرۆڤ بەنکەنك پەیان پێ
دەبات... بەڵام هەندێ لەم شتگەلە بچووکانە ئەگەر
بەیەکەوە کۆببنەوە
وا دەنوێنێ کە دەگمەنەو لە هەمان کاتیشدا
شتێکی رۆژانەیە
ئەو بازارەی کە جارێك لە جاران توندوتیژ دیارە
لەوانەیە لە پڕ هێور بێتەوەو رەنگی گوڵ بگرێ!
***
هەندێ جار شتگەلێك هەن دەتوانم تەنها خۆم بیانبینم
بەڵام شتگەلێکی پڕو پووچن
ئەو شتانەی کە دەیانبینم زۆرجار بریتی یە
لە گۆڕانکاری کەش و ئەپارتمانەکانو
ئەو شتانەی کە هەموو کەسێك دەتوانێ
بیانبینێ...
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کار لە مرۆڤ دەکەن
هەروەکو چۆن رووداوە خودی یەکان کاری
لێ دەکەن...
لە راستی دا لەو باوەڕەدام دۆزەکە بەم شێوەیەیە:
ببم بە جۆرێکی دیاری کراوی شتگەلەکان
نەك جۆرێکی دی...
بەڵام دەربارەی چەشنەکەی دی ترس
ترسێك کە لەو بیرکردنەوەیەوە دێتەکایە گوایە کە

کەس بایەخت ناداتێ

هەندێ جار وا هەست دەکەم

مرۆڤ وا لێدەکات زیاتر بەختەوەربێ

ئەوە لە توانای هیچ مرۆڤێکدا نیە

کوتوپڕ ببێ بە هەموو شتێ

من خۆم لە توانامدا نەبوو

بەسەر ئەم تەگەرەیەدا سەرکەوم

بەڵام چیە من گەشتو گوزارم کرد...

جانتاکەم بۆ زۆر جێگای بردم

تۆ دەتوانی ئەوەندەی دەتەوێ شارگەل ببینی

بەڵام ئەوە هەرگیز وات لێ ناکات

لە شوێنێکی تر بی...

هەرکە دەسبەرداری تەماشاکردن دەبی

خۆت بە تەواوی لەو شوێنەدا دەدۆزیتەوە

کە پێشتر لێ ی بووی...

من پێش هەموو شتێك دەمەوێ سەربەخۆبم

خۆم بم

شتێکم هەبێ

هیچ پێویستیش ناکا ئەوشتە جوان بێ

بەڵام جێگایەك هەیە مەبەستمە هی من بێ

لەوانەیە تەنها هەر ژوورێك بێ

***

ئای هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە

کە ئێمە پێشبینی

ئەوەمان بکردایە چی روودەدات...

بەڵام ئێمە نازانین

خەڵك لە کۆتایی دا

لە بەختەوەری یەکەیاندا هەست بە ئاسوودەگی و

حەسانەوە ناکەن
بەختەوەری کارێکە بەرگەی ناگرین
لەبەر ئەوە دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین...
خەڵك وا دەبینن کە بەختەوەری
دەبێتە مایەی خەمباری
ئەوەی کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە من دەمەوێ
ئەو خەمە تاقی بکەمەوە
من هەرچی پێویست بێ لێ ی تێدەپەڕم
ئەمەش گەورەترین هیوایە بۆ من...
شتەکان هەندێ جار تا بڵێ ی دوورو درێژ دیارن
دەشێ پێویست بێ ئەوەندەی بە منەوە
پەیوەستە شتگەلێك بخەمەڕوو..
وا دەبینم پڕوپووچترین شت دەتوانێ بەختەوەریم
پێ ببەخشێ...
ئای داخی گرانم مرۆڤ چی لە دەست دێ بیکات..
شتەکان جێگیر بوون
ئەم شتانە زۆر جێگیر بوون
بە جۆرێك بیرۆکەی گۆڕانکاری یان
کارێکی ناپەسەندە
بەڵام راستت پێ دەڵێم:
بچووکترین شت دەتوانێ
شادمانی بخاتە دڵم
من دەزانم ژیان وەکو میهرەبانە نالەباریشە
بەهار بە رێگاوەیە بۆلامان
هەروەها کەشی جوان
جارێکی دیش بەرەو دوور دەڕۆم...
***

## کەڤاڵە بێ ناوەکان

ئایا دەتوانین
ئەم گالیسکانە
پڕ کەین – لە (با)؟
دەتوانین ئەم گەردەلوولانە
بە میکرۆبی ئەوین
ئاوس کەین؟
***

پەنجەرەیەک هەیە
بە خوێن سواغ دراوە
ئەوە پەنجەرەی پاشەڕۆژە
ئاسمانێک هەیە
چۆڕبڕیان کردووە لە لم
دەشێ ئەوە ئاسمانی هەراهەرابێ
شاعیرێک بێ دەنگە
لەوانەیە بیر لە دروستکردنی
بۆمبایەک بکاتەوە
***

سۆفی یەکیش جەزبە گرتوویەتی
لەوانەیە نەخشەی جووت بوون لەگەڵ
تابلۆی مۆنالیزادا بکێشێ...
***

هەمیشەش بۆ شایی یەک هەیە
چاوەڕوانی شتێک دەکات!
***

زۆرجار سەگێک دەوەڕێ
لە رەخنەچی یەک دەچێ...

***

بارانی موگناتیسی بەسەر

فرۆکەخانەی دڵمدا باری

گژوگیا درندەکان

خێوەتگاکانی خۆیان

لە ئەتڵەسە نادیارەکەمدا چاند..!

***

کاتێ شتەکانم دەخەمە روو

بیابانێك نیە لێم بدزێ

حەزدەکەم باڵندە مۆمیاکراوەکان زیندوببنەوە

دەشێ ئەوان

لە هاتوهاواری بێدەنگیم بگەن

***

بۆ کوێ بگەڕێمەوە

هیچ پەنجەرەیەك چاوەڕوانی کۆلارەکانم ناکات

بەڵام دەشێ لە تاراوگەدا

(مەبەستم دەروونی خۆمە) هەروەها

لە گالێسکەکانی دا کە ئاوسی رابوردوون

منداڵێتی خۆم بدۆزمەوە

یا ببم بە دەروەزە کەرێك

نوکتەی زیندە بە چاڵ کراو

کۆبکەمەوە...

لە تاراوگەدا – مەبەستم سەر شانۆیە –

(هەمو جێگایەکیش پڕە لە تاراوگە)

هەست بە مەودا ئەندازەیی یەکانی

ئەرستۆو

مەودا ئیرۆسی یەکانی

ئەنیشتاین و

تیۆری ڕێژەیی فرۆیدو
بیردۆزی یەکتاپەرستی مارکس‌و
بانگاشەی توندو تیژی مەهاتماغاندی ناکەم...
لەبەر ئەوە بۆ دیاری کردنی
کات‌و شوێنی ژوان
نە کاتژمێرم دەوێ نەژوور
هەموو شوێنێك شایانی ژووانە
تەنانەت گەوڕو تەویلەش
هەموو کاتژمێرێکیش لە بارە بۆ
ئەوین‌و یاخی بوون
تەنانەت ئەو کاتژمێرەش
کە منالآن بە دەباشیر دەیکێشن...
***
من نەمگووت:
سیاسەت سەنگەرێکە دژی جوانی
ئافرەت
من نەمگوت: ماتماتیك
وەك ئافرەت ئالۆزو لە هەمان کاتیشدا
میهرەبانە...
***
ئەوەی لە دەممماندا کۆمانکردۆتەوە
مەیڕێژە
لە شادی یەکانی پاشەڕۆژ بترسە...
***
وا هەموو تەگەرەکان رادەماڵێ‌و
لە لمەکانی دا نوقممان دەکات... رابوردو
وا هەموو دیوارەکان دەخواو
لە شادی پاکمان دەکاتەوە... داهاتوو

پرچت وەك شەڕی نەوت درێژە

دەمت وەك شەڕی براکوژی سوورە...

***

من گوتم ئەمریکا گایەکی موگناتیسی یە

ئاسنو نەوتو

شەپقەکانی محمد عەلی کلایو

ئاڵتوونو فیلەکانی هیندستانو

مناڵو پەنجەکانی بەنازیر بۆ تۆو

پاشماوەی کەلاکی ئەسپی

هیندی یە سوورەکانو

پێڵاوە سوورەکانی شێخ مەحموودی مەلیکو

ئەکتەرەکان... دەخوات...

لە کۆتایشدا گای ناوبراو خۆی دەخواتو

شانۆیی یەکە کۆتایی دێ...

***

## ماچی باڵندە لە ناوچووەکان

ساڵگار رووباری لمە

ماسی یەك کۆچی تیادا دەکات

دەشێ رۆحی من بێ

***

بانەرۆژ شمشێرێکی ژەهراوی یە

منداڵێکی پێ پەتی بازی بەسەردا دەدات

دەشێ منداڵێتی من بێ...

***

دەتوانم با

بە شوێن پێ ی رەشانگە پۆڵاینەکان

ئاوس بکەمو

ئەوین بکەم بە پرد
لە نێوانی دو ناحەزدا
***
ئایا پێم نەگوتی:
ئەستێرەگەل کۆمەڵێ گڵکۆن و
رووبارەکانیش پاشماوەی ماچی
باڵندە لەناو چووەکانن...
***
ئەگەر ویستت خۆت لە کینە پاك کەیتەوە
ببە بە ئاژەڵێك...
یا بەرۆبۆتێك
پێت دەڵێم هەرگیز نەبی بە منداڵ
منداڵ کانگای میکرۆبی پێکەنینە...
***
من وێنەکێشم و هونەری جل دروون نازانم
لەبەر ئەوە
هەرچەند وێنەت دەکێشم
بەرووتی دەیکێشم...
***
هەروەها درەختیش لە چاوەڕوانی بێزار دەبێ
هەڵدەچێ و توورە دەبێ
لەوانەیە بۆ کچێکی دووشیزە بگەڕێ
یاخود لە ناخی ئاوێکدا....
ببێ بە هاوڕێ ی تارمایی یەك...!

## له هەواڵەکانی پاشەڕۆژ

### یاخی بوون

له سەدەیەك له سەدەکاندا

درەختەکان له دارستان یاخی دەبن‌و

شەقامەکان به ماچ‌و تەرس

سواغ دەدەن

***

ساڵێ له ساڵان

منداڵێك...

له ماڵ‌و قوتابخانەو مزگەوت

یاخی دەبێ‌و

دەبێتە کۆلارەیەك

***

### دیاری

بێدەنگی

باگەلێکی ئاسنینی پێ بەخشیم

خۆشەویستیش

بوومەلەرزەی وشەی دامێ...

***

### کێل

خەونم بینی

تاشەبەردێك بووم

فریشتەیەك له ئاسمان دابەزی‌و

کێلێکی بۆ گڵکۆکەت

لێ دروستکردم...

***

**جانتاكانی گوڵ**

**هەروەها گوڵیش**

**لە نیشتمان بێزار دەبێ و**

**كۆچ دەكات**

**جانتاكانی گوڵ**

**هەمیشە پڕە لە:**

**گۆرەوی ژنانەو**

**حەبی قەدەغەكردنی زاوزێ ی با...**

**وەلام**

**چەند قفڵت تواندۆتەوە**

**ئەی بەستەڵەكی عەشق**

**چەند دەستت كۆت كردوە**

**ئەی زەردەخەنەی كینە**

***

**ئاوەژووركردنی ئەوەی**

**ئاوەژوور ناكرێ**

**شاعیر**

**سیاسییەكی شێتە**

**سیاسی**

**شاعیرێكی ئاقڵە...!**

## هەڵە گەلێکی سۆزکاری

لە فیزیای خۆشەویستی دا
هەورێك هەڵدەکۆڵم
کە بەرێکەوت بەسەر بانێژەی پەنجەرەیەکدا
دەڕوات
ئیتر ئێسکو پرووسکی عەتر
بەسەر ئەو بیابانی پرچەتدا دەبارێ
کە وەکو گڵگۆی بیرەوەری یەکانم درێژە..
***
لە نێوان پێچو پلۆچی ددانە سپی یەکانی شەوەوە
وەك سێبەرێك
دەخزێمە ناخی ژوورەکەتەوە
ڕۆحت بە بارووتی پێکەنین
مینڕێژ دەکەم... و
بابەلیسکی تووڕەیت
بە ڤالیۆمی خەونێکی قەدەغە کراو
بەنج دەکەم.
***
ماچ جوانترین شێوەی بازنەیی یە
کە بەبێ هیچ هەر هیچ ئامێرێکی ئەندازەیی
دەیکێشین
***
خۆپەرستی
بەرزترین قۆناغی مرۆڤایەتییە
ئەگەر کەسێك خۆی خۆشنەوێ
چۆن کەسانی دی خۆشدەوێ...
***

زۆرجار پێم گوتوویت
لە ئەستێڵەکانی عەتری یادگاردا
مەلەمەکە
یادگار پڕاوپڕە لە:
دزو
شاعیرو
چەتە
هیچ سەیریش نیە
یەکێ لە شاعیرەکان پارچەیەکی لە شت
(هەر بۆ نموونە:
(پووزت) بدزیو
شیعرێکی شۆڕشگێڕانەی
لەسەر بنووسێ...
(شاعیری نەفرەت لێکراو راست دەفەرموێ:)
شاعیران شتگەلێك دەکەن کە نایلێن...
***
جوگرافیای
لەشت کتێبێکی سپی یە
خەو بەوەوە دەبینم
لاپەڕە پیرۆزەکانی
بە پەنجەی پڕ لە گوناحی منداڵێتیمو
زمانی پڕ لە میکرۆبی سۆفیێتیم
گلاو بکەم.
***
دەڵێم دەشێ... لم
هەندێ لە کاتەکانتی دزی بێ
ئەگینا بیابان
ئەم هەموو بۆشایی یە جوانەی لە کوێ بوو...

***

جوانترین شت که دەربارەت بیلّێم

ئەو بێدەنگی یەمە کە جیهانی

بە خڕۆکەی ئاژاوەی

پڕ لە رق و کینە...

ئاوس کردووە...!

بێ دەنگی بۆشایی یەکە

پڕاوپڕە لە:

بۆمبای ماتماتیک و

هێندی یە سوورەکانی سەدەی بیست و دوو

هەروەها شوێن پێ ی سیاسەت و

بەشە ونبۆکانی رۆمانی (شەڕو ئاشتی)

***

## باخچە / گۆڕستان

هێشتا ماسی گەورە /
ماسی بچکۆلە لووش دەکات
هێشتا کارگەکان ئاوسی
فڕۆکەو مووشەکن...
هێشتا فڕۆکە
ئاسمان لە کۆلارەی منالآن دەدزێ...
هێشتا تانگ
گەمارۆی مالۆچکەی مندالآن دەدات
هێشتا دیکتاتۆرەکان گەللەگۆڕ دروستدەکەن
ئیتر بە چ زمانێ باسی ئاشتی بکرێ...

***

بۆ ئەوەی ئاشتی لە دایك بێ
پێویستە جەنگێکی رەش
دژی هەمو
کۆشکە سپی یەکان بەرپاکەین
ئاشقان حەزیان لە بۆنی ئاشتیو
ریقنەی کۆترە
نەك گۆرانی فڕۆکە...
سۆفییان
حەزیان لە جوانی دڕکی گوڵستانە
نەك بۆنی گوڵی گۆڕستان...

***

کە کینە لە دایك بوو
تفەنگ هاتە کایە
هەر کە تفەنگ دەمی کردەوە

چۆلەکەی ماچ

کەوتە مەترسی یەوە...

***

سیاسی یەکان درۆدەکەن

مەلووتکەی ئاشتی حەزی لە مەمکەمژەی

پڕ لە بارووت نیە

حەزی لە بۆنی سەوزەگیایە...

ئایا ژەنراڵەکان نازانن

کە ئێمە کاتی دەسبازیمان نیە

لەگەڵ جەنگدا

ئێمە عاشقی بۆنی ئارەقی لەشی

ئەو کچۆڵانەین

کە هێشتا شەیتانی نەبوون...!

***

ژەنراڵەکان چەند ساویلکەو بەدبەختن

هەتا ئێستاش نازانن

بۆنی شوێن پێ ی کچۆڵەیەک

زۆر خۆشترە لە بۆنی گوڵی سەرکەوتن

***

## چامەی

# بیابانێکی دڕندە نەماوە ئافرەت نەبێ

من خۆم بە دانانی پەرتووکێکەوە خەریك دەکەم
دەربارەی ژیانمان
جاز مۆسیقایەکی شادی بەخشە لە جیهانێکی تاریکدا
ململانێ ی نێوان موسڵمان‌و هندۆکی بەنجاب
لەنگەری گرتو... ئەمەش مەبەست بوو...
شار هەمووی کێڵگەی بەفرە...
بەفر لەیەك خاڵدا کۆبۆتەوە
نەلە پێشییەوەو نەلە پاشییەوە هیچی دی نیە...
ئەو ڕۆژانە من شاگەشکە بووم
وەك منداڵێك بۆ یەکەم جار
دەمو چاوی خۆی لە ئاوێنەدا ببینێ
بە منداڵی هەندێ جار بیرم دەکردەوە
هەندێ بەرو بووم هەیە پێویستە بڕنرێن...
گەلێ ئاسمان هەیە
دەبێ بیگەینێ...
گوێم لە سەگێکە گۆرانی دەڵێ
چاوم پڕاوپڕ دەبێ لە کێڵگا...
پێتان دەڵێم: شیعری ئینگلیزی
گەرداوێکە لە هەرا هەراو هەستو ناهەست
فێری خۆشەویستی مۆسیقای باخ‌و شیعری کیتسی کردم...
ئەمە دەنگەلێکی زیندووە
هەمووومان لە کۆتایی دا تۆوی جەنگی داهاتوو دەچێنین
بتهۆڤن‌و ئیدیس ستۆیل‌و بەرنادشۆ
گوتیان: تۆ وێنەی شتەکان
بەشێوەیەکی نامۆ دەکێشی...

باڵندەکە بوو بە ژنێك لە ناو چنگمدا...
ماوەیەك تەمومژی بیرەوەری یەکی دوورو دێرین
بە سەرمدا تێپەڕی...
ئەم مێینەیە کێ یە...
دڵم دڵۆپێ شادی تیادایە
لە ناخی هەموو ژنێکدا گوڵاوێکی مەنگ هەیە
من دەزانم چۆن بیشڵەقێنم
بەڵام ئەم ژنە دەڵێ: من خەریکی نووسینی پەرتووکێکم
دەربارەی ژیانمان...
رۆژێکیان پێ ی گوتم: تۆ گایەکی لە نێچیر نابیتەوە...
ئێستا لە یادم نیە چ ژنێك بوو...
ئێوارەیەکی تاریك
وەکو ئەکتەرێك هاوارم کرد...
ژیان هیچ مانایەکی هەبێ یان نەیبێ دەژیم
چونکە کەسانێکی کەم ماون
کە حەز بکەم درێژترین کات لەگەڵیاندا بەسەر بەرم...
گوتی: دوێنێ ئێوارە خەوم بینی:
گەردەلوولەکە چاوەڕوانی کۆتایی مشتومڕەکە بوو...
هەر چۆنێ بێ خۆشەویستی وەکو خۆراك زۆر گرنگە...
مەبەستت چیە؟
بەرەبەیان ماسییەکی سەیرو روونکاری دی
لە ئاسماندا مەلەی دەکرد...
بێ گومان پیلانێك لە گۆڕێدایە
ئەگینا پیانۆکە لە خۆڕا هەرا هەرا ناکات...
ئێستا دەزانم بۆچی خەوتنەکەم ئاڵۆز بوو
خەوێکی سەیرم بینی:
تاوسێك لە نوێنێکی سپی دا بوو
تاوس لە خەودا...

مانای ئەمەن درێژی یە...
دەبێ هەموو شتێك سەر لە نوێ
دەست پێبکەینەوە...
با کە لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدەکا
دوور دەکەومەوە
بۆ ئەوەی کاتێ با رەوتی خۆی دەگۆڕێ
لەگەڵی دا بگەڕێمەوە
هاوڕێکەت حەز ناکات زۆر بە ناخی دەریادا رۆبچێ
بەڵام من باسی شتێکی بۆ دەکەم
چاوەکانی نابینن...
بەڵام ئەو هێشتا لە بەلەمەکەیدا کرووشکەی کردووە...
سبەی روو لە کوێ دەکەی؟
تۆڕە بچکۆلەکە دەبەم و دەڕۆم
من کە لە تەمەنی تۆدا بووم لە پاپۆڕێکی چوارگۆشەدا
کاروباری بایەوانیم دەبرد بەڕێوە...
جارێکیان حەزم کرد بانگهێشتی بکەم بۆ راو
دەشێ ئەویش حەزی لەڕاو بووبێ
ئەوانە بێ هاوتان...
لە یادمە چووین بۆ ئەفریقیا لەوێ شێرم بینی... بە شەو
لە کەناری دەریادا گەمەیان دەکرد...
وابزانم باشتر وایە ئێستا بڕۆی بنوی...
نازانم... بەڵام گوێ مەدەرێ ژیانی پیاوان هەر وایە
سەرباری تاریکی پیرەمێردەکە
هەستی بە نزیکبوونەوەی بەرەبەیان دەکرد...
ژیانی باڵندە لە ژیانی مرۆڤ سەختترە...
یەکێ ببینێ لەگەڵ خودی خۆمدا دەدوێم
وا دەزانێ من شێتم
ئەمە کاتی بیرکردنەوە نیە

لەوانەیە لە تەنیشت ئەو پۆلەوە
ماسییەکی گەورە هەبێ
چەنەبازی پیشەی دەریاوان نیە
هەمان شت بۆ جاری دووەم رووی دایەوە
خولێکی دی لە تاریکیایی یەکەدا بخۆ
(پیرەمێردەکە گوتی)
چۆن دەبێ بەلەمەکە بە تەوژم بسپێدرێ
ئەمە رۆژی هەشتاو پێنجەممە...
لەم قوولایی یەدا
ماسی یەکە دوور کەوتەوە
چەند حەز دەکەم تەنیا جارێك بە دیداری بگەم...
ئەم تەوژمە مژدەی سبەینێیەکی خۆش دەدات
دەشێ هەتا مردن لەگەڵتدا بمێنمەوە
هەر چۆنێ بێ ناتوانی ئێستا
لە پێناوی راوکردنی ئەم ماسی یەدا نوێژ بکەی
پرسی ئایا دەتوانێ لەم قوولایی یەوە
ببینێ؟...
بە خودی خۆی گوت: مرۆڤ نابووتە...
کاممان ئەوی دیمان رادەکێشین
کەوتە بیرکردنەوە...
خۆزگە بەردێکم پێ دەبوو
پیرەمێردەکە چاوەڕوانی کرد
پیرەمێردەکە بینی
پیرەمێردەکە بە تورەیی یەوە هاواری کرد
من لەم تەمەنەدام... خۆر ئاوا بوو...
مرۆڤ لە تاریکی دا چی پێ دەکرێ
بە تایبەتی کە چەکی پێ نەبێ؟
هەر لە سەرەتاوە زانی ئەم جارەیان

لە شەڕەکەدا دەدۆڕێ
کاتێ هەموو شتێ تەواو بوو
هەر چۆنێ بێ با هاوڕێمانە
نوێنیش شتێکی ئاسوودەگی بەخشە
لە کۆتایی دا پیرەمێردەکە وەڵامی دایەوە:
ئۆقیانووس زۆر فراوانە...
منیش بەلەمەکەم بچکۆلەیە
پیرەمێردەکە خەونی
بە جێگای بەلەمەکەوە دەدی...
***
دەریا وەکو گوتم
دەیبەستینەوە بە بۆشایی بریسکەدارەوە
- با - ش
لە پێشەکی پاپۆڕەکەدا دانیشت
تەماشای بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی دەکرد...
لە کۆتایی دا هەندێ وشەمان ئاڵو گۆڕ کردو
ئاو بە کپی درەوشایەوە...
ئاسمان دوای دەریا دەکەوت
پاپۆڕەکان ڤایرۆسی ئیمبراتۆری یەتەکانیان
بار دەکرد
لە دەریادا نامەوێ کاتژمێر گەلێك
سەیری خوارووی ئەفریقیا بکەم...
باشە باسی ئەوە ناکەین
وەکو لە یادتانە
تەوری باکوور
لەسەر نەخشەی سەر رووبەرێك سەرسامی کردم...
واز لەمانە هەمووی بێنە...
بە خودی خۆم گوت

ئەوان دەیانەوێ ئیمپراتۆرییەتێك
لە تەرمێك دروست کەن...
هەموویان لە دارستانەکەدا لە بۆشایی زەویو دەریاوە
بە شێوەیەکی ئاڵۆز دەسڕێژیان
لە کیشوەرەکە دەکرد...
لە جەرگەی دیمانەکەدا پیاوانی سەر کەشتیەکە
بوون بە درەخت
پێم گوت من پەڵە دووکەڵێکم...
ئاشکرا بوو ئەوان هیچ نەبوون
لە تارمایی رەش بەولاوە...
هەندێ جار لە ناکاو خەڵکەکە لە هەموو شوێنێ
چاوەڕوانی شتێکیان دەکرد
وەك سەرنجم دا
لە نەخۆشی بەولاوە هیچی دی پەیدا نەبوو...
پیلان گەمارۆی ئەو وێستگەیەی داوە...
پاشینەی وێنەکە
کەسێك ئەسپێك بە رۆژی نیوەڕۆ دەدزێ...
جمو جووڵی ژنەکە پڕی کردم لە پێکەنین
لێم پرسی: گوتی:
دەریا بێزاری نەکردم...
لەسەر پشتی پاپۆڕەکە ئێوارانێك
گرمەی دەنگێك هات
بەڕێوەبەر گوتی:
لەو باوەڕەدای شالاومان بۆ بێنن...؟
من سەیری پرشو بڵاوبوونەوەی دووکەڵەکەم دەکرد...
ئەی خوایە گیان...
گومان لەوەدانیە...
دەڵێم ئەمە چیە؟

هاواری کردو گوتی:
من هیچ نهێنی یەك ئاشکرا ناکەم...
تۆ لە سەر هەقی
بەڵێ
بەلەمێکی بچکۆلەم هەیە
ماڵئاوا
هەر کە گەیشتمە کەنارەکە
بەلەمەکە پەکی کەوت
ترس... ترس... ترس
لە ماوەی چلو پێنج چرکەدا
من لە سەرچاوەی رووبارە گەورەکە نزیك بوومەوە
توولەڕێیەکم دی بەرەو سەر گردەکە دەڕۆی
لە لای راستەوە گوێم لە دەنگی کەڕەنایەك بوو
ماڵئاوا...
ئەمە دیمەنی زەماوەنە سۆفییانەکە بوو...
سەیری لای راست بکە...
کوا منداڵێتی؟
ئەو ئاوە تامێکی دی هەبوو...
بارودۆخ لەو ساتەدا
دەنگی باپیرەیە
دەڵێ ئەو شتو مەکی
لە سنووری گوندەوە هانی
لە ئاوی رووبارەکەدا چزەی هەتاوی بەیانی دەهاتەوە یاد...
لە بیری نیە لە کوێ هەستی کرد
کە لە سەر عەرشی ئاژاوە دانیشتووە...
دوای ئەوە باسی ئەو زەماوەنانەی دەکرد
کە بە شەو تیا ئامادە دەبوو...
گوتی بەڵێ رووبارم خۆش دەوێ

له پڕ هاواری کرد: ماسی...
به سەرسامی یەوە پێم گوت:
رووبارەکه هاوار دەکات
کەنارەکه تیٚ ناگاو
رووباریش ناتوانیٚ نەدویٚ...
پێکەنی... دوایی گوتی:
بەرەبەیانێك خەڵك له خەو هەڵسان
بیابانەکەیان بڕی
تا گەیشتنه پێچەی رێکه...
ئیتر لەویٚ
رێگای گەڕانەوه سەخت بوو...
وەکو دەڵیٚ: ئەو دەربارەی خۆشەویستیو
سەرکەوتن نانووسیٚ
گوتی به دڵنیایی یەوه چاودێری رێگاکه دەکات
بایرۆن گوتی: ئەو به گورجی دەوڵەمەند بوو...
ئەوی دی گوتی: دەوڵەمەند بوو
نەو خانمەکەم زۆربەی ئەو قسانەی خەڵك
دەربارەی کەسانی دی راست نیه...
دوایی خانمەکه گوتی:
من ئیش دەکەم له ئەنجامدا دووکەڵەکه
بڵاوەی لیٚ دەکات
کەس لێرە ناتوانیٚ خێرا راکات
خانمەکه وەڵامی دایەوه گوتی: راست نیه
ساڵانێکه به دوای حەقیقەتدا وێڵن...
یاساو رێساکانی جەنگ له ئەوین بەدکارترە...
ئایا ئەمه راستە؟
ئاوێنەکان... ماسین له دەفرێکدا
بەڵام گالێسکەکه... باوڵێکه شیره خۆرەیەکی تیایه...

لە ئۆتۆمبێلەکەدا... پێم گوتی نازانم...
دەرگاکەی کردەوە... با... گوێمان لە چیرۆکە کە بێ!
دوای شەش مانگ لە دڵی خۆی دا گوتی:
ئایا گوێت لێمە...؟
گوتی دەمێنمەوە...
جارێکی دی نوێژی کرد...
بە هێمنی گوتی: دەتوانم لێرەدا بە جێت بهێڵم...
گوتی: هیچ بیابانێکی دڕندە نەماوەتەوە
ئافرەت نەبێ...
دەنگی مۆسیقا... وەك تاشە بەردێك
بە دەمارەکانی ژیاندا دەڕوات...
خانمەکە گوتی: دەشێ...
بە شێوەیەکی سەیر لەوێدا وەستاو دوایی ڕۆی...
بەرامبەر بە فرمێسکی ژن ڕۆژی هەمووتان باش
لە دڵی خۆی دا گوتی: ئەم ڕستەیە هەتاوی
ڕوونی بەرە بەیانە...
ئەوە من دەڵێم.. لە یادت نەچێ
گیزەی مێشوولە لەو دیو پەنجەرەکەوە
لە وشە گرنگترە... ڕۆڵە...
دابەش کردنی دەورەکان... ئاشکرایە...
نازانم ئاوێنەکە بە درێژایی کات مات بوو...
لەشی ژنان کپی یەکی نامۆیە...
مامۆستای ئاین وتی: بەسە... بەس
واز بێنە با لەم گێچەڵە ببینەوە...
دوایی بە سوپاسەوە پێکەنی...
لە کەرکووکەوە کتێبێکی لەگەڵ خۆی دا هێنابوو
ناوی — شەرەفنامە — بوو...
قەحبە پیرۆزەکەی پەرستگاکەی بابل تەنیایە

بە چاو قایمیو نابووتی یەوە شەڕەکەی دۆڕاند...
نازانم بۆ قسەکانی کەسو کارەکەمم گەیاندە قوتابخانە
دوای نەختێ بڕیاریان دا
گەشتێك بۆ تاقی کیسرا بکەن...
دووەم ڕۆژی ڕەمەزانی پیرۆز
زەوی کەوتە دەریای خەڵکەوە...
ئەی خوایە پێویستمان بە تۆ زۆرە
پاسکیلێکم بەسە
لێگەڕێ زۆر ڕوونتر بیڵێم:
لەو باوەڕەدام... ئەم قسەیە نهێنی یە
لە نێوانی منو تۆدا دەمامکێك چارەسەرە...
پێکەنین دەروێشێکە پەیوەندی بە خواوە نیە...
ئاژاوە پاکژ کردنەوەی لەشە
دستویفسکی باوەڕی بە چەکی ڕاستیو
ئەزموونی کتێبی دووەم بوو...
خەڵك هەموو پردن
بە هۆی بێکاری یەوە... کتێبی پیرۆز دەدزن
زستان سیاسی یەکان بڕیاریان دا
بەرگری لە ئاینی ڕاست بکەن...
"چا" پەیوەندی بە مشتومڕەوە نیە
من باسی ئەوەم کرد کە هەموو گەلی ڕووسی
بە خۆرسك سواڵکەرن
لە کۆتایی دا... دوای تاوێك پێ ی گوت: خۆت ئامادەکە بۆ
نواندنی دەورەکە...
پێ ی گوتم:
هەموو ئەو چیرۆکانەی دی
هیچ نهێنی یەك بۆ کەس ئاشکرا ناکەن...
مرۆڤ ناتوانێ گوێ لە چیرۆکی گۆشتی برژاوی مانگاو

شادی‌و وەرزی هاوین‌و کەڵەشاخگری‌و
دەنگی پێ ی تفەنگ بگرێ...
زۆرجار لە پێستی کەروێشکدا
شەڕو مشتومڕ گەرم دەبێ
ئەم هزرە رەشانە...
سەر لە نوێ پێدەکەنن
ئەم قسەیە زۆرجار دەربەدەر دەگرێتەوە...
هەندێ کەس وا دەزانن
کاروباری کشت‌و کاڵ کۆمەڵە درۆیەکە...
پڕوپاگەندەیەك بڵاوبۆتەوە
نوێژ خەو بە سیاسیەکانەوە دەبینێ...
دەزانی... جل‌و بەرگ قەشە دروست دەکات...
ترس بە هەمان شێواز
هەواڵی دەرگا داخراوەکانی راگەیاند...
پێکەنین پەیوەستە بە رێکەوتەوە...
کاتێ برسێتی دەتخوات
دۆستویفسکی بڕیاری دامەزراندنی
چاپخانەیەکی نهێنی دەدات
ئەو ململانێ یە جەوهەری رۆمانی تاوان‌و سزایە
چونکە خۆشەویستی دۆستویفسکی
گەڕانەوەیە بۆ... ریالیزم...
***
ئەم یادگارانە لە بەرد تاشراون
لە وڵاتێکدا خەڵکەکەی... هێڵی ئاسنن...
بێدەنگ بوو...
ئەو ژنە گوتی: با نان خەیاڵ بێ‌و تۆ بە دوایدا راکەی
بەفر بە بێ وچان دەگری...
شار هێلکەی دەریا کۆدەکاتەوە...

لەبەر ئەوە... لە قورنەیەکی دی دا
پایز گوێمان لە هەندێ چیرۆك بوو...
سەرما هاوار دەکا: کێڵگە
لە لای خوشکەکەم دزە
لە پشت دەرگاکەوە کوڕەکە هاواری لێ کرد:
ئەو وێنەیە مانگاکەیە...
ترس قەوانێکە وەك بەرخێك لە گورگ دەترسێ
کێڵگەکان ئێسکی مارن
ئافرەت / باران... باران... باران
هەر بارانو هیچی دی...
چل شەوو چل رۆژ باران باری...
وەك گۆرانی...
وەك دەنگی زەنگە دوورەکان
ئێمە سەرنجمان دەدا... کۆترەکە فڕی
ئێوارانێك پێڵاوە قوڕاوی یەکەی
بە دەستی یەوە بوو...
سەگەل بە دەوری دا دەوەڕێن
ئەو هێشتا ناتوانێ قسە بکات...
بێ هوودەیە لێ ی بپرسی چۆن: جوێن دەدات
رۆژگار هاتوچوو... چاوانمان
بۆ بینینی ئەو دیمەنە بریسکەی دەهات.
رۆژێ گوێمان لە دەنگی بوو
گۆرانی یەکەی لە کپی کێڵگەکەوە دەڕژا
دوای ئەوە هەڵسام
کە دەرگام کردەوەو نەمدی گریام...
دوای ئەوسا دەیزانی گورگ ژنێکە
پێ ی دەڵێن کرمی ئاورێشم...
بیرت لەچی دەکردەوە؟

شووشەیەك ئارام...
بەڵام با کیسەیەکی بچکۆلەی پڕ کرد لە غەریبان
لەبەر ئەوە
بازرگانەکان نەهاتنو بیریان لە کڕینی
رووبارەکە کردەوە...
باوکەکە رۆژێ دواکەوت
دایکەکە ئەمە دەزانێ
بەڵام لە پڕ هەموو شتێك لاسەنگ بوو
ئاوی رووبارەکە گۆڕا
دایکەکە دەپاڕایەوە...
دایکەکە دەیگوت: شێر
دەفتەری ئاورێشمە
دوای ئەوەی پێکەنی... دیسان وتی:
تۆ بڕۆ...
دایە پرمەی گریان
فرمێسك جگەرەیە
ئەی خوایە گیان ئێمە لە سبەینێ دەترسین
بە نەرمو نیانی بە پاسەوانەکەی گوت:
خەو جێگایەکی دی یە
ئێوارانێك دایکەکە گەڕایەوە
گوتم: قسە کردن گەمەیەکی نوێ یە
رۆژێکیان هاوارم کرد: سوپاس
دایکەکە گوتی: ماڵتان لە کوێ یە
ئەو ژنەی لەگەڵماندا بوو هیچ ئامانجێکی نەبوو
قسە کردن نەبێ
بۆنی ماری لێ دەهات
یا زستان...
بیرەوەری ئەو رووبارە

گوندەکەی لە شەوە ساردەکاندا هاڕی...
ڕۆژێکیان دایکەکە گوتی: ساڵی کوللە
خەو بە پێکەنینەوە دەبینم...
لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا...
کوللە دواکەوت
باوکەکەمان بینی... بە دایکەکەی گوت:
بزانم چووە بۆ کوێ دوای دەکەوم
ئیتر نازانم دوای ئەوسا چی ڕووی دا...
باوکەکە گوتی: لە گوندەکە بار دەکات
خەڵکی گوندەکە ترسان
دایکەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کە بگوێزینەوە
ڕۆژێك دایکەکە لە جەرگەی ئەو ئاگرەدا
وتی: وردیلەکانم بنوون ئێمە بۆ شار دەچین...
***
گالێسکەیەکی کۆن ڕێگایەکی دەبڕی
ئەسپێکی خۆڵەمێشی بەردەوام دەخولایەوە
هەموو کەسێ بە کپی کۆچ دەکەن
ئەم جارە ئەوانە نادۆزیتەوە
هەیانە شەهید بوون و
هەشیانە قایل نابن بە کۆچ کردن...
زەوی... ئەم ئەسپە پیرە...
بە درێژایی کات
سەرقاڵی هزرەکانی بوو..
بەم جۆرە هەتاو لە ئاسماندا غاری دەکردو
لەسەر چیاکاندا دەیحیلکاند...
بەڵام خەون لە زریانەکەدا ون بوو
ئەوە چیتە؟
ئەمە چۆن ئەسپێکە

من لەم بارەیەوە بە تایبەتی قسەت لەگەڵدا دەکەم...
هەموو شتێك کاتی خۆی هەیە
ئەسپەکە لە وێستگە گەورەکاندا
خۆی بۆ چوونە قوتابخانە ئامادە دەکرد...
لە سەرەتادا لە تاریکی دا
یادی بێدەنگی یە سامناکەکەی کردەوە...
جارێکیان شوانەکە گوێ ی لە هەراو زەنای رووبارەکە دەگرت
دوای ئەوسا مانگ دەرکەوت
گوێی لە حیلکەی ئەسپەکە بوو
ژیان ئەو شتەیە
کە فێری هەموو شتێکو هەموو فێڵێکیان دەکات...
بەم جۆرە پێچکەی گالێسکە کۆنەکە
بە هێواشی هەناسەکانی خۆی کۆ دەکردەوە...
بەم جۆرە...... ك...... کاتێ...
باشە بمبورە...
بەڵام ئەسپەکە لێ ی تێنەدەگەیشت
نەیتوانی تا ئەم سنوورە زیاتر
گالێسکەکە راکێشێ
لغاوەکەی لە دەم کردەوە
ترسێ بەسەر ئەسپەکەدا کشا
حەزی لە ئاو خواردنەوە بوو
ئەی هاورێ لێم زویر مەبە
تێر سزات چەشت
دەستی بەسەر ملی ئەسپەکە دا هانی
وشە زایە چاوەکانی
ئەسپەکەی بەرەو رووبارەکە کێش کرد
فەرۆکەی توورِدایە سەر زەوی
شەو بەبێ هەرا هەرا دادەباری

ئەی خوایە گیان...
هەموو شتێ کۆتایی هات...!
***
دەردۆنگ مەبە ئەی پیرەمێردی شکۆمەند
ئاو رابوردووە... تەمەن دەگۆڕێ
ئەسپ کەنارێکی بەردینە
لە دەفرێکی بەتاڵدا...
هێلکەی ئەسپ / هەرا هەرای زێ
ژنان / تامی ئاسن
دەڵێ: چیا لە کاتی خۆی دا لە پشت کلکی یەوە
تەپو تۆزی هەڵدەکرد...
پیرەمێردەکە لەو دیو پردەکەوە
ئەمەی باش دەزانی
ئەی شوانەکە... ئێمە لە بەیانەوە
لە کێلگە کەداین
ئێمە لە سەردەمی شەڕداین
دەبێ باوەڕ نەکەم
ئەسپەکە پێدەکەنێ
تەماشاکە... بێ دەنگی سەگێکی بچکۆلەیە
بە خێرایی بەرەو مێرگەکە دەڕوا
بە بێزاری یەوە لغاوەکەی دەکرۆژێ
سەر لە نوێ چیاکان
گوێ لە ورشەی پاشەرۆژ دەگرن...
لە دوور لق و چڵی شەو باڵ بەرز دەکەنەوە
لە پشت زرێبارەکەوە لە گوڵی حیلەکەدا خنکا...
رێگای گەڕانەوە هەورە
ئەسپەکە... سەیری گوندەکەی دەکرد...
ژنەکە نوقورچی لە با دەگرت

بای کۆن.. له شیوەکەدا...
دووکەڵ جارجار پیرەمێردێك بوو
به سەر ئەسپەکەوە...
له گژوگیا دەترسا...
پیره بەهار
بەسەر پشتی حوشترێکی سپی یەوە
دابەزی یه ناو شیوەکه
"چای" فڕ دەکردو
له بارەی کاروباری خێزانی یەوە
قسەی لەگەڵ ژنەکەی دا دەکرد...
پێویست بوو بڕوا بۆ بازار
هەندێ جل له نزیك وێستگەکەوە بکڕێ
کەواته... سەر له نوێ قسەیان کرد
قسه کردن مرۆڤێکه... نەخۆش
پێویسته له سەری پەیوەندی خۆی تێك نەدا
لەگەڵ ژنەکەیدا
زەرده پەڕ ژنێکی میهرەبانه هاته ژوورەوە...
گۆرانی مووه سپی یەکانی رۆژانێکی زۆره
رادەکاو بۆ ماینەکان دەگەڕێ...
با له یادی چوو به بۆنی شیری ماینەکان مەست بوو
له سەرەتادا خەو دەستی به خوێن دەشۆری...
سەیره بەفر له کون و درزدا دەژی
سەر له نوێ منداڵەکان له پشت دەرگاکەوە
وەك چۆلەکه شەپقەی زەوی یه سەهۆڵبەندانەکەیان فڕاند...
بۆشایی کۆچ / ژنێکی نامۆ بوو...
له بوولێڵدا رای دەکرد
باسی کات و گوندو وڵاغ و
کۆبوونەوەو شەڕو تەویلەی لاوی و

"چا"و لاوانی سۆڤێتی دەکرد...
سەر لە نوێ کۆبوونەوە کۆتایی هات
"با" یاری بە تاریکایی دەکرد
هیچی نەگوت
کارکردن جەنگە لەگەڵ تەمومژدا
ڕووناکی پیر دەبێ پێویستە لە سەرت چاودێری بکەی...
تفەنگ ناوی ئەو کەسانەیە لە کۆتایی دا
بەردەوام لە پێشوازی کردنی بێ دەنگی دا... سەرکەوتوون
ئەوان دەڵێن ئەسپ هەموو ئێوارەیەك
دەموچاوی با دەخوێنێتەوە
چی ڕووی داوە
هەرگیز ناگەڕێتەوە
خوات لەگەڵ...
ژنەکەی بە بێ دەنگی پێشوازی کرد...
ئەسپەکەی کێش کرد
بە گریانەوە باوەشی بە تێکشکانی تاسەی مرۆڤانەدا کرد
کێوە سپی یە بەفرینەکانمان نایە چاڵ
با نەیدەزانی خەمی خۆی بۆ کوێ بەرێ
هەموو شتێ کۆتایی هات
گوندەکە وەئاگا هاتەوە
پرسی: ئەمە هەموو شتێك بوو...
خوا حافیز
تەپوتۆز لە ژێر سمی "با"دا بۆ ئەسپەکە دەگریا...
***

**سەرچاوەکانی ئەم هۆنراوەیە:**

١. موسم الهجرة الی الشمال / الطیب صالح.

٢. الوقائع الغریبة والحزینة لاراندیرا الطیبة / گابریل گارسیا مارکیز.

٣. الشیخ والبحر / همنگوای.

٤. في قلب الظلام / جوزیف کونراد.

٥. بندر شاة / مریود / الطیب صالح.

٦. نور في آب / ولیم فوکنر.

٧. مفاتیح المدینة / هیفاو زەنگنە.

٨. بقایا صور / حنا مینة.

٩. ذکریات من بیوت الموتی / دیستویفسکي.

١٠. غولساري / جنگیزایتماتوف.

***    ***

__تێبینی:__ ئەم هۆنراوەیە تەنیا وشەیەکی منی تیادا نیە... هەموو دێڕو رستەکانم لە وشەکانی ناو ئەو - ١٠ - رۆمانەی سەرەوە دروست کردووەو ئەمە تاقیکردنەوەیەکی تازەی خۆمەو پێشتر دەقێکی لەم جۆرەم لە ژمارە - ٣٨٧ی - رۆژی ٢٠٠٠/٩/١٥ی رۆژنامەی (الاتحاد)دا بە عەرەبی بڵاوکردەوە.

مانگی ٢٠٠٠/٩

# شیعرو وێنە
## چەپکێ درِك... چەپکێ پەلکەزێڕینە

**بزمار**

بزمار چەند بەختەوەرە
هەموو شتێکی پیادا هەڵدەواسن
چرا
وێنە
ئایەت
جانتای ژنان
مایۆی کچان
شەویی.... ستیان
ئاوێنەی نەوبووك
دەچم بۆلای ئاسنگەرێ
دەڵێم بمکات بە بزمارێ
بەڵکو باوکێ
لە کچەکەی توورە ببێ
بە قژ بەمنیا هەڵواسێ....

**جووت بوون**

هەر بە قەڵەم
سکی هەموو بۆشایەکان
لە مانگو ئەستێرە پڕ دەکەم
هەر بە قەڵەم
هەر بە مەرەکەبو قەڵەم....
جهانێ تر دروست دەکەم

## خانوو

- با - لەوەتی هەیەو نیە
سەری رووتەو پێی پەتی یە
هەر دەگەڕێو هەر دەگەڕێ
ئەم رێ
ئەو جێ
ئەم شار... ئەو دێ
کەسێك نیە خانوویەکی بۆ دروستکات
نەختێ پشووی تیادا بدات

## داو

بەشەو زێ
ماکسی یە شینەکەی خۆی دەدڕێ
دەیکات بە تۆڕێکی گەورەو
ئەستێرەی وێڵی پێ دەگرێ

## پیاسە

لەو شەقامەدا کات
غەڵبە غەڵبو پیاسە دەکات
نازانم چی پێویستە
بە گۆچانە کورتەکەی هەر
لە دەرگای ماڵان دەدات...

## ئاوێنە

لەوەتی هەین
جگە لە خۆمان
لەم ئاوێنە تاریکەدا
چی راو دەکەین...؟

**بزر كردن**

كه دايكم مرد
له رێگای گۆڕستان
منداڵیمم بزر كرد....

**چرا**

با چرایه‌ك داگیرسێنین
تا بزانین
كاممان دیار نین

**ئاڵا**

من ناتوانم جه‌نگ به‌رامبه‌ر
هیچ مێینه‌یه‌ك به‌رپاكه‌م
من ئه‌و پاشا شه‌ڕه‌نگێزه‌م
كه هه‌میشه
به‌رامبه‌ر گشت مێینه‌یه‌ك
سپی... سپی یه ئاڵاكه‌م...

**هاوڕێ**

به وشه‌یه‌ك
گوڵه گه‌نمێك ده‌كڕم
پۆلێ چۆله‌كه‌ی باخچه‌یه‌ك
ده‌كه‌م به هاوڕێ ی شیعرم...

**ته‌ناف**

ئه‌وه جل نیه به‌و ته‌نافه‌وه
با خستوونیه‌تێ له‌ره‌و شنه‌شن
رۆحی ته‌ره‌ی ئه‌و شاعیرانه‌یه
به نه‌ختێ ماچ و عه‌شقی خوا مه‌ستن

**قاچاخچی**

سیزیفم دی

بەردەکەی کۆڵی تووڕ دابوو

سیزیفم دی

سەرقاڵی ئاودیو کردنی

مس و تەلی کارەبا بوو

دەڵێی بووە بە قاچاخچی....

***

# شیعر

## سکێچو هێڵکاری چەند تابلۆیەك

سەرانسەری

هەموو زەوی

بە خوێنی سەرپێچی سوورە

ئەی خوایە گیان

لە گوناحی کەس مەبوورە

***

من دوانم دوان

یەکێکیان خۆمەو

ئەوی دییان

راوچییەکە مانگ راودەکا

لە گوێی سیروان

***

من دوانم دوان

یەکێکیان

شاعیرێکی سەر کێشەو

دووەمیان منداڵێکە
یاری دەکا بە وشەکان
***
من دوانم دوان
یەکێکیان
نوێژ بۆ خوا دەکاتو
دووەمیان
قوتابییە لەلای شەیتان
***
تۆ ئاشقی من دەزانم.. تۆ ئاشقی
من ئاشقان دەناسم لەدوور دوورەوە
من دەزانم ئاشقەکان هیچیان ناوێ
کلیلی دەرگایەك نەبێ
کە نازانن بۆ کوێ دەچێ
***
رێبوار بێ رێگا تەنیایە
نیشتمان بێ شەهید
خۆم بێ من
***
زۆر دەنگ لە دەرگاکەم دەدەن
زۆر دەنگ...
دەرگا
تەنها
لە بێدەنگی دەکەمەوە
***
کە دوو ئاشق بەیەك دەگەن
دەریای سووری ناوەڕاست
بە پشکۆی ماچ دروست دەکەن

***

کە ماڵ هەبوو

چۆلەکەو پشیلەو رەشەبا

تیادا پێدەکەنن

هەروەها

رابووردو.. و... داهاتوو

***

– با – هەمیشە لێم دەپرسێ:

هەتاو بۆچی

لە پەنجەرە دەترسێ

خۆریش گشت دەمێ پێم دەڵێ

ئەوە – با –

کە رادەکا

بۆ کوێ هەڵێی

***

جەنگ زۆر یادگار

لە ماڵاندا بەجێدێڵێ

لە هەموویان گومناوتر تەنیاییە

***

هەموو رۆژێ چوونیەک تاریک نییە خۆر

هەموو ساڵێك چوونیەك زڕ نییە بەهار

هەموو دەمێك چوونیەك دکتاتۆر نییە نیشتمان

هەموو ساتێك چوونیەك شاعیر نییە من

***

راسترین رێگا

لوولەی دەمانچەیە

***

بۆی مەگەڕێن
ئەمەتا خوا
هەموو دەمێ
لەناو دڵما دێتو دەڕوا
***
لە باخچەی ئاژەڵاندا
ئاژەڵەکان
جوون جوون سەیری ئێمە دەکەن
هەموو بەوە پێدەکەنن
کە ئێمە هێشتا نازانین
ئەوان جوون جوون
سەرنجی ئێمە دەدەن
***
هەرچەند تۆ دێی
لانە لە دڵمدا دەکەی
دایکم دێتو لێم دەپرسێ
ئەوە کێیە
کێیە.. کێ... کێ
دەڵێم کێیە..
چرایەکە بە وزەی ماچ
دادەگیرسێ
***
یەکەم تفەنگ دروستکرا
کێی پێ کوژرا
***
من هەمیشە لە خەومدا
فیلێکمو کچۆڵەی پاشایەك
دێتو حەزم لێ دەکا

***

دوو سەدەیە

کاتژمێری ناو ئەو ژوورە

بێ ورتەیە

دوو سەد ساڵە

ئەو ژنە بە گۆچان

کاتی خۆی دەپێوێ

تەنیایی راودەنێ بۆ کۆڵان

دوو سەدەیە

دوو سەد ساڵە

لەو ژوورەدا

تەپوتۆز بووە بە کفنی

ئەو تابلۆیە

***

کاتم نییە شەوێ بچم

نەختێ کات لە خۆم بدزم

بڕۆم لەلای قاچاخچییەك

کاتێکی یەدەك بکڕم

***

رووبار نادوێ

بەڵام ئەگەر بێتە زمان

ئەوەندە قسەی خۆش دەکات

سەوزە گیا دێ

گوێی لێ دەگرێ

***

نازانم چۆن

ببم بە قاچاخچییەك و

نیشتمانم وەك کۆمەڵێ مس و فافۆن

ئاودیو بکەم

نازانم چۆن

***

هەموومان گشت رۆژێ چەندین جار

لەسەر پشتی پردەکەوە

دەڕۆین بۆ ئەمبەرو ئەوبەری شار

پردەکە چەند میهرەبان‌و سەلارە

پردەکە رۆژێ ناڕوات

سەرێ بدات

لە هیچ بەرێکی ئەم شارە

ئەرێ گەر رۆژێ پردەکە

ویستی سەرێك لە بەرێکی شار بدات

ئیتر دڵمان چۆن ئەمبەرو ئەوبەر بکات

***

من‌و خۆم

لە شەڕێکی بێ وچان دان

وەکو دەنکە شقارتەو مۆم

خۆم‌و من

هەمیشە لێك توورە دەبن

کەچی خۆم بۆ کوێ بڕوات

منیش بۆ ئەوێ رادەکات

نازانم خۆم‌و من

دۆستن یا دوژمن

***

بۆ هەموو شوێنێکم بەرە

ئەی هەنگاوی میهرەبان

تەنها بۆ ئەو شوێنە نەبێ

کە ناویان ناوە نیشتمان

***

سیاسەت بەهار دەهێنێ

پەرەسێلکە

ئاشووبی برا کوژی

***

## دوو وێنە

دوو وێنەی بەرامبەر

لە گۆشەی ژوورێکدا

دوو وێنە

بۆ یەکدی

هەر دەدوێن بە کپی

منالّی دەم‌و روو بە خەندە

پیاوێکی موو سپی

دوو وێنە

هەردووکیان

هەر سەیری یەکتریان دەکرد

هەر دوو دەستیان

بۆ دەستی یەکتر دەبرد

هەر دوو یەکدییان ماچ دەکرد

نە دایک‌و کوڕ بوون

نە خوشک‌و برا

نە ژن‌و مێرد

نە چۆلەکە‌و با

نە کێلان‌و کێرد

دوو وێنە دوو وێنە

یەکێکیان دەم پڕ لە خەندەیە‌و

دووەمیان بە کپی

هەر دەگری...

هەر دەگری...

***

دوو وێنە

دوو وێنەی منداڵی و پیرێتی

یەك شاعر

دوو وێنە

بە دوو ڕێی جیاوازدا

دەچوون و هەر دەچوون...

هەر دەچوون

هەر دەچوون

لە دوور دوور... زۆر لە دوور

وەك ئاگر

دیار بوون و دیار نەبوون...!

***

## پێشانگایەك لە وشە... دیوانێك لە وێنە

**هەڵەکاری**

گەلێ جار لە پێشانگایەکی تاریکدا

تابلۆی کچۆڵەیەکی ڕووت

بانگم دەکات

ماچم دەکات... ماچی دەکەم

بۆ باخچەی پێشانگاکەم دەبات

بۆ ئاودەستی پێشانگاکەی دەبەم

بەدەم قسەوە...... ون دەبین

نازانین بۆ کوێ دەچین

باسی جیاگەلێك دەكەین
نەماندیون لەوەتی هەین
بەیەكەوە دادەنیشین
وێنەی یەكتر دەكێشین
نازانین كێین
یا لە كوێین
دەڕۆین
دەڕۆین
لەپڕ پاسەوانەكەی پێشانگاكە دێ
پەلی هەردووكمان دەگرێ
لە سووچێكی پێشانگا تاریكەكەدا
پێكەوە هەڵمان دەواسێ.

فێڵ – نواندن
هەموو یەكێك لە ئێمە
دوو سێ رووی یەدەكی هەیە
لە كاتی نمایشدا
جوانترینیان دەنوێنێ
...
هەموو یەكێك لە ئێمە
دە دوازدە زمانی هەیە
لە كاتی گفتوگۆدا
خۆشترینیان بەكار دێنێ
...
هەموو یەكێك لە ئێمە
شەش حەوت هەزار دڵی هەیە
كە بۆ ژووانێك دەچێ

هەمووی دەبەخشێ بە کچێ...

## گلەیی

ئەو کانییە
بۆ وا خاوو خلیسك دەڕوات
بۆ نازانی چەند کچۆڵەو
چەندین گوڵو
چەند باڵندەو.... چەند دارستان
چەندین شەوە گلارەیان نەنووستووە
هەموو گوێیان
بۆ ترپەی
گۆچانە درێژە زیوەکەی
هەڵخستووە...
***

## سێ نەخشە

**١- وشەیەك**

هەر وشەیەك
بەسە... بەس بۆ:
تۆقاندنی گشت گوللەیەك
...

**٢- ڕێگا...**

هەر دەڕواو هەر دەڕوا
بە هیچ جێگایەك ناگا...

### ٣- ئەرێ

پەردەی پەنجەرەی ماڵان
بێتە زمان
چی دەڵێ
...

### رێیەکی نهێنی

بازنە شارێکی داخراوە
وەکو ئافرەت
وا دیارە... یا
وای دەبینی لە دوورەوە
سەرنج بدە
رێیەکی نهێنی هەر هەیە
وەك ئافرەت
لێوە بچیتە ژوورەوە....

### پردەکە

هەموومان... هەموو رۆژێ چەندین جار
لەسەر پشتی پردەکەوە
دێین‌و دەڕۆین بۆ ئەمبەرو ئەوبەری شار
سەر دەدەین لە خزم‌و ناسیار
پردەکە چەند میهرەبان‌و سەلارە
رۆژێ ناڕوا سەرێك بدات
لە خزمێکی لە هیچ بەرێکی ئەم شارە
ئەرێ ئەگەر رۆژێ پردەکە ویستی
لە بەرێکی ئەم شارە سەر لە خزمێکی بدات
ئیتر دڵمان چۆن ئەمبەرو ئەوبەر بکات...

## خۆخەڵەتاندن

ڕووبار هەمیشە منداڵێتیی خۆی
بۆ کەنارەکان دەگێڕێتەوە
منداڵیش هەردەم پیرێتیی دڵی
بە هاروهاجی دەشارێتەوە...
...

## ڕاو

دێین
هەرا هەرای کپی راو دەنێین
دەڕۆین
شوێن پێی ڕەشانگی خۆمان
راو دەکەین
دەوەستین
لە دەرگاکانی پرسیار دەدەین
رادەکەین
زیندانەکانی کات
لەگەڵ خۆماندا دەبەین...

## پاشەڕۆژ

هەورەکان
ریشی خۆیان لەسەر تاشەبەردەکان
تاشی
مناڵەکان گەمەی خۆیان
لەگەڵ شادیدا تەواو کرد
ئیتر کاتی ئەوەیە
بە شارەکانی پاشەڕۆژەوە
شەیتانی ببین...

**بازنگ**

ڕووباریش بازنگی هەیە
کاتێ یەکێ
تلە بەردێکی تێ دەگرێ
دەستە پڕ لە بازنگەکەی
هەڵدەبڕێ
ئەوە دەڵێ:
ئاگادار بە بازنگەکانم دەشکێ

**ژوورە نهێنییەکان**

ڕۆژێ لە ڕۆژان
بە دزییەوە چەند ژوورێك دروست دەکەم
ژوورێك بۆ دڵداری
ژوورێك بۆ شەڕ
ژوورێك بۆ ئاشتی
ژوورێك بۆ لەدایکبوونی پەری شیعری نوێ
ژوورێك بۆ کۆلارەکانم
ژوورێك بۆ خۆشاردنەوە لەوانی دی
ژوورێك بۆ دووکەوتنەوە لەو کچانەی رقیان لێمە
ژوورێك بۆ حەشاردانی گوناحەکانم
ژوورێك بۆ ئەو
ژوورێك بۆ من
ژوورێك بۆ خۆم
ژوورێك بۆ لەتیف شێخ مەحموود شێخ محەمەد شێخ حەسەن کەسنەزانی
ژوورێك بۆ لەتیف هەڵمەت
ژوورێك بۆ رابردوو
ژوورێك بۆ داهاتوو
ژوورێك بۆ ئێستا

ژووریك بۆ ئەو شیعرە دڵدارییانەی
كە بەدزیی هاوسەرەكەمەوە نووسیومن
ژووریك بۆ ئەو كچانەی كە بەدزیی هاوسەرەكەمەوە
خۆشم دەوێن
ئەرێ بشێ رۆژێ لە رۆژان سەرۆكی شارەوانی
ئەم هەموو ژوورە بەدزییەوە دروستكراوانە
وێران نەكات...
***

## بەشە ونبۆكانی داستانی گەلگامش

منداڵێك هەر لەدایكبوو
میزی دەهات
هاواری كرد
دەورم چۆڵكەن میز دەكەم
پیرەژنێك هاوسێمانە سوێند دەخوا
بە پرچە سپێكەی خۆیو بە خوا
كە منداڵەكە میزی كرد
لافاو هەستاو شارەكەی برد
*****

كە دار چواڵە لاوازەكە
وشك هەڵگەڕاو لەپڕ مرد
تەنها دوو چۆلەكە هاتن
شینیان بۆ كرد
****

لەم تاراوگە بۆ ئەوی دی
بۆ نیشتمانمان دەگەڕێین
سەرینێ بەردینمان بداتێ

که منداڵێتی خۆمانی
لە ژێردا بشارینەوە
نیشتمانیش ونگەیەکە
چەند نزیك بێ
نایگەیەنێو نایدۆزینەوە...
*****

یەکەمین پرد
من لە نێوان خواو شەیتاندا
دروستمکرد
*****

لە ئاوێنەیەکدا یەکێ
هەر پێمدەڵێ
تۆ بۆ هێندە سەرنجی چاوی من دەدەی
منداڵێك دێ
ئاوێنەکە هەڵدەگرێ
بەڵام دەنگەکە هەر دێ..
*****

باکان بە خێرایی دەڕۆن
بەدەم رێوە لقی دارو
تاشەبەردی لووتکەی وێڵو
رەشماڵی خێڵی کۆچەریو
ئەستێرەی ناو رووبارەکان
بە چنگ دەخۆن
دەڕۆن.. دەڕۆن
لە دوور.. لە دوورە رێگاکان
دەبن بە هاورێی باران
دەڕۆن.... دەڕۆن.... دەڕۆن.... دەڕۆن
لە دوور لە پێچپێچەی چیاکان

وەك رەوە ئەسپ
بەردەبن لە سەوزە گیاكان
****

دەریا تەنیایە
چاوەڕێی پاپۆڕێك دەكات
مین تەنیایە
چاوەڕێی پێیەك دەكات
دەست تەنیایە
چاوەڕێی گۆچانێك دەكات
زەوی تەنیایە
چاوەڕێی مرۆڤێك دەكات
*****

منداڵێتیم بۆ كوێ رایكرد
ئەو گشت كۆلارەو خانۆچكەو
خەونە خۆشانەی بۆ كوێ برد
منداڵێتیم چی بوو كێ بوو
خەڵكی كوێ بوو
بەرەو كوێ چوو
ئەرێ بشێ
بە پاسەپۆرتێكی ساختە
بەرەو هەندەران نەچووبێ
*****

كە رۆژەكانی هەفتە
لە درەختی مانگو ساڵ بێزار دەبن
بۆ كوێ دەچن.

## ڕێگا / ئەلبووم

ڕێگا درۆ دەکات
ناگاتە هیچ کوێ
با درۆ دەکات
نامانباتە ناو دارستانەکە
ڕووبار درۆ دەکات
کچەکانی خۆی ناکا بە هاوڕێمان
قەڵەم درۆ دەکات
پشکۆکانی خۆیمان ناداتێ
کاغەز درۆ دەکات
نهێنییەکانمان ناپارێزێ. !
هەموو تەورێك
بەرەو دارستان دەچێ
هەموو ڕێیەك
بەرەو گۆڕستان دەچێ
ئەستێرەکان
بەرەو هەرکوێ هەنگاو بنێن
یەك یەك. دوان دوان
بۆ سەر ژوورەکەی من دێن.
ڕەشەباکان
لە دەرگای مزگەوتەکە دەدەن
لە دەرگای مزگەوتەکە دەدەن
لە دەرگای مزگەوتەکە دەدەن
ئەرێ بشێ ڕەشەباکان
تەنگاوبن. یا
شەونوێژ بکەن؟
***

کێ لە دوورگەی نامۆیی خودی خۆماندا
ئێمە دەدۆزێتەوە..
کەی نیشتمان
لە تاراوگە بێزار دەبێ و
بۆ لای ئێمە دێتەوە..
***
لەم تاراوگە. بۆ ئەوی دی
بۆ نیشتمانمان دەگەڕێین
سەرینێکمان بداتێ.
خەونێکی خۆش
لە ژێری دا. دابنێین..
نیشتمانمان لە کوێدایە
ئەویش هەر وەکو خۆمان
ئاوارەی ناو ڕەشەبایە...
***
ئەلبووم. ئەلبووم
گۆرستانی منالّیمانە. منالّیمان
ئاوێنەش
نیشتیمانی پیریتیمان. !
***
لە کۆتایی گەشتەکەمدا
سێبەرەکەم دۆزییەوە
بوو بە هاوڕێم
سێبەرەکەم خوویەکی سەیری هەیە
بۆ لای هەر کچێ بچم
دێتە سەر ڕێم
دەڵێ بمبەیت و نەمبەی
لەگەڵتا دێم..

***

ڕۆژەکانی هەفتە بەشی

بەرنامەکانمان ناکەن

مەگەر شاعران بڕۆن

ڕۆژێکی دی

بۆ هەفتەکان پەیداکەن..

هەموو ڕۆژو هەفتەو مانگو ساڵەکانم

دەخەمە ناو سووچێکی نهێنی گیرفانم

نەوەک قاچاخچییەك بێ

بە نیازی ئاودیو کردنیان

لێم بدزرێ.

***

## چامەیەکی وەك نیشتمان لەت لەت کراو

هێڵی ڕاست سەرەڕۆیەو هەر ڕادەکات

کەس نازانێ

بۆ کوێ دەڕوات

***

ڕووبار

لەوەتی لەدایك بووە

هەر ڕادەکا.. لەدەست کەنار

***

دڵم بۆشاییەکی دزی

ئاوسی کرد بە وشەی نوێ

چاوم ئاسۆیە ڕووتی دی

پڕی کرد لە: ئەستێرەو زێ

***

خەیاڵ دەکەم... بە وشەیەک
بە سەد هەزار ملیۆن وشە
خەیاڵ دەکەم
سەدان هەزار
کۆشکو تەلار
بۆ ئاوارەکان دروستکەم
ئەرێ بشێ
ماڵێکی ئاوارە هەبێ
بە خانووی وشە قایل بێ
***
خانووی شاعیر
هەروایە
یا وشەیە... یا ئاگر
یا کۆمەڵێ رەشەبایە...
***
گەر بەرەو تاراوگە بڕۆم
گشت ئەستێرەو
مانگو خۆرو گڵکۆی هەموو شەهیدان
چیاو سۆلاڤو بێستان
گوڵو دڕکو دارستان
یەک یەک دەبەم لەگەڵ خۆم
تەنانەت خەندەو گریان
جا ئیتر چی تیادا دەمێنێ نیشتمان...
***
دەریا... چەند نمەک نەناسە چەن
ناوی ئا ئەو سۆلافو زێیانە نازانێ
کە تک تک دروستی دەکەن...
***

که لەناکاو پەڵە هەورێ
بە خاکێکدا تێدەپەڕێ
چی پێ دەڵێ
وا بە جارێ سەوزە گیاو گوڵ
هەموو لە ماڵ دێنە دەرێ...
***
چی دەڵێی گەر گڵۆپێکت داگیرسان
لە بڕی تیشك
خوێنی پژان...
***
وشەیەك
هەر وشەیەك...
یەك وشەیەك
بەسە... بەس... بۆ:
تۆقاندنی گشت گوللەیەك
***
من نانووسم
خۆم دەکەم
بە شەختەی خۆڵەمێش‌و تەم
من نانووسم
بە پەیڤ مەمکێك دروست دەکەم
سوژدە بۆ سەرگۆکەی دەبەم
من نانووسم لەوەتی هەم
بە شیعری جوان
قەفەزێکی گەورە... گەورە
بۆ کچێك دروستدەکەم...
ناوم ناوە نیشتمان...

## لێکچووه ناکۆکەکان

**١- شوێن هەمیشە**

کۆتی زێڕمان دەکاتە پێ

کات گشت دەمێك

راومان دەنێ

*   *   *

**٢- ئاگادار بن قەڵەم هەردەم**

دوژمنی سپێتییە

لە بیرتان بێ

ئاو هەمیشە دوژمنی ماسییە

نەچن.. بە هەڵەدا نەچن

تەور عاشقی دارستانە

ئاوێنە دوژمنی ژن...

*   *   *

**٣- تەلەفزیۆن**

کاتەکانمان تەپو تۆزاوی دەکات

وەکو چەپکە گوڵی نایلۆن

تەلەفزیۆن خەونە جوانەکانمان دەدزێ

نازانم چۆن...

*   *   *

**٤- ئەو کاتانەی لە نیشتمان بێزار دەبم**

کۆشکێك لە وشە دەکەم

نەختێ پشووی تیادا دەدەم

*   *   *

**٥- ئەو کاتانەی لە دەزگیران بێزار دەبم**

دوو باڵ لە وشە دەچنم

بە دەوری خۆمدا دەفرم...

* * *

**٦- "لم"و "با"**

**ئەگەر چی جمكن**

**ئەگەر چی هەمیشە بە جووتە**

**رادەكەنو دادەنیشن**

**پێكەوە ئەڵێن: نا**

**پێكەوە ئەڵێن: ئا**

**بەڵام هەر ناتەبان**

**ناتەبا...**

* * *

**٧- هەر بۆ ئەوەی رزگارمان بێ**

**لە تەنهایی دڵی خۆمان**

**دەبین بە هاوڕێی نیشتمان**

* * *

**٨- من هەمیشە شەوارەیەك**

**دژی خەوی گوڵ هەڵدەكەم**

**من هەمیشە كۆلارەیەك**

**بۆ هەورێ دوور دروست دەكەم**

* * *

# باران سەیری من دەکات

**١- من دەزانم باران چاوی نییە**
بەڵام هەست دەکەم هەمیشە
باران سەیری من دەکات
* * *

**٢- ئەستێرە لەپڕ دەرکەوتن**
چرا لەپڕ هەڵکران
خەڵکی دێ لەپڕ خەوتن
لەپڕ
لە پڕ
بە وشەی جوان
ماڵێکمان بۆ دەکات... شیعر
لەپڕ
لەپڕ
وەکو سەدان هەزار کۆتر
سەرمان داگیر دەکات... بەفر
* * *

**٣- گەلێ جار**
نیشتمان جێدێڵن
ناشرۆین بۆ هیچ شوێنێ
***

**٤- نازانم چۆن... نازانم**
ڕۆژەکانی تەمەنی خۆم
بدزم لە نیشتمانم
* * *

نازانم چۆن...

نازانم چۆن...

نیشتمانم بنێرم بۆ هەندەران و

نیشتمانێ دی دروست کەم

بۆ خۆم و خۆم

لە کارتۆن

نازانم چۆن...

*   *   *

**٥- با لە کونی**

قفڵی ژەنگنیشدا دەزێ

باش هەروەکو هەموو شتێ

لەدایك دەبێت و دەمرێ...

***

**٦- خۆزگە دەمزانی چی دەکات**

کە شەوێ لە پایینی دێ

بایەکی نێر لە پڕ دەگات

بە بایە... مێ...

*   *   *

# سرودی ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان
نەخشاوی خوێنی هەموو شەهیدان
بەڵێن بێ.. بەڵێن
سوێند بێ هەزار سوێن
هەڵتکەین لەسەر گشت لووتکەو یاڵێ
لەسەر بانێژەی گشت کۆشکو ماڵێ
لەسەر تۆپڵاخەی هەموو ئەشکەوتێ
لەسەر منارەی هەموو مزگەوتێ
ئاڵای کوردستان
ئاڵای کوردستان
نەخشاوی خوێنی هەموو شەهیدان
بەڵێن بێ بەڵێن
سوێند بێ هەزار سوێن
بڵند راتبگرین
لە ئاسمانی شین

بڵند راتبگرین بڵند راتبگرین
لە رێتدا بمرین
ئاڵای کوردستان ئاڵای کوردستان
لەسەر "جەوەڵ بۆر" لەسەر خاڵخاڵان
لەسەر ئەزمڕو سەر هەیبەت سوڵتان
لەسەر زۆزکو بەردەقارەمان
لەسەر ئامێدیو لەسەر هەورامان
لەسەر قامیشلیو لەسەر لوڕستان
لەسەر بەرزترین ترۆپکی بۆتان
ئاڵای کوردستان

ئالآی کوردستان
خەڵتانی خوێنی هەموو شەهیدان
هەمیشە بەرزی
هەرگیز نابەزی
پاسەوانی تۆن هەموو شەهیدان
پێشمەرگەی ڕێی تۆن هەمو کوردستان
ئالآی کوردستان
ئالآی شەهیدان
ئالآی کوردستان
ئالآی کوردستان
ئێمەش وەك هەمو گەلانی جیهان
ئالآی پیرۆزو بەرزی کوردستان
بە کوێرایی گشت دوژمنەکانمان
تاجی سەرسەری گەورەو بچووکمان
ئالآی کوردستان
ئالآی کوردستان
هەمیشە بەرزی
هەرگیز نابەزی
سووری بە خوێنی هەموو شەهیدان
شەهیدانی ڕێی کوردو کوردستان
ئالآی کوردستان
ئالآی کوردستان
تۆی هۆی سەربەستیو هۆی سەربەرزیمان
هەتا هەتایە تۆی شانازیمان
ڕەنگە سوورەکەت خوێنی شەهیدان
ڕەنگە سپیەکەت بەفری لووتکەکان
ڕەنگە سەوزەکەت بەهاری ژیان
خۆرە زەردەکەت هەتاوی بەیان

ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان

نەخشاوی خوێنی هەموو شەهیدان

دەی بە کوێرایی چاوی دوژمنان

بشەکێرەوە لە لووتکەی ئاسمان

***

## لە پەراوێزی دیوانەکەی بۆدلێردا

لە ئاوێنەی ژوورەکەمدا

دیوانەکەی بۆ دلێر ون بوو

کوا... دیوانەکەی بۆ دلێر

ئاوێنەکەم دیوانەکەی بۆ خوێندمەوەو

منیش لەبەرم کرد... دێڕ دێڕ

* * *

هەمیشە رێبوارێك

لە شەمەندەفەرێکدا... جارێك

یادگارێکی لەیاد دەچێ

هەمیشە شەمەندەفەرێك

لە شارێك

جانتای رێبوارێك

دەدزێ

* * *

بە خۆمەکەی دی — خۆم — م گوت

تۆ لەمن دەچی کوتومت

وتی: تۆ کێی

بۆ من لە کوێ بم تۆش لەوێی

ئیتر هەردووکمان رۆیشتین

هەنگاو هەنگاو بە یەکتری دەگەیشتین
ئێستاش هەردووکمان چەند دەڕۆین
بەیەکەوە درێژایی، ڕێگا دەخۆین
نە من ئەو دەناسمو نە ئەو.. من
- خۆم - ە کەی دی نازانم دۆستە یا دوژمن...
* * *
کات بە جزمەکانییەوە نووستووە
بیری چووە
نووستن بۆ ئەو نەهاتووە
بیری چووە
ئەمڕۆکە کات لە کوێ بووە
چی کردووە
بە جزمەکانییەوە نووستووە
* * *
هەر بۆ ئەوەی رزگارمان بێ
لە تەنیایی دڵی خۆمان
هەندێ لووتکەو چەند درەختێ
ناو لێ دەنێین نیشتمان
* * *

**رەهایی**

تاریکایی گەردوون دەخوا
هێدی.. هێدی رووبارێك
ڕێگا دەبڕێو دەڕوا
داری ناو دارستانەکە
سەریان ناوە بە کەلەوە... یەکە یەکە
سەیری مانگ دەکەن بە رووتی وا
لە ناوڕاستی رووبارەکەدا خۆی دەشوا

**شیمانە**

کاتژمێر نەخشەکانی منداڵیمان

بۆ کوێ دەبات

وا بەپەلە رادەکات...

**بەلەمی وێڵ**

منداڵەکە کۆمەڵێ کاغەزی هێنا

دایکی چەمۆڵەیەکی... لێنا

– ئەم ناڵەبارە دیسان

ماڵ دەکات بە: زبڵکوان

خوشکە گەورەکەشی هەڵچوو

– دایکە ئەم منداڵەت بۆ بوو...

منداڵەکە نقەی نەکرد

بێدەنگ... ورد... ورد

ورد... ورد... بێدەنگ

سەیری بارانەکەی دەکرد

بە کاغەزێکی رەنگاورەنگ

بەلەمێکی گەورە گەورەی دروستکرد

– فەرموون سەر کەون هەردووکتان

دەتاننێرم بۆ هەندەران

دایکیو خوشکەکەی پێکەوە

نەختێ لە قسەکەی رامان

سەریان هێناو سەریان برد

چوونە ناو بەلەمەکەوە

لە بارانە بەتاوەکەیان دەنواڕی

لەبری دڵۆپەی باران

دۆلار بەسەر بەلەمەکەدا دەباری

هەتا ئێستاش وەکو چیرۆکبێژ دەڵێ:–

بەلەم دەڕواو دەیانبات‌و دەیانبات
بەلەم نەڕادەوەستێ
نە بەهیچ جێیەك دەگات
بەلەم دەڕوات‌و هەر دەڕوات
دۆلاری بەسەردا دەبارێ
بەلاّم بەهیچ جێگەیەك ناگات

**ئاگاداری**

لەبیرتان بێ
وەك دوێنێ لەبیرتان نەچێ
قەلّەم دۆستی
سپێتی یە
سپێتی...

**تیۆرێکی ئەکادیمی**

ئەو درەختە
لەگەلّ من‌و چۆلەکەدا زیندووە
من‌و چۆلەکە جێی بێلّین
درەخت نییە مردووە...

**دەربۆنگ**

هەردەم بۆ هەورێك دەگەڕێم
بەناو نسێی وشەکاندا
رادەکات‌و رادەکات
دوو دلّە لەوەی ببێ بە مەل
لە بیابانی ئاسماندا
یا قەفەزی دلّی من داگیربکات
دوو دلّە لەوەی بەرەو مالّەوە بڕوات
یا تۆڕەکەی لەئاو پڕکات...

## شیعرو وێنە

کە منداڵبووین ئێمە وێنەی نیشتمانمان
لەسەر تەختە رەشەی پۆلدا
بە نهێنی دەنەخشان
کە گەورەبووین.. منداڵێتیمان بەسەرچوو
نیشتمانمان لە کتێبەکانماندا گەورەبوو...
کە گەورە بووین بەچاوی خۆمان بینیمان
شەهیدەکان
پەنجەی خۆیان لە خوێنی دڵیان هەڵکێشا
نەخشەی گەورەی کوردستانیان پیێ کێشا

* * * *

ئۆتۆمبیلێکو شەقامێك
عاشقی یەکتری بوون
شەقامەکە سکی کردو
تەپوتۆزێکی جوانی بوو..

* * * *

کە چاو لێك دەنێ ی
دەتوانی بڵێی
تەماشای – ئاسمان – دەکەم
کە بۆنی گوڵێك دەکەی
دەتوانی بڵێی
– با – راو دەکەم...

* * * *

من هەمیشە رەشەبایەك
دژی تووڕەیی گوڵ هەڵدەکەم
من هەمیشە کۆلارەیەك
بۆ هەورێ دوور دروستدەکەم

* * * *

لەسەر دیواری ژوورەکەم

وێنەی مەمکتم نەخشی

چپاندی بە گوێمداو گوتی:

تۆ نالّێ ی من شاعیرێکی کۆرپەلّەم

ئەی ئیتر بۆچی نامرژی...

* * * *

برۆ

برۆ

برۆ

ئەی مرۆڤ

برۆ... برۆ... برۆ

بەلاّم ئاگاداربە

هێند دوور نەکەویتەوە

گوێت لە خشپەی پێ ی گولّو

چپەو ورتەورتی بەردو

مۆسیقای تاڤگەی مەمکی

کچۆلّەکانی نیشتمانەکەت

نەبێ...

* * * *

شادی لە دەست ئێمە رای کرد

دەشێ منالاّنی دەستکرد

دەشێ.... دەشێ

بۆیان بلوێ

شادی دیل کەن

* * * *

## بۆ باوه شاسوار

زۆر بوون... زۆرن
ئەوانەی کە ئالێرەوە تێپەڕینو
تێدەپەڕن
منالّ / گەورە
کچۆڵە / ژن
دۆستو... دوژمن
ئەوان پیرێتیو مردن
بەبێ دەنگی کۆتیان کردن
تۆ هەر لاوی
سەرنج بدە زۆر زۆر زۆرن
ئەوانەی کە دەیانەوێ
بەم رێیەدا تێبپەڕن...
زۆر زۆر زۆر بوون
ئەوانەی کە بەم رێیەدا هاتنو چوون
نەمرییت نەدا بە کەسیان
تۆ جگە لە — برایم خان —
*  *  *  *

هەمیشە دەخوازم جەنگێك بەرپاکەم
جەنگێك دژی ناسیاوێك کە نایناسم
دژی نەناسێك کە هاورێمە
دژی کچێك
کە دەممی لە بازنەی مەمکی دا دیل
کردووە
دژی بۆنی کەلاکی گۆرانی یەکانی
تەلەفزیۆن
دژی تایەی ئۆتۆمبێلە سەرخۆشەکان

دژی ئەو پزیشکانەی
کە بە پارە نەبێ پێناکەنن
ئەوەتا گوێزانێکی تیژتیژم پێ یە
جەنگێك بەرپادەکەم
دژی سمێڵم...
* * * *

نازانم زمانم
وەك ریشم درێژکەم
یا کورتی کەمەوە
کورت... کورت...
وەك مووی تەوقی سەرم...
* * * *

باران هەردەم
شتە کۆنەکان دووبارە دەکاتەوە
باران هەمیشە دەنووسێ: گوڵ...
ئیتر هیچ وشەیەکی دی
پێ نانووسرێ
* * * *

خوانی دەریا هەمیشە پڕپڕە لە لمو چەو
خوانی بیابان... لە ماسی
خوانی چیا لە دەفتەرو قەڵەم
خوانی قوتابخانە لە باران
خوان... خوان... خوانی شاعیر
پڕاو پڕە لە فێڵو پیلان
دژی خودی خۆی
دژی بازنەکانی شیعر
خوانی سیاسی تژی یە لە خوێنو درۆ

## ئەو شیعرانەی کە لە ناونیشان بیزارن

پرچت زێی ئاورێشمێکی زەردە
من حەزدەکەم
بەرماڵێکی لێ بچنم
نوێژی عەشقی لەسەر بکەم
***
پێی گوتن: رەشەبا
چ کاتێ هەڵدەکا
پێیان گوت: نازانین
خۆ ئێمە خودا نین
پێی گوتن: نیشتمان نزیکە
یا دوورە
پێیان گوت: ببوورە
نیشتمان
زیندان بوو رووخانمان
پێی گوتن
دۆستن یا دوژمنن
بێ دەنگ بوون
تا ئێستاش بێ دەنگن...
***
لە زمانی ئاو نازانم
بەلام کاتێ
لە کەژاوەی هەورێکەوە
دەکەوێتە سەرەتاتکێ
بەر لەوەی ورتە بکا
دەزانم بانگی گوڵ دەکا
***

هەور كە بەسەر زەوییەكی تەشەنگدا
تێدەپەڕێ
چی پێدەڵێ؟
وا بەجارێ هەزاران گوڵو سەوزەگیا
هەموو لەماڵ دێنەدەرێ
***
شوێن هەمیشە
كۆتی زێڕمان دەكاتە پێ
كات گشت دەمێ
جانتاكانمان دەدزێ
***
زەویو ئاسمان لەوەتی هەن
عاشقنو سەرنجی یەكدی دەدەن
پەیژەیەكی درێژ نییە
سەرەوخواری لێوە بكەن
***
زۆر دەنگ لە دەرگاكەم دەدەن
زۆر دەنگ لەودیوی مژو تەمەوە
دەرگا
تەنها
لە بێدەنگی دەكەمەوە
***
هیچ ڕێیەك بۆ — بانە — ناڕوات
هەموو ڕێیەك
بەرەو تاراوگە رادەكات

## هێڵکاریی دووەمی ئەو شیعرانەی
## لە ناونیشان بێزارن

بەیەکەوە گەورە بووین
بەیەکەوە بۆ دوێنێو بۆ ئەمڕۆ چووین
بەیەکەوە هەردووکمان
رامانکرد لە دەست نیشتمان
بەیەکەوە دەمامکی یەکترمان
لە رووخساری یەکدی ئاڵان
من بووم بە تۆو.. تۆیش بووی بە من
کەس نازانێ هەردووکمان
دوو دۆستین.. یا دوو دوژمن
خۆمو.. من..
****
بۆ هەرکوێ دەڕۆم.. نیشتمان
گەمارۆم دەدات وەك زیندان
ئەرێ قاچاخچییەك نییە..
بە پاسەپۆرتێکی ساختە.. نیشتمان
ببات بەرەو هەندەران..
****
بەبێ دووربین
ئەو شتانە دەبینم
کە هەر بوونیان نییەو نین
****
شەوێك وەك پیاوە مرۆخۆرەکانی پێش مێژوو
بە زیندوویێتی کەوڵت دەکەمو
چەرمەکەت دەکەم بە پاڵتۆیەك بۆ خۆمو
گۆشتەکەشت بە چنگاڵ دەخۆمو

به خوێنەکەت هۆنراوەیەکی سامناك
دەنووسم‌و
لە لوولاقەکانت چەند شمشاڵێك
دروستدەکەم
بۆ ئەوەی هەرچەندە فووم پیاداکردن
گوێم لە بۆنی دەنگی گریانت بێ
لە بیرم نەبوو
هەردوو مەمکت دەکەم بە دوو تۆپی
سەبەتەو
شەوان بەدزیی هاوسەرەکەمەوە
لەگەڵ دەزگیرانە جنۆکەکەمدا
گەمەو وازییان پێدەکەم.. و
ئێسك‌و پرۆسەکەکەشت دەسووتێنم‌و
خۆڵەمێشەکەی دەکەم بە مەرەکەب‌و
ناوی شۆڕشگێڕە گومناوەکانی پێ دەنووسم
یا ناوی عاشقە نەناسراوەکان
یا ناوی دەزگیرانە دڵنارنجۆکەکانی پێ دەنووسم
یا ژمارەی گوناهەکانی خۆم
یا ژمارەی ئەو ماچانەی کە نەمتوانی بیانکەم..
یا دەشێ جادووی تەمەندرێژیی پێ بنووسم
بۆ خۆم‌و هەندێ کچۆڵەی ساویلکە..
ئا بیرم کەوتەوە جلە کانیشت لە بازاڕی
دارەسووتاوەکە
هەرزانفرۆش دەکەم... و
ڕۆمانی – موبی دیك – ی پێدەکرم..
****

هەموو یەکێك لە ئێمە

دوو سێ ڕووی یەدەمی هەیە

لە کاتی نمایشکردندا

جوانترینیان دەنوێنێ

هەموو یەکێك لە ئێمە

دە دوازدە زمانی هەیە

لە کاتی گفتوگۆدا

خۆشترینیان بەکاردێنێ

هەموو یەکێك لە ئێمە

شەش حەوت هەزار دڵی هەیە

کە بۆ ژوانێك دەچێ

هەمووی دەبەخشێ بە کچێ

****

ڕێگا

لەژێر پێدا

لەدایك دەبێ

ڕێگا

****

ڕێگا..

هەر دەدوێ‌و هەر دەدوێ

بە تەنها ئەو گوندەی بۆی دەچێ

تێدەگا چی دەڵێ...

****

ڕاوچییەکانی کەناری ڕووباری سیروان

شەوێك دوای ماسییەك کەوتن

نەیانتوانی ڕاوی بکەن‌و

شەکەتبوون‌و یەك یەك خەوتن

ڕاوچییەکانی کەناری ڕووباری سیروان

نەیانزانی ئەو ماسییە دڵی منە
هەموو شەوێ دەگەڕێتەوە بۆ گەرمیان..
****
چ بکەم.. چ نەکەم
لەسەر لمی دەفتەرەکەم
وێنەی رەوە کار مامزێك
دروستدەکەم
برسییان بوو.. پەڕەی گیاکەی
دیوانەکەی – واڵت ویتمان – یان
دەرخوارد دەدەم..
****
لەبیرتان بێ
گڵکۆش جێگایە
شەڕو دڵداریی
تیا دەکرێ..
****
تاریکایی دونیا دەخوا
هێدی هێدی رووبارێك
رێگا دەبڕێو دەڕوا
داری ناو دارستانەکە
سەریان ناوە بە – کەل – ەوە
سەیری مانگ دەکەن بە رووتی وا
لە ناوڕاستی رووبارەکەدا خۆی دەشوا..
****
دەریا چی بە گەمی دەڵێ
وا گورج لەگەڵیدا کۆچ دەکات؟..
رەشەبا چی بە گوێی گوڵدا دەچپێنێ
وابەبێ دەنگ گوڵ لەگەڵیدا دەڕوات؟..

****

وا هەستدەکەم کە من خۆم لە خۆمدا ونم

لێمتێکچووە

کاممان خۆمم.. کاممان منم؟!..

****

لە هۆڵێکدا نازانم

لەکەیەوە هەڵواسراوە

ئەو ئافرەتە لە ناوەڕاستی

ئەو تابلۆ تاریکەدا

بە رووتی راوەستاوە

بە شەوان مانگ

سەرنجی لەشی دەدات

بە رۆژ هەتاو

خۆی بە ژوورەکەیدا دەکات

ئافرەتەکە نەخۆی پۆشتە دەکاتەوە

نە ئەو هۆڵە بەجێدێڵێتو دەڕوات

ئەو ئافرەتە لە ناوڕاستی

ئەو تابلۆ تاریکەدا

چاوەڕوانی کێ دەکات!

لەوانەیە چاوەڕوانی

ئەو هونەرمەندە وێڵە بێ

دەیان ساڵە رۆیشتووە

جلوبەرگی بووکێنیی بۆ بکڕێ...

****

کە مانگ دیار نییە

بۆ کوێ دەڕوات؟

دەچێتە باخچەیەکەوەو

گوڵو سەوزە گیا دەخوات..

****

که ئاسمان دیار نییه

له کوێیەو چی دەکات؟

دەڕوا له دەریایەکدا

چاوەکانی شینتر دەکات..

****

که دەریا دیار نییه

له کوێ خۆی ون دەکاو چی دەکات؟

دەڕوا لەگەڵ هەمەنگوای — دا راوی

نەهەنگو ماسی دەکات..

****

ئەی که شیعر دیار نییه

دەڕوا بۆ کوێو چی دەکات؟

دەبێ به ئەسپێکی سەر کێشو

له — مەولەوی — شوێن پێی کچی جوان

دەخوات..

****

منداڵەکه.. کاکڵه گوێزەکەی بۆ هەڵدا

مەیموونەکه بەرلەوەی بیگرێتەوەو.. بیخوا

دارستانی بیرکەوتەوە.. دارستان

چاوی پڕ بوو له بڵێسەی

رقو گریان

ئیتر زانیی

له قەفەزی باخچەی ئاژەڵاندا

تەواو دەبێ ژیانی

حەزی دەکرد جارێکی دی

به دارستانەکەدا بڕوا

شێرێك پەیدابێو بیخوا

نەك بەدرێژایی تەمەن
لەقەفەزدا کاکڵە گوێزو
مۆزو پرتەقاڵی بۆ هەڵدەن
هەر ئەو ساتە مەیموونەکە مانیگرت..
تامی خواردنی نەکرد
تاوەکو مرد..

****

ئاژەڵەکەلی ناو باخچەکە بە هەموویان
پەیکەرێکیان بۆ دروستکرد لە گریان..

****

شیعر دەڕوا.. وەکو وێڵێ
بەبێ ئەوەی ناونیشانێك بەجێبێڵێ..

****

شیعر دەڕوا
هێدی.. هێدی
بە دوو ریز ددانی نادیار
شوێن پێکانی خۆی دەخوا..

****

شیعر دەڕوا
نە گوێ لە شەیتان دەگرێ
نە کڕنووش دەبا بۆ خوا..
دەڕواو
دەڕوا
شوێن پێکانی لە ڕێگا دوورەکاندا
دەبێ بە کانیو سەوزە گیا..

****

لەبەر ئەوەی
دوازدە مانگەکەی شارەکەم
مانگێ رووناکیی تیا نییە
من ساڵ دەکەم
بە سیازدە مانگ..
****
لەبەر ئەوەی
هەفتەکانی شارەکەم
رۆژێکی خۆشی تیانییە
من هەفتە دەکەم بە هەشت رۆژ..
****
چونکە پەڕەی شەوو رۆژی وڵاتەکەم
عەشقی تیادا نییە یەك دێڕ
شەوو رۆژی ئەم نیشتمانە دەکەم
بە بیستو پێنج کاتژمێر..
****
بە دەباشیر.. یا بە قەڵەم
شەمەندەفەرێك دروستدەکەم
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ
درێژ

درێژ

درێژ

هێندەی

شەڕی

براکوژیی

شارەکەم..

شەمەندەفەرێك دروستدەکەم...

****

لەبەر ئەوەی لەم شارەدا

دەریا نییە

من لە وشە دەریایەك دەئەفرێنم..

****

لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە شەمەندەفەرێ

بەم شارەدا تێناپەڕێ

هۆنراوەیەك دەنووسم

هێندەی هەزار شەمەندەفەر درێژ بێ

فارگۆنەکانی پڕ دەکەم

لە پەپوولەو کۆلارەو تەم

بەبێ پاسەپۆرتو کرێ

بۆ هەندەرانیان دەبەم...

****

مەلی مردوو

نە ئاسمانی هەیە

نە قەفەز..

****

هیچ سەیر نییە گورگ گیا بخوات

هیچ سەیر نییە کارمامز بۆ

راوی شێرو پڵنگ بروات

هیچ سەیر نییە شەقامێك
عاشقی کچێك ببێ
هیچ سەیر نییە دەمی زامێك
دەیان چەپکە نێرگز بگرێ
هیچ سەیر نییە نەخوێندەوار
نامەی دڵداری بنووسێ
سەیر ئەوەیە لەم شارەدا
کورسی بە قنگەوە دەنووسێ..
****
نیشتمان
تەنها گڵکۆ
پێشکەش دەکا بە هەژاران..
****
هەینی بوو.. بانگی شەممەم کرد
پێکەوە پیاسەیەك بکەین
پاش بیست و چوار کاتژمێر
لە بەردەممدا قوت بۆوە
دەستی یەکدیمان گرت و
چووین بۆ بازاڕ
ئەوەندە شتم بۆ کڕی
جانتاکەی دەستی ئاوسا
لەپڕ خۆی کرد بە شەمەندەفەری
یەکشەممەدا
ئەوا لەم وێستگەیەدا راوەستاوم
بە جانتایەکی بەتاڵەوە
بانگی دووشەمە دەکەم..
****

من نیشتمانی خۆم هەیە
نیشتمانێك بێ نەخشەیە
نە سەرۆکی هەرێمو
نە سەرۆك کۆماری هەیە.
***

## شیعرێك لە دوو دەقدا

### ١- عەشقێکی کلاسیکی لە سەردەمی هیپیزمدا

من دەروێشیم نەکردووە
من خواناسێکی سەرەڕۆم
ڕۆژێ بەرەو مزگەوتو
ڕۆژێ بۆلای کچێك دەڕۆم
****

ڕۆژێ دەستم بە قوڵفی
کەعبەی پیرۆزەوە دەگرم
ڕۆژێ بە لێو ئارەقی گۆی
مەمکی کچێك دەسڕم
****

ڕۆژێ کڕنووش
بۆ خوای بێ ناونیشان دەبەم
ڕۆژێکیش نوێژ
بۆ کچێکی شەیتان دەکەم
****

ڕۆژێ وەکو گوڵ تووڕەمو
ڕۆژێ وەك لافاو لەسەرخۆم
ڕۆژێ وێڵی دوای راستیمو
ڕۆژێ گرێبەستی درۆم

****

ڕۆژێ بە دوای ناوەکانی

خواکەی دڵی خۆمدا وێڵم

ڕۆژێ بە تینوێتی لێوم

سووتووی عەشقی

کچێکی نامۆ دەکێڵم

****

ڕۆژێ گۆشەی تەنیاییو

ونگەو تاراوگە دەگرم

ڕۆژێکی دی لە نێوانی

مەمکی ژنێکدا دەمرم

****

من دەروێشیم نەکردووە

من خواناسێکی سەرەڕۆم

ڕۆژێ شەیدای ڕاستیمو

ڕۆژێ وێڵی دوای درۆم

## ٢- تەبایی شتە ناتەباکان

هەرچی کاتێ بە خۆم دەگەم

ئەو هەڕەشەم لێدەکاتو

من هەڕەشەی لێدەکەم

کە نەمن ڕێی لێ بگرمو

نە ئەو پێ بنێتە ڕێگەم

کەچی بۆ هەرکوێ ڕێ پەیکەم

هەر پێم دەگاو هەر پێی دەگەم

نە لە هەڕەشەی سل دەکەم

نە دەترسێ لە هەڕەشەم

هەمیشە خۆم هەڕەشە لە من دەکاتو

من هەرەشە لە خۆم دەکەم
هەتا ئێستاش خۆمو من
پەنجە لێك رادەوەشێنن
وەك دوو دوژمن
لەوانەشە دوو دۆست بن
***

## چەند مەشقێکی دەروونیی بە وشە

ڕۆژەکانی هەفتە
لە دووبارەکردنەوەی خۆیان
بێزاربوون
هەینی بڕیاری داوە
مۆڵەت لە مزگەوتەکان وەربگرێو
ئەمساڵ بچێ
بۆ حەجی پیرۆز
جا ئیتر نازانم ئەم ماوەیە
چۆن نوێژی هەینی بکەین...
هەروەها شەمە
بە پاسەپۆرتێکی ساختە
دەڕوا بۆ ئیسرائیلو
لەوێ دەبێ بە پەنابەر... لەوانەشە ببێ بە
کتێبفرۆش
یەك شەمەش بڕیاری داوە
بەپێ بچێ بۆ ڤاتیکانو لەگەڵ پاپادا
چارەسەرێك بۆ کێشەی نێوانی موسڵمانو

مەسیحییەکان

بدۆزێتەوە

دوو شەمەش سواری پاسکیلێك بووەو

بەرەو ئوستترالیا دەڕواو لەوێ دەبێ

بە ئەندامی پەرلەمان و

راوە کەنغر رەوا دەکات

سێ شەمە عاشقی یاری تۆپی پێ بووەو

دەچێ بۆ مەکسیك

دەبێ بە گۆڵچی

***

چوار شەمە دەمانچەیەکی لە (کەلار) کڕیوەو

دەڵێ دەبم بە چەتەی فیلمی کاوبۆو

لە سەهۆڵبەندانی ئەسکیمۆدا راوە کەرکەدەن

دەکەم...

پێنج شەمەش خۆی مینرێژ کردووەو

دەڵێ ئەگەر پەرلەمان نەمکات

بە پشووی فەرمی

خۆم دەتەقێنمەوە...

## دڵداری لەگەڵ کچە جنۆکەدا

ئەوسا... کە ئاوی (قوشەچەپان) تورە دەبوو

پەری و حۆری رووت رووتی

لە شەپۆلە سەرەڕۆکانیدا دەهێنا

لە کەناری چەمەکەدا کروشکەیان دەکردو ئێمەش

بە چیلکەو چڵ و چێو

ئاگرمان بۆ دەکردنەوەو

ئەنگوستیلەکانی پەنجەیان دەداینێ و دەیاندا لە

شەقەی باڵو
دەچوون بۆ شوێنێکی دیارو نادیار
بیرمە جارێکیان مووی سەری خۆم رنی‌و
بۆ کچە پەرییەکی سەرما بردەڵە
ئاگرێکم پێ خۆش کرد
بۆیە سەرم مووی پێوە نیە...!
ئەوسا کە شەوان
کوانووی تەکێکەمان خامۆشی داگیری دەکرد
کیژۆڵەی دێوو جنۆکەو هتد
لەژێر خۆڵەمێشەکە دەردەچوون‌و
تاکو شێخ مەحموودی باوکم
بۆ قورئان خوێندنی بەیانی تۆرِی خەوی دەدرِی
پێکەوە یاریمان دەکردو دیاریمان دەدا بەیەکدی...
تاوەکو ئێستاش کڵاوێکم هەیە
کچۆڵەیەکی جنۆکە پێشکەشی کردووم
بە هاوین لەسەری بکەم
فێنکم دەبێتەوەو
بە زستان لەسەری بکەم
گەرمم دەبێتەوە
ئەوسا کە تازە شەیتانی ببوم
لەو داستانانەوە کە پورە رەعنا
بۆی دەگێرِامەوە
کچە پادشایەك لە دەست نەرِە دێوێك
رایدەکردو
لە توێی جێگاکەمدا خۆی دەشاردەوەو
حەزی لە من دەکرد
ئەگەر هەستی بە ترپەی پێیەك بکردایە
لە توێی کتێبێکی قوتابخانەمدا

خۆی دەشاردەوە
شەوێك لە توێی کتێبێکمدا ون بوو
من بۆیە عاشقی کتێبم و
هەموو کتێبێك پەڕە بەپەڕە دەخوێنمەوە
لە توێی هەموو پەڕەکاندا
بۆ ئەو کچە پادشایە دەگەڕێم
کە بە منداڵی لە توێی کتێبێکدا ونم کرد
من لە توێی پەڕەی هەموو کتێبێکدا
مووی ڕەشی پرچەکەی بەدی دەکەم...

## قەڵای ون

لەناو بریسك و هوڕی کڵاوڕۆژنەکەدا
بەردەکان
هەمیشە دیرۆکی خۆیان و
بەسەرهاتەکانی قەڵاکە
دەگێڕنەوە
بەردەکان ڕاست و درۆ هەڵدەڕێژن
جار جار هاوارێك لە چاویان هەڵدەقوڵێ
بانگی منداڵێتی خۆیان دەکەن
لە داوێنی چیا سەوز هەڵگەڕاوەکان
وەکو دەڵێن: ئەم قەڵایە
زۆر ژنی مارە کردووە...
زۆر نەوەو نەوەزای لە چینی دیوارەکاندا
گلڕێژ کردووە...
زۆر ئاهەنگی سەرکەوتنی
گێڕاوە
لە شایی زۆر کچۆڵە و
لە زەماوەندی زۆر لاودا

سەرچۆپی گرتووە
بەردەکانی ئەم قەڵایە
ئەوەندە قسەیان کردووە
لە پاڵ قەڵاکەدا
قەڵایەکی دییان دروستکردووە...
قەڵایەکی نەبینراو
ئەگەرچی قەڵاکە هێشتا تۆکمەیەو
تووشی هیچ نەخۆشییەکی ئەرکیۆلۆژی
نەبووە...
خەڵك بە قەڵا نەبینراوەکەوە
سەرسامن...
باسی کچێکی پاڵەوان دەکەن
کە ئەو قەڵایەی
لە کەللەسەری پیاوی نێرەمووك
دروستکردووە...

**لاساری**

پرچ‌و مرچی ژنان دادێنێ
گۆو مۆی مەمکی کیژان دەژمێرێ
چراو مرا دەدەگیرسێنێ
شیعرو میعر دەنووسێ
نامەو مامە دەدزێ
وێنەو موێنە دەکێشێ
کۆلارەو مۆلارە بەرەو ئاسمان هەڵدەدات
بەیاننامەو مەیاننامەی شەڕو ئاشتی واژۆ
دەکات
پەپولەو مەپولە مۆمیا دەکات
پشیلەو مشیلە راودەنێ

کەناڵو مەناڵی تەلەفزیۆن دەگۆڕێ
هەڕەشەو مەڕەشە لەمو لەو دەکات
شایەتمانو مایەتمان دێنێ
دەستی ڕاست

# عەشقنامەی سەدەی بیستو یەك

**پێشکەشە بەو شۆخەی کە پێی گوتم:**

چوار ساڵە خۆشم دەوێیتو دەتدوێنمو لێم تێناگەی

پێم گوت: منیش چوار ساڵە خۆشم دەوێیتو ناوێرم

پێت بڵێم... و سوپاسی ئازایەتیت دەکەم کە تۆ وێرایت

پێم بڵێی... تکا دەکەم لە گوناحی ئەم چوار ساڵەم ببوورە

## دایك

لە کلاو رۆژنەی ماڵێکەوە... منداڵێك
هاواری کرد... دایە... دایە
(سەرنج بدەن... ئەها دایکم
لە ناو ئەو هەورەدایە)
هەور بازی داو رانەوەستا
لەسەر شووشەی تەڵخی کلاوڕۆژنەکەدا
چەند فرمێسکێك جێما بۆ — با —
من نازانم فرمێسکی منداڵەکەبوو
یاخود شوێن پێ ی ئەو هەورەی کە بە هایوهوو
بە شمشێرێ درێژەوە
بۆ ئەو دیوی چیاکە چوو...
***

## تەرم

کە دەدوێین
لە کوێ دا
لە کوێ دا
ئەم هەموو تەرمی بێدەنگی یە
لە خاك نێین
***

## جادوو

دار ناگری نا
پێناکەنێو راناکا بەناو کۆلانا
هەرگیز رۆژێکیش شەڕ ناکا
لەگەڵ بای ناو دارستانا
بەڵام لەپڕ
دەبێ بە هێلانەی کۆتر
***

## ماڵ

با هەمیشە هانمان دەدات
ماڵەکانمان
بەرین بەرەو تاراوگەیەك
لەدوورەوە سەیرمان دەکات
***

## سەرگوزشتەی تابلۆیەکی تەنیا

کچۆلەکە سەدەیەکە... یا دووە
لە سووچێکی تابلۆکەدا
تۆز لە پێڵووی نیشتووە
هەتا ئێستاش کوڕێك نەهات
لە تۆڕی خەو ئازادی کات
***

## سەوزەگیا

هەر ولاتێ
پەپوولەو گیا زوێر بکات
رووبار
گۆرانی بۆ نابات
***

## ئەسپی با

من دەڵێم داهاتوو
لە گژوگیا دروستدەکرێ
بۆیە ئەسپی با دەیخوات
***

## فیل

با بە لێوم لێوەکانت بسرم
جێ ماچەکانمی پێوەیە
نەوەك دایکت بیبینێ
***

## نهێنی

کەس نازانێ
پەردەی پەنجەرەی ماڵەکان
بێتە زمان
چی دەڵێ
***

## گریمانه

جا کێ دەڵێ سەری خۆم
رۆژێ نابێ
بە گڵکۆم
***

## واق ورمان

چەند تەنیایە بەبێ میوان ماڵ
چەند تاریکە بەبێ خۆشەویستی دڵ
چەند بێ نازە بەبێ مەمك ستیان
چەند بێ کەسە بەبێ چۆلەکە درەخت
چەند چۆڵە بەبێ من
نیشتمان
چەند دەردۆنگە بەبێ شیعر
دەفتەر...
***

## رەو

وێنەکێشێك
وێنەی دارستانێکی کێشا
کە زستان هات
چی چۆلەکەی شارەکە بوو
بۆ ناو دارستانەکە هەڵهات
***

## پاڵتاو

چیا
پاڵتۆی نیە
جگە لە - با -
***

## یاری

کە کاغەزێ
سپی سپی بەدی دەکەم
یەکسەر دەیکەم بە قەفەزێ
سەدان وشەی تیا دیل دەکەم
***

## یاری یەکی دی

کە لەگەڵ رووباردا دەڕۆم
هەر کە شەو بە جانتایەکی رەشەوە هات
پڕ باوەشێ ئەستێرەی لێ دەدزێتو
رادەکات
بە تەنهایی من جێدێڵێ لە لای خۆم...
***

## دز

بڕۆم بۆ کوێ
رێگایەك هەر دوام دەکەوێ
***

## دۆزینەوە

تۆ جیهانێ گەورە گەورەی
من نازانم لە چ شارێکتدا ونم
چۆن چۆنی خۆم بدۆزمەوە
مەگەر لەشت تۆزقاڵ.. تۆزقاڵ بپشکنم
***

## لاسایی کردنەوە

هێندە چاوت دەخوێنمەوە
تا رەنگی چاوت دەدزم
شیعرێ سەوزی پێدەنووسم
***

## دەریا

هێندە سەیری پرچت دەکەم
تۆزقاڵ تۆزقاڵ هەمووی دەبەم
دەریایەکی زەرد زەردی لێ دروستدەکەم
***

## دوودڵی

هەموو ئاسمانەکانم بست بستماڵی
ئەو هەورەم هەر نەدۆزییەوە
کە هاورێم بوو بە منداڵی
ئای دەشێ
ئێستا وەك خۆم
پرچەکەی سپی بووبێ
یا دەشێ

لە شەڕی براکوژی دا

بەرگوللەی وێڵ کەوتبێ

***

## کات

هەمیشەو هەمیشە

لەو شەقامەدا کات

پیاسەو غەڵبە غەڵب دەکات

نازانم چی پێویستە چی

بە گۆچانە کورتەکەی هەر

لە دەرگای ماڵان دەدات

***

## منو خۆمو خۆمو من

منو خۆم

لە شەڕێکی بێ وچاندان

وەکو دەنکە شقارتەو مۆم

خۆمو من

بەردەوام لێك توورە دەبن

کەچی خۆم بۆ کوێ بڕوات

منیش بۆ ئەوێ رادەکات

***

نازانم خۆمو من

دۆستن یا دوژمن

***

## چاوشارکێی عاشقانە

من دێمەناو دڵی تۆوە
تۆش وەرە دڵی منەوە
دەبین بەیەك هەردوکمان
ئیتر پێویست بەوە ناکات
ماڵمان هەبێ یا نیشتمان
***

## گۆڕستان

من نامەوێ دەفتەرەکەم
گۆڕستانی وشە بێ
من دەمەوێ
هەموو پەڕە کاغەزێ
بە چەند پەیڤێك داگیرکەم
***

سنووقی پۆستە نازانێ
نامە زەردەخەنەی تیایە
یا برووسکەی گریانێ
***

## سکێچی دووەمی شیعری:

### کانی

ئەو کانی یە
بۆ وا خاوو خلیسك دەڕوات
بۆ نازانێ چەند کچۆڵەو
چەندین هەزار گوڵو موڵو
چەندین ملیۆن گیاو درەختو
چەندین بلیار باڵندەو مەل
سەدەیەکە گلارەیان نەنوستووە
هەر هەموویان کوێچکەیان بۆ
ترپە ترپی گۆچانە زیوینەکەی ئەو
هەڵخستووە...
***

### سوورەتی عەشقو تەنیایی

شەپۆل زۆر زۆر بێ ئەمەکە
لە دێوەرەی ئاسوودەیی
کەناردا لە دایك دەبێ
کە کۆچ دەکاتو دەڕوات
ببڕای ببڕ سەر لە دایکە
میهرەبانەکەی خۆی نادات
***

## ترس

رەشەباش قاچی هەیە

کە دوادەکەوێ رادەکات

رەشەباش باڵی هەیە

کە هەست بە مەترسی دەکات

دەفڕێو لە شەقەی باڵ دەدات

***

## پاسکیل

ئاسنیش پێدەکەنێ

بەڵام ئێمە نایبینین

هەوریش سواری پاسکیل دەبێ

ئێمە هەستی پێناکەین

رابوردووش سەرمان لێ دەدات

بەڵام بە ناوی ئێستاوە

ئێستاش بە جێمان دێڵێ

بەڵام بە ناوی رابوردوەوە...

***

## ئاڵوگۆڕکردن

گڕ بەردەدەم لە کاغەزو لە پێنووسم

ئیتر شیعر بە زمانم

لەسەر لێوی تۆ دەنووسم

***

## نامۆبوون

من نازانم کە خۆم چیمو خەڵکی کوێم
بەڵام ئەوەندە دەزانم
لەهەر شوێنێك جێ پێت دیاربێ
من ئەلەوێم
***

## شەڕی ئاشتی

پەیکەرێکم کرد بۆ گریان
پەیکەرێکم کرد بۆ خەندە
پەیکەرێکم تاشی بۆ خۆم
پەیکەرێکی تریش بۆ من
خۆمو منو منو خۆم
سەدان ساڵەو هەزار سەدە
شەڕ دەکەینو یەك راودەنێین
لەسەر قلێ گریانو
دەنکێ خەندە
***

## گەمە

لە شەقامەکاندا
فیکەیەکی بێ کۆتایی دەچێنێ
مەلو سێبەر
لێکتر دەکات بە دوژمن.. بەفر
لەدوور بانگی بەفر دەکات: پەنجەرەیەك
لەدوور سەیری بەفر دەکات: ئەستێرەیەك
لە باخچەیەکی دوور دووردا شاعیرێك

تا هاوین خۆی بە فرمێسکی خۆر دەشوات
باسی مەرگ دەکات بۆ بەفر
***

## بەدخوو

چەند نمەك نەناسە شەو
ئێوارەیەك هاتو بوو بە دراوسێمان
دیوارکۆمان بۆ هەڵکرد
گڕمان بۆ خستە پێکەنین
نوێنی گەرممان بۆ برد
کەچی... بوومەلێڵ جێ ی هێشتین
ئەرێ ئێمە دراوسێ یەکی دڵڕەقین
***

## تاراوگە

خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم
هەر لە خۆمدا دەخولێمەوە
ڕێم نیە بۆ هیچ کوێ بڕۆم
دەمەوێ بۆ لای تۆ بێمەوە
لێم تێکچووە تۆ منی یاخود من تۆم
هەر لە خۆمدا وەك خوێن دەسووڕێمەوە
خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم...
دەمەوێ بچم بۆ لای تۆ...
بۆ لای خۆم دەگەڕێمەوە
دەمەوێ دیدەنی خۆم بکەم
لە لای تۆ دەگیرسێمەوە...
خۆم بووم بە تاراوگە بۆ خۆم
لێم تێکچووە تۆ منی یاخود من تۆم

## هەڕەشەکاری

ئەو رووبارەی کە هێشتاکە
لە بێشکەدا دەگریو ئنگا ئنگا دەکات
نە هەنگێکی گەورە گەورە
بە تەمایە داگیری کات
***
ئەو پاپۆڕەی کە هەنووکە دارو بزمار
بۆ دروستکردنی دەبەن
دەیان شەپۆلی زەبەلاح لە دوورەوە
هەڕەشەو گوڕەشەی لێدەکەن
***
ئەو شاعیرەی کە تا ئێستا
دێڕێ شیعری نە رستووە
سەد رەخنەگر... لێرەو لەوێ
تەوراسیان بۆ تیژ کردووە
***

## تەنیایی

شیعر کە زیز دەبێ لێمان
رەنگە بڕوات
لەسەر درەختێکی تەنیا
هێلانە بۆ خۆی دروستکات
***

## هاورێ

هەمیشە یەکێك چاوەڕێمانە

با سێبەرێکیش بێ

هەمیشە دووان شەڕدەکەن

با درەختو کانی یەکیش بێ

هەمیشە یەکێك بۆ منداڵێتیمان دەگەڕێ

با کۆلارەیەکیش بێ

***

## پردێکی دی

مۆنالیزایان لە دافنشی مارەکرد

ماچەکانیان لە نێوانی

زەوی‌و ئاسماندا بوو بە پرد

***

## رێ

من تەنیا نیم... بۆ کوێ بڕۆم

رێیەك هەیە دەزگیرانمەو

هەمیشە دەیبەم لەگەڵ خۆم

***

## پەیکەر

وەکو گوتم پەیکەرەکە نە لە زێڕ بوو
نە لە مرواری
کەسیش نەیدەزانی پەیکەری کێ یە
لەکەیەوە دروستکراوە
ئامەوە... یا شوومە
جار جار بە چەخماخەی خەندەیەك
پێڵاوەکانی خۆی رەش دەکرد
ئاو وەکو پیرەژنە جادو بازەکە دەیگوت: دەیویست
پێڵاوەکانی بدزێ
لە رۆژی سیو دووی مانگی بەفرانباردا
لەپڕ پەیکەرەکە هەڵهات
پیرەژنە جادوبازەکە وایدەگوت
ئێستا کەس نازانێ
پەیکەرەکە لە کوێ یە
پێدەکەنێ یا بووە بە خۆڵەمێش
لە گوێ چەمێکی وشك میز دەکات
یا لە رستۆرانتی — فرێند —
لەگەڵ هاوڕێیەکی دا نان دەخوات
(لەبیرم نەبوو بڵێم: کەس نازانێ
نێرە یا مێ یە
بەڵام ئاو
هەر بۆ پێڵاوە رەشەکانی دەگەڕێ...
***

## سکێچی دووەمی شیعری:

### تەرم

گشت دەمێ با
تەرمی شتێك... لە جانتا نەبینراوەکەیدا
بۆگەن دەکا...
هەور گشت دەمێ
شتێکی لەسەر لووتکەیەك
لەبیر دەچێ
هەموو دەمێکیش زەریا
گۆڕێکی بەتاڵ بەتاڵ
وا لە بەردەم دەرگاکەیا
***

### نووسین

باران هەردەم
شتگەلێکی کۆن دووبارە دەکاتەوە
باران هەردەم
دەنووسێ گوڵ
ئیتر هیچ وشەیەکی دی
پێ نانووسرێ...
***

### قەڵای کەرکووك

بەلای قەڵادا تێپەڕیم
– منیش شەیدای وشەی کوردیم
بۆچی ناچی
دیوانێکی ئەسیریم بۆ بکڕی...

## ڕەنگ

بەڕەنگی سەوز
پەڵەیە قەرسیلم نەخشان
سەدان مامز لەسەر پەڕەی دەفتەرەکەم
بوون بە میوان
***

بەڕەنگی زەرد
خەرمانێکم دروستکرد...
هەزاران چۆلەکە هاتن
لە توێی دەفتەرەکەمدا نوستن...
***

## خۆمەکەی دی

بە خۆمەکەی دی خۆمم گوت
تۆ لە من دەچی کوتو موت
وتی تۆ کێ ی بۆ من لە کوێ بم تۆش لەوێ ی
ئیتر هەردوکمان ڕۆیشتین
هەنگاو هەنگاو
بە یەکتری دەگەیشتین
ئێستاش هەردوکمان چەند دەڕۆین
بەیەکەوە درێژایی ڕێگا دەخۆین
نە من ئەو دەناسم.. نە ئەو من
خۆمەکەی دی نازانم دۆستە یا دوژمن
***

## هێڵ

هەمیشەو هەمیشە

هێڵی ڕاست بکێشە

دەتوانی هێڵی ڕاست

بکەی بە ڕێگایەك

هەر بڕۆی

هەر بڕۆی

نەگەی بە هیچ شوێنو جێگایەك

هەمیشەو

هەمیشە

هێڵی ڕاست بکێشە

دەتوانی هێڵی ڕاست

وەك شمشێر هەڵبگری

ڕێ ی خوارو خێچی پێ ببڕی...

***

## سکیچی دووەمی شیعری:

## یاری لەگەڵ ڕۆژەکاندا

هەینی بانگی شەمەم کرد...

پیاسەیەك بکەین پێکەوە

پاش بیستو چوار کاتژمێر

لەبەر لووتما قوت بووەوە

دەستی یەکدیمان گرتو

بەرەو بازاڕ شۆڕ بووینەوە

ئەوەندە شتم بۆ کڕی

جانتاکەی دەستی ئاوسا...

لەپڕ... قەڵەمبازێکی دا

خۆی کرد بە شەمەندەفەری
یەك شەمەدا
ئەوا ئێستا
بە تەنیا خۆم لەم وێستگەیەم
بە سایکێکی بەتاڵەوە
چاوەڕوانی دووشەمەم...
***

## دووناودوون

تۆ دەتوانی کارێکی زۆر سەیر ئەنجام دەی
تەنها هەر بۆ نموونە:
لەسەر پەڕەیە سپی دا بە مەرەکەب
دەریایە سەوز دروستبکەی...
***

## سوورەتی راسپاردە

بە پەپوولە بلێن... بۆ لای کێ دێ
ئیتر لێرە گوڵ ناڕوێ...
***

ئەستێرە کە لە ئاسمان بێزار دەبێ
تەنهاو تەنها هەر عاشقی رووبار دەبێ
***

کە هەور لە دەرگا دەدا
سەوزەگیا لێ ی دەکاتەوە
***

هەموو یەکێك لە ئێمە
فریزەرێکی دەوێ
کەلاکی یادەوەری
تیاهەڵبگرێ
ئاخر یادەوەریش زۆرجار
بە گوللەی وێڵ دەکوژرێ
***
شیعری درەخت بە کەس ناخوێنرێتەوە
درەخت بە لقی سێبەر
شیعرەکانی خۆی دەنووسێ
چەند ناخۆشە... خەتی درەخت
***

## فیزیای رۆژەکان

هەموو رۆژێك
چوونیەك تاریك نیە
خۆر
هەموو ساڵێك
چوونیەك وشك نیە
بەهار
هەموو دەمێك
چوونیەك دکتاتۆر نیە
نیشتمان
***
لە کوێ خۆم بشارمەوە
ئایندەیەك
بە شمشێرێکەوە
دوام کەوتووە

***

رووبار لەگەڵ کەناردا

جووت دەبێ

شەپۆل لەدایك دەبێ

***

ئاوێنە وێنەی کەس

دووبارە ناکاتەوە

***

لە نێوانی رێبوارو رێ دا

گوندێك

لەدایك دەبێ

زۆر یادگار

لە ماڵاندا بەجێدێڵێ

لە هەر هەموویان گومناوتر...

بێدەنگی یە

جەنگ

***

## دایك

ئەو منداڵەی کە ئێوارە دایکی مرد

بە پارچە قەڵەمێکی بچووك

لە دەفتەری وێنەکێشانەکەیدا

وێنەی ژنێکی دروستکرد

خۆی هەڵدایە باوەشی‌و خەوت

کە دیوارو شوورای شەو کەوت

وێنەکە لە خەو هەستا زوو

خێرا بۆ مووبەقەکە چوو

قاوەتی بەیانی سازکرد

بۆ منداڵێك کە دایکی مردو نەمرد...

***

وشه هەمیشه رادەکات

لە رکی شیعر دەترسێ

نازانم بۆ کوێ دەڕوات

هەر رادەکاتو رادەکات

زۆر جار پرسیار

دەمانبات

بۆ شوێنێکی نادیار

***

ماندو بووین...

ماندو

وڵامەکان

هیچ پرسیارێکیان نەبوو

***

تۆ ئەگەر

لە خۆت بێزاری

دەتوانی ببی

بە شتێکی دی

بە رووبارێکی تووڕە

بە ئەسپێکی سەرکێش

بە هەورێکی کپ

بە شمشێرێکی تیژ

بە دەستی پاڵەوانێکی نامۆوە...

***

من دەمەوێ

لە وشەو تەم

کیشوەری نوێ دروستبکەم

بۆ خۆمو بۆ کۆلارەکەم

***

هەر بۆ ئەوەی رزگارمان بێ

لە تەنیایی دڵی خۆمان

هەندێ لووتکەو چەند درەختێ

ناو لێ دەنێین نیشتمان

***

لە یادت بێ کە هێڵی راست

سەرەڕۆیەو رادەکاتو هەر رادەکات

کەس نازانێ بۆ کوێ دەڕوات

***

هەمیشە پرسیار

دەمانبات

بۆ جێگایەکی نادیار

***

## فیلْ

نازانم چۆن

گڕ بەر بدەم لە نیشتمان

نیشتمانێ دی دروستکەم

بۆ خۆمو خۆم

لە کارتۆن

نازانم چۆن نازانم

رۆژان تەمەنی پێشووم

بدزم لە نیشتمانم

نازانم چۆن

نازانم چۆن

ببم بە قاچاخچییەکو

نیشتمانم ئاودیو بکەم

١٣٤٧

وەك كۆمەڵێ مس‌و فافۆن

نازانم چۆن

نازانم چۆن

***

ماڵی خۆی هەیە با

ماڵی خۆی ئاو

ماڵی خۆی ئەستێرە

ماڵی خۆی مانگ

ماڵی خۆی درەخت

ماڵی خۆی دەنکە شقارتە

ماڵی خۆی دووکەڵ

ماڵی خۆی جنۆکە

تۆ بڵێ ی ئەوانیش

کرێچی بن...

***

چەندێ بێ باکە

پادشای لەسەر دابنیشێ

یا گوێدرێژێکی برسی

بازنەی بێدەنگیی ناقلیشێ

کورسی...

***

## ئایەتی چاوەڕوانی

چرایەک
چاوەڕوانی بەردە ئەستێیەک دەکات
لەوێ
گۆرەپانێک
چاوەڕوانی تۆپێک دەکات
لەوێ
ماکسییەک
چاوەڕوانی ژنێکی رووت دەکات
لەوێ
قفڵێک
چاوەڕوانی کلیلێک دەکات
لەوێ
نیشتمان
چاوەڕوانی فرۆکەیەک دەکات
لەوێ
لەوێ
لەوێ
لەوێ
من چاوەڕوانی خۆم دەکەم
لەوێ

## سوورەتی وەبیرهێنانەوە

## یا سکێچی دووەمی – زێ –

بۆشاییەکی دزی دڵم

ئاوسی کرد بە وشەی نوێ

ئاسۆیە دیی راوکرد... چاوم

تژی کرد لە هۆنراوەو زێ

***

ئەو کاتانەی لە نیشتمان بێزار دەبم

ونگەیەك لە شیعر دەکەم

نەختێ پشووی تیادا دەدەم

***

ئەو کاتانەی لە دەزگیران وڕس دەبم

دوو باڵ لە ئاگر دەچنم

بە دەوری خۆمدا دەفڕم...

***

گوێم لێ یە جار جار

شەو رووبار

کاژی خەو فڕێ دەدات

باسی ماسی بۆ تۆڕ دەکات

***

## یەکەم تفەنگ

یەکەم تفەنگ دروستکرا

کێ ی پێ کوژرا

ناحەزێك بوو... یاخود برا

یەکەمین تەور

کە لە ئاگر دەریان هاورد

لقی چ دارێکیان کرد

بە دەسك بۆی
بۆ یەکەم جار
بوو بە دوژمنی کام دار
داریێ نەبان
یا داری دەسکەکەی خۆی...
***
لە ساڵێکی بێ باراندا درەو دەکەم
سەوزەگیای ناو
تابلۆی سەر دەرگای ژوورەکەم
بۆ کار مامزێك دەبەم
***

## ئایەتی هەور

ئێستا نا نەختێکی دی
ئەمڕۆ نا ڕۆژێکی دی
ئەم هەفتەیە نا
هەفتەیەکی دی
ئەم مانگە نا
مانگێکی دی
ئەم وەرزە نا
وەرزێکی دی
ئەمساڵ نا
ساڵێکی دی
ئەم سەدەیە نا
سەدەیەکی دی
شاعیرێك لە دایك دەبێ
هەوری دەستکرد
لە وشە دەئەفرێنێ

## ئایەتی هاتن

دوو تاشەبەرد
کەس نازانێ لە کەیەوە
بەیەکەوە
لەو بنارە جووت ببوون
دوو تاشەبەرد
دوو کەس هاتن
لە یەکدییان جیاکردنەوە
ئەوەی لای ڕاست
تاشەبەردی یەکەمیانی
لەتوپەتکرد
کردی بە بەردەبازێ
بۆ چەمێکی نێوان دوو دێ
ئەوەی لای چەپ
تاشەبەردی دووەمیانی
کرد بە پەیکەری شاعیرێ
کە بۆ ژنێك بەخشی گیانی
***

## فیلْ

گوڵە گەنمێك بەسە بۆ من
گوڵە گەنمێك
بکەم بە دۆست گشت دوژمنێك
***

## داگیر کردن

ئەستێرە لە پڕ دەرکەوتن
چراکان لە پڕ هەڵکران
خەڵکی دی لە پڕ خەوتن
لە پڕ لە پڕ
بە وشەی جوان
ماڵێکمان بۆ دەکات شیعر
لە پڕ
لە پڕ
وەکو سەدان هەزار کۆتری سپی
سەرمان داگیر دەکات بەفر...
***

## جووتە ناکۆکەکان

هەموو شتێك لە جێ ی خۆی بێزارە
وێنە لە ئەلبووم
رووبار لە زەوی
خۆم لە من
ئاوێنە لە خۆی
مرۆڤ لە ئاوێنە
برین لە ژان
تەور لە دارستان
خوا لە نیشتمان
***

## رێگایەکی نادیار

زۆر جار رێگا
ونمان دەکا
گەلێ جاریش
خۆمان رێمان لێ ون دەبێ
دەڕۆین و ناگەینە هیچ کوێ
***

کە دار چواڵە لاوازەکە
وشکی کرد
تەنیا دوو چۆلەکە هاتن
شینیان بۆ کرد
***

## رقەبەرایەتی

بیرم کەوتەوە چ بکەم
دەبێ ئەستێرە فێری
رقەبەرایەتی بکەم
دەبێ گەدا تامەزرۆی
تاجی پادشایەتی بکەم
پێویستە خۆر
هاندەم ببێ بە دکتاتۆر
***

## پێزان

زۆر سەیرە سێرکەوانێك
دەتوانێ شێرێك کەوی کات
من ناتوانم
دڵی خۆم بکەم بە هاورێم
***

## خەنیم

ژوورەکەم... ئاوسی بێدەنگی یە
تەنها وێنەکەم بە دیوارەکەوە
لەگەڵمدا دەدوێ:
– چی دەنووسی... چی
+ بێ دەنگی
***

## سەرشار

ئەو گابەردە
چەندین هەزار سەدەو ساڵە
چاوەڕوانی پەیکەرتاشێك دەکات
پەیکەرێکی لێ دروستکات
پەیکەرێ
پەیکەرێ شایەك... یا کەرێ...

## ئایەتی گلەیی

هەندێ جار
بۆ ئەوەی بگەیتە رووناکی
دەبێ گلۆڵەی شەوگار
لەگەڵ خۆتدا هەڵبگری...
***
لە دەریادا... گەر گوێ هەڵخەی
گوێت لە دەنگی تاشەبەردی کەنارە
باسی منداڵیی خۆیی و
سەرگوزشتەی نەهەنگو تۆڕ
دەگێڕێتەوە بۆ خۆر...
***
هەمیشە درەختێك... گلەیی لە رووبار دەکات
دەڵێ رۆژێ بۆ لەگەڵ خۆیدا نامبات
***

## وێنەگەلێك لە ئەلبوومی منداڵیمدا

چی بە گەمی دەڵێ دەریا
وا لە گەڵی دا کۆچ دەکات
چی بە گوێ ی گوڵدا دەچپێنێ رەشەبا
وا بەبێ دەنگ گوڵ لە گەڵی دا دەڕوات
***
لەسەر تابلۆی ناو ژوورەکەم
وێنەی چەند ئاوارەیەك دەکێشم
نازانم چۆن
بە پاسەپۆرتێکی ساختە
نازانم چۆن
بیبیانێرم بۆ بەهەشتە بزربۆکەی میلتۆن

***

منداڵێك هەر لە دایك بوو
میزی دەهات
پیرەژنە جادوبازەکە دەڵێ
کە میزی کرد
لافاو هەڵساو شارەکەی برد

***

من نەپارتیم...
نە یەکێتیم
نە یەیەکگرتووم
نە شیوعیم
نە پەکەکەم
لێوت هەرچی رەنگێ بێ
من دەنگ بۆ ئەو رەنگە دەدەم

***

سنگێکی جل هەڵواسینی
کۆنی کرد
جلی نەبوو پیاهەڵواسێ
جگە لە جلەکانی بەری

***

واهەست دەکەم کە من خۆم
لە خۆمی خۆمدا ونم
لێمتێکچووە
کاممان خۆمم... کاممان منم

***

لە هۆڵێکدا
ناوی بتهۆڤنم هێنا
پراوپڕ بوو
لە سەوزەگیای مۆسیقا

***

رۆژێ لەسەر

لمی بیابانێك نووسیم

بیکاسۆ

دەنکە... دەنکە

قومی بیابانەکە

بوون بە تابلۆ

***

ئابیرم کەوتەوە چ بکەم

لە ئەشکەوتی بادا نەختێ وەنەوز دەدەم

خەونێکی خۆش مارە دەکەم

***

## سکێچێکی تری شیعری:

### تەرم

تەرمی شتێك لە جانتا نەبینراوەکەیدا

بۆگەن دەکا

هەمیشە – با –

شتێکی لەسەر لووتکەیەك

لەبیر دەچێ

هەمیشە هەور

گۆڕێ یەدەك وا لە بنیا

لە گشت کاتو شوێنێك دەریا

گەلای جەنگەڵی شیعر

بۆ خۆم دەکەم بە کەپر

نە هاوڕێتی هەتاو دەکەم

نە دوژمنایەتی بەفر

***

ڕووبار

لەوەتی لە دایك بووە

هەر رادەكات لە دەست كەنار

كەناریش لەوەتی هەیە

بە هەزار پێ غار دەكاتو

هەر دوا دەكەوێ لە ڕووبار

***

هەمیشە ڕێبوارێك

لە شەمەندەفەرێكدا جارێك

یادگارێكی لەبیر دەچێ

هەمیشە شەمەندەفەرێك

جانتای ڕێبوارێك دەدزێ

***

منو گورگ لەوەتی هەین

هەردوكمان ژیانمان خۆشدەوێ

بۆیە هەردو ددان لێكدی تیژ دەكەین

***

با بانگهێشتمی كرد بۆ ماڵی خۆی

لە ماڵی با زەماوەند بوو

كوڕەكەی با

بۆ یەكەم جار

سەردەكەوت بە سەر چیادا...

***

دەبێ هەمیشە پەركازێك

بكەیتەوە... بۆ ئەوەی

هەست بە بوونی – با – بكەی

بۆ ئەوەی هەست

بە بوونی خودی خۆت بکەی
دەبێ هەردەم
شەڕێك لەگەڵ خودو خۆتدا
بەرپا بکەی...
***
ئەوەندە باڵندەم
خۆشدەوێ
حەز دەکەم ببم بە درەخت
***
ئەوەندە ماسیم
خۆشدەوێ
حەز دەکەم ببم بە رووبار
***
ئەوەندە مانگم
خۆشدەوێ
حەز دەکەم ببم بە ئاسمان
***
ئەوەندە تۆم
خۆشدەوێ
حەز دەکەم ببی بە من...
***
ئەوەندە خۆمم
خۆشدەوێ
حەز دەکەم ببم بە تۆ
***
کە شەمەندەفەری دەممان
لێکدییان دا
تەرمێکیان لێ بەجێما

ناومان لێنا

رابوردوو

## پاوان

ئەگەر لە شیعرمدا
هەر بۆ گوڵ دەگەڕێن
مەیخوێننەوە
چونکە باخچە
بە گوڵو دڕکەوە باخچەیە
ئەگەر لە شیعرمدا
هەر بۆ ئەستێرە سەراسێن
دیوانەکەم مەکەنەوە
چونکە ئاسمان
بە ئەستێرەو تەمو مژەوە ئاسمانە
ئەگەر لە شیعرمدا
تەنها وێڵی دوای خەندەن
هاوڕێتی شیعرم مەکەن
چونکە چاو
بە خەندەو فرمێسکەوە چاوە
ئەگەر لە شیعرمدا
هەر وێڵی دوای خۆشەویستین
دوور کەونەوە لە شیعری من
چونکە دڵ
بە خۆشەویستیو کینەوە دڵە...

***

هەر وەکو ماسی ئاسمان
هەمیشە لە ئاودا دەنوێ
وەکو قاچاخچی ئەستێرە
ڕێگای بیابان دەبڕێ

***

که ڕۆژەکانی هەفتە

لە درەختی مانگو ساڵ بێزار دەبن

بۆ کوێ دەچن

لە کوێ هێلانە دەچنن

لە کوێ گۆڕێك بۆ رابوردوویان دەکڕن

***

مۆنالیزایان لە دافنشی مارە کرد

ماچەکانیان لە نێوانی

زەوی‌و ئاسماندا بوو بە پرد

***

میلی کاتژمێرە کان راگرن

رایگرن...

رایگرن

هەتاکو کەی بە دوو شمشێر

کاتەکانمان سەر ببڕن

***

کاشکی هیچ باڵندەیەك

پشیلە حەزی لێ نەکات

کاشکی هیچ درەختێکیش

تەورێك بەلایدا نەڕوات

***

من نامەوێ هەرگیز بمرم

من نامەوێ نەزستان‌و نەبەهارو

نەهاوین‌و پایز بمرم

گەر مردیشم من حەز دەکەم

بەیەکەوە دامانپۆشێ

کریوەی وەرزی شیعرم...

## خۆم‌و خۆم

خۆمم لێ ون بووه... خۆم
من لەم ڕێگا تاریکەدا
چۆن خۆم بدۆزمەوە چۆن
بەبێ چراو بەبێ مۆم
من لەم بیابانەدا چبکەم
من بەبێ خۆم
بۆ کوێ بڕۆم...
***

جا چاومان بۆچی یە
بۆ شتی جوان ماوە بیبینین
ئەی زارمان بۆچی یە
بۆ قسەی خۆش ماوە بپەیڤین
***

## سکێچی دووەم

قەفەزی ئاسمان... شەوان
پڕ پڕ دەکەم لە بڵێسەو گڕ
پشیلەیەکی موو زەرد بەربەیان
هەرهەموویان دەخوا لەپڕ
***

## تەقایی

بەردەن ڕێ ی ئەو ڕووبارە
با
ڕۆکاتە بیابانەکەوە
بیرەوەری یەکانی خۆی
ڕەهاکەن ڕێ ی ئەو ڕووبارە
کۆچ کات بەرەو ئەوێ
بنێژێ هەندێ درەخت
ببەخشێ
بە کوانووی قەرەجەکان
هەندێ خۆڵەکەوە
داپۆشێ هەندێ تەرمی بێ ناسنامە
بە ماچی شیعر
بدزێ هەندێ کرێوەی پێکەنین
لە شمشاڵی شوانێکی دەشتەکی
گوزەر بکات
بە یەکێ لەو شەقامانەدا
کە خۆمان هێشتا نەماندیوە...
لێبدات هەڵهەڵەیەك لە بەردەمی ماڵگەلێکدا
کە بە منداڵی چاوشارکێمان تیادا دەکردن
بابڕوات لە پشت ئەو ڕەشماڵانەدا
یاری بکات کە خۆیان دەدزنەوە
لە لێکدانەوەی خەون.......
بابڕوات هەڵپەڕێ بەرامبەر بەو پەنجەرانە
کە چاوەڕوانی هیچ ناکەن...
***

مەگرن بەری ئەو رووبارە

با بڕوات....

پەلەیەتی سێوی عاشقێکی پێ یە

دەیبات بۆ یار...

***

## گەمەی من و تۆ

من دوو بەشم

تۆو من

تۆ دوو بەشی

منو تۆ

***

## جادوویەکی دی

تۆی تیا دەدۆزمەوە...

هەر لاپەڕەیەك هەڵدەدەمەوە

تۆی تیا ون دەکەم

هەر لاپەڕەیەك دەدۆزمەوە......

من تۆ نیمو تۆ من نیت

پردی جیاوازیو لێکچوون

لە نێوانماندا زۆر زۆر بوون

***

## دیرۆکی گوناحەکان

دەستمان........ دەشۆین بە ئاو

گوناحەکانمان

بە جوانی ژن

***

دوو شت مرۆڤ

لە گوناح پاک دەکاتەوە

خۆشەویستی‌و نوێژ

دوو شت مرۆڤ گوناحبار دەکات

نوێژو خۆشەویستی

***

بۆ ئەوەی بیسەلمێنی زیندووی

جار جار

گفتۆگۆ

یا شەڕ

لەگەڵ خۆتدا بکە...

***

من لەمەودوا گڕ بەر دەدەم

لە کاغەزو لە پێنووسم

ئیتر بە زمانم شیعر...

لەسەر گۆی مەمکت دەنووسم

***

## قفڵ

وێنەی ئافرەتێکی کێشا

لەسەر دیواری ژوورێکدا

وێنەی پیاوێکی هەڵکۆڵی

لە ژوورەکەی بەرامبەردا

لە پاش ساڵێ

سەرنجی دا منداڵێ

لە ڕاڕەوی نێوان هەردوو ژوورەکەدا

یاری لەگەڵ خۆی دا دەکا

هونەرمەندە ئاوارەکە واقی وڕما

١٣٦٦

ئافرەتەکەو پیاوەکە چۆن
قفلّی هەردو دەرگاکەیان پێ شکا...
***

## هەندێ هێلّکاری بە وشە

لە تۆڕەکەمدایە
داهاتوو
بە هیچ فێلّێك بەیدەست ناکرێ
رابوردوو
***

هەر دەنوێ
خەونی خۆش دەبینێ... جار جار
بۆیە هەر دەخەوێ
شار
***

## داربڕ

چووە بیابانێکەوە شاعیرێك
لمەکان بوون بە وشە
شیعرەکان بوون بە لم
***

سەیرە هەموومان
گوێمان لە چپو هوڕی بالّندەی
ناو قوولّایی جەنگەلّەکەیە
کەس گوێ ی لە نالّە نالّی
ئەو درەختە نیە
کە داربڕەکە دەیبڕێتەوە...

***

پشتی زەوی چۆن

ئەم هەموو چیایەی هەڵگرتووە

من دەڵێم دەگری و

ئێمە گوێمان لە دەنگی نیە

***

بۆ کێ دەگری..

ئەم هەمو زەنگۆڵە فرمێسکە

لە دایکی چ شەهیدێك

دەدزێ... هەور

***

سەیرە

ئەم هەمو ئاوازەی لە ترسی کێ

لە بینی خۆی دا شاردۆتەوە...

ژێ...

سەیرە... سەیر

ئەم هەراهەرایە دوورو درێژە

لە کێ دەکڕێ

لە سێبەر

یا لە تاشەبەرد...... مردوو

***

## نهێنی

لەو ماڵە سێ خوشكو سێ برا دەژییان
خوشكەكان گشت ڕۆژێ.. گشت ڕۆژێ خوشكەكان
خواردنیان لێدەنا خواردن بۆ براكان

***

گشت ڕۆژێ خوشكەكان جلیان بۆ دەشوشتن
گشت ڕۆژێ داخوازی ژنیان بۆ دەكردن
لاوانیش بۆ داوای خوشكەكان دەهاتن

***

براكان لەدوای ڕاو ڕۆ دەچوون بەرەو ماڵ
سێ خوشكی میهرەبان ناسك وەك بای شەماڵ
لوولەی سێ تفەنگیان لووس دەكرد وەك ساماڵ

***

سێ خوشكی میهرەبان ئێستاكە وەك جاران
دەفری چێشت ناخەنە سەر گڕی ئاگردان
سێ لوولەی سێ تفەنگ لووس ناكەن وەك گوێزان

***

هیچ كامیان ناچن بۆ داخوازی كچی جوان
بۆ برا چەلەنگو تۆلازو ئازاكان
چاوەڕێش ناكەن كەس بچێت بۆ داوایان

***

ئێستاكە سێ خوشكە قەیرەكە هەینییان
هەریەكەو سێ دەسكە گوڵاڵەو خونچەی جوان
لە دەفرێ زیویندا هەڵدەگرن لەسەر شان

***

دەیبەنو پێكەوە جێدێڵن دەرگای ماڵ
دەڕۆنو هەر دەڕۆن دەفڕن بەسەد باڵ
دەبڕن ڕێگای دوور هەر دەڕۆن یاڵەو یاڵ

***

هیچ کەسێ نازانێ بەرەو کوێ مل دەنێن

ئەو دەسکە گوڵانە بۆ یارێ دوور دەبڕێن

یا لەسەر سێ گڵکۆی نادیار دادەنرێن

***

## جێ پێ

من نازانم کە خۆم چیم‌و خەڵکی کوێم

بەڵام ئەوەندە دەزانم

لە هەر شوێنێك جێ پێت دیار بێ

من ئەلەوێم

***

## دەو

لەناو ژوورەکەمدا

ژوورێکی دی هەیە

لە ژوورەکەی دیشدا

ژوورێکی دی هەیە

لەناو ئەو ژوورەشدا

ژوورێکی دی

لەناو ئەو ژوورەی دیشدا

ژوورێکی دی...

ژوور

ژوورێکی دی

ژوور ژوور

ژوور

ژوورێکی دی‌و

ژوورێکی دی‌و

ژوورێکی دی‌و

ژوور

ژوور

ژوور

ئەم هەموو ژوورە

دەکەمەوە

دایکم

لە هیچ ژوورێکدانیە...

***

## تەیمان

لە بیابانە دوورەکەدا

ڕێبوارەکەو... ئەسپێکی بێ لغاو

هەناسە بڕکێیان گرتبوو

بۆ قومێ ئاو

ڕێبوارەکە تینووی بوو

ئەسپەکە تینووتر

ئەسپەکە تینووی بوو

ڕێبوارەکە تینووتر

لە کاتێکدا ڕێبوارەکە

ئەسپەکەی سەر دەبڕی

بۆ ئەوەی لەبری ئاو

خوێنەکەی بخواتەوە

زرێبارێ درێژ درێژ

لەوپەڕی

بیابانەکەوە دەهات

بە ژێر قاچی سوارەکەو

ئەسپەکەدا تێدەپەڕی

ئەوەتا ئەسپەکە

بەبێ سەرکەوتووە
ڕێبوارەکە لە تینواندا مردووە
ڕووبارەکەش تاکو ئێستا
ڕێ دەبڕێ
لە ژێر بیابانەکەدا...
کەس نازانێ بۆ کوێ دەڕوا
***

## سکێچی دووەمی هۆنراوەی:

## چاوەڕوانی

تەنیایە دەریا
چاوەڕێ ی پاپۆڕێك دەکات
تەنیایە مین
چاوەڕێ ی پێیەك دەکات
تەنیایە دەست
چاوەڕێ ی گۆچانێك دەکات
تەنیایە زەوی
چاوەڕێ ی مرۆڤێك دەکات
***

من تەنیا نیم بۆ کوێ بڕۆم
ڕێیەك هەیە دەزگیرانمەو
هەمیشە دەیبەم لەگەڵ خۆم
***

هەمیشەو هەمیشە
دەرگایەك راودەکا...
با
***

یەك یەك... دووان... دووان

بیست... بیست

سەد... سەد

وشەی هەموو زمانەکان

بەیدەست دەکەم

بە پەیڤ درێژترین شەقام

بۆ پیاسەی هەور دروستدکەم

***

چۆلەکەش یادگاری هەیە

هەروا بەردیش

بەرد لەگەڵ چۆلەکەدا

چۆلەکە لەگەڵ بەردا

منیش لەگەڵ هەردوکیاندا

***

هەمو رۆژێ

خەونێك ون دەکات

هەمو رۆژێ

تەرمێك

بە خاك دەسپێرێ دڵم

***

جاران هەر

بۆ بانە دەچوو

ئێستا هەر

بۆ لای تۆ...

هەمو رێیەك..

لە ئێوارەوە لقو چڵی درەختی شەقامەکان

دەخوات

چەند گامێشێکی چڵێسە

شەو
***

زۆری خۆش دەوێم
ئەوەتا هەموو زستانێ
دێتە سەربانەکەمانو
پڕاو پڕی دەکات لە فرمێسک
هەور
***

## نهێنی شتەکان

هەرچەند دەچمە دەرەوە
پێشوازیم لێ دەکات... با
بە عەتر سەرم دەشوات هەور
بە باڵ چەپڵەم بۆ لێ دەدات مەل
چەتری سێبەرم بۆ هەڵدەدات درەخت
من نازانم ئەمەچیە
رق یا خۆشەویستی یە
***

## سکێچی یەکەمی – زێ –

دەمامکێ
رەش دەکاتو بەپێ دزکێ
ورد ورد دەڕوا بۆناو گوندێ
مناڵ لە ماڵان دەدزێ
بەشەو زێ
چەندێ بێ شەرمە لەبەرچاوی خەڵکو خوا
بە ئاشکرا
جووت دەبێ لەگەڵ قفڵدا
کلیل

***

مامۆستای جوگرافیا چی دەڵێ با بڵێ...
زەوی تەنیا دو دەریای تیایە
هەردو چاوی تۆ

***

مامۆستای جوگرافیا چی دەڵێ با بڵێ
زەوی تەنیا دو لووتکەی تیایە
هەردو مەمکی تۆ

***

هەموو رۆژێ بە بۆنەی سمێڵ چاکردنەوە
لەبەر ئاوێنەکەمدا دەوەستم
بەڵام لە راستی دا لە ئاوێنەکەدا
بۆ تۆ دەگەرێم...

***

عاشقە

برووسکە بۆ زەوی دەنێرێ... هەور
رووبار قژی زەوی یە
دارستان پەنجە کانیەتی
چرا چاوی تاریکایی یە
ئاوێنە چاوی ژوور
پەنجەرە چاوی دیوار
من چاوی خۆم...
کە لە دەرگا دەدرێ
دەیکەمەوە
کەس دیار نیە خۆم نەبێ

***

گولله كه له تفه‌نگ ده‌رده‌چێ
ئه‌زانێ بۆلای كێ ده‌چێ
دوو ده‌میش كه به یه‌ك ده‌گه‌ن
خۆیان ده‌زانن چی ده‌كه‌ن
***
شیعری گوڵه.. بۆن
چیرۆكی رووباره شه‌پۆل
***
چۆله‌كه هات داره‌كانی ماره كرد
بشیله‌كانی فێری
خه‌وبینینی ئێواره كرد
***
كچۆڵه‌یه‌كی لاساره با
راده‌كاو په‌پووله ده‌گرێ
دیكتاتۆره دیكتاتۆر با
هه‌رچی ئێمه ده‌ینووسین
ئه‌و ده‌یدڕێ
***
بۆ هه‌مو شوێنێكم به‌ره
ئه‌ی هه‌نگاوی میهره‌بان
ته‌نها بۆ شوێنێك نه‌بێ
كه ناو نراوه نیشتمان
شاعیر نیشتمانی نیه
شاعیر بێ شوێن‌و جێ یه
له‌هه‌ر شوێنێك عاشقی
ژنێكی میهره‌بان بوو
نیشتمانه‌كه‌ی له‌وێ یه
***

من نانووسم
من به دووکەڵی هەناسەم
قەفەزێکی گەورە گەورە دەچنم
کچێکی تیادا دیل دەکەم
***
کە دەنووسم... من خۆم دەکەم
بە شەختەی خۆڵەمێش و تەم
رووبارێکی درێژ درێژ
بە وشە دروست دەکەم
***

## من و ئەم پەنجەرەیە

چەندین ساڵە من و ئەم پەنجەرەیە هاورێین
زستان بە شووشەکانی دەڵێ:
باران لەم ژوورە دوورخەنەوە
هاوین بە شووشەکانی دەڵێ
بای فێنك بۆ ئەم ژوورە بدزن
چەندین ساڵ و سەدەیە
هاورێ ی یەکدین من و ئەم پەنجەرەیە
چەند ئێشیشمان بە یەك بووە
بەڵام هێشتا
قسەیەکمان لەگەڵ یەکدا نەکردووە...
***

## بەراورد

ئاو هەمیشە ئاوسی
سەگوەڕە
ئاگر هەردەم ئاوسی
گوڵ و گیایە

## جوگرافیای ئەودیو شتەکان

لە شوێنێك گورگ گیا دەخوات
لە شوێنێك کتێبێك خوێنەرێك
راودەنێ
لە شوێنێك قوتابخانەیەك
منالێك راودەکات
لە شوێنێك شەقامێك
پیاسە لەگەڵ کچێکدا دەکات
لە شوێنێك تفەنگێك
تفەنگێك
رۆژوو لە کوشتن دەگرێ
لە شوێنێك... لێرە... لەوێ
لە شوێنێك... لەولایە
لە شوێنێك
کەو تەقە لە راوچی دەکا....

***

## سکێچی یەکەمی شیعری

## دوو... وێنەی دژ یەك

دوو وێنەی بەرامبەر
لە گۆشەی ژوورێکدا
هەر دەدوێن بۆ یەکتر
نازانرێ دەڵێن چی
منالێ دەمو روو بە خەندە
پیاوێکی موو سپی
دوو وێنە هەر دووکیان
هەر سەیری یەکیان کرد

هەر دووکیان دەستیان بۆ
ناو دەستی یەکتر برد
هەر دووکیان یەکدییان
تێر ماچ کرد...
دوو وێنە
دوو وێنە
یەکێکیان دەم پڕ لە خەندەیە
ئەوی دی
پیاوێکی موو سپی
هەر دەدوێ و هەر دەگری
دوو وێنەی یەك شاعیر
بە دوو ڕێ ی جیاوازدا
دەڕۆن و.... هەر دەڕۆن
هەر دەڕۆن
هەر دەڕۆن
ڕێ ئەوان دەخوات و
ئەوانیش ڕێ دەخۆن
زۆر لە دوور.... هەر دوور دوور
زۆر زۆر دوور
بە ناخی ڕێگادا ڕۆ دەچن
دیار نین و دیاریشن...

## سکێچی دووەمی شیعری:
## جەنگنامەی سەدەی داهاتوو

ئیتر بیر لەوە مەکەرەوە شەهرەزاد سبەی شەو
چ داستانێك بۆ شەهرەیار دەگێڕێتەوە
یا سیندەباد سالّی داهاتوو
چ دەریایەك دەدۆزێتەوەو
لە چ دوورگەیەکی مرۆ خۆر ژنێکی دی دێنێ
هەمیشە بیر لە جەنگ بکەرەوە
نەخشەی جەنگ بکێشە
تەنها لە رووباری جەنگدا
شتە دزراوەکانت دەدۆزیتەوە
***
لەبیرت نەچێ ئەگەر دووکاندار بووی
کەرەستەی جەنگ بفرۆشە
ئەگەر مامۆستا بووی وانەی جەنگ بلێرەوە
ئەگەر پزیشك بووی نەخۆشخانەی جەنگ بکەرەوە
عاشق بووی عاشقی جەنگ بە
جەژنەکانت بە ناوی جەنگەکانی مێژووەوە ناوبنێ
ئەگەر باخەوان بووی
بە باخچەکانت بلّێ گولّی جەنگ بگرن
گەر ژنت هێنا لە رۆژی جەنگدا مارەی کە
لە رۆژی جەنگدا بیگوێزەرەوە
منالّەکانت ناوبنێ جەنگ... هەر بۆ نموونە:
جەنگی سێیەم...
جەنگی نەوت
جەنگی ئاو
جەنگی خەو... جەنگی رۆنی زەیتوون...

***

له بیرت بێ جوانی هیچ ژنێك
جوانی جەنگت لەبیر نەباتەوە
(جەنگ لە جوانی نەمرترە)
ئەمە وتەیەکە لەتیف هەڵمەت دەیڵێ
تاریکایی کۆتایی نایە
ئیتر بۆچی بیر لە دزینی چراکەی دیوجین دەکەیتەوە
نهێنییەکان هەرگیز دەستەمۆ ناکرێن
ئیتر بۆچی بیر لە شکاندنی کڵۆمی ژوورە داخراوەکان
دەکەیتەوە
هەرگیز بەو خەیاڵەوە نەنووی
سبەی ببی بە ئەندامی پەرلەمانی ئاشتیخوازان
ها بیر لەوە نەکەیتەوە بەپێ بچی بۆ هێندستان‌و
لەوێ تووتییەك بتکات بە هاورێ ی جادووگەرێك‌و
فێری کەمەند کێشکردنی کچانت بکات..

***

ئاگادار بە لە هەرکوێ بووی
جەنگ بەرپاکە
جەنگ دژی سەری خۆت
دژی خودی نیشتمانەکەت
دژی ئێمەو ئەمان‌و ئەوان
جەنگ دژی جەنگ

***

جەنگ دژی سۆفی یەکانی ناو چاخانەی شەعب
دژی عاشقەکانی دەوروبەری چاخانەی مچکۆ
دژی سەرمەستەکانی مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ
ئەگەر دەتەوێ پشوویدەی (مەبەستم پشووی دەروونی یە)
هەمیشە هۆیەك دابین کە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ

جەنگ دژی گۆڕستانەکان
جەنگ دژی ئەوانەی کە هێشتا لەدایك نەبوون...
ها هەرگیز باسی ئاشتی نەکەی
تۆ لە ماڵێکدای هەموو شتێك
دژی تۆ و خۆت دەجەنگێ
***

## دەریای ڕەشی ناوەڕاست

لە توێ ی دڵی منەوە هات
ئەم کێوانەی وا کەسك کرد بەفر
تووڕەیی منە هەتاو... وا
بە گۆچانە زەرد زەردەکەی
تەمو مژو هەوری بەرەو
دەریای ڕەشی ناوەڕاست برد
***

## دزی

نازانم بۆ... جار ناجارێ
بە پێ دزکێ
دەڕۆم بەرەو پەنجەرەکەم
ئەستێرەیە وێڵ ڕاودەکەم
دەیخەمە توێ ی دەفتەرەکەم
***

## فیڵ

تۆ عاشق نیت داگیرکەری
کێ پێ ی گوتی
بێیتە ناو... شیعرەکانمەوە
کێ پێ ی گوتی
بە دەریای رەشی چاوت
دەوری دوورگەی دڵم بگری
***

## هەندەران

قاتێکی نیلیی لەبەر کردووە
جانتایە سپی خستۆتە سەرشان
تۆ بڵێ ی نەڕوا بەرەو هەندەران
رووباری سیروان
***

## بێشکە

چەند بەختەوەرە هەمیشە
هاوڕێتی منداڵ
دەکات
بێشکە
***

## نادادوەری

رەشەباش ماندو دەبێ

کەچی پاڵە پەستۆی خوێنی

هەڵناچێ

هەوریش قیژە قیژ دەکاتو

قریشکەو بۆڵە بۆڵی هەیە

بەڵام هیچ کەسێك ناڵێ

چ ئافرەتێکی توورەیە

لافاویش شت دەدزێ

بەیاننامەی

گرووپی توندڕەویش هەڵدەگرێ

بەڵام پۆلیس جانتاکانی نا پشکنێ

***

## منێکی دی

هەرگیز خۆتت لە ئەینۆکدا بینیوە

تەنها جارێك

چی پێ گوتیو چیت پێ گوت

+ من گریامو ئەویش کەوتە ورتە ورت

***

ئەڵێم سەرم بەندیخانەی رابوردووە

ئەوە نیە هەزار هەزار یادگارم

تیادا کۆتو بەند کردووە

***

هەمو شتێك وشەیە
وشەی پایز
رەنگی سەوزم دێنێتە یاد
وشەی بەهار
رەنگی خەزان
وشەی زستان
گوڵەگەنم
وشەی هاوین
هەورە گرمە... و تەپو نم
***
سەیرە ئەها
لووتکە بەفر گرتوویەتی
مانگ لە کانی گوندەکەدا
قژی دادێنێ بەڕووتی
بڵێ ی شەیتانی نەبووبێ وا
بەم سەرمایە لەو چەمەدا
مانگ خۆی دەشوا
دڵم دەڵێ ڕۆژێ ئەم دارستانە
دەبێ بە شەقامو کۆڵان
جا ئیتر ئەم چۆلەکانەی کە لێرەن
لە کوێ هێلانە بکەن
کێ قەرەبووی زیانەکانیان دەدا
مرۆڤ یا خوا

## تابلۆ

ئەم تابلۆیە
لەداو دەکات
لە هەر کوێ بێ
لە دوور بینەرێك راو دەکات
***

## دوونادوونکردنێکی دی

کە لە هەتاو بێزار دەبم
قاوغی کیسەڵێك دەدزم
خۆم لەناویا دەشارمەوە
بەمە نابم بە کیسەڵ
کە دڵۆپەی رۆندکی... هەور
بوون بە بارانو بەفر
دەستم لەسەر پرچی کچێك رادەگرم
بەمە نابم بە چەتر
کە سەهۆڵبەندان
دەستی پێکرد
پشکۆی مەمکی کیژێکی جوان
دەخەمە ناو هەردو چنگم
بەمە نابم بە ئاگردان
کە سەراسیمەو مەست دەبم بە عەشقی خوا
ژنێك رووت دەکەمەوە وەکو — با —
لە دڵمدا جێگەی خەوی بۆ ساز دەکەم
بەمە نابم بە سیسەم...
***

جیهانێ دی دەئەفرێنم لە هەورو تەم

سەد گەردوونی نەبینراویش

وێران دەکەم... بە ئەندێشەم

***

بەبێ دووربین

ئەو شتانە دەبینم

کە هەر نین

***

هەر بە راستی نەك بە خەیاڵ

گوڵۆڵەی شەو دەدزم و

لەسەر دوندی چیایەکدا

بۆ خۆم دەیکەم بەرەشماڵ

***

وا هەست دەکەم لەو شەوەوە

کە ئەنگوستمان تێکەڵاوی یەکدی بووە

رووبارێکی...

سپی سپی

لە نێوانی پەنجەکانمدا نووستووە

***

گوڵ لە زەوی دا نەبوو

لەو شەوەوە

من دەمی تۆم ماچ کردووە

خودا فێری دروستکردنی گوڵ بووە

هەر ئەو شەوەش کە من تۆم تیا

رامووسیوە

گوڵ دیرۆکی (لە دایکبوونی خۆی) نووسیوە

**

نامەویٚ بمرم

هەتا ئەسپێك نەكرم

لە بری گیا

گورزەی پرچی كچان بخوا

نامەویٚ بمرم

تا پەری یەك لە چیرۆكی پیرەژنێك

نەدزم

بۆ بنی دەریایەكم ببا

نە شەیتان فەرمانڕەوای بیٚ... نە خوا

***

## رق

تەنها رقم لە دوو شتە

یەكەم تەورێك

لقی داری نیشتمانم

دادەپاچیٚ

دووەم كچێك

دڵی شاعیرێك دەشكێنیٚ

لەسەر ماچیٚ

# عەشقنامەی سەدەی بیست‌و یەك

ئەم شیعرانە ئەزموونی عەشقێکی راستەقینەی منن... زادەی عەشقێکی حەقیقین.. ئەمە سەدەی مۆبایل‌و عەشقی سەرپێیەو لە سایلۆی مۆبایلەکاندا خۆی دەشارێتەوە... من حەزمکرد عەشق بخەمە سەر کاغەزو وەکو سەدە رۆمانسییەکان بە شەقامەکاندا پیاسە بکات... ئەو سەدەیە چ سەدەیەکی مردووە کە مەم‌و زینێکی تیادا نەبێ... ئەو سەدەیە چ سەدەیەکە فەرهادێك نەبێ لە پێناوی عەشقا خۆی تەشوێ کوژ کا... ئەی عەشق وەرەوە تاکو سیاسەت هەموومانی نەکردووە بە تەرمی مینرێژکراو..

دەرگا زمانی ژوورە..
پەنجەرە چاوەکانییەتی
کێ لە زمانی دەرگا دەگات
کە پێدەکەنێ... یا دەگری
کێ دەزانێ دەڵێ چی
کێ دەزانێ بە درێژایی سات‌و کات
پەنجەرە سەیری چی دەکات..
***

کە دەمەوێ وێنەیەکی تۆ دروستکەم
وێنەیەکی خۆم دەکێشم لە مژەو تەم
کە دەمەوێ لەسەر دڵت.. وێنەی دڵم
دروست بکەم
وێنەی دڵت... لەسەر دڵم هەڵدەکۆڵم
***

زۆرجار ڕێگا ونمان دەکا
گەلێ جاریش
خۆمان ڕێمان لێ دەبێ
هەر دەڕۆین و هەر دەڕۆین و
هەر ناگەینە هیچ کوێ
***
تکادەکەم من بەرگەی ئەم عەشقە ناگرم
کۆتی دەستو پێم بشکێنە
من کەناری دەشتو چیام.. با لە قەفەزدا نەمرم
***
تۆش گەردوونێکی تایبەتیت
پڕ لە چیاو لە کانیاوو لە نهێنی و چاڵ و چۆڵیت
من حەز دەکەم بەسەر هەموو چیاکانتا سەرکەوم و
شۆڕ ببمەوە بۆ ناو قووڵایی قووڵاییت
***
من ماسیم و لەشت ڕووباری منە
ئەو ڕووبارەم لێ زەوت مەکە
دوورخستنەوەم لەو ڕووبارە مردنە
***
ئێمە عەشق نازانین
ئیتر بۆچی وەکو ئەکتەر
دەوری عاشق ببینین
***
عەشق لای من تێکەڵبوونی دوو جەستەیە...
عەشق لای من
نەتدیوە چۆن لەناو کوورەی ئاسنگەردا کڵپەو ئاسن
باوەش بەیەکدا دەکەن و تێکەڵ دەبن...
***

که له شایی بووکێکیدا
ئاسمان سەرچۆپی دەگرێ
قژە زەردو درێژەکەی
تەپوتۆزاوی دەبێ
بە کپی دێ
لە چەمەکەی بەرماڵماندا
بە رووتی خۆی دەشۆرێ
***
ئێمە بە عەشقەوە جوانین
عەشق دەمانکات بە یەکێك
بەبێ عەشق ئێمە دوانین
***
عەشق منداڵی لاسارە
ئامۆژگاری وەرناگرێ
هەر سنوورێکی بۆ دابنێیت
وەك رەشەبایەك دەیبڕێ
***
لە عەشقدا سنوور نییە
عەشق لە سنوور یاخییە
نە وەرزی هەیەو نە کات
هەموو عەشقێك ئایەتێکە
حەرامەکان حەڵاڵ دەکات
***
دووکەس یەکیان خۆشبوێ
بوومەلەرزە روودەدات
کە بوومەلەرزە رووی دا
هەموو پردو سنوورەکان وێران دەکات
***

وەرە بچین بۆ بەر عەرشەکەی یەزدان
پێی بڵێین با بمانکات بە دوو ئەستێرە
هەموو شەوێ بەیەک بگەین لە ئاسمان
***
با نامەیە تووڕە بۆ خوا بنووسین
لێی بپرسین بۆ ئەوەندەی پێ خۆشبوو
کە منو تۆ بۆ یەک نەبین؟
***
من بەبێ تۆ ژمارەیەکی بێ سفرم
تۆش بەبێ من ژمارەیەکی بێ سفری
تۆ بێ منو منیش بەبێ تۆ دەمرم
***
کە خۆر دەرکەوت گوتم چەندێ جوانە خوایە
کە ئەستێرەو مانگم بینی زانیم هەموو جوانییەک
یەک تۆزقاڵێ لە جوانێکەی تۆی تیایە
***
تۆ لەسەر خۆی وەکو باران
وەکو گەردەلوول هێوری
توندو تیژی وەکو گریان
***
تۆ وەکو ئاسن ناسکی
میهرەبانی وەک نارنجۆک
وەکو بڵێسە فێنکی
***
تۆ ناسکۆڵەی وەکو چەقۆ
تۆ رقاوییت وەکو ئاونگ
بوومەلەرزەیەکی لەسەرخۆ
***

تۆ ساردو سڕی وەکو ماچ

نزیکی وەك تەراویلکە

بە بەزەییت وەکو پاچ

***

کە خەمێ دوور دێنو دەورەی دڵم دەدەن

پڕ شووشەیە عەتری ناوت دەپرژێنم لە دڵم

پۆل پۆل دەدەن لە شەقەی باڵو کۆچ دەکەن

***

نیوتن هات هێزی راکێشانی سەلماند

منیش هەرچی وشە هەیە کردم بە شووشەیە عەشقو

قژی خەنەیی پەرییەك لێمی فراند

***

زۆرجار.. لە مەرگ لەرێی نیشتماندا سەرم

دەربازبووە... رەنگە خودا وای دانابێ

کە من رۆژێ بە دەردی عەشقی تۆ بمرم...

***

چەندین هەزار ملیۆن دڵۆپە باران

جۆگەلەیەك هەڵدەبەستن

چەندین هەزار ملیۆن وشە

پردی نێوان جووتێ عاشق دەچنن

***

کە قژی تۆم لێ ون دەبێ

دەستم بیر لە چی دەکاتەوە

قژت لە کوێدا دەنوێ

***

درەخت لە چاوی تۆ دەچێ

رووباریش لە عەشقی من..

ئاسنیش لە دڵی ژن

***

پرسیت چی دیت بە پرچمدا هەڵگرتووە
چۆن دەتوانم دەربارەی پرچت بپەیڤم
کە تۆ دەممت بە سەد قفڵ داخستووە؟
***

کە دەتبینم گژوگیای زەردبووی کەنارم
سەوز سەوز دەبێ و پەپوولەی لێ دەورووژێ
تۆ.. دیار نەبی ئاوێنەیەکی بێ یادگارم
***

ئاگاداربە گوللە بە دڵمەوە نەنێی
خۆت لە دڵمای
گۆرانییە بێدەنگ دەڵێی
***

تۆ بێدەنگی وەکو دەریا
فرمێسکاویت وەکو خەندە
پڕ ئاژاوەی وەك سەوزە گیا
***

تۆ دڵت دەریای رەشە
خەندەت دەریای سووری ناوڕاست
لەشت گرکانترین لەشە
***

رووتبەرەوە... وەکو رووبار
نووستن بە رووتی خۆشە
من بە شیعر داتدەپۆشم
تۆش بە گڕی ماچ دامپۆشە
***

پرسیت: چی دیت بە وشە بۆم رشتووە
چی بنووسم... من چۆن دەتوانم بنووسم
کە تۆ دەستمت بە هەزار زنجیر بەستووە
***
خەیاڵ دەکەم شەوێ بەیەکەوە دەنوین...
تۆ پرچەکەت دەخەیتە ژێر سەری من
منیش دڵم بۆ تۆ دەکەم بە سەرین
ئیتر پێکەوە دەمرین
***
جار جار دەستم
لە ژوور سەرت هەڵدەکەم وەکو دە مۆم
هەندێ جاریش بە دەستم
وەکو شانەی هەنگوین دەتخۆم
***
هەموو مانگێ
منداڵێك لەدایك دەبێ
سەد ساڵ جارێ
زمانی شاعیرێك دەپشکوێ
***
لە کێ بپرسین لە کێ
شیعر لە پەنجەرەوە
هەڵدە قوڵێ
یا لە ماچی دوو عاشقەوە دەڕژێ؟
***

با دوورەکان دێنو بە ماچ لە دەرگاکەم دەدەن
ئەستێرە تەروەنەکان دێن
بە تیشك لە دەرگاکەم دەدەن
باڵدارەکانی شەویش دێن
بە پەڕ لە دەرگاکەم دەدەن
هەر تەنها تۆ... تۆ لە دەرگاکەم نادەی
***
دڵم لێرە چاوەڕوانی کەسێك دەکات
نزیکەو نزیکیش نییە
لە دەرگاکەم دەداو نادات
***
گەر زەوی جێمانبهێڵێ
باران بەسەر چیدا بباریێ؟
گوڵ لە چ شوێنێك بنوێ؟
***
دەمگوت هەرگیز بەیەك ناگەن زەوی‌و ئاسمان
بەڵام کە شەو ئاسمانم دی لە رووباردا مەلەی دەکرد
زانیم ئێمەش بەیەك دەگەین وەك دەمو نان
***
بە منداڵی بۆیە حەزم لە چیرۆکی گوێ کوانوو بوو
لەناو هەموو چیرۆکێکدا پەرییەك دەبوو بە هاوڕێم
لەسەدا سەد لە تۆ دەچوو..
***
ئەمشەو شیعرم پێ نەماوە
دەمت بنێ بە دەممەوەو فووم پیابکە
پڕ پڕمکە لە هۆنراوە
***

من حەز دەکەم.... ببم بە هێڵی ئاسن
تۆش ببی بە شەمەندەفەر
بێیتو بچیت لەسەر هێڵی دڵی من
***
من ئێستا بۆم دەرکەوتووە
کام مێینەم خۆشویستووە
بەژنو بالآی یەك تۆزقاڵێ لە تۆ چووە.

# دەقگەلێکی شیعری مینرێژکراو
# بە کۆمەڵە روداوێکی رۆمان ئامێز

## (١) بیر گەلێکی ئاوەژوو

بە پێچەوانەی روداو گەلە ئامێریەکان فرتو فێڵێك نازانم
دەردۆنگی لە هەندێ بوونەوەردا سەرسام بکەم
هەر هەنوکە بەشداریی فەلسەفە بێژی لە بارەی نا ئاسودەیی گەمژەییەوە لەگەڵ وەچەی نوێدا دەکەم
هەڵسوکەوتم بە هۆی جیاوازیمانەوە فەرمانڕەوایی بە سەر یاسادا دەکاتو بە شادەوەرییەوە
رێکوپێکی پشت گوێ دەخات لەو بازنەیەماندا کە پڕە لە وەڕەی پرسیاری کۆمەڵایەتی
لە چرکەکانی منداڵیەتیدا بە کورتی شتگەلێکی ئەوتۆم دی کە بەس بن
بۆ ئەوەی خەون بە پیریەتییەوە ببینم
کەڵکەڵە گەلێکی سروشتگەلی کە وەك ئاماژەی قورس سەرسوڕهێنەر بەرەو رۆژوو گرتن جڵەوکێشم دەکەن
هەنگاوم ناو چاو پۆشیم لەو پەرتو بڵاویەکرد کە منداڵیەتیمی جادوو بەند کردو مۆسیقای راوێژی لە ناخمدا لە باربرد حەزم کرد پرسیار بکەم وردبوونەوەی هەڵقوڵاو لەو بێدەنگییەی کە حوسێنی شەریفی لە یەکێ لە گۆرانیەکانیدا رەهای کرد..
سەرسامی کردم
بەبێ هیچ هەلومەرجێ لە نشوستی دەپارێمەوە ئاوڕ راکێشێ بۆ گوێگرتن لە لاساری پیرێتیم من بە هۆی دەنگی تەپڵەکەوە (نازانم مەبەستم لە چییە) — رەنگە مەبەستم لە تابلۆی کچێك بێت بە منداڵیەتی لە ژوور سەرمدا فرمێسکی دروست دەکرد..
باوەڕم پتەو بوو بەڵام تواناشم بۆ ئامادەگی کردنی گیاکان شیك بوو
جگە لەوەش دەشێ من جەماوەرێکم نەبێ لەگەڵ ترسو بەرپەرچدانەوەی هەموو تەرزەکانی مۆسیقاو رەگەزە ساویلکەکانیدا راهاتبێ...

کێشەی سەخت لە پیرێتیمدا ئەو هێزە بێمانەندە بوو کە لە تارمایی مۆسیقاو پرسیار گەورەترە مـن تـەمای وەڵام دانـەوە یـاخود وەسـتان روبـەڕوی زانسـتیگەرە ورووژێنەرەکانم نیە
جوانترین وەڵامیش هـەر چەنەبازییە ئـەوان چۆن بڕیـاری گشـتی دەدەن بۆ دابـەش کردنی خۆپەرستی. پرسیارەکەم تینوێتیم بۆ زەوی شادمانیان ناکات
بەربەرەکانی کلیل دەکەم‌و دەمەوێ قەڵای چەژەکان زەنگڵە قڵیش بن
خوێنـدنم ناشـت‌و گـوێم لـە تێبینیگـەلێك گـرت پەیوەسـتن بـە بـەکارهێنانی پێـڕەوی زانستییەوە
بە شاگەشکە بوونەوە پێبەپێی ئەوە مرۆڤ قایل نابێ بە کینە گرتن لە سەگ
بە راستی من لە پزدانی زەویدا بەرز دەبمەوە ئەم جیهانە سەیرە ناچار دەبێت
ئاوێزانی گوێی ساختەکاری‌و ملدانبێت بۆ گوتاری سەرکەچکردن. جگـە لـەوەش هـزر دیدەنیم دەکات‌و فێرم دەکات منەی ئەو روخسارانە بکەم کە لەمن دەچن...
لێرەدا جارێکی دی خەڵك ستایشی هاوتا دژەکانیان دەکەن
لە هەرزەکاریمدا وشە بە جۆرێك هـەڵوەڕی دەکـردو ئـەو کاتانـەی بـە فـیڕۆدەدام کـە وەك کلکی سەگ کورت بوون
ئێستا لە سەر گەرمی خاکێتی بوون هەڵدێم‌و چـوختییەتی دەرونـی قـورس بـوون بـە ناکۆکییەکانی سەما چینە دەکەم...
دوایی ئەو کاتە دەیسەلمێنم کە ئاڵۆزی پێویستە بۆ وروژاندنی ئەو گومانانـەی کـە لـە قەڵەمبازی برسێتییەوە هەڵقوڵاون
دەمەوێ خواردەمەنی بە خوێندنەوەی وێردێکی جادویی نەغرۆکەم...
هەتا رادەی ئینتەلا کردن نوسیم‌و پەردەم بەسەر رەشانگی بێداریمـدا هـانی ئـەوەش بە گوێرەی دۆزراو گەلـە سـۆزاویەکان ورووژانـدنیش نوێـژێکی دییـە بـەڵام ئـەوە کێیـە دەمامکـەکانی تێـدا نـاژی کاتـێ ئـەم پەرسـتنە پێـدزکێ دەکاتـە نـاو شەنگەسـتەی پاڵەوانێکی شانۆییەکانی (قوتبەدینی صادقی)یەوە؟
لە پێچ‌و پلۆچی شتەکاندا رادەبم‌و راڤە هەڵەکان شیتاڵ شیتاڵ دەکەم بەڵام ئایا ئـەم کارە پەیڤینێکی دیاردەگەری ناورووژێنێ؟
نرکانـدم مـن راوچـیم پێویسـتە لەسـەرم تـۆوی هـەور بخەمـە گۆرانییـەوەو لـە پێشبینیەکاندا فرەزانیم پردێکی زۆر لە مۆسیقاو لە جەنگـەڵم لەبەردەمدایـە جـارێکی

تريش دەڵێم لە راستیدا من دەمەوێ لە خودی خۆم هەڵبێم بۆ ئەوەی دوور (لەو) چیرۆکی قێزەوەنیم لە رۆمان یا لە دەقێکدا بنوسم کە ناونیشانی (تحريات كلب)ەو نوسەرێك دایناوە ناوی (کافکا)یەو لە (محمد بنيس) بپرسم ئایا (پرسیاری کۆنخوازی) کۆتایی دێت؟
یان پێی بڵێم چیرۆکی (ئارابخا)ی (جەلیل کاکە وەیس)ت خوێندۆتەوە؟
هاوینی بۆنخۆش لە نێوان تاشەبەردەکانەوە دانیشتوان بانگ دەکات گەمە لەگەڵ ساڵگەلێکدا دەکەم کە بە هەواڵی ئەفسانەیی چێنراوە.. لەگەڵ چونمدا بۆ ناخی سێبەری لم ئاو دەردەکەوێ حەز لەو رێگایانە دەکەم کە بە بۆنی لە خۆباییبون نێڵەیان دێت پێویستیشە مرۆڤ سەرسام بێ بە لە خۆباییبونی کەسایەتیە تێکشکاوەکان هەمیشە لەوێ کەسایەتییەکی خەیاڵیی هەیە ناوی پڕە لە چۆلەکە...
هەمیشە لەوێ بایەکی قووڵ قووڵ هەیە ددانی بێدەنگی بە مرۆڤ دەبەخشێ
خۆشەویستی هەوارگە کاول بوەکان بۆ نێو کێڵگەکان دەبات لەوێ زەوییەکی دی هەبوو ژێر دەستەی بەردگەلێکی نەخشکراوی هەمە جۆر بوو
ئارەزووەکان وەك زەوی تێر لە متورفەی بانە رۆژ ناخۆن...
کینە (وەك ئەو دەڵێ) زارێکە یاخود پانتایی یەکە یا لێکدانی باڵگەلێکی وامدارە تەنها وڵاتێك لاویم سەرسام دەکات لە ژەنگی چاخانەکانی گژو گیای نامۆیی دا رادەکات... ئەو ئەوساو ئێستاش سەوڵ لێدانێکە بەرەو رۆخی لەدایك بونێکی دوکەڵاویمان دەباتو هەورە ماندوەکان بە سینەماکاندا گوزەردەکەنو پێویستن بۆ زیندە بەچاڵکردنی پرسیار لە ژورێکی تردا وەکو لەبیرمبێ دەستم کرد بە خاڵی کردنی لەشی هەندێ وەڵام لە ئاگرو فێری حنجەکردنی ناوی سۆفیەکانم کردن درەختەکان لا لە ئێمە ناکەنەوە بەڵکو خەندە بۆ ئەو باخەوانە دروست دەکەن کە هەردو پێڵاوە ونەکەی بە فرمێسك دەشوات
لە جەستەی ئافرەتدا شوێن نییە بۆ چاندنی میتۆلۆژیاو بێدەنگی جەستەیەکی شەرەنگێزە وەك لمی ئەفریقیاو مل کەچیشە وەك شاعیرانی پاشاو حزبەکان کاتێ لە بەردەم خواوەندەکاندا جەستە راڕادەکەین ئاسانە بۆشایی بپێکینو ئامانج راوبکەین لە بازنەیەکی داخراودا کە ناو نراوە (ژن) پیرۆزمەندی: هیچ زمانێك نازانێ تەنها لەش هەموو زمانەکان شارەزایە دەبێت دوای شوێن پێی لم بکەوم لم پاکترین ئاوی باخە دەبێت ئاشقی هەراو زەنای گوڵ بم گوڵ درندە ترین بونەوەری بیابانە

ئێمە رقمان لە خۆشەویستییە لەبەر ئەوە نایدۆزینەوە تەنها لە جەستەدا یا لە ناخی هەندێ لە چیرۆکەکانی (عەتا نەهایی) دانەبێ ئێمە حەزمان لە رقە لەبەرئەوە جەستە هەڵدەکۆڵین ئایا من وام داری بۆ دلێرم یاخود ئەلبێرکامۆ یا شێمحێدینی عەرەبی لە ئەفراندنی ئەم واس واسانەدا؟

رامبۆ دواچامەی خۆی لە یەکێك لە کەنیسەکانی (بەلتیق) دا تەواو کردو بوو بە دەستەمۆی ئەوینو سۆفیگەری بوو بە قەشەیەکی داوێن پیسو دەستێ باڵای هەبوو لە سوتاندنی ئینجیلو بازرگانی کردن بەو حەبانەوە کە مین رێژی شۆڕشنو پەیکەرێکی لەبوخورد بۆ خۆی تاشیو سۆزانیەکانو شاعیرەکانی پاشەڕۆژ خۆیانی پێ بۆنخۆش دەکەن هەندێ لە پەرەوازەبووەکان لاف ئەوە لێدەدەن کە رامبۆ دەبینن لە جەژنەکانی کۆتایی ساڵدا لە گۆشەی دوکەلاویی ئەم کەلیساو ئەو کەلیسادا نوێژ دەکات.

چونکە رامبۆ مین رێژی هەناسەیە کەواتە شیعر لێوان لێوی گژوگیای تەفرەدانە...

## شاژنە کریستین حەزی لە لەتیف هەڵمەت کردووە

ژنە جادوو گەرەکە باسی بوونی لمی زمانداری کرد لە ناخی هەندێ دەریادا هەتاو رەشانگەکانی دزیو لە بیرۆکەی قەفەزەکاندا کەویی کرد ژنە جادووگەرەکە وای وت وەکو لەبیرم بێت کچە سەماکەرەکە لەسەر شانۆ کە دەفڕیو پاشماوەی پرچەکەیو گۆرەویە بۆندارەکەی بە ماچی لاوان قورس ببوو لە سەر روخساریدا بۆنی سەرسامی ئامادەبووان بەدی دەکرا (بێ لایەنی جۆرێکە لە جەنگ لەگەڵ بۆشاییدا دەیکەین..). من مەبەستم لە بۆشایی: جەستەی مێینە نیە.. جەستەی مێینە بۆشاییەکی نەدۆزراوەیە خاڵی چوارەم وەکو وتم نەبوونی رێگایەکە بۆ بایەخدان بە ناکۆکیەکانی ترو گاڵتە جارێش لایەنێکی دییە لەم جەنگەداو پەنجەرەیێکی کۆنەو بۆنی پاکیزەیی سۆزانیەکانی لێدێت منداڵیەتیش پەپولەیەکی چاوقایمەو راوکردنی ئاسان نییە من لەتیف هەڵمەتم دەمەوێ بە ئاژاوە جیهانێکی هێور بئەفرێنم (دیکارت) گوتویەتیو دەڵێ: شاژنە کریستین حەزی لە لەتیف هەڵمەتەو رۆژێ لە رۆژان لە مزگەوتێکی ستۆکهۆڵم دا شوی پێ دەکات بۆ ئەوەی تیۆرێکی ماتماتیکیان ببێت ئیمپراتۆریەتێکی بیرکاری دروست بکات! دیکارت

مامۆستایەکی داهێنەر بوو لە ماتماتیکداو قوتابییەکی تەمەڵ بوو لە فەلسەفەو خوێندنەوەی دەستنوسە لاتینەکاندا من کتێبێکم مێینە ناوێری بمخوێنێتەوە نەرویژ لە ولاتەکەم خۆشترە لە خەوما دیومە ئوستراليا لە ولاتەکەم نزیکترە نەخشە دەرونیەکان وا دەڵێن

ئەم گیان لەبەر رەشە (مەبەستم نەوتە) بکوژن بۆ ئەوەی لەسەر سنگی قوربانیەکاندا نەختێ خەو ببینین

چی لەم دەقە دەکەیت پیرەژنە جادوو بازەکە پرسی دەیکەم بە شانۆییەك هەموو ئەم کچو شاعیرانە بەشداریی تیادا بکەن: ناهید حوسەینی، زەینەب یوسفی، سیمین چایچی، هاژە کلاوێ شانۆنامەکەش بابەتێکە دەربارەی هەندێ کێشەی رامیاری وەك:

١- کێشەی کەمی گوڵ لە بەهاردا

٢- کێشەی کەمی لم لە بیابانی گەورەدا

٣- کێشەی پەستیی ئاو لە دەریا لوشی ئەتڵەسیو هتد....... من ئێستا خەون بە ئامادەکردنی ئەم شانۆییەوە دەبینمو سبەینێش رۆژنامەکان ئەو شتانە بلاو دەکەنەوە کە من لە بیرم چوو لەم رێپۆرتاژە شیعرییەدا بیخەمە روو دەشێ (تەختەکانی هۆڵی شانۆییێکە بەشی دانیشتنی هەموو ئامادەبووان نەکات لەم بارودۆخەدا بانگی هەندێ تارمایی دەکەین بۆ ئەوەی پێ دزکێ کەران دەرکەنە دەرەوە) من بە درێژایی تەمەنم سەرسوڕمانم لە خۆم نەئالاندووە بەلام پێم بلێن "با" مندالەکانی خۆی لە کوێ دادەنێ کاتێ بۆ بینینی ئەم شانۆیە دێت

من قەڵسم لەو بەشە فێرکارییەی کە دەڕوانێتە سەر باخچەکانی دوورکاریو نزیك کارییەکاندا...

رۆژێ وادەنوێنم کە پێدەکەنم هەموو جیهان بە باڵی فرمێسك وێران دەکەم یاخود یەکێك لەم ئەکتەرانە دەکەم بە جادووبازێکی پیرۆز هەموو جیهان قووت بدات هۆڵی شانۆکە نەبێت ئێستا رەوتی قسەکردن دەگۆڕین باسی عەشقو مەشقی سۆفیگەرانە دەکەین.. لە فەلەستین کیژێك شەهید بوو تەمەنی هەشت ساڵانە تەنها تاوانی ئەوەبووە دایکی خۆشویستووە (دایکی ناوی فەلەستینە) لە کەرکوکیش دایکێك لە تەمەنی سی ساڵیدا شەهید بووە تەنها تاوانی ئەوەبووە کچەکەی خۆی

خۆشویستوەو کچەکەی ناوی کەرکوکە دانەری دەق بڕیاریدا دوو ئەکتەری دی بەشداری شانۆیەکە بکەن

١- کیژێك ناوی دایکی فەلەستینە

٢- دایکێك ناوی کچەکەی کەرکوکە

<u>تێبینی</u>: لە بارودۆخێکدا کە ئەکتەرەکان نەیانتوانی ئامادەبن ئیتر بەهەر هۆیەکەوە بێ لەوانە هۆی ئاسان نەبوونی دەستکەوتنی پسوولەی هاتووچۆ ئەوا ئەو کاتە دەقێکی دی دەنوسین‌و لە نوسینەکەدا بە نیتشە دەڵێین.. ئەی بەڕێزی شکۆمەند تۆ جادووگەرێکی شکستخواردووی نوسین دەیسەلمێنێ کە ملیۆنەها شتی نوێ لەژێر تیشکی رۆژدایە ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە سەرسام نەبم بە کتێبەکەتەوە کە بە ناونیشانی (بەم جۆرە زەرادەشت بێدەنگ بوو) نوسیووتە

## چەند پەراوێزێکی ناپێویست:

بێدەنگی لە قسەکردن کاریگەرترە: کیسرای ئەنوشیروان وای دەووت

ئەوەی بۆشایی دەیڵێ لە ئاخافتن راستترە

لە نێوانی وشەو بۆشاییدا هیچ پردێك نیە بۆ راوێژکردن هەروەها بۆ فرتوفێڵکاری...

## کەلۆکانی ژنانی ناپلیۆن

دەریا توانی جارێکی دیش وابنوێنێت کە دەیەوێ بە وشەگەلێکی دی بنوارێ

دەریا مرۆڤێکی دەمارگیرە دەیەوێت رووەو چەپ بکشێ هەر بەم جۆرە دەیەوێ ژنێك بئەفرێنێ لەسەر "با" دربژێت لەو باوەڕەدام رۆخ‌و تاشەبەرد هەتا هەتایە گریمانە ناتەباکان دەسەلمێنن...

خاوەن شکۆ دەریا قوربانی خودی خۆی دەست دەکەوێت لە مەلەکردنی ئاوەژوویدا لە نێوانی بازووی کەنارو نەبوندا با مەلە دەکات... وا بیر دەکاتەوە کە لە توانادا نییە دەریا لە تیشك دانەوەکان رزگار کرێت ئاگر جۆلانەیەکی هۆڤییە هێوریی هەموو شتێکی شڵەژان... لە نێڵە نێڵی بەردەوامی‌و پێشبڕکێدا رووەو گیانەوەری ئەندازەیی

لە گۆشەی بەلەمی گوماندا... ئایا بلیتی ورژاندن هەمیشە لەم شوێنەدا دەفرۆشرێ؟
گیا یاخود گیاکان یا باشتر وایە بڵێین قەرسیلەکان کۆمەڵێ بونەوەری ئاسمانی ریقنە بەسەر پیرۆزمەندی رەگەزە هەڵچوەکاندا دەکەن... تا شێوەی چوارگۆشە مانگێکی گەورەیە هەست بە هەورو زارە زۆربڵێکان ناکاتو هەمیشەش لە چیرۆکەکانی (یوسف حەیدەری)دا پێدەکەنێ یوسف حەیدەری دەناسن بە وشە پردێکی لە نێوانی کەرکوکو بۆشاییەکاندا دروست کرد چەند رۆژێکە هەڵەیەکی درندە لەو گەردونەدا هەست بە ئاسودەیی دەکات ژنی رەشەبا چوار ئەستێرە دروست دەکات شەوی داهاتوو بیری دەکەوێتەوە کە بە هیوایە لە زەینیدا کۆمەڵێ تولەرێی گەورە هەڵبگرێ
لە رێگایەکیانەوە دەڕۆم منداڵیەتی خۆم لە ئەفسانەکانی (کفری)دا کۆدەکەمەوە لە جانتایەکدا دەیشارمەوە کاتێ ئەو تارماییەی کە پێیدەڵێن پیری ژورەکانم داگیر دەکات
(یاری لەگەڵدا دەکەم) مەبەستم منداڵیەتیمە بۆ ئەوەی جەڤەنگەکانی مێیەتی لە کچێك بدزمو پاشەڕۆژ تەنهایی خۆی پێپرکاتەوە (ئەو) هەست دەکات کە پریشکێکەو هیچ کەلوێکی نییە هەر لە دێر زەمانەوە کەلوەکان ژنانی ناپلیۆن داگیریان کردووە کاتێ خۆی شاربەدەر کرابوو... بۆ دوورگەیەك لە نزیك دەریا لوشی رقەوە تەنانەت جریوەی مەلانیش بە کۆتایی هاتنی وەرزی عەشقی لم دەگۆڕێ... کاتێك کە لوتکەی ئاسمان ون دەکەین لەسەر سنگی ئەو خۆشەویستانەماندا دەیدۆزینەوە کە لە تویێ ئەلبومی یادگارەکانماندا نوستوون دەریا کەوتە گومانەوە کە لە خشتەی لێکدانی فێرگەییدا لێکچووەکەی خۆی بدۆزێتەوە
لە کۆتاییدا توانی هەندێ پشوو بدزێ بە درێژایی چەند سەدەیەك لە سەری رابکشێت بۆ ئەوەی رۆمانی (شاربەدەر) بخوێنێتەوە بەڵام وەکو (ئیتالۆ کالفینۆ) دەڵێت بەرێز پالۆمار رقی لە دەریایە لەبەر ئەوە لەوانەیە دەریا کۆچ بکات (مەبەستم دەریای ناوبراوە) بۆ یەکێك لە ئەستێرە نەناسراوەکان دەریا نامەیێکی ئاویی لە نێوانی هەردوو کەنارە گوگوردەکەیدا بە زمانی هێرۆگلێفی بەجێ دێڵێت:
(بۆ خۆی بۆ کورەکەی بۆ کچەکەی بۆ ژنەکەی بۆ دەزگیرانەکەی بۆ ئەو بۆ شاعیرێك! (کەس نازانێ بۆ کێ)

ئێمە بیرگەلێکی ئاوەژوین لە هەرا هەرا
زمانی بتپەرستی تفەنگی ئینتەرنێتە کاری پەیوەست بوو بە ژنێکەوە لە گوش پرچی فرۆکەیەك بوو پڕ لە بۆمبای بێدەنگو زەردەخەنەی لێوان لێوی لمی ئەوینی (غادة السمان)
بارەکەو / گەمەی نەرد / ئەوینی راستەقینەی ژنە جوتیارێکە کە لە رۆمانی (بە دەربەدەری لە پاریسو لەندەن)ی (جۆرج) ئۆرێل) دا سەرشێتی فرۆشتی ئەی خانمەکان پیاو چ خەونێکی زەینی لە جیاکاریەکاندا دەدۆزێتەوە دەتوانرێ لە یەکێك لە شیعرەکانی (بۆدلێر)دا جوانترین کچ بدۆزێتەوە یا لە رۆمانێکی (عبد الله سەراج) دا بۆنی کەرکوك بکەین لەو باوەڕەشدام من مەلێکم لەیادە لە خەومدا مەیی بۆ کچۆڵە پڕ لە ئیرییەکان دەگوشیی وا دیارە منیش نامۆیەکی دیم قەڵسم لە بینینی تارمایی میکانیکیو فیلمی لەناوچووی هندستانی کچەکە گووتی سوپاس چەژم لە خاكو خۆڵی وشەکانتو میوەی تورەییت وەرگرت گووتم تۆ خەیاڵێکی هەرگیز ناوێری یاری لەگەڵ رابردوودا بکەیت گووتی وابزانم؟ دوایی تێیگەیاندم کە دەربەدەرەو رقی لە جولەکەو پرسیارە چەند هەزار ساڵێکە بۆ رۆماننوسێك دەگەرێ مەستی هزرەکانی (ستالین)ەو ناوی (جۆرج ئۆرێل)ە کچە سەرکردەی پەرستگاکە گووتی ژورەکە پڕە لە جەستە.. بۆنی گۆرەویی سیاسەتمەداران.. لمی خوێن.. خوێنی لەزەت
تەنهایی رۆح لەم کەنیسەیەدا رادەماڵێت کە درەختڕێژ کراوە بە پیرۆزمەندیی درندە شادی نازانم شتێك پێ دزکێ دەکاتە جەستەکانەوە ئەوە وەك پیرەژنە جادوو بازەکە بە منداڵەکەی گووتبوو هەروەها شتی تریشی پێ گووتبوو لەوانە گوایە دەتوانێت ئاوێنەی نینۆکی کچۆڵەکانو ژێی پرچیان بخوێنێتەوە...... باڵندەکان وەك ئاگر بێدەنگنو لانەیەك لە کارەبا دروست دەکەن لەبری هێلکە مانگی تیادا دەشارنەوە ئایا منداڵان ئەم مانگە دەدزن یا دەوڵەتێکی زلهێز کەشتییەکی ئاسمانی بۆ سەر ئەم مانگە دەنێرێ بە بەردبووەکان لە خەو هەڵدەسنو بە زمانێك دەدوێن (طه باقر) لێی تێناگات (مارکس) باخچەیەك بوو لە مێن (بەرنادشۆ) کتێبێك بوو لە جادوو (شکسپیر) تاجێك بوو لە ئەفسانە

به هەر حەوت هەستەکەم نەمتوانی کیژێك راوبکەم
ژن سەیری روخسارم دەکات
کاتژمێر سەیری چاوم
رێگا سەیری قاچم
مزگەوت سەیری دڵم
باران سەیری سروشتم
درەخت سەیری دەستم
زەوی سەیری باڵام
ئاسمان سەیری گیانم
رووبار سەیری جلو بەرگم
کتێب سەیری ئاوەزم
ئەم هەموو دوژمنە چییان لێدەوێم....؟

## کاتێکی دی ناونیشانیان بۆ دەدۆزمەوە

جار بەجار پێکەوەین
کەچی تەنیاین
جار بەجار تەنیاین
کەچی پێکەوەین
***

هێلکەیەکە... رۆژێ دەیکەم
بە هێلکەو رۆن
بۆ هەردوکمان
نیشتمان...
*****

ئەوەندە دووری
دەڵێ ی نزیکی
ئەوەندە نزیکی
دەڵێ ی دووری...
***

گەلێ جار
نیشتمان جێدێڵین
ناشرۆین بۆ:
هیچ شوێنێ
***

وەکو کەولە رێوی مۆمیای دەکەمو
بە دیواری شەقامێکدا
هەڵیدەواسم:
تاریکە شەو
***

که خەڵکی دێ ی لە دەوری خۆی
خڕ کردووە
هەر پاساریو ریشۆڵەی خۆشویستووە
که خەڵکی دێ
هەمووی بۆ پرسەی هاتووە
دەیانەوێ هەتا زووە
لە نێوانی هەردو بەشی گوندەکەدا
بیکەن بە پرد
ئا ئەم پیرە دار تووە
***
نەء... نەء... نا... نا بیرای ببڕ
وەڵامی هیچ پرسیارێکم ناداتەوە
بەڵام چرکە... لە دوای چرکە
لە تۆم نزیک دەکاتەوە....
لەتۆ...: شیعر
***
ئا بەم سەرماو کرێوەیە
بۆ کوێ دەڕوا
رەنگە بڕوا
جلو ملە رەشەکانی
هەڵخات لە بەردەم ماڵی خوا
یا لەوانەیە بڕوات
لە سووچی مەیخانەیەکدا
نوێژی بەیانی بکات
یا لە گۆشەی مزگەوتێکدا
پێکێك هەڵدا
ئا بەم سەرماو کرێوەیە
لە خۆر ئاوابوونەوە... هەر

بەڕێوەیە

بۆ کوێ دەڕوا

بۆ مەیخانە....

یا ماڵی خوا

شەو: بە تەنیا...

***

بە ددانی منداڵێتی

هەورو لووتکەی چیا دەخوا:

ڕەشەبا....

***

بەلای ماڵماندا دەڕوات

بە پەلەو دەو...

لە پڕ سەدان هەزار ملیار

ریشۆڵە بەرەڵا دەکات

چ گاڤێك لەم گەمەیە

قەڵس و بێزار دەبێ: شەو...

***

کاتەکانمان تەپوتۆزاوی دەکات

وەکو چەپکە گوڵی نایلۆن

تەمەنمان ئاودیو دەکات

وەکو مس و پارچە عەنتیکەو فافۆن:

تەلەفزیۆن....

***

شتێکی لەسەر لووتکەیەك

لەبیر دەچێ

گشت دەمێك: هەور

گۆڕێ یەدەك وا لە بنیا

لە گشت کات و شوێنێك: دەریا

***

ئەوە بۆچی

دەزوو دەرزی

لەوەتی هەن

دوژمنایەتی... یەك دەكەن...

***

كۆرپەكەی ناو دەنێ چی

ها....

ئەی لە كوێ گەورەی دەكا

لە كوێ... لە كوێ

لە كوێ لەگەڵ كۆرپەكەیدا

پشوو دەدا

یا سەرخەوێك دەشكێنێ: - با -

***

من دەزانم چاوی نیە تەماشاكات

بەڵام هەست دەكەم... كاتو ناكات

بەسەد ملیار چاوی پەنهان

سەرنجی من دەدات باران

***

هەندێ جار

نا... گەلێ جار

دەبێ چاوت بنووقێنی

گەر بتەوێ شتێكی نوێ ببینی

***

دیوار... دیوار

دیوار هەیە لە بەفرو تەم

دیوار هەیە لە ئاوێنە

دیوار هەیە لە كینە

دیوار هەیە لە زمرووت

دیوار هەیە لە باروت

دیوار

دیوار

دیوار هەیە لە ئاسن

دیوار هەیە لە تۆو لەمن

دیوار هەیە لە سامالّ

بەلاّم سەختترین دیوار

دیوارێکە لە خەیالّ

***

ئاگادار بە:

دوژمنی ماسی یە....... ئاو

دلّنیابە:

عاشقی دارستانە... تەور

***

دابەشیان کردم

عەشقی تۆو

دایکمو

نیشتمان

دابەشتان کردم

عەشقی دایکمو

نیشتمانو

تۆ

دابەشم دەکەن

عەشقی نیشتمانو

تۆو

دایکم

دابەشیان کردم

دابەشتان کردم
دابەشم دەکەن
تۆو
دایکم‌و
نیشتمان
***
ئەستێرەکە لە ئاسمان
بێزار دەبێ
تەنهاو تەنها
هەر عاشقی رووبار دەبێ....
***
چیا مەمکی زەوی یە
شیری گژوگیای پێ دەدات
گژوگیا نەوەی قەرەجە
کەس نازانێ لە کوێوە دێ
کەس نازانێ بۆ کوێ دەڕوات
***
کە دکتاتۆر لەسەر زەوی دا نەما
هەموو دەچین بۆ لای خوا
دکتاتۆرێك لە پەڕۆو پاتاڵ دروستکا
یا بە چەپڵەو هاواری زۆر
کوێرێك دەکەین بە دکتاتۆر
***
هەموو شتێك سپی یە
بەفر نەبێ
هەموو شتێ
سیخناخی تاریکی یە
شەوی دەم بە هەور نەبێ

هەموو شتێ
ئاوسی بێدەنگی یە
کەفر نەبێ
***
لەبیرتان بێ
وەك دوێنێ لە بیرتان نەچێ
قەڵەم هەمیشە رقی
لە سپێتی یە... سپێتی
***
شەڕ گشت تفەنگەکانمانی برد
باخچەیەکی لە نێوانی
ئاوو ئاگردا دروستکرد...
***
من نازانم لە کەیەوە
تۆم خۆشدەوێ
بەڵام هەزار ساڵێك دەبێ
دێیتە خەوم هەموو شەوێ
***
من نازانم لە کەیەوە
یەك دەناسین
بەڵام پازدە... بیست سەدەیە
بەیەك سنگدا
جلەکانمان هەڵدەواسین...
***
رۆژەکان بەشمان ناکەن
رۆژێك بۆ خۆشەویستی
رۆژێ بۆ راوو گۆبەن
رۆژێ بۆ درۆ کردن

ڕۆژێ بۆ شەڕە قسە

ڕۆژێ بۆ خۆ دزینەوە لە مردن

ڕۆژێ بۆ شەڕە تفەنگ

ڕۆژێ بۆ پەشیمانی

ڕۆژێ بۆ خۆ هەڵکێشان

ڕۆژێ بۆ نوێژ کردن

ڕۆژێ بۆ هاوڕێتی شەیتان

ڕۆژێ بۆ هەلپەرستی

ڕۆژێ بۆ جگەرەکێشان

ڕۆژێ بۆ بەرگریکردن

ڕۆژێ بۆ خۆ بەدەستەوەدان

ڕۆژێ بۆ ئاوارەیی

ڕۆژێ بۆ نیشتەجێبوون

ڕۆژێ بۆ پێکەنین

هەزاران ڕۆژ بۆ گریان

ڕۆژەکان بەشمان ناکەن

مەگەر شاعیران هەڕاکەن

لە هەندەران

ڕۆژێکی دی بۆ شیعر نووسین پەیداکەن...

***

لە کوێ خۆم بشارمەوە

ئایندەیەک بە شمشێرێکەوە

دوام کەوتووە...

***

ڕووبار لەگەڵ کەناردا

جووت دەبێ

شەپۆل لەدایک دەبێ

***

ئاوێنە وێنەی کەس
دووبارە ناکاتەوە
***
هەتاو
گۆچانی ئاسمانە
***
لە نێوانی رێبوارو رێ دا
گوندێك
لەدایك دەبێ
***
سەیرە
کەس
منداڵێتی چیای
لەبیر نیە...
***
هەندێ جار
دەبێ هەرا هەرا بکەی
بۆ ئەوەی گوێت لە بێدەنگی بێ
***
بە زمانێك دەنووسم
ناگاتە جێ
بە زمانێك پێدەکەنم
بزر دەبێ
بە زمانێك یاری دەکەم
خەوی دێ...
***

باران هات

باسی ئاسمانی بۆ کردین

وا سەوزە گیاش

لە دەرگاکانمان دەدات

باسی یەکەم لەدایکبوونمان بۆ دەکات

***

زمان پڕاوپڕە

لە تەرم

وەکو ئاسمان

زمان پڕاوپڕە لە ئەستێرە

وەك گۆڕستان

زمان

پڕاو پڕە لە دڕندە

وەك نیشتمان

***

هەموو لاپەڕەیەکی سپی

باسی بەفر بارین دەکات

چۆن نایبینی

***

پەلکە زێڕینەیەك هەڵات

لە قەفەزی هەورو ئاسۆ

بوو بە پرچێ درێژ بۆ تۆ

***

لەو دارستانە دوو ڕێبوار

دار دەبڕن

کامیان دەیکات

بە دەسکە تەور

کامیان دەیکات

بە گیتار

***

نازانم رابوردو بوو

یا داهاتوو

دەستی گرتم

ئیتر منداڵ بوومەوە...

***

تۆ هەر یەك ناوت هەیە

(من)

منیش هەر یەك ناوم هەیە

(تۆ)

***

لە دەریادا گەر گوێ هەڵخەی

گوێت لە دەنگی تاشەبەردی کەنارە

باسی منداڵێتی خۆی و

سەرگوزشتەی نەهەنگ و تۆڕ

دەگێڕێتەوە بۆ خۆر

***

ناوێرم وێنەی ماینێك

لەسەر دار سنۆبەرێکی

ئەو قلیاسانە هەڵکۆڵم

دەترسم شەو برسێتی شپرزەی بکات

گەڵای هەموو دار سنۆبەرەکان بخوات

***

شەو و ڕۆژ هەر

خۆیان دووبارە دەکەنەوە

کێ دەڵێ کێ دووبارەکردنەوە بێ تامە

کێ دەڵێ کێ... خۆش نیە

دووبارە بوونەوەی ماچێك

***

لەبەر دەلاقەی ماڵە دەشتەکییەکاندا

بەپێ ی پەتی رادەکات

وەکو چیرۆکبێژەکە دەڵێ: هەرگیز

لە ماڵەوە دانانیشێو

پشوو نادات

لەسەر خوانو مێزو کورسیش

نان ناخوات

هەموو ژەمێ بابۆڵەیەکی سەرپێی ی

لە لۆقنتەی لا کۆڵانێك دەکرێ

لە خۆیو باو گژوگیای کات

بەشی دەکات

هەرگیز ناچێتە فێرگەی گوندو

لە مزگەوتی دێ نوێژ ناکات

پەیتا پەیتا شوێن پێ ی گەردەلوول دەماڵێو

جگەرە دەکێشێو

دەست بەژێر تەنوورەی کچە تەوەزلەکاندا دەکات

جارجار وەکو شەمەندەفەر دەلوورێنێ

بەناو دەرەلنگی کاوبۆی

ژنێکی قەڵەودا رادەکات

زۆر کەس گەواهی دەدات

لەوەتی لەدایك بووە

نوستن کۆتی نەکردووە

لەوەتی خۆی بە تیشکی رۆژ ششتووە

هەر رادەکاتو رادەکات

کەس نازانێ بۆلای دۆست یا دوژمن دەڕوات

گاوێك پیر بوو

لە بیابانێکی بەریندا

رەشماڵێکی بۆ هەڵدەدەم
دەفتەرێكو قەڵەمێکی
پێشکەش دەکەم
بیرەوەری رۆژانی سەرشێتی خۆی... با
بۆ گردۆڵکەو کەڤرەکان تۆمار بکا...
خودای سەرزەمین – چیا –
***

## سوورەتی بارانو ماتماتیك

تۆ دەڵێم تۆ... نازانی کەی هەتاوەکە
ددانی شیرێتی وەری
تۆ دەڵێم تۆ... نازانی رووبارەکە... کێ
گۆچانە شینەکەی لێ دزی
تۆ دەڵێم تۆ... چۆن لەوبەر بارانە هەڵدەکەی
ناتوانی لەسەر کاغەزێ
بە قەڵەمێك ژوورێ بۆ خۆت دروستکەی
تۆ دەڵێم تۆ... بۆ تەنیاییت
بۆ دڵت کردووە بە کۆت
ناتوانی بایەك کەویی کەی
بیکەی بە هاورێ بۆ خۆت
***
دەڵێم رۆژێ شمشاڵەکەی
مەولانای رۆمی دەدزم
چی ئاوازی خۆشی تیایە
فوو... بە فووی
هەر هەمووی

نم... نم... نم... نم

لە ژێکانی دەردێنم

دەیبەخشم

بە هەندێ سەوزەگیاو شەونم

***

ئێمە زۆر سەیرین

کاتەکانمان

بە کاتژمێر دەسپێرین

ئێمە زۆر سەیرین

دەریا هاورێمانەو

نامەیەکی بۆ نانێرین

ئێمە زۆر سەیرین

هەور دایکمانەو

جارێك هەواڵی ناپرسین

***

دوای تۆفانو نوغرۆ بوون

کۆتر لقێ شیعری هێنا

نەك چلێ سەوزی زەیتون

***

تۆ دەتوانی کارێکی زۆر سەیر ئەنجام دەی

تەنها هەر بۆ نموونە:

لەسەرپەڕەیە سپی دا... بە مەرەکەب

دەریایە سەوز دروستبکەی....

***

لە ناو ئاوێنەکەیدا

بۆ رابوردووی خۆی دەگەڕا

هیچی تیادا نەدۆزییەوە

جگە چەمێکی سپیو

درەختێکی وەك گۆچان
هەر ئەوساتە لە حەژمەتدا
ئاوێنەکەی تێکشکان
لەو ڕۆژەوە تاوەکو مرد
وەکو چیرۆکبێژ دەڵێ
دەستی بۆ ئاوێنە نەبرد
سەیری ئاوێنەی نەکرد
لەو ڕۆژەوە ئیتر ئاوێنەو پیرەژن
لە یەکتری بوون بە دوژمن
***
کە چاو لێك دەنێ ی
دەتوانی بڵێ ی
سەرنجی ئاسمان دەدەم
کە بۆنی گوڵێك دەکەی
بۆت هەیە بڵێ ی
باران راودەکەم
***
تەنهایی نایەڵێ
بایەك ببێ بە هاوڕێمان
تەنهایی بوار نادات
پەڵە هەورێك نامەیەکمان
پێشکەش بکات
تەنهایی هەر داهاتوومان
کۆت دەکات
تەنهایی
ئێرەیی بەوەش دەبات
تەنانەت بووکەشووشەیەك
حەز لە هاوڕێتیمان بکات

تەنهایی هەر بوار نادات

باران تەنهاییمان بشوات

تەنهایی بەغیلیم پێدەبات

ئەگەر رۆژێ تەنهایی

لە دەرگای دڵم بدات

***

چەندێ بێ باکە

پادشای لەسەر دابنیشێ

یا گوێدرێژێکی برسی

بازنەی بێدەنگیی ناقڵێشێ

کورسی

***

هەرچەند دەچمە دەرەوە

پێشوازیم لێ دەکات — با —

بە عەتر سەرم دەشوات هەور

بە باڵ چەپڵەم بۆ لێدەدات مەل

چەتری سێبەرم بۆ هەڵدەدات درەخت

من نازانم ئەمە چیە

رقە یا خۆشەویستی یە

***

بە مۆسیقای — با —

ژیرمان دەکات — دەریا —

بە هەراهەرای هەڵمی کات

بۆ جێیەکی دوورمان دەبات

دارستان

***

دەمامکێ

ڕەش دەکاتو بە پێدزکێ

ورد ورد دەڕوا بۆ ناو گوندێ

منالّ لە مالآن دەدزێ

بە شەو... زێ

***

بۆشایی یەکی دزی دلّم

ئاوسی کرد بە وشەی نوێ

ئاسۆیە دیی راوکرد چاوم

تژی کرد لە هۆنراوەو زێ

***

گوێم لێ یە جار جار

شەو ڕووبار

کاژی خەو فڕێ دەدات

باسی ماسی بۆ تۆڕ دەکات

***

چەندین سالّە منو ئەم پەنجەرەیە هاوڕێین

زستان بە شووشەکانی دەلّێ:

باران لەم ژوورە دوورخەنەوە

هاوین بە جامەکانی دەلّێ:

بای فێنك بۆ ئەم ژوورە بدزن

چەندین سالّو سەدەیە

هاوڕێ ی یەکدیین

منو ئەم پەنجەرەیە

چەند ئێشیشمان بە یەك بووە

بەلآم هێشتا

قسەیەکمان لەگەلّ یەکدا نەکردووە...

دلّم دەلّێ یەکێکمان

بە لالّی لەدایك بووە...

***

هەموو شتێك وشەیە

وشەی پایز

ڕەنگی قەرسیل دێنێتە یاد

وشەی بەهار

ڕەنگی خەزان

وشەی زستان

گوڵەگەنم

وشەی هاوین

هەورە گرمەو تەپونم

***

لەوی پرسی یەکێك:

لە کوێوە دێ: مەرگ

لە پزدانی دایکانەوە... ئەو گوتی

ئەی ژیان... یەکێك پرسی

لە لوولەی تفەنگەکانەوە... ئەو گوتی

***

ڕۆژێ خۆر

لە توێ ی دەفتەرێکی بچووکدا

دەنێمە گۆڕ

خۆم ناو دەنێم دکتاتۆر

***

بە پەپوولە بڵێن: بۆلای کێ دێ

ئیتر لێرە گوڵ ناڕوێ...

ئیتر لێرە – با – لەگەڵ باڵندە نادوێ

***

کچێك حەزی لە باران بوو...
حەزی دەکرد تاوە باران
هەمیشە جەستەی بشوات
لەسەر مێزەکەی نێوانمان
بە قەڵەمێکی گۆگرد
گەواڵە هەورێکم دروستکرد
خۆی رووتو قووت کردەوەو
لە ژێر بارانەکەدا مرد
شێتەکانی گەڕەك دەڵێن
کە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێن
هەموو شەوێکی زستان
چاویان لێ یە کچۆڵەیەکی سەرگەردان
خۆی رووتو قووت دەکاتەوەو
هەڵدەپەڕێو هەڵدەپەڕی
بەرەبەیان لە ژێر بارانەکەدا دەمرێ...
***
مامۆستای جوگرافیا دەیزانی
بەنداوی دەربەندیخان
بە هاوینو بە زستان
چەند مەتر ئاوی تیایە
بەڵام هەرگیز بۆی نەدەچوو
چەند دەریای عەشق لە دڵمایە
مامۆستای ماتماتیکیش
هەموو دەمێ دەینەڕان:
نانێكو نانێکی دی
دەکات: دوو نان
هەی نەفرەتی خودای لێ بێ
نەیگوت جارێ لە جاران

مەمكێكو مەمكێكی دی

دەكات: سیان

ستیانێكو دوو ستیان

دەكات سییان

لەبەر ئەوە من هەمیشە

رابوردوو

رقی زۆرم

لەوانەی ماتماتیك بوو....

***

لە شوێنێك گورگ گیا دەخوات

لە شوێنێك:– كتێبێك

خوێنەرێك راو دەنێ

لە شوێنێك قوتابخانەیەك

منداڵێك راو دەكات

لە شوێنێك وشەیەك

لە دەفتەرێك

خۆی دەشارێتەوە

لە شوێنێك تفەنگێك

رۆژوی كوشتن دەگرێ

لە شوێنێك

لێرە

لەوێ

لەولایە

لە شوێنێك

كەوێك تەقە

لە راوچی دەكات

***

هەمیشە لە دەرگایماڵمان دەدات... باران
ئێمە کەسمان ماڵی باران ناناسین
هەموو کاتێ ئێمە گوڵ دەبەین بۆ رووبار
هەرگیز رووبار نابەخشێ بە ئێمە گوڵێك
هەموو گاڤێ بۆلای کۆلارە دەفرێ ئاسمان
ببڕای ببڕ بەڵەدیی رێ ی ئاسمان نیە کۆلارە
هەموو دەمێك رادەکات بۆلای شەقام رێبوار
هیچ رێبوارێك تەکان نادات بۆلای شەقام
پەیتا پەیتا عاشقی پاپۆڕ دەبێ دەریا
هەرگیز پاپۆڕ دەردە عەشقی دەریا ناگرێ
بەبێ پشوو دەفرین بۆلای جەنگ ئێمە
هەرگیز شارەزای رێ ی لای ئێمە نیە جەنگ
لە جەنگدا هەموو شتێك سەوز هەڵدەگەڕێ
تەنیا پرچی کچان نەبێ
لە جەنگدا پرچی کچان
دەبێ بە رووباری بەفر
پەپوولەو خاڵخاڵۆکەو پاشماوەی گژوگیا
پیاسە دەکەن لەسەر کەنارەکانیا
لەدوای جەنگ ... تەنیایە هەموو ژنێك... تەنیا... تەنیا
تەنیایی خۆی لەسەر بەرگی باڵیفەکەی دێڕ دێڕ دەنووسێتەوە...
شاژن نەبێ بە زەردەخەنەوە لەگەڵ شادا
بیرەوەری جەنگاوەرێ نەناسراو دەخوێنێتەوە
***

سەیرە... سەیر
ئەم هەموو هەرا هەرا دوورو درێژە
لە کێ دەکرێ
لە سێبەر
یا لە تاشەبەرد....
مردوو...

***

جار جار هاوینان

که دەنووستین لەسەربان

بە سواری ئەسپێکی قامیش

غارم دەدا بۆ ناو مانگ

که دەردەچووم

لە تۆڕی خەونی بەسەرچووم

دەگەڕامو هەر دەگەڕام

بۆ ئەسپی قامیشی ونبووم

لەکێ بپرسم لەکێ

ئارمسترۆنگ کاتێ دابەزی لەوێ

ئەسپە قامیشەکەی نەدیم

لە مێرگێکی چڕی مانگدا بلەوەڕێ...

***

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي )

هەتا مرۆڤ بمێنێ، هەتا ئاینێک لەئاینەکانی دنیا بمێنێ، شیعر دەمێنێ، شیعر کارێکی رۆحیەو پەیوەندی راستەوخۆی بە رۆحی مرۆڤەکانەوەهەیە، کەی سەرزەمین رۆحی تیا نەما، ئەو کاتە شیعریش نامێنێ، ئەگەر شیعری نوسراویش نەما، خۆ کەوتنە خوارەوەی گەڵای درەختەکان‌و خوڕەی ئاوی چەم‌و رووبارەکان‌و جریوەجریوی باڵندەکان هەموو شیعرن، کەواتە هەتا بوون بمێنێ، شیعریش دەمێنێ.

غەزەلنووس